

ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال
لە باشووری کوردستان
(1988-1987)
نووسینی : دەرسیم دیبەگەیی
باشووری کوردستان
Insklopidiay Tometbarani Shallawi Enfal
Le Bashuri Kurdistan
(1987-1988)
Nusini : Dersim Dibegeyi
Dizaieni Berg ; Niaz Xaneqini (Niaz Bayati)
Bashuri Kurdistan

# ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان

(1988-1987)

نووسینی: دەرسیم پێشەوا

باشووری کوردستان
2014

**ناوی پەرتووک: ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان**
**نووسەر: دەرسیم پێشەوا**
**چاپخانە:**
**تیراژ: (1000) دانە**
**لە بەڕێوەبەرێتی گشتی پەرتووکخانە گشتییەکان ژمارە (820)ی ساڵی (2010)ی پێدراوە.**
**دیزاینی بەرگ: تابلۆیەکی هونەرمەندی مەزنی کورد نیاز بەیاتی (نیاز خانەقینی).**
**بابەت: ئەنفال - مێژوویی**
**چاپی یەکەم: هەولێر - باشووری کوردستان ئۆکتۆبەری 2011.**
**چاپی دووەم – قەلەندەرخانەی پەیژی فەیسبووک و تۆڕی ماڵپەڕەکان 2013.**
**مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەر دەگەڕێتەوە.**
**بۆ پێوەندیکردن بە نووسەر، ئەو فەیسبووک و ئیمێڵە بەکاربێنە:**

Dersim Peshewa
Darsim2009@gmail.com

**چاپی یەکەمی ئەم پەرتووکە لەژێر ناوی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان) بە تیراژی هەزار دانە، بە هاوکاری پەرلەمانتار هاژە سلێمان و ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید، لە چاپخانەی ئازادی – هەولێر لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2011)دا لە باشووری کوردستان لە چاپ درا.**

**پێشکەشە بە:**

1. **گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیی کورد و کوردستان، قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.**
2. **تەواوی ئەو کەسانەی زانیاری و بەڵگەنامەیان پێدام بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە و هاوکارییان کردم لە پێناوی بەچاپگەیاندنی.**
3. **هەموو ئەوانەی لە پێناوی بەدادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال، کیمیاباران کردنی کوردستان و هەڵەبجەدا خەبات دەکەن.**

| ناوەڕۆک: | لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی یەكەم:** | 59-8 |
| وتەیەكی پێویست بۆ چاپی دووەم | 10-9 |
| پێشەكی عەدالەت عومەر ساڵح | 20-11 |
| پێشەكی شاخەوان شۆڕش | 33-21 |
| ڕێزلێنانێك بۆ خەمەكانی دەرسیم - عومەر محەمەد | 50-34 |
| پێشەكی | 54-51 |
| ئەنفال و پێناسەی ئەنفال | 67-55 |
| **بەشی دووەم:** | 774-68 |
| دامودەزگاكانی حكومەت و ئەو دەسەڵات و هێزانەی كە ئەنفالی كورد و ژەهرบارانی (كوردستان)یان كردووە | 774-69 |
| ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش | 80-69 |
| ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێراق | 81-81 |
| سەركردایەتیی گشتیی هێزە چەكدارەكان | 87-82 |
| سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراكی | 91-88 |
| سكرتاریەتی سەرۆك كۆمار | 94-92 |
| سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران | 101-95 |
| پارێزگارەكانی پارێزگاكانی كوردستان و ئێراق لە سەردەمی شالاَوی ئەنفالەكاندا | 109-102 |
| هێزی ئاسمـــــــــــانی | 124-110 |
| سەرۆكایەتی ئەركان و ئەفسەرانی هێزی پیادە و زرێپۆش | 133-125 |
| بیرۆی باكووری ڕێكخستنی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتیراكی | 145-134 |
| لیژنەی كاروباری باكوور - كوردستان | 151-146 |
| بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی | 172-152 |
| بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری گشتیی (مدیریة المخابرات العامة) | 178-173 |
| بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی و بەڕێوەبەرێتیەكانی ئەمن لە كوردستان | 185-179 |
| دەزگای ئەمنی تایبەت (جهاز الامن الخاص) | 188-186 |
| دەزگای پیشەسازی سەربازی و وەزارەتی پیشەسازی سەربازی | 202-189 |
| یەكەی كوشتارگەی مرۆڤ (وحدة المجازر البشرية) ناسراو بە یەكەی (5013) | 206-203 |

| | |
|---|---|
| فەرماندەكانی سەربازگەی تۆپزاوە | 211-207 |
| سوپای ئێراق و پێكهاتەكانی | 223-212 |
| فەیلەقی یەكی ناسراو بە (هێزەكانی ڕەشید) | 235-224 |
| فەیلەقی دووی ناسراو بە (هێزەكانی یەرموك) | 240-236 |
| فەیلەقی سێی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەكانی قادسیە) | 243-241 |
| فەیلەقی چواری ناسراو بە (هێزەكانی حەتین) | 250-244 |
| فەیلەقی پێنجی ناسراو بە (هێزەكانی عەمورییە) | 259-251 |
| فەیلەقی شەش (فەرمادەیی هێزەكانی خۆرهەڵاتی دیجلە) | 261-260 |
| فەیلەقی حەوت (فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەكانی كەنداوی عارەب – قیادة عملیات شط العرب) | 263-262 |
| تیپە نەناسراوەكان | 264-264 |
| فەیلەقی یەكی تایبەت (فیلق الأول الخاص) | 267-265 |
| كەرتەكانی سەربازی (قواطع العسكرية) و ئەفسەرە نادیارەكان | 271-268 |
| گاردی كۆماری (الحرس الجمهوري) | 273-272 |
| فەیلەقی باكووری گاردی كۆماری (فەرماندەیی عەمەلیاتی ئەڵڵاهو ئەكبەر – قیادة عملیات الله أكبر) | 275-274 |
| فەیلەقی باشووری گاردی كۆماری (فەرماندەیی عەمەلیاتی ئەلفەتحی ئەلموبین – قیادة عملیات الفتح المبین) | 290-276 |
| هێزەكانی پاسەوانی كۆماری تایبەت (قوات الحرس الجمهوری الخاص) | 302-291 |
| سوپای میللی (الجیش الشعبي) | 306-303 |
| فەوجی سووكی جـــــــاشە ئەنفالچییەكـــــان | 573-307 |
| فەوجی جاشە سووكە ژمارە نەناسراوەكان | 643-574 |
| مەفرەزە تایبەتییەكان (المفارز الخاصة) | 774-644 |
| **بەشی سێیەم:** | 837-775 |
| كیمیاباران كردنی شاری هەڵەبجـــــە | 820-776 |
| تاوانەكانی سوپا و حكومەتی ئێراق لەدژی كورد لە باشووری كوردستان | 837-821 |
| **بەشی چوارەم:** | 936-838 |
| هەشت قۆناغی شاڵاوەكانی ئەنفال (23.2.1988–6.9.1988) | 932-839 |
| شاڵاوی ئەنفالی یەكەم و هێزە بەشداربووەكان | 853-839 |
| شاڵاوی ئەنفالی دووەم و هێزە بەشداربووەكان | 869-854 |

| | |
|---|---|
| 883-870 | شاڵاوی ئەنفالی سێیەم و هێزە بەشداربووەکان |
| 891-884 | شاڵاوی ئەنفالی چوارەم و هێزە بەشداربووەکان |
| 900-892 | شاڵاوەکانی ئەنفالی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هێزە بەشداربووەکان |
| 932-901 | شاڵاوی ئەنفالی هەشتەم و هێزە بەشداربووەکان |
| 936-933 | دادگاییکردنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان |
| 1175-937 | **بەشی پێنجەم:** |
| 946-938 | کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان |
| 957-947 | کۆمەڵکوژی بارزانییەکان |
| 959-958 | کۆمەڵکوژی دانیشتوانی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە |
| 962-960 | دادگاییکردنی دۆسێی عارەبێنراوی شاری کەرکوک و باشووری کوردستان |
| 1019-963 | کەمتەرخەمی و خەمساردی سەرکردایەتی کورد و کورد لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال و ئازادکردنیان |
| 1087-1020 | ئەو جاش پێنووسانەی کە بۆ سەدام، جەنگی قادسیە، حزبی بەعس یان سوپای ئێراقیان نووسیوە |
| 1092-1088 | ئەنفالکردنی زمانی کوردی |
| 1151-1093 | ناوی سەرۆکجاشی فەوجی جاشە سووکەکان و فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکانی سەدام بەگوێرەی ڕێزبەندی پیتەکان |
| 1162-1152 | هۆکارەکانی پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە باشووری کوردستان |
| 1164-1163 | ئامانجەکانی حکومەتی بەعس و سەدام لە شاڵاوەکانی ئەنفال |
| 1168-1165 | پێشنیارەکان |
| 1175-1169 | دەرئەنجام |
| 1219-1176 | **بەشی شەشەم:** |
| 1195-1177 | بەڵگەنامەکان |
| 1219-1196 | سەرچاوەکـــــــان |

# بەشی یەکەم

## وتەیەکی پێویست بۆ چاپی دووەم:

دوای لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی چاپی یەکەمی ئەم پەرتووکە لەژێر ناوی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان) لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2011)دا لە باشووری کوردستان، ژمارەیەک خەڵکی زۆر پەیوەندییان پێوە کردم و گلەیی ئەوەیان کرد کە بۆ تەنیا و تەنیا لەسەر تاوانی سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان دەنووسم؟ ئایە ئەو سەرکردە و بەرپرسانەی لەناو هێزی پێشمەرگەدا بوون و لە ژێرەوەش فایلیان هەبوویێت، هیچ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ ئەو سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسانەی سەر بە ئەمن، ئیستخبارات و موخابەرات؟

ئەوانەی ئەو پرسیارانەیان ئاراستە دەکردم، کەسانی تێکەڵ بوون لە هاوڕێیانی خۆم کە لە سیاسەت و گەندەڵی حکومەتی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئەو دوو پارتە و بەرپرسەکانیان بێزار بوون، جۆرە کەسانێک کە لەلایەن هەندێک لەو تۆمەتبارانەی وەکو تۆمەتبار ناویان لە پەرتووکەکەدا هاتبوو ڕاسپێردرابوون، لەگەڵ کەسانێک کە کەسانی سادە و دڵسۆزی کورد و کوردستانەکەیان بوون.

بۆ وەڵامی هەموو لایەک و بۆ ئەوەی بۆچوونی تەواوی من لە سەر ئەو کەسانە بزانن، سەرەتا دەڵێم کە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان)دا تایبەتە بە تاوانی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی حزبی، حکومی و سەربازی دەوڵەتی ئێراق لەگەڵ بەشداری سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان لەو تاوانانە و ڕۆڵی نەرێتی ئەوان لە کوشتنی هاوولاتی و پێشمەرگە، لە سێدارە دانی کورد، بەگرتدانی کورد و کاولکردنی هەزاران گوند و شارۆچکەی کوردستان. واتە پەرتووکەکە تەنیا تایبەت نییە بە تاوانی جاشە کوردەکان، بەڵکو بەر لەوان تایبەتە بە تاوانی حکومەتی ئێراق و حزبی بەعسی عارەبی کە هەموو بڕیارەکان، نەخشەو پلانەکانی کیمیا بارانکردن، ئەنفالکردن و کاولکردنی گوند، شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة) و فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان (القیادة العامة للقوات المسلحة) دەرچووە، دواتر بە هاوکاری سکرتاریەتی سەرۆک

کۆمار، وەزارەتی بەگری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، فەرماندەیی هێزی ئاسمانی، بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، هەردوو مەنزومەی شیمالی و شەرقی، بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی، ئەمنی تایبەت، نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور (مکتب تنظیم الشمال)ی حزبی بەعس و چەندان دامودەزگا و یەکەی بەڕێوەرێتی دیکە و جاشە کوردەکان، بڕیارەکان و نەخشەو پلانەکان جێبەجێ دەکران.
بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆژانە سەرۆک جاشەکان و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان لە کوردستان دەبینرێن، بەشێکی زۆریشیان دابەش بونەتە سەر پارتە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکان، هەندێکیشیان لەناو دەسەڵاتی کوردستان پلەو پایەی باڵایان هەیە، بۆیە خەڵکەکە زیاتر لە دەسەڵات بێزارە.
سەبارەت بەوەی کە جیاوازی هەیە یان نییە لەنێوان کەسێک کە سەرۆکجاش یان فەرماندەی مەفرەزە خاسە بوو بێت و بەشداری ئەنفالی کردبێت یان کوردی کوشتبێت لەگەڵ فایلدارێک، من پێم وایە فایلدارەکە زۆر ناپاکتر، خۆفرۆشتر و خراپترە، چونکە ئەو لە بەرەیەکدا بووە کە خەڵک بە ئاسانی گومانی خراپەی لێ نەدەکرد، بەڵام بەرەی جاش و خۆفرۆشان بە ئاشکرا دیار بووە.
هەروەها بەش بە حاڵی خۆم، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردەوە تا ڕوخانی حکومەتی سەدام، هەموو ئەو کوردانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان چ وەکو حزب یان وەکو تاکە کەس ئەگەر بۆ یەک خولەکیش چووبنە پاڵ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق و شەڕی شۆڕشی کورد یان حزبە نەیارەکانی خۆیان بە پاڵپشتی حکومەتی ئێراق کردبێت، بگرە لەو سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسانە زۆر بە خۆفرۆش ترو ناپاک تر دایان دەنێم.
هەروەها تەواوی ئەو بازرگانانەی کە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ەوە تاوەکو ئەمڕۆکە خۆراکی ماوە بەسەرچوو لە دەرەوەی کوردستان دێنن و بە خەڵکی هەژارو ڕەشوڕووتی کوردی دەفرۆشنەوە، بگرە لە سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکانی بەعس و سەدام بەتاوانبارتریان دەزانم، کە بوونەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ڕێژەیەکی زۆری نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشییە کوشندەکانی تر لەپێناوی دەستکەوتی مادی خۆیان، کە زۆربەی هەرە زۆری سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان و کوردە خۆفرۆشەکان لەپێناوی پارەدا ناپاکیان هەڵدەبژارد و دەبوونە کرێگرتەی دوژمن.

## پێشەکی عەدالەت عومەرساڵح:

لەم پێشەکییە نامەوێت بەشێوەیەکی باو تیشک بخەمە سەر پێناسەی ئەنفال و یەکە یەکەی قۆناغەکانی ئەم شاڵاوە نەگریسە چونکە لە ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە بە تێروتەسەلی باسی لێوە کراوە، بەڵکو پێش هەموو شتێک دەمەوێت بڵێم نووسینی ئەم پەرتووکە پێمان دەڵێت کارەکەی ئێمە هێشتا تەواو نەبووە و تەنانەت ناچارمان دەکات لە هەوڵەکانماندا بەردەوام بین و  بتوانین ڕۆژانە پەردە لەسەر ئەو تاوانە قێزەونانەی کە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام و بەعسی ڕووخاو بەسەرماندا هاتووە هەڵدەینەوە، تاکو بتوانین جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا بناسێنین، بۆیە دەبێ لاپەڕە بە لاپەڕەی دۆسیەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان (1987-1988) و بێسەروشوێن کردنی بارزانییەکان  لە (1983) و فەیلییەکان لە (1979-1980) و بۆردومانیی قەڵادزێ و هەڵەبجە و گوندی زێوە لە ساڵەکانی (1974 و 1985)دا و ڕاپەڕینی (1991) و بەعارەبکردنی ناوچەکانی کوردستان بپشکنین و خوێندنەوەمان بۆیان هەبێت چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەکان و وردبوونەوەم لەسەر بەڵگەنامەکان لە ماوەی (35) ساڵەی فەرمانڕەوایی ڕەشبگیری دیکتاتۆری سەدەدا بەدیارکەوتووە ئەوان ماوە بە ماوە لەپێناوی مانەوەی خۆیان شێوازی لەناوبردنیان گۆڕیوە و بایەخیان بەجۆرێک لە پاکتاوکردن داوە ، لە هەمان کاتدا هیچ ڕژێمێک بەقەدەر بەعسی عروبە حەزیان لە بە دوکۆمێنت کردنی تاوانەکانیان نەکردووە چونکە لەوە ناچێت هەرگیز بیریان لەوە کردبێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو دەچن. ئاڵا هەڵگرانی بەعس هەر لە میشیل عەفلەق و عەلی ساڵح سەعدی و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، بەتایبەتی سەدام حوسێن و دەست و پێوەندەکانی پشت ئەستوور بوون بە میلیشیای دڕندانەو چەکدار کە جگە لە تیرۆر و کوشتن و بڕین و ئەشکەنجە و ئازاردانی خەڵک و وێرانکردن و بە تاڵانبردن و جینۆسایدکردن شتی تریان بەرهەم نەهێناوە، هەر جارەو بە بیانۆیەک، ئەوەتا ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە ساڵی (1969)دا فەرمانی بە سەدام حوسێن کرد کە هەموو ئەو کەسانە لەناو ببات کە دژی بۆچوونەکانیان بن فەرمانی لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی بە سەدام حوسێن دا کە لە دژی بۆچوونەکان و فەرمانەکانیان بێت، ئەوەبوو هەر لە (20ی شوباتی 1969 تاکو نۆڤێمبەری هەمان ساڵ) فەرمانی

لە سێدارەدانی جوولەكەكانی ئێراقی لەژێر تۆمەتی دروستكراوی لەناوبردنی زایۆنیزم بە بەرچاوی خەڵك لە گۆڕەپانە گەورەكان و شوێنە گشتییەكان بەرێوەبرد. ئەوان تەنانەت ئەگەر گومانیان لە بیروباوەڕی یارانی خۆیان كردبێت بۆ ئەوەی ئەزموونێك بێت بۆ ئەوانەی ترو وانەی لێ وەرگرن وەك تۆڵە سەندنەوە لەناویان بردووە بۆ نمونە پیلانی دەركردن و لەناوبردنی عەمید عەبدولڕەزاق ئەلنایف لە ساڵی (1978) لە لەندەن، پیلانی لەكارخستنی ئەحمەد حەسەن بەكر و كوشتنی محیی ئەلمەشهەدی و(21) كەس لە دارودەستەكەی لە ئاوگۆستی ساڵی (1979)، هەروەها پیلانی كوشتنی عەدنان خەیروڵڵا لە ساڵی (1989)دا كاتێك كە سەدام هەستی بە بەهێزبوونی كرد، كوشتنی ڕیاز ئیبراهیم حوسێن ئەلعانی وەزیری تەندروستی بەدەستی خودی سەدام لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوكاتە لەسەر دەربڕینی بیروڕای و پاش چەند ڕۆژێك كۆمەڵێك تاوانیان بۆ ڕێكخست ئەمە جگە لەو هەزاران تاوانەی دی كە لە سەردەمی فەرمانڕەواییان بەبێ چەند و چۆن ئەنجامدرا.

جیۆستراتیژی وڵاتە زلهێزەكان و بارودۆخی ناوچەكە لەو دەمەدا لە هۆكارە سەرەكییەكانی ئەم تاوانكاریانەیە كە بەسەر گەلی كورددا هاتوون، دەنا ئەو هەموو قاتوقڕییە لەدژی نەتەوەیەك چۆن لەو سەردەمە ویژدانی مرۆڤایەتی نەجولاندوە، تەنانەت لە دوای ناردنی یاداشتنامەی ڕێبەرایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی لە ڕۆژی (15\8\1988)دا و داواكارییەكەی مەسعود بارزانی لە ڕۆژی (1\9\1988)دا كە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان و كۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان كراوە، تیایدا بە تێروتەسەلی باس لە تاوانكاریەكانی كیمیاباران وەك جینۆساید لە دژی گەلی كوردستان لە ماوەی نیوان ساڵانی (1987 و 1988)دا، هەروەها لیستێك بەناوی قوربانیان و خاپور كردنی زیاتر لە (4000) گوند و شارۆچكەی كوردستان كراوە لەگەڵ چەندین داواكاری بۆ بەدواداچوون پێشكەش كرا، بەڵام دیسان ناوەڕۆكی ئەم تاوانە بێوێنەیە لەگەڵ ئاستی گەورەیی و دڕندەیی نەبوونە كەرەستە و هەوێنی كاربەدەستان و دەزگاكانی ڕاگەیاندنی جیهانی و نەورووژێنران؟ ئەم وڵاتانە لەكاتی مامەڵە و ئیشكردنیان پڕانسیپی (لە سیاسەتدا نە هاوڕێ و نە دوژمنی هەمیشەیی هەیە، بەڵكو بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە)یان ڕەچاوكردووە و تەنیا بەرژەوەندییەكانی خۆیان لە بەرایی و پێشینەی هەموو كارو

هەنگاوێکیان داناوە. هەرچەندە لەلایەن چەند ڕێکخراوێک و کەسایەتی دڵسۆزی کورد ئەم پرسانە وروژێندراون ئەویش نەک وەک تاوانی ئەنفال و ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان، بەڵکو وەک گازبارانی ناوچەکانی باشووری کوردستان بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەرەکی پشتگوێ خران. یوست هێلتەرمان لە پەرتووکەکەی بەناوی (کاریگەری ژەهراوی ئەمریکا و ئێراق و گازبارانی هەڵەبجە)دا لە دیمانەکانیدا کە لەگەڵ زۆر لە کاربەدەستانی ئەوکاتە بەتایبەتی ئەمریکییەکان ئەنجامی داوە، دەڵێن ناوی ئەنفالیان نەبیستووە ئەگەر هەر کەسێکیشیان ئەو ناوەی بەرگوێ کەوتبێت ئەوە هیچ مانایەک یان کاریگەریەکی لا دروست نەکردووە. یوست هێلتەرمان دەڵێت: (لەمەش خراپتر ناوی ئەنفال هەرگیز بە ئاشکرا نەچووە فەرهەنگی ئەو کاربەدەستانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە چاودێری ئێراق و جەنگیان دەکرد. تەنانەت دوای ئەوەی ڕژێم بەشێوەیەکی فەرمی لەسەردێری ڕاپۆرت و دەنگوباسەکان باسی ئەنفالی لە میدیاکانی خۆی بڵاوکردەوە، بەڵام دیسان بەپێچەوانە ناوی ئەنفال لەگەڵ دۆکۆمێنتەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکادا دەرنەکەوت و لەگەڵ شیکارانی هەواڵگریش باسێکی لێوە نەکرا).

لەلایەکی تر هەروەک نووسەر لەم پەرتووکەدا ئاماژەی پێکردووە چەندان کۆمپانیای ئەمریکایی و بەریتانی و ئەوروپایی بەپێی بەڵگەنامەی ڕوون و ئاشکرا یارمەتی دەوڵەتی ئێراقیان داوە، کە لێرەدا پێویستە بڵێم ئەم ڕاپۆرتە لەپاش شەڕی دووەمی کەنداو، لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن شارەزایان و توێژەران لە ئێراق ئەنجام دراو ڕاپۆرتێک لەسەر چەکی کۆکوژی ئێراق درا بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە تێیدا بە تێروتەسەلی باس لە پڕچەککردنی ئەم وڵاتە لەلایەن (207) کۆمپانیای ئەڵمانی، ئەمریکی، بەریتانی و چەندان وڵاتی تر کراوە، هەرچەندە بەکار هینانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی پێشووتریش لەدژی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور بەکارهاتووە وەک ئەوەی لەساڵی (1963)دا کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوو و لەم ڕۆژەدا بایەکی بەهێز کیمیاییەکەی برد بەرەو لای سنووری ئێران و لەچەند گوندێکی ناوچە سنوورییەکان بووە هۆی لەناوبردنی ئاژەڵەکان ، بەڵام بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاو بەپێی بەڵگەنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەڕی نێوان دەوڵەتی ئێراق و ئێران هەروەک لە بەڵگەنامەی ژمارە (3/د/2/2704) لە ڕێکەوتی (1.11.1983)دا کە لە سەرکردایەتی گشتیی هێزە

چەکدارەکان بۆ بەڕێوەبەرێتی بەشی کیمیایی و بۆ گشت فەیلەقەکان دەرچووە سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و تێیدا نووسراوە ئاماژە بە ڕەزامەندی لەلایەن سەرۆکی بەڕێز (مەبەست سەدام حوسێنە) فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەهەر کات و شوێنێک کە پێویست بێت. بەڵگەنامەکە بە واژۆی عەمید ڕوکن تالع خەلیل ڕەحیم ئەلدورییە.

کاتێک هاوڕێی خۆشەویستم دەرسیم پێشەوا داوای لێکردم پێشەکییەک بۆ پەرتووکەکەی بنووسم، هەستم کرد ئەرکێکی مێژوویی و قورسی خستۆتە سەر شانم، چونکە نووسینی پێشەکی بۆ ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان ئەوەندە ئاسان نییە. لە هەمانکاتدا زۆر خۆشحاڵم کە منیش بەشێکی ئەم ئەرکەم کەوتۆتە سەر شان و سوپاسی دەکەم.

لێرەدا دەبێ بڵێم ڕۆماڵکردن، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەبارەی هەموو ئەو کۆمەڵکوژی و کوشتارە هەر لە کۆمەڵکوژی و بێسەروشوێنکردنی کوردە فەیلییەکان، کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی سەرتاپای باشووری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا لە ماوەی فەرمانڕەواییێتی سەدامی عروبە و ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس ئەرکێکی زۆر گرانی خستۆتە سەر شانی نووسەر. ئەمە مێژووی کۆمەڵکوژی (جینۆسایدکردنی) گەلێکە بە هەموو هونەر و تاکتیک و کەرەستەی پێشکەوتوو و یارمەتی و هاوکاری زۆرێک لە میری و دەوڵەتەکانی مافی مرۆڤ پارێز و کۆمپانیای جۆراوجۆر کە لەم ئان و ساتەدا لەبەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کۆدەنگیان لەسەر بێدەنگی هەڵبژاردبوو. ماوەیەکی زۆرە مامۆستا دەرسیم دیبەگەیی خەریکی کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانەیە و پێویستیش ناکات من بیناسێنم، چونکە پێنووسەکەی ساڵانێکی دوورو درێژە لەسەر پرسی جینۆسایدکردن و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی شالاّوەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانی تری دژ بە گەلی باشووری کوردستان لە خەباتدایە ویەکێکە لەم کەسانەی ڕۆڵێکی زۆر کارای هەبووە لە لە دادگایی کردنی گەورە تاوانباری ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کورد، ئەویش سەرۆکی ئەرکانی سوپای پێشوو (نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی)یە. نووسەر بیرۆکەی نووسینی ئەم پەرتووکەی لە سەرەتای ساڵی (2008)دا لای بەندە باسکردووە و

هەردەم بەدوای کەرەستەو بەڵگەنامەی نوێدا دەگەڕا. لەهەر شوێنێک پێی وابووبێت زانیاری دەست دەکەوێت سەردانی کردووە، لێرەدا دەکرێ سوپاسی متمانەی بکەم کە هەر دێڕێکی نوێی خستبێتە سەر لاپەڕەی پەرتووکەکەی، دەموودەست بۆ منی ڕەوانکردووە تاکو پارێزرا و بێت و بە بەردەوامیش دەیگوت: (ئەگەر هەر شتێکم بەسەر هات تۆ میراتگری ئەم پەرتووکەی و لەجیاتی من تەواوی بکە و بڵاوی بکەوە).

ڕێکخستن و کۆکردنەوەی زانیارییەکان سەبارەت بە تاوانبارانی بەعس و دەست و پێوەندەکانی، کارێکی گرنگە کە لەم پەرتووکەدا ئاماژەی باشی پێدراوەو زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستیان لە کۆمەڵکوژی گەلی باشووری کوردستاندا هەبووبێت، ناویان هاتووە. ئەمە مێژووی قوربانیدانە لەپێناو ئازادی و ڕزگاری وولاتێکی خوێناوی کە دەبێ نەوە لەدوای نەوە بگێڕدرێتەوە، تاوەکو ڕابردوو لە بیر نەکەن و ئەزموون و پەندی لێ وەربگرین. پێناسەکردنی ئەنفال بە قڕکردن و لەناوبردنی ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد زۆر دەمێکە وەکو زاراوەیەک خۆی خستۆتە ناو فەرهەنگی کوردی کە نووسەر لەم بەشەدا ئاماژەی باشی بۆ کردووە، بەڵام باشتر دەبوو ئاماژەی بە مەبەستی بەکارهێنانی ناوو زاراوەی ئایینی و شێوازی بە سیستێماتیک کردنی کوشتار و لەناوبردن لەلایەن ڕژێمەوە کردبا، چونکە ئەوان باش دەیانزانی ئەگەر خۆیان لەژێر پەردەی ئایین نەشارنەوە، ئەو کۆدەنگیەیان لەپێناو لەناوبردنی کورد لەژێر دروشمی (أمة عربية واحدة، ذات رسالة خالیدة)یان دەست نەدەکەوت. لەلایەک سەدام و داروودەستەکەی خۆیان بە سەرکردەی عەرەب و ئیسلام ناوبردووە، لەلایەکی تریش بێدەنگی جیهانی عارەبی و ئیسلامی دەکرێ بەجۆرێک لە هاودەنگی ئەوان بۆ پەلامارەکانی ئەنفالی بەعس بۆ سەر کورد لێکبدرێتەوە، هەروەها وەک ستراکتۆر و بەرهەمی بیرو گوتاری بەعس کە بناغەکەی لەسەر قاتوقڕی و بێویژدانی و بێدەنگی دانرابوو، پێم وایە هەمووومان باش لەم ڕاستییە گەیشتووین و دەزانین کە کورد لەبەر کوردبوون بەردەوام دووچاری کۆمەڵکوژی بۆتەوە، تەنانەت ئەگەر کورد لەم کات و ساتەدا هەر ئایینێکی تری هەبووایە هەر تووشی ئەم قاتوقڕیە دەبوو، ئەوەتا لە شالاوەکانی ئەنفالی کۆتاییدا زۆر لە ئاشووری، کوردە کریستانەکان و کوردە ئێزیدییەکان وەک کوردە موسڵمانەکان دەستگیرو بێسەروشوێن کران، هەروەک پێشەوا قازی محەمەد

لە بەشێک لە وەسیەتنامەکەیدا دەڵێت: (لای ئەوان (مەبەستی دوژمنانی کوردە) ئێوە هەر کوردن، با موسڵمانیش بن، تاوانبار و مەحکومن)، بەڵام سەدام حوسێن زۆر شارەزایانە و زیرەکانە بەپشتبەستن بە مێژووی عەرەب و ئیسلام و کلتووری توندوتیژی و پاوانخوازیان لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەواژەکانی ئاینی لە شاڵاوە سەربازییەکانی وەک (ئەنفال، هێزەکانی سەقری قورەیش، زوبێری کوڕی عەوام، مووشەکی ئەلحوسەین و زۆری تر ....)، تەنانەت ناونانی هێڵەکانی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاییش لە سامەڕا هەر بە ناوەکانی وەکو (ئەحمەد، عیسا، محەمەد، عانی، مەدای و قازی)، پشتیوانی جیهانی عارەبی و ئیسلامی بەلای خۆی ڕاکێشابوو دەنا چۆن لە کۆنفرانسی سەرانی ئیسلامی کە چەند ڕۆژێک پاش کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە بەسترا وورتەیان لێوە نەهات؟ هەروەها لەپاش تەواوبوونی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران و کوشتار و ئەنفال و کیمیاباران کردنی دانیشتوانی کوردستان سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (7.9.1988)دا لە کۆبوونەوەی ئەندامانی خولی (23)ی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب هەموویانی کۆکردۆتەوەو کە لە ڕۆژنامەی (الثورە) ژمارە (6677)ی زمانحاڵی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی بڵاوکراوەتەوە و پێی ڕاگەیاندوون: (هەموو عەرەبێک بەشی لە ئەنجامی جەنگدا هەیە)، هەروەها لە بەشێکی تری قسەکانیدا دەڵێت: (دوژمنەکانی خوا و عەرەب و موسڵمانان بە یەکجاری کەوتن).

لەم پەرتووکەدا نووسەر تیشکی خستۆتە سەر دامودەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێمی بەعس و ئەرک و کارەکانی شیکردۆتەوە، هەر لە ئاستی گەورەترین دەسەڵات تاکو ئاستی هەرە خوارەوەی دەسەڵات. ئەوان سیستەمی ترس و تۆقاندن و ملکەچ بوونیان بەشێوازی جۆراوجۆر بڵاوکردبووەوە کە لەوانەیە تاوەکو ئەمڕۆ بەشێکی زۆری بۆ خەڵک شاراوە بێت. بەعس ئەو هەموو دامودەزگایەی بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک لە شەڕێکی نابەرانبەردا ئامادە کردبوو و بەکاری هێنا، ئەو شەڕەی کە زۆرترین قوربانیانی ئافرەت و منداڵ بوون.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم پەرتووکە لە دوارۆژدا دەبێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ مێژووی نەتەوەکەمان لە ناوەندەکانی باس و لێکۆڵینەوە سوودی زۆری لێ وەردەگیرێت. تاوانبارانی سەرەکی، ئەنفالچییەکان، سەرۆکجاشەکان، ناپاکەکان و جاشەکان، بەکرێگیراوەکانی دوێنێ، ئەوانەی ئێمەیان بە ناپاک و بەکرێگیراو دەزانی،

ئەمڕۆکە لە سەرووی ئێمە مانان و دەست ڕۆیشتووتر و کاربەدەست ترن. لەپاش ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)ی گەلەکەمان بەرانبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆر و ئەنفالچییەکان، ئەوانەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەعسیان پڕ کردبوو لە شانازی پێکردنی بە ئەنفال و جینۆسایدکردنی دانیشتوانی کوردستان، لە پاش لێبووردنەکە سوودیان لە بارودۆخی سیاسی وەرگرت و شەرمەزار نەبوون، بەڵکو لە قوربانیدەرەکان بەهێزتر و بە دەسەڵاتتر بوون و خۆیان و خزم و کەسوکاریشیان بوون بە کاربەدەست و پلەدار. لەم پەرتووکەدا ناوی زۆربەیان هاتووە کە بە بەڵگەوە بە فەرمی لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق داواکراون، هاوکات لە پەنای چ پارت و ڕێکخراو و لایەنێکیش خۆیان مەڵاس دابێت دەستنیشان کراوە لەوانەیە کەسانێک هەبن ئەم باسەیان بەلاوە خۆش نەبێت ئەمە بە سەرکێشی بزانن یان بە دژایەتی لەگەڵ حیزب و لایەنەکان ناوزەدی بکەن، بەڵام بۆ نووسەر و من و هەزارانی وەکو ئێمە کە ساڵانێکی زۆر ئاوارە و دەربەدەریمان چەشتووە لەپێناو ئازادی گەل و وڵات چاومان بەرایی نادات ئەوانەی دەستیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس تێکەڵ بووە و تا سەر ئێسقان نوقمی ناپاکی ببوون و بۆ ڕاوەدوونانمان و لەناوبردنی سەر و ماڵمان، ئێستا بەچاو قایمی دەسەڵاتدارترن و ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئێمە قوربانی و ئەوانیش هەر جەلاد بن. لێرەدا ناکرێت هەروا بەئاسانی ڕۆڵی قێزەونی زۆربەی سەرۆکجاش و پیاوانی بەعس وەک بەشدار لە تاوانی ئەنفال و لە یارمەتی نەدانی خەڵکە دەست بەسەرکراوەکەدا تێپەڕین. ئەوانەی کوشتن و تاڵانکردن و ڕاوڕووتی خەڵکیان پێسپێردرابوو تەنانەت دەیانتوانی ئافرەتەکان لەم دۆخە ڕزگار بکەن، هەرچەندە هێندێکیان دەڵێن و گوتویانە ئێمە زانیاریمان نەبوو چی لە خەڵکەکە دەکرێت! بەڵام ئەوە جێگەی باوەڕ نییە، چونکە کاتێک گوندەکانیان بە مزگەوت، کڵێسە و قووتابخانە سووتاند و کانیاوەکانیان ووشک کرد و ڕەز و باخەکانیان تێکدا، سەرەڕای دەیان و دەیان تاوانی تر، پێیان وایە گوڵ دەبەخشنە مرۆڤەکان یان گوللە؟ ئافرەتێک لەکاتی ڕاوەدونانیان لە ئەنفالی سێ داوای لە سەرۆکجاشێک کردبوو ڕزگاری بکات، ئەویش ڕێک و ڕەوان پێی گوتبوو: (هیچم پێناکرێت و خۆت بە دەستەوە بدە).

ئەمانەی خوارەوە نموونەی چەند سەرۆکجاشێکن کە دژ بە نەتەوە و نیشتمان خۆیان هاویشتبووە ناو بەرەی سەدامی عروبە و بەعسی دژ بە کورد و کوردستان.

لە ژمارە (246)ی هەفتەنامەی میدیا، ڕێكەوتی (27.6.2006)دا دیمانەیەک لەگەڵ موسا عەلی ڕەمەزانی سەرۆكجاشی (314) دەڵێت: (ئێمەی بەعسیانی كورد، ئەگەر گەواد نەبووینایە، نەدەبووینە ڕەفیق حزبی و باوەڕپێكراوی حزبی بەعس). لە بەشێكی تردا دەڵێت: (لە ناوچەی ئێمە حەفتا و پێنج گەواد بووین). هەروەها بەپێی ڕاسپاردەی نووسینگەی ڕێكخستنی باكووری حزبی بەعس بە ژمارە (4008)، كە لە ڕێكەوتی (20.6.1987)دا هەر شتێک لەلایەن سەرۆكجاش و فەوجەكانی بەناو بەرگری نیشتمانیی (جاشەكان) دەستی بەسەردا بگیرێت دەدرێتە خۆیان تەنیا چەكی قورس و ئیسناد و مامناوەند نەبێت، كە ئەمەش ڕێک پڕ بە پێستی ئایەتە قورئانیەكەیە، ئەوەتا كۆنە سەرۆكجاشێک بەناوی محەمەد عەلی جاف لە دیمانەیەكدا لەگەڵ میدڵ ئێست وۆچ–دا دەڵێت: (لە كۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەفسەرانی هەواڵگری پێیان گوتراوە ئێوە هەر ماڵ و سامانێكی پێشمەرگە هەیە و لە شەڕدا دەستی بەسەردا دەگرن بۆ خۆتانی ببەن، ژنەكانیشیان بەپێی شەرع و یاسا حەڵاڵی ئێوەیە). بۆیە پێویستە لە داهاتوودا ئەوانە لە دادگایەكی تایبەتی نەتەوەیی كوردی دادگایی بكرێن.

نووسەر لەم پەرتووكەدا مەبەستێتی پێمان بڵێت ڕابردوو لەبیر مەكەن بەڵكو ئەزموون بۆ دووبارە نەبوونەوەی لێوەربگرن، هەروەها چڕكردنەوەی هەوڵەكانمان لە هەڵدانەوەو گەڕاندنەوەی گۆڕە بەكۆمەڵەكانە كە هەزاران قوربانی جینۆساید زۆر بێ بەزەییانە لە چاڵەكانی مەرگ لەژێر لمەكانی بیاباندا بەزیندوویی و بە برینداری زیندەبەچاڵكران، لەهەمان كات دانانی گلكۆیەک یان مۆنۆمێنتێک لە شوێنی گۆڕەكان لە لایەن دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان و لە سەری بنووسرێت: (ئێرە گلكۆی قوربانیانی گۆڕی بەكۆمەڵی كوردە)، تاكو بیسەلمێنێت كورد لە هەوڵی گەڕاندایە بەدوای پێشكەوتن، ئاوەدانكردنەوە و شارستانییەتە لەبری تۆڵە سەندنەوە، كوشتن و لەناوبردن. هەروەها ئەم مێژووە هەرگیز لەبیر ناكرێت و شوێنەواری گۆڕەكانیش لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگارو كاتدا بزر نابن.

ئەمەی ڕوون و ئاشكرایە جینۆسایدكردنی نەتەوەی كورد مێژوویەكی لەمێژینەی هەیە كە چەندان سەدە پێش زایین تاكو ئەمڕۆ لەلایەن دوژمنانیەوە بەردەوام هەوڵی پاكتاوكردن و تواندنەوەیان لەناو نەتەوەكانی دەوروبەردا بەردەوامە و تەنیا نەبەستراوەتەوە بە باشووری كوردستان. ئەوەتە فارسەكان بەناوی پان ئێرانیزم

تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەکوشتنی دەیان هەزار کورد یان ڕاگواستنیان سیاسەتی بەفارسکردن لە ناوچە کوردنشینەکان پەیڕەوکردووە، تورکیاش عوسمانییەکانی دوێنێ و تۆرانییەکانی ئەمڕۆ لەژێر پەردەی بیرو هزری تەسکی ناسیۆنالیستانەی کەمالیزم سەدان گوندیان وێرانکرد، بەسەدان کەس لە سێدارە دران، بەدەیان نووسەر و ڕۆشنبیر و خرانە ناو چەمی وان و دەیان هەزار کەس لە پرۆسەکانی شەڕدا لەناو بردراون و سەدان هەزاری تر ئاوارە و دەربەدەر کران و بەرەو ناوچە تورکیەکان ڕاگوێزران. لە سوریاش هەر لەسەر بنەمای یاسای ڕەگەزپەرستانەی بەعسیزم هەردەم نۆکلی لەوە کراوە کە گەلێک بەناوی کورد و پارچە زەوییەکیش بەناوی کوردستان بوونی هەبێت. لە یەکێتیی سۆڤیەتی ڕووخاویشدا کوردەکان لە جێگاو ڕێگای خۆیان پەرتەوازە کران بۆئەوەی کۆبەندی لە نێوانیاندا دروست نەبێت، بەهیوام لە داهاتوویەکی زۆر نزیک بتوانین کار لەسەر ئینسکلۆپیدیایەک بکەین کە باسی جینۆساید و ڕەشەکوژی بکات و هەموو پارچەکانی کوردستان لەخۆبگرێت و ڕۆژێک بێت هەموو تاوانباران وەکو ئەوەی جوولەکە کردی لە دادگایەک لە چوارچێوەی ستانداردی جیهانی سەبارەت بە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ سزای خۆیان وەربگرن.

ئەوەی پێویستە لە کۆتاییدا بیڵێم ئەوەیە کورد تاکو ئێستا پاش (18) ساڵ لە دەسەڵات نەیان توانیوە ببنە پشت و پەنای یەکتر وەک ئەوەی جوولەکە لەپێناو هۆلۆکۆستدا کردی، کە وەک قەوارەیەکی بەهێز ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ئەڵمانیا خۆی لە بەرانبەر بەشەرمەزار دەزانێت، جگە لە قەرەبووکردنەوەی مادی بەردەوام داوای لێبووردنیان لێدەکات، بەڵام ئێمە ناتوانین و نەمانتوانیوە وەک قەوارەیەکی بەهێزو یەکگرتوو کار لەسەر پرسە نەتەوەییەکانمان بکەین وەک ئەوەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق لە (7.3.2010) کردمان. زۆر دەنگ و ڕەنگمان لەپێناو چەند کورسییەک لەدەستداو دەنگەکانمان پەرتەوازە بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد ئەزموونی لە ڕابردووی قوربانیدانی خۆی وەرنەگرتووە، تاکو لۆبییەکی بەهێزی بۆ ناساندنی پرسی جینۆسایدکردنی گەلێک دروست بکات. هەروەها ئەنفال و کیمیاباران و بێسەروشوێن کردن و خاپوور و وێرانکردنی گوندو شارەکانمان پرسی بەعەرەبکردنی خاکی داگیرکراوی کوردستانمان نەچۆتە ناو فەوهەنگ و

کلتوورمان و نەبۆتە ئایدیۆلۆژیایەکی بەهێز بەڵکو لە چەند یادەوەرییەکی سادە قەتیس ماوەتەوە. بۆیە وەک پێویستییەک دەبێ لە ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و هۆشیاری سیاسی و ئایدۆلۆجیایەک لەسەر جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک بۆ نەوەی نوێ بەرهەم بێنین بە دانانی پرۆگرامێک بۆ ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستانی باشوور لە قووتابخانە و زانکۆکان و سوود وەرگرتن لە ئەم جورە توێژینەوانە، هەروەها دانانی سەنتەرێکی ئەرشیفی نەتەوەیی لەسەر جینۆسایدی نەتەوەکەمان. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، ئەوەیە نووسەر لەم پەرتووکەدا توانیویەتی بەشێک لەو ئەرکە نەتەوایەتییەی کە لەسەر شانیەتی سەبارەت بە خستنەڕووی زانیاری و ڕاستییەکان بگەیەنێتە ئەنجام و تێیدا سەرکەوتوو بووە هەرچەندە هەموو کارێکیش بێ کەموکوڕی نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئەم پەرتووکە بە زمانە زیندووەکانی جیهانی کاری وەرگێڕانی بۆ بکرێت، چونکە باشترین ڕێگا بۆ ناساندنی جینۆساید لە ئاستی نێودەوڵەتی بەڵگەنامەکانی خوێندراو، بیستراو و بینراوە. هیوادارم نموونەی دەرسیم پێشەوا لە بەدواداچوون و ناساندنی لایەنە شاراوەکانی جینۆساید کردنی گەلی باشووری کوردستان زۆر بێت.

## پێشەکی شاخەوان شۆڕش:

ئەم پەرتووکەی لەبەردەست دایە کە برای بەرێزم دەرسیم دیبەگەیی نووسیویەتی، بەرهەمی ڕەنج و ماندوبونێکی زۆرە، کۆمەڵێ زانیاری گرنگ و سوودبەخش لە فەرهەنگی تاوانی کۆمەڵکوژی (ژینۆساید) ئەنفالدا دەگرێتەخۆی. بۆ من جێگەی پێزانینە کە ئەرکی پێشەکیەکەیم پێسپێردراوە، سوپاسی ئەم پێزانینەی کاک دەرسیم دەکەم.

بەرلەوەی بێمەسەر دوان لەسەر ئەم پەرتووکە کە کاک دەرسیم لەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال نووسیویەتی بەپێویستی دەزانم سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی و بەکورتی لە تاوانی (ژینۆساید) و بابەتە پەیوەستدارەکانی ئەم تاوانە بدوێم، ئەوجا لەوێوە گونجاوی ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە بخەمە بەرچاو.

تاوانی کۆمەڵکوژی وەکو گەورەترین تاوان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا ناسراوە، بۆیە وەکو تاوانی تاوانەکان سەیری دەکرێت. تاوانی کۆمەڵکوژی تاوانێکە کە بە مەبەستی لەناوبردن بەئاگایانە دژ بە نەتەوەیەک، کۆمەڵگەیەک یا گروپێک مرۆڤ لەسەر جودایی نەتەوەیی، ئایینی، کەلتوری، ڕامیاری یا جودایی دیکە لە شوێن و کاتی دیارکراودا ئەنجام دەدرێت. تاوانی کۆمەڵکوژی لەناوبردنی تەواوی یا بەشێکی نەتەوە یا کۆمەڵگەیەکە کە لەلایەن دەسەڵاتێکەوە لەبەر جوداییان ئارەزوو ناکرێن. لەناوبردنەکە فیزیکیانەیە و لە گەلێ باردا سیستەماتیکیانە و پلان بۆ داندراوانە ئەنجام دەدرێت. لەم وڵاتانەی کە کێشەی نەتەوەییان هەیە، نەتەوەی دەسەڵاتدار و نەتەوەی ژێردەستە و چەوساوە هەن، دەکرێ لەم وڵاتانەدا لەبارێکدا کە سەرکردە و ئایدۆلۆژیای توندڕەو فەرمانڕەوابن، ستات بۆ چارەسەری کێشە پەنا بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی ببات و هەوڵی لەناوبردنی بەشێکی گرنگی یا تەواوی نەتەوەی نەخوازراو لە ناوچەیەکی دیاریکراو و شوێنی دیکەدا لە وڵاتدا بدات، لەمبارەدا لایەنی تاوانبار لەناوبردن و نەهێشتن وەکو چارەسەری یەکجاری سەیر دەکات.

لە زۆر باردا نەتەوەی دەسەڵاتدار لە لایەن پارتێکی توندڕەو و خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو بەرێوەدەبردرێت، کە لە چوارچێوەی بیروباوەڕە تایبەتەکەدا کوشتار و لەناوبردنەکە دەکرێتە پێداویستیەکی گرنگ بۆ پاراستنی

ئاسایش و بەرژەوەندی ناسیۆنالیستانەی نەتەوە و ستات یا ئایدۆژلۆیا و ستات. ئایدۆلۆژیای توندڕەوانە کە بانگاشەی ڕەوایی ڕەها و بێهاوتایی دەکات، پشووتەنگە و گوێ لە بەرانبەر ناگرێت، کە هەوڵی گەیشتن بە یەکڕەنگی دەدات و سەپاندنی پەیامەکانی بە ڕەوا دەبینێت، دەکرێ ڕاست یا چەپ بێت یا ئایینی بێت. بیروهزری ناسیۆنالیستانەی ڕەگەزپەرستانە وەکو نازیزم، کەمالیزم و بەعسیزم یا بیروباوەری چەپی توندڕەو وەکو ستالینیزم و ماویزم و هەندێ لە جۆرەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، یا بیروباوەری ئایینی وەکو ئیسلامیزمی توندڕەو یا بیروباوەری ئایینی دیکەی توندڕەو بوونەتەهۆی ئەنجامدانی تاوانی پاکتاوکردن یا تاوانی کۆمەڵکوژی. ئەم دەسەلاتدارانەی کە خاوەنی ئەم بیروباوەرە توندڕەوانە بوون یا ئێستاش هەن نمونەیان زۆرە لەوانە ئەفسەرە تورکە ڕەگەزپەرستەکان، ڕژێمی کەمالیستی تورکیا، ڕژێمی نازی ئەڵمانیا، ڕژێمی بەعسی ئێراق، ڕژێمی کۆمۆنیستی باکووری کۆریا، چین، سۆڤیەتی کۆن، کەمبۆدیای سەردەمی پۆلپۆت، ڕژێمی ئیسلامی سودان هتد بوونەتە هۆی هاندەری کوشتاری گەل و گروپی دیاریکراو لەبەر جودایی نەتەوەیی، ئایینی یا بیروباوەڕ.

ئەم نەتەوانەی کە تاوانی کۆمەڵکوژیان لە دژدا ئەنجام دراوە لەوانە خەڵکی ڕەسەنی ئەمەریکا کە بە ئیندیانەکان ناسراون (سەدەی نۆزدەهەم) گەلی نامیبیا (1904) لەلایەن کۆلۆنیالستی ئەڵمانیەوە، ئەرمەنەکان (1915) لەلایەن دەسەڵاتی ئەفسەرە گەنجە تورکەکانی تورکیا، جۆتیارەکانی ئۆکرانیا (1933) لەلایەن ستالینەوە، کوردەکانی دەرسیم (1937) لەلایەن ڕژێمی کەمالیستی تورکیا، جووەکان (1940-1945) لەلایەن نازیەکانی ئەڵمانیا، خەلکی کەمبۆدیا (1975-1979) لەلایەن پۆلپۆتەوە، کوردەکانی باشووری کوردستان (1983، 1987-1988) لەلایەن ڕژێمی بەعسی ئێراقی، توتسیەکان (1994) لەلایەن هوتوەکانی ڕواندا، بۆسنیەکان (1995) لەلایەن سربەکانی بۆسنیا، دارفوریەکان (2003-2010) لەلایەن ڕژێمی ئیسلامی سودان و جەنجەویدە عەرەبەکان هتد. هەندێ لەم نەتەوانە بە تەواوی لە شوێن و ناوچەی دیاریکراودا لەنێوبردران وەکو ئەمەریکاییە ڕەسەنەکانی سەرووی ئەمەریکا، ئەرمەنەکان لە تورکیا و جووەکان لە ئەڵمانیا. هەندێ لەم نەتەوانە تاوانی کۆمەڵکوژی لاوازی کردن و هەڕەشەی لەسەر مانەوەیان دروست کرد، بەڵام توانیان بوونی خۆیان بپارێزن و لە ژیاندا بمێننەوە.

لەبەر كوشندەیی و مەترسیداری تاوانی كۆمەڵكوژی لەسەر بوونی نەتەوە و كۆمەڵگە ئەتنیە كەمینە یا ژێردەستەكان، هەروەها بۆ پێشگرتن بە تاوانەكە، بەرەنگار بوونەوەی و سزادانی تاوانكارانی تاوانی كۆمەڵكوژی لەسەر ئاستی جیهانی بەشێوەیەكی كانونیانە، ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان UN لە ساڵی (1948)دا تاوانی كۆمەڵكوژی پێناسەكرد و خستییە چوارچێوەیەكی كانونیەوە. جێگەی گوتنە كوشتن و لەناوبردنی ملیۆنەها جولەكە لەكاتی جەنگی جیهانی دووەمدا ڕۆڵی گرنگی لە پێویستبوونی بەیاساییكردنی تاوانەكە لەلایەن ستاتە براوەكانی جەنگی جیهانی دووەمدا بینی.

بەپێی پێناسەكەی UN كۆمەڵكوژی واتە هەر كردارێك بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یا بەشێكی نەتەوەیەك، ڕەگەزێك، گروپێكی ئایینی یا ئەتنی وەكو: كوشتنی ئەندامانی گروپەكە، زیان پێگەیاندنی مەنتالی و فیزیكی بە ئەندامانی گروپەكە، سەپاندنی مەرجی ئەوهای ژیان بەسەر گروپەكەدا كە ببێتەهۆی لەناوبردنی بەشێكی یا تەواوی گروپەكە، سەپاندنی پێوەری ئەوها كە ڕێگا لە زاوزێ لەناو گروپەكەدا بگرێت، وە بەزۆر گواستنەوەی منداڵانی گروپەكە بۆ گروپێكی تر.

پێناسەكە جەخت لەسەر لەناوبردنی فیزیكی كۆمەڵێك مرۆڤ دەكاتەوە، لێرەدا تاوانی كۆمەڵكوژی خۆی لە تاوانی پاكتاوی ڕەگەزی كە بەهۆی كرداری ڕاگواستن یا تواندنەوە و نەهێشتنی نافیزیكیانە ڕوودەدەن، جیادەكاتەوە.

نەتەوەی كورد یەكێ لەم نەتەوانەیە كە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی دوور و نزیک ناڕەوایی لەدژدا ئەنجام دراوە، مافەكانی پێشێلكراوە و دان بە بوونیدا نەنراوە. دیارە كوردستان لە چەند ڕووداوێكی مێژوویدا لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی شیعەی سەفەوی و سوننەی عوسمانیدا، دواتر لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەكەمدا لەلایەن كۆلۆنیالیستەكانی فەرەنسا و بەریتانیا و لایەنەكانی براوەی جەنگ بەناڕەوا دابەشكراوەتە سەر چەند وڵاتێكی كۆن و نوێ دروستكراوی ناوچەكە. بەهۆی بەژێردەستەیی مانەوە و چەوساندنەوە، خەڵكی كوردستان ناچاری ڕاپەڕین و بەرگریكردن لە بوون و مانی خۆی بووە، هەروەها هەوڵی ئازادی نەتەوەیی داوە. دەسەڵاتدارانی نەتەوە خاوەن دەسەڵاتەكانی عەرەب، تورک و فارس لەبری دانپێنان و چارەسەر پەنایان بۆ سەركوتكردن و تواندنەوە بەڕێگەی جۆراوجۆر، ڕاگواستن، بەعەرەبكردن، بەتوركردن و بەفارسكردن، پاكتاوی ڕەگەزی و كۆمەڵكوژی یا لە

سەردەم و باری تایبەتدا پەنایان بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی وەکو چارەسەری یەکجاری بردووە. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکردن کوشتاری کوردەکانی دەرسیم لە ساڵی (1937)دا، بارزانیەکان لە ساڵی (1983)دا، وە کیمیابارنکردن و لەناوبردنی کوردەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان لە ساڵی (1987–1988)دا، نموونەی تاوانی کۆمەڵکوژین کە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام دراون.

باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) کە لە ساڵی (1921)دا بە ئێراقی عارەبیەوە کە ئەوسا لە ویلایەتی بەغدا و بەسرا پێکهاتبوو لکێندرا، خرایە ژێردەستی دەسەڵاتدارانی عارەبی ئێراقی. ئەم لکاندنە کە یەکێک لە دەرهاویشتەکانی پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتننامەی سیڤەر و ڕێککەوتنی کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژئاوا و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بوو، دژ بە ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان بوو. لەوساوە کێشەی نەتەوەیی لەنێوان کورد و عەرەبدا وەکو کێشەی نێوان نەتەوەی ژێردەستە و نەتەوەی باڵادەست بە شێوەیەکی نوێ لە چوارچێوەی ستاتی لەنوێ دروستکراوی ئێراقدا دەستیپێکرد.

لەگەڵ ئەوەی گۆڕان لە سیستەم و ڕژێمەکانی ئێراق لە دوای لکاندنەکە لە ئێراقدا ڕوویاندا، بەڵام کێشەی کورد بەبێ چارەسەر مایەوە و لەگەڵیدا چەوساندنەوەی کورد درێژەی پێدرا. دەسەڵاتدارانی عەرەب نەیانتوانی چارەی کێشەکە بکەن و دان بە مافی نەتەوەیی کورد بنێن. بۆیە مێژووی کورد و عەرەب لە ماوەی تەمەنی ئێراقدا مێژوویەکی پڕ لە ناکۆکی و ڕووداو و ڕاپەڕینی خوێناوییە.

لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی عارەبیدا بارەکە و ناکۆکیەکە چووە قۆناغێکی دیکەی مەترسیدار، ڕژێمی بەعس لەژێر سەرپەرشتی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرست و سەرکردەی توندڕەوی ڕەگەزپەرستدا دەسەڵاتی گرتەدەست و پێگەی خۆی لە ماوەیەکی کەمدا لە ساڵەکانی دوای (1968)دا بەهێزکرد. بوونی هۆکار و فاکتەرەکانی کێشەی نەتەوەیی کە زۆربەیان پاشماوەی کۆلۆنیالیزم بوون وە فاکتەری دیکە بەیەکەوە وەکو کێشەی سنوور، گۆڕینی دیمۆگرافیا، لاسەنگی دیمۆگرافیا، ناڕەواییە مێژووییەکان، پۆلیتیکی تواندنەوە، بەعەرەبکردن، ناڕەوایی دابەشکردنی سامان و دەسەڵات، جوداکاری، پەراوێزکردن، داننەنان بە مافە ئابووری و ڕامیاریەکان، ڕق و بێمتمانەیی، ئاراستەی جوداخوازی هتد. زەمینەیەکی لەبار بوون بۆ بەهێزکردن و گەشەپێدانی بەهاکانی تاوانی کۆمەڵکوژی لەگەڵ

پەیدابوونی فاکتەرە پەرگیرەکانی وەکو ئایدۆلۆژیای توندڕەو و سەرکردەی توندڕەوی ناسیۆنالیستی ڕەگەزپەرست.
ئایدۆلۆژیای پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست ئایدۆلۆژیایەکە بڕوای بە شۆڕشی بێپسانەوە هەبوو، بانگاشەی پاکی و بێهاوتایی هەمیشەیی خۆی دەکرد، بڕوای بە سیستەمی یەک پارت و دەستبەسەراگرتنی هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگە هەبوو، بە بەعسیکردنی بەمجۆرە پاککردنەوەی مرۆڤە عەرەبەکان پێداویستیەکی لەپێشی ئایدۆلۆژیاکە بوو. یەکخستنی عەرەب لە خاکی عەرەبدا لە یەک ئومەدا لە کەنداوی فارسییەوە تا دەریای ئارام ئامانجی شۆڕشی بەعس بوو، هەروەکو لە نووسینەکانی میشیل عەفلەقدا دەردەکەوێت. هەموو ئەو کەمینانەی لە چوارچێوەی سنورەکانی وڵاتە عارەبیەکاندا دەژیان، بە بەشێک لە گەلی عەرەب سەیریان دەکرا، بۆیە تواندنەوەیان بەڕێگەی جۆراوجۆر بەپێویست دەزاندرا.
پێویستە بگوترێت کە ئایدۆلۆژیای بەعس سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی عەرەب لەم سەردەمەدا بە سەردەمی زێڕینی عەرەب ناسیووە، شانازی پێوەکردووە و مەبەستی هەبوو ئەم سەردەمە لە شێوازێکی نوێی بەعسیانەدا بژێینێتەوە. هەروەکو سەدام حوسێن لە دەیەی کۆتایی دەسەڵاتیدا هەوڵی زیاتری ئەم لێکچواندنەی داوە.
میشیل عەفلەق پێی وابوو کوردەکان کەمینەیەکی بچوکی سەر بە گەلی عەرەبن، بۆیە دەبوایە بەشێک بن لە خەباتی گەلی عەرەب دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، ئەگەر وانەکەن و پێوەندی لەگەڵ دوژمانەوە ببەستن وەکو پیلانگێر دژی شۆڕشی عارەبی سەیر دەکرێن. لەباری بەرگریکردنی نەتەوە و گروپی کەمینەدا، پاککردنەوە و لەناوبردنیان بەپێویست زاندراوە، کە بە دەستی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم وە مەترسی لەسەر چارەنوسی گەلی عەرەبدا تاوانبارکراون، وەکو لە دوانەکانی سەدام حوسێندا دەردەخرا.
دیارە بۆ پیادەکردنی پاکتاوی ڕەگەزی یا تاوانی کۆمەڵکوژی بەشێوەیەکی سیستەماتیکیانە و پلان بۆ داندراوانە، جگەلە ئایدۆلۆژیا و سەرکردەی توندڕەو، بوونی دەزگایەکی بەرفراوانی بیرۆکراسیانە، کەرستەو میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی تاوانەکە پێویستن.

دەسەڵاتی توندڕەو لەڕێگەی ئایدۆلۆژیای توندڕەو و پەڕگیردا بەڕێگەی جۆراوجۆر لەوانە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی گەورەکردنی ڕق و کینە بەرانبەر بە کەمینەی نیشانکراو دەدەن، وا پیشان دەدەن کە خەڵکە دیارکراوە نەخوازراوەکە لەبەر جوداییان کێشەیەکی گەورەن، کۆسپ و تەگەرەن، ناپاکن و جێگەی متمانەنین بۆیە نەخۆشین تووشی کۆمەڵگەی ویستراو و دەسەڵاتدار بووین. بوونی ئەم خەڵکە وەکو ڕێگر و بەربەست بۆ سەرکەوتنی بیروباوەر و ئامانجەکانی ستات سەیر دەکرێن، بۆیە هەوڵی نامرۆڤاندنی مرۆڤەکانی سەر بە نەتەوەی کەمینە دەدەن بەجۆرێک کە مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگە نەخوازراوە بەهای مرۆڤبوونیان لێدەسەندرێتەوە و دەهێندرێنە ڕیز گیانەوەری بێماف، بەجۆرێک کە کوشتنیان ئیدی بە سوودبەخش دادەندرێت. لەم ڕێگەیەوە ستات یا دەسەڵاتی پشووتەنگی پەڕگیر هەوڵی ڕەواکردن و ڕاشیونالیزەکردنی (گونجاندنی لەناوبردن لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵک و ستات) لێدانی کۆمەڵگە یا کەمینەی نەخوازراو دەدەن و هەوڵی گەیشتن بە چارەسەری یەکجاری دەدەن. بۆ جێبەجێکردنی لەناوبردنەکە پێوستیان بە کەرستە، ئۆرگان و دەزگای جێبەجێکردنی لەناوبردنەکە هەیە، بەجۆرێک کە هەموو لەناوبردنەکە ئۆرگانیزە بکرێت کە وەکو کارگەیەکی کاریگەر لەناوبردنەکە جێبەجێ بکات.

سیستەمی بیرۆکراسی لە ستات و سیستەمی دیکتاتۆرانەدا خۆی لە چوارچێوەیەکی ئۆرگانیزەکراوی توند، داپۆشراو بەترس و تۆقاندن دەنوێنێت. سیستەمی بیرۆکراسی میکانیزمێک دروست دەکات کە یەکەم: سترەکتوری هەرەمی دەسەڵاتێکی سەروو-خواروو دروست دەکات. وادەکات بڕیارەکان لە سەرووەوە بۆ خواروو دەردەکرێن و لە خوارەوە جێبەجێدەکرێن. دووەم: سیستەمی بیرۆکراسیانە دڵسۆزی بێ ئەملاو ئەولا لە ئەندام و بەشەکان داوا دەکات، بەجۆرێک کە پرسیار لە ئاست فەرمانەکان داناندرێت و دەبێ ئەرکەکان جێبەجێبکرێن. سێیەم: دابەشکردنی کار لەنێوان ژمارەیەکی زۆری کەس، کە هەر یەکە و ئەرک و کاری تایبەتی خۆی پێ دەسپێردرێت بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاگاداری ئەنجامی کارەکە بێت، جگە لەوانەی کە ڕاستەوخۆ تاوانەکە ئەنجام دەدەن. چوارەم: بەدامەزراوکردنی کەسەکان لە چوارچێوەیەکی بیرۆکراسیانەدا بەجۆرێک کەسەکان وەکو یەک تیمی تەواوکەری یەکتر هەر کەسە دەبێ بەئەرکی خۆی هەڵبستێت تا بتوانن بەرهەم بهێنن. تیمەکە

جۆرە واتایەک کە پێویستبوون، ئەرک، ترس و ملکەچی دروستی کردووە بە کەسەکان دەگەیەنن و کەسەکان بەشێکن لە تیمەکە. تیمەکە بە بڕوا و بۆچوونی گەلکوژکارانە سیستەماتیکیانە گۆشکراوە و کەسەکان لەگەڵیدا پەروەردەکراون.
پێنجەم: پەروەردەکردنی دوولایەنەی هەست لەلایەن مرۆڤەکاندا. بەجۆرێک هەر مرۆڤە هەستی ئاسایی وەکو مرۆڤ لەگەڵ خێزان و نزیکان و هاوبیرانی هەیە، بەڵام بەرانبەر بە خەڵکی نەخوازراو هەست بوونی نامێنیت و کوشتن و لەناوبردن وەکو دەستکەوت و پێداویستی سەیردەکرێت.
ئەوانەی کە لە سەروودا خاوەن و بڕیاردەری هەموو سیستەمەکەن ئەوانە بکەرانی سەرووی تاوانی کۆمەڵکوژین، ئەوانەی کە لە خوارووداا تاوانەکە ئەنجام دەدەن، ئەوانە بکەری خوارووی تاوانی کۆمەڵکوژین. هەموو ئەوانەی کە لەم سیستەمەدا خۆیان دەنوێنن بەئاگایانە یا بێئاگایانە پشکی ئەم تاوانەیان بەپێی شوێن و کردار بەردەکەوێت.
ستاتی ئێراق و دەسەڵاتدارانی سەرووی ڕژێمی بەعس بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردیان وەکو کۆسپ و تەگەرە، ناپاک و دەستی زایۆنیزم و ئیمپریالیزم سەیر دەکرد. لەم ڕوانگەوە نەتەوەی کورد وەکو کێشە و نەخۆشی بۆ بەرژەوەندیەکانی ستاتی ئێراق و نەتەوەی عەرەب لە چوارچێوەی بیری بەعسیزمدا سەیرکردووە. بۆیە هەوڵی نامرۆڤاندنی مرۆڤی کورد دراوە و لەناوبردنیان وەکو ناپاک و کرێگرتەی بێگانە و دوژمن بەپێویست داندراوە و ڕەواکراوە. لەناوبردنی کورد وەکو چارەسەری کێشەی ستاتی ئێراق و لەهەمان کاتدا ڕزگارکردنی نەتەوەی عەرەب لەم نەخۆشییە سەیرکراوە.
سەدام حوسێن، عەلی کیمیایی، تاریق عەزیز، تەها یاسین ڕەمەزان، عیزەت دوری، نەزار خەزرەجی، سوڵتان هاشم و ئەوانەی دیکەی سەرکردایەتی بەعس و سەرووی هێزە چەکدارەکان پێکهاتەی سەرووی هەرەمی ئۆرگانیزەکراوی سیستەمی بیرۆکراسیانەی دەزگای جێبەجێکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفالیان پێکهێناوە، ئەوانەی خواروو وەکو فرۆکەوان، هێزەچەکدارەکانی بەرەکانی لەناوبردن وەکو سەرۆکی یەکە سەربازیەکان، هەروەها چەکدارەکان (هێزی تایبەت یا میلیتسی پارت وەکو هێزەکانی ئەمن، ئیستخبارات، مخابەرات، هێزی تایبەت، گاردی کۆماری، جاشەکان) و سەربازەکانی ڕاستەوخۆ لە کوشتارەکە بەشدار بووینە ئەوانە بەشی

ناوەڕاست و خوارەوەی ئەم دەزگا بیرۆکراسیانەیان لە جێبەجێکردنەکەدا پێکهێنا وە. ئەوانەی ڕاستەوخۆ بڕیاریان لە سەرووەوە دەرکردووە وەکو سەدام حوسێن، عەلی کیمیایی و دەوروبەرەکەیان ئەوانە تاوانباری ئاستسەرووی کۆمەڵکوژین، ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە خوارووەوە بەجێبەجیکردنی تاوانەکە هەڵساون وەکو هێزە سەربازی و تایبەت و جاشەکان، ئەوانە تاوانباری ئاستخوارووی تاوانی کۆمەڵکوژین.

لە سەرووەوە بۆ خوارەوە کار و ئەرکەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا دابەش کرابوون، هەر کەسە بەپێی شوێن و ئەرکی پێسپێردراوی بە جێبەجێکردنی ئەرک هەڵساوە بێ ئەوەی پرسیار بکات، لەکاتێکدا هەموو سیستەمەکە بە ترس و تۆقاندن و ملکەچی گەمارۆدراوبووە. ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکان ڕاستەوخۆ لەکاری جێبەجێکردنەکەدا بەشداریان نەکردووە، بەڵام بەشی گرنگی دەزگا گەلکوژکارەکە بووین. بۆ نموونە خەڵک دەستگیرکراوە و بۆ تۆپزاوا هێندراوە، لە تۆپزاواوە لەلایەن یەکەی تایبەت گوستراونەتەوە زیندانی تایبەت. یا ئەم یەکە و مرۆڤانەی بەکار و ئەرکی دیکەی بەرێوەبەری هەڵساون، یا ئەم دەزگا و کەسانەی بە ئەرکی بواری ڕاگەیاندن هەڵساون، لە ڕاگەیاندنەکاندا پشتگیری جێبەجێکردنی کۆمەڵکوژیان کردووە و پێیاندا هەڵداوە، بەمجۆرە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕەواکردنی ڕای گشتیان داوە یا هەوڵی باشترکردنی ستاتوسی خۆیان داوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەچوارچێوەی تیمەکەدا یا سیستەمەکەدا. ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵکوژیەکان و کوشتارەکان بەشداریان کردووە، ئەرکی پێسپێردراویان بێ پرسیار و گومان، بێ ئەوەی هەست و سۆز بەرانبەر بە خەڵکی قوربانی پیشان بدەن، بە ئەرکی ڕاستەوخۆی لەناوبردن هەڵساون.

لەم پەرتووکەدا بەتایبەتی و بەشێوەیەکی سەرەکی هەوڵدراوە ناوی تاوانباران لە ئاستی سەروو و خوارووداا، لە بەش و یەکە جیاوازەکانی دەزگا ئەمنی و سەربازی و تایبەتەکانی ڕژێمی بەعسدا بخرێنەروو و ئاشکرا بکرێن. لەم پەرتووکەدا کە تائێستا گرنگترین سەرچاوەی کۆکراوەی ناساندنی تاوانبارانی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفالە هەوڵدراوە ناوی یەکە یەکەی بەشێکی زۆری تاوانباران ئەوانەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە تاوانەکەدا بەشداریان کردووە بخرێنەروو. لەگەڵ ئەوەدا ئاماژە بە ئاستی توانا و تایبەتمەندیەکانی هێز و کەسەکان، وە لە هەندێ باردا چارەنوسی کەسەکان لە سیستەمی بیرۆکراسیانەی ڕژێمی بەعسدا دەکرێت.

گرنگی ئەم پەرتووکە لێرەدا سەبارەت بە دەزگای بیرۆکراسیانەی ڕژێمی ئێراقی بەعس دەردەکەوێ کە وادەکات خوێنەر ئاشنایەتی ڕاستەقینە و بەکردەوە لەگەڵ ڕووی دەرەوە و ناوەوەوی کارگەی بیرۆکراسیانە و بەعسیانەی هاڕینی مرۆڤی کورد تاڕادەیەکی باش پەیدا بکات. هەروەها تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە سەبارەت بە کەسەکان و ڕێکخراوەکە، پێوەندیەکان و ئاستی توونودتیژی سەروو لەگەڵ خواروو پەیدابکات و ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێ لە فاکتەرە گرنگەکانی کە لە سیستەمی ترسێنەر و داخراودا هەن پەیدا بکات. ئەم زانیاریانەی کە لێرەدا کۆکراونەتەوە و لەسەریان نوسراوە وادەکات کە مرۆڤ بزانێ کێن ئەوانەی بە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بەجۆرێ لە جۆرەکان ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هەڵساون. ئەم زانیاریانە ڕۆشنکردنەوەی لایەنێکی گرنگی تراژیدیای ئەنفالن، کە بەبێ زانینیان تێگەیشتن لە تاوانەکە و گەورەیی تاوانەکە هەژاری بەخۆیەوە دەگرێت.

جگە لە ئاشکراکردن و نوسینی ناوی تاوانباران و کەسە دەسەڵاتدارەکان لە ئاست و پلە جیاجیاکاندا، چۆنیەتی ڕوودان و جێبەجێکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لە ئەنفالی یەکەوە تا ئەنفالی هەشت کە لەساڵی (1988)دا ئەنجامدران ڕوونکراوەتەوە، ناوی سەرکردە سەربازی و هێزە تایبەتەکان و ڕۆڵیان لە شاڵاوە گەلکوژکارەکاندا بە وردەکاریەوە نووسراون. دیارە چۆنیەتی ڕوودانی تاوانی ئەنفال لە چەندان پەرتوکی دیکەدا دوانی لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی ئەم پەرتووکە لەوانیتر جیادەکاتەوە، وردەکاری زیاتر و زانیاری نوێیە سەبارەت بە لایەنی ئەنجامدەری کۆمەڵکوژی ئەنفال.

کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانباران و چۆنیەتی ڕوودان و جێبەجێکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال واتای ئەوە نییە کە دەبێ مرۆڤی کورد بیر لە تۆڵە بکاتەوە یا هانی توندڕەوی و دژایەتی کوێرانەی بدات، بەڵکو بۆ ئەوەیە دادوەری لە چوارچێوەیەکی ڕەوای دانپێنراوی گەردوونیدا بەدەستبهێندرێت، بۆ ئەوەیە هەوڵەکان بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانی کۆمەڵکوژی یا تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بچنە ئاستی تەواوەتی، چاوپۆشی لە فاکتەر و لایەنە گرنگەکانی ئەم تاوان و تراژیدیایە نەکرێت. بۆ ئەوەیە تاوانەکە وەکو خۆی بەخەڵک بگەیەندرێت.

بەدادگایی گەیاندنی تاوانبارانی تاوانی کۆمەڵکوژی دەچێتە چوارچێوەیەکی کانونی دانپێندراوی جیهانی کە لەمبارەیەوە چەندان کانون و بریاری کانونی جیهانی

سەبارەت بە تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەرکراون و ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە. لەمبارەیەوە چەندان دادگای جیهانی و ناوخۆیی کە تایبەتن بە دادگاییکردنی تاوانبارانی تاوانی کۆمەڵکوژی دامەزرێندراون. لەوانە بۆ نموونە دادگای نێونەتەوەیی تاوانەکان، دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانەکانی یۆگۆسلاڤیا و ڕواندا، هەروەها دادگای دیکە کە تێکەڵن لە دادوەر و کانونناسانی ناوخۆیی و جیهانی وەکو دادگای تایبەتی کەمبۆدیا و سیرالیۆن، یا دادگای تر کە ناسیۆنالن و تەنها لەلایەن دادوەر و کانونناسانی ناوخۆدا بەرێوەدەبردرێن، وەکو دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق و هتد. سزادانی تاوانبارن وەکو پرۆسەیەکی کانونی جگەلەوەی تیشک خستنەسەر تاوانە و هەوڵی ئاشکراکردنی ڕاستیەکانە، جگەلەوەی گەیشتن بە دادوەریە و جۆرێک لە قەرەبوکردنەوەیەکی دەروونی کەسوکاری قوربانیانە، لەهەمان کاتدا بەشێکی گرنگی پرۆسەی پێشگرتنە لە دووبارەبوونەوەی تاوانی لەم شێوەیە. ڕێکراگری و فەراهەمبوونی ئاشتی پێویست دەکات کە تاوانباران لەسەر تاوانەکانیان سزا بدرین، چونکە لە ئەگەری نەبوونی سزا، لەلایەک تێگەیشتن لە تاوانەکە ناتەواو دەبێت، وە دادپەروەری بەدەست نایەت، لەلایەکی دیکە ئەگەری دووبارەبوونەوە و چەند بارەبوونەوەی تاوان زۆرە. لەمبارەدا تاوانباران سڵ لە دووپاتکردنەوەی تاوانەکە ناکەنەوە چونکە هیچ کاردانەوەیەک، مەترسیەک و بەربەستێک لەبەردەمیاندا نابینن، کە وادەکات لە شوێنی دیکەدا دەسەڵات، سەرکردەی توندڕەو و دیکتاتۆر تاوانی لەم شێوەیە بێسڵەمینەوە ئەنجام بدەن. بەمجۆرە مەترسیەکانی سەر ڕێکراگری و ئاسایش، هەروەها ئارامی و ئاشتی لەسەر ناوچە و جیهاندا زۆر دەبن، لە خراپترین باردا ئاسایش و ئارامی لەبار دەچێت و مرۆڤایەتی دەکەوێتە ژێر ئازار.

ئەم نەتەوانەی کە بەرەوڕووی تاوانی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە وەکو جووەکان، توتسیەکانی ڕواندا، بۆسنیەکان و هتد. هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن تاوانباران دەستگیربکرێن و بدرێنە دادگا، تاکو دادگا لە چوارچێوەیەکی کانونیانەدا لە تاوانەکانیان بکۆڵێتەوە و بریاری سزاکانیان بدات. جووەکان یەکێ لەم نەتەوانەن کە بە کاریگەرترین شێوە هەوڵی دۆزینەوە و دەستگیرکردنی تاوانبارانیان داوە و دەدەن. ئێستاش دوای تێپەربوونی زیاتر لە نیوسەدە بەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی

هۆلۆکۆستدا کەسانی تاوانبار لە شوێنی جیاجیای جیهاندا دەدۆزنەوە و لەسەر تاوانەکانیان ڕاپێچی دادگایان دەکەن.

بەپێی ئەو تاقیکردنەوانەی لە دادگاکان و ئەنجامی دادگاییکردنەکان دەستکەوتوون، زۆر لەوانەی کە لە تاوانی کۆمەڵکوژیدا بەشداریان کردووە، نەدراونەتە دادگا یا گوێ بەدادگاییکردنیان نەدراوە. ئەوانەی دراونەتە دادگا زیاتر ئەو تاوانبارانە بوون کە ناسراو بوون و لە تاوانەکەدا ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە. بۆیە سەیر نییە کە نەتەوەی قوربانی بەگشتی و کەسوکاری قوربانیان بەتایبەتی هەست بە ناڕەوایی و کەمتەرخەمی ستات و دادگا لەئاست پرۆسەی دادگاییەکە و گەیشتن بە دادپەروەریدا دەکەن.

ئەوەی دادگا و ستات یا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە دادگاکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کردوویانە و پێی هەڵساون بە کۆمەڵێ بەرژەوەندی ڕامیاری و ئابووری دەورەدراوە، بۆیە ئاست و بەرفراوانی دادگاکان و پرۆسەی دادگاییەکان سنووردار کراون و دەکرێن.

لە ئەگەری دەربازبوونی تاوانباران یا ئەوانەی بە جۆرێ لە جۆرەکان پشکیان لە تاوانەکەدا هەبووە لە سزای کانونی، گرنگە ئەو کەسانە بەلایەنی کەم بە کۆمەڵگە بناسرێن و ناویان لە فەرهەنگی تاوانبارانی تاوانی کۆمەڵکوژیدا تۆمار بکرێت. تۆمارکردنی ئەم ناوانەی لەم پەرتووکەدا کۆکراونەتەوە بەلایەنی کەم ئەم ئامانجە دەپێکێت.

لە ئێراقدا دادگای باڵای تاوانەکان کە لەلایەن ئەمەریکا و دەسەڵاتی ئێراقی دروستکراوە و دادگایەکی ئێراقییە و دەرهاویشتەی پرۆسەی ڕامیاری دوای سەدامە، لە کۆی تاوانبارانی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا تەنها (5) کەس دادگاییکران کە ئەوانیش عەلی کیمیایی، سوڵتان هاشم، فەرحان موتڵەگ جبوری، حوسێن ڕەشید محەمەد و سابیر عەبدولعەزیز دوری بوون. سەدام حوسێن کە سەرۆکی ئێراق بوو و تاوانباری سەرەکی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بوو، لە نێوەی دادگاییکردنەکەدا بەهۆی کەیسی دوجەیل کە پێشتر تەواو ببوو و لەوێدا سزای هەڵواسینی بۆ بڕابۆوە، لەنێوبردرا و بەمجۆرە لەسەر تاوانی ئەنفال سزا نەدرا، وە وەکو تۆمەتبار ناوی لەنێو تۆمەتباران لەتاوانی ئەنفالدا ڕەشکرایەوە.

دیارە لە هەندی وڵاتدا دادگای تایبەتی ناوخۆیی بۆ دادگایی تاوانباران دادەندرێت و هەوڵ دەدات لە تاوانی وردودرشتی تاوانەکە بکۆڵێتەوە و سزای دادگا بەسەر تاوانباراندا بەپێی تاوانەکانیان بسەپێنێت. وەکو دادگا ناوخۆییەکانی ڕواندا و بۆسنیا. ئەم دادگایانە لەگەڵ کەموکوڕیەکانیان کە هەیانە، توانیویانە زۆر لە تاوانبارانی ئاستی سەروو و خواروو بدەنە دادگا و سزایان بۆ ببڕنەوە.
لەبەر جودایی تایبەتمەندی باشووری کوردستان دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقی ناتواندرێ وەکو دادگایەکی ناسیونالی کوردی سەیری بکرێت، لەلایەکیتر لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی نیشتمانی لە کوردستان و لەبەر زاڵی بەرژەوەندی تایبەتی پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان دادگای تایبەتی ناوخۆیی کوردستانی بۆ دادگایی تاوانبارانی ناو کوردستان بوونی نییە. تائێستا لێپێچانەوە و دادگاییکردنی تاوانبارانی کورد وەکو جاشەکان لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە ڕەتکراوەتەوە و ئەو کەسە تاوانبارانە لەلایەن دەسەڵاتەوە پارێزگاری دەکرێن. خەڵکی کوردستان کەموزۆر پەنایان بردۆتە بەر دادگای ئێراقی تا ئەم کەلێنەیان بۆ پڕ بکاتەوە، بەڵام ئەم دادگایەش کێشەی لایەنگیری هەیە و سەربەخۆ نییە، جگەلەوەی ئەم دادگایە ناتوانێ جێگەی دادگایەکی سەربەخۆی کوردستانی پڕبکاتەوە، چونکە دادگاکە دید و لێکدانەوەکانی لە ڕوانگەیەکی ئێراقیانەوەیە و لەژێر کاریگەری بەها ئێراقچییەکان دایە.
پێویستە بگوترێت تاوانی ئەنفال تراژیدیایەکی نەتەوەیی ناسیۆنی کوردە، کە پێویست دەکات مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی و کۆمەڵگەی دیکە و جیهانی بەگشتی لە هەموو لایەنەکان و وردەکاریەکانی ئاگاداربن یا وابکرێت بتوانن لێی ئاگادار بن. تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال کارەساتێکی مرۆڤکردە بەسەر نەتەوەی کورد هێندراوە، بۆیە پێویستە کارەساتێک لەم ئاست و قەوارەیە گەورەیەدا بە شێوەیەکی دەکومێنتاری و بابەتیانە لە فەرهەنگی خەڵکی کوردستاندا بە هەموو وردەکاریەکانیەوە تۆماربکرێن.
چۆنیەتی ڕووداوەکە لە هەموو لایەنەکانەوە، تاوانباران و ستاتی تاوانبار، هێزەکان و چەکەکانی کە لە تاوانەکەدا بەکارهاتوون، یارمەتیدەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان وەکو وڵاتەکان و کۆمپانیا بیگانەکان، قوربانیان و جۆری تاوانەکان کە بەرانبەریان کراوە، کەسوکاری قوربانیان و مافەکانیان، ئەم زیانانەی لێیان کەوتووە، کەسە

ونبووەکان، کەسە کۆیلەکراوەکان، گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەوڵەکانی تێگەیشتن لە تاوانی کۆمەڵکوژی، گێڕانەوەکان و سەربردە تراژیدیەکان چ بچووک چ گەورە، هوشیارکردنەوەی خەڵک لە جۆری تاوانەکە وەکو ئەوەی کە لە ئاستی جیهانیدا و لەلایەن نەتەوەکانی دیکەی قوربانی کۆمەڵکوژی تێگەیشتنی بۆ دروستکراوە، سوود وەرگرتن لە هەوڵی گەلانی دیکەی قوربانی کۆمەڵکوژی و گەیاندنی ئەم زانیاریانە بە خەڵکی کوردستان، ئەمانە و بابەتی دیکە هەمووی بۆ تێگەیشتن و ناسینی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال زۆر گرنگن. بۆیە پێویستە هەوڵی زیاتر و زیاتر لەم بوارانە و پرسیارە پەیوەستدارەکان بە بەردەوامی بدرێن.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێت ئەم پەرتووکە هەوڵێکی زۆر گرنگە کە بۆ ناساندنی لایەنی تاوانبار لە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا دراوە، ئەم زانیاریانە بەشێکی گرنگ و لەنرخ نەهاتوون لە فەرهەنگی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا. هیوادارم هەوڵەکان لە هەموو بوارەکانی پەیوەستدار بە کۆمەڵکوژی ئەنفال بە وردەکاری زۆر و تێروتەسەلیەوە زۆرتر بکرێن، چونکە هەرچەندی لەسەر ئەم تاوانە بنوسرێت، هەرچەندی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تاوانە بکرێت، تێگەیشتن و لێکدانەوەکانمان دەوڵەمەندتر دەبن کە وادەکەن باشتر لە گەورەیی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال بگەین، کە بێگومان تێگەیشتنێکی دەوڵەمەندتر کاریگەری ئەرێنیانەی لەسەر هەوڵەکانی پێشگرتن بە دووبارەبوونەوەی تاوانی کۆمەڵکوژی لە کوردستان و شوێنی دیکەی جیهاندا دەبێت.

# ڕێزلێنانێک بۆ خەمەکانی دەرسیم

عومەرمحەمەد
سەرنوسەری ساڵنامەی ئەنفالستان

چەندە مایەی شکۆمەندیمان دەبوو ئەگەر لەدوای تاوانی ئەنفالەوە هەمووومان (دەرسیم ئاسایی) بەویژدانی ساخڵەم و بێ فڕوفێڵ و فەزڵفرۆشی هەڵوێستمان نواندبایە و بەهانای ئەم میللەتە جینۆسایدکراوەوە بچوینایە، لەکاتی خۆشیو قریوەی منداڵەکانی خۆماندا، گریان و فیزاقی "تەیموری مێرد منداڵ" ([1]) و ئەو منداڵانەمان لە بیربوایە کە چۆن لە ژێر چنگی ستەمی بەعس و لە زیندانەکانی تۆپزاوە، دوبز و نوگرەسەلمان، یان لە قەراغی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا لە نەبوونی یاساو مافی مرۆڤدا قیژە و هاواریان گەیشتووەتە ئاسمان، چەندە سەربەرزی بوو ئەگەر، ئەو تاوانە لەبری ئەوەی ویژدانمان بکوژێت هەستەوەرە مرۆڤایەتی و نەتەوەییەکانمانی بێدار بکردایەتەوەو لەکاتی لەدایکبوونی هەر کۆرپەیەکماندا ئەو منداڵانەمان بهاتبانە بەرچاو کە لەناو هۆڵەکانی زیندان و بەڕێگای دۆزەخی نوگرەسەلمانەوە، لەناو ئیڤایەک یان لەناو ئۆتۆمبیلێکی ڕەزاگرانی سەربازیدا بەپێش چاوی پاسەوانێکی بەعسیەوە لەدامێنی دایکیان کەوتنە خوارەوە..! ئاخر ئەگەر لەوپەڕی بێباکی و خەمساردی خۆماندا نەتلابایەنەوە و سەروەت و سامانی بەرپرسان پێش بەهای مرۆڤی کورد و ئازادیەکانی نەکەوتنایە ئێستا لەئاستێکی بەرزدا دەبووین.

بەش بەحاڵی خۆم ویژدانم ئاسودەیە بۆیە بەشانازیەوە دەتوانم چەند وشەیەکیش بۆ پەرتووکەکەی ئەم نووسەرە بنووسم، وەلێ هێشتا لەئاست نەبەردی و جدیەتی دووکەسایەتی کورد دا خۆم بە قەرزار دەزانم، ئەوانیش بەڕێزان (دەرسیم پێشەوا و ئەمیر قادر)ن کە هەر یەکەیان بەجۆرێک پرکێشیان کرد بۆ بەرزکردنەوەی سەری میللەتەکەیان و گێڕانەوەی ئاهێک بۆ کەسوکاری قوربانیان و سزادانی تاوانباران، کە

---

[1] تەیمور مەبەست لە تەیمور عەبدوڵای خەڵکی کوڵەجۆی ناوچەی گەرمیانە کە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا گیراونو بە قۆناغەکانی گرتن و کۆکردنەوەی قۆرەتوو تۆپزاوادا گوزەری کردووەو لەکاتی گولەبارانکردنیاندا لە گۆرێکی بەکۆمەڵی ناوچەی سەماوە دەربازی بوو، دواتر خانەوەی بەرێزی ال ئعێشم گرتبویانە خۆو پاش سێ ساڵ لە بەخێوکردنی و داڵدەدانی بەدور لەچاوی جاسوسەکانی بەعس ڕادەستی خانەوادەکەیان کردبووەو ئێستاش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی.

مەردانە قۆڵیان لە دادگایی کردنی دووگەورە تاوانباری ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی کورد هەڵماڵی، ئەوانیش سەرۆکی ئەرکانی سوپای پێشوو " نزار عەبدولکریم فیصل ئەلخەزرەجی" و گەورە بازرگانی مادەکیمیاویەکان (فرانس ڤان ئانراتی هۆڵندی بوون). بێگومان دەسەڵاتدارانی کوردستان و ڕوناکبیران پێبزانن یان نا، هەردوک دۆسیێ (دادگاکانی دانیمارک و هۆڵندا) پێگەی کوردیان قایمترکرد لەوەی کە هەیبوو، بەلای کەمەوە چ دۆسیێی سکاڵاکردن لەدژی خەزرەجی و چ سزادانی فرانس ڤان ئانرات لە دوو دادگای وڵاتانی خۆرئاوا بوونە پاشکۆی دادگای عێراق و ئەوەیان یەکلایی کردەوە کە کوردەکان جینۆسایدکراون و هۆشیاری ئەوەیان هەیە لە تۆمەتباران و گومانلێکراوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی میللەتەکەیان خۆش نابن و مەرج نیە ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی پەی پێنەبرد یاخود خۆی لێ لادا، کەسانی سەربەخۆ بەهەمان شێوە خۆیانی لێلادەدەن و چاوپۆشیان لێ دەکەن.
من لێرەوە جارێکی تر دەستی پێشەوا دەگوشم و پیرۆزبایی سەرکەوتنی لەچاپدانی پەرتووکەکەی لێدەکەم و دەڵێم: ئەو ئینسکلۆپیدیایەی بۆ تۆمەتبارانی ئەنفال ئامادەی کردوە، جارێکی تر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنی کەوا چۆن کەسانێک دەبینین بەچنگ و نینۆک لەهەوڵی ئەوەدان ئەنفال و رۆحی قوربانیەکان بکەنە کارتی سەفەرو کەیف و سەفا، ئاواش کەمینەیەک هەن بەپێچەوانەوە خۆیان خستووەتە خزمەتی ئەو دۆسیێیەو قوربانیەکانیەوە.. بێگومان ڕۆژگاریش پەردە لەسەر ڕاستیەکان هەڵدەماڵی و دەمامکەکان لادەبات، ئەوسا نە پارەوپول و نە فێڵ و تەڵەکەبازی فریای کەس ناکەون و شکۆو سەربەرزی بۆ ئەو کەسایەتیە خۆبەخش و ئازادیخوازانە دەمێنێتەوە، کە بەبێ قازانجی تایبەتی و بەبێ هات و هاوارو سنگ دەرپەڕاندن کاری خۆیان کردووەو بازرگانەکانی ئێسک و کەلەسەرو چەقاوەسووی ناوماڵپەڕو ڕۆژنامەکانیش تاسەر ناتوانن وەکو فریشتە خۆیان نمایش بکەن و وێنەی نەیارەکانیشیان بە شەیتان بکێشن.
ئەمڕۆ لەدوای (22) ساڵ لە تاوانی ئەنفال و کیمیاباران کە دەبینین دەست و پەنجەی سەدان هەزار مرۆڤمان تێکەڵ بەلمی بیابانەکانی عارەبستان بوون و دەیان برینداری خەردەل، دەبوایە سەدان مرۆڤی تێکۆشەری کورد (دەرسیم ئاسا) لە مەیداندا بونایە و لانی کەمی کاتی خۆیان ببەخشیبایەتە بنیاتنانەوەی، کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکە کاریگەریەکانی ئەنفال و جینۆساید بەقوڵی ڕۆچووەتە

جەستەی و پەیکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی شێواندووە، بێگومان ئەو خۆبەخشانە چەندی کەمیش بن دەتوانن (دەرسیم و ئەمیر ئاسا ) بێ گوێدانە گەندەڵی و بێ باکی و چاوچنۆکی کەسانێک کە بە ناشایستەیی لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتوون و بەتەنیشت تاوانبارانی ئەنفالەوە پێدەکەنن، ڕۆڵی گرنگ و چارەنووس ساز بگێڕن، مرۆڤ کە لێببڕێ دەتوانێ وەکو نوسەری ئەم پەرتووکە بەدەستێک ئینسکلۆپیدیای ئەنفال بنووسێ و بەدەستەکەی تریش سکاڵا لەدژی تاوانبارانی ئەنفال بۆ دادگاکان تۆمار بکات. جا کێ نایەوێ ئەوە بکات دەتوانێ هەردوو دەستی بەچنگ و نینۆک بخاتە گەڕ بۆ پەیداکردنی پارەو پول بەڵام چ سەروەریەک بەدەست دێنێ کاتێک بەتەنیشت دەیان تاوانباری ئەنفالەوە بژی و بخوا و بخەنێتەوەو ملکەچی هەر یاساو ڕێسایەک بێت کە تاوانباران سەد بەرانبەری ئەو لەپێشتربن.

بێگومان بۆ من مایەی شانازیەکی گەورەیە کە دەرسیم شەرەفی ئەوەی پێدام تا پێشەکی بۆ پەرتووکەکەی بنوسم، هەرچەندە نە کات هێندە بە بەرەوە بوو، نە بیرو هزریشم لەوکاتەدا یاریدەدەر بوون شتێک بنوسم بەدڵی خۆم و شایانی کارە بایەخدارەکەی دەرسیم بێت، بۆیە من ناوی پێشەکی لەم نوسینە نانێم، بەڵکو تەنیا ڕێزلێنانێک بۆ خەمەکانی ئەو قەڵەمەی پیرە هەولێرێ دەنووسم و بەهیوام ئەویش لەبری پێشەکی لێم قبوڵ بکات.

چەند ساڵێکە برای خۆشەویستم " دەرسیم پێشەوا" لەخەمی ئەوە دابوو پڕۆژەی ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی کوردستان چاپ بکات، ئەوەش بەتەواوی بیرو هزری داگیرکردبوو، ئاگام لێی بوو وەکو چۆن چۆلەکە پوش بۆ هێلانەکەی کۆدەکاتەوە ئاوا لەخەمی کۆکردنەوەی زانیاریدا بوو، دڵخۆشم بەوەی وا کۆششەکانی دێنە بەرهەم و پەرتووکەکەی ڕوناکی دەبینێ. ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی ئەنفال، کارێکی سەرپێی و هاکەزایی نیە بەڵکو کارێکی پێویست و بەری ڕەنجی پیاوێکی ماندونەناسی کوردە، کە بە لێوەشاوەییەکی زۆرەوە، شانی داوەتەبەر کۆکردنەوەو ئامادەکردنی زانیاری گرنگ و بەسوود دەربارەی تاوانی ئەنفال و کارەکتەرە جیاوازەکانی تاوانەکە، هەر لە سەرکردایەتی بەعسەوە تا بە گومانلێکراوان و تاوانبارانی تر دەگەن.

ئامانجـی پڕۆژەکەی نووســەر:

بێگومان ئامانجی دەرسیم لە لەچاپدانی پەرتووکەکەی ئەوە نیە پۆست و ناوی تاوانباران ئاشكرابكات و لەقاویانبدا، یان بە ئاشكرا كردنی ناوی تاوانباران و گومانلێكراوان ئازاریان بدات و بەوەش فیشكەی سمێڵی بێ، چونكە من دەرسیم بناسم چێژ لە ئازاردانی كەس وەرناگرێ، بەڵكو بەپێچەوانەوە ئازاری میللەتە جینۆسایدكراوەكەی وای لێكردووە بۆ خۆی ئازار و شەونخونی لەپێناوی بەختەوەری نەوەی نوێدا بكێشێ، بۆیە ناشێت ئەم هەوڵەی دەرسیم وا لە مرۆڤی كورد بەتایبەتی قوربانیانی ڕاستەوخۆی ئەنفال و كیمیاباران بكات بیر لە تۆڵەسەندنەوە بكەنەوە و تۆوی دڕدۆنگی و توونددڕەفتاری بچێنێت، بەڵكو بۆ ئەوەیە كارەكتەرەكان و هۆكارەكانی ئەو تاوانە بۆ هەموو لایەك ڕوونبكاتەوە و كوردیش باشتر حەوشە و بانی خۆی و دراوسێكانی ببینێ، بەڵام بێشك ئەویش وەكو هەر مرۆڤێكی ئازادیخواز دەخوازێ یاسا سەروەر و سەربەخۆبێت و تاوانبارانیش سزای خۆیان وەرگرن و ئەوانەشی تەنیا تۆمەتبارو گومان لێكراون بەبێ دەستێوەردانی سیاسی دادگا تاوانباری و بێگوناهیان یەكلایی بكاتەوە، بەلای كەمەوە بۆ ئەوەی ئەم تاوانە ببێتە پەندو عیبرەت بۆ هەموو ئەو ئەفسەر و پلەدارانەی سوپای ئێراق و كوردستان كە لەمەولا ئاشنابن بە بنەماكانی مافی مرۆڤ و بزانن كامە ئەركی ئەوانە و چۆن داكۆكی لە نیشتمان و خاكەكەیان دەكەن، بەدڵنیایەوە پەرتووكەكەی دەرسیم سودێكی زۆر بە سوپا و ئاسایشی كوردستان و سوپای نوێی ئێراق دەگەیەنێ هەتا لەڕێیەوە بزانن چی دەبێتە خیانەت لە نیشتمان و كام كردەوەیەش پێچەوانە دەبێتەوە و دەبێتە خیانەت لە ئەركی سەربازی و نیشتمانی خۆیان، بۆ ئەوەی نەخەڵەتابن لە داهاتوودا بەمەزاجی تاكە سەركردەیەك یان لەبەر بەرژەوەندی تاكە حزبێك تاوانی لەوجۆرە دووبارە بكەنەوە، چونكە ئەوەی سوپای ئێراق لە ئەنفالدا كردی، نەك هەر ئەركی نیشتمانی نەبوو، بەڵكو دژایەتی و وێرانكردنی ڕاستەوخۆی نیشتمان و پێشێلكردنی مافی هاونیشتمانیان بوو، تاوانێكی گەورە بوو لە سۆنگەی حزبێكی دیكتاتۆر و لەپێناوی مەزاجی سەركردایەتیەكی دڵڕەق و نەفامدا ئەنجامدرا.

ئەگەر هەروا كەمێك بیری بدەینێ بەڕوونی ئەوە دەبینین كە ئەو بودجەیەی بۆ سوپای بەناو نیشتمانی بەعس تەرخانكرابوو، هەموو كوردستانی پێ خۆشگوزەران

دەکرا، کەچی نەک لەپێناوی خۆشگوزەرانی و سەلامەتی هاونیشتمانیان و پاراستنی نیشتمان خەرج نەکرا، بەڵکو دران بە بۆمب و خومپارە و چەکی کیمیاوی و نیشتمانیان پێ وێران و گازبانکرد و هاونیشتمانیانی پێ کۆمەڵکوژ کران، هەموو ئەوانەش نەک ئەرکی سوپای نیشتمانی نەبوون بەڵکو تاوان بوون بەرانبەر بە نیشتمان و سنوری تاوانی ئاساییان بەزاند و، ترازانە ناو تاوانی جینۆسایدەوە، سەرئەنجام شەرمەزارییەکی زۆریان بۆ سوپا و تەنانەت بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئێراقیش بەجێهێشت، چونکە ئەوەی پیاوانی سوپا ئەنجامیاندا (تاوانی کۆمەڵکوژی، تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ) بوون هەر وەک بینیمان تۆمەتبارانی ئەنفال و کیمیابارانی شاری هەڵەبجەش بەتۆمەتی تاوانی گەورە دادگایی کران و سزادران، بۆیە هەوڵەکەی دەرسیم و هەموو ئەوانەی دەربارەی ئەم تاوانە نووسیویانەو دەنووسن بێ گومان هەردەبێت بۆ ئەوەبێت کە نە لە ڕابردوداو نە لە داهاتووشدا چاوپۆشی لە تاوانباران و لایەنگرو فاکتەرەکان و بەشدارانی ئەم تاوانانە نەکرێت جا هەر پۆست و پلەیەکی سەربازی و دەوڵەتیان هەبێ.

هەڵبەت کارە پڕ بایەخەکەی دەرسیم پێشەوا دەهێنێ پەرتووکخانەی کوردی و خوێنەری کورد بەڕێزەوە پێشوازی لێبکەن و کاتێک بۆ خویندنەوەی تەرخان بکرێت، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە تاڵەش بزانین کە بەم هەوڵە گرنگەی نووسەریشەوە هێشتا لەلایەن کوردەوە هیچی ئەوتۆ لەسەر ئەنفال و ئەو تاوانانە نەکراوە، خۆزگە کورد بەقەد ژمارەی پەنجەکانی دەستێک قەڵەم بەدەست و ڕۆشنبیری ئازاو خەمخۆری لێوەشاوەی وەکو دەرسیم پێشەوا هەبایەو حکومەتیش لەبری موچەو بودجەی ئەو هەموو وەزیرو گزیرەی زیاتر لە" بێکار" دەچن کەم بکردایەتەوەو گرنگی بەکەسایەتی چالاک و سوودمەند بدایە، ئەوسا حاڵمان لەم بارەی ئێستادا نامێنێتەوە .

خەســـــڵەتی تـــاوانەکە :

هەڵبەت کارێکی بێسود نابێ کە منیش قسەیەک لەسەر ئەو تاوانانە بکەم کە" دەرسیم پێشەوا" پێیانەوە سەرقاڵە. تاوانەکان کە بە بڕوای من لە جینۆسایدی تێپەڕاندووە و (دەشێت لەسەر ئاستی جیهانی ناوێکی تری لێ بنرێت و پەیماننامەی دیکەی بۆ دابمەزرێ). زۆر گرنگە ئێمە بەعس ناس و ئەنفالناسبین، چونکە مەحاڵە لە

ئەنفال تێبگەین هەتا بەعس نەناسین، لەوەش گرنگتر ئەوەیە لە نیازەکانی بەعس و کاریگەریەکانی ئەنفال تێبگەیەن کە بەقوڵی جەستەی ئەم نەتەوەیەی بڕیوەو ئەستەمە هەموو مرۆڤێک بتوانێ بەبێ خۆماندووکردن لێی تێبگاو بەعەقڵێکی تەندروستەوە راڤەی بکات و بەبێ دەمارگیری بەرەنگاری ببێتەوە، کارێکی باش دەکەین ئەگەر هێندە خۆمان بە ژمارەی قوربانیانەوە شەتەک نەدەین کە دەرئەنجامی تاوانەکەمان لەبیر بەرێتەوە، چونکە جینۆساید هەرگیز بە کەمی و زۆری ژمارەی قوربانیەکانی دیاری ناکرێت و هیچ داگایەکیش بۆیەکلایی کردنەوەی ڕەگەزو جۆری تاوانەکە لەسەر ژمارەی قوربانیەکانی نەوەستاوە، بەقەد ئەوەی بەنیازو ئەنجام و ئامانجی بکەرانی لێکدەدرێتەوە، واتا ئەگەر هەڵەبجەو ئەنفال بە نموونە بهێنینەوە، مادام بەڵگە هەیە بۆ سەلماندنی نیازەکانی بەعس ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین بەهەر هۆیەکەوە تەنانەت تاکە یەک هەڵەبجەیش بە گازەکان نەکوژرایە مادام چەکی کیمیاوی بەکارهاتووە، کەواتە نیازی کۆمەڵکوژیەکە لە ئارادا بووە، بۆیە هەمان سزای یاسایی لەسەرە.

ئەگەر بهاتبایە لەدوای بریاری (4008)ی نووسینگەی باکوورەوە جا بەهەر هۆیەکی سروشتی یان سیاسیەوە شالاوە سەربازیەکانی ئەنفال نەکرابانەیە و کەسیش ئەنفال نەکرایە ئەوا لەکاتی لێپێچینەوەی یاساییدا بەهەمان سزای یاسایی تۆمەتباران لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرا؟ چونکە بڕیارێک بە نووسراو لە ئارا دایە و دەشێت وەکو بەڵگەیەکی یاسایی بەکار بهێنرێت، بۆیە ئەگەر تاوانی گازبارانی هێرۆشیما بووبێتە سومبلی کۆمەڵکوژی ژاپۆنیەکان و تاوانێکی نێونەتەوەیی، ئەوا گازبارانی هەڵەبجە، لەباری یاساییەوە هیچی لەو کەمترنیە، بەلای کەمەوە برینەکە لەوەدا زیاترە کە لەسەر سنورەکانەوە لەکاتی گەڕانەوەی ئاوارەکاندا بەناوی لێبووردنی گشتیەوە هاتنەوە و هەر لەسەر سنورەوە گیران و لەگەڵ ئەوانەی دۆڵی جافایەتی ئەنفالکران و زۆربەیان نەبینرانەوە و هەندێکیشیان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە، لەناو چیرۆکەکانی زیندانیانی ئەنفال و کیمیابارانکردندا، لە ڕاوەدونانی فەیلیەکان و کۆمەڵکوژی بارزانیەکاندا هەزاران بەڵگەنامەی ترسناک و چیرۆکی تراژیدی، سەیر و مەترسیداری سەرنج ڕاکیش هەن کە دەشێت مرۆڤایەتی بەگشتی و کورد بەتایبەتی هەڵوەستەیان لەسەر بکات و بەقوڵی لێیان ڕابمێنێ، وەلێ بەداخەوە چ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بە بێباکی و خەمساردیەکی مەترسیدارەوە

تەماشای دەکریَ، بێگومان هەتا ئەم بێباکیە لە ئارادابێت ناتوانرێت گەلی کورد هەست بە ئارامی و ئاسایش بکات و قوربانیانی ئەو تاوانانە ئاسودەبن و شکۆی هەیبەتی دادگاکان و پەیماننامەکانیش پارێزراو نابن، دەنا ئەگەر پێشتر نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش لەبری ئەوەی سۆزیان بەلای بەعسدا بیَ، سۆزیان بەلای ماف و ئابڕووی مرۆڤایەتیدا بوایەو ڕێزیان لە پەیماننامەکانی خۆیان بگرتایە بەتایبەتیش (هەردووک پەیماننامەی ساڵی (1948)ی تایبەت بەقەدەغەکردنی جینۆساید و پەیماننامەی (1925)ی تایبەت بەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو) لە تاوانی کۆمەڵکوژی و ڕاوەدونانی کوردە فەیلیەکان و کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بێدەنگ نەبونایە، مەحاڵ بوو ملهوڕییەکانی ڕژێمی بەعسیش بەرەو کۆمەڵکوژی زیاتر شۆڕببێتەوە و ئەگەری ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەش نەدەبوو، ئەگەر بشبوایە لاواز دەبوو، ڕەنگە لەمپەرێکی قایمیش بونایە لەبەردەم جینۆسایدکردنی گەلانی دی و ئەو تاوانانەی لە ساڵانی نەوەدەکان بەدواوە ڕوویانداوە وەکو کۆمەڵکوژی توتسیەکان (1994) لەلایەن هوتوەکانی ڕواندا، یان بۆسنیەکان لە سالی (1995) لەلایەن سربەکانی بۆسنیاوە، هەروەها جینۆسایدکردنی دارفوریەکان لە ساڵانی (2003-2010) لەلایەن ڕژێمی ئیسلامی سودان و جەنجەویدە عارەبەکان.

لەسەر ئاستی ناوخۆش ئەگەر دەوڵەتی ئێراقی نویَ! ڕێزی لە هەیبەتی دەوڵەتداری خۆی و بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان بگرتایە، تۆمەتبارانی داواکراوی ڕادەستی دادگا بکردایە و بە مەرسومێکی کۆماری داوای لێبوردنی لە گەلی کورد بکردایە، هیچ نەنگی نەبوو بۆ ئومەی عارەبی بەڵکو بەپێچەوانەوە دەرگایەکی گەورەی لێکتێگەیشتن و لێبووردەیی بەسەر ئێراقیەکاندا دەکرایەوە، بەڵام بەداخەوە نە حکومەتی ئێراق و نە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون، حاڵی حازر لە باری سایکۆلۆژییەوە خراپترین دیاردە ئەوەیە کە ئەمڕۆ جەلاد و قوربانی پێکەوە لە نیشتمانێکدا هەناسە دەدەن، زەق بە بەرچاوانەوەیە ئەو ئازادیەی لە گۆڕییە سەد بەرانبەر بۆ جەلاد سازگارتر و لەبارترە لەچاو قوربانیدا، ئەمەش یەکێکە لەو وێنە دزێوانەی ئەزمونی دەسەڵاتی خۆجێیەتی هەرێمی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، ئاخر کوا ڕەوایە (جاش قەڵەم)ەکان سەرباری ئەوەی ڕژێمەکەشیان لەگۆڕنراوە بەهەمان نەغمەی بەعسیانە لە کوردستانی ئازاددا دەنگیان

بەرزبێت و خەریکی ڕەشکردنەوەی لاپەرەی ڕۆژنامەکان و بەهەمان تاس و حەمام خەریکی پیاهەڵدان و پاداشت وەرگرتن بن، کەچی کەسانی وەکو دەرسیم مەگەر چۆنهاو بەدەگمەن دەنا دەرفەتێکیان بۆ هەڵناکەوێت قسەی خۆیان بکەن..؟! چ جای ئەوەی پەرتووکەکانیان بە تیراژێکی شایستە بۆ چاپ بکرێت!!..
ئەنفال و کیمیاباران "جینۆساید" کردنی گەلی کورد بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا گەورەترین تاوان بوو کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لێی بێدەنگ بوو، ئەگەرچی ئەمرۆ تاوانەکە لەسەر ئاستی جیهاندا ناسراوە، بەڵام قەرەبوونەکردنەوە و بێدەنگەلیکردنی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خودی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمرۆ بەهاو ئابڕووی مرۆڤایەتی بەلەکەداری هێشتووەتەوە، بەتایبەتی ئەنفال کە وەکو تاوانی (سەدە) تەماشا دەکرێت. دەبوایە لەپاش ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن-ەوە نەک هەر دەوڵەتی ئێراق و کۆمەڵگەی کوردستانی بەشێوەیەکی تەندروست و دیموکراسی بخستایەتەوە سەرپێ، بەڵکو دەبوایە بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی ئێراقیەکان بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەستور و یاساکانی دەوڵەت بە ویژدانێکی ساخلەم و دیموکراسی بنووسرایەتەوە و تیایدا لێبووردەیی و سەربەخۆیی و هەیبەتی دادگاکان و بەهای مرۆڤ بە ڕوونی ڕەنگی بدایەتەوە، دەبوایە سیاسەتمەداری ئێراقی بخستایەتە سەر ئەو بڕوایەی ئێراقێکی تەندروست و دیموکراسی و بێ دەمارگیری و ستەمکاری بنیاتبنێنەوە و مافی چارەنووسی نەتەوە و پێکهاتەکان لەپێشی پێشەوەی نەخشەی سیاسی ئێراقی دوای بەعسدا بوایە، بێگومان لەپێش هەموویانەوە مافی چارەنووسی کوردستانیانی باشوور بەو پێیەی بەر پەلاماری جینۆساید کەوتبوون و لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆمیشدا واژۆیەکی زۆر کۆکرابووەوەو خرابووە بەردەستی دەسەلاتدارانی ئێراق، ئەمەش پێش ئەوەی بەسوود و قازانجی کورد بشکێتەوە لە بەرژەوەندی ئێراقیەکاندا دەبوو، چونکە ئەگەر حکومەتێکی تەندروست پێکبێت و جارێکی تر بەچاوی دوژمنکاری تەماشای کورد و هیچ پێکهاتەیەکی ئێراقیی نەکەن، سوودمەندی یەکەم هەر ئێراقیەکانن نەک کورد بەتەنیا، سیاسەتمەداری ئێراقی پێبزانێت یان نا ئەنفال و کیمیاباران چەندە زیانی دارایی و گیانی بە کورد گەیاندبێ سەد ئەوەندە ئابڕووی شۆڤێنیزمی عارەبی لەکەدار کردووە و سەرجەم نەتەوەی عارەبیشی خستووەتە ژێرپرسیارەوە.

بێگومان بەر لە تاوانی ئەنفالیش دەوڵەتی ئێراق بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەنەخشە و پلان کاری بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد کردووە و جگە لە خوێنڕشتن ڕێگەی دیکە و سیاسەتی لەخشتەبردن و هەڵخەڵەتاندنیشی گرتووەتەبەر، بۆ ئەوەی کورد بەرەبەرە دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بێت و بەوە قایلبێت شوناسی نەتەوەیی خۆی بگۆڕێتە سەر عارەب، بێگومان ئەم سیاسەتە بەتایبەتی لەلایەن بەعسیەکانەوە مەترسیدارترین جۆری جینۆسایدە کە ئامانجی سڕینەوە و ڕیشەکێشکردنی شێنەیی نەتەوەی کورد بوو، لەلایەکی تریشەوە دەستی لە سێدارەدان و کوشتن نەپاراستووە و لە دەرفەتی گونجاویشدا سیاسەتی بەکۆمەڵکوشتنی پیادەکردووە، بەتایبەتیش حزبی بەعسی عارەبی بەمەبەستەوە خوازیاری ئەوەبوو لەناو تەپ و تۆزی جەنگی ئێران- ئێراقدا تاوانەکە و نبکات و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە کورد ئەزمون بکات کە لەپێناوی مانەوەی خۆیدا دژی ملهوڕییەکانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق وەستاوەتەوە، هەردوو سیاسەتەکەش چ شەڕو چ ئاشتی بەڕوونی لە سیاسەتی بەعارەبکردن و ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی (تصحیح القومیە) و ئەنفال و کیمیاباران کردنی گەلی کورددا، دەردەکەوێت تەنیا تێڕامانێک لە ڕاسپاردەی (4008)ی نووسینگەی باکووری پارتی بەعس بەسە کە نیاز و ئامانجەکانی دەوڵەتی ئێراق بزانین و نەوەی داهاتووشی لێ ئاگادار بکەینەوە. ڕاسپاردەکە بە هەشت خاڵ چارەنوسی ئەو خەڵکانە لەناوچە قەدەغەکراوەکان دیاری دەکات و بوونی هەر زیندەوەرێک لەو ناوچانەدا قەدەغەدەکات و گرتن و کوشتنیان بەهێزە سەربازیەکانی فەیلەقی یەک و پێنج و دوو دەسپێرێت و خوێنیان حەڵاڵ دەکات.. (لاریمان نیە لەوەی سەری خیانەتکاران بپەڕێنن (ئەمە قسەی عەلی حەسەن مەجید ڕازگری نووسینگەی باکوورە) لە نووسراوی ژمارە (5083)دا کە بە واژۆی تاهیر تۆفیق یوسف ئەلعانی وەڵامی فەیلەقی یەکی داوەتەوە کە باس لە کوشتنی کۆمەڵێک کەسی گوندنشین دەکات و بە نووسراوی ژمارە (352ی ڕێکەوتی 1987/7/8 نووسینگەی باکووری ئاگادار کردووەتەوە و داوای ڕای بەرپرسانی نوسینگە دەکات!.

دەرسیم لە پەرتووکەکەیدا هەموو ئەو کارەکتەرە توند ڕەفتار و خوێن ڕێژانەمان لەناو سوپای دەوڵەتی ئێراق و هێزە چەکدارەکاندا بۆ پۆلێن دەکات کە لەلایەن سەرکردایەتیەکی دەمارگیر و شۆڤێنیزمەوە لەناو دەزگاکانیانەوە ئاراستە دەکرێن و

پرۆسەی جینۆسایدکردنی نەتەوەیەکی بێ چەک و بێ پشت و پەنا ئەنجامدەدەن. سەرکردەکان، ئەفسەران بەپلەی سەربازییانەوە هەروەها جاش و سەرۆکجاشە کوردەکانیش بە موچەی بەرز و سەری شۆڕیانەوە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا ئامادەبوون لە پەرتووکەکەی دەرسیمدا پۆلێنکراون.. ئەو سەرکردانەی خۆیان بە پیرۆز تەماشا دەکرد کەچی ئەوەندە گەورەیی و حەوسەڵەیان نەبوو گوێ بگرن و بزانن خەڵک لەسەرچی لێیان یاخی بووە، ئەوان بەوپەڕی توندڕەفتاری و دەمارگیریەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو گوندنشینانە کرد کە هەموو تاوانیان ئەوەندە بوو خوازیار بوون لە زێدی خۆیان بژین، ئەوانەی لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی کوژران و ئەوانەی لە پەلامارەکانی ئەنفالدا گیران و کۆمەڵکوژکران، زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی بێ چەک و ژن و منداڵ و پیربوون و تەنیا لە سۆنگەی جودایی نەتەوەییەوە کوژران، دەنا هەموو موسوڵمان و جیاوازی ئایینیشیان نەبوو، تەنانەت هەندێک لەوانە جیاوازی ڕامیاریشیان نەدەزانی ڕەنگە باشترین نموونە ئەو جاش و بەعسیانە بن کە لە شاری هەڵەبجە یان لە ناوچەکانی تر بە چەکی کیمیاوی کوژران و بریندابوون، هەروەها ئەنفالکردنی خانەوادە و ژن و منداڵەکانی عاسی مستەفای گەرمیان و حاجی عەبدوڵڵای سیدەر، باشترین گەواهیدەرن کە هەردووکیان (عاسی مستەفا و حاجی عەبدوڵلا) نەک ناپاک و سەربازی هەلاتوو نەبوون، بەڵکو سەربازی یەدەگی بەرەکانی جەنگی قادسیە بوون و تەنانەت عاسی مستەفا پاش هەشت ساڵ دیلێتی کە لە ئێران ئازادکرا بەسەر هەواری خاڵیدا گەڕایەوە نە ماڵ و نە منداڵ نەمابوون، کە وەکو سەربازێکیش بەزەیی نامەیەکی بۆ صدام نووسی بەو خەیاڵەی چارەنووسی منداڵەکانی بزانێ؟ کەچی نووسینگەی دیوانی سەرۆک کۆمار، زۆر بەنامەردی و خوێن ساردیەوە وەڵامی نامەکەی عاسی مستەفا دەدەنەوەو بۆی دەنووسن: (ژن و منداڵەکانت) لە پرۆسەی ئەنفالدا تێداچوون..

جینۆسایدی کورد و لۆژیکی قیرسچمەیی ئەوان :

بەداخەوە هەر لەدوای ژێوان بوونەوە و جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی پەیمانی سیڤەر و هاتنە پێشی پەیمانی لۆزان، گەلی کوردستان بەوە ستەمێکی گەورەی لێکرا کە دابەشکرایە سەر چوار دەوڵەتی ستەمکار (ئێراق، ئێران، تورکیا، سوریا) ئەو دەوڵەتانە هەتا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ناتەندروست و دڵڕەقانە تەماشای کورد و

مافەکانیان دەکەن، لەبری ئەوەی هەوڵی تەبایی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی لەگەڵ بدەن، هەمیشە کێشەیان بۆ ناوەتەوە و بەچاوی سوک لێیان ڕوانیوە، ئەمەش گەلی کوردی ناچارکردووە بەرەنگاربێتەوە و داکۆکی لەخۆی بکات، بەهۆیەوە ئەو وڵاتانەش دوچاری کێشەی ناوخۆیی بونەوە و زیانی زۆری دارایی و گیانیان پێگەیشتووە، لەکاتێکدا کێشەکە بەتەنیا هی کورد نیە بەڵکو کێشەی ئەو وڵاتانەشە و سوود و قازانجی چارەسەر کردنیشی هەر بەتەنیا بۆ کورد نیە، بەڵام سیاسەتمەدارانی نەتەوەی سەردەست کە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیان بڕیوە و دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە لەبری ئەوەی دامەزراوانە تر و تەندروستتر بیربکەنەوە و چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەکە بدۆزنەوە، بەپێچەوانەوە لەمبارەیەشەوە قەرزاری کوردن کە نەرمی نواندووە و ئامادەی گفتوگۆ بووە، کەچی لە بەرانبەردا ئەوان تەنانەت لە گفتوگۆی سیاسیشدا دەرگای چارەسەریان داخستووە و بیریان لە ڕێگای سەرکوێرکردن و ملپێکەچکردن و چەواشەکاری کردووەتەوە، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە بووە کە ئەم دەوڵەتانە لەلایەن پارتی توونڕەو و سەرکردەی دەمارگیر و خاوەن ئایدۆلۆژیای توندڕەوی ئایینی و ئایینزاییەوە بەڕێوە براون، ئەوەندی بیریان بەلای توندڕەفتاری و تۆتالیتاریزم و کوشتار و وێرانکاریدا چووە نیو هێندە مێشکی دیموکراتی و پێکەوە ژیانیان وەگەڕخستبایە هێندە زیانیان بە خۆیان و کورد و مرۆڤایەتیش نەدەگەیاند. ئەمەش نیشانەی بێباکیانە لەو زەرەرە گیانیانەی لە ماتریالی مرۆیی سوپاکانیان کەوتووە، وەک بڵێی ئەو سەربازانەی لە شەڕی کورد و دەوڵەتدا کوژراون و دەکوژرێن مرۆڤ نەبن و لەبری خوێن ئاو لە جەستەیان دابێ و بە زیان نەژمێردرێن...؟

ئەگەر بەوردی تێڕابمێنین ئەوەندەی ئەو چوار دەوڵەتە بەپاساوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی گێچەڵیان بە کورد کردووە، ئەوەندەی باجیان داوەو لەنێوان خۆیاندا ڕەدەڵ و بەدەڵی ئابووری و سیاسیان کردووە نیو هێندە بەتەنگ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیانەوە بونایە و هەم بەکوڵ و هەم بەدڵ بەتەنگ چارەسەری کێشەی نێوان خۆیان و کوردەوە بوونایە ئێستا زیانیان لەئاستی نەبواندا دەبوو، ڕەنگە باشترین نموونەش ڕێکەوتنامەی جەزائیری ساڵی (1975) و شکستپێهێنانی شۆڕشی کورد و دواتریش جەنگی هەشت ساڵەی ئێران – ئێراق بێت کە هەردوو وڵات لە سۆنگەی کوردەوە توشی جەنگ بوون و زیانی دارایی و زیانی

گەورەیان کرد، هەرچی لەدەستیان هات کردیان بەڵام نەیانتوانی کورد وەکو نەتەوەیەک لەناو بەرن.. بۆیە باشتروایە سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتانە هەم جەنگی ئێراق- ئێران و هەم جەنگی ناوخۆ لەگەڵ کورد و ئەنفال و کیمیاباران و دادگایی کردنی سەرانی بەعس وەکو پەند و عیبرەت وەربگرن و چیدی خراپ بیر نەکەنەوە کە کورد وەکو نەتەوەیەک بفەوتێنن، چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە خەونەکەیان نایەتەدی و سەر ئەنجام هەموو لایەک تیایدا زیانمەند دەبن، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کورد بە مافەکانی خۆی بگات. چونکە لەدرێژەی ئەو ناکۆکیانەدا بەتەنیا کورد زیانمەند نابێت بەڵکو هاووڵاتیان و ئابووری ئەو وڵاتانەش زیانی زۆریان بەردەکەوێت و بەرپرسیارێتیش هەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.
بەداخەوە دەبینین هەمان ئایدۆلۆژیای توندڕەو بەهەمان تاس و حەمامی سەردەمی دکتاتۆریەت، بێ سڵکردنەوە لەو هەموو چیرۆکی مەرگ و مەینەتی و ئەو هەموو بەڵگەنامانە، بێ شەرمکردن لەو هەموو گۆڕە بەکۆمەڵەی کوردان لە بیابانەکانی عارەبستان هێشتا بانگاشەی پیرۆزی و ڕەهایی بێهاوتا بۆخۆی دەکات، بەچیکڵدانەیەکی گچکەوە مامەڵە لەگەڵ نەیار و مافەکانی بەرانبەردا بکات و ئامادەی گوێ گرتن نەبێ، ئەو هزرەی ئەنفالی کوردانی بەڕەوا زانیوە هەتا ئێستا لە ئارادایە و بە چنگ و نینۆک تێدەکۆشێ و توندڕەوانە هەوڵ دەدات خەسڵەتە شۆڤینیەکانی خۆی وەکو پەیامی پیرۆز بەسەر ئەوانی دیدا بسەپێنێ. بۆیە دەبێت کوردیش لەسەر بەرگری و داکۆکی لەخۆی بەردەوام بێت.
ئەم کارەی ئەمڕۆ دەرسیم پێشەوا وەکو ئەرکێکی ڕەوشتی بەتەنیا شانی داوەتە بەر، دەبوایە پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی کوردستان پێی هەستابان و بەلای کەمەوە خاوەنی سەنتەرێکی لێتوێژینەوە و دۆکۆمێنتکردن بوینایە، چونکە هەوڵی تاکەکەس هەرچەندە ئازایانە و بەرپرسیارانەش بێت، چەندە بابەتی و دەوڵەمەندیش بێت، هێشتا ناتوانێ بەلای کەمەوە ڕۆڵی سەنتەرێک ببینێ چ جای لۆبییەکی کوردی کە بۆ دۆسێی ئەنفال و جینۆساید پێویست بوو لەئارادابێ، بێگومان ئەوەش بەقەد پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی پێویستە، چونکە بەفەرمی ناسینی تاوانە جینۆسایدییەکان بۆ خۆی کلیلێکی گرنگی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییە، نەک خۆ لێلادانی بەپاساوی ئەوەی وەها کارێک و دەرخستنی ڕاستیەکان وەختیان نەهاتووە و ئاسایشمان بخاتە مەترسییەوە، بەپێچەوانەوە بەپێی پێناسەی

پەیماننامەی ساڵی (1948)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) جینۆساید مەترسیدارترین جۆری تاوانە دژ بە بەهای مرۆڤ و ئابڕووی مرۆڤایەتی.
واتە هەر کردارێک و تەنانەت هەر نیازێک بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یا بەشێکی گرووپێک جا ئایینی یان ڕەگەزی یان نەتەوەیی بێت و ئامانج لە نیازەکە یان کردارەکە کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە بێت پێویستە لەلایەن وڵاتانی ئەندامەوە ڕێگری لە ئەنجامدان و دووبارەبوونەوەی بگیرێت کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت حصانەیەک بۆ ئەو گرووپە دابمەزرێ بۆئەوەی لە جینۆساید بپارێزرێ، هەروەکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپاش ئاوارە بوونی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (1991)دا، بە بڕیارێکی تایبەت پشتێنەیەکی پارێزگاری بۆ کوردستانی باشوور دامەزراند و دەستی ڕژێمی بەعسیان کۆت و بەند کرد.
هەر بەپێی پێناسەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان زیان گەیاندن بە ئەندامانی گرووپەکە یان سەپاندنی هەلومەرجی ناجۆری ژیان بەسەریدا کە ببێتە هۆی لەناوبردنی بەشێکی یا تەواوی ئەو گرووپە، یان بخرێنە ژێرباری هەلومەرجێکەوە کە ڕێگا لە زاوزێی بگرێت، یاخود منداڵانی گرووپەکە بەزۆر ڕاگوێزرێنە ناو گرووپێکی ترەوە. هەموو ئەمانە وەکو خەسڵەت و ڕەگەزەکانی جینۆساید لە بەندی سێهەمی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید دەستنیشانکراون. جا کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی ئەو پەیماننامەیە بێت؟ بۆچی ئێمەی ئەنفالکراو لەهەر دەرفەتێکی گونجاودا ئەو قسانەی بەچاودا نەدەینەوە و دەبێت ڕێگر چی بێت لەوەی کە کورد لە مافەکانی خۆی ناپرسێتەوە؟ لەکاتێکدا کوردستان زۆرتر لە جارێک بەنیازی جینۆسایدکردن پەلامار دراوە لەناو هەموو تاوانەکاندا خەسڵەت و ڕەگەزی جینۆساید بەدی دەکرێت، ئەگەر تەنیا تاوانی ئەنفال وەکو نموونە وەربگرین، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی لەخۆگرتووە (جینۆسایدی فیزیکی، کلتوری، ئابووری ..هتد) هەر بەوەندەوە نەوەستاوە بەڵکو ترازاوەتە نێو تاوانی ترەوە لەوانە (پیسکردنی ژینگە-ئیکۆساید) کە ئەویش بۆخۆی تاوانێکی سەربەخۆیە و بەهەمان تاوانی جینۆساید سزاو لێپێچینەوەی لەسەرە. بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانە نەتەوەی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی فارس، عارەب، تورک تاوانیان لەدژی کورد ئەنجام داوە، وەکو نەتەوە دان بەبوونیدا نەنراوە. هەمیشە لەبری چارەسەری کێشەکان سیاسەتی توند و ملپێکەچکردنیان لەدژی گرتووەتەبەر، لە

باشترین دۆخدا پەنایان بۆ هەڵخەڵەتاندن و ئیغراکردن و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی بردووە و چەندین ڕێگەی نامرۆڤانەیان بۆ فەوتاندنی گرتووەتەبەر، بۆ نموونە ڕاگواستن، بەعارەبکردن، بەتورککردن، بەفارسکردن، پاکتاوی ڕەگەزی و کۆمەڵکوژیان وەکو چارەسەر بۆ یەکلایی کردنەوەی یەکجاری بردووە. هەر لە سەردەمی دروستکردنی ئەو دەوڵەتانەوە ئەو تاوانانە لەدژی کورد ئەنجامدراون و بە پێشچاوی دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکانی پێشوو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کوشتاری کوردەکان کراوە، کەچی نە ئەنجومەنی ئاسایش و نە نەتەوە یەکگرتووەکان نەیان ویستووە پێش بەو جینۆسایدە بگرن..! هەر لە کوشتاری کوردانی دەرسیمەوە لە ساڵی (1937)دا، کۆمەڵکوژی کوردان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە شارەکانی سلێمانی، کۆیە، هەولێر، ناوچەی بارزان، ئەشکەوتی ئاکرێ، هەروەها لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ڕاوەدونان و کۆمەڵکوژی کوردە فەیلیەکان و کۆمەڵکوژی پیاوانی بارزانیەکان و لە ساڵی (1987) وە کیمیاباران کردن و کۆمەڵکوژی کوردان لە شاری سەردەشتی کوردنشین و گوندەکانی دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی و دواتریش لە شاری هەڵەبجە و هەموو ناوچە قەدەغەکراوەکان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا لە نێوان ساڵانی (1987-1988) نموونەی تاوانی جینۆسایدن دژی خەڵکی کوردستان.

لۆژیکی بەعس و کۆمەڵکوژی کورد:

عەلی حەسەن مەجید پێی وابوو ئەوانەی ناگەڕێنەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی دەبێ لە نیشتمان دەربکرێن، وەکو بڵێی گوندەکانی کوردستان لە دەرەوەی نیشتماندا بوون، بەو گوندانەشەوە کە بە تەنیشت شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و کەرکوکەوە بوون و ڕەبایە و سەربازگەی ڕژێمیان تێدابوو، بەڵام ئامانجی عەلی حەسەن مەجید ئەوەبوو هەموو ئەوانەی لە نیشتماندا دەژین، ئەگەر خزمەت بە ئایدۆلۆژیای بەعس نەکەن و نەبنە بەعسی، گزیکەر و بەکرێگیراون دەبێ لە نیشتمان دەربکرێن یاخود وەکو خەیار لەت بکرێن و نیشتمانیان بۆ بکرێتە گۆرستان، ئەم تێڕوانیە لەبنەڕەتەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ژیاندا نەبوو، ئەم لۆجیکە بێ بناغە و بەتەنیا ڕەفتاری پیاوێکی دڕدۆنگی وەکو عەلی حەسەن مەجید نەبوو، بەڵکو لۆژیکی ڕاستەقینەی بەعس و

ئەنفال بوو، کە بارگاوی بوو بەمەرگ دۆستیەکی تەواو، سەرچاوەی ئەم لێکدانەوانەی عەلی حەسەن مەجید لە خۆڕایی نەبوو، بەڵکو ئەو بیرە تەسکبینیەی میشیل عەفلەقی دامەزرێنەر و بیریاری بەعسە کە پێی وابوو کوردەکان کەمینەیەکی بچوکی سەر بە نەتەوەی عارەبن، بۆیە دەبوایە بەشێکیش بن لە خەباتی گەلی عارەب دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، ئەگەرنا وەکو پیلانگێر دژی شۆڕشی عارەبی تەماشا دەکرێن. لەباری بەرگریکردنی نەتەوە و گروپی کەمینەدا، بۆیە پاکتاوکردن و لەناوبردنیان یەکێک بووە لە ئەرکە حزبی و نیشتمانیەکان و ئەندامانی بەعس، ئەفسەران، جەنگاوەرانیشیان بەو عەقلیەتە پەروەردەکردووە.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆرش لە پەرتووکەکەی دەرسیم پێشەوادا جێگەیەکی بۆ دیاریکراوە و ئەندامەکانی بەپێی ڕیزبەندی پۆستەکانیان ناویان هاتووە، بەرپرسیارێتیان لەتاوانی ئەنفالدا دەکەوێتە ئەستۆ، دەبوایە دادگای باڵای تاوانەکان بەپێی یاسا مامەڵەیان لەتەکدا بکات لەمەڕ تاوانی ئەنفال و تاوانەکانی تردا، چونکە ئەو ئەنجومەنە لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاریداوە و هەر ئەندامێکیش بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ نموونە بریاری (160)ی ئەنجومەنی ناوبراو لە ڕێکەوتی (29)ی مانگی ئازاری ساڵی (1987)دا عەلی حەسەن مەجیدی وەکو دەسەڵاتداری ڕەهای ناوچەی باکوور دیاری کردووە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی کورد، دواتریش بە واژۆی سەدام حوسێن هەموو دەزگا ئەمنی، سەربازی، موخابەراتی و هەواڵگریەکانی خستووەتە بەردەست و هەمان دەسەڵاتی سەدام حوسێنی پێبەخشیووە. بەپێی ستانداردی نێونەتەوەیی بۆ تاوانی جینۆساید تەنانەت بێدەنگی کردن لە تاوانەکەش دەچێتە خانەی بەشداری کردنەوە. ئەو دەسەڵاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش دابوویە عەلی حەسەن مەجید جڵەوی توندڕەوی بۆ شلکردووەو زەمینەی تاوانەکەی بۆ سازکردووە، کە لە سۆنگەی ئایدۆلۆژیای حزبی بەعس و ئەو هەموو ئەفسەر و جەنگاوەرە توندڕەوانەوە بازنەی کۆمەڵکوژیەکەیان فراوانتر کردووە.. ئەمە بێجگە لەوەی هەمان ئەو ئەنجومەنە، تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتیان خستبووە خزمەتی ئامانجەکانی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی)یەوە هەموو ئالیاتی دەوڵەت لەپێناو سەرکوتی زیاتر و کۆکردنەوەی دەستگیرکراوەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ چۆکپێدادان و خۆبەدەستەوە دانی گوندنشینەکان لەلایەک و هاندانی جەنگاوەرە ئەنفالچیەکان بۆ

هەڵمەتی زیاتر و خستنەوەی ڕق و کینە بەرانبەر بە گروپە دەسنیشانکراوەکە کە بریتی بون لە کوردە گوندنشینەکانی ناوچە قەدەغەکراوەکان و دواتریش بوونە لێقەوماوترین بوونەوەری سەرگۆی زەوی. ئەرێ ئەگەر کوردەکان ناپاک و زیانبەخش و ملۆزم بوون، ئەی گوناهی سروشت و گەڵای درەختەکان و مەل و باڵندە و ئاژەڵە کێویەکان چی بوو، کە ئەوانیش بە چەکی کیمیاوی کوژران، بریندار‌بوون و لەنێوبردران؟ گوناهی ئەو هەموو سەگ و پشیلە ماڵی و کێویانە چی بوو کە بەهەمان دەردی کوردە گوندنشینەکان بران و کوژران؟ گوناهی ئەو ئەسپ و گوێدرێژە بەجێماوانە چیی بوو، کە فڕۆکەوانەکان بە کۆپتەرو سەربازی پیادە بە ڕەشاشی دورهاوێژ وەک چۆن سێرەیان لە پێشمەرگە جەنگاوەرەکان دەگرتەوە ئاوا دەخرانە نیشانەوەو دەیانکوشتن؟ ئەمانە ڕاستین و هیچ زیادەڕۆییەکیان تێدانیە، ئەوە ڕۆژگاری کورد و بەعس و ئەنفال بوو.

لەکۆتایدا ماوەتە بڵێم ئەمە ڕۆمانسیەتی هەڵبەستوانێک نیە، بەڵکو ڕێگاچارەیەکە، دەنا بۆچی نا نەشیاوە ئەگەر ئەو دەوڵەتانە دەستبەرداری جەنگ بن دژی کورد، چونکە ئەوەی یەکلایی بووەتەوە نە کورد ڕیشەکێش دەبێ و نە ئەو کێشەیەش بەستەمکاری چارەسەر دەبێت، بۆیە دەشێت بە لۆژیکی ناتوندوتیژی دەرگای تر بەڕووی چارەسەردا بکرێتەوە و چیتر خوێن و وزەی یەکتری بەفیڕۆ نەدەن، تۆ بڕوانە بەلای کەمەوە نووسەرانی وەکو ئیسماعیل بێشکچی تورک و کەنعان مەکیەی عارەب و یوست هێلتەرمانی هۆڵەندی و چەندان قەڵەمی تر، وا ئێستاش نووسەری ئەم پەرتووکە چەندە وزە و توانایان بۆ دەرخستنی بەدکاریەکانی دەوڵەت و چیرۆکی قوربانیەکان تەرخانکردووە، پرسیار ئەوەیە لەکوێ داهێنەران و نووسەران سەرقاڵی نوسینەوەی سیاسەتی ستەمکارانە، کۆلۆنیالیستانە، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بەدکاری و خراپەکاری پیاوانی دەوڵەت بن و بەشێکی تەمەن و هێزو وزەی خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوە و هەڵدانەوەی پەردە لەسەر تاوانەکانیان بەخەرجبدەن؟ لەکوێ سەرقاڵی داهێنانێک بونایە کە هەموو بە سەربەرزی و ئاسوودەییەوە پێشوازیمان لە بەرهەمی بیرو پێنووسی یەکتر کردبا، بەچیدەچێ سەرکەوتنی ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس وۆچ و پەرتووکەکەی دەرسیم شکست و دۆڕان و شەرمەزاری بۆ ئەوانی دی بهێنێ، خۆزگە ئەو تاوانانە ئەنجام نەدرابان و نە دەرسیم و نە کەنعان مەکێ و نە یوست هێلتەرمانمان نەناسیبایە، خۆزگە کەس

ئەنفال نەکرایەو نە دادگای باڵای تاوانەکان و نە پەرتووکێکیشمان، لەبارەی ئەنفالەوە نووسیبا، بەڵام کە داری خۆزگە بەری نەگرت و ستەمکاری درێژەی هەبوو دەبێت بەرێزەوە پێشوازی لە پڕۆژەکەی دەرسیم پێشەوا و ئەوانی دی بکەین و لە دڵەوە بڵێین دەست خۆش.

## پێشەکی:

بەداخەوە لە وڵاتێکدا کە یاسا سەروەر نەبێت، زۆرجار قوربانی دووبارە دەبێتەوە بە قوربانی دەستی جەللادەکان و جەللادەکانیش نەک هەر سزا نادرێن بەڵکو پلە و پۆستەکانیان بەرزتر دەبێتەوە. لە باشووری کوردستانی خۆشمان چونکە یاسایەکی کۆنکریت نییە هەم بۆ سزادانی تۆمەتباران و هەم بۆ داواکردنەوە و گەڕاندنەوەی مافی قوربانیانی ئەنفال، کیمیاباران و شەهیدانی دەستی نۆکەران و پیاوانی ڕژێم، بۆیە جەللاد هەر جەللادە و قوربانیش هەر قوربانی بێئەوەی هیچ مافێکیان بۆ بگەڕێتەوە. لەوەش کارەساتتر لە هەندێک شار و شارۆچکەدا هەر سەرۆکجاش، فەرماندەی مەفرەزە تایبەییەکان و نۆکەرانی ڕژێم یان خۆیان یان نەوەکانیان پلە و پۆستی بەرزیان لە وەزارەت و فەرمانگاکاندا هەیە و ڕۆژانە کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال، هەڵەبجە، کیمیاباران کردن و خانەوادەی شەهیدان دەبێت چەندان کاتژمێر لە بەردەم دەرگاکانی ئەو بەناو بەرپرسانەدا بوەستن لەپێناوی ڕاییکردنی کارەکانیاندا.
دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) و ڕوخانی سەدام و ڕژێمە دیکتاتۆرەکەی لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا، بەشێکی زۆری سەرۆکجاشەکان، فەرماندەکانی مەفرەزە تایبەتییەکانی ئەمن، ئیستخباراتی بەعس، تاوانباران و نۆکەرە پیاوکوژەکان چوونە ڕیزی پارتە کوردستانییەکان بەتایبەتی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارە هاوبەشەکەی حکومەتی باشووری کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، کە پلە و پۆستی گەورەیان لەناویاندا وەرگرت، بەمەش دووبارە ئەوان بوونەوە بە جەللاد و خەڵکی ستەم دیدەش هەر لە شوێنی خۆی وەکو قوربانی مایەوە، کە لە هیچ کونجێکی جیهاندا شتی وا نەبووە.
ئەفسەرانی کوردی سەر بە ڕژێم، سەرۆکجاشەکان، مەفرەزە تایبەتییەکان و نۆکەرانی ڕژێم بەشداری هەر تاوانێک لە شەهید کردنی پێشمەرگە و هاووڵاتی یان ڕادەست کردنەوەیان بە ڕژێمی بەعس، شالاوە بەدناوەکانی ئەنفال، گوند سووتاندن و هێرشیان کردبێت بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و گوندەکانی کوردستان، لەم پەرتووکەدا ئاماژەم بە تاوانەکانیان کردووە، هەر کەسێکیش کە ئاماژە بەهیچ تاوانێکی نەکرابێت مانای وایە یان هیچ تاوانێکی نەکردووە یان من زانیاریم لەسەر تاوانەکانی نییە و لە بەڵگەنامەکانی لای مندا ناویان نییە. *هەروەها مەرجیش نییە*

*هەر کەسێک لەم پەرتووکەدا ناوی هاتبێت وەکو گومانلێکراوێکی ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان هەژمار بکرێت و چاوی لێبکرێت، هەندێک لەوانەی کە لەم پەرتووکەدا ناویان هاتووە لە سەردەمی ئەنفالەکاندا پۆستی حکومییان هەبووە و بەس، بێئەوەی تۆمەتبار بن یان هیچ بەشدارییەکیان لە ئەنفالەکاندا هەبێت، تەنانەت سەرۆکجاشی وا هەیە تەنیا وەکو سەرۆکجاشی فەوجێک ناوی هاتووە، بەڵام هیچ تاوانێکی نەکردووە، بۆیە پێویستە ئەوانە لەوانەی دیکە جیابکرێنەوە کە تاوانەکانیان لەبەردەم ناوەکانیان و ژمارەی فەوجەکانیان نووسراوە، یان ناویان وەکو بەشداریکار لە یەکێک یان چەند شالاوێکی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و کوردستان هاتووە.*

بیرۆکەی نووسینی ئەم پەرتووکە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتێک کە دەمویست لە سەرەتای ساڵی (2006)دا بۆ یادی شالاوە دڕندەکانی ئەنفال و بۆردوومان کردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی و بەتایبەت بۆ یادی ڕۆژی ئەنفال (14.4) ئامادەی بکەم. بەڵام دوای دەستپێکردنی بابەتەکەم بینیم بابەتەکە لە وتارێک و دوان و سێیان و چەندان بەش تێدەپەڕێت و هەم شتی نوێی زۆر لەخۆی دەگرێت، بۆیە بڕیارمدا بیکەم بە نامیلکەیەک لەسەر شالاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە و کوردستان. کەچی ڕۆژ بە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەڵگەنامەی باشتر و کەرەستەی زۆرترم دەستکەوت، بۆیە بڕیارمدا پەلەی لێنەکەم بۆ ئەوەی بتوانم شتێکی نوێ بنووسم و بە نووسینەکەم هەم خزمەتێکی زۆرتری نیشتمان و نەتەوەکەم بکەم هەم زانیاری زۆرتری لایەنە شاردراوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و دێهاتەکانی کوردستان بخەمەڕوو.

لە سەردانێکمدا بۆ باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (29.3.2010) سەردانی (دکتۆر مەجید محەمەدئەمین جەمیل سادق)ی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکانم کرد، باسی کورتەیەک لە پڕۆژەی نووسین و چاپکردنی پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان)م لەگەڵ کرد، کە دواتر ناوەکەیم گۆڕی بۆ (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شالاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان 1987–1988)، ئەویش بە دڵخۆشییەوە گفتی لە چاپدانی (1.200) دانەی پێدام لەگەڵ وەرگێڕانی پەرتووکەکەم بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و لە چاپدانی ئەویش بە هەمان تیراژ. بەڵام دوای نزیکەی هەفتەیەک یان دە ڕۆژێک لای

ڕۆژنامەنووسێک باسی پڕۆژەی نووسین و بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمەی خۆمم بۆ کرد، کەچی ئەو ڕۆژنامەنووسە دوای نزیکەی سێ هەفتەیەک و ڕێک لە ڕێکەوتی (29.4.2010)دا لە تەواوی میدیاکانی باشووری کوردستاندا پڕۆژەی نووسینی ئینسکلۆپیدیای ئەنفالی بەناوی خۆی ڕاگەیاند و داوای (500) هەزار دۆلاری لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان کردبوو لەپێناوی جێبەجێکردنی پرۆژەکەی.

هۆکاری ناونانی پەرتووکەکەم بەم ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پەرتووکەکە زانیارییەکی زۆر لەخۆ دەگرێت سەبارەت بە گومانلێکراوان و تۆمەتبارانی شالاَوە بەدناوەکانی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال و ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجە، دەکرێت ئەم پەرتووکە وەکو ئینسکلۆپیدیایەکی سەرەتایی گومانلێکراوان و بەشێک لە تۆمەتبار و تاوانبارانی شالاَوی ئەنفال و ژەهرباران کردنی هەڵەبجە و گوندەکانی دیکەی کوردستان بەکاربهێنرێت.

هیوادارم خوێنەران و شارەزایان لە هەر هەڵە و ناتەواوییەکی ناو پەرتووکەکەم ئاگادارم کەنەوە، چونکە یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی نووسینی ئەو پەرتووکەم نووسینەوەی مێژووە وەکو خۆی کە ڕوویداوە، لەگەڵ دەرخستنی ڕووی ڕاستی تاوانکاری شالاَوەکانی ئەنفال و ژەهرباران کردنی کوردستان بە بەڵگەوە، نەک تۆمەتبارکردنی دەسەلاَت، لایەن و جاشەکان بەبێ بەڵگە، هەروەها نووسینی ئەم پەرتووکە ببێتە ڕێگرێک و ترسێک بخاتە نێو دڵی دوژمنانمان لەوەی کە هەرگیز جارێکی تر بیر لە هەوڵی جینۆسایدکردنی نەتەوەکەمان نەکەنەوە، هەروەها هەمان ترسیش بخاتە نێو دڵی هەموو ئەو کوردانەی کە لە داهاتوودا بیانەوێت بیر لە ناپاکی نیشتمان و نەتەوە بکەنەوە، تاکو لە ترسی مێژوو بیریان بۆ جاشایەتی و هاوکاری دوژمنانی کورد نەڕوات و چیتر نەبن بە کەواسووری بەر لەشکری داگیرکەران و شانبەشانی ئەوان کورد نەکوژن لە پێناوی سامان و ژیانێکی خۆشتر.

هەرچەندو نازانم ئەو چوار دێرە هۆنراوەیە هی کام هەڵبەستوانە، بەلاَم پێم وایە لەگەڵ مەبەستی نووسینی ئەو پەرتووکەم دەگونجێ، کە دەڵێ:

ئەترسم کاسەلێسێک مێژوو بنووسێتەوە
زاڵم بکا بە مەزڵوم بە درۆ بیهۆنێتەوە
چەتە و جاش و ناپاکی کۆمەڵێک بسڕێتەوە

بوار نەدا شەهیدێک لە دێرێک جێی بێتەوە

هەر کەسێکیش پێی وایە کە ستەمم لێی کردووە و بەناڕەوا ناوم بردووە یاخود تاوانم بۆی دروست کردووە، با بە یاسا ڕێگای دادگام لێبگرێتە بەر، ئەوکاتە بەڵگەنامەکان ڕاستییەکان دەردەخەن و گومانم لەوەدا نییە کە من تەنیا مێژووم نووسیوەتەوە بە گوێرەی ڕۆژنامەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن و بەعس، فەرمانە کۆمارییەکان، بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة)، بەیانە سەربازییەکان، لەسەر زاری سەرکردەکانی سوپا، بەرپرسانی حکومەت، سەرۆکجاشە کوردەکان و بەگوێرەی بەڵگەنامە و ڕۆژنامەکانی ڕژێم لە سەردەمی ئەنفالەکاندا.

لە کۆتاییشدا داوادەکەم و هیوادارم هیچ کەس و لایەنێک بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی پەرتووکەکەم بەڵگەنامە، وێنەو زانیارییەکانی ناو ئەم پەرتووکە بەکار نەهێنن، هەروەها داواکارم دەرهێنەری کورد جەلیل زەنگەنە، لە داهاتوودا بۆ زنجیرە درامای (گەردەلول)، کاتێک کە دەگاتە سەردەمی ئەنفالەکان، ئەم پەرتووکە بکاتە سەرچاوە و ناوی تەواوی یەکە یەکەی بەشدارانی ئەنفال هەر لە سەرکردایەتی بەعس، سەرکردایەتی حکومەت، سوپاسالار، بەڕێوەبەرێتی دامودەزگا سەرکوت کەرەکانی ڕژێم وەکو: (نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکووری حزبی بەعس/ مکتب تنظیم الشمال لحزب البعث)، بەڕێوەبەرێتی گشتیی ئەمن، ئەمنی تایبەت، موخابەراتی گشتیی، بەڕێوەبەرێتی ئیستخباراتی سەربازی گشتیی، بەڕێوەبەرێتی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقی)، فەرماندەی فەیلەقەکان، فەرماندەی فرقەکان، سەرۆکجاشەکان و ژمارەی فەوجەکانیان لەگەڵ مەفرەزە تایبەتییەکانی سەر بە ئەمن و ئیستخبارات، وەکو خۆی دابنێت.

## ئەنفال و پێناسەی ئەنفال:

نامەوێت لە مانای وشەی ئەنفالی ئیسلام و عارەبەوە دەست بە شرۆڤەكردن و پێناسەی ئەنفال بكەم كە پێشتر زۆری لەسەر نووسراوە، بەڵكو دەمەوێت لە بیر و ڕوانگەی تاكی كوردەوە باسی ئەنفال و پێناسەی ئەنفال بكەم.
ئەنفال، واتە كۆمەڵكوژی (جینۆساید)، یا ڕێگەدان بە قڕكردن و كوشتنی كورد لە لایەن سەدام و حزبی بەعسەوە بە هەموو جۆرە چەكێك لە ماوەی حەوت مانگی (9.2-9.6.1988)دا. ئەنفال، شاڵاوێكی سەربازی نەخشە و پلان بۆ داڕێژراوی ڕژێمی سەدام حوسێن و حكومەتی بەعسی عەرەبی ئێراقییە، كە بە هەشت قۆناغ لە ماوەی نزیكەی حەوت مانگ لە ساڵی (1988)دا لەنێوان (9.2-9.6.1988)دا لەدژی گەلی كورد لە باشووری كوردستان ئەنجام دراوە.
ئەنفال تاوانێكی كۆمەڵكوژی واتە جینۆسایدە. جینۆساید، وشەیەكی ئاوێتەیە و لە دوو وشە یان دوو بەشی (جینۆ و ساید) پێك دێت. جینۆ، وشەیەكی گریكییە و مانای ڕەگەز یان بنەچە دەگەیەنێت. ساید، وشەیەكی لاتینییە و مانای كوشتن یان لەناوبردن دەگەیەنێت. هەردوو وشەكە بەیەكەوە مانای كوشتنی ڕەگەز یان لەناربردنی ڕەگەز دەگەیەنێت. لە كوردیدا یان لەنێو كورددا گونجاوترین وشە بەرانبەر بە جینۆساید (قڕكردن)ە، بۆیە دەكرێت لە بەرانبەر ئەنفال (كورد قڕكردن) بەكاربهێنرێت. جینۆساید (قڕكردن)، تاوانێكی ئاسایی نێوخۆی وڵاتێك نییە، بەڵكو تاوانێكی گەورەی نێودەوڵەتییە، بۆیە دەكرێ داوا بكرێت تۆمەتبارەكانی لە دادگایەكی نێودەوڵەتی وەكو دادگای لاهای دادگایی بكرێن.
جینۆساید، وشەیەكی نوێیە وەلێ تاوانەكە تاوانێكی كۆنە و بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی هەر هەبووە. ئەم زاراوەیە بۆ یەكەم جار بە قسە لەلایەن پارێزەری بە ڕەچەڵەك جولەكەی پۆڵۆنی ڕافائیل لیمكین (1900.6.24-28.8.1959) لە مانگی ئۆكتۆبەری ساڵی (1933)دا لە كۆنفرانسێك لە مەدریدی ئیسپانیا بەكارهاتووە، دواتریش لە ساڵی (1944)دا بەشێوەی نووسین لە پەرتووكی (یاسای میحوەری لە داگیركردنی ئەوروپا/ Axis Rule in Occupied Europe)دا بەچڕی بەكاری هێناوە.

جینۆساید بە مانای قڕکردنی بەئەنقەست و بەرنامە بۆ داڕێژراوی کوشتنی تەواو یان بەشێکی کەمایەتییەکی ئەتنیکی، ڕەگەزی، سیاسی، ئایینی یان ئایینزایی دێت.
جینۆساید، تەنیا کوشتن ناگرێتەوە، بەڵکو بەگوێرەی بەندی (2)ی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی (کۆنڤێنسیۆنی سەرکوتکردنی تاوانی قڕکردن)دا لەپێناوی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجام دەرانی کە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی (9.12.1948)دا بە بڕیاری ژمارە (260) بەربەندکردنی خۆی لەسەر نیشانداوە، دواتر لە ڕێکەوتی (12.1.1951)دا خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە، هەروەها دەوڵەتی ئێراق لە ڕۆژی (20.1.1959)دا واژۆی لەسەر کردووە؛ سەرچاوە: (1-1، دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل236-237)، کە کۆنڤێنسیۆنەکە پێناسەی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) دەکات: (جینۆساید ئەم کردارانە دەگرێتەوە کە بە ئەنقەست ئەنجام درابێ بۆ لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی هەر کۆمەڵێکی نەتەوەیی، نەژادی (ئەتنیکی)، ڕەگەزی یان ئایینی)، بەمشێوەیەی خوارەوە:

<u>یەک</u>: کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

<u>دوو</u>: ئازار گەیاندنی بە لەش یان دەروونی مەترسیدار بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

<u>سێ</u>: بەئەنقەست ناچارکردنی ئەو کۆمەڵە لەژێر هەلومەرجێکی گوزەرانکردنێکی سەختدا کە ببێتە هۆکاری لەناوبردنی هەموویان یان بەشێکیان.

<u>چوار</u>: سەپاندنی ڕێوشوێنی قورس کە ڕێگر بێت لە منداڵ بوون لەناو ئەو کۆمەڵەدا.

<u>پێنج</u>: بەزۆر ڕاگواستنی منداڵان لەو کۆمەڵەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە.

هەر بەپێی بەندی (2)ی ئەو ڕێکەوتننامەیە کە تیایدا هاتووە: پێویستە سزا بخرێتە سەر ئەو کردەوانەی خوارەوە:

<u>یەک</u>: کۆمەڵکوژی (جینۆساید).

<u>دوو</u>: کۆدەتا کردن لەپێناوی ئەنجام دانی کۆمەڵکوژی.

<u>سێ</u>: هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا لەپێناوی ئەنجام دانی کۆمەڵکوژی.

<u>چوار</u>: هەوڵدان بۆ ئەنجام دانی کۆمەڵکوژی.

<u>پێنج</u>: بەشداریکردن لە تاوانی کۆمەڵکوژی.

ئامانجی جینۆساید لەناوبردنی مرۆڤەکانە و تەنیا بە کوشتنی ڕاستەوخۆی ئەوان ئەنجام نادرێت، بەڵکو بەشێوازی جیاوازی دیکەی وەکو خاڵەکانی (1-5) کە لە

سەرەوەدا ئاماژەیان پێکراوە. جۆرەکانی لەناوبردنی جینۆساید بە دوو شێوە دەکرێت کە مادی و مەعنەوین. خاڵی (1+5) لە جۆری مادین و خاڵەکانی (2–4) لە جۆری مەعنەوین.

هەروەها کۆمەڵکوژی (جینۆساید) چەند جۆرێکی هەیە کە بریتین لە:

<u>کۆمەڵکوژی فیزیکی</u>: ئەمەیان کوشتنی خەڵک دەگەنێ. لە ئەنفالدا (182) هەزار کەس کوژران، هەرچەندە نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای بەعس و سەدام لە ساڵی (1999)دا لە وڵاتی دانمارک لەکاتی لێکۆڵینەوە بەمەبەستی وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی لەو وڵاتەدا باسی ئەوەی کردووە کە گیانبەخشیوانی شاڵاوەکانی ئەنفال (250) هەزار کوردن.

<u>کۆمەڵکوژی بیۆلۆژی</u>: هەر ڕێگە گرتنێک لە زاوزێکردن و زۆربوونی مرۆڤ لەناو هەر کۆمەڵە مرۆڤێکدا کە کار بکاتە سەر تێکدانی ڕێژەی ئاسایی زیادبوون، قڕکردنی بیۆلۆژییە. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بۆمبی فسفۆری کاریگەری لەسەر نەزۆکی، لەدایکبوونی ئاسایی و نەخۆشی شێرپەنجە دروست دەکات.

<u>کۆمەڵکوژی کەلتووری</u>: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمان، شێواندن و تێکدانی مێژوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆشنبیری، کەلتووری نەتەوەیی و هەستی یەکگرتووی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری کراو.

<u>کۆمەڵکوژی ئابووری</u>: ئەوەیان کۆمەڵێک شت دەگرێتەوە بۆ نموونە (برسی کردن، قەدەغەکردنی بەدەست گەییشتنی خۆراک، لەناوبردنی سەرچاوە ئابوورییەکان، لەناوبردنی سەرچاوە گرنگەکانی ژیان وەکو: ئاو، کانی، کارێز، قەدەغەکردنی کشتوکاڵ و لەناوبردنی کشتوکاڵ و بەروبوومی سروشتی).

<u>کۆمەڵکوژی خاک (بەعارەبکردن)</u>: ڕژێم بەدرێژایی تەمەنی (35) ساڵەی خۆیی و بگرە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی حکومەتی ئێراق لە ڕۆژی (25.10.1920) بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان گەیلانی و بەزۆر لکاندنی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەو دەوڵەتەوە، هەوڵی قڕکردنی خاک (بەعارەبکردن) لە کارە یەکەمەکانی سیاسەتی دەوڵەتی شۆڤینی ئێراق بووە.

<u>کۆمەڵکوژی ژینگە</u>: بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و فسفۆری و ناپاڵم و چەکە قورسەکان بە ئەندازەیەکی زۆر، بەدڵنیایی هەموویان کاریگەری نێگەتیڤانەی درێژخایەنیان لەسەر ژینگەو لەناوبردنی سروشتی باشووری کوردستان هەبووە.

بەگوێرەی تەواوی پێوەرەکان هێرشی سوپا و میلیشیا حزبییەکانی حکومەتی بەعس و سەدام لە شالاوی ئەنفالەکان لە ساڵی (1988)دا بۆ سەر گەلی باشووری کوردستان، تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆسایدە)، بە هەر شەش بەشەکەیەوە. لە تاوانی قڕکردن (جینۆساید)، ئەندازەیەکی دیاریکراو نییە بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکان، واتە کەمی و زۆری ژمارەی گیانبەخشیوەکان لەبەرچاو ناگیرێ، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک مەبەستی کوشتن و لەناوبردنی مرۆڤەکان بە هەند وەردەگیرێ و هەژماری گرنگترین خاڵی بۆ دەکرێ.

نووسەر، چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی کۆمەڵکوژی دکتۆر جاک نوسان پۆرتەر ( Jack Nusan Porter/ 2.12.1944)، کە بەڕەگەز جولەکەیەکی ئۆکرانییە و لە ئەمریکا و ئیسرائیل ژیاوە، پێی وایە جینۆساید (3) ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە ئەمانەن:

ئایدیۆلۆژیا: تاوانبار یان جەللاد هەمیشە ئایدیۆلۆژیا وەکو هۆکاری سەرەکی کردەی جینۆساید بەکاردەهێنێ بە پشت بەستنی بە زەمینەیەکی ڕەگەزپەرستی فاشییانە یان ئایینی. تاوانبار لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیاوە بە بەردەوامی لە هەوڵی ناشرین کردنی قوربانییەکان و بەڕەوایی کردنی تاوانەکەی خۆیەتی، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی چەندین زاراوەی وەکو: (ناپاک، نیشتمانفرۆش، نەتەوەفرۆش، خاکفرۆش، تێکدەر، تیرۆریست، جیاخواز، ئاژاوەچی، بەکرێگیراو، لادەر، دواکەوتوو، کۆنەپەرست، جاهیل، کافر و دژە شۆڕش واتە (دژە ئینقلاب)، کە ئەو زاراوانە دەکاتە هۆکار لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەوایی دان بەو تاوانانەی لەدژی ئەو قوربانییانە ئەنجامی دەدات یاخود ئەنجامی داون.

تەکنۆلۆژیا: لە سەردەمی پێشکەوتن و گەشەپێدان، تەکنەلۆژیا یەکێکە لە ئامرازە دیارەکانی کۆمەڵکوژی. بەگوێرەی پێشکەوتن و مۆدێرینەکردنی دەوڵەت بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دەرکەوتووە کە بەهۆی دروستکردنی چەکی نوێی لەناوبەر، هەرچەندە تەکنۆلۆژیای نوێ و سەردەمییانەی بەرهەمهێنانی مۆدێرنەکردنی چەکی لەناوبەر پێشکەوتبێ، ئەو چەکە نوێ بەرهەم هاتوانە ڕۆڵ و کاریگەری نێگەتیڤانەی زیاتری هەبووە لەسەر تێکدانی ژیانی مرۆڤایەتی و بە جینۆسایدکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. بۆ نموونە بەکارهێنانی ژووری گازەکانی ئەڵمانیا لەدژی جولەکە و

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی بەعس و سوپای سەدام لەدژی کورد لە هەڵەبجە.

<u>بیرۆکراسی</u>: بیرۆکراسی وشەیەکی لێکدراوەو مانای هێزی نووسینگە یان دەسەڵاتی نووسینگە دەگەیەنێت. بیرۆکراسی، زاراوەیەکە لە زانستی کۆمەڵناسی و زانستەکانی ڕامیاری ئاماژە بە پراکتیزەکردنی یاساکان دەکات لە ڕێگای بەکارهێنانی هێز لە کۆمەڵگا ڕێکخراوەکاندا. لەپێناوی پیادەکردنی کۆمەڵکوژی بەئەنقەست (جینۆساید)، دەوڵەت هەردەم پێویستی بە کۆمەڵێک دامودەزگای بیرۆکراسی سەرکوتکەرانە و دڵسوز بە سەرۆک و حزبی دەسەڵاتدار دەبێ. دەریش کەوتووە ئەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی بیرۆکراسییانە لەلایەن کەسانی دیکتاتۆر، ڕژێمانی ڕەگەزپەرست و حکومەتە فاشییەکان بەڕێوەدەبرێن، پیادەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی بەشێوەی بەرچاو تێدا ئەنجام دراوە، چونکە لەوکاتەدا دەوڵەت بریتییە تەنیا لە ئامرازی سەرکوتکردنی چینێک لەلایەن چینێکی دیکەوە.

کۆمەڵێ هۆکار و پێوەر هەن کە دەکرێ بکرێن بە خاڵی هەڵسەنگاندن و دواتریش بڕیاردان بە هەژمارکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بە تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)، کە گرنگترینیان ئەمانە:

<u>یەک</u>: حکومەتی ئێراق، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی و سوپای سەدام، بەر لە دەست پێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال، نەخشە و پلانی پیادەکردنی ئەو شاڵاوەیان لە بەرزترین دەسەڵاتی حکومی و حزبی کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس (مجلس قیادة الثورة)یە بە دەرکردنی بڕیاری (160)ی ڕۆژی (29.3.1987)، پەسەند کردبوو بەوەی عەلی حەسەن ئەلمەجید تکریتی، لە شوێنی محەمەد حەمزە زوبەیدی (شیعە) کرا بە ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری حزبی بەعس و دەسەڵاتی ڕەهای درایێ لەپێناوی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعس لە کوردستان و هەوڵی قڕکردنی نەتەوەی کورد. بەپێی خاڵی یەکەمی بڕیاری (160)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە تیایا هاتووە: (عەلی حەسەن مەجید تکریتی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، <u>هەڵدەستی بە نوێنەرایەتی کردنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزب و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتیان لە تەواوی ناوچەی باکوور و لەنێویاندا ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی، لەپێناوی پاراستنی ئاسایش و</u>

سیستەم و دەستەبەری ئارامی و جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکەدا)، دەیسەلمێنێ کە ڕژێمی سەدام و حکومەتی بەعس پلانی پێشوەختی هەبووە بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال. دوای جێبەجێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان بەپێی بڕیاری ژمارە (271)ی ڕێکەوتی (23.4.1989)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ناوبراو دەسەڵاتە ڕەهاکانی کوردستانی لێ سەندرایەوە و بڕیاری ژمارە (160)ی پێشوو هەڵوەشایەوە و لە شوێنی ئەو حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری (شیعە) دانرا.

دوو: حکومەتی ئێراق، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی و سوپای سەدام، بەر لە دەست پێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بە نزیکەی (9) مانگ، تەواوی ئەو ناوچانەیان دەستنیشان کردبوو کە دەیانویست خەڵکەکەی ئەنفال بکەن.

سێ: حکومەتی بەعس و سوپای سەدام بەر لە دەست پێکردنی ئەنفالەکان بە (9) مانگ ئامادەکاری تەواوی بۆ ئەنجام دانی ئەو شاڵاوە دڕندەیە کردبوو.

چوار: ڕێژەی قوربانییەکانی شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفال (95%)ی خەڵکی دیهاتنشین و سیڤیل بوون لە (منداڵ، ژن و پیرەمێرد).

پێنج: لەکاتی هێرشی ئەنفالەکان هیچ جیاوازییەک نەکرا لەنێوان پێشمەرگەی دەست بەچەک و هاووڵاتی بێ چەک کە هەموویان وەکو پێشمەرگە هەژماریان بۆ کرا.

شەش: مەبەست لە تەواوی شاڵاوی ئەنفالەکان کوشتنی بەئەنقەستی گوندنشینەکان بووە بەهۆکاری کورد بوونیان، هەروەها مەبەست لەناوبردنی خەڵکەکەو شوێنی ژیانیان و سەرچاوە ئابوورییەکانی ئەو خەڵکە بووە، کە نزیکەی (4500) گوندی لە باشووری کوردستان کاولکرد.

حەوت: قەدەغەکردنی ناوچەیەکی فراوانی باشووری کوردستان لە بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و لەگەڵ قەدەغەکردنی هاتووچۆ، هەروەها کوشتنی هەر مرۆڤ کە لەدوای (21.6.1987)دا شوێنێکی ئەو ناوچە قەدەغەکراوانە دەستگیر بکرێ دوای ئەوەی (3) ڕۆژ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ. ئەگەر پێویست بکات ماوەی لێکۆڵینەوەکە بۆ (10) ڕۆژ درێژ دەکرێتەوە ئەویش دوای ئەوەی بە تەلەفۆن یان بروسکە پەیوەندی بە تاهیر تۆفیق حاج یوسف ئەلعانی سکرتێری بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور دەکرێ و ڕەزامەندی وەردەگیرێ.

<u>هەشت</u>: چاندنی بێ بەرنامەو ڕەمەکییانەی ملیۆنەها مینی تاکەکەسی و مینی تانک کە بە (20) ملیۆن دادەنرێ.
<u>نۆ</u>: بۆردومان کردنی بەردەوامی ناوچە قەدەغەکراوەکان بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بۆمبی فسفۆری، ناپاڵم، ڕاجیمە و تۆپی قورس بەر لە شاڵاوەکانی ئەنفال و لەکاتی شاڵاوەکان کە بوینە هۆکاری کوشتی دەیان هەزار کەس، زیان گەیاندن بە ژینگە و سروشتی کوردستان.
<u>دە</u>: قەدەغەکردنی گەیاندنی خۆراک بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان.
<u>یازدە</u>: هەژمارکردنی دێهات و ناوچە قەدەغەکراوەکان بە ناوچەی شەڕ لەدوای ڕێکەوتی (21.6.1987)دا.
<u>دوازدە</u>: کۆنکرێت کردن و تەقاندنەوەی کانی، کارێز و سەرچاوەکانی ئاو.
<u>سیازدە</u>: ڕێگەدان بە سەرۆکجاشە سووکەکان، فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان و جاشە سووکە کوردەکان بۆ بەتاڵانبردنی سامان و ماڵی دێهاتنشینەکان، جگە لە چەکی قورس کە دەبێ بدرێتەوە دەست سوپاس.
<u>چواردە</u>: ڕاگواستنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان بەزۆر، برسی کردنیان و جێگیرکردنیان و تەلبەندکردنی شوێنە نوێکەیان دەورگرتنیان بە هێزی سوپا، ئەمن و ئیستخبارات.

پیادەکردنی شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفال، بەگوێرەی بڕیار و نەخشەی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، وەزارەتی بەرگری و سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا) بووە.

بڕیاری ژمارە (160)ی ڕۆژی (29.3.1987)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بەوەی کە دەسەڵاتی ڕەها بە عەلی حەسەن مەجید درا لە باشووری کوردستان، بەوەی کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی هەبێت لە باشووری کوردستان و کرا بە بەرپرسی بیرۆی ڕێکخستنەکانی باکوور (مسؤول مكتب تنظيم الشمال)ی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، ئاماژەو سەرەتای ئاشکراکردنی هەوڵی بەجینۆسایدکردن و قڕکردنی گەلی کوردە لە باشووری کوردستان. لەو ڕۆژەی عەلی کیمیایی ئەو دەسەڵاتەی پێدرا (29.3.1987) تا دەست پێکردنی شاڵاوی یەکەمی ئەنفال (9.2.1988)، ناوبراو بەپێی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس چەند بڕیارێکی دەرکرد، کە بەگوێرەی

بڕیارەکانی عەلی حەسەن، ڕژێمی بەعس و حکومەتی ڕەگەزپەرستی سەدام و سوپاکەی چەندین هەنگاوی یەک لەدوای یەکیان لەدژی گەلی کورد هاویشت، کە هەموویان سەرەتای پیادەکردنی شاڵاوی ئەنفالەکان بوون، کە ئەمانەن:
یەکەم: بڕیاری ژمارە (3650/28)ی سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور (کوردستان)/ نووسینگەی سکرتاریەت، لە ڕێکەوتی (3.6.1987)دا بەناوی (بڕیار)، بۆ فەرماندەیی فل1، فل2، فل5، سەرکردایەتی لقەکانی نووسینگە، فەرماندەیی لقی سەلاحەدین، فەرماندەیی لقی دیالە، بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرێتیی هەواڵگری، ڕێکخراوی هەواڵگری، کە تیایدا هاتووە:
یەکەم: بەتەواوی قەدەغەیە کە خۆراک، مرۆڤ یان ئامێر بگەنە ئەو دێهاتانەی کە بەهۆکاری ئاساییشی قەدەغەکراون و لە قۆناغی دووەمی دێهاتە کۆکراوەکاندان. ڕێگە دەدرێت بەو کەسانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە ڕیزی نیشتمانی، بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادرێت بە کەسوکاریان پەیوەندییان پێوە بکەن، مەگەر بە ئاگاداری دەزگا ئەمنییەکان.
دووەم: بوونی هەر کەسێک بەتەواوی قەدەغەیە لە ناوچە ڕاگوێزراوەکانی گوندە قەدەغەکراوەکان لە ڕووی ئاساییشەوە، کە قۆناغی یەکەم دەیانگرێتەوە تاوەکو 21.6.1987 بۆ ئەو ناوچەی کە قۆناغی دووەم دەیگرێتەوە.
سێیەم: دەبێ دروێنە و کۆکردنەوەی بەرهەمی وەرزی زستان بەر لە ڕۆژی ١٥ی تەموز کۆتایی پێ بهێنرێت، هەروەها نابێ کشتوکاڵ کردن بەردەوام بێ لە وەرزەکانی زستانی و هاوینی ئەم وەرزەدا.
چوارەم: بەهەمان شێوە لەوەڕاندنی مەڕو ماڵات لەم ناوچانە قەدەغە دەکرێت.
پێنجەم: لەسەر هێزە سەربازییەکانی هەر ناوچەیەک پێویستە هەر مرۆڤێک یان ئاژەڵێک دەرکەوت لەم ناوچانەدا کە ناوچەی تەواو قەدەغەکراون، بکوژن.
شەشەم: ئەو کەسانەی کە ڕاگواستن بۆ کۆمەڵگاکان بەگوێرەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە، پێویستە لە بڕیارەکە ئاگادار بکرێنەوە و خۆیان بەرپرسێتی سەرپێچی کردنی ئەو بڕیارە هەڵدەگرن.
دووەم: بڕیاری ژمارە (4008/28)ی سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور (کوردستان) - نووسینگەی سکرتاریەت، لە ڕێکەوتی (20.6.1987)دا بەناوی

(ڕەفتارکردن لەگەڵ دێهاتە قەدەغەکراوەکان لە ڕووی ئاسایشەوە)، بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەکەم/ فەیلەقی دووەم و فەیلەقی پێنجەم، کە تیایدا هاتووە:
لەبەرئەوەی ماوەی ڕاگەیەنراوی فەرمی بۆ کۆکردنەوەی دێهاتەکان لە ڕۆژی 21ی حوزەیرانی 1987دا کۆتایی دێت، بڕیارماندا بەوەی کە لە ڕۆژی 22ی حوزەیرانی 1987 بەدواوە ئەم کارانە ئەنجام بدرێن:
یەک: تەواوی ئەو گوندانەی کە تا ئێستا کاول نەکراون و تێکدەر (پێشمەرگە)ی سەر بە بەکرێگیراوانی ئێران (ی. ن. ک)، نەوەی ناپاکی (پ. د. ک) و هاوشێوەکانیان لە ناپاکە ئێراقییەکان تیاندان، لەڕووی ئاسایشەوە بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن.
دوو: بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ تێدا بە تەواوی لەم ناوچانە قەدەغەیە، ئەو دێهاتانە وەکو ناوچەی شەڕ هەژمار دەکرێن، هەروەها تۆپ باران کردنی ئەم ناوچانە ئازادە و وابەستەی هیچ ڕێنماییەک نییە، ئەگەر بارەگاکەمان ئاگاداری دیکەی نەدابێ.
سێ: چوون و هاتن بۆ ئەو ناوچانە، کشتوکاڵ کردن و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی، پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەیە و دەبێ تەواوی دەزگا تایبەتییەکان چاودێری ئەو بابەتە بکەن بە دڵسۆزی.
چوار: دەبێ فەرماندەیی فەیلەقەکان، ماوە نا ماوە بۆمبارانی تایبەت ڕێک بخەن بەهۆی تۆپ، هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی لە هەموو کاتەکاندا بە شەو و ڕۆژ لەپێناوی کوشتنی زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەو ناوچە قەدەغەکراوانە بوونیان هەیە، دواتریش ئاگادارمان بکەنەوە.
پێنج: هەموو ئەو کەسانەی کە بەهۆی بوونیانەوە لەو گوندانەدا دەستگیر دەکرێن، دەست بەسەر دەکرێن و لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. دوای سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانیان، بڕیاری لە سێدارە دان بەسەر ئەوانەدا جێبەجێ دەکرێت کە تەمەنیان لە نێوان 15-70 ساڵیدایە. ئاگادارمان بکەنەوە.
شەش: دەزگا تایبەتییەکان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خۆیان ڕادەستی دەزگا حکومییەکان و حزبییەکان دەکەنەوە بۆ ماوەیەک ئەوپەڕی سێ ڕۆژ، خۆ ئەگەر پێویستی کرد ماوەکە بۆ دە ڕۆژ درێژ بکرێتەوە بە مەرجێک لەم جۆرە بارودۆخەدا ئاگادارمان بکەنەوە و ڕەزامەندی ئێمە بە تەلەفۆن یان بروسکە لە ڕێگەی هەڤاڵ تاهیر ئەلعانییەوە وەربگیرێت.

<u>حەوت:</u> هەموو ئەو چەکانەی کە ڕاوێژکارەکان (سەرۆکجاشەکان)، فەرماندەی سریەکان و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان بە هی خۆیان دادەنرێن، تەنیا چەکی قورس، دامەزراو و ناوەنجی نەبێت، بەڵام چەکە سووکەکان لای خۆیان دەمێنێ، وەلێ تەنیا ئاگادارمان بکەنەوە لە ژمارەکانیان.

سەبارەت بەو تاوانە قێزەونەی بەعسی و سەدامییەکان کە لە ساڵی (1988)دا لە باشووری کوردستان ئەنجام درا، وڵاتە عارەبی و موسڵمانەکان نەک هەڵوێستیان نەبوو، بەڵکو هەموویان بەجارێ نکوڵییان دەکرد لە کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە و ئەنفال کردنی کورد و کاولکردنی دێهاتەکانی باشووری کوردستاندا. بەڵام پەرلەمانی ئەوروپا وەکو کاردانەوەیەک سەبارەت بە شاڵاوەکانی ئەنفال و بۆردومان کردنی شارەکانی باشووری کوردستان و دانیشتوانەکەی بە چەکی ژەهراوی و کۆکوژی لە لایەن ڕژێمی بەعسی سەدام حوسێنەوە، لە ڕێکەوتی (17.11.1988)دا بڕیارێکی دەرکرد و تیایدا هاتووە: (مەترسی قڕکردنی کوردەکانی ئێراق مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی ئەرکێکی ڕەوشتی دەکاتەوە کە ناتوانێ خۆی لێ بکێشێتەوە؛ سەرچاوە: (1-1، دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل208).

بەهەمان شێوە کۆنگرێسی ئەمەریکی لە مانگی ئەیلولی (1988)دا وتی: (ڕەفتاری دەوڵەتی ئێراق دژی کورد خۆی لە قڕان (جینۆساید) دەنوێنێ. ئەو هەنگاوەش لە یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکراوە و لەلایەن گەلانی شارستانییەوە نەفرینی لێکراوە؛ سەرچاوە: (1-1، دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل208-209). کۆنگریسی ئەمریکی هەر بەوەندە نەوەستا بەڵکو شاندێکی دوو کەسی سەر بە پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس کە پێکهاتبوو لە هەر یەک لە (پیتەر گالبرێت و کریستۆڤەر ڤان هۆڵن) ناردە ئێراق. ئەو دوو ئەندامەی کۆنگرێس دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی ئەمریکا، لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ڕاپۆرتێکی پڕ لە زانیاری وردیان دایە کۆنگرێس و لە ڕاپۆرتەکەدا جەختیان لەسەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی و چەکی کیمیایی لەلایەن هێزەکانی سەدام و بەعس کردبووەوە لەدژی کوردەکانی باشووری کوردستاندا و داوای سەپاندنی ئابلووقەی ئابووریيان کردبوو لەدژی حکومەتی ئێراق. <u>*ئەوەبوو هەموو عارەب و وڵاتانی ئیسلامی و بەتایبەت دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئێراق هاتنە وەڵام و*</u>

*<u>پەرلەمانی ئەوروپا و ئەمریکایان بەوە تۆمەتبارکرد کە کاریگەری دەوڵەتی ئیسرائیل-یان لەسەرە و ئەو بانگەشەیان گوایە لەپێناوی کپکردنی دەنگی نارەزایی عارەب و موسڵمانەکانە لەو کارانەی ئیسرائیل لەدژی عارەبەکانی دانیشتووی سەر خاکی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات.</u>*

هەر لە سەرەتای مانگی سپتێمبەری ساڵی (1988)دا باڵوێزخانەی ئەمریکی لە تورکیا، هەواڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن هێزەکانی ئێراقەوە لەدژی کورد و کۆچی بەکۆمەڵی کوردی باشووری کوردستانی لە ترسی هێزەکانی ئێراقی بەرەو وڵاتانی دراوسێ ڕاگەیاندبوو. بۆیە لە ڕێکەوتی (8.9.1988)دا وەزیری دەرەوەی ئەمریکی جۆرج پرات شۆڵتز، کە لەنێوان (20.1.1989-16.7.1982)دا پۆستی ناوبراوی هەبووە و سەر بە پارتی کۆمارییەکان بووە لەگەڵ سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە وەزیری دەوڵەتی ئێراق بۆ کاروباری دەرەوە کۆبووەوە، سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کوشندە و گازی ژەهراوی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە لەدژی کوردەکانی باشووری کوردستان گفتوگۆی لەگەڵ کرد.

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا کە لە ساڵی (1993)دا بڵاویکرۆتەوە ئاماژەی بە شاڵاوەکانی ئەنفال و بەفەرمی ناساندنی تاوانی ئەنفال وەک جینۆساید کردووە. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بەمشێوەیە پێناسەی ئەنفالکردنی کورد لە لایەن حکومەتی ئێراقەوە دەکات (ئەنفال هێرشێکی سەربازی بە ئەنقەست بوو کە بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا و تیایدا بەلایەنی کەمەوە پەنجا هەزار هەتا سەد هەزار هاووڵاتی کورد کوژراوە. سەربازانی ئێراقی لە هێرشی ئەنفالدا چەندان جار چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە لەم شاڵاوەیەدا منداڵ، پیر و گەنجی کورد بوونە قوربانی. دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ئەنفالی خستە ڕێزبەندی جینۆساید و تاوانی کۆمەڵکوژی کە لە بەرانبەر کوردەکان ئەنجام دراوە؛ سەرچاوە: (1-2، کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، ل477-478).

کاتێک کە لە سورەی الرعد، ئایەتی (37)دا هاتبێ: (وكذلك أنزلناه حكما عربيا)، واتە (هەروەها دەسەڵاتی عارەبیمان بۆتان ناردە خوارەوە) و لە سورەی ئالعومران، ئایەی (110)دا بە عارەب بڵێت: (وكنتم خير أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر وتؤمنون بالله). واتە (بەڕاستی ئێوە چاکترین نەتەوەیەکن کە بۆ

سوودی خەڵکی هێنراونەتە قادێکەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن)، چۆن عارەب شولی لێ هەڵناکێشێ و خۆی بە سەردار و گەورەی سەر زەوی دانانێت؟ بەگوێرەی ئەو سورە و ئایەتانەی سەرەوە دەبێت دەسەڵات و فەرمانڕەوایی کردن هەر بەدەست عارەبەوە بێت، ئێمەش بۆ هەتا هەتایە ملکەچی یاساکانی دارستانی ئەوان و ژێردەستیان بین.
بەداخەوە بۆ ماوەیەکی زۆر عارەبە ڕەگەزپەرستەکان، بیرکردنەوە و بۆچوونی مارکسیی و شیوعییە کوردەکانیان بەعارەب کردبوو، خۆ ئیسلامییە کوردەکان هەر مەپرسە سەرەڕای ئەوەی بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیان بەتەواوی بەعارەب کراوە، کەچی تاوەکو ئێستاکەش کلیلی کردنەوە و داخستنی هزر و مێشکی ئەوان لە دەستی عارەبی موسڵمانی دژ بە کورد و ڕەگەزپەرستدایە! بۆ نموونە تا سەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لەژێر کاریگەری عارەبی شۆڤینی کە خۆیان خزاندبووە ناو ڕێکخراوە مارکسی و کۆمۆنیستییەکان، زۆرێک لە سەرکردایەتی و هاوڕێیانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) بەتایبەت سکرتێری کۆمەڵە و دەستەی زیندان کە لایەنگر و سەر بە نەوشیروان مستەفای سکرتێری کۆمەڵە بوون، پێیان وابوو ناکۆکی و کێشەی سەرەکی کورد و شۆڕشی کوردستان لەسەر داگیرکردنی باشووری کوردستان لەلایەن عارەبەوە، لەگەڵ ئیمپریالیزم و ئەمریکایە نەک لەگەڵ بەعسی عروبەی سەدامی و حکومەتی داگیرکەری عارەبی لە ئێراقدا، هەروەها هاوڕێیانی زیندان و نەوشیروان پێیان وابوو ناکۆکی کۆمەڵە لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و بنەماڵەی بارزانی ناکۆکی سەرەکییە و لەگەڵ حزبی بەعس و ڕژێمی بەکر – سەدام ناکۆکی و کێشەی لاوەکییە، بەڵام باشبوو ئەو کێشەیە لە کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە ڕێکەوتی (21.8.1982)دا لە هۆڵی شەهید شەهابی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە گوندی (خڕی نێوزەنگ)دا چارەسەرکرا. لەلایەکی تر تا کۆتایی شاڵاوی ئەنفالەکان و سەرهەڵدانی بیرۆکەی پێویستی دروستبوونی حزبی شیوعی کوردستانی لەناو شیوعییە کوردەکانی ناو حزبی شیوعی ئێراقیدا، بیرکردنەوە و بۆچوونەکانیان عارەبێندرابوو، بەڵام هیوا و ئاواتێکی مەزن بوو بۆ تەواوی کورد و کوردستان کە هاوڕێیانی حزبی شیوعی لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا توانیان بە تەواوی لە بەعارەبکردنی بیر و بۆچوونەکانیان ڕزگاریان بێت

و بەشێوەیەکی کوردستانیانە و کوردانە بیر بکەنەوە. وەلێ سەرجەم بزووتنەوە و حزبە ئیسلامییە کوردی و کوردستانییەکان، تاوەکو ئێستاکەش تەواوی بیر و بۆچوونەکانیان هەر وەکو جاران بە عارەبێنراوی ماونەتەوە و گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە، بۆ نموونە تاوەکو ئێستاکە خەباتی فەڵەستینییەکان بە پیرۆزتر و بەرزتر دەزانن لە خەباتی ڕەوای بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان. داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن بۆ عارەبە فەڵەستینییەکان، کەچی ناوێرن داوای هەمان ماف بۆ کوردانی هیچ پارچەیەکی کوردستان بکەن. خەباتی ڕەوای شۆڕشگێڕانی باکووری کوردستان بە تیرۆر ناودەبەن و کردەوە تیرۆریستییەکانی عارەبی فەڵەستین و ئێراقیش بە (جیهاد و ئەلموقەدەس) ناودەبەن. بێ هەڵوێست بوون سەبارەت بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، کەچی فەلوجەی لانکەی تیرۆرستان بە هەڵەبجە ناودەبەن، لەکاتێکدا کە هەڵەبجە قوربانی دەستی عارەبی شۆڤینی و تیرۆریستە فەلوجەییەکان و ڕەفیقەکانی ئەوان بوو. داوای ئەوە دەکەن کە هەرگیز نابێت سەرکردایەتی کورد پێوەندی لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل و جوولەکە ببەستێت، لەکاتێکدا ئالای ئیسرائیل لە شوێنە هەرە بەرزەکانی زۆربەی پایتەختەکانی ولاتانی عارەبی و ئیسلامی دەشەکێتەوە، کەچی ناوێرن تەنانەت باسی ئەو ئالا ئیسرائیلیانە بکەن لە پایتەختی ولاتە عارەبی و ئیسلامییەکان. لەکاتی سروودی نیشتمانی کوردستان (ئەی ڕەقیب) هەڵناستنەوە سەرپێ و بە کوفر و ئیلحاد ناوی دەبەن، کەچی بۆ سروودی نیشتمانی عارەبی داگیرکەر لە پەرلەمانی ئێراقدا لەسەر یەک پا دەوەستن!

# بەشی دووەم

## دامودەزگاکانی حکومەت و ئەو دەسەڵات و هێزانەی کە ئەنفالی کورد و ژەهربارانی کوردستان-یان کردووە:

### ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة):

بەعسییەکان، بەگوێرەی یاسایەک کە هەر لەدوای گرتنە دەستی دەسەڵاتی ئێراق لە ڕێکەوتی (14.7.1968)دا دایانڕشت، (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)یان پێکهێنا و کردیان بە بەرزترین دەزگای باڵای دەوڵەت. بەگوێرەی دەستوری کاتی ئێراق کە لە ڕێکەوتی (21.9.1968)دا سەرکردایەتی حزبی بەعس بڕیاری لەسەر داوە، بەندەکانی (44-49)ی بەشی یەکەمی بەندی چواری ئەو دەستورە، سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ناوبراو نووسیویەتی: (هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و جێگرەکانی. سەرپەرشتیکردنی هێزە چەکدارەکان و هێزە ئەمنییەکانی ناوخۆ. بڕیاری خۆ پڕ چەککردن، بڕیاری شەڕ، ئاگربەست و پەیماننامەکان. دەرکردنی یاسا، ڕژێمەکانی ڕێکخستن، ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. سەرپەرشتی کردنی کاروباری کۆمار پەیوەست بە پاراستنی شۆڕش و گەیشتن بە ئامانجەکان. دەرکردنی بڕیارەکان کە هێزی پەیوەستبوونی هەبێت بەگوێرەی تواناکانی ئەو دەستورە و یاسا کارکردووەکانی. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش توانای دەرکردنی یاسای هەیە کە هێز و توانای یاسای هەبێت). بەمجۆرە تەواوی دەسەڵاتە سەرەکییەکانی حکومەت، حیزب و سوپا کەوتە دەست ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس).

سەبارەت بە بڕیارەکانی ئەنجام دانی شاڵاوی ئەنفالەکان لەدژی کورد، کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کاولکردن و سڕینەوەی گوندەکانی کوردستان لە سەر نەخشە، گشت بڕیارەکان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسەوە دەرچووینە، کە ئەنجومەنەکە لە ساڵی (1988)دا، لەمانەی خوارەوە پێک دەهات:

1. سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن عەبدولغەفور عەبدولقادر ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. سەدام حوسێن تکریتی لە نێوان (16.7.1979-9.4.2003)دا سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە بووە، لە ڕۆژی (13.12.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکراو لە ڕێکەوتی (30.12.2006)دا لەسەر دۆسیێی کۆمەڵکوژی دوجەیل، لە سێدارە درا. شیعەکانی دوجەیل لە ڕێکەوتی (8.7.1982)دا لەنێو بێستانەکانی ئەو شارە تەقەیان لە کاروانی ئۆتۆمۆبێلەکانی سەدام کردبوو، دواتر لە ڕێکەوتی (14.8.1984)دا دادگای شۆڕشی بەعس بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ (148) شیعە دەرکرد و بڕیارەکەیان بەسەردا جێبەجێ کرا، کە دواتر لە تۆڵەی ئەوان سەدام حوسێن، بارزان ئیبراهیم حەسەن، عەواد حەمەد بەندەری سەرۆکی دادگای شۆڕشی بەعس و تەها یاسین ڕەمەزان لە سێدارە دران. سەدام حوسێن، پێشتریش لە نێوان (17.7.1968-16.7.1979)دا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراو بووە.
2. عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری، لە نێوان (16.7.1979-9.4.2003)دا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش؛ سەرچاوە: (2-8، الثورة، ژمارە (6541)، ل6). عزەت ئیبراهیم ئەلدوری، لە پاداشتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەعس بۆ سەر کوردستان (کەرکوک، سلێمانی و هەولێر)، بە بڕیاری (329)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی (2.9.1991)دا وسام ڕافدەینی پلە یەک و جۆری سەربازی + وسامی ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + سەیف ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + دە مەدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (1-3، العقيد أحمد الزيدي، أزمة القيادة في العراق دراسة العسكرية، ل147).
3. شبلی ئەلعەیسەمی، یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی؛ سەرچاوە: (2-8، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6541)، ل5). شبلی ئەلعەیسەمی (1925/ سوریا/ کریستان)، لەدوای ڕوخانی ڕژێم پەنای برد بۆ وڵاتی میسر، بەڵام لە ڕێکەوتی (24.5.2011)دا لە چیای لوبنان لە بەیروت لەلایەن هەواڵگری ڕژێمی سوریا ڕفێنراو گوایە دوای دوانزە ڕۆژ لە بنکەی هەواڵگری هێزی ئاسمانی سوری مردووە.


4. تەها یاسین ڕەمەزان ئەلجەزراوی (بە ڕەچەڵەک کورد، بەڵام نکۆڵی لە کوردبوونی خۆی دەکرد)، فەرماندەی گشتیی سوپای میللی؛ (سەرچاوە: 2-9، الثورة، ژمارە (6576)، ل4)؛ (2-10، الثورة، ژمارە (6632)، ل4). تەها یاسین، لە ڕێکەوتی (18.8.2003)دا لەناو شاری موسڵ لەلایەن هێزێکی تایبەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستگیرکرا، دواتر لە ڕێکەوتی (20.3.2007)دا لەسەر دۆسیێی قەزای دوجەیل و کوشتنی (148) کەس لە سێدارە درا.
5. تاریق عەزیز عیسا (کریستان). ڕۆژی (24.4.2003)دا دەستگیرکرا. دواتر ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (5.6.2015)دا لە نەخۆشخانەی فێرکاری ئیمام حوسێن لە شاری ناسریە کوچی دوایی کرد.
6. تەها محێدین مەعروف (بە ڕەچەڵەک کورد)، جێگری سەرۆک کۆمار؛ سەرچاوە: (2-11، الثورة، ژمارە (6754)، ل1). تەها محێدین، لە ڕێکەوتی (2.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا دواتر ئازادکرا، پاشان لە ڕێکەوتی (7.8.2009)دا لە عەمانی پایتەختی ئوردەن مرد.
7. دکتۆر سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە (شیعە)، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراقی؛ سەرچاوە: (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل4)؛ (2-9، الثورة، ژمارە (6576)، ل4)؛ (2-13، الثورة، ژمارە (6645)، ل3). سەعدون حەمادی، دوای شەڕی کەنداو بوو بە سەرۆک وەزیران و لە ساڵی (1996)ەوە تاکو ڕوخانی ڕژێم سەرۆکی پەرلەمان بوو، لە مای ساڵی (2003)دا دەستگیرکرا، دواتر لە مانگی دووی ساڵی (2004) ئازادکرا و لە ڕێکەوتی (14.3.2007)دا لە ئەڵمانیا مرد.
8. سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی (شیعە)؛ سەرچاوە: (2-14، الثورة، ژمارە (6650)، ل3)؛ (1-4، سەعد بەزاز، الجنرالات اخر من يعلم، ل98).
9. حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری (شیعە)؛ سەرچاوە: (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل4)؛ (2-15، الثورة، ژمارە (6761)، ل نەزانراوە).
10. عەلی حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی (عەلی کیمیایی)؛ سەرچاوە: (2-1، ب27، ل8061). ناوبراو لە ڕێکەوتی

(17.8.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا. عەلی حەسەن مەجید تکریتی، لە پاداشتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەعس بۆ سەر کوردستان (کەرکوک و باکووری شاری موسڵ)، بە بڕیاری (329)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی (2.9.1991)دا وسام ڕافدەینی پلە یەک و جۆری سەربازی + وسامی ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + سەیف ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + دە مەدالیای ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (1-3، العقيد أحمد الزيدي، أزمة القيادة في العراق دراسة العسكرية، ل147).


11. سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوخۆ؛ سەرچاوە: (نووسراوی ئەمنی شەقڵاوە، ژمارە (3318)ی ڕێکەوتی 9.11.1985).

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار (ئەحمەد حوسێن خزەیر سامەڕائی) و سکرتێری سەرۆک کۆمار (حامد یوسف حەمادی)، بە بەردەوامی بەشدارییان لە گشت کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی هەرێمی ئێراقی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست کردووە.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)






وێنەی ژمارە (3)




وێنەی ژمارە (4)

وێنەی ژمارە (5)




وێنەی ژمارە (6)





وێنەی ژمارە (7)



وێنەی ژمارە (8)

وێنەی ژمارە (9)



وێنەی ژمارە (10)





وێنەی ژمارە (11)



وێنەی ژمارە (12)

وێنەی ژمارە (13)



وێنەی ژمارە (14)





وێنەی ژمارە (15)



وێنەی ژمارە (16)

وێنەی ژمارە (17)



وێنەی ژمارە (18)





وێنەی ژمارە (19)



وێنەی ژمارە (20)

وێنەی ژمارە (21)



وێنەی ژمارە (22)





وێنەی ژمارە (23)



وێنەی ژمارە (24)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. سەدام حوسێن سەرۆک کۆماری ئێراق و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
2. سەدام حوسێن بە جلوبەرگی کوردییەوە.
3. سەدام حوسێن بە دارلاستیکەوە.
4. قوسەی سەدام حوسێن، سەدام حوسێن و عودەی سەدام حوسێن.
5. سەدام حوسێن لە گوندێکی کوردستان.
6. سەدام حوسێن لەناو دادگادا.
7. عەدنان خەیروڵڵا تولفاح، سەدام حوسێن، ساجیدە خەیروڵڵا توڵفاح هاوسەری سەدام، حوسێن کامیل حەسەن ئەلمەجید وەزیری پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی، قوسەی سەدام، عودەی سەدام و سێ کچەکەی سەدام.
8. ساجیدە خەیروڵڵا توڵفاح، سەدام حوسێن و کچ و بووکەکانی.
9. حەلا سەدام حوسێن (ژنی کەمال مستەفا عەبدوڵڵا سوڵتان تکریتی)، سەدام حوسێن، ساجیدە، عودەی، حوسێن کامل، ڕەغەد سەدام (ژنی حوسێن کامل)، ژنی قوسەی، قوسەی سەدام، ڕەنا سەدام (ژنی سەدام کامل) و سەدام کامیل حەسەن ئەلمەجید.
10. سەدام حوسێن، عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری و عەبد حەمود.
11. تەها یاسین ڕەمەزان، عەلی حەسەن مەجید و سەدام حوسێن.
12. سەدام حوسێن لە ڕۆژی دەستگیرکردنیدا لە ڕێکەوتی (13.12.2003)دا.
13. سەدام حوسێن دوای دەستگیرکردنی بە چەند ڕۆژێک.
14. سەدام حوسێن و بارزان ئیبراهیم حەسەن تکریتی زڕبرای سەدام.
15. سەدام حوسێن لەناو دادگادا.
16. سەدام حوسێن لە ڕۆژی لە سێدارەدانیدا لە ڕێکەوتی (31.12.2006).
17. عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری.
18. عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری.
19. تەها محێدین مەعروف جێگری سەرۆک کۆماری ئێراق.

20. سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە.
21. تاریق عەزیز عیسا.
22. سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی.
23. حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری.
24. شبلی ئەلعەیسەمی.

## ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێراق (مجلس الأمن القومي العراقي):

ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی ئێراقی بریتی بوو لە ئەنجومەنێک کە ژمارەیەک لە دەزگاکانی ئاسایشی سەر بە حکومەتی ئێراقی دەگرتە خۆی و لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم وڵاتە لە هەر مەترسییەکی ناوخۆ و دەرەکی دامەزرابوو. لێپرسراوی یەکەمی ئەو ئەنجومەنە بە بەردەوامی سەدام حوسێن مەجید تکریتی سەرۆک کۆماری ئێراق، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بووە، بەڵام قوسەی سەدام حوسێنی کوڕە بچووکی دیکتاتۆر سەرپەرشتی ئەو دەزگایەی گرتبووە ئەستۆی خۆی، کە لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەتی (مدیر جهاز الأمن الخاص) بووە. بارەگای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێراقی لە کۆشکی کۆماری لە شاری بەغدا بوو، کە هەموو هەفتەیەک کۆبوونەوەی خۆی دەبەست و ئەندامانی بریتی بوون لە نوێنەرانی هەر یەک لە:

1. نووسینگەی کۆشکی کۆماری.
2. سوپای ئێراق.
3. دەزگای هەواڵگری سەربازی گشتیی.
4. هەواڵگری گشتیی.
5. دەزگای ئەمنی تایبەت.
6. بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی.

## سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکان (القيادة العامة للقوات المسلحة):

سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەرزترین دەزگای سەربازی ئێراقی بوو، کە ئەرکی سەرەکی دانانی نەخشە و پلانی سەربازی بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشە و مەترسییەکی دەرەکی و ناوخۆ بۆ سەر دەسەڵاتی حکومی و حزبی سەدام حوسێن و دارودەستەکەی. هەر فەرمان و بەیانێک پەیوەندی بە شەڕ و جەنگەوە هەبوایە لەو ئەنجومەنە دەردەچوو.
سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفال، کیمیاباران کردنی کوردستان بە هەڵەبجەوە هەروەها سڕینەوەی نزیکەی (4500) گوندی کوردستان لە سەر نەخشە، هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێیدا بڕیارەکان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بەڵام فەرماندەیی یان سەرکردایەتیی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ناوبراو، پلان و نەخشەی جێبەجێکردنی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا داڕشتووە و هەر ئەوانیش بەهاوکاری دامودەزگاکانی حکومی، سەربازی و حزبی بڕیارەکان و نەخشە و پلانەکانیان جێبەجێکردووە.
ئەندامانی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان لەکاتی ئەنفالەکاندا بریتی بوون لە:

1. سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆک کۆماری ئێراق، سەدام حوسێن مەجید تکریتی لە نێوان (16.7.1979-9.4.2003)دا فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان بووە.
2. فەریقی یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵڵا تولْفاح ئەلناسری، وەزیری بەرگری (1977-5.5.1989)، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی. عەدنان خەیروڵڵای وەزیری بەرگری و جێگری فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لە ڕێکەوتی (5.5.1989)دا کە ئەو ڕۆژە گەردەلول بوو فڕۆکەکەی لە نزیک گوندی مەلاقەرە-ی سەر بە شارۆچکەی دیبەگە کەوتە خوارەوەو مرد.
3. فەریقی یەکەمی ڕوکن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەربازی. دوای لەناوبردنی ڕژێمی بەعس و سەدام چووە وڵاتی ئوردەن، تا لە ڕێکەوتی (20.9.2014)دا لەوێ مرد.

4. فەریقی ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل محەمەد ئەلجەسام ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی (17.11.1936)، سەرۆکی ئەرکانی سوپا؛ سەرچاوە: (2-16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15). نزار خەزرەجی، ئێستا لە ئیماراتی عارەبییە لە شارۆچکەی (ئەلعەین – العین) کە بیست کیلۆمەتر دەکەوێتە خۆرهەلاّتی ئەبوزەبی پایتەختی ئەو ولاّتە.
5. لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەوالّگری سەربازی گشتیی؛ سەرچاوە: (2-16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15).
6. فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حەمید شەعبان خزەیر ئەلناسری، فەرماندەی هێزی ئاسمانی؛ سەرچاوە: (2-16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15).
7. فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان ئەلحەکەم حەسەن عەلی ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی سوپا – کۆپتەری سمتی (مدیر طیران الجیش - السمتیات)، لە نێوان (29.9.1984-29.9.1988)؛ سەرچاوە: (2-16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15). فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان ئەلحەکەم حەسەن عەلی ئەلتکریتی، لەلایەن (دادگای بالاّی تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شالاّوی ئەنفالەکان و کیمیا باران کردنی هەلّەبجە-دا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو ژمارە (85)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.
8. لیوا ڕوکن سالم محەمەد بەکر، بەڕێوەبەری تۆپهاوێژی (مدیر المدفعیة).
9. عەمید ڕوکنی دەریاوان غائب حەسون غائب، فەرماندەی هێزی دەریاوانی و پاراستنی کەنارەکان (قائد القوة البحریة والدفاع الساحلي). غائب حەسون غائب، لەلایەن (دادگای بالاّی تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شالاّوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (96)ی دراوەتێ لە لیستی داواکراوەکان.
10. فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا - ئۆپراسیۆنەکان؛ سەرچاوە: (2-16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15).

11. فەریق ڕوکن عەبدولستار ئەحمەد جاسم ئەلمعینی، یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا – بەڕێوەبەرێتی، (ماوەیەک فەریق ڕوکن محەمەد عەبدولقاد و ماوەکی تریش فەریق ڕوکن نەجمەدین عەبدوڵڵا محەمەد مەلا حوسێن ئەلجبوری ئەلدوری (30.7.1987–29.6.1988) بوو).
12. فەریق ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – مەشقکردن، ئەندام. نوعمە فارس حوسێن، ئەفسەرێکی پلەبەرزی عارەبی شیعەیەو ئێستاکە لە وڵاتی نەمسادا دەژیت، بەڵام لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (86)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دوارەتێ.
13. فەریق ڕوکن زیائەدین جەمالئەدین، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – ئەمیرە.
14. فەریقی ڕوکن عەلائەدین کازم حەماد ئەلجەنابی، ئەمینداری نهێنی گشتی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
15. لیوا ڕوکن یونس محەمەد سلێمان ئالزەڕب (1939/ موسڵ)، بەڕێوەبەری پلاندانان؛ سەرچاوە: (2–16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15).
16. لیوای ڕوکنی فڕۆکەوان حەسەن خزر حاجی ئەحمەد مەلا عەتۆ موسڵاوی، بەڕێوەبەری جولانەوە ئاسمانییەکان (مدير الحركات الجوية).
17. فەریق عەبدولجەبار موحسین سەلمان ئەللامی (1941–23.12.2012)، عارەبێکی شیعەی مەدەنی بوو کەچی سەدام پلەی لیوای پێبەخشی بوو، سەردەمێک جێگری وەزیری ڕاگەیاندن بوو، دواتریش کرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی بەعسی عارەبی و بەڕێوەبەری فەرمانگەی ڕێنمایی ڕامیاری (مدير دائرة التوجيه السياسي)؛ سەرچاوە: (2–16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15). فەریق عەبدولجەبار موحسین ئەللامی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوەکانی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (200)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

18. فەریقی ڕوکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری (شیعە)، فەرماندەی فەیلەقی یەکی تایبەت و پشکێنەری گشتی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان.
19. عەمید ڕوکن نەجم عەبدوڵڵا محەمەد مەلا حوسێن، بەڕێوەبەری جولانەوە سەربازییەکان (مدیر الحرکات)؛ سەرچاوە: (2-16، الثورة، ژمارە (6577)، ل15). عەمید نەجم عەبدوڵڵا محەمەد، بەگوێرەی نووسراوی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە ژمارە (ق1519/2)ی ڕۆژی (27.12.2005) بۆ بانکی ناوەندی ئێراقی لە ڕێکەوتی (8.12.2005)دا فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە، بەڵام دەستگیر نەکراوە.
20. عەقید حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید تکریتی، وەزیری پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی.

هەر یەک لە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار (ئەحمەد حوسێن خزەیر سامەڕائی) و سکرتێری سەرۆک کۆمار (حامد یوسف حەمادی)، بەشدارییان لە تەواوی کۆبوونەوەکانی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق دەکرد؛ سەرچاوە: (2-17، الثورة، ژمارە (6506)، ل1). هەروەها بەگوێرەی کات و توانا زۆربەی جارەکان فەرماندەی فەیلەقەکان بەشداری کۆبوونەوەکانی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانیان کردووە.
عەقید ڕوکن عەبد خەڵەف محەمەد لەساڵی (1988)دا سەر بە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق بووە.

وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)







وێنەی ژمارە (3) وێنەی ژمارە (4)

**وێنەکانی سەرەوە:**

1. فەریق ڕوکن عەدنان خەیروڵڵا توڵفاح ئەلناسری.
2. فەریق ڕوکن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل.
3. فەریق ڕوکن عەبدولجەبار موحسین ئەللامی.
4. لیوا ڕوکن نەجم عەبدوڵڵا محەمەد.

## سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی (القيادة القطرية للحزب البعث العربي الإشتراكي):

باوەڕ ناکەم هیچ حزبێک بەقەد حزبی بەعس ئەوەندە ئەنجومەن و لیژنەی هەبووبێت. سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس ئەنجومەنێکی حزبی بوو، کە لەپێناوی بڵاوکردنەوەی بیری ئەو حزبە و جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە هەرێمی ئێراق و پلاندانان بۆ گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی حزبەکە و درێژەدان بە جڵەوی دەسەڵات لەو هەرێمەدا، دامەزرابوو. دەبوایە لەسەر تەواوی تاوانەکانی حکومەتی سەدام، حزبی بەعس و سوپا، تەواوی ئەندامانی ئەو سەرکردایەتییە دادگایی بکرانایە، چونکە ئەوان بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی-یان دەکرد و بڕیارەکانیان هاوبەش بوون. سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس لەکاتی ئەنفالەکاندا بریتیبوون لە:

1. سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆک کۆماری ئێراق، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەرۆک وەزیران و ڕازگری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی ئێراقی بووە لە نێوان (16.7.1979-9.4.2003)دا. هەروەها سەدام حوسێن ئەلمەجید، پێشتریش لە نێوان (17.7.1968-16.7.1979)دا جێگری ڕازگری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس بووە لە ئێراق.
2. عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری، جێگری ڕازگری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی ئێراقی؛ سەرچاوە: (2-18، الثورة، ژمارە (6647)، ل6).
3. عەلی حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی (عەلی کیمیایی)، ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس؛ سەرچاوە: (2-19، الثورة، ژمارە (6656)، ل5).
4. کامل یاسین ڕەشید تکریتی (1951-16.1.2012)، ڕازگری نهێنی بیرۆی ناوەڕاستی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس؛ سەرچاوە: (2-20، الثورة، ژمارە (6657)، ل6).

5. سەعدی مەهدی ساڵح ئەلڕاوی (سوننە)، ڕازگری نهێنی بیرۆی بەغدای ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس؛ سەرچاوە: (2–18، الثورة، ژمارە (6647)، ل4).
6. عەبدولحەسەن ڕاهی فرعەون (شیعە)، ڕازگری نهێنی بیرۆی ڕێکخستنەکانی فوراتی حزبی بەعس؛ سەرچاوە: (2–20، الثورة، ژمارە (6657)، ل6).
7. عەبدولغەنی عەبدولغەفور فلەیح ئالمدلج ئەلعانی، ڕازگری نهێنی بیرۆی ڕێکخستنەکانی باشووری حزبی بەعس؛ سەرچاوە: (2–20، الثورة، ژمارە (6657)، ل6).
8. مزبان خزر هادی ئەلمەندەلاوی (1938–16.5.2020)، ڕازگری نهێنی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی پیشەیی و میللی؛ سەرچاوە: (2–20، الثورة، ژمارە (6657)، ل6). مزبان خزر هادی مەندەلاوی (شیعە)، لە ڕۆژی (9.7.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا.
9. حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری (شیعە)، سکرتێری بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز؛ سەرچاوە: (2–20، الثورة، ژمارە (6657)، ل6)؛ سەرچاوە: (2–14، الثورة، ژمارە (6650)، ل3).
10. محەمەد حەمزە قەیتان ئەلزوبەیدی (1938–2.12.2005)، وەزیری گواستنەوەو گەیاندن؛ سەرچاوە: (2–21، الثورة، ژمارە (6657)، ل4). محەمەد زوبەیدی (شیعە)، لە ڕێکەوتی (20.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکی لە (محاویل) دەستگیرکرا، دواتر لە ڕێکەوتی (2.12.2005)دا لە زیندانی ئەمریکییەکان مرد.
11. سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوەخۆ؛ سەرچاوە: (2–21، الثورة، ژمارە (6657)، ل4).
12. لەتیف نسەیف جاسم ئەلدلێمی، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن؛ سەرچاوە: (2–21، الثورة، ژمارە (6657)، ل4). لەتیف نسەیف، لە دوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.6.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا.

وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. لەتیف نسەیف جاسم ئەلدلێمی.
2. مزبان خزر هادی مەندەلاوی.
3. عەبدولغەنی عەبدولغەفور فلەیح ئالمدلج ئەلعانی.
4. محەمەد حەمزە قەیتان ئەلزوبەیدی.

## سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار:

سەدام حوسێن مەجید ئەلناسری تکریتی، لە ماوەی (9.4.2003-16.7.1979)دا سەرۆک کۆماری ئێراق بووە. سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار، ئەلقەی پەیوەندی نێوان سەرۆک کۆمار و دامودەزگا حکومی و حزبییەکان بووە و ئیشوکارەکانی سەرۆک کۆماری ئێراق (سەدام حوسێن)ی ڕێکدەخست، هەر لە وەرگرتنی ئەو نامە فەرمی و پۆستانەی لە هەر وەزارەتێک، ئەنجومەن و دەزگایەکی حزبی، سەربازی و حکومی بۆ سەرۆک کۆمار نێردرابن، هەروەها وەڵامدانەوەی نامەکان و ناردنی نامە، دەرکردنی فەرمان و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق و گشتاندنیان بۆ تەواوی دەزگا حکومی، حزبی و سەربازییەکان. لەگەڵ دیاریکردنی کۆبوونەوە و دیدارەکانی سەرۆک کۆمار لە ئەنجومەنە حزبی و حکومی و سەربازییەکان. ئەوانەی لە سکرتاریەتی سەرۆک کۆماری ئێراق کاریان کردووە ئەمانەن:

یەکەم: حامد یوسف حەمادی، لە ساڵی (1975-1979) بەڕێوەبەری گشتیی بووە لە نووسینگەی جێگری سەرۆک کۆمار (کە ئەو ماوەیە سەدام حوسێن جێگری سەرۆک کۆمار بووە). دواتر هەر لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری لەلایەن (سەدام حوسێن)ەوە لە (17.7.1979)دا، حامد یوسف حەمادی کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی نوسینگەی سەرۆک کۆمار و تا ساڵی (1982) لەو پۆستە مایەوە. پاشان لە ساڵانی (1982-1989)دا سکرتێری سەدام حوسێن بووە. ئینجا لە ئۆکتۆبەری ساڵانی (1989-1991) سەرپەرشتیکاری نووسینگەی سەرۆکایەتی کۆمار بووە. لە ساڵی (1991)دا کراوە بە وەزیری ڕۆشنبیری ئێراق تاوەکو لە ساڵی (1995)دا بە فەرمانی سەدام لادراوە. لە کۆتایی ساڵی (1996)دا بۆ جارێکیتر کرایەوە بە وەزیری ڕۆشنبیری تا لە مانگی ئاوگۆستی ساڵی پاشتر دووبارە لادرا. حامد یوسف حەمادی، لە ساڵانی (1997-2001) هیچ پۆستێکی حکومی نەدرایێ، بەڵام لە ساڵی (2001)ەوە دیسان گەڕایەوەو کرا بە وەزیری ڕۆشنبیری و هەر لەو پۆستەیدا مایەوە تاوەکو ڕوخانی ڕژێم. ناوبراو لەکاتی ئەنفالەکاندا واتە لە ساڵەکانی (1987-1988)دا سکرتێری سەدام حوسێن بووە، هەموو دەزگاکانی ئەمنی عامە، دەزگای ئەمنی خاس، بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری گشتیی و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بە بڕیاری ژمارە (150)ی ئەنجومەنی

سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە ڕێکەوتی (9.2.1988)دا لەپێناوی جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال خرانە سەر سکرتاریەتی سەرۆک کۆمارەوە، واتە سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار کە حامد یوسف حەمادی بەرپرسی یەکەمی ئەلقەی پێوەندی نێوان ئەو دەزگایانە و سەدام حوسێن بووە. هەروەها چەندان بەڵگەنامەی ترسناک و گرنگ سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی کورد لە نووسینگەکەی ئەو و بە واژۆی ئەو دەرچووە و بەتایبەت بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق ڕەوانەکراوە. حامد یوسف حەمادی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (3)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە. حامد یوسف، لە دوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (24.1.2006)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکراوە، کەچی لە ڕێکەوتی (25.10.2011)دا فەرمانی ئازادکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق دەرچووە، دواتریش بە بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای قەزایی دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسدی (شیعە) لە ڕێکەوتی (16.4.2012)دا ئازاد کراوە و ڕۆژی دواتر ئێراقی جێهێشتووە.

دووەم: فەوزی خەڵەف ئەرزیق، بەڕێوەبەری نووسینگەی ئەمینداریێتی نهێنی هەرێمایەتی (كتاب القيادة القطرية – مكتب أمانة سر القطر، العدد/15334/52 في 1988/5/29 الى رئاسة الجمهورية/مكتب أمانة السر للقيادة العامة للقوات المسلحة؛ سەرچاوە: شۆڕش حاجی، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل223).

سێیەم: عەقید ڕوکن عەبد خەڵەف محەمەد سەر بە (أمانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة – ئەمینداریێتی نهێنی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان)، بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (س. غ. ش/ 177)ی ڕێکەوتی (20.3.1988)دا، داوا دەکات بە چەکی تایبەت (چەکی کیمیایی) بەهۆی تۆپی دوورهاوێژەوە بەتایبەت لەکاتی شەواندا لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدرێت.

چوارەم: ئەحمەد حوسێن خزەیر ئەلسامەڕائی، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5976).

پێنجەم: ڕۆژنامەنووس هانی وەهەیب سکرتێری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنی سەرۆک کۆماری ئێراق سەدام حوسێنی دکتاتۆر بووە؛ سەرچاوە: (2-19، الثورة، ژمارە (6656)، ل5).

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)



**وێنەکانی سەرەوە:**

1. حامد یوسف حەمادی.
2. ئەحمەد حوسێن خزەیر ئەلسامەڕائی.

## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران:

ئەنجومەنی وەزیران دووەم بەرزترین ئەنجومەنی حکومەتی ئێراق بووە و دوای سەرۆکایەتی کۆمار هاتووە، کە بە گوێرەی دەستوور دەسەڵاتێکی ڕەها درابوو بە سەرۆک کۆمار. ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن بوو و ئەرکی سەرەکی ئەو ئەنجومەنە جێبەجێکردنی تەواوی فەرمان و بڕیارەکانی سەرۆک کۆمار، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەرکردایەتی نەتەوەیی و هەرێمایەتی حزبی بەعس و بەڕێوەبردنی وڵات بوو. مەرجی سەرەکی بۆ دەستنیشان کردنی کەسێک بۆ وەرگرتنی پۆستێکی وەزاری دەبوایە ئەندامی حزبی بەعس بووایە. ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفال، پێکدەهات لەمانەی خوارەوە:

1. سەدام حوسێن مەجید ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە نێوان (16.7.1979-9.4.2003). هەرچەندە بەپێی ڕۆژنامەکان، بۆم دەرکەوت کە سەدام حوسێن مەجید تکریتی هەر لە ساڵی (1983)ەوە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە کە ڕۆژنامەی کۆنترم دەست نەکەوت، بۆیە دەبێت هەر خۆی سەرۆک وەزیران بووبێت؛ سەرچاوە: (2-22، هاوکاری، ژمارە (701)، ل1).
2. تەها یاسین ڕەمەزان ئەلجەزراوی، جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران؛ سەرچاوە: (2-23، العراق، ژمارە (3711)، ل1)؛ سەرچاوە: (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل1).
3. تاریق عەزیز عیسا حەنا، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی کۆماری ئێراق؛ سەرچاوە: (2-25، الثورة، ژمارە (6685)، ل1)؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5899+5944+5591+6013).
4. فەریق یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵڵا تولفاح ئەلناسری ئەلتکریتی (23.9.1940)، وەزیری بەرگری (لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (5.5.1989)دا فڕۆکەکەی لە گوندی مەلاقەرەی ڕۆژئاوای شارۆچکەی دیبەگە کەوتە خوارەوە و عەدنان مرد. لەو کاتەدا پروپاگەندەیەک لەناو خەڵک بڵاوبووەوە کە گوایا بە پلانی سەدام کوژرابێت، لە زۆر سەرچاوە و نووسینیشدا ئەو بۆچوونەم خوێندۆتەوە، بەڵام من ئەو ئێوارەیە لە شاری هەولێر بووم و

خۆڵباران و گەردەلولێکی سەخت بوو، کە لای دیبەگەشی گرتبووەوە. بۆیە بە باوەڕی من ئەگەری پلانێک بۆ کوژرانی ئەو لەلایەن سەدام، ئەگەرێکی دوورە لە ڕاستیەوە.

5. حکمەت عومەر مخیلف حەدیسی، وەزیری دارایی؛ سەرچاوە: (2–26، الثورة، ژمارە (6689)، ل نەزانراوە).
6. فەریقی یەکەمی ڕوکن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەربازی؛ سەرچاوە: (2–28، الثورة، ژمارە (6508)، ل1)؛ سەرچاوە: (2–11، الثورة، ژمارە (6754)، ل1).
7. لەتیف نسەیف جاسم ئەلدلێمی، وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن؛ سەرچاوە: (2–28، الثورة، ژمارە (6508)، ل1)؛ (2–12، الثورة، ژمارە (6523)، ل4)؛ سەرچاوە: (2–1، ب25، ل 5905).
8. تاهیر محەمەد حەسون ئەلمەرزوک، وەزیری نیشتەجێ و ئاوەدانکردنەوە؛ سەرچاوە: (2–12، الثورة، ژمارە (6523)، ل1)؛ ڕۆژی مەراسیمی سوێندخواردنی بوونی بە وەزیر؛ (2–29، الثورة، ژمارە (6666)، ل1)؛ سەرچاوە: (2–1، ب25، ل5976).
9. عەقید حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید ئەلناسری ئەلتکریتی، وەزیری پیشەسازی سەربازی. عەقید حوسێن کامل حەسەن تکریتی، لە پاداشتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەعس بۆ سەر کوردستان (کەرکوک، سلێمانی و هەولێر)، بە بڕیاری (329)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی (2.9.1991)دا وسام ڕافدەینی پلە یەک و جۆری سەربازی + وسامی ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + سەیف ئوم ئەلمەعارکی پلە یەک + دە مەدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (1–4، سەعد بەزاز، الجنرالات اخر من یعلم، ل147).
10. دکتۆر محەمەد مەهدی ساڵح ئەلڕاوی، وەزیری بازرگانی؛ سەرچاوە: (2–8، الثورة، ژمارە (6541)، ل5)؛ سەرچاوە: (2–1، ب25، ل6042). دکتۆر محەمەد مەهدی ساڵح ئەلڕاوی، لە ڕێکەوتی (23.4.2003)دا دەستگیرکرا، لەسەر دۆسێی بەعارەبکردنی شاری کەرکوک دادگایی کراو لە ڕێکەوتی (2.8.2009)دا دادوەر بڕیاری بێتاوانی ناوبراوی دەرکرد، پاشان لە

ڕێکەوتی (25.10.2011)دا فەرمانی ئازادکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق دەرچووە، دواتریش لە ڕێکەوتی (16.4.2012)دا بەپێی بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای قەزایی ئێراقی دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسد ئازاد کراوە و ئەویش دەستبەجێ ئێراقی جێهێشت.

11. عەبدولقادر عزەدین حەمودی، وەزیری پەروەردە؛ سەرچاوە: (2-14، الثورة، ژمارە (6650)، ل4).
12. دکتۆر مونزر ئیبراهیم ئەلشاوی، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوە زانستییەکان؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5984).
13. دکتۆر سادق حەمید عەلوش (شیعە)، وەزیری تەندروستی؛ سەرچاوە: (2-14، الثورة، ژمارە (6650)، ل11). دکتۆر سادق حەمید عەلوش بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (499)ی ڕێکەوتی (11.5.1988) لە پۆستی وەزیری تەندروستی لادراوە؛ سەرچاوە: (2-30، الثورة، ژمارە (6561)، ل1). سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوخۆ و بریکاری وەزیری تەندروستی؛ سەرچاوە: (2-31، الثورة، ژمارە (6630)، ل4). دکتۆر عەبدولسەلام محەمەد سەعید، وەکو بریکاری وەزیری تەندروستی دامەزراوە؛ سەرچاوە: (2-30، الثورة، ژمارە (6561)، ل1). سەرچاوە: (2-32، الثورة، ژمارە (6641)، ل4).
14. ساماڵ مەجید فەرەج (کورد)، وەزیری پلاندانان؛ سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی (25)، ل5889)؛ (2-33، الثورة، ژمارە (6684)، ل نەزانراوە). دکتۆر ساماڵ دوای ڕوخانی سەدام هاتەوە سلێمانی.
15. بابەکر مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری (کورد)، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی؛ سەرچاوە: (2-34، الثورة، ژمارە (6612)، ل4).
16. عەبدولتەواب مەلا حوەیش تکریتی، وەزیری پیشەسازییە قورسەکان؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5981). عەبدولتەواب مەلا حوەیش تکریتی، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (2.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا.
17. عوسام عەبدولڕەحیم ئەلجەلەبی، وەزیری نەوت؛ سەرچاوە: (2-14، الثورة، ژمارە (6650)، ل4)؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل6009).

18. کەریم حەسەن ڕەزا، وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری؛ سەرچاوە: (2-35، الثورة، ژمارە (6515)، ل نەزانراوە)؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل6068).
19. ئەکرەم عەبدولقادر عەلی، وەزیری داد؛ سەرچاوە: (2-36، الثورة، ژمارە (6638)، ل7)؛ (2-11، الثورة، ژمارە (6754)، ل1).
20. سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوخۆ؛ سەرچاوە: (2-37، العراق، ژمارە (3714)، ل3)؛ (2-11، الثورة، ژمارە (6754)، ل4).
21. محەمەد حەمزە ئەلزوبەیدی (شیعە)، وەزیری گواستنەوەو گەیاندن؛ سەرچاوە: (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل4).
22. عەبدوڵڵا فازڵ عەباس ئەلجبوری سامەڕائی، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی؛ سەرچاوە: (2-11، الثورة، ژمارە (6754)، ل4)؛ (2-38، العراق، ژمارە (3871)، ل2). عەبدوڵڵا فازڵ جبوری، لە ساڵی (1998)دا لەلایەن (سەدام حەسێن)ەوە کوژرا.
23. دکتۆر سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە (شیعە)، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە؛ (2-25، الثورة، ژمارە (6685)، ل1).
24. عەدنان داود سەلمان، وەزیری بەڕێوەبەرێتی ناوخۆ (الحكم المحلي)؛ سەرچاوە: (2-39، العراق، ژمارە (3854)، ل نەزانراوە).
25. عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەحمەد تاجەدین، وەزیری دەوڵەت؛ سەرچاوە: (2-21، الثورة، ژمارە (6566)، ل4).
26. ئەرشەد ئەحمەد محەمەد زێباری، وەزیری دەوڵەت؛ سەرچاوە: (2-21، الثورة، ژمارە (6566)، ل4). ئەرشەد زێباری لە تورکیایە.
27. هاشم حەسەن ڕەشید عەقراوی (1926-5.10.1990)، وەزیری دەوڵەت؛ سەرچاوە: (2-21، الثورة، ژمارە (6566)، ل4).
28. لەو ساڵەدا هیچ پۆستێکی وەزاری بۆ وەزیری وەرزش و لاوان دیاری نەکراوە، پێدەچێت لەبەرئەوەی ئەوکاتە عودەی سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلتکریتی (18.6.1964-22.7.2003)، سەرۆکی ئەوکاتی لیژنەی ئۆڵۆمپی نیشتمانیی و سەرۆکی نووسینگەی جێبەجێکردنی ئەنجومەنی وەزیرانی لاوان و وەرزشی عارەبی بووە؛ سەرچاوە: (2-40، الثورة، ژمارە (6607)، ل13)، تاوەکو تەواوی ئەرکەکانی وەرزش و لاوان بگرێتە ئەستۆی خۆی.


هەروەها خالید عەبدولحەمید تەبرە جێگری عودەی (واتە جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نیشتمانیی ئێراقی) بووە. بەڵام بەگوێرەی گۆڤاری (ئەلف بای) ڕژێم، لە سەرەتای ساڵی (1989)دا، کەریم مەحمود حوسێن (کەریم مەلا) سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نیشتمانیی ئێراق بووە؛ سەرچاوە: (2-41، گۆڤاری (الف باء)، ژمارە (1058)، ل62). عودەی کوڕی سەدام حوسێن، لە ڕێکەوتی (22.7.2003)دا لە ماڵی (نەواف زێدان ئەلشەمەری) لە (گەڕەکی جووتیاران – حي الفلاح) لە بەرانبەر (گەڕەکی زانکۆ – حي الجامعة) لەناو شاری موسڵی کوردی بەعارەبکراو لەلایەن تیپی (101)ی سەر بە سوپای ئەمریکییەوە لەگەڵ قوسەی برا بچووکی و مستەفای کوڕی قوسەی کە تەمەنی (14) ساڵان بوو، کوژران.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

**وێنەکانی سەرەوە:**

1. محەمەد مەهدی ساڵح ئەلڕاوی.
2. عەبدولتەواب مەلا حوەیش تکریتی.
3. بابەکر مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری.
4. عودەی سەدام حوسێن.

## پارێزگارەکانی پارێزگاکانی کوردستان و ئێراق لە سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەکاندا:

ئەمانەی خوارەوە پارێزگاری پارێزگاکانی کوردستان و ئێراق بووینە لە سەردەمی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکاندا:

1. ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنە، پارێزگاری هەولێر (1985-کۆتایی 1988)؛ سەرچاوە: (2-18، الثورة، ژمارە (6647)، ل4). ئیبراهیم محەمەد زەنگەنە، لەنێوان ساڵانی (1985-1988)دا پارێزگار بووە. دوای لادانی زەنگەنە (یەحیا محەمەد ڕەشید جاف بووە پارێزگاری هەولێر؛ سەرچاوە: (2-42، گۆڤاری کاروان، ژمارە (73)، ل137-139)؛ سەرچاوە: (2-43، هاوکاری، ژمارە (1136)، ل2). یەحیا جاف، لە ڕۆژی (24.5.2013) لە تورکیا مرد و تەرمەکەیان هێنایەوە سلێمانی. ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنە، یەکێکە لەو سێ تۆمەتبارە بەعسیەی کە بووەتە هۆکاری شەهید کردنی شاکر فەتاح ئەحمەد مستەفا حاجی قوربانی (شاکر فەتاحی نووسەر/ سلێمانی/ 1914)، دوای ئەوەی ناوبراو بەشداری لە کۆنگرەیەک دەکات لە هەولێر لە ڕێکەوتی (12.3.1988)دا، لە وتارێکی خۆیدا ناوی پێشمەرگە بە شۆڕشگێڕ دەبات و داوا لە حکومەتی بەعس دەکات کە لە ڕێگای گفتوگۆوە لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کورد چارەسەری پرسی کورد بکەن. ئەوەبوو شاکر فەتاح لە ڕێکەوتی (18.3.1988)دا لەلایەن ئەمنی شاری سلێمانی لە ماڵەکەی خۆی دەستگیر دەکرێت، دواتریش لەسەر بڕیاری عەلی حەسەن مەجید، لە ڕێکەوتی (27.6.1988)دا شەهیدی دەکەن.
2. نامیق ڕەقیب محەمەد سوورچی، پارێزگاری دهۆک؛ سەرچاوە: (2-10، الثورة، ژمارە (6632)، ل5). لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1989)دا نامیق سوورچی لادرا، محەمەد پیرۆز ڕۆستەم موسا دەلۆیی هاتە شوێنی ناوبراو و بوو بە پارێزگاری نوێی دهۆک؛ سەرچاوە: (2-43، هاوکاری، ژمارە (1136)، ل2). نامیق ڕەقیب محەمەد سوورچی، لە ساڵی (2004)دا کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتووی ئێراق. سەبارەت بە محەمەد پیرۆز ڕۆستەم موسا دەلۆیی، لە ساڵی (1996)دا بە بڕیاری ژمارە (66)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق

(سەدام حوسێن ) کراوەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی شاری سلێمانی. محەمەد پیرۆز ڕۆستەم و هەر یەک لە ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنەی پارێزگاری هەولێر و عەبدولڕەزاق مەرعی حەسەن ئەللهێبی، ئەندامی لقی هەولێری حزبی بەعس ئەو سێ بەعسییە تۆمەتبارن بە هۆکاری شەهید کردنی شاکر فەتاحی نووسەر. محەمەد پیرۆز ڕۆستەم موسا دەلویی، ئەوکات ئەمینداری گشتیی پەروەردە و فێرکردنی باڵا بووە.

3. جەعفەر عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، پارێزگاری سلێمانی. دواتر لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1989)دا کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان (ئەو ئەنجومەنە، ئەنجومەنێکی کارتۆنی بوو تەنیا سیاسەت و نەخشە و پلانی سەرکردایەتی حزبی بەعس و حکومەتی سەدامی لە کوردستان جێبەجێ دەکرد، کە گشتیان لەدژی کورد بوون). شێخ جەعفەر بەرزنجی، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (164)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا دراوەتێ. شێخ جەعفەر، لەدوای ڕاپەڕین چووە بەغداو لەوێ کرایە ڕازگری نهێنی بیرۆی باکوور (أمین سر مکتب تنظیم الشمال)ی حزبی بەعس و دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام بە هاوکاری شێخ جەعفەر مستەفا عەلی وەزیری کاروباری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرەتا ڕەوانەی وڵاتی سوریا کراو دواتریش هاتەوە کوردستان و لە کەرکوک دادەنیشێ و شێخ جەعفەر قەرەداغی دەیپارێزێ؛ سەرچاوە: (2-45، هاوڵاتی، ژمارە (122)، ل1)، شێخ جەعفەر بەرزنجی لە دیدارێکدا لەگەڵ هاوڵاتی بەرپرسێکی گەورەی یەکێتی مۆڵەتی پێداوم). دوای دەست بەکاربوونی جەعفەر بەرزنجی وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی لە ڕێکەوتی (17.10.1989)دا بوو بە پارێزگاری نوێی شاری سلێمانی؛ سەرچاوە: (2-44، هاوکاری، ژمارە (1118)، ل4). عەقید کاکل گەردی لە پۆستی پارێزگاری سلێمانیدا مایەوە تاوەکو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەلکی ستەمدیدەی تەواوی شارەکانی باشووری

کوردستان، کە لە ڕۆژی (8.3.1991)دا واتە دووەم ڕۆژی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، ناوبراو لەگەڵ چەندان گەورە بەرپرسی حزبی بەعس، ئەمن و ئیستخباراتی سەر بە ڕژێمی سەدام لەناو باڵەخانەی بەڕێوەبەرێتی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، کوژرا.

4. مونزر نسەیف جاسم ئەلدلیمی، پارێزگاری کەرکوک ؛ سەرچاوە: (2-46، الثورة، ژمارە (6627)، ل7). مونزر نسەیف جاسم، لە نێوان (4.6.1985-22.10.1989)دا پارێزگار بووە، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (160)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
5. تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، پارێزگاری پارێزگای نەینەوا (موسڵ)؛ سەرچاوە: (2-47، الثورة، ژمارە (6582)، ل4). تاهیر تۆفیق ئەلعانی، لەنێوان (17.11.1987-26.10.1991)دا پۆستی پارێزگاری ئەو شارەی بەدەست بووە.
6. محەمەد زمام عەبدولڕەزاق ئەلسەعدون، پارێزگاری پارێزگای سەڵاحەدین؛ سەرچاوە: (2-18، الثورة، ژمارە (6647)، ل4). ناوبراو لە ڕێکەوتی (15.2.2004)دا دەستگیرکرا. محەمەد زمام عەبدولڕەزاق، دەبوایە وەکو پارێزگاری تکریت، کە شاری تکریت شوێنی کۆکردنەوەی بەشێکی زۆری گوندنشینە ئەنفال کراوەکان بووە، بەتاوانی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکان و وەکو بەرپرسی یەکەمی بەعس لە شاری کەرکوک بە تاوانی بەعارەبکردنی ئەو شارە دادگایی بکرایە، کەچی تەنیا لەسەر دۆسێی بەعارەبکردنی کەرکوک دادگایی کراو لە ڕێکەوتی (2.8.2009)دا سزای (6) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو.
7. عەبدولڕەحیم عەبدولمەجید، پارێزگاری پارێزگای دیالە؛ سەرچاوە: (2-46، الثورة، ژمارە (6627)، ل7).
8. یەحیا محەمەد ڕەشید جاف، پارێزگاری واست (کوت)؛ سەرچاوە: (2-48، الثورة، ژمارە (6639)، ل5).
9. خالید عەبدولمونعیم ڕەشید ئەمین ئەلجەنانی، ئەمینداری بەغدا؛ سەرچاوە: (2-46، الثورة، ژمارە (6627)، ل7).

10. عەدنان غێدان محەمەد، پارێزگاری ئەنبار (ڕومادی)؛ سەرچاوە: (2–49، الثورة، ژمارە (6653)، ل9).
11. کازم بەتین زاهر (کاظم بطين ظاهر)، پارێزگاری قادسیە؛ سەرچاوە: (2–50، الثورة، ژمارە (6626)، ل9).
12. کازم نوعمە سەلمان، پارێزگاری موسەنا؛ سەرچاوە: (2–50، الثورة، ژمارە (6626)، ل9).
13. غازی محەمەد عەلی، پارێزگاری کەربەلا؛ سەرچاوە: (2–50، الثورة، ژمارە (6626)، ل9).
14. سابت فەهد عەلی، پارێزگاری نەجەف؛ سەرچاوە: (2–10، الثورة، ژمارە (6632)، ل5).
15. هاشم حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی، پارێزگای بابل (حلة)؛ سەرچاوە: (2–32، الثورة، ژمارە (6641)، ل4). هاشم حەسەن مەجید، لە نێوان (1.4.1991–19.10.1991)دا پارێزگاری کەرکوک بووە، ئەو لەسەر دۆسێی بەعارەبکردنی ئەو شارە دادگایی کراو لە ڕێکەوتی (2.8.2009)دا بێتاوان دەرچوو، وەلێ دواتر لە ڕێکەوتی (25.10.2011)دا فەرمانی ئازادکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق دەرچووە، دواتریش بە بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای قەزایی دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسد لە ڕێکەوتی (16.4.2012)دا ئازاد کراوە.
16. تەها یاسین حوسێن، پارێزگاری زیقار؛ سەرچاوە: (2–51، الثورة، ژمارە (6636)، ل4).
17. تایە عەبدولکەریم زەعراوی ئال حقون ئەلعانی (1933–10.1.2018)، پارێزگاری میسان (عمارە)؛ سەرچاوە: (2–52، الثورة، ژمارە (6642)، ل4).
18. ئەنوەر سەعید عومەر ئەلحەدیسی، پارێزگاری بەسرا؛ سەرچاوە: (2–53، الثورة، ژمارە (6668)، ل4).

2795

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

المحكمة الجنائية العراقية العليا
قضاة التحقيق

العدد :
التاريخ :

## مذكرة قبض

إلى / جميع أعضاء الضبط القضائي جميع منتسبين الشرطة وقوى الأمن الداخلي

نخولكم إلقاء القبض على المتهم المدون أسمه وتسليمه لمحكمتنا وذلك لان المذكور أسمه أدناه مطلوب لدى المحكمة الجنائية العراقية العليا .

١. الاسم الثلاثي واللقب : جعفر عبد الكريم البرزنجي
٢. محل الإقامة : مجهول محل الاقامة
٣. المهنة : محافظ السليمانية رئيس اللجنة الأمنية في السليمانية
٤. الأوصاف :
٥. نوع التهمة والمادة القانونية : المادة (١٢) أ، د، ي بدلالة المادة (١٥) أولاً وثانياً من قانون المحكمة الجنائية العراقية المختصة العليا

في حالة إلقاء القبض على المتهم تتلى عليه الحقوق والضمانات المدرجة أدناه :

١. لك الحق في توكيل محامي .
٢. في حالة عدم القدرة على توكيل محامي لك الحق بطلب المساعدة القضائية بالانتداب محامي للدفاع عنه حيث تتحمل المحكمة تكاليف المحامي .
٣. لك الحق في السكوت وعدم الإجابة على أي سؤال ولا يعتبر ذلك دليل ضدك .
٤. لك الحق في استدعاء شهود الدفاع ومناقشة شهود الإثبات .


القاضي
كاظم عبد الكريم رحيم


المحكمة الجنائية العراقية العليا
Iraqi Special Tribunal
Email: hictinsulaimaniya@yahoo.com

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)




وێنەی ژمارە (4)

وێنەی ژمارە (5)



وێنەی ژمارە (6)





وێنەی ژمارە (7)

**وێنەکانی سەرەوە:**

1. ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنە.
2. یەحیا محەمەد ڕەشید جاف.
3. محەمەد پیرۆز ڕۆستەم موسا دەلۆیی.
4. جەعفەر عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی.
5. تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی.
6. محەمەد زومام عەبدولڕەزاق ئەلسەعدون.
7. هاشم حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری.

## هێزی ئاسمـــــــــــــــــانی:

هێزی ئاسمانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (22.4.1931)دا لەلایەن ئەفسەرێکی ئێراقی بەناوی (موقەدەم ڕوکن محەمەد عەلی جەواد)ەوە دامەزراوە، کە دواتر بە پلەی عەقید ڕوکن بوو بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق. هەر لەو ڕۆژەدا یەکەم دەستەی فڕۆکەوانی کە پێنج فڕۆکەوان بوون بە پێنج فڕۆکەی جەنگی گەڕانەوە ئێراق. ئەو فڕۆکەوانانە پێشتر لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1927)دا بە مەبەستی مەشقکردن لەسەر فڕۆکەی جەنگی چووبوون بۆ بەریتانیا و لە کۆلیژی هێزی ئاسمانی (کرانۆیل) مەشقیان پێکرابوو؛ سەرچاوە: (2-230، ماڵپەڕی پوکمیدیا، عەمیدی لۆجیستیکی فڕۆکەوانی ئازاد ئیبراهیم شاڵی، مێژووی هێزی ئاسمانی عێراق لە ساڵی 2005 تا ساڵی 2011 و ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و گەنجەکانی هەرێم).

هێزی ئاسمانی ئێراق سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بووە، بەڵام فەرمانی لە وەزارەتی بەرگری و فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانیش وەرگرتووە. عەقید ڕوکن محەمەد عەلی جەواد، کە پورزای یەکەم سەرۆک کۆماری ئێراق زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم محەمەد عوسمان زوبەیدی (21.11.1914-9.2.1963) بوو، لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (11.8.1937)دا لەناو فڕۆکەخانەی موسڵ لەگەڵ فەریق ڕوکن (بەکر سدقی شەوقی عەسکەری) سەرۆک ئەرکانی سوپادا کوژرا. دوای کوژرانی موقەدەم ڕوکن محەمەد عەلی جەواد، عەقید ڕوکن شاکر الوادی وەکو فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی دامەزرا، کە دواتر لە وەزارەتی دوازدەهەمی نوری سەعید دا لەنێوان (2.8.1954-17.12.1955)دا کرا بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی؛ سەرچاوە: (1-5، عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية في طبعته الموسعة والمزيدي، الجزء التاسع، ل139).

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان سامی عەبدولفەتاح (1905-4.6.1987)، لەنێوان ساڵی (1941-نیسانی 1954) فەرماندەی هێزی ئاسمانی پادشایەتی بووە، سەرەڕای ئەوەی کە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە لەنێوان (29.10.1952-30.9.1953)دا.

عەقید ڕوکنی فڕۆکەوان جەلال جەعفەر ئەوقاتی کە ئەندامی حزبی شیوعی ئێراقی بوو، لە ڕێکەوتی (14.7.1958)دا لەلایەن زەعیم عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک

كۆماری ئێراق (9.2.1963-14.7.1958)، بەگوێرەی فەرمانی كۆماری ژمارە (3)ی ڕۆژی 14.7.1958)دا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی دامەزرا، دواتریش بەگوێرەی بەیانی ژمارە (13)ی بەعسیە كودەتاچییەكان لە ڕێكەوتی (8.2.1963)دا كوژرا، كە نزیكەی دوو سەد كەس لە سەرۆك كۆمار، وەزیر، دادوەر و ئەفسەرانی پلەبەرز بەگوێرەی بەیانی ناوبراو لەلایەن بەعسییەكانەوە لەنێوبردران.

لەدوای كۆدەتای شوباتی ساڵی (1963)دا سەرەتا عەقید ڕوكن عارف عەبدولڕەزاق كوبەیسی (1921-30.3.2007)، لە ماوەی نێوان (8.2.1963-28.2.1963)دا واتە بۆ ماوەی بیست ڕۆژ فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی بووە، كەچی دواتر لەهەمان ڕۆژ فەریق ڕوكنی فڕۆكەوان حەردان ئەلحاج عەبدولغەفور تكریتی هاتە شوێنەكەی ئەو و كرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و تا ڕۆژی (16.12.1963) لەو پۆستەدا مایەوە. فەریق حەردان تكریتی، دواتر لە ساڵی (1968)دا كرا بە وەزیری بەرگری و پاشان ڕایكرد بۆ كوێت، حكومەتی ئێراق لە ڕۆژی (30.3.1971)دا لەوێدا كوشتی. دوای ڕاكردنی فەریق حەردان تكریتی، عەقید ڕوكنی فڕۆكەوان عارف عەبدولڕەزاق كوبەیسی بۆ جاری دووەم لەنێوان (16.12.1963-4.9.1965)دا فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئێراقی كەوتەوە دەست.

عەمید ڕوكن كازم شێخ عەبادی (شیعە)، بۆ ماوەیەک كرا فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی.

لیوا ڕوكنی فڕۆكەوان جەسام محەمەد ئەلشاهر ئەلجبوری (موسڵ/ نەمرود 1914-1999)، لە ماوەی نێوان (22.9.1966-17.7.1968)دا فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی بووە. عەمیدی فڕۆكەوان محەمەد ناسر ئەلكەسار، لە مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1968)دا جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە.

لە ساڵی (1969)دا عەمید ڕوكنی فڕۆكەوان حوسێن حەیاوی تكریتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە و تاوەكو سەرەتای حەفتاكانیش هەر لەو پۆستەدا مایتەوە.

لە چوار ساڵی یەكەمی دەستپێكردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران (22.9.1980-8.8.1988)دا واتە لە نێوان ساڵەكانی (1980-مانگی 1984/12)، فەریق ڕوكنی فڕۆكەوان محەمەد جەسام حەنێش جبوری (بەغدا 1939)، فەرماندەی هێزی ئاسمانی و پارێزگاری ئاسمانی بووە.

فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حەمید شەعبان خزەیر ئەلناسری ئەلتکریتی، لە ساڵانی (1984–1989)دا فەرماندەی هێزی ئاسمانی و بەرگری ئاسمانی بووە، کەواتە ئەو لەکاتی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە بە فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس لە ڕێکەوتی (16.3.1988)دا و شاڵاوەکانی ئەنفال (9.2.1988–6.9.1988)، فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە. عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان فەهد عەبدولباقی محەمەد ئەلسەعدون، یاریدەدەری فەرماندەی هێزی ئاسمانی بۆ کاروباری جولانەوەی ئاسمانی.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان ئەلحەکەم حەسەن عەلی ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی سوپا – مدير طيران الجيش (السمتيات)، لەنێوان (29.9.1984–29.9.1988)دا. ئەوەی شایەنی باسە، فەریق ڕوکن ئەلحەکەم حەسەن عەلی لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (85)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ، بەڵام ئەو لە ڕۆژی (19.4.2015) لە ئوردەن مرد.

دوای ئەویش (عەمید ڕوکن حوسێن زبن زێدان) شوێنەکەی ئەوی گرتەوە، بەڵام لە ڕێکەوتی (2.8.1990)دا لەگەڵ گرتنی دەوڵەتی کوێتدا لادرا و دووبارە فەریق ئەلحەکەم حەسەن عەلی گەڕایەوە؛ سەرچاوە: (سەعد بەزاز، جنرالات اخر من يعلم، ل90+287). لە سەردەمی شەڕی ئێراق – ئێران و لەکاتی هێرشی ئەنفالەکان بۆ سەر کورد لە باشووری کوردستان، فڕۆکەوانی سوپا سێ بەش بووە بەمشێوەیە:

فڕۆکەوانی یەکەمی سوپا (طيران الجيش الأول) لە کەرکوک، کە تایبەت بوو بە فەیلەقەکانی (1+5).

فڕۆکەوانی دووەمی سوپا (طيران الجيش الثاني) لە بەغداد، کە تایبەت بوو بە فەیلەقەکانی (2+4).

فڕۆکەوانی سێیەمی سوپا (طيران الجيش الثالث) لە ناسریە، کە تایبەت بوو بە فەیلەقەکانی (3+6+7).

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان سالم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ موسڵاوی، بەڕێوەبەری هەواڵگری ئاسمانی بووە، کە دواتر لە ڕێکەوتی (18.7.1993)دا بە تۆمەتی هەوڵی کۆدەتا لەدژی سەدام حوسێن دەستگیرکراو پاشان لە ڕێکەوتی (13.11.1993)دا گولله باران کرا.

عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان (جەودەت مستەفا محەمەد ئەلنەقیب ؟؟19-10.5.2007)، بەڕێوەبەری ساغلەمی ئاسمانی (مدیر السلامة الجویة)ی سەر بە هێزی ئاسمانی و یەکێک لە ئەفسەرانی ژووری ئۆپراسیۆن بووە لەکاتی کیمیا بارانی هەڵەبجە.

عەقیدی ئەندازیار ئەیاد عەبدولئەمیر هادی، لە بەڕێوەبەرێتی فڕۆکەوانی سوپا.

موقەدەمی فڕۆکەوان عەلی تاهیر زێدان، لە بەڕێوەبەرێتی فڕۆکەوانی سوپا.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان حەسەن خزر حاجی ئەحمەد مەلا عەتۆ ئەلعەبادی موسڵاوی، بەڕێوەبەری جولانەوە ئاسمانییەکان (مدیر الحرکات الجویة 1987-1988)، دواتر لە ڕێکەوتی (18.7.1993)دا لەگەڵ کۆمەڵێک فەرماندەی سوپا بە تۆمەتی کۆدەتا لەدژی سەدام دەستگیرکران و پاشان لە ڕێکەوتی (13.11.1993)دا گولله باران کران.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان خەلدون خەتاب بەکر ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری جولانەوە ئاسمانییەکان و یاریدەدەری فەرماندەی فڕۆکەوانی (مدیر الحرکات الجویة ومعاون قائد الطیران) لە نێوان (26.8.1987-7.1.1989)دا، دواتر بە پلەی فەریق ڕوکن لە ساڵانی (1995-2001) فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە و لەکاتی هێرشی (معرکة آب المتوکل علی الله)ی (31)ی ئابی ساڵی (1996)ی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی بەعسی بۆ سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر و دەرکردنیان لەو شارە و دواتر لە سلێمانی، بەشداری و سەرپەرشتی هێرشەکەی کردووە. فەریق خەلدون خەتاب بەکر، ئێستا لە دیمەشق – سوریا دەژی و لە مانگی یونی ساڵی (2011)دا جەعفەر ئەلحوسەینی ڕاوێژکاری سەربازی نوری کامیل مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق داوای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی و گەڕانەوەی ئێراقی لێکردووە.

عەمید ڕوکن شاهین یاسین محەمەد یاسین، بەڕێوەبەری بنکەی ئۆپراسیۆنەکانی هێزی ئاسمانی (مدیر مرکز عملیات القوة الجویة) لەنێوان (14.11.1986-12.9.1989) و لەکاتی ڕوخانی ڕژێم بە پلەی فەریق فەرماندەی بەرگری هێزی ئاسمانی بوو.

عەمید ڕوکن عەلی خەلیفە، بەڕێوەبەری هەواڵگری فڕۆکەوانی سوپا (مدیر إستخبارات طیران الجیش - السمتیات)، کە سەرپەرشتیکەری کیمیاباران کردنی گوندی (زێوێ)ی ناو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە، کە لە ڕۆژی یەکشەممەی

ڕێکەوتی (9.6.1985)دا ئەنجامدراوە؛ سەرچاوە: (2-54، هەواڵ، ژمارە (262)، ل3).
بنکە ئاسمانییەکانی ئێراق بریتین لە:
یەکەم: بنکەکانی باکوور (کە دەکەونە باشووری کوردستان) و بریتین لە: (بنکەی ئەلحوڕیە لە کەرکوک، بنکەی فرناس لە موسڵ و بنکەی سەدام لە گەیارە-موسڵ). عەمیدی فڕۆکەوان هەیسەم جەرجیس، فەرماندەی بنکەی (الحرية)ی ئاسمانی لە کەرکوک. عەقیدی ڕوکن سەید یونس، ئەفسەری ڕوکنی جولانەوە لە بنکەی (الحرية)ی ئاسمانی لە کەرکوک؛ سەرچاوە: (2-54، هەواڵ، ژمارە (262)، ل3). عەقید ڕوکنی فڕۆکەوان ئیسماعیل سەعید فارس، فەرماندەی بنکەی کەیوان (K1)؛ سەرچاوە: (2-55، هەفتەنامەی هەواڵ، ژمارە (264)، ل3). بەڵام بەگوێرەی وتەی شایەد و تاوانبارانی کەیسی دادگاییکردنی تاوانبارانی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، بەتایبەت وتەی شایەد فڕۆکەوان ڕیاز بەهیج ڕیاز (عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان ئەحمەد محەمەد مەتڵوب)، فەرماندەی بنکەی کەرکوکی ئاسمانی (بنکەی حوڕیە) بووە.
دووەم: بنکەکانی ناوەڕاستی ئێراق بریتین لە: (بنکەی بەکر لە بەلەد کە دەکەوتە باکووری بەغدا، بنکەی ئاسمانی ڕەشید، تەقەدوم لە بەغدا، بنکەی تەموز لە حەبانیە و بنکەی ئەبی عوبەیدەی ئاسمانی لە کوت). لیوای فڕۆکەوان حامد ڕەجا شەلاح حەسون تکریتی، فەرماندەی بنکەی بەکری ئاسمانی لە قەزای بەلەد (22.8.1985-14.12.1988)، دواتر لەکاتی ڕوخانی ڕژێم بە پلەی فەریق ڕوکن فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراقی بوو، کە لە ڕێکەوتی (14.6.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکی دەستگیرکرا. لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان عەلوان حەسون عەلوان حەسەن ئەلعەبوسی (خەڵکی بەسرا)، فەرماندەی بنکەی تەموز لە حەبانیە (1984-1989)، کە ئێستاکە لە ئەسکەندەریەی وڵاتی میسر دەژیت. لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان عەلوان ئەلعەبوسی، وەکو بریکاری فەرماندەی هێزی ئاسمانی و بەرگری ئاسمانی (ع. قائد القوة الجوية والدفاع الجوي/ وزارة الدفاع - قيادة القوة الجوية والدفاع الجوي 22.11.1988)، واژۆی لەسەر نووسراوێک کردووە. لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان بەڕاق خزەیر عەباس، سەرۆک ئەرکانی بنکەی تەموزی ئاسمانی.
سێیەم: بنکەکانی باشووری ئێراق کە بریتین لە: (بنکەکانی ئیمام عەلی لە ناسریە و بنکەی ئەلوەحدە لە شوعێبە/ بەسرا)، کە فەرماندەکەی لەکاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵانی

(1987–1988)دا لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی بووە. لیوا کەمال عەبدولستار بەرزنجی، کوردەو خەڵکی شاری سلێمانییە. ئەو لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران، ئەوکاتە پلەکەی ڕائید بوو، لە ڕۆژی (17.9.1980)دا لە نزیک شاری خانەقین فڕۆکەیەکی ئێرانی خستە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەی (حوسێن عەلی ڕەزا لەشکری) دوای خۆ فڕێدانە خوارەوەی بەدیل گیرا. سەدام حوسێن، بەهۆی ئەو چالاکییە پلەی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستاری لە ڕائید بە دوو پلە بۆ عەقید بەرزکردەو خەڵاتیشی کرد. دەستەی پارێزەرانی داواکاری مافی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژی (2.2.2009)دا داوای لە سەرۆک و ئەندامانی دادگای تاوانکاری دووەم کردووە، بەهۆی گومانی بەشداریکردن لە تاوانی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ لیوا ڕوکن کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی و (27) فڕۆکەوانی دیکە دەرکەن. دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی بە پلەی فەریق یەکەم و بەدەستنیشان کردنیەوە لەلایەن یەکێتی کرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێراق، کە ئەو هێزە لە ڕۆژی (1.6.2005)دا بە بڕیارێکی حکومەتی ئێراق لەسەر دەستی ئەو و چەند فڕۆکەوانێکی دیکە دامەزرایەوە. فەریقی فڕۆکەوان کەمال بەرزنجی، تاوەکو سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی (2009)دا لەو پۆستەدا مایەوە، دوای ئەویش لیوای فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی بە پشتیوانی جەلال تاڵەبانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرا بە فەرماندەی هێزی ئاسمانی و تا ئێستاش کە ڕێکەوتی (30.10.2012)ەیە بەردەوامە لە پۆستەکەی. فەریق ڕوکن ئەنوەر حەمەدئەمین، لە هەمان پۆست بەردەوامەو لە ساڵی (2015)دا سەنگەری گواستۆتەوە بۆ ناو پارتی دیموکراتی کوردستان (14.10.2017).

بنکە ئاسمانییەکانی حوڕیە، سەدام، بەکر، ڕەشید، حەبانیە و تەقەدوم بۆ کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و باشووری کوردستان بەدڵنیایی بەکارهاتوون.

ئەم فڕۆکەوانانەش سەر بە هێزی ئاسمانی و بەرگری ئاسمانی بووینە: (لیوا ڕوکن سەفاء تۆفیق ڕوشدی، لیوا ڕوکن مەزهەر محەمەد فەرحان و لیوا ڕوکن نەجدەت مستەفا محەمەد نەقیب کەرکوکی).

بەگوێرەی لاپەڕە (4)ی سەرچاوەی (2-40، الثورة، ژمارە (6607)دا، کە چوار فەرمانی کۆماری تێدا بڵاوکراوەتەوە هەر یەک لەو ئەفسەرانەی خوارەوە کە ژمارەیان (31) فڕۆکەوانی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراقی بووینە، چەندان مەدالیای ئازایەتی و (وسام ڕافیدەین)یان وەرگرتووە، کە خەڵاتی هەندێکیان لە پاداشتی کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەدا بووە: (لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح (وسام ڕافیدەین)، عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان موزاحم سەعب حەسەن (وسام ڕافیدەین)، عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان فەهد عەبدولباقی محەمەد (وسام ڕافیدەین)، عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان محەمەد ئەحمەد مەتلوب (وسام ڕافیدەین)، موقەدەمی فڕۆکەوان هەیسەم خەتاب عومەر (دوو مەدالیای ئازایەتی)، موقەدەمی فڕۆکەوان کەمال مستەفا خدر (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ڕائیدی فڕۆکەوان نەبیل نەدیم سدیق (وسام ڕافیدەین و سێ مەدالیای ئازایەتی)، ڕائیدی فڕۆکەوان عەبد حوسێن عەلی (وسام ڕافیدەین و دوو مەدالیای ئازایەتی)، ڕائیدی فڕۆکەوان مازن ئەحمەد محەمەد (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ڕائیدی فڕۆکەوان موئەیەد سەبری جومعە (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ڕائیدی فڕۆکەوان سەعدون تەڵب عەلی (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ڕائیدی فڕۆکەوان محەمەد عەلی غازی (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ڕائیدی فڕۆکەوان سەعدون فەوزی عاکف (سێ مەدالیای ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان سامر یەحیا حەمید (وسام ڕافیدەین و یەک مەدالیای ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد زێدان حوسێن (دوو مەدالیای ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد مەنسور عەبدوڵلا (سێ مەدالیای ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان حەسەن محەمەد فەتحی (سێ مەدالیای ئازایەتی)، نەقیبی فڕۆکەوان لەتیف عەلی حەمود (سێ مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان بەهیج ڕیاز بەهیج (وسام ڕافیدەین و حەوت مەدالیای ئازایەتی) کە دواتر لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانی کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەدا شایەتێکی گرنگ و بەویژدان بوو بۆ بەرژەوەندی کورد و قوربانییانی هەڵەبجە، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ڕەمزی ئیبراهیم ڕەمزی (وسام ڕافیدەین و دوو مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان کەریم ساڵح سەهو (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ڕەعد دریعی محەمەد (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان خەمیس حەمادی عەبدوڵلا (دوو مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان عەبدولکەریم ئیسماعیل محەمەد

(دوو مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان محەمەد فەرحان زیاب (سێ مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان نەبیل حازم حەواس (سێ مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان محەمەد نزار حەسیب (چوار مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان عەبدولکەریم فەتحی عەبدوڵڵا (چوار مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان عەبدولکەریم عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان (شەش مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان جاسم محەمەد ئەحمەد (شەش مەدالیای ئازایەتی)، ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان نیهاد عەبدولکەریم جاسم (دوو مەدالیای ئازایەتی).

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان موسەنا عارف عەبدولجەبار فڕۆکەوانێکی سەر بە هێزی ئاسمانی بوو، بەڵام لە ڕێکەوتی (12.3.1989)دا بە بڕیارێکی سەدام حوسێنی سەرۆک کۆماری ئێراق کرا بە سکرتێری سەرۆک کۆمار.

لە خوارەوە ناوی کۆمەڵێک ئەفسەری فڕۆکەوان هەیە، ئەگەر هەر ئەفسەرێک یان بەرپرسێکی دیکەی حزبی و حکومی لەم پەرتووکەدا فەرمانی دەستگیرکردنیان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بەهۆی بەشداری کردنیان لە ئەنفالەکان بۆ دەرچووبێ، تەنیا ژمارەکەیان لە لیستی داواکراوەکان لە بەرانبەر ناوەکەیاندا نووسراوە، هەروەها لیستەکەش لە بەشی بەڵگەنامەکان دانراوە:

عەقید ڕوکنی فڕۆکەوان ئیسماعیل سەعید فارس، فەرماندەی (ج ت ج/1)، ژمارە (50)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

عەقیدی فڕۆکەوان حەمید گاتع ئەلسەعد، ڕاوێژکاری فڕۆکەوانی سوپا فەیلەقی (2).

عەقیدی فڕۆکەوان ڕیاز محەمەد عەبد ئەلسەعدی، ژمارە (48)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

عەقیدی فڕۆکەوان نەجم عەبدولڕەزا عەبدولواحید، ژمارە (49)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

موقەدەمی فڕۆکەوان حامد عەتیە خوین ئەلمالیکی (شیعە)، فەرماندەی سربی (55). موقەدەم حامد عەتیە خوین، بەشداری ئەنفالی سێی کردووە لە کەرتی فەیلەقی دوو، کە دواتر پاداشت کراوە بە مەدالیایەکی ئازایەتی (نوط الشجاعة). حامد عتیە خوین، کە ئێستاکە سەر بە حزبەکەی مالیکییە و وەکو ئەویش بە بنەماڵە مالیکی و بە ئایینزا شیعە، لەدوای دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا (قیادة طیران

الجیش) لە ڕێکەوتی (6.1.2010)دا بە پلەی فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان بە بڕیارێکی دکتۆر نوری کامل محەمەد حەسەن مالیکی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، بە فەرماندەی فڕۆکەوانی سوپا دامەزراوەو تا ئێستاکەش بەردەوامە. هەر لەگەڵ دامەزراندنەوەی فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا کە هۆکاری سەرەکی دامەزراندنەوەی لاوازکردنی فەرماندەیی هێزی ئاسمانی بوو کە بەدەست کوردەوەیە، نوری مالیکی (50) فڕۆکەی سمتی و کۆپتەری شەڕکەری لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئێراق لە فەریقی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین کە کوردە وەرگرتەوەو خستنیە بەردەستی حامد عەتیە خوینی نزیکی خۆی. فەرماندەیی فڕۆکەوانی سوپا، لە سەردەمی ڕژێمی سەدام و لەکاتی سەرەتای بەرپابوونی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق – ئێران لە ساڵی (1981)دا دامەزرا، بەڵام دواتر لە سەرەتای ساڵی (2010)دا دووبارە دامەزرایەوە.

موقەدەمی فڕۆکەوان محەمەد فەوزی حەسەن مەحمود، ژمارە (138)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

موقەدەمی فڕۆکەوان ئەحمەد ڕەشید فتنە ئەلمەعازیدی، ژمارە (139)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

موقەدەمی فڕۆکەوان خزەیر عیسا جەواد، ژمارە (140)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

موقەدەمی فڕۆکەوان عەبدولڕەزاق ئیبراهیم عەبدولڕەزاق، سەر بە (ج ت ج/1)، ژمارە (141)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی فڕۆکەوان ئیدریس ئیبراهیم محەمەد.

ڕائیدی فڕۆکەوان عەبدولحەمید فەرحان عەبدولحەمید، ژمارە (22)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی فڕۆکەوان عومران کازم هندی، لە سربی دوو، ژمارە (23)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی فڕۆکەوان فەریق محەمەد عەلوان، لە سربی دوو، ژمارە (24)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی فڕۆکەوان مەهدی عەلی حەسەن، لە سربی دوو، ژمارە (25)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی فڕۆکەوان یونس ساڵح سەلمان، لە سربی (30)، ژمارە (26)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی، لەکاتی ئەنفالەکاندا لە سربی (4) بووە و بەشداری ئەنفالی کردووە، بۆیە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (21)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ، ڕائیدی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی، کوردە و خەڵکی شارۆچکەی سەرگەڕانە و ئێستا لە بەغدایە و لە مانگی ئاداری ساڵی (2007)دا بە پاڵپشتی جەلال تاڵەبانی و (ی. ن. ک) سەرەتا کرا بە پشکێنەری گشتیی سەربازی (المفتش العسكري العام) لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، دواتریش لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی (2009) کرا بە فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی ئێراق و تا ئێستا بەردەوامە، بەڵام بۆتە پارتی.

نەقیبی فڕۆکەوان وەعد محەمەد عەلی لە سربی دوو، ژمارە (149)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

نەقیبی فڕۆکەوان سەباح عەلی حەسەن، لە سربی دوو، ژمارە (153)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

نەقیبی فڕۆکەوان غالب شایع زیادە، لە سربی دوو، ژمارە (154)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ئەحمەد ئیبراهیم ئەحمەد لە (ج ت ج/1)، ژمارە (230)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ئەحمەد سەلمان زناد لە سربی دوو، ژمارە (231)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ئەحمەد عابد داود لە سربی دوو، ژمارە (232)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ئەسکەندەر ئیبراهیم جومعە لە سربی دوو، ژمارە (233)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان، ئیلهام عۆن ئالڕەفیق یونس لە (ج ت ج/1)، ژمارە (234)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان، ئامانج مەنازل خزر لە سربی (21)، ژمارە (235)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان، ئەنمار محەمەد ئەحمەد لە (ج ت ج/1)، ژمارە (236)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان حوسێن عەلی عەبدوڵلا لە سربی (106)، ژمارە (237)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان حەمید مەنسور خەلیل لە سربی (4)، ژمارە (238)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان خالید عەبدولعەزیز عەبدوڵلا لە (ج ت ج/1)، ژمارە (239)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان خەڵەف حوسێن عەلاوی لە (ج ت ج/1)، ژمارە (240)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ڕەمەزان موتڵەگ ئەحمەد لە (ج ت ج/1)، ژمارە (241)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان سالم فەتحی حەسەن لە (ج ت ج/1)، ژمارە (242)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان سەعد ئەحمەد قاسم لە سربی (30)، ژمارە (243)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان سەعد عەبدولڕەحمان سەعید لە سربی (4)، ژمارە (244)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان  شوجاع یاس روحی لە (ج ت ج/1)، ژمارە (245)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان شەلال ڕەشید عەتیە لە (ج ت ج/1)، ژمارە (246)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان زیاء جەعفەر ڕازی لە سربی (4)، ژمارە (247)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان تەها فەتحی ساڵح لە سربی دوو، ژمارە (248)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان تەها محەمەد ئەحمەد لە سربی دوو، ژمارە (249)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی فرۆکەوان عەبدولکەریم جدعان عەلی لە سربی دوو، ژمارە (250)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان عودەی حاتەم لەفتە لە سربی دوو، ژمارە (251)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان عەلی حوسێن سەلمان لە سربی (41)، ژمارە (252)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان فارس ئیبراهیم ڕەشید لە سربی (41)، ژمارە (253)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان قەیس حەبیب مستەفا لە سربی (41)، ژمارە (254)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان کەریم یاسین زێدان لە سربی (41)، ژمارە (255)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان لەیس عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا لە سربی (106)، ژمارە (256)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان محەمەد خەزعەل فەیسەڵ لە سربی (106)، ژمارە (257)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی یەکەمی فرۆکەوان عەمار محەمەد ئەحمەد، ملازمی یەکەمی فرۆکەوان عیماد عەلی محەمەد، ملازمی فرۆکەوان حوسام ئیبراهیم حەمود لە سربی (107)، ژمارە (143)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی فرۆکەوان خالید ماڵەڵڵا مەردان لە سربی دوو، ژمارە (144)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی فرۆکەوان ڕەزوان غازی ئەحمەد لە سربی (4)، ژمارە (145)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی فرۆکەوان عیماد شەلەبی محەمەد لە سربی دوو، ژمارە (146)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ملازمی فڕۆکەوان عیماد عەباس موحسین لە سربی دوو، ژمارە (147)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ملازمی فڕۆکەوان فازڵ عەباس موحسین لە سربی دوو، ژمارە (148)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
بەپێی سەرچاوەی (2-8، الثورة، ژمارە (6541)، ل7)دا، هەر یەک لەو ئەفسەرانەی خوارەوە فڕۆکەوانی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراقی بووینە: (فڕۆکەوان ئەحمەد حەسەن، فڕۆکەوان باسم ناری، فڕۆکەوان ڕیاز عەبدولمەجید، فڕۆکەوان ساڵح ئیبراهیم، فڕۆکەوان سەلاح مەجید، فڕۆکەوان سوفیان عەلی، فڕۆکەوان عەبدولکەریم عەزیز، فڕۆکەوان عەبدوڵلا فەرەج). ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان قاسم حەسەن حەمەد دلێمی؛ سەرچاوە: (2-14، الثورة، ژمارە (6650)، ل3). فڕۆکەوان ئەسعەد عەبدولجەبار عەبدوڵلا و فڕۆکەوان کامل جاسم سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراق بووینە لە ساڵی (1988)دا؛ سەرچاوە: (2-31، الثورة، ژمارە (6630)، ل7).
ڕائیدی فڕۆکەوان سەلاح سەلیم ئەلسبتی، فڕۆکەوانێکی ئێراقییەکانی کاتی شاڵاوی ئەنفالەکان، کە ئێستاکە لە وڵاتی سوید دەژیت.

<ins>وێنەی ژمارە (1)</ins>



<ins>وێنەی ژمارە (2)</ins>





<ins>وێنەی ژمارە (3)</ins>



<ins>وێنەی ژمارە (4)</ins>

## وێنەکانی سەرەوە:

1. عەقید ڕوکنی فڕۆکەوان جەلال جەعفەر ئەوقاتی.
2. فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حەردان ئەلحاج عەبدولغەفور تکریتی.
3. عەقید ڕوکنی فڕۆکەوان عارف عەبدولڕەزاق ئەلکوبەیسی.
4. ڕائیدی فڕۆکەوان ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی.

## سەرۆکایەتی ئەرکان و ئەفسەرانی هێزی پیادە و زرێپۆش:

فەریق ڕوکن تەها حلمی سەلمان ئەلهاشمی (1888-1961)، لە ساڵانی (1923-1924)دا سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق بووە، هەروەها وەکو ڕاوێژکاری سێر پێرسی کۆکسی سەرۆکی شاندی بەریتانی بەشداری لە کۆنگری قوستەنتینیە لەنێوان (19.5.1924-6.6.1924)دا لە تورکیا کردووە؛ سەرچاوە: (1-6، دکتۆر محەمەد موزەفەر هاشم ئەلئەدهەمی، المجلس التأسيسي العراقي، ل200)، کە هەر ئەو سەرۆک ئەرکانی سوپا بووە و پێدەچێت تاوەکو (2.8.1924)دا لەو پۆستە بەردەوام بووبێت، لەبەرئەوەی لەو ڕۆژەدا کابینەیەکی تری وەزارەتی ئێراقی بە سەرۆکایەتی یاسین حلمی سەلمان ئەلهاشمی (1884-1937) دامەزرا، کە ئەویش فەریق ڕوکن نوری سەعید ساڵح مەلا تەها قەرەغولی (1888-15.7.1958) کرد بە سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق. فەریق ڕوکن تەها هاشمی لە تاوانکاری دڵتەزێن و جەرگبڕی ڕۆژی شەشی ئەیلولی ڕەشی بەر دەرکی سەرای سلێمانی لە ساڵی (1930)داو تاوەکو (29.10.1936)، هەر خۆی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق بووە؛ سەرچاوە: (1-7، محمود الدرة، القضية الكوردية، ل158).

فەریق ڕوکن بەکر سدقی شەوقی عەسکەری لەنێوان (1886-11.8.1937)دا ژیاوە، کە بە ڕەگەز کورد بووە و لە ماوەی نێوانی (29.10.1936-11.8.1937)دا پۆستی سەرۆک ئەرکانی سوپای هەبووە، دواتر لە کۆدەتایەکی عارەبە شۆڤێنییەکان لە ڕێکەوتی (11.8.1937)دا لە فڕۆکەخانەی شاری موسڵ لەگەڵ موقەدەم ڕوکن محەمەد عەلی جەواد فەرماندەی هێزی ئاسمانی لەلایەن جێگری عەریف (نائب عريف) محەمەد عەبدوڵڵا تەلەعفەری و ئەفسەر مەحمود هندی کوژران؛ سەرچاوە: (1-8، عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية في طبعة الموسعة والمزيدة، الجزء الرابع، ل366).

دوای کوژرانی فەریق ڕوکن بەکر سدقی شەوقی، سەرەتا فەریق ڕوکن عەبدوللەتیف نوری کرا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و پاشان فەریق ڕوکن حوسێن فەوزی تۆفیق حەسەن، لەنێوان (22.8.1937-21.2.1940)دا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە.

فەریق محەمەد ئەمین زەکی سلێمان (1882-2.2.1972)، سەرۆک ئەرکانی سوپا لە ماوەی (25.2.1940-29.5.1941)دا. دوای ئەو لە ساڵی (1941)دا فەریق ڕوکن مستەفا ئەلعومەری کرا بە سوپا سالارو فەریق ئیسماعیل نامق جێگری سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئێراق بووە.

فەریق ڕوکن ساڵح سائیب محەمەد جبوری، لە ساڵی (1947)دا بۆتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق و تاوەکو مانگی دووی ساڵی (1949) بەردەوام بووە.

پاشان فەریق ڕوکنی یەکەم نورەدین مەحمود (1899-1981) سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە و تاکو ڕێکەوتی (22.11.1952) لەو پۆستەدا ماوەتەوە، دواتریش پۆستی سەرۆک وەزیرانی لە ماوەی (23.11.1952-29.11.1953)دا بەدەستەوە بوو.

فەریق ڕوکن محەمەد ڕەفیق عارف (1908-ئابی 1992)، لەنێوان (2.10.1953-14.7.1958)دا سەرۆکی سوپا بووە. لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان سامی عەبدولفەتاح (1905-4.6.1987)، لەنێوان (29.10.1952-30.9.1953)دا پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا و دواتریش لیوا ڕوکن غازی محەمەد فازڵ پاشا داغستانی (1911-11.12.1966)، لەنێوان (1954-1956)دا پۆستی یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپای هەبووە.

لە ساڵی (1958)دا زەعیم/ عەمید ڕوکن ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی (1912-1968) بە سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق و زەعیم ڕوکن سدیق حەسەن بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری بەڕێوەبردن بەگوێرەی (فەرمانی کۆماری ژمارە (3)ی ڕێکەوتی 14.7.1958) دامەزران. دوای ماوەیەک بەگوێرەی فەرمانێکی تر عەمید ڕوکن شاکر مەحمود شوکری کرا بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا، دواتر ئەویش لادراو عەمید ڕوکن فەرید زیاء مەحمود کرا بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا، کە لە کودەتای بەعسییەکان لەدژی سەرۆک کۆمار زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم (عەبدولکەریم جاسم بەکر عوسمان زوبێدی 1914-9.2.1963)دا لە ڕێکەوتی (8.2.1963)دا لەگەڵ سەرۆکی ئەرکان (زەعیم ڕوکن ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی)دا کوژران.

لیوا تاهیر یەحیا تکریتی لە ماوەی (8.2.1963-18.12.1963)دا سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە و (عەمید ڕوکن خالید مەکی هاشمی)یش لە نێوان (8.2.1963-17.11.1963)دا یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە.

پاشان لە ڕێکەوتی (18.12.1963)دا لیوا عەبدولڕەحمان محەمەد عارف (1916-24.8.2007) سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە تاکو ڕێکەوتی (16.4.1966) لەو پۆستەدا مایەوە. بەڵام کە عەبدولسەلامی برای (26.3.1921-13.4.1966) واتە سەرۆک کۆماری ئێراق لە ڕێکەوتی (13.4.1966)دا لە فڕۆکەدا سووتا، لیوا عەبدولڕەحمان عارف چوار ڕۆژ دواتر (17.4.1966) هاتە شوێنی براکەیی و بوو بە سەرۆک کۆماری نوێی ئێراق. لەکاتی سەرۆکایەتی کردنی ئەرکانی سوپا لەلایەن لیوا عەبدولڕەحمان عارفدا، لیوا سەعد ساڵح ئەلقەتان یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە بۆ کاروباری جەنگ.

لیوا ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی (1916-3.12.2010)، لە مانگی شوباتی ساڵی (1968)دا لە فەرماندەی فەیلەقی دووی کەرکوک-ەوە کرا بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و تا کودەتای بەعسییەکان لە ڕێکەوتی (17.7.1968)دا لە پۆستەکەی مایەوە.

هەروەها لە ڕۆژی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار لەلایەن لیوا عەبدولڕەحمان محەمەد عارف-ەوە، پۆستی جێگری سەرۆک ئەرکانی سوپا لەنێوان (17.4.1966-17.7.1968)دا بەدەست لیوا حەمودی مەهدی بووە.

فەریق حەماد شەهاب ئالبوناسر ئەلتکریتی، لە ماوەی ساڵانی (1968-1970)دا سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە.

دوای ئەو تاوەکو ڕێکەوتی (25.11.1972) لیوا ڕوکن عەبدولجەبار خەلیل شەنشل موسڵاوی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە، پاشان بۆ جارێکی تریش لیوا ڕوکن حەماد شەهاب ئەلناسری ئەلتکریتی وەکو سەرۆکی ئەرکانی سوپا دەست بەکاربووە. لەکاتی هەوڵی کودەتاکەی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لیوا نازم گزار لازم لە تەموزی ساڵی (1973)دا، هەڵسا بەدەستگیرکردنی هەر یەک لە سەرۆکی ئەرکان فەریق حەماد شەهاب ئەلناسری ئەلتکریتی، فەریق سەعدون غێدان ئەلکرەوی ئەلعانی وەزیری ناوخۆ و عەقید ڕوکن عەدنان شەریف تکریتی کە برازای حەماد شەهاب بوو، نازم گزار یەکەمیانی کوشت و دووەکەی تریشی بریندارکردن.

دوای كوژرانی فەریق حەماد شەهاب (لیوا ڕوكن عەدنان خەیروڵڵا تولفاح ئەلناسری ئەلتكریتی كرا بە سەرۆك ئەركانی سوپا و تاوەكو ڕێكەوتی (16.9.1977) پۆستی ناوبراوی هەبووە كە دواتر كرایە وەزیری بەرگری و تاوەكو مردنی لە ڕێكەوتی (5.5.1989)دا هەر وەزیری بەرگری بوو.

لەگەڵ دەستپێكردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران، فەریقی ڕوكن عەبدولجەبار عەبدولڕەحیم ئەلئەسەدی، سەرۆكی ئەركانی سوپای ئێراق بوو، بەڵام لە ساڵی دواتر لادرا. هەروەها لیوا ڕوكن ئیسماعیل تایە ئەلنعێمی، جێگری سەرۆكی ئەركانی سوپا بووە تا مانگی دوازدەی ساڵی (1984).

لە ساڵەكانی (1981–30.12.1983)دا فەریقی یەكەمی ڕوكن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل سەرۆكی ئەركانی سوپا بووە.

لە ڕێكەوتی (30.12.1983)دا فەریقی یەكەم عەبدولجەواد زەنون محەمەد تاهیر موسڵاوی، كە پێشتر یاریدەدەری سەرۆكی ئەركانی سوپا بوو كرا بە سەرۆكی ئەركان و تاوەكو ڕۆژی (6.1.1987) لەو پۆستەیدا مایەوە، ئێستا ساڵی (2010) عەبدولجەبار زەنون محەمەد تاهیر لە وڵاتی سوریایە و ئەندامی فەرماندەیی هەرێمی ئێراقی پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیست – باڵی عزەت ئیبراهیم دورییە.

دوای لادانی ناوبراو واتە لە ڕۆژی (6.1.1987) فەریق یەكەمی ڕوكن سەعدەدین عەزیز مستەفا بووە سەرۆكی ئەركان و تا ڕۆژی (14.7.1987) بەردەوام بوو.

فەریقی ڕوكن نزار عەبدولكەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی لە ڕێكەوتی (14.7.1987)دا كرا بە سەرۆك ئەركانی سوپای سەدام و تاوەكو (19.9.1990) مایەوە. فەریق نزار عەبدولكەریم خەزرەجی، بەگوێرەی نووسراوی دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق بە ژمارە (ق1519/2)ی ڕۆژی (27.12.2005) بۆ بانكی ناوەندی ئێراقی لە ڕێكەوتی (8.12.2005)دا فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووە، بەڵام دەستگیر نەكراوە. فەریق ڕوكن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتكریتی، یاریدەدەری سەرۆكی ئەركانی سوپا - ئۆپراسیۆنەكان، فەریق ڕوكن عەبدولستار ئەلمعینی، یاریدەدەری سەرۆك ئەركانی سوپا – بەڕێوەبەریتی، (ماوەیەك فەریق ڕوكن محەمەد عەبدولقادر و دواتریش فەریق ڕوكن نەجمەدین عەبدوڵڵا محەمەد مەلا حوسێن ئەلدوری (30.7.1987–29.6.1988) یاریدەدەری سەرۆك ئەركانی سوپا – بەڕێوەبەریتی بووینە)، فەریق ڕوكن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی، یاریدەدەری سەرۆكی

ئەرکانی سوپا – مەشقکردن (کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (86)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ)، فەریق ڕوکن زیائەدین جەمالئەدین، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – ئەمیرە.

دوای لادانی نزار خەزرەجی، فەریقی یەکەمی ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1990) تا مانگی ئازاری ساڵی (1991) سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە، دواتر کرا بە ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار و نزیکەی چوار ساڵ مایەوە تا لە ساڵی (1995)دا کرا بە ئەمینداری نهێنی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان تا ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا لەم پۆستەدا مایەوە، فەریقی ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد ئەلتائی، لەنێوان ساڵانی (1989–1995)دا جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە، کە دواتر لە مانگی یەکی هەمان ساڵ کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا و تا ناوەڕاستی مانگی تەموزی ساڵی (1995) لەو پۆستەدا مایەوە، ئەوجارە کرا بە وەزیری بەرگری و تا ڕوخانی ڕژێم بەردەوام بووە. هەروەها فەریق ڕوکن ئەحمەد ئیبراهیم حەماش ئەلتکریتی، لەدوای ساڵی (1991)دا یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە بۆ کاروباری بەڕێوەبردن.

فەریق یەکەمی ڕوکن عەبدولواحید شنان ئال ڕبات ئەلسەماوی، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە لە ساڵانی (1995–9.4.2003)دا، کە سەرکردایەتی و بەشداری (معرکة آب المتوکل علی الله)ی (31)ی ئابی ساڵی (1996)ی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی بەعسی ئێراقی کردووە بۆ سەر هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر و دەرکردنیان لەو شارە و دواتر لە سلێمانی. فەریقی یەکەم عەبدولواحید شنان، ئێستا لە دیمەشق – سوریا دەژی و جەعفەر ئەلحوسەینی ڕاوێژکاری سەربازی نوری کامیل مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراق لە مانگی یونی ساڵی (2011)دا، داوای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی و گەڕانەوەی ئێراقی لێکردووە.

فەریقی یەکەمی ڕوکن سەیفەدین فلەیح حەسەن تەها ئەلڕاوی، لە ماوەی نێوان (15.3.1987–30.8.1988)دا بەڕێوەبەری جولانەوەی سەربازی (مدیر الحرکات العسکریة) بووە.

لیوای ڕوکن تاریق حوسێن مەجید، ئەمینداری نهێنی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا (1987–1988).

لیوای ڕوکن نەبیل عەبدولقادر حوسێن، ئەمینداری نهێنی یەکەمی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا.

لیوای ڕوکن مەحمود شوکر شاهین، ئەمینداری نهێنی گشتی وەزارەتی بەرگری (1987).

لیوا ڕوکنی دەریاوان عەبد محەمەد عەبدوڵڵا، ئەمینداری نهێنی گشتی وەزارەتی بەرگری.

لیوای ڕوکن مەیسەر ڕەجا شەلاح حەسون ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری چەکدارکردن و ئامێرەکان (1988).

لیوای ڕوکن تاریق کازم ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەریتی ئەفسەران.

فەریق ڕوکن ئیبراهیم ئیسماعیل محەمەد عومەر ئاغا، ئەفسەری ڕوکن لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، لە ماوەی نێوان (30.7.1987–29.5.1989)دا.

فەریق ڕوکن محەمەد ئیسماعیل تەها ئەلوەیس، ئەفسەری ڕوکن لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، لە ماوەی (13.6.1986–1989)دا.

لیوا ڕوکن ئەنسار سەلاحەدین ئەلسەباغ، بەڕێوەبەری ڕووپێوی سەربازی (مدیر المساحة العسكرية) لە ڕێکەوتی (30.11.1988)دا.


عەمید ڕوکن فاروق تۆفیق عەبدولڕەزاق، بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی (مدير التدريب العسكري – وزارة الدفاع/ مديرية التدريب العسكري 12.11.1988).

عەمید ڕوکن کەنعان خورشید عەبدولوەهاب، جێگری بەڕێوەبەری دەستەی کیمیایی (و. مدير الصنف الكيمياوي – وزارة الدفاع/ دائرة التدريب – مديرية الصنف الكيمياوي 5.12.1988).

لیوا ڕوکن میرزا حەمزە محەمەد وەکو ئەفسەرێکی پلە بەرزی سەر بە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان ناوی لەسەر بەڵگەنامەکان هاتووە؛ سەرچاوە: (سەرچاوەی یەکەم، بەشی بیست و پێنج، ل281).

وێنەی ژمارە (1)

وێنەی ژمارە (2)










وێنەی ژمارە (3)


وێنەی ژمارە (4)

وێنەی ژمارە (5)



وێنەی ژمارە (6)






وێنەی ژمارە (7)



وێنەی ژمارە (8)

### وێنەکانی سەرەوە:

1. فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی، لە گوندی عەسکەر لە ڕۆژی (3.5.1988)، لەکاتی شاڵاوی ئەنفالی چواردا.
2. نزار خەزرەجی لە دانمارک لەکاتی دەستبەسەریدا.
3. نزار عەبدولکەریم خەزرەجی، دوای ڕاکردنی لە دانمارک و دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی لە لایەن ئینتەرپۆلەوە.
4. نزار خەزرەجی لە دانمارک.
5. فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب تکریتی.
6. فەریق ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی.
7. نوری سەعید سالّح مەلا تەها قەرەغولی.
8. فەریق ڕوکن بەکر سدقی شەوقی عەسکەری.

## بیرۆی باکووری ڕێکخستنی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتیراکی:

حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی، لەسەر دەستی دوو کریستانی سووری (ئەحمەد میشیل عەفلەق 1910-23.6.1989)، شبلی ئەلعەیسەمی دامەزراوە، کە یەکەمیان ئەمینداری گشتیی و دووەمیشیان یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی بووە؛ سەرچاوە: (2-8)، الثورة، ژمارە (6541)، ل5).
ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە لە سەردەمی سەدام حوسێن تکریتی، بەمشێوەیەی خوارەوە بەسەر شەش بیرۆدا دابەش کرابوو:
یەکەم: بیرۆی باکوور (باشووری کوردستان)ی ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسی عارەبی، کە هەر پێنج پارێزگاکانی کوردی (موسڵ، دهۆک، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی) دەگرتەوە و بارەگاکەی لە شاری کەرکوکی داگیرکراو و بەعارەبێنراوی سەر بە باشووری کوردستان بوو. عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی ناسراو بە (عەلی کیمیایی)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی باکوور بووە.
دووەم: بیرۆی ناوەڕاست بوو کە هەر سێ پارێزگای (ئەنبار، سەلاحەدین و دیالا)ی دەگرتەوە. کامل یاسین ڕەشید تکریتی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی ناوەڕاست بوو؛ سەرچاوە: (2-56)، الثورة، ژمارە (6737)، ل4).
سێیەم: بیرۆی ڕێکخستنەکانی بەغدا (کە تایبەت بوو بە بەغدای پایتەخت و لقەکانی): لقی ئەبو جەعفەری مەنسوور، لقی خالید بن وەلید، لقی سەعد بن ئەبی وەقاس و لقی سەدامی دەگرتەوە)؛ سەرچاوە: (2-56)، الثورة، ژمارە (6737)، ل4). بەرپرسی ئەم بیرۆیە سەعدی مەهدی ساڵح ئەلڕاوی، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی بەغدا بووە، سەرچاوە: (2-57)، الثورة، ژمارە (6606)، ل4).
چوارەم: بیرۆی ڕێکخستنەکانی فورات، کە پارێزگاکانی (بابل، قادسیە، کەربەلا، موسەنا و نەجەف)ی لەخۆ دەگرت. عەبدولحەسەن ڕاهی مەجهول ئالفرعەون (شیعە)

كراوە بە ڕازگری نهێنی ئەو بیرۆیە، كە ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست بووە.

پێنجەم: بیرۆی ڕێكخستنەكانی باشووری حزبی بەعس، كە بارەگاكەی لە شاری بەسرا بوو، عەبدولغەنی عەبدولغەفور فلەیح ئالمدلج ئەلعانی ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست، بەرپرسیارێتی ئەو بیرۆیەی لە ئەستۆدا بوو.

شەشەم: بیرۆی ڕێكخستنەكانی پیشەیی و میللی (المهني و الشعبي) بوو، مزبان خزر هادی مەندەلاوی (شیعە)، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیست، ڕازگری نهێنی ئەو بیرۆیە بوو؛ سەرچاوە: (2-56، الثورة، ژمارە 6737).

عەلی حەسەن ئەلمەجید تكریتی، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (160)ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی حزبی بەعسی عارەبی ئێراقی لە ڕێكەوتی (29.3.1987)دا كرا بە ڕازگری نهێنی بیرۆی باكووری حزبی بەعس و دەسەڵاتی ڕەهای درایێ لەپێناوی جێبەبێكردنی سیاسەتی بەعس لە كوردستان و هەوڵی قڕكردنی نەتەوەی كورد (بەڵگەكە لە كۆتایی ئەم بابەتەدا دانراوە)، كە هەموو دەزگاكانی حكومی، سەربازی و حزبی خرانە ژێر دەسەڵاتی عەلی حەسەن. بەپێی خاڵی یەكەمی بڕیاری (160)ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش، كە تیایا هاتووە: (عەلی حەسەن مەجید، ئەندامی سەركردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی، هەڵدەستی بە نوێنەرایەتی كردنی سەركردایەتی هەرێمایەتی و ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بۆ جێبەجێكردنی سیاسەتیان لە تەواوی ناوچەی باكوور و لەنێویاندا ناوچەی كوردستانی ئۆتۆنۆمی، لەپێناوی پاراستنی ئاسایش و سیستەم و دەستەبەری ئارامی و جێبەجێكردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەكەدا)، دەیسەلمێنێ كە ڕژێمی سەدام و حكومەتی بەعس پلانی پێشوەختی هەبووە بۆ شاڵاوەكانی ئەنفال. بەڵام دوای جێبەجێكردنی شاڵاوی ئەنفالەكان بەپێی بڕیاری ژمارە (271)ی ڕێكەوتی (23.4.1989)ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش دەسەڵاتە ڕەهاكانی كوردستان لە عەلی حەسەن سەندرایەوە و بڕیاری ژمارە (160)ی پێشوو هەڵوەشایەوە؛ سەرچاوە: (2-1، ب24، ل5413). دوای لادانی عەلی حەسەن مەجید، حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری (شیعە) هاتە شوێنەكەی ئەو.

ڕازی حەسەن سەلمان (شیعە)، جێگری ڕازگری گشتیی بیرۆی باکوور.
عەبدولڕەحمان عەزیز حەسەن، سکرتێری بیرۆی باکوور.
عەلاء ئیبراهیم مەندیل، ڕازگری نهێنی لیژنەی ڕۆشنبیری لە نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور.
تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور لە ماوەی (19.8.1986–16.11.1987) و پاشانیش لەنێوان (17.11.1987–26.10.1991)دا وەکو پارێزگاری موسڵ ئەندام بووە لەم لیژنەیە.
ئەندامەکانی لیژنەی کاروباری باکوور بریتی بوون لە:
خزر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، ڕازگری لقی کەرکوکی حزبی بەعس، ژمارە (267)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.
نزار یونس خەلیل، ڕازگری لقی نەینەوای حزبی بەعس، ژمارە (266)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.
سوبحی عەلی خەڵەف، ڕازگری نهێنی لقی هەولێری حزبی بەعس؛ سەرچاوە: (2–18)، الثورة، ژمارە (6647)، ل4). عەبدولڕەزاق مەرعی حەسەن ئەللهێبی، ئەندامی لقی هەولێری حزبی بەعس کە لە ڕێکەوتی (31.3.1991) لەگەڵ حەسەن حوسێن ئەڵلاداد دەلۆیی، جێگری سەرۆکی نووسینگەی جێبەجێکردنی یەکێتیی نیشتمانیی قووتابیان و لاوانی ئێراقی سەر بە حزبی بەعس و هەردووکیان ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان بوون، لەلایەن کوردەوە کوژران.
ئەسوەد عەلی محەمەد ئەلنعێمی، ڕازگری لقی سلێمانی حزبی بەعس، ژمارە (263)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.
سائل (صائل) ئیبراهیم عەبدوڵڵا ئەلعەبدەلی، ڕازگری لقی موسڵی حزبی بەعس، ژمارە (265)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.
عەبدولسەلام حامید ئەلعەناز، ڕازگری لقی تکریتی حزبی بەعس.
تاریق کافی فلەیح ئەلعانی، ڕازگری لقی دهۆکی حزبی بەعس، ژمارە (264)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، پارێزگاری موسڵ.
مونزر نسەیف جاسم ئەلدلێمی، پارێزگاری کەرکوک، ژمارە (160)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

جەعفەر عەبدولكەریم حوسێن بەرزنجی، پارێزگاری سلێمانی، ژمارە (164)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواكراوەكاندا پێدراوە.
ئیبراهیم محەمەد حەسەن زەنگەنە سەرەتا پارێزگاری هەولێر بووە و ماوەیەكیش یەحیا محەمەد ڕەشید جاف. یەحیا ڕەشید جاف، ژمارە (261)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكاندا پێدراوە.
نامیق ڕەقیب محەمەد سوورچی، پارێزگاری دهۆك، ژمارە (258)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكاندا پێدراوە.

بەرپرسەكانی حزبی بەعس لە كوردستاندا:
عەبدولفەتاح محەمەد ئەمین یاسین، سكرتێری لیژنەی كاروباری باكوور.
عەقید عەبدولڕەحمان شەكرچی، بەڕێوەبەری بیرۆی ڕێكخستنی باكوور.
ڕائید غالب ئەلتكریتی، لە سكرتارییەتی بیرۆی ڕێكخستنی باكوور.
عەقید مەرعی ئەلتائی، لە سكرتارییەتی بیرۆی ڕێكخستنەكانی باكوور.
ئەحمەد حەسەن ئەلعوبێدی، ڕازگری فەرماندەیی لقی كەركوكی سەربازی.
مەهدی ئەحمەد ئەلحەبیب، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی ئەلمەعاهد-دهۆك.
لیوا ڕوكنی فرۆكەوان عەبدولجەبار رسن ئەلسودانی، ڕازگری نهێنی لقی قادسیەی سەربازی؛ (سەرچاوە: (2-58)، الثورة، ژمارە (6698)، ل4).
عەمید ڕوكن تاڵیب عەلی عەبدولعەزیز ئالسەعدون، ڕازگری نهێنی لقی یەرموكی سەربازی.
عەمید ڕوكن خالید كافی فلەیح ئەلعانی، ڕازگری نهێنی لقی حەكەمی سەربازی.
عەمید سابت ئەسعەد عەبدولغەنی ئالوسی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی سەلاحەدینی سەربازی.
عەمید ناسر فاخر عەلوان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی بەدری كوبرا.
عەمید عەدنان عەبدولحەمید مەهدی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەبی عوبەیدەی سەربازی.
عەقید ڕوكن لەتیف محەل حەمود، ڕازگری نهێنی هۆبەی پاسەوانی كۆماری.
عەقید بدێوی حەسەن ساڵح، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی ڕەشیدی سەربازی، ژمارە (30)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكاندا پێدراوە.

عەمید خالید ئەحمەد ڕەمەزان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی موسەنای سەربازی.
عەمید ناسر فاخر عەلوان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی بەدر ئەلكوبرای سەربازی.
عەقید خەڵەف عەبدوڵڵا عمێرە، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی فارسی سەربازی، ژمارە (32)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكاندا پێدراوە.
لیوا ڕوكن ئوسامە حەسەن تۆفیق ئەلیاوەر، ڕازگری نهێنی لقی حەتین و وەلیدی سەربازی.
عەمید ڕوكن خالید كازم، ڕازگری نهێنی لقی سەربازی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
عەقید ڕەشید ئەحمەد سەرحان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی موعتەسەم، ژمارە (34)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكاندا پێدراوە.
موقەدەم عەودە محەمەد خەلیفە ئەلعوبەیدی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی حەذیفەی سەربازی.
ڕائید نزهان ڕەشید عەبد، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی قائد ئەلنەسری سەربازی.
نەقیب محەمەد مەحمود سەلاج، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ڕافیدەینی سەربازی.
نەقیب تۆفیق مەحمود خزر ئەلدوری، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی سەعدی سەربازی.
نەقیب جاسم محەمەد ساڵح، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی عەبدوڵڵا بن ڕواحەی سەربازی.
نەقیب عەبدولحوسێن فەرحان حەمەد، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی زەین قەوسی سەربازی.
نەقیب نەسر ئەحمەد ئەلجبوری، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی محەمەد ئەلقاسمی سەربازی.
عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی بەغدای سەربازی.
خالید كافی فلەیح، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی بەسرای سەربازی (دواتر كراوە بە ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی حەكەمی سەربازی؛ سەرچاوە: (2-58)، ل4).

عاشور شەهاب ئەحمەد، ڕازگری نهێنی هۆبەی سەڵاحەدینی حزبی بەعس.
عەبدولواحید حوسامەددین، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی ڕواندز.
زێدان عەتیە عەتوش، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی ڕواندز.
موسا ئیبراهیم بەلۆ، بەرپرسی ڕێکخراوی خەلیفانی حزبی بەعس.
تاڵیب محەمەد سلێمان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی هەڵەبجە (20.8.1986).
نیسان سەرحان هیلال، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی هەڵەبجە (8.4.1987).
سجیل ئەلسافی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی تیپی دەربەندیخان.
حەکیم ئەنوەر مەولود، ڕازگری ڕێکخراوی سمود.
ڕائید ئەنوەر ڕەحیم تەها، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی حارسی سەربازی، کە ژمارە (28)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.
ڕائید محەمەد سالم حوسێن، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەلتەئمیمی سەربازی، کە ژمارە (15)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.
ڕائید عەبدولستار عەتا ئەلکوبەیسی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی هەولێری سەربازی، کە ژمارە (13)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.
تاریق زیادە ساڵح، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی عەموریەی هەولێری سەربازی.
موحسین عەلی عوگلە، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی هەولێری سەربازی.
نوزهان خەلیل ئیبراهیم، ڕازگری نهێنی فرقەی فەیلەقی پێنجی سەربازی.
لیوا عەبد سەلمان حمیدی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی عەموریەی سەربازی، کە ژمارە (88)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.
جەبار ساڵح مۆحان ئەلعکبەلی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی عەموریەی سەربازی.
فەوزی خالید محەمەد، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی فرقەی عەموریەی دەوروبەری سەربازی.
مەحمود نەدا سەعد حەمدان ئەلمعازیدی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی لیوای کۆماندۆی یەکی فەیلەقی پێنجی سەربازی.

عەقید ئەحمەد سالم جاسم ئەلسامەڕائی، ڕازگری فەرماندەیی هۆبەی هێزەکانی نەسری سەربازی، کە ژمارە (29)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

عەقید ڕەشید محەمەد حەسەن، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی فارسی سەربازی.

عەقید عەبدولحەکیم تۆفیق حەسون، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەلشیبانی سەربازی، کە ژمارە (35)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

عەمید خەڵەف نەجم جاسم، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی ئەبی زرئەلغەفاری سەربازی، کە ژمارە (54)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

عەمید عەلی لەفتە حوسێن ئەلعقابی، ڕازگری فەرماندەیی هۆبەی خالیدی سەربازی، کە ژمارە (58)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

عەمید غانم خالید سلێمان ئەلجەماس، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی قەعقاعی سەربازی، کە ژمارە (59)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

عەمید محەمەد خەیری محەمەد سەعید، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی شەرحەبیلی سەربازی، کە ژمارە (62)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

عەمیدی ڕوکن عەلی ساڵح حەمودی ئەلدوری، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی موسا بن نەسیری سەربازی، کە ژمارە (84)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

موقەدەم ئیدریس سەعید محەمەد، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی زاخۆی سەربازی، کە ژمارە (126)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

موقەدەم ئیسماعیل مەحمود عەبد خەڵەف، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی مەنسووری سەربازی، کە ژمارە (127)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

موقەدەم حاتەم موتنی عەواد، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی یەکەمی سەربازی سلێمانی، کە ژمارە (128)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

موقەدەم سەلاح سەبری مەحمود، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی دووەمی سەربازی سلێمانی، کە ژمارە (131)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

موقەدەم ڕوکن عەبدولستار جەواد (عەبود) حەمزە ئەلحەدیسی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی لقی عەمورییەی سەربازی، کە ژمارە (133)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

فەوزی خەڵەف ئەڕزیق، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕازگری هەرێمایەتی (مدیر مكتب امانة سر القطر).

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة
رقم القرار/ ١٦٠
تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

## قرار

استنادا الى احكام الفقرة (آ) من المادة الثانية والاربعين ، والفقرة (آ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور ، وتنفيذا" لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧ .

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧ مايلي :ـ

اولا . يقوم الرفيق علي حسن المجيد ، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي ، بتمثيل القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية ومنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة .

ثانيا . يتولى الرفيق عضو القيادة القطرية ، لتحقيق اهداف هذا القرار ، صلاحية القرار الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية ، وبوجه خاص الصلاحيات المخولة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال .

ثالثا . ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة عنه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار .

١ـ المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي .

٢ـ محافظو المحافظات ورؤساء الوحدات الادارية التابعين لوزارة الحكم المحلي .

٢

٣- اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية .

٤- قيادات الجيش الشعبي .

رابعا - تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية بكل ما يتصل بـ( اولا ) من هذا القرار .

خامسا - يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره ولحين اشعار آخر، ويوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار .


صدام حسين


رئيس مجلس قيادة الثورة

وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)



وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

**وێنەکانی سەرەوە:**

1. ئەحمەد میشیل عەفلەق.
2. عەلی حەسەن نەسار ئەلعامری.
3. عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی).
4. گۆڕی عەلی حەسەن مەجید.

## لیژنەی کاروباری باکوور - کوردستان (لجنة شؤون الشمال - کوردستان):

لیژنەی کاروباری باکوور (کوردستان)، نزیکەی دوو هەفتە دوای گرتنە دەستی پۆستی سەرۆک کۆمار و بەرپرسێتی یەکەمی حزبی لەلایەن سەدام حوسێن-ەوە، بەپێی بڕیاری ژمارە (997)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕێکەوتی (2.8.1979)دا دامەزرا، دواتریش بەپێی بڕیاری ژمارە (771)ی هەمان ئەنجومەن لە ڕۆژی (3.12.1989)دا هەڵوەشایەوە؛ سەرچاوە: (2-1، ب24، ل5404).

ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە جێبەجێکردنی سیاسەتی حزبی بەعس و حکومەتی سەدام بوو لە هەر کارێک پەیوەندی بە باشووری کوردستان-ەوە هەبووبێت، بەتایبەت لە سیاسەتی بە عارەبکردن، ڕاگواستنی کورد، کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستان، داگیرکردنی ماڵ و زەویوزاری کورد و هێنانی عارەب بۆ سەر زێدی کوردە بەزۆر ڕاگوێزراوەکان و پێدانی ماڵ و زەوییەکانیان بەو عارەبە داگیرکەرانە.

لیژنەی کاروباری باکوور وەکو دەستگایەکی حزبی بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (244)ی ڕێکەوتی (20.4.1987)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خرایە ژێر دەسەڵاتی عەلی حەسەن مەجید، کە ئەرکی کۆکردنەوەی بەشێک لە گیراوەکانی ئەنفالەکانیان گرتبووە ئەستۆ و دواتر گواستنەوەیان بۆ ئەو شوێنانەی کە بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵ دەکران.

ئەندامانی لیژنەی کاروباری باکوور (کوردستان) لە سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەکاندا پێکدەهات لە هەر یەک لە:

عەلی حەسەن مەجید، بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس.

سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی، وەزیری ناوەخۆ.

عەدنان خەیروڵڵا تولفاح ئەلناسری، وەزیری بەرگری.

دکتۆر ساماڵ مەجید فەرەج، وەزیری پلاندانان.

نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی، سەرۆکی ئەرکانی سوپا.

خالید عەبدولمونعیم ڕەشید ئەمین ئەلجەنابی، ئەمینداری گشتیی شاری بەغدا؛ سەرچاوە: (2-8، الثورة، ژمارە (6541)، ل6)؛ (2-59، الثورة، ژمارە (6755).

لیوا دکتۆر فازڵ حوسێن بەڕاک، بەڕێوەبەری هەواڵگری.

لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی.
عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەلدوری، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی.
ئەحمەد عەبدولقادر نەقشبەندی، سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.
سیروان عەبدوڵڵا حوسێن جاف، سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. سیروان جاف، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ی کوردستان پەنای بۆ سەدام برد لە بەغدا، لە ساڵی (1996)دا بە بڕیاری ژمارە (66)ی ڕۆژی (8.4.1996)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق (سەدام حوسێن) کراوەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی پارێزگای سلێمانی.
تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، کە لەنێوان (19.8.1986-15.9.1987)دا سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور بووە، دواتریش پارێزگاری موسڵ.
هەروەها چەند نووسەرێکی خۆفرۆش لە لیژنەی ڕاگەیاندنی کوردی بەشداری هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەی کاروباری باکوور-یان دەکرد.
هەروەکو لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێدا کە لیژنەی کاروباری باکوور (کوردستان) بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (997)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دامەزرا، دواتریش بەپێی بڕیاری ژمارە (771)ی هەمان ئەنجومەن لە کۆتایی ساڵی (1989)دا هەڵوەشایەوە، بەڵام پاش نزیکەی دوو ساڵ لە ڕۆژی (31.3.1993)دا بەپێی بڕیارێکی سەرکردایەتی حزبی بەعس دووبارە لەژێر ناوی لیژنەی باکوور (لجنة الشمال) دامەزرایەوە، کە ڕاستەوخۆ بەسترابووەوە بە سەرۆکایەتی کۆمار، کە تەها یاسین ڕەمەزانی جێگری سەرۆک کۆمار سەرپەرشتی دەکرد. کارەکانی ئەو لیژنەیە تا ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بوو.
ئەندامانی لیژنەی باکوور بریتیبوون لە:
تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی، جێگری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی لیژنەی باکوور.
مزبان خزر هادی
نوری فەیسەڵ شاهین
خزر عەبدولعەزیز دوری

عەمید ڕوکن عەبدولڕەحمان عەزیز حوسێن شەکرچی (1986-1989)، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی کوردستان.

مەزهەر موتنی عەواد

وەزیری ناوەخۆ

بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری (سابیر عەبدولعەزیز دوری 6.4.1991-ئاداری 1994).

بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی (سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن مەجید تکریتی لە ماوەی (6.4.1991-8.11.1995).

بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی (عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود ئەلئەحمەد ئەلسامەڕائی 6.4.1991-23.11.1994).

لیوا تاریق زیادە ساڵح سکرتێری لیژنەی باکوور.

عسام محەمەد سوبحی بەڕێوەبەری نووسینگەی لیژنەی باکوور بووە.

بسم الله الرحمن الرحيم

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار / ٤٩٦٩

تاريخ القرار / ٢٠ / ٤ /١٩٨٧

## قـــرار


استناداً الى أحكام الفقرة (آ) مـن المـادة الثانية والاربعين من الدسـتور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠/ ٤ / ١٩٨٧ ما يلي : ــ

١- يخول الرفيق علي حسـن المجيد صلاحية الأمر بالصرف في كل ما يتعلق بمهام لجنة شؤون الشمال لغرض تنفيذ احكام قرار مجلس قيادة الثورة المرقم (١٦٠) مائة وستين المؤرخ في ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧ التاسع والعشرين من شهر آذار عام الف وتسعمائة وسبعة وثمانين .

٢- يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)



احمد عبدالقادر نەقشبەندی
سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانی ناوچەی کوردستان





سیروان جاف

وێنەی ژمارە (3)                    وێنەی ژمارە (4)

**وێنەکانی سەرەوە:**

1. عەلی حەسەن مەجید.
2. فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی، سەرۆکی ئەرکانی پێشووی سوپا لە دانمارک لە بەردەم باڵاخانەی دادگادا.
3. ئەحمەد عەبدولقادر نەقشبەندی.
4. سیروان عەبدوڵڵا حوسێن جاف.

## بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی (مدیریة الإستخبارات العسکریة العامة):

بارەگای سەرەکی ئەو دەزگایە لە شاری بەغدا و نزیک پردی ئەئمەی گەڕەکی کازمیە بووە، کە دەکەوتە سەر ڕووباری دیجلە. ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگایە سیخوڕیکردن بووە لەسەر ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی، ئێراقی و وڵاتانی دوژمن بە حکومەتی سەدام حوسێن و حزبی بەعس. بەگوێرەی دانیشتنەکانی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال و بەشێک لە بەڵگەنامەکانی سەر بەم دەزگایە کە لەکاتی دادگاییکردنەکەدا خرانەڕوو، دەرکەوت ئەم دەزگایە لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گوندنشینەکان هەروەها ڕێنمیایی کردن و پێشنیازکردن بۆ فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی گوندنشینەکان و هێزی پێشمەرگە، کۆکردنەوەی گیراوەکان و دواتریش گواستنەوەیان بۆ بیابانەکان و لەناوبردنیان.

ئەو دەزگایە، پێش ئەوەی پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیست بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (17.7.1968)دا دەسەڵات بگرنە دەست، دامەزرابوو.

لە سەرەتای دەسەڵاتی (زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم)دا موقەدەمی ئەندازیار ڕەفعەت ئەلحاج ئەحمەد سڕی ساڵح لەنێوان (14.7.1958-8.3.1959) بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە. بەڵام دوای رەفعەت سڕی، عەقید موحسین هادی موحسین ئەلرفیعی (1918-2006) بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە بووە تاوەکو ڕۆژی لەناوبردنی دەسەڵاتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە ڕێکەوتی (8.2.1963)دا.

عەمید محێدین مەحمود، دوای کۆدەتای یەکەمی خوێناوی بەعسییەکان لە ڕێکەوتی (8.2.1963)دا وەکو بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی دامەزرا. هەر لەو ساڵەو لە نێوان (21.11.1963-15.9.1965)دا موقەدەم ڕوکن هادی خەماس ئەلعزی بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی. دواتر لە نێوان (20.9.1965-13.4.1966)دا عەقید ڕوکن مەحمود حەسەن دوڕە ئەلجحەیشی (1910-28.8.1995)، دوژمنی

سەرسەختی کورد پۆستی ناوبراوی لە دەست بووە و فاروق سەبری ئەلخەتیب جێگری بووە.
لە سەردەمی عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا، عەقیدی ڕوکن شەفیق ئەلدەڕاجی بەڕێوەبەر (17.4.1966–17.7.1968) و موقەدەم ڕوکن عەبدولڕەزاق نایف سەعید نایف ئەلجومەیلی جێگری بەڕێوەبەر بووە. بەڵام لە دوای سەرکەوتنی کۆدەتای دووەمی بەعسیەکان لە ڕێکەوتی (17.7.1968)دا، کە موقەدەم ڕوکن عەبدولڕەزاق نایف بەشداری ئەو کۆدەتایەی کرد و بۆ ماوەی سێزدە ڕۆژ بوو بە سەرۆک وەزیران، کەچی لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام لادرا. پاشان سەدام لە ڕێکەوتی (9.8.1978)دا لە لەندەن عەبدولڕەزاق نایف-ی کوشت. عەقید ڕوکن شەفیق ئەلدەڕاجی، کە دوای کۆدەتای دووەمی بەعس لە ساڵانی (1968–1978)دا ئەمینداری نهێنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، دواتر کرا بە باڵوێزی ئێراق لە وڵاتی سعودیە، کەچی لە ساڵی (1982)دا پیاوەکانی سەدام داوایان لە ناوبراو کرد بگەڕێتەوە بۆ بەغدا بۆ چەند کارێکی پێویست، کەچی دوای گەڕانەوەی شەفیق دەڕاجی بۆ بەغدا بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە دەوڵەتانی بیگانە و پێدانی زانیاری گرنگ بە بیگانە، لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتیان.
دوای لادانی عەبدولڕەزاق سەعید نایف لە پۆستی جێگری بەڕێوەبەری دەزگای ناوبراودا، عەمیدی ڕوکن خەلیل ئیبراهیم مەحمود ئەلعەزاوی کرا بە جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی و دواتر لە ساڵی (1977)دا کرا بە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە، بەڵام لەبەرئەوەی لایەنگری سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، لە ڕێکەوتی (6.2.1980)دا لەلایەن سەدام حوسێن لادرا.
عەمیدی ڕوکن عەبدولجەواد زەنون محەمەد تاهیر موسڵاوی، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی لەنێوان ماوەی (7.2.1980–4.6.1982)دا، کە ئێستا لە دیمەشق – سوریا دەژی و لە مانگی یونی ساڵی (2011)دا جەعفەر ئەلحوسەینی ڕاوێژکاری سەربازی نوری کامیل مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق داوای گەڕانەوە بۆ ئێراق و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی لێکردووە. عەقید ڕوکن حەمید محەمەد تکریتی یاریدەدەری بەڕێوەبەر واتە یاریدەدەری عەبدولجەواد زەنون بووە.
لیوا ڕوکن ماهر عەبدولڕەشید محەمەد ئەلڕەشید ئەلناسری ئەلتکریتی، لە ماوەی (13.1.1983–18.8.1983)دا بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە.

لیوا ڕوکن مەحمود شوکر سەعید شاهین ئەلجومەیلی، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی لە ماوەی (18.8.1983–2.4.1986)دا.
لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی لە ماوەی (8.4.1986–6.4.1991)دا و لیوا ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی یاریدەدەری سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری بووە بۆ کاروباری بەڕێوەبەریتی لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا. لیوا محەمەد غەسیس لە ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا سەرۆکی ئەرکانی بارەگای ئۆپراسیۆنەکانی ڕۆژئاوای فورات (مقر عملیات غرب الفرات) بووە لە شاری ناسریە، کە بە سەرۆکایەتی نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپای ئێراق دامەزرابوو. لە ڕۆژی (2.3.1991)دا خەڵکی ڕاپەڕیوی باشوور توانیان ئەو بارەگایە و نزار خەزرەجی، محەمەد ڕەزا غەسیس و تەواوی ئەفسەرانی ڕوکن و ئەفسەرانی تریش بەدیل بگرن. دوای دژە هێرشی میلیشیاکانی سەدام بە سەرۆکایەتی و بەشداری هەر یەک لە عەلی حەسەن مەجید، حوسێن کامیل حەسەن ئەلمەجید تکریتی، عزەت ئیبراهیم ئەلدوری، محەمەد حەمزە قەیتان ئەلزوبەیدی، نەعیم حەمید عەلی حەداد (شیعە)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعس بووە، مزبان خزر هادی مەندەلاوی، تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی، حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری، فەریق یەکەمی ڕوکن سەعدی توعمە عەباس جبوری وەزیری بەرگری، فەریق یەکەمی ڕوکن حوسێن ڕەشید تکریتی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، لیوا ڕوکن کەمال مستەفا تکریتی فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی کۆماری تایبەت، فەریق ڕوکن سەلاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری فەرماندەی فەیلەقی سێ، فەریق ڕوکن ئەحمەد ئیبراهیم حەماش تکریتی فەرمادەی فەیلەقی چوار، عەمید ڕوکن موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلناسری ئەلتکریتی فەرماندەی هێزەکانی نیداء، لیوا ڕوکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی فەرماندەی فرقەی چواری پیادە کە لە کۆتایی ساڵی (1991)دا کرا بە فەرماندەی فەیلەقی چوار، فەریق ڕوکن ئەیاد فتەیح خەلیفە ئەلڕاوی، فەریق ڕوکن ماهر عەبدولڕەشید تکریتی، فەریق ڕوکن تالع خەلیل ڕەحیم ئەلدوری، لیوا ڕوکن فەوزی ئەحمەد لەتیف تکریتی

فەرماندەی هێزەکانی عەدنانی پاسەوانی کۆماری، عەمید ڕوکن حەسەن زێدان ئەللهێبی فەرماندەی فرقەی سێی زرێپۆش، لیوا ڕوکن ڕەعد مەجید فەیسەڵ تکریتی فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی چل، لیوا ڕوکن ئەزهەر ئیسماعیل، ئەفسەری ڕوکنی دووەمی ئیستخبارات لە بارەگای فرقەی بیست و هەشتی پیادە، عەمید ڕوکن مانع عەبدولڕەشید تکریتی، سەمیر محەمەد عەبدولوەهاب شێخلی و عەمید ڕوکن عەبدولڕەحمان عەبدولعەزیز ئەلدوری بەرپرسی لقی بەسرای سەربازی حزبی بەعس بۆ سەر شاری ناسریە و تەواوی شارەکانی تری باشووری ئێراق. ئەو هێزانەی سەدامی دیکتاتۆر توانیان لە ڕێکەوتی (15.3.1991)دا شاری ناسریە کۆنترۆل بکەنەوە و دیلەکانیش لەنێویاندا فەریق یەکەمی ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی بە برینداری و لیوا ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی ئازاد بکەن. بەڵام هێزەکانی ئەمنی سەدام دەستیان گرت بەسەر هەندێک نووسراوی ڕاپەڕیوانی شیعە، کە تیایدا تۆمارکرابوو لیوا ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس سازشی کردبوو هەروەها زانیاری زۆر مەترسیداری دابوو بە ڕاپەڕیوان و بەڵێنی کارکردنی پێدابوون لە بەرانبەر ئەوەی کە نەیکوژن، بۆیە دوای گەڕانەوەیان بۆ بەغدا سەدام حوسێن هەموویانی خەڵاتکرد بە مەدالیای ئازایەتی، بەڵام محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی ڕەوانەی زیندانکرد و دوای چەند مانگێک بەرەڵایکرد و بۆ یەکجاری لە سوپا دەریکرد؛ سەرچاوە: (1-9، اللواء الركن وفيق السامرائي، حطام البوابة الشرقية، ل419)؛ (1-10، العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال ماذا حدث في العراق بعد الانسحاب من الكويت؟ خفايا الأيام الدامية!! ل191-194).

کەواتە ئەوەی گرنگ بێت بۆ ئێمە ئەوەیە کە فەریقی ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، لەکاتی کیمیاباران کردنی کوردستان و شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال لە ساڵانی (1987-1988)دا بۆ سەر خەڵکی گوندنشینی کورد کە تێکڕا (182) هەزار کەس بوونە قوربانی، بەرپرسی یەکەمی هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە.

لیوا ڕوکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری، یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە لەنێوان (11.11.1987-27.8.1988)دا.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان سالم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ موسڵاوی، بەڕێوەبەری هەواڵگری ئاسمانی بووە.

بەگوێرەی نووسراوی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی ژمارە (7371)ی ڕۆژی (31.3.1987) و بە واژۆی لیوا ڕوکن سابیر ئەلدوری، کە بۆ سەرکردایەتی ئەرکانی سوپا نێردراوە، سابیر دوری پێشنیار دەکات کە بارەگاکانی (ی. ن. ک) لە دۆڵی بالیسان لە گوندەکانی (بالیسان، توتمە، خەتێ و شێخ وەسانان) بە چەکی کیمیایی (تەقەمەنی تایبەت) بۆردومان بکەن (سەبارەت بە ڕۆڵی سابیر دوری لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی هاووڵاتیانی کورد، لە کۆتایی ئەم بەشەدا چەند بەڵگەیەک دانراوە). هەر لە ئەنجامی پێشنیاری سابیر عەبدولعەزیز حوسێن دوری، لە ڕێکەوتی (16.4.1987)دا دۆڵی بالیسان کیمیا باران کراو نزیکەی (315) شەهید و (500) بریندارى لێکەوتەوە.

عەمید ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی، لەکاتی ئەنفالەکاندا بەرپرسی هۆبەی سێی کوردەکان و یەکێک لە جێگرەکانی بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە. بەگوێرەی نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، کە لە ڕێکەوتی (18.5.1988)دا بە ژمارە (م5/ش3/ق2/9879)، بە واژۆی عەمید ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی بە ناوی ڕاپۆرت بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات نێردراوە، ڕاپۆرتەکە شەش لاپەڕەیە و لە لاپەڕە چواردا عەمید ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس (محمد رضا غثیث) باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکات لە دژی ئەو گوندانەی کە بارەگا و بنکەی پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ی تێدایە.

عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود ئەلئەحمەد ئەلسامەڕائی، لە مانگی نیسانی ساڵی (1991)دا کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی (مدیر الاستخبارات العسکریة العامة) و لەو پۆستەیدا مایەوە تاوەکو لە ڕێکەوتی (23.11.1994)دا بەغدای جێهێشت و خۆی گەیاندە سلێمانی و وەکو ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی سەدام خۆی ناساند. وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (1)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لەلایەن مام جەلالی سکرتێری گشتیی (ی. ن. ک) و سەرۆک کۆماری ئێراق بە ڕاوێژکاری سەربازی تاڵەبانی دامەزرێنرا، وەلێ دوای نارەزایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڕێکرا بۆ بەریتانیاو ئێستاکە لە لەندەن دەژی.

دوای ڕاکردنی وەفیق سامەڕائی، عەمید ڕوکن عەبدولقادر سەلمان خەمیس وەکو بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی دامەزرا و تاکو سەرەتای ساڵی (1996)، لەو پۆستەدا مایەوە. پاشان لە سەرەتای ساڵی (1996)دا لیوا ڕوکن موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلناسری ئەلتکریتی، پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی وەرگرت. لەپێش ڕوخانی ڕژێمدا لیوا ڕوکن زوهێر تاڵیب عەبدولستار ئەلنەقیب (مێردی یەکێک لە خوشکەکانی سەدام حوسێن تکریتی)، بۆ ماوەی دە مانگ بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە، لە ڕێکەوتی (23.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکی دەستگیرکرا، پاشان لە ساڵی (2006)دا لە ئەنجامی کاریگەری نەخۆشی شەکرەدا لە زیندانادا چاوەکانی کوێر بوون.

بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، پێنج معاونیەی هەبوو کە ئەمانەن:

**معاونیەی یەکەم:** عەمید ڕوکن ڕەحیم عەبدولغەنی ئەلسوس ئەلناسری، بریکاری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی و لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا بەرپرسی موعاونییەی یەکەم بووە (سەدام لە سەرەتای ساڵی 1991دا لە سێدارەی دا)، عەمید ڕوکن سینان عەبدولجەبار ئەبوگلە ئەلنەجەفی، لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا ئەویش بۆ ماوەیەک بەرپرسی موعاونییەی یەکەم بووە. ئەرکی سەرەکی ئەو معاونییە کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ بووە لەسەر دوژمنانی حکومەتی سەدام حوسێن و پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست.

**معاونیەی دووەم:** لیوا ڕوکن تەها عەباس ئەلئەحبابی ئەلسامەڕائی، بەرپرسی ئەو موعاونیە بووە، کە دواتر لە کۆتایی ساڵی (1995)دا بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی وەرگرت، بەڵام لە ساڵی (1997) سەدام کوشتی. ئەرکی سەرەکی ئەو بەشە دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی سەربازی بوو.

**معاونیەی سێیەم:** لیوا ڕوکن عەدنان ناجی ئەلجبوری و عەمیدی ڕوکن فازڵ عەلی سلێمان ئەلدلێمی (ماوەیەکیش بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات بووە)، بەرپرسی ئەو بەشە بووینە، کە تایبەت بووە بە کاروباری هونەری. عەمیدی ڕوکن باسل شەفیق عەلی، بەڕێوەبەری ئامێرە هونەریەکانی هەواڵگری سەربازی بووە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکاندا.

**معاونیەی چوارەم:** لیوا ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی، بەرپرسی ئەو بەشە بووە و لەهەمان کاتدا جێگری بەڕێوەبەری گشتیی بووە بۆ کاروباری بەڕێوەبردن. ئەرکی سەرەکی ئەو بەشە تایبەت بووە بە مەشقکردن و کاروباری بەڕێوەبەڕێتی. لیوا محەمەد غەسیس، لەکاتی ئەنفالەکاندا گواستراوەتەوە بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری باکوور لە هەولێر و بۆ ماوەیەکیش لە معاونیەی پێنجەم لای وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی بووە. لیوا ڕوکن نەشوان زەنون یونس موسڵاوی، لیوا ڕوکن سەبار ڕەبیع عومەر ئەلجبوری خەڵکی ڕومادی و عەمید مەحمود عەبدولڕەزاق ئەلعبلی (خەڵکی خالس) هەرسێکیان لە معاونیەی چوارەم کاریان کردووە.

**معاونیەی پێنجەم:** عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی، بەرپرسی ئەو بەشەیان بووە. ئەرکی سەرەکی معاونیەی پێنجەم تایبەت بووە بە کاروباری ئێران و کوردستان ( موعاونییەی پێنجەم لە مانگی دیسامبەری ساڵی (1986)دا دامەزرا و هۆبەی سێی کوردەکان و کاروباری ئێران خرانە سەر ئەو بەشە). پاشان عەمید ڕوکن وەفیق عجیل سامەڕائی لە ڕێکەوتی (27.8.1988)دا کرا بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی، هەروەکو لە سەرەوەش ئاماژەم پێدا دواتر لە نیسانی ساڵی (1991)دا کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی.

عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب، ماوەیەک بەرپرسی هۆبەی کوردەکان بووە کە بە هۆبەی (3) ناسرابوو، (دواتریش لە کۆتایی 1988 و سەرەتای ساڵی 1989دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بووە)، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (2)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب لەکاتێکدا کە بەڕێوەبەری هۆبەی سێی کوردەکان بووە، لە ڕێکەوتی (13.3.1988)دا ڕێنوێنی ئەوەی داوە کە لە ڕێگای هێزی ئاسمانییەوە بە چەکی تایبەتی (چەکی کیمیایی) لە گوندەکانی کوردستان بدرێت؛ سەرچاوە: (2-1، ب18، ل4513).

عەمید ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی یەکێک لە جێگرەکانی بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی، لە سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەکاندا بەرپرسی هۆبەی سێی کوردەکان بووە.

موقەدەم مەڕوان عەبد کازم ئەلجەنابی، ئەفسەری هەواڵگری لە هۆبەی (3).
عەمید ڕوکن عامر ئەحمەد حەسون ئەلعەزاوی ماوەیەک لە ساڵی (1988)دا، بەرپرسی یەکێک لە بەشەکانی سەرەوە واتە یەکێک لە معاونیەکان بووە، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام بەپلەی فەریق ڕوکن ماوەیەک کرا بە جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی و دواتریش بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری بەرگری.
ئەو کۆمەڵە ئەفسەرەش، وەکو ئەفسەری لێکۆڵینەوە لە بەڕێوەبەرێتیی هەواڵگری سەربازی گشتیی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ زیندانیانی سیاسی کردووە: (لیوا حەمید مەجید ئەلعجیلی (مێردی خوشکی سابیر دوری)، مووقەدەم زوهێر یەحیا ساڵح موسڵاوی، ڕائید ڕوکن عامر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری (برای سابیر دوری)، ڕائید سامر ئیبراهیم محەمەد فەرماندەی زیندانی هەواڵگری (آمر سجن ألإستخبارات)، نەقیب حوسێن عەبدولهادی ئەلڕاوی، نەقیب خەلیل ئیبراهیم محەل، نەقیب نەقیب سەلمان دلێمی، نەقیب فائق جیهاد و نەقیب وەجیە یەحیا ساڵح موسڵاوی).
لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (1991)دا ئەمنی سەربازی (کە تا ئەوکاتە لیوا ڕوکن تەها عەباس ئەلئەحبابی، بەرپرسی ئەمنی سەربازی بوو)، وە بەشێک بوو لە هەواڵگری سەربازی گشتیی و لێی جیابووەوە، بەڵام بۆ جارێکیتر لە سەرەتای ساڵی (1996) هەردوو دەزگا یەکیان گرتەوەو لیوا ڕوکن موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلناسری ئەلتکریتی، کە خزمی سەدام بوو کرایە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی.
لە سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەکاندا بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی لە پێنج ڕێکخراو پێکهاتبوو:
**یەکەم:** ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (منظومة إستخبارات المنطقة الشمالية) لە هەولێر (کە دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) و ڕاماڵینی تەواوی دامودەزگاکانی بەعس لە سێ شاری کوردستانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، حکومەتی سەدام دامودەزگاکانی ئەو سێ شارەی گواستەوە بۆ دوو شاری کەرکوک و موسڵ-ی کوردستانی داگیرکراو).

عەمید محەمەد مستەفا ئیسماعیل تەلەعفەری، لە سەرەتای هەشتاکاندا تاوەکو ساڵی (1985) بەڕێوەبەری مەنزومەی شیمالی بووە، دوای ئەو ساڵە گواسترایەوە بۆ مەنزومەی شەرقی لە شاری دیالە.
عەقیدی ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری (خەڵکی شەرگات – موسڵ)، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (1985–1.11.1987) و دواتر لە نێوان (2.11.1987-کۆتایی ساڵی 1992)دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەلات بووە، کە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، لە ڕۆژی (10.6.2003)دا بەتاوانی بەشداریکردنی لە شالاوی ئەنفالەکان و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و کوردستان دەستگیرکرا. دوای دادگاییکردنی لەگەڵ سەرانی ڕژێم بەتاوانی بەشداریکردن لە شالاوەکانی ئەنفالدا، چەندان سزای جیا جیای بۆ بڕایەوە. عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (26.3.2013)دا لەنێو زیندان مرد. موقەدەمی ڕوکن فازڵ عەلی سلێمان ئەلدلێمی (خەڵکی ڕومادی)، لە سالانی (1985–1987)دا جێگری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ناوچەی باکوور واتە جێگری عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح جبوری بووە.
دوای فەرحان جبوری، ماوەیەک عەمیدی ڕوکن عەبدولمەلیک ئەلحەمدانی (کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە ماڵەکەی خۆی لە ئەنجامی گرگرتن و تەقینەوەی سۆبەی نەوتیدا مرد)، دواتریش هەر یەک لە عەمید ڕوکن خالید محەمەد عەباس و عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب لە سالانی (1987–1989)دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بووینە لە شاری هەولێر.
ماوەی چەند مانگێک لەکاتی ئەنفالەکاندا لیوا ڕوکن حەسەن حوسێن بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (مدیر منظومة إستخبارات المنطقة الشمالية) بووە، کە ئەو لەلایەن (دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شالاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (87)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب، کە لە کۆتایی ساڵی (1988) و سەرەتای ساڵی (1989)دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بووە، بەگوێرەی نووسراوی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور ژمارە (ش3/ق3/324)، کە لە ڕێکەوتی (23.2.1989)دا بۆ نووسینگەی سکرتاریەتی فەرماندەیی ڕێکخستنەکانی

باکوور نێردراوە، دەردەکەوێت کە بە واژۆی ئەو شەش کوردە لە سێدارە دراون بە ناوەکانی (قادر خدر حەمەد، شێخ مەعروف شێخ ئیسماعیل، حاجی ئاغا بایز باڵو، محەمەد عەبدوڵڵا عەلی، خالید ئەحمەد عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا ئاغا عەبدوڵڵا – دەقی بەڵگەنامەکە لە خوارەوە دانراوە). کەچی وەلید نایف شبیب وەکو شایەد بانگی دادگا کراوە نەک تۆمەتبار، هەروەها لە ساڵی (2007)دا سەردانی هەولێر و کوردستانی کردووە و لەسەر ئاستی باڵادا پێشوازی لێکراوە.

هەروەها ئەو ئەفسەرانە عەمید ڕوکن محەمەد ڕەزا غەسیس تکریتی (لەکاتی ئەنفالەکاندا بەرپرسی هۆبەی سێی کوردەکان و یەکێک لە جێگرەکانی بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە)، عەقیدی ڕوکن ساڵح مەهدی محەمەد، عەقیدی ڕوکن عامر فلەیح عەلی، عەقید خەلیل ئەحمەد حوسێن، عەقید ئەسعەد جاسم عەبدوڵلەتیف، موقەدەمی ڕوکن فازڵ عەلی سلێمان، موقەدەمی ڕوکن نەبیل نەجیب سەعید، موقەدەمی ڕوکن عادل مەجید عەلی، ڕائید سلێمان عەبدوڵلەتیف لە عارەبی دانیشتووی گوندی (جدیدة)ی سەر بە قەراج بوو، نەقیب عەبدولڕەزاق محەمەد عەلی، ئەفسەری دەستگیرکردنی زیندانیانی سیاسی و لێکۆڵینەوە بووە (لە ڕێکەوتی 2.3.1986دا لەگەڵ نەقیب خالید ئەلعەناس لە هەولێر منیان دەستگیرکرد - دەرسیم دیبەگەیی)، نەقیب خالید حەسەن تەها خۆشناو (خالید خۆشناو)، ملازمی یەکەم ناسر ئەحمەد حوسێن و ملازمی یەکەم ئەیاد عەبدولهادی دەروێش گشتیان سەر بە ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بووینە. ئەوەی شایەنی باسە عەمید خالید حەسەن تەها خۆشناو، کە نووسەری هۆنراوەی (زێڕە سەرۆکمان زێڕە ... سەدام زێڕە)یە، لە ساڵی (1981)ەوە تا ڕوخانی سەدام لە ڕێکەوتی (4.9.2003)دا لەو دەزگایە بووە و دوا پلەی عەمیدی ئیستخبارات بووە، یەکێک بووە لە برادەرانی سەدام حوسێن (من أصدقاء صدام حسين). عەمید خالید خۆشناو، لە ڕیزەکانی حزبی بەعس (عضو - عامل) بووە و بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدامی فاشی و ڕەگەزپەرست خاوەنی بیرۆکەی نووسینی پەرتووکێک بووە بەناوی (تۆمارنامەی ڕەش – السجل الأسود)، ناوبراو ئەو پەرتووکەی بەزمانی کوردی و عارەبی نووسیوە و وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزیش و ئامادە کرابوون بۆ لەچاپ دان، بەڵام ڕوخانی ڕژێم ئەو پڕۆژەیەی خالید خۆشناوی لەکارخست ئەگینا دەمێک بوو بڵاوکرابووەوە؛ سەرچاوە: (2-243، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (146)، ڕۆژی شەممە،

ڕێكەوتی (16.8.2003)، ل3). ناوەڕۆكی ئەم پەرتووكە (تۆمارنامەی ڕەش)، بەكورتیەكەی ئابڕوو بردنی یەكە بە یەكەی سەركردە، سكرتێری پارتە كوردی و كوردستانییەكان بوو، هەرچی تۆمەت و تاوان و بوختانی ناڕەوا هەیە لە دووتوێی ئەم پەرتووكەدا بەدی دەكرێن. جگە لەمەش خالید خۆشناو، بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام، هەواڵنامەیەكی تایبەت بە هەواڵەكانی كوردستانی بەناوی (رسالة الحقیقة – پەیامی ڕاستی) لە بەغدا لەدژی كورد دەردەكرد. خالید خۆشناو، ئێستاكە لە پەیمانگای كادیرانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە مەسیف پیرمام (سەلاحەدین) مامۆستایە و وانەی ئاسایشی نەتەوەیی (ألأمن القومي) دەڵێتەوە. هەروەها پارتی دیموكراتی كوردستان، ڤیان خالید حەسەن خۆشناو، كچی عەمید خالید خۆشناوی ئیستخبارات، لەسەر لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان بەگوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە (ذ/1375/14/1/2)ی ڕێكەوتی (22.2.2005)ی وەزارەتی دەرەوەی ئێراق، وەكو ئەتاشگە (ملحق) لە یەكێك لە باڵوێزخانەكان دامەزراندووە، بەڵام ئێستاكە ڤیان خۆشناو لە بەغدایە بۆ بەشداریكردنی خولی بەرزكردنەوەی پلەكەی و دوای تەواوبوونی ئەو خولە بە سەركەوتوویی، پلەكەی بەرزتر دەكرێتەوە.

بەپێی بەڵگەنامەیەكی ڕژێمی ڕوخاوی سەدام حوسێن، كە لە ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی باكوور (منظومة إستخبارات المنطقة الشمالیة) بە ژمارە (ش3/ق2232/1) لە ڕێكەوتی (22.12.1987)دا بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری نێردراوە، هەر یەك لە نەقیب عەبدولڕەزاق محەمەد عەلی، ملازمی یەكەم ناسر ئەحمەد حەسەن و ملازمی یەكەم ئەیاد عەبدولمەهدی دەروێش تیمی گولله باران كردنی سەردار خدر ڕەحمان و مهاباد شێخ محەمەد بووینە).

**دووەم:** ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات (منظومة إستخبارات المنطقة الشرقیة) لە شاری كەركوك. لیوا ڕوكن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری، یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بووە لە (11.11.1987-27.8.1988)، كە پێشتر لەنێوان ساڵانی (1984-1986)دا وەكو بەڕێوەبەری ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات سەرەتا لە شاری دیاله و دواتریش لە شاری كەركوك كاریكردووە. لیوا ڕوكن خالید محەمەد ئەلجبوری ، لە مانگی ئازاری ساڵی (2008)دا لە زیندانی ئەمریكییەكان مرد، بەڵام لەلایەن (دادگای باڵای

تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (91)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ.
لیوا ڕوكن سەلمان عەبد عەلو ڕەحیم ئەلدوری، لەنێوان (1986-30.6.1987)دا، وەكو بەڕێوەبەری ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات و ئەفسەری ڕوكن لە بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی كاریكردووە. دوای ئەو كەسێكی تر هاتووە و بۆ ماوەی چوار مانگ واتە تاوەكو سەرەتای مانگی یانزەی هەمان ساڵ ماوەتەوە.
عەقیدی ڕوكن فەرحان موتلەگ سالح خەڵەف ئەلجبوری، (خەڵكی شەرگات - موسڵ)، بەڕێوەبەری ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات لە (2.11.1987- كۆتایی ساڵی 1992)دا.
هەروەها ئەو ئەفسەرانە (موقەدەم ڕوكن فازڵ عەلی سلێمان ئەلدلێمی خەڵكی ڕومادی، موقەدەم ئەحمەد عەبد ڕەشید، موقەدەم نەزهان حامد زێدان، ڕائید حاتەم عەبدوڵڵا، ڕائید غازی ڕەشید فەرحان، نەقیب حارس ئەحمەد ڕەشید، نەقیب عەبدولكەریم سالح جەواد، نەقیب نەسرەت سلێمان موسا)، سەر بە ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات بووینە.
نەقیب عەبدولكەریم حەسەن تاهیر ئەفسەری هۆبەی سێی سەر بە ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات بووە؛ سەرچاوە: (2-2، ب2، ل2514).
نەقیب عەبدولكەریم سالح جەواد و نەقیب نەسرەت سلێمان موسا نوێنەرانی ڕێكخراوی هەواڵگری سەربازی ناوچەی ڕۆژهەڵات و بەرپرسی گوللە بارانكردن و كوشتنی كوردان بووینە. نەقیب عەبدولكەریم سالح جەواد، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە تیمەكانی گوللە باران كردنی كورد و بەشداری لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (150)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ.
تیمی گوللە باران كردنی زیندانییان، گیراوان و ئەنفالەكانی كورد لە بەڕێوەبەرێتی ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات بریتی بوون لە (سەرۆك عورەفا سەعد قاسم، جێگری عەریف محەمەد كەنۆ، جێگری عەریف محەمەد سالح، سەربازی یەكەم خالید ئیسماعیل، سەربازی موكەلەف خەزعەل ئیبراهیم، سەربازی موكەلەف سەرمەد زەكی، سەربازی موكەلەف جاسم عوبێد، سەربازی موكەلەف سادق محەمەد عەتیە)، هەموو گوللە باران كردنەكانیش بە سەرپەرشتی ئەو سێ تاوانبارە

ئەنجام دەدران (نەقیب عەبدولکەریم ساڵح جەواد، نوێنەری هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات، ئەسبەح محەمەد عەلی، ئەفسەری ئەمنی نەخۆشخانەی کەرکوکی سەربازی، ئیبراهیم شوعێیرە جەبارە، دکتۆری موقیم لە نەخۆشخانەی کەرکوکی سەربازی).

سێیەم: ڕێکخراوی هەواڵگری ڕۆژئاوا لە شاری ڕومادی، عەقید ڕوکن مەحمود مەشهەدانی بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوە بووە لە ساڵی (1988).

چوارەم: ڕێکخراوی هەواڵگری ناوەڕاست لە شاری کەربەلا.

پێنجەم: ڕێکخراوی هەواڵگری باشوور لە شاری بەسرا.

ئەمانەی خوارەش بەشێک بووینە لە ئەفسەرانی سەر بەو دەزگایە:

عەمیدی ڕوکن جەبار مەزلوم، بەڕێوەبەری هەواڵگری موسڵ.

موقەدەم نافیع ڕەحیم تەها، نوێنەری دەزگای هەواڵگری لە فەیلەقی (1) بۆ گوللە باران کردنی هاوولاتیانی کورد.

موقەدەم ئیسماعیل محەمەد یاسین، بەرپرسی هەواڵگری سەربازی بنکەی سلێمانی.

موقەدەم هاشم کامیل مەحمود، ئەفسەری هەواڵگری هێزی پارێزگاری نەوت.

عەقیدی ڕوکن عەبدوڵلا هادی، بەرپرسی بنکەی هەواڵگری چەمچەماڵ (ماوەیەکیش موقەدەم خالید یاسین عوبێد بەرپرسی هەواڵگری چەمچەماڵ بووە).

ڕائید قاسم هاشم یاسین، بەرپرسی بنکەی هەواڵگری خورماتوو.

نەقیب کیفاح عەلی حەسەن، بەرپرسی بنکەی هەواڵگری کەلار.

نەقیب جاسم محەمەد ڕەبیع و ملازمی یەکەم نەبیل، بەرپرسی بنکەی هەواڵگری دەربەندیخان بووینە، ملازمی یەکەم ماجد عەبد عەواد، جێگری لێپرسراوی هەواڵگری دەربەندیخان.

نەقیب عەلی حەمادی حەماد، بەرپرسی بنکەی هەواڵگری شەقڵاوە.

نەقیب حەسەن کازم عەلی فەرەج، بەرپرسی هەواڵگری قەڵادزێ.

ملازمی یەکەم عوەید عەبدوللەتیف، بەرپرسی هەواڵگری کۆیە.

نەقیب مەجید، بەرپرسی بنکەی هەواڵگری خانەقین.

عەمید ڕوکن عەلی خەلیفە، بەڕێوەبەری هەواڵگری فڕۆکەوانی سوپا (مدیر إستخبارات طیران الجیش) لە ساڵانی (1985-1986).

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
مكتب
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

العدد : ٧٦٧١
التاريخ : ١٩٨٧/٣/٣١

سري للغاية وشخصي

(على الفور)

الى / رئاسة أركان الجيش

الموضوع / أستخدام العتاد الخاص

١. أمر السيد الرئيس القائد (حفظه الله) بأن تدرس مديريتنا مع الاختصاصيين توجيه ضربة مباغتة (لتواجد عملاء ايران ضمن مقرات مخربي الفرع التابع لزمرة البارزاني) بالعتاد الخاص وامكانية تنفيذها بأي من الوسائل الكفية (القوة الجوية-طيران الجيش-المدفعية).

٢. تم دراسة أمر السيد الرئيس القائد (حفظه الله) مع الاختصاصيين واقترحنا ما يلي :-

أ. أرجاء تنفيذ الضربة على تواجد عملاء ايران ضمن مقرات زمرة البارزاني حتى شهر حزيران المقبل لوقوع الاهداف في منطقة الشريط الحدودي العراقي-التركي بفصل أختيار الاهداف خارج التأثير المحتمل على المنطقة الحدودية التركية او القرى التركية.

ب. المباشرة بالتخطيط لتنفيذ عمليات ضربة مماثلة باتجاه مقرات عملاء ايران.

٣. حصلت الموافقة على المقترحين في (٢) اعلاه وقامت مديريتنا بدراسة اماكن تواجد مقرات عملاء ايران وانتخاب الاهداف أدناه استنادا الى حجم التواجد المعادي فيها وتأثير هذا التواجد على الامن الداخلي في المنطقة الشمالية بما يتلائم والامكانيات المتيسرة من العتاد الخاص ووسائل الاطلاق :-

أ. مقرات عملاء ايران في منطقة حوض باليسان (قرى باليسان، توتمة، ختي، شيخ وسان) الكائنة قرب الطريق العام بطواقة-خليفان.

(٣-١)

سري للغاية وشخصي

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
مكتب
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

العدد: ٧٢٧١
التاريخ: ١٩٨٧/٣/٢١

سري للغاية وشخصي

ب. مقرات عملاء أيران في عوض قرى (تكية - بلكجار - سيوسنان) التابعة لناحية قره داغ .

٥. أن الأهداف المشار اليها في (أ - ب) من المادة (٤) أعلاه من المقرات المهمة لعملاء أيران وأفراد العدو الأيراني وهي بعيدة بعداً كافياً (كأهداف للعتاد الخاص) عن مواقع قطعاتنا وتعتبر مناسبة أكثر من غيرها لأستخدام هذا العتاد لوقوعها في مناطق منخفضة تساعد على ركود أبخرة العامل الكيمياوي وبالأمكان معالجتها بالوسائل التيسرة (القوة الجوية ، القاذفات المدفعية والمسمتيات ليلاً) .

٥. أقترحت مديريتنا توجيه الضربة للهدفين المشار اليهما في (٤) أعلاه خلال هذه الفترة وبأستخدام ثلثي المتيسر من العتاد الخاص (عامل الزارين) أضافة الى ثلث المتيسر من العتاد الخاص (عامل الخردل) والأحتفاظ بالمتبقي للحالات الطارئة في قواطع العمليات .

٦. كتاب رئاسة الجمهورية - السكرتير السري للغاية والشخصي ومعلى الفور ٩٥٣/٥/١٩٦٥ له في ٢٩ آذار ٨٧ المتضمن مايلي :-
(حصلت الموافقة على توجيه الضربة على أن يتم أستثمار النتيجة... حيث أن القصد ليس أيذاء المخربين فحسب ... لنتخاذ مايقتضي والتنسيق مع الفيلق المعني... وأعلامنا قبل المباشرة بالضربة) .

يرجى التفضل بالأطلاع وأوعز الجهات لتنفيذ ماورد بكتاب رئاسة الجمهورية - السكرتير أعلاه وأعلامنا نتيجة ... مع التقدير .

اللواء الركن
مدير الأستخبارات العسكرية العامة

سري للغاية وشخصي

[redacted]

بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الدفاع
سري
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

العدد: ش٣/ش١/٦٨٨٥
التاريخ: ٢٩/٣/١٩٨٧

094
2015/5/8

سري للغاية وشخصي

مستعجل

الى / رئاسة الجمهورية / السكرتير

الموضوع / استخدام العتاد الخاص

كتابكم السري للغاية والشخصي وعلى الفور ٧/ج/[illegible] في ١٩ آذار ١٩٨٧ ...

١. تمت دراسة أماكن تواجد مقرات عملاء ايران وانتخاب الأهداف أدناه استنادا لحجم التواجد المعادي فيها وتأثير هذا التواجد على الأمن الداخلي في المنطقة الشمالية بما يتلاءم والامكانيات المتيسرة من العتاد الخاص ووصف الأهداف :-

أ. مقرات عملاء ايران في منطقة حوض باليسان (قرية باليسان ، توتمة ، ختي وشيخ وسان) الكائنة قرب الطريق العام جوارقرنه - خليفان ...

ب. مقرات عملاء ايران في حوض قره (تكيه ، بلكجار وسيوسنان) التابعة لناحية قره داغ ...

(١ - ٣)

سري للغاية وشخصي

سري للغاية وشخصي

٢. الأهداف المشار إليها أعلاه من المقرات المهمة لعصاة إيران وأزلام العدو الإيراني وإن حجم التواجد المعادي فيها يؤثر على الأمن الداخلي في المنطقة الشمالية وهي بعيدة بعداً كافياً (كأهداف للعتاد الخاص) عن مواضع قطعاتنا وتعتبر ملائمة أكثر من غيرها لاستخدام هذا العتاد لوقوعها في مناطق منخفضة تساعد على تركيز أبخرة العامل الكيمياوي وبالإمكان معالجتها بالوسائط المتيسرة (القوة الجوية / القاذفات الأنبوبية والمدفعية) ...

٣. محدودية الكمية المتيسرة من العتاد الخاص في الوقت الحاضر يُحتمل العمل بأحد البديلين أدناه :-

أ. البديل الأول :-

توجيه الضربة للهدفين المنتخبة خلال هذه الفترة باستخدام ثلثي المتيسر من العتاد الخاص (عامل الزارين) إضافة الى ثلث المتيسر من العتاد الخاص (عامل الخردل) والاحتفاظ بالمتبقي للحالات الطارئة في قواطع العمليات ...

— ٢ —

سري للغاية وشخصي

سري للغاية وشخصي

ب. **البديل الثاني**

تأجيل تنفيذ الضربة الى منتصف شهر نيسان ١٩٨٧ ولحين تهيئة الكميات الكافية من العتاد الخاص وحسب موقف الانتاج ...

٤. نؤيد العمل بالبديل الأول ...

يرجى التفضل بالاطلاع وما ترونه مناسباً واعلامنا .. مع التقدير.

[illegible]

[illegible]

م/ مدير الاستخبارات العسكرية العامة

2005/5/8

- ٣ -

سري للغاية وشخصي

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشمالية
الرقم / ش٣ / ق٣ / د ٣٢٩٦
التاريخ ٢٣ / شباط / ١٩٨٩
١٧ رجب ١٤٠٩ هـ

سري وشخصي

٢٠٦٠
٢٩١٢/٠٤

الى / قيادة مكتب تنظيم الشمال / السكرتاريــــــة

الموضوع / تنفيذ حكم

كتابكـــــم السري والشخصي ١٠٣٥ فــــــي ١٩ شـباط ٨٩ ٠

بتاريخ ٢٢ شباط ٨٩ نفذنا حكم الاعــدام بالمجرمين المبينه اسمائهم ادناه والوارده اسمائهم بكتابنا السري والشخصي ٢٢١ في ٥ شباط ٨٩ ٠

١٠ المجرم نادر خضر محمـــــد
٢٠ المجرم شيخ معروف شيخ اسماعيل
٣٠ المجرم حاجي اغـا بايز بالــــــو
٤٠ المجرم محمـد عبدالله عـــــلي
٥٠ المجرم خالد احمد عبداللــــــه
٦٠ المجرم عبدالله اغـا عبداللـــــه

يرجــــى التفضل بالاطلاع ٠٠٠ مع التقديـر٠

العقيد الركن
مدير منظومة استخبارات المنطقه الشماليـــه
٢٣ / ٢ / ٨٩

( ١ — ١ )
سري وشخصي

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

**وێنەکانی سەرەوە:**

1. لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن ئەلدوری.
2. عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی.
3. لیوا ڕوکن مەحمود شوکر سەعید شاهین ئەلجومەیلی.
4. عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری.

## بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری گشتیی (مديرية المخابرات العامة):

دەزگای هەواڵگری گشتیی لە ساڵی (1968)دا لەسەر دەستی دیکتاتۆر سەدام حوسێن تکریتی دامەزراوە. بارەگای سەرەکی دەزگای هەواڵگری لە بەغدا و لە نزیک پێشەنگای بەغدای نێودەوڵەتی (معرض بغداد الدولي) بوو. ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگایە گرتن و لەناوبردنی سیخوڕ و سیخوڕیکردن بووە، هەروەها لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی، ڕامیاری و ئابووری بووە لەسەر وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی نەیار. هەواڵگری گشتیی لە سەرەتادا بریتی بوو لە دەزگایەکی بچووک بەناوی (دەستەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی – الهيئة التحقيقية الاولى)، کە لەدوای کۆدەتاکەی دووەمی بەعس لە ڕێکەوتی (17.7.1968)دا دامەزرابوو. پاشان بەرە بەرە سەدام حوسێن سەرکردایەتی ئەو دەستەیەی گرتەدەست. ئەو دەستەیە زۆرتر ئەو کەسانە بوون کە لە ڕێکخستنی هێڵی حەنین (خط الحنين)ی حزبی بەعس بوون کە بەر لە گرتنەدەستی دەسەڵات، سەدام حوسێن لەنێوان ساڵانی (1964–1966)دا سەرپەرشتی ئەو ڕێکخستنەی دەکرد. دواتریش ئەو دەستەیە تۆزێک فراوانترکرا و دەسەڵاتی زۆرتری پێدرا. سەدام لەپێناوی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نازم گزار لازم کۆمەڵێک کاری ئەنجام دا، ئەوەبوو ناوی دەزگاکە گۆڕدرا و کرا بە (نووسینگەی پێوەندییە گشتییەکان – مكتب العلاقات العامة) و لە ساڵی (1972)دا دیسان کەمێکی تر گەشەیان پێدا و کرا بە دەزگایەکی هەواڵگری بچووک بەناوی (بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری گشتیی – مديرية المخابرات العامة)، کە سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی (شیعە) کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی، کە باوەڕپێکراوی سەدام و زۆر لەوەوە نزیک بوو. لە ساڵی (1973)دا تاهیر ئەحمەد ئەمین یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی بووە، کە دواتر سەدام حوسێن بە تاوانی بەشداری پلانی کۆدەتا لە ڕێکەوتی (8.8.1979)دا لەگەڵ عەبدولخالق سامەڕائی، محەمەد عائش، محەمەد مەحجوب و کۆمەڵێک سەرکردەی بەعس لە سێدارەی دان.

لە ساڵی (1977)دا بەرزان ئیبراهیم حەسەن ئەلناسری تکریتی زڕبرای سەدام، لەلایەن سەدام-ەوە بە جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری دامەزرێنرا. دواتریش لە تەموزی ساڵی (1979)دا سەعدون شاکر مەحمود لادرا و بەرزان ئیبراهیم تکریتی هاتە شوێنی ئەو، کە بەرزان لەنێوان (16.7.1979–4.10.1983)دا لەو پۆستەدا

مایەوە و عەقید ڕوکن خەلیل محەمەد شاکر ناسراو بە (ئەبو ئەحمەد)، یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی بوو (1983–1984). بەرزان، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، لە ڕۆژی (17.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا.
سەرەتا بۆ پڕکردنەوەی شوێنی بەرزان، لیوا ڕوکن هشام سەباح فەخری (1940–9.9.2008)، لە ڕۆژی (5.10.1983)دا کرا بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و فازڵ سلفیج محێمیدی ئەلعەزاوی پورزای سەدام حوسێن لە ڕۆژی (29.10.1983)دا وەکو یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی دامەزراو تا مانگی تەموزی ساڵی (1989) بەردەوام بوو. بەڵام لیوا ڕوکن هشام سەباح فەخری دوای نزیکەی سێ مانگێک، لە ڕۆژی (30.12.1983)دا لادرا، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕۆژی (9.9.2003)دا دەستگیر کرا، دوای ئازادکردنی لە ڕۆژی (15.9.2008)دا مرد.
لیوا ڕوکنی دکتۆر فازڵ بەڕاک حوسێن ئەلتکریتی، لە ڕۆژی (3.1.1984)دا وەکو بەڕێوەبەری نوێی ئەو دەزگایە دەست بەکاربوو. دکتۆر فازڵ بەڕاک تاوەکو بەهاری ساڵی (1989) لەو پۆستەیدا مایەوە، کەواتە ئەو لەکاتی ئەنفالەکاندا و بەتایبەت لە ساڵانی (1987–1988)دا بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری گشتیی بووە. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو دەزگایە و بەرپرسەکانی و ئەفسەرە پلە بەرزەکانی بەشداری کوشتارەکانی ئەنفال، کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان–یان کردووە، چونکە بەپێی دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، کە بڕیاری ژمارە (160)ی ڕێکەوتی (29.3.1987) و بڕیاری ژمارە (150)ی ڕێکەوتی (9.2.1988) بوون، چەندان دەزگای حزبی، سەربازی و حکومی لەنێویاندا بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری گشتیی لەپێناوی جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال خرانە ژێردەستی عەلی حەسەن مەجید و خرانە ژێر ڕکێفی سکرتاریەتی سەرۆک کۆمارەوە.
لە ڕێکەوتی (25.7.1989)دا دکتۆر فازڵ بەڕاک لادرا و کرا بە ڕاوێژکاری سەدام حوسێن بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی؛ سەرچاوە: (2–60، العراق، ژمارە (4115)، دواتریش لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1992)دا بەتاوانی سیخوڕیکردن بۆ بەرژەوەندی ئەڵمانیا لە تکریت لەلایەن سەدام–ەوە کوژرا.
لەکاتی ئەنفالەکاندا عەمید نافع ڕەحیم تەها، نوێنەری دەزگای هەواڵگری بووە بۆ گوللە باران کردن و کوشتنی کوردەکان لە سنووری فەیلەقی یەک و بەتایبەتی لە شاری سلێمانی.

دوای لادانی دكتۆر فازڵ بەڕاك حوسێن ئەلتكریتی لە تەمووزی ساڵی (1989)دا، فازڵ سلفیج محێمید ئەلعەزاوی بۆ ماوەی چەند مانگێك شوێنەكەی ئەوی گرتەوە و بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی دامەزرێنرا، كە پاش چەند ساڵێك لە مانگی نیسانی (1996) ڕەوانەی زیندان كرا.

لە سەرەتای ساڵی (1990)ەوە سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن تكریتی زڕبرای سەدام بووە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و تاوەكو مانگی مارسی ساڵی (1991) مایەوە، كە لەدوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێكەوتی (27.2.2005)دا دەستگیر كرا.

لیوا ڕوكن سابر عەبدولعەزیز حوسێن ئەلدوری، كە پێشتر بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بوو، لە ڕێكەوتی (6.4.1991)ەوە كرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و تاوەكو مانگی ئازاری ساڵی (1994) مایەوە، لەو ماوەیەدا عەبد حەسەن ئەلمەجیدی برای عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (حاجی عەبد) كرا بە جێگری سابیر ئەلدوری.

لەدوای لادانی فەریق سابر ئەلدوری، فەریق مانع عەبدولڕەشید محەمەد ئەلڕەشید ئەلناسری ئەلتكریتی برای فەریق ڕوكن ماهر عەبدولڕەشید واتە لە ئازاری ساڵی (1994)دا هاتە شوێنەكەی سابیر ئەلدوری و تا ساڵی (1.7.1997) مایەوە.

لیوا ڕوكن ڕافع دەحام مجوەل ئەلتكریتی، لە ڕێكەوتی (1.7.1997)دا پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی بەدەست بووە تاوەكو مانگی ئۆكتۆبەری ساڵی (1999)، بەڵام دوای لادانی لە پۆستەكەیدا بە سێ ڕۆژ لە بەغدا بە كارەساتی ئۆتۆمۆبێل مرد كە گومانی پلانی لەناوبردنی لەلایەن ڕژێمی سەدام لێ دەكرێت.

دوای لادان و كوژرانی لیوا ڕافع دەحام تكریتی، لیوا ڕوكن تاهیر عەبدولجەلیل ئەلحەبوش سەلوم ئەلحەبوش لە ڕێكەوتی (11.10.1999)دا كرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی و تا ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە (9.4.2003)دا مایەوە، كە پێشتر بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە تاوەكو ڕێكەوتی (27.9.1999). عەقید ڕوكن غالب ئیبراهیم سەلیم عەزاوی، یاریدەدەری تاهیر حەبوش، دوای ڕوخانی ڕژێم بە پلەی فەریق ڕوكن كراوە بە جێگری ڕازگری گشتیی لە وەزارەتی بەرگری.

بۆ ماوەیەكیش خزر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی بووە، كە برای هەر یەك لە سابیر ئەلدوری و عەبدولڕەحمان ئەلدورییە.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

وێنەی ژمارە (5)



وێنەی ژمارە (6)





وێنەی ژمارە (7)



وێنەی ژمارە (8)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی.
2. فەریق ڕوکن هوشام سەباح فەخری.
3. بارزان ئیبراهیم حەسەن تکریتی.
4. عەبد حەسەن ئەلمەجید تکریتی.
5. دکتۆر فازڵ بەڕاک حوسێن تکریتی.
6. فازڵ سلفیج محێمید ئەلعەزاوی.
7. سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن تکریتی.
8. لیوا ڕوکن تاهیر عەبدولجەلیل ئەلحەبوش سەلوم ئەلحەبوش.

## بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی و بەڕێوەبەرێتیەکانی ئەمن لە کوردستان:

بارەگای سەرەکی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی لە بەغدا و ناوچەی بەلەدیاتی نزیک (سوق الحرة) بوو. ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگایە کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر ئۆپۆزسیۆن، لەگەڵ گرتن و لەناوبردنی ئەندامانی تەواوی پارتەکانی نەیاری حکومەتی بەعس و سەدام.

بەهجەت ئەلحاج داود ئەلعەتیە، کە لەنێوان (17.4.1957-2.8.1958)دا بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە، دواتر لە ڕۆژی (20.9.1959)دا لە سێدارە درا.

عەبدولمەجید جومعە ئەلبەیاتی، لەنێوان (18.8.1958- کۆتایی مانگی دیسێمبەری 1958)دا بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە، هەروەها عەقید تەها ئەلدوری لەنێوان مانگی یولی – دیسێمبەری ساڵی (1958) یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەمن بووە.

عەقید عەبدولمەجید عەبدولجەلیل، لەدوای لادانی عەبدولمەجید ئەلبەیاتی لە مانگی دیسێمبەری ساڵی (1958-8.2.1963) بووە بەڕێوەبەر، پاشان لە کودەتای یەکەمی بەعس لە ڕۆژی (9.2.1963)دا کوژرا.

جەمیل سەبری وەلی ئەلبەیاتی، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە لەنێوان ماوەی (8.2.1963-18.11.1963)دا.

ئەنوەر سامر، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە لەنێوان (18.11.1963-1964)دا.

موقەدەم ڕەشید موحسین جومعە ئەلعانی، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە لە ماوەی نێوان (1964-10.10.1966)دا.

عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل ئەحمەد مەحمود ئەلعوبەیدی، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لەنێوان (10.10.1966 - 10.10.1967)دا.

ئیسماعیل ڕەشید شاهین، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە لە ماوەی نێوان (15.10.1967-17.7.1968)دا.

حامد ئیسماعیل ئیبراهیم ئەلعانی، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە لە ماوەی نێوان (20.7.1968-7.11.1969)دا.

نازم گزار لازم (شیعە)، کەسێکی سەربازی نەبوو، بەڵام پلەی لیوای پێدرا و لە ڕۆژی (8.11.1969)دا کرا بە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی و عەقید عەلی ڕەزا باوە ئەرکەوازی (شیعە) کرا بە جێگری بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی. نازم گزار لە ساڵی

(1971)دا گەشەی زۆری بە دەزگای ئەمن داو توانی دەسەلاتی خۆی لە ڕێگای ئەو بەڕێوەبەرێتیەوە بەسەر بەعس و ئێراقدا بسەپێنێ. نازم گزار، توانی لقی دەزگاکەی لە هەموو شارەکانی ئێراق بکاتەوە، بەمەش ترسی خستە ناو دڵی سەدام حوسێن و تادەهات دەسەلاتی ئەوی سنووردار دەکرد! لیوا نازم گزار، کە ئەندامی نووسینگەی سەربازی حزبی بەعسی عارەبی بووە، لە حەوتی تەموزی ساڵی (1973)دا لەگەڵ محەمەد فازڵی بەرپرسی هەمان نووسینگە، بە هاوکاری کۆمەڵێک ئەفسەرو کارمەندی ئەمن، هەڵسان بە کودەتایەک لەدژی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن. لەو کودەتایەدا فەریق حەماد شەهاب ئەلناسری ئەلتکریتی، سەرۆکی ئەرکانی سوپا کوژرا و فەریق سەعدون غێدان وەزیری ناوخۆ و عەقید ڕوکن عەدنان شەریف شەهاب ئەلتکریتی کە برازای حەماد شەهاب ئەلتکریتی و ئەندامی نووسینگەی سەربازی بوو، برینداربوون. هەر هەمان ڕۆژ بەڕێوەبەری ئەمن نازم گزار و محەمەد فازڵ گیران، کە ڕۆژی دواتر (8.7.1973) لە سێدارە دران.

عەبدولخالق عەبدولعەزیز سەعید تەوحەلە (ئەبو مازن)، خەڵکی موسڵ کە لەنێوان (3.10.1973–18.1.1977)دا پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بەدەست بووە.

فازڵ بەڕاک حوسێن ئەلناسری (1942/ تکریت)، لەنێوان (18.1.1977–5.1.1984) بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە. فازڵ بەڕاک، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا زۆر بێبەزەییانە کەوتە گیانی (حزبی دەعوە) و (منظمة العمل الاسلامي) و زۆری لێکوشتن.

لە ساڵی (1978)دا وەزارەتی ناوخۆ (152) هەزار پۆلیس، پۆلیسی ئەمن، ئەفسەر و کارمەندی هەبووە، گومانیش لەوەدا نییە کە لەدوای دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق و ئێران زۆر لەو ژمارەیە زۆرتر بووە.

لە ساڵی (1980)دا ژمارەی هێزەکانی دەزگاکانی (ئەمن، هەواڵگری، هەواڵگری سەربازی و دەزگا تایبەتییەکان) گەیشتە (180) هەزار.

عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەنی ئامۆزای سەدام حوسێن، بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لە نێوان (8.1.1984–17.2.1987)دا.

عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەلدوری، لە ڕێکەوتی (30.1.1986)دا وەکو جێگرەوەی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی (رديف لمدير الأمن العام) دامەزرا، دواتر لە ماوەی (17.2.1987–14.2.1991)دا پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی هەبووە و

عەبد حەسەن مەجید ئەلناسری جێگری بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە. کەواتە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال و ساڵانی (1987-1988)دا تاوانبار لیوا ڕوکن عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەلدوری بووە؛ سەرچاوە: (2-20، ل6). عەبدولڕەحمان دوری، لە دایکبووی (1945/ بەغدا) بوو، لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو مردووە.

عەمید خەیری ساڵح داود چلمێران موسڵاوی، یەکێک لە جێگرانی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لە ساڵەکانی (1985-1990)دا، لەکاتی شاڵاوی دەستگیرکردنی بارزانییەکان بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بووەو تاوەکو سەرەتای ساڵی (1985) گواستراوەتەوە بۆ ئەمنی گشتیی هەر لە هەولێر بووە، پێشتریش بۆ ماوەیەک بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک بووە.

لیوا عجیل هەزاع سەلیم ئەلعجیلی، یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بۆ کاورباری هونەری (للشؤون الفنية)، لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ساڵی (1990)، سەدان کوردی ڕەوانەی سێدارە کردووە و لە بیابانەکانی شاری سەماوە بەشداری کۆمەڵکوژی ئەنفالکردنی کوردی کردووە، پێشتر بەڕێوەبەری ئەمنی بەغداو دواییش بەڕێوەبەری ئەمنی کوێت (2.8.1990-26.2.1991) و ئینجا ئەمنی نەجەف بووە.

عەقید تاریق ئیسماعیل ئیبراهیم ئەلعەزاوی ئەلسامەڕائی، یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بۆ کاورباری سیاسی و لێکۆڵەرەوەی گشتیی لە هۆبەی سێی ناسراو بە هۆبەی کوردەکان (ناوەڕاستی هەشتاکان)، سەدان کوردی ڕەوانەی سێدارە کردووە.

لیوا سەعدون سەبری ئەلقەیسی، لەنێوان ساڵانی (1980-1989)دا بەڕێوەبەری هۆبەی پێنج بووە، کە سەدان و هەزاران تێکۆشەری کوردستانی لەژێر ئەشکەنجە شەهید کردووە، یان ڕەوانەی سێدارە و گۆڕەپانی گوللە باران کردنی کردوون.

عەمید ڕوکن حاتەم حەمدان مەحمود عەزاوی، لەنێوان (14.2.1991-8.4.1991)دا بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی بووە.

سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن مەجید تکریتی زڕبرای سەدام، پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لە ماوەی (6.4.1991-8.11.1995)دا بەدەست بووە.

فەریقی ڕوکن تەها عەباس ئەحمەد ئەلئەحبابی، پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی لە ماوەی (8.11.1995-3.6.1997)دا بەدەست بووە و دوای لادانی کوژرا.

فەریق تاهیر جەلیل حەبوش سەلوم ئەلحەبوش (1950/ تکریت)، لەنێوان ماوەی (27.9.1999–10.6.1997)دا پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی هەبووە.

لیوا ڕوکن ڕافع عەبدوللەتیف توڵفاح مەسڵەت ئەلناسری، پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی هەبووە لە نێوان (9.4.2003–27.9.1999)دا. لیوا ڕافع، برازای (خەیرولڵا توڵفاح)ی وەزیری بەرگری پێشوو و جێگری فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێراقی سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەکانە.

لیوا ڕوکن عەبدولموحسین خەلیل محەمەد ئەلتائی ناسراو بە ئەبو عەلاء (1936/ موسڵ)، بەشداری کۆمەڵکوژی ساڵی (1983)ی بارزانییەکانی کردووە، کە لەنێوان ساڵانی (1976–1986)دا بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆم بووە، دواتریش عەمید ڕوکن عەبدولڕەحمان عەزیز حوسێن شەکرچی (1986–1989) و عەمید محەمەد سەحاب ئەلعانی (1989–1991)، پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆم–یان هەبووە.

عەمید ڕوکن یەعروب ئەلڕوبەیعی، بەڕێوەبەری ئەمنی موسڵ، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (262)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

عەمیدی ئەمن ئەکرەم سەعید ئەلحەیالی موسڵاوی (ئەبو سەعد)، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر لە ساڵی (1985)ەوە تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی (1988). پاشان عەمید تەحسین موسڵاوی هات کە تا دوای ڕاپەڕین و کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس لە ڕۆژی (26.10.1991)دا لە سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک لە پۆستەکەیدا مایەوە. ڕائید عەبدولسەلام ئەلعەناس موسڵاوی لە نێوان ساڵانی (1985–1989)دا جێگری بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بووە. موقەدەم کامل عەباس موسا، لە ساڵانی (1984–1988)دا بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی هەولێر بووە. ڕائید عزەدین عەباس محەمەد، بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی هەولێر (1988–1991)، کە لە ڕێکەوتی (7.9.2006)دا لەلایەن ئاسایشی شاری کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەنێوان کەرکوک – حەویجە دەستگیرکرا، پاشان ماوەیەک لە ئاسایشی گشتیی سلێمانی مایەوە، ئینجا ڕادەستی ئاسایشی گشتیی هەولێر کرا و تا ئێستاکە (1.8.2012) هەر لەوێ ماوە. نەقیب حەسەن ئەلدوری، نەقیبی ئەمنی

هەولێر و ئەندامی فەرماندەیی هۆبەی حزبی بەعس لە هەولێر و لە تیمی گوللە باران کردنی بریندارانی بالیسان، خەتێ، توتمە، شێخ وەسانان و خوێندکارانی برایەتی هەولێر بوو. عەقید تەحسین خەلیل نەقشبەندی (کوردی دهۆک)، بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە لە ڕەشبگیرییەکەی ڕۆژی (16.10.1987)ی شەقڵاوە بەشدار بووە، کە (22) لاوی تێدا گیراو دواتر لە ڕۆژی (14.11.1987)دا لە ئەمنی هەولێر گوللە بران کران. عەبد محەمەد عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (203)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
عەقید حاتەم عەبدولکەریم خەماس ئەلدلێمی (ڕومادی)، بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی (1985–1989)، بەهۆی بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (31)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ، بەڵام ناوبراو لە ساڵی (1995)دا لەلایەن دوو کوڕە خوشکی خۆیدا لە سەر کێشەی زەوی کوژراوە. عەقید خەڵەف عەبد ئەحمەد ئەلجوعانی ناسراو بە ئەبو زەید (1951/ حەدیسە/ ئەنبار)، بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی بووە لە ساڵانی (1989–1991)داو لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی زستان لە ڕۆژی (8.3.1991)دا لەناو ئەمنە سوورەکە لەگەڵ ڕائید کاکل حەمەد مەولودی گەردی پارێزگاری سلێمانی (15.9.1989–8.3.1991)، عەمید وەعدوڵڵا خەلیل موسڵاوی بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، نەجم ئەسوەد ئەمینداری نهێنی لقی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، عەیال مەتەر ئەندامی فەرماندەیی لقی سلێمانی حزبی بەعس، ئەفسەری ئەمن ڕائید عەلی، ڕائیدی ئەمنی ناوزڕاو حەسون عەبدولڕەحیم جوەیر، نەقیب سەلام، نەقیب فارس، ملازمی ئەمن عەبدولحەکیم مەحمود حەمادەی جەللاد، مفەوەزی جەلادی بەدناو تاریق فازڵ عەباس موسڵاوی لە ئەمنە سوورەکە، جەبار شێخ هادی شێخ نوری شێخ حوسێن سۆڵەیی ئەفسەری ئەمنی تەواری، کەمال مامە سدیق (کەمال پشدەری) و شەمال عەباس عەلی (مفەوەز شەماڵ) بەیەکەوە کوژران، لەگەڵ کوژرانی نزیکەی دوو سەد کەس لە بەرپرسانی حزبی بەعس و ئەفسەر و جەللادانی ئەمنی شارەکە. ئەمنە سوورەکە، بەڕێوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی بوو، بەڵام لەبەر دوو هۆکاردا ناویان نابوو ئەمنە سوورەکە. یەکەم: چونکە ڕەنگی باڵاخانەکە سوور بوو، دووەم: چونکە کوردێکی زۆر لەو شوێنەدا

ئازار و ئەشکەنجە دراون و ژمارەیەکی زۆر لە گیراوەکان لەژێر ئەشکەنجەدا کوژرابوون و خوێنی سووریان لەوێ ڕژابوو. عەقید غەسان، لەکاتی گفتوگۆی ساڵی (1983-1984)ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعس بەرپرسی پێوەندییەکانی حکومەت و یەکێتی بوو. ڕائیدی ئەمن ئیبراهیم محەمەد عەتوان، ڕائیدی ئەمن ڕەحیم ڕیشان عەبود، نەقیبی ئەمن سابت خزر عەباس و نەقیبی ئەمن فازڵ موحسین عەلی و ملازمی ئەمن ڕەشید ئەحمەد خەڵەف، لە ساڵی (1988)دا لە ئەمنی سلێمانی بووینە.

موقەدەم محەمەد حەسەن حەمادە (ئەبو ڕەفعەت)، بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک تاوەکو ساڵی (1987). دواتر عەقید هوشام هات و تا ناوەڕاستی ساڵی (1988) مایەوە. پاش ئەویش موقەدەم کامل عەباس موسای بەڕێوەبەری ئەمنی بەلدەی هەولێر بۆ ئەمنی کەرکوک گواسترایەوە و لە ساڵانی (1988-1989)دا بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک بووە. هەیسەم تکریتی، لە بەهاری ساڵی (1989) کرایە بەڕێوەبەری ئەمنی کەرکوک.

موقەدەم یاسین ئەلجحەیشی، بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک لەکاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵی (1988)دا و لە کۆتایی ئەو ساڵەدا عەقید خەڵەف عەبد ئەحمەد ئەلحەدیسی (ئەبو زەید)، بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک بووە کە دواتر لە ساڵی (1989)دا گواسترایەوە بۆ سلێمانی. لە ساڵانی (1989-1991) عەقیدی ئەمن سروچ ئەلحەدیسی ناسراو بە (ئەبو موخلیس) بەڕێوەبەری ئەمنی دهۆک بووە.

ئەو چەند ئەفسەرەی خوارەوە ئەفسەری ئەمن بووینە لە گرتووخانەی (نوگرە سەلمان)، کە شوێنی کۆکردنەوەی گوندنشینە ئەنفالکراوەکان بووە. ئەو کەسانەی کە لە ئەنفال ڕزگاریان بووە و لە نوگرە سەلمان گەڕاونەتەوە، زۆر باسی دڕندەیی و نامرۆڤایەتی (حەجاج) و چەند ئەفسەرێکی دی دەکەن. ئەفسەری ئەمن نەقیب حەجاج عەبدولخالق عەلی (ملازمی یەکەم حەجاج ئەحمەد حەردان تکریتی)، دانیشتووی شارەدێی زلوعیە - قەزای بەلەد، بەرپرس و دڕندەکەی زیندانی (نوگرە سەلمان). ڕائید غازی کەریم، ئەفسەری ئەمن لە نوگرە سەلمان.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)



**وێنەکانی سەرەوە:**

1. لیوا ڕوکن ڕافع عەبدوللەتیف ئەلتوڵفاح مەسڵەت ئەلناسری.
2. عەبد حەسەن ئەلمەجید ئەلناسری ئەلتکریتی.

## دەزگای ئەمنی تایبەت (جهاز الامن الخاص):

بارەگای سەرەکی ئەو دەزگا تایبەتییە لەناو کۆشکی کۆماری (کۆشکی سەدام) بوو لە شاری بەغدا. ئەرکی سەرەکی ئەو دەزگایە پاراستنی ئاسایشی سەدام، بنەماڵەی سەدام، وەزیرەکان و گەورە بەرپرسانی ئێراقی بوو، کارێکی دیکەی ئەو دەزگایە سیخوڕیکردن بوو لەسەر هەموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی تری ڕژێم لە هەواڵگری، ئیستخبارات، ئەمن، پاسەوانی کۆماری و تەواوی بەرپرسە حزبی و حکومییەکان.
دەزگای ئەمنی تایبەت لە ساڵی (1984)دا دامەزرا و ڕائید حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفوری زاوای سەدام کرا بە بەڕێوەبەری دەزگاکە و تاکو کۆتایی ساڵی (1986) ئەو پۆستەی هەبووە. دەزگای ناوبراو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەژمونی زۆرتر و ژمارەی ئەندامەکانی زۆرتر دەبوون.
لیوا ڕوکن فەنار زەین حەسەن ئەلناسری، دوای لابردنی حوسێن کامل لەو دەزگایە لە کۆتایی سالی (1986)دا، لەلایەن سەدامەوە کرا بە بەڕێوەبەر و تا ساڵی (1991) مایەوە. واتە لەکاتی شالاوە دڕندەکانی حکومەتی بەعسی ئێراقی بۆ سەر کورد و کوردستان لە سالانی (1987-1988)دا، کە کورد تووشی کیمیاباران و ئەنفالکردن هات لیوا ڕوکن فەنار زەین ئەلناسری بەرپرسی ئەو دەزگایە بووە. هەروەها حاجی یاسین ناوێک لە سالانی (1988-1991)، یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەمنی تایبەت بووە.
موقەدەم مونعیم شەبیب حەمەد ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی نهێنی تایبەتی سەر بەو دەزگایە بوو. دوو کوڕە خوشکی سەدام بە ناوەکانی ئیبراهیم حاجی نایف و ئەحمەد حاجی نایف، کە ئەفسەری پلەبەرزی سەر بەو دەزگایە بوون، ماوەیەکی زۆر و لەکاتی ئەنفالەکانیشدا سەر بەو دەزگایە بووینە. نەقیب سەعدی دەحام هەزاع ئەلناسری (کوڕە مامی دیکتاتۆر سەدام حوسێن بوو)، نەقیب زیاد حەسەن هاشم ئەلناسری (کوڕە مامی دکتاتۆر)، ئەفسەرانی سەر بەو دەزگایە بووینە.

وەتبان ئیبراهیم حەسەن تکریتی زڕبرای سەدام ماوەیەک سەرۆکی دەزگای ئەمنی تایبەت بووە، کە دوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (13.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا، دواتریش لە ڕۆژی (13.8.2015)دا لە زیندان مرد.
عەبد حمود (عەبد حەمید مەحمود خەتاب ئەلناسری ئەلتکریتی)، سکرتێری تایبەتی سەدام حوسێن، بۆ ماوەیەکی کورت سەرپەرشتی ئەو دەزگایەی گرتۆتە دەست، عەبد حەمود، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (16.6.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا، پاشان لەسەر دۆسێی پاکتاوی پارتە ئاینییەکان لە ڕێکەوتی (16.8.2009)دا درایە دادگاو لە ڕێکەوتی (16.6.2003)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، کە لە ڕێکەوتی (7.6.2012)دا لە سێدارە درا.
قوسەی سەدام حوسێن (17.5.1966–22.7.2003)، کوڕە بچووکی دکتاتۆری مەزنی ئێراق، لە ناوەڕاستی ساڵی (1991)ەوە بەڕێوەبەریێتی ئەو دەزگایەی گرتە دەست و تاکو ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا مایەوە.
قوسەی سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلتکریتی لە ڕێکەوتی (22.7.2003)دا لە ماڵی (نەواف زێدان ئەلشەمەری) لە (گەڕەکی جووتیاران – حي الفلاح) لە بەرانبەر (گەڕەکی زانکۆ – حي الجامعة) لەناو شاری موسڵی کوردی بەعارەبکراو لەلایەن تیپی (101)ی سەر بە سوپای ئەمریکییەوە لەگەڵ مستەفای کوڕی، کە تەمەنی (14) ساڵان بوو، هەروەها لەگەڵ عودەی برا گەورەی خۆیدا هەرسێکیان بەیەکەوە کوژران.

**وێنەکانی خوارەوە:**

1. دوو وێنەی یەکەم قوسەی سەدام حوسێن ئەلمەجید ئەلتکریتی.
2. دوو وێنەی دووەم عەبد حمود مەحمود ئەلتکریتی.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

## دەزگای پیشەسازی سەربازی و وەزارەتی پیشەسازی سەربازی:

تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی (1938-20.3.2007)، کە جێگری ئەفسەر (نائب ظابط) بوو، لە ساڵی (1975)دا وەزیری پیشەسازی بووە، دواتر سەدام حوسێن، تەها یاسین-ی کرد بە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی هەڵوەشاوە، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، جێگری سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیرانی پێش ڕوخانی سەدام. تەها جەزراوی، لە ساڵی (1975)دا بیرۆکەی دامەزراندنی پیشەسازی سەربازی لە ڕێگای دامودەزگای گشتی پیشەسازی هونەری (المؤسسة العامة للصناعات الفنية)دا خستە واری جێبەجێکردنەوە.

لە کۆتایی ساڵی (1975)دا بە فەرمانی سەدام حوسێن تکریتی جێگری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێراق، بڕیاری گواستنەوەی (عەدنان حوسێن عەباس ئەلحەمدانی – شیعە) ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ئێراقی دا بۆ وەزارەتی پلاندانان و پۆستی وەزیری پلاندانانی پێدرا بۆ ئەوەی سەرپەرشتی پلانی پێشکەوتنی پیشەسازی بگرێتە ئەستۆ. عەدنان حوسێن حەمدانی (کە سەدام حوسێن دواتر لە ڕێکەوتی 8.8.1979دا کوشتی) توانی پڕۆژەکانی چەکی ستراتیژی تێکەڵ بەو گرێبەستانە بکات کە لە ڕووکەشەوە ئامانجی پێشکەوتنی پیشەسازی و کشتوکاڵ بوو، لەمەش هەر یەک لە عزەت ئیبراهیم خەلیل ئەلدوری و تەها یاسین ڕەمەزانی وەزیری پیشەسازی ئەوکات هاوکاری بوون. عەدنان حەمدانی توانی پڕۆژەکانی چەکی وێرانکاری گشتیی (أسلحة الدمار الشامل) لە پلانێکی پێنج ساڵی ئاوەدانکردنەوەی (1976-1980)دا بشارێتەوە؛ سەرچاوە: (1-11، شكيب عقراوي، صدام نهوضا ونكوسا قصة صدام حسين التكريتي من المهد الى اللحد، ل414-415). پێشتریش دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی (1967)دا بەهاوکاری ڕووسەکان کارگەیەکی ئەتۆمی لە ناوچەی توەیسە (التويثة)ی باشووری بەغدا دامەزراندبوو، کە گوایە لەپێناو لێکۆڵینەوەی زانستییە، هەروەها لە ساڵی (1974)یشدا ڕێکەوتنێکی لەگەڵ هیند مۆرکرد لەژێر پەردەی لێکۆڵینەوە لە بواری ئەتۆم بۆ مەبەستی ئاشتی؛ سەرچاوە: (1-11، شكيب عقراوي، صدام نهوضا ونكوسا قصة صدام حسين التكريتي من المهد الى اللحد، ل129).

سەرەتا دەوڵەتی ئێراق پێوەندی لەگەڵ دوو كارگەی ئەڵمانی بە ناوەكانی (كارل كۆلپ – Karl Kolp) و (پیلۆت – Pilot) بەست، كە دەكەونە نزیك شاری فرانكفۆرت، ئەو دوو كارگەیە ئامێری دروستكردنی دەرمانی قەلاچۆكردنی زیندەوەریان بە ئێراق فرۆشتووە. بەڵام ئێراق بە ئاسانی دەیتوانی بەو ئامێرانە گازی ژەهراوی بەرهەم بهێنێت. سەرەتای فرۆشتنی ئەو ئامێرانە لە لایەن دوو كارگەی (كارل كۆپل و پیلۆت) بە ئێراق دەگەڕێتەوە بۆساڵی (1977). كەواتە ئێراق هەر لە زووەوە لە هەوڵی دروستكردنی چەكی كۆكوژی و ژەهراوی بووە؛ سەرچاوە: (1-12، ڕێكخراوی V. I. S. D. P – ئەڵمانی، كوردستان گەورەترین هێرش بە چەكی كوشندەی كیمیایی، ل29 + 35).

كاتێك كە حكومەتی ئێراق سەرقاڵی شەڕی ئێران بوو (4.9.1980-8.8.1988)، هێزێكی ئاسمانی ئیسرائیلی لە ڕێكەوتی (7.6.1981)دا پەلاماری كارگەكانی تەمووزی ئەتۆمی (مفاعل تموز النووي) لە شارۆچكەی توەیسە (التويثة)ی داو بەتەواوی كاولی كرد، بەبێ ئەوەی هێزی ئاسمانی و بەرگری ئاسمانی ئێراقی بتوانن بەرگری بكەن.

بۆ نموونە بەگوێرەی شارەزایانی هەواڵگری دەوڵەتی ئێراقی سەدام و بەعس تەنیا لە ساڵانی (1981-1982)دا بەهۆی ئەو ئامێر و كەرەستە خاوانەی كە لە ئەڵمانیا كڕیبوونی، بایی (350.000.000) ملیۆن دۆلار كەرەستەی لەناوبردنی زیندەوەری بەرهەم هێنابوو؛ سەرچاوە: (1-12، ڕێكخراوی V. I. S. D. P – ئەڵمانی، كوردستان گەورەترین هێرش بە چەكی كوشندەی كیمیایی، ل39). هەروەها كارگەی (فۆست)ی نەمساوی بە هەمان شێوەی هەردوو كارگەی ناوبراوی وڵاتی ئەڵمانیا ئامێرو دەرمانی لەناوبردنی زیندەوەری بە ڕژێمی ئێراق فرۆشتووە، كە ئێراقیش ئەو دەرمانی قەلاچۆكردنی زیندەوەرانەی گۆڕیوە بۆ قەلاچۆكردنی مرۆڤ و لەسەر هاووڵاتی كوردی تاقیكردۆتەوە.

دواتر لە ساڵی (1984)دا كاتێك كە ڕائید حوسێن كامل حەسەن ئەلمەجید كرا بە بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت، هەر لەهەمان كاتدا سەرپەرشتیكردنی دەزگای پیشەسازی سەربازی پێسپێردرا. ڕائید حوسێن كامل لەو ئەركەیدا فەریقی ئەندازیار عامر محەمەد ڕەشید ئەلعوبەیدی و فەریقی ئەندازیار عامر حەمودی حەسەن ئەلسەعدی هاوكاری بوون.

فەریقی ئەندازیار عامر حەمودی ئەلسەعدی، وەزیری پیشەسازی سەربازی بوو تاوەکو بەهاریساڵی (1988)، هەرچەندە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (12.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا، بەڵام پاشان لە سەرەتای ساڵی (2005)دا بەبێ ئەوەی بدرێتە هیچ دادگایەک ئازادکرا.
عەقید حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور، لە ڕێکەوتی (3.4.1988)دا کرا بە وەزیری پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی؛ سەرچاوە: (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل1)، پاشانیش چەند ساڵێک وەزیری بەرگری و ماوەیەکیش وەزیری نەوت بووە، کەچی دواتر لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (7.8.1995)دا لە ڕژێم جیابووەوە و ڕایکردە وڵاتی ئوردەن. دوای نزیکەی شەش مانگ لە ڕێکەوتی (19.2.1995)دا گەڕایەوە باوەشی سەدام، بەڵام ناوبراو لێی خۆش نەبوو بەڵکو لە ڕێکەوتی (23.2.1996)دا لەگەڵ کامل مەجیدی باوکی، هەردوو براکەی بە ناوەکانی سەدام کامل مەجید و عەبدولحەکیم کامل مەجید و چەند کەسێکی تری خێزانەکەیان هەمووانی کوشتن.
هومام عەبدولخالق عەبدولغەفور، سەرۆکی لیژنەی هێزی ئەتۆمی؛ سەرچاوە: (2-21، الثورة، ژمارە (6566)، ل4)، کە پێش ڕوخانی ڕژێم وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوە زانستییەکان بوو، دواتر لە ڕێکەوتی (19.4.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە دەستگیرکرا، کەچی لە ساڵی (2006)دا ئازاد کرا.
هەر یەک لە (عەمید حوسێن کامل حەسەن، بەڕێوەبەری دەزگای بەرهەمهێنانی سەربازی، دکتۆر عامر حەمود ئەلساعدی، فەریقی ئەندازیار دکتۆر عامر محەمەد ڕەشید، عەمید ڕوکن فائیز عەبدوڵڵا شاهین، عەقید دکتۆری ئەندازیار ئەحمەد مورتەزا ئەحمەد ئەلزوهەیری بەڕێوەبەری گشتیی دامەزراوی عەقەبە بن نافع، دکتۆر سەفاء هادی جەواد ئەلجبوری، ئەندازیار نزار جومعە ئەلقەسیر ئەلعانی بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی هونەری و موقەدەمی ئەندازیار ڕەعد ئیسماعیل جەمیل ئەلئەعزەمی) بەهۆی بەشدارییان و هەوڵەکانیان لە داهێنانی چەکی کۆکوژی (وسام ئەلرافدەین)یان وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-61، الثورة، ژمارە (6555)، ل5).
دکتۆرە ڕحاب ڕەشید تەها ئەلعەزاوی، ژنی وەزیری نەوت فەریقی ئەندازیار عامر محەمەد ڕەشید ئەلعوبەیدییەو ناسراوە بە دکتۆرە بەکتریا (الدكتورة الجرثومة) یان مەدام ئینتراکس (أم الجمرة الخبيثة)، زانای چەکی کیمیایی و بەرپرسی بەرهەم

هێنانی چەكی بایۆلۆجی و بەرپرسی تاقیگەی ئێراقی بۆ بەرهەم هێنانی میكرۆب لە پێناوی دروستكردنی بۆمبی جەنگی بووە، هەروەها ئەندامی سەركردایەتی هەرێمی ئێراقی حزبی بەعس بوو، كە لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (12.5.2003)دا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكییەوە دەستگیركرا، كەچی بێئەوەی بدرێتە هیچ دادگایەك لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری ساڵی (2005)دا لەگەڵ دكتۆرە هودا ساڵح مەهدی عەماش (كە پێشتر لە ڕێكەوتی (5.5.2003)دا دەستگیركرابوو) ئازادكران. دكتۆر حازم ئەلڕاوی و سامر عەبدولڕەحمان دوو لە یارمەتیدەر و هاوكارانی دكتۆرە ڕحاب ڕەشید تەها بوون.

فەریق عامر محەمەد ڕەشید ئەلعوبەیدی، لە ساڵی (1989)ەوە كرا بە بەڕێوەبەری دەزگای پیشەسازی سەربازی، دوای ڕوخانی سەدام لە ڕێكەوتی (28.4.2003)دا لەلایەن هێزەكانی فرە ڕەگەزەوە دەستگیركرا، بەڵام ئەویش دواتر بێ ئەوەی بدرێتە دادگا ئازادكرا و ئێستا لەگەڵ ژنەكەی لە سەنعای پایتەختی یەمەنن.

لیوا ڕوكنی فڕۆكەوان مەزاحم سەعب ئەلحەسەن ئەلتكریتی، جێگری بەڕێوەبەری پیشەسازی سەربازی و لەكاتی ڕوخانی ڕژێمدا فەرماندەی چەكی ئاسمانی (قائد السلاح الجوي) بوو، لە لایەن هێزەكانی ئەمریكییەوە لە ڕێكەوتی (23.4.2003)دا دەستگیركرا، وەلێ دواتر فەرمانی ئازادكردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق لە ڕێكەوتی (25.10.2011)دا دەرچووە، پاشان بە بڕیارێكی سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای قەزایی دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسد فەرمانی ئازادكردنی دەرچووەو لە ڕێكەوتی (16.4.2012)دا ئازاد كراوە. دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسد، بەپێی بڕیارێكی نایاسایی سەرۆك وەزیران نوری مالیكی دامەزراوە، چونكە بەگوێرەی یاسا دامەزراندنی دادوەرەكان و پۆست پێدانیان دەبێت بەپێی فەرمانی كۆماری سەرۆكایەتی كۆمار بوایە نەك بڕیاری سەرۆك وەزیران.

عەقید ڕوكن مەیسەر ڕەجا شەلاح حەسون ئەلتكریتی، جێگری دووەمی بەڕێوەبەری پیشەسازی سەربازی.

عەمید ڕوكن فائیز عەبدوڵڵا شاهین، بەڕێوەبەری گشتیی بنكەی لێكۆڵینەوەو گەشەپێدانی بەرنامەی كیمیایی.

دكتۆر جەعفەر زیاء جەعفەر (شیعە)، بەرپرسی یەكەمی چەكە كۆمەڵكوژەكانی ڕژێمی سەدام لەكاتی شاڵاوە هۆڤییەكەی ئەنفالەكاندا لە ساڵانی (1987–1988)دا،

کە دکتۆری ناوبراو بە باوکی بۆمبی ئەتۆمی ئێراق ناسرابوو، ئەو لە کارگەی تەموزی نەوەوی (مفاعل تموز النووي) دەستی پێکردبوو کە ئیسرائیل لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە ڕێکەوتی (7.6.1981)دا کاولیکرد، هەروەها ناوبراو کوڕی دکتۆر زیاء جەعفەری وەزیری ئابووری کابینەی دەیەمی حکومەتی نوری سەعیدە، کە لەنێوان ماوەی (6.1.1949-10.12.1949)دا ئەو پۆستەی هەبووە.

دکتۆر نوعمان ئەلنعێمی، سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی ئەتۆمی و بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی دەستەی پیشەسازی سەربازی، کە دواتر وەکو ڕاوێژکاری هێزە ناوکییەکانی ئێراقی لەنێوان سالآنی (1983-1988) کاری کردووە، پاشان لەنێوان سالآنی (1988-1992)دا بۆتە بەڕێوەبەری پڕۆژەی ژمارە (3) کە ناوی نهێنی بووە بۆ بەرنامەی بەرهەمهێنانی ئەتۆمی ئێراقی، دکتۆر نوعمان نعێمی لەنێوان سالآنی (1993-1998)دا بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی پیشەسازی سەربازی بووەو ئێستاکەش لە وڵاتی ئیماراتی عارەبییە.

دکتۆر عەبدولڕەزاق ئەلهاشمی – عارەبی شیعە، سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی.

زەرخام ئەلجەڕاح ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پیشەسازی سەربازی سالّی (1988).

سەعدوڵلا فەتحی، بەڕێوەبەری گشتیی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی ڕژێمی ئێراق.

عەمید ڕوکن مەحمود فەرەج بیلال ئەلسامەڕائی، بەرپرسێکی بالآدەست لە بەڕێوەبەرێتی چاودێری نیشتمانی و بەرپرسی بەرهەمهێنان و تاقیگەی چەکی کیمیایی، کە لە ڕێکەوتی (2.5.2003)دا خۆی ڕادەستی ئەمریکییەکان کرد و دەستگیرکرا، بەڵام دواتر بەگوێرەی بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی بالآی قەزایی دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسد فەرمانی ئازادکردنی دەرچووەو لە ڕێکەوتی (16.4.2012)دا ئازاد کراوە. ئەنجومەنی بالآی قەزایی، لە ڕێکەوتی (8.5.2012)دا ڕایگەیاند کە نەدەبوایە تۆمەتبار مەحمود فەرەج بیلال سامەڕائی ئازاد بکرێت کە بەهەڵە ئازادکراوە، ئەگینا ئەو داواکراو بووە لەسەر دۆسێی کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و بەشدار بوو لە شالآوەکانی ئەنفال. ڕاگەیاندنی بەهەڵە ئازادکردنی مەحمود فەرەج بیلال سامەڕائی لەلایەن دادگای بالآی تاوانەکان، وەزارەتی داد و

حکومەتی مالیکی، سینارۆیەکی هاوشێوەی ئازادکردنی فڕۆکەوان تاریق عەزاوییە کە بەناوی ڕاکردن لە ڕێگای بردنی بۆ نەخۆشخانەیەک لەناو شاری سلێمانی، ئاسایشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئازادیان کرد.
عەبدولتەواب مەلا حوەیش تکریتی، وەزیری پیشەسازییە قورسەکان کە پێوەندییەکی توندو تۆڵی هەبووە لەگەڵ ئەم وەزارەتەو هاوکارو یاریدەدەریان بووە، کە پێش ڕوخانی ڕژێم هەم وەزیری پیشەسازی سەربازی و هەم جێگری سەرۆکی وەزیران بووە، وەلێ دوای ڕوخانی ڕژێم عەبدولتەواب لە ڕێکەوتی (2.5.2003)دا کەوتە دەست هێزەکانی هاوپەیمانەوە، بەڵام دوای ماوەیەک ئازادیان کرد.
عەقیدی ئەندازیار دکتۆر ئەحمەد مورتەزا ئەلزوهەیری، بەڕێوەبەری بەرنامەی کیمیایی.
عەمید حاتەم عەبدوڵڵا سەقەر، ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی تیمی کردەوەی (موزدەوەج 24).
ملازمی یەکەم سەفاء محەمەد ڕەزا مەهدی، سەرۆکی لیژنەی چاودێریکردنی ماددە کیمیاییە لەناوبەرەکان لە لیوای (443).
تەلاڵ سەرسام، بەڕێوەبەر لە دەزگای پیشەسازی سەربازی و نوێنەری ئێراق بۆ کڕینی کەرەستە کیمیایی و گازە کوشندەکان لە ڕێگای تاوانباری هۆڵەندی (فرانس ڤان ئەنرات).
ئەندازیار ماجد مزبان ئەلدلێمی، ئەندازیار لە وەزارەتی پیشەسازی سەربازی.
فازڵ عەباس عامر بەرپرسێکی وەزارەتی سەربازی بووە.
کارگەی (عەکاشات) شانبەشانی کارگەکانی سامەڕا، قائم، موسڵ و تاجی یەکێک بووە لە گەورەترین (11) کارگەکەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی و کۆکوژی لە ئێراق. ڕژێمەکەی بەعس و سەدام بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی، بایۆلۆجی و کۆمەڵکوژییەکان گرێبەستی لەگەڵ (207) کۆمپانیای جیهانی وڵاتانی (ئەمەریکا، ئەرجەنتین، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، بەرازیل، بەلجیکا، جێرسی، فەرەنسا، ژاپۆن، هیندستان، هۆڵەندە، مۆناکۆ، میسر، پۆڵۆنیا، سوید، سویسراو یۆنان)دا بەستووە، کە لە نێویاندا (90%)یان ئەوڕوپی و ئەمریکی بووینە، لە (10%)ەکەی تریش سەر بە وڵاتانی تر بووینە. وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەرەنساو سویسرا) یارمەتی زۆری ئێراقیان داوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو

جۆرە چەكانە. لە كارگەی (عەكاشات)دا بە سەدان پسپۆر، زانا، ئەندازیار و كارمەندی بیانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی چەكی كیمیایی كاریان كردووە، لەنێویاندا (30) پسپۆر، ئەندازیار و زانای ڕوسی هەبووە كە ئەمانەی خوارەوە بوون:

1- ئەلیگ میخائیل ڤیچ.
2- ئەناتۆلی بەگاتەف.
3- ئەناتۆلی ڕوسلانەف.
4- ئەندریی ئیڤانە ڤیچ.
5- ئەنتۆن ئەگینۆف.
6- ئیگەر سەكەلۆف.
7- ئیڤان ڕۆزەف.
8- ئەلیكساندەر یاكەڤلیف.
9- ئەلیكسێی لیۆنەف.
10- بەریس نەدێژدین.
11- تایتانە سونتیڤە.
12- دینیس ڕەمانەف.
13- ڤەلێری پیترۆڤیچ.
14- ڤلادمیر میلنیكەف.
15- ڤەدیم زیكین.
16- ڤیكتەر نیكەلایف.
17- فیودەر كەنستە نتینەڤیچ.
18- كۆستە سمیلیاكەف.
19- لیڤیتان گراسیمەف.
20- مارك پۆگا چیۆف.
21- مەكسیم بریوموف.
22- میخائیل كنیازیف.
23- پیۆتەر نیكسێچ.
24- پاڤێل خەریتۆنەف.

25- ستیپان بانتیشیف.
26- ستانیسلاف نەڤیکەف.
27- سڤیتلانە سەگۆڤە.
28- سیرگیتی پۆشکاریۆف.
29- سیریۆژە دینیەف.
30- یوری بابروف؛ سەرچاوە: (1-13، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ل65).

دەسەڵاتدارانی بەعس و پیاوەکانی سەدام هەر لە سەرەتای ساڵی (1981)ەوە بەهۆی دەزگای پیشەسازی سەربازی و وەزارەتی پیشەسازییەوە دەستیانکردووە بە بەرهەمهێنانی گازو چەکی کیمیایی. بەڵام ئێراق بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە ساڵانی (1986-1987)دا پەرەی بە دروستکردنیان داوە، کە لە سەرەتای ساڵی (1988)دا لە کارگە سەربازییە کیمیاییەکانی خۆیدا بڕێکی یەکجار زۆر مادەی کیمیایی کە لە چەکە کۆکوژییەکاندا بەکار دەهێنران بەرهەمهێناوە. مادەکانیش بریتین لەمانە: (Sarin, Tabun, Zyanid, Mustardgas, CX, VX, Kemikbinder - زارین، تابون، سیانید، گازی مۆستەرد (خەردەل)، سی ئێکس، ڤی ئێکس و کیمیایی مزدەوەج)، کە لە کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەدا بەکار هاتوون.
دوو لەو تاوانبارانەی کە زۆرترین کەرەستەی کیمیاییان بە ئێراق فرۆشتبێت، (سەعید حەداد)ی ئەمریکی بەڕەگەز ئێراقی و بازرگانی بەڕەگەز هۆڵەندی (فرانس ڤان ئەنرات) بووینە. ئەنرات بەهۆی هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و وڵاتپەروەرانی ڕێکخراوەکانی (کۆمیتەی بەدادگاییکردنی تاوانبارانی هەڵەبجە و ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاک، کە لە ڕێکەوتی (5.1.2002)دا دامەزراوە)، دادگایەکی هۆڵەندی لە شاری لاهای لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (23.12.2005)دا سزای (15) ساڵ زیندانی بۆ ناوبراو بڕییەوە لەگەڵ سزای (3500) یۆرۆ، کە دواتر دادگای پێداچوونەوەی شاری لاهای لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (9.5.2007)دا بڕیاری دادگای لاهای جێگیرکرد. دواتریش دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (3.10.2012)دا بە تاوانی بەشداریکردن لە کیمیا باران کردنی هەڵەبجەی باشووری کوردستان، سزای

(17) ساڵ زیندانیکردن و سزای پارەی یەک ملیۆن یۆرۆی بەسەردا سەپاند. بڕی ئەو کەرەستەیەی کە فرانس ڤان ئەنرات بە ئێراقی فرۆشتووە، ئێراق (350) تۆن گازی خەردەل و (812) تۆن گازی مێشک (تابون)ی لێ بەرهەمهێناوە، هەروەها (250) تۆن کەرەستەی (ڤی ئێکس)ی کڕیوە کە زۆربەی لە کوردستانی ئێراقدا لەکاتی کیمیاباران کردنی کوردستان و هەڵەبجە و ئەنفالەکاندا لە ساڵانی (1987–1988)دا بەکارهێنراون.

کەرەستەی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی گازی خەردەل بریتی بووە لە مادەی (تی. دی. گی) کە فرانس ئەنرات (1116) تۆنی بە دەوڵەتی ئێراق فرۆشتووە. ئێراق هەم کارگەی بەرهەمهێنانی گازی خەردەل و هەم کارگەی پڕکردنی گوللە تۆپ بە چەکی کیمیایی هەبووە. سەرەڕای ئەمانەش تۆپ و ڕاجیمەی نەمساوی زۆر ناسراو بوون لە ئێراق و کوردستان کە بڕێکی یەکجار زۆری لە وڵاتی نەمسا کڕیبوو و بۆ کوشتن و جینۆسایدکردنی کورد بەکاری دەهێنان.

ئێراق لەنیوە زیاتری پێوانەی خاکی باشووری کوردستانی کیمیاباران کردووە، بەهۆی بەکارهێنانی زۆرتر لە (8500) تۆن چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

ئەو گازانەی کە ئێراق لە دژی کورد بەکاری هێناون بریتیین لە گازی خنکێنەر، گازی دەمار و گازی سوتێنەر.

جمهورية العراق
المحكمة الجنائية العراقية العليا

Republic of Iraq
The Iraqi High Tribunal

العدد : ٥٥١ ح ٣ / ٢٠٠٣
التاريخ ٢٩ / ١٠ / ٢٠٠٦

الى / مجلس القضاء الاعلى

نهديكم تحياتنا ...

قررت هذه المحكمة الافراج عن المتهمين المدرجة اسمائهم ادناه ونظرا لعدم وجود قضية اخرى لدينا ضدهم ولكونهم من رموز النظام السابق نرجو بيان فيما اذا كان المومأ اليهم مطلوبين لديكم في قضايا تحقيقية او جنائية من عدمه .

مع التقدير ...

الاسماء :-

١. هاني عبد اللطيف طلفاح .
٢. مزاحم صعب الحسن .
٣. محمود فرج بلال .
٤. طالب عمر مولى .
٥. كريم جاسم الموس .
٦. عبد الحميد سلمان .

القاضي
[illegible]
رئيس المحكمة الجنائية العراقية العليا

وێنەی ژمارە (1)

وێنەی ژمارە (2)










وێنەی ژمارە (3)

وێنەی ژمارە (4)

وێنەی ژمارە (5)




وێنەی ژمارە (6)





وێنەی ژمارە (7)



وێنەی ژمارە (8)

وێنەی ژمارە (9)



وێنەی ژمارە (10)



هدى عماش (رويترز)



وێنەی ژمارە (11)



وێنەی ژمارە (12)

**وێنەکانی سەرەوە:**

1. تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی.
2. تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی.
3. عەدنان حوسێن عەباس ئەلحەمدانی.
4. حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور تکریتی.
5. حوسێن کامل حەسەن ئەلمەجید عەبدولغەفور تکریتی.
6. هومام عەبدولخالق عەبدولغەفور.
7. دکتۆری ئەندازیار عامر محەمەد ڕەشید.
8. دکتۆرە ڕحاب ڕەشید تەها ئەلعەزاوی.
9. هودا ساڵح مەهدی عەماش.
10. هودا ساڵح مەهدی عەماش.
11. لیوای فڕۆکەوان مەزاحم سەعب ئەلحەسەن ئەلتکریتی.
12. لیوای فڕۆکەوان مەزاحم سەعب ئەلحەسەن ئەلتکریتی.

## یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ (وحدة المجازر البشرية) ناسراو بە یەکەی (وحدة 5013):

ئەرکی سەرەکی ئەو یەکەیە تاقیکردنەوەی تەواوی چەکە کیمیایی، میکرۆبی، بایۆلۆجی و کۆکوژییەکان بوو کە ئێراق بەرهەمی دەهێنان لە دامەزراوەکانی خۆیدا. یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ (یەکەی 5013)، تەواوی ئەو چەکە بەرهەمهێنەرانەی کارگەکانی ئێراقی، لەسەر ئەو گوندنشینە کوردانەی لە کاتی شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکاندا لەلایەن هێزەکانی سوپا، میلیشیا و دەزگا تۆقێنەرەکانی حکومەتی ئێراق دەستگیرکرابوون، تاقیدەکردەوە. لە ژمارەیەک لە بەڵگەنامەی سەر بەو یەکەیە، ئەفسەرانی بەرپرس داوا دەکەن کوردی تریان بۆ بنێرن بۆئەوەی تاقیکردنەوەی دیکەیان لەسەر ئەنجام بدەن. بۆ نموونە لە نامەیەکی (دکتۆر ها. م. ڕ.)ی سەرۆکی لیژنەی هاوبەشی تیمی یەک و (م. کیمیایی ف. ج. إ.) داوای ژمارەیەکی دیکە دەکەن تاکو چەکی کیمیایی مزدەوەج (24)یان لەسەر تاقی بکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی کە بەر لە ماوەیەک لە بەشی سێیەمدا بڕی (2400) کوردیان بۆ نێردرابوو، کە تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام داون. فەرماندەی یەکەی کۆگاکانی سوێرە، بەگوێرەی نامەی ژمارە (75)ی ڕێکەوتی (26.10.1989)، بەشی دووەم کە ژمارەیان (1860) کوردە بۆ یەکەی (5013) ناردووە، لەپێناوی تەواوکردنی تاقیکردنەوەکانی کیمیایی مزدەوەجی (24). دکتۆر عەبدولجەبار ئەحمەد ئەلزوبەیدی، بەڕێوەبەری کۆگاکانی چەکی کیمیایی سوێرە، لە نامەیەکی فەرمیدا بە مێژووی (27.7.1990)، کە وەڵامی نامەی ژمارە (234/ج/15)ی ڕێکەوتی (6.7.1990)ی سەرۆکی یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ دەداتەوە. نامەکە بە واژۆی عەمید حاتەم عەبدوڵڵا سەگەر ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری تیمی پرۆسێسی (مزدوج 24) بۆ بەڕێوەبەری کۆگاکانی سوێرە نێردرابوو، ئاگاداریان دەکاتەوە کە (850) تێکدەر (پێشمەرگەی کورد)ی بۆ ناردوون بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی چەکە لەناوبەرەکان لەسەریان.

ئەو یەکەیە دەکەوتە دەستە ڕاستی شارۆچکەی (سوێرە) بە دووری (10-12) کیلۆمەتری باشووری شاری بەغدا، شارۆچکەی (سوێرە)ش دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی نێوان بەغدا و بەسرا.

فەرماندەی یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ، عەقید ڕوکن (کەیعان کەنوش)ی کوڕە خوشکی دیکتاتۆری ئێراق (سەدام حوسێن) بووە. ئەندامانی یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ بریتیبوون لە: (فەریقی یەکەمی ڕوکن ئەیاد فتەیح خەلیفە حەبیب ئەلڕاوی، فەرماندەی هێزەکانی گاردی کۆماری، کە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (5.6.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا. فەریقی ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی، فەرماندەی فەیلەقی پێنج. لیوا ڕوکن سامی بەشیر، جێگری پشکێنەری گشتی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. لیوا ڕوکن بارەق عەبدوڵڵا حاجی ئەلحنتە، فەرماندەی هێزی تایبەتی پاراستنی نەوت. لیوا عادل ئەلسەغار، پشکێنەری فڕۆکەوانی سوپا. لیوا ڕاغب، پشکێنەری یاسایی. لیوا سالم، پشکێنەری یاسایی. عەمید ڕوکن زەکی محەمەد، پشکێنەری هەواڵگری (ئیستخبارات). عەمید ڕوکن خزەیر، پشکێنەری هەواڵگری. عەمید شەهاب ئەحمەد، پشکێنەری کیمیایی. عەمید عەبدولئیلا عەبدولئەمیر ئەلمەشهەدانی، پشکێنەری کیمیایی. عەمید عەبدولقادر ئیبراهیم ئەحمەد ئەلدوری، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتیی حزبی بەعسی عارەبی؛ سەرچاوە: (2-62، وحدة المجازر البشرية یا (5013)، ئامادەکردنی دڵشاد مەجید، کوردستانی نوێ، ژمارە (328)، ل نەزانراوە).

حامد یوسف حەمادی، سکرتێری سەرۆک کۆماری ئێراق (سکرتێری سەدامی دیکتاتۆر)، کە لە ڕێکەوتی (24.1.2006)دا گیراوە، ناوی هاتووە لە بەڵگەنامەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی دانیشتوانی بێتاوانی کوردستان لە ساڵانی (1987-1988)دا کە بە ساڵی ئەنفال و کیمیاباران کردنی کورد ناسراون.

| رسالة | رقم المنشىء | تاريخ الانشاء |
|---|---|---|
| سرية وفورية | ٧٥ | ١٩٨٩/١٠/٢٦ |

الى / وحدة ٥٠١٣ (و.م.ب)
من / مخازن الصويرة
لقد ارسلنا -- حسب طلبكم -- الوجبة الثانية من المخربين الاكراد والبالغ عددهم (١٨٦٠) لاتمام تجارب عملية مزدوج (٢٤).

ودمتم من اجل الحزب والثورة

العقيد
امر وحدة مخازن الصويرة

| رسالة | رقم المنشىء | تاريخ الانشاء |
|---|---|---|
| سرية وفورية | ١٧٦ | ١٩٨٩/١٠/٢٨ |

الى / وحدة مخازن الصويرة
من / وحدة ٥٠١٣ (و.م.ب)
نرجو ارسال الوجبات الاخرى من المخربين الاكراد باسرع وقت ممكن لان العملية مزدوج ٢٤ تحتاج الى المزيد. لقد وصلتنا لحد الان وجبات من المخربين والقيادة العامة تريد منا نتائج عملية مزدوج ٢٤ باسرع وقت ممكن.

ودمتم من اجل الحزب والثورة

العقيد
امر وحدة ٥٠١٣
ع.ك.ك

| رسالة | رقم المنشىء | تاريخ الانشاء |
|---|---|---|
| سرية وفورية | ١٨٠ | ١٩٨٩/١١/١٥ |

الى /المسؤولين المشرفين على وحدة ٥٠١٣ (و.م.ب)
من / دائرة الامن العسكرى
تحية نضالية
لاجل اتمام عملية مزدوج ٢٤ وتكثيف الجهود لتقديم مسيرة الحزب والثورة نرجو منكم ان تعملوا على منع تسرب اية معلومات عن وحدة ٥٠١٣ واتلاف وحرق كل الوثائق المتعلقة بهذا الخصوص بعد اتمامها والمراقبة الشديدة على السواق والضباط والمشرفين على هذه الوحدات، وابعاد او قتل كل من يشتبه بلمره من الجنود والمراتب خصوصا الجنود الاكراد الموجودين في المنطقة.

ودمتم من اجل الحزب والثورة

العميد
مدير دائرة امن العسكري

من مدير مخازن الصويرة
الى رئيس (وحدة المجازر البشرية)
ردا على كتابكم المرقم 243/ج/15 في 1990/7/6 الموقع من قبل العميد حاتم عبد الله صكر عضو اللجنة المشرفة لفريق عملية (مزدوج 24) والمخول من قبل السيد مدير الامن وعدد من موظفي الابحاث العلمية التابعين للاستخبارات العسكرية ، نرسل لكم الوجبة الثالثة من المخربين البالغ عددهم ثمانمائة وخمسون وبالارقام التسلسلية ، اتمنى لكم النجاح والموفقية لانجاز هذا المشروع للحزب والامة .

اخوكم الامين
د. عبد الجبار احمد الزبيدي
مدير مخازن الصويرة
1990/7/27

الى مدير الامن العام في بغداد
من المسؤولين في (وحدة المجازر البشرية)
تحية الكفاح في سبيل العراق .... اما بعد
وصلتنا قبل مدة الوجبة الثالثة من المخربين المحتجزين والذين بلغ عددهم لحد الان 2400 / الفين واربع مائة .. ان الكمية المطلوبة من الدم لنجاح عملية مزدوج 24 ينقصها الكثير يجب ارسال الوجبة الرابعة باسرع ما يمكن لان القيادة العامة تنتظر النتيجة الحتمية . يجب اتخاذ كل التدابير اللازمة ومراقبة السواق والضباط الذين يقومون بنقلهم من جانبكم واحراق كل الوثائق لدى المسؤولين وخاصة الوثائق العلمية والتخلص من كل من لديه معلومات حول عملية مزدوج 24 وخاصة الاكراد .

م. كيماوي
في . ج. أ
عضو لجنة فريق (1)

الدكتور
هـ . م . ر
رئيس اللجنة المشتركة لفريق (1)

## فەرماندەکانی سەربازگەی تۆپزاوە:

ئەو سەربازگەیە بریتی بوو لە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان و یەکەیەکی خەلفی ئەنفال بووە. سەربازگەی تۆپزاوە وەکو یەکەیەکی خەلفی ئەنفال بنکەی ژووری ئۆپراسیۆنی سەربازی تێدا دروست کرابوو، کە ژووری ئۆپراسیۆنەکە لەم ئەفسەرانە پێکهێنابوو: (عەقید ڕوکن کەمال مستەفا عەبدوڵڵا سوڵتان ئەلمەجید ئەلناسری ئەلتکریتی، بەرپرسی یەکەی خەلفی ئەنفال و سەر بە دەزگای ئەمنی تایبەت، خوشکەزای عەلی حەسەن مەجید و مێردی حەلای کچی سەدام، کە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (17.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا. عەقید ڕوکن فەنار زەین حەسەن ئەلناسری کە بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت بوو، جێگری بەرپرسی یەکەی خەلفی ئەنفال. لیوا ڕوکن تالع خەلیل ڕەحیم ئەلدوری، لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و ئەفسەری حەرەکات. عەقید ڕوکن تاریق فەیزی محەمەد ئەلهەزاع، سەرۆکی نووسینگەی شۆڕشگێڕانی تەموز کە پاسەوانی تایبەتی سەرۆکایەتی کۆمار بووە. عەمیدی ڕوکنی هێزی تایبەت بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە، فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت. عەمیدی ڕوکن ناتق نوری ساڵح، فەرماندەی سەربازگەی تۆپزاوە. موقەدەم ڕوکن موحسین عەتیە ئەلعوبەیدی، جێگری فەرماندەی سەربازگەی تۆپزاوە بووە. موقەدەم عیسا حەویجەیی، بەڕێوەبەری زیندانی تۆپزاوە. موقەدەم خالید محەمەد، ئەفسەری مەشق پێکردن. نەقیب مەهدی ئەحمەد. نەقیب محەمەد نافع، ئەفسەری حەرەکات. ملازم قەیس ئەلدوری، ئەفسەری حەرەکات. ملازم ئەحمەد حەسەن، ئەفسەری ئالیات).

ئەو کەسانەی کە بە بەردەوامی هامووشۆی ئەو سەربازگەیان دەکرد بریتی بوون لە: (عەلی حەسەن ئەلمەجید ئەلحەسەن ئەلناسری ئەلتکریتی (عەلی کیمیایی)، ڕازگری نهێنی نووسینگەی باکووری پارتی بەعسی عارەبی سوشیالیست. ڕازی حەسەن سەلمان، جێگری ئەمینداری گشتیی بیرۆی باکوور. فەریقی ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی، ئەندامی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەرکانی سوپا. فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عارەب ئەلتکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان. فەریق ڕوکن ئەیاد فتەیح خەلیفە ئەلڕاوی، فەرماندەی گاردی کۆماری، کە دواتر لەلایەن هێزەکانی

ئەمریکا وە لە ڕێکەوتی (4.6.2003)دا دەستگیرکرا. لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی. فەریقی ڕوکن عەلائەدین کازم حەماد ئەلجەنابی، ئەمینداری نهێنی گشتی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان. لیوا ڕوکن عەبدولواحید شنان ئالڕبات، لە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب، بەرپرسی هۆبەی (3)ی کوردەکان لە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور. لیوا ڕوکن سەلاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری، فەرماندەی فەیلەقی (2) و فەیلەقی (6) کە هەردوو فەیلەق بەشداری ئەنفاڵەکانیان کردووە. خدر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، ئەمینداری نهێنی لقی کەرکوکی پارتی بەعس. لیوای ڕوکن یونس محەمەد سلێمان ئالزەڕب، بەڕێوەبەری پلاندانان. لیوای ڕوکن ئیبراهیم عەبدولستار محەمەد ئەلدەهان تکریتی، فەرماندەی تیپی حەمورابی گاردی کۆماری و ئەفسەری ڕوکن لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، کە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە ڕێکەوتی (15.5.2003)دا دەستگیرکرا، کە بە نەخۆشی شێرپەنجەی جگەر لە ڕێکەوتی (29.10.2010)دا لە زیندانی ئەمریکییەکان لە بەغدا مرد. تاهیر تۆفیق حاج یوسف ئەلعانی، سکرتێری بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی پارتی بەعسی عارەبی سۆشیالیست و دواتر پارێزگاری موسڵ. عەمید ڕوکنی ق. خ. بارەق عەبدوڵڵا حاجی ئەلحنتە، فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت. لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی، فەرماندەی فەیلەقی (5). عەمید ڕوکن عائد مخڵف ئەلعجیل ئەلتکریتی، لە هەواڵگری گشتیی سەربازی بوو دواتریش بەپلەی فەریق ڕوکن بووە بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی. عەمید موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلتکریتی، سەر بە دەزگای هەواڵگری فەیلەقی (1). عەقیدی ڕوکن فەرحان موتڵەگ سالح خەڵەف ئەلجبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەلات. عەقید ڕوکن فەنار زەین حەسەن ئەلناسری، جێگری بەرپرسی یەکەی خەلفی ئەنفال و بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی تایبەت).

عەقید تاهیر عەبدولجەلیل حەبوش سەلوم ئەلحەبوش ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری نووسینگەی عەلی حەسەن مەجید، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (268)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. عەقید تاهیر حەبوش تکریتی، لە

ساڵی (1986)دا ئەفسەرێکی پلە بەرزی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی و بەرپرسی هۆبەیەک بووە. ڕائید نەزهان تۆغان ئەلتکریتی، بەرپرسی پاسەوانەکانی عەلی حەسەن مەجید. هەر یەک لە (ڕائید عەبدی پاسەوانی عەلی حەسەن کیمیایی، ملازمی یەکەم سعود عەزاوی، ملازمی یەکەم حازم، ملازمی یەکەم سائب تکریتی (پورزای عەقید تاهیر جەلیل حەبوش) و ملازمی یەکەم سائم ئەنباری، کە هەموویان پاسەوانی عەلی کیمیایی بووینە، لە تیمی گوللە باران کردنی ئەنفالەکان بووینە).

موفەوەزی ئەمن و شۆفێری شۆڤڵ عەبدولحەسەن مۆحان موراد، موفەوەزی ئەمن و شۆفێری شۆڤڵ ئەحمەد ئیسماعیل تکریتی و موفەوەزی ئەمن و شۆفێری شۆڤڵ فەرحان جابر نەجەفی، کە هەرسێکیان گۆڕهەڵکەن بووینە بە شۆڤڵەکانیان خەڵکی ئەنفالەکانیان زیندەبەچاڵ کردووە.

ئەو تاوانبارانەی سەرەوە بەگوێرەی قسەکانی موفەوەزی ئەمن عەبدولحەسەن مۆحان موراد، یازدە ئەفسەری ڕژێم تەنیا لە شەوی (12.8.1988)دا نزیکەی (1300) هاووڵاتی کوردی بێتاوانی گوندنشینیان بەهۆی گوللە بارانەوە ئەنفالکردووە، تێکڕایان دواتر خستوونەتە ناو بیست چاڵ، کە سێ شۆفێرەکە چاڵەکانیان ئامادە کردووە و دواتر خۆڵیان بەسەر کوژراوەکاندا داکردووە.

عەبدولحەسەن مۆحان موراد، موفەوەزی ئەمنی سەر بە دەزگای ئەمنی تایبەت و شۆفێری یەکێک لە شۆڤڵەکان کە هەزاران کوردی سیڤیلی ئەنفال کردووە و خۆڵی بەسەردا کردوون، سەبارەت بە ئەنفالکردنی ژنە عارەبێک کە پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراقی بووە، دەڵێت:

(پێم ناخۆش بوو ژنە عارەبەکەیان کوشت، لەبەرئەوەی عارەب بوو. بەڵام پەشیمان نیم لەو کارەی کردوومە لەدژی کوردەکاندا)؛ سەرچاوە: (1–14، عارف قوربانی، لە ئوم ڕێعانەوە بۆ تۆپزاوە – ئەو سایەق شۆفڵەی بەشێک لە ئەنفالەکانی داپۆشی، ل28).

لەکاتی ئەنفالەکانی ساڵی (1988)دا، زۆرتر لە سێ هەزار منداڵ لە تۆپزاوە لەبەر نەخوشی و لەبرسان مردن، کەچی ناوبراو تەنیا پێی ناخۆش بووە ئەو ژنە عارەبەیان کوشتووە، تەنیا لەبەرئەوەی عارەب بووە، کەچی دوای ئەو تاوانە گەورەیەش بەرانبەر بە کورد و کوردستان کە سەدان هەزار کەس لەناوبردران و هەر خۆی خۆڵی کردۆتە سەر سەدان و هەزاران کەسی بێتاوان، نە پەشیمانە و نە

ئامادەشە داوای لێبوردن لە کورد بکات، لە ئەنجامی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالکردنی دەیان هەزار کوردی بێتاوان لە تۆپزاوە.

هامووشۆکردنی ئەو ئەفسەر، فەرماندە و کاربەدەستە گەورانە هەمووی لەپێناوی لە نزیکەوە سەرپەرشتی کردنی شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفال و لەناوبردن و بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکی دێهاتەکانی ناوچەکانی ئەنفال بووە. هەروەها موقەدەمی پۆلیس ئیحسان ئەحمەد، بەرپرسی زیندانی نوگرە سەلمان بووە - سەرچاوە: (2-1، بەشی شەشەم، ل297)، ڕائید غازی کەریم، ئەفسەری ئەمن لە نوگرە سەلمان بووە کە دیلە کوردەکانی زۆر ئەشکەنجە داوەو مامەڵەی نامرۆڤانەی لەگەڵدا کردوون؛ سەرچاوە: (1-41، عەبدوڵڵا عەبدولکەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم، ل167).

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)



**وێنەکانی سەرەوە:**

1. لیوا کەمال مستەفا عەبدوڵڵا سوڵتان تکریتی.
2. لیوای ڕوکن تالع خەلیل ڕەحیم ئەلدوری، لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و ئەفسەری حەرەکات.

# سوپای ئێراق و پێكهاتەكانی

هەروەكو چۆن حكومەتی ئێراق دەستكردی ئینگلیزەكان بوو، بەهەمان شێوەش سوپاكەشی هەر دەستكردی ئەوان و پیاوانی ئەوان بووینە. بیرۆكەی دامەزراندنی ئەو سوپایە دەگەڕێتەوە بۆ یەكێك لە پیاوە هەرە ناسراوەكانی ئەوسای هەواڵگری ئینگلیز كە تۆماس ئێدوارد لۆرانس (Thomas Edward Lawrence) بووە. تۆماس لاورانس كە بە لۆرانسی عارەب ناسرابوو (16.8.1888–19.5.1935) دۆستێكی نزیك و هەرە دڵسۆزی نەتەوەی عارەب بوو، لە ڕێكەوتی (8.8.1920)دا لە ڕۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر)ی بەریتانی و لە (22.8.1920)دا لە ڕۆژنامەی (ساندای تایمس)دا باسی دامەزراندنی سوپایەكی بۆ ئێراق كردبوو. هەروەها باوەڕپێكراوی باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر پێرسی زەكەریا كۆكس)، لەكاتی بەستنی كۆنگرەی قاهیرە كە لە ماوەی نێوان (12–30.3.1921)دا لە میوانخانەی (سەمیر ئەمیس) لە وڵاتی میسر لەژێر سەركردایەتی و سەرپەرشتی وەزیری كۆلۆنییەكانی بەریتانی (سێر وینستۆن لیونارد بسنسد چەرچڵ 1874–1965) بەسترا، باسی دامەزراندنی سوپایەكی (15) پازدە هەزار سەربازی بۆ ئێراق كردەوە، ئەوەبوو جەعفەر عەسكەری (1886–29.10.1936) كە پیاوی هەرە دڵسۆزی ئینگلیز و حكومەتی ئێراق بوو لە ڕۆژی (25.3.1921)دا هەواڵی دامەزراندنی سوپای ئێراقی ڕاگەیاند، كە كۆنگرەی قاهیرە بڕیاری دامەزراندنەكەی دابوو. بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕێكەوتی (6.1.1921)دا كۆمەڵێك ئەفسەر كە ژمارەیان (14) ئەفسەر بوو، لەو ئەفسەرە عارەبە ئێراقی و كوردانەی باشووری كوردستان (ویلایەتی موسڵ) كە لە بارەگا تایبەتییەكەی وەزیری بەرگری ئێراق (جەعفەر عەسكەری) لە بەغدا كۆببوونەوە، بە مەبەستی دامەزراندنی سوپایەك بۆ ئێراق، بۆیە ئەو ڕۆژەیان كرد بە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای ئێراق، نەك ڕۆژی (25.3.1921) كە لە كۆنگرەی قاهیرە بڕیاری دامەزراندنەكەی درابوو. لەنێو ئەو (14) ئەفسەرەی كە سوپای ئێراقیان دامەزراند، هەشت كورد، شەش عارەب بووینە، هەشت بەڕەگەز كوردەكە بریتین لە (لیوا ڕوكن جەعفەر مستەفا عەسكەری، ڕائید تۆفیق وەهبی بەگی مەعروف محەمەد (تۆفیق وەهبی 1.1.1891–15.1.1984)، نەقیب محەمەد ئەمین زەكی سلێمان بەگ (1880–1948)، ڕائید یاسین حلمی سەلمان هاشمی، ڕائید بەكر سدقی شەوقی

عەسکەری، عەقید عەبدولحەمید ئەحمەد، ڕائید سەعید محەمەد، نەقیب حەسەن حوسێن عەسکەری)، شەش عارەبەکەش بریتیبوون لە (عەقید ڕوکن نوری سەعید سالح مەلا تەها، ئەحمەد ئەلسرِی (ئەحمەد ئەلحاج سرِی سالح ئەلجبوری 1878-1957)، عەبدولموحسین فەهد سەعدون (1889-13.11.1929)، عەقید ڕوکن خەلیل زەکی)، موقەدەم عەبدولڕەزاق یاسین خواجە و موقەدەم شاکر عەبدولوەهاب شلال). بەڵام جەعفەر عەسکەری و یاسین هاشمی خۆیان بە کورد نەزانیوە بەڵکو خۆیان بە عارەب داناوە. جەعفەر عەسکەری، کە یەکەم ئەفسەر بووە گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و هاوکاری ئینگلیز و حکومەتی ئێراقی کردووە، کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە ڕێکەوتی (16.10.1920)دا پۆستی وەزیری بەرگری درایێ، لەکاتێکدا هێشتاکە نە حکومەتی ئێراقی دروست ببوو هەروەها نە وەزارەتی بەرگری خاوەنی سوپا و بگرە تاکە سەربازێکیش بووە.

کاتێک لە ساڵی (1921)دا مەکتەبی عەسکەری لە بەغدا دامەزرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی سوپای ئێراق و لە پێنج ئەفسەر پێکدەهات، سێ لەو ئەفسەرانە کورد بوون (تۆفیق مەعروف محەمەد وەهبی، محەمەدئەمین زەکی بەگ و یاسین حلمی سەلمان هاشمی، بەڵام ئەوەی دواییان خۆی بە عارەب زانیوە نەک کورد).

لەگەڵ دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی ئێراقی لە ڕێکەوتی (25.10.1920)دا بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب، پۆستی یەکەم وەزیری بەرگری ئێراقی درا بە جەعفەر عەسکەری. وەزارەتی بەرگری لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ڕێکەوتی (6.1.1921)دا بڕیاری دامەزراندنی سوپای ئێراقی دەرکرد و وەزارەتی بەرگری سەرەتا لە خانووی (عەبدولقادر پاشا خزەیری) جێگیربوو، دواتر گواستیانەوە بۆ قشلە و لە (خانەی موشیریە) جێگیربوون.

جەعفەر عەسکەری لەبەر دڵسۆزی بۆ ئینگلیز و حکومەتی ئێراق و نەبوونی هیچ هەستێکی کوردایەتی سێ جار کراوە بە وەزیری بەرگری و دوو جاریش بە سەرۆک وەزیرانی ئێراق! ناوبراو لە پەرلەمانی ئێراقدا، کاتێک کە پەرلەمانتارانی کورد و شیعە بەزۆر ڕەوانەکردنی سەربازیان ڕەتکردەوە، پێی گوتن: (ئەوانەی کە سوپایان ناوێت، ناپاکن). بێگومان دامەزراندنی سوپای ئێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو سوپایە ببێت بە هاوکار و ڕێنیشاندەری سوپای ئینگلیز بۆ دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی هەر سەرهەڵدان و

شۆڕشێکی کوردی لەدژی نیازی ئینگلیزەکان بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ، کە خاک و نیشتمانی کورد بووە بە ئێراقی عارەبییەوە کە ئەوکات بریتی بوو لە هەردوو ویلایەتەکانی (بەغدا و بەسرا)، یان دامرکاندنەوەی هەر شۆڕشێکی شیعەگەری لەدژی کەمایەتی عارەبی سوننە لە ئێراق، هەروەها هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی سوپای ئینگلیز لە ئێراق کە خەرجییەکی زۆری دەویست و کاری زۆری کردبووە سەر بودجەی بەریتانیا، بۆیە بەریتانیا بە دامەزراندنی ئەو سوپایە دەیەویست بەشێک لە سوپاکەی خۆی بکێشێتەوە، تاوەکو خەرجییەکانی لەم وڵاتەدا کەم بێتەوە.

لەپێناوی دامەزراندنی سوپایەک بۆ ئێراق، لە ڕێکەوتی (12.2.1921)دا فەریق ڕوکن نوری سەعید مەلا تەها، کە لەنێوان ساڵانی (1887–14.7.1958)دا ژیاوە، بە بریکاری فەرماندەی گشتی سوپا دامەزرا. نوری سەعید وەکو یەکەم سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق لە ڕێکەوتی (22.2.1921–28.5.1928) لەژێر چەندان ناوی وەکو (سەرۆک ئەرکانی سوپا، بریکاری سەرۆکی ئەرکانی جەنگ و بریکاری فەرماندەی گشتی) بەردەوام بووە، هەروەها پۆستی وەزیری بەرگری و سەرۆک وەزیرانی بۆ چەند جارێک وەرگرتووە.

پاشان ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی لە ڕۆژی (26.5.1921)دا یاسای خۆبەخشی (التطوع)ی کاتی لە سوپای ئێراق دەرکرد، کە لە ڕۆژی (22.6.1921)دا ڕادیۆی بەغدا بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتی بەرگری بڵاوکردەوە لەگەڵ کردنەوەی فەرمانگەی بەسەربازیکردن (دائرة التجنيد) لە هەموو شارەکاندا بۆ ناونووسکردنی خەڵک بۆ سوپای ئێراق.

هەر باوەڕپێکراوی باڵای بەریتانی لە ئێراق (سێر پێرسی زەکەریا کۆکس) بوو، کە لە (27.11.1920)دا لە ڕێگای کۆنسوڵی فەرەنسی لە بەغداوە توانی ناوی (240) ئەفسەری بەڕەگەز کوردی باشووری کوردستان و ئێراقی بەناوی ئەفسەرانی ئێراقی کە پێشتر لە سوپای عوسمانیدا کاریان دەکرد، کارئاسانیان بۆ بکات و بیانگەڕێنێتەوە بۆ ئێراق بۆ ئەوەی لە سوپای نوێی ئێراقدا کاربکەن. هەروەها نزیکەی (400) ئەفسەرێکیش لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە ئازاری ساڵی (1921)دا بە ڕێگەی میسر گەڕانەوە.

پاشان لە ڕێکەوتی (28.7.1921)دا یەکەم فەوجی ئەو سوپا شومەی ئێراق بە فەرماندەیی ئەحمەد ئەلسڕی (ئەلحاج سڕی کوڕی ساڵح)دا لە ناوەڕاستی ئێراق لە گەڕەکی (خان کەربولی) لە شاری بەغدا دامەزرا، سەربازەکانی گشتی ئێراقی بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکانی ئێراقی نەبوون لەنێویاندا چەندان ئەفسەری فەلەستینی وەکو (سەلاحەدین سەباغ، فەهمی سەعید و یونس سەبعاوی). فەوجی ناوبراو لە ڕێکەوتی (9.10.1921)دا ڕەوانەی شاری حلە (بابل) کرا، بەڵام دواتر لە ڕێکەوتی (9.3.1922)دا فەوجەکە ناوی (فەوجی ئیمام موسای کازم)ی لێنرا، کە جەعفەر عەسکەری ئەو ناوەی هەڵبژاردووە بۆ یەکەم فەوجی سوپا. هەر ئەو فەوجە (فەوجی ئیمام موسای کازم)، بە فەرماندەیی ئەحمەد ئەلسڕی، لە مانگی تەموزی ساڵی (1924)دا ڕەوانەی کوردستان کراو شەڕی شۆڕشگێڕانی کورد و شێخ مەحمودی نەمری کرد. هەروەها لە مانگی ئابی ساڵی (1921)دا کەتیبەیەکی ئەسپ سواری (كتيبة الخيالة) بەناوی (کەتیبەی ئەلهاشمی) دامەزرا.
دوای کۆنگرەی قاهرە، وەزیری بەرگری بڕیاریدا ئەو بەشانە دامەزرێنن (شعبة الحركات – شعبة الادارة والميرة – شعبة الطبابة – وشعبة الحسابات).
فەوجی دووەمی سوپای ئێراق لە ڕێکەوتی (10.8.1921)دا لە بەغدا دامەزرا. لە ڕێکەوتی (24.7.1921)دا سریەی گواستنەوەی یەکەم (سرية النقلية الاولى) هەر لە بەغدا دامەزرا، کە دواتر لە (5.3.1922)دا گواسترایەوە بۆ شاری موسڵ. هەروەها لە ڕێکەوتی (27.8.1921)دا کەتیبەی یەکەمی ئەسپ سواری (كتيبة الخيالة) دامەزرا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (9.3.1922)دا بە فەرمانێکی دەسەڵاتی پادشایەتی ناوی نرا (کەتیبەی هاشمی). لە ڕێکەوتی (12.10.1921)دا بەتەریەی یەکەم لە بەغدا دامەزرا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (9.5.1922)دا گواسترایەوە بۆ موسڵ. لە کۆتایی ساڵی (1921) ژمارەی ئەفسەر و سەربازانی سوپای ئێراق (2616) کەس بوون. لە ڕۆژی (1.12.1921)دا سریەی دووەمی گواستنەوە (سرية نقلية الثانية) لە بەغدا دامەزراو، لە هەمان ڕۆژیش فەوجی سێیەمی سوپا هەر لە بەغدا دامەزرا، کە دواتر لە ڕێکەوتی (9.1.1922)دا گواسترایەوە بۆ موسڵ. کەتیبەی دووەمیش لە ڕێکەوتی هەمان ساڵدا دامەزرا و ڕەوانەی موسڵ کرا، کە پاشان لە ڕێکەوتی (1.4.1922)دا ڕەوانەی شارۆچکەی تەلەعفەر کراو لەوێ جێگیرکرا.

هەر لە مانگی یەکی ساڵی (1922)دا بەتەریەی دووەمی چیایی (البطرية الجبلية الثانية) لە کازمیەی بەغدا دامەزرا، کە لە ڕێکەوتی (26.6.1922) بۆ (القلعة) گواسترایەوە. لە ڕێکەوتی (26.8.1922)دا وەزارەتی بەرگری گواسترایەوە بۆ (بەڕێوەبەریێتی ڕەدیف) لە باب المعظم.

لە ڕێکەوتی (19.6.1923)دا فەوجی چوارەمی سوپا لە شاری موسڵ و بەتەریەی یەکەمی بیابانی لە بەغدا دامەزران.

بەتەریەی سێیەمی چیایی لە ڕێکەوتی (8.6.1924)دا لە بەغدا دامەزرا.

فەوجی پێنجەمی سوپا لە ڕێکەوتی (1.11.1924)دا لە بەغدا و فەوجی شەشەمیش لە ڕێکەوتی (15.10.1925)دا دامەزران.

ژمارەی سەرباز و ئەفسەرانی ئێراقی لە کۆتایی ساڵی (1924)دا (7340) کەس بوون.

لە ڕێکەوتی (1.8.1925)دا یەکەم سریەی هێزی سنوور دامەزرا.

لە ڕێکەوتی (1.1.1926)دا یەکەم لیوای تۆپهاوێژی (لواء المدفعية) دامەزرا.

لە کۆتایی ساڵی (1926)دا ژمارەی ئەفسەر و سەربازانی سوپا گەیشتە (8781) کەس.

لە ڕێکەوتی (1.2.1927)دا فەوجی حەوتەمی سوپا دامەزرا و لە ڕێکەوتی یەکی تەمووزی هەمان ساڵدا بەتەریەی دووەمی بیابان پێکهات. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ژمارەی ئەفسەر و سەربازانی سوپای ئێراق (9694) کەس بوون.

لە نیسانی ساڵی (1929)دا فەرماندەی تۆپهاوێژی باکوور دامەزرا. لە کۆتایی ساڵی (1929)دا ژمارەی ئەفسەر و سەربازانی سوپای ئێراق (10446) کەس بوون.

کاتێک کە دەوڵەتی ئێراق وەکو ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەرگیرا، هێزی سەربازی ئێراقی بریتی بوو لە (11) فەوجی پیادە، پێنج بەتەریەی تۆپهاوێژ، یەک کەتیبەی ئەسپ سواری و چەند یەکەیەکی جیاجیا.

لە ساڵی (1933)دا فەوجی دوازدەمی سوپا، لیوای سێیەمی بیابان و کەتیبەی شەشەمی تۆپهاوێژی دامەزران.

لە ڕێکەوتی (23.10.1937)دا یەکەم سریەی تانک (سرية دبابات) دامەزرا کە بریتی بوو لە (16) تانک و ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بوو.

لە ڕێکەوتی (1.10.1938)دا تیپی سێیەم (الفرقة الثالثة) لە بەغدا دامەزرا.

لە ساڵی (1940)یشدا تیپی چوارەم لە دیوانیە (قادسیە) پێکهات.
لە ڕێکەوتی (16.7.1951)دا سریەی دووەمی تانک پێکهات کە لە جۆری تانکی (شەرشل)ی ئینگلیزی بوون، کە بەناوی (سریەی یەکەمی تانکەکانی سەربەخۆ) ناونرا.
هێزی پیادە، وەکو هێزێکی سەربەخۆ لە ڕێکەوتی (15.10.1963)دا دامەزرا.
هەروەها بەشی جۆری کیمیایی لە ڕێکەوتی (14.1.1964) پێکهات.
یەکەم جەوقی موسیقی سەربازی ئێراقی لە ڕێکەوتی (22.8.1922)دا دامەزراوە.
لەکاتی پەلاماری میلیشیا دڕندەکەی ئێراق بۆ سەر کوێت، ئەو میلیشیا بەناو سوپایە لە هەشت فەیلەق پێکهاتبوو، کە بریتی بوون لە (72) تیپ، تێکڕای تیپەکان (216) لیوا بوون و تێکڕای لیواکانیش (648) فەوج بوون.
حکومەتی بەریتانیا لە ڕێگای چەند پەیماننامەیەکی سەربازیدا سوپای ئێراقی بە دامەزراوی سەربازی خۆی بەستایەوە، کە گرنگترینیان پەیماننامەی (ئەنگلۆ – ئێراقی) بوو کە بە پەیماننامەکەی ڕێکەوتی (10.10.1922) ناسرابوو. بەگوێرەی خاڵەکانی هەشت و دوازدەی پەیماننامەی ناوبراو، ڕێگە بە سوپای ئێراقی دەدات بە هاوکاری سوپای بەریتانیا هەموو ڕاپەڕینێکی ناوخۆی جەماوەری سەرکوت بکات.
لە ئەیلولی ساڵی (1927)دا یەکەم شاندی ئێراقی پێوەندیکرد بە کۆلیژی (کرانویل)ی ئاسمانی بەریتانی.
لە ڕۆژی (22.4.1931)دا یەکەم دەستەی فڕۆکەوانی لە بەریتانیا گەڕانەوە و یەکەم پێکهاتەی هێزی ئاسمانی ئێراقیان دامەزراند. هێزی ئاسمانی ئێراق لە ڕێکەوتی (22.4.1931)دا دامەزرێنرا، کە بە هێنانی یەک پۆل فڕۆکەی شەڕکەر (پێنج فڕۆکە بوون) کە فڕۆکەوانەکانی ئێراقی بوون و لە بەریتانیا مەشقیان پێکرابوو گەڕانەوە ئێراق. شا فەیسەڵ فەرمانیدا ئەو پۆلە فڕۆکەیە گەشتێکی ئاسمانی بەسەر پارێزگاکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و تەواوی قەزاو ناحیەکانی ئەو پارێزگایانەدا بکات، ئەوەبوو یەکەم پۆلی فڕۆکەی ئێراقی لە ڕێکەوتی (5.6.1931)دا لە پارێزگای موسڵ-ەوە دەستیکرد بە گەشتەکەیدا و لە سلێمانی کۆتایی پێهێنا؛
سەرچاوە: (1-15، عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الثالث، ل142).

جێگای ئاماژەپێكردنە كە ئەو گەشتەی یەكەم دەستەی فڕۆكە ئێراقیەكان بە فەرمانی شا فەیسەڵ بەسەر تەواوی پارێزگاكانی كوردستان (موسڵ، هەولێر، كەركوك، سلێمانی، دیالە و تەواوی قەزاو شارۆچكەكانی سەر بەو پارێزگایانە)، نامەیەكی هەڕەشە بوو لە كورد و منیش بەو جۆرە لێكی دەدەمەوە:
(كوردەكان تێبگەن، ئەگەر لەمەودوا داوای مافی خۆتان بكەن و شۆڕش لەدژی میری ئێراقی بەرپا بكەن، وا دەبینن كە بووین بە خاوەنی فڕۆكە و بەو فڕۆكانە شارو خانووەكانتان كاول دەكەین و لەناوتان دەبەین).
هەر ئەو پۆلە فڕۆكەیە دوای چەند مانگێك واتە هەر لە ساڵی (1931)دا بۆردومانی دانیشتوانی شاری سلێمانی و شۆڕشگێڕانی كوردستانیان كرد. لە ساڵی (1932)دا یەكم پۆل (سرب)ی هێزی ئاسمانی دامەزرا. لە ساڵی (1941)دا ژمارەی پۆلەكان بوون بە حەوت و لە ساڵی (1951)دا كۆلیژی فڕۆكەوانی سەربازی دامەزرا.
بەگوێرەی یاداشتێكی حكومەتی ئێراقی، كە لە ڕێكەوتی (12.7.1932)دا لەپێناوی كۆتایی هێنانی ماندێتی بەریتانی بەسەر ئەو وڵاتەدا نووسراوە، ژمارەی هێزی سوپای ئێراق بە (10.500) سەرباز دادەنێت. لە ساڵی (1940)دا بەناو سوپای ئێراق ژمارەی (1.800) ئەفسەر و (45.000) هەزار سەرباز بووە، كە تێكڕا چوار تیپی پیادەیان پێكدەهێنا. ئەو چوار تیپەش بریتی بوون لە (42) فەوجی پیادە و (21) بەتەریەی تۆپهاوێژی، چوار كەتیبەی ئەسپ سواری، چەند دەستەیەكی فڕۆكەوانی سەر بە هێزی ئاسمانی و چوار كەشتی دەریایی؛ سەرچاوە: (1-16، عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی، تأریخ الوزارات العراقیة، الجزء السادس، ل181).
لەگەڵ دەستپێكردنی شۆڕشی (11ی ئەیلولی 1961)ی باشووری كوردستان، سوپای ئێراق بریتی بووە لە (5) تیپ كە (12) لیوای لەخۆ دەگرت، كە بەمشێوەیەی خوارەوە بوون:
تیپی یەك: لە چوار لیوا پێكهاتبوو و بنكەكەی لە شاری موسڵ بوو. هێزەكانی ئەو تیپە لە پارێزگای موسڵ (نەینەوا و دهۆك) بڵاوكرابوونەوە.
تیپی دوو: لە چوار لیوا پێكهاتبوو. بنكەكەی لە شاری كەركوك بوو. هێزەكانی ئەو تیپە لە پارێزگاكانی كەركوك، هەولێر و سلێمانی دابەشكرابوون.
تیپەكانی سێ، چوار و پێنج بە هەرسێكیان بریتیبوون لە چوار لیوا و لە تەواوی ناوچەكانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق دابەشكرابوون.

ئەوكاتەی كە عەبدولڕەحمان محەمەد عارف لە (17.7.1968)دا لادرا، سوپای ئێراق تەنیا هەر (5) تیپی هەبوو (تیپی ئالی یەک، تیپی پیادەی دوو، تیپی زرێپۆشی سێ، تیپی پیادەی چوار، تیپی پیادەی پێنج) لەگەڵ لیوایەكی پاسەوانی كۆماری و چەند یەكەیەكی سەربازی سووک و دوو بەڕێوەبەرێتی (بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی و بەڕێوەبەرێتی ئەمنی عەسكەری) كە تا كۆتایی ساڵی (1968) هەروا مایەوە.

لە سەرەتای ساڵی (1969)دا تیپێک بەناوی تیپی زرێپۆشی شەش دامەزرێنرا.

لەكاتی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران (4.9.1980-8.8.1988)، سوپای ئێراق پێكدەهات لە (تیپی ئالی یەک، تیپی پیادەی دوو، تیپی زرێپۆشی سێ، تیپی پیادەی چوار، تیپی پیادەی پێنج، تیپی زرێپۆشی شەش، تیپی پیادەی حەوت، تیپی پیادەی هەشت، تیپی زرێپۆشی نۆ، تیپی زرێپۆشی دە، تیپی زرێپۆشی دوازدەو لیواكانی (31+32)ی سەر بە پاسەوانی كۆماری). كەچی لەگەڵ دەستپێكردنی ئەو شەڕە نەگریسەی سەدام، سەركردایەتی گشتیی هێزە چەكدارەكان پێكهاتەی سوپای ئێراقی فراوانكرد و كردی بە حەوت فەیلەق و دوو فەیلەقی پاسەوانی كۆماری و فەیلەقێكی پاسەوانی كۆماری تایبەت كە پێكدەهاتن لە سەرباز و ئەفسەرە خانەنشینە لایەنگرەكانی ڕژێم و بەعس.

سوپای ئێراق لەكاتی داگیركردنی كوێت (2.8.1990)دا بریتی بوو لە (66) تیپی پیادە، ئالی و زرێپۆش.

ژمارەی سەربازانی سوپای ئێراق لە سەرەتادا چەند هەزارێک دەبوو، دواتر بەرەبەرە گەشەی كرد تا گەیشتە پازدە هەزار. لەكاتی دەسەڵاتی (زەعیم عەبدولكەریم قاسم)دا گەیشتە پەنجا هەزار، كەچی لەگەڵ هاتنی بەعسییەكان لە ساڵی (1968)دا بەرز بووەوە بۆ (82) هەزار، پاشان لە ساڵی (1972)دا گەیشتە (102) هەزار.

لەگەڵ دەستپێكردنی شەڕی (ئێراق-ئێران)دا گەیشتە (430) هەزار، وە لە ساڵی (1984)یشدا گەیشتە (778) هەزار. لەكاتی خۆئامادەكردن و دەستپێكردنی شاڵاوە دڕندانە و هۆڤییەكەی ئەنفالی سەدام و بەعس بۆ سەر گەلی باشووری كوردستان، واتە لە ساڵانی (1987-1988)دا ژمارەیان گەیشتە نزیكەی یەک ملیۆن سەرباز، كەچی لە ساڵی (1990) و لەكاتی داگیركردنی كوێتدا ژمارەكە بەرزبۆوە بۆ یەک

ملیۆن و سێسەد هەزار (1.300.000) سەرباز، کە یەک لەسەر سێی ئەو ژمارەیە لە کوردستان بووە، کە دەکاتە نزیکەی (400–500) هەزار سەرباز. دوای نزیکەی حەوت مانگ بەسەر ئەو داگیرکردنەدا، لە شەڕی ڕزگارکردنی (کوێت)دا کە لە (17.1.1991–27.2.1991) درێژەی کێشا، توانرا سوپای سەدام لە کوێت دەربکرێت و لەکۆی (60) تیپی سەربازی، تەنیا (23) تیپی مایەوە، واتە (37) تیپی سوپای سەدام بەتەواوی قەلاچۆ کران.

هەروەها لەکۆی (4500) تانک و (2750) ماشێنی زرێپۆش و (3110) پارچە تۆپ، تەنیا (700) تانک و (1400) ماشێنی زرێپۆش و (340) پارچە تۆپ مانەوە. سەبارەت بەهێزی ئاسمانی لەکۆی (760) فڕۆکەی جۆراوجۆر تەنیا (260) فڕۆکەی مایەوە، جگە لەوەی کە (115) فڕۆکە پەنایان برد بۆ ئێران ئەوانەیتر هەمووی یان هەر لەسەر زەوی تێکشکێنران یان لە ئاسمانەوە خرانە خوارەوە.

ئاشکەرایە کە سوپا لە گشت جیهاندا هێزی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەم گرتنەدەست و هەم پاراستنی دەسەلات، بەلام ئەگەر بێتوو ئێمە چاوێک بە مێژووی ڕابردووی (82) ساڵەی تەمەنی سوپای ئێراقدا بخشێنین، هەر لە ڕۆژی لەدایک بوونیەوە تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا، بۆ مێژووش یەک تاکە هەڵوێستێکی نیشتمانپەروەرانە و وەستانەوە لەدژی بڕیاری سەرکوتکردن و لەناوبردنی خەڵکی سیڤیل و بێتاوانی نەنواندووە، بەڵکو هەردەم بووەتە ئامێری سەرکوتکردنی خەڵکی ستەم دیدە و قەڵغانی پاراستنی ڕژێمە دیکتاتۆر و فاشییە یەک لەدوا یەکەکانی ئێراق. بەدرێژایی مێژووی ئەو سوپایە، بۆ تەنیا جارێکیش نەک سەرپێچی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی خۆی نەکردووە، بەڵکو هەردەم بەشانازیشەوە فەرمانە ناڕەوا و دڕندانەکانی سەرکردایەتی خۆیان لەدژی دانیشتوانی ئێراق بە کورد و عارەبەوە بەچەک جێبەجێ کردوە و سەپاندووە. لە گشت جیهاندا سوپایەکی وا دڕندە و بێ بەزەیی نابینرێ، کە بەقەد سوپای ئێراق خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کوشتبێ و لەناوبردبێ.

بۆ کورد ئەفسەرانی دڕندەی وەکو (زەعیم سدیق، نەقیب عەبدولکەریم خەلیل ئەلجحەیشی، زەعیم سەعید حەمۆ، لیوا ڕوکن تەها شەکرچی، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی، لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی، لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی بەیاتی، لیوا ڕوکن محەمەد یونس ئالزەڕب، عەمید ڕوکن

بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە، عەلی حەسەن مەجید تکریتی و عەقید حوسێن کامیل ئەلمەجید) ناسراون، کە لە دڕندایەتی و بێ ویژدانیدا نموونەیان کەمبووە.
پێکهاتەی سوپای ئێراق هەروەکو پێشتریش باسکرا لەکاتی شەڕی ئێراق – ئێران بریتی بووە لە حەوت فەیلەق، دوو فەیلەقی پاسەوانی کۆماری و فەیلەقێکی پاسەوانی کۆماری تایبەت، کە فەیلەقەکانی یەک و پێنجیان لە باشووری کوردستان بوون. ئەوەی شایەنی باسە لە (80%)ی ئەفسەر و سەربازانی ئەو دوو فەیلەقە بریتی بوون لە عارەبی شیعە؛ سەرچاوە: (2–63، دراسات عراقیة، العددان الثاني عشر – الثالث عشر، ل155). بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکانی سەدام و بەعس لەدژی ئێران، فەیلەقەکانی شەش و حەوت هەڵوەشانەوە و تەنیا (5) فەیلەق مایەوە.
بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم دوو سەرچاوەی خوارەوە وەرگرتووە:
العقيد الركن أحمد الزيدي، أزمة القيادة في العراق - دراسات عسكرية، الطبعة الاولى، دار الرافد، لندن، 1993.
دراسات عراقية، العددان الثاني عشر – الثالث عشر، آذار 2000م، يصدرها المركز العراقي للإعلام والدراسات.

وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)






وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. فەریق جەعفەر مستەفا عەسکەری.
2. نوری سەعید ساڵح مەلا تەها قەرەغولی.
3. یاسین حلمی سەلمان هاشمی.
4. عەبدولموحسن فەهد سەعدون.

لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا بۆ سەر دانیشتووانی باشووری کوردستان، پێکهاتەکانی سوپای ئێراق بەمشێوەیە بووە:

## فەیلەقی یەکی ناسراو بە (هێزەکانی ڕەشید)

فەرماندەکانی بریتی بووینە لە لیوا ڕوکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری (شیعە) لەنێوان (28.1.1982-31.5.1982). دواتر عەمید ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی (شیعە) لەنێوان (4.6.1982-18.8.1983)دا هات، کە ئێستاکە لە وڵاتی نەمسایە و لە ئێراقیش مووچەی خانەنشینی وەردەگرێ بە پلەی فەریق ڕوکن. نووسەری ئەم پەرتووکە لەگەڵ ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید و چەند کوردێکی دیکە سکاڵایان لەدژ تۆمارکردووە، بەڵام حکومەتی ئێراقی هاوکاری حکومەتی نەمساوی ناکات بۆئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی ناوبراو بکرێت بە فەرمانی ئینتەرپۆل، چونکە نەمسا نایەوێ ناوبراو بە فەرمانێکی ئێراقی دەستگیر بکات. هۆکاری داوانەکردنی حکومەتی ئێراق لە پۆلیسی ئینتەرپۆل لەپێناو دەستگیرکردنی بۆ کێشەی جیاوازی نەتەوەیی، ئایینزا یان حزبی دەگەڕێنمەوە. بۆیە وای بۆدەچم لەبەرئەوەی کە نوعمە فارس شیعەیە و هیچ تاوانی لەدژی ئەوان ئەنجام نەداوە، ئەوانیش لەپێناوی کورددا نایانەوێت داوایەکی وا لە ئینتەرپۆل بکەن، ئەگینا بۆ زۆر بەخێرایی بۆ دەستگیرکردنی تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار داوایان لە ئینتەرپۆل کرد و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بڕیارەکەیان بۆ دەرکرد.

لیوا ڕوکن ماهر عەبدولڕەشید محەمەد ڕەشید ئەلناسری، فەرماندەی فەیلەق لە ماوەی (18.8.1983-30.12.1983)دا.

لیوا ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی، فەرماندەی فەیلەق لە ماوەی (10.1.1984-17.7.1987).

لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد حەمەد ئەلحەمەد ئەلتائی (1944/ موسڵ)، کە لە (مانگی ئاب و ئەیلولی 1987) فەرماندەی فەیلەق بووە.

لیوا ڕوکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی (مانگی ئەیلولی 1987-1.4.1988)، فەرماندەی فەیلەق بووە.

لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم بۆ جاری دووەم لە ماوەی (29.5.1989-2.4.1988)دا فەرماندەی فەیلەقی یەک بووە. لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم، لە پاداشتی ئەنفالەکاندا وسام ڕافیدەین و هەروەها لە پاداشتی ئەنفالی یەکەمدا چوار مەدالیای کورد کوشتنی لە ڕێکەوتی (18.7.1988)دا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-64، العراق، ژمارە 3803). هەر لە پاداشتی شاڵاوی ئەنفالی یەکدا مەدالیایەکی ئازایەتی لە سەرۆکی ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-65، العراق، ژمارە 3905). لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی، دوای ڕادەستکردنەوەی لە ڕێکەوتی (19.9.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە خرایە زیندان و دەستگیرکراو لە ڕۆژی (19.7.2020)دا لە زیندانی ناسریە مرد.

فەریقی ڕوکنی هێزی تایبەت غائیب ئەحمەد غائیب، جێگری فەرماندەی فەیلەقی (1).

عەمید ڕوکن عەبدولقادر ئەلدوری، بەڕێوەبەری هۆبەی ئەمنی سەربازی فەیلەقی (1). لیوا ڕوکن نزهان خەلیل ئیبراهیم ئەلجەعفەری، ئەفسەری ڕوکن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1). عەمید ڕوکن فائیق عزەدین، ئەفسەری ڕوکن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1). عەمید ڕوکن سەبار مستەفا عەبدوڵڵا، ئەفسەری ڕوکن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1)، عەمید ڕوکن عەلی عەزیز ئەلفەدعەم، ئەفسەری ڕوکن لە هۆبەی ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی (1). ئەو پێنج ئەفسەرەی سەرەوە نوێنەری فەیلەق بوون بۆ گوللە باران کردنی هاووڵاتیانی کورد. عەمید ڕوکن عەلی عەزیز ئەلفەدعەم، ژمارە (77)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

عەمیدی ڕوکن عەلی حوسێن سەفار، سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی جەحافیلی جاشە سووکەکانی (1).

عەمید ڕوکن ڕافع سەعدون زەنون، فەرماندەی فەرماندەیی بارەگاکانی فەیلەقی (1)، ژمارە (56)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

عەمید ڕوکن مزهر عەبد مەهدی، سەرۆکی ئەرکانی جەحافیلی سووکی (1).

عەقید ڕوکنی پیادە عەلی حەسەن عەلی، سەرۆکی ئەرکانی فەیلەقی (1).

عەقید ڕوکن ئەحمەد حەسەن عوبێد (موسڵ – گەیارە)، سەرۆکی ئەرکانی فەیلەقی یەک لە ماوەی (20.6.1989-8.7.1988)دا.

عەقید ڕوکن حوسێن حەمزە خەلیل شەبەک، ئەفسەری هەواڵگری سەربازی و نوێنەری فەیلەقی (1) بۆ گوللە باران کردنی هاووڵاتیانی بێتاوانی کورد. لیوا ڕوکن خالید ئەلجبوری، سەرۆکی دەستەی هەواڵگری سەربازی لە فەیلەقی (1). لیوا ڕوکن قوسەی، ئەندامی دەستەی هەواڵگری سەربازی لە فەیلەقی (1). عەمید موعتەمەد نعمەت حەمەد ئەلتکریتی، سەر بە دەزگای هەواڵگری سەربازی فەیلەقی (1). عەقید سەعد حاجی حوسێن ئەلبەیاتی، ئەفسەری ئیستخبارات لە فەیلەقی یەک، لە مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی (2008)دا لەگەڵ ئەو هێزەی سوپای نوێی شۆڤینی عارەبی ئێراقی هات بۆ شاری خانەقین و دەوروبەری.

ڕائیدی (تەموین و نەقل) غازی مجبل خەڵەف، سەر بە (تەموین و نەقلی فل/1)، ژمارە (27)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

لیوا ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع، فەرماندەی فەیلەقی یەک بووە لەکاتی ڕاپەڕینی ڕۆژی (7.3.1991)ی شاری سلێمانی و هێرش کردنەوەی هێزەکانی سوپای بەعس لەکاتی کۆچڕەودا. لەکاتی ئاساییدا هەر فەیلەقێک لە (3–4) فرقە پێکدێ و ژمارەی هەر فرقەیەک لە (3–4) هەزار سەرباز بووە، واتە هەر فەیلەقێک لەنێوان (12–15)هەزار سەرباز بووە. بارەگای فەیلەقی یەک لە بەشی ڕۆژئاوای ناو شاری کەرکوک بووەو لەکاتی ئەنفالەکاندا لەو تیپانە پێکدەهات:

1. تیپی پیادە (فرقة مشاة)ی (2)ی ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید) کە بارەگاکەی لە قەرەهەنجیر بوو. عەمید ڕوکن عەدنان ناجی حەبیب تاوەکو کۆتایی نیسانی ساڵی (1988) فەرماندەی ئەو تیپە بووەو، دواتریش عەمیدی ڕوکن عەبدولمەجید عەباس وەهەیب فەرماندەی تیپەکە بوو، کە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (2)، لیوای پیادەی (4) کە کەتیبەی تانکەکانی (7)ی نیسان سەر بەو لیوایە بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (36)، کە موقەدەم ڕوکن حوسێن عەلی حەمید، فەرماندەی لیوای ناوبراو بووە. عەمید ڕوکن عەبدولمەجید عەباس وەهەیب، فەرماندەی تیپی دووی پیادە، ژمارە (75)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
2. تیپی پیادەی ئالی (5)ی ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم)، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع بووە؛

سەرچاوە: (2-66، الثورة، ژمارە (6592)، ل11). بارەگای ئەم تیپە لە شارۆچکەی دارەمان بوو، تیپەکە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی ئالی (15) کە کەتیبەی تانکەکانی (5) سەر بەو لیوایە بوو، لیوای پیادەی ئالی (20) کە کەتیبەی تانکەکانی (10) سەر بەو لیوایە بووەو فەرماندەی لیواکە عەقید ڕوکن جەواد ڕۆمی بووە، لیوای پیادەی (21)، لیوای زرێپۆشی (26) کە ئەویش پێکدەهات لە (کەتیبەی تانکەکانی حەسەن، حوسێن، عەلی و پۆلی پیادەی ئالی 7). عەمید ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع، فەرماندەی تیپی زرێپۆشی (10) بووە؛ سەرچاوە: (2-58، ل3)، بەڵام پێدەچێت گواسترابێتەوە. مەحمود فەیزی ئەلهەزاع بە پلەی لیوا ڕوکن لە ساڵانی (1990-1991)دا فەرماندەی فەیلەقی یەک بووە. عەمید ڕوکن مەحمود فەیزی ئەلهەزاع (1947-8.1.2015)، دەبوایە وەکو فەرماندەی تیپی ئالی (5)ی سەر بە فەیلەقی یەک و دواتر تیپی زرێپۆشی (10)ی سەر بە فەیلەقی چوار، بەتاوانی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا دادگایی بکرایە، وەلێ وەک پارێزگاری کەرکوک لە نێوان (10.8.1995-14.1.1996)دا تەنیا لەسەر دۆسێی بەعارەبکردنی کەرکوک دادگایی کراو لە ڕۆژی (2.8.2009)دا سزای (6) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو.

3. تیپی پیادەی (8)ی ناسراو بە (هێزەکانی موسەنا)، فەرماندەکەی عەمید ڕوکن ناتق شاکر مەحمود ڕامز. بارەگای ئەو تیپە لە تۆپزاوەی کەرکوک بوو، تیپەکە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (22)، لیوای پیادەی (44) و لیوای پیادەی (48)، کە پێکدەهات لە (سێ فەوج و کەتیبەی تانکەکانی ئەبو عوبەیدە و پۆلی کۆماندۆی سەر بە تیپەکە).
4. تیپی پیادەی (27)ی ناسراو بە فەرماندەیی هێزەکانی سدیق (قیادة قوات صديق)، کە فەرماندەکەی (عەقید ڕوکن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی) بوو. لیواکانی (119) و (505) سەر بەو تیپە بووینە. سەر بەو تیپە بوو. موقەدەم سەلمان عەبدولحەسەن، فەرماندەی فەوجی کۆماندۆی سەر بە تیپی (27) بووە. فەرماندەی ئەو تیپە عەقید ڕوکن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی، ژمارە (71)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

5. تیپی پیادەی (28)، کە بارەگاکەی لە فڕۆکەخانەی (الصدیق)ی خورماتوو بوو، فەرماندەکەی (لیوا ڕوکن ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی) بوو. ڕائیدی پیادە عەبدولسەتار حوسێن عەبد/ عەبۆ ئەلحەمیری، جێگری فەرماندەی فەوجی یەکەمی لیوای (705)ی سەر بەو تیپە بووە.
6. تیپی (37)، ناسراو بە فەرماندەیی هێزەکانی ئەجنادین (قیادة قوات أجنادين)، کە فەرماندەکەی عەمیدی ڕوکن ئیبراهیم خەلیل ئیبراهیم بووەو، پێکدەهات لە لیواکانی (19، 91، 452). عەقیدی پیادە فەوزی جەواد هادی بەرزنجی (کورد)، فەرماندەی لیوای (19) بووە و ژمارە (42)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ، کە زۆربەی شەڕەکانی سوپا لەدژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەڤەری سلێمانی لەلایەن ئەو لیوایە و بە فەرماندەیی عەقید فەوزی بەرزنجی کراوە. فەرماندەی فرقەی ناوبراو لە سەرەوەدا، عەمید ڕوکن ئیبراهیم خەلیل ئیبراهیم، ژمارە (67)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.
7. تیپی پیادەی (38) ناسراو بە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)، کە فەرماندەکەی عەمیدی ڕوکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بوو. تیپی ناوبراو بارەگاکەی لە لەیلان بوو، هەروەها پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (18)، لیوای پیادەی (130)، لیوای پیادەی (847)، لیوای پیادەی (848)، تانکەکانی ژمارە (385) و پۆلی کۆماندۆی سەر بە تیپەکە. ڕائید ئەحمەد حەسەن مستەفا، ئەفسەری هەواڵگری سەرکردایەتی تیپی پیادەی (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)، کە لە ئەنفالی (8)ی بادینان لە گوندی (دەرجەلال)ی قەزای زاخۆ نۆزدە هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەی گوللە باران کردووە؛ سەرچاوە: (2-67، ماڵپەڕی چاک نیوز: چاک چەند بەڵگەیەک لەسەر وەفیق سامەڕایی بڵاودەکاتەوە). فەرماندەی ئەو تیپە عەمید ڕوکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن، ژمارە (73)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.
8. تیپی پیادەی (39)ی ناسراو بە (هێزەکانی شەرحەبیل بن حەسنا)، کە فەرماندەکەی (لیوا ڕوکن عەلی محەمەد ئەلشەلال – شیعە) بوو، دواتر کرا بە فەرماندەی فەیلەقی (5) لە شاری هەولێر و تا ڕاپەڕین مایەوە،

دواتریش کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی سنوور. تیپی (39) میوان بوو بەسەر ئەو فەیلەقە. یەکێک لە لیواکانی تیپەکە لیوای (75)ی زرێپۆش بوو. لیوا ڕوکن عەلی محەمەد ئەلشەلال، ژمارە (95)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. لیوا ڕوکن عەلی محەمەد شەلال، لە پاداشتی سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەعس بۆ سەر کوردستان، بە بڕیاری (329)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە ڕێکەوتی (2.9.1991)دا (وسامی ئوم ئەلمەعارک) پلە دوو و سێ مەدالیای ئازایەتی لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (1–3، العقيد أحمد الزيدي، أزمة القيادة في العراق دراسة العسكرية، ل143).

9. فەرماندەی هێزەکانی تیپی (42)، کە عەمیدی ڕوکن ئەیاد شەعبان ڕەمزی فەرماندەی ئەو تیپە بووە. عەمید ڕوکن ئەیاد شەعبان ڕەمزی، ژمارە (98)ی لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ. پێشتر عەمیدی ڕوکن عەلی حوسێن عوبێد، فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە.
10. فەرماندەی هێزەکانی تیپی (43)ی ناسراو بە هێزەکانی موغیر بن شوعەیب (قيادة قوات مغير بن شعيب)، کە عەمیدی ڕوکن عەلی حوسێن عوەید ئەلعەلکاوی لە ساڵانی (1987–1988)دا فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە. تیپی ناوبراو لە هەڵەبجە بووە، بەڵام ئەو تیپە بە تەواوی فەرماندە، ئەفسەر و سەربازەکانی لە ڕۆژی (15.3.1988)دا لە ناو شارۆچکەی هەڵەبجە خۆیاندا بەدەست هێزەکانی ئێرانەوە.
11. تیپی پیادەی (44)، کە فەرماندەکەی (لیوا ڕوکن غانم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ موسڵاوی) بووە. غانم سوڵتان بەسۆ، دوای ڕوخانی سەدام کرا بە پارێزگاری موسڵ تا ڕۆژی (29.3.2004).
12. تیپی پیادەی (50)ی ناسراو بە هێزەکانی (ئوسامە بن زەید)، کە فەرماندەکەی (عەمیدی ڕوکن زوهێر یونس عەلی) بووە و بارەگاکەی لە تانجەرۆ بوو. عەمیدی ڕوکن ناسر سەعید تۆفیق، فەرماندەی هێزەکانی (50) بوو. دواتر ناسر سەعید تۆفیق بە پلەی لیوا ڕوکن لە ساڵی (1991)دا لەدوای ڕاپەڕین کرا بە فەرماندەی فەیلەقی پێنجی هەولێر، لەکاتی هێرش کردنەوەی سوپای سەدام بۆ سەر کوردستان لەگەڵ

بووە. لە پاداشتی ئەو هێرشەدا بە بڕیاری (329)ی بەناو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی بەعس لە ڕێكەوتی (2.9.1991)دا وسامی ئوم ئەلمەعارك و پێنج مەدالیای ئازایەتی لە سەدامی دیكتاتۆر وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (1–3، العقید أحمد الزیدي، أزمة القیادة في العراق دراسة العسكریة، ل143). عەمید ڕوكن زوهێر یونس عەلی، ژمارە (69)ی لە لیستی داواكراوەكاندا پێدراوە. عەمید ڕوكن ناسر سەعید تۆفیق، ژمارە (81)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ.

13. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاكانی فەیلەقی یەك، كە فەرماندەكەی (لیوا ڕوكن مونزر ئیبراهیم) و (عەمید ڕوكن عەلاء محەمەد تەها) بووینە.

14. فەرماندەیی هێزەكانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەكەم – امریة جحفل الدفاع الوطني الاول– كە فەرماندەكەی سەرەتا (لیوا ڕوكن ئەیاد خەلیل زەكی محەمەد ئەلبەیاتی)، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (89)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ. بەڵام ئەو تاوانبارە سەرەتای ڕوخانی ڕژێمەكەی سەدام دەستگیركرابوو، كەچی شیعەكان بە پەلە و بەبێ ئەوەی لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكرێت یان بدرێتە دادگا بەریاندا، وای بۆ دەچم چونكە لە خۆیان بوو، هەروەها هیچ تاوانێكی بەرانبەر بەوان نەكردبوو. دواتریش (عەمید ڕوكن سەعد شەمسەدین خاڵس) هاتە شوێنەكەی ئەیاد خەلیل زەكی، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (93)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ. عەمیدی ڕوكن عەلی حوسێن سەفار، سەرۆكی ئەركانی فەرماندەیی جەحفەلی نیشتمانی یەكەم، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (52)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان دراوەتێ. عەمیدی ڕوكن مەزهەر عەبد مەهدی، سەرۆكی ئەركانی فەرماندەیی جەحفەلی نیشتمانی یەكەم، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (80)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكان دراوەتێ. عەقید عەبدولڕەزاق حەمید محەمەد، سەر بە (م ا م ق ق جح د و/1)، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (36)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان دراوەتێ. عەقیدی (مدم)

حوسێن محەمەد حەسەن، سەر بە بارەگای (مدم ق ق جح د و/1)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (39)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. عەمید ڕوکن سەمیر تۆفیق فەتحی، فەرماندەی (ت.ن.ق.ق.جح.د.و/1)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (57)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. موقەدەم حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا، فەرماندەی (د.ج.ق.ق.جح.د. و/1)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (129)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. موقەدەم زاری عەبدولکەریم هادی (ئەفسەری ئەمن لە (ق.ق.جح.د.و/1)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (132)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

15. تیپی (57)ی پیادە، کە بارەگاکەی لە لەیلان بوو. ئەو تیپە پێکدەهات لە لیواکانی پیادەی (125+126+127).
16. فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت، ناسراو بە (قیادة قوات العابد الحرس الجمهوري)، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن بارەق عەبدوڵڵا ئەلحاج ئەلحنتە (1950/ ناسریە/ شیعە) بوو. ئەو تیپە بارەگاکەی لە سەربازگەی خالیدی ناو شاری کەرکوک بووە، کە پێکدەهات لە لیواکانی پیادەی ئالی (38+39+40+ چەندان کەتیبەی جۆراو جۆر). عەقید نزار ئەحمەد شەهاب، فەرماندەی لیوای (39) بووە، ژمارە (45)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. لیوای پیادەی (40) پێکدەهات لە کەتیبەی تانکەکانی (66+67+68). عەمید ڕوکن بارەق عەبدوڵڵا ئەلحاج ئەلحنتە، دوو مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی ئەنفالی سێ و چواردا لە سەدام وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2–65، العراق، ژمارە 3905). جێگرەکانی عەمید بارەق بریتی بوون لە (عەقید ڕوکن فوئاد حوسێن عەلی، ساڵی پێش ئەنفالەکان فەرماندەی لیوای ژمارە 90ی سەر بە تیپی 34ی فەیلەقی یەک بووە، ئەو ئێستاکە لە سوید دەژی) و (موقەدەم هاشم کامل مەحمود- کە لە ڕاپەڕین کوڕانی بابەگوڕگوڕ کوشتیان لە تۆڵەی ئەنفالکردنی کورد و دەستدرێژی کردنە سەر چەندان کچ و ژنی کورد، یەکێک لەو ژنانە ئەو ژنەیە بوو کە موقەدەم هاشم بۆخۆی بردوویەتی،

عارف قوربانی، لە سەرچاوەی (1-17، عارف قوربانی، شهود عیان عن الأنفال، ل51-52)دا ئاماژەی پێکردووە، کە ژنەکە لە ترسی ئابڕوو نەچوونی خۆی، لەسەر پردێکەوە خۆی و منداڵەکەی فڕێ داوەتە ناو ڕووبارێک و خنکاون). یەکێک لە یەکەکانی ئەو هێزە بەناوی یەکەی (وحدة 9087) بووە. ئەو فەرماندەییە لەکاتی ئەنفالەکاندا خرایە ژێر سەرکردایەتی فەیلەقی یەک، پێشتریش ڕاستەوخۆ سەر بە دەزگای پاراستنی نەوت بوو. عەمید ڕوکن ئیسماعیل عەبدولقادر ئەلجبوری، فەرماندەی فەرماندەیی هێزە گەڕۆکەکانی سەر بە هێزی پاراستنی نەوت بووە. موقەدەم ڕوکن جاسم عیسا حەمید، جێگری فەرماندەی فەرماندەیی هێزە گەڕۆکەکان و ئەفسەری هەواڵگری سەر بە هێزی پاراستنی نەوت، لەگەڵ (بارەق)دا بەشداری کوشتارەکانی ئەنفالیان کردووە، کە دواتر لە ڕێکەوتی (11.10.1988)دا لە ئەنجامی پێکرانی کۆپتەرەکەیان بە گوللەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەردووکیان برینداربوون.


تێبینی: عەمید ڕوکن بارەق عەبدوڵلا حاج ئەلحنتە، عارەبێکی شیعە بوو، یەکێک بوو لە دڕندەترین تاوانبارانی ئەنفال. لەکاتی شەڕی کوێت پلەکەی لیوا ڕوکن و سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی کەنداوی عارەبی سەر بە پاسەوانی تایبەتی بوو. لەدوای شکانی سوپای ئێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بارەق لەگەڵ عسمەت سابیر عومەر ئەلبەیاتی جێگری فەرماندەی هێزەکانی کەنداوی عارەبی، لە کوێت بڵاوەیان بەهێزەکانی خۆیان کرد و ڕایانکرد. هەروەها بە ئاشکرا لای سوپا ئۆباڵی ئەو تێکشکانەیان خستبووە ئەستۆی سەدام حوسێن و جنێوی زۆریان پێی دابوو. دوای گەڕانەوەیان بۆ بەغدا سەدام لە سەرەتادا دەستی لێنەدان، لەبەرئەوەی پێویستی پێیان هەبوو، بەڵکو لەگەڵ هێزێکی گەورە بۆ کوردستانی ناردن، دوای گرتنەوەی شارە گەورەکانی کوردستان و دەستپێکردنی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی و ڕژێم، هەردووکیانی بەناوی خەڵاتکردن و ئێوارە خوانێک لە ئێوارەی (3.4.1991) بانگکرد بۆ بەغدا و لە بەرەبەیانی (4.4.1991)دا بەتاوانی جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکان و کشانەوەیان لە کوێت بەبێ هیچ بڕیارێکی سەرکردایەتی و پاساوێک بۆ کشانەوەیان کوشت.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

وێنەی ژمارە (5)



وێنەی ژمارە (6)






وێنەی ژمارە (7)




وێنەی ژمارە (8)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. عەمید ڕوکن بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە.
2. لیوا ڕوکن عەلی محەمەد شەلال حەبیب ئەلمەعموری.
3. فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد لەناو دادگادا.
4. لیوا ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی.
5. لیوا ڕوکن غانم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ.
6. عەمید ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع.
7. عەقید ڕوکن فەوزی جەواد هادی بەرزنجی.
8. عەقید ڕوکن فوئاد حوسێن عەلی.

# فەیلەقی دووی ناسراو بە (هێزەکانی یەرموک)

فەرماندەکانی فەیلەقی دوو لەکاتی ئەنفالەکاندا (لیوا ڕوکن یالچین عومەر عادل – کەرکوک موسەڵڵا، ساڵی (1990) بە پلەی فەریق ڕوکن کرا بە فەرماندەی هێزەکانی گاردی کۆماری).

لیوا ڕوکن عەبدولواحید شنان ئالڕبات ئەلسەماوی (شیعە)، ماوەیەک فەرماندەی فەیلەقی دوو بووە، دواتر بە فەرمانێک گواستراوەتەوە بۆ سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. لیوا ڕوکن عەبدولواحید شنان ئالڕبات ئەلسەماوی، لە ڕێکەوتی (31.8.1996)دا کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو، لەژێر ناوی (عملیة آب المتوکل علی الله)دا بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان سەرپەرشتی سوپای ئێراقی کردووە لە گرتنەوەی شاری هەولێر و دەرکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو شارە و بەشێکی باشووری کوردستان.

فەریقی ڕوکن سەڵاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری (فەلوجەیی – ڕومادی) تاوەکو ڕێکەوتی (1.4.1988).

لیوا ڕوکن کامیل ساجت عەزیز ئەلجەنابی، ڕۆژی (2.4.1988)دا تا کۆتایی شاڵاوی ئەنفالەکان فەرماندەی ئەو فەیلەقە بووە. کامل ساجت لە سەرەتای ساڵی (1998)دا کاتێک کە بە پلەی فەریق ڕوکن کرابوو بە ڕاوێژکاری سەربازی سەرۆک کۆمار، لەلایەن سەدام حوسێنەوە بڕیاری لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو بەتاوانی ئەوەی کە نامەیەکی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێراقییەوە بەدەست گەیشتبوو، کەچی سەدامی لێ ئاگادار نەکردبووەوە، بۆیە قوسەی سەدام حوسێن لە ڕۆژی (16.12.1998)دا کوشتی.

عەقیدی ڕوکن ڕەعد عەبد عۆن حوسێن عەلی خەزرەجی، لە دەستەی هەواڵگری فەیلەقی دوو بووە. دوا ڕوخانی ڕژێم تا ساڵی (2010)، لە فەرمانگەی کاروباری شەڕکەران/ بەڕێوەبەرێتیی هەواڵگری سەربازی کاری کردووە.

فەیلەقی دوو بارەگاکەی لە (مەنسوریە)ی دیالە بوو، کە لەو تیپانە پێکدەهات:

1. تیپی زرێپۆشی (3)ی ناسراو بە (هێزەکانی سەڵاحەدینی ئەیوبی)، فەرماندەکەی عەمید ڕوکن تاهیر عەبد ئەلڕەشید بووە؛ سەرچاوە: (2-68، الثورة، ژمارە (5717)، ل14). عەمید ڕوکن تاهیر عەبد ئەلڕەشید، لە

ڕێکەوتی (23.7.1988)دا بە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە مردووە؛ سەرچاوە: (2–69 العراق، ژمارە (3806)، ل1)؛ (2–10، الثورة، ژمارە (6632)، ل4). ئەم تیپە پێکدەهات لە: (لیوای زرێپۆشی (6)، کە بریتی بوو لە: کەتیبەی تانکەکانی خالید، بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن یوسف/ ڕومادی، کەتیبەی تانکەکانی شەداد، کەتیبەی تانکەکانی مقداد، کەتیبەی تانکەکانی یەرموک و فەوجی پیادەی ئالی (6)، لیوای پیادەی ئالی (8)، کە کەتیبەی تانکەکانی (3) سەر بەو لیوایە بووە، هەروەها لیوای زرێپۆشی (12)ش بە فەرماندەیی عەقید ڕوکن محەمەد یونس ئەمین سەر بەو تیپە بووە، کە ئەویش پێکدەهات لە: کەتیبەی تانکەکانی قادسیە، کەتیبەی تانکەکانی قوتەیبە، کەتیبەی تانکەکانی موعتەسەم و فەوجی پیادەی (12).

2. تیپی پیادەی (15)ی ناسراو بە هێزەکانی فاروق (قوات فاروق)، کە فەرماندەکەی لیوا ڕوکن داود سەلمان ئەلجبوری بووە لە (1986)دا. بەڵام فەرماندەی ئەو تیپە لەکاتی ئەنفالەکاندا ماوەیەک عەمید ڕوکن خزر زەعیوب عەبود و دواتریش عەمید ڕوکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی ناسراو بە (ئەبو ئەلمحب) بووە، کە دواتریش کراوە بە فەرماندەی تیپی (7)ی زرێپۆش؛ سەرچاوە: (2–58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). تیپی (15)ی پیادە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (76)، لیوای پیادەی (104)، لیوای پیادەی (432)، کە فەرماندەی لیواکە عەمید ڕوکن عومران و بارەگاکەی لە شارۆچکەی کەلار بووە و کەتیبەی تانکەکانی نەهاوەند سەر بەو لیوایە بووە، لەگەڵ لیوای (436)ی پیادە). عەمید ڕوکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی، دەبوایە وەکو فەرماندەی تیپی پیادەی (15)ی سەر بە فەیلەقی دوو و تیپی زرێپۆشی (7)ی سەر بە هێزەکانی گاردی کۆماری (الحرس الجمهوري)، بەتاوانی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا دادگایی بکرایە، وەلێ بەداخەوە تەنیا وەکو پارێزگاری کەرکوک لە نێوان (30.1.2001– 11.9.2002)دا لەسەر دۆسیێی بەعارەبکردنی ئەو شارە دادگایی کراو لە ڕێکەوتی (2.8.2009)دا سزای (6) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو.

3. تیپی پیادەی (21)ی بنکە لە قەڵای قۆرەتوو، کە فەرماندەکەی سەرەتا (عەقید ڕوکن غالب حامد سلێمان بووە، بەڵام بە بریندابوونی ئەو لە شەڕی شێخ تەویل لە ڕێکەوتی (18.4.1988)دا، عەقید عەبدولئیلا حامد ئەلعەناز موسڵاوی جێگەی ئەوی گرتەوە، کە پێشتر لە ساڵی (1985-1986) ئەمینداری نهێنی لقی عەمورییەی عەسکەری حزبی بەعسی عارەبی سۆسیالیست بووە لە شاری هەولێر، لەدوای ڕاپەڕینیش کرا بە پارێزگاری زیقار؛ سەرچاوە: (1-10، العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال ماذا حدث في العراق بعد الانسحاب من الكويت؟ ل183). بەگوێرەی نووسراوی بنکەی هەواڵگری سەربازی کەلار، ژمارە (ق679/2/2)، ڕێکەوتی (18.4.1988) بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات، باسی بریندابوونی عەقید غالب حامد سلێمان دەکات؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5592). عەقید غالب حامد، لە مانگی یەکی ساڵی (2000) لەلایەن سەدام لە سێدارە درا. یەکێک لە لیواکانی ئەو تیپە لیوای (206)ی سارية الجبل بوو، کە فەرماندەی لیواکەی عەقید ڕوکن یاسین فەلەستینی بوو. عەقید ڕوکن هانی موسڵاوی ئەفسەری هەواڵگری (ئیستخبارات) و نەقیب عەلی عناد ئەلنەمراوی بەرپرسی ئەمنی تیپ بوون، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوانی گەرمیانیان بەدەستی خۆیان گوللە باران کردووە. عەقید عەبدولئیلا حامد ئەلعەناز، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو ژمارە (72)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.
4. تیپی پیادەی (34)ی ناسراو بە (هێزەکانی حارس – قوات حارث)، کە لیوا ڕوکن شاکر شالی فەرماندەی تیپەکە بووە. ئەو تیپە پێکدەهات لە (لیوای پیادەی (90) کە بارەگای فەوجی چواری لیوای (90) لە شارۆچکەی سەنگاو بووە، لیوای پیادەی (502)، لیوای پیادەی (504) و کەتیبەی تانکەکانی حارس.
5. تیپی زرێپۆشی (70)، کە فەرماندەکەی عەبدولئەمیر یارولڵا ئەلساعدی بوو. ئەو تیپە سەر بە فەیلەقی چوار بوو، بارەگاکەی لە (بوسێتێن)ی ناو ئێران بوو، بەڵام لەکاتی ئەنفالەکاندا هاتنە سەر فەیلەقی دوو.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)




وێنەی ژمارە (4)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. فەریق ڕوکن سەڵاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری.
2. لیوا ڕوکن عەبدولواحید شنان ئالڕبات ئەلسەماوی.
3. لیوا ڕوکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی.
4. عەمید ڕوکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی.

## فەیلەقی سێی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی قادسیە)

لیوا ڕوکن سەڵاح عەبود مەحمود جاسم ئەلجبوری (فەلوجە/ ڕومادی)، فەرماندەی فەیلەق بووە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا. عەمید ڕوکن قەیسەر جاسم عەجاج، فەرماندەی تۆپهاوێژی فەیلەقی سێ (آمر مدفعیة الفیلق الثالث) بووە. بارەگای ئەو فەیلەقە لە شاری بەسرای باشووری ئێراق بووە، هەروەها لەو تیپانەش پێکدەهات:

1. لیوای هێزی تایبەتی (3) کە لیوای پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقە لەو هێزانە پێکدەهات: (لیوای کۆماندۆی (1)، فەرماندەیی بن غەزوان کە ئەویش پێکدەهات لە فەوجی دووی ئەلموستەقبەل و فەوجی تەواری سەربازی).
2. تیپی زرێپۆشی (6)، کە بە هێزەکانی (سەعد بن ئەبی وەقاس) ناسرابوو، فەرماندەکەی عەمیدی ڕوکن نۆفل ئیسماعیل خزەیر تکریتی بوو؛ سەرچاوە: (2–70، ل2). عەمید ڕوکن نۆفل ئیسماعیل خزەیر ئەلتکریتی، لە نێوان (11.8.1998–30.4.2000) پارێزگاری کەرکوک بووە و دواتر لە ڕۆژی (5.1.2013) لە ئوردەن مرد. پاشان عەمید ڕوکن حوسێن حەسەن عەدای ئەلسەلمانی، فەرماندەی تیپی (6) بووە؛ سەرچاوە: (2–58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). ئەم تیپە لەو هێزانە پێکدەهات: (هێزی گەڕۆکی یەکەکانی (6204) و (3723)، لیوای زرێپۆشی (16) کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن سابت سوڵتان ئەحمەد ئەلناسری تکریتی بوو (پێشتر یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو بە پلەی فەریق، بەڵام سەدام لە تەموزی (1987)دا پلەکەی نزمکردەوە بۆ عەمید ڕوکن، چونکە لە یانەیەکی شەوانی کەرکوک باسی ئەوەیکردبوو کە عەلی حەسەن مەجید رەئیس عورەفا و حوسێن کامل مەجید عەریف بووینە، دواتر لە ساڵی (1993)دا لە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدا لە لایەن ئەمنی تایبەتی قوسەی کوڕی سەدام ڕفێنرا و تەرمەکەی بە کوژراوی لە ڕێگای عەزیزیەی باشووری بەغدا دۆزرایەوە، کە نۆ گوللەی بە دڵیەوە نرابوو)، لیوای پیادەی ئالی (25) کە پێکدەهات لە سێ فەوجی پیادەی ئالی + کەتیبەی تانکەکانی (6)، لیوای زرێپۆشی (30) کە پێکدەهات لە (کەتیبەی تانکەکانی تاریق، شەرحەبیل، موسەنا و فەوجی

ئالی (5)، لیوای زرێپۆشی (70)ی پێکهاتەی (ئەلزیب) کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن وەتبان/ خەڵکی ڕومادی بووە و جێگری فەرماندەی لیواکە عەقید ڕوکن فوئاد گەیلانی بووە، لیواکە پێکدەهات لە (کەتیبەی تانکەکانی ئەلحەکەم، ئەلئیخلاس، ئەحفاد فاروق و فەوجی پیادەی ئالی (18). ئەو تیپە سەر بە فەیلەقی (7) بوو، بەڵام میوان بوو لەسەر ئەو فەیلەقە.

3. تیپی پیادەی (11)ی ناسراو بە (هێزەکانی مقداد)، فەرماندەکەی عەمیدی ڕوکن سامی عەباس مجوەل؛ سەرچاوە: (2–58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). ئەم تیپە پێکدەهات لە (لیوای پیادەی (23)، لیوای پیادەی (45)، لیوای پیادەی (47) کە بریتی بوو لە سێ فەوج لەگەڵ کەتیبەی تانکەکانی (21)، هەروەها سریەی (1)ی پشتیوانی لیوای پیادەی (45). فەرماندەی تیپ عەمید ڕوکن سامی عەباس مجوەل، لە وڵاتی میسر لە قاهیرە دەژی.

4. تیپی پیادەی (29)، فەرماندەکەی عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری بووە؛ سەرچاوە: (2–58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). ئەو هێزەی لەکاتی ئەنفالی هەشتدا لە ڕێکەوتی (28.8.1988)دا کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێی بادینانی ئەنجامداوە و (33) هاووڵاتی کوردی بێتاوانی ئەو گوندەیان گولله باران کردووە، کە (28)یان گیان لە دەستدا و (5)یشیان بە برینداری ڕزگاریان بووە، هێزەکانی سەر بە تیپی (29)ی عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری بووە؛ سەرچاوە: (1–18، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و تاوانی جینۆساید شالاوی ئەنفال دژی کورد، ل204). هەر بەپێی نووسراوی فەرمی فەیلەقی پێنج، ژمارە (ج2/2422)، کە لە ڕێکەوتی (25.12.1988)دا لەژێر ناوی (شیکردنەوەی جەنگی دوا ئەنفال – تحليل معركة خاتمة الانفال)دا بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا نێردراوە، گۆڕەپانی شەڕی تیپی (29) لە زاخۆ بەرەو باتوفە و مانگێش بووە، گوندی (کورێمێ)ش سەر بە شارۆچکەی مانگێش بووە و تەنیا چوار کیلۆمەترێک دەکەوتە باکووری ئەو شارۆچکەیە. فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (74)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ. بەڵام

فەرماندەی ئەو تیپە عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری، لە کاتی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی باشووری ئێراقدا لە کۆتایی مانگی دووی ساڵی (1991)دا کەوتە ناو بۆسەیەکی هێزێکی ئێرانی، کە لەناو خاکی ئێراق دایان نابووەوە، لەگەڵ خۆیاندا بردیان بۆ ئێران و دوای ڕوخانی سەدام-یش چارەنووسی هەر بە نادیاری مایەوە؛ سەرچاوە: (1-18، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، ل162).

5. تیپی پیادەی (32)، ناسراو بە هێزەکانی حەسەن (قيادة قوات الحسن).
6. تیپی پیادەی (41) هێزەکانی عتبە بن غزوان (قيادة قوات عتبة بن غەزوان)، فەرماندەکەی لیوا ڕوکن حەمید شاکر مەحمود؛ سەرچاوە: (2-58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). لە ساڵی (1987) لیوا ڕوکن داود جبوری فەرماندەی ئەو تیپە بووە. ئەم تیپە پێکدەهات لە فەوجەکانی (40، 41، 46، 47، 282)ی پارێزگاری و ئەرکەکان (دیفاع و واجبات) کە زۆربەیان ئەرکی پاراستنی بۆرییە نەوتەکانی ئێراقی لە ڕومەیلەوەوە بۆ سەر سنوورەکانی کوێت و سعودیە دەگرتە ئەستۆ. لیوا ڕوکن حەمید شاکر مەحمود، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (90)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
7. تیپی ئالی (51) ناسراو بە (قوات سارية ئەلجەبەل)، کە ئەویش پێکدەهات لە (لیوای پیادەی ئالی (31) کە بریتی بوو لە فەوجەکانی پیادەی ئالی (1 + 2 + 3 + کەتیبەی تانکەکانی (76)، لیوای پیادەی ئالی (32) کە بریتی بوو لە (فەوجی پیادەی ئالی (1) بە ژمارەی یەکەی (18278)، فەوجی پیادەی ئالی (2) بە ژمارەی یەکەی (18279)، فەوجی پیادەی ئالی (3) بە ژمارەی یەکەی (18280) و کەتیبەی تانکەکانی (77)، لیوای زرێپۆشی (41) کە بریتی بوو لە کەتیبەی تانکەکانی (78+79+80 و فەوجی پیادەی ئالی (30). ڕائیدی (مدم) عەلی کرمش حەسەن، فەرماندەی کەتیبەی زرێپۆشی (79) بووە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (17)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

## فەیلەقی چواری ناسراو بە (هێزەکانی حەتین)

لیوا ڕوکن محەمەد عەبدولقادر داغستانی، فەرماندەی فەیلەق لە ساڵی (1987). لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی (شیعە)، فەرماندەی فەیلەقی چوار؛ سەرچاوە: (2–71، الجمهورية، ژمارە (6881)، ل1+15)؛ (2–64، العراق، ژمارە (3803)، ل14). ناوبراو تاوەکو ساڵی (1991) فەرماندەی ئەو فەیلەقە بووە. لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (89)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. لیوا ئەیاد خەلیل زەکی فەرماندەی ئەنفالی دووەم، لەدوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بە ماوەیەکی کەم لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کرا، وەلێ بەبێ گوێدانە فەرمانی دەستگیرکردن هێزە شیعەکان ئازادیان کرد و ئەویش دەستبەجێ خۆی شاردەوە؛ سەرچاوە: {فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب تکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – ئۆپراسیۆنەکان، دانیشتنی ژمارە (33)ی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (21.12.2006)}، دواتریش و بەرەو ئوردەن ڕایکرد تا لە ڕۆژی (21.8.2013)دا لەوێ مرد.

دواتر لیوا ڕوکن ئەحمەد حەسەن عوبێد ئەلجبوری کرا بە فەرماندەی ئەو فەیلەقە و تا کۆتایی ئەو ساڵە مایەوە.

لیوا ڕوکن سەباح ئیسماعیل فەرحان ئەلتکریتی لە کۆتایی ساڵی (1991)دا کرا بە فەرماندەی فەیلەقی چوار و لە ساڵی (1992)دا کرا بە فەرماندەی هێزەکانی سنوور. کەچی هەر لەو ساڵەدا گیرا و دوو سێ ساڵێک لە زیندان مایەوە و دواتر لە ساڵی (1995)دا ئازادکرا و دووبارە کرایەوە بە فەرماندەی فەیلەقی چوار تاوەکو لە ساڵی (1996)دا بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل مرد.

فەیلەقی چوار بارەگاکەی لە شاری عیمارەی باشووری ئێراق بووە و لەو تیپانە پێکدەهات:

1. تیپی زرێپۆشی (10)ی ناسراو بە فەرماندەیی هێزەکانی نەسر (قیادة قوات النصر)، کە فەرماندەکەی سەرەتا عەمید ڕوکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم ئەلدلێمی و دواتریش عەمید ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع بووە؛

سەرچاوە: (2-58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). یاریدەدەری فەرماندەی ئەو تیپە عەقید غەسان حەمود بوو. ئەو تیپە پێکدەهات لە لیواکانی (لیوای زرێپۆشی (17) کە بریتی بوو لە (کەتیبەی تانکەکانی حەمادی شەهاب + کەتیبەی تانکەکانی 14ی تەموز + کەتیبەی تانکەکانی 30ی تەموز + فەوجی پیادەی ئالی 6)، لیوای پیادەی ئالی (24) کە بریتی بوو لە (سێ فەوجی پیادەی ئالی و کەتیبەی تانکەکانی یەکی حوزەیران)، لیوای زرێپۆشی (42) کە بریتی بوو لە (کەتیبەی تانکەکانی بەعس، یافا و سەدام) و فەوجی ئالی (9).

2. تیپی پیادەی (14)ی ناسراو بە هێزەکانی هەمزە (قوات الحمزة بن عبدالمطلب)، فەرماندەکەی لە ساڵی (1986)دا عەمیدی ڕوکن ناتق جاسم مەنزور بووە، بەڵام لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا و لە ساڵانی (1987-1988)دا عەمید ڕوکن عەبدولعەزیز ئیبراهیم ئەلحەدیسی بووە، کە دواتر لە مانگی شوباتی ساڵی (1988) لەلایەن سەدام-ەوە کوژرا. دواتر عەمید ڕوکن موئەیەد ئیسماعیل حەمادی کرا بە فەرماندەی ئەو تیپە. ئەو تیپە پێکدەهات لە لیواکانی (لیوای پیادەی (14) کە ئەو ئەفسەرانە سەر بەو لیوایە بووینە (نەقیب غەزبان موراد، لە بارەگای لیوا، نەقیب مەزهەر جەمیل ئەمین، لە بارەگای لیوا، ملازمی یەکەمی پیادە جومعە کەریم و ملازمی پیادە جەبار کازم لە لیوای ناوبراو و ملازمی تەموین و گواستنەوە مازن عەلی حوسێن، لە پۆلی (1)ی لیوای 14). لیوای پیادەی (18) کە فەرماندەکەی عەقید عەبدوڵڵا حەمدان حوسێن بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (436) کە بریتی بوو لە (سێ فەوج + کەتیبەی تانکەکانی 73+ فەوجی کۆماندۆی تیپەکە). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە لیوای (18)ی ئەو تیپە بەشێوەیەکی فراوان بەشداری ئەنفالەکانی کردووە. موقەدەم عەباس عەلی حوسێن/ خەڵکی ناسریە، فەرماندەی یەکێک لە لیواکان بووە و بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکان بووە.

3. تیپی پیادەی (18)ی ناسراو بە هێزەکانی تارق بن زیاد (طارق بن زیاد)، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن فوئاد بووە. ئەو تیپە پێکدەهات لە لیواکانی (لیوای (95)ی پیادە، لیوای (127)ی پیادە و لیوای (422)ی پیادە کە

فەرماندەکەی عەمید ڕوکن ناتق نوری بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (704) کە پێکدەهات لە (سێ فەوج + کەتیبەی تانکەکانی 70). عەقید مسێعید محێیمید، فەرماندەی بارەگای تیپ بووە.

4. تیپی پیادەی (20)، کە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا عەمید ڕوکن محەمەد وەهیب لەتیف، فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە؛ سەرچاوە: (2–58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). لیواکانی (60 + 435) سەر بەو تیپە بوون، موقەدەم ڕوکن ڕەشید سنجار ئەزلام عۆدە ئەلجبوری فەرماندەی لیوای (435) بووە، کە ڕۆژی (30.11.1987) گواستراوەتەوە بۆ ئەو لیوایە. تەرمی موقەدەم ڕوکن ڕەشید ئەلجبوری، لە ڕۆژی (13.9.2007) لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ بە کوژراوی دۆزرایەوە.
5. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەق، کە لە لیوایەک لە فەوجەکانی یەکی مغاویر (یەکەی 163988)، فەوجی دووی مغاویر، فەوجی سێی مغاویر (یەکەی 162876) و کەتیبەی تانکەکانی قودس پێک دەهات.

عەقیدی زرێپۆش فاروق محەمەد حەسەن، فەرماندەی لیوای یەکی کۆماندۆی سەر بە فەیلەقی (4)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (33)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

عەقیدی پیادە شەهاب ئەحمەد عەلی، فەرماندەی لیوای دووی مغاویری سەر بە فەیلەقی (4)، کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (41)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی ڕوکن سادق سەوبەڵڵا محەمەد حوسێن عوبێدات، سەر بە لیوای دووی کۆماندۆی سەر بە فەیلەقی چوار، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (19)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. بەڵام دوای ڕوخانی سەدام بە پلەی لیوا ڕوکن لە وەزارەتی بەرگری لە بەغدا کاری دەکرد و لە کۆتایی مانگی سێی ساڵی (2011)دا لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیراندا، دەستگیرکرا و ڕادەستی دادگای باڵای تاوانەکان کرا. لە ڕێکەوتی (16.5.2011)دا یەکەم دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە سەرۆکایەتی دادوەری کورد

ئاسۆ محەمەد سۆفی، دەربارەی دادگاییکردنی ڕائید سادق سەوبەللا محەمەد لەسەر دۆسیەی دووەمی شاڵاوی ئەنفال بەڕێوەچوو، کەچی لە دانیشتنی دووەمی ڕێکەوتی (2.6.2011)دا دادوەر بە بیانوی نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست لەسەر تۆمەتباری ناوبراو، ئەوی بێتاوان نیشاندا و ئازادیکرد، کە دوای ئازادبوونی بە پلەی لیوا ڕوکن لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا کرا بە ڕازگری نهێنی فەرمانگەی لۆگیستی (أمین سر دائرة الميره/الإمداد).

عەمیدی پیادە عارف حەمید حاتەم، فەرماندەی جەحفەلی چواری بەرگری نیشتمانیی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (66)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.



لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی، فەرماندەی فەیلەقی چوار

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. عەمید ڕوکن ناتق جاسم ئەلمەنزور.
2. موقەدەم ڕوکن ڕەشید سنجار ئەزلام عۆدە ئەلجبوری.
3. لیوا ڕوکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی.
4. لیوا ڕوکن محەمەد عەبدولقادر داغستانی.

# فەیلەقی پێنجی ناسراو بە (هێزەکانی عەمورییە)

لە سەرەتادا ئەو فەیلەقە ناوی (فەرماندەیی هێزەکانی باکوور) بوو، دواتر بوو بە (هێزەکانی عەمورییە).

فەرماندەکانی ئەو فەیلەقە لەکاتی ئەنفالەکاندا بریتی بووینە لە لیوا ڕوکن تالع خەلیل ڕەحیم جبوری ئەلدوری تاوەکو (28.6.1987).

لیوا ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی تاوەکو (نیسانی 1988). لیوا ڕوکن فارس نوعمە (کە ئێستاکە لە نەمسا دەژیت و لە ناوەڕاستی ساڵی (2007)دا بە تۆمەتی بەشداری لە شاڵاوی ئەنفال سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە کەچی حکومەتی ئێراق بەهیچ شێوەیەک هاوکاری ناکات لەپێناو دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن ئینتەرپۆلەوە.

لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی (لە مانگی نیسان تاوەکو 27.6.1988) فەرماندەی فەیلەق بووە، دوای ئەویش لیوا ڕوکن یونس محەمەد سلێمان ئال زەرب لە نێوان (26.6.1988-24.7.1989)دا فەرماندەی فەیلەق بووە.

عەمید ڕوکن سوبحی فازیل محەمەد، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم بووە لەکاتی ئەنفالەکاندا، واتە لە ساڵی (1988)دا و سەرپەرشتی قۆڵی بنگرد-کانی تووی کردووە لە ئەنفالی یەک.

عەمید ڕوکن یونس محەمەد حەماد، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم، بەشداری ئەنفالەکانی (پێنج، شەش و حەوت)ی کردووە، کە ئێستا لە دیمەشق – سوریا دەژی و لە مانگی یونی ساڵی (2011)دا جەعفەر ئەلحوسەینی ڕاوێژکاری سەربازی نوری کامیل مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق داوای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی و گەڕانەوەی ئێراقی لێکردووە.

عەمیدی ئیستخبارات محەمەد مستەفا ئیسماعیل تەلەعفەری، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم و ئەفسەر لە هۆبەی ئەمنی ناوخۆی فەیلەق، بەشداری ئەنفالەکانی (5، 6، 7، 8)ی کردووە، کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (53)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. عەمید محەمەد مستەفا ئیسماعیل، لە سەرەتای هەشتاکان تاکو دوای ناوەڕاستی هەشتاکان بەڕێوەبەری مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە کەرکوک و دواتریش مەنزومەی شەرقییە لە دیالە بووە، کە

پاشان لە کۆتایی ساڵی (1985)دا مەنزومەی شیمالی گواسترایەوە بۆ هەولێر و مەنزومەی شەرقییەش بۆ کەرکوک.
عەقید ڕوکن محەمەد ئەحمەد محەمەد ئەلسائغ، جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم.
لیوا ڕوکن سەبری حەسەن عەبود، سەرۆکی ئەرکانی فەیلەقی پێنجەم.
عەمیدی ڕوکن سەبار مستەفا عەبدوڵڵا، لە هۆبەی ئەمنی ناوخۆی فەیلەقی پێنجەم.
عەمید ڕوکن غانم ساڵح حەسەن ڕەبیع ئەلغەراوی فەرماندەی جەحفەلی پێنجی سووکی بەگری نیشتمانیی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (78)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
عەقید کەریم مەحمود خەڵەف، فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم.
عەمید عوەید خالید عەلی عەبدوللەتیف، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم.
موقەدەم زاری عەبدولکەریم هادی، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم لە (1987)، کە دواتر گواستراوەتەوە بۆ جەحافیلی سووکی یەکەم و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (132)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
ڕائید عەبد عەزیز حەسەن، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم.
نەقیب جیاد مەهدی خزر، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم.
عەمید زەنون خەلیل تۆفیق موسڵاوی. فەرماندەی مەدخەر و تەموینی فەیلەقی پێنج.
ڕائید عەبد عۆن حوسێن، جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی پێنجەم.
موقەدەم عارف حوسێن محەمەد، سەرپەرشتی قۆڵی ئەزمەڕ - دووبرا - قەیوانی کردووە لە ئەنفالی یەکدا.

دوای لیوا ڕوکن یونس محەمەد سلێمان ئال زەرب، لیوا ڕوکن عەلی محەمەد شەلال حەبیب مەعموری (شیعە) کرایە فەرماندەی فەیلەقی پێنج و تا ڕۆژی (11.3.1991) مایەوە. لەگەڵ هێرش و هاتنەوەی بەناو سوپای بەعس لە ڕێکەوتی (31.3.1991)دا بۆ سەر شاری هەولێر، لیوا ڕوکن ناسر سەعید تۆفیق وەکو فەرماندەی فەیلەقی پێنج لەگەڵ هێزەکانی سەدام-دا هاتەوە و تا ڕۆژی کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی ئێراق لە کوردستان لە ڕێکەوتی (26.10.1991)دا ئەو وەکو فەرماندەی ئەو فەیلەقە مایەوە. فەیلەقی پێنج بارەگاکەی لە هەولێر بوو وە لەو تیپانە پێکدەهات:

1. تیپی پیادەی ئالی (1) ناسراو بە (هێزەكانی ئەبوعوبەیدەی جەڕاح)، فەرماندەكەی عەمید ڕوكن ڕافع حەمدون زەنون بووە؛ سەرچاوە: (2-66، الثورة، ژمارە (6592)، ل11). دوای ئەویش عەمیدی ڕوكن سامر سوڵتان ئەحمەد تكریتی بووە بە فەرماندەی ئەو تیپە؛ سەرچاوە: (2-58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). ئەم تیپە پێكدەهات لە: (لیوای پیادەی ئالی (1)، كە كەتیبەی تانكەكانی ئینتیسار سەر بەو لیوایە بووە، لیوای پیادەی ئالی (27)، كە كەتیبەی تانكەكانی غەرناتە سەر بەو لیوایە بووە، لیوای زرێپۆشی (34)، كە پێكدەهات لە (كەتیبەی تانكەكانی ئەندەلوس، كەتیبەی تانكەكانی ئەشبیلە، كەتیبەی تانكەكانی قرتوبە و پۆلی پیادەی ئالی 8). عەمیدی ڕوكن سامر سوڵتان ئەحمەد تكریتی، فەرماندەی تیپی ئالی (1)ی سەر بە فەیلەقی (5)، كە دەبوایە وەكو بەشدار بوویەكی ئەنفال دادگایی بكرایە، وەلێ لە ساڵی (2007)ەوە بە پلەی فەریق ڕوكن وەكو ڕاوێژكار لە وەزارەتی بەرگری دامەزراوە.
2. تیپی پیادەی (4) ناسراو بە (هێزەكانی قەعقاع) كە فەرماندەكەی عەمیدی ڕوكن عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی بوو. ئەو تیپە پێكدەهات لە: (لیوای پیادەی (5)، لیوای پیادەی (29) و لیوای پیادەی (96). عەقید ڕوكنی پیادە عەلی حوسێن عەلی، سەرۆكی ئەركانی تیپی (4)، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووەو ژمارە (47)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ. عەمید (مدم) حەبیب خزر ئیبراهیم، فەرماندەی (مدم فق 4)، ژمارە (63)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ. عەقیدی (مدم) فەخری ئەحمەد محەمەد عەلی، فەرماندەی (مدم)ی تیپی (فرقەی 4)، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (40)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ. عەمید ڕوكن عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا بەیاتی، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (94)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ.
3. تیپی پیادەی (7)ی ناسراو بە فەرماندەی هێزەكانی مەنسور (قیادة قوات المنصور)، كە فەرماندەكەی عەمیدی ڕوكن سەعد عەبدولهادی محەمەد

سالح بووە تاوەکو ڕێکەوتی (10.5.1988)، بەلام لەو ڕۆژەدا بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (440)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، عەمید سەعد لە خزمەتی سەربازی دەرکراوە بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بەگوێرەی پێویست و بەجێنەهێنانی نەخشە و فەرمانە سەربازییەکان بەگوێرەی پلانی شەڕی ڕزگارکردنی شاری فاو لە پرۆسەی ڕەمەزانی موبارەک و سزانەدانی فەرماندە کەمتەرخەمەکان و سەربازەکان بەشێوەیەکی دروست فەرمانەکانی ئەویان جێبەجێ نەکردبوو؛ سەرچاوە: (2–73، الثورة، ژمارە (6567)، ل1+7). دوای ئەو عەمید ڕوکن ئەمیر جاسم حەمۆ فەرماندەی تیپی حەوت بووە؛ سەرچاوە: (2–58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). ئەو تیپە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (38)، لیوای پیادەی (39) کە فەرماندەکەی عەقیدی پیادە نزار ئەحمەد شەهاب بووە، لەگەڵ لیوای پیادەی (116) کە کەتیبەی تانکەکانی (9) سەر بەو لیوایە بووە. عەمید ڕوکن ئەمیر جاسم حەمۆ، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (68)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

4. تیپی پیادەی (16) ناسراو بە فەرماندەی هێزەکانی زولفەقار (قیادة قوات ذوالفقار)، فەرماندەکەی لە سالانی (1986–1988)دا عەمیدی ڕوکن عەبد موتلەق حەمود ئەلجبوری بووە، کە دواتر لە ڕێکەوتی (13.8.1992)دا لەلایەن سەدام حوسێن-ەوە بە پێنج ساڵ زیندانی سزادرا دواتر لە ساڵی 1995دا ئازادکرا، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام گەیشتە پۆستی یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک وەزیرانی ئێراق (دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری). بەلام فەرماندەی ئەو تیپە لە کاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵی (1988)دا عەمید ڕوکن شامل مەحمود محەمەد بووە. ئەو تیپە پێکدەهات لە: (لیوای پیادەی (108)، لیوای پیادەی (505)، لیوای پیادەی (606)، کەتیبەی تانکەکانی (16).

5. تیپی پیادەی (23)، ناسراو بە هێزەکانی عەباس (قیادة قوات عباس)، عەمیدی ڕوکن شامل مەحمود محەمەد فەرماندەی تیپ بووە. موقەدەم سەروی کورز بەشر (ثروی کورز بشر)، جێگری فەرماندەی تیپ. عەقید

عەلی عەبد غەزال، فەرمانده‌ی تۆپهاوێژی ئەو تیپە بووە، کە فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (38)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. عەقیدی ڕوکن سەلاح عەبدوڵلا حەنتوش (میسان)، ئەفسەری هەواڵگری تیپەکە بووە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا. عەقیدی ڕوکن سەلاح عەبدوڵلا حەنتوش لە ساڵی (1991) و لەکاتی داگیرکردنی کوێتدا بە پلەی عەمید ڕوکن ئەفسەری ڕوکنی دووەم بووە لە فەرماندەیی فەیلەقی سێ، کەچی لە ساڵی (1993)دا سەدام زیندانی کرد و دوای نزیکەی سێ مانگێک لە سێدارەی دا؛ سەرچاوە: (1–10، العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال ماذا حدث في العراق بعد الانسحاب من الكويت؟ خفايا الأيام الدامية!! ل129+134).

6. تیپی پیادەی (24) ناسراو بە هێزەکانی موعتەسەم (قوات معتصم)، کە فەرماندەکەی لیوا ڕوکن عەبد عۆن نوعمە نسور بوو. لیوای (603) یەکێک بوو لە لیواکانی ئەو تیپەیە، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن تەها بووە. لەکاتی ئەنفالەکاندا بۆ ماوەیەک لیوا ڕوکن سەمیر غانم عەبد بووە، کە دایکیشی کورد بووە. لیواکانی (516+522) سەر بەو تیپە بوون. لیوا ڕوکن عەبد عۆن نوعمە نسوری فەرماندەی تیپی (24)ی پیادە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (83)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

7. تیپی پیادەی (33)، کە ناسرابوو بە فەرماندەیی هێزەکانی بەدر (قيادة قوات بدر). فەرماندەکەی عەمید ڕوکن ڕەمزی مەحمود عەبدوڵلا فەتحی ئەلقەیسی بوو؛ سەرچاوە: (2–65، العراق، ژمارە 3905). دوو مەدالیای ئازایەتی (کورد کوشتنی) لە پاداشتی ئەنفالی یەک و سێدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە. عەمید ڕوکنی (مدم) عەتائوڵلا ئەیوب خەڵەف ئەلجبوری، سەرۆکی ئەرکانی تیپی (33)، ژمارە (79)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ. عەمیدی زرێپۆش کامل زێدان خەڵەف، (م1م فق 33)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (55)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ. ڕائید محەمەد ڕەشید سوڵتان، فەرماندەی یەکەیەکی سەر بە تیپی ناوبراو بوو. عەمیدی (مدم) مەتەر محەمەد ساڵح،

فەرماندەی (مدم فق 33)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (64)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. عەمید ڕوکن ڕەمزی مەحمود عەبدوڵڵا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (92)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ. لیوای (116) سەر بەو تیپە بووە.

8. تیپی پیادەی (36)، کە فەرماندەکەی لیوا ڕوکن عوسام مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بوو، هەروەها جێگرەکەی عەمید محەمەد مستەفا بوو. لیوای (602) سەر بە تیپی ناوبراو بووەو فەرماندەکەی عەمید ڕوکن هادی خزەیر شەلال بووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب12، ل3392).

9. تیپی پیادەی (45)، فەرماندەکەی سەرەتا عەمید ڕوکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی بوو. عەمید ڕوکن سەباح تکریتی لە ساڵی (1992)دا لەلایەن سەدامەوە گیرا و دوو سێ ساڵ لە زیندان مایەوە. دوای ئازادکردنی لە ساڵی (1995)دا کرا بە فەرماندەی فەیلەقی دوو، کەچی ساڵی دواتر (1996) بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل مرد؛ سەرچاوە: (1-10، ل206). دوای ماوەیەک لە دوای ئەنفالی چواردا فەرماندەی یەکەم لادراوە و عەمید ڕوکن عامر ئەلزوبێدی شوێنەکەی ئەوی گرتۆتەوە، کە ڕۆڵێکی زۆر خراپی هەبوو لە ناوچەکەدا لەکاتی جێبەجێکردنی شاڵاوی ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوتدا، بەتایبەت لە ڕەشبگیریە گەورەکەی دانیشتوانی بێتاوانی سیڤیل لەناو شارۆچکەی ڕواندز لە ڕێکەوتی (15.6.1988)دا، کە دانیشتووانی لێقەوماوی هەندێک لە گوندەکانی دەوروبەر پەنایان بۆ ڕواندز هێنابوو، لەگەڵ دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی کوردپەروەرو بەهەڵوێستی ئەو شارۆچکەیە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل126-127). فەرماندەی ئەو فرقەیە عەمید ڕوکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (70)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

تێبینی: عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی (شیعە)، لەکاتی شەڕی یەکەمی کەنداو بە پلەی لیوا ڕوکن کرابووە جێگری فەریق کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی

فەرماندەی هێزەکانی کەنداوی عارەبی (قوات الخليج العربي) کە سەر بە پاسەوانی تایبەتی (الحرس الخاص) بوو لە کوێت. لیوا ڕوکن عسمەت سابیر عومەر لەگەڵ لیوا ڕوکن بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە کە ئەویش سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی کەنداوی عارەبی بوو لە کوێت، بڵاوەیان بەهێزەکانی خۆیان کرد و ڕایانکرد. هەروەها ئەوان بەئاشکرا لەناو سوپادا ئۆباڵی ماڵوێرانی و جەنگیان خستبووە ئەستۆی سەدام و جنێوی زۆریان پێی دابوو. سەرەتا سەدام دەستی لێنەدان، چونکە ئیشی پێیان هەبوو. ئەوکاتە سەدام دەستی لێنەدان کە هێشتا کاتەکەی ناسک بوو، بۆیە لەگەڵ هێزێکی زۆرەوە بۆ باشووری کوردستانی ناردن و شارە گەورەکانی کوردستانی پێ گرتنەوە. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی نێوان ڕژێم و بەرەی کوردستانی، سەدام بەناوی خەڵاتکردن هەردووکیانی لە ئێوارەی (3.4.1991) بانگکردەوە بۆ بەغدا و لیوا عسمەت و لیوا بارەقی لە بەرەبەیانی ڕۆژی (4.4.1991) بە تاوانی جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی و کشانەوەیان لە کوێت بەبێ بڕیاری سەرووی خۆیان کوشت.



لیوا ڕوكن یونس محەمەد سلێمان ئال زەرب لە نێوان (24.7.1989-26.6.1988)دا فەرماندەی فەیلەقی پێنج بووە.

وێنەی ژمارە (1)




وێنەی ژمارە (2)



## وێنەکانی سەرەوە:

1. لیوا ڕوکن عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا بەیاتی.
2. لیوا ڕوکن نوعمە فارس حوسێن محیاوی.

## فەیلەقی شەش (فەرماندەیی هێزەكانی خۆرهەڵاتی دیجلە)

ئەو فەیلەقە كەوتبووە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئێراق و لەگەڵ سنووری ئێراق – ئێران درێژ دەبووەوە. فەرماندەی ئەو فەیلەقە (لیوا ڕوكن یالچین عومەر عادل كەركوكی بووە؛ سەرچاوە: (2-56، الثورة، ژمارە (6737)، ل4). ئەو تیپانەی كە ناسرابن بریتین لە:

1. تیپی (19)ی پیادە، ناسراو بە فەرماندەیی هێزەكانی قوتەیبە (قیادة قوات القتیبة)، كە فەرماندەكەی عەمیدی ڕوكن مەجید مەحمود حوسێن سامەڕائی بووە؛ سەرچاوە: (2-66، الثورة، ژمارە (6592)، ل11)، كە دواتر بە پلەیەكی نزمتر لە پلەكەی خۆی خانەنشین كراوە بەهۆی شكستهێنانی لە سەركردایەتی كردنی و دڵەڕاوكێی لە شەڕدا؛ سەرچاوە: (2-50، الثورة، ژمارە (6626)، ل15). دوای لادانی ئەویان عەمیدی ڕوكن كەنعان مەنسور خەلیل بووە بە فەرماندەی تیپی (19)ی پیادەی ناسراو بە فەرماندەیی هێزەكانی قوتەیبە؛ سەرچاوە: (2-58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). ئەو تیپە لە كاتی ئەنفالەكاندا میوانی فەیلەقی سێ بووە.
2. تیپی (25)ی پیادە، ناسراو بە هێزەكانی موسا بن ئەلنەسیر (قیادة قوات موسى بن النصیر)، كە بارەگاكەی لە (ئەلعوزێر)ی نزیك قوڕنە بوو.
3. تیپی (31)ی پیادە، ناسراو بە فەرماندەیی هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا (قیادة قوات بدر الكبرى)، كە فەرماندەكەی عەمید ڕوكن جاسم زەینەل بوو. بارەگای ئەو تیپە لە شارۆچكەی قوڕنە بوو. فەرماندەیی هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا، بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت (قوات الخاصة) عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و گوندەكانی (بەرگەلوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە درێژەی قسەكانیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێك و پێك بوو، تێیدا فەوجەكان لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و

ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە دە فەوج بوون؛ سەرچاوە: (2-74، هاوکاری، ژمارە (960)، ل6-7). عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، ژمارە (60)ی لە لیستی داواکراوەکان‌دا پێدراوە.

عەمیدی هێزی تایبەت نسەیف جاسم حەمادی، فەرماندەی لیوای کۆماندۆی (2)ی سەر بە فەیلەقی شەش، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (61)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
ڕائیدی هێزی تایبەت عەبدولحەمزە ئیسماعیل حەمزە، فەرماندەی بەتەریەی تایبەتی (64)ی لیوای کۆماندۆی (2)ی سەر بە فەیلەقی (6)، ژمارە (14)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

## فەیلەقی حەوت (فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی کەنداوی عارەب – قیادة عملیات شط العرب)

سەرەتا فەیلەقی حەوت بەناوی (فەرماندەیی هێزەکانی شەتولعەرەب) ناسرابوو، بەڵام دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی شەتولعەرەب). بارەگای فەیلەقی حەوت کەوتبووە شارۆچکەی زوبێری نزیکەی (25) کیلۆمەتری باشووری شاری بەسرا و فەرماندەی فەیلەق فەریق ڕوکن ماهر عەبدولڕەشید (فەریق ڕوکن ماهر عەبدولڕەشید محەمەد ڕەشید ئەلناسری تکریتی) بوو؛ سەرچاوە: (2–75، الثورة، ژمارە (6544)، ل2). فەریق ماهر عەبدولڕەشید، لە ڕێکەوتی (7.2.2004)دا لە دیوانیە دەستگیر کرا، دواتر ئازادکرا و پاشانیش لە ڕۆژی (29.6.2014)دا لە شاری سلێمانی مرد.

لیوا ڕوکن حکمەت عەبدولقادر سەرۆکی ئەرکانی فەیلەقی حەوت بووە.

عەمید ڕوکن نایف قەسەب ئەلجوندیل فەرماندەی تۆپهاوێژی (امر مدفعیة)ی فەیلەقی حەوت بووە.

فەریق ماهر عەبدولڕەشیدی فەرماندەی فەیلەق، دوای گێڕانەوەی بەندەری فاو لەلایەن سوپای ئێراق لە (17.4.1988)دا کە پێشتر لە ڕێکەوتی (10.2.1986)دا لەلایەن سوپای ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، بۆ هاوکاری هەر یەک لە عەلی حەسەن مەجید و فەریق ڕوکن نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا هاتە کوردستان و لە نزیکەوە بەشداری نەخشەدانان و جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالەکانی کرد، لە شوێنی ئەو لیوا ڕوکن حکمەت ئەلدوری بە شێوەیەکی کاتی بە فەرماندەی فەیلەقی حەوت دانرا.

ئەو تیپانەی کە لەو فەیلەقە بۆم ناسرابن بریتین لە:

1. تیپی زرێپۆشی (15)ی ناسراو بە هێزەکانی فاروق (قیادة قوات فاروق)، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی ناسراو بە (ئەبو محب) بوو. بارەگای ئەو تیپە لە زوبێر بوو.

2. تیپی زرێپۆشی (17)ی ناسراو بە هێزەکانی عەباس (قیادة قوات عباس). موقەدەم سەلمان عەبدولحەسەن، فەرماندەی فەوجی یەکی کۆماندۆی سەر بە تیپی (17) بووە.
3. تیپی (26)ی پیادە. ئەو تیپە بە هێزەکانی یاسر بن عەمار (قیادة قوات یاسر بن عمار) ناسراو بوو، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن ئەمجەد ڕەشاد چیاد بوو. بارەگای ئەو تیپە لە (مەملەحە - کەنداوی عارەب) بوو. پێشتر لە ساڵی (1987) عەمید ڕوکن ناتق جاسم ئەلمەندور، فەرماندەی ئەو تیپە بووە.

## تیپە نەناسراوەکان:

یەکەم: عەمید ڕوکن نەبیل ڕەحمان ئەحمەد هاشم، فەرماندەی تیپی (30)ی پیادە؛ سەرچاوە: (2-58، ل4).

دووەم: لیوا ڕوکن محەمەد تاهیر تۆفیق، فەرماندەی فرقەی (35)ی ناسراو بە (قوات موسی بن نصیر). ملازمی یەکەمی پیادە حەلیم حەمید خەلیل، فەرماندەی پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (35). لیوا ڕوکن محەمەد تاهیر تۆفیق، ژمارە (97)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سێیەم: عەمید ڕوکنی هێزەکانی تایبەت دورەید مستەفا شاکر، فەرماندەی تیپی (40)ی ناسراو بە هێزەکانی موغیر بن شوعەیب (قوات موغیر بن شوعەیب)، کە فەرماندەکەی لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (82)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. موقەدەم عەلی موتڵەگ موسا کە جێگری فەرماندەی تیپەکە بووە لەگەڵ هەرسێ لیوای ئەو تیپە لە ئەنفالی پێنجەمدا بەشدارییان کردووە کە بریتی بوون لەو لیوایانە: (لیوای (76)، بە فەرماندەیی عەقید عەلی شاکر ڕەزا، لیوای (82)، بە فەرماندەیی عەقید ئەفریم خدر داود و لیوای (98)، بە فەرماندەیی نەقیب محەمەد ڕەزا جەواد.

چوارەم: عەمید ڕوکن عەلی ئەحمەد محەمەد ساڵح، فەرماندەی فرقەی (46)، کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (76)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

پێنجەم: تیپی (47)، کە فەرماندەی ئەو تیپە عەمید ڕوکن حوسێن بووە و بارەگاکەی لەلای عەربەت بووە.

# فەیلەقی یەکی تایبەت (فیلق الأول الخاص)

لە ساڵی (1987)دا فەریق ڕوکن کەمال جەمیل عەبود، فەرماندەی ئەو فەیلەقە و دواتریش فەریق ڕوکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری (شیعە)، فەرماندەی فەیلەقی یەکی تایبەت بووە، پاشان لەکاتی ئەنفالەکاندا فەریق ڕوکن ئیسماعیل تایە زیاب نعێمی ئەبو شەهید (1927/ ڕاشدیە) بووە، کە لە ڕۆژی (11.12.2015)دا لە ئوردەن مرد. فەیلەقی یەکی تایبەت بە هێزەکانی ئەللاهو ئەکبەر (قوات الله أكبر) ناسرابوو؛ سەرچاوە: (2-58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4). ئەو فەیلەقە زۆربەیان بریتی بوون لە ئەفسەر، فەرماندە و پلەدارە خانەنشینەکانی سوپای ئێراق، بەڵام لە سەرەتای شەڕی ئێراق – ئێران خۆبەخشانە هاتنەوە ناو سوپاو ئەو فەیلەقەیان دامەزراند لەپێناوی بەگری کردن لە ڕژێمی سەدام و بەعس لەدژی ئێران. فەریق ڕوکن سەعدی توعمە جبوری، دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی ئێراق لە ڕێکەوتی (2.8.1990)دا، لە مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا کرا بە وەزیری بەرگری، بەڵام لە مانگی ئازاری ساڵی (1991)دا لادرا.

لیوا ڕوکن مەحمود شوکر سەعید شاهین ئەلجومەیلی، کە پێشتر لە نێوان ساڵانی (1983–1986)دا بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی بوو، دواتر لە ساڵانی (1987–1988)دا سەرۆکی ئەرکانی فەیلەقی یەکی تایبەت بووە.

لیوا ڕوکن سەلمان شوجاع سوڵتان، فەرماندەی فرقەی دووی تایبەتی هێزەکانی گلگامش (قائد قوات الگلگامش). لیوا سەلمان شوجاع فەرماندەی تیپی دووی هێزەکانی گلگامش، کە لە ڕێکەوتی (31.7.1988)دا بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەک لە بەرەکانی چەنگدا مردووە؛ سەرچاوە: (2-76، الثورة، ژمارە (6640)، ل4). کەچی باسی ئەوەش دەکرێت کە لیوا سەلمان شوجاع سوڵتان لە (معارك التحرير الكبرى)دا کوژراوە؛ سەرچاوە: (2-58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4).

لیوا ڕوکن قیدار محەمەد ساڵح، فەرماندەی فرقەی سێی تایبەت؛ سەرچاوە: (2-58، الثورة، ژمارە (6698)، ل4).

عەقید ڕوکن تارق سادق عەبدولحسێن (شیعە)، لە (24.6.1986-30.8.1987)دا فەرماندەی یەکێک لە لیواکانی سەر بە فەیلەقی یەکی تایبەت بووە. عەقید تاریق سادق، لەدوای ڕوخانی ڕژێم لە یەکێک لە زیندانەکانی هێزەکانی ئەمەریکا مرد.

عەمیدی ڕوکن فوئاد ئیبراهیم محەمەد، فەرماندەی پۆلی (18)ی ئالی لیوای زرێپۆشی (70)ی سەر بە فەیلەقی یەکی تایبەت بوو.

عەقید ڕوکنی هێزی تایبەت خالید بەهلول ئەللعێبی، فەرماندەی لیوای کۆماندۆی یەکی فەیلەقی یەکی تایبەت، کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (46)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی پیادە مونزر ئیبراهیم یاسین، فەرماندەی پۆلی (فەوج)ی کۆماندۆی (1)ی تیپی (1)ی تایبەت. پۆلی کۆماندۆی (2)ی تیپی (1)ی تایبەت.

پۆلی کۆماندۆی (1)ی تیپی (2)ی تایبەت، پۆلی کۆماندۆی (2)ی تیپی (2)ی تایبەت.

ملازمی یەکەمی پیادە سەعید حەمید خزەیر، لە پۆلی (18)ی ئالی لیوای زرێپۆشی (70) بووە.

ملازمی یەکەمی پیادە عەدنان سلێمان موسڵح، لە فەوجی (1)ی کۆماندۆی تیپی (1)ی تایبەت.

فەرماندەیی کەتیبەی تانکەکانی کەرامە، سەر بە فەیلەقی یەکی تایبەت بوو.



فەریقی ڕوکن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری، فەرماندەی فەیلەقی یەکی تایبەت.

## کەرتەکانی سەربازی (قواطع العسكرية ) و ئەفسەرە نادیارەکان:

ئەو ئەفسەر و پلەدارانەی خوارەوە ناویان لە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕۆژنامەکانی بەعسدا هاتووە کە بەشداری ئەنفالەکانیان کردووە:

عەمید زیائەددین عەبدولوەهاب عزەت، فەرماندەی کەرتی سەربازی هەولێر.

عەمید جاسم حوسێن محەمەد، فەرماندەی کەرتی سەربازی ڕێزان.

عەقید فەهمی سەید عادل سەید ڕەشید، فەرماندەی کەرتی سەربازی قەرەداغ.

ملازم عەبدولحەمید مەحمود حەمادی، جێگری فەرماندەی کەرتی قەرەداغ.

عەمیدی پیادە تەڵعەت سلێمان وەلی، فەرماندەی کەرتی سەربازی دوکان.

عەمید خالید، فەرماندەی کەرتی سەربازی سوسێ.

عەقید خالید عەلی عەبدوللەتیف، فەرماندەی کەرتی سەربازی هەڵەبجە و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لقی قەزای هەڵەبجە (1987-1988)داو لە ساڵی (1987)دا جێگری فەرماندەی جەحافیلی سووکی (5) بووە.

عەقید غانم محەمەد حوسێن، فەرماندەی کەرتی سەربازی شەقڵاوە و سەرۆکی لیژنەی ڕیشەکێشکردنی چالاکیی دوژمنانە لە شەقڵاوە.

عەقید ئوسامە ئیسماعیل عەبدوڵڵا (کوردی دهۆک)، فەرماندەی کەرتی سەربازی شەقڵاوە - سەڵاحەدین و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە سەڵاحەدین، ڕەشبگیرییەکەی ڕۆژی (16.10.1987)ی شەقڵاوە بە سەرپەرشتی ئەو بووە، کە (22) لاوی تێدا گیراو دواتر لە ڕۆژی (14.11.1987)دا لە ئەمنی هەولێر گوللە بران کران.

عەقید خالید عەبدولڕەحمان ئەلبەکوع، فەرماندەی کەرتی سەربازی سدیق.

موقەدەم ئەسعەد محەمەد شێخ بزێنی، سەرۆکی لیژنەی ڕیشەکێشکردنی چالاکیی دوژمنانە لە شەقڵاوە.

ڕائید سەعدی مەحمود حوسێن، فەرماندەی کەرتی سەربازی زاخۆ.

موقەدەمی زرێپۆش عەبدولکەریم عەبدولهادی سالم، فەرمانەی کەتیبەی تانکەکانی (41)، کە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (130)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

موقەدەم سەباح یونس سەعید، جێگری فەرماندەی کەرتی سەربازی سەنگاو (فەوجی چواری لیوای 90).

موقەدەمی تۆپهاوێژی مەیدان حوسێن فەزلەدین عەبدولقادر، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (22)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (134)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

موقەدەمی تۆپهاوێژی مەیدان سحاب جەدوع زیاب، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (10)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (135)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

موقەدەمی تۆپهاوێژی مەیدان سەلاحەدین محەمەد عەبدولکەریم، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (662)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (136)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

موقەدەم (درع) عەبدولکەریم عەبدولهادی سالم، فەرماندەی (کدب/41).

نەقیبی هێزەکانی تایبەت حەمزە خزر حەمزە، فەرماندەی (بت خ/17).

عەمید ڕوکن باسل شەفیق عەلی، بەڕێوەبەری (المعدات الفنیة).

عەمید ڕوکن حەسەن عومران عەبد، فەرماندەی هێزەکانی جەحفەلی سووک.

عەمید ڕوکن مەڕوان خزەیر کازم، لیژنەی گوللە باران کردنی ئەنفالکراوەکان.

نەقیب عەبد عەواد، فەرماندەی لیوای پیادەی (417).

عەقید ناوز محەمەد حەسەن، فەرماندەی پۆلی (1)ی لیوای پیادەی ئالی (99).

عەقید عەبدولقادر عەبدولڕەحمان قەدۆ، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (78)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (37)ی دراوەتێ لە لیستی ناوی داواکراوەکان.

عەقیدی پیادە سەلاح داود عەبدوڵلا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (51)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

موقەدەمی ڕوکن زەکی محەمەد حەسەن، فەرماندەی لیوای پیادەی (428).

عەقیدی پیادە قەیس ئیبراهیم مەدحەت، فەرماندەی لیوای (445).

عەمیدی پیادە عارف حەمید حاتەم، فەرماندەی جەحفلی جاشە سووکەکانی (4).

عەقیدی پیادە محەمەد یەعقوب یوسف، فەرماندەی لیوای (438).

موقەدەم ڕوکن حوسێن عەلی حەمید.

موقەدەم محەمەد کەنوش حەمەد، فەرماندەی لیوای پیادەی (115).

موقەدەم حوسێن فەزلەددین عەبدولقادر.

موقەدەم حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا.

ڕائیدی زرێپۆش موحسین کەرجی رەجی (محسن كرجي رجي)، فەرماندەی کەتیبەی تانکەکانی (51)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (11)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

ڕائیدی تۆپهاوێژی مەیدان نوری حامید ئەحمەد، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (956)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (18)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی تۆپهاوێژی مەیدان زێدان خەلیفە لەفتە، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (957)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (16)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی تۆپهاوێژی مەیدان عەلی کرمش حەسەن، فەرماندەی کەتیبەی تۆپهاوێژی مەیدانی (79)، ژمارە (17)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ڕائیدی پیادە عەبد حەمید عیال، پۆلی (2)ی لیوای هێزی تایبەتی (118).

ڕائیدی هێزی تایبەت عەبدولحەمزە ئیسماعیل حەمزە، فەرماندەی بەتەریە.

**فەوجی چوارەم:** بارەگای ئەو فەوجە لە دۆرە بوو، بەرلەوەی بگەیتە کارگەی عەلاف بۆ بەرهەمهێنانی بەردی مەڕمەڕ. فەوجی چوارەم فەوجێکی شەڕکەر بوو.

**فەوجی شەشەم:** بارەگای فەوجی شەش لە سەرەتای هاتنە ژوورەوەی سەربازگەی ڕەشید بوو یان یەکەم سەربازگەی گەورە لە دەستە چەپ لەدوای شوێنی خاڵی پشکنینی کۆنەکە. ئەو فەوجەش فەوجێکی شەڕکەر بوو.

**فەوجی حەوتەم:** بارەگای فەوجی حەوت لە تکریت بوو لەتەنیشت سایلۆکە. ئەو فەوجە فەوجێکی ئەمنی بوو.

**فەوجی هەشتەم:** بارەگای ئەو فەوجە لە ئەبوغرێب بوو بەرلەوەی بگەیتە کۆلێژی کشتوکاڵی لە دەستە چەپ. ئەرکی فەوجی هەشتەم پاسەوانیکردن بوو لە ئامێر و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.

**فەوجی لیوای پێنج:** یەکەیەکی ئەمنی تایبەت بوو. بارەگای فەوجەکە لە دەروازەی شاری تکریت و نزیک خاڵی پشکنینەکە بوو. ئەرکی ئەو فەوجەیە پاراستنی تکریت، عەلەم، عۆجە و سینییە بوو، کە ناوچەی بنەماڵەی سەدام، داروودەستەکەی و خێزانی پاسەوانەکانی بوون.

**سریەی پاراستنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ساڵحیە:** ئەو سریەیە بەوە جیادەکرانەوە کە لە باشترین سریەکانی پاسەوانی کۆماری تایبەت بوو. سریەکە بەشێوەیەکی چڕوپڕ و بەتوانایەکی بەرز مەشقیان پێکرابوو لەسەر شەڕی ناو شارەکان و شەڕی تایبەت و بەکارهێنانی چەک بەشێوەیەکی باش.

## سوپای میللی (الجیش الشعبي)

سوپای بەناو میللی لە ئێراقدا لەسەر شێوەی گاردی نەتەوەیی (الحرس القومي) پێشووی بەعسییەکان بوو، کە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەسەر دەستی ئەفسەری بەعس (عەمید ڕوکنی موزەلی عەبدولکەریم مستەفا نەسرەت)ی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و مەکتەبی سەربازی حزبی بەعس دروست بوو. دوای بەشداریکردنی گاردی نەتەوەیی بەسەرپەرشتی عەمید عەبدولکەریم مستەفا نەسرەت و سەرکەوتنیان لە کۆدەتایەک لەدژی عەبدولکەریم قاسم لە ڕێکەوتی (2.8.1963)دا، ئەو گاردە و چەکدارە بەعسییەکان ڕوویانکردە باشووری کوردستان و لە تەواوی شار، شارۆچکە و زۆرێک لە دێهاتەکان تاوانی کۆمەڵکوژیان لەدژی خەڵکی بێتاوانی کورد ئەنجامدا.
کەچی دواتر لە مانگی دوازدەی ساڵی (1968)دا سەدام حوسێن تکریتی (عەمید ڕوکنی موزەلی عەبدولکەریم مستەفا نەسرەت-ی بەدەستی ئەفسەرێک بەناوی لیوا عزەت بە کوشتدا.

سوپای بەناو میللی، لەسەر دەستی تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی، ناسراو بە (تەها جەزراوی 1938-20.3.2007) لە ڕێکەوتی (8.2.1970)دا دروستبوو. ئەو سوپایە بەزۆرەملێ بوو، کرێکار، جووتیار، کاسبکار، فەرمانبەر، مامۆستا، خوێندکار، کارمەندو هتد.... بەزۆر دەستگیر دەکران و ڕەوانەی سەربازگەکانی ڕاهێنان و مەشقی سەر بەو هێزەیە دەکران، دواتریش ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی ئێراق-ئێران یان بۆ پاسەوانی بیرە نەوتەکان، ڕێگاکان، دامودەزگا گرنگەکان و کارگەکانی ناو شارو شارۆچکەکان دەکران. کاتێک کە حزبی بەعسی عارەبی ئیشتراکی لە ڕێکەوتی (8.2.1963)دا، دەسەڵاتی لە ئێراق گرتە دەست، سوپایەکی بەناوی پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومي) دروستکرد. دامەزراندنی سوپای میللی درێژەپێدانی هەمان پاسەوانی نەتەوەیی ساڵی (1963) بوو، کە تەها یاسین ڕەمەزان هەر لە یەکەم ڕۆژی دروست بوونیەوە تاوەکو ڕوخانی ڕژێم لە (9.4.2003)دا فەرماندەی گشتیی ئەو سوپایە بوو.
لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، ژمارەی سوپای میللی نزیکەی (50) هەزارو لە ساڵی (1977)دا (100) هەزار، لە ساڵی (1980)دا ژمارەی چەکدارانی ئەو سوپایە

نزیكەی (175) هەزار كەس دەبوو، كەچی تەنیا دوو ساڵ دواتر، لە ئەنجامی ڕەشبگیری زۆردارانەدا واتە لە ساڵی (1982)دا ژمارەی سوپاكە گەیشتە (500) هەزار چەكدار.

ئیدریس ڕەئوف قەساب باشی، فەرماندەی سوپای میللی ناوچەی هەولێر و ڕەفیق قەیس عەبدولجەبار عەبدولواحێد، یاریدەدەری فەرماندەی ناوچەی سلێمانی سوپای میللی بووە.

تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی جێگری یەكەمی سەرۆك وەزیران، ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش و فەرماندەی گشتیی سوپای میللی، بە تۆمەتی بەشداریكردن لە كۆمەڵكوژی شیعەی دوجەیل، لە ڕێكەوتی (19.10.2005)دا درایە دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق، كە لە ڕۆژی (5.11.2006)دا بڕیاری كۆتایی خۆیدا و ناوبراو سزای زیندانیكردنی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بەڵام دادگای پێداچوونەوە لەژێر كاریگەری شیعەكان لە ڕێكەوتی (26.12.2006)دا داوای پێداچوونەوەی بە بڕیارەكەدا كرد، ئەوەبوو دادگای لە ڕێكەوتی (12.2.2007)دا بڕیارەكەی گۆڕی بۆ لە سێدارە دان و تەها یاسین لە ڕێكەوتی (20.3.2007)دا لە سێدارە درا. بەهۆی هەوڵی كوشتنی سەدام حوسێن لە ڕێكەوتی (8.7.1982)دا لەلایەن شیعەكانی دوجەیل، زۆرتر لە هەزار كەس دەستگیر كران، كە دواتر لە ڕۆژی (14.8.1984)دا (148) كەسیان بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرچوو، پاشان هەموویان لە سێدارە دران.

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)



عبد الكريم نصرت



وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی.
2. عەمید ڕوکنی پەڕاشوت عەبدولکەریم مستەفا نەسرەت.
3. سەدام حوسێن مەجید تکریتی و تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی.
4. تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی.

# فەوجی سووکی جـــــــاشە ئەنفالچییەکــــــان

سەرەتا دەمەوێت ئەوە ڕوونکەمەوە کە باسکردنی ڕۆڵی جاش و بەشداریکردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەکان و کاولکردنی گوندەکانی کوردستان، بەو واتایە نییە کە جاش ڕۆڵی سەرەکی بینیبێت لە بڕیاردان، نەخشە کێشان و پلاندانانی ئەو سیاسەتە شۆفینیانەی حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن یاخود بەو واتایەی کە تەنیا جاشە ئەم هەموو کارانەی کردووە، نەخێر بەڵکو نە لە نزیک و نە لە دوورەوە جاش و مەفرەزە خاسەی کورد دەستی نەبووە لەم بڕیار، پلان و نەخشانە، ئەوەی جاش کردوویەتی ڕۆڵێکی لاوەکییە، کە دەبوایە ئەمەش نەکات چونکە نابوایە بەشدار بێت لە سیاسەتی قڕکردنی نەتەوەکەی خۆی (کورد).

ئەگینا وەکو پێشتر ئاماژەم پێداوە، گشت بڕیارەکانی ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال، کیمیاباران کردنی کوردستان و سووتاندن و خاپورکردنی نزیکەی (4500) گوند، (5) شارۆچکە و نزیکەی (30) شارەدێی باشووری کوردستان، لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە، هەروەها بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ناوبراو، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان نەخشەو پلانی ئەنفال، کیمیاباران و خاپورکردنی دێهاتەکان و ئەنفالکردنی دانیشتوانەکانی بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری دارِشتووە، پاشان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، وەزارەتی بەرگری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسی عارەبی و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی ئیستخباراتی سەربازی، هەواڵگری، ئەمنی خاس، ئەمنی گشتیی، لیژنەی کاروباری باکوور، مەنزومەی شەرقی، مەنزومەی شیمالی، گاردی کۆماری و سوپا، بەتایبەت هەر سێ فەیلەقی (1، 2، 5) و چەندان فرقە و لیوای فەیلەقەکانی دیکە بە بەشداری فەوجی جاشە سووکەکان، مەفرەزە خاسەکانی کورد کە سەر بە ئەمن و ئیستخبارات و موخابەرات بوون، نەخشەو پلانەکان پیادە کران. جاشی کورد بەشداری ئەنفالیان کردووە، بەڵام بەشداری کردنەکەیان لەژێر فەرماندەیی گاردی کۆماری، سوپا، دەزگاکانی ئیستخباراتی سەربازی و دەزگای ئەمن بووە، لە هەمان کاتدا چەکی قورسی وەکو چەکی کیمیایی، فڕۆکەی جەنگی، کۆپتەر، تانک، کاتیوشا، تۆپی دوورهاوێژ و زرێپۆشیان بەدەستەوە نەبووە، بەڵکو چەکی سووکی

وەکو کلاشینکۆف، بیکەیسی، (ئاڕ. پی. جی)، دۆشکە و هاوەنیان هەبووە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش جێگای متمانەی سەرکردەکانی سوپا، حکومەت و حزبی نەبووینە، بۆ نموونە بەپێی نووسراوی ژمارە (1182)ی نووسینگەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا لە ڕێکەوتی (28.8.1988)دا کە واژۆی نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی لەسەرە و لەژێرناوی (ڕێنماییەکان)دا بۆ سەرکردایەتی هەردوو فەیلەقی یەک و پێنجی ناردووە، لە خاڵەکانی سێ و چواردا گومانی خۆی لە جاشە خۆفرۆشەکانی کورد بە ڕژێمی سەدام و حزبی بەعس ناشارێتەوە و دەڵێت: (ئەو ئازوقەیەی دەدرێت بە فەوجی جاشەکان سنووورداری بکەن و ئۆتۆمۆبێلەکانیان بپشکنن لە گشت خاڵەکانی پشکنیندا). خەزرەجی لەو بەڵگەنامەیەدا باوەڕی بە جاشەکانی خۆی نییە، بۆیە داوا دەکات ئازوقەکانیان سنووردار بکەن، کە ئەمەش لەبەر ئەوەیەتی نەوەک بڕێک لەو ئازوقەیە بدەن بە خەڵکی دێهاتەکان یان هێزی پێشمەرگە، هەروەها نیازیشی لە پشکنینی ئۆتۆمۆبێلی جاشەکان لە هەموو خاڵێکی پشکنیندا ئەمەیە نەوەک جاشەکان کەسێکی دێهاتنشین یاخود پێشمەرگەیان لەناو ئۆتۆمۆبێلەکانیان شاردبێتەوە و دەربازیان بکەن. هەر بەپێی نووسراوێکی دیکەی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و بە واژۆی نزار خەزرەجی، کە بە ژمارە (رأج/ 349) لە ڕێکەوتی (27.4.1988)دا دیسان لەژێر ناوی (ڕێنماییەکان)دا بۆ فەرماندەی فەیلەقی یەک (لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم) و فەرماندەی فەیلەقی پێنج (لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی بەیاتی) نێردراوە، لە خاڵی (جیم)ی بەشی دووەمدا نووسیوێتی: (پێویستە لەسەر فەیلەقی پێنجەم بە ئاراستەی تێکدەران (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) لە کەرتی قەڵادزێ کاربکەن و پێناسەی جاشەکان بپشکنن و بە جوانی سەروبنی بکەن، هەروەها جاشەکان لە ئامانجە گرنگەکان دوورخەنەوە). لێرەدا دووبارە نزار خەزرەجی نامتمانەیی و بێباوەڕی خۆی بە جاشە کوردەکان دووپات دەکاتەوە و داوا لە هێزی سەربازی سوپای فەیلەقەکانی یەک و پێنج دەکات پێناسەی جاشەکان باش بپشکنن و لە ئامانجە گرنگەکانیش دووریانخەنەوە، نەوەک هیچ پێشمەرگەیەک یان هاووڵاتییەک دەربازکەن و سستی و کەمتەرخەمی لە ئەرکەکانیان بکەن (بەڵگەکان لە کۆتایی ئەم بەشەدا دانراون)، سەیری بەڵگەنامەی ئاماژە پێدراو بکە، کە لە خاڵەکانی (8+11)دا سەرۆکی ئەرکانی سوپا (نزار خەزرەجی) لە ڕێنمایی کردنی فەیلەقەکانی یەک و پێنجدا دەڵێت: (بەکارنەهێنانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیی لە هەمان ناوچەی

هۆزەکانی خۆیاندا لەپێناوی ڕێگە گرتن لە هاوکاریکردنی دانیشتوانی گوندەکان. بەکارهێنانی شێوازی پاداشتکردن و لێپرسینەوە بەرانبەر بە فەوجەکانی بەگری نیشتمانیی (فەوجی جاشەکان) پیادە بکەن و دوورخستنەوەی هەر سەرۆکجاشێک لەکاتی جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکان).

سەرەڕای هەموو ئەمانەش جاشە کوردەکان وەکو کرێگرتەی حکومەتی بەعس و سەدام لەپێناوی پارەو دەستکەوتی تایبەتی خۆیان و ژیانێکی خۆشتردا، بەشداری شاڵاوی ئەنفالیان کردووە، هەروەها بەدرێژایی مێژووی بەعس دەستیان هەبووە لە شەهید کردنی هەزاران پێشمەرگە و هاووڵاتی، بەتایبەتیش لەکاتی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران کە حکومەت شەڕی کوردی بە کورد دەکرد (شەڕی پێشمەرگەی بە جاش و مەفرەزە خاسەی کورد دەکرد)، هەروەها بەشێکی زۆری کوردی لە ڕێگەی ناونووسکردنیان لە فەوجی جاشە سووکەکانەوە نەک تەنیا لە دژایەتی کردنی حکومەتی بەعس دوورخستەوە، بەڵکو کردنی بە داردەستی خۆی و یەکێتیی ڕیزەکانی کوردیشی لێک ترازاند! لێرەدا ئاماژە بە خزمەتێکی گەورەی جاشێک دەدەم کە بە ڕژێمی حزبی بەعس و حکومەتی سەدامی کردووە بەر لە دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی یەکەم بە دوو ڕۆژ، کە لە هەمان کاتیشدا خزمەتی ئەم جاشە زیانێکی زۆر گەورەی بە کورد گەیاندووە، نەوشیروان مستەفا ئەمین لە لاپەڕە (142)ی پەرتووکی (خولانەوە لەناو بازنەدا) لەسەر زاری هەر یەک لە عەقید وەلید (عەقید وەلید نایف شبیب، بەرپرسی هۆبەی کوردەکان کە بە هۆبەی سێ ناسرابوو لە معاونیەی پێنجەمی بەڕێوەبەرێتیی هەواڵگری سەربازی گشتیی) لەکاتی گفتوگۆی بەهاری ساڵی (1991) و فەریق ڕوکن نزار خەزرەجی (نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی، سەرۆکی سوپای ئێراق لەکاتی ئەنفالەکاندا) دوای ڕاکردن جیابوونەوەی لە ڕژێم لە ڕێکەوتی (14.3.1996)دا، لە سەردانێکیدا بۆ لەندەن لای نەوشیروان مستەفا ئەویش باسی ئەوەی کردبوو کە چەند ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی یەکەم چەند ئەندامێکی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان (القیادة العامة للقوات المسلحة)، چەند فەرماندەی فەیلەقێک، چەندان فەرماندەی تیپ (فرقة) و چەندان بەرپرسی دەزگاکانی هەواڵگری سەربازی و ئەمنی سەربازی لەنێویاندا فەریق ڕوکن نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی فەرماندەی فەیلەقی یەک (قائد ردیف)، لیوا

ڕوكن كامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی، فەرماندەی فەیلەقی یەک و عەمید ڕوكن وەلید نایف شبیب بەرپرسی هۆبەی سێی كوردەكان لە هەواڵگری سەربازی، كە لەگەڵ كاروانێكی سەربازی بە ڕێگای سلێمانی – سورداش – دوكان-دا تێدەپەڕن بۆ ئەوەی شوێنی نەخشە و پلانی ئەنفالی یەكەم لە نزیكەوە ببینن. كاتێک ئەو فەرماندانە دەگەنە نزیک سورداش جاشێک بە ڕاكردن لە یەكێک لە ڕەبایە نزیكەكانی سەر ڕێگا سەرەكییەكە بە ئاماژەكردن كاروانەكە ڕادەگرێت و بە عەقید وەلید نایف ڕادەگەیەنێت كە بە دووری چەند سەد مەترێک بۆسەیەكی پێشمەرگە هەیە و بڕۆن دەكەونە نێو بۆسەكەوە. بەمەش كاروانی فەرماندەكانی سوپای ئەنفال دەوەستێت تاوەكو پێشمەرگەكان دەڕۆن، هەرچەندە ئەوان لە یەک دوو ئۆتۆمۆبیلی سەرەتای كاروانەكەیان دابوو، بەڵام ئەو ئۆتۆمۆبیلانە تەنیا پاسەوان بوون. عەقید وەلی نایف و فەریق ڕوكن نزار خەزرەجی باسی ئەوەیان بۆ نەوشیروان كردبوو: (ئەگەر ئاگادار كردنەوەی ئەو جاشە نەبوایە لە هەبوونی بۆسەیەكی پێشمەرگە لەسەر جادەكە، ئەوە بەدڵنیایی ئەوان دەكەوتنە نێو بۆسەكە و دەكوژران، بە كوژرانی ئەوانیش ئەنفالی یەک بە تەواوی پەكی دەكەوت). دوای پرسیار و بەدواداچوونێكی زۆر بۆم دەركەوت كە كەرتێكی پێشمەرگەكانی تیپی (21)ی كەركوكی سەر بە (ی. ن. ک) لە ڕێكەوتی (21.2.1988)دا بۆسەیەكی توندوتۆڵیان لە گوندی (سرد)ی سەر بە شارەدێی سورداش بۆ ئەو فەرماندەو سەركردانەی سوپا و بەعس دانابووەوە، بەڵام لەلایەن جاشەكانی ڕەبایەكەی نزیک گوندەكە بینرابوون و جاشێک كاروانی سەربازی خەزرەجی، وەلید و ئەوانەی دیكەی لێ ئاگادار كردبووەوە، كە بووە هۆكاری ڕزگاركردنی ئەوان و مەرگی (182) هەزار كوردی بێتاوان.

هەموو لایەک دەزانین كە وشەی جاش لە چییەوە هاتووە، بۆیە بە پێویستی نازانم شرۆڤەی دوورو درێژ بۆ ئەم زاراوەیە بكەم. بەڵام بە كورتی جاش ئەو كەسەیە كە لەپێناوی پارە و دەستكەوتی دارایی و ئابووری تەسكی خۆیەوە دەبێتە داردەست و بەكرێگیراوی دوژمن و لەدژی ئاوات و داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییە باڵاكانی خۆی دەوەستێتەوە، واتە ناپاكی (خیانەت) لە نەتەوە و نیشتمانەكەی دەكات.

باوەڕناكەم هیچ میللەتێكی دیكەی ژێردەستی سەر ئەم زەمینە نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستادا بەقەد نەتەوەی كورد ناپاک و جاشی هەبووبێت. ژمارە و ڕێژەی ئەو كوردانەی كە بوونەتە و دەبنە ناپاک و جاشی سەر بە دوژمنەكانی نەتەوەی خۆیان

و چەکی خۆفرۆشی دەکەنە شان، زۆر زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ ناپاک و جاشی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی دیکەی جیهان. وەستانەوەی ئەو هەموو جاشە لەدژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییمان هۆکاری زۆرە، بەڵام لێرەدا ناچینە سەر ئەم باسە کە بە بۆچوونی من پێویستە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی چڕ و قووڵی لەسەر بکرێت.

بۆ نموونە تەنیا لە باشووری کوردستانی داگیرکراودا لەساڵی (1988)دا واتە ساڵی ئەنفال کردنی گەلی کورد لەلایەن حکومەتی بەعسی عارەبی ئێراقی بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن، نزیکەی (400) چوار سەد هەزار جاشی کرێگرتەی سەدام هەبووە. لەکاتێکدا ئەگەر ژمارەی هەر فەوجێک بە کەمێک زۆرتر لە هەزار جاش دابنێین، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکجاشی وا هەبووە ژمارەی جاشەکانی لە نێوان (6-12) هەزار جاش بووە و سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆر ناپاک و جاشی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمن، ئیستخبارات و موخابەرات کە تێکڕای جاش ژمارەیان دەگات بە نزیکەی نیو ملیۆن. ڕاستە جاشێتی و ناپاکی کورد خۆی هۆکارێکی شکستی شۆڕشەکانی کورد بووە، بەڵام هۆکاری سەرەکی شکستی شۆڕشەکانی کورد لە ناپاکی و نادڵسۆزی سەرکردایەتی کورددا دەبینم. سەرکردایەتی کورد، هەم کەسانی ناپاک و فایلداری هەبووە، هەم تیایدا هەبووە بە بەردەوامی و بەتەنیا بیری لە بەرژەوەندی و ناوبانگی خۆی کردۆتەوە و لەو پێناوەدا هەزاران ڕۆڵەی کوردی لە شەڕەکانی براکوژیدا بەکوشت داوە و شۆڕشی کوردستان بەرەو هەڵدێر برداوە. هەم سەرکردایەتی کورد بەرانبەر بە داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەکەمان زۆر بێ هەڵوێست، سازشکار، نابوێر و شەرمن بووینە، کە تێکڕا ئەو خاسڵەتانەیان بوونەتە هۆکارێکی مەزنی هەرەسی شۆڕشە یەک لەدوا یەکەکانی کوردستان.

بەرپرسی تەواوی سەرۆکجاشی فەوجەکان، وەزیری دەوڵەت ئەرشەد ئەحمەد محەمەد مستەفا زێباری بوو، کە کۆنە ئەفسەرێکی ئێراقی و بەعسی بوو. ئەو جاشە گەورە و ناپاکە هەر لە منداڵییەوە بە بنەماڵە جاشی حکومەتی ئێراقی بووینە تاوەکو ڕوخانی سەدام لە (9.4.2003)دا. ئەرشەد ئەحمەد زێباری (1942)، دواتر ڕایکرد بۆ دەرەوە و ماوەیەک لە سوریا، ئوردەن و تورکیا بوو، ئێستاش لە تورکیا جێگیرە و بۆتە لایەنگری تورکیا. زێباری دوای لە ناوچوونی ڕژێمی سەدام، ماوەیەک هەستا (بزووتنەوەی ڕزگارکردنی کوردستان)ی دروستکرد، پاشان لە کۆنگرەی (قاهیرە)ی

ساڵی (2007)دا لەسەر داوای حکومەتی تورکیا و تۆرانییە شۆڤێنیستەکان و پارت و ڕێکخراوە ئیسلامی و عارەبییە تیرۆریستەکان، ناوی بزوتنەوەکەی گۆڕی بۆ گردبوونەوەی ئێراقییەکانی باکوور (تجمع عراقيي الشمال) و ئەرشەد زێباری خۆی کرا بە ئەمینداری گشتیی ئەو گردبوونەوەیە. گردبوونەوەکە هەر جاشە کۆنەکەی بەعس و داگیرکەرانن، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا. جێگری یەکەمی ئەرشەد زێباری بۆ ئەو گردبوونەوەیە، جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغای هەرکییە، کە ئەویش سەرۆکجاشی فەوجی هەشتی جاشە سووکەکانی سەدام بووە. هەروەها جێگری دووەمی ئەرشەد، محەمەد کەلحی ڕێکانییە، کە ئەویش سەرۆکجاشی فەوجی (7)ی جاشە سووکەکان بووە. ئەندامانی بەناو سەرکردایەتی ئەو جاشە نوێیانە بریتیین لە: (زاهیر سابیر سوورچی، ئەمین چیچۆ، شێخ ئەحمەد ئەلوەشان و عەبدولمەجید شێخکی). ئەرشەد زێباری، دواتر حزبی دادپەروەری کوردستانی ئێراقی دامەزراند و بەشداری هەڵبژاردنی ساڵی (2010)ی پەرلەمانی ئێراقی کرد.

سەبارەت بە ڕۆڵی جاشی کورد و خزمەتکردنیان بە ڕژێمی بەعس و سەدامی داگیرکەر، دەمەوێت بە وەڵامێکی هیتلەری سەرۆکی ئەڵمانیای نازی کۆتایی پێ بێنم، کە لەم ڕۆژانەدا لە فەیسبووک چاوم پێیکەوت کە دەڵێت: (لە هیتلەریان پرسی: خوێڕیترین و هیچ و پوچترین کەس بەرچاوت کەوتبێت کێ بووە؟ هیتلەر لە وەڵامدا گوتی: ئەو کەسانەن کە یارمەتییان داوم لە داگیرکردنی وڵاتەکانیاندا).

فەوجی جاشە سووکەکانی سەدام کە زۆربەیان بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالیان کردووە، بەگوێرەی ڕێزبەندی لە ژمارەی فەوجەکانیان بریتیین لە:

سەرۆکجاشی فەوجی (1): قەدری ئەحمەد محەمەد مستەفا زێباری و لەتیف ئەحمەد محەمەد مستەفا زێباری، ناوی هەردوو برا وەکو سەرۆکجاشی فەوجی یەک هاتووە، چونکە سەرەتا لەتیف سەرۆکجاش بووە و دواتریش لەبەر تەمەن گەورەیی خۆی قەدری برا بچووکی هاتۆتە شوێنەکەی، کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (112)ی سەر بە ئیستخباراتی ئاکرێ بووە.

جاشەکانی لەتیف ئەحمەد زێباری، لە ڕێکەوتی (7.3.1984) هاووڵاتی جوبرائیل میکائیل ناسراو بە جبێ لە گوندی شەرمین شەهید دەکات؛ سەرچاوە: (2–254، نشرة أخبار كوردستان، العدد (114)، 2.4.1984، ص7).

فەوجی لەتیف و قەدری زێباری، لەساڵی (1983)دا دامەزراوە.

ئەرشەد ئاغای زێباری و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (28.5.1984) گوندەکانی ناوچەی (نەهلە)یان بۆردومان کرد کە بووە هۆی شەهید کردنی هاووڵاتی قەیسەر یۆنان لە گوندی بێلمەندێ؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار كوردستان، العدد (117)، 15.6.1984، ص9).

جاشەکانی ئەرشەد زێباری، کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆست (فەوجی 40)، جاشەکانی ساڵح سوورچی و (23) مەفرەزەی تایبەتی سەر بە مەنزومەی ئیستخبارات، لە شەوی (29/28–4–1986) هێرشیان کردە سەر (سەری بەردی)، دوای شەڕێکی سەخت پێشمەرگە حەدۆ خانەمیر مستەفا باوەیی شەهید و (3) پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون؛ سەرچاوە: (2–255، أخبار كوردستان، العدد (144)، آيار/ حزيران 1986، ص7).

فەوجی یەکی زێبارییەکان، بەشداری کردووە لە کاولکردنی شارەدێی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)دا.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هێرشی کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوە و باسی ئەو پەلامارە هاوبەشەی هێزی سوپا و جاشە سووکەکان دەکرێت کە لە ڕۆژانی (10+11.8.1987)دا کراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. کاسێتەکە ڕوونی دەکاتەوە کە هێرشی جاشە سووکەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر پێنج ڕەتڵ دابەشکراون: (ڕەتڵی یەکەم: فەوجی (8)ی جەوهەر هەرکی. ڕەتڵی دووەم: فەوجی (7)ی محەمەد کەڵحێ ڕێکانی. ڕەتڵی سێیەم: فەوجی (1)ی لەتیف زێباری. ڕەتڵی چوارەم: فەوجی (23)ی عاسف زێباری و کۆمەڵەی جاسم محەمەد زێباری، کە دەکاتە فەوجی (225)ی جاشە سووکەکان. ڕەتڵی پێنجەم: فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی، فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی، فەوجی (77)ی عومەر سوورچی و کۆمەڵەی زەید سوورچی، کە دەکاتە فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی یەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە 6536، ل؟).

جاشەکانی ئەرشەد زێباری، لە ڕۆژی (20.1.1988)دا دوو پێشمەرگەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یان بە ناوەکانی مەجید حوسێن خدر حوسێن سورچی ناسراو بە سەرهەنگ (دیبەگە/ 1967) و خەلیل مەجید محەمەد (1968/ کەرکوک)، ناسراو بە سەربەست کەرکوکی، لە گوندی کافیێ لە (ئاکریێ) شەهید کرد.
جاشەکانی ئەرشەد ئەحمەد زێباری و فەوجی (85)ی قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای کۆیە، لەکاتی ئەنفالی چواردا لە ڕێکەوتی (4.5.1988)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان حاکم ڕێبوار کەریم محەمەد شەهید و ئیسماعیل کەریم محەمەدی برای لە ئەشکەوتی (چاڵە بروسکە) بریندار دەکەن؛ سەرچاوە: (کەناڵی کوردستان، بەرنامەی بۆ مێژوو، ئامادەکردنی سۆران عوسمان، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 3.10.2012).
پەیوەست بە بەشداری ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
هەر یەک لە ئەرشەد ئەحمەد محەمەد زێباری و لەتیف ئەحمەد محەمەد زێباری، فەرماندەی فەوجی یەکی جاشە سووکەکان، ژمارەکانی (7) و (116)یان لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ، لەتیف لە ڕۆژی (8.10.2019)دا مرد.
ئەحمەد محەمەد ئاغای زێباری باوکی لەتیف زێباری، لە ساڵی (1960)دا بە بڕیاری (پ. د. ک) و بەدەستی عیسا سوار لە موسڵ کوژرا. هەروەها سێ برای لەتیف زێباری لەلایەن (پ. د. ک) لە مێژووی جیا جیادا کوژراون، ڕەشید ئەحمەد محەمەد زێباری لە ڕێکەوتی (7.2.1983)دا لەناو موسڵ کوژراوە، موقەدەم عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد زێباری لە ڕۆژی (31.8.1984) لە نزیک شاری زاخۆ لە شەڕێک بەدەستی پێشمەرگەی (پ. د. ک) کوژراوە و قەدری ئەحمەد محەمەد زێباری لە ساڵی (1998) لەناو شاری موسڵ لەسەر داوای سەرکردایەتی (پ. د. ک) و بە دەستی وەحید کۆڤلی دۆسکی کۆنە جاشی خالید حاجی تاهیر هەمزانی دۆسکی سەرۆکجاشی فەوجی (27)ی جاشە سووکەکان کوژرا، لە بەرانبەر ئەو کارەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە وەحید کۆڤلی خۆشبوون، کە پێشتر لە ڕێکەوتی (31.5.1993)دا لە شاری دهۆک لەسەر داوای ڕژێمی ئێراق، ئەندامێکی پەرلەمانی

کوردستانی لەسەر لیستی کریستانەکان بەناوی فرانسیس یوسف شابۆ کوشتبوو. ئەرشەد ئەحمەد محەمەد زێباری، لە ڕۆژی (16.8.2021)دا لە سلێمانی مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (2): سابیر ئەحمەد ڕەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی).
جابر ڕەفعەت سوورچی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
نازم شێخ ڕەقیب محەمەد سوورچی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
ڕائید سەباح نازم ڕەقیب محەمەد سوورچی، فەرماندەی فەوج.
عوسمان حاجی تەیب سوورچی فەرماندەی سریە.
سابیر سوورچی، پێشتر فەرماندەی مەفرەزە خاسەی سەر بە ئیستخباراتی ئاکرێ بووەو دواتر فەوجی دووی لە ساڵی (1983) دامەزراندووە.
جاشەکانی سابیر ئەحمەد ڕەقیب سوورچی، ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە (فەوجی 4)، محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی (فەوجی 7)، جەوهەر محێدین جهانگیر هەرکی (فەوجی 8)، مەسعود کەبیر قەیوم واتە (فەوجی 14) و دوو سریەی سەربازی، لە شەوی (19/20.5.1984) پەلاماری گوندەکانی دۆستەکا، سینا، شاریا، شێخ خدرێ ناوچەی (قایدیا)ی سەر بە شارەدێی فایدە-یان دا، لە ئەنجامدا (5) پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم ناوانە بەدیل گیران: (بەهجەت عەبدولقادر مەرعان حەسەن، سدیق مستەفا سلێمان حەسەن، سەفەر محەمەد سدیق عەلی (1965)، سوبحی سەفەر سەعدون عەلی و شاکر شەریف)؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (117)، 15.6.1984، ص7). ئەو پێنج پێشمەرگە دیلە، لە ڕۆژی (14.4.1985)دا لە زیندانی بەغدا لە سێدارە دران.
فەوجی دووی جاشەکانی سابیر ڕەقیب سوورچی، بەشداری شاڵاوی بەدناوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)یان کردووە.
دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی دوو لە هێرشی ئەنفالی یەکدا، کە شانبەشانی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەی سورداش و گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی و سنووری ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل بەمشێوەیە بۆ هاوکاری دەدوێت:

(هاریکاری کردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیار و ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109)، کە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2-74، هاوکاری، ژمارە (960)، ل6-7).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی دووی سابیر ڕەقیب سوورچی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل نەزانراوە)؛ سەرچاوە: (2-79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6). هەر سەبارەت بە بەشداری کردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26).

سەبارەت بە ئەنفالی سێ؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).

سابیر ئەحمەد ڕەقیب سوورچی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سابیر ئەحمەد ڕەقیب سوورچی و ڕائید نازم ڕەقیب سوورچی، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و ژمارەکانی (107+280+12)یان لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سابیر ئەحمەد سوورچی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و کاندیدی پارتی شاری موسڵ بووە لە ساڵی (2004)دا بۆ پەرلەمانی ئێراق، بەڵام لە ژیاندا نەماوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (3): عوسمان میران قادر خۆشناو.

عوسمان میران قادر خۆشناو، لە سەرەتای ساڵی (1988)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی تاریق سەعید ڕەسوڵ ئیبراهیم ناسراو بە کردار،

ڕادەستی ئەمنی ڕژێم دەکەن، کە دواتر لە ڕێکەوتی (8.5.1988)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر گوللە باران کراوە.
فەوجی سێ بەشداری لە ئەنفالەکانی (2+8)دا کردووە. سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (4): نەوزاد ئەنوەر ڕەشید ئەحمەد (نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە) و ئەنوەر ڕەشید ئەحمەد بێتواتە (ئەنوەر بەگی بێتواتە).
نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە، لە ڕێکەوتی (19.2.1978)دا لە ئەشکەوتێکی چیای هەورێ لە نزیک گوندی چیوە، چوار پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە خەودا بەدیلگرت بە ناوەکانی (نادر حەمەدئەمین مستەفا ئەحمەد گەرۆتە/ هیران/ 1957، عومەر تەها عەلی خدر خۆشناو دۆرییی/ هیران و سەباح زاهیر محەمەد محەمەدئەمین- هیران)، کە دواتر لە ڕۆژی (18.3.1978)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەیان دەرچوو، پاشان لە ڕۆژی (23.5.1978)دا لە زیندانی شاری موسڵ لە سێدارە دران، هەروەها هەمان ڕۆژ کەریم حەمەد ڕەسوڵ حوسێن (1963/ شەقڵاوە/ کونەفلوسە)، بەهۆی کەم تەمەنییەوە بڕیاری پازدە ساڵ زیندانیکردنی دراو دواتر لە ڕۆژی (18.8.1979)دا بە لێبووردنی گشتی ئازادکرا؛ سەرچاوە: (1–56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل75).
جاشەکانی ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان و عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخباراتی ژمارە (9)ی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (91) لە شەڕێکدا لە ڕێکەوتی (13.4.1980)دا لە دۆڵی ئەسحابان دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان شەهید کرد بە ناوەکانی (عەلی سلێمان ئەحمەد فەرخ و مەجید ئیبراهیم سلێمان مەنتک) وە بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد (بەکر سوسەیی) بە بریندراری بەدیل گیراو ڕادەستی ئیستخباراتیان کرد، کە دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیانی لە سێدارە دانی

دراو دوای چەند مانگێک لە شەوی (14.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا، هەروەها لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی سەباح ئەحمەد، مەجید حوسێن محەمەد عەزیز سوسەیی و فارس حەسەن، بریندار بوون.

نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە و جاشەکانی، کە ژمارەیان (80) جاش و دوو سریەی سوپای، لە بۆسەیەکدا لە ڕۆژی (9.1.1981) لە گوندی چۆلیاوای سەر بە سەرکەپکان پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حەوت پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان شەهید کرد، کە ئەمانەی خوارەوەن: (عەبدوڵڵا حەمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم ناسراو بە عەبدوڵڵا زەنگوڵ (1957/ چۆلیاوا)، جێگری فەرماندەی کەرتی هەرێمی (14)ی ئاکۆی سەر بە حزبی سۆسیالیست)، شەهیدەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە سەر بە لقی چوار بوون بریتین لەمانەی خوارەوە: (ئیبراهیم حەمەد ڕەسوڵ ناسراو بە ئیبراهیم چاوشین (1963/ بێتواتە، خدر مەولود عەبدوڵڵا خدر (1965/ بێتواتە)، سەربەست ڕەسوڵ ئەحمەد تەها مەحمود (1966/ بێواتە)، عەلی ئیسماعیل مستەفا عوسمان (1963/ زێوە)، فەیسەڵ حوسێن ئەبوبەکر وەسمان (1956/ زێوە)، محەمەد حوسێن وەیسی حەوێز (1964/ شێخ وەسانان/ شەقڵاوە) و وەسمان خدر ئەبوبەکر وەسمان/ 1956/ زێوە).

نەوزاد ئەنوەر بێتواتە لەگەڵ ئەنوەر بەگی باوکی لە ساڵی (1982)دا ڕەسوڵ ئەحمەد تەها مەحمود ناسراو بە (کێخوا ڕەسوڵ بێتواتە)یی باوکی پێشمەرگەی قارەمان ڕەشۆی کێخوا ڕەسوڵ، کە لە ترسی ئەو باوک و کوڕەدا چووە ناو مونەزەمەی بەعس لە شارۆچکەی ڕانیە، کەچی ئەنوەر بەگ و نەوزادی کوڕی دەریان هێنا، تاوەکو بێتواتە بە زیندوویی بەدوای ئۆتۆمۆبێلدا بە بەرچاوی خەڵکی شارۆچکەی ڕانیە، چوارقوڕنە، گردجان، سەروچاوە و بێتواتە ڕایانکێشا، سەدان ئۆتۆمۆبێلیان ناچارکرد بەسەر تەرمەکەیدا بڕوات. دواتر لە بێتواتە نەوتیان بەزۆر لە ماڵی خوشکێکی کێخوا ڕەسوڵ بێتواتەیی وەرگرت و پێشیان گوت: (وا براکەتی پێ دەسووتێنین). دوای وەرگرتنی نەوتەکە لەو ژنە، ئاگریان بەردایە جەستەی کێخوا ڕەسوڵ.

هەر لە ساڵی (1983)دا برایەکی تری ڕەشۆی کێخوا ڕەسوڵ بەناوی سەربەست ڕەسوڵ ئەحمەد تەها لە لایەن نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە بێ هیچ تاوانێک شەهیدکرا، تەنیا لەبەرئەوەی براکەی پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بوو.

لە داستانی ڕزگارکردنی شارەدێی بێتواتە و بەشێک لە دێکانی ناوچەی خۆشناوەتی، لە ئەنجامی ئەوەی کە جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1983)دا پەلاماری بەشێک لە گوندەکانی دۆڵی بالیسان یان داو تا گوندی مێرگەسەر پێشڕەویان کرد، بەزۆر تەواوی دانیشتوانی ئەو گوندانەیان چەکدارکرد کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەوان. بەمەش بارەگای مەڵبەندی چواری ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە گوندی بالیسان بوو کەوتە ژێر هەڕەشەی حکومەت و جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە، بۆیە هێزێکی هەڵبژاردەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەنێوان ڕۆژانی (13–23)ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1983)دا لە هێرشێکی توند و فراواندا بۆ سەر مۆڵگای جاشەکانی بێتواتە، توانیان چیاکانی هەورێ، دەرە شیر، کڵاوی دێوانە، لەگەڵ شاخەکان و گوندەکانی کە لەلایەن جاشەکانی ئەنوەر بەگەوە داگیرکرابوون هەروەها شارەدێی بێتواتە و ناوچەکە بەتەواوی لە دەستی ئەنوەر بەگ، نەوزادی ئەنوەر بەگ و جاشەکانیان ڕزگار بکەن. بەڵام ئەو داستانە مەزنە بە خوێنی گەشی دە پێشمەرگە تۆمارکرا، لەنێو شەهیدەکان: (ئەبوبەکر خدر پیرداود سۆفی ناسراو بە بەکر بانی گوڵانی (1962/ کۆیە/ ئاشتی/ بانی گوڵان)، پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە، لە رۆژی (17.10.1983)دا لە چیای هەورێ لە نزیک گوندی چێوە شەهید کرا، جەلال بێکەس پێشمەرگەی تیپی (51)ی گەرمیان، شێرزاد ساڵەیی خەڵکی دوبز، عەبدوڵڵا ئیبراهیم یابە حوسێن (کاکۆ دوبزی) پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی (21)ی کەرکوک (ڕۆژی 23.10.1983) شەهید بوو، فوئاد عەبدولحەمید محەمەد مستەفا کەرکوکی لە تیپی (21)ی کەرکوک، کەریم عەلی محەمەد سەمیر حەمەد مشاری ناسراو بە (کەریم مشاری/ هەژار) پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، تەیب ڕەمەزان مەولود حەمەد شێخ شەروانی ناسراو بە سەید تەیب پێشمەرگەی کەرتی (1)ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر لە (23.10.1983)دا لە ماکۆک شەهید بوو، شوان موسا وسو حەمەد فەرماندەی کەرتی هەرێمی (14)ی ئاکۆیان لای سوار ئاغا، ناسر خدر عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە ناسر خۆرانی جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی مەڵبەند لە ڕۆژی (23.10.1983)دا شەهید بوو، یاسین عوسمان مەعروف عوسمان ناسراو بە هەڵگورد، پێشمەرگەی کەرتی (1) تیپی (91)ی سەفین، لە ڕێکەوتی 23.10.1983)دا شەهید بوو)، هەروەها شەهید عەلی نەبی عەلی ئەلیاس

(عەلی نەبی) و نەسروڵڵا عەلی مەحمود (نەسروڵڵا ئیلنجاغی) دوو بریندار ئەو داستانە بوون).

جاشەکانی ئەنوەر بەگ، لە شەوی (10/11.5.1984) هێرشیان کردە سەر گوندی خەتاری سەر بە شارەدێی ئەلقوش و دوو هاووڵاتی بێتاوانیان شەهید کرد کە یەکێکیان ئەسوەد موراد بوو؛ سەرچاوە: (2-252، نشرة أخبار كوردستان، العدد (116)، 24.5.1984، ص10).

جاشەکانی ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، سابیر ئەحمەد ڕەقیب سوورچی (فەوجی 2)، محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی (فەوجی 7)، جەوهەر محێدین جهانگیر هەرکی (فەوجی 8)، شێخ مەسعود کەبیر قەیوم سوورچی (فەوجی 14) و دوو سریەی سەربازی، لە شەوی (19/20.5.1984) پەلاماری گوندەکانی دۆستەکا، سینا، شاریا، شێخ خدرێ ناوچەی (قایدیا)ی سەر بە شارەدێی فایدە-یان دا، لە ئەنجامدا (5) پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم ناوانە بەدیل گیران: (بەهجەت عەبدولقادر مەرعان حەسەن، سدیق مستەفا سلێمان حەسەن، سەفەر محەمەد سدیق عەلی (1965)، سوبحی سەفەر سەعدون عەلی و شاکر شەریف)؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار كوردستان، العدد (117)، 15.6.1984، ص7). ئەو پێنج پێشمەرگە دیلە، دواتر لە ڕێکەوتی (14.4.1985)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە بەغدا لە سێدارە دران.

ئەو فەوجە بەشداری شالاوی ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداری کردنی فەوجی ناوبراو لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە 6536). دەربارەی بەشداری لە ئەنفالی یەک؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).

نەوزاد ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، بەگوێرەی فەرمانێکی کۆماری، سەرچاوەی (2-106، ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6753)؛ (2-107، ڕۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3906)، دوو مەدالیای ئازایەتی لە سەدام حوسێن وەرگرتووە، کە لە کوردەواریدا پێی دەڵێن مەدالیای ناپاکی و خۆفرۆشی.

سەرۆکجاش نەوزاد ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، فەرماندەی فەوجی چواری جاشە سووکەکان، ژمارە (121)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ. نەوزادی ئەنوەر

بەگ، براکانی و نەوەکانیان، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ن، نەزاد خۆیشی لە وڵاتی هۆڵەندە و کوردستان دەژیت.
ئەنوەر بەگ، لەدوای ڕاپەڕین چووە ڕیزەکانی (پدک)، بەڵام ئێستاکە لە ژیاندا نەماوەو مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (5): ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج حوسێن ئەحمەد خان ئاودەل و خالید سوار محەمەد ئەمین شێروانی (هەولێر/ 1947) فەرماندەی کۆمەڵ لە فەوجی پێنج، کە وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاساددانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام.
ئەسعەد جهانگیر، لە ڕێکەوتی (14.7.1984) هاووڵاتی فەرحان ڕوستی تەمەن (14)ساڵی شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار كوردستان، العدد (119)، أواسط آب 1984، ص6).
فەوجی (5)ی ئەسعەد هەرکی، فەوجی (25)ی سەرۆکجاش سەعید یوسف ئەسعەد زراری و فەوجێکی جاشە سووکەکانی سوورچییەکان، لە ڕۆژی (21.4.1985)دا لەگەڵ هێزێکی ڕژێم کە لە هەولێر و کەرکوک بە پشتیوانی چەندان کۆپتەری شەڕکەر هاتبوون، لە گوندی کەپەنک ڕەشی سەر بە شارۆچکەی دیبەگە چوونە سەر هێزێکی تیپەکانی (85)ی بەڕانەتی و تیپی (87)ی قەرەچوغ و شەڕ لە کاتژمێری دەی پێش نیوەڕۆ تاوەکو کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بەردەوام بوو. لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون بە ناوەکانی (مەجید ڕەحمان حەمەدئەمین ئۆمەر نۆغەرانی ناسراو بە (مەجیدە سوور) جێگری فەرماندەی تیپی (85)ی بەڕانەتی، ئەحمەد عەزیز عەبدوڵڵا حەمەد ناسراو بە ئەحمەدە سوور (گردی ڕەوە/ قەراج) بەرپرسی ناوچەی (1)ی دەشتی هەولێری یەکێتی شۆڕشگێڕان، دکتۆر هەمزە عەباس عوسمان خدر سیان (گابەڵەکە/ دیبەگە)، جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە مێرخوزاری، حاجی ئەنوەر و یەحیا محەمەد عەبدوڵڵا قادر ناسراو بە بەختیار - دیبەگە/ دڕکە). هەر لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەش بە برینداری بەدیل گیران بە ناوەکانی: (عەبدولڕەزاق ساڵح محەمەدئەمین محەمەد دۆنە عەوێنەیی، یاسین سدیق حوسێن خدر ناسراو بە یاسین قەراجی، کە ئەو دوانەیان لە ڕێکەوتی

(27.11.1985)دا لە بەغدا لە سێدارە دران، لەگەڵ سەیفەدین ئەحمەد ئیسماعیل دیبەگەیی، كە لە دادگای شۆڕش لەلایەن عەواد حەمەد بەندەر (15) ساڵ سزای زیندانی بۆ بڕایەوە، پاشان لە ڕێكەوتی (14.9.1988)دا بە لێبووردنی گشتی ئازادكرا). هەروەها سێ پێشمەرگەی تریش بە ناوەكانی (فاتیح مەولود حەسەن ناسراو بە فاتیح مەلاقەرە، بۆتان محەمەد سەعید قۆڕیتانی و حاجی سەباح پیرداود خالّند بندیان/ 1966/دیبەگە/ خدرجیجە) بریندار بوون.

فەوجی ناوبراو بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+3+5+8)ی كردووە.

دەربارەی بەشداری فەوجی پێنج لە ئەنفالی یەک، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەک لە گوندەكانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەكانی ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێكیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەكان لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان كرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) كە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2-74، هاوكاری، ژمارە (960)، ل6-7). هەر بەگوێرەی سەرچاوەی پێشوو كە ژمارە (960)ی ڕۆژنامەی هاوكارییە، سەرۆكجاش ئەسعەد جهانگیر هەركی، سێ مەدالیای ئازایەتی و جاشەكانی (162) مەدالیای ئازایەتییان وەرگرتووە.

سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەم فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەكانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-14، الثورة، ژمارە 6650)، كە ئەسعەد جهانگیر و حوسێن ئەحمەدخان باسی بەشداری كردنی فەوجەكەیان دەكەن لە هەر دوو ئەنفال یەكەم و دووەم دا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6640)، ل؟).

سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەم فەوجە لە ئەنفالی یەكدا؛ سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26).

سەبارەت بە بەشداری فەوجی ناوبراو لە ئەنفالی سێ؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەم فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی پێنجی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (8)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

ئەسعەد جهانگیر هەرکی، عومەر سۆفی، عەبدولخالق سەلیم، عەبدوڵڵا سەلیم و قاسم ڕەشید خدر لەگەڵ ئەو هێزەی ئەمنی هەولێر بوون، کە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر (عەقید ڕوکن تەحسین موسڵاوی) لە ڕێکەوتی (19.9.1990)دا پێشمەرگە، کادیر و فەرماندەی تیپی (87)ی قەرەچوغ و لێپرسراوی پاتیزانەکانی هەولێری پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاشم محەمەدئەمین جەمیل سادق (هاشم شەمامکی)یان لە دەلوگوڵ لە پشتی (عارەب کەند) لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم ئیسماعیل مورتکەیی شەهید کرد و پێشمەرگەیەکی تریش بە برینداری بەناوی (کاوە ناسیح مشاری/ ئاقوبانی) توانی خۆی دەرباز بکات و ئێستاکە موقەدەمی پۆلیسە لە هەولێر، ئەو سێ پێشمەرگەیە چوار جاشیان کوشت؛ سەرچاوە: (ئەو زانیارییەم لە ڕێکەوتی (9.5.2010)دا لە دکتۆر مەجید محەمەدئەمین جەمیل سادقی برای شەهید هاشم شەمامکی وەرگرتووە)!

سەرۆکجاشی فەوجی (6): حوسێن خدر حەمەد سوورچی.

جاشەکانی حوسێن خدر ئاغای سوورچی، لە ڕێکەوتی (28.6.1984) دوو هاووڵاتی بێتاوانی شاری هەولێریان لە گەڕەکی برایەتی (بەستەپیازە) بە ناوەکانی خالید وسو ئەیوب و ڕەسوڵ ئەحمەد شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2–254، نشرة أخبار کوردستان، العدد (119)، أواسط آب 1984، ص6).

فەوجی حوسێن ئاغای سوورچی بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)یان کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (6)ی حوسێن سوورچی لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوە و باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپا و جاشە سووکەکان دەکرێت کە لە ڕۆژانی (10+11.8.1987)دا کراوەتە سەر تەواوی

ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە کاولکردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری بخوێنەوە.

سەبارەت بە بەشداری کردنی فەوجی ناوبراو لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە 6536).

سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوی دڕندەی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (6)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (325)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

حوسێن ئاغای سوورچی، لە ڕێکەوتی (16.6.1996)دا لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی گوندی کەلەکین بریندار کراو پاشان لە لایەن سوپای دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدیلی کوژرا. هۆکاری کوشتنەکەی حوسێن خدر ئاغا ئەوەبوو کە پارتی گومانی هاوسۆزی و لایەنگیری بنەماڵەی حوسێن ئاغای هەبوو لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دژی پارتی. حوسێن ئاغای سوورچی، شەهیدی (ی. ن. ک)ەو مانگانە (2.640.000) دینار دەدرێ بە بنەماڵەکەی.

سەرۆکجاشی فەوجی (7): محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕەزگەیی ڕێکانی، کە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی سەدامی بوو لە بەغدا. فارس تاهیر ڕەشید ڕێکانی (ئامێدی – 1951)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، کە ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی نەسیر موتەقەدم و وەکو نوێنەری پارێزگای دهۆک خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەدامی لە ڕۆژی (9.9.1989)دا، بەشداری جەنگی قادسیەی سەدامی کردووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە.

فازڵ عوبێد زوبێر ڕێکانی (ئامێدی – 1953)، جاشێکی خۆبەخشی فەوج، ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (نەسیر موتەقەدم) و وەکو نوێنەری پارێزگای دهۆک خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام لە

ڕێکەوتی (9.9.1989)دا، هەروەها بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە.

جاشەکانی محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی، سابیر ئەحمەد ڕەقیب سوورچی (فەوجی 2)، ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە (فەوجی 4)، جەوهەر محێدین جهانگیر هەرکی (فەوجی 8)، شێخ مەسعود کەبیر قەیوم سوورچی (فەوجی 14) و دوو سریەی سەربازی، لە شەوی (19/20.5.1984) پەلاماری گوندەکانی دۆستەکا، سینا، شاریا، شێخ خدرێ ناوچەی (قایدیا)ی سەر بە شارەدێی فایدە-یان دا، لە ئەنجامدا (5) پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم ناوانە بەدیل گیران: (بەهجەت عەبدولقادر مەرعان حەسەن، سدیق مستەفا سلێمان حەسەن، سەفەر محەمەد سدیق عەلی (1965)، سوبحی سەفەر سەعدون عەلی و شاکر شەریف)؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار كوردستان، العدد (117)، 15.6.1984، ص7). ئەو پێنج پێشمەرگە دیلە، لە ڕۆژی (14.4.1985)دا لە زیندانی بەغدا لە سێدارە دران.

محەمەد کەڵحێ و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (23.9.1985) لە ڕەبییەکانی گۆهەرز کاخراپ و مەلا ڕەزا لەنێوان ئامێدی و دێرەلوک، سێ پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم ناوانە شەهید دەکەن: (ئیسماعیل ئەحمەد پیرموس سەر بە ڕێکخراوی شەهید عەلی عوبەیدوڵلا، ئیسماعیل عەبدوڵڵا سەر بە ڕێکخراوی شەهید عەبدولڕەحمان حەمدی و عەبدولستار شوکری سەر بە ڕێکخراوی شەهید عەلی عوبەیدوڵلا)؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار كوردستان، العدد (136)، تشرين الأول 1985، ص9).

جاشەکانی محەمەد کەڵحێ ڕێکانی، لە ساڵی (1987) لە چیای کۆڕەژار ناسر سوریانی ڕێکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە بۆسەیەکدا شەهید کرد.

محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی و جاشەکانی، لە ساڵی (1987)دا لە بۆسەیەکدا لە گەلیێ باڵندا لەسەر ڕووباری شین و نزیک گوندی (سیتە)ی ڕێکانی، چەند پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەستگیرکرد لەنێویاندا ئەیوب محەمەد بەنستانی و عومەر خان ئەحمەد باوانی ڕێکانی بەرپرسی ڕێکخراوی کۆڕەژاری سەر بە ناوچەی گولان، کە ڕادەستی ئەمنی دهۆک کران و دواتر لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دران.

فەوجی جاشە سووکەکانی محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی، بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)ی کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوە و باسی ئەو پەلامارە هاوبەشەی سوپا و جاش دەکرێت کە لە ڕۆژانی (10+11.8.1987)دا کراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە کاولکردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری نووسراوە.
سەبارەت بە بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

محەمەد کەڵحێ ڕێکانی، دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) باشووری کوردستانی جێهێشت و پەنای بۆ ڕژێم برد، تا ڕوخانی سەدام لەوێ مایەوە، کە دواتر ڕایکرد بۆ ئوردەن و دوای بێئومێد بوونی گەڕایەوە بۆ کوردستان و هاتەوە دهۆک.
محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی سەرۆکجاشی فەوجی حەوتی جاشە سووکەکان، ژمارە (225)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ. محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و دیوەخانانە، مووچە، زەوی و خانووی سەربەست لەزگین عەبدولڕەحمان سندۆری بەرپرسی لقی (1)ی پێشووی دهۆکی پارتی و لقی (8)ی ئێستای زاخۆی پارتی بە (50) دەفتەر دۆلار (واتە نیو ملیۆن دۆلار) بۆ کڕاوەو چەند کوڕێکیشی کراون بە ئەفسەری پلە بەرزی لەشکری پارتی.

سەرۆکجاشی فەوجی (8): جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی و حەسەن محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی.
عەلی سەلیم خواجە هەرکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
حەسەن نوری ئەمیر، یاریدەدەری سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد مەجید سندی فەرماندەی کۆمەڵ لە فەوجی ناوبراودا (کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات بووە لە زاخۆ).

محێدین جهانگیر حاجی ئاغای هەرکی (محێی هەرکی)، سەرۆکجاشی مەفرەزە خاسە بووە، بەڵام لە شەوی (24/25.8.1981) بەدەستی ڕژێم کوژراو دوای ئەویش جەوهەری کوڕی شوێنی ئەوی گرتەوە.

فەوجی جەوهەر هەرکی، لە ساڵی (1983) دامەزراوە و زیاتر لە (6) هەزار جاشی هەبووە.

جاشەکانی جەوهەر محێدین جهانگیر هەرکی، سابیر ئەحمەد ڕەقیب سوورچی (فەوجی 2)، ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە (فەوجی 4)، محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی (فەوجی 7)، شێخ مەسعود کەبیر قەیوم سوورچی (فەوجی 14) و دوو سریەی سەربازی، لە شەوی (19/20.5.1984) پەلاماری گوندەکانی دۆستەکا، سینا، شاریا، شێخ خدرێ ناوچەی (قایدیا)ی سەر بە شارەدێی فایدە-یان دا، لە ئەنجامدا (5) پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم ناوانە بەدیل گیران: (بەهجەت عەبدولقادر مەرعان حەسەن، سدیق مستەفا سلێمان حەسەن، سەفەر محەمەد سدیق عەلی (1965)، سوبحی سەفەر سەعدون عەلی و شاکر شەریف)؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار كوردستان، العدد (117)، 15.6.1984، ص7). ئەو پێنج پێشمەرگە دیلە، لە ڕۆژی (14.4.1985)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دران.

فەوجی جەوهەر هەرکی، بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوە و باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپای سەدام و جاشە سووکەکان دەکرێت، کە لە ڕۆژانی (11.8.1987+10)دا کراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە کاولکردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری نووسراوە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

فەوجی ژمارە (8)ی جاشە سووکەکانی جەوهەر محێدین هەرکی، بەشداری شەڕی هەڵەبجەی کردووە؛ سەرچاوە: (نووسراوی ژمارە (153)ی ڕۆژی (16.3.1988)ی

سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق (کە ئەوکاتە فەریقی یەکەمی ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە) بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەک، کە تیایدا هاتووە: هێزە بەشدارەکانی شەڕی هەڵەبجە فەرماندەیی هێزەکانی (43)، لیوای کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی چوار، فەوجی پارێزگاری نیشتمانیی (8) و تیپی (28)؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل 5824).

جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی هەشتی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (166)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

جەوهەر هەرکی، تا ڕوخانی سەدام لە بەغدا بوو، پاشان بوو بە لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی (2004)دا وەکو کاندیدی (پدک) دەستنیشان کرا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی ئێراق، بەڵام دەرنەچوو. ئەوەبوو دواتر لە داخان و بە دەست لە پشتدانی کۆنە بەعسییەکان لەگەڵ ئەرشەد ئەحمەد زێباری لە سوریا و تورکیا (تجمع عراقيي الشمال)یان دروستکرد.

جەوهەر هەرکی، دواتر پارتی ئازادی و دادپەروەری کوردستانی دامەزراند و بوو بە سەرۆکی پارتەکە، بەڵام لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (6.7.2012)دا سەنگەری گواستەوە بۆ ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرۆکجاشی فەوجی (9): حوسێن جهانگیر جادر مزوری.

فەوجی نۆ بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+8)یان کردووە.

سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).

سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

حوسێن جهانگیر جادر مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی نۆی جاشە سووکەکان، ژمارە (323)ە لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

حوسێن جهانگیر جادر مزوری، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.5.2007)دا، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر

هەبووە، پێوەندیشی تاکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (10): قەهار حسێن شەریف حەسەن بەرزنجی ناسراو بە سەید قەهار (دیبەگە - خورمەڵە).
دوای کوژرانی سەید قەهار لە ڕێکەوتی (26.4.1984)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکاتی گفتوگۆی ڕژێم و (ی. ن. ک)دا لە گوندی گردەڕەشە-ی نێوان هەولێر – قوشتەپە، سەید حوسێن شەریف حەسەن بەرزنجی هاتە شوێنی کوڕەکەی.
عەباس حوسێن شەریف بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، لە ڕۆژی کوژرانی سەید قەهاری برایدا پەلاماری خوێندکارێکی ئامادەیی دا لە گەڕەکی کورانی هەولێر بەناوی (عزەت عەزیز عەلی فارس) کە بە سەختی بریندارکرد و دوای (5) ناوبراو لە نەخۆشخانە لە ڕۆژی (1.5.1984)دا گەیشتە کاروانی شەهیدان. تاکە تاوانی ئەو قوربانییە ئەوەبوو کە زەردەخەنە کەوتبووە سەر لێوەکانی و ڕوخساری لەکاتی تێپەڕبوونی تەرمی سەید قەهار بە کۆڵانەکەیاندا.
لە ڕۆژی (6.6.1984)دا مەناف نادر قادر حەمەد ناسراو بە سەفین مەلاقەرە، سەڵاح شینە عەبدولڕەحمان خدر بندیان ناسراو بە سەڵاح شینە و دوو پێشمەرگەی دیکە لە ماڵێک دەبن لە گەرەکی (سەدام)ی ناو شاری هەولێر، جاشەکانی سەید قەهار بە سەرپەرشتی براکانی چوار دەوریان دەگرن و دەبێتە شەڕیان. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر بەناوی حوسێن محەمەد حوسێن شەهید دەبێ و سێ پێشمەرگەش بریندار دەبن کە ئەمانە بوون: (ئیبراهیم مەولود حەسەن ئەمین ناسراو بە مەلا برایم مەلاقەرە (14.5.2007/ کارگێڕی مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی هەولێر لە نزیک گوندی منارەی نێوان هەولێر دیبەگە بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل کۆچی دوایی کرد)، سەمەد ئەحمەد ئیسماعیل مەخموری ناسراو بە هێمن (لە ڕێکەوتی 26.5.1986دا گیراوەو دواتر لە ڕێکەوتی 21.2.1988دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە)، لەگەڵ نەجمەدین مەخموری).
عەباس سەید حوسێن شەریفی جێگری سەرۆکجاش، لە ڕۆژی (23.11.1984)دا تەقەی لە دوو برادا کرد بە ناوەکانی بورهان فەقێ و سەڵاح فەقێ کە هاووڵاتی

بێتاوان بوون و هەردووکی شەهید کردن؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (127)، 31.12.1984، ص3).

هێزێکی جاشەکانی فەوجی (10)ی سەید قەهار کە بارەگایان لە دیبەگە بوو، لە ڕێکەوتی (4.5.1985)دا چوونە سەر دوو کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پێشمەرگەی (ی. ن. ک) کە لە گوندی چیغلۆکی سەر بە شارۆچکەی دیبەگە لە ماڵی تەحسین عەلی شەریف بۆری بوون، دوای شەڕێکی سەختی چەند کاتژمێری، خدر عەزیز باپیر وسو خورمەڵەیی شەهید بوو، کە پێشتر برایەکی دیکەی بەناوی قادر عەزیز باپیر خورمەڵەیی لە ڕێکەوتی (11.11.1983)دا لە گوندی مەلاکاغا لەگەڵ فاروق مەولود حەمەد مستەفا شیواشۆکی ناسراو بە (خاڵە فاروق) کە هەر دووکیان پێشمەرگە بوون لە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر شەهید بوون، هەروەها دلێر حەمەدئەمین قادر حەسەن قەشقەیی (دلێر مەلا شینە) بە بریندارى لە شەڕی چیغلۆک بەدیل گیراو ڕادەستی ئەمنی هەولێر کرا، پاشان لە دادگای شۆڕش فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (9.3.1986)دا لە سێدارە درا، دوای سێ ڕۆژیش واتە ڕێکەوتی (12.3.1986)دا برایەکی دیکەی بەناوی ئازاد حەمەدئەمین قادر حەسەن قەشقەیی (ئازادی مەلا شینە) ناسراو بە (هیوا) کە پێشتر لە ڕێکەوتی (21.5.1985)دا لە بازگەی هەولێر – کەسنەزان لەلایەن ئەمنی هەولێر ڕائید مەدحەت کۆیی و بە چاوساغی هەر یەک لە محەمەد مستەفا عارەبکەندی و سەعدی شەمشولە ئامر سریە لە فەوجی وەهاب ڕەحمان محەمەد ئەمین زەنگەنە (وەهاب عەیشێ)، سەرۆکجاشی فەوجی (153) دەستگیر کرابوو لە بەغدا لە سێدارە دراو تەرمەکانیان بەیەکەوە گەڕایەوە بۆ شاری هەولێر.

عەباس حوسێن شەریف بەرزنجی، جێگری فەوجی (10) لە ساڵی (1987)دا لە چیای قەندیل کەوتە ژێر بەفر و مرد، کەچی ئێستاکە شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستانە. بنەماڵەی سەید حوسێن شەریف خورمەڵەیی، ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن.

عەبدولخالق محەمەد ساڵح ئەمین (عەبدە قوت)، فەرماندەی سریە، لە دیبەگە بە عەبدە خوێڕی ناسرابوو، چونکە پیکابێکی شۆڤرلێتی زەردی زۆر بەخێرایی بەناو بازاڕ و کۆڵانەکانی دیبەگەدا لێدەخوڕی و خەڵکەکەش ئەم ناوەیان لێنابوو. دوای ڕاپەڕین چووە ناو (ی. ن. ک) و لە ڕۆژی (22.2.1995)دا لە شەڕی ناوخۆ کوژرا،

کەچی ئێستاکە مووچەی بەناو شەهیدانەکەی بەپلەی فەرماندەی تیپ (1.725.000) یەک ملیۆن و حەوت سەد و بیست و پێنج هەزار دینارە.

سەرۆکجاشی فەوجی (11): بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد ناسراو بە (بەهرامی شێمەی هاڕونی)، ئەکرەم شێمەی هاڕون، جێگری سەرۆکجاش.
شێخ محەمەد هاڕونی باوکی بەهرام لە ڕێکەوتی (1.3.1986)دا لە جاشایەتی و لە نزیک چوارتا لە شەڕی ئێراق – ئێرانی واتە قادسیەی سەدام کوژرا. محەمەد شێخۆ خۆشناو فەرماندەی سریە.
لە ڕۆژی (2.7.1986)دا، جاشەکانی فەوجی یازدەی بەهرامی شێمەی هاڕونی، دوو کادیر و پێشمەرگەی (ئاڵای شۆڕش)یان بەناوکانی سەدرەدین ڕەزا حەسەن محەمەد قورشاغلویی (نەبەز) و مەهدی باپیر حەمەدئەمین حوسێن ناسراو بە (ڕێباز)، لە دەشتی بەڕانەتی لە (بەرحوشتر) دەستگیرکرد و هەمان ڕۆژ ڕادەستی بەڕێوەبەریتی ئەمنی هەولێری کردن. ئەو دوو پێشمەرگەیەی ئاڵای شۆڕش لە ئەمنی کۆن بەرانبەر چایخانەی بایز لە حەوزەکە لەگەڵ ئێمە بوون، دواتریش ماوەیەک لە ئەمنە نوێکە لە ژووری چوار بەیەکەوە بووین و خۆیان لە ژوورەکەدا باسی ئەوەیان کرد کە لەلایەن جاشەکانی بەهرامی شێمەی هاڕون گیراون و ڕادەستی ئەمنی هەولێر کراون. بەر لەوەی بگوازرێمەوە بۆ ژووری یەک، ئەوان پێکەوە لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی (1987)دا ڕەوانەی دادگای شۆڕشی عەواد حەمەد بەندەر کران. عەواد حەمەد بەندەر لە ڕێکەوتی (21.1.1987)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ سەدرەدین و مەهدی دەرکرد، دواتریش لە ڕۆژی (29.12.1987)دا لە ژووری سێدارەی بەغدا لەگەڵ ژمارەیەک کوردی تر لە سێدارەدران.
فەوجی (11)ی جاشە سووکەکانی سەرۆکجاش بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد هاڕونی، لە ڕێکەوتی (13.11.1986)دا، چوار پێشمەرگەی حزبی شیوعییان لە گوندی هێلەوەی بناری زورگەزراو بە ناوەکانی: (عەلی نەزیر ئەحمەد موسڵاوی ناسراو بە عادل شەبەک، عوسمان خدر کاکیل یەحیا ناسراو بە سەرکەوت، مومتاز محەمەد سۆفی بڵباس ناسراو بە پێشڕەو و هێرش مەجید عەبدوڵڵا حوسێن ناسراو بە سمکۆ)، شەهید کرد.

لە هێرشێکی هاوبەشی هێزێکی گەورەی بەرەی کوردستانی بە بەشداری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی لە شەوی (19/20.4.1987)دا بۆ سەر شارۆچکەی قەرەداغ و ڕزگارکردنی کە جاشەکانی بەهرام شێخ محەمەد هاڕونی و ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای سەرۆکجاشی فەوجی (147) پاراستنی ئەو شارۆچکەیان لە ئەستۆدا بوو، دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بە ناوەکانی نوری محەمەد ئەحمەد و مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە مستەفای حەمەی شەمە (1962/ تەپەگوڵاوی) فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (15)ی شارەزوور، هەروەها لە پارتی دیموکراتی کوردستان حەبیب ئەحمەد ئەمین بارام جاف و خەلیل سەید محەمەدئەمین عەزیز بەرزنجی، شەهید بوون.

فەوجی بەهرامی شێمەی هاڕون لە ڕۆژی (10.10.1987)دا لە پەلامارێکدا بە هاوکاری سوپا و کۆپتەری ڕژێم بۆ سەر پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لە گوندی شیوەسۆری سەر بە قوشتەپە کە دەکەوێتە نزیک گوندی هێلەوە، حەوت پێشمەرگەیان شەهید کرد بە ناوەکانی: (ئەحمەد خورشید حەسەن بابان/ سۆربەش/ 1963 ناسراو بە کامەران، نەوزاد بیلال خدر خەڵکی دیانە ناسراو بە دکتۆر ئازاد، هاشم مستەفا عەبدوڵڵا شێروانی ناسراو بە ئەحمەد کادیر خەڵکی گوندی لهێبان و کادیری ناوچەی کەندێناوە، باسل کازم سەفار تائی ناسراو بە باوکی تەغرید، دکتۆر هانی دەنحا داود دەنحا بەرتلەیی ناسراو بە دکتۆر سەعید (1949)، غازی عەبدولڕەحمان یابە عەزیز گەلاڵی/ ترپەسپیان/ 1968 ناسراو بە دڵدار و بەهرام ئەبوزێد مەولود ئەمین مەرزانی/ قەڵاتەسۆران/ 1966 ناسراو بە هاوڕێن).

فەوجی یازدەی جاشە سووکەکان، بەشداری شالاوی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (37)، سێشەممە، ڕێکەوتی (19.9.2006)، لاپەڕە (3)، بەهرامی شێمەی هاڕونی کۆنە سەرۆکجاش دوای ڕاپەڕین تاوەکو کاتی ڕوخانی ڕژێمی سەدام سیخوڕی لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە.

بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد، سەرۆکجاشی فەوجی (11)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (308)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ. ئەو بنەماڵەیە ئەوڕۆکە سەر بە پارتی دیموکراتی

کوردستانن. بەهرام، لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (21.8.2019)دا لە هۆڵەندە مرد. ئەکرەم محەمەد هاڕون، جێگری سەرۆکجاش، ڕۆژی (10.10.2019) مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (12): موشیر ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران (بەرزنجی). ڕەزا موشیر ئیسماعیل ڕۆڤی (ڕۆڤیا – بەردەڕەش)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی دوازدەی موشیر ئیسماعیل ئاغای بەرزنجی، لە ڕێکەوتی (8.3.1983)دا دامەزراوە.
جاشەکانی موشیر ئیسماعیل ڕۆڤی، لە ڕێکەوتی (22.2.1985) ژنێکی بێتاوانیان بەناوی حەواء حوسێن دێریشکی لە ناوچەی کانی بلاڤێ/ بەرواری باڵا لە نزیک گوندی ڕاڤینا شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار کوردستان، العدد (129)، أواخر آذار 1985، ص3).
فەوجی موشیر ئیسماعیل ئاغا، بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).
موشیر ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی (گۆران)، لە ژیاندا نەماوە و مردووە، بەڵام کوڕو نەوەکانی سەر بە (پدک)ن و بەشار موشیر ئیسماعیل گۆران ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەم (2013–2018)، لەسەر لیستی پارتی.

سەرۆکجاشی فەوجی (13): محەمەد ڕەشید مەحمود جاف، جێگری سەرۆکجاشی فەوج عوزێر ئیسماعیل عەلی مامەسێنی ناسراو بە (عوزێر سەرگەڕانی).
هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی سێی هەولێر و مەڵبەندی چواری بادینانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەوی (28/29.3.1988) هێرشی کردە سەر بارەگای فەوجی (13)ی جاشە سووکەکان و ڕەبیەکانیان لە گوندی (پاڤینا)ی کانیماسی. لەکاتی گرتنی بارەگای فەوجی (13)دا، پێشمەرگەی کەرتی (3)ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر ئیبراهیم عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەزیز پیرداودی ناسراو بە مامۆستا ئیبراهیم شەهید کرا.
فەوجی سێزدەی محەمەد ڕەشید جاف، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە.

سەبارەت بە بەشداریكردنی فەوجی (13) لە شاڵاوی ئەنفالەكانی یەكەم و دووەمدا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە 6536).
سەبارەت بە بەشداری فەوجی محەمەد جاف لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (14): شێخ مەسعود شێخ كەبیر قەیوم سوورچی.
ئەمیر شێخ كەبیر قەیوم سوورچی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
نزار كەبیر قەیوم سوورچی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
نەقیب عەدنان عەباس بەتاش، فەرماندەی فەوج.
هەر یەك لە (ڕوكنەدین جارولڵا قەیوم، زوبێر جاسم زۆربك، سەلیم ناجی ئیبراهیم، عەبدولڕەحمان ڕەحمان محەمەد، عەبدی ئەحمەد عەبدی، عوسمان عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم، عوسمان عەبدوڵڵا عوسمان، محەمەد ئەمین حوسێن، مەسعود ئەمیر كەبیر و موعین قەیوم محەمەد، فەرماندەی سریە بووینە؛ سەرچاوە: 1-61، عزەت بریفكانی، قەهرەمانێت بەهدینا، ل27).
فەوجی (14)ی مەسعود كەبیر سوورچی، لە ڕێكەوتی (22.1.1984)دا دامەزراوە و نزیكەی (2.500) جاشی هەبووە.
جاشەكانی شێخ مەسعود كەبیر قەیوم سوورچی، سابیر ئەحمەد ڕەقیب سوورچی (فەوجی 2)، ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە (فەوجی 4)، محەمەد كەڵحێ تاهیر ڕێكانی (فەوجی 7)، جەوهەر محێدین جهانگیر هەركی (فەوجی 8) لەگەڵ دوو سریەی سەربازی، لە شەوی (19/20.5.1984) پەلاماری گوندەكانی دۆستەكا، سینا، شاریا، شێخ خدرێ ناوچەی (قایدیا)ی سەر بە شارەدێی فایدە-یان دا، لە ئەنجامدا (5) پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان بەم ناوانە بەدیل گیران: (بەهجەت عەبدولقادر مەرعان حەسەن، سدیق مستەفا سلێمان حەسەن، سەفەر محەمەد سدیق عەلی (1965)، سوبحی سەفەر سەعدون عەلی و شاكر شەریف)؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار كوردستان، العدد (117)، 15.6.1984، ص7). ئەو پێنج پێشمەرگە دیلە، لە ڕۆژی (14.4.1985)دا لە زیندانی بەغدا لە سێدارە دران.

ئەو فەوجە بە سەرپەرشتی مەسعود کەبیر سوورچی بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە، هێزێکی پێکهاتوو لە (325) جاش بە فەرماندەیی مەسعود کەبیر سوورچی لەگەڵ تیپی (45)دا بەشدارییان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (15): عەبدولغەفور خالید دووبەردانی گۆران.
خالید عەبدولغەفور دووبەردانی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
خالید عەبدولغەفور خالید دووبەردانی و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (4.8.1985)دا لە ڕەبیەی بۆتیا لەنێوان شارەدێی سەرسەنگ و شارۆچکەی ئامێدی دوو پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید دەکەن بەناوی: (ڕەمەزان کەلەش لە ڕێکخراوی شەهید شەریف عەبدولڕەحمان و سەید مستەفا محەمەد لە ڕێکخراوی شەهید عەگید عەمادی) لەگەڵ بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی پارتی و یەکێکی حزبی شیوعی؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار کوردستان، العدد (134)، آب 1985، ص2).
فەوجی پازدە بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە، هێزێکی (615) جاشی بە فەرماندەیی عەبدولغەفور خالید و لەژێر فەرمانی تیپی (7)دا بەشدارییان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەبدولغەفور خالید دووبەردانی، سەرۆکجاشی فەوجی (15)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (168)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
خالید دووبەردانی جێگری سەرۆکجاشی فەوجی پازدە، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (16): عاسم ئەمین ئەحمەد گۆران (دارەتوو/ بەردەڕەش)، کە لە مانگی دەی ساڵی (1986)دا خۆی و عەنتەر تەحسین جێگری سەرۆکجاشی فەوج و هەندێک جاش کە ژمارەیان (39) چەکدار بوو لە ئەنجامی شەڕ و دوژمنایەتی لەگەڵ بنەماڵەیەکی دیکە چوونە ناو ڕیزەکانی (پ. د. ک) و لە سنووری لیژنەی ناوچەی ئامێدی و لە گوندی بەلاڤێ نیشتەجێ بوون و دواتر بەرەو ئێران ڕۆیشتن.
لەدوای ڕۆیشتنی ئەوان، عزەدین محەمەد ئەمین یاسین عچاچ ڕەژێگەری (گۆران)ی ئاغای گۆمەزەرد، لە شوێنی عاسم ئەمین کرا بە سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو.

بەگوێرەی لێدوانی سەرۆک جاشی فەوجی ناوبراو، فەوجەکەیان لە ساڵی (1984)دا دامەزراوە و (1300) جاشی هەبووە.
ئەم فەوجە بەشداری ئەنفالی (1+2)ی کردووە.
نەقیب محەمەد ڕەزا جاسم محەمەد فەرماندەی فەوج، هەروەها هەر یەک لە یوسف بەکر یاسین و عەبدولڕەزاق مەحمود مەجید ئامر سریە بووینە؛ سەرچاوە: (2-80، هاوكاری، ژمارە (967)، ل4).
سەرۆکجاشی فەوج بۆ هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری دەدوێ و باسی ئەوەی کردووە کە بەشداری شەڕی پێشمەرگەیان کردووە لە (سەنگاو، دوکان، کارێزە، ماوەت و مانگێش)، کەواتە دەیسمەلمێنێ بەشداری ئەنفالی کردووە. نەقیب محەمەد ڕەزا جاسم محەمەد بۆ هەمان ڕۆژنامە باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری ئەنفالی یەک و دووی کردووە.
عزەدین محەمەد گۆران، ئێستا ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (17): محەمەد سەلیم قادر عوسمان شوشی زێباری.
عەبدولکەریم محەمەد سەلیم قادر عوسمان شوشی زێباری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
یوسف عزەت محەمەد سەلیم شوشی زێباری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
قەیسەر محەمەد عوسمان، فەرماندەی سریە.
عەبدولکەریم محەمەد سەلیم شوشی کە بە کەریم شوشی ناسرابوو، لە پراکتیکدا ئەو سەرۆکجاشی فەوجی (17) بوو، کە محەمەدی باوکی لەبەر تەمەن گەورەیی کاروبارەکانی فەوجەکەی پێ بەڕێوە نەدەچوو، هەروەها یوسف عزەت کە ناوەکەی ناوێکی مورەکەبە و هەر یەک کەسە و کوڕی محەمەد سەلیم شوشی و برای عەبدولکەریم محەمەدە، کە ئەو یوسف عزەت محەمەدە لە ساڵانی حەفتاکاندا جێگری پارێزگاری دهۆک بووە.
فەوجی (17)ی محەمەد سەلیم شوشی زێباری، لە ساڵی (1983)دا دامەزراوە.
فەوجی محەمەد سەلیم، بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و

ناوچەكەدا تۆماركراوە و باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپا و فەوجی جاشە سووكەكان دەكرێت كە لە ڕۆژانی (10+11.8.1987)دا كراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەكەن. تەواوی زانیارییەكان سەبارەت بە كاولكردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری نووسراوە.

فەوجی محەمەد سەلیم شوشی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+8)ی كردووە.

دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەک و دوو؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)، بەڵام ناوی جێگری سەرۆكجاش عەبدولكەریم (كەریم) محەمەد شوشی بە هەڵە بە فەوجی محەمەد كەریم نووسراوە.

سەبارەت بە بەشداریكردنی فەوجی محەمەد سەلیم زێباری لە ئەنفالی هەشتدا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

عەبدولكەریم محەمەد سەلیم زێباری، جێگری سەرۆكجاشی فەوجی (17)، فەرمانی دەستگیركردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق هەیەو لە لیستی ناوی داواكراوەكاندا ژمارە (201)ی دراوەتێ، هەروەها ناوەكەی لە ڕیزبەندی ژمارە (224)دا بەناوی محەمەد كەریم دووبارە بۆتەوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (18): ساڵح محەمەد جەمیل ئاغا خۆشناو.

فەوجی هەژدە بەشداری لە هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (3+8)دا كردووە.

سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالی سێدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).

سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (19): محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی.

جاشەكانی محەمەد قادر ئاغای سوورچی، لە ئێوارەی (17.1.1987)دا لە ڕێگای نێوان هەولێر – دیبەگە دەست ڕێژیان لە ئۆتۆمۆبێلێكی تیپی (87)ی قەرەچوغ كرد كە لە دەستە ڕاستی ڕێگاكە بۆ دەستە چەپ (لە گوندی یەدی قزلەر بۆ سێبیران)

دەپەڕینەوە، بووە هۆی بریندارکردنی دوو پێشمەرگەی مەفرەزەی تیپ بە ناوەکانی کاوە سادق نادر قەشقەیی و نوری ئەحمەد ڕەسوڵ (شۆڕش سێگرتکانی).
فەوجی محەمەد قادر بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+4+8)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل152).
محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
محەمەد قادر عەزیز ئاغا سوورچی، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.
محەمەد قادر ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (19)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (223)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ، بەڵام لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (10.10.2012)دا مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (20): ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری.
محێدین شێخ مەعروف مزوری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
شەعبان محەمەد تەها کانیچنارکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
محێدین شێخ مەعروف مزوری لە هۆڵەندا و کوردستان لە دهۆک دەژی.
شەعبان محەمەد تەها، ئێستاکە لە سەرسنگ دەژی و سەر بە (پ. د. ک) و زۆر نزیکە لە پارێزگاری ئێستای دهۆک (تەمەر ڕەمەزان).
فەوجی (20)ی ئیبراهیم حاجی مەلۆ مزوری، لە ساڵی (1983)دا دامەزراوە و بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+8)دا کردووە.
دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی بیست لە ئەنفالی یەکدا، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل

ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەکانی ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2–74، هاوکاری، ژمارە (960)، ل6–7).

سەبارەت بە بەشداریکردن فەوجی بیست لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–24، الثورة، ژمارە (6526)، ل؟)؛ (2–81، الثورة، ژمارە (6605)، ل؟)، کە دوو جاش بە ناوەکانی شەعبان محەمەد تەها و کەمال ئیبراهیم لە پاداشتی ئەو بەشداریکردنەیاندا مەدالیای ئازایەتی (نوط الشجاعة)یان لە سەدام حوسێن وەرگرتووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە شاڵاوە بەناوەکانیی ئەنفالی یەک و دوو؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ سەرچاوە: (2–79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6)؛ سەرچاوە: (2–82، العراق، ژمارە (3721)، ل؟)، کە سەرۆکجاشی فەوج ئیبراهیم حاجی مەلۆ مزوری خۆی سەرپەرشتی هەردوو ئەنفالەکانی یەک و دووی کردووە، محیّدین شێخ مەعروف مزوری جێگری سەرۆکجاشی فەوج، کە ئەویش سەرپەرشتی بەشێکی زۆری جاشەکانی کردووە لە هەردوو ئەنفالدا، سووربووە لەسەر ئەوەی کە بە دەستخەتی خۆی نامەی سەرکەوتن بۆ سەدام حوسێن بنووسێت و نامەکەشی بۆ نووسیوە.

هەروەها سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26+71)، کە سەرۆکجاشی فەوجەکە باسی بەشداریکردنی خۆیان دەکات لە ئەنفالەکانی یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج و هەشتدا، هەروەها باسی وەرگرتنی سی و پێنج مەدالیای ئازایەتی دەکات لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا؛ سەرچاوە: (2–83، هاوکاری، ژمارە (1004)، ل؟).

سەبارەت بە بەشداری فەوجی سەرەوە لە ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).
سەبارەت بە بەشداری فەوجی بیست لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ئیبراهیم مزوری لە ئەنفالی پێنجدا، بەگوێرەی نووسراوی (ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی ناوچەی باکوور) بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق1041/2)، ڕێکەوتی (2.6.1988)دا فەوجی ناوبراو لەگەڵ فەوجەکانی (34) و (40)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب21، ل5014).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).
ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (20)، فەرمانی دەستگیر کردنی دەرچووە و ژمارە (408)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ئیبراهیم عەلی مەلۆ مزوری، پارتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستانی دامەزراندوە و سەرۆکی پارتەکە بوو، بۆ ماوەیەک لە هۆڵەندا و کەنەدا ژیاو دوایی گەڕایەوە کوردستان، ئێستا لە هەولێرە و خاوەنی هوتێلی دمدم–ە لە هەولێر.

سەرۆکجاشی فەوجی (21): ئیسماعیل مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری.
ئەم فەوجە بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردن فەوجی ئیسماعیل پشدەری لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
پەیوەست بە بەشداری لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).
ئیسماعیل مەحمود ئاغای پشدەری، ژمارە (10)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ناوبراو سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان–ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (22): هەمزە عەباس مامەند حەمەد ئاکۆ ئاغای پشکۆ (ڕانیە – 1948).

فەقێ ئەحمەد ئەمین ڕەسوڵ بڵباس لاجانی، فەرماندەی سریە.
هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ، ئەندامی حزبی بەعس و ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی ئێراقی بووە و بەشداری قادسیەی سەدامی کردووە، پارە و زێڕی بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری شاری سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام و بۆتە ئەندامی خولی حەوتەم؛ سەرچاوە: (العراق، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی 29.8.1989).
فەقێ ئەحمەد ئەمین لاجانی فەرماندەی سریە، وەکو نوێنەری شاری سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام و بۆتە ئەندامی خولی حەوتەم.
فەوجی هەمزە عەباس ئاکۆ، بەشداری شالاوی ئەنفالی (1+2)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-84، الجمهورية، ژمارە (6784)، ل؟)؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی یەک؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).
هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ، سەرۆکجاشی فەوجی (22)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (172)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە، 324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە. هەمزە ئاکۆ، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (23): عاسیف ئەحمەد محەمەد ئاغای زێباری.
عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، سەرەتا مەفرەزە خاسەی ژمارە (111)ی سەر بە ئیستخباراتی ئاکرێی هەبووە، دواتریش لە ساڵی (1986)دا فەوجی (23)ی جاشە سووکەکانی دامەزراوە، کە دوو هەزار جاشی هەبووە.

فەوجی سەرۆکجاش عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+8)یان کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوە و باسی ئەو هێرشە هاوبەشەی سوپا و جاشە سووکەکان دەکرێت کە لە ڕۆژانی (10+11.8.1987)دا کراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە کاولکردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری نووسراوە.
دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالی یەک، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەکانی ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێکوپێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2-74، ل6-7).
سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالەکانی یەک و دوو؛ سەرچاوە: (2-78، ل؟).
سەبارەت بە بەشداری فەوجی ناوبراو لە سەرەوەدا لە ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).
هەر سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکدا، سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26).
سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

عاسیف ئاغای، بۆ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی هاوکاری دەدوێ و کۆپی دیمانەکەم هەیە، بەڵام بەداخەوە ژمارە و مێژووەکەی دیارنییە، دەڵێت: (مە پشکداریا کردی د هەمی وان شەڕادا ئەوێت هاتینە رویدان لکەرتێ فەیلەقا پێنج و فەیلەقا ئێک، بگرە ژ

گردەمەند، باتوفی، شێلادزێ، پێنجوین، شوان، مەسیف سەڵاحەدین، کانی ماسی، گەلناسکێ، چیایێ سەکران، مانگێش و عەربەت. هەروەها فەوجاما فەوجا (23) پشکداریا کری دکارێت ئەنفالا ئێکێ، ئەنفالا دوویێ، ئەنفالا سێ، ئەنفالا چارێ، ئەنفالا پێنجێ و ئەنفالا شەشێ).
سەرۆکجاش عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (198)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (24): جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی.
سەیفوللا سەلیم مستەفا بێسفکی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
جەعفەر مستەفا دۆسکی، کاتێ کە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات بوو، لە ڕۆژی (30.8.1976)دا پێنج پێشمەرگەی (ی. ن. ک) و هاووڵاتییەک لە نزیک زاخۆ دەکەونە داوی ناوبراو، ئەویش ڕادەستی ئیستخباراتیان دەکات و دواتر لە ڕۆژی (31.3.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێن، کە بریتین لە: (جاسم حەمەد ئەحمەد (زوممار/ موسڵ)، حوسێن ئەحمەد ئەحمەد میرانی (1949/ زوممار/ موسڵ)، ڕەشید محەمەد عەبدولڕەحمان (زوممار/ موسڵ)، عزەت سدیق کەریم مەحمود خۆشناو (هەولێر/ شەقڵاوە)، عەبدولڕەحمان حەسەن حوسێن شەنگالی (1952/ باشوک/ شەنگال/ موسڵ) و محەمەد سلێمان سیتۆ حەسەن (دهۆک/ زاخۆ/ سۆریا)، کە ئەوەی کۆتایی هاووڵاتی بووە و تەنیا هاوکاری پێشمەرگەکانی کردووە بۆ ئەوەی نەکەونە دەست دوژمن).
جاشەکانی جەعفەر مستەفا دۆسکی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخباراتی و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (24)، جاشەکانی حجی حەسەن بەرۆشکی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات و پاشان فەرماندەی سریە لە فەوجی (58)ی چیا دێوالی سەعید دۆسکی، جاشەکانی عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان ئامێدی (عەلی شەعبان) فەرماندەی مەفرەزە خاسە و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی (93) و جاشەکانی تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات، لە ڕێکەوتی (14.1.1981)دا پەلاماری گوندی (هەسەن پیرکا)یان دا لە شارۆچکەی ئامێدی، کە بووە هۆی شەهید کردنی ئەحمەد ڕەمەزان پێشمەرگە لە لیژنەی

ناوخۆی ئامێدی پارتی دیموكراتی كوردستان؛ سەرچاوە: (2–253، أخبار كوردستان، العدد (9)، تشرین الثاني/ كانون ألأول 1980، ص9–10).

جەعفەر مستەفا دۆسكی و لەزگین فەریق تاهیر دۆسكی سەرۆكجاشی فەوجی (27)، لە ساڵی (1985) لە گوندی مەمانێ پێشمەرگە فەرەج ئیسماعیل ڕەشید عەلی ئەلندكێ بەرپرسی یەكێك لە ڕێكخراوەكانی ناوچەی دهۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان شەهید دەكەن.

سەرۆكجاش جەعفەر مستەفا ساڵح دۆسكی، لە ڕۆژی (31.5.1986)دا بە بڕیارێكی عەلی حەسەن مەجید لە مانگێش گولله باران كرا.

سەیفوڵلا سەلیم دۆسكی جێگری جەعفەر دۆسكی مامی، لەدوای دەستگیركردنی ناوبراو بە هاوكاری پارتی دیموكراتی كوردستان لە شەوی (14.5.1986)دا شارۆچكەی (مانگێشی) ئازاد كرد و چووە ناو ڕیزەكانی پارتی، بەڵام ئەو پاش ئەنفالەكان لە ورمێی ڕۆژهەلاتی كوردستان مرد.

دوای ئەوە حكمەت نەجمان شەفیق زێوەیی دۆسكی، كرا بە سەرۆكجاشی ئەو فەوجە. هەر یەک لە عەبدولواحێد موسا شەهید ئاڤایی و عیسا عەلی زێوەیی دۆسكی، جێگرانی سەرۆكجاشی فەوج. ملازمی یەكەم ئەحمەد تەها حوسێن فەرماندەی فەوج و هەر یەک لە عزەت نەجمان شەفیق زێوەیی دۆسكی، جاسم هەجەر محەمەد ساڵح دۆسكی و هاشم عەلی قادر عەبدوڵلا دۆسكی فەرماندەی سریە بووینە.

حكمت نجمان شفیق زێوەیی دۆسكی كاتێك كە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بووە لەگەڵ شێخ سەلام شێخ سدیق عەبدوڵلا دەرگەڵی دۆسكی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و دواتر جێگری سەرۆكجاشی فەوجی (273) و حمید شێخ سدیق عەبدوڵلا دەرگەڵی برای لە ساڵی (1977)دا پێشمەرگەیەكی (پ. د. ک)یان بەناوی دەهام عومەر حەسەن هرۆری لە نزیک گوندی برجینی ناحیەی مانگێش شەهید كرد.

فەوجی حكمەت دۆسكی بەشداری ئەنفالی (8)یان كردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

حكمەت نەجمان شەفیق زێوەیی دۆسكی، لە كۆتایی ساڵی (1988)دا بە پلانی ئەمن و ئیستخباراتی ڕژێم لە بەغدا كۆتایی بە ژیانی هات و كوشتیان.

دوای کوژرانی حکمەت نەجمان دۆسکی برایەکی ناوبراو بەناوی عزەت نەجمان شەفیق زێوەیی دۆسکی، لە شوێنی ئەو کرا بە سەرۆکجاشی فەوجی (24) کە هەتا ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) مایەوە. عیسا عەلی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (24)، کارگێڕی پێشووی ناوچەی دهۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ساڵانی (1980)کاندا، بەڵام دوای کوشتنی چەند پاسدارێک گەڕایەوە دهۆک و بوو بە جێگری حکمەت نەجمان شەفیق دۆسکی و ئێستا کادیری لەشکری پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە دهۆک دەژی.

سەرۆکجاشی فەوجی (25): سەعید یوسف ئەسعەد زراری (گوندی مامخاڵان/ دارەشەکران).
هەمزە حوسێن عەلی حەمەد ناسراو بە هەمزە سێوی (1927/ دارەشەکران/ خاروان/ هەولێر)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی (25)ی سەرۆکجاش سەعید یوسف ئەسعەد زراری، فەوجی (5)ی ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی و فەوجێکی جاشە سووکەکانی سوورچییەکان، لە ڕۆژی (21.4.1985) لەگەڵ هێزێکی گەورەی ڕژێم کە لە هەولێر و کەرکوک بە پشتیوانی چەندان کۆپتەری شەڕکەر هاتبوون، لە گوندی کەپەنک ڕەشی سەر بە شارۆچکەی دیبەگە چوونە سەر هێزێکی تیپەکانی تیپی (85)ی بەڕانەتی و تیپی (87)ی قەرەچوغ و شەڕ لە کاتژمێری دەی پێش نیوەڕۆ تاوەکو کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ بەردەوام بوو. لەو شەڕەدا هەشت پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بە ناوەکانی (مەجید ڕەحمان حەمەدئەمین ئۆمەر نۆغەرانی (مەجیدە سوور)، جێگری فەرماندەی تیپی (85)ی بەڕانەتی، ئەحمەد عەزیز عەبدوڵڵا حەمەد ناسراو بە ئەحمەدە سوور (گردی ڕەوە/ قەراج) بەرپرسی ناوچەی (1)ی دەشتی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان، دکتۆر هەمزە عەباس عوسمان خدر سیان (گابەڵەکە/ دیبەگە)، جەمال ئەنوەر حەسەن لاوە مێرخوزاری، حاجی ئەنوەر و یەحیا محەمەد عەبدوڵڵا قادر ناسراو بە بەختیار - دیبەگە/ دڕکە). هەر لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەش بە برینداری بەدیل گیران بە ناوەکانی: (عەبدولڕەزاق ساڵح محەمەدئەمین محەمەد دۆنە عەوێنەیی، یاسین سدیق حوسێن خدر ناسراو بە یاسین قەراجی، کە ئەو دوانەیان لە ڕێکەوتی (27.11.1985)دا لە بەغدا لە سێدارە دران، لەگەڵ سەیفەدین ئەحمەد ئیسماعیل

دیبەگەیی، کە لە دادگای شۆڕشی بەعس لەلایەن عەواد حەمەد بەندەر (15) ساڵ سزای زیندانی بۆ بڕایەوە، پاشان لە ڕێکەوتی (14.9.1988)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا). هەروەها سێ پێشمەرگەی تریش بە ناوەکانی (فاتیح مەولود حەسەن ناسراو بە فاتیح مەلاقەرە، بۆتان محەمەد سەعید قۆڕیتانی و حاجی سەباح پیرداود بندیان خدرجیجەیی) بریندار بوون.

فەوجی ناوبراو بەشداری هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

بەپێی نووسراوی بنکەی هەواڵگری قەزای خورماتوو بۆ ڕێکخراوی ئیستخباراتی خۆرهەڵات بە ژمارە (1988/4/10/10340)، فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی قەزای خورماتوو، قادرکەرەم، نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک،ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشار و شێخ حەمید)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب25، ل5619)، واتە بەشداری ئەنفالی سێیەمی کردووە.

هەر سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالی سێدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).

سەعید یوسف ئەسعەد زراری، ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

کوڕەکانی هەمزە حوسێن عەلی حەمەد زرار (هەمزە سێوی)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، لە ڕۆژی (3.12.1994) هاوولاتی بەهائەدین ئەحمەد ساڵح (هەولێر/ تەیراوە)، لە گوندی کەورەبەن–ی سەر بە ئاسکی کەڵەک دەگرن و دواتر تەرمەکەی لە ڕۆژی (22.12.1994) لە نزیک گوندی ناوبراو فڕێ دەدەن. بەگوێرەی قسەی بنەماڵەی بەهائەدین ئەحمەد ساڵح، کوڕەکانی هەمزە سێوی گرتویانە و هەر ئەوانیش کوشتوویانە. خۆم بەهائەدینم دەناسی، ئەو نە پێشمەرگە و نە ڕێکخستن بوو، بەڵکو تەنیا سۆزی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو.

هەمزە سێوێ، لە ڕێکەوتی (31.3.1995) لە شەڕی ناوخۆدا لە گوندی کەلکان–ی سەر بە شارۆچکەی بەحرکە کوژرا و دواتر بە پلەی فەرماندەی بەتالیۆن مووچەی شەهیدانەی دەدرێ بە چوار ژنەکەی و هەر یەکەیان (850) هەزار دینار وەردەگرێ،

واتە تێکڕای شەهیدانەکەی (3.400.000) دینارە، هەر ژنێکیشی پارچەیەک زەوی وەرگرتووە.
کوڕەکان و نەوەی هەمزە سێوێ، هەموویان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن.

سەرۆکجاشی فەوجی (26): نەقیب مەحمود حەمە ڕەسوڵ ئاغا پشدەری.
ڕەسوڵ حەمە ڕەسوڵ ئاغا پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
ئیبراهیم خالید ڕەسوڵ و حەمە مەحمود ئیبراهیم ئامر سریە.
فەوجی ناوبراو بەشداری هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ئەنفالەکانی یەک و دوو؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل نەزانراوە).
هەر سەبارەت بە ئەنفالی یەک؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).
مەحمود حەمە ڕەسوڵ ئاغا، فەرماندەی فەوجی (26)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (120)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا دراوەتێ.
نەقیب مەحمود ئاغای پشدەری، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (27): لەزگین فەریق تاهیر ئاغا هەمزانی دۆسکی.
خالید حاجی تاهیر هەمزانی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج و ئامۆزای لەزگین.
عەزیز حاجی ڕەشید کۆڤلی دۆسکی (مانگێش)، فەرماندەی سریە و ئەندامی ڕێکخراوی حزبی بەعس لە مانگێش، کە لەسەر کارێکی بێڕەوشتی لەلایەن کەسێکی کریستانی بەناوی عۆدیشۆ مانگێشی لە ساڵی (1988)دا کوژرا و عۆدیشۆ سەرەتا خۆی گەیاندە ناوچە ڕزگارکراوەکان و پاشان چووە دەرەوەی کوردستان.
لەزگین فەریق تاهیر هەمزانی دۆسکی و جەعفەر مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی سەرۆکجاشی فەوجی (24)، پێشمەرگە فەرەج ئیسماعیل ڕەشید عەلی ئەلندکی بەرپرسی یەکێک لە ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سەر بە ناوچەی دهۆک شەهید دەکەن.

خالید تاهیر هەمزانی دۆسکی، لە کۆتایی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی (1985)دا لە ڕێگای پێشمەرگە سەید حەکیم مستەفا بانکی توانی یەکێک لە کادیرەکانی ناوچەی شێخانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی شەعبان مەحمود کۆچەر شەهید بکات و دواتریش سەید حەکیم هەوڵی شەهید کردنی کۆمەڵێک کادیری پارتی دەدات کە ئەمانە بوون: (ئەکرەم ئەحمەد نەجیب مائی بەرواری کادیری ناوچەی ئامێدی، ڕزگار تەها عوسمان کێستەیی کادیری ناوچەی ئامێدی و ناسیح یوسف ئەبوزێد کێستەیی ئەندام ناوچەی ئامێدی)، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو پێشمەرگانە گومانی لێدەکەن سەرکەوتوو نابێت و دەگەڕێتەوە لای خالید هەمزانی و دەبێتە جاشی مەفرەزە خاسەی ئەو. دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تۆڵەی شەهید کردنی شەعبان مەحمود کۆچەر لە ناوەڕاستی ساڵی (1987)دا پلانێکی تۆکمە دادەڕێژی بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار سەید حەکیم مستەفا بانکی و دەستگیری دەکات، دوای لێکۆڵینەوە و دانپێدانان بە تاوانەکانی گوللە باران دەکرێت.

فەوجی لەزگین فەریق دۆسکی، بەشداری شالآوی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

لەزگین فەریق تاهیر ئاغا دۆسکی، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.5.2007)دا، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تا ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕۆژی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

لەزگین دۆسکی، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و ڕاوێژکاری مەسعود بارزانییە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی. لەزگین دۆسکی، بەهۆی پارتییەوە بۆتە یەکێک لە بازرگانە دەوڵەمەندەکانی دهۆک.

سەرۆکجاشی فەوجی (28): عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی.
مەعروف زەنگەنە، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
سدیق عوسمان مەولود تورەقی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
عەلی ئیبراهیم حەمەد، فەرماندەی سریە.

لە ڕۆژی (16.8.1980)دا بەهرام خاڵند محەمەدئەمین نادر گەلاڵی (1952/ هەولێر/ قوشتەپە/ چەمرگە - پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان) و فاروق نامیق محەمەدئەمین نادر گەلاڵی (1952/ هەولێر/ قوشتەپە/ چەمرگە - ڕێکخستنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان)، لە ماڵەکەی بەهرام خاڵند چەمرگە لە گەڕەکی سەیداوەی هەولێر، لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (28)ی جاشە سووکەکان عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی و چەند جاشێکی ناوبراو ئەوانەی کە ناسراو بن (فەتاح ناوێک و خەسرەو مەحمود محەمەد ئەحمەدی جێگری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی عومەر حەسەن ڕەسوڵ)، دەستگیرکران و ڕادەستی هەیئە خاسەی شاری کەرکوک کران. لە ڕۆژی (29.10.1980)دا لە هەیئە خاسە دادگاییکران و شەهید بەهرام خاڵند چەمرگە سزای سێدارە و فاروق سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایە درا. دواتر بەهرام خاڵند لە شەوی (11.12.1980)دا لەگەڵ پێنج سزادراوی دیکە لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا.

عومەر حەسەن ڕەسوڵ، لە کۆتایی ساڵی (1981)دا کەسێکی بەناوی حەسەن دارەتوویی بە تۆمەتی ئەندامی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەگرتدا، کە هەر لەو ساڵەدا حەسەن دارەتوویی لەژێر ئەشکەنجە لە هەیئە خاسەی کەرکوک گیانی لە دەست دا؛ سەرچاوە: (2-244، شێخ محەمەد خدر تەها، ئەو ڕۆژانەی ئەمرۆیان دروست کرد، کەناڵی ئاسمانی کوردسات).

فەوجی (28)ی عومەر حەسەن لە ساڵی (1983)دا دامەزراوە.

ئەیاد تۆفیق سەعید محەمەد (1961/ پۆلیسی هاتوچۆ)، لە ساڵی (1983)دا لە هەولێر بەدەستی جاشەکانی عومەر حەسەن گەردی شەهید کرا.

سدیق عوسمان تورەقی، لە دوای ڕاپەڕین لە ڕێکەوتی (9.12.1994)دا کوژرا چونکە یەکێک بوو لە جاشە بەدناوەکانی هەولێر کە چەندان کەسی بەگرتدابوو.

عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی، لە ڕۆژی (10.4.1985)دا دوو پێشمەرگەی تیپی (91)ی سەفینی (ی. ن. ک)ی بە ناوەکانی سدیق جەواد حەمە شەریف ئەحمەد گەلاڵی (1968/ هەولێر/ باغەمرە) و کامەران حەسەن مەولود پیرداود (1967/ هەولێر)، لە کەسنەزان بەدیل گرت و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کردن، کە دواتر لە ڕۆژی (15.3.1986)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە بەغدا لە سێدارە دران.

فەوجی جاشە سووکەکانی عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی، لە ساڵی (1985)دا کاتێک کە پاسەوانی ئاغجەلەر و دێهاتەکانی دەوروبەریان پێسپێردرابوو، لە شەوی (14/15.9.1985)دا هێزێکی پێشمەرگەی تیپی (25)ی خاڵخالان کە پێکهاتبوو لە سێ کەرتی یەکی قەڵاسێوکە، کەرتی دووی شیوەسوور و کەرتی سێی چەمچەماڵ بە سەرپەرشتی دانا ئەحمەد مەجیدی سەرتیپ، هێرشیان کردۆتە سەر دوو ڕەبایەی گوندی کانی سپیلکەی ئاغجەلەر، بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی تەقینەوەی چەند مینێک لەژێر قاچی پێشمەرگەکان و تەقەی زۆری جاشەکان، یازدە پێشمەرگە بەم ناوانە شەهید بوون: (ئەمین عەبدولکەریم ئەمین بەکر (ئەمین قەسرۆکی – ئاغجەلەر)، جومعە عەبدولکەریم محەمەد ساڵح (جومعە ڕیشە کەرکوکی) لێپرسراوی دارایی تیپ، عەبدوڵڵا محەمەدئەمین ئیبراهیم (عەبدوڵڵا قەرەناوی - شوان)، عەزیز محەمەد ساڵح ئەحمەد سۆنەگۆلی (بارام) ڕابەر سیاسی کەرتی سێی چەمچەماڵ، عەلی حاجی حەمەدئەمین فەتاح عەلی (عەلی کارێزەیی - شوان)، عومەر محەمەد عەبدوڵڵا خدر ناسراو بە عومەر حەمە قوچ (کانی هەنجیر – ئاغجەلەر)، فازڵ عەلی سەعید سەعدون شوانی (شێرکۆ قەرەناوی)، کامەران تەها فەرەج مەحمود کەرکوکی (کامەران بیکەیسی)، کاوێس حەوێز عومەر ئەحمەد (کاوێس مۆرخواردەیی – ئاغجەلەر)، محێدین ئەحمەد محەمەد چەمچەماڵی (محێدین بێکەس) و یاسین سەلام ساڵح خدر ناسراو بە یاسین تەقتەقی (تەقتەق – شوان)، لەگەڵ برینداربوونی (23) پێشمەرگە؛ سەرچاوە: 2-237، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 5618). تەرمی شەش پێشمەرگە کەوتە بەردەستی جاشەکانی عومەر حەسەن و بەنهێنی لە کەرکوک نێژرابوون، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا تەرمی ئەو شەش پێشمەرگەیە لە گۆڕستانی شێخ محێدین دۆزرایەوە و بۆ شوێنی لەدایکبوونیان گواسترانەوە.

لە ڕۆژی (22.2.1986)دا لەنێوان کونەگورگ و دارەتوو لە سنووری هەولێر، دوو پێشمەرگەی کەرتی (3)ی تیپی (87)ی قەرەچوغ بە ناوەکانی مزەفەر حامید مجید حەمید مەنتک (1962/ دووشیوان/ قوشتەپە) و مستەفا ئەحمەد مستەفا تەها مەنتک ناسراو بە سەرباز (1957/ دووشیوان/ قوشتەپە) و ئازاد عەبدوڵڵا خدر سلێمان (1965/ غەرابە/ دیبەگە/ هەولێر) پێشمەرگەی کەرتی (3)ی تیپی (85)ی بەڕانەتی، بەدەستی سەرۆکجاش عومەر حەسەن و جاشەکانی شەهید کران.

عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی، لە شەڕی چوارتا مەدالیای ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە.

عومەر حەسەن، لە ڕۆژی (12.12.1986)دا یوسف مەجید حەمەد سیاوی ئەندامی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی لە ماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کرد. لە ڕۆژی (25.12.1987)دا یوسف مەجید حەمەد ڕەوانەی دادگای شۆڕشی بەغدا کراو فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (29.5.1988)دا لە سێدارە درا.

فەوجی عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی بەشداری شالاّوی ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–85، الثورة، ژمارە (6519)، ل نەزانراوە).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی، سەرۆکجاشی فەوجی (28)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (361)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ. عومەر حەسەن، دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژی (21.9.1992)دا لەلایەن (ی. ن. ک) لە شاری کەرکوک کوژرا و تەرمەکەی لە موسڵ نێژراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (29): جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ (خۆشناو).

نەقیب ڕەزوان محەمەد، فەرماندەی فەوج.

فەوجی جەمیل ئاغای کۆڕێ بەشداری شالاّوی ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغا کۆڕی، سەرۆکجاشی فەوجی (29)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (321)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

جەمیل کەریم ئاغای کۆڕێ ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

جەمیل کەریم مەجید، بەگوێرەی سەرچاوە: (2–232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی

ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (30): سەعید محێدین ئەحمەد ئاغا بەردەڕەشی زەنگەنە.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، غانم ئیبراهیم بەردەڕەشی.
فەوجی سەعید زەنگەنە، لە ساڵی (1983) دامەزراوەو بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
سەعید محێدین ئەحمەد زەنگەنە، سەرۆکجاشی فەوجی (30)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (80)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. سەعید بەردەڕەشی لە ژیاندا نەماوەو مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (31): قادر مەحمود خان خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی.
محەمەد ئەمین برادۆستی جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی قادر مەحمود خەلیفە برادۆستی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (2)یان کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
قادر مەحمود خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (31)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (368)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
قادر بەگ مەحمود خان خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.
قادر مەحمود خان خەلیفە، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە ڕۆژی (22.8.1996) لە شەڕی براکوژیدا کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (32): سابیر ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک/ ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم مەنتک.
فەوجی ئیبراهیم مەنتک، بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە.

سابیر ئەحمەد مەنتك و كۆمەڵێك لە جاشەكانی لە ڕێكەوتی (4.3.1987)دا لە سەر ڕێگای قەرەداغ – سلێمانی كەوتنە بۆسەیەكی پێشمەرگەكانی تیپی (57)ی سەگرمەی یەكێتیی نیشتمانیی كورستان و خۆی و چوار جاش كوژران.
دوای كوژرانی سابیر مەنتك، ئیبراهیم مەنتكی برای شوێنی ئەوی گرتەوە.
سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
ئیبراهیم ئەحمەد مەنتك، سەرۆكجاشی فەوجی (32)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (305)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ.
ئیبراهیم ئەحمەد مەنتك، سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان بووەو لە ڕۆژی هەینی، ڕێكەوتی (30.6.2017)دا كۆچی دوایی كردووە.

سەرۆكجاشی فەوجی (33): محەمەد سلێمان محەمەد سلێمان باڵەك و سلێمان محەمەد سلێمان باڵەك (خەڵكی گوندی وەڵاش)ن.
نادر قوربانی، یەكێك لە فەرماندەی سریەكانی فەوجی (33)، كە لە هێرشی ئەنفالی هەشت لە خواكورك كوژرا.
فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەكانی (2+8)یان كردووە.
سەبارەت بە بەشداری لە هێرشی ئەنفالی دوو؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
لەنێوان ساڵانی (1983-1987)دا، مستەفا ناوپردانی (مستەفا ئەحمەد محەمەدئەمین حوسێن)، فەوجی ژمارە (33)ی هەبووە؛ سەرچاوە: (نووسراوی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان بە ژمارە (29047) لە ڕێكەوتی (23.9.1985) بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی پارێزگای هەولێر). هەر بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (29047)ی سەرەوە، مستەفا ناوپردانی (16) هەزار دیناری بە دوو جار بۆ هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ناردووە، ئەم زانیارییەش بەهۆی پێشمەرگەیەكی دەوروبەری مامۆستا نازم عومەر دەباغ كۆیی، بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی سێی ئەوكات، كە بارەگای مەڵبەند لە گوندی دۆڵە ڕەقەی دۆڵی خانەقا

بوو، گەیشتۆتە ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. وە بەگوێرەی نووسراوی ئەمنی هەولێر بۆ گشت بەڕێوەبەرێتیەکانی ئەمن و بەشەکان بە ژمارە (8983) لە ڕۆژی (16.8.1987) کە تیایدا هاتووە مستەفا ئەحمەد محەمەدئەمین (فەوجی 33)، لە ڕۆژانی (1-2/8/1987)دا لەگەڵ فەرماندەی تیپی (78)ی کارۆخ و تەواوی فەرماندەو بەرپرسەکانی سەر بە (ی. ن. ک) و نەجمەدین گروونی لە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبۆتەوە و گفتی پێداون، ئەگەر هێزەکانی حکومەت گوندەکانی دۆڵی خانەقا کاول بکات، ئەوکاتە خۆی و فەوجی (33) شانبەشانی هێزی پێشمەرگە پەلاماری سوپا و هێزەکانی حکومەتی بەعس و سەدام بدەن. هەر لە ئەنجامی دانیشتنەکانی مستەفا ناوپردانی لەگەڵ بەرپرسانی پێشمەرگە و هاوکاری و یارمەتیدانی بە (ی. ن. ک) و زانیارییەکانی کەسە نزیکەکەی مامۆستا نازم، مستەفا ناوپردانی بۆ جاری یەکەم لە مانگی دووی ساڵی (1987)دا لەلایەن ئەمنی فەیلەقی (5)ەوە لە هەولێر دەستگیر دەکرێت و دواتر لە ڕێکەوتی (10.4.1987)دا ئازاد دەکرێت، بەڵام جاری دووەم لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە هەولێر دەگیرێت، کە دوای نزیکەی دوو مانگ دەگوازرێتەوە بۆ بەندیخانەی ئیستخباراتی بەغدا لە (ألأعظمیة). مستەفا ناوپردانی، تا ڕۆژی دادگاییکردنی لە ڕێکەوتی (22.6.1988)دا لە دادگای شۆڕش (دادگای بەعس)دا لەو زیندانەدا دەمێنێتەوە، سەرەڕای پێدانی (50) هەزار دیناری ئەوکات کە پارەیەکی زۆر بوو وەکو بەرتیل لەلایەن بنەماڵەی ناوپردانی بە عەواد حەمەد بەندەری سەرۆکی دادگای ناوبراو، لەو ڕۆژەدا سزای هەتا هەتایەی بۆ دەردەچێت.

مستەفا ناوپردانی، تا ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری لێبووردنی گشتی ژمارە (736)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس (مجلس قیادة الثورة) لە ڕێکەوتی (6.9.1988)دا بۆ زیندانە سیاسییەکانی کورد، لە زیندانی بادۆش لە شاری موسڵ مایەوە. ئەوەبوو دواتر مستەفا ناوپردانی بەگوێرەی بڕیاری ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا، لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا ئازاد کرا.

مستەفا ناوپردانی، لە ساڵانی (1979-1981)دا فەرماندەی کەرت بووە لە هەرێمی (7)ی باڵەک، بەڵام دواتر بە ناچاری گەڕاوەتەوە ناو شار.

لە یەکەم هەڵمەتی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیوی دانیشتوانی شاری هەولێر و شارۆچکەکانی لە ڕۆژی (11.3.1991)دا، مستەفا ئەحمەد ناوپردانی لە یەکەم

کەسانی هێرش بەر بوو بۆ سەر ئەمنی شاوەیس و مۆڵگای حزبی بەعس لەو شارۆچکەیەدا، کە دوای کوشتن و بەدیلگرتنی ئەمن و بەعسییەکان، توانیان ئەو شارۆچکەیە ئازاد بکەن. مستەفا ناوپردانی، هەر بە پاککردنەوە و ئازادکردنی ئەو شارۆچکەیە نەوەستا، بەڵکو بێ هیچ پشوودانێک لەگەڵ هاورێکانیدا درێژەیان بە هەڵمەتەکانیان داو بەرەو شاری هەولێر هەنگاویان نا، بەڵام بەداخەوە لە دەروازەی شار گوللەی بەعسییە فاشییەکان و دوژمن ڕێگەی لە بەشداری مستەفا ناوپردانی گرت لە ڕزگارکردنی ئەو شارەدا و گیانی بە کورد و کوردستان بەخشی.

سەرۆکجاشی فەوجی (34): سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە (دۆڵەمەڕی – بارزانی)، کە پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (67)ی سەر بە ئیستخباراتی دیانای هەبووە.

فەوجی سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+5)یان کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردن ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6519)، ل؟).

دەربارەی بەشداری لە ئەنفالی دوو؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).

سەبارەت بە بەشداری فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالی پێنج، بەگوێرەی نووسراوی (ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور) بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق1041/2)، ڕێکەوتی (2.6.1988)دا فەوجی (34)ی سەعید شێتنە بەشداری ئەو ئەنفالەی کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب21، ل5014).

سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ شێتنە، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە.

سەعید ئەسعەد شێتنە، سەرۆکجاشی فەوجی (34)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (398)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەعید ئەسعەد شێتنە، لە ساڵی (1996)دا لە پەنای پارتی دیموکراتی کوردستان هاووڵاتییەکی گوندی (باپشتیان)ی سەر بە (دیانە)ی بەناوی مستەفا عەلی مستەفا ئەحمەد ناودەشتی کوشت.

فەوجی سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاولاَتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا تا ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم هەر هەبووە؛ سەرچاوە: (2-232)، بەلاَم سەعید شێتنە خۆی لە ڕۆژی (31.8.1996)دا لە هەولێر لەلایەن (پدک) ڕفێنراو دواتر کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (35): عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف، پێشتر عەمیدی هەوالگری هۆبەی (3) بووە.

جێگرانی سەرۆکجاشی فەوج هەر یەک لە

بەختیار خالید جاف، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

هیوا عەلی کەریم جاف، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

هەروەها هەر یەک لە فەرماندەی سریە تاهیر عوسمان ڕۆستەم ڕۆغزایی و محێدین کوێخا محەمەد حەسەن جاف (1962 – هەڵەبجە - شارەزوور)، ئەندامی خولی پێنجەمی یاساداناني ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان – لایەنگی ڕژێمی سەدام و ئەندامی حزبی بەعس بووە بەپلەی نەسیر، بەشداری قادسیەی کردووە و پارەو زێڕیشی بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی بۆ خولی حەوتەم لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا هەڵبژاردبوو.

تاوانبار تاهیر عوسمان ڕۆستەم، فەرماندەی سریە لە فەوجی (35)ی جاشە سوکەکان و پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (62) بووە، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ، کفری، سەنگاو، کەرکوک، پێباز و کەلاری کردووە، واتە بەشداری شالاَوی ئەنفالی (3)ی کردووە؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238).

دوای ڕاپەڕین، تاوانبار تاهیر عوسمان ڕایکرد بۆ بەغدا و دیالە تا ڕوخانی بەعس لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا درێخی نەکرد لە خزمەتکردنی دوژمندا، کەچی ئێستاکە لە دەربەندیخان دادەنیشێت.

تایەر عوسمان ڕۆستەمی فەرماندەی سریەی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای بالاَی تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بەهۆی بەشداری لە ئەنفالەکاندا بۆ دەرچووە و ژمارە (197)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3)دا.
سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک و دوو؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6519)، ل؟).
سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالەکانی یەک و سێدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147+156).
فەتاح بەگی جاف لە پاداشتی ئەنفالەکاندا، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (1014)، ڕۆژی (3.10.1988)، مەدالیای ئازایەتی لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر وەرگرتووە.
عەمید فەتاح کەریم بەگ جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (35)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی هەیەو دوو ژمارەی (269+403)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.
فەتاح کەریم جاف، تا ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە بەغدا بوو، دواتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیپاراست و لایەنگری ئەوان بوو تا لە ڕۆژی (17.10.2016)دا لە هەولێر مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (36): سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی.
شەمسەدین سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی (شەمۆ هەرکی)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
حەمید زێڕۆ ئەمین هەرکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
ئەحمەد زێڕۆ ئەمین هەرکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، کە پێشتر مەفرەزە خاسەی ژمارە (95)ی سەر بە ئیستخباراتی دیانای هەبووە.
نەقیب عەلی مەولود شوەیش، ئەفسەری لێپرسراوی بەڕێوەبەرێتی و فەرماندەی فەوج.
ئەم فەوجە لە ڕێکەوتی (24.10.1984)دا دامەزراوە.
مەفرەزەیەکی جاشەکانی ئەم فەوجە بە سەرکردایەتی ئەحمەد زێڕۆ هەرکی، لە ڕۆژی (31.1.1986)دا لە بانی کۆزان لە نزیک قەڵای دیوین بەرانبەر بە گوندی ئاژگە لە سنووری پیرمام، مەناف تاهیر تۆفیق عەلی زراری (1965/ کاوانیان/ شەقڵاوە)، پێشمەرگەی ئاڵای شۆڕشی شەهید کرد.

هێزێكی گەورەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ڕێكەوتی (4.6.1987)دا پەلاماری بارەگای فەوجی (36) و (50) ڕەبایەی سەر بەو فەوجەیان داو دەستیان بەسەردا گرتن.

فەوجی سادق زێڕۆ هەركی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+3+5+8)ی كردووە؛ سەرچاوە: (2–86، هاوكاری، ژمارە (998)، ل؟).

دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی سادق هەركی لە ئەنفالی یەك، شانبەشانی هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا بە فەرماندەیی عەمید ڕوكنی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەك لە گوندەكانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەكانی ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل، لە لێدوانێكیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێك و پێك بوو، تێیدا فەوجەكان لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان كرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) كە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2–74، ڕۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (960)، ل6–7).

دەربارەی بەشداریكردنیان لە ئەنفالەكانی یەك و دوو؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

پەیوەست بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەك؛ سەرچاوە: (1–20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26).

سەبارەت بە بەشداریكردنی فەوجی سادق زێڕۆ هەركی لە ئەنفالەكانی یەك، دوو و سێدا، سەرۆكجاشی فەوج بۆ ڕۆژنامەی هاوكاری دەڵێت: (لە كارەكانی ئەنفالی یەكەم و دووهەمدا بەشدار بووین لە ڕزگاركردنی ناوچەی قەرەداغ. هەروەها بەشداربوونی فەوجەكەمان لە كاری گەلیماسی و ئەنفالی یەكەم، دووهەم و سێیەم؛ سەرچاوە: (2–86، هاوكاری، ژمارە (998)، ل؟).

سەبارەت بە بەشداری كردنی فەوجی (36) لە شاڵاوی ئەنفالی پێنج، بەپێی نووسراوی (ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات) بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، بە ژمارە (ش3/ق1041/2)، لە ڕێكەوتی (2.6.1988)دا، فەوجی

ناوبراو بەشداری شاڵاوی ئەو ئەنفالەیان كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب21، ل5014).
دەربارەی بەشداری كردنی فەوجی سادق زێڕۆ ، لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
سادق زێڕۆ ئەمین، سەرۆكجاشی فەوجی (36)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (338)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواكراوەكان دراوەتێ.

سەرۆكجاشی فەوجی (37): تاریق فایەق وەلەد كاكەیی زەنقڕی.
فەوجی تاریق كاكەیی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+3+4)یان كردووە.
دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی سی و حەوت لە شاڵاوی ئەنفالی یەك، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و گوندەكانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەكانی ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێكیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیار و ڕێكوپێك بوو، تێیدا فەوجەكان لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان كرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) كە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2-74، هاوكاری، ژمارە (960)، ل6-7).
سەبارەت بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەك؛ سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26).
سەبارەت بە بەشداریكردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەكانی یەك و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ (2-79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).
سەبارەت بە بەشداری لە هێرشی ئەنفالەكانی یەك و چوار؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل149، 162).

تاریق فایەق کاکەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، خورماتوو، کفری، کەرکوک و سەرقەڵای کردووە، واتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240).
تاریق فایەق کاکەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (37)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (272)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
دواتر تاریق ئاغای کاکەیی فەوجی ناوبراوی لێسەندرایەوە و فەوجەکە درا بە ئەدهەم محەمەد سلێمان عەلی سەرایی، هەر یەک لە براکانی سامی محەمەد سلێمان و سوبحی محەمەد سلێمان عەلی سەرایی بوون بە جێگرانی سەرۆکجاشی فەوج.

سەرۆکجاشی فەوجی (38): فارس مستەفا حەسەن سلێڤانەیی.
حوسێن عەبدولکەریم ڕەشید، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هێزێکی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی (20.3.1986)دا، پەلاماری ڕەبیەکانی گردی تاوس و گردی سیڤۆ کە دەکەونە سەر گوندی بۆسەل لە ناحیەی دەرکارعەجەم دا کە جاشی فارس مستەفا سلێڤانی تێدابوو، لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی جەعفەر مستەفای کادیر و ڕەمەزان پێشمەرگە لە ڕێکخراوی شەهید شەریف عەبدولڕەحمان، شەهید بوون؛ سەرچاوە: (2-255، أخبار كوردستان، العدد (141)، آذار 1986، ص5).
هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی فارس مستەفا سلێڤانەیی و جەهوەر بەشار ساڵح سندی سەرۆکجاشی فەوجی (152)، لە ڕۆژی (23.4.1987) هێرشیان کردە سەر هێزێکی پێشمەرگەی پارتی لە ناوچەی سەرسویلاڤ لە زاخۆ و موحسین مەحمود لە ڕێکخراوی شەهید محەمەد ساڵح شەهید و پێنج پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون؛ سەرچاوە: (2-255، أخبار كوردستان، العدد (155)، نيسان 1987، ص8).
فەوجی جاشی فارس سلێڤانەیی، بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
فارس سلێڤانەیی، لە ساڵی (2005)دا لە بەغدا کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (39): وریا بایز جەمیل کاکل گەردی و بایز جەمیل کاکل گەردی.

جێگری سەرۆکجاشی فەوج، ئیبراهیم تۆفیق.
فەوجی ناوبراو لە ڕێکەوتی (1.12.1984)دا دامەزراوە و بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
وریا بایز جەمیل گەردی، وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام و بۆتە ئەندامی خولی حەوتەم، هەروەها بەشداری جەنگی قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە بۆ نۆژەن کردنەوەی شاری فاو.

سەرۆکجاشی فەوجی (40): کەریم خان مەحمود خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، سەلام کەریم خان مەحمود برادۆستی، کە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
جاشەکانی کەریم خان برادۆستی، ئەرشەد ئەحمەد زێباری (فەوجی 1)، جاشەکانی ساڵح سوورچی و (23) مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات، لە شەوی (29/28-4-1986) هێرشیان کردە سەر (سەری بەردی)، دوای شەڕێکی سەخت پێشمەرگە حەدۆ خانەمیر مستەفا باوەیی شەهید و (3) پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون؛ سەرچاوە: (2-255، أخبار کوردستان، العدد (144)، آیار/ حزیران 1986، ص7).
فەوجی کەریم خان برادۆستی، بەشداری ئەنفالی (2+5)یان کردووە.
سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
سەبارەت بە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی پێنج، بەپێی نووسراوی (ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات) بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق1041/2)، ڕێکەوتی (2.6.1988)دا، فەوجی کەریم خان مەحمود بەشداری شاڵاوی ئەو ئەنفالەیان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب21، ل5014).
بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (36)، سێشەممە، ڕێکەوتی (12.9.2006)، لاپەڕە (1)، کەریم خان برادۆستی سەرۆکجاش، دوای ڕاپەڕین تاوەکو کاتی ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سەدام سیخوڕی لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە.

کەریم خان مەحمود خەلیفە، سەرۆکجاشی فەوجی (40)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (371)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ناوبراو، لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (16.7.2012)دا لە وڵاتی ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (41): سدیق عەلی باویل ئاغا. جێگرانی سەرۆکجاشی فەوج شەفیق عەلی باویل ئاغا و دلاوەر کوردۆ باویل ئاغا.
فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
شەفیق عەلی باویل ئاغا (ڕواندز - 1957)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (41)ی جاشە سووکەکان، بەشداری قادسیەی سەدامی کردووە، پارە و زێڕی بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام.

سەرۆکجاشی فەوجی (42): تاهیر حوسێن سەید محەمەد جەباری چەمچەماڵی (سەید تاهیری گەورە).
مەریوانی تاهیر حوسێن سەید محەمەد جەباری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هەر یەک لە عزەت محەمەد، حەسەن ئەحمەد، حوسێن ئەحمەد، جەبار ڕەشید، غازی عەبدوڵڵا، حاجی ئەمین محەمەد، نوری سەعید و عادل جابر فەرماندەی سریە بووینە.
هێزێکی جاش کە پێکهاتبوو لە هەر یەک لە سەید تاهیر سەید حوسێن محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە)، کە دواتر بووە سەرۆکجاشی فەوجی (42)ی جاشە سووکەکان، کاوە ئەحمەد تۆفیق (کاوە بازیانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی

(79)، قادر فەرەج عەبدوڵلا کەرکوکی (قالە فەرەج)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49)ی سەر بە ئیستخباراتی سەربازی ناوچەی شیمالی بە هاوکاری و پشتیوانی میلیشیا و هەلیکۆپتەری جەنگی، لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی نزیک تاسلۆجە و بەرانبەر بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان ئەنوەر حەسەن توانیان فەرماندە ئەنوەر حەسەن (ئەنوەر حەسەن خدر مەحمود ئاری کوتکی کەرکوکی)، فەرماندەی هەرێمی دووی پارێزگای کەرکوک و یازدە پێشمەرگەی تر شەهید بکەن بە ناوەکانی: (محەمەد شوکر بلوکێنی، ڕزگار جەلال خدر محەمەد ناسراو بە هێمن، جومعە حەسەن کەریم سلێمان ناسراو بە سیروان، محەمەد شێخ سدیق ناسراو بە سوارە، عەبدولخالیق سالّح ئەحمەد قادر سۆنەگۆلی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ، عەبدوڵلا سالّح ڕەسوڵ ناسراو بە مامۆستا چیا، کامەران مام عومەر نەجاڕ، کەمال قادر فەتاح ئەبوبەکر چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران، نوعمان عەبدوڵلا عوبێد مەعروف کلآوقوتی ناسراو بە هاوڕێ و نەجمەدین فاتیح شوکر ئیسماعیل کەرکوکی ناسراو بە شێروان)، مۆفەق عەبدولڕەحمان مەحمود عەزیز تەقی بە برینداری کەوتە بەردەستی جاشەکان و دوای ماوەیەک سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە، بەلآم لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا، کە دوای ئازادبوونی گەڕایەوە ناو شۆڕش و دووبارە بووەوە بە پێشمەرگە، کەچی دواتر لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک لە ڕێکەوتی (19.3.1991)دا شەهید بوو).

فەوجی سەید تاهیر جەباری، بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+5+6+7)دا کردووە.

سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت؛ سەرچاوە: (1– 19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل149، 166).

سەید تاهیر حوسێن محەمەد جەباری، بەگوێرەی سەرچاوە: (2–232، ڕۆژنامەی هاولآتی، ژمارە 324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

سەید تاهیر، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و لە ڕۆژی (6.5.2014)دا مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (43): ڕەشید سەلیم حاجی عەلی ئاغا خەیلانی (1942–2008).

موعین ئەحمەد مامەک برایم خەیلانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، بەڵام حکومەت لە ساڵی (1988)دا موعین، خێزانەکەی بەناوی مریەم وسو ئەسعەد مامەک خەیلانی و دوو برازای بە ناوەکانی ڕەحمان خدر مامەک برایم خەیلانی و خانم خدر مامەک برایم خەیلانی و ئامۆزایەکی بەناوی غەزال ئەسعەد مامک برایم خەیلانی گرتن و پاشان لە ڕۆژی (15.2.1989)دا لە سەربازگەی ڕەشکین واتە بارەگای فەیلەقی پێنج بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان گوللە بارانی کردوون.

سەرۆکجاش ڕەشید سەلیم حاجی عەلی ئاغا خەیلانی، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە ساڵی (2008)دا مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (44): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (45): مەحمود ئەسعەد فەتاح هەرکی.

تاهیر غازی فەتاح هەرکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

محەمەد دەروێش، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

تاهیر غازی فەتاح هەرکی، کاندیدی پارێزگای هەولێر بووە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام لە ڕۆژی (9.9.1989)، بەڵام دەنگی پێویستی نەهێناوە.

تاهیر غازی هەرکی جێگری سەرۆکجاشی فەوج، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

فەوجی چل و پێنجی مەحمود هەرکی بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

مەحمود ئەسعەد فەتاح هەرکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (46): موشیر ئیبراهیم ئەحمەد مامەسێنی ئاغای سەرگەڕان.

مەعروف ئیبراهیم ئەحمەد مامەسێنی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
لە ساڵی (1985)دا پوشۆ ئیبراهیم ئەحمەد مامەسێنی برای سەرۆکجاشی فەوج، لەلایەن مەفرەزەیەکی حسک کوژرا، لە شەوی (12.9.1985)دا مەعروف ئیبراهیم مامەسێنی لە تۆڵەی پۆشۆی برای لە کلکەی دارەبزمارەی چیای قەرەچوغ چووە سەر سێ پێشمەرگەی حسک و دوای شەڕێکی سەخت دوو پێشمەرگەی بە ناوەکانی (عەبدوڵڵا حەسەن عەبدوڵڵا مستەفا ناسراو بە سەید عەبدوڵڵا سەرسۆر فەرماندەی کەرتی هەرێمی (7)ی قەرەچوغ/ 1950/ دووسەرە/ قوشتەپە و عەلی حوسێن حەمەد ناسراو بە عەلی عەوێنە) شەهید و پێشمەرگە جەعفەرە شەلی بریندارکرد، کە توانی بە بریندارى خۆی ڕزگار بکات.
فەوجی چل و شەشی موشیر ئیبراهیم ئاغای سەرگەڕان بەشداری لە شالاَوی ئەنفالەکانی (1+3+4+5+6+7)دا کردووە.
سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالەکانی یەک، سێ، چوار، پێنج، شەش و حەوت؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147، 156، 166).
بە گوێرەی نووسراوی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات، ژمارە (5/24/2318/ق3)، ڕێکەوتی (23.5.1987)دا، بۆ هۆبەی سێی سەر بە هەواڵگری سەربازی گشتیی دەربارەی کاولکردنی چەندان گوندی کوردستان لە ڕێکەوتی (17.5.1987)دا بە سەرپەرشتی هێزێک کە پێکهاتبوو لە (فەوجی جاشە سووکانی (46)ی فەوجی موشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای سەرگەڕان، فەوجی (79)ی جاشە سووکەکان و هێزێکی ئەندازیاری سەربازی)، کە گوندەکانی (ئەلیاوە، بەرخ، پێ دۆڵە، پیرەش، دەسکەرە، سلێمانە، سەید مەحمود، مشکۆتان، غولام کۆە، میرمار و کواجە) یان لەسەر نەخشە لابرد، کە سەر بە قادرکەرەم، لەیلان، قەڵا شێروانە، هەڵەبجە و پێنجوین بووینە؛ سەرچاوە: (2–1، ب25، ل5573). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەوجی جاشەکان بە فەرمانی حکومەتی بەعس شانبەشانی سوپای داگیرکەری سەدام، گوند، شارۆچکە و شارەکانی کوردستانیان کاولکردووە.
موشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای مامەسێنی، سەرۆکجاشی فەوجی (46)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (386)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ، بەڵام لە ژیاندا نەماوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (47): مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی.
فەوجی مەدحەت داودی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4)یان کردووە.
پەیوەست بە بەشداری لە ئەنفالی یەک؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل149).
سەبارەت بە بەشداریکردن ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل نەزانراوە).
سەبارەت بە بەشداری فەوجی مەدحەت داودی لە ئەنفالی چواردا، بەگوێرەی ژمارە (975)ی ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (16.5.1988)، هاتووە: (هێزەکانی سوپای بەعس بە سەرپەرشتی عەقید نعمەت غەریب عەبدوڵڵا و بەشداری هێزەکانی دووهەم، ڕەتڵی دەیەمین، فەوجی (138)، فەوجی (47) و پۆلێک لە هێزە تایبەتییەکان پەلاماری ناوچەی شوان (شیوەسوور، کەژە خاڵخاڵ، تەکمان باغ، ئۆمەرمەندان و کارێزە)یان داوە، دواتریش بەرەو کەرتی کۆیە بۆ ناوچەی جلەمۆرد، چنارۆک و دارەقوتە هەنگاویان ناوە).
مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی ئەنفالدا وەرگرتووە.
مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، دوای ڕاپەڕین چۆتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەپلەی لیوا لە هێزی پاراستنی سنوور لە هەولێر دامەزراوە.
مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، سەرۆکجاشی فەوجی (47)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (227+417)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (48): موشیر هادی ئەحمەد ئاغای سەربەشاخ.
فەوجی موشیر ئاغای سەرگەڕان بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

موشیر هادی ئەحمەد ئاغای سیان، سەرۆکجاشی فەوجی (48)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (387)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (49): محەمەد مەعروف پیرداود ئاغا دزەیی.
فەریق قاسم محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
نەقیب باسل ئاغا، فەرماندەی فەوج.
فەوجی محەمەد مەعروف پیرداود بەشداری ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
محەمەد شێخ مەعروف ئاغا دزەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (49)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (375)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (50): عەبدولڕەزاق محەمەد نەجم ئاغا بۆتانی کەلوکی.
شێخ سەلاح محەمەد نەجم ئاغا بۆتانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
حەبیب ڕەشید نەجم، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هەر یەک لە (ئەحمەد وەلی، ئیبراهیم نەجم حوسێن، ئیسماعیل محەمەد عەلی، ئەمین ئیبراهیم، بەهائەدین سەید بابەشێخ، حەبیب ڕەشید نەجم، حەمید محەمەد ئەمین، سلاح محەمەد نەجم، عارف محەمەد نەجم، عەلی محەمەد ئیبراهیم، عوبێد محەمەد سالح، عوبێد محەمەد سلێمان، کەکۆ محەمەد ئەمین، محەمەد عەبدولڕەحیم و یونس سلێمان موراد، فەرماندەی سریە بووینە؛ سەرچاوە: (1-61، عزەت بریفکانی، قەهرەمانێت بەهدینا، ل54).
فەوجی جاشی عەبدولڕەزاق محەمەد نەجم ئاغا بۆتانی، لە ڕێکەوتی (22.5.1985)دا دامەزراوە و بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+3+8)یان کردووە.
سەبارەت بە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی دوو و سێ، سەرۆکجاشی فەوج عەبدولڕەزاق بۆتانی بۆ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی هاوکاری دەدوێت کە کۆپی دیمانەکەم لایە، بەڵام بەداخەوە ژمارە و مێژووەکەی دیار نییە دەڵێت: (شەڕکەرێت فەوجا مە پشکداریا کری دهەژمارەکا شەڕادا دگەڵ دوژمنێ ئێرانی تایبەت لدەڤەرا

چوارتە، کانیماسی، سورەدێ، کۆیسنجەق و کەرتێ دەڤەرا دوکان. هەروەسا فەوجا مە پشکداریا کری دکارێ ئەنفالا دوویێ و ئەنفالا سێدا).
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (51): ئیبراهیم مەولود گەردی (پەلکەڕەشی) و مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ).
فەرهاد مامەند حەمەد مەولود گەردی (مردووە)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی ناسراو بە (ڕائید کاکل)، فەرماندەی فەوج.
ڕەشید مەحمود مەولود گەردی، ڕەحمان چوار چاو و نادر مستەفا ساڵح هەروتی (نادر لەقلەق) فەرماندەی سریە بووینە.
نادر لەقلەق، لەدوای ساڵی (1976)ەوە بە بەردەوامی جاشی مەفرەزە خاسەی بەعس بووە و دواتر فەرماندەی سریە لە فەوجی قەتۆی، ئێستا فەرماندەیەکی بەرزی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
بەپێی لاپەڕە (21)ی بەرگی دووەمی پەرتووکی (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک)ی لە نووسینی محەمەدی حاجی مەحمود، باسی ئەوەی کردووە کە ڕائید کاکل بە هاوکاری هۆشیار سەید ئەحمەد سەید تەها گەیلانی برای هۆشەنگ-ی، تەرمی مەلا مستەفای بارزان-یان لە گۆڕستانی زێوە کە دەکەوتە نێوان ئورمێ و زێوە دەرهێنابوو بۆئەوەی ڕادەستی ڕژێمی ئێراقی بکەنەوە.
ڕائید کاکل گەردی و جاشەکانی، لە ساڵی (1980)دا لە شەڕێکدا پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەناوی شوکر محەمەدئەمین ڕەسوڵ گەردی (1964/ گۆپتەپە) شەهید دەکەن؛ سەرچاوە: (لیستی شەهیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان).
لە ڕۆژی (12.5.1980)دا جاشێکی قاسم ئاغا بەناوی جەرجیس عومەر جەرجیس ناسراو بە (جەرگۆ) بە پلان و دەستی ئەمنی حکومەتی بەعس چووە ناو حسک، جەرگۆ توانی بەگوێرەی پلانێک حەمەد خدر میرزا هەینی (ئەحمەد خان بۆڵی)، فەرماندەی هەرێمی (10)ی سەفینی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پێشمەرگە

عەبدوڵڵا ڕەسوڵ خدر قادر (1956/ بێتواتە)، لە گوندی سماقوڵی گرتک لە دۆڵی خۆشناوەتی شەهید بکات.
مەفرەزەیەک لە جاشەکانی ڕائید کاکل گەردی، بەهاوکاری خزموکەسی شەهیدی هاووڵاتی (کەریم حوسێن عەبدوڵڵا/ 1964)، کە ناوبراو لە ڕۆژی (31.8.1980)دا بەدەستی جەرجیس عومەر جەرجیس ناسراو بە جەرگۆ پیرەشی (جەرگۆی جاش) شەهید کرابوو، دواتر جەرگۆ دەبێ بە پێشمەرگە، تا لە ڕۆژی (10.10.1981)دا لە (خرەپێچان) لەناو ڕەوەندە هەرکییەکان لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ناوەکانی (سلێمان خدر عوسمان وەسمان و مامەند مەولود گراوی)، لەلایەن ڕائید کاکل شەهید دەکرێن.
سێ جاش لە بنەماڵەی ڕائید کاکل گەردی کە بریتی بوون لە (سەردار مامەند ئاغا، ساڵار مامەند ئاغا و سەرکار)ی خوشکەزای ڕائید کاکل گەردی لە ڕێکەوتی (22.2.1986)دا لەناو ناوچەی پیشەسازی شاری هەولێر هەر یەک لە سابیر کاکەڕەش، باپیر کاکەڕەش و ئیسماعیل باپیر کاکەڕەش-یان شەهید کرد.
پاشان لە مانگی مای ساڵی (1997)دا کەریم سابیر کاکەڕەش بەدەستی سەردار ئاغا و سەروانی کوڕی کوژرا، کە ئەوانیش هەردووکیان لەوێدا کوژرانەوە.
لە ئەنجامی بۆسەیەکی سەروەت سەردار ئاغا گەردی و مەزن کاکە کە خوشکەزای سەردار ئاغایە، لە ڕێکەوتی (18.4.2012)دا لەنێوان گوندی عەلیاوە و گوندی ونکە، چوار کوڕی سابیر کاکەڕەش و کوڕەزایەکی بە ناوەکانی (خەلیل 1977، سەباح 1980، خاڵس 1981، بەدرەدین 1985 و پشتیوان ساڵح کاکەڕەش 1986) کوژران، هەر لەوێش سەروەت سەردار ئاغا کوژرا، ئاغاکانی گەردی جاران لە پەنا بەعس و جاشایەتی و ئێستاکەش لە پەنای پارتی و کوردایەتی نۆ کەسیان لەو بنەماڵە جوتیارە کوشتووە.
ڕائید کاکل حەمەد مەولود گەردی و مامەند حەمەد مەولود (قەتۆ)، لە ڕۆژی (16.4.1986)دا لە گوندی باشتەپەی سەر بە قوشتەپە (3) پێشمەرگەی (ی. ن. ک) دەستگیر دەکەن و ڕادەستی ئەمنی هەولێر دەکرێن، دواتر لە ڕۆژی (27.9.1986)دا لە زیندانی ئەبوغرێب هەرسێکیان پێکەوە لە سێدارە دەدرێن، کە ئەوانەن: (شێرزاد سەعدی عەلی جەڕاد باشتەپەیی ناسراو بە مامۆستا شێرزاد، فەرهاد سەعدی عەلی جەڕاد باشتەپەیی و مەهدی عەوڵا قادر مەولود باشتەپەیی).

عەقید کاکل حەمەد گەردی کاتێک کە فەرماندەی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان بوو، لە بۆسەیەک لە ڕۆژی (2.5.1986) لە نزیک گوندی هەنارەی بناری چیای سەفین، پێشمەرگە تەحسین عوسمان مەحمود یوسف گەردی (دیبەگەیی)، جێگری فەرماندەی کەرتی چواری شەهیدانی تیپی (83)ی هەورێ لە ساڵانی (1983-1985) و دواتریش فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (91)ی سەفینی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سێ پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی تەحسین ڕەحمان ڕەسوڵ حەمەد (تەحسین کێشکە)، ستار ساڵح ئەحمەد ڕەسوڵ ناسراو بە ئازاد (برای کاروانی ئەندام پەرلەمانی کوردستان – لیستی گۆڕان) و سەلیم ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد کێشکە شەهید کردن.
کاکل حەمەد مەولود گەردی، لە ڕێکەوتی (4.5.1986)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێشمەرگە و کادری تیپی (86)ی دەشتی هەولێر ڕزگار هاشم محەمەدئەمین ئیسماعیل گەردی دیبەگەیی، لە گوندی باغەمرە بە برینداری گرت و هەمان ڕۆژ ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کرد. دوای ئەوەی ڕزگار هاشم قاچێکی بڕایەوە، لە ڕۆژی (29.3.1988)دا سزای هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە و هاتە زیندانی ئەبوغرێب، کە خۆی بە دەیان جار چۆنییەتی شەڕەکەو ئەو قسانەی بە ڕائید کاکل گەردی گوتبوو بۆی گێڕاوەمەتەوە. ڕزگار هاشم حەمەدئەمین گەردی، لە (15.9.1988)دا بە لێبووردن ئازاد کراو ئێستا لە وڵاتی ئەمریکایە.
فەرماندەی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان ڕائید کاکل حەمەد مەولود گەردی، لە ڕێکەوتی (26.8.1986)دا لە ڕێگای کەسێکی لایەنگری خۆیەوە هەواڵی گەیاندۆتە دانیشتوانی هەردوو گوندی باقرتە و قورشاغلو-ی سەر بە شارەدێی قوشتەپە کە گوایە بەیانی هێزێکی سوپا و ئەمن لەپێناوی گەڕان بەدوای ڕاکردوو و دواکەوتووی ڕاژەی سەربازی پەلاماری ئەو دوو گوندە دەدەن. هەموو ئەوانەی ڕاکردوو و دواکەوتووی سەربازی بوون لەو دوو گوندە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (27.8.1986)دا ڕوودەکەنە دۆڵ و بەرزاییەکانی زورگەزراو. ڕائید کاکل هەر بەهۆی هەمان کەس دەبیستێتەوە کە خەڵکێکی زۆری ئەو دوو گوندە پەنایان بردۆتە بەر زورگەزراو، دەستبەجێ ئەمن و بەعس ئاگادار دەکاتەوە کە گوایە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە زورگەزراو لە بۆسە دانیشتوون تاوەکو دەستێک لە هێزەکانی حکومەت بوەشێنن.

سوپا چەند هەلیكۆپتەرێكی جەنگی و هێزێک ڕەوان دەكاتە ناوچەكە، دوای بەدیكردنی خەڵكەكە كۆپتەرەكان دەست دەكەن بە گوللە باران كردنیان و لە ئەنجامدا (27) هاووڵاتی دانیشتوانی گوندی باقرتە دەكوژرێن، كە ناوی دوازدە كەسیان بۆم ناسراون بەمشێوەیە: (ئەمیر فازڵ قادر، خالید خدر عەزیز، ڕۆستەم مەحمود فەتاح ساڵح (ڕۆستەم بچكۆڵ)، زۆراب عەبدولقادر كەریم، عەبد حەسەن دەوڵەت (بیرەبات)، عەبدوڵڵا عەلی ئەحمەد، عەلی عەبدوڵڵا عەزیز قادر بندیان ئازیكەندی، عەلی قادر عەبدولعەزیز، عیسا عەزیز عەلی، فەرهاد تاهیر عەبدولعەزیز، فەیسەڵ ئەحمەد دەروێش و مەولود قادر بابۆ) لەگەڵ بریندار بوونی دوو هاووڵاتی گوندی قورشاغلو كە برینەكانیان سەخت دەبێ، ئەوانەی تریش بەدەست دەگیرێن. دیلەكان و دوو بریندارەكە باوک و كوڕێک دەبن بە ناوەكانی محەمەد عەبدوڵڵا ئیسماعیل و موحسین محەمەد عەبدوڵڵا ئیسماعیل بە كۆپتەر دەگوازنەوە بۆ فەیلەقی پێنج لە هەولێر. بەڵام لە نیوەی ڕێگا باوک و كوڕە بریندارەكە گیانیان دەسپێرن و دەمرن؛ سەرچاوە: (سەعدی عەلی، هەناسە و هەوراز، ڕۆمانە یاد، ل144-145، هێشتاكە لەچاپ نەدراوە).

هێزێكی جاشەكانی فەوجی (51)ی جاشە سووكەكان بە فەرماندەیی ڕائید كاكل حەمەد مەولود گەردی لە ڕێكەوتی (26.10.1986)دا لە گوندی ترپەسپیانی سەر بە شارۆچكەی قوشتەپە، چوونە سەر هێزێكی پێشمەرگە و شەڕ لە كاتژمێری (12)ی نیوەڕۆ دەستپێكرد و هێزی دوژمن لە سەرباز، كۆپتەر فڕۆكەی پیلاتۆز و ئەمن و مونەزەمەی حزبی لە هەولێر، موسڵ، مەخمور و دیبەگە بەهانای جاشەكانی كاكل ئاغاوە هاتن. دوای شەڕێكی قارەمانانەی چەند كاتژمێری، دوو پێشمەرگە بە ناوەكانی عەبدولقەهار عەزیز عەبدوڵڵا قەرەچناغەیی ئەندامی سەركردایەتی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان و فەرهاد ئەحمەد عەزیز خدر لەک (1963 – گوندی جدیدە لەک) و پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان شەهید بوون.

جاشەكانی ڕائید كاكل و هێزێكی سوپا لە ڕۆژی (26.5.1987)دا لە گوندی گۆمەتاڵ لە سنووری دێگەڵە، سێ پێشمەرگەی سۆسیالیستیان بە ناوەكانی عەبدولخالیق حەمید ڕەشید ڕەسوڵ ناسراو بە سەربەست (1967/ سابلاخ/ قوشتەپە/ هەولێر)، غازی قادر سمایل ئەحمەد (1954/ هەولێر/ بەحركە) و هۆشیار ڕەمەزان حەمەد حەمەدئەمین دزەیی ناسراو بە وشیار تاقانە (1965/ هەولێر/ زانیاری)، شەهید كرد.

هەروەها پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بە ناوی نەوزاد قاسم محەمەد شەریف شێخانی ناسراو بە سەفین (1971/ شامامەر/ شەمامک/ هەولێر) بەدیل گرت و گوللە باران کرا.

فەوجی (51)ی ئیبراهیم، مامەند (قەتۆ)، فەرهاد و کاکل ئاغای گەردی بەشداری هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)یان کردووە.

دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی پەنجا و یەکی جاشە سووکەکان لە ئەنفالی یەکدا، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەکانی ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیار و ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە دە فەوج بوون؛ سەرچاوە: (2–74، هاوکاری، ژمارە (960)، ل6–7).

هەر پەیوەست بە بەشداریکردنی فەوجەکە لە شاڵاوی ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26).

لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟؟).

سەبارەت بە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).

دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاش مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، بەگوێرەی سەرچاوە: (2–106، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6753) و سەرچاوەی (2–107، ڕۆژنامەی العراق، ژمارە (3906)، کە فەرمانێکی کۆماری تیایاندا بڵاوکراوەتەوە، سێ مەدالیای ئازایەتی لە سەدام حوسێن وەرگرتووە.

لە ناوەڕاستی هەشتاکان بوو، شەوێک لە تەلەفزیۆن سەدام حوسێن پێشوازی لە قەتۆ کرد، کە خۆم ئەو پەخشەم بینی و لەم پێشوازییەدا قەتۆ بە سەدام حوسێنی گوت: (گەورەم، من سەری سەدان پێشمەرگەم بۆ هێنایتەوە). سەدام لە وەڵامدا، بارەکەللای لێکرد.

هەر یەک لە مامەند حەمەد مەولود گەردی (قەتۆ)، سەرۆکجاشی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان و ملازم فەرهاد مامەند حەمەد گەردی جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (51)، هەردووکیان فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و ژمارەکانیان (117+142)ە لە لیستی داواکراوەکاندا. بەڵام فەرهاد مامەند حەمەد گەردی مردووە.

عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی، وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی – لایەنگری ڕژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا و بووە بە ئەندام، هەروەها بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بە جەنگی قادسیە بەخشیووە.

عەقید کاکل حەمەد گەردی، دوای بوونی بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوبراو لە ڕێکەوتی (17.10.1989)دا بوو بە پارێزگاری سلێمانی؛ سەرچاوە: (2–44، هاوکاری، ژمارە (1118)، ل4).

عەقید کاکل حەمەد گەردی لە پۆستی پارێزگاری سلێمانیدا مایەوە تاوەکو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەلکی ستەمدیدەی شارەکانی باشووری کوردستان، کە لە ڕێکەوتی (8.3.1991)دا، واتە دووەم ڕۆژی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، ناوبراو لەگەڵ چەندان تاوانبار و گەورە بەرپرسی حزبی، ئەمن و ئیستخباراتی سەر بە ڕژێمی سەدام لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، کوژرا.

ئەو بنەماڵەیە دوای ڕاپەڕین تێکڕایان چوونە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری ئەو پارتەن.

سەرۆکجاشی فەوجی (52): ئەنوەر ڕەشید خدر میران (ئەنوەر بەگی بالیسان).

ڕەشاد ئەنوەر ڕەشید خدر میران، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فەوجی پەنجا و دووی ئەنوەر ڕەشید، لە ڕێکەوتی (20.7.1985)دا دامەزراوە و بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالی (2+8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2–87، هاوکاری،

ژمارە (1016)، ل؟)، بەڵام ناوبراو لە ڕۆژنامەی هاوکاری-دا بە شێخ ڕەشید ئەنوەر میران ناوی هاتووە.
سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالی دوو؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
ئەنوەر ڕەشید خدر میران بالیسانی، سەرۆکجاشی فەوجی (52)ی جاشی سووک، بڕیاری دەستگیر کردنی هەیە و ژمارە (303)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
ئەنوەر بەگی بالیسان، لە سەرەتای ساڵی (2009)دا مردووە، بەڵام ڕەشاد ئەنوەر ڕەشید میران لە هەولێر دادەنیشێت و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (53): ئیسماعیل عەبدوڵڵا محەمەدئەمین ڕێکانی ناسراو بە (سمۆ ڕێکانی).
ئیسماعیل عەبدوڵڵا ڕێکانی، پێشتر فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (119)ی سەر بە ئیستخباراتی دهۆک بووە، پاشان فەوجی (53) و فەوجی (193) جاشە سووکەکانی هەبووە.
ئیسماعیل عەبدوڵڵا ڕێکانی، لە ساڵی (1983)دا دوو ئەندامی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە کۆمەڵگای شێلادزێ بە ناوەکانی عەبدولمەناف حامید محەمەد ئەرتیسی و مونیر حەسەن حاجی تۆڤی دەستگیرکرد و ڕادەستی ئیستخباراتی سەربازی فەوجی شێلادزێی کردن، کە بۆ ماوەی چەند مانگێک لەوێ ئەشکەنجەی زۆر دران دواتر ئازادکران.
ئیسماعیل عەبدوڵڵا ڕێکانی، لە ڕێگای جاشێکی خۆیەوە بەناوی عەلی بەیازی لە ساڵی (1984)دا بە فرتوفێڵی پەیوەندی کردن بە هێزی پێشمەرگەی پارتییەوە (3) پێشمەرگەی دەستگیرکردو ڕادەستی ئیستخباراتی دهۆکی کردن، کە ئەمانە بوون: (حەسەن ڕەسوڵ تێلی کەرەم بێبوی نێروەیی، ئیسلام ڕەمەزان مستەفا سەیفەدین بێبوی نێروەیی و ئیسلام ڕەشید ڕەشید کامیل بێبوی نێروەیی)، کە دواتر هەر سێکیان لە ڕۆژی (30.1.1985) لە شاری بەغدا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دران.

دواتر هێزێکی پێشمەرگەی پارتی لە ڕێکەوتی (4.4.1986)دا، توانی عەلی بەیازی بکوژێت.

سمۆ عەبدوڵڵا ڕێکانی، ڕۆژی (22.7.1984)دا لەسەر ڕووباری سیتەی ناوچەی ڕێکانی، پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەناوی (هەمزە ڕەسوڵ خانەگێی سوورچی) شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار کوردستان، العدد (119)، أواسط آب 1984، ص6).

جاشەکانی سمۆ ڕێکانی، لە ڕۆژی (13.7.1987)دا پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی ئێراقیان بەناوی ئومێد سدقی عەلی لە نزیک کۆمەڵگای (کوانێ)ی ڕۆژهەڵاتی ئامێدی شەهید کرد.

ئیسماعیل ڕێکانی، دواتر لەساڵی (1987)دا فەوجی سەد و نەوەد سێی دامەزراوەو بە (150) جاش بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)ی بادینان کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

ئیسماعیل عەبدوڵڵا ڕێکانی، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان مووچەی بۆ بڕاوەتەوە، زەوی پێدراوە، خانووی بۆ کڕاوەو ئەندامی ئەو پارتەیە.

سەرۆکجاشی فەوجی (54): سمکۆ عەبدی حەسەن زێدکی.

لوقمان سمکۆ عەبدی حەسەن زێدکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فەوجی سمکۆ زێدکی لە ڕێکەوتی (1.6.1985)دا دامەزراوە و بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2–88، هاوکاری، ژمارە (1015)، ل؟)، سەرۆکجاشی فەوج باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیان دەکات لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی یەک و هەشت، لەگەڵ ئەنفالکردنی دێهاتەکانی کۆیە، خەلیفان و ڕواندز).

دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

سمکۆ عەبدی حەسەن زێدکی، سەرۆکجاشی فەوجی (54)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (336)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (55): کامیل شێخ هادی شێخ نوری شێخ حوسێن سۆڵەیی (بەرزنجی).

سەرەتا باوکی ناوبراو سەرۆکجاشی فەوجی پەنجا و پێنج بووە، بەڵام لە ڕۆژی (13.2.1986)دا لە شەڕی دژی پێشمەرگە بەدەستی هێزەکانی (ی. ن. ک) لە نزیک قەڵاچوالان کوژرا. دوای کوژرانی شێخ هادی، کامیلی کوڕی بوو بە سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو.

فەوجی کامیل سۆڵەیی، بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4)دا کردووە.

سەبارەت بە بەشداری کردن لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و چواردا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل149+162).

سەبارەت بە بەشداری شێخ کامیل شێخ هادی و جاشەکانی لە شالاوی ئەنفالی دووی ناوچەی قەرەداغ، کە لە نێوان (22/3–2/4/1988)دا ناوچەی قەرەداغ و سنووری مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گرتەوە و جاشەکانی فەوجی شێخ کامیل دانیشتوانی بێتاوانی دێهاتەکانیان گرتووە و ڕادەستی هێزەکانی سوپای بەعسیان کردوون؛ سەرچاوە: (2–1، ب3، ل641).

کامیل شێخ هادی شێخ نوری سۆڵەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی پێباز و کەرکوکی کردووە، واتە بەشداری پەلامار و شالاوی ئەنفالی (3)ی کردووە؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243).

کامیل شێخ هادی شێخ نوری سۆڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (55)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (218)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (56): ڕەفعەت کێخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی (خەڵکی دارەخورمای ناوچەی دیبەگە).

مەدحەت عەبدوڵڵا عومەر شێروانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فازڵ محەمەد عەبدوڵڵا عومەر شێروانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+8)یان کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ڕەفعەت کێخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی لە شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–89، العراق، ژمارە (3795)، ل؟؟)، کە جێگری سەرۆکجاشی فەوج مەدحەت عەبدوڵڵا شێروانی برای ڕەفعەت شێروانی بۆ ڕۆژنامەی ناوبراو دەڵێت: (بەشداریمان لە هەردوو ئەنفالی

یەک و دوودا کردووە و لەو داستانی پاڵەوانێتیەدا ئەوپەڕی ئازایەتیمان نواندووە)، سەرچاوە: (2–90، میدیا، ژمارە (270)، ل9).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

ڕەفعەت شێروانی، دوای ڕاپەڕین چووە نێو پدک و بە پلەی لیوا خانەنشین کرا، بەڵام دواتر لە ڕۆژی (17.11.2020)دا مردو مەدحەتی شێروانی برایشی لە ڕۆژی (31.10.2020)دا مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (57): شێخ سدیق نوری بریفکانی.

سەرۆکجاش سدیق نوری بریفکانی، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1986)دا لە گوندی ئاشاوە تەقەی لە سەبیحە عەبدولڕەحمان هاوسەری پێشمەرگەیەکی پارتی کرد و شەهیدی کرد؛ سەرچاوە: (2–255، أخبار کوردستان، العدد (150)، تشرين الثاني 1986، ص2).

هێزێکی گەورەی سوپای بەعس، کە پێکهاتبوو لە لیوای (439)، لیوای (806)، فەوجی جاشەکانی سدیق نوری بریفکانی (فەوجی 57)، جاشەکانی سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی (فەوجی 106) و جاشەکانی حەسەن مەحمود محەمەدئەمین هەورامی (فەوجی 116)، لە شەوی (10/9–8–1987) هێرشیان کردە سەر هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندی ئەحمەد ئاوای سورێن، لە ئەنجامدا شەش پێشمەرگە بەم ناوانە شەهید بوون: (ئازاد حەمە عەلی (سەرگەڵو – سورداش)، سەردار حوسێن محەمەد نادر (دەرەقەیسەر – بیارە)، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی هەڵەبجە، سەلام کامل مەحمود عەلی (سەرکان – بەرزنجە)، کارگێڕی لیژنەی ناوخۆی پێنجوێن، عەلی مەلا حەمەدئەمین (دەرەی مەڕە – خورماڵ، غەریب عارف ڕەسوڵ کەریم (دۆڵەسوور)، سەر بە لیژنەی پێنجوێن، یاسین محەمەدئەمین (تەپەڕێژینە – شارەزوور)؛ سەرچاوە: (2–255، أخبار کوردستان، العدد (160)، أواسط آب 1987، ص7).

سەرۆکجاشی فەوجی (58): چیا دێوالی سەعید ئاغا دۆسکی.

زیرەک تاهیر سەعید ئاغا دۆسکی، جیگری سەرۆکجاشی فەوج.

حاجی حەسەن بەرۆشکی، فەرماندەی سریە.
دێوالی سعید دۆسکی باوکی چیا دۆسکی، هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە سەرۆکجاش بووە تا ئەو ڕۆژەی لە ساڵی (1985) بەدەستی پیاوانی بەعس لە گەلی (بێسەر) لە نزیک زاوێتە کوژرا.
فەوجی پەنجا و هەشتی چیا دۆسکی لە ساڵی (1985)دا دروست بووە.
جاشەکانی حجی حەسەن بەرۆشکی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات و دواتریش فەرماندەی سریە لە فەوجی (58)ی چیا دێوالی سەعید دۆسکی، جاشەکانی جەعفەر مستەفا دۆسکی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات و پاشان سەرۆکجاشی فەوجی (24)، جاشەکانی عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان ئامێدی فەرماندەی مەفرەزە خاسە و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی (93) و جاشەکانی تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات، لە ڕۆژی (14.1.1981) پەلاماری گوندی (هەسەن پیرکا)یان دا لە شارۆچکەی ئامێدی، کە بووە هۆی شەهید کردنی ئەحمەد ڕەمەزان پێشمەرگە لە لیژنەی ناوخۆی ئامێدی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ سەرچاوە: (2-253، أخبار کوردستان، العدد (9)، تشرین الثاني/ کانون ألأول 1980، ص9-10).
چیا دێوالی دۆسکی و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (7.10.1985)دا لە بارەگای سریەی (درگەلکی) پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید دەکەن بەناوی موسلّح معیَ کریت لە ڕێکخراوی شەهید شەعبان غەفار لەگەڵ بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی دیکە؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (136)، تشرین ألأول 1985، ص9).
جاشەکانی چیا دێوالی دۆسکی، لە ڕێکەوتی (27.2.1986) لە نێوان گوندەکانی (گرکا و بابیریَ) سەر بە ناحیەی باتوفە پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی شوکری حەسەن تاهیر سەر بە ڕێکخراوی شەهید عەلی عەبدوڵڵا، بەدەستی جاشەکانی چیا دۆسکی شەهیدکرا؛ سەرچاوە: (2-255، نشرة أخبار کوردستان، العدد (141)، آذار 1986، ص4).
فەوجی چیا دێوالی دۆسکی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+8)دا کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی چیا دۆسکی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

سەبارەت بە ئەنفالی سێیەم، بەگوێرەی نووسراوی دەزگای هەواڵگری سەربازی قەزای خورماتوو ژمارە (1988/4/10/10340)دا بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی خۆرهەڵات، فەوجی پەنجاو هەشتی چیا دۆسکی بەشداری ئەنفالکردنی هەر یەک لە خورماتوو، قادرکەرەم، نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک، ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشار و شێخ حەمید)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5619).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (58) لە هێرشی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

جێگری سەرۆکجاش زیرەک تاهیر سەعید دۆسکی، بەگوێرەی فەرمانی سەرۆکایەتی کۆماری ژمارە (808)، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالەکادا.

بنەماڵەی چیا دۆسکی و زیرەک دۆسکی لە کاتی ڕاپەرینی بەهاری ساڵی (1991)ی دهۆک زۆربەی ئەفسەرەکانی ئەمن و ئیستخبارات و بەعسیە تاوانبارەکانیان لە ماڵی خۆیان حەشاردان و تا دوایی دەربازیان کردنە ناو ڕژێم لە موسڵ.

زیرەک تاهیر سەعید دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی پەنجاو هەشتی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (413)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

زیرەک تاهیر سەعید دۆسکی، ئێستا سەرۆکی سەندیکای بەڵێندەرەکانی کوردستان لقی دهۆکە و سەر بە (پ. د. ک)ە.

چیا دێوالی سەعید، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەر لە چەند ساڵێک مردووە، بەڵام منداڵەکانی پارتین.

سەرۆکجاشی فەوجی (59): عەلی عەبوش عەبدی یوسف غەزالە سلێڤانەیی.

یونس ڕەشید عەبدی غەزالە سلێڤانەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

عەبدی عەلی عەبوش غەزالە سلێڤانەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

مەحمود جاسم، ڕازگری نهێنی ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی ئیشتراکی لە فەوجەکە.

عەلی عەبوش سلێڤانەیی، لەدوای نسکۆی شۆڕشێ ئەیلول گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (135)ی سەر بە ئیستخباراتی زاخۆ و پاشانیش لە ڕێکەوتی (1.8.1985)دا فەوجی (59)ی دامەزراوە و بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

عەلی عەبوش سلێڤانەیی، دوای ڕاپەڕین پەنای بردە بەر ڕژێم لە شاری موسڵ، بەڵام لە ساڵی (1999)دا لەناو بازێڕی موسڵ خۆیی و کوڕێکی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان کوژرا لە تۆڵەی کوژرانی عیسا سوار عیسا عەبدش سلکی مزوری فەرماندەی هێزی زاخۆی پدک، بەدەستی ناوبراو لە ڕۆژی (19.3.1975) لە گوندی زیناڤا لە دەڤەری دۆسکی سەر بە دهۆک کوژرابوو.

عەلی عەبوش عەبدی یوسف سلێڤانەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (59)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی هەیەو ژمارە (354)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (60): سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی.

فەوجی شەستی سوعاد تاڵەبانی، بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە.

دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل149).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

سەرۆکجاشی فەوجی (60)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سەنگاو و کەرکوکی کردووە، واتە شاڵاوی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240).

سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالەکاندا لە سەدام وەرگرتووە.

سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی، سەرۆکجاشی فەوجی (60)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (191+414)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (61): شێخ مەجید شێخ بایز حەسەن محەمەد بەرزنجی قەڵاسێوکەیی.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، عاسی عەبدولکەریم ئاغا.
فەوجی (61)ی شێخ مەجید شێخ بایز بەرزنجی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی شێخ مەجید شێخ بایز بەرزنجی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
دەربارەی بەشداری فەوجی شێخ مەجید لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).
شێخ مەجید شێخ بایز حەسەن، سەرۆکجاشی فەوجی (61)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (106+373)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
سەرۆکجاش شێخ مەجید بایز حەسەن بەرزنجی، بەگوێرەی سەرچاوە: (2–232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ بەعس و ڕژێمی سەدام هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.
شێخ مەجید شێخ بایز بەرزنجی، ئێستاکە فەرماندەی فەوجی فەرماندەیی کەرکوکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (62): کەریم عەبدوڵڵا محەمەد عومەر ناسراو بە (کەریم عەبدوڵڵا محەمەد جمور).
فەوجی شەست و دوو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە.

سەبارەت بە بەشداری فەوجی کەریم عەبدوڵڵا لە شاڵاوی دڕندەی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147، 152).
کەریم عەبدوڵڵا محەمەد و عەبدوڵڵا محەمەد مستەفا، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی بەشداریکردن لە ئەنفالی دوودا، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە.
کەریم عەبدوڵڵا محەمەد عومەر (قۆرەتو – 1950)، سەرۆکجاشی فەوجی (62)ی جاشە سووکەکان، کە ئەندامی حزبی بەعس بووە بەپلەی ئەندامی فەرماندەیی فرقە (عضو قیادة الفرقة)، بە پارە و زێڕ کۆمەکی جەنگی قادسیەی سەدامی کردووە و لە پاداشتی بەشداری کردنی چڕی لە جەنگەکەدا سێ مەدالیای وەرگرتووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لایەنگری سەدام، کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا بەڕێوەچووە؛ سەرچاوە: (العراق، دووشەممە، ڕێکەوتی (29.8.1989)، بەڵام وادیارە نەکراوە بە ئەندامی ئەو خولە.
سەرۆکجاش کەریم عەبدوڵڵا محەمەد جمور، بەگوێرەی سەرچاوەی (2–26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە 6689)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.
کەریم عەبدوڵڵا محەمەد، سەرۆکجاشی فەوجی (62)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (404)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (63): قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی کە بەپلەی موقەدەم باوەڕپێکراو و وەرگێڕی هەیئە خاسە و دائیرەی ئەمنی کەرکوک بووە بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیندانییەکان و پێشمەرگە دیلەکان.
لە تەموزیساڵی (1986)دا هێزێکی پێشمەرگەی تیپی (21)ی کەرکوک لە سەر ڕێگای سلێمانی چەمچەماڵ لە ئۆتۆمۆبێلێکی موجاهدینی خەڵقی ئێرانی دەدەن و چوار چەکداریان لێ دەکوژن، هێزێکی سەرباز و جاش بە هانایانەوە دێن و شەڕ دروست دەبێت لە نێوانیاندا. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی غازی

ئەحمەد محەمەدئەمین شەهید دەبێت و پێشمەرگەیەکیش بەدیلی دەست دوژمن دەکەوێت بەناوی بەهمەن مەحمود کەریم فەتحوڵڵا. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات، بەهمەن محەمەد کەریم لای ئەوان گیراوە و لێکۆڵینەوەی لێکراوە، هەروەها لەسەر بڕیاری سکرتاریەتی سەرۆکایەتی کۆمار، لە ڕێکەوتی (3.11.1986)دا لیژنەیەکی هاوبەشی دەزگای هەواڵگری، فەرماندەیی فەیلەقی یەک و ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات کۆبوونەتەوە لەپێناوی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری لێدانی موجاهدینی خەڵقی ئێران. لیژنەکە، دوای قسەکردن لەگەڵ بەهمەن مەحمود کەریم، وتەی سەرۆکجاش قادر شەفیق نوعمان و چوار جاشی دیکە بە ناوەکانی قوربانی عەزیز ڕەشید، ئەحمەد حەمەد کاکەڕەش، ڕەمەزان مەجید شەریف و فەوزی شەریف ڕەشید وەرگیراوە، کە وادیارە بەشداری شەڕەکەیان کردووە. لە سەرەتای بەدیل گرتنی پێشمەرگە بەهمەن مەحمود کەریم و لەم دانیشتنەشدا، ناوبراو لەپێناوی ڕزگار کردنی گیانی خۆی لە مردن سور بووە لەسەر ئەوەی کە پێشتر هەواڵی بۆ قادر شەفیقی سەرۆکجاشی فەوجی (63)ی جاشە سووکەکان ناردووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و لە فەوجی ناوبراو ببێتە چەکدار، بەڵام قادر شەفیق نوعمان ئەو قسەیەی بەهمەن مەحمود کەریمی بەرپەرچ داوەتەوەو بە ناڕاستی داناوە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5628-5630).

دواتر بەهمەن مەحمود کەریم لە ڕێکەوتی (21.2.1988)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە بەغدا لە سێدارە دەدرێت.

قادر شەفیق نوعمان جاشەکانی لە مانگی ئابی ساڵی (1986)دا پێشمەرگەیەکی ئاڵای شۆڕش بەناوی نعمەت محەمەد عەلی کاکەیی (1956/ کەرکوک/ ئیسکانی نوێ)، لە گوندی جافەرانی خوارووی سەر بە شارەدێی شوان دەستگیردەکەن و ڕادەستی ئەمنی کەرکوکی دەکەن، دواتریش دەینێرنە هۆبەی پێنج (الشعبة الخامسة)ی سەر بە ئیستخباراتی گشتیی سەربازی لە بەغدا، تا لە مانگی (11)ی هەمان ساڵ لە دادگای شۆڕشی بەعس بڕیاری سێدارەی بۆ دەردەچێت، بەڵام دوای نزیکەی هەفتەیەک دەیبەنەوە دادگای شۆڕش و سزاکەی بۆ دەگۆڕن بە (10) ساڵ زیندانیکردن. نعمەت محەمەد کاکەیی، بەر لێبوردنە گشتییەکەی ڕۆژی (6.9.1988) کەوت، بەڵام دوای نزیکەی شەش مانگ و لە کۆتایی زستان واتە مانگی شوباتی ساڵی (1989)دا لە زیندان ئازادکرا.

فەوجی (63)ی قادر شەفیق بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە 6536).
فەوجی (63)ی قادر شەفیق بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دێهاتەکانی پارێزگای کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243).
سەرۆکجاش قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی، بەپێی سەرچاوە: (2–26، الثورة، ژمارە (6689)، ل نەزانراوە)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.
قادر شەفیق نوعمان، سەرۆکجاشی فەوجی (63)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (114)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ. سەرۆکجاش قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی ئێستاکە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشیروان مستەفایە.
هەروەها تاهیر شەفیق نوعمان کافرۆشی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (63)، بەهەڵە ناوەکەی بە تاریق هاتووە، ئەویش فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (195)ی دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (64): شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، شوکر عەزیز قادر بەرزنجی.
فەوجی شەست و چوار بەشداری شاڵاوی دڕندەی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2–91، هاوکاری، ژمارە (995)، ل؟).
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی یەکدا، سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).
دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
سەرۆکجاشی فەوج شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی، لەمەڕ بەشداریکردنی فەوجەکەیان لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا دەڵێت: (فەوجەکەمان خاوەنی چەندان شەهید و بریندارە کە ئەم ناوچانە شوێنی تۆمارکردنی نەبەردەکانمانە (چوارتا، ماوەت، قادرکەرەم، سەرگەڵو، کونجرین، سەنگاو بەنەدۆرە، کارێزەو ئەزمر)، هەروەها لە

کارەکانی ئەنفالدا بەتایبەتی ئەنفالەکانی (1، 3، 4)دا کە ڕۆڵی دیاری فەوجەکەمان جێگەی شانازیمانە).
فەوجی شێخ موعتەسەم بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا.
شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (64)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (418)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ. بەڵام شێخ موعتەسەم بەرزنجی لە ساڵی (1994)دا، لە بەغدا بە فەرمانی سەدام لە سێدارە درا.

سەرۆکجاشی فەوجی (65): ڕەفعەت محەمەد محەمەد گلی.
شەماڵ ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی ڕەفعەت گلی، بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
ڕەفعەت محەمەد گلی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ، کفری، نەوجول، خورماتوو، قەرەحەسەن، سەنگاو، سەرقەڵا و کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238).
ڕەفعەت گلی، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، لەلایەن سەدام-ەوە پێدراوە.
ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (412)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. بەڵام ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی چەندان ساڵە و بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام مردووە.

هەروەها شەماڵ ڕەفعەت محەمەد گلی، کە جێگری باوکی بووە، بەشداری لە هێرشی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، خورماتوو، سەرقەڵا و تیلەکۆدا کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل241).
شەماڵ ڕەفعەت محەمەد گلی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (275)ی لە لیستی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (66): عەباس حاجی ئاغا ڕەسوڵ سەرسیان ترکەڕەشی، کە بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)یان کردووە.
پەیوەست بە بەشداری لە ئەنفالی یەک؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
عەباس ئاغا، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. عەباس حاجی ئاغا ڕەسوڵ، سەرۆکجاشی فەوجی (66)ی جاشە سووکەکان، دوو ژمارەی (109+402)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (67): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (68): هەر یەک لە شێخ عابد عەبدال مزوری و حکمەت عابد عەبدال مزوری.
شەوکەت عابد عەبدال مزوری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی ناوبراو لە ساڵی (1985)دا دامەزراوە و بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (69): مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح (مەحمود بەگی گوڵێ).
فەوجی مەحمود گوڵێ، بە هێزەكانی سەدام (قوات صدام) ناسرابوو، كە بەشداری هەر یەك لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+5+6+7)ی كردووە.
سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوە دڕندەكانی ئەنفالەكانی یەك و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
دەربارەی بەشداری فەوجەكە لە ئەنفالەكانی یەك، پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147، 167).
مەحمود حەمەئەمین گوڵێ، بەپێی فەرمانی كۆماری ژمارە (808)ی سەرۆكایەتی كۆماری ئێراق، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالدا وەرگرتووە.
مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح گوڵێ، سەرۆكجاشی فەوجی (69)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (407)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان دراوەتێ.

سەرۆكجاشی فەوجی (70): تۆفیق محەمەد فەرەج حەمە ڕۆستەم مۆریاسی؛ سەرچاوە: (گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (29)، ساڵی 1990). مەحمود محەمەدئەمین محەمەد جاف، ئەویش وەكو سەرۆكجاشی فەوجی (70) ناوی هاتووە.
فەوجی تۆفیق مۆریاسی بەشداری ئەنفالی (1)ی كردووە.
لەمەڕ بەشداری فەوجی حەفتا لە شاڵاوی ئەنفالی یەكدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل147).
تۆفیق حەمە فەرەج حەمە ڕۆستەم نەوڕۆڵی (مۆریاسی)، سەرۆكجاشی فەوجی (70)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (310)ی لە لیستی تاوانبارە داواكراوەكان دراوەتێ.

سەرۆكجاشی فەوجی (71): حەمود عومەر ساڵح تاجەدین میرانی.
سەلاح عومەر ساڵح میرانی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
ئەحمەد عەبدولحەمید ساڵح میرانی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
نەقیب عادل محەمەد عەلی، فەرماندەی فەوج.
فەوجی حەفتا و یەك، لە ڕێكەوتی (28.2.1985)دا دامەزراوە و بەشداری ئەنفالی (8)ی كردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

ئەحمەد عومەر ساڵح میرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (71)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (327)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (72): فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی (چەمچەماڵ)، ئەندامی حزبی بەعس بووە و بەشداری قادسیەی سەدامی کردووە، پارە و زێڕیشی بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام.
محەمەد ڕەزا هەمەوەندی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو، لە شەوی (21/22.11.1987) لە هێرشێکی هێزەکانی مەڵبەندی (2)ی (ی. ن. ک) بۆ سەر بارەگای فەوجەکەیان لە گوندی تەوەکەڵی سەر بە ئاغجەلەری کەرکوک لەگەڵ (33) جاشی دیکەدا کوژران، هەروەها سێ پێشمەرگەش گیانیان بەخشی.
فەوجی فوئاد هەمەوەندی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ سەرچاوە: (2–82، العراق، ژمارە (3721)، ل؟)، کە فوئادی سەرۆکجاشی فەوج باسی ئەوە دەکات بەشداری هەر دوو ئەنفالەکانی یەک و دوویان کردووە.
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالەکانی یەک و چواردا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148+162).
سەرۆکجاش فوئاد کەریم محەمەد کابایز، بەگوێرەی سەرچاوە: (2–26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6689)، ل؟)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.
فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی، بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە و ژمارە (214)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
ئەو سەرۆکجاشە دوای ڕاپەڕین باشووری کوردستانی جێهێشت و زۆرتر پێدەچێت لە وڵاتی ئێران بژیت.

سەرۆكجاشی فەوجی (73): سەعید مەحمود محەمەد عەلی قەڵاسێوكەیی (سەعید مەحمود باریكە).
فەوجی سەعید باریكە بەشداری ئەنفالەكانی (1+3+4)ی كردووە.
سەبارەت بە بەشداری فەوجی سەعید باریكە لە ئەنفالی یەكدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).
فەوجی سەعید مەحمود محەمەد باریكە، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی ناوچەكانی سلێمانی، بازیان، سەنگاو، چەمچەماڵ، قەرەحەسەن، ئاغجەلەر و قەرەهەنجیری كردووە، واتە بەشداری ئەنفالەكانی (3+4)ی كردووە؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).
هەر سەبارەت بە بەشداری سەعید باریكە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا ناوبراو لە ڕۆژی (4.5.1988)دا لە گوندێكی سەر بە شارۆچكەی تەكیە خەڵكی گرتووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب13، ل3805-3807).
سەعید مەحمود محەمەد عەلی قەڵاسێوكەیی، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی كوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەكەشی تاوەكو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێكەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.
سەعید مەحمود قەڵاسێوكەیی لە ژیاندا نەماوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (74): محەمەد حەسەن عەلی میرزا جاف شەمێرانی.
فەوجی جاشەكانی محەمەد حەسەن شەمێرانی بەشداری هەر یەك لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2)ی كردووە.
لەمەڕ بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالەكانی یەك و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل نەزانراوە).
سەبارەت بە بەشداری فەوجەكە لە ئەنفالەكانی یەك و دوو؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 152).
محەمەد حەسەن شەمێرانی، بەپێی فەرمانی كۆماری ژمارە (808)ی سەرۆكایەتی كۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالەكاندا وەرگرتووە.

محەمەد حەسەن عەلی میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (74)، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (406)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (75): کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف.
خەسرەو محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
ڕائید مەزهەر فەرماندەی فەوجی ناوبراو.
هەر یەک لە حەسەن وەلی حەمەئەمین جاف، محەمەد ساڵح قادر سلێمان، محەمەد عارف، عەدنان حەمە نەجیب و کەریم عەلی عەزیز جاف، فەرماندەی سریە بووینە.
فەوجی حەفتا و پێنج، بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە.
محەمەد عارفی فەرماندەی سریە، لەکاتی هێرشی ئەنفالی (3)دا خۆیی و جاشەکانی گوندەکەی خۆیان واتە (سەرکەل)ی سووتاندووە؛ سەرچاوە: (2–92، گۆڤاری ئەنفالستان، ژمارە (4)، ل43).
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل نەزانراوە). کیسرا محەمەد سەعید جاف باسی ئەوە دەکات بەشداری ئەنفالەکانی یەک و دوویان کردووە؛ سەرچاوە: (2–12، الثورة، ژمارە (6523)، ل؟).
فەرماندەی یەکێک لە سریەکان کەریم عەلی عەزیز دەڵێت: (بە هەوڵ و کۆششی هەموو جەنگاوەران توانیمان ئەو ئەرکە مێژووییەی بەرە و ڕومان کرابووەوە لە کاری ئەنفالی دووەمدا بۆ پاکژکردنی ناوچەی قەرەداغ جێبەجێی بکەین؛ سەرچاوە: (2–93، هاوکاری، ژمارە (965)، ل؟).
سەبارەت بە بەشداری کردنی لە ئەنفالەکانی یەک، دوو و سێدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 152، 156).
بەگوێرەی نووسراوی بنکەی هەواڵگری کەلار بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی ناوچەی خۆرهەڵات بە ژمارە (1988/4/10/10328)، فەوجی حەفتا و پێنجی کیسرا محەمەد جاف بەشداری ئەنفالکردنی هەر یەک لە گوندەکانی (عەلی وەسان و سۆفی ڕەحیم)ی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی سێ؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5617).

بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا.
کسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (75)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (405)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (76): فەرزەندە جهانگیر حاجی هەرکی.
فەوجی فەرزەندە هەرکی بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (77): عومەر خدر حەمەد ئاغا سوورچی و نەجم عومەر خدر ئاغا سوورچی (سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان).
فەوجی ناوبراو بەشداریکردنی کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+8)ی کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوە و باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپا و جاشە سووکەکان دەکرێت کە لە ڕۆژانی (11.8.1987+10)دا کراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە کاولکردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری نووسراوە.
سەبارەت بە بەشداری فەوجی حەفتا و حەوت لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
شێخە محەمەدئەمین محەمەد پیرداود کورتاندروویی، کە پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو بەنیازبوو بچێتە ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕش، جاشەکانی عومەر ئاغای سوورچی لە ڕێکەوتی (21.1.1987)دا گرتیان و ڕادەستی پیاوەکانی سەدامیان کرد لە خەلیفان. بۆ ماوەیەک لەگەڵ شێخەدا لە ئەمنی هەولێر پێکەوە

بووین. دواتر شێخە محەمەدئەمین لە ڕێکەوتی (7.12.1987)دا ڕەوانەی دادگای شۆڕش کراو سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی لەلایەن عەواد بەندەرەوە بۆ بڕدرایەوە. لە دادگادا جاشێکی عومەر ئاغای سوورچی هات و شایەتی ئەوەی دا کە ئەو شێخەی گرتووە نەک شێخە خۆی هاتبێت بۆ ئەوەی خۆی ڕادەستی حکومەت بکاتەوە. شێخە لە ڕێکەوتی (6.9.1988)دا بەر لێبووردنی گشتیی حکومەتی سەدام کەوت و دواتر لە ڕێکەوتی (20.9.1988)دا ئازادکرا.

دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

عومەر خدر ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (77)ی جاشە سووکەکان، ژمارەکانی (213+296)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.

عومەر ئاغا، سەر بە پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستانە،

هەروەها بەگوێرەی قسەی کاکە ئیسماعیل عومەر خدر (سەید کاکە)ی ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، مانگانە (30) هەزار دۆلار لە پارتی دیموکراتی کوردستان وەردەگرێت.

عومەر خدر ئاغای سوورچی، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (6.5.2017) مرد.

نەجم عومەر ئاغا، خانەنشینی حکومەتی باشووری کوردستانە بە پلەی وەزیر و مانگانە (6) ملیۆن دینار وەردەگرێت.

سەرۆکجاشی فەوجی (78): ڕەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی.

شەوکەت ڕەشید حەمەدئەمین شێروانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

حەیدەر ڕەشید حەمەدئەمین شێروانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، کە مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری کردنی لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-84، الجمهورية، ژمارە (6784)، ل؟).

فەوجی ناوبراو بەشداری لە هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)دا کردووە.

لەمەڕ بەشداری فەوجی حەفتا و هەشت لە هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی دوو و چواردا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152، 162).
سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ڕەشید شێروانی لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
ڕەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی هێرشی ئەنفالدا وەرگرتووە.
ڕەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆکجاشی فەوجی (78)ی جاشی سووک، بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە و ژمارە (410)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (79): جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا کافرۆشی (نووسەرە و ئێستا لە وڵاتی سویسرایە و لە ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ کاردەکات، کاتی خۆی هۆنراوەی – یا گورة العین-ی بۆ سەدام نووسیوە و لەبەردەم ئەودا خوێندیەوە).
کەمال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا کافرۆشی جێگری فەرماندەی فەوج.
ملازم ئەیاد خەڵەف خەلیل ئامر فەوج و ملازم حوسێن عەجاج جێگری ئامر فەوج.
فارس حەمە عەزیز، لێپرسراوی حزبی بەعس لە فەوجی ناوبراو.
هەروەها هەر یەک لە محەمەد ئەسعەد چەرمەگا کافرۆشی، بەختیار حەمە نەجم، کەریم حەسەن مستەفا و کەریم قادر بابەکر، ئامر سریە بووینە.
فەوجی جەلال چەرمەگا، لە ڕۆژی (15.12.1985)دا دامەزراوەو بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7) و لە شەڕی هەڵەبجە-دا کردووە.
دەربارەی بەشداریکردنی ئەم فەوجە لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالەکانی یەک، چوار، پێنج، شەش و حەوت؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 162، 166).
ئەسعەد ڕەزا کافرۆشی، سەبارەت بە بەشداری فەوجەکەی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەڵێت: (لە زۆربەی نەبەردییەکانی ناوچەکەماندا بەشداریمان کردووە و جەنگاوەرانمان نموونەی ئازایەتی و گیان لەسەر دەست بوون بۆ پارێزگاری کردن لە وڵاتی شیرینمان ناوچەی هەڵەبجە، زێوێ، کاری ئەنفال و چەمی ڕێزان، دیارترین نموونەی پاڵەوانیەتی فەوجەکەمانە و لەلایەن سەرکردایەتییەوە

دەستی ڕێزیان لێنراوە)؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە 6536)؛ (2-94، هاوکاری، ژمارە 1017)، واتە ئەنفالی چوارەم.

جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا، سەرۆکجاشی فەوجی (79)ی جاشە سووکەکان لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی هاوکاری بەناوی (هاوکاری لە فەوجی 79ی بەرگری نیشتمانیدا نیشتمان مالی پیرۆزمانە و پێویستە بەرگری لێ بکەین)، دەلێت: (لە بارەی ئەو جەنگانەی کە بەشداریمان کردووە لە کەرتی ماوەت بووە لە سالی (1986)دا)، هەروا لە جەنگەکانی هەلەبجە سالی (1988) و کارەکانی ئەنفالی چوارەم؛ سەرچاوە: (2-95، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (1019)، ل؟).

بەپێی نووسراوی ژمارە (2318/5/24/ق3)ی ڕێکخراوی هەوالگری سەربازی ناوچەی خۆرهەلات بۆ هۆبەی سێی هەوالگری سەربازی گشتیی لە ڕێکەوتی (23.5.1987)، سەبارەت کاولکردنی چەندان گوندی کوردستان بە سەرپەرشتی هێزێک لە ڕۆژی (17.5.1987)دا کە هێزەکە پێکهاتبوو لە (فەوجی جاشە سووکانی (46)، فەوجی (79)ی جەلال ئەسعەد ڕەزا و هێزێکی ئەندازیاری سەربازی) کە گوندەکانی (ئەلیاوە، بەرخ، پێ دۆلە، پێرەش، دەسکەرە، سلێمانە، سەید مەحمود، مشکۆتان، غولام کۆە، میرمار، کواجە)یان لەسەر نەخشە لابرد، کە سەر بە قادرکەرەم، لەیلان، قەلا شێروانە، هەلەبجە و پێنجوین بووینە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5573)، واتە بەشداری ئەنفالی سێیەم بووینە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فەوجی جاشەکان شانبەشانی سوپای داگیرکەری سەدامی عروبە، گوند و شارۆچکە و شارەکانی کوردستانیان کاولکردووە.

جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا کافرۆشی (1955/ سلێمانی)، ئەندامی خولی پێنجەمی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان – لایەنگی ڕژێمی سەدام بووە، بەشداری قادسیەی کردووە و پارەو زێڕیشی بەخشیووە. هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی بۆ خولی حەوتەم لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا هەلبژاردبوو، بەلام نەکراوە بە ئەندام.

جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا، سەرۆکجاشی فەوجی (79)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (316)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (80): قادر سوارە حەمەد بلّباس (قەرەنی ئاغا/ چوارقوڕنە).
مامەند عەلی بەشیر، فەرماندەی سریە.
فەوجی جاشە سووکەکانی قادر سوارە بلّباس بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە 6536).
سەبارەت بە بەشداری لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).
قادر سوارە بلّباس، دوای ڕاپەڕین چۆتە ناو (پ. د. ک) و دواتر مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (81): محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی ناسراو بە شێخ محەمەد باساکی.
ئەحمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
جەمال ڕەئوف عومەر ئەمین باساکی، فەرماندەی سریە.
شێخ مستەفا باساکی، فەرماندەی سریە کە ئێستاکە ئەندامی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانە لە سلێمانی.
بە پلانی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی و هاوکاری سەرۆکجاش شێخ محەمەد عومەر ئەمین باساکی و جێبەجێکەری نەخشەکە لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسە کەریم ڕەئوف کانیساردی، لە ئێوارەی (6.7.1984)دا کادیر، پێشمەرگەو زیندانیی سیاسیی ئاراس عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا ئەحمەد ناسراو بە مامۆستا پێشڕەو، لە گەڕەکی ئازادی شاری سلێمانی شەهیدکرا. ڕۆژێک پێشتر دوو ژن کە یەکێکیان کەسێکی نزیکی شێخ نوری دەبێت، سەردانی مامۆستا پێشڕەو دەکەن لەماڵەکەی خۆیدا و ئاگاداری دەکەنەوە کە شێخ نوری شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی کۆمەڵێک چەکی حکومەتی لایە و دەیەوێت لە ڕێگای ئەوەوە بیگەیەنێتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئێوارەی ڕۆژی دواتر مامۆستا پێشڕەو دەچێت بۆ ماڵی شێخ نوری، بەڵام کەریم ڕەئوف کانیساردی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات، لەپشتەوە مامۆستا پێشڕەو شەهید دەکات و دواتریش شێخ نوری دەکوژێت. لە پاداشتی ئەم چالاکییەدا، حکومەت فەوجی جاشی سووکی بۆ شێخ محەمەد باساکی و لەبری

کوڕانی براکەیان فەوجی (174)ی بۆ شێخ نەجمەدین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی کردەوە، هەروەها شێخ عەتای غاز–ی برای شێخ نوری کرد بە جێگری شێخ نەجمەدین لە فەوجەکەدا. شەهید پێشڕەو، ئەندام کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بەرپرسی پۆلی بەرزنجە بوو.
لە ڕۆژی (14.4.1987)دا هێزێکی سەربازی ڕژێم بە سەرکردایەتی فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی و بەشداری حەوت فڕۆکەی هەلیکۆپتەر (کە یەکێک لە فڕۆکەوانەکان خەڵکی شاری سلێمانی بووە بەناوی هاوڕێ) و جاشەکانی فەوجی (81)ی سەرۆکجاش شێخ محەمەد عومەر ئەمین باساکی پەلاماری (11) پێشمەرگەی تیپی (31)ی شارباژێڕی سەر بە (ی. ن. ک) دەدەن لە گوندی (ئاڵەسیاو)ی سەر بە شارۆچکەی سیتەک. لە ئەنجامی ئەو پەلامارەدا شەڕێکی چوار کاتژمێری لەنێوان هێزەکەی بەعس و ئەو (11) پێشمەرگەیە ڕوویدا، کە بووە هۆی شەهیدبوونی (5) پێشمەرگە و بەدیل گرتنی (6) پێشمەرگەی دیکە بە برینداری، کە یەکێک لە بریندارەکان شێخ جەمیل ئەحمەد ساڵح چنارەیی بووە کە دەستێکی لە شەڕەکەدا دەپەڕێت. حکومەتی بەعس لە ڕێکەوتی (16.4.1987)دا هەر شەش پێشمەرگە دیلە بریندارەکان لە نزیک سیتەک گوللە باران دەکەن و لەگەڵ پێنج شەهیدەکە لە یەک گۆڕدا دەنێژرێن کە ئەوانەن: (جەمیل ئەحمەد ساڵح چنارەیی ناسراو بە شێخ جەمیل، ڕابەر سیاسی تیپی (31)ی شارباژێڕ. ئاراس محەمەد ئەحمەد حەسەن قادر کە خوشکەزای شەهید شێخ جەمیل بووە. بێستون ئیبراهیم سەعید محەمەد. خەسرەو ڕەئوف ڕەحیم کەریم (هەوراز). ڕزگار عوسمان موراد. ستار ئەحمەد قادر. شێرکۆ محەمەد عەبدوڵلا سەعید. محەمەد ئەحمەد ماروف. مستەفا قادر مستەفا ئەحمەد ناسراو بە پێشڕەو. نوری مەحمود قادر فەرەج. هۆشیار سەعدون سەعید). ئەوکاتەی کە پێشمەرگەکان بەدیل دەگیرێن یەکێک لە کەسە دیارەکانی فەوجی (81)ی شێخ محەمەد باساکی کە دیار نییە خۆی بووە یان جاشێکی دیکە بەشێوەی گاڵتەپێکردنەوە لە شەهید شێخ جەمیل دەپرسێت تۆ کێی؟ شەهید شێخ جەمیل سەرەڕای پەڕینی دەستێکی لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە، بۆکسێک لە چەناگەی جاشەکە دەدات و بەشێکی زمانی جاشەکە دەقرتێنێت. لەدوای ڕاپەڕین و دەرکردنی سوپا و دامودەزگاکانی حزبی بەعس لە بەشێک لە شارەکانی باشووری کوردستان، لە مانگی ئاداری ساڵی

(1994)دا جوتیارێک لەکاتی کێڵانی زەوییەکەیدا لە نزیک سەربازگەی کۆنی سیتەک هەندێک جلوبەرگ لەگەڵ گاسنی جووتی جوتیارەکە دێت، بەمەش دەزانن کە ئەو شوێنە گۆڕی بە کۆمەڵی تێدایە. دوای هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە لە ڕێکەوتی (24.3.1994)دا تەرمی شەهید شێخ جەمیل چنارەیی و هەر (10) پێشمەرگەکەی دیکە دۆزرایەوە.

فەوجی شێخ محەمەد باساکی، بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)ی کردووە.

دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی هەشتا و یەک لە ئەنفالی یەکدا، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەکانی ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لیدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیار و ڕێکوپێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2-74، هاوکاری، ژمارە (960)، ل6-7). هەر سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی جەمیل باساکی لە شاڵاوی ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، چاپی دووەم، ل26).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل؟).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجەکە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3)دا، سەرچاوە: (ئەلسەروە، ژمارە (6692)، کە سەرۆکجاشی فەوج شێخ محەمەد عومەر باساکی باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە هێرشی ئەنفالەکانی یەک، دوو، سێ، هەروەها وەرگرتنی سێ مەدالیای ئازایەتی بە یەکجار لە سەدام لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالەکان).

فەوجی هەشتا و یەکی جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالەکانی دوو و چواری کردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152، 162).

محەمەد عومەر ئەمین باساکی، ئەحمەد عومەر ئەمین باساکی و جەمال ڕەئوف عومەر ئەمین باساکی، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕێکەوتی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاکیان وەرگرتووە.

سەرۆکجاش محەمەد عومەر ئەمین باساکی، بەگوێرەی فەرمانێکی کۆماری، کە لە لاپەڕە (3)ی سەرچاوەی (2–11، ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6754)، و لاپەڕە (2)ی سەرچاوەی (2–115، ڕۆژنامەی العراق، ژمارە (3907)دا، مەدالیایەکی ئازایەتی لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە.

محەمەد عومەر باساکی، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ژمارە (501/3/ا)ی ڕێکەوتی (13.2.1989)ی بڕێک پارەی وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداری کردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل239–240). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەیەکی نکۆڵ لێنەکراوی بەشداریکردنی سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراوە لە هێرشی ئەنفالی هەشتدا.

سەرۆکجاشی ئەو فەوجە لە لێدوانێکیدا بۆ سەرچاوەی (2–103، ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6692)دا دەڵێت: (سێ مەدالیای ئازایەتیم وەرگرتووە). محەمەد عومەر ئەمین باساکی سەرۆکجاشی فەوجی (81)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (380)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (82): سوارە عەباس مامەند حەمەد ئاکۆ ئاغای پشکۆ.

فەوجی سوارە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغا، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی یەکی کردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).

سوارە عەباس مامەند ئاکۆ، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕۆژی (2.5.2007)دا، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە،

پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (83): هەڵگورد شێخ عەبدولکەریم شێخ عەبدولقادر کەسنەزانی.
خەلیل باقی نادر، فەرمادەی سریە.
شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم شێخ عەبدولقادر کەسنەزانی، کە نوێنەری قادریەکانە، دوو فەوجی هەبوو، فەوجێک بەناوی هەڵگورد و ئەوی کەیان بەناوی عەزیز شێخ نوری.
فەوجی هەڵگورد کەسنەزانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی شێخ هەڵگورد لە ئەنفالەکانی یەک و دوو، سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە 6536).
فەوجی هەشتا و سێی جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوتی کردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 167).
هەڵگورد عەبدولکەریم شێخ عەبدولقادر کەسنەزانی، لە دوای ڕاپەڕین لە ڕێکەوتی (8.4.1996)دا بە بڕیاری ژمارە (66)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق (سەدام حوسێن) کراوەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی شاری سلێمانی.
هەڵگورد عەبدولکەریم شێخ عەبدولقادر کەسنەزانی، سەرۆکجاشی فەوجی (83)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (390)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (84): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (85): قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری (1952/ کرۆژ/ کۆیە)، هەروەها جاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری و فارس تاهیر مستەفا ئاغا، ئەوانیش وەکو سەرۆکجاشی فەوج لە ڕۆژنامەکانی ڕژێمدا ناویان هاتووە.

مەجید مەلا فەتاح موسا، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
ئەکرەم فەتاح موسا، یاریدەری سەرۆکجاشی فەوج.
هەر یەک لە چەتۆ کەریم سەعید ناسراو بە چەتۆی کەریمە سوور (کە پێشتر خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی جاشی ژمارە 72 بوو)، حاجی ئیبراهیم عەزیز حەسەن، ئیبراهیم عەبدوڵڵا فەرەج، بەکر عەبدوڵڵا شەریف، کازم فارس، محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد، محەمەد عەلی بێشیری، لەتیف خورشید سەعید، مستەفا ڕەشید مستەفا تۆپزاوەیی، محەمەد ئەحمەد عەبدوڵڵا و محەمەد عەلی سمایل (محەمەد عەلی چوکلات)، فەرماندەی سریە بووینە.
محەمەد عەلی چوکلات و دوو جاشی دیکەی قاسم ئاغای کۆیی، لەسەر دەستدرێژی کردنە سەر ژنێکی مەسیحی، دوو جاشەکە لە سێدارە دران و ئەویش لەبەرئەوەی زۆر دڵسۆزی ڕژێمی سەدام و بەعس بوو بۆیە سزای هەتا هەتایە (مؤبد)ی وەرگرت، ئێستاکە ناوبراو پێشمەرگەی پارتییە و لە ڕێگای عەینکاوە - هەولێر لەلایەن پارتی فلات (شوقە)یێکی دراوەتێ و هەولێیش دەدات گرتنەکەی خۆی بکات بە زیندانی سیاسیی و مووچەی مانگانەی بۆ ببڕنەوە، بەڵام بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتیی زیندانییانی سیاسی لە هەولێر قایل نین.
قاسم ئاغا، پێشتر لەگەڵ جاسم فارسی برای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (57)یان هەبووە، ئەندامی حزبی بەعس بووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە لەپێناوی پشتیوانیکردن لە جەنگی قادسیە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی کاندید کردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاساداناني ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و بۆتە ئەندامی خولی حەوتەم.
قاسم ئاغا، ئێستاکە سەر بە پارتیە، کە ڕوناکی ژنی ناوبراو دەڵێت: (پارتی ڕێگەی پێداوین بێینەوە هەولێر دانیشین و خانوو دروست بکەین، چونکە ئێمەش پارتین و منداڵەکانیشمان هەمووی پارتینە. جگە لە سەرۆک بارزانی هەژمار بۆ هیچ کەسێکی دیکە ناکەین)؛ سەرچاوە: (2-96، هاولاتی، ژمارە (672)، ل2).
مەجید مەلا فەتاح موسا، پێشتر پێشمەرگەی یەکێتی بوو، دواتر لە مانگی نۆی ساڵی (1983)دا گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە جێگری سەرۆکجاش لای قاسم فارس تاهیر کۆیی، دوای ڕاپەڕینیش گەڕایەوە ناو یەکێتی و کرایە ئەندامی مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی لە کۆیە، بەڵام ئێستاکە لە هۆڵەندا دەژیت.

قاسم ئاغا کۆمەڵێک تاوانی دژ بە هاووڵاتی، پێشمەرگە، کەسوکاری پێشمەرگە و نەتەوەپەرستانی کورد ئەنجام داوە و شەهیدی کردوون، کە بەشێکیان ئەمانەن:
لە بۆسەیەکی جاشەکانی قاسم فارس ئاغا لە شەوی (19.11.1978)دا لە کۆدەرەی نزیک گوندی (سکتان)ی خۆشناوەتی بۆ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی یەکێتی، پێشمەرگە ڕەسوڵ عەبدوڵڵا خدر میرزا هەینی بۆڵی (1963/ سلێمانی/ سەروچاوە) بریندارکرد، کە دواتر لە ڕۆژی (6.3.1991)دا لە ڕۆژی ڕاپەڕینی ڕانیە شەهید بوو.
قاسم ئاغا و جاشەکانی شانبەشانی سەدان سەرباز و ژمارەیەکی زۆر کۆپتەری دوژمن بەشداری هێرشی دەشتی قوڕەبەرازەی ڕۆژی (11.8.1979)یان کردووە، کە لەو شەڕەدا نۆزدە پێشمەرگەی یەکێتی بەم ناوانە شەهید بوون: (شەفیق زاهیر کەریم ئەحمەد گۆدە، فەرماندەی هەرێم، مەعروف عارف نەجم قەسرێیی جێگری فەرماندەی هەرێم و شەهید شەفیق بووە، مەولود حاجی عەبدوڵڵا حەمەد حاجی وسوویی (مەولود شینە)، محەمەد حەمەد قادر مەعروف قوڵقوڵەیی، محەمەد عەزیز عەلی، ئازاد ڕەفیق حەمەدئەمین نانەوا، زاهیر محەمەد شەریف ئیبراهیم، ڕەفعەت سەعدی حەسەن وسو، شێروان ئیسماعیل نادر نازەنینی (ئامانج)، ئەنوەر محەمەدئەمین ئیسماعیل حەمەد نازەنینی، حەوێز ئیسماعیل مەحمود هەوارانی (حەوێزە ڕەش)، ئەحمەد مەحمود ئەحمەد (ئالوبلاغی – بازیان)، جبرائیل خدر قادر ڕەسوڵ کافرۆشیانی، سەعید فەتاح عەلی ساڵح قەرەناوی (قالە قەرەناوی)، محەمەد قادر حەمەد (محەمەد زەکیە)، جەعفەر سەعید عەباس، عومەر ڕەفیق ئەحمەد عەبدوڵڵا (عومەری ڕەفە زلە)، ئاودێر عەبدوڵڵا ساڵح و قوباد فەتحوڵڵا سەعید کە ئەم چوارەی دواییان بە برینداری دەستگیر کران و لە شەوی (11/12.8)دا لە خانەی میوانداری ئەفسەران (دار الضیافة للضباط) لە کۆیە قاسم ئاغا خۆی گوللە بارانی کردبوون؛ سەرچاوەی ناوەکان: (1-22، شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل253-254)؛ (2-97، ل9). ئەوەی شایەنی گوتنە شەهید شەفیق زاهیر کەریم، باوکی و دوو برای تری بە ناوەکانی تۆفیق و ڕەفیق لە پێناوی کورد و کوردستان شەهید کراون.
بایز کەریم، یەکێک بوو لە جاشە هەرە دڕندە و بەدناوەکانی قاسمە کوێری کۆیە، کە بەشداری شەڕی (11.8.1979)ی قۆڕەبەرازە و شەهید کردنی پێشمەرگەکانی ئەو گوندەی کردووەو هەم لە کۆتایی حەفتاکاندا لە دەشتی کۆیە کۆرپەیەکی سەر

بێشكەی فڕێدابووە ناو ئاگر و منداڵەكەی كوشت، چونكە باوكەكەی پێشمەرگە بوو. بایز كەریم، دواتر لەلایەن مەفرەزەیەكی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەستگیر كراو دوای لێكۆڵینەوە و دانپێدانانی تۆمەتبار لە ڕێكەوتی (19.7.1980)دا گوللە باران كرا؛ سەرچاوە: (1–57، نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئاڵا بڵاوكراوەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لقی ئەمەریكای باكوور 1979–1983، ل288).

قاسم فارس تاهیر غەفوری، سەرۆكجاشی فەوجی ژمارە (85)ی جاشە سووكەكان بە هاوبەشی هێزێكی گەورەی سەربازی ڕژێم لە ڕێكەوتی (5.12.1979)دا لە شەڕێكدا لە نزیك گوندی كڵێسەی سەر بە شارۆچكەی كۆیە شەش پێشمەرگەی هەرێمی (2)ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان شەهید دەكەن: (خەلیل عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا محەمەد نادر، عەلی ئیبراهیم، كامیل عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا، ناسیح عەزیز و شەشەمیان نەناسراوە – سەرچاوە؛ عوسمان كانی پانكەیی، سەروەرییەكانی یەكێتیی  نیشتمانیی كوردستان، ل225)، هەروەها دوو پێشمەرگەی دیكەش بە ناوەكانی ئیبراهیم شێخ مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان ناسراو بە دكتۆر ڕێباز برای شەهید شەماڵی باخ و پێشمەرگە جەلال مەحمود ئەحمەد محەمەد سورداشی بەدیل دەگرن و ڕادەستی هەیئە خاسەی كەركوك دەكرێن، تا لە ڕێكەوتی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسە بڕیاری لە سێدارە دانیان دەدرێت و دەگوازرێنە بۆ بەشی سێدارەی زیندانی شاری موسڵ. دكتۆر ڕێباز، دواتر لە شەوی (13.11.1980)دا لە سێدارەدرا و جەلال مەحمود ئەحمەد سورداشی لە بەرەبەیانی ڕۆژی (26.5.1981)دا لە سەربازگەی غەزلانی شاری موسڵی كوردان گوللە باران كرا.

قاسم ئاغا و جاشەكانی ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە و عەباس بایز باڵو ئاغای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخباراتی ژمارە (9) و دواتر سەرۆكجاشی فەوجی (91)، لە ڕۆژی (13.4.1980)دا لە شەڕێكدا لە دۆڵی ئەسحابان دوو پێشمەرگەی یەكێتی یان شەهید كرد (عەلی سلێمان ئەحمەد فەرخ و مەجید ئیبراهیم سلێمان مەنتك)، هەروەها بەكر كەریم محەمەد عەزیز محەمەد (بەكر سوسەیی) بە بریندار بەدیل گیراو ڕادەستی ئیستخباراتی سەربازی كراوە، لە هەیئە خاسەی كەركوك بڕیاری لە سێدارەدانی دراوە، لە شەوی (14.5.1981)دا لە موسڵ لە سێدارە دراوە،

هەروەها لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی دیكە بە ناوەكانی سەباح ئەحمەد، مەجید حوسێن محەمەد عەزیز سوسەیی و فارس حەسەن، بریندار بوون.

لە ڕۆژی (12.5.1980)دا جاشێكی قاسم ئاغا بەناوی جەرجیس عومەر جەرجیس ناسراو بە (جەرگۆ) بە پلان و دەستی ئەمنی حكومەتی بەعس چووە ناو حسك، جەرگۆ توانی بەگوێرەی پلانێک حەمەد خدر میرزا هەینی (ئەحمەد خان بۆڵی)، فەرماندەی هەرێمی (10)ی سەفینی حزبی سۆسیالیستی كوردستان و پێشمەرگە عەبدوڵڵا ڕەسوڵ خدر قادر (1956/ بێتواتە)، لە گوندی سماقوڵی گرتک لە دۆڵی خۆشناوەتی شەهید بكات.

مەفرەزەیەک لە جاشەكانی قاسم ئاغا بە فەرماندەیی جەرجیس عومەر جەرجیس (جەرگۆ پیڕەشی)، لە مانگی نۆی ساڵی (1980)دا لە گوندی (پیڕەش)ی سەر بە شارۆچكەی پیرمام توانی پێشمەرگەیەكی (ی. ن. ک) بەناوی یونس بابەكر حوسێن وسو ناسراو بە یونس خۆشناو (1957/ هەولێر/ پیرمام/ عەلیاوا) بەدیل بگرێت و بەهۆی قاسم ئاغاوە ڕادەستی ئیستخباراتی كۆیەیان كرد، دواتر لە هەیئە خاسەی كەركوک بڕیاری گولله باران كردنی درا، پاشان لە ڕۆژی (26.5.1981)دا لە سەربازگەی غەزلانی موسڵ گولله باران كرا.

جەرگۆ پیڕەشی، سەرەتا جاشێكی دڕندە و ناسراوی قاسم ئاغا و دواتریش جاشی كانەبی چاوشین بوو، دوای كوشتنی ئەحمەد خان، جەرگۆ ماوەیەک گەڕایەوە نێو ڕژێم و دیسان بوو بە جاش، پاش نزیكەی ساڵێک دووبارە بووەوە بە پێشمەرگە، تا دواتر لە ڕۆژی (10.10.1981)دا لە لەلایەن ڕائید كاكل گەردی شەهید كرا.

جاشەكانی قاسم ئاغا و چەتۆ كەریم سەعید لە ڕۆژی (26.4.1981)دا لە كۆیە لە شەڕێكدا لە ناوچەی كافرۆشیان دوو پێشمەرگەی یەكێتی (جەمال ئیسماعیل حەمە خان و دلێر مستەفا دەروێش عەبدوڵڵا)، بەدیل دەگرن و ڕادەستی ئیستخبارات دەكرێن، دواتر لە ڕۆژی (28.11.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دەدرێن.

شەهید كردنی دوو پێشمەرگەی یەكێتی لە ڕێكەوتی (16.8.1981)دا بە ناوەكانی ئەحمەد ئیسماعیل حەمەد حوسێن ناسراو بە ئەحمەد بڕنەو و یەكیەتی مەجید وسو، لە هەمان كات سێ پێشمەرگەش بریندار بوون بە ناوەكانی عەزیز ئیبراهیم ڕەسوڵ (مامۆستا عەزیز كۆیی) فەرماندەی هەرێمی كۆیە، شەمدین حەوێز و قادر تیمارۆكی.

دلێر مستەفا عەبدوڵڵا ئەحمەد (22.1.1959/ هەولێر/ كۆیە). پێشمەرگەی یەكێتی، لە ڕۆژی (26.4.1981)دا لە كۆیە لەلایەن جاشەكانی قاسم فارس تاهیر ئاغا و چەتۆ كەریم سەعید بەدیل گیراوە، لە ڕۆژی (28.11.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

شەهید كردنی دوو هاووڵاتی بێتاوان بە ناوەكانی ئەحمەد عەبدال و شوكریە قادر لەناو شاری كۆیە لە خۆپیشاندانی ڕۆژی (24.4.1974).

میرزا ئیسماعیل، جاشی قاسم ئاغا، لە ڕۆژی (25.9.1982)دا پێشمەرگەی یەكێتی نەوزاد ڕەئوف عەبدوڵڵا پەڕەچی لە گەڕەكی جەمعیەی كۆیە نزیك كانی بن شاخان شەهید كرد.

شەهید كردنی هاووڵاتی نەجات حاجی عەبدوڵڵا لە كۆیە لە ساڵی (1982)، دواتریش شەهید دلێر نەجات حاجی عەبدوڵڵا، لە ساڵی (1987).

قاسم ئاغا، لە ڕێكەوتی (3.3.1982)دا، چوار خوێندكاری ئامادەیی شاری كۆیەی بە تۆمەتی ئەندامێتی بوونیان لە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و ئاگاداركردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شوێنی بۆسەی جاشەكانی قاسم ئاغا، كە شەوانە لە دەوروبەری كۆیە دایان دەنایەوە، لە ئیستخباراتی كۆیە بەگرتدا بەم ناوانە: (وشیار جەلال حەمەعەلی دەربەندی خوێندكاری شەشەمی ئامادەیی، عەبدوڵڵا ڕەفیق شەشەمی ئامادەیی، عومەر تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، لەگەڵ شوكر). ئەو چوار كەسە، دوای مانەوەیان زۆرتر لە دوو مانگ لە هەیئە خاسەی كەركوك و ئەشكەنجەی دڕندانە، لە ڕێكەوتی (15.5.1982)دا ئازادكران.

قاسم ئاغا و جاشەكانی، لە ساڵی (1983)دا لەناو شارۆچكەی كۆیە پێشمەرگەیەكی حزبی سۆسیالیستی كوردستانی بەناوی جەلیل حاجی دێوانە شەهید كرد.

قاسم ئاغا و جاشەكانی لە شەڕێكدا لە ڕێكەوتی (7.6.1983)دا لە گوندی پیرەری كۆیە، چوار پێشمەرگەی یەكێتی (سەلیم ڕەشید ساڵح ئەحمەد ناسراو بە مامۆستا سەلیم (ئێستا دكتۆر سەلیم)، عەبدولستار ئەحمەد تەها خدر (ئارام)، عەبدولسەمەد ساڵح خدر (ئاكۆ) و وەلی قادر سەعدی حەمید (دكتۆر وەلی) بەدیل گرت، كە دواتر لە ڕێكەوتی (13.11.1983)دا لە دادگای شۆڕشی بەعس لە بەغدا دوای ئەوەی قاسم ئاغای تاوانبار شایەدی لەدژ دان بڕیاری لە سێدارە دانیان درا، بەڵام دواتر بەهۆی گفتوگۆی نێوان یەكێتی و ڕژێم لە ڕێكەوتی (8.2.1984)دا ئازاد كران.

لە ساڵی (1983)دا لە كۆیە ئازاد فەتاح ئەحمەد لەلایەن قاسم ئاغا شەهیدكرا.
جاشەكانی قاسم فارس، لە ڕۆژی (30.3.1985)دا دەچنە سەر گوندی گۆپتەپە، كە مەفرەزەیەكی پێشمەرگەی بەشی كۆمەڵایەتی سەر بە تیپی (86)ی دەشتی هەولێری لێدەبێت، جاشەكان بە (ئاڕ پی جی) هێرش دەكەنە سەر گوندی ناوبراو، كە بووە هۆی بریندار بوونی ژنێك بەناوی (ڕەحمە غەفور ئەحمەد)، كە دایكی پێشمەرگە خەبات عەلی كێخوا ڕەحیم گۆپتەپەیی و خوشكی پێشمەرگە ئەحمەد غەفور ئەحمەد گۆپتەپەییە.
قاسم ئاغا و جاشەكانی، لە ڕۆژی (2.4.1985)دا لەسەر ڕێگای كۆیە – هەولێر سێرەیان لە چەتری سەر سەری مامۆستای گوندی (سماق شیرین) نەریمان تاهیر سەعید، كە ئەندامی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بووە گرتبوو بە مەبەستی پێكانی نووكی چەترەكەو ناوبراویان شەهید كرد.
سووتاندن و شەهید كردنی پێشمەرگەی (ی. ن. ك) شەفیق ئیبراهیم ئیسماعیل ئەحمەد مام قلینجی (شاڵاو) لە گوندی خۆیاندا لە ڕێكەوتی (17.4.1985)دا، دوای سووتاندنی خانووەكەیان بە بڕیاری قاسم ئاغا كە شەهید شەفیق لە خانووەكەدا بوو، هەروەها منداڵێكی تەمەن (4–5)ساڵان بەناوی ڕزگار ساڵح ئیسماعیل بە گوللەی جاشەكانی قاسم ئاغا شەهید دەبێت.
لە ڕێكەوتی (24.4.1985)دا هێزێكی جاشەكانی فەوجی (85)ی سەرۆكجاش قاسم فارس ئاغا كۆیی بە سەرۆكایەتی ناوبراو، پەلاماری گوندی (گۆمەشینی شێخان)یدا، كە هێزێكی پێشمەرگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانی بە فەرماندەیی هەر یەك لە غەفور ئەحمەد غەزاڵ (مامە غەفە)، فەرماندەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و فەقێ عوسمان جەرجیس (فەقێ گۆمەشینی)، فەرماندەی كەرتی چواری تیپی (86)ی دەشتی هەولێر لە گوندەكەدا بوون. لەو پەلامارەدا پێشمەرگەیەك بەناوی ئەمجەد مەلا محەمەد بانی قەڵاتی بریندار دەبێت، هەروەها بە فەرمانی قاسم ئاغای غەفوری خانووەكەی شەهید فەقێ عوسمان جەرجیس ناسراو بە (فەقێ گۆمەشینی)، ئاگری تێبەردرا و سووتاندیان.
شەهیدكردنی جەمال ئەحمەد فەقێ مستەفا خۆشناوی ناسراو بە (جەمال خۆشناو/ 1945)، ئەندامی یەكێتی، لە ڕۆژی (26.9.1985)دا لە كۆیە، كە پێشتر پێشمەرگەی (ی. ن. ك) بوو، لە ڕۆژی (11.7.1977)دا لە گوندی (چناران)ی سەر بە قەزای

دوکان بەدیل گیرا، لە ڕۆژی (16.8.1977)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانی دەرچووە، خۆشبەختانە لە زستانی ساڵی (1978) سزاکەی بۆ سووک دەکرێ و دەگوازرێتەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب، دواتر لە ڕۆژی (16.8.1979)دا بەبۆنەی بوونی سەدام حوسێن بە سەرۆککۆمار لێبووردنی گشتیی بۆ زیندانە سیاسییەکانی کوردستان دەرکرد، لە ڕۆژی (19.8.1979)دا ئازاد کرا.
لە ڕۆژی (28.11.1985)دا جاشەکانی مەفرەزە خاسەی ژمارە (57)ی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە بە پشتیوانی هێزێکی زۆری ڕژێم، کە پێک هاتبوو لە مەفرەزە خاسەکانی (ژمارە (10)ی بابەکر هۆمەر ئەحمەد قەڵادزەیی، مەفرەزەی ژمارە (72)ی چەتۆ کەریم سەعید، مەفرەزەی ژمارە (96)ی هۆمەر پیرۆت جوامێر قەڵادزەیی، مەفرەزەی ژمارە (142)ی شەفیق تۆفیق تایەر کۆیی، مەفرەزە خاسەکانی 152، 177، 182) بە پشتیوانی چەندان کۆپتەر هێرشیان کردە سەر گوندەکانی باجوان، پەڵکانە، تیمارۆک، داوبەڕوو، حاجی قەڵا و قۆڕیتانی دەشتی کۆیە. مەفرەزەی ژمارە (57)ی قاسم ئاغا لە نزیک گوندی پەڵکانە لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەکانی کەرتی (5)ی گۆڕقەرەجی سەر بە تیپی (86)ی دەشتی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێتە شەڕیان. دوای شەڕێکی سەخت و بۆردومان کردنی گوندەکانی پەڵکانە و قۆڕیتان لەلایەن هێزەکە و کۆپتەرەکانی ڕژێمەوە دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی سابیر ئۆمەر حەمەد (1951/ ناسر ئاغا) و فارس هەمزە ئەحمەد ڕەسوڵ ئیسماعیل بانیمارانی (بێکەس)، لەگەڵ دوو کەس لە هێزی پشتگیری گوندەکان بە ناوەکانی لەتیف شەوگێڕی و مام بەکر ئەحمەد ناسراغەیی شەهید دەبن و جاشەکانی قاسم ئاغا دوو پێشمەرگەی تر بەناوی مەحمود عەبدوڵڵا ئەحمەد کۆیی و محەمەد عەبدوڵڵا عەلی ناسراو بە ڕزگار مام قلینجی بە برینداری بەدیل دەگرن و ڕادەستی ڕژێمیان دەکەن کە دواتر لە سێدارە دران. هەروەها زۆرتر لە (20) کەس لەو دوو گوندەدا شەهید بوون، کە بەشێکیان ئەمانەن: (مەحمود کەریم تەها (3) ساڵ، ئەحمەد کەریم تەها (6) ساڵ، کیژان کەریم تەها (7) ساڵ، کابان کەریم تەها (16) ساڵ، محەمەد کەریم تەها (13) ساڵ، فەخریە دەروێش حەمەد دایکی ئەو پێنج منداڵەی سەرەوەو هاوسەری پێشمەرگە کەریمە ڕەش، ئیبراهیم بایز، ئەنوەر عەزیز، حاجی قادر، چوار منداڵ و هاوسەری هاووڵاتی سابیر مەولود، ڕەمەزان ڕەزا شەوگێڕی، تەمەر عومەر شەوگێڕی، پور ئایش ئیسماعیل کفرەدۆڵی

و فەرحان باداوانی؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5831) + (1-23، ئەحمەد کوردە، بیرەوەری ڕۆژانی سەختی خەبات، بەرگی یەکەم، ل219-220) + (1-66، ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ڕزگاری دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ل161+ 166).

شەهید کردنی هاووڵاتیەک لە ساڵی (1986)دا بەناوی ئەسوەد ئەحمەد میکائیل لەلایەن شوفێرەکەی قاسم فارس ئاغا، کە لەبەردەم فلکەی تایەر تۆفیق بە ئۆتۆمۆبێل بەسەریدا ڕۆیشت، کە پێشتر کوڕێکی مام ئەسوەد بەناوی شەهید جەعفەر ئەسوەد ئەحمەد، لە شەڕی بەناوبانگی دەشتێو لە ڕۆژی (8.3.1978)دا بەدیل گیراو دواتر لە ڕێکەوتی (21.6.1978)دا لە شاری موسڵ لە سێدارە درا.

قاسم فارس تاهیر ئاغای سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، لە مانگی (5)ی ساڵی (1986)دا دەچێتە سەر هێزێکی تیپی (93)ی کۆیەی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی داربەڕووی نێوان تەقتەق - کۆیە. لەدوای شەڕێکی چەند کاتژمێریدا، بە فەرماندەیی هەر یەک لە ڕابەر ئیبراهیم سەعید (ڕابەری سەید برایم) سەرتیپی تیپی (93)ی کۆیە و فەقێ عوسمان جەرجیس (فەقێ گۆمەشتنی) جێگری سەرتیپی تیپی ناوبراو. لەو شەڕەدا فەقێ گۆمەشینی بریندار بوو، هەروەها لە جاشەکان جاسم فارس تاهیر غەفوری برای قاسم ئاغا بریندار بوو.

گرتن و بێسەرو شوێن کردنی دوو ئەندامی (ی. ن. ک) لە ساڵی (1986)دا لە ڕێگای بنکەی ئیستخباراتی سەربازی کۆیەوە بە ناوەکانی ئەحمەد کوێخا ڕەحیم و دلێر ئیسماعیل حەمەخان.

شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک) بەناوی سالار عەبدولکەریم یاسین تەها بۆیاخچی ناسراو بە (سالارە سوور) لە ڕۆژی (23.5.1986)دا لە ڕەبایەکی جاشەکانی قاسم ئاغا لە گوندی داربەڕوو.

قاسم ئاغای کۆیە و جاشەکانی لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (10.7.1986)دا لە گوندی سێگردکان، چوار پێشمەرگەیان شەهید کرد: (جەلیل ئەمین سادق سلێمان تەلەلخێمی ناسراو بە ڕەنجدەر، فەرماندەی کەرتی (2)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری و جێگری فەرماندەی تیپی (87)ی قەرەچوغ، شاکر عومەر عەلی محەمەدئەمین عەبدوڵڵا ناسراو بە شاکر سۆربەشی، عەبدوڵڵا ئەحمەد مەولود حەمەد ئۆمەرگومبەتی و یاسین ئیبراهیم عومەر ئیبراهیم ناسراو بە یاسین موعەلیم، کە بەدیلی قاسم ئاغا بەدەستی خۆی کوشتی چونکە هەم جوێنی بە قاسم

ئاغا دابووەوە هەم تفی لێکردبوو. یاسین موعەلیم، دوو برای تریشی شەهیدن بە ناوەکانی مەغدید ئیبراهیم عومەر تەلەلخێمی ناسراو بە مەغدیدە قەڵەو و سەمەد ئیبراهیم عومەر ئیبراهیم تەلەلخێمی، کە لە ڕۆژی (6.8.1985)دا لە نزیک گوندی مەلاقەرەی سەر بە دیبەگە کەوتنە ناو بۆسەیەک و مەغدید شەهید و سەمەد-یش بە برینداری بەدیل گیراو دواتر لە ڕێکەوتی 12.10.1986دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە درا). هەر لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەش بە ناوەکانی حامید هەینی سەعید خەیلانی، دینۆ زرار ئیبراهیم خاڵند سیان و ئیبراهیم جەمیل مستەفا مەحمود ناسراو بە شوان (1969/ زوڕنا/ باقرت/ مەخمور) دەستگیرکران، کە دواتر لە ڕێکەوتی (14.7.1987)دا لە دادگای شۆڕشی بەعس حامد و دینۆ بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کران و (ئیبراهیم جەمیل)یش سزای لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو و دواتر لە ڕۆژی (1.5.1988)دا ئەبوغرێب لە سێدارە درا. ئەو سێ دیلە (ئیبراهیم، حامید و دینۆ) لە سەرەتای ساڵی (1987)دا لە ژووری ژمارە یەکی زیندانی ئەمنی هەولێر پێکەوە بووین و بە دەیان جار باسی ئەو شەڕەیان کردووە کە جاشەکانی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە ئەوانی دەستگیرکردووە. ئەو سێ پێشمەرگەیە لەپێناوی ڕێکخستنی قسەکانیان لەبەردەم دادگای سەورەی بەغدا و بۆ ئەوەی لە سزای لە سێدارە دان دوورکەونەوە، دەیان جار لەگەڵیان دانیشتووم، ئەوەی کە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشابوو لە ژوورەکەدا زۆر ئاستەم بوو بۆ شەهید ئیبراهیم جەمیل مستەفا مەحمود بە جاش بڵێت فورسان، کە هەردەم ئامۆژگاریمان دەکردن لەبری جاش وشەی فورسان بەکاربهێنن، چونکە دەمانزانی بەکارهێنانی وشەی جاش بە تەنیا لە دادگادا بەسە بۆ عەواد حەمەد بەندەری سەرۆکی ئەو دادگایە، بۆ ئەوەی سزای لە سێدارە دانیان بۆ ببڕێتەوە. بەڵام هەر ئەودەم بوو بۆ شەهید ئیبراهیم و یەک خولەک دواتر دیسان دەیگوت: (کە جاشەکان گەیشتنە ناو گوندی، ئێمە خۆمان ڕادەستی جاشەکان کرد، دواتر جاشەکان هەر لە خۆیانەوە ئەو چەکانەیان کردۆتە هی ئێمە، ئەگینا ئێمە پێشمەرگە نەبووینە، بەڵکو فیرار بووینە و لەو گوندە دانیشتبووین). هەروەکو لە سەرەوەدا باسکرا هەرسێ پێشمەرگەی دەستگیرکرا و لەلایەن جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە، لە ئەمنی هەولێر ڕەوانەی دادگا کران و لە ڕێکەوتی (14.7.1987)دا لەناو دادگادا تەنیا شەهید ئیبراهیم لە بەردەم عەواد حەمەد بەندەر-دا وشەی جاشی بەکارهێنابوو و دووەکەی تریش فورسان، بۆیە

عەواد بەندەر هەر یەک لە حامید هەینی و دینۆ زراری بە سزای هەتاهەتایە زیندانی کرد و فەرمانی لە سێدارە دانیشی بۆ شەهید ئیبراهیم جەمیلی دەرکرد، هەروەها پێشی گوتبوو: (إنت الجحش، أبوک الجحش، جدک الجحش، عشیرتک الجحش، أدزک للجهنم وبئسک المصیر، واتە تۆ جاشی، باوکت جاشە، باپیرت جاشە، خێڵەکەت جاشن، ڕەوانەی ئاگری دۆزەخت دەکەم و دوارۆژت نابووت بێ). نزیکەی مانگێک دەبوو من گەیشتبوومە زیندانی (ألأحکام الخاصة)ی ئەبوغرێب کە حامد هەینی و دینۆ زرار بەبێ شەهید ئیبراهیم جەمیل مستەفا هاتنە لامان و ئەو ڕووداوەی ناو دادگایان بۆ گێڕاینەوە. دواتر حامید هەینی خەیلانی و دینۆ زرار لەگەڵ ئێمەدا (تەواوی زیندانیانی کورد لەو بەشەدا) لە ڕێکەوتی (14.9.1988) و ڕۆژانی دواتردا بەر بڕیاری لێبووردنی گشتیی ژمارەکانی (736+737)ی سەدام حوسێن کەوتین و ئازاد کراین.

لە ڕۆژی (31.3.1987)دا قاسم فارس ئاغای غەفوری و جاشەکانی لە بۆسەیەکدا لە نزیک شیوی ساماڵ لە نێوان گوندی شیواشۆک و شارۆچکەی کۆیەدا، پێشمەرگە ئەحمەد غەفور ئەحمەد قادر گۆپتەپەیی (1952)، لەکاتی پەڕینەوەی لە گۆپتەپە بۆ مەڵبەندی سێ، کە پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لای عەلی محەمەد ساڵح بورهان-ی ئەندام مەڵبەند، شەهید دەکەن و تەرمەکەی دەبەنەوە و بەنێو کۆیەدا دەیگێڕن، ئینجا دواتر دەیدەنەوە بە کەسوکارەکەی.

شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی تیپی (91)ی سەفینی یەکێتی بەناوی سەفین سەعید ڕەزا، کە لە ساڵی (1987)دا لە گوندی فەقێیان دەکەوێتە بۆسەی جاشەکانی قاسم ئاغاوە.

شەهید کردنی دوو برا لە ڕۆژی (22.12.1987) لە بەردەم یانەی کۆیە بە ناوەکانی ڕزگار ڕەسوڵ محەمەد سوێسنی و عەبدوڵلا ڕەسوڵ محەمەد سوێسنی (1.7.1963)، هەروەها بریندارکردنی گەنجێک بەناوی محەمەد عەبدوڵلا ئیبراهیم کە ئامۆزازای ئەو دوو شەهیدەیە و ئێستاکە وەکو کەم ئەندامێک لە ئەڵمانیا دەژیت.

دەستگیرکردنی سەدان هاوولاتی دێهاتەکانی خاڵخالان و گوندەکانی تەقتەق لەلایەن قاسم فارس ئاغا و جاشەکانی فەوجی (85) و دواتر ڕادەستکردنیان بە هێزە سەربازییەکان و ئەنفال کردنیان.

جاشەكانی فەوجی قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای كۆیە و جاشی ئەرشەد ئەحمەد محەمەد زێباری فەوجی (1)، لەكاتی شاڵاوی ئەنفالی چوارەمدا لە ڕێكەوتی (4.5.1988)دا دوو پێشمەرگەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان حاكم ڕێبوار كەریم محەمەد شەهید و ئیسماعیل كەریم محەمەدی برای لە ئەشكەوتی (چاڵە بروسكە) بریندار دەكەن؛ سەرچاوە: (كەناڵی كوردستان، بەرنامەی بۆ مێژوو، ئامادەكردنی سۆران عوسمان، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێكەوتی 3.10.2012).

قاسم فارس ئاغای غەفوری و جاشەكانی لە ڕێكەوتی (5.5.1988)دا لەكاتی هێرش كردنە سەر گوندی قەسرۆكی سەر بە شارۆچكەی تەقتەق، نۆ ئەندامی خێزانێكی ئەو گوندەی دەستگیركردووە و دواتر هەموویان ئەنفال كراون. ئەو نۆ كەسە بریتیین لە ژن و پیاوێک لەگەڵ پێنج كچ و دوو كوڕیان، كە ئەمانەن: (عەبدولقادر ساڵح حەمەد، قەدریە ئیسماعیل میكائیل، نەسرین عەبدولقادر ساڵح، نەرمین عەبدولقادر ساڵح، پەروین عەبدولقادر ساڵح، ژیان عەبدولقادر ساڵح، بەیان عەبدولقادر ساڵح، كامەران عەبدولقادر ساڵح و نەریمان عەبدولقادر ساڵح). تاكە كەس كە لەو بنەماڵەیە ڕزگاری بووبێت (مەریوان عەبدولقادر ساڵح)ە، كە لە ڕێكەوتی (23.6.2006)دا لە دادگای هەولێر سكاڵای لەسەر قاسم فارس تاهیر غەفوری سەرۆكجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووكەكان تۆمار كردووە، بە تۆمەتی ئەوەی كە قاسم ئاغا و جاشەكانی، هەر یەک لە باوک، دایک، خوشک و براكانی ئەویان گرتووەو دواتر ڕادەستی هێزەكانی ڕژێمی بەعسی كردوون و ئەوانیش ئەنفالیان كردوون.

شەهید كردنی هاووڵاتی بێتاوان مامەی سەمون فرۆش لە ساڵی (1988) لە گەڕەكی قەسرێی كۆیە.

دەستگیركردنی شەش ڕاكرد و لە خزمەتی سەربازی لەلایەن جاشەكانی فەوجی قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری، لە شەوی (10/11.8.1988)دا، لە نزیک گوندی سكتانی دۆڵی خۆشناوەتی كە بریتین لە هەر یەک لە: (ئیبراهیم ئەحمەد بەگ، بارزان ڕەفیق عەبدولكەریم، دلاوەر عەبدوڵڵا مام یەحیا، شێروان ڕەفیق عەبدولكەریم، هاوڕێ بەكر ئەمین و كامەران حەوێز)، پاشان ڕادەست كردنیان بە مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی كۆیە و بێسەر و شوێنكردنی پێنج كەسی یەكەمیان تاوەكو ئێستاكە، كە تەنیا كامەران حەوێز ئازادكرا، پاشان ئەویش لە

ڕێکەوتی (9.3.1991)ی ڕۆژی ڕاپەڕینەکەی کۆیە هەر بەدەستی قاسم ئاغا و جاشەکانی شەهید کرا.

فەوجی هەشتاو پێنجی قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری، بەشداری هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+5+6+7)ی کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی (85)ی قاسم فارس تاهیر ئاغای کۆیە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ (2–79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).

هەرچی سەبارەت بە بەشداری کردنە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و چواردا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 162). لەکاتی شاڵاوی ئەنفالی چواردا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی دێهاتەکانی دەشتی کۆیە کە ژمارەیان نزیکەی (500) هاووڵاتی دەبوو، پەنا دەبەنە بەر شاری کۆیە، بەڵام قاسم فارس ئاغا و جاشەکانی ژمارەیەکی زۆریان دەستگیر دەکەن و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی کۆیەیان دەکەن، لەنێویاندا نۆزدە هاووڵاتی گوندی کڵێسەی تیایە کە ئەمانەن: (کاکەسوور ئەحمەد ئەمین یونس، سەردار حەمەد عارف، زاهیر عەزیز قادر، سوارە حەمەد عەزیز، محەمەد مەحمود ڕەزا، سەعید ئەحمەد ئەمین، محەمەدئەمین ئەحمەد ئەمین، فەتحوڵڵا ئەحمەد ئەمین، نەوزاد مەحمود ئەمین، عەلی عەبدولڕەحمان عەلی، فەتحوڵڵا عەبدولڕەحمان عەلی، عوسمان عەبدولڕەحمان عەلی، عومەر عەبدولڕەحمان عەلی، عەلی خدر ئیسماعیل، سەعید خدر مارف، سەباح عەبدوڵڵا یونس، عەباس عەبدوڵڵا یونس، ئاراس محەمەد لەتیف و سەرهەد محەمەد لەتیف).

لە ڕۆژی (10.4.1988)دا ئەنوەر محەمەد ڕەزا (ئەنوەر تەیار) و عەزیز وەهاب محەمەد سلێمان لەکاتی شاڵاوی ئەنفالی سێدا لە دەوروبەری قادرکەرەم خۆیان ڕادەستی جاشەکانی قاسم فارس ئاغای کۆیە کردووە و قاسم فارس ئاغاش هەردووکیانی ڕادەستی ئیستخباراتی قادرکەرەم کردوون؛ سەرچاوە: (ئەنفالستان، ژمارە (8)، ل10+19).

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (پێنج، شەش و حەوت)دا، بەپێی نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بۆ هۆبەی سێی ئیستخباراتی سەربازی بە ڕێکەوتی (28.6.1988)،

ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕۆژی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زریپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیەو ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5144).

قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری بەمشێوەیە دەدوێت: (ئێمە هەرچ فەرمانێکمان پێ سپاردرابێ بەجێمان هێناوە بێدواکەوتن، وە دوا فەرمانیش ئەوەبوو کە بەشداری شەڕی ئەنفالمان کرد بۆ ڕاونانی بەکرێگیراوەکانی خومەینی و، جەنگاوەرانمان بەشداریی پاککردنەوەی گوندەکانی چۆغماغ، یاخسەمەر، چیای ئاسنگەران و گاپیلۆن-یان کرد)؛ سەرچاوە: (2-220، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە 972).

لە کۆتایی شاڵاوەکانی ئەنفال و لە ڕۆژی (4.9.1988)دا، لە شەڕێکی مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی کە ژمارەیان یانزە پێشمەرگە بوو بە فەرماندەیی بەرپرسی دەستەی پارتیزانەکانی لقی هەولێر ملازم هەژار (ڕەفعەت کاک ئەحمەد مەعروف) کە ئێستاکە لە وڵاتی دانمارک دەژیت، لەگەڵ فەوجی جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیەدا لەنێوان گوندەکانی سماقە و بایزئاغادا، جاشەکانی قاسم فارس ئاغا دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعییان بە ناوەکانی (ئیسماعیل مەلا قادر ساڵح سەردەشتی ناسراو بە (ئارام شاهین) و فەیسەڵ نەجم ڕەمەزان ماستاوەیی – شەمامک ناسراو بە جووتیار چاوشین) شەهید کرد. قاسم ئاغا تەرمەکانی هەردوو شەهیدی بەدیاری بردن بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی کۆیە.

شەهید کردنی دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی کوردستان – ئێراق لە گوندی مێوژێی بناری چیای کۆسرەت لە ڕێکەوتی (5.3.1989)دا کە هەردووکیان بە برینداری لە سەربازگەی دوکان شەهیدکران. دوو پێشمەرگەکە سەر بە لقی کۆیەی حزبی ناوبراو بوون و بریتین لە هەر یەک لە: (جەنگی کەریم عەبدوڵڵا مەحمود جاف بۆگدی ناسراو بە شەپۆڵ و جەلیل ئیبراهیم ئەحمەد تۆفیق مەنمی کێلەسپی ناسراو بە ڕێباز)، هەروەها بریندار بوونی دوو پێشمەرگە کە برینی ئاسۆ کاکەخان سەخت و برینی هاوڕێ خەسرەو سووک بووە. بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی ئاسۆ

کاکەخان، لەو شەڕەدا چواردە پێشمەرگە بەشداری شەڕەکەیان کردووە کە ئەمانەن: (ئەنوەر مستەفا قادر (هەڵکەوت)، ملازم شێرزاد سلێمان گوڵتەپەیی، ئاسۆ کاکەخان، پشتیوان حەمە کەریم (کوردە)، حەمە ڕەشاش، خەسرەو، دڵشاد کۆیی، دکتۆر هۆشەنگ، شاڵاو، شەپۆڵ، ڕێباز، عومەر شەریف ئەمین (چالاک)، کامەران موراد حەمەدئەمین ئاغا و کاوە حەمید بەهرام سەعید ناسراو بە هەرێم). هۆکاری هێرشی سەرباز و جاشەکانی قاسم فارس ئاغا، بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەی پارتیزان ئاسۆ کاکەخان، ناپاکی کردنی هەر یەک لە سیخوڕ و پێشمەرگەی گەڕاوە بۆ باوەشی ڕژێم ساڵح شێخ محەمەد خەرابەیی ناسراو بە (بێکەس) و پێشمەرگە کاوە حەمید بەهرام سەعید بووینە، کە ساڵح خەرابەیی حەشارگەی پێشمەرگەکانی بۆ دوژمن دەستنیشان کردووە و گوایە هەرێمیش پێشتر پێوەندی نهێنی بە دەزگاکانی سیخوڕی ڕژێمەوە کردووە بۆیە ئەو نامەیەی کە هاوڕێی ڕێکخستنەکانی چوارقوڕنە (خدر گۆمانی) لە ڕێکەوتی (3.3.1989)دا بۆ بەرپرسانی مەفرەزەی شوانی نووسیوە و هەم زارەکی بە هەرێم دەڵێت: (هەر ئەمشەو خۆت دەگەیەنیتە لای هاوڕێیانی چیای کۆسرەت و ئاگاداریان دەکەیتەوە کە جاشەکانی قاسم ئاغای کۆیە لەگەڵ سوپا لە ڕێکەوتی (5.3.1989)دا هێرش دەکەنە سەر هاوڕێیان لە بناری کۆسرەت)، بەگوێرەی قسەکانی ئاسۆ کاکەخان، هەرێم ئەو قسانەی (خدر گۆمانی) لەوان شاردۆتەوە هەروەها لە ڕۆژی شەڕەکەدا دیویەتی کە تێکەڵ بە جاشەکان بووە، دواتر لە دادگای سەورە بڕیاری سێدارەی دەدرێ و پاش چەند مانگێک ئازاد کرا؛ سەرچاوە: (2–98، ئاسۆ کاکەخان، بیرەوەری پێشمەرگایەتی سەردەمی پارتیزانی چیای کۆسرەت، بەشی دووەم، گۆڤاری چیا، ژمارە (32)، ل52–75). بەڵام بەگوێرەی ژمارەیەک لە فەرماندە و بەرپرسانی حزبی شیوعی، کاوە حەمید بەهرامی ناسراو بە هەرێم ناپاک نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی چەند کەسێکی نزیکی خۆی لەگەڵ هێزەکەی حکومەت و جاشەکانی قاسم ئاغادا بووینە، دوای دەستگیرکردنی هەرێم بە هەوڵی خزمەکانی و لەپێناوی ڕزگارکردنی گیانی ئەودا وایان بۆ نووسیوە کە هەرێم پێشتر پێوەندی بە حکومەتەوە هەبووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ڕزگارکردنی ناوبراو. ئەو شەڕە لەگەڵ سریەیەکی حزبی شیوعی بوو کە فەرماندەی سریەکە ملازم شێرزاد سلێمان گوڵتەپەیی بوو. ملازم شێرزاد دواتر لە ڕێکەوتی (27.3.1991) لە هێرشی سوپای دڕندەی سەدام و

بەعس بۆ سەر شاری کەرکوکی گڕ و بڵێسەدا لەناو ئەو شارەدا شەهید بوو. بەگوێرەی ئەو فیلمە ڤیدیۆیەی کە کەمپینی کۆیە لەپێناوی دادگاییکردنی تاوانباری گەورەی دژ بە کورد و کوردستان قاسم ئاغا سەبارەت بەو شەڕەی بناری کۆسرەت بڵاویان کردۆتەوە، دەریدەخات کە موقەدەمێکی سەربازی بەناوی موقەدەم ڕوکن عەزیز و قاسم ئاغا دەردەکەون لەگەڵ ناوهێنانی چەند جاشێکی وەکو ئەکرەم (کە پێدەچێت ئەکرەم مەلا فەتاح موسای جێگری قاسم ئاغا بێت، کە پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو دواتر لە سەرەتای ساڵی (1983)دا هاتەوە ناو ڕژێم و بوو بە جێگری قاسم فارس کۆیی، دوای ڕاپەڕینیش گەڕایەوە ناو یەکێتی و ئێستا لە مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی کۆیەدایە)، جەلیل، کەمال، سەید جەمال حەمەدئەمین (دوای ڕاپەڕین چۆتە ناو پارتی و ئێستاکە بەرپرسی ناوچەی تەقتەقی ئەو پارتەیە)، مەحمود، میران، ڕزگار، شێخ محەمەد، مام هەژار، تۆفیق و چەتۆ (کە پێدەچێت چەتۆ کەریم سەعیدی خاوەنی کۆنە مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (72) و فەرماندەی سریە لای قاسم ئاغای کۆیە بێت، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەندێک لە خزمەکانی خۆی کوشتوویانە).

قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری، ئەندامی حزبی بەعس بووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە لەپێناوی پشتیوانیکردن لە جەنگی قادسیەی سەدام، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام حوسێن کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا بەڕێوەچووە و بۆتە ئەندامی خولی حەوتەم.

شەهیدکردنی خوێندکار ئاراس عەبدولواحێد حەمەدئەمین حەوێزی (1970/ کۆیە)، ئەندامی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەلایەن جاشەکانی قاسم ئاغا لە ڕۆژی (16.1.1991)دا دوای ئەوەی لەکاتی هەڵواسینی پۆستەر و بڵاوکراوە دوای دەکەون و لەناو ماڵ دەری دەهێنن و بە بەرچاوی دایک و خوشکەکەی لە کۆڵانی ماڵی خۆیان زۆر دڕندانە شەهیدی دەکەن.

شەهید کردنی دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) و بیست و هەشت هاووڵاتی دیکە لە ڕێکەوتی (9.3.1991)ی ڕۆژی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کۆیەی قارەمان، کە دوو پێشمەرگەکە بە برینداری لەناو قشڵەی کۆیە بەدەستی تاوانبار قاسم ئاغا شەهیدکران، کە بریتی بوون لە ئەحمەد کانی وەتمانی و جەوهەر بایز حەمکۆل

(جەوهەری ناسکە)، هەروەها (28) هاووڵاتیەکەش بریتین لە: (ئاکۆ کەریم محەمەد حەسەن، ئەمیر عەبدوڵڵا تەها، ئیبراهیم حەسەن مەلا شێخ، ئیبراهیم سەدرەدین تەها حەسەن، بەرزان تۆفیق ئەبوبەکر، جاسم فەرحان قادر، جەلیل خالید سابیر سەعید، جەنگی ئەسعەد عەبدوڵڵا، حەمید مستەفا، ستار حەمید، سەمەد حەمید کاکەلاو، سەمیرە ئەحمەد عەزیز، سوارە عومەر محەمەد حاجی، شێروان ئیسماعیل غەفور، عومەر حەمەد عەبدوڵڵا، عومەر ساڵح محەمەدئەمین قادر، فەیسەڵ مەجید حەمەد سادق بابان، قارەمان عومەر عەلی ئەمین، کامەران حەوێز سەبوح ئەحمەد، کاوە حەمەدئەمین، کاوە محەمەدئەمین نەجار، محەمەد خدر، محەمەد عەبدوڵڵا ئەمین خدر، میرزا فەتاح مەعروف، نازم ساڵح مام شوان، نازەنین قەرەنی، نەسرین سدیق حەمەد و نامیق سلێمان سابیر).

جاشێکی قاسم فارس ئاغا بەناوی ڕەحمان عەلی ئیسماعیل، لە ڕۆژی ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کۆیە لە ڕێکەوتی (9.3.1991)دا، دوای هێرش و فشاری زۆری خەڵکی کۆیە بۆ سەر دامودەزگاکانی ڕژێم و جاشە خۆفرۆشەکان، بە قاسم ئاغای گوتبوو: (ئاغا با تەسلیم بە جەماوەر بین). قاسم ئاغا هەناوی جاشی ناوبراوی پڕ لە گوللە کرد و کوشتی.

دوای ڕاپەڕین و کۆچڕەوەکەی بەهاری ساڵی (1991)، لە پێشوازییەکی سەدام بۆ کۆمەڵێک سەرۆکجاشی کورد کە یەکێکیان قاسم ئاغا بوو، ناوبراو بە عارەبییەکی شەق و شڕ قسەی دەکردو خۆم ئەو دیدارەم لە تەلەفزیۆنی ئێراقی بینی و ئەوەی لە بیرم مابێت بە سەدامی گوت: (گەورەم من بە فەرماندەی فەیلەق (لیوا ڕوکن عەلی محەمەد شەلال)م گوت کە بە کیمیایی لە شاری ڕانیە، چوارقوڕنە و پشدەر بدات، یان ساروخەکان بداتە من و خۆم بە کیمیایی لێیان بدەم، بەڵام فەرماندەی فەیلەق بەقسەی نەکردم و بە کیمیایی لێینەدان. ئەوەبوو دواتر شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک و کەرکوک کەوتە دەست ئاژاوەچی و تێکدەران و ئێمەش ناوچەکەمان چۆڵکرد).

قاسم فارس تاهیر ئاغای غەفوری (قاسمە کۆری کۆیی)، فەرماندەی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (115)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

قاسم فارس تاهیر کۆیی، دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) چووە ناو ڕژێم و تاوەکو ڕوخانی سەدام لە ڕۆژی (9.4.2003)دا خزمەتی بەعس و عروبەی سەدامی کرد. دواتریش بۆ ماوەیەک هاتەوە هەولێر و پاشان چووە سوریا. کەچی لە بەهاری ساڵی (2010)دا بۆ جارێکی تر گەڕایەوە باشووری کوردستان و لە ناوچەکانی ژێردەستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر لە گوندی مەلا ئۆمەر–ی نزیک هاوینەهەواری پیرمام، لە میوانداری سەرۆکجاشی سووکی فەوجی (11)ی (بەهرام محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد)ی ناسراو بە بەهرامی شێمەی هاڕون مایەوە.

بەڵام قاسم فارس ئاغای کۆیی، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (1.10.2010) لەژێر فشاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خانەوادەی قوربانییەکان، کە نیازیان وابوو ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (2.10.2010)، خۆپیشاندانێک ئەنجام بدەن لەپێناوی دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارە، لە فڕۆکەخانەی شاری هەولێر بە یارمەتی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەت عەبدولکەریم سوڵتان عەبدوڵڵا (کەریم شەنگالی) وەزیری ناوخۆو نەوزاد هادی مەولود ساتووری پارێزگاری هەولێر، گوایە بۆ دەرەوەی وڵات و وڵاتێکی ئەوروپی بەڕێ خراوە. گومانی زۆرم لەو قسەیە هەیە کە گوایە بۆ ئەوروپا ناردرابێت، چونکە پارتی باش دەزانێت کوردانی ئەوروپا و هەندەران قاسم ئاغا دەدۆزنەوە، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن، دەستگیر دەکرێت و دادگایی دەکرێت، لە ئەنجامدا سزای زیندانیشی بۆ دەبڕدرێتەوە. بەدڵنیایی پێم وایە لە بەرژەوەندی خانەوادەی قوربانییان و کوردپەروانە ئەگەر قاسم ئاغا هاتبێتە ئەوروپا، کە بە دۆزینەوەی دادگایی دەکرێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی هەرگیز لە دڵی نایەت قاسم ئاغا و قاسم ئاغاکانی دیکەی باشووری کوردستان بداتە دادگا. کەچی دواتر دەرکەوت هێشتا هەر لە کوردستانە و پارتی دیموکراتی کوردستان داڵدەی داوە، لەبەرئەوەی قاسم فارس تاهیر ئاغا و بنەماڵەکەی سەر بە بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان–ن؛ سەرچاوە: (2-96، هاوڵاتی، ژمارە (672)، ل2).

لە نوێترین زانیاریدا کە بەدەستم گەیشتبێت، قاسم ئاغای کۆیە، هێشتاکە هەر لە هەولێر – مەلا ئۆمەرە لای سەرۆکجاشی فەوجی یازدە (بەهرامی شێمەی هاڕونی) و ئەمەش ژمارە تەلەفۆنی قاسم ئاغایە (07507955555).

سەرۆکجاشی فەوجی (86): عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی (پشکۆی هۆزانڤان).
مام یەحیا عوسمان عومەر مام یەحیا ناسراو بە (مامەی مام یەحیا)، جێگری سەرۆکجاش.
دوو جاش لە جاشەکانی فەوجی (86) بەناوەکانی جەلال غەریب شێخەروانی و مەولود نادر، لە ڕێکەوتی (12.4.1984)دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) لە چنارۆک بە ناوەکانی ئەمیری عەبدە خڕە و سەرکەوت خورشید سابیر ئاغای غەفوری شەهید دەکەن. لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدەدا، جەلال غەریب شێخەروانی هەمان ڕۆژ و مەولود نادر–یش دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) لەلایەن هێزەکانی (ی. ن. ک)ەوە کوژرانەوە.
فەوجی (86)، بەشداری شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالی (1+2+4)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، ل؟)؛ سەرچاوە: (2–79، جريدة الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).
سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و چواردا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 163).
لە ساڵی (1988)دا ڕژێمی بەعس، هەریەک لە مام یەحیا عوسمان عومەر مام یەحیاو کارۆخی برای بە تۆمەتی شاردنەوەو داڵدەدانی خەڵکی ئەو گوندانەی دەشتی کۆیە کە شاڵاوی ئەنفال دەیگرتنەوە، دەستگیرکردن و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرکردن، بەڵام بەهۆی لێبووردنی گشتیی ڕۆژی (6.9.1988) لە زیندان ئازادکران.
یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، لە ڕۆژی (21.5.1994)دا، مامەی مام یەحیا و دوو برای دیکەی بە ناوەکانی کارۆخ و ئاسۆس لەسەر پارتی بوون کوشتن.
عوسمان عومەر مام یەحیاو کوڕەکانی (مام یەحیا، بێستون و کارۆخ) سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.
مامەی مام یەحیا (مام یەحیا عوسمان عومەر مام یەحیا)، دوای کوژرانی بە پلەی کارگێڕی لقی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان مووچەی شەهیدانەی بە بڕی (1.200.000) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار بۆ بڕاوەتەوەو لە ساڵی (1994)دا زەوی شەهیدانە بەناوی ئەوەوە لە پارتی وەرگیراوە.

مامەی مام یەحیا كۆیی (مام یەحیا كۆیی/ 1955–1994)، جێگری سەرۆكجاشی فەوجی (86)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق بۆ دەرچووەو ژمارە (122)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ.
عوسمان عومەر مام یەحیا، سەرۆكجاشی فەوجی (86)، لە ساڵی (2000)دا مردووە و شەهیدی پارتی دیموكراتی كوردستانە، مووچەكەی (700) هەزار دینارە و لە حەسارۆكانی هەولێر پارچە زەوییەك بە ژنەكەی دراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (87): خەلیل حاجی عەبدی سلێڤانەیی (زاخۆ – 1945).
پێشتر سەعید خەلیل سلێڤانەیی ئاكرەیی (سەعید خەیات)، سەرۆكجاشی ئەو فەوجە بووە، بەڵام لە شەوی (11/12.7.1987) لە گوندی بیباد-ی سەر بە سەرسەنگ بەدەستی پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان، كوژرا.
هەر یەك لە ساڵح عەلۆ حەسەن، ئەكرەم جەمیل ئەحمەد، خەلیل محەمەد حاجی سندی، ڕەمەزان جەمیل ئەحمەد و حاجی جهانگیر فەرماندەی سریە بووینە لە فەوجی (87)دا.
فەوجی هەشتا و حەوت بەشداری ئەنفالی (8)ی كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).
خەلیل حاجی عەبدی سلێڤانەیی، وەكو نوێنەری پارێزگای دهۆك خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاساداانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان لایەنگری سەدام كە لە ڕۆژی (9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە و بووە بە ئەندامی ئەنجومەنەكە.
هەروەها خەلیل محەمەد حاجی سندی، فەرماندەی سریەی هەمان فەوج، ئەویش خۆی هەڵبژاردووە بۆ هەمان خولی هەڵبژاردن، بەڵام دەرنەچووە.

سەرۆكجاشی فەوجی (88): یوسف ڕەمەزان باڵەك، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی هەبووە.
ئاراس فاخیر مێرگەسووری، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
سادق مەلا قادر باڵەكی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
ملازمی یەكەم عامر شرهان فەرحان، فەرماندەی فەوج.

هەر یەک لە حەسەن مەحمود ئەمین، محەمەد ئەمین محەمەد مستەفا، عەلی ئیسماعیل عەزیز، عەلی عەبدوڵڵا سلێمان، محەمەد ئیبراهیم جەلال و قادر حاجی ڕەسوڵ ئامر سریەی فەوجی ناوبراو بووینە.

فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالی (2)ی کردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152)؛ سەرچاوە: (2–79، ل11)؛ (2–99، ل11).

پێشتر مستەفا عەبدوڵڵا، سەرۆکجاشی فەوجی (88) بووە، بەڵام ئەو لە سەرەتای ساڵی (1987)دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (89): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (90): ئەحمەد کوێخا ڕەجەب شوانی.

سەلاحەدین عزەدین ڕەجەب، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فوئاد حوسێن ڕەجەب، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

کوێخا مەجید ڕەشید و مەعروف محەمەد فەرماندەی سریە بووینە.

ئەحمەد ڕەجەب، ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

ئەحمەد ڕەجەب شوانی و جەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕی سەرۆکجاشی فەوجی (97)، لە ڕۆژی (25.5.1987)دا لە شەڕی گڵەزەردە هەشت پێشمەرگەی یەکێتی بەم ناوانە شەهید دەکەن (ئەحمەد فەتاح مەحمود شاوەیس (گۆمەزەرد/ سەنگاو/ کەرکوک)، تۆفیق کەریم عەبدوڵڵا قادر ناسراو بە تۆفیقە ڕەش/ سلێمانی، حکمەت مەحمود ڕەشید مستەفا ناسراو بە هەڵمەت، عەبدوڵڵا کەریم سەلیم ناسراو بە عەبدوڵڵا ڕەباتی، فەرماندەی کەرتی تیپی (55)، محەمەد حەمەدئەمین ڕۆستەم (پێنجوێن)، محەمەد ساڵح قازی و یادگار فوئاد ئەمین ناسراو بە مەلا یادگار)، هەروەها لە ڕۆژی (27.5.1987)دا قادر حەمە ساڵح یاروەیس ناسراو بە دلێر جاف فەرماندەی تیپی مەڵبەندی (1) شەهید دەکەن.

ئەحمەد کوێخا ڕەجەب شوانی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)دا کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).

دەربارەی بەشداری کردن لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی جاشەکانی ئەحمەد ڕەجەب لە ئەنفالەکانی (5، 6، 7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی هەواڵگری ناوچەی باکوور بۆ شوعبەی سێی سەر بە ئیستخباراتی سەربازی گشتیی بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوە کردووە کە هێزێکی هاوبەش لە ڕۆژی (21.6.1988) بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو، کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، فەوجی جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5144).

ئەحمەد کوێخا ڕەجەب، سەرۆکجاشی فەوجی (90)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (301)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

فوئاد حوسێن ڕەجەب، بەهۆی بەشداری لە ئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، الثورة، 6689، 19.9.1988)، بەڵام لەدوای ڕوخانی ڕژێم، دوو خولە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و لە (لیژنەی نەوت و پیشەسازی و کانزاکان)ە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرۆکجاشی فەوجی (91): عەباس بایز باڵو ئاغا، فەوجەکەی لە ساڵی (1986)دا دامەزراند، بەڵام پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی سەر بە ئیستخباراتی قەڵادزێی هەبووە.

عەباس بایزی باڵو ئاغا، وەکو فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات و سەرۆکجاشێکی بەعس و ڕژێمی سەدام، کۆمەڵێک تاوانی زۆری بەرانبەر پێشمەرگە و هاووڵاتیان ئەنجام داوە، کە بەشێکیان ئەمانەن:

شەهید کردنی دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (25.6.1977)دا لە گوندی (ماخۆبزنان)ی پشدەردا لە بۆسەیەکی جاشەکانی عەباسی بایزی باڵودا، بە ناوەکانی

عومەر عەبدوڵڵا عومەر مەلا باوانێیی و کانەبی ڕەسوڵ کانەبی ناودەشتی، لە هەمان کاتدا بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی تر بەناوی عەبدوڵڵا حاجی شێخە عەبدوڵڵا گرتکی کە تا ئێستاکە لە ژیاندا ماوە.

عەباس بایز باڵو، لە ڕێکەوتی (28.8.1978)دا هاووڵاتی نەبی موراد (مەمک)ی شەهید کرد؛ سەرچاوە: (1–56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل114).

سەرۆکجاش عەباس بایز باڵو ئاغا، لە بۆسەیەکدا لەتیف عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەبوبەکر ئیبراهیم میرزا ڕۆستەمی (1957/ سلێمانی)، بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەرێمی 7ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ڕێکەوتی (17.1.1980)دا لە نزیک ئاوایی بەستەستێن دەستگیرکرد و دەستبەجێ ڕادەستی بەعسی کردووە، کە دواتر لە ڕێکەوتی (1.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو. پاشان پیاوانی ڕژێمی بەعس و سەدام لە شەوی (25.11.1980)دا لە بەشی سێدارەی زیندانی شاری موسڵ خنکاندیان.

جاشەکانی عەباس بایز باڵو ئاغا، ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتەی فەرماندەی ئەوکاتی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات و قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای غەفوری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات و دواتر سەرۆکجاشی فەوجی (85)ی جاشە سووکەکان، لە ڕۆژی (13.4.1980)دا لە شەڕێکدا لە دۆڵی ئەسحابان دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان شەهید کرد بە ناوەکانی (عەلی سلێمان ئەحمەد فەرخ و مەجید ئیبراهیم سلێمان مەنتک) وە بەکر کەریم محەمەد عەزیز محەمەد (بەکر سوسەیی) بە برینداری بەدیل گیراو ڕادەستی ئیستخباراتی سەربازی کرا، کە دواتر لە شەوی (14.5.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا. هەروەها لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی سەباح ئەحمەد، مەجید حوسێن محەمەد عەزیز سوسەیی و فارس حەسەن، بریندار بوون.

لە بۆسەیەکی جاشەکانی عەباسی بایزی باڵودا لە ڕێکەوتی (17.5.1980)دا لە گوندی (دووگۆمان)ی ناوچەی پشدەر کە هێزێکی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بە سەرکردایەتی حاجی حاجی برایم شیرخۆر، ئەندامی سەرکردایەتی ئەوکاتی حزبی سۆسیالیست و دواتر لە کۆتایی ساڵی (1983)دا چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کەوتنە ناو بۆسەکەوە. عەباس

ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (9)ی سەر بە ئیستخباراتی قەلاَدزێ و جاشەكانی توانیان دە پێشمەرگە بەدیل بگرن بە ناوەكانی: (حەسەن ئەمین ساڵح ئەحمەد ناسراو بە حەسەنە سووری مینە ساڵح (1956/ سلێمانی/ قەلاَدزە/ ژاراوە)، حەسەن حوسێن حەسەن، حەمە هەمزە حەمە حەسەن ناسراو بە حەمە قەجەر (1957/ قەلاَدزێ/ هەڵشۆ)، حوسێن عەبدوڵلا حەسەن ڕەسوڵ (1.7.1932/ سلێمانی/ پشدەر)، خدر محەمەد مستەفا ئەبابەكر پشدەری ناسراو بە خدری حەمەسوور یان خدر بادینی (خەڵكی دێی بادینی)، ڕەسوڵ سلێمان حەمەدئەمین عەبدوڵلا سەنگەسەری، عەبدوڵلا هەمزە هەڵشۆیی، عەلی حەمەدئەمین نەسروڵلا فەتحوڵلا (1957/ سەنگەسەر/ سوڵتانەدێ)، فەقێ عەبدوڵلا فەقێ و مەحمود حاجی محەمەد عەبدوڵلا پاچكاری، خەڵكی دێی بادینی)، لە ڕۆژی (16.6.1980)دا لە هەیئە خاسەی كەركوك فەرمانی خنكاندنیان دەرچوو، دواتریش هەموویان لە ڕێكەوتی (30.12.1980)دا بەیەكەوە لە سێدارە دران، كە لە هەردوو مانگی نۆڤێمبەر و دیسێمبەری هەمان ساڵدا، خۆم ئەو پۆلە پێشمەرگەیەم لە زیندانی قەسابخانەكەی شاری موسڵ بینی، كە برایەک و ئامۆزایەكم لە ڕۆژی (29.10.1980)دا ڕەوانەی ئەو زیندانە كران و مانگێ دوو جار سەردانم دەكردن، تا لە كۆتایی مانگی مایسی ساڵی (1981)دا هەردووكیان لە سێدارە دران.

شەهید كردنی هاووڵاتییەک لەلایەن عەباس بایز باڵو ئاغا، بەناوی مام كانەبی لە ساڵی (1980)دا لە پشت سەنگەسەر.

عەباس بایز و جاشەكانی لە ڕێكەوتی (19.10.1980)دا لە هێرشێكیدا بۆ سەر سەركردایەتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە چیای مامەندە كە بە شەڕی شێنێ ناسراوە، پێنج پێشمەرگەی یەكێتی بە ناوەكانی مستەفا حەمە سەعید محەمەد پێنجوێنی ناسراو بە مستەفا سەعید زۆراب فەرماندەی مەفرەزە لە هەرێمی یەک، غەفور ئیسماعیل ئەحمەد ئەمین ناسراو بە غەفور جوجە، ڕەشید سەعید قادر گەلاَڵی (مامە ڕەشە گەلاَڵی) خەڵكی گوندی ئەولاقوتی گەرمیان، محەمەد خالید ڕەشید عەزیز كۆیی و مامۆستا محەمەد ڕانیەیی، لەگەڵ پێشمەرگەیەكی حزبی سۆسیالیستی یەكگرتووی كوردستان بەناوی عەبدوڵلا قادر شێنەیی شەهید كردن، لە هەمان كاتدا بریندار كردنی دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بە ناوەكانی عەبدولڕەحیم (عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا عەبدولڕەحیم سەنگەسەری، كە دواتر گەیشتە پلەی ئەندامی

مەکتەبی عەسکەری و لە ڕێکەوتی 29.5.1987دا لە هێرشکردنە سەر بارەگای جەیش شەعبی و جاشان لە شارۆچکەی تەقتەق شەهید بوو – دەرسیم) و محەمەد حاجی مەحمودی فەرماندەی هەرێمی یەکی ئەوکات، دواتر چووە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و ئێستاکە سکرتێری گشتیی حزبی ناوبراوە؛ سەرچاوە: (1–24، حەمەی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک 1976–1996، بەرگی یەکەم، بەشی 7، ل14).

عەباسی بایز ئاغا، لە مانگی ئابی ساڵی (1981)دا هەڵسا بە شەهید کردنی سلێمان حەمەدئەمین ڕەسوڵ حەمەد (کێخوا سلێمان) موختاری سەنگەسەر لەپێناوی ئەوەی کێشە بخاتە نێوانی بنەماڵەی ناوبراو و بنەماڵەی حەسەنە گەورە.

عەباس ئاغای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (9)ی ئیستخباراتی قەڵادزێ، لە ڕێکەوتی (27.9.1981)دا ئەمین حەسەن ئەحمەد حەمەد (ئەمینی حەسەنە گەورە)ی برای مستەفا حەسەنە گەورەی نووسەر و ئەندامی (ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاک)ی لەناو شارۆچکەی سەنگەسەر شەهید کرد، کە ناوبراو سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو.

شەهید کردنی دوو برا بەیەکەوە بە ناوەکانی ڕەسوڵ سلێمان مینە و حاجی سلێمان مینە، لەلایەن عەباسی بایز و جاشەکانی لە ساڵی (1982)دا لە گوندی گرتک.

شەهید کردنی سەید حەسەنی دوکاندار (شیوعی) لە شەوی (27/28.5.1982)دا بە فەرمانی عەباسی بایز ئاغا و بەدەستی خدر کاکەشینی جاشی ناوبراو لە بەردەم چاوی منداڵەکان و ژنەکەیدا، چونکە سەید حەسەن لەکاتی خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکەی خوێندکاران لە باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی (24.4.1982)دا کە بەبۆنەی هەشتەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا ئەنجام درا، تەنیا لەبەرئەوەی بە عەباسی بایز ئاغا و جاشەکانی گوتبوو: (تەقە لەو خەڵکە مەکەن کە خۆپیشاندان دەکەن، بۆ تەقەیان لێدەکەن).

جاشەکانی عەباسی بایز باڵو ئاغا، لە ڕێکەوتی (26.8.1982) هاووڵاتی خدر کاک حەسەن لەناو شارەدێی سەنگەسەر بەبێ هیچ هۆکارێک شەهید دەکەن؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار كوردستان، العدد (93)، 1.9.1982، ص5).

عەباس ئاغاو جاشەکانی، لە ڕۆژی (8.2.1983)دا محەمەد حەمەد ئاوڕەحمان ئیبراهیم ناسراو بە محەمەدی حەمەد ئاغای (1957/ سەنگەسەر/ بۆکریسکان)،

پێشمەرگەو فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (14)ی ئاکۆ لە گوندی دووگۆمان لە سنووری سەنگەسەر شەهید دەکەن.
سەرۆکجاش عەباسی بایزی باڵو ئاغا، لە ڕێگای سیخوڕێکەوە بەناوی جەلال حەمەدئەمین خۆشناو سەروچاوەیی، دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کە ئامۆزا بوون بە ناوەکانی شەهید محەمەد حەسەن ئەحمەد حەمەد و حەسەن حوسێن ئەحمەد حەمەد لە ڕێکەوتی (22.7.1983)دا لە نزیک گوندی سەید ئاوای ڕانیە شەهید کردن، کە براو ئامۆزای مستەفای حەسەنە گەورەن. دواتر عەباس بایز ئاغا، هەر خۆی جەلال حەمەدئەمین خۆشناو سەروچاوەیی سیخوڕ و بکوژی ئەو دوو پێشمەرگەیەی کوشت.
دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی بە ناوەکانی سدیق عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەحمەد (سدیقی عەبدوڵڵا تاپڕ/ 1.3.1964) ناسراو بە فەرهاد و محەمەد کەمال نوری بابا عەلی ناسراو بە مەلا شۆڕش (برازای بەهائەدین نوری سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی ئێراق لە ساڵی پەنجاکانی سەدەی بیست)، کە لە ڕێکەوتی (23.8.1983)دا لە دێی (بۆسکین)ی نزیک ڕانیە کەوتنە بۆسەی جاشەکانی عەباسی بایزی باڵو ئاغا، ناوبراو ڕادەستی ئیستخباراتی قەڵادزێی کردن، دواتر هەدوو تێکۆشەر لە ڕێکەوتی (22.7.1984)دا لە قەسابخانەکەی ئەبوغرێب – بەغدا لە سێدارەدران.
عەباس بایز ئاغا، برایەکی مام جەلال حوسامەدین تاڵەبانی بەناوی شێخ حەمەساڵح بورهان نوری تاڵەبانی و دوو کچی ناوبراوی بە ناوەکانی نازدار و هێرۆ لە شەوی جەژنی ڕەمەزان ڕێکەوتی (30.6.1984)دا لە گوندی کەلکان شەهید کردووە، ئەوەش گوایە لە تۆڵەی کوژرانی دوو خوشکەزای عەباس ئاغا یەکێکیان بەناوی کانەبی کە لە مانگی شەشی ساڵی (1984)دا لە گوندی گردجانی سەر بە بتوێن کوژرا، دواتر ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازادی حەمەی گەمحانی سەرتیپی (99)ی بتوێنی پێ تۆمەتبار کرا، کە ئەویش لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە لە ڕێکەوتی (9.10.1987)دا لە گوندی قەرەنگوێ بە دەستی عومەر حوسێن عارەب و پیاوەکانی کە لە زیندانی یەکێتی ڕایانکرد و بوون بە مەفرەزە خاسەی ڕژێم، شەهید کران.
شەهید کردنی قادر محەمەد حەمەد لاجانی ناسراو بە (قادر لاجانی) پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کوردی ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە

ڕۆژی (30.8.1984)دا، لەلایەن عەباسی بایزی باڵو بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانی لە سەنگەسەر و بریندارکردنی چەند میوانێکی شەهیدی ناوبراو بە ناوەکانی عەلی تاهیر کەریم ناسراو بە (سەید عەلی هاشمی)، خەڵکی شارۆچکەی خانە (پیرانشار)، کە دواتر لە ئەنجامی سەختی برینەکەی قاچێکی بڕایەوە، ناوبراو ئێستاکە لە وڵاتی سوید وەکو پەنابەر دەژیت، لەگەڵ مەلا ئیسماعیل حاجی نەغەدەیی ناسراو بە (مەلا سمایلی حاجی)، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی ڕەبەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ناوبراو پێشتریش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی ناوبراو بووە، لەگەڵ بریندارکردنی مەلا ڕەسوڵ حەمەد ئیبراهیم گەردی خانەیی، کە دواتر لە ڕێکەوتی (29.10.1991)دا بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ئۆتۆبوسێکدا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوەکانی حەسۆ عەلی پور موراد و جەلیل مامانی ناسراو بە جەلیل عەجەم لەنێوان گوندەکانی بۆڵێ و ئینزێ لە باشووری کوردستاندا بە کۆنتڕۆڵ تەقێندرانەوە کە بووە هۆی سووتاندنیان و دواتر شەهید بوونیان.

عەباس بایز باڵو ئاغا، لە ڕێکەوتی (28.9.1984)دا و لە کاتی گفتوگۆی یەکێتی و حکومەت، دوو پێشمەرگەی تیپی (63)ی جووتیارانی سەر بە یەکێتی لە دەربەندی ڕانیە شەهید کردن بە ناوەکانی ئەحمەد عەبدولقادر شەفیع عەبدوڵڵا قەمچوغەیی ناسراو بە فەرهاد و خدر هۆمەر سلێمان هۆمەر ناسراو بە مەلا خدر پشدەری (1956/ پشدەر/ باوزێ) کە پێشتر برایەکیشی بەناوی عەلی هۆمەر لە شەڕی هەکاری شەهید ببوو، لەگەڵ برینداربوونی دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی خدر محەمەد ئەمین ناسراو بە خدر ئەڕکەیی و سەید عەلی قەڵادزەیی. سەرتیپی ئەوکاتی تیپی (63)ی جووتیاران عەبدوڵڵا عەلی ئیبراهیم حوسێن ناسراو بە عەبدوڵڵا مام عەلی (1953/ ڕانیە) بوو، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لیستی یەکێتی لە ساڵانی (2009-2013).

سەرۆکجاشی فەوجی نەوەد و یەکی جاشە سووکەکان عەباس بایز باڵو ئاغا، کۆمەڵێک پێشمەرگە و هاووڵاتی تری شەهید کردووە کە ڕۆژ و ساڵی شەهید کردنیان بۆمان دیار نییە بۆیە ناوەکانیان بەیەکەوە دەنووسم، کە بریتیین لە: (ئومێد ڕەسوڵ سونەیی. برایەک و ئامۆزایەکی سەردار ڕەسوڵ حەمەد ماخۆبزنانی. پیرۆت عەوڵا شێخە پێشمەرگەی یەکێتی. حاجی پیرۆت حەمەد. حەسەن ئەمین ساڵح

ئەحمەد ژاراوەیی. حەمە ئەبوبەکر چاوشین ژاراوەیی (پێشمەرگە). خدر حەسەن فەقێ ژاراوەیی. ڕەسوڵ شێخە عەبدوڵڵا. هاووڵاتی ڕەسوڵ حاجی ئالایی زەنگلانی و کوڕەکی ناوبراو. ڕەسوڵ حاجی شەریف چەکوانی. ڕەمەزان سوورە ڕەمەزان. هاووڵاتی ساڵح ئیسماعیل سەنگەسەری. سلێمان موراد عەبدوڵڵا سلێمان. سەعید حەسەن شیوعی. عەبدوڵڵا ئەحمەد. مامێکی نەبی عومەر قادر گرتکی سەنگەسەری. محەمەد ئەبوبەکر. محەمەد عەبدوڵڵا حەمەد محەمەد ناسراو بە مام فەقێ. میرە عەباس مامەند ڕانیەیی. کوڕی وەستا عەزیزی دۆڵێ. ژنێک بەناوی فاتیمە سەعید لەناو شارۆچکەی سەنگەسەر)؛ سەرچاوە: (2–100، مستەفای حەسەنە گەورە، بەرماڵەکەی حەزرەتی عەباس و شۆڕشگێڕییەکەی سەرانی کورد)؛ (2–101، هەواڵ، ژمارە (220)، ل8)؛ (2–102، هەواڵ، ژمارە (225)، ل6).

عەباسی بایزی باڵو ئاغا لە ساڵی (1987)دا هاووڵاتی محەمەد حاجی تۆفیق سەعید دۆڵەبیی لەگەڵ هاوسەرەکەی گرتن و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی قەڵادزێی کردن و تا ئێستاکەش ئەو ژن و مێردە چارەنووسیان هەر بزرە.

شەهید کردنی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەسوڵ حەسەن خدر ناسراو بە سەید ڕەسوڵی بابی گەورە یان (سەید ڕەسوڵی دێهقان)، کە لە ڕۆژی (11.1.1988)دا لەناو شاری سلێمانی و لە گەڕەکی هەوارەبەرزەدا شەهیدکرا. سەید ڕەسوڵی بابی گەورە، پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە ڕابەرایەتی شەهید عەبدولڕەحمان قاسملو جیا ببووەوە و لە شاری سلێمانی دانیشتبوو لەکاتی شەهید کردنیدا.

عەباس بایز باڵو ئاغای سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان، بەشداری هەر یەک لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)ی کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی نەوەد و یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە 6536).

سەبارەت بە بەشداری فەوجی ناوبراو لە هێرشی ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148+166).

لە ڕێکەوتی (12.5.1994)دا عەباسی بایزی باڵو ئاغا و جاشەکانی، لەکاتی تێپەڕبوونی کاروانی هێزێکی گەورەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بە سەرپەرشتی قادری حاجی عەلی لە ڕێگای سەنگەسەرەوە بەرەو حاجی ئۆمەران، کە شەڕی نێوانی یەکێتی و پارتی لە سەرەتادا بوو، لە گەڕەکی جاشاوەی عەباس بایزدا (کە دوای دەرپەڕاندنی عەباس ئاغا ناوەکەی گۆڕا بۆ ئازادی) تەقەیان لە هێزەکەی (ی. ن. ک) کردو و دوو پێشمەرگەیان شەهید کرد، کە سەر بە هۆزی هەمەوەندی چەمچەماڵ بوون. لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدە، (ی. ن. ک) بڕیاریدا پەلاماری عەباسی بایزی باڵو ئاغا بدات، بەڵام ئێران فشاری زۆری بۆ یەکێتی هێنا، بۆیە مام جەلال بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە.

عەباسی بایزی باڵو، لە ساڵی (1995)دا لاوێکی شاری خانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەناوی ئاکۆ حەسەن پوور شەهید کرد.

عەباس بایز باڵو، فەرماندەی فەوجی (91)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (108)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

عەباس بایز بالو ئاغا، بەگوێرەی سەرچاوە: (2–232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

عەباسی بایزی باڵو ئاغای کۆنە سەرۆکجاشی فەوجی (91)ی جاشە سووکەکان، ئێستاکە بەرپرسێکی بەرزی سەربازی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە، بە دەیان سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە لەلایەن کەسوکاری قوربانییەکان، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادە نییە ڕادەستی دادگای بکاتەوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (92): بورهان محەمەد مستەفا شوانی.

فەوجی ناوبراو بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+5+6+7)ی کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی بورهان شوانی لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).

هەر سەبارەت بە بەشداریکردن لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).

فەوجی بورهان محەمەد شوانی بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی کەرکوک، ئاغجەلەر، شوان و دەشتی کۆیەی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240).

دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (پێنج، شەش و حەوت)دا، بەگوێرەی نووسراوی هەواڵگری شیمالی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی بۆ شوعبەی سێی ئیستخباراتی گشتیی بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی کردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی دەشتی کۆیە و شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5144).

سەرۆکجاش بورهان محەمەد شوانی، ژمارە (156)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (93): عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان محەمەد ئاغا ئامێدی ناسراو بە (عەلی شەعبان).

شەریف عەبدولڕەحمان مەحەمەد ساڵح، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

عەلی ئەحمەد ئامێدی، پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکجاش مەفرەزەی تایبەتی هەبووە. جاشەکانی عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان، جاشەکانی جەعفەر مستەفا دۆسکی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات و پاشان سەرۆکجاشی فەوجی (24)، جاشەکانی حجی حەسەن بەرۆشکی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات و دواتریش فەرماندەی سریە لە فەوجی (58)ی چیا دێوالی سەعید دۆسکی و جاشەکانی تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات، لە ڕۆژی (14.1.1981)دا پەلاماری گوندی (هەسەن پیرکا)یان دا لە شارۆچکەی ئامێدی، کە بووە هۆی شەهید کردنی ئەحمەد ڕەمەزان پێشمەرگە لە لیژنەی ناوخۆی ئامێدی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ سەرچاوە: (2–253، أخبار کوردستان، العدد (9)، تشرين الثاني/ کانون ألأول 1980، ص9–10).

فەوجی عەلی ئەحمەد شەعبان، لە ساڵی (1985) دامەزراوەو بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7+8)دا کردووە.

دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5 ,6 ,7)دا، بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری شیمالی بۆ شوعبەی سێی ئیستخبارات بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕۆژی (21.6.1988)دا هێزێکی ڕژێم بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144).

فەوجی عەلی ئەحمەد شەعبان، بەشداری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان، سەرۆکجاشی فەوجی (93)ی جاشە سووکەکان، بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە و ژمارە (352)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان، لە شەوی (11/12.2.1992)دا لە ماڵەکەی خۆی لە ئامێدی لەگەڵ هاوسەرەکەی (لەعلی) و حەمیدی کوڕی بە دەستی (پدک) کوژران، پارتی بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان سێ گەنجی ئامێدی (ئیحسان، بڵند و دەشتی) بە تۆمەتی کوشتنیان گرت و هەر سێکیانی گوللە باران کردن. مەلا مستەفا بارزانی، لە کۆتایی شەستەکان دوو برای عەلی شەعبانی بە ناوەکانی (ئەحمەد و سەعید) کوشت.

سەرۆکجاشی فەوجی (94): کەمال محەمەد مام ڕەشید چوارتایی (چوارتا - 1951).

محەمەد مام ڕەشید، ئەویش وەکو سەرۆکجاشی فەوج ناوی هاتووە؛ (2-130، هاوکاری، ژمارە (999)، ل؟).

کامەران کەمال محەمەد مام ڕەشید چوارتایی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

کەمال محەمەد مام ڕەشید چوارتایی، ئەندامی خولەکانی سێیەم و پێنجەمی ئەنجومەنی یاسادانان بووە، ئەندامی حزبی بەعس بووە بەپلەی ئەندامی فەرماندەی فرقە (عضو قیادة فرقة)، بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕی بە فاو بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان خولی حەوتەم کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا بەڕێوەچووە، بەڵام وادیارە نەکراوە بە ئەندامی ئەو خولە.
کەمال محەمەد مام ڕەشید، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەکان، باسی بەشداری فەوجەکەی دەکات لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7).
دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ سەرچاوە: (2–103، الثورة، ژمارە (6692)، ل؟)، کە سەرۆکجاشی فەوج کەمال محەمەد چوارتایی باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە تەواوی ئەنفالەکاندا و بەتایبەتی ئەنفالی دوو لەگەڵ شەڕەکانی چوارتاو ماوەت.
کەمال محەمەد مام ڕەشید چوارتایی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە هۆڵەندە دەژیت و ژمارە (219)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (95): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (96): خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە ناسراو بە (خالیدی خولەسوور)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج ئەحمەد محەمەد مەحمود.
خالیدی خولەسووری غەوارە، دوای هاتنەوەی بۆ ناو ڕژێم لە ناوەڕاستی ساڵی (1980)دا، بووە بە خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (74)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی و تا ساڵی (1985) فەرماندەی مەفرەزە خاسە بووە.
ناوبراو پێشتر لە ساڵی (1977)ەوە جاشی مەفرەزە خاسە بووە تا ڕۆژی بوونی بە پێشمەرگە لە ڕێکەوتی (7.6.1979)دا.
خالید، لە ساڵی (1985)دا فەوجی ژمارە (96)ی جاشە سووکەکانی وەرگرت و ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، باوکیشی سەرۆکجاشی فەوجەکە بووە. جێگری سەرۆکجاشی فەوج هەر یەک لە

ئەحمەد محەمەد مەحمود و ئەحمەد حەمە عێزەت سەید سادقی بووینە، کە ئێستاکە ئەحمەد حەمە عێزەت بە پلەی عەمید سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

خالیدی خولەسوور، یەکێک بووە لە جاشە هەرە تۆمەتبارەکانی ناوچەی شارەزوور، کە بەشێک لە تۆمەتەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

شەهید کردنی جەمال تاهیر بەگ، سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (1977)دا لە توتوقاج.

مەریوان هەڵەبجەیی، نووسەری پەرتووکی (سێکس و شەرع و ژن)، لە وتارێکدا بەناوی (لە نێوان من و خالیدی خولە سووردا نامەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ برایانی کوردۆساید، زیندانییە سیاسییەکان)دا، کە لە ڕۆژی (31.8.2009)دا لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاک بڵاوکراوەتەوە، مەریوان ئەبوبەکر سەعید (هەڵەبجە/ 1963) باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1979)دا کاتێک کە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و بە کاری ڕێکخستن هاتۆتەوە شاری هەڵەبجە، خالیدی خولەسوور و جاشەکانی سەر بە مەفرەزەکەی لە بۆسەیەکدا بە برینداری بەدیلی دەگرن و ڕادەستی بەعسی دەکەن، کە دواتر لە ڕێکەوتی (29.2.1980)دا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، وەلێ خۆشبەختانە سزاکەی بۆ دەکرێت بە پازدە ساڵ و پاشان لە ڕێکەوتی (19.7.1982)دا ئازاد دەکرێت.

خالیدی خولە سوور، زۆر شانازی بەوەوە دەکات کە لەسەر داوای سەرکردایەتی کورد هاتۆتەوە ناو ڕژێم و بۆتە جاشی سەدام، کەچی ئەو بەرلەوەی ببێتە پێشمەرگە جاشی ڕژێم بووە و بەگوێرەی قسەکانی سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان محەمەدی حاجی مەحمود، کە سەبارەت بە دەرچوونی جاشی ناوبراو دەڵێت: (لە شەوی (7/8.6.1979)دا ئەو ناوانە چەکداری ڕژێم (جاش) بوون هاتنە لامان لە شانەدەری سەروو دەرچووین بە دەمیانەوە چووینە ماڵی کاک ئەحمەد و ئەوان، ئەوانەش ئەوە ناوەکانیانە: شێخ خالید شێخ مەحمود ناسراو بە خالیدی خولەسوور. عومەری حەمەساڵح مارف پەریوەیی. قانع ئەحمەد ساڵح توتاقاچ. والی عەلی ڕەزا خانەقەویلەیی. سابیر ئەمین عەلی پەریوەیی. عەلی سەعید شەریف خانەقەویلەیی. خەلیل جەمیل شەریف. خالید قادر ئەمین کوڵێتان (کوێخا قادر). شێخ مەحمود شێخ ئەحمەد (باوکی شێخ خالید). ئەمانەش هەموویان بە چەکەوە (بە چەکی جاشایەتی) پێوەندییان پێوە کردین؛ سەرچاوە: (1-24، حەمەی

حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک 1976-1996، بەرگی یەکەم، بەشی پێنجەم، ل25-26). بەمەش بۆمان دەردەکەوێت خالیدی خولەسووری غەوارە بەرلەوەی بچێتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی جاشی سەدام و بەعس بووە.
هەر بەگوێرەی قسەکانی حەمەی حاجی مەحمود، خالیدی خولەسوور دوای گەڕانەوەی بۆناو ڕژێم دووبارە بۆتە جاشی عروبە و وەکو جاشێکی دڵسۆزی ڕژێم هاتۆتە سەر پێشمەرگە و ماڵ و منداڵی پێشمەرگەی بەگرت داوە، فەرموون با بزانین حەمەی حاجی مەحمود فەرماندەی ئەوکاتی هەرێمی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چۆن باسی هاتنەکەی خالید مەحمود غەوارەمان بۆ دەکات: (لە ڕۆژی (6.9.1980) لە چوارتاوە بیست فڕۆکەی هەلیکۆپتەر هاتن بێوەستان لە دەوری گوندی پارەزان سەربازیان دابەزاند و ئەوان کردیان بە تەقە و لەچوار دەوری گوندەکەوە وایان دانابوو لە ماڵدا بمگرن. ئێمە سەرکەوتین بۆ بەرزایی نێوان پارەزان و حاجی مامەند و چنارەکان. سەبازەکان چوونە ناو گوند و دوای سێ چوار کاتژمێر بە پشکنینی گوند و کۆکردنەوەی خەڵکی گوند هەمووی بەدوای ماڵی ئێمەدا هاتبوون منیان دەست نەکەوت و بۆ مناڵەکان دوایی خەڵک وتیان ناسراویان لەگەڵ بوو وتیان شێخ خالید بووە مناڵی ئێمەیان ناسیبوو (گەردەی هاوسەرم، عەتیەی کچم لەدایکبووی 1972 بوو، عەتا و پشتیوانی کوڕم لەدایکبووی 1979 بوون واتە یەک ساڵان بوون گیرابوون کوێستان خۆی شاردبووەوە لەدایکبووی 1975 بوو ترسابوو وەکو جاری پێشوو لە ساڵی 1976 بۆ پازدە مانگ لە ناسریە دەستبەسەر بوون، بەسەریەکەوە ماڵ و منداڵی من سی و حەوت مانگ لە زیندان بوون)؛ سەرچاوە: (1-24، حەمەی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک 1976-1996، بەرگی یەکەم، بەشی حەوتەم، ل2). دەربارەی ناوی خالیدی خولەسوور کە محەمەدی حاجی مەحمود، تەنیا نووسیوێتی (شێخ خالید)، لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (25.10.2010)دا، لە کاتژمێری (19:26:12) بەکاتی دانمارک تەلەفۆنم بۆ نووسەری پەرتووکی ناوبراو کرد سەرەتا ئەو وەڵامی نەبوو، کەچی دواتر کاتژمێر (22:08:29) خۆی تەلەفۆنی بۆ کردم و بۆ ماوەی (3:31) خولەک قسەمان کرد و پرسیاری ئەوەم لێکرد ئایا مەبەستی لەو (شێخ خالید)ە کە ئەو لە ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەکدا باسی دەکات و ماڵ و منداڵەکەی ئەوی بۆ پیاوانی ڕژێم دەستنیشان کردووە و گیراون، خالیدی خولەسوورە؟ لە وەڵامدا محەمەدی حاجی

مەحمود گوتی: (بەڵێ مەبەستم خالیدی خولەسووره و خەڵكی دێكه دواتر پێیان گوتم خالید لەگەڵ هێزەكه بوو، هەر بەقسەی ئەوان ئەو ماڵ و منداڵەكەمی بۆ هێزەكەی حكومەت دەستنیشان كردبوو). لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كه خالیدی خولەسوور، دوای گەڕانەوەی بۆ باوەشی ڕژێم لە ڕێكەوتی (21.6.1980)دا، دەستبەجێ دوای تەنیا ساڵێك و دوو هەفتەی ژیانی پێشمەرگایەتی كه جیهانی پێ كاولكردووە، بووە بە جاش و بە چاوساغی لەشكری داگیركەری سەدامی عارەب و منداڵی تەمەن یەك ساڵانەی ڕۆڵەی پێشمەرگەی كوردی بۆ فاشی و عارەبە ڕەگەزپەرستەكان دەستنیشان كردووە، هەروەها بۆمان دەردەكەوێت نەك بەقسەی خۆی كه گوایه لەپێناوی شۆڕش و یەكێتی ئەو كارەی كردووە، كه ئەمەیان وانییه و دووره لە ڕاستی (لە بەرگی یەكەم و دووەمی – كاتی ئەوه هاتووه ڕاستییەكان بدركێنم – ئەوەی كه خۆی ناوی ناون پەرتووك و لە ڕاستیدا لەهەر شتێك بچن لە پەرتووك ناچن، خالید باسی ئەوه دەكات كه بە پلە یەك لە ڕقی مەلا بەختیار هەروەها حەمەی حاجی مەحمود هاتۆتەوە ناو ڕژێم، نەك لەسەر داوای سەركردایەتی یەكێتی)، بەڵكو لەلایەك چۆتە سەر فەرماندەی هەرێمی (1)ی یەكێتی، كه خالید بەگوێرەی قسەكانی خۆی قایل بووە جاشایەتی بۆ بەرژەوەندی كورد و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بكات، كەچی سەدا سەد كردەوەكانی خالیدی غەوارە پێچەوانەی قسەكانێتی، لەلایەكی تریشەوە بەقسەی خەڵكی گوندی پارەزان ژن و منداڵی پێشمەرگەیەكی كورد و یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانی بۆ دوژمن دەستنیشان كردووە تا بیانگرن و لەلایەن هێزەكەشەوە گیراویشن.

هەر سەبارەت بە دەستنیشان كردنی ژن و منداڵەكانی حەمەی حاجی مەحمود لەلایەن خالیدی خولەسوور و بۆ هێزێكی ڕژێم و بەگرتدانیان، لە كاتژمێری (23.00)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێكەوتی (11.10.2011)دا بەكاتی كوردستان لە بەرنامەی (ئەو ڕۆژانەی ئەمرۆیان دروستكرد)، كه بەرنامەكه تایبەت بوو بە چۆنیەتی دەستگیركردن و ئازاردانی ژن و منداڵەكانی حەمەی حاجی مەحمود، هەر یەك لە گەردە ڕۆستەم حەسەن هاوسەری ناوبراو و عەتێ محەمەد حاجی مەحمود باسی چیرۆكی دەستگیركردنی خۆیان گێڕایەوە و ئاماژەیان بەوەكرد كه پێشمەرگەیەكی گەڕاوە بۆ باوەشی ڕژێم ئەوانی بۆ هێزەكەی حكومەت

دەستنیشانکرد و لە سەر قسەی ئەو گیراون، کە مەبەستیان لەو کەسە خالیدی خولەسوور بوو.
مەلا بەختیار (حیکمەت محەمەد کەریم)، لە لاپەڕەکانی (260-261)ی پەرتووکی (لەبری بیرەوەری)دا دەربارەی خالیدی خولە سوور نووسیویێتی: (هەرێمی یەک، سێ کەرت بوون: کەرتی؛ حەمەی حاجی مەحمود - شەهید ڕەئوفی خەلیفە سەعید. کەرتی؛ شەوکەتی حاجی موشیر. کەرتی؛ هەورامان - هەڵەبجە، لە پشتی شنرۆێ - بناری سیروان و دامێنی گریانە بوون. مەفرەزەکەی خالیدی خولە سوریشی لێبوو.. پابەندی هیچ کەرتێک نەدەبوو. لاسارو یاخی بوو. زانیمان پەیوەندی بە ئیستخباراتەوە کردبوو. کە چووین چەکی بکەین هەتا ئێمە گەیشتینە دۆڵە سور، حەمەی حاجی سابیر ناسیاوی بوو، تومەز لەژێرەوە هەواڵی بۆ ناردبوو، ئەویش پێش گەیشتنی ئێمە خۆی کردەوە بە حکومەتدا). بەپێی قسەکانی مەلا بەختیار بۆمان دەردەکەوێت کە بانگێشەکانی خالیدی خولەسوور بەوەی کە گوایە لەسەر داوای یەکێتی، مام جەلال، نەوشیروان، کۆسرەت ڕەسوڵ و جەبار فەرمان، گەڕاوەتەوە نێو ڕژێم هەر زۆر دوورە لە ڕاستی، بەڵکو ئەو سەر بە ئیستخباراتی ڕژێم بووە لەنێو شۆڕش و پێشمەرگەدا، بەڵام دوای ئەوەی کە زانیویەتی ئاشکرا بووەو دەگیرێ، بۆیە قوچاندوویەتی بۆ نێو ڕژێم و کۆنە هەواری خۆی.
خالیدی خولەسوور، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (ئێن. ئاڕ. تی) بۆ بەرنامەی (بەڕاشکاوی) لە ڕۆژی (28.8.2011)دا، کە پێم وایە کەناڵی ناوبراو ئەو بەرنامەیەی تەنیا بە مەبەستی ڕیکلام کردن لەگەڵ ناوبراو ئەنجام دابوو، باسی ئەوەی کرد کە گوایە لەسەر قسەی مام جەلال، نەوشیروان مستەفا ئەمین، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی و جەبار فەرمان هاتۆتەوە ناو شار و هەر لەسەر داوای ئەوانیش چەکی جاشایەتی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی لە ژێرەوە کاریان بۆ بکات. خالیدی خولەسوور، بێئاگا لەوەی کە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لە ڕێکەوتی (15.9.1984)دا کە دەکاتە ڕۆژی شەهید کردنی ملازم سەید کەریم چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە، سەرەتا وەکو بەرپرسی مەڵبەندی چوار و دواتریش بەرپرسی مەڵبەندی سێ. کەواتە کۆسرەت ڕەسول عەلی، بە چوار ساڵ و دوو مانگ و بیست و چوار ڕۆژی ڕێک دوای گەڕانەوەی خالیدی خولەسوور دەرچووە، گوایە خالید لە ڕۆژی (21.6.1980)دا گەڕاوەتەوە ناو ڕژێم، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر ڕۆژی گەڕانەوەکەی بۆ ناو ڕژێم ڕاست بێت.

ئەمەش دەیسەلمێنێ کە خالید لەسەر قسەی کۆسرەت ڕەسوڵ نەهاتۆتەوە، دڵنیاشم بۆ مام جەلال و نەوشیروان مستەفا ئەمین، ئەوانیش هەر زۆر بێئاگان لە هاتنەوەی ناوبراو بۆ ناو ڕژێم و بوونی بە جاش. جەبار فەرمانیش لە ژیاندا نەماوە، هەر کەسێک ئەگەر بیەوێت دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی قسە بەناوی مردووە بکات.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، خالید خولەسوور لە لاپەڕە (102)ی بەرگی دووەمی – کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییەکان بدرکێنم - دا باسی ئەوە دەکات دوای ئەوەی کە لە ڕێکەوتی (6.9.1979)دا خۆی و دوو پێشمەرگەی دیکە لەناو ئۆردوگای شانەدەری تووشی شەڕێکی سێ کاتژمێری دەبن، دوای دەرباز بوونیان لە شەڕەکە و گەڕانەوەیان، حەمەی حاجی مەحمودی فەرماندەی هەرێمی یەکی ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خالید و دوو پێشمەرگەکەی دیکە چەک دەکات. خالیدی خولەسوور، لە درێژەی قسەکانیدا دێتە سەر ئەوەی کە لە بەردەم محەمەدی حاجی مەحمود و کۆمەڵێک پێشمەرگەی دیکە بەمشێوەیە سوێند دەخوات: (تەلاقم کەوتبێت لەمڕۆوە ئیتر من پێشمەرگە نابم وە تەسلیم دەبمەوە بەڵام بۆ ئەوەی نەڵێن لەبەر ژن و منداڵەکەی گیراوە تەسلیم دەبێتەوە لەبەر ئەو ئیهانەی ئێوە ئەم سوێندە لە ماڵ کاکە حەمە لە دۆسەدەرە خواردم لەبەردەم هەموو ئەو خەڵکەدا، پانزە ڕۆژ دوای ئەو شەڕە هەر ئەوەندە بتوانم بەڕێدا بڕۆم هاتم تەسلیم بوومەوە). ئەو دانپێدانانەی خالیدی خولەسوور دوو شتی زۆر گرنگمان بۆ ئاشکرا دەکات کە یەکەمیان ئەوەیە ئەو لەسەر قسەی هیچ کەسێک نەهاتۆتەوە، دووەمیش ئەوەشمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە وەکو خۆی دەڵێت گوایە لە ڕێکەوتی (21.6.1980)دا گەڕاوەتەوە ناو بەعس، ئەوەشیان دوورە لەڕاستی بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دوو هەفتەیەک دوای شەڕی ئۆردوگای شانەدەری کە بە قسەی خۆی لە ڕێکەوتی (6.9.1979)دا کراوە، ناوبراو گەڕاوەتەوە ناو ڕژێم کە دەکاتە کۆتایی مانگی نۆی ساڵی (1979).

تەنانەت بە دووریشی دەزانم کە خالیدی خولەسوور سەرۆک هۆزی غەوارەش بێت وەکو خۆی بانگێشەی بۆ دەکات، چونکە ئەنوەری حاجی عوسمان کە بریکاری وەزیری پێشمەرگە بووە بۆ ژمارە (32)ی ڕۆژنامەی ڕووداو باسی ئەوە دەکات کە: (غەوارە پێنج تیرەیە، قەویلەیی میرزا فارس سەرۆکیەتی، چوچانی مەلا فایەق سەرۆکیەتی، بێسەری فارسی عەزە بەڕە سەرۆکیەتی، پەرەخی حاجی نادر

سەرۆكیەتی، هۆزی سەنی كە خالیدی خولەسوور لەو هۆزەیە حەمەی كوێخا فەرەج سەرۆكیەتی كە نوێنەری مام جەلالە بۆ كاروباری كۆمەڵایەتی).
هەروەها محەمەدی حاجی مەحمود لە پەرتووكەكەی خۆیدا كە پێشتر ناوم برد، باسی ئەوەی كردووە كە خالیدی خولەسوور بەرلەوەی بچێتە ناو هێزی پێشمەرگە، ئەو هەر بەرخەوان و شوان بووە. لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو بەرخەوان و شوانێك كە نەك بەتەنیا پیشەیەكی سەر بەرزانەیە بەڵكو هەر تاوانیشە بەراورد بكرێت لەگەڵ جاشایەتی، وەلێ ئەو بەهۆی جاشایەتی كردنی بۆ بەعس و سەدام لە ئەنجامی ترس، تۆقاندن و زۆركردن لە ئەندامانی هۆزەكەی، خۆی وەكو سەرۆك هۆزی غەوارە بەزۆر سەپاندووە.
شەهید كردنی جەلال محەمەد ئەحمەد عەزیز شێخ سمایلی (1962 - دۆڵەسوور)، جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی (پدک) لە ڕۆژی (12.1.1981)دا لەناو شانەدەری كەوتۆتە بۆسەیەكی خالید و جاشەكانی، دوای بەدیل گرتنی لەلایەن خالید ڕادەستی ئیستخباراتی سلێمانی دەكرێت و پاشان لە ساڵی (1982) لە زیندانی شاری موسڵ لە سێدارە دەدرێت.
خالیدی خولەسووری فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات، لە مانگی دوازدەی ساڵی (1981)دا هاووڵاتیەكی بەناوی حەمەدئەمین ئەسپینداری بەدەستی خۆی شەهید كردووە؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار كوردستان، العدد (46)، 4.1.1982)، ص9).
بەدیلگرتنی پێشمەرگە و فەرماندەی مەفرەزەی پارتی دیموكراتی كوردستان وەلید هەورامی لە ڕێكەوتی (3.2.1981) لە چیای داڵانی لەلایەن خالید و جاشەكانی، دواتریش ڕادەستكردنی ئەو پێشمەرگەیە بە ئیستخباراتی سلێمانی و پاشان لە سێدارەدانی لە زیندانی ئەبوغرێبی بەغدا.
جەعفەر كەریم ئیسماعیل ئەحمەد بەرزنجی ناسراو بە جەعفەرە ڕیشە (1963/ خمانە/ ماوەت)، فەرماندەی مەفرەزەی (پدک) لە هێزی سورێن، كە لە ڕۆژی (8.2.1982)دا بەدەستی خالیدی خولەسوور لە گوندی كەوڵوس ڕێگای (شانەدەری – پێنجوێن)، شەهید كرا.
خالیدی خولەسوور و بەكر گەورەدێیی، لە ڕێكەوتی (3.5.1982)دا لەناو شارەدێی شانەدەری - سەیدسادق تەقەیان لە خۆنیشاندەران كردو خوێندكار حەیدەر حاجی

مەجید سەرەتا بریندارو دوای چەند ڕۆژێکیش شەهید بوو؛ سەرچاوە: (2–254، نشرة أخبار کوردستان، العدد (82)، 16.5.1982، ص2).

هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی (4.10.1982)دا هێرشیان کردە سەر ڕەبیەی جاشەکانی خالیدی خولەسوور لەناو شارەدێی شانەدەری و جاشەکانیش بەئارەزووی خۆیان تەقەیان بە دەوروپشتی خۆیان کرد و لە ئەنجامدا ژنێکی بێتاوان شەهید بوو؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار کوردستان، العدد (96)، 30.10.1982، ص9).

شەهید کردنی سێ پێشمەرگەی (پدک) لە شەوی (22/23.11.1982)، بەدەستی خالیدی غەوارە و جاشەکانی لە ئۆردوگای شانەدەری بەم ناوانە: (شەهید جەمالی عەبدوڵڵا براخاس کارگێڕی ناوچەی پێنجوێن، تۆفیق محەمەد مەحمود کادیر و عەلی ڕەسوڵ خەسرەو).

خالیدی خولەسووری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (74)ی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی، لە شەوی (16.8.1983)دا لە بۆسەیەکدا شازدە پێشمەرگەی (پدک)ی شەهید کردووە کە هەندێکیان ئەمانەن: ئەبوبەکر حاجی عوسمان قەویلەیی، جێگری فەرماندەی هێزی سورێنی پارتی، کاوە و محەمەد پێنجوێنی کە سەرەتا بریندار بوو، دواتر پێنجوێنی لە چیای سورێن بەهۆی سەختی برینەکەیەوە شەهید بوو؛ سەرچاوە: (2–105، ڕۆژنامەی ڕووداو، ژمارە (32)، ل3).

شەهید کردنی حەمەدئەمین حەمەجان هاڕونی گردەنازەیی، فەرماندەی کەرتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە گوندی کەولۆس بەدەستی خالید و جاشەکانی.

خالیدی خولەسوور و جاشەکانی، لە ڕۆژی (17.4.1984)دا لەناو شانەدەری پێشمەرگەیەکی لیژنەی ناوخۆی سورێنی (پدک) یان بەناوی ئیبراهیم محەمەد سلێمان ئەحمەد بەدیل گرت و ڕادەستی ئیستخباراتی ڕژێمی کرد و بەعسییەکان لە ڕۆژی (20.1.1985)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارەیان داوە؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار کوردستان، (128)، أواخر شباط 1985، ص3). خالیدی خولەسوور، دوای لە سێدارەدانی ئیبراهیم محەمەد سلێمان، ژنەکەی ئەو شەهیدەی بەزۆر مارە کردۆتەوە.

کوشتن و زیندە بەچاڵکردنی حەمەدئەمین دۆسەهێرەیی ئامۆزای شەریفە کەچەڵ، کە بەرپرسی ڕێکخراو بوو. حەمەدئەمین دۆسەهێرەیی لە مانگی نیسانی ساڵی

(1984)دا وێنەی مەلا مستەفای بارزانی پێگیرابوو، بۆیە لە تەنیشت ماڵەکەی خالیدی غەوارە زیندە بەچاڵ کرا.
مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی (6.7.1984)دا جاشێکی خالیدی خولەسووری بەناوی فائیق تەرەزان کوشت، ڕۆژی دواتر خالید لە تۆڵەی ئەو جاشەیدا تەقەی لە دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) کرد بە ناوەکانی ئەحمەد خدر و تاهیر و برینداری کردن؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار كوردستان، العدد (118)، تموز 1984، ص8).
شەهید کردنی پێشمەرگەی پارتی سیروان سەعدون ناسراو بە (ڕێبین)، لە ڕۆژی (19.7.1985)دا بەدەستی خالید و جاشەکانی لە شانەدەری کە سەرەتا برینداری دەکەن، دواتریش بەهۆی برینەکەیەوە لە چیای سورێن گیانی بەخشی.
شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی پارتی بەناوی ئەرسەلان والی حاجی عارف گردەنازەیی لەسەر ڕێگای هەڵەبجە - سەیدسادق، کە لە گوندی گردەنازێ دەکەوێتە بۆسەی خالید و جاشەکانی ناوبراو.
خالید و جاشەکانی، لە ڕۆژی (19.2.1986)دا ئاگریان بەردایە گوندی (سوار)ی ناوچەی عەربەت کە تەنانەت ڕێگەیان بە خەڵکەکە نەدا کەلوپەلی ناو ماڵەکانیان دەربهێنن؛ سەرچاوە: (2-255، نشرة أخبار كوردستان، العدد (141)، آذار 1986، ص7). دوای بەدواداچوون بۆم دەرکەوت ناوی ئەو گوندە بەهەڵە نووسراوە، چونکە گوندێک بەناوی سواری لە ناوچەی عەربەت بوونی نییە، بۆیە پێدەچێت یەکێک لەو دوو گوندە بێت (کانی شاسوار) یان (بێستان سوورە).
شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی گەڕاوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی شەهاب سان ئەحمەد، سەرەڕای ئەوەی کە چەکی دانابوو و گەڕابووەوە شار، بەڵام خالیدی خولەسوور لە ساڵی (1986)دا لە گوندی (قاینەجە) شەهیدی کرد.
شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی دیکەی پارتی بەناوی مستەفا عەلی سەعید لە ڕێکەوتی (14.7.1986)دا دوای ئەوەی دەکەوێتە بۆسەیەکی خالید و جاشەکانی لە دەوروبەری شانەدەری.
بریکاری پێشووی وەزیری پێشمەرگە باسی ئەوە دەکات کە خالیدی خولەسوور سەردانی عەمرو موسای کردووە لە بارەگای کۆمکاری عارەبی و ڕاگەیاندووە: (مادەی (140) کۆمەڵێک دزی سەرکردایەتی کورد دایانناوە، ئەگەرنا میللەتی کورد

ئەو مادەیەی ناوێت). بەو قسانەی خالیدی خولەسوور بۆمان دەردەكەوێت كە ناوبراو هاوكار و هاو بۆچوونە لەگەڵ ڕەگەزپەرستانی عارەب بۆ لەناوبردنی مادەی (140) و دەستكەوتەكانی نەتەوەی كورد.

فەوجی خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، بەشداری هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+8)یان كردووە.

دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی نەوەد و شەش لە ئەنفالی یەكدا، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەكانی بەدر ئەلكوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەک لە گوندەكانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەكانی ئەنفالی یەكیان كردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێكیدا بۆ هاوكاری دەڵێت: (هاریكاری كردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەكان لە ڕۆڵەكانی گەلی كوردی خۆشەویستمان قوربانییەكی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان كرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) كە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (هاوكاری، ژمارە (960)، ل6-7).

دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی نەوەد و شەشی خالیدی خولەسوور لە پەلاماری ئەنفالی یەكدا؛ سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل26).

سەبارەت بە بەشداریكردنی سەرۆكجاشی فەوجی (96)ی جاشە سووكەكان و فەوجەكەی لە شاڵاوی ئەنفالەكانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

هەر لەمەڕ بەشداری فەوجی (96)ی خالید خولەسوور لە شاڵاوەكانی ئەنفالی یەک و دوودا، لە لێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنامەی هاوكاری، ژمارە (1000)ی ڕۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (22.8.1988)، دەڵێت: (پاش دروستبوونی فەوجەكەمان چالاكییەكانمان سنوورێكی فراوانتری گرتوو كارەكانی (ئەنفال) دیارترینیانە، ڕزگاركردنی "شەدەڵە" و "سورداش" و "قەرەداغ" لە كارە گرنگەكانی فەوجەكەمانە ئەوەشم لەیاد نەچێت فەوجەكەمان دەورێكی باڵای هەبوو لە ڕزگاركردنی شاخی (گۆجاڕ)دا).

ئەنفالی گوندەكانی شەدەڵە و سورداش ئەنفالی یەكەمی دۆڵی (جافایەتی) و ئەنفالی (قەرەداغ)یش ئەنفالی دووەمە.

سەرۆكجاشی فەوج خالید مەحمود ئەحمەد و سێ جاشی تر بە ناوەكانی ئەحمەد محەمەد قادر، عەلی حەمە پورشاە محەمەد قادر و قادر سەعید ڕەشید، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی (40)ی پیادەی بەناو سوپای ڕژێم، ژمارە (ا/3/501)ی ڕێكەوتی (13.2.1989)ی بڕێک پارەیان وەكو خەڵات لە پاداشتی بەشداری كردنیاندا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل239–240). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەیەكی نكۆڵ لێنەكراوی بەشداریكردنی سەرۆكجاشی فەوجی ناوبراوە لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی هەشتدا. بەگوێرەی لێدوانی خالیدی خولەسووری سەرۆكجاشی فەوجی نەوەد و شەشی جاشە سووكەكان بۆ ڕۆژنامەی (العراق)، ژمارە (3793)ی ڕێكەوتی (9.7.1988)، ناوبراو باسی شانازیكردن لە بەشداریكردنی شەڕی ماوەت دەكات.

دوو جاش لە جاشە سووكەكانی فەوجی (96)ی خالیدی خولەسوور بە ناوەكانی محەمەد كەریم قادر و عەباس محەمەدئەمین كەریم قادر بەگوێرەی پلانێكی ئیستخباراتی ناوچەی شەرقی و كۆمەڵێک بەڵگەنامەی ئەو دەزگایە، هەوڵی تیرۆركردنی ئەندامی سەركردایەتی (ی. ن. ک) شەوكەت حاجی موشیر (1947–7.2.2003) دراوە؛ سەرچاوە: (1–58، شەوكەت حاجی موشیر، چیوەڕۆ دەروازەیەک بەرەو كەركوک ئەوەی دیومە لە ڕاپەڕینی 1991دا، ل184–241). بەگوێرەی بەڵگەنامەكانی لاپەڕە (184–241)ی سەرچاوەی ئاماژە پێكراو لە سەرەوەدا، دوو جاشی خالیدی خولەسوور هەوڵی تیرۆركردنی شەوكەتی حاجی موشیر–یان داوە لەناو خاكی ئێران لە ساڵی (1989)دا، بێگومان كارێكی ئاوا لەلایەن دوو جاشەوە بەبێ ئاگاداری سەرۆكجاش هەرگیز ڕێی تێناچێت! دژایەتی كردنی خالیدی خولەسوور و تۆمەتباركردنی شەوكەتی حاجی موشیر و هۆنینەوەی دەیان بوختان بۆی لەلایەن خالید–ەوە، سەرچاوەكەی بۆ پلانی خالید بە هاوبەشی لەگەڵ دوو جاشەكە و مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقیە دەگەڕێتەوە، كە شەهید شەوكەت تەواوی پلانی كوشتنەكەی خۆی لە چەندان بەڵگەنامەی مەنزومەی شەرقیە لە دوو توێی پەرتووكەكەیدا لە (57) لاپەڕەدا داناوە.

بەپێی ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (38)، سێشەممە، ڕۆژی (26.9.2006)، ل (1+3)دا خالیدی خولەسووری كۆنە سەرۆكجاش، دوای ڕاپەڕین تاوەكو كاتی ڕوخانی

ڕژێمی سەدام سیخوڕی بەسەر مەلا عەلی عەبدولعەزیزی ڕابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامی کردووە.
هەر لەبەر بەشداری کارای خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالەکاندا، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی فەرمانی دەستگیر کردنی داوە، ژمارە (174)ی لە لیستی ناوی (423) تۆمەتبارەکەی ئەنفال دراوەتێ.
خالیدی خولە سوور، لە نامەیەکدا کە بۆ ڕێکخراوی کوردۆسایدی ناردووە، باسی ئەوەی کردووە کە ئەو لەنێوان (23.3.1988-23.9.1992)دا لە (سەرکردایەتی جەحفەلی یەکەم)دا گیراوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک گوایە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی نەکردووە، بەڵام لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (40)ی سێشەممە، ڕێکەوتی (10.10.2006)، ل18)دا، باسی ئەوە دەکات کە لەنێوان (21.3.1988-22.2.1992)دا لەسەر گرتنی بازگەی تاسلۆجە دەستگیر کراوە.
لێرەدا بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە نووسینی خالید خولەسوور دەکەم، کە لە نووسینی خۆیەتی. خالید، لە لاپەڕە (63)ی بەرگی یەکەمی نووسینەکەی خۆیدا (کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییەکان بدرکێنم)، دەیسەلمێنێ کە ئەو لە ساڵی (1988)دا ئازاد بووە و لە زیندان نەبووە، کە بەمشێوەیە نووسیویێتی: (جارێ لەگەڵ کاک شێخ مەحمود، شێخ کاوە لە ماڵی خۆیان کەوتینە مناقەشە بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە کاک شێخ مەحمود گوتی: کاک شێخ خالید لەم ڕۆژانەدا سەیری دەس نووسەکانی شێخ مەحمودی نەمرم کردووە زۆربەی دەس نووسەکەی لە سەر غەوارە نووسیویەتی کە چەند ماندوو بوون لەگەڵی و خاوەنی چ سەروەریەکن، ئەو قسەیەی کاک شێخ مەحمود و شێخ کاوە ساڵی (1988) مانگی (8)، بەڕێزی لەسەر پێست مەڕی دانیشتبوو من و حەمەی ڕەحمان و ئەحمەدی حەمە عیزەت لە خزمەتیدا بووین، بە کاک شێخ مەحمودم گوت: من پارەی تەبعەکەی ئەدەم چاپی بکە. فەرمووی: ئیجازەم نادەنێ، بەڵام کاک شێخ مەحمود خۆی بوو بە وەزیر، خۆی حوکمەت بوو ئێستا کورد حوکمەتە بۆ ئەبێ ئەو ڕاستیانە شاراوە بێ کە گەورەترین شۆڕشی کورد بەدەستی بەنرخی خۆی نووسیبێ ئەم قسەیە لە شەخسی شێخ مەحمودی شێخ کاوەم بیست خۆم بە گوێی خۆم لە (15.8.1988) لە کارێزە وشک لە ماڵی حەلاوەخان سەعات (4) پاش نیوەڕۆ). هەر سەبارەت بەوەی کە خالیدی خولەسوور، لە ساڵی (1988)دا لە

زیندان نەبووە، لە لاپەڕەکانی (71–72)ی هەمان سەرچاوەی ئاماژە پێکراودا، باسی ئەوە دەکات کە لە ڕۆژی (7.8.1988)دا لەگەڵ کۆمەڵێک کەس کە ناوی هەموویانی بردووە، لە بارەگای سووریەکان لە گەڕەکی عەقاری شاری سلێمانی پێکەوە بووینە. خالیدی سەرۆکجاشی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان، لە لاپەڕە (121)دا بە هەمان شێوە باسی ئەوە دەکات کە لە هاوینی ساڵی (1988)دا لەگەڵ هەر یەک لە حاجی عومەر کەریم قەیتاسی، حەمە باقی قلۆرەسی، بەکر قلۆرەسی و حاجی غەریب لە گەڕەکی ڕزگاری – سلێمانی لە ماڵەکەی خالید لە سەردانی ئەودا بووینە. خالیدی خولەسوور، لە لاپەڕە (194)دا باسی ئەوە دەکات کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێراق – ئێران، لەبری ئەوەی پەیکەری زێڕ بۆ خۆی و سەرۆکجاشە دڵسۆزەکانی ڕژێم دروست بکرێت کە سەدام ئەو بەڵێنەی پێدابوون، کەچی بەقسەی ناوبراو زۆربەی ئەو سەرۆکجاشانەی کە سەدام ئەو گفتەی دابوونێ، زیندانی کران. خالید، لە لاپەڕە (266)ی بەرگی دووەمدا باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (1988)دا دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێراق – ئێران (8.8.1988)دا بە ماوەیەکی کەم، بەشداری کۆبوونەوەیەکی کردووە بە سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید، خالید باسی ئەوە دەکات کە کۆبوونەکە بە چەند مانگێک بەر لە دەستگیرکردنی سازکراوە. بەگوێرەی نووسینەکان و قسەکانی خالیدی خولەسوور، بۆمان دەردەکەوێت کە ناوبراو دوای کۆتایی شاڵاوی ئەنفالەکان زیندانی کراوە، نەک لە ڕێکەوتی (21.3.1988)دا گیرابێت، هەروەها دەگەینە ئەو ڕاستییەش کە هۆکاری گیرانەکەی هیچ پەیوەندی بە گرتنی بازگەی تاسڵوجە نییە!

لێدوانەکانی ئەم دواییەی خالید بەوەی گوایە ئەو لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا لە زیندان بووە، تەنیا و تەنیا خۆدزینەوەیە لە بەشداری ئەو لە شاڵاوەکانی ئەنفال.

خالیدی خولەسووری غەوارە، دوای ڕاپەڕین سەرەتا وەکو بەرپرسێکی سەربازی فەرماندەی فەوجی چواری (ی. ن. ک) بووە، ئێستاش بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕانی سەر بە نەوشیروان مستەفایە. دوای بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارێکم بەناوی (هەر سەرۆکجاشێک زۆرتر لە هەزار کوردی لە مردن پاراستووە، خالیدی خولەسوور وەک نموونە)، کە بەشی پێنجەمم تەرخانکرد بۆ سەرۆکجاشی ناوبراو و لە ڕێکەوتی (26.10.2010)دا لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوکرایەوە، ئەو جاشە نامەیەکی زۆر ناشیرین و پڕ لە هەڕەشە ئامێزی بەم شێوەیەی خوارەوەی بۆ

ناردووم: (تۆ بە چ هەقێ بە من دەحەپی. ئایا تۆ منت بینیوە دەمناسیت دەتناسم دەزانی من کێم هاتووی بە هەوەسی دڵی خۆت منالانە باسی من ئەکەیت. هەتیو وا مەزانە وەک قاسم ئاغا و ئەوانی ترم و دەستم کورتە و وا مەزانە نازانم لە کوێیت و لە کوێ نیت بە هەموو موقەدەساتم خۆت و خێزان و منالەکانیشت قوربانی یەک ئارِ پی جی ئەکەم. تۆ چ سەخیفێکی هاتووی باسی من ئەکەیت و پرسیاری من لە خەڵک ئەکەیت کێ ڕێگای پێ داویت قسەکانت لە کلک زەرد و جەلالیە خوێڕیەکانی وەک خۆت ئەچێ. کەی باوی ئەم قسە قۆڕانە ماوە. جارێکی تر پێت ئەڵێمەوە لە باسکردنی من دوور بکەوە من شێخم و سەرۆک عەشرەتێکم هەموو دونیا ئەمناسێ بەخوا لە مەریخیش بیت دەستم پێت ئەگات بۆیە ئەمجارە دواجارە باسی من بکەیت ... ناوەندی چاک خۆی بەدوور گرت جا تۆ چیت. گەر شتی دروستت دەوێت فەرموو وەک لڤین موقابەلەم بکە نەک لە خۆتەوە قسەی حیزم بۆ هەڵبەستی، ئەگەر پارەشیان پێت داوە بۆ ئەم فشەفشە فەرموو من چوار هێندەت ئەدەمێ و باسی خیانەتەکانی بارزانی و تاڵەبانی بکە. تۆش ئەتەوێ لە ڕێگای منەوە تیر لە بزووتنەوەی گۆڕان بدەیت کە نەیخۆیت تاڵە. ئەمجارەشیان ئاگادارت ئەکەمەوە و چیتر نا .......).

خالیدی خولەسوور، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (28.10.2010)دا نامەی دووەمی پڕ لە هەڕەشەی بۆ ناردووم کە دەقی نامەکە بەمشێوەیە: (بەخوا بێ ئەقڵی ڕۆڵە دونیای تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووە و تۆی هەندەرانی لێی بێ ئاگای ئەم ئیمێڵە نا ئیمێڵێکی تر لەمە زیاتر هەنگاو مەنێ بۆ خۆت چاکترە بۆ خوات پێ ئەڵێم واز بێنە من بە باپیرەت ئەشێم ئەگەر ئەتەوێ بە سای منەوە نانێک پەیدا بکەی ئەمە شتێکی ترە ئەگەر دەتەوێ ڕاستییەکانی من بزانیت بڕۆ هەر سێ بەشی کتێبەکەم بخوێنەوە ئینجا دەزانی من کێم و چیم و چی بوومە تۆ لە دیبەگەوە چیت لە بانی بنۆک و سورێن و شارەزوور داوە خۆت و ماڵ و منداڵت بەدبەخت مەکە ئەزانم ئاراستە کراویت و ئەزانم کێش هانی داویت لەسەر گەورەیی من بنووسیت دەشزانم چەندت وەرگرتووە و زۆر شتی تریش. زۆر بە ئاسایی ئەتوانم ئیمێڵم بگۆڕم و نکۆڵیش لە هەموو ئەو نامانە بکەم بۆیە پێم چاکە واز بهێنی ئەمە ئیشی تۆ نییە ببورە لە نامەی یەکەمیشمدا وا بە توندی هێرشم کردە سەرت من زوو توڕە ئەبم و زو سارد ئەبمەوە بەڵام تۆش پێ ئەچێ کوڕە هەژاری ئەم میللەتە بیت و قوربانی دەستی

پارتی و یەکێتی بیت و لە داغی قاسم ئاغا تیرت لە من گرتبێ ڕۆڵە گیان وەک پێم وتی واز بێنە بۆ خۆت چاکترە تکایە ژمارە حیسابیەکەی بانکتم بۆ بنێرە).
خالیدی خولەسوور، تاوەکو ئێستاکە نازانێت و بێئاگایە لەوەی کە هەر کۆمپیوتەرێک (ئای. پی)یەکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچییەک بکات و چەند ئیمێڵی تر دروست بکات، هەموویان هەڵگری هەمان ئەو (ئای پی)یە دەبن کە لەو کۆمپیوتەرە دروست دەکرێن و لێیان جیا نابێتەوە، هەر وەکو مۆری ئەو جاشێتییەی کە بەدوای خالیدەوە دەمێنێت و لێی نابێتەوە، سەرەڕای ئەوەی خۆی بە سەوز، زەرد، سوور یان مۆر نیشان بدات.
لە ئیمێیڵی سێیەمی خالیدی خولەسووردا بەناوی (تکایە ئەو ئیمێلەم دزراوە)دا ڕایدەگەیەنێت کە پاسوۆردەکەی دزراوە، ناوبراو نامەکەی پڕە لە هەڵە، بەڵام وەکو خۆی دەینووسمەوە: (سلاوتان لیبیت پریزان ئەم ئیمیلم کلمە سرەکەی دزراوە هەرچی بەو ئایمیلا بۆتان بیت هی من نیە و خەڵکیکی تر تحکمی پییەوە ئەکات ئەمە فیتی کلک زەردەکان و جاشجەلالیەکان ئەزانم لەمە بەدواوە بە ئایمیلیکی تر پەیوەنتدیتان پیوە ئەکەم بۆ مەعلەماتان).
خالیدی خولەسووری کۆنە فەرماندەی مەفرەزە خاسە و سەرۆک جاشی فەوجی جاشە سووکەکان، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (ئێن. ئاڕ. تی) ئاسمانی بۆ بەرنامەی (بەڕاشکاوی) لە ڕێکەوتی (28.8.2011)دا، کە ئەو کەناڵە (*سەربەخۆ و بێلایەنە)* مادام بەمشێوەیە ئەو بەرنامەیان بۆ سازدا و دەرگایان بۆ ئەو خستە سەرپشت، دەبوایە ڕێگەیان بەوەش بدابایە خالیدی خولەسوور (ئاڕ.پی.جی)یەک و دۆشکەیەکیش لە تەک خۆی دابنێت، سەبارەت بە هەڕەشەکانی خۆی کە لە ساڵی ڕابردوودا لێمی کردبوو، نکۆڵی لە هەموو ئەو ئیمێیڵانە کرد کە بۆمی ناردبوو، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئیمێیڵەکانی خالید لە هەمان کۆمپیتەر و بە هەمان ئای پی هاتبوون، هەروەها ئەو نووسینانەی خۆیشی کە بۆ ماڵپەڕەکانی ناردبوو هەمان ئای پی و لە هەمان کۆمپیوتەرەوە هاتبوون. خالیدی کۆنە سەرۆکجاش و تازە گۆڕانخواز، سەبارەت بە من بەمشێوەیە دوا: (من دەرسیم ناناسم. من بۆ هەڕەشە لە دەرسیم دیبەگەیی دەکەم بە ئاڕ پی جی! چونکە من ڕەنگە قسەم پێ بێت زۆر خەتەرتر بێت لە ئاڕ. پی. جی. بۆ دەرسیم). خۆم جگە لەبێ منەتی دەربڕین هیچ قسەیەکم نییە لەسەر قسەکان و هەڕەشەکانی خالیدی خولەسوور، چونکە کاتێک کە

مرۆڤ ئەو دوو سێ نامە پڕ لە هەڕەشە ئامێزانەی ئەو و ئەوەی کە ناوبراو لە دوو بەرگدا نووسیوێتی (کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییەکان بدرکێنم)، کە خۆی ناوی ناون پەرتووک دەخوێنێتەوە، بەر لە هەموو شتێک ئاستی نزمی ناوبراو و زۆر شتی تریشی بۆ دەردەکەوێت، خەڵک ئەو دەناسن و منیش دەناسن، پاشان هەردوو بەرگی (کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییەکان بدرکێنم) دەیسەلمێنێ نەک تاکە ڕاستیەکی تیادا بەدی ناکرێت، بەڵکو ڕێک کارگەی تۆمەت و بوختان کردنە بۆ هەموو دەنگێکی ڕەوا و دژ بەخۆی.

دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بێدەنگی تاسەری بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشێروان مستەفا ئەمین لەو هەڕەشانەی خالیدی خولەسوور بەرانبەر بە خۆم، خێزان و منداڵەکانم، بە هەڕەشەی بزووتنەوەی گۆڕان و بەرپرسی یەکەمی ئەو بزووتنەوەیەی دەزانم. بێدەنگی گۆڕان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوانیش وەکو پارتی و یەکێتی دەیانەوێت بە سەدان تەحسین شاوەیس، مەلا عوزێر، قاسم ئاغا و فەتاح بەگی جاف دروست بکەن.

خالیدی خولەسوور، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (23.2.2013) لەناو سلێمانی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو کوژرا.

کوڕەکان و خزمانی خالیدی خولەسوور، لە سەرەتای مانگی ئابی ساڵی (2013)دا چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرۆکجاشی فەوجی (97): جەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕی.

کەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

هەر یەک لە محەمەد ئەحمەد ساڵح، محەمەد قادر محەمەد فەرماندەی سریە.

فەوجی نەوەد و حەوت بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە.

دەربارەی بەشداری فەوجی ناوبراو لە هێرشی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە 6536).

هەر سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).

جەمال فەقێ حوسێن، محەمەد قادر محەمەد و محەمەد ئەحمەد ساڵح، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە هێرشی ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ناپاکیان وەرگرتووە.
جەمال فەقێ حوسێن، دوو مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە شاڵاوەکانی ئەنفالەکاندا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2–65، العراق، ژمارە (3905)، ل3).
جەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕ، سەرۆکجاشی فەوجی (97)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (101)ە لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (98): سەلیم مامەند ڕەسوڵ ئاغای میراودەلی.
فەوجی نەوەد و هەشتی سەلیم میراودەلی، بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2+4)دا کردووە.
سەبارەت بە بەشداری فەوجی سەلیم ئاغای میراودەلی لە ئەنفالەکانی یەک، دوو و چواردا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 152، 162).
سەرۆکجاش سەلیم مامەند ڕەسوڵ میراودەلی، بەرپرسە لە شەهید کردنی شەهریار ساڵح حەمید ساڵح موفتی (شەهریار ساڵح موفتی/ 1957/ کۆیە)، فەرماندەی کەرتی دووی تیپی (93)ی کۆیە و دواتر جێگری تیپی (99)ی بتوێن.
شەهید شەهریار، مامە ڕیشەی مەڵبەندی سێ و دەشتەکانی کۆیە و بتوێن بوو، ناوبراو لە ڕۆژی (20.10.1987)دا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کەمدا، کە ژمارەیان کەمتر بووە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست، بۆسەیەکی تۆکمە لە سەر ڕێگای کۆیە – سلێمانی لە نزیک گوندی کانی وەتمان بۆ دوژمن دادەنێنەوە، کاروانێکی سەربازی دەکەوێتە بۆسەکە و ژمارەیەکی زۆریان لێ دەکوژن. بەڵام بەداخەوە، گوللەیەک بەر سەری شەهریاری فەرماندە دەکەوێت و بێ هۆشی دەکات و هاوڕێ پێشمەرگەکانی وادەزانن شەهریار شەهید بووە، بۆیە بەپەلە لەژێر قامیش دەیشارنەوە و خۆیان دەرباز دەکەن. پێشینان گوتوویانە (ئەگەر دار کرمی لەخۆی نەبێت قەت ناڕزێت)، دوای ڕزگار بوونی پێشمەرگەکانی دیکە، جاشێک لە ڕەبایەکی گوندی باقلان دەچێتە لای هێزەکەی ڕژێم و ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەو لە دوورەوە بینیویەتی تەرمی

پێشمەرگەیەکیان لەناو ئەو قامیشانەی نزیک شوێنی شەڕەکە شاردۆتەوە. جاشەکە، جاشی فەوجی (98)ی مامەند سەلیم ئاغای میراودەلی بووە کە بۆتە هۆکاری دۆزینەوەی شەهریار ساڵح موفتی بە برینداری. شەهریار ساڵح موفتی، لە ڕۆژی (23.11.1987)دا، لەلایەن ئیستخباراتی شەرقیە لە کەرکوک گوللە باران دەکرێت و ڕۆژی دواتریش واتە (24.11.1987) تەرمەکەی بە کۆپتەر لە نزیک شارۆچکەی چوارقوڕنە لە ئاسمانەوە فڕێ دەدەنە سەر زەوی.

سەلیم مامەند ڕەسوڵ ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا مەولود، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕێکەوتی (9.8.1988)دا، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە شالاوی ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ئازایەتیان وەرگرتووە.

سەلیم مەمەند ڕەسوڵ ئاغای میراودەلی، بەگوێرەی فەرمانێکی کۆماری، دوو مەدالیای ئازایەتی لە سەدام حوسێن وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2–106، الثورة، ژمارە (6753)، ل؟)؛ سەرچاوە: (2–107، العراق، ژمارە (3906)، ل؟).

سەلیم مامەند ڕەسوڵ میراودەلی، سەرۆکجاشی فەوجی (98)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (103)ە لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (99): تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری.

سەید فازڵ سەید سابیر، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

جەوهەر ساڵح ئەحمەد جەباری، فەرماندەی سریە.

فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+4)ی کردووە.

لەمەڕ بەشداریکردنی فەوجی نەوەد و نۆ لە پەلاماری ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالەکانی یەک و چوار؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148 + 162).

تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا.

تاهیر عەلی جەباری، سێ مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە هێرشی ئەنفالدا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-65، العراق، ژمارە (3905)، ل3).
تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان، سەرۆکجاشی فەوجی (99)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (415)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (100): محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف.
سالار وادی عەزیز جاف، فەرماندەی سریە.
فەوجی محەمەد عیسا جاف، بەشداری هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+3)ی کردووە.
لەمەڕ بەشداری فەوجی سەد لە ئەنفالەکانی یەک و سێدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148+156).
محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف، سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (100)ی جاشە سووکەکان، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (1024)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالدا لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر وەرگرتووە.
محەمەد عیسا پیروەیس عیسا، سەرۆکجاشی فەوجی (100)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (422)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ، بەڵام لەدوای ساڵی (2003)دا لە بەغدا کوژراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (101): جەلال ئاغا ڕەفیق سەید وەلەد ئاغای کاکەیی (عەلی سەرایی).
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، ڕەفیق سەید وەلەد ئاغا کاکەیی عەلی سەرایی.
فەوجی جەلال ئاغا ڕەفیق سەید وەلەد ئاغای کاکەیی، لە ڕێکەوتی (17.3.1986)دا دامەزراوە، دوو هەزار جاشی هەبووە.
سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕێکەوتی (17.6.1987)دا، کوڕێکی بەناوی وەلید کوژراوە.
فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالەکانی (1+3+4)ی کردووە.

پەیوەست بە بەشداری فەوجی سەد و یەک لە شالاوە دڕندانەکانی ئەنفالەکانی یەک و سێدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148+156).
لەبارەی بەشداریکردنی فەوجی (101)ی جاشە سووکەکان لە شالاوی ئەنفالی چواردا؛ سەرچاوە: (2–108، ل؟).

سەرۆکجاشی فەوجی (102): شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین عەزیز بەرزنجی (1954 – شارەزوور – پێنجوێن)، ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی خولی پێنجەم، ئەندامی حزبی بەعس بووەو لە چوارچێوەی کەرتەکانی سوپای میللی و فەوجی جاشە سووکەکان بەشداری قادسیەی کردووە، پارە و زێڕیشی بۆ نۆژەنکردنەوەی شاری فاو بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری شاری سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/لایەنگری ڕژێمی سەدام، کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە.
جەمیل ڕەحمان جەمیل، حەمەئەمین سەعید فەتاح، مەحمود حەمەڕەشید و نامیق عەزیز حەمە فەرماندەی سریە بووینە.
فەوجی شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین بەرزنجی، نزیکەی پێنج هەزار جاشی سووکی هەبووە و بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)دا کردووە.
لەمەڕ بەشداری کردنی فەوجی سەد و دوو لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
شێخ ئیبراهیم نەسرەدین بەرزنجی، بۆ (ڕۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)، ل6، واتە سەرچاوەی 2–79)، لێدوانی داوەو دەڵێت: (شەڕکەرانی فەوجەکەمان بەشداری کاریگەریان کردووە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا).
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 167).
شێخ ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (1024)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە سەدام لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالەکان وەرگرتووە.

شێخ ئیبراهیم نەسرەدین بەرزنجی، سەرەتا یەکێتی، دواتر سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان و ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستانە.
شێخ ئیبراهیم نەسرەدین شێخ عەزیز بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (102)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (4+421)ی لە لیستەکەدا دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (103): عەونی حاجی مستەفا جوبرائیل ئاکرەیی.
محەمەد عەونی حاجی مستەفا جوبرائیل ئاکرەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی سەد و سێی عەونی مستەفا ئاکرەیی، لە ڕۆژی (1.7.1986) دامەزراوە و دواتر بەشداری شالاوی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەونی حاجی مستەفا جوبرائیل ئاکرەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (103)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (355)ی لە لیستی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (104): سەرۆکجاشی فەوج، عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا.
عەمەر حەمە عەلی چەرمەگا، لە ساڵی (1982)دا ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەناوی ڕەسوڵ ئیبراهیم ئیبراهیم شیلانی ناسراو بە سەربازی نەناسراو (1961/ قەڵادزێ) دەستگیر دەکات و ڕادەستی ئەمنی سلێمانی دەکات، کە دواتر لەکاتی گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعس لە ڕۆژی (1.2.1984)دا ئازاد دەکرێت.
ڕەسوڵ ئیبراهیم، دوای ئازاد کردنی دەبێتە پێشمەرگە لە کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ لە تیپی (43)ی ئاسۆس، وەلێ لەبەر هەژاری و سەختی ژیانی خێزانەکەیان سێ مانگ مۆڵەت وەردەگرێت و لەنێوان بەکرەجۆ و گوندی (کانی سەفەر)دا خەریکی کاری کشتوکاڵی دەبێت، کەچی عومەر حەمە عەلی چەرمەگا لە دەرفەتێکدا لە زستانی ساڵی (1985)دا دووبارە دەستگیری دەکاتەوە و تۆمەتێکی بۆ دروست دەکات، ئینجا ڕادەستی ئەمنی سلێمانی دەکات و پاشان لە ڕێکەوتی (4.12.1985)دا لە گرتووخانەی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێت؛ سەرچاوە: (2-254، ڕزگار ساڵح

عەبدولڕەحمان، مەلا بەختیار لە زیندانەکەی گوندی یاخسەمەر، کوردستانپۆست. سوودم لە سەرچاوەی ئاماژەپێکراو و لە نووسەری بابەتەکە وەرگرتووە).
هێزێکی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شەوی (11/12.11.1987)دا پەلاماری گوندی چەرمەگا و جاشەکانی عومەر چەرمەگا دەدەن، لەو پەلامارەدا هێزەکەی یەکێتی (42) جاش و هاووڵاتی کوشت و هەشت پێشمەرگەش شەهید بوون. بەداخەوە بەگوێرەی یاداشتەکانی سابیر ئەحمەد کۆکەیی پێشمەرگەکانی یەکێتی لەو شەوەدا تەڕو وشک و چاک و خراپیان پێکەوە سووتاندووە، بۆ نموونە ناوبراو لە لاپەڕە (270)ی (ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو)، باسی ئەوە دەکات کە یەکێک لە هاووڵاتیەکان قالەی ئافتاو بووە و سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان واتە ڕێکخستنەکانی خۆیان بووە، کەچی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە شەهید کراوە. لەم هێرشەدا کە لە تۆڵەی شەهید کردنی (11) پێشمەرگە بوو کە لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا لەلایەن جاشەکانی ئەم فەوجە شەهید بوون، هەشت پێشمەرگەی دیکە شەهیدبوون کە ئەمانەن: (محەمەد ئەحمەد مەحمود ناسراو بە مام هێرش جێگری سەرتیپی (17)ی زمناکۆ، مامۆستا ئەحمەد وەهاب عەزیز حوسێن ناسراو بە بەرزان فەرماندەی کەرتی (3)ی تیپی (57)ی سەگرمە، لەتیف مەجید کاکل عەزیز ناسراو بە ڕێبوار/ چەمچەماڵ جێگری فەرماندەی کەرت بووە لە تیپی (57)ی سەگرمە، لوقمان ئەمین محەمەد شەریف پێشمەرگەی تیپی (51)ی گەرمیان، دڵشاد محەمەد ڕەشید پێشمەرگەی تیپی (55)ی قەرەداغ، عوسمان تۆفیق عوسمان جافەرانی پێشمەرگەی تیپی (55)ی قەرەداغ، جەلیل عەبدوڵڵا عەزیز جاسم گوڵباخی پێشمەرگەی تیپی (59)ی حەمرین و قادر حەمید مامە قالە گوڵباخی پێشمەرگەی تیپی (59)ی حەمرین)؛ سەرچاوە: (1–66، ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ڕزگاری دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ل325+332).

عومەر حەمە عەلی و فەوجی ژمارە (104)ی جاشە سووکەکان، بەشدارییان کردووە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7)دا.

سەبارەت بە بەشداری فەوجی عومەر حەمەعەلی چەرمەگا لە هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دووەدا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

فەوجی سەد و چواری عومەر حەمە عەلی چەرمەگا، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، خورماتوو، ئاغجەلەر، ڕانیە و سورداشی کردووە، واتە ئەنفالەکانی سێ و چوار؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل241).

هەرچی سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوتە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148+167).

عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، لە دوای ڕاپەڕینەوە چۆتە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تۆمەتبارە بە گرتنی (12) پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی (7.5.1988)دا لە نزیک چەرمەگا و دواتر ڕادەست کردنەوەیان بە ئەمنی سلێمانی و گوللە باران کردنیان یان لە سێدارە دانیان. ناوی دوانزە پێشمەرگەکە بریتین لە: (ڕێبوار عومەر محەمەد، تەها ئەحمەد سەعید ناسراو بە جووتیار، ڕزگار حوسێن شەریف وەسمان، هاوڕێ شاکر مەحمود، محەمەد غەفور مەحمود فەتاح، کەریم عەلی کەریم ئەحمەد، جەمال حوسێن حەمە ساڵح، ئەنوەر محەمەد ڕەشید، ئاوات حوسێن ئەحمەد محێدین، عەلی ئەنوەر ڕەشید، کاروان کەریم سۆفی ڕەشید و ئەبوبەکر ئەحمەد محەمەدئەمین ئەحمەد)؛ سەرچاوە: (2–109، ئاکۆ حەمە سەعید، ئەو (12) پێشمەرگەیەی کە بەدەستی (عومەری حەمەعەلی چەرمەگا) شەهیدکران، ماڵپەڕی کوردستاننێت) + (2–1، ب17، ل4502–4504).

هەر لەکاتی ئەنفالەکاندا عومەر حەمە عەلی چەرمەگا، لە ناوچەی سورداش و دۆڵی جافایەتی چەندان پێشمەرگە و هاووڵاتی کە دەچنە لای ئەو بە مەرجی ئەوەی گیانیان بپارێزێت. ئەویش بەڵێنیان پێدەدات، کەچی دواتر ڕادەستی دائیرەی ئەمنیان دەکات و ئەنفال دەکرێن. بەشێک لەوانە بریتین لە: (جەبار ئەحمەد کاکەمەد دانیشتووی دێی سابوراوای کۆن ناسراو بە (جەبار چالاخی)، خەسرەو مەحمود عەبدوڵڵا مەحمود، جەعفەر فەرماندەی کەرت لای غەریب عەسکەری، بەکر ئەحمەد مەرجان، هاشم عەبدولڕەحمان عەولا حەمە ساڵح، مام غەریب پێشمەرگە لە تیپی (23)ی سورداش و خزمی حەمە غەریب سەعید عەسکەری لەگەڵ گوڵناز ئەحمەد سلێمان هاوسەری شەهید غەریب عەسکەری و دوو کوڕیان بە ناوەکانی ڕێباز

حەمە غەریب سەعید و زاگرۆس حەمە غەریب سەعید). شەهیدی فەرماندە غەریب سەعید عەسکەری، لە ڕێکەوتی (5.9.2007)دا مرد.
سەرۆکجاش عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6689)، ل؟)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شالآوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.
عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، سەرۆکجاشی فەوجی (104)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (278+212)ی لە لیستی داوەکراوەکاندا دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.
عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاولاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە (9.4.2003)دا بەردەوام بووە. کەواتە لێبووردنی ناوبراو ئەو سەرۆکجاشە ناگرێتەوە، کە بۆ سەرۆکجاش و پیاوانی سەر بە بەعس دەرچوو بوو بە مەرجێک واز لە خزمەتی ڕژێمی سەدام بێنن. بۆیە پێویستە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی عومەر چەرمەگا ڕادەستی دادگا بکات.

سەرۆکجاشی فەوجی (105): ئیبراهیم شێخ محەمەد شێخانی (برایم بۆگەنی).
جێگری سەرۆکجاش، کێخوا تاهیر کلآوڕەشی (خەڵکی گوێڕ).
فەوجی سەد و پێنجی جاشە سووکەکان، بە (450) جاشەوە بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
برایم بۆگەنی، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام خۆی بەر لە چەند ساڵێک مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (106): سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی (هاواری).
محەمەد ئەڵماس هەیاس کاکەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هێزێکی گەورەی سوپای بەعس، کە پێکهاتبوو لە لیوای (439)، لیوای (806)، جاشەکانی سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی (فەوجی 106)، فەوجی جاشەکانی سدیق نوری بریفکانی (فەوجی 57) و جاشەکانی حەسەن مەحمود محەمەدئەمین

هەورامی (فەوجی 116)، لە شەوی (9/10-8-1987) هێرشیان کردە سەر هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندی ئەحمەد ئاوای سورێن، لە ئەنجامدا شەش پێشمەرگە بەم ناوانە شەهید بوون: (ئازاد حەمە عەلی (سەرگەڵو - سورداش)، سەردار حوسێن محەمەد نادر (دەرەقەیسەر – بیارە)، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی هەڵەبجە، سەلام کامل مەحمود عەلی (سەرکان – بەرزنجە)، کارگێڕی لیژنەی ناوخۆی پێنجوێن، عەلی مەلا حەمەدئەمین (دەرەی مەڕە - خورماڵ، غەریب عارف ڕەسوڵ کەریم (دۆڵەسوور)، سەر بە لیژنەی پێنجوێن، یاسین محەمەدئەمین (تەپەڕێژینە - شارەزوور)؛ سەرچاوە: (2-255، أخبار کوردستان، العدد (160)، أواسط آب 1987، ص7).

سەرۆکجاش و جاشەکانی فەوجی سەد و شەش بەشدارییان کردووە لە شاڵاوی دڕندانەی هەردوو ئەنفالی (1+2)؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).

سەرۆکجاشی فەوجی (107): محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناڤایی.

جاسم محەمەد تاهیر یونس زیناڤایی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

ئەحمەد یونس محەمەد زیناڤایی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

محەمەد شەریف ئەحمەد مەحمود شینکی، فەرماندەی سریە.

فەوجی سەد و حەوتی محەمەد تاهیر یونس، لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە و دواتر بەشدار بووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+8)دا.

لەمەڕ بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکەمدا؛ سەرچاوە: (2-110، ل؟).

دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە پەلاماری ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ سەرچاوە: (2-82، العراق، ژمارە (3721)، ل؟).

فەوجەکە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).

سەبارەت بە بەشداریکردنی فەوجی سەد و حەوتی محەمەد تاهیر زیناڤایی لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا، بە (615) جاش بەشداری کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناڤایی، سەرۆکجاشی فەوجی (107)، ژمارە (118)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە، بەڵام ئەو لە ژیاندا نەماوەو مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (108): محەمەد جەوهەر ئیسماعیل ساڵح ڕۆڤی گۆران.

فەوجی سەد و هەشتی محەمەد جەوهەر گۆران، لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە و بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

محەمەد جەوهەر ئیسماعیل ساڵح گۆران، سەرۆکجاشی فەوجی (108)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (374)ی لە لیستی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (109): شێخ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئاغای شەرەڤانی.

شێخ بەیار خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئاغا شەرەڤانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فەوجی خەلیل عەبدوڵڵا شەرەڤانی، لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە و دواتریش بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)ی کردووە.

دەربارەی بەشداری فەوجی سەد و نۆ لە شاڵاوی ئەنفالی یەکدا، ئەو فەوجە شانبەشانی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا بە فەرماندەیی عەمیدی هێزی تایبەت عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سورداش و هەر یەک لە گوندەکانی (بەرگەڵوو، سەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن) و دۆڵی جافایەتی واتە تەواوی ناوچەکانی ئەنفالی یەکیان کردووە. عەمید عەلی حسێن مزعەل لە لێدوانێکیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیار و ڕێکوپێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە ژمارەیان دە فەوج بوو؛ سەرچاوە: (2–74، هاوکاری، ژمارە (960)، ل6–7).

سەبارەت بە بەشداری فەوجی شێخ خەلیل شەرەڤانی لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، جريدة الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

بۆ زانیاری زۆرتر دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرۆکجاشی ئەو فەوجە دەڵێت: (لە جەنگی ئەنفالی یەکەمدا لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو جەنگی ئەنفالی دووەمدا لە قەرەداغ، فەوجەکەمان چەکێکی زۆری دەستکەوت).

لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (109)ی جاشە سووکەکان باسی وەرگرتنی پاداشتی ئەنفالکردنی کوردی لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن کردووە)؛ سەرچاوە: (2-108، هاوکاری، ژمارە (983)، ل؟).

خەلیل شێخ عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەڤانی سەرۆکجاشی فەوجی (109)ی جاشە سووکەکان، دوو مەدالیای ئازایەتی (کورد کوژی و خۆفرۆشتنی) لە پاداشتی بەشداری لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-65، العراق، ژمارە (3905)، ل؟).

خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەڤانی، سەرۆکجاشی فەوجی (109)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (102)ە لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (110): جەمال خدر خالید دووبەردانی گۆران.

نیعمەت جەمال خدر دووبەردانی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فەوجی جاشی جەمال دووبەردانی، لە ساڵی (1986) دامەزراوەو بەشدارییان کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا.

جەمال خدر دووبەردانی، لە پاداشتی ئەنفالەکانی یەک و دوودا، دوو میدالیای بەناو ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

بەگوێرەی دیمانەیەکی سەرۆکجاش جەمال خدر خالید دووبەردانی گۆران لەگەڵ ڕۆژنامەی (العراق)، باسی ئەوەی کردووە کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ هێزەکانی فەیلەقی (1)دا بەشداری شەڕیان کردووە، لەگەڵ هێرشەکانی ئەنفال و پەلاماردانی (کانی توو) و گرتنی بارەگای مام جەلال؛ سەرچاوە: (2-111، العراق، ژمارە (3913)، ل؟).

سەرۆکجاشی ئەم فەوجە جەمال خدر خالید دووبەردانی، بەگوێرەی فەرمانێکی کۆماری ئێراق دوو مەدالیای ئازایەتی دیکەی لە دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-11، الثورة، ژمارە (6754)، ل3).

جەمال خدر خالید دووبەردانی، سەرۆکجاشی فەوجی (110)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (100)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (111): شێخ نوری حەسەن موراد بەرزنجی و شێخ بەدیع حەسەن موراد بەرزنجی.

شێخ لەتیف حەسەن موراد بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

شێخ سوبحی حەسەن موراد بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

ملازمی یەکەم عەبدولحەمید خەتاب عەبدوڵلا، جێگری فەرماندەی فەوج.

ئەحمەد ئەمین ئەحمەد (سێگردک – عشائر السبعة)ی فەرماندەی سریە و کەمال عەبدولهادی بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی فەوج بووە.

بارەگای فەوجی ناوبراو لە شەوی (4/5.5.1987)دا لە گوندی سۆتکێ سەر ڕێگای کانیماسی – بێگۆڤا لەلایەن هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەسەردا گیرا.

فەوجی شێخ نوری حەسەن، لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە، بەڵام دوای مردنی ئەو شێخ بەدیعی برای کرا بە سەرۆکجاشی فەوج.

فەوجی سەد و یانزەی شێخ بەدیع، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

شێخ نوری شێخ حەسەن موراد بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (111)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (389)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (112): بابەکر (بەکر) وسو محەمەد نورەدینی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج محەمەد بابەکر (بەکر) وسو محەمەد.
ئەو سەرۆکجاشە بەگوێرەی ڕۆژنامە و بەڵگەنامەکان، هەم بە بەکر و هەم بە بابەکر ناوی هاتووە.
فەوجی سەد و دوازدە بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2+4)دا کردووە. پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148). لەمەڕ بەشداریکردنی فەوجی بەکر وسو محەمەد لە ئەنفالی چواردا؛ سەرچاوە: (1–20، ل50، کە لە: ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (975)، دووشەممە، ڕێکەوتی (16.5.1988)دا وەریگرتووە).
دوای ڕاپەڕین چووە نێو پارتی و ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە نانەوەی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی.
بابەکر وسو محەمەد، فەرماندەی فەوجی (112)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (99)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (113): تۆفیق سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری.
غیاس توفیق سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
عەبدوڵڵا سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هەر یەک لە (تەیب ئەحمەد یاسین، جانگیر خەلیفە ئیبراهیم، حەسەن حوسێن خان میر، سیسۆ سەعید عەلی، شەفیق ساڵح میکائیل، عارف عەبدوڵڵا سلێمان، عومەر حەسۆ عومەر، قادر عومەر ساڵح، محەمەد ئیبراهیم عومەر، محەمەد حوسێن ئیبراهیم، محەمەد داود جبۆ، محەمەد سەعید حوسێن، مستەفا عەبدوڵڵا سەلیم، مەجید محەمەد ساڵح و موراد محەمەدئەمین مەرعان، فەرماندەی سریە بووینە؛ سەرچاوە: 1–61، عزەت بریفکانی، قەهرەمانێت بەهدینا، ل82).
فەوجی سەد و سێزدەی تۆفیق بەرواری، بەشداری کردووە لە شالاوی دڕندانەی ئەنفالەکانی (1+2+8)دا.
پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە هەر یەک لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

لەمەڕ بەشداری فەوجی تۆفیق سلێمان یاسین شکێرانی لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری سەرۆکجاشی فەوج و غیاس تۆفیق سلێمان یاسینی جێگری فەوجی ژمارە (113)، ژمارە (311+363)یان لە لیستی ناوی داواکراوەکاندا پێدراوە.
تۆفیق سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری، لەکاتی ئەنفالی یەکەم یان دووەم لە ساڵی (1988)دا لە ناوچەی سلێمانی کوژرا و دواتر غیاس بەرواری کوڕی هاتە شوێنی باوکی.
غیاس تۆفیق سلێمان بەرواری، ئێستاکە لە دهۆک ئەژی و سەر بە (پ. د. ک)ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (114): عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری و بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، مەحمود عومەر بابەکر سەلیم ئاغای پشدەری.
فەوجی سەد و چواردە بەشداری کردووە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا.
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
لەمەڕ بەشداریکردنی فەوجەکە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عومەر بابەکر سەلیم، سەرۆکجاشی فەوجی (114)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (112)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (115): حەسەن مەحمود محەمەد ئەمین بەگ هەورامی.
هێزێکی گەورەی سوپای بەعس، کە پێکهاتبوو لە لیوای (439)، لیوای (806)، جاشی حەسەن مەحمود محەمەدئەمین بەگ هەورامی (فەوجی 116)، جاشەکانی سدیق شێخ نوری بریفکانی (فەوجی 57) و جاشەکانی سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی (فەوجی 106)، لە شەوی (9/10.8.1987) هێرشیان کردە سەر هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندی ئەحمەد ئاوای سورێن، لە ئەنجامدا شەش پێشمەرگە بەم ناوانە شەهید بوون: (ئازاد حەمە عەلی (سەرگەڵو - سورداش)،

سەردار حوسێن محەمەد نادر (دەرەقەیسەر – بیارە)، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی هەڵەبجە، سەلام كامل مەحمود عەلی (سەركان – بەرزنجە)، كارگێڕی لیژنەی ناوخۆی پێنجوێن، عەلی مەلا حەمەدئەمین (دەرەی مەڕە - خورماڵ، غەریب عارف ڕەسوڵ كەریم (دۆڵەسوور)، سەر بە لیژنەی پێنجوێن، یاسین محەمەدئەمین (تەپەڕێژینە - شارەزوور)؛ سەرچاوە: (2–255، أخبار كوردستان، العدد (160)، أواسط آب 1987، ص7).

فەوجی سەد و پازدە بەشداری لە ئەنفالەكانی (1+2+8)دا كردووە.

لەمەڕ بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەكانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

پەیوەست بە بەشداری فەوجەكە لە شاڵاوی ئەنفالی یەكەم، سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).

حەسەن مەحمود محەمەدئەمین، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ژمارە (ا/501/3)ی ڕێكەوتی (13.2.1989)ی بڕێک پارەی وەكو خەڵات لە پاداشتی بەشداری كردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش مستەفا حاجی ڕەسوڵ مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل239–240). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەیەكی نكۆڵ لێنەكراوی بەشداریكردنی سەرۆكجاشی فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.

حەسەن مەحمود محەمەدئەمین هەورامی، سەرۆكجاشی فەوجی سەدو پانزەی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (169)ی لە لیستی داواكراوەكان پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (116): عومەر موورادخان جەلیلە.

عومەر موورادخان جەلیلە، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووە و ژمارە (358)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواكراوەكاندا دراوەتێ.

سەرۆكجاشی فەوجی (117): قادر حامد ئیبراهیم هاجانی (سێمێل – دهۆک).

حامد قادر حامد ئیبراهیم هاجانی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.

ئیبراهیم حامد ئیبراهیم هاجانی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.

هەر یەک لە ئەحمەد عەلی حاجی، ئیسماعیل تەمۆ حەسەن، ئیسماعیل مەحمود تەها، حوسێن سەیدانی، ساڵح یوسف، محەمەد ساڵح ئیسماعیل و موحسین مەحمود فەرماندەی کۆمەڵ.

فەوجی قادر حامد ئیبراهیم هاجانی، لە ساڵی (1986)دا دامەزراوە و خۆیشی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان (لایەنگری ڕژێمی سەدام) بووە.

حامد قادر حامد ئیبراهیم هاجانی (سێمێل - دهۆک)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (117)، وەکو نوێنەری پارێزگای دهۆک خۆی هەڵبژاردووە بۆ خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی سەدامی، کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە، بەڵام ئەو نەکراوە بە ئەندامی ئەو خولە.

سەرۆکجاش قادر حامد ئیبراهیم هاجانی، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) پەیوەندی کردووە بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرۆکجاشی فەوجی (118): شێخ محەمەد سەعید شێخ مەحمود شەمێرانی.

جەمال مەحمود محەمەد سان ئەحمەد شەمێرانی (1955/ سیروان/ هەڵەبجە)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج و بەشداری جەنگی قادسیەی سەدامی کردووە و پارە و زێڕی بەخشیووە، وەکو نوێنەری سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان / لایەنگری ڕژێم - خولی حەوتەم، کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا بەڕێوەچووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی العراق، دووشەممە، ڕێکەوتی 29.8.1989)، بەڵام نەکراوە بە ئەندامی ئەو خولە.

فەوجی سەد و هەژدەی شێخ محەمەد بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە.

پەیوەست بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).

جەمال مەحمود محەمەد شەمێرانی، سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان-ە.

شێخ محەمەد سەعید مەحمود شمێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (118)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (379)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (119): شێخ محەمەد نەجیب سادق بەهائەدین نەقشبەندی.

فەوجی شێخ محەمەد نەجیب سادق نەقشبەندی، لە سەرەتای ساڵی (1986)دا دامەزراوە.
ئەم فەوجەکە بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (1)دا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).
محەمەد نەجیب سادق بەهائەدین، سەرۆکجاشی فەوجی (119)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (381)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (120): حوسێن محەمەد فەتاح قادر گەڵاڵی.
مەهدی قادر سادق (خەڵکی گوندی نزار و دانیشتووی عەربەت)، فەرماندەی سریە بووە.
فەوجی حوسێن گەڵاڵی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (1)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).
حوسێن محەمەد فەتاح قادر، سەرۆکجاشی فەوجی (120)ی جاشە سووکەکان، سەر بە (ی. ن. ک) و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (324)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (121): هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری.
ئەسکەندەر هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
ئەبابەکر هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
عەبدوڵڵا هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هەر سێ کوڕی هەمزە ئاغا، لە ڕۆژنامەکاندا ناویان وەکو جێگری سەرۆکجاشی فەوج هاتووە؛ سەرچاوە: (2-57، الثورة، ژمارە (6606)، ل5).
ملازمی یەکەم ئەحمەد مەحمود موسا، فەرماندەی فەوجی (121) بووەو ئەم فەوجە لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان و قسەکانی عەبدوڵڵا پشدەری و ناوهێنانی ناوچەکان بێت، فەوجی (121)ی جاشە سووکەکان بەشداری کردووە لە هەر یەک لە پەلاماری ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7)دا.

سەبارەت بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).

پەیوەست بە بەشداری فەوجی هەمزە باپیر لە شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–112، الثورة، ژمارە (6518)، ل؟)، کە جووتەبرا ئەسکەندەر و بابەکر هەمزە وەکو جێگرانی سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (121) ناویان هاتووە و دەڵێن: (بەشداریمان لە پاککردنەوەی لانەی ناپاکاندا کردووە بۆ ئەوەی دووپاتی بکەینەوە کە دەستەی بەکرێگیراومان ناوێت؛ لە (2–90، میدیا، ژمارە (270)، ل9)، وەرگیراوە).

عەبدوڵڵا هەمزە باپیر ئاغا (عەبدوڵڵا پشدەری)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو لە دیمانەیەکی (هاوکاری)دا، کە ژمارەکەی دیارنییە بەڵام پێدەچێت هی مانگی ئابیساڵی (1988) بێت، ڕۆژنامەکە بە بۆنەی (8)ی ئابەوە، دیمانەکەی لەگەڵ ناوبراو ئەنجام داوە، کە دەڵێت: (فەوجەکەمان لە جەنگەکانی هەموو ئەنفالەکاندا بەشداریکردووە لە بنگرد، مەرگە، قەرەداغ، سەنگاو، قادرکەرەم و لە کۆتایی ئەنفالەکان لە ناوچەی بالیسان. هەروەها بەشداری جەنگەکانی چوارتاو ماوەت–مان کردووە؛ سەرچاوە: (2–113، بەشدار قادر، ناوەندی چاک ئاگاتان لەم ئەنفالچیە پشدەرییە بێت لە ئەورووپایە).

عەبدوڵڵا هەمزە باپیر ئاغا پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (121) و بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دانمارک لە ناوەڕاتی ساڵی نەوەتەکان تا سەرەتای دوو هەزارەکان، پێشتر وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا، بەڵام دەرنەچووە.

هەمزە باپیر بابەکر ئاغا، لە ڕێکەوتی (17.8.1988)دا مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (122): مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە.

فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)دا.

پەیوەست بە بەشداری کردنی ئەو فەوجە لە هەر یەک لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
بۆ زانیاری زۆرتر و سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی یەکدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148).
مەحمود ئەحمەد شەریف، سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (122)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (383)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ، بەڵام لە ڕۆژی (11.4.1988)دا لە گوندی شێخ تەویل لە شەڕی دژ بە یەکێتی کوژراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (123): ئیبراهیم کوێخا عەبدوڵڵا بندیان (برایمی کوێخا عەدۆ).
ئیسماعیل کوێخا عەبدوڵڵا بندیان، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
برایم کوێخا عەدۆ، لەدوای ڕاپەڕین سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە ڕێکەوی (22.2.2008)دا مرد.
سەرۆکجاشی فەوجی (123)ی جاشە سووکەکان ئیبراهیم کوێخا عەبدوڵڵا بندیان، بە هەڵە ژمارەی فەوجەکەی بە (23) نووسراوە لە بری (123)؛ سەرچاوە: (2–114، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە (29)، ل11).

سەرۆکجاشی فەوجی (124): عەبدولڕەحیم محەمەد ڕەمەزان ئیمامی.
فەوجی سەد و بیست و چوار بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+5+6+7)دا کردووە.
سەبارەت بە شالاوی ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل148، 167).

سەرۆکجاشی فەوجی (125): محەمەد ئەحمەد سابیر محەمەد شوانی.
فەوجی سەد و بیست و پێنج بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل149).

سەرۆکجاشی فەوجی (126): شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداوێ.

فەوجی شەریف مەحمود کوڕەداوێ، لە ساڵی (1987) دامەزراوەو بەشدارییان لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)دا کردووە.
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
سەبارەت بە بەشداری فەوجی ناوبراو لە ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل167).
شەریف مەحمود مەعروف، فەرماندەی فەوجی (126)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (105+185)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (127): شێخ دێوالی میرزا عومەر ئەتروشی.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، ئەمین سەلیم عومەر ئەتروشی مزوری ناسراو بە (ئەمینێ کورتێ).
فەوجی شێخ دێوالی میرزا (برای عەبدولوەهاب میرزا ئەتروشی)، بریکاری وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی ڕژێمی (سەدام)، بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا.
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوی ئەنفالی (8)دا – سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (128): عەلی عەبدوڵلا عەلی کۆچەر (عەلی عەبۆ)، خەڵکی گوندی (سەرتەنگ/ سێمێل).
ئەحمەد عەبدوڵلا عەلی کۆچەر (ئەحمەد عەبۆ)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی (128)ی عەلی عەبو، لە ساڵی (1986) دامەزراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (129): عەبدوڵلا محەمەد ئەحمەد چۆمانی.
فەوجی سەد و بیست و نۆ بەشداری لە شالاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (130): عەزیز حەمەد مەولود شێخانی ناسراو بە (مەلا عوزێر).
عەدنان تەحسین، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد ئەمین سیخۆ، فەرماندەی سریە.
فەوجی سەد و سی نزیکەی (1750) جاشی هەبووە.
مەلا عوزێر، لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بووە، وەلێ زۆرجار ئەم بەر ئەو بەری کردووە و سەنگەری گواستۆتەوە، تا دواجار گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە مەفرەزە خاسە.
مەلا عوزێر شێخانی و جەلال پیرباڵی فەرماندەی مەفرەزە خاسە، لە ڕێکەوتی (21.4.1981)دا پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)یان بەناوی ئیبراهیم ئەبوبەکر سۆفی محەمەد (ئیبراهیم پۆلیس) خەڵکی گوندی کەنداڵ، لە گوندی مورتکە نزیک قوشتەپە شەهید کرد، کە لای شەهیدی سەرکردە ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (شەهید ڕێباز)، کە ڕێبازی دژ بە شەڕی براکوژی و دیل کوشتن لە ڕێکەوتی (7.5.1994)دا لە نزیک گوندی ئیفراز بەدیلی و لە شەڕی براکوژیدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان-ەوە شەهید کرا.
مەلا عوزێر، لە ڕێکەوتی (7.11.1981)دا نەجیبە جەواد مەعروفی هاوسەری مامۆستا موحسین عوسمان حەمەد (شۆڕەزەردکەیی) و هەتاوی کچیانی دەستگیر کردووە. موحسین عوسمان حەمەد یونس، پێشتر پێشمەرگە و کادیری سیاسی و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ناو هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئێستا ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە پلەی لیوا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و نشینگەی باشووری کوردستانی هەیە لە شاری سلێمانی، کە مەلا عوزێر ژنەکەی دەستگیرکرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کرد، دواتر نەجیبە خان ڕەوانەی زیندانی فوزەیلیە (الفضيلية)ی تەنیشت (بغداد الجديدة – المشتل) کرا لە بەغدا. نەجیبە خان و هەتاوی کچی کە ئەوکات تەمەنی نزیکەی (3) ساڵ دەبوو ماوەیەک لەو زیندانە مانەوە، دواتر ئەو ژنانەی منداڵیان هەبوو ڕەوانەی زیندانی عەرعەری سەر سنووری وڵاتی سعودیەی عارەبی کران کە نەجیبە خان یەکێک بووە لەوان. نەجیبە خان لەکاتی دەستگیر کردنیدا سکی هەبووەو لە ڕێکەوتی

(7.6.1982)دا کچێکی دەبێت و ناوی دەنێن بیابان. دواتر نەجیبە خان، هاوتا و بیابان لە ڕێکەوتی (15.7.1982)دا لە زیندان ئازادکران.
مەلا عوزێر حەمەدی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاکاندا فەوجی جاشە سووکەکانی وەرگرت. ناوبراو لە سەردەمی فەرماندەیی مەفرەزەی تایبەتی ئەمن و سەرۆکجاشێتی فەوجی جاشە سووکەکان، سەر بە ملازم محەمەدی قوشتەپە بووە.
مەلا عوزێر، لە شاری هەولێر وەکو یەکێک لە جاشە دیارەکانی بەعسی سەدام ناسراوە، کە کۆمەڵێک تاوانی گەورەی ئەنجام داوە، کە لە خوارەوە ئاماژە بە بەشێک تاوانەکانی ناوبراو دەدەم.
مەلا عوزێر شێخانی، لە ڕێکەوتی (9.8.1981)دا، ئەنوەر عومەر ساڵح غائب ناسراو بە دکتۆر پەروەری دەستگیرکرد، کە ئەوکات سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، دواتر لە دادگا لە ڕێکەوتی (18.2.1982)دا بە حەوت ساڵ زیندانی سزادرا، بەڵام لە ڕێکەوتی (22.7.1982)دا بەر لێبووردنەکەی حەڤدەی تەموز کەوت و ئازادکرا. دکتۆر پەروەر دوای ڕاپەڕین بوو بە یەکێتی و ئێستاکەش سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە.
مەلا عوزێری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، لە ڕۆژی (1.1.1982)دا خزمێکی سەید کاکە سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە (سەید کاکە)ی ئەندامی پارتی دیموکرات و ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانی دەستگیرکرد، بەناوی سەید ئیسماعیل عەبدولحەمید عومەر دانیشتووی گوندی چاڵەگردەی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، کە دواتر بە (3) ساڵ زیندانی سزادرا، پاشان لە ڕێکەوتی (17.7.1982)دا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و لە ڕۆژی (22.7.1982)دا ئازادکرا.
مەلا عوزێر، لە ساڵی (1982)دا پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی بەناوی عومەر حەسەن ئەحمەد حەسەن کەردزی لە گوندەکەی خۆی دەستگیرکرد و ڕادەستی مولازم محەمەدی بەڕێوەبەری ئەمنی قوشتەپەی کرد و دواتر ئەو پێشمەرگەیە لە ساڵی (1983)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
مەلا عوزێری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ڕژێمی بەعس و سەدام، لە کاتژمێری یەکی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (30.7.1982)دا، نۆ هەڤاڵی ڕێکخستنەکانی سەر بە حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لە گوندی قوڵتەپە دەستگیرکرد و ڕادەستی

ئەمنی هەولێری کردن، کە بریتی بوون لە هەر یەک لە: (1. ئەبوبەکر عومەر ئەحمەد سۆربەشی ناسراو بە دیار، کە لە ڕۆژی (20.1.1983)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (14.4.1985)دا لە بەغدا لە سێدارەدرا. 2. نەجمەدین مستەفا مەجید سۆربەشی ناسراو بە دیار، کە لە ڕێکەوتی (20.1.1983)دا سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (14.4.1985)دا لە بەغدا لە سێدارەدرا. 3. خەلیل یوسف محەمەد سۆربەشی ناسراو بە خەلیل مام وسو دزەیی، کە لە ڕێکەوتی (20.1.1983)دا فەرمانی زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بە مەرجێک ڕەوانەی (قافات) بکرێت، کە سزایەکە بەدرێژایی مانەوە لە زیندان دیدەنی خزم و کەسی لێ قەدەغە دەکرێت. خەلیل مام وسو بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، دواتر لە ڕێکەوتی (20.3.1989)دا ئازادکراو پاشان لە ڕۆژی (7.4.2020)دا کۆچی دوایی کرد. 4. سەلاح عەبدولقادر مەلا ئیسماعیل دیبەگەیی، لە ڕێکەوتی (20.1.1983)دا فەرمانی زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، بە مەرجێک ڕەوانەی (قافات) بکرێت، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، ئەوەبوو دواتر لە ڕێکەوتی (20.3.1989)دا لەگەڵ خەلیل مام وسو بەیەکەوە ئازادکران. 5. فەرهاد حوسێن سوڵتان سۆربەشی، لە ڕێکەوتی (20.1.1983)دا فەرمانی زیندانی حەوتساڵی بۆ دەرچوو بەمەرجێک ڕەوانەی قافات بکرێت، بەڵام بەر لێبووردنی گشتی (6.9.1988) کەوت، ئەوەبوو دواتر لە ڕێکەوتی (20.3.1989)دا لەگەڵ ئەو دوو هەڤاڵەی سەرەوەدا ئازادکران. 6. محەمەد عەبدولڕەحمان حەمە شەریف دیبەگەیی ناسراو بە مام ئاراس ، کە لە ڕێکەوتی (20.1.1983)دا لە دادگا بێتاوان دەرچوو، چونکە دانی بەهیچ شتێکدا نەنابوو، ئەوەبوو دواتر لە ڕێکەوتی (24.1.1983)دا پێکەوە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی خوارەوە ئازادکرا. مام ئاراس دیبەگەیی، هەم لە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و خۆپیشاندانەکانی ساڵی (1982)ی شاری هەولێر ڕۆڵی بەرچاو و جێ پەنجەی دیاربوو، هەم لە پێشمەرگایەتی لەناو ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و دواتریش لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە فەرماندەیەکی ئازا و نەترس بووە لە هەموو شەڕەکاندا. 7. عەبدوڵڵا کاکەمین ڕەسوڵ، لە دادگا بێتاوان دەرچوو و ئازادکرا. 8. ڕوار عوسمان ئیسماعیل سۆربەشی، لە دادگا بێتاوان دەرچوو و ئازادکرا. 9. قادر عوسمان ئیسماعیل سۆربەشی، لە دادگا بێتاوان دەرچوو و ئازادکرا).

مەلا عوزێر شێخانی، لە ڕۆژی (1.9.1982)دا لە بۆسەیەکدا پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی بەناوی ئەنوەر محەمەد شێخان کانەبی (سەربەست)، لە گوندی پیرداودی نێوان هەولێر – دیبەگە بە بریندار گرت، کە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە سەرەتا قاچەکانی ئیفلیج بوون و دواتر بڕانەوە، کەچی بەو قاچ بڕینەوەیە لە ڕێکەوتی (16.1.1983) لە ئەمنی عامەی بەغدا لە سێدارە دراو گیانی پاکی بە کورد و کوردستان سپارد.

مەلا عوزێر شێخانی، بە هاوکاری لەگەڵ چەند سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر، لە شەوی (22.10.1982)دا لە گوندی سابلاخ لە بۆسەیەکدا ئەو پێشمەرگانەی (ی. ن. ک)ی شەهید کرد: (نادر ئیسماعیل نادر ئەحمەد ناسراو بە (نادر قەشقەیی) فەرماندەی کەرت، محەمەد غەفور ئەحمەد خان مەنتک دووشیوانی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (90)ی باواجی، حەمە سەعید حەمەدئەمین عەبدوڵلا عەلی قەشقەیی، محەمەد مەحمود قادر عەلی و عوسمان عەلی قادر قەشقەیی، لەگەڵ بریندارکردنی هەر یەک لە خالید ئەحمەد و سیامەند حوسێن قەشقەیی).

مەلا عوزێر شێخانی مەفرەزە خاسەی سەدام، لە ڕێکەوتی (18.11.1982)دا دوو پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی لە نێوان هەولێر – دیبەگە لە نزیک گوندی منارە شەهید کرد بە ناوەکانی کاکەزیاد حەسەن عەزیز هەینی کەردزی و خەسرەو ئیسماعیل ساڵح سوڵتان گەلاڵی ناسراو بە خەسرەو کەردزی.

سەبارەت بە شەهید کردنی (10) پێشمەرگە و بریندارکردنی (9) پێشمەرگەی تری حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە کۆی (23) پێشمەرگەدا، لە کاتژمێری (9)ی شەوی ڕێکەوتی (15.1.1983)ی گوندی بیرەعارەبان، زانیارییەکانم لە کادیرێکی سیاسی و پێشمەرگەیەکی دێرینی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەناوی (نامیق ڕەسوڵ ئەحمەد)ی برازای مامە غەفە وەرگرتووە، کە ئێستاکە جێگری مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە هەولێر. لەگەڵ نامیق ڕەسوڵ ئەحمەد غەزاڵ، هەم خەڵکی ناوچەیەکین و هەم چەند ساڵێک هاوپۆلی یەکتر بووینە لە خوێندن، ئەو بەمشێوەیە تاوانی لەناوبردنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی حزبی سۆسیالیستی بۆ گێڕامەوە: (ئێمە ژمارەمان بیست و سێ پێشمەرگە بوو، سەر بە هەرێمی حەوتی قەرەچوغ بووین، فەرماندەکەمان مام غەفوری مامم بوو (غەفور دەروێش ئەحمەد

مەحمود غەزالّ)، کە لە شەوی (15.1.1983) بەڕێکەوتین لە گەڕەشێخان بەرەو هەردوو دۆرەزە و لە جادەی کەرکوک پەڕینەوە. نیازمان وابوو بەرەو گوێڕ بڕۆین بۆ لێدانی مونەزەمەی حزبی بەعس لە گوێڕ. کەم کەمە بارانیش دەباری، ئێمەش بە پێیان بووین و بەرەو گوندی بیرەعارەبان دەڕۆیشتین. کاتێک گەیشتینە نزیک گوندی بیرەعارەبان، کاتژمێر نۆی تەواو بوو. لە ناکاو لە هەموو لایەک بووە دەستڕێژی تەقەی دوژمن لێمان و شەڕ دامەزرا. لە یەکەم دەستڕێژی چڕ و سەختی دوژمندا زۆربەمان پێکراین، هەندێک شەهید و هەندێکمان زامدار بووین. ئێمە بە برینداری کەوتینە بەرگری و شەڕ گەرم بوو. شەڕێکی زۆر سەخت بوو، شەڕی مان و نەمانمان دەکرد، پێشمان وابوو دەرچوونمان زۆر ئەستەمە، بەڵام بیروباوەڕمان بەهێز بوو، چونکە شەڕ شەڕی بیروباوەڕ بوو. بڕیارماندا تا دوا هەناسە و دوا فیشەک بەرگری بکەین، دوای شەڕێکی سەختی چەند کاتژمێری دە شەهیدمان دا و سیازدەشمان دەرباز بووین، بەڵام لەو سیازدە کەسە نۆ بریندارمان هەبوو، واتە تەنیا چوار کەس لەو بۆسەیەدا بێ زیان دەرچوون. شەهیدەکانمان بریتی بوون لە: (ڕەمەزان عەبدولڕەحمان ئەحمەد ئەحمەد (دیبەگە/ سەید عوبێد)، فەرماندەی کەرتی بارەگای هەرێمی حەوت، ئەکرەم مەولود قادر سیان (1940/ جاستان/ دیبەگە)، ئیسماعیل عزەدین فەتاح خەتاب گردعازەبانی (1956)، ڕەحمان ئیسماعیل عەباس سەید عوبێدی (ڕەحمانی سمایل نۆبەتدار)، ڕەشاد ئەحمەد حوسێن بەردێنەیی، ڕەمەزان محەمەد چۆلی تەها شێروانی (1957/ مێرخوزار/ قوشتەپە)، سالم عومەر ڕەسوڵ ئەحمەد خۆشناو (1962/ تەلەلخێم/ گوێڕ)، شێرزاد هەینی سەعید حەسەن کەڵهوڕ (1961/ پیرداود/ قوشتەپە) ناسراو بە شێرکۆی مرور، موزەفەر عوسمان ڕەسوڵ وەسمان گەردی (1967/ هەولێر/ سێتاقان) ناسراو بە ساڵح و نوری محەمەد ڕەحمان ئەحمەد ساڵەیی (1954/ دارەخورما/ دیبەگە). هەروەها بریندارەکان بریتین لە: (غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود غەزال (مامە غەفە)، ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئیسماعیل قورشاغلویی، فەرەیدون غەفور دەروێش ئەحمەد، نامیق ڕەسوڵ ئەحمەد، جامی شێخ عومەر عەلی عەلیاوەیی، فازل ئەحمەد ڕەسوڵ، خالید سەعید پیرداودی، حەمە کەریم عوسمان (دووسەرە) و جەوهەر عوسمان عەبدوڵڵا وەسمان قورشاغلویی)، کە دواتر ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئیسماعیل قورشاغلویی لە شەڕێکی تر لە سەرمەزرا شەهید کرا، هەروەها جەوهەر عوسمان

عەبدوڵڵا بە برینداری کەوتە دەست جاشان و لە ڕۆژی (21.9.1983)دا لە دادگای شۆڕش سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕدرایەوە. دواتر لە ڕۆژی (21.9.1988)دا ئازاد کراو پاشانیش لە ڕۆژی (7.8.2017)دا لە ڕێگای چوونەوەی لە هەولێر بۆ چەمچەماڵ بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل گیانی لە دەست دا.

نامیق ڕەسوڵ ئەحمەد، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و گوتی: (بەڵام دوای چەند ڕۆژێک نامەیەکی مەلا عوزێر شێخانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمن گەیشتە مام غەفوری مامم و خۆم ڕابەری سیاسی هەرێم بووم، نامەکەم خوێندەوە. مەلا عوزێر لە نامەکەیدا نووسیبووی کە ئەو لە بۆسەکەدا لەگەڵ نەبووە، هەرچەندە داوایان لێکردووە، بەڵام بە بیانووی مردنی خوشکێکیەوە نەهاتووە. مەلا عوزێر لە نامەکەدا نووسیبووی کە بۆسەکە پێکهاتبوو لە شازدە جاشی جەلال پیرباڵ قۆڕیتانی و شانزدە ئەمنی قوشتەپە بەسەرپەرشتی ملازم محەمەدی بەڕێوەبەری ئەمنی قوشتەپە، ناوی هەر شازدە ئەمن و شازدە جاشەکەشی نووسیبوو. هەتا ئاماژەی بەوەش کردبوو کە هێزێکی تریش هەبووە لە نزیک بۆسەکەوە، جگە لەو هێزە (32) کەسەی کە ئەمن و جاش بوون بۆسەکەیان دانابووەوە، ناوی حاجی مەولود حەمەد مەولود شێخانی برایی و چوار جاشی تری نووسیبوو کە سەر بە حاجی مەولودی برای بووینە، واتە لە مەفرەزەکەی مەلا عوزێر بووینە. بەڵام مەلا عوزێر خۆی لەگەڵ بۆسەکە و هێزەکەدا نەبووە و ناوبراو تاوەکو ئێستاکەش کۆپی ئەو نامەیەی کە ناردبووی بۆ مامم لای خۆی هەڵیگرتووە). مەولود حەمەد مەولودی برای مەلا عوزێر، دواتر لە ڕۆژی (22.8.1986)دا لە جاشێتی کوژرا.

مەلا عوزێر و جاشەکانی، لە ڕۆژی (16.6.1985) پێشمەرگەیەکی مەفرەزەی تایبەتی مەڵبەندی (3)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەناوی ستار زرار ئەمین خدر (ستار کەرکوکی)، لە گوندی ساباڵاخ لە بۆسەیەکدا شەهید دەکەن.

مەلا عوزێر، لە ڕۆژی (6.8.1985)دا شەفیق سمایل مستەفا ڕەسوڵ ناسراو بە حاجی شەفیق خۆشناو (1951/ ونکە/ کۆیە/ هەولێر)، ئەندامی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (یەکێتی) دەستگیر دەکات و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کرد، دوای دوو ڕۆژ، واتە لە ڕێکەوتی (8.8.1985) لەژێر ئەشکەنجە کوشتیان و تەرمەکەشیان لە بەستی باداوە فڕێ دابوو. مەلا عوزێر، دەستی بەسەر ئۆتۆمۆبێلە

سووپەرە سپییەکەی ناوبراودا گرت و دوایی بە (3) هەزار دیناری ئەوکات دایەوە کەسوکارەکەی.

هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)، بەشیر محەمەد عەبدوڵلا بارزانی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجە سووکەکان، دیدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دیدەوان جەلال پیرباڵ، فەرماندەی مەفرەزەی (186)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی (قەراج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی هەولێر، عەلی محەمەد عومەر ناسراو بە عەلی ئاومالی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر، عومەر محەمەدئەمین سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (47)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر و مامەند ساڵح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113)ی سەر بە فەرمانگەی ئەمنی هەولێر، لە بۆسەیەکی هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد قادر شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەدئەمین عەلی شوانی (ئامۆزازای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عوێنەیی بەناوی (خاسێ ساڵح ئەحمەد عەوێنەیی) ئەوی تریان کافیە عەبدوڵلا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگەی دێرین عەلی مەخموری) و برینداربوونی هەر یەک لە سەعد حەسەن عەبدوڵلا پیرداود، خەدیجە سلێمان فەقێ محەمەد و کافیە حوسێن عەبدوڵلا وەلی کە خوشکی شەهیدی فەرماندە فاقە مەخموری (28.3.1995) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری بوو.

فەوجی جاشەکانی ژمارە (130)ی مەلا عوزێر شێخانی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (4+8)ی کردووە.

مەلا عوزێر حەمەد مەولود شێخانی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی شوان، قەرەهەنجیر و دەشتی کۆیەی کردووە، واتە بەشداری شاڵاوی

ئەنفالی (4)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).

پەیوەست بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)ی بادیناندا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

مەلا عوزێر حەمەد مەولود شێخانی بۆ لاپەڕە (17)ی ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (128)، ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (1.7.2008)، بەمشێوەیە دەدوێت: (ئەو سی و سێ کەسەی کە ڕاکردووی سەربازی بوون بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لە ماڵی من بوون، بەڵام ڕاپۆرتێکیان لەسەر من دابووە ئەمن. فەرمانگەی ئەمن بانگیان کردم و پێیان گوتم کۆمەڵێک ڕاکردووی سەربازی لە ماڵەکەتدا هەیە، دەبێت ڕادەستیان بکەیت. بەڵام نەمبردن بۆ ئەمن ڕادەستی کەرتی ئەفواجم کردن و نووسراوم بۆ وەرگرتن، پاشان ڕەوانەی ماڵی خۆیانم کردنەوە. من ئەوکات لەوێ نەبووم، دوای هەژدە ڕۆژ فەرمانگەی ئەمن لەدوای ناردبوون و هەموویانی بێسەرو شوێن کردن). ناوی هەندێک لەو سی و سێ کەسەی هەردوو گوندی سێگردکان و نێرەگێن، کە لە ڕێگای مەلا عوزێر شێخانییەوە لە ڕۆژی (25.8.1988) ڕادەستی حکومەت کراون، بریتیین لە: (دارا محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی. دەروێش محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی. عەبدوڵڵا محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی، کە هەرسێکیان بران پێشتریش باوکیان (مەلا محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی لە شەوی (24/23-10-1987) لەناو هەولێر لەلایەن چەند خۆفرۆشێک شەهید دەکرێت) و دوو برای تری پێشمەرگەیان بە ناوەکانی سلێمان محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی و قاسم محەمەد حەسەن بابیل نێرەگینی ناسراو بە هاوڕێ قاسم کرێکار شەهید ببوو (شەهید سلێمان نێرەگینی لە ڕێکەوتی (4.4.1985)دا لە گرتنی چوار ڕەبیەی سەر ڕێگای کۆیە - هەولێر شەهید دەبێت و هاوڕێ قاسم کرێکاری کادیری کۆمەڵە و پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێریش، لە ڕێکەوتی (13.5.1985)دا لە گوندی سماقە شەهید بووە؛ سەرچاوە: (2-26، ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی یەکەم و دووەم، ل318+331). ئارام عومەر حاجی مەلا (1965/ سێگردکان). فەوزی عومەر حاجی مەلا (1968/ سێگردکان). ئیسماعیل حەمەد سمایل (سێگردکان). عەبدولڕەحمان ئەحمەد محەمەد (سێگردکان). عەبدولکەریم خدر عەزیز بایز ئاغایی. سابیر سەعدی محەمەد ڕەسوڵ قەمبەری. ئازاد عومەر عەبدولقادر ئۆمەرگومبەتی.

حاتەم ئەحمەد محەمەد (سماقوڵی گرتک). سابیر محەمەد قادر سماقەیی. جەوهەر سەعید نێرەگینی. حەیدەر سەعید نێرەگینی. یاسین ساڵح نێرەگینی. کەریم خدر).
مەلا عوزێر حەمەد مەولود، سەرۆکجاشی فەوجی (130)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (229)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
مەلا عوزێر شێخانی، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خانەنشینی ئەوانە و لە کۆیە نیشتەجێ بوو، بەڵام دواتر لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (5.2.2021)دا لە هۆڵەندا مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (131): شێخ ئەنوەر محەمەد ڕەزا مەحمود جاف (لەک).
هەر یەک لە حەسەن فەرەج لەک، عاسم جاسم ڕەحمان هۆرمزیار، عەدنان حەسەن میکائیل لەک، مەحمود عەزیز لەک و مەحمود عەلی لەک فەرماندەی سریە.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2+3)دا کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی فەوجی سەد و سی و یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو، وەرگرتنی میدالیای ئازایەتی لە پاداشتی هەردوو ئەنفالەکەدا لە سەدامی دیکتاتۆرەوە دەیسەلمێنی کە بەشداری ئەو دوو ئەنفالەی کردووە؛ سەرچاوە: (2–12، الثورة، ژمارە (6523)، ل؟)؛ (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
وەرگرتنی مەدالیایەکی تری ئازایەتی؛ سەرچاوە: (2–115، العراق، ژمارە (3907)، ل2).
دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی سێدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).
جاشێکی ئەو فەوجە بەناوی ئەحمەد شێخ ڕەشید دەڵێت: (بەشداریمان لە شەڕی کەرتی ماوەت کردو لە ئەنفالدا سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێناوە؛ سەرچاوە: (2–93، ل؟).
سەرۆکجاش ئەنوەر محەمەد ڕەزا، بەگوێرەی فەرمانێکی کۆماری، کە لە سەرچاوە: (2–11، الثورة، ژمارە (6754)، ل3)دا، بڵاوکراوەتەوە، مەدالیایەکی ئازایەتی لە دیکتاتۆر سەدام حوسێن وەرگرتووە.

ئەنوەر محەمەد ڕەزا مەحمود جاف (لەك)، فەرماندەی فەوجی (131)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (155)ی لە لیستی داواكراوەكاندا پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (132): ئاكۆ عەباس مامەند حەمەد ئاغای سەركەپكان.
جێگری سەرۆكجاشی فەوج، حارس حەسەن.
ئیسماعیل خدر فەرماندەی سریە.
شەهیدكردنی مەغدید عەبدوڵڵا محەمەدئەمین باجەلان ناسراو بە مەغدیدی كوێخا عەبدوڵڵا (1951/ سلێمانی/ خەلەكان/ كانی بناو)، فەرماندەی كەرت لە تیپی (99)ی بتوێن، لە شەوی (26/27.1.1983) لە گوندی ئەستریلان–ی سەر بە سەركەپكان لە بۆسەی جاشەكانی ئاكۆی عەباس ئاغادا.
فەوجی سەد و سی و دووی ئاكۆی عەباس ئاغا، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (4)دا كردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).
ئاكۆ عەباس، ئێستا سەر بە (ی. ن. ك)ەو مووچەی زیندانیی سیاسیی وەردەگرێت.

سەرۆكجاشی فەوجی (133): فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا ڕەژیگەری.
جێگری سەرۆكجاشی فەوج، عەدنان تەحسین ڕەژیگەری.
فەرماندەی فەوج، نەقیب شاكر حوسێن گاتع.
فەوجی ناوبراو بەشداری هەر یەك لە ئەنفالەكانی (1+2+5+8)ی كردووە.
دەربارەی بەشداری فەوجی فەخری ئاغا، لە هێرشی ئەنفالەكانی یەك، دوو و پێنجدا؛ سەرچاوە: (2–91، هاوكاری، ژمارە (995)، ل3)، كە سەرۆكجاشی فەوجی سەد و سی و سێ، باسی بەشداری فەوجەكەیان دەكات لە شاڵاوی ئەنفالەكانی یەك، دوو، پێنج و شەڕی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە سەنگاو، دێرەلوك، شێلادزێ، بێگوڤا و ئەتروش–دا).
پەیوەست بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە هەر یەك لە ئەنفالەكانی یەك و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

دەربارەی بەشداریکردنی فەوجەکە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا، فەرماندەی فەوجی (133)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (113)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (134): مەحمود حەمەدئەمین کەریم ئەمین کەریم شێخانی ناسراو بە (حاجی مەحمود سێبیرانی - 1950).
حاجی مەحمود سێبیرانی، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (92)ی سەر بە ئیستخباراتی سەربازی هەولێر بووە.
لە ساڵی (1986) پێشمەرگەی حزبی شیوعی باسم یوسف نیسان (1963/ عەنکاوە/ هەولێر)، لەنێوان بەرەکە و شەقڵاوە دەکەوێتە بۆسەی جاشەکانی مەحمود سێبیرانی و شەهیدی دەکەن.
فەوجی سەد و سی و چوار بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
مەحمود حەمەدئەمین کەریم، وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (لایەنگری سەدام حوسێن)، لە ڕۆژی (9.9.1989)دا، هەروەها وەکو سەرۆکجاش بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بە جەنگی قادسیە بەخشیووە.
مەحمود حەمەدئەمین کەریم ئەمین شێخانی، سەرۆکجاشی فەوجی (134)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (407)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (135): شێخ جەلال شێخ نەجمەدین شێخ کەریمساڵەیی ناسراو بە شێخ جەلال ساڵەیی (کەرکوک/ پردێ/ سەربیر).
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، غالب شێخ جەلال نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی.
فەرماندەی فەوج، ملازمی یەکەم فەوج سەفوان زامن محەمەد هەزاع.
جەوهەر خدر شوان بندیان، فەرماندەی کۆمەڵ (ئامر مجموعة).

جەوهەر خدر شوان بندیان، دوای ڕاپەڕین پەیوەندیکرد بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پلەی فەرماندەی فەوجی (24)ی لیوای (31)ی ڕۆژئاوای لە سوپای یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستان پێدرا، بەڵام لە شەڕی ناوخۆدا لەدژی (پدک) لە شەوی (28/29.3.1995)دا بریندار بوو، دواتر لە ڕێکەوتی (11.4.1995)دا بەهۆی سەختی برینەکەیەوە مرد. جەوهەر خدر شوان، بە پلەی نەقیب شەهیدی (ی. ن. ک)ەو مانگانە بڕی (805) هەزار دیناری ئێراقی شەهیدانە دەدرێتە ژنەکەی و هەروەها لە ڕێکەوتی (7.2.2013)دا خانووەکیشیان لە خانووەکانی گردەڕەشە وەرگرتووە کە بۆ شەهیدانی (ی. ن. ک) دروست کراوە.
تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان – کەناڵی هەولێر لە ساڵیادی کوژرانیدا لە ئێوارەی ڕۆژی (20.2.2009)دا، یادی کردەوە و دوو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ناوەکانی مەناف نادر قادر حەمەد ناسراو بە (سەفین مەلاقەرەیی) و عوسمان عەبدوڵڵا قادر ناسراو بە (عوسمان بانیمارانی)، کە هەر دووکیان بەرپرسی باڵای بزووتنەوەی گۆڕانن، باسی کوردپەروەری ئەو جاشەیان کرد. بەگوێرەی ڕاگەیاندنێکی چاودێری کوردۆساید، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان-یش بنەماڵەی شەهیدێکی (ی. ن. ک)ی بە ناپاک ناوبرد، کە کوڕەکەیان (کاوێس نادر قادر دیبەگەیی، خوێندکاری دوا ساڵی پەیمانگای تەندروستی موسڵ و ئەندامی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان) بووە و لە ڕۆژی (27.4.1988)دا بەدەستی جەوهەر خدر بندیان شەهید کرابوو؛ سەرچاوە: (2-116). کاوێس نادر قادر حەسەن، لەسەر ئەوە شەهید کرا، چونکە بە بنەماڵەی ئەو جاشەی گوتبوو: (ئەوە چییە ئەو هەموو تەقەیە دەکەن، مێشکمان کاس بوو، دواتر هەموو قەوانەکان دەکەونە ناو ماڵەکەی ئێمە). تەقە کردنەکەش بەبۆنەی یادی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دیکتاتۆری ئێراق سەدام حوسێن بووە، کە بۆ بەیانییەکەی ئەو یادە بوو.
فەوجی سەد و سی و پێنج بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4+5+6+7)دا کردووە.
بەگوێرەی بەیاننامەکەی ڕێکخراوی کوردۆساید فەوجی ناوبراو بەشداری پەلاماری ئەنفالی دووەم و سێیەمیان کردووە.

بەگوێرەی گەواهینامەی فەرماندەی فەوج ملازمی یەکەم سەفوان زامن محەمەد هەزاع، فەوجی (135) بەشداری ئەنفالەکانی سەنگاو (ئەنفالی دوو) ئەنفالی دەشتی کۆیە (ئەنفالی چوار)یان کردووە.

جەلال شێخ نەجمەدین ساڵەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی شوان و دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (2–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).

پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور کە نێردراوە بۆ هۆبەی سێی ئیستخباراتی سەربازی لە ڕۆژی (28.6.1988)، نووسراوەکە باسی ئەوەی کردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5144).

جەلال شێخ نەجمەدین کەریم ساڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (135)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (317+189)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی لە لیستی داواکراوەکاندا دووبارە بۆتەوە. بەڵام ئەو سەرۆکجاشە لە ژیاندا نەماوە، کەچی غالب شێخ جەلال ئێستاکە سەر بە پارتی پارێزگارانی کوردستانی سەر بە نەجمەدین عومەر ئاغای سوورچییە.

سەرۆکجاشی فەوجی (136): مستەفا محەمەد خدر بابەکر ئاغا پشدەری.

مستەفا پشدەری، دوای ڕاپەڕین چۆتە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

شەریف مەحمود شەریف جاف (شەفەی خاتون)، وەکو سەرۆکجاشی فەوجی (136) ناوی هاتووە؛ سەرچاوە: (2–104، مجلة نوروز العراق، الجزء السادس، ل71).

شەریف مەحمود شەریف جاف (شەفەی خاتون)، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (184)ی دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (137): شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی (خولە کارێزەیی).
فەوجی شێخ مەحمود کارێزەیی، بەشداریی لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7)دا کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک، دوو و سێدا، سەرۆکجاشی فەوج شێخ مەحمود سەید گوڵ باسی بەشداریکردن خۆیان دەکات لە شاڵاوی سێ ئەنفالەکەدا؛ سەرچاوە: (2-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل32)؛ سەرچاوە: (2-117، ل؟؟).
دەربارەی بەشداریکردنی فەوجەکە لە ئەنفالی چواردا، لە لایەن دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە ئەنفالی چواری تێدا ئەنجام دراوە، سکاڵای لەسەرە.
شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەداغ و ئاغجەلەری کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (2+4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238).
دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل166).
بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی ئەنفالدا وەرگرتووە.
شێخ مەحمود سەید گوڵ، سەرۆکجاشی فەوجی (137)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (400)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (138): شێخ ڕوناک ئیبراهیم مەدحەت داودی.
سەربەست ئیبراهیم مەدحەت داودی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
ملازم ماهیر عەبدلڕەحمان، فەرماندەی فەوج و ملازم حوسێن ڕەحیم سبهان ئەفسەری ئاراستەکردنی ڕامیاری / ضابط التوجیه السیاسي.
سالار حەمید داودە و عومەر حاجی ساڵح، فەرماندەی سریە.
عومەر ساڵح ڕۆغزایی (عومەر حاجی ساڵح دەروێش ڕۆغزایی) فەرماندەی سریە، کە ئێستاکە سەر بە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ە، بە قسەی خۆی برایەکی خۆی، چەندان ئامۆزا، کۆمەڵێک خزم و ناسیاوی خۆی بەناوی لێبووردنەوە

ڕادەستی هەواڵگری خورماتوو کردووە، کەچی ئەوان فێڵیان لێکردووە و ئەنفالیان کردوون؛ سەرچاوە: (2–92، گۆڤاری ئەنفالستان، ژمارە (4)، ل34).

عومەر حاجی ساڵح دەروێش، بەشداری هێرشی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی سەرقەڵا، کەرکوک، نەوجول، خورماتوو و کفری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239).

عومەر حاجی ساڵح دەروێش ڕۆغزایی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (211)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

فەوجی شێخ ڕوناک داودی سەرۆکجاشی فەوجە سووکەکان بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+3+4+5+6+7)دا کردووە.

پەیوەست بە بەشداری فەجی شێخ ڕوناک ئیبراهیم لە ئەنفالی دووودا؛ سەرچاوە: (2–118، هاوکاری، ژمارە (961)، ل5).

لەمەڕ بەشداری ئەو فەوجە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی دوو، سێ و چواردا، سەرۆکجاش شێخ ڕوناک باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیان لە هەر سێ ئەنفالی ناوبردوو لە سەرەوەدا دەکات؛ سەرچاوە: (1–20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل49)، لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (975)ی دووشەممە، ڕێکەوتی (16.5.1988)دا وەریگرتووە.

سەبارەت بە بەشداری فەوجی شێخ ڕوناک داودی لە پەلاماری ئەنفالی چواردا، بەگوێرەی یەکێک لە ژمارەکانی هاوکاری، کە باسی ئەوە دەکات: (هێزەکانی بەعس بە سەرپەرشتی عەقید نعمەت غەریب عەبدوڵڵا و بەشداری هێزەکانی دووهەم، ڕەتڵی دەیەمین، فەوجی (138)، فەوجی (47) و پۆلێک لە هێزە تایبەتییەکان پەلاماری ناوچەی شوان (شیوەسوور، کەژە خاڵخاڵ، تەکمان باغ، ئۆمەرمەندان، کارێزە)یان داوەو دواتریش بەرەو کەرتی کۆیە بۆ ناوچەی جلمۆرد، چنارۆک و دارەقوتە هەنگاویان ناوە؛ سەرچاوە: (2–119، هاوکاری، ژمارە (975)، ل نەزانراوە).

دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بۆ هۆبەی سێی ئیستخباراتی گشتیی لە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی کردووە کە لە ڕێکەوتی

(21.6.1988)دا هێزێک بە سەرکردایەتی فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەرکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5144).
شێخ ڕوناک ئیبراهیم داودی، سەرۆکجاشی فەوجی (138)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (190)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (139): محەمەد عەلی ئاغا حەسەن زەنگەنە.
فەوجی سەد و سی و نۆ بەشداری لە ئەنفالی (3)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).

سەرۆکجاشی فەوجی (140): هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری.
خدر عەلی شێخ، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، یاریدەدەری سەرۆکجاش.
عەبدوڵڵا محێدین، فەرماندەی سریە.
فەوجی ناوبراو بەشداری شاڵاوی هەر یەک لە ئەنفالەکانی (4+5+6+7)دا کردووە.
هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی دەشتی کۆیە و سورداشی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل166).

سەرۆکجاشی فەوجی (141): عەبدوڵڵا عەزیز یوسف.
فەوجی ناوبراو بە (615) جاش شانبەشانی تیپی (35)ی سوپای بەعس، بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (142): محەمەد ساڵح میرخان بارەمینكی بەرواری.
عەبدولعەزیز سەعید سلێمان، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
محەمەد ڕەشید عەبدوڵڵا میرخان بارەمینكی بەرواری، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
محەمەد یوسف، ڕازگری ڕێكخراوی پارتی بەعسی عارەبی لە فەوج و موئەیەد سەعید ساركی فەرماندەی سریە.
فەوجی محەمەد ساڵح بەرواری، لە ڕۆژی (10.8.1986) دامەزراوەو دواتریش بەشداری لە ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (143): محەمەد ئەحمەد ڕەشید حەمەد سلێڤانەیی و جاسم شێخ محەمەد ئەحمەد ڕەشید حەمەد سلێڤانەیی.
محەمەد ئەحمەد سلێڤانەیی، لە ڕێكەوتی (14.5.1987)دا لە دەڤەری زرێزەی كەرتی باتوفەدا بەدەستی پارتی دیموكراتی كوردستان كوژرا و جاسم محەمەد ئەحمەد ڕەشید حەمەد سلێڤانەیی (زێباری)، شوێنی ئەوی گرتەوە. هەریەك لە حەسەن نەجم سلێمان سلێڤانەیی و عەبدولكەریم سەعید محەمەد سلێڤانەیی جێگری سەرۆكجاشی فەوج، ملازم زەنون حەماش ساڵح فەرماندەی فەوج و بەشیر سەعید عەبدولڕەحمان فەرماندەی سریە بووینە.
فەوجی جاسم محەمەد ئەحمەد سلێڤانەیی، لە ڕۆژی (16.10.1986)دا دامەزراوە و بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+3+4+5+6+7+8)دا كردووە.
فەوجی (143)ی بەشداری تەواوی ئەنفالەكانی كردووە، كە سەرۆكجاش جاسم محەمەد ئەحمەد سلێڤانەیی خۆی باسی ئەوە دەكات بەشداری تەواوی ئەنفالەكانیان كردووە؛ سەرچاوە: (2-94، هاوكاری، ژمارە (1017)، ل؟).
پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە هێرشی ئەنفالی (8)دا، فەوجەكە بە (225) جاش شانبەشانی تیپی (7)ی سوپای بەعس و لەگەڵ ڕەتلی حەوتدا، بەشداریی كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
جاسم محەمەد ئەحمەد زێباری سلێڤانەیی، سەرۆكجاشی فەوجی (143)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (161)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواكراوەكان پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (144): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (145): فەیسەڵ محەمەد عەبدولعەزیز مزوری و دژوار فەیسەڵ محەمەد عەبدولعەزیز مزوری (زاویتەیی).
عەبدولموحسن سەید محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی فەیسەڵ محەمەد مزوری لە ساڵی (1986) دامەزراوە، بەڵام ئەو خۆی لە ساڵی (1987)دا لە شەڕێکدا لە دێرەلوک بە دەستی پێشمەرگەی پارتی کوژرا و دواتر دژواری کوڕی شوێنەکەی گرتەوە.
فەوجی دژوار مزوری، بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)دا.
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (146): تاهیر عەلی مستەفا زێدکی.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، شێخ حاجی مستەفا تاهیر عەلی زێدکی.
فەوجی تاهیر عەلی مستەفا زێدکی، لە ساڵی (1986)دا دامەزراوە و دواتر بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
تاهیر زێدکی، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (147): ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای ئاکۆ کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (76)ی سەر بە ئیستخباراتی سەربازی قەڵادزەی هەبووە.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، محەمەد کانەبی باڵو ئاغا.
لە هێرشێکی هاوبەشی هێزێکی بەرەی کوردستانی بە بەشداری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی لە شەوی (19/20.4.1987)دا بۆ سەر شارۆچکەی قەرەداغ و بە مەبەستی ڕزگارکردنی کە جاشەکانی بەهرام شێخ محەمەد هاڕونی و ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای سەرۆکجاشی فەوجی (147) پاراستنی ئەو شارۆچکەیان لە ئەستۆدا بوو، دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بە ناوەکانی نوری محەمەد ئەحمەد و مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (15)ی شارەزوور، هەروەها لە (پدک) حەبیب

ئەحمەد ئەمین بارام جاف و خەلیل سەید محەمەدئەمین عەزیز بەرزنجی، شەهید بوون.

فەوجی سەد و چل و حەوت بەشداری لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)دا کردووە.

لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە پەلاماری ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغا، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی ڕانیە و قەڵادزێی کردووە، واتە هێرشی ئەنفالەکانی (5،6،7)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).

لە کۆتایی ساڵی (1988)دا شەش کەس لەو کەسانەی کە پێشتر لە ڕۆژی (3.9.1988)دا لەگەڵ عەباسی بایزی باڵو ئاغای سەرۆکجاشی فەوجی نەوەد و یەک بەرەو ئێران ڕۆیشتبوون، بە گەرەنتی و لەسەر دەستی ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای ئامۆزای ناوبراو گەڕانەوە لای ئیبراهیم کانەبی و باوەشی ڕژێم. بەپێی قسەی بنەماڵەی ئەو شەش کەسە، مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی داوای ئامادەبوونی کردن و ئیبراهیم کانەبی ئاغا ڕەوانەی کردن، بەڵام هەر شەشیان گیران و بەپێی نووسراوی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور، بە ژمارە (ش3/ق3/324)ی ڕۆژی (23.2.1989)، کە بە واژۆی بەڕێوەبەری مەنزومە عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب ئاراستەی فەرماندەیی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور – سکرتاریەت کراوە، فەرمانی لە سێدارە دان لە ڕێکەوتی (23.2.1989)دا بەسەر ئەو شەش کەسەدا جێبەجێ کراوە: (قادر خدر حەمەد، شێخ مەعروف شێخ ئیسماعیل، حاجی ئاغا بایز باڵو، محەمەد عەبدوڵڵا عەلی، خالید ئەحمەد عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا ئاغا عەبدوڵڵا – بەڵگەنامەکە لە خوارەوەی ئەم بەشە دانراوە).

ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای سەرۆکجاشی فەوجی (147)ی جاشە سووکەکان و محەمەد کانەبی باڵو ئاغای جێگری سەرۆکجاش، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و ژمارە (289+125)یان لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

ئیبراهیم کانەبی باڵو، ئێستاکە لە هەولێرە و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (148): محەمەد عەلی ڕەسوڵ بێکڵۆیی ناسراو بە (محەمەد بچکۆڵ).
فەوجی سەد و چل و هەشت بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هێرشی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
محەمەد عەلی ڕەسوڵ، سەرۆکجاشی فەوجی (148)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (119)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (149): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (150): زاهیر تۆفیق تاهیر ئاغا غەفوری کۆیی.
جێگری سەرۆکجاش، سابیر تۆفیق تاهیر غەفوری کۆیی.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+8)دا کردووە.
دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شالاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–79، ڕۆژنامەی الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).
سەرۆکجاش زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی هەر یەک لە شوان، قەرەهەنجیر، کەرکوک و دەشتی کۆیەی کردووە، واتە ئەنفالەکانی (3+4)؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239).
پەیوەست بە بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).
سەرۆکجاش زاهیر تۆفیق تاهیر غەفوری، سەرۆکجاشی فەوجی (150)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (270+335)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ، کەواتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.
زاهیر تۆفیق تاهیر و دوو برای، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) لەساڵی (1995)دا، لەلایەن (ی. ن. ک)ەوە کوژران.

سەرۆکجاشی فەوجی (151): نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان ڕەنگینەیی.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+8)دا کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی سێدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).
عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان، بەگوێرەی نامەی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ژمارە (501/3/ا)ی ڕۆژی (13.2.1989)، بڕێک پارەیان وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداری کردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل139-140)، وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەی بەشداری کردنی سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.
نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان، سەرۆکجاشی فەوجی (151)ی سووک، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (152+204)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (152): عومەر بەشار ساڵح ئاغا سندی (ئەندامی ئەنجومەنە کارتۆنییەکەی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان). ڕەشید بەشار ساڵح ئاغا سندی، جێگری سەرۆکجاش.
ئەو فەوجە لە ساڵی (1986)دا بۆ برا گەورەکەیان (جەهوەر بەشار ساڵح ئاغا سندی) دەرچوو، کە لە ساڵی (1987)دا لە شەڕێکدا لە نزیک گوندی زرێزەی سەر بە ناحیەی باتوفە بە دەستی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان کوژرا، کە پێشتر دوو برای دیکەشی لە جاشایەتیدا لە شۆڕشی ئەیلول کوژراون.
جەهوەر بەشار سندی، بەر لەوەی ببێتە سەرۆکجاشی فەوجی سووک، وەکو سیخوڕێکی سەر بە ئیستخباراتی سەربازی لە بارەگای فرقەی سەربازی لە زاخۆ هەر کوردێک ئەگیرا ئەو ئازار و ئەشکەنجەی ئەدا. لە هەمان کاتدا برایەکی دیکەیان بە ناوی عەبدوڵڵا بەشار ساڵح سندی بەرپرسی ڕێکخراوێکی پێشمەرگەی سەر بە ناوچەی زاخۆی پارتی بوو، کە پێش هاتنی بۆ شاخیش زیندانی سیاسی بووە وەک ئەندامی ڕێخستنەکانی پارتی، بەڵام کە براکەی کوژرا ئەویش تەسلیم بە دوژمن بووەوە، کەچی ئێستا کارگێڕی لقی (8)ی (پ. د. ک)ە لە زاخۆ.

جاشەکانی جەهوەر بەشار سالّح سندی و فارس مستەفا حەسەن سلێڤانەیی سەرۆکجاشی فەوجی (38)، لە ڕۆژی (23.4.1987) هێرشیان کردە سەر هێزێکی پێشمەرگەی پارتی لە ناوچەی سەرسویلاڤ لە دەڤەری زاخۆ و موحسین مەحمود لە ڕێکخراوی شەهید محەمەد سالّح شەهید و پێنج پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون؛ سەرچاوە: (2-255، نشرة أخبار كوردستان، العدد (155)، نيسان 1987، ص8).

فەوجی سەد و پەنجا و دوو، بەشداری شالاَوی ئەنفالی (8)ی کردووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

عومەر بەشار سالّح سندی، وەکو نوێنەری پارێزگای دهۆک خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام حوسێن، لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا و بووە بە ئەندامی خولی حەوتەم، هەروەها بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بە جەنگی قادسیە بەخشیووە.

عومەر بەشار سندی، سەرۆکجاشی فەوجی (152)ی جاشە سووکەکان، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (360)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (153): وەهاب ڕەحمان محەمەد ئەمین زەنگەنە (وەهاب عەیشێ)، کە دوای ڕاپەڕین پێوەندیکرد بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەعدی شەمشولە ئامر سریە لە فەوجی وەهاب عەیشێ و جاشێکی دیکە بەناوی محەمەد مستەفا عارەبکەندی بە هاوکاری ڕائیدی ئەمن مەدحەت حەمید ڕەئوف کۆیی لە ئەمنی هەولێر، لە ڕۆژی (21.5.1985)دا لە بازگەی هەولێر – کەسنەزان پێشمەرگە و کادیری (ی. ن. ک) لە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، ئازاد حەمەدئەمین قادر حەسەن قەشقەیی ناسراو بە ئازادی مەلا شینە یان (هیوا) لەگەڵ ڕزگار ئیسماعیل خدر سیان ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شاری هەولێر، دەستگیر دەکەن و ڕادەستی ئەمنی هەولێریان دەکەن. ئازادی مەلا شینە، دواتر لە ڕێکەوتی (12.3.1986)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە درا، کە پێشتر لە ڕێکەوتی (9.3.1986)دا دلێری برای لە سێدارە درابوو، بەلاَم ئازادی مەلا شینە لە

ئەمنی هەولێر نکۆڵی لەوە دەکات کە ڕزگار سیان بناسێت و لەگەڵ ئەو پێشمەرگە بووبێت، ناوبراو خۆیشی نکۆڵی لەوە دەکا کە پێشمەرگە بووبێ، بۆیە لە ڕۆژی (16.12.1985)دا ئازادکرا.

وەهاب عەیشێ، لە ڕێکەوتی (4.11.1985)دا دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەناو شاری هەولێر لە بەردەم فلکەی زەعیم نزیک بە گۆڕەپانی یاری (ستۆدیۆم – ساحەی مەلعەب)ی هەولێر شەهید کرد، بە ناوەکانی شەهید کاوە حەمەد مەحمود حەمەد ناسراو بە کاوە بچکۆڵ، پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و شەهید مەغدید حەمید حەمەدئەمین خدر ناسراو بە غدۆل و خەڵکی گوندی (مەعمەل ئۆمەران)ی قەراج، پێشمەرگە لە تیپی (87)ی قەرەچوغ.

شەهید کاوە خەڵکی گوندی چەرتی سەر بە شارۆچکەی دیبەگە بوو (گوندی چەرت، گوندێکی سەر بە دیبەگە بوو، بەڵام ڕژێمی بەعس بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (33)ی ڕۆژی (25.1.1976)دا ئەو گوندە و سی گوندی تری هەمان شارۆچکەی جیاکردەوە و خستنیە سەر گوندی سەرگەڕان کە ئەویش یەکێک بوو لەو گوندانەی لە دیبەگە جیاکرایەوە و ناوەکەی کرا بە قودس. دواتر سەرگەڕان کرا بە مەڵبەندی ناحیەیەکی نوێ و خرایە سەر قەزای دوبزی سەر بە پارێزگای کەرکوک، هۆیەکەشی مەبەستی بەعارەبکردن و ئابووری بەدواوە بوو، چونکە ئەو (31) گوندە خاکەکەی پڕبوو لە نەوت).

جاشەکانی وەهاب عەیشێ و جەرجیس حەمید حەیدەر بەڕۆشکی سەرۆکجاشی فەوجی (156)، لە شەوی (3/4.9.1987)دا، چوار پێشمەرگەی یەکێتی بە ناوەکانی (ئیسماعیل فەقێ عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ناسراو بە ئیسماعیل ونکەیی (1954/ هەولێر/ ونکە)، جێگری فەرماندەی کەرتی (3)ی تیپی (91)ی سەفین، حەمەد ئیسماعیل ئۆمەر حەیدەر ناسراو بە حەسەن بانیمارانی (پێشمەرگەی هەمان کەرت و تیپ)، فەرحان بایز حەسەن عومەر ناسراو بە هەڵۆ (1968/ هەولێر/ شەمامک/ منارە)، پێشمەرگەی کەرتی (2)ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و مام ڕەش محەمەد بڕوک/ هەولێر/ کونەگورک)، پێشمەرگەی کەرتی (3)ی تیپی (91)ی سەفین، لەکاتی هەڵمەتی ڕزگارکردنی شارەدێی دێگەڵە شەهید دەکەن.

جاشەکانی وەهاب عەیشێ، لە شەوی (14/15.11.1987)دا لەنێوان گوێڕ – هەولێر، دوو پێشمەرگەی لقی قەرەچوغی حزبی شیوعی (شاکر عەبدوڵڵا ئەحمەد هەمەوەند

ناسراو بە ئامانج/ 1967/ هێلەوە/ شەمامک) و (شێرزاد سابیر محەمەد داود خۆشناو ناسراو بە پۆلا/ 1969/ قزلەر/ شەمامک) دەکوژن.
فەوجی سەد و پەنا و سێی وەهاب عەیشێ بەشداری کردووە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
وەهاب ڕەحمان حەمەدئەمین زەنگەنە، سەرۆکجاشی فەوجی (153)ی جاشی سووک، ژمارە (392)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ، بەڵام ئەو لە ڕێکەوتی (13.10.2005)دا مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (154): عەبدولقادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر لۆلانی.
وشیار محەمەد ڕەشید عەبدولقادر لۆلانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی سەد و پەنجا و چواری عەبدولقادر محەمەد لۆلانی، بە (460) جاش بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
دوای ڕاپەڕینی ئاداری (1991) خۆیی و بنەماڵەکەی بەرەو بەغدا ڕۆیشتن، لەدوای ڕوخانی ڕژێم (9.4.2003)دا گەڕانەوە بۆ هەولێر، سەر بە (پدک) و لە کەسنەزان لە هەولێر دادەنیشن.

سەرۆکجاشی فەوجی (155): موحسین محەمەد یاسین زێوکی دۆسکی.
سەعدوللا محەمەد سەعدوللا، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
موحسین محەمەد یاسین زێوکی، لە ڕۆژی (26.7.1987) کە بارەگای فەوجەکەی لە گوندی حۆجاڤا – مانگێش بوو، یازدە هاووڵاتی بێتاوانی دەستگیرکردو ڕادەستی ئەمنی دهۆکی کردن، دواتر لە ڕۆژی (17.11.1987)دا لە سەربازگەی فایدە بە تۆمەتی گواستنەوەی خۆراک بۆ گوند و ناوچە قەدەغەکراوەکان گوللە باران کران، کە بریتیبوون لەمانە: (ئەسعەد ئیسماعیل ئەسعەد حەمۆ ئۆزمانی/ 1972، تەها نعمەت تەها ئەحمەد ئۆزمانی، حەسەن ڕەشید دەرگەلی، حەسەن عەسکەر سەلیم ئەیوب ئۆزمانی/ 1931، حوسێن زێوا شەفیق دۆسکی، ڕەمەزان محەمەد عەلی ئیبراهیم محەمەد عەلی ئۆزمانی/ 1935، سلێمان دێوالی سلێمان محەمەد ئۆزمانی/ 1927، سوار ئیسماعیل سەعدی ئۆزمانی، عومەر ئیسماعیل عومەر حەسەن

ئۆزمانی/ 1954، لەتیف عادل ئەسعەد حەمۆ ئۆزمانی/ 1972)، لەگەڵ هاووڵاتییەکی گوندی سپینداری).

موحسین محەمەد یاسین دۆسکی، ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی (نەسیر موتەقەدم) و وەکو نوێنەری پارێزگای دهۆک خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا، هەروەها بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە بۆ جەنگی قادسیە و نۆژەنکردنەوەی فاو.

فەوجی سەد و پەنجا و پێنجی موحسین دۆسکی، بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

موحسین محەمەد یاسین زێوکی دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوجی (155)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (376)ی لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ، بەڵام ئەو لە ژیاندا نەماوە و لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) بەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تۆڵەی ئەو کەسانەی گوندی ئۆزمان – مانگێش کە ساڵی (1987)دا بە گوللە باران کردنی دابوون، کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (156): جەرجیس حەمید حەیدەر بەرۆشکی دۆسکی، کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و ئەندام ڕێکخراوی حزبی بەعس بووە لە باتوفە، ئێستا لە دهۆک دەژیت.

سالّح حەمید حەیدەر بەرۆشکی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

جاسم بەرۆشکی، فەرماندەی سریە و ئێستاکە لە سوید دەژی.

جاشەکانی جەرجیس حەمید حەیدەر بەڕۆشکی و وەهاب عەیشێ سەرۆکجاشی فەوجی (153)، لە شەوی (3/4.9.1987)دا، چوار پێشمەرگەی یەکێتی بە ناوەکانی (ئیسماعیل فەقێ عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا ناسراو بە ئیسماعیل ونکەیی (1954/ هەولێر/ ونکە)، جێگری فەرماندەی کەرتی (3)ی تیپی (91)ی سەفین، حەمەد ئیسماعیل ئۆمەر حەیدەر ناسراو بە حەسەن بانیمارانی (پێشمەرگەی هەمان کەرت و تیپ)، فەرحان بایز حەسەن عومەر ناسراو بە هەڵۆ (1968/ هەولێر/ شەمامک/ منارە)، پێشمەرگەی کەرتی (2)ی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و مام ڕەش محەمەد

بڕوک/ هەولێر/ کونەگورک)، پێشمەرگەی کەرتی (3)ی تیپی (91)ی سەفین، لەکاتی هەڵمەتی ڕزگارکردنی شارەدێی دێگەڵە شەهید دەکەن.
دوو برای ئەو سەرۆکجاشە بە ناوەکانی جیهاد و حەکیم لە شەڕی یەکێتی لە ساڵی (1988)دا لە ناوچەی سلێمانی کوژراون.
جەرجیس حەمید کە ئێستا لە دهۆک دەژیت، لە سەردەمی ئەندام ڕێکخراوی حزبی بەعس و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، زۆر ئازاری خەڵکی ناحیەی باتوفەی سەر بە زاخۆ داوە، خەڵکی دەگرت و ئازاری دەدان.
فەوجی جەرجیس حەمید، لە ساڵی (1987) دامەزراوەو دواتر بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
جەرجیس حەمید حەیدەر، سەرۆکجاشی فەوجی (156)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (315)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (157): عسمەت دینۆ محەمەد مەجید بەرزێری سندی (عسمەت دینۆ سندی).
شڤان عەبدولڕەحمان دینۆ محەمەد مەجید سندی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
جەرجیس مەعروف، ڕازگری ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی.
عسمەت دینۆ سندی، پێشتر فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (1)ی سەر بە ئیستخباراتی زاخۆ بووە، فەوجەکەی لە ساڵی (1987)دا دامەزراوە و خاوەنی (2000) جاش بووە.
ئەم فەوجە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عسمەت دینۆ سندی، سەرۆکجاشی فەوجی (157)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (362)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.
عسمەت دینۆ سندی، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) چۆتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرۆکجاشی فەوجی (158): عەلی عەبدوڵڵا عەلی.

فەوجی ناوبراو بەشداری لە هێرشەکانی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (159): محەمەد سەعید عەلی خورشید.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (160): فەرحان ئەحمەد خدر خۆشناو.
فەوجی ناوبراو، بەشداری پەلامارەکانی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (161): محەمەد سەعید هەمەوەندی.

سەرۆکجاشی فەوجی (162):ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی.
باپیر هەمزە، ئەویش وەکو سەرۆکجاشی فەوجی (162) ناوی هاتووە؛ سەرچاوە: (2–120، الثورة، ژمارە (6595)، ل؟).
فەتاح ئاغا کانەبی، فەرماندەی سریە.
فەوجی ناوبراو لە ڕۆژی (1.6.1987)دا دامەزراوە و بەشدارییان لە پەلاماری ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)دا کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا، سەرۆکجاشی فەوج ساڵح ئەحمەد گەلاڵی، بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (996)ی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (8.8.1988)؛ سەرچاوە: (1–20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل32–33)، باسی بەشداری فەوجەکەیان دەکات لە هەردوو ئەنفالەکەدا.
دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152).
سەبارەت بە بەشداری کردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی فەرمی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بۆ شوعبەی سێی ئیستخباراتی سەربازی کە لە ڕێکەوتی (28.6.1988)دا دەرچووە،

باسی ئەوەی کردووە کە لە ڕۆژی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو، کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاش ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی بەشداری لە هێرشی ئەنفالی دوودا، مەدالیای ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە.

بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی ئەنفالدا وەرگرتووە.

ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی، سەرۆکجاشی فەوجی (163)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (401)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

ساڵح ئەحمەد گەلاڵی، دوای ڕاپەڕین چۆتە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

سەرۆکجاشی فەوجی (163): عەزیز شەریف عەزیز شینکی.

مستەفا ئیبراهیم زەنگەنە، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

سەرۆکجاشی فەوجی (164): شێخ محەمەد حەسەن عارەب خۆشناو.

هەر یەک لە عەبدوڵڵا خۆشناو، عوسمان عارف، عومەر محێدین خۆشناو، کاوە عەلی عەبدوڵڵا، مەجید ساڵح عەلی خۆشناو و هیوا عەبدوڵڵا خۆشناو فەرماندەی سریە بووینە.

هەروەها عەلی عەبدولواحێد، سوپەری فەوج کە لەبەر چالاکی زۆری و بەشداری لە گشت شەڕەکاندا ئەم نازناوەیان پێداوە، کە گرنگترین شەڕیان شەڕی کەرتی سەنگاو-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (165): عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا شوانی.

عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا شوانی، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.5.2007)دا، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێندا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ئەم ڕژێمە لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.
عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا، فەرماندەی فەوجی (165)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (110)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (166): سالار نەسروڵڵا قادر ئیسماعیلی ناسراو بە سالاری مامە نەسە (شانەدەری – سەید سادق - 1947)، کە ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی نەسیر و مەدالیایەکی ئازایەتی لە قادسیەی سەدام حوسێن وەرگرتووە و پارەو زێڕیشی بە جەنگی قادسیە بەخشیووە، ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی – لایەنگری ڕژێمی سەدام بووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی بۆ خولی حەوتەم هەڵبژاردووە کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا بەڕێوەچووە؛ سەرچاوە: (2–231، ڕۆژنامەی العراق، ژمارە (4141)، ل8)، بەڵام نەکراوە بە ئەندامی ئەو خولە.
سالار نەسروڵڵا قادر شانەدەری، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفالدا، لە سەدام تکریتی وەرگرتووە.
سەرۆکجاش سالار نەسروڵڵا قادر، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (397)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (167): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (168): عەلی ئاوڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گڕگاشەیی ناسراو بە (عەلی سەلما چوارتایی / عەلی چوارتایی).
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، عەبدوڵڵا ئیسماعیل خدر.
ملازمی یەکەم نوعمە غادی فەرماندەی فەوج.

مەجید ئاوڕەحمان حەسەن گڕگاشەیی فەرماندەی سریە.
فەوجی ناوبراو، بەشداری هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2+4+6)یان کردووە، کە سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو خۆی باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە ئەنفالەکانی یەک، دوو، چوار، شەش، شەڕەکانی ماوەت و هەڵەبجە؛ سەرچاوە: (2–103، جريدة الثورة، ژمارە (6692)، ل؟).
پەیوەست بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا، کە عەلی ئاوڕەحمان حەسەن خۆی دەڵێت: (بەشدارییەکی تەواو و فراوانمان کردووە لە هەردوو ئەنفالی یەکەم و دووەم)؛ سەرچاوە: (2–121، هاوکاری، ژمارە (974)، ل؟)؛ (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو عەلی ئاوڕەحمان گڕگاشەیی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە.
هەر دەربارەی بەشداری فەوجی عەلی سەلما چوارتایی، لە هێرشی ئەنفالی (2)دا، بەگوێرەی پەرتووکی (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242)، عەلی سەلما، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەداغی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی دوو.
عەلی سەلما چوارتایی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (282)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
عەلی سەلما چوارتایی، بەناوە ڕاستەقینەکەی خۆی (عەلی ئاوڕەحمان حەسەن)، فەرمانێکی دیکەی گرتنی بە ژمارە (357) بۆ دەرچووە.
عەلی سەلما چوارتایی، لە ساڵی (1991)دا کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (169): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (170): خدر فەتاح حوسێن شینکی قامیشەیی (1955/ سلێمانی/ ماوەت/ قامیشە).
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، عەلی دەرویش قامیشەیی بووە.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە.

دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
خدر فەتاح حوسێن قامیشەیی، فەرماندەی فەوجی (170)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (175)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (171): عومەر ئەحمەد عەلی ئیسماعیل گۆران (عومەرە بچکۆل).
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، سدیق ئەحمەد عەلی گۆران.
جەلال حەمەدئەمین ئیسماعیل و مارف عەزیز حەمەساڵح فەرماندەی سریە.
عومەر بچکۆڵ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (83)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی بووە، دواتریش فەوجی (171)ی دامەزراندوە.
عومەر بچکۆڵ و جاشەکانی مەفرەزەی ژمارە (83)، لە ڕێکەوتی (1.7.1982)دا لە گوندی تووسپی ناوچەی دۆڵەڕوت دارا سەعدی مەحمود شەریف ناسراو بە ناڵی، پێشمەرگەی تیپی (47)ی پیرەمەگرونی (ی. ن. ک)، شەهید دەکەن.
ئەنوەر عەبدوڵڵا سلێمان تاڵیب (1960/ سلێمانی)، ڕابەری سیاسیی کەرتی دووی تیپی (55)ی قەرەداغ، لە ڕۆژی (26.6.1983)دا لای خانەکەی عەبدوڵڵای شا محەمەد خوار نەخۆشخانەی هیوا بەدەستی عومەرە بچکۆڵ و جاشەکانی شەهید کرا.
مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی (47)ی پیرەمەگرەن، لە شەوی (29.5.1986)دا لە ڕێگای چوونیان بۆ سلێمانی، لەنێوان گوندی سۆتکە و قولەڕەیسی سەر بە سەرچنار دەکەونە بۆسەی جاشەکانی عومەرە بچکۆڵ و هەشت پێشمەرگە شەهید دەبن کە ئەمانەن: (تابان نوری عەلی (تاریق)، تۆفیق حەمە مەحمود ئەحمەد (هونەر) فەرماندەی مەفرەزە، حوسێن حەمەدئەمین حوسێن قەڵادزەیی (حوسێن جنوبی/ 1962) جێگری فەرماندەی کەرت، ڕزگار محەمەد ئەمین (ڕزگار قڵیاسانی)، فازڵ کەریم ڕەشید (فازڵ باجە) فەرماندەی مەفرەزە، کەمال عەبدوڵڵا پیرۆت (کەمال مەرگەیی)، مەجید حەمەشەریف کەریم پیرۆت (وەستا مەجید) فەرماندەی کەرت و مەحمود کەریم عەبدولڕەحمان مستەفا (هێمن سەراوی) جێگری فەرماندەی تیپی پیرەمەگرون؛ سەرچاوە: بۆ ئەم تاوانە سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە: 2-78،

عوسمان کانی پانکە، سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا، ل183).

عومەر ئەحمەد عەلی گۆران، بەشداریی کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4)دا کردووە.

دەربارەی بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، جريدة الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ + (مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل39)، کە سەرۆکجاش عەمەر بچکۆڵ، بەشداریکردنی فەوجەکەیانی پشتڕاست کردۆتەوە لە پەلاماری ئەنفالەکانی یەک و دوودا.

سەرۆکجاش عومەر ئەحمەد عەلی بچکۆڵ، بۆ ڕۆژنامەی ئەلسەورە، بەمشێوەیە دەدوێت: (بەشداریکردنمان لە ئەنفالی دوودا بەشێکە لە وەفاداریمان بۆ سەرۆکی سەرکەوتوو سەدام حوسێن؛ سەرچاوە: (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل؟).

لەمەڕ بەشداری فەوجی ناوبراو لە ئەنفالی چواردا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).

سەرۆکجاش عومەرە بچکۆڵ، فەرماندەی فەوجی (171)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (111)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

عومەر ئەحمەد عەلی گۆران (عومەرە بچکۆل)، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستانی لەساڵی (1991) پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە.

عومەر ئەحمەد عەلی ئیسماعیل گۆران، دوای ڕاپەڕین چۆتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا لە ساڵی (1998) لە شەڕی دژ بە (پ. ک. ک) لە سیدەکان کوژراوە و مووچەی شەهیدانەی (2.740.000) دینارە.

سەرۆکجاشی فەوجی (172): تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی (1944-21.10.1996).

هادی شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

ساڵح شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

عەلی شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، فەرماندەی سریە.

تەحسین شاوەیس، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی ئەوکات، قادر فەرەج عەبدوڵڵا (قالە فەرەج)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49) کە دواتر بەدەستی یەکێتی لە ڕێکەوتی (28.10.1985)دا کوژرا، محەمەد شێخ حەسەن محەمەد بەفراو (حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو)، فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (66) کە دواتر لە ڕۆژی (10.6.1982) لە داستانی هەیدەربەگ کوژرا، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، یوسف فەتحوڵڵا ئەحمەد شوانی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77)ی سەر بە ئیستخبارات و کەسێکی دیکە بەناوی شێخ عوسمان عەودالانی، کە هەموویان پێشمەرگەی سەر بە سەرکردایەتی کاتی پارتی (قیادة المؤقتة) بوون، لە ڕێکەوتی (23.7.1977)دا کادیری و فەرماندە محەمەد غەفور ئەحمەد محەمەد ناسراو بە حەمە غەفور ئاغجەلەری (1.7.1939-23.7.1977)، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک لەگەڵ هەر یەک لە (ئەحمەد محەمەد عەلی بەیانی، ئەنوەر کەریم عودیل عەزیز عەلی بەیانی، حامید عەزیز حەمە سور ئاغجەلەری، ڕەزا عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، ڕەمەزان عەزیز شەریف قادر چەمچەماڵی، سەعید عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، عەبدوڵڵا تۆفیق ئەحمەد چیاسەوزی و کەریم مەلا ئەحمەد گۆپتەپەیی)یان لە گوندی کانیبی دەشتی کۆیە لە خەودا شەهید کرد و هەلیکۆپتەری سوپای بەعس هات و شەش تاوانبارەکەی دەربازکرد و تەرمی هەر نۆ شەهیدەکەشی برد.

جاشەکانی تەحسین شاوەیس سەعید و قالە فەرەج، لە ڕێکەوتی (3.9.1977)دا لە گوندی قازانقایەی سەر بە قەرەداغ حەوت پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان شەهید کرد بە ناوەکانی: (ئازاد محەمەد ئەمین جەلال (هەڵۆ)، ئەحمەد محەمەدئەمین حوسێن مەسۆیی (مەلا ئەحمەد گەرمیانی) کادیری یەکێتی، سمکۆ عەلی مستەفا، شوان عەلی سەعید محێدین ناسراو بە شامیل، کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە، عەبدوڵڵا وایەرمەن، عەلی محەمەد سلێمان و غەریب عەلی عەزیز خەسرۆ ناسراو بە بەهمەن شارەزوری؛ سەرچاوە: 1-56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل59). لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی عەزیز کاکە عەبدوڵڵا زۆراب خەسرۆ سەرشەقامی ناسراو بە (شەوکەت) لەلایەن جاشەکانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس سەعید بەدیل گیرا و ڕادەستی ئیستخباراتی کەرکوک کرا، دواتر لە ڕێکەوتی (28.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.

هەر یەک لە قادر فەرەج عەبدوڵڵا (قالە فەرەج) فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (49) و تەحسین شاوەیس سەعید، فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (50)ی سەر بە ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (منظومة الأستخبارات المنطقة الشمالية)یان بۆ دەرچوو لە کەرکوک. سەرۆکجاش تەحسین شاوەیس، بە هاوکاری تاوانبار عاسی ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزە تایبەتییەکانی سەر بە ئیستخبارات، توانیان لە ڕێکەوتی (31.1.1978)دا لە گوندی (تەنگی سەر)ی ناوچەی قەرەداغ، شاسوار جەلال شێخ سەعید ناسراو بە (ئارام)، دووەم سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەنێوان (15.9.1975–31.1.1978) شەهید بکەن.

تەحسین شاوەیس و جاشەکانی قالە فەرەج، لە ڕۆژی (3.2.1979)دا لە گوندی جوبلاغی سەر بە شارۆچکەی دوکان چوونە سەر مەفرەزەیەکی هەرێمی (4)ی هێزی پێشمەرگەکانی یەکێتی و چوار پێشمەرگەیان شەهید کرد بە ناوەکانی: (ڕەسوڵ عەلی ئیسماعیل عەلی جوبلاغی (1950/ دوکان)، سەلام حەمە عەبدوڵڵا ناسراو بە سەلامی حەمە شوان (سێکانی)، عەزیز حەمەفەرەج حەمکۆل فەتاح ناسراو بە عەزۆ (1957/ گێڵدەرە/ سرۆچک/ سەید سادق) و مستەفا یەعقوب دوکانی. لەو شەڕەدا قالە فەرەج زامدار بوو؛ بۆ ناوی شەهیدەکان سوودم وەرگرتووە لە سەرچاوە: 1–56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل130).

تەحسین شاوەیس و جاشەکانی، لە ڕۆژی (24.5.1979)، لە گوندی گۆمەزەرد پێشمەرگەیەکی کەرتی بازیانی هەرێمی (5)ی (ینک) بەناوی میرزا گۆمەزەردی (میرزا مەحمود مارف) شەهید کرد؛ سەرچاوە: (1–56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل163).

تەحسین شاوەیس و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (7.8.1979)دا کادیری کۆمەڵە و ڕابەری سیاسی هەرێمی پێنجی قەرەداغ (نەوزاد محەمەد ئەمین جەلال) ناسراو بە شەماڵ–ی لە نزیک گوندی (تەپەگەڕوس)ی سەر بە شارەدێی سەنگاو شەهید کرد.

تەحسین شاوەیس سەعید، لە ساڵی (1979)دا باسی ئەوەیکردووە کە بەدەستی خۆی تا ئەو ساڵە دوو سەد و پەنجا خوێندکاری سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە سنووری پارێزگای کەرکوک و گەرمیاندا شەهید کردووە؛

سەرچاوە: (2–122، ئارام فەرەج قەرەداغی، ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرێ، تێکی دەدەین، بەشی یەکەم).
تەحسین شاوەیس، لە ساڵی (1979)دا لەناو کەرکوک ئەندامێکی یەکێتی بەناوی فائیق محەمەد فەتاح شەهید دەکات.
تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج، بە هێزێکی زۆری جاش و سەرباز لە بەرەبەیانی (6.10.1980)دا هێرش دەکەنە سەر کەرتی (3)ی هەرێمی دووی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندی (مام ڕەش)دا دوای شەڕێکی سەخت پێنج پێشمەرگە شەهید دەکەن بە ناوەکانی (حەمید کەریم محەمەدئەمین کەرکوکی ناسراو بە پشتیوان، فەرماندەی کەرتی سێی چەمچەماڵ. ئەحمەد عەوداڵ حەمید ناسراو بە مەلا ئەحمەد مام ڕەشی. بیلال جەلال حەمە ڕەشید چاڵاوی ناسراو بە دلێر، کە قالە فەرەج بەدەستی خۆی شەهیدی کرد. تاهیر دەروێش یابە ناسراو بە تاهیر قەمەری. مەناف تاڵیب ئەحمەد غەفور چاڵاوی ناسراو بە شاخەوان کە دوای بەدیلگرتنی بەشێوەیەکی دڕندانە لەناو بازاڕی چەمچەمال بەدەستی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج شەهیدکرا)، لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی سەلام محەمەد ناسراو بە فەرهادە سور چاڵاوی و مەلا وەیس عەوداڵ حامید مام ڕەشی برای شەهید ئەحمەد عەوداڵ مام ڕەشی؛ سەرچاوە: (2–234، هیوا شوانی، لە ساڵیادی شەهید بوونی پۆلێک نەمرانی گەلەکەم).
تەحسین شاوەیس، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)، قالە فەرەج فەرماندەی مەفرەزەی (49)، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، محەمەد حەسەن ئەحمەد (حەمەی حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (55)، حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو لەگەڵ عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەوکات و جاشەکانیان لە ڕێکەوتی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆڕاوە، پازدە پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان–یان شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەدیلگیرا، کە دواتر ئەویش لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: (خالید محەمەد ئەمین کەریم ئەمین ناسراو بە بێستون باڕۆیی، فەرماندەی کەرت. نوری محەمەد عەلی محەمەد ناسراو بە مەلا نوری، ڕابەر سیاسی کەرت. ئەرکان ئەمین قادر ناسراو بە ئەرکان چراغەڕووتەیی. جەبار فائیق مەجید کاکەوەیس

ناسراو بە جەبار پونگەڵەیی. حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ناسراو بە حوسێن دلكەیی. ڕەمەزان مستەفا كەریم ناسراو بە ڕەمەزان مستەفا كانی مستەفایی. شەریف سابیر كەریم حوسێن ناسراو بە شەریف كونەكۆتری. عەدنان عەلی محەمەد سەلیم ناسراو بە عەدنان كەركوكی. عەلائەدین عەبدولكەریم محەمەد محیّدین ناسراو بە دكتۆر عەلائەدین. عومەر حەمەئەمین ڕەزا ناسراو بە عومەر باینجانی. فاتیح حەمەسەعید محەمەد. قادر حوسێن مستەفا ناسراو بە قادر شاحەسەنی. نەجمەدین عوسمان قادر ڕەزا ناسراو بە نەجمەدین كەركوكی. نەوزاد محەمەد ئەمین حەسەن ناسراو بە نەوزاد تەكیّیی. نورەدین ڕەشید ناسر قادر ساڵەیی ناسراو بە نوری مەلەك. جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی، ئەوەیان بەدیل گیرا و لە هەیئە خاسەی شاری كەركوك فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێكەوتی (10.5.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا؛ سەرچاوە: (بۆ ناوی شەهیدەكان سوودم وەرگرتووە لە لیستی شەهیدان یەكێتی و ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (4871)، ڕۆژی هەینی (15.5.2009)، ئازاد هەمەوەندی، داستانی شۆڕاوە چۆن تۆماركرا).

تەحسین شاوەیس و جاشەكانی، لە شەڕێكدا لە ڕێكەوتی (12.1.1981)دا لە گوندی (كۆشك)ی سەر بە شارۆچكەی قەرەداغ دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ك) بەدیل دەگرن بە ناوی ئەسكەندەر حەیدەر ڕۆستەم محەمەد ئۆمەربلی ناسراو بە گیڤارای گەرمیان خەڵكی كفری و ئیبراهیم ئەحمەد جەبار گەرمكی ناسراو بە سەید ئیبراهیم خەڵكی كفری، كە دواتر لە شەوی (20.9.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دران.

تەحسین شاوەیس، بە هاوكاری لەگەڵ قالە فەرەج، لە ڕێكەوتی (11.3.1981)دا لە گوندی (مەلا ئۆمەر)ی گەرمیاندا چوار دەوری پۆلێك پێشمەرگەی سەر بە لقی چواری گەرمیانی حزبی شیوعی دەگرن، لەم ڕۆژەدا شەڕێكی سەخت دەستپێێكرد، پێشمەرگەكان بەرگرییەكی باشیان كرد و شەڕ تاوەكو كاتژمێری شەشی ئێوارە بەردەوام بوو، بەڵام لە كۆتایی شەڕەكەدا (23) پێشمەرگەی حزبی شیوعی لەلایەن جاشەكان كوژران، كە ئەمانەی خوارەوەن: (عەبدولعەزیز محەمەد ساڵح وەهاب ناسراو بە هێمن، ئەندامی فەرماندەیی سەربازی و سیاسی لقی چواری گەرمیان. حەسیب حوسێن حەسەن محەمەد ناسراو بە عەریف حەسیب، ئەندامی فەرماندەیی لقی چواری گەرمیان. سەلام فارس عەبدولڕەحمان ناسراو بە سەلامی مام فارس،

سەرپەل لە لقی چواری گەرمیان. محەمەد حەمەلاو محەمەد کەریم ناسراو بە خاڵۆ توکنی. عەبدولمەجید محەمەد ساڵح وەهاب. حوسێن محەمەد ئەمین ناسراو بە مام گۆران، کادیری ناوچەی جەباری. جیهان ڕەشید محەمەد ناسراو بە جیهان سپی سەری. ساڵح غەفور ئەمین. سەلام عەلی محەمەد ناسراو بە حەمەجان. مەحمود عەلی ناسراو بە ئەبو غەسان، خەڵکی شارەدێی بەهرۆزی بەعقوبە کە هەم دکتۆر و هەم لێپرسراوی سیاسی پەل بووە. نوری عارەب خەڵکی شاری ناسریە و لێپرسراوی پەل. محەمەد لەتیف جەلەولایی ناسراو بە مام عەزیز فەرماندەی مەفرەزە. عەزیز ئەحمەد محەمەد عەبدوڵڵا. فوئاد حوسێن ئەحمەد ناسراو بە مام فوئاد گەرمکی. سالار حەمید عەبدوڵڵا زۆراب. عەباس عەزیز کەریم ئیسماعیل ناسراو بە فەرەیدون. نەسرەدین نەجم زەینەل ناسراو بە ئەبو شەهاب، ڕابەر سیاسی لە لقی چواری گەرمیان. قادر ئەحمەد سەید مورادی. حامد مەلا فەتاح داود ناسراو بە نەریمان. عەبدولکەریم محەمەد حوسێن عومەر ناسراو بە هیوا. مەنسور عەلی محەمەد ناسراو بە بەختیار. حوسێن حەسەن عەلی ناسراو بە حوسێن نەورۆزی و وەحید حەسەن عەبد ئەلشەتری، هەروەها بەدیلگرتنی نورەدین نەسرەدین محەمەد ساڵح بە برینداری و دواتر لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارەدرا؛ سەرچاوە: (2-123، نووسەر تەها سلێمان ئەو وتارەی بۆ ناردم، هەروەها سوودم لە لیستی شەهیدان وەرگرتووە).

هێزێکی گەورەی ڕژێمی بەعس کە پێهاتبوو لە دەیان مەفرەزە خاسەی جاش و یەکەی سەربازی لە ڕێکەوتی (27.1.1982)دا هێرشیان کردە سەر هێزێکی حزبی شیوعی ئێراق لە گوندی سێکانیانی ڕۆژئاوای کۆیە. مەفرەزەی جاشەکان زۆر بوون، بەڵام ئەوانەی ناسرابن مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی تەحسین شاوەیس سەعید، مەفرەزە خاسەی ژمارە (86)ی فارس کەریم عەبدوڵڵاو مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)ی قالە فەرەج بوون. لەدوای شەڕێکی سەختی درێژ خایەندا، یانزە پێشمەرگەی حزبی شیوعی شەهید بوون کە ئەمانەن: (جەمال سەلهو موسەنا عەدای ئەلساعدی ناسراو بە ئەبو زیاد (1956/ بەغدا)، ئەحمەد یەحیا بربن ئەلشەمەری ناسراو بە ئەبو سەلما (1949/ بەغدا)، کە هەردووکیان لەلایەن مەفرەزەی ژمارە (86)ی فارس کەریم بەدیل گیران و دواتر لە ڕۆژی یەکشەممە (27.1.1985)دا لە بەغدا لە سێدارە دران، مامۆستا حەیدەر کەریم ئیسماعیل میکائیل ئۆمەربل ناسراو

بە بێجان (1951/ باغەمنارە)، سەمەد محەمەد ئیبراهیم ئەحمەد شێخ مەموندی ناسراو بە سالم (1950/ قۆڕیتان)، شێرزاد حوسێن ئیسماعیل قادر هۆرمزیار گردەڕەشەیی ناسراو بە قاسم (1955/ گردەڕەشە)، شەمعون پۆڵس تۆما ناسراو بە ڕێبوار (1954/ شەقڵاوە)، عەبدولڕەحمان تەها قادر ئەحمەد شێخانی ناسراو بە ئاسۆ (1956/ ئیلنجاغ)، عەبدوڵڵا یونس عەباس عەلی ئۆرمزیار (1954/ گردەڕەشە)، کەریم عەلی تاهیر مستەفا (1961/ گەڕەشێخان)، فرسەت نەجمەدین مامۆ حەمەد هەریری ناسراو بە جەمیل (1956) فەرماندەی مەفرەزە و حوسێن فازڵ عەباس ناسراو بە سەلام (1949/ بەغدا) لە ئاوی بەستی شەرغە لە نزیک گوندی نێرەگین خنکا). هەروەها لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی ناسیح حەمەدئەمین قادر (کۆچەر) ڕابەری سیاسی هەرێم (قاطع)ی پێنجی هەولێر بەسەختی بریندار بوو، کە دواتر لە شەوی (17/18.5.1985)دا لەناو شاری هەولێر لەلایەن هێزێکی هاوبەشی ئەمن، جاشی کورد و مەفرەزە خاسە شەهید بوو. هەر لە شەڕی سێکانیان پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک) بەناوی عەبدولڕەحمان محەمەد سەعید محەمەد شەهید بوو، کە پێشمەرگەی کەرتی دووی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بوو، هەروەها دوو پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان شەهید بوون، کە یەکێکیان شەهید مەحمود سەلیم بوو، هەروەها ئەوەی تریان عومەر سەلیم سەعید محەمەد سیان (1960/ قوشتەپە/ ئۆمەراوە) بوو، کە بەدیل گیراو دواتر لە ڕۆژی (19.6.1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

جاشەکانی تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (50) و قادر فەرەج عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)ی ئیستخبارات، لە ڕێکەوتی (21.3.1982)دا پەلاماری پۆلێک پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان دا لە گوندی مۆردخواردەی سەرووی سەر بە شارەدێی ئاغجەلەر و حەوت پێشمەرگە شەهید بوون کە ئەمانە بوون: (ئەحمەد ڕەفیق تۆفیق حەمەسوور (1950/ کۆیە/ قەسرۆک) فەرماندەی مەفرەزە، ئیسماعیل (شاخەوان) فەرماندەی مەفرەزە، چیا کەرکوکی، خالید ڕەشید ڕەحیماوەیی (پێشڕەو)، شەریف خدر عەبدوڵڵا مەحمود (مەلا ئازاد)، عەلی ساڵح قادر ئەحمەد سێگرتکانی فەرماندەی کەرتی یەکی ساڵەیی هەرێمی دووی کەرکوک و عوسمان گۆگجەیی)، سێ پێشمەرگەش بریندار بوون بە ناوەکانی ئەحمەد گۆگجەیی، کاوە عەلی ساڵح قادر کە دواتر لە ڕێکەوتی (6.10.1986) بەدیل

گیراو لە ڕێکەوتی (4.1.1988)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە درا، لەگەڵ مەجید محەمەد عەلی ناسراو بە نەقیب سیروان، کە ئەویش دواتر لە ڕێکەوتی (6.3.1988)دا لە دۆڵی جافایەتی شەهید بوو، هەروەها دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی تەها محەمەد سەعید (زانا) و کاکەمەند محەمەد ساڵح (خاڵە بەخە) بە برینداری بەدیل گیران و دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، وەلێ بەخت یاوەریان بوو و دوای (4) مانگێک بەر لێبووردنی گشتی (16.7.1982) کەوتن و ئازاد کران، بەڵام خاڵە بەخە لە ڕێکەوتی (31.8.1996)دا لە هەولێر بەدەستی پارتی شەهیدکرا.

تەحسین سەعید شاوەیس ڕۆژبەیانی و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (31.3.1982)دا لە گوندی (بەکرباىەف)ی سەر بە دەربەندیخان بە پاڵپشتی هێزێکی گەورەی ئاسمانی کە پێکهاتبوو لە شەش کۆپتەری شەڕکەر لە کاتژمێری (8)ی سەر لە بەیانی بۆردومانی گوندەکەیان کرد، کە لقێکی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی ئێراقی شەو لەو گوندەدا مابوونەوە. لقەکەی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغ ژمارەیان (21) پێشمەرگە بوو و خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ بەشداری کردن لە ئاهەنگی ساڵیادی دامەزراندنی حزبی شیوعی لە دێی (بەرکەل)ی دەربەندیخاندا، بەڵام بەر لە دابەزاندنی تەواوی هێزی جاش و سەرباز لەلایەن کۆپتەرەکانەوە لە دەوروبەری گوندەکە، پێشمەرگەکان بەپەلە گوندەکەیان جێهێشت و لە نزیک ئاوەکەی بەکرباىەف سەنگەریان لە هێزە بێژمارەکەی دوژمن گرت. شەڕ لە کاتژمێری (8:30)ی سەر لە بەیانی دەستیپێکردو تا دووی دوای نیوەڕۆ درێژەی کێشا. هێزەکەی پێشمەرگە شەڕێکی قارەمانانەیان کرد، سەرەڕای بەراورد نەکردنی لەگەڵ هێزی دوژمن لە ڕووی ژمارە، جۆری چەک، هەڵبژاردنی کات و شوێنی شەڕەکە. کۆپتەرەکانی بەعس بەدرێژایی شەڕەکە هێزی تری جاش و سەربازیان دەگواستەوە بۆ شوێنی شەڕەکە، دوای شەڕێکی قارەمانانەو بێوێنەی نزیکەی شەش کاتژمێری، بیست و دوو پێشمەرگەی کوڕی ڕەنجدەرانی گەرمیان بەدەستی جاشەکانی تەحسین شاوەیس و سەربازەکانی بەعسی سەدام شەهید بوون، کە ئەمانە بوون: (بەهائەدین محەمەد ئەحمەد ناسراو بە هەژار (1964/ کانیسارد/ دەربەندیخان). جەمال ڕەحیم کەریم قادر (1956/ هەزارکانی/ سەنگاو/ کەرکوک). حەمە عەزیز حەسەن محەمەد قلیجەیی ناسراو بە عەزەڕەش (1954/ هەڵەبجە)،

سەرلق. حەمە ڕەشاش بانیخێڵانی ناسراو بە حەمەی ئامە. ڕەحیم مەحمود ئەحمەد ڕەباتی ناسراو بە حەمە سیروان. سەرباز ئەحمەد قادر محەمەد (29.12.1958/ بانیخێڵان). سەلاح عەلی حوسێن وەلی ناسراو بە هەڵکەوت (1965/ دەربەندیخان). عەباس ئەحمەد عەبدوڵڵا ڕەباتی ناسراو بە ئەنوەر (1961/ چەمچەماڵ/ کەرکوک)، لێپرسراوی سیاسی. عەزیز ئەحمەد ساڵح ناسراو بە عەزەڕەش (1948/ دەربەندیخان/ چرچەقلا). عەزیز عەلی فەرەج (1954/ کەلار/ کەرکوک). عەلائەدین ڕۆبیتن حەمەدئەمین ئیمام (1965/ قەرەداغ/ سێوسێنان). فەرهاد قادر محەمەد ئەحمەد ناسراو بە جەواد (1965/ دەربەندیخان/ بانیخێڵان)، کە بە بریندارى لە چەمچەماڵ لەلایەن تەحسین شاوەیس بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە شەهید دەکرێت. کەمال ئەحمەد سەمین ناسراو بە بێستون (1965/ سلێمانی). محەمەد ئەحمەد دەربەندیخانی ناسراو بە حەمە خومەینی. محەمەد عەزیز زۆراب ناسراو بە جەبار (قلیجە/ دەربەندیخان). محەمەد لەتیف عەزیز ناسراو بە حەمە لەتیف (1945/ کەرکوک). محەمەد مەحمود ئەحمەد ناسراو بە حەمە چرچەقلایی (1948/ بێپاز/ چرچەقلا)، سەرپەل. نامیق عەلی کەرەم. نەجم محەمەدئەمین محەمەد بانیخێڵانی ناسراو بە مام قادر. هادی حەمەدئەمین کاکی ناسراو بە شێرزاد (١٩٦٦/ قەرەداغ). هیوا محەمەد عەزیز زۆراب سەلیم پیرسی (1965/ دەربەندیخان) و وریا حەمە ئەحمەد ناسراو بە وریا حەمدی (1956/ دەربەندیخان/ بانیخێڵانی)؛ سەرچاوە: (2-124، گۆڤاری هندرێن، ژمارە (11)، محەمەد ڕەشید قەرەداغی، داستانی بەکربایەف لە یادنامە سەروەرییەکاندا + لیستی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، ئەو وتارەش نووسەر تەها سلێمان بۆی ناردم، هەروەها بۆ ناوەکان سوودم لە یاسین بانیخێڵانی وەرگرت). هەروەها سێ پێشمەرگەی سەر بەو لقەی بەتالیۆنی (15)ی قەرەداغ لە شەڕی بەکربایەفدا ڕزگاریان بوو کە ئەمانەن: (ڕەشەی نازە چرچەقلایی، بەکر قەرەداغی و نائب محەمەد ساڵح حەمەکەریم ناسراو بە خاڵە تەیب، کە بە بریندارى لەو شەڕەدا بەدیل گیراو دواتر لە ڕۆژی (17.5.1982)دا لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی خنکاندنی بۆ دەرچوو، وەلێ خۆشبەختانە بەر لێبووردنی گشتیی ڕۆژی (17.7.1982) کەوت و دوای (25) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (10.8.1982)دا ئازادکرا. دوای ئازادکردنی دووبارە چەکی پێشمەرگایەتی کردەوە شان ئەمجارەیان لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەبێ دابڕان درێژەی بە خەباتدا

لەدژی ڕژێمی دکتاتۆری و فاشی حکومەتی بەغدا). تەحسین شاوەیس سەعید، هەر دوا بەدوای شەڕەکەی بەکربایەف لە گوندی (قزلەر)دا پەلاماری مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی دا، هەشت تێکۆشەر و زەحمەتکێشی تری گەرمیانی شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2-122، ئارام فەرەج قەرەداغی، ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرێ، تێکی دەدەین، بەشی یەکەم، کوردستان پۆست).

هێزێکی گەورەی هاوبەشی سوپا و جاشەکانی قادر فەرەج عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)، تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50) و عاسی حەمە ڕەئوفی فەرماندەی مەفرەزە خاسە، بە پشتیوانی کۆپتەری سەمتی و شەڕکەر لە ڕۆژی (17.5.1982)دا هێرشیان کردە سەر کەرتی (4)ی جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) لە گوندی حەمک و چوار پێشمەرگەیان بە ناوەکانی: (عەلی کەریم ئەمین محەمەد تەپەکوڕەیی ناسراو بە عەلەڕەش، ستار محەمەد مستەفا ڕەشید باوەفەتی، ئەحمەد عەبدولڕەحمان عومەر عەبدوڵڵا ناسراو بە هاوار کەرکوکی و وەهاب ئەحمەد محەمەد مستەفا ناسراو بە فەتاح) شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەناوی خاڵە بازیان چاوێکی کوێر بوو. ئەو شەڕە کە دواتر بە داستانی حەمک ناسرا، بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرت مامە ڕیشە (نەجمەدین شوکر ڕەئوف) بوو، کە (62) سەرباز و جاش کوژران لە نێویاندا عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات؛ سەرچاوە: (1-25، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆڵایینەکە، ل50-52).

جاشەکانی یوسف فەتحوڵڵا شوانی (خەڵکی گوندی گۆران)، فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (77)ی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقیە بە پاڵپشتی هێزێکی زۆری دوژمن لە لیواکەی چەمچەمال، ئەمن، ئیستخبارات، جەیشی شەعبی، مونەزەمەی بەعس و پۆلیس لە ڕۆژی (8.1.1983)دا لەناو شارۆچکەی چەمچەماڵ دەچنە سەر ماڵێک کە سێ پێشمەرگەی کەرتی سێی هەمەوەندی تیپی (57)ی سەگرمەی تیا دەبێت، لە کاتژمێری (9)ی بەیانییەوە شەڕ لەنێوان ئەو سێ پێشمەرگەیە و هێزە زۆرەکەی دوژمن دەست پێدەکات. شەڕەکە سات لەدوای سات سەخت تر دەبێت و هێزی تر بە بەردەوامی بەهانای هێزەکانی دوژمنەوە دێن. چەندان کۆپتەری شەڕکەر، فڕۆکەی هەنتەر و پیلاتۆز و تۆپی (106) و جاشەکانی تەحسین شاوەیس

سەعید، ڕەئوف گەڕاوی و قالە فەرەج (قادر فەرەج عەبدوڵڵا) دەگەنە شوێنی شەڕەکە و بەشداری تێدا دەکەن. لە ئەنجامی ئەم شەڕەو بۆردومانی فڕۆکەکاندا (18) خانووی هاووڵاتیان سووتا، سێ پێشمەرگە شەهید کران کە ئەمانە بوون: (بەکر تۆفیق محەمەد مەعروف ناسراو بە بەکر باڕۆیی، محەمەد نادر قادر ناسراو بە حەمە چەمچەماڵی، فەرماندەی مەفرەزە، مەجید قادر فەتاح ئەبوبەکر چەمچەماڵی ناسراو بە سۆرانی گوڵەسوتاو، جێگری فەرماندەی مەفرەزە، کە پێشتر برایەکی بەناوی کەمال قادر فەتاح ناسراو بە گۆران لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە داستانی قازان شەهید ببوو). حوسێن کەریم کوردەی سەر بە ئیستخباراتی چەمچەماڵ هۆکاری ئاگادارکردنەوە و هێرشی دوژمن بوو بۆ سەر ئەم سێ پێشمەرگەیە و شەهید بوونیان. لەم هێرشەی جاشەکانی یوسف فەتحوڵڵا، تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج و مەفرەزەی کوێخا ڕەئوف گەڕاوی، کۆمەڵێک سەرباز، جەیشی شەعبی و جاش کوژران، لەنێویاندا کوژرانی کوێخا ڕەئوفی فەرماندەی مەفرەزە و جاشێکی دیکە بەناوی ڕۆکان قادر جەبار.

کۆمەڵێک لە جاشەکانی تەحسین شاوەیس، عوسەی ئۆکل و یەحیا جێشانەیی لە شەوی (16/17.1.1983)دا دەچنە سەر سێ پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی (ی. ن. ک) لە گوندی عەزیزاوەی بەکرەجۆ بە مەبەستی دەستگیرکردنیان، بەڵام ئەوان خۆ نادەنە دەست و شەڕ دادەمەزرێ. دوای شەڕێکی سەختی چەند کاتژمێری، هەر سێ پێشمەرگەکە (جەمال ساڵح میرزا عەبدوڵڵا ناسراو بە چالاک (سلێمانی/ 1957)، فەتحوڵڵا محەمەد ئەسعەد ناسراو بە ڕێبوار (کەرکوک/ 1957) و کەمال عەلی حەمەخان ڕۆستەم ناسراو بە کەمالی قەمەرناس (سلێمانی/ 1958) شەهید دەکرێن)؛ سەرچاوە: (2–251، بێریڤان جەمال حەمە سەعید، ئەو شەوەی گوندێکی لە مێژوو شاردەوە).

تەحسین شاوەیس و جاشەکانی، لە ڕۆژی (29.5.1983)دا لە گوندی (قەواڵی/ شارەدێی ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک) پێشمەرگەیەکی بەتالیۆنی (4)ی حزبی شیوعی بەم ناوە شەهید کرد: (کەریم وەلی حەیدەر/ 1959/ حەیدەرە سوور/ نەوجول/ خورماتوو/ کەرکوک).

تەحسین شاوەیس سەعید و جاشەکانی لە ڕۆژی (12.6.1983)دا هێرش دەکەنە سەر مەفرەزەیەکی کەرتی چواری جەباری سەر بە تیپی (57)ی سەگرمە لەسەر

جادەی لەیلان نزیک گوندی تەپەلو، سێ پێشمەرگەی ئەو کەرتە بە ناوەکانی کەریم شێخ جیری (سەرکەوت) فەرماندەی مەفرەزە، عادل محەمەد ڕەزا ئەمین جەبەل بۆری (عادل تەپە کوڕەیی) و عوسمان مۆفەری شەهید دەکەن و پێشمەرگەیەکیش بەناوی دلاوەر مامشەیی ڕابەری سیاسی کەرت بە بریندارى بەدیل دەگرن، کە تەحسین شاوەیس ڕادەستی (مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی)ی دەکات، کە ئەوکات بنکەکەی لە شاری کەرکوک بوو و دواتر لە مانگی دیسێمبەری ساڵی (1985) گواسترایەوە بۆ هەولێر و مەنزومەی شەرقی گواسترایەوە بۆ کەرکوک. پاش ماوەیەک سزای لە سێدارە دان بۆ دلاوەر مامشەیی دەرچوو، بەلاَم خۆشبەختانە لە گفتووگۆی (3.12.1983-15.1.1985)ی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی سەدام توانرا لە ساڵی (1984)دا ئازاد بکرێت، وەلێ تووشی ئیفلیجی بوو. ناوبراو ئێستاکە لە دەرەوەی ولاَت دەژی؛ سەرچاوە: (1-25، عەبدوڵلا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆلاَیینەکە، ل82-83+159-160).

تەحسین شاوەیش، بکوژی شەهید نەجمەدین شوکر ڕەئوف تاڵەبانی (مامەڕیشە)، کە لە ڕۆژی (24.1.1985)دا لە گوندی (حەسەن ئاوا)دا لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی موحسین مەجید سەلیم ناسراو بە موحسین بیکەیسی و سەردار محەمەد شەریف شەهیدی کردن. یەکێتی، لە تۆڵەی شەهید مامە ڕیشە و هاوڕێکانی، دەستبەجێ بەکری حەمە کەڕی کوشتەوە و دوای ڕاپەڕینیش کەسێکی تری بەناوی کاکل ڕەحیم دۆینەیی کوشت کە هەردووکیان سەر بە ئیستخبارات، جاشی تەحسین شاوەیس بوون و دەستیان هەبوو لەو بۆسەیەی بۆ مامە ڕیشە و دوو هاوڕێکەی تری دانرابوو؛ سەرچاوە: (1-25، عەبدوڵلا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆلاَیینەکە، ل141).

جاشەکانی تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج و یوسف گۆران، لە ڕۆژی (30.8.1985) پێشمەرگەی یەکێتی نامیق ئیسماعیل محەمەد عەزیز ناسراو بە شاهۆ (1957/ کەرکوک)، فەرماندەی کەرتی (3)ی چەمچەماڵی تیپی (21)ی کەرکوک شەهید دەکەن.

جاشەکانی تەحسین شاوەیس و یوسف فەتحوڵلا گۆران لە ڕۆژی (1.9.1985)دا پێشمەرگەی یەکێتی فەیزوڵلا حەمەشەریف خەسرەو ناسراو بە دلاوەری کوێخا

شەریف (1961/ کەرکوک)، جێگری فەرماندەی کەرتی (3)ی چەمچەماڵی تیپی (21)ی کەرکوک، لە گوندی سەیدان-ی قەرەهەنجیر شەهید دەکەن.
جاشەکانی تەحسین شاوەیس، لە ڕۆژی (10.5.1988)دا لە گوندی تەیمزئاوای جەباری چوار پێشمەرگەی حزبی شیوعییان شەهیدکرد کە ئەمانەن: (عادل تورکی موبارەک ناسراو بە ملازم فازڵ، عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەلی ناسراو بە هەڵمەت (1965/ کەرکوک)، کاوە شوانی و محەمەد ناسراو بە قاسم عەرەب).
تەحسین شاوەیس، لە ڕۆژی (6.7.1988)دا لە گوندی تاوسانە (شارەدێی ئاوەسپی/ کفری/ کەرکوک)، چوار پێشمەرگەی بەتالیۆنی (4)ی گەرمیانی حزبی شیوعی شەهیدکرد کە ئەمانە بوون: (حوسێن عەلوان عەبد ناسراو بە سەلام عەرەب، ڕەحمان محەمەد ئەحمەد ناسراو بە ڕەحمان محەمەد مەنیج، محەمەد حوسێن وەلی و محەمەد مەجید محەمەد خدر ناسراو بە ڕێبوار).
فەوجی تەحسین شاوەیس، بەشدارییان لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3+4)دا کردووە، کە ناوبراو خۆی باسی بەشداری فەوجەکەیان دەکات لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی یەک، دوو، سێ، چەندان شەڕی جیاجیا لەدژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەرگرتنی پازدە میدالیای ئازایەتی لە سەدام لە پاداشتی ئەنفالکردنی کورددا؛ سەرچاوە: (2-86، هاوکاری، ژمارە (998)، ل؟).
هەر دەربارەی بەشداری لە پەلاماری ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
تەحسین شاوەیس، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی چواری کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).
سەرۆکجاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان تەحسین شاوەیس سەعید، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالدا وەرگرتووە.
تەحسین شاوەیس، لە ساڵی (1992) ئەندامێکی یەکێتی بە ناوی کاک عەوڵا ڕەزا عەزیز قەرە حەسەنی لە شۆڕش شەهید کرد.
تەحسین سەعید شاوەیس، لە ڕێکەوتی (14.12.1993)دا لەگەڵ هێزێکی گەورەی پارتی و پاراستن هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی مەکتەبی عەسکەری، مەکتەبی ڕێکخستن، بارەگای لق و ناوچەی سلێمانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان

دەستیان بەسەردا گرتن. لەم هێرشەدا دوو پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیست شەهید بوون و تەواوی بارەگاكانیان سووتێندران. هۆكاری ئەم پەلامارەش دەرچوونی حەمەی حاجی مەحمود بوو لەنێو پارتی دیموكراتی یەكگرتووی كوردستان، كە پێشتر سۆسیالیست و پارتی لە ڕۆژی (16.8.1993)دا یەكیان گرتبوو، كەچی حەمەی حاجی مەحمود دوای چەند مانگێك لەم یەكگرتنە پەشیمان بووەوە.

تەحسین شاوەیس سەعید، لەدوای (31)ی ئابیساڵی (1996)داو گەڕانەوەی بۆ شارۆچكەی چەمچەماڵ، خۆی و جاشەكانی بەدەنگی بەرز لەناو ئەو شارەدا هاواریان دەكرد: (وا كوردستانمان ڕزگاركرد). گەنجێكی خوێن گەرمی ئەو شارۆچكەیە بەناوی كامیل حاجی عەلی ژاڵەیی، پێكەنیبوو. جاشەكانی تەحسین پەلاماری ئەو گەنجەیان دابوو وەكو كورد گوتەنی (نیوە مریان كردبوو)، بەڵام باوكی گەنجەكە پەلاماری جاشەكان دەدات بۆ ئەوەی كوڕەكەی ڕزگار بكات. كەچی تەحسین شاوەیس لەو لاوە دێت و بە قۆنداغە تفەنگ وەردەگەڕێتە حاجی عەلی ژاڵەیی تا گیانی دەردەچێت؛ سەرچاوە: (2–122، ئارام فەرەج قەرەداغی، ئەگەر شۆڕشمان پێ نەكرێ، تێكی دەدەین، بەشی یەكەم، كوردستان پۆست).

تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، سەرۆكجاشی فەوجی (172)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووە و ژمارە (409)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان دراوەتێ. بەڵام تەحسین شاوەیس سەعید، لە شەڕی ناوخۆی نێوان (ی. ن. ك) و (پدك) لە ڕۆژی (21.10.1996)دا لە نزیك شارۆچكەی دوكان لەگەڵ كۆنە سەرۆكجاش كەریم ڕەئوف كانیساردی و بێستون كەریم ڕەئوف كانیساردی كوڕی بەدەستی پێشمەرگەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بە هاوەن كوژران.

هادی شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی و نەوەی تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی و براكانی ئەمڕۆكە سەر بە (پدك) و لایەنگری ئەو حزبەن.

تەحسین شاوەیس، سەرەتا بە پلەی ئەندام سوپای حەمرین مووچەی شەهیدانەی بە فۆرمی (239 س. ح.) بە بڕی (1.700.000) یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار بۆ دەرچووە و لەلایەن گوڵاڵە عەلی كەریم لە بانكی سەفین وەردەگیرا، دواتر مووچەكەی كراوە (830) هەزار و پاشانیش (880) هەزار دینار. بنەماڵەی تەحسین شاوەیس سەرەتا خۆیان نەیانویستووە خانوو وەرگرن، كەچی دواتر لە لیستی ساڵی (2008)دا بۆ خانوو وەرگرتن ناویان هەیە.

سەرۆکجاشی فەوجی (173): خدر ڕەشید بەحری پێنجوینی، کە پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (21)ی سەر بە ئیستخباراتی پێنجوێنی هەبووە.
محەمەد حەمە کەریم محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی خدر ڕەشید بەحری، بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (1+2)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
خدر ڕەشید بەحری، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە، هەروەها دوو مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردنی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە کەرتی فەیلەقی یەکدا لە سەرۆکی ئێراق سەدام حوسێن وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-65، ڕۆژنامەی العراق، ژمارە (3905)، ل3).
خدر ڕەشید بەحری، سەرۆک جاشی فەوجی (173)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (396)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ، بەڵام دوای ڕاپەڕین لای (پدک) داڵدە درا، تا لە ڕۆژی (11.9.2020)دا مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (174): شێخ نەجمەدین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی.
شێخ عەتا شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هەر یەک لە نەجمەدین محەمەد کەریم، ڕەزا عەلی ڕەحیم، ئەحمەد مەحمود حەسەن و جەلال محەمەد ڕەسوڵ فەرماندەی سریە.
ملازم عەباس کازم مزعل، ئەفسەری بەڕێوەبەرێتی فەوج بووە.
شێخ نەجمەدین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی سەرۆکجاش، لە مانگی مای ساڵی (1987)دا ئەوکاتەی فەوجەکەی لە سۆتکی دەڤەری بەرواری باڵا بوو لەلایەن هێزێکی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بەسەر فەوجەکەیدا گیرا، بەڵام خۆی لەوێ نەبوو.
فەوجی شێخ نەجمەدین، بەشداری لە هەر یەک لە هێرشی ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە 6536).

شێخ نەجمەدین شێخ سالَح بەرزنجی سەرۆکجاشی فەوجی (174)ی جاشە سووکەکان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەلێت: (ناوچەکانی ماوەت، چوارتا، سیدەکان، گلەزەرد، پێنجوین و شەمێران مەلبەندی داستانی گەورەی فەوجەکەمان بووە، کارەکانی ئەنفال جەنگاوەرانمان ڕۆلێکی گەورەیان تیا بینی و لەلایەن سەرکردایەتییەوە بە مەدالیای ئازایەتی ڕێزلێنراوین؛ سەرچاوە: (2-99، هاوکاری، ژمارە (996)، ل نەزانراوە).
نەجمەدین سالَح محەمەد بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (174)، ژمارە (388)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
شێخ نەجمەدین بەرزنجی، ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (175): حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری ناسراو بە حوسێن حەمەسور ئاغا.
مامەند پیرۆت مامەند، ئەویش وەکو فەرماندەی فەوجی (175)؛ سەرچاوە: (2-8، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6541)؛ (2-120، جريدة الثورة، ژمارە (6595).
حوسێن حەمەسور ئاغا، پێشتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، بەلام لە سالَی (1981)دا دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی (حەمە شەریف مەحمود مەمەند ناسراو بە شەریف ڕاژانی و حەمەدەمین شێخە مەلا) شەهید دەکات و دێتەوە باوەشی ڕژێمی سەدام و دەستبەجێ دەبێتە جاشێکی ڕژێم و خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (93)ی سەر بە ئیستخبارات.
حوسێن حەمەسور ئاغا، لە ڕێکەوتی (25.6.1984)دا ڕێگری لە چەند کڕیار و فرۆشیاری ڕەشەولاغ گرت و بەزۆر (7،800) حەوت هەزار و هەشت سەد دینار لەگەل (18) سەر مانگای لێسەندن؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار كوردستان، العددد (118)، تموز 1984، ص7).
جاشێکی حوسێنی حەمەسور ئاغا بەناوی (خدر ژێ سێ) بە پلانی ئیستخباراتی قەلادزێ و حوسێنی حەمەسور ئەندامێکی سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی بەناوی فاروق ئەحمەد عەلی ناسراو سادق ناسراو بە دلێر، لە ڕێکەوتی (24.9.1984)دا لەناو قەلادزێ لەبەردەم ژن و مندالَەکانی شەهید کرد کە بووە هۆی ئیفلیج بوونی (تەلار فاروق)ی کچی ئەو شەهیدە، کە پێشتریش لە بۆردومانی

شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (1.6.1974)دا بریندار ببوو، دواتریش ئیفلیج بوونەکەی بووە هۆکاری مردنی لە ڕۆژی (13.4.1995)دا.
حوسێن حەمەسور ئاغا، هەر لە خۆشەویستی سەدام حوسێندا کوڕێکی ناو دەنێت سەدام (سەدام حوسێن حەمەسور ئاغا پشدەری)، کە لە دوای ڕاپەڕین ناوەکەی گۆڕی بۆ (پشدەر).
سەرۆکجاش حوسێن حەمەسور ئاغاو فەوجەکەی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+4+5+6+7)یان کردووە.
سەبارەت بە بەشداری فەوجەکە لە هێرشی ئەنفالی یەک، حوسێن محەمەد عوسمان (حوسێن حەمەسور ئاغا)، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی دوکان و سورداشی کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی یەک؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).
پەیوەست بە بەشداری فەوجی سەد و حەفتا و پێنجی حوسێن پشدەری لە ئەنفالی چوار، پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162، 166).
حوسێن محەمەد عوسمان (حوسێن حەمەسور ئاغا)، سەرۆکجاشی فەوجی (175)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (124+297)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
حوسێن حەمەسور ئاغا، لەدوای ڕاپەڕینەوە پێوەندی کرد بە حزبی سۆشیالیستی کوردستانی سەر بە ڕەسوڵ مامەند و بەرپرسێکی باڵای سەربازی ئەو حزبە بوو. دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوەخۆ بوو بە پارتی و شەڕی باشی بۆ دەکردن، تا شەوێکیان لەساڵی (1997)دا مەکتەبی سیاسی پارتی لە هاوینەهەواری سەری ڕەش دایە بەر هاوەن، دوای ئاشکرابوونی ئەو کارەی پارتی گرتی و ڕەوانەی زیندانی ئاکرێ کرا. پاش چەند مانگێک پارتی بەریدا و نزیکەی مانگێک دوای ئازادکردنی حوسێن پشدەری مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (176): محەمەد عیسا جاف.
ئۆمەر حەلۆ محۆ هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (176).
ڕەمزی ئۆمەر حەلۆ محۆ هەرکی (1956/ موسڵ)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو، کە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژی

(9.9.1989) لە پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە، بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بۆ نۆژەنکردنەوەی شاری فاو بەخشیووە.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+8)دا کردووە.
دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی محەمەد عیسا جاف، لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە هێرشی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (177): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (178): شێخ سەڵاح گۆرانی سەرۆکی عەشیرەتی گێژ.

سەرۆکجاشی فەوجی (179): تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە.
فەوجی تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە، لە ڕۆژی (24.4.1987)دا دامەزراوە و بەشداری کردووە لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+8)دا.
دەربارەی بەشداری فەوجی تەحسین زەنگەنە لە ئەنفالەکانی (+2+3+4+5+6)دا، سەرۆکجاشی ناوبراو خۆی بۆ ژمارەیەکی ڕۆژنامەی هاوکاری کە کۆپی دیمانەکەم لایە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە دەڵێت: (ژ ڕۆژا دامەزراندنا فەوجێ و هەتا نهۆ مە پشکداریا کری دهەژمارەکا شەڕدا دگەڵ دوژمنێ عەجەم لکەرتێ ماوەت، زمناکۆ، بندەر، کوچەر، شەهیدان، خانەقا و عەربەت. هەروەسا شەڕکەرێت فەوجێ پشکداریا کری دکارێت ئەنفالا ئێکی، دوویێ، سێ، چارێ، پێنجێ و شەشێ).
پەیوەست بە بەشداری فەوجەکە لە هێرشی ئەنفالی هەشتدا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (180): مەجید نوری خورشید هەرکی.
حەمید نوری خورشید هەرکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (180).
فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕەکانی (5220–5228).

سەرۆكجاش مەجید نوری خورشید هەركی، بەپێی سەرچاوە: (2–26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6689)، ل؟)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریكردن لە شالآوی ئەنفالەكاندا وەرگرتووە.

سەرۆكجاشی فەوجی (181): فارس محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی.
فەوجی ناوبراو بەشداری كردووە لە شالآوی ئەنفالەكانی (5+6+7+8).
دەربارەی بەشداری فەوجی سەد و هەشتا و یەک لە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل166).
لەمەڕ بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە هێرشی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220–5228).

فارس محەمەد قادر سوورچی، ئەندامی خولەكانی چوارەم و پێنجەمی ئەنجومەنی یاساdanانی لایەنگری ڕژێمی سەدام بووە، هەروەها وەكو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام و بەشداری قادسیەی كردووە و پارە و زێڕیشی بە جەنگی قادسیە بەخشیووە.
فارس محەمەد قادر سوورچی، سەرۆكجاشی فەوجی (181)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (215)ی لە لیستی داواكراوەكاندا پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (182): عەبدولقادر مستەفا محەمەد مزوری ناسراو بە قادویێ ناجیایێ (ئەندامی ئەنجومەنی كارتۆنی نیشتمانی بەغدا بوو).
جێگری سەرۆكجاشی فەوج، هۆشیار عەبدولوەهاب محەمەد مزوری (دهۆک – پێدە)، وەكو نوێنەری پارێزگای دهۆک خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام لە ڕێكەوتی (9.9.1989)دا، هەروەها بەشداری قادسیەی كردووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە بە جەنگی قادسیەی سەدام.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

عەبدولقادر مزوری، یەكێكە لەو تاوانبارانەی كە كاتی خۆی لەلایەن ئەمنی دهۆكەوە نێردرایە باكووری كوردستان و لەوێ لە ڕێكەوتی (9.6.1989)دا بە هەماهەنگی

لەگەڵ دەزگای میتی تورکی و ئەحمەد نەورۆزی والی ماردین، ژەهریان کردە ناو سەمونی کەمپەکانی (ئامەد، ماردین و موش)، کە بریتیبوون لە خەڵکی ڕاکردووی دەڤەری بادینان لە ترسی ئەنفال. ئەم کارەش بووە هۆی مردنی دەیان و ژەهراوی بوونی سەدان ژن و منالی کوردی ئاوارەی ئەو کەمپانە.
عەبدولقادر مستەفا محەمەد سەرۆکجاشی فەوجی (182)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (345)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکاندا دراوەتێ، بەڵام لە ژیاندا نەماوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (183): عەبدولڕەحمان حەسەن محەمەد.
فەوجی ناوبراو بەشداری کردووە لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
سەرۆکجاش عەبدولڕەحمان حەسەن، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6689)، ل نەزانراوە)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (184): فەهد بێچان حەسەن کاکەیی.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە شالاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (185): سەلاحەدین سدیق میران قادر (1957– شەقڵاوە)، ئەندامی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی یاسادانان، بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بۆ شاری فاو بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام، کە لە ڕۆژی (9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە، بەڵام وادیارە نەکراوە بە ئەندامی ئەو خولە.
فەوجی سەد و هەشتا و پێنج بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (186): (نەناسراوە).

سەرۆكجاشی فەوجی (187): مەحمود ساڵح بابەكر.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (188): (نەناسراوە).

سەرۆكجاشی فەوجی (189): عەونی حاجی قادر مستەفا.
كاوە حاجی قادر مستەفا فەرماندەی سریە.
فەوجی سەد و هەشتا و نۆ بەشداری هێرشی ئەنفالی (8)ی كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (190): موقەدەم تاریق سەعید ئیبراهیم شێخكی مزوری.
عوبێد سەعید ئیبراهیم شێخكی مزوری، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
ئەحمەد ئیبراهیم عەبۆ، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
ملازمی یەكەم محەمەد ساڵح ئیبراهیم، فەرماندەی فەوج.
فەوجی موقەدەم تاریق، لە ڕۆژی (1.6.1987)دا دامەزراوە، خاوەنی (2500) جاش بووە.
فەوجەكەی موقەدەم تاریق، بەشداری ئەنفالەكانی (5+8)ی كردووە؛ سەرچاوە: (2-95، ل؟)، كە سەرۆكجاشی فەوج خۆی باسی بەشداری فەوجەكەیان دەكات لە ئەنفالەكانی پێنج و هەشتدا.
پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
موقەدەم تاریق سەعید ئیبراهیم، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) لە كوردستان ڕایكرد بۆ ناو ڕژێم، دوای ڕوخانی ڕژێمیش چوو بۆ سوریا و دواتریش هاتەوە باشووری كوردستان و ماوەیەک لە شاری موسڵ دەژیا، پاشان دووبارە گەڕایەوە بۆ سوریاو لە كۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی (2012)دا لەوێ مرد.

موقەدەم تاریق سەعید مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (190)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (312)ی لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (191): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (192): مەغدید حەمەد حەسەن.
فەوجی سەد و نەوەد و دوو بەشداری لە شالاّوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (193): ئیسماعیل عەبدوڵڵا محەمەدئەمین ڕێکانی (سمۆ ڕێکانی).
فەخری تۆفیق ڕێکانی، جێگری سەرۆکاجاشی فەوج.
ئیسماعیل عەبدوڵڵا ڕێکانی، پێشتر فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (119)ی سەر بە ئیستخباراتی دهۆک بووە، لە ساڵی (1983)دا دوو ئەندامی ڕێکخستنە نهێنییەکانی (پ. د. ک)ی لە کۆمەڵگای شێلادزێ بە ناوەکانی عەبدولمەناف حامید محەمەد ئەرتیسی و مونیر حەسەن حاجی تۆڤی دەستگیرکرد و ڕادەستی ئیستخباراتی سەربازی فەوجی شێلادزێی کردن، کە بۆ ماوەی چەند مانگێک لەوێ ئەشکەنجەی زۆر دران دواتر ئازادکران.
ئیسماعیل عەبدوڵڵا ڕێکانی، لە ساڵی (1984)دا بە فڕتوفێڵی پەیوەندی کردن بە هێزی پێشمەرگەی پدک، (3) پێشمەرگەی دەستگیرکردوو ڕادەستی ئیستخباراتی دهۆکی کردن کە ئەمانە بوون: (حەسەن ڕەسوڵ تێلی بێبوی نێروەیی، ئیسلام ڕەمەزان مستەفا بێبوی نێروەیی و ئیسلام ڕەشید عومەر بێبوی نێروەیی)، کە دواتر لە ڕۆژی (31.1.1985) لە ئەبوغرێب لە سێدارە دران.
سمۆ عەبدوڵڵا ڕێکانی، لە ڕۆژی (22.7.1984) لەسەر ڕووباری سیتەی ناوچەی ڕێکانی، پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەناوی (هەمزە ڕەسوڵ خانەگێی سوورچی) شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (119)، أواسط آب 1984، ص6).

جاشەکانی سمۆ ڕێکانی، لە ڕۆژی (13.7.1987)دا پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی ئێراقیان بەناوی ئومێد سدقی عەلی لە نزیک کۆمەڵگای (کوانێ)ی ڕۆژهەڵاتی ئامێدی شەهید کرد.

ئیسماعیل ڕێکانی، دواتر لە ساڵی (1987)دا فەوجی سەد و نەوەد سێی دامەزراوەو بە (150) جاش بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)ی بادینان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

ئیسماعیل عەبدوڵڵا ڕێکانی، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان مووچەی بۆ بڕاوەتەوە، زەوی پێدراوە، خانووی بۆ کڕاوەو ئەندامی ئەو پارتەیە.

سەرۆکجاشی فەوجی (194): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (195): لەتیف محەمەد ئەمین قادر جاف زڕگوێزی (سلێمانی/ 1950)، ئەندامی حزبی بەعس بووە، لە چوارچێوەی کەرتەکانی سوپای میللی و فەوجی جاشە سووکەکان بەشداری قادسیەی کردووە، پارە و زێڕیشی بە جەنگی قادسیەی سەدام بەخشیووە، ئەندامی خولی چوارەمی ئەنجومەنی یاسادانان بووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، هەڵبژاردنەکە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا بەڕێوەچووە و بۆتە ئەندامی ئەم خولە.

فەوجی سەد و نەوەد پێنج بەشداری لە ئەنفالی (4)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162).

سەرۆکجاشی فەوجی (196): فاروق ڕەشید عەلی محەمەد نەورۆڵی (هەڵەبجە).

جێگری سەرۆکجاشی فەوج، ساڵح ڕەشید عەلی محەمەد نەورۆڵی.

فەوجی فاروق نەورۆڵی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+4+5+8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-103، الثورة، ژمارە (6692)، ل؟)، کە سەرۆکجاش فاروق ڕەشید عەلی نەورۆلی باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک، چوار و پێنج لەگەڵ شەڕی ماوەت).

دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

فاروق ڕەشید عەلی محەمەد نەورۆلی، سەرۆكجاشی فەوجی (196)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووە و ژمارە (365)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان دراوەتێ.

سەرۆكجاشی فەوجی (197): محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی ناسراو بە سەعید دڕكە.

عەلی ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی ناسراو بە عەلی دڕكە، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.

جاشەكانی فەوجی محەمەد سەعید ئەحمەد جاف، لە ڕێكەوتی (5.1.1988)دا دوو پێشمەرگەی تیپی (91)ی سەفینی سەر بە مەڵبەندی سێی (ی. ن. ك)یان لە ڕەبیەكانی گوندی (كانی خان)ی نێوان پیرەمەگرون و سورداش شەهید كرد كە بریتیبوون لە: (مامەند مەحمود ڕەسوڵ مەحمود ناسراو بە ئاشتی جێگری فەرماندەی كەرتی (3) و خەلیل عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەحمەد ناسراو بە ئامانج).

فەوجی سەد و نەوەد و حەوتی محەمەد سەعید، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+3)دا كردووە.

دەربارەی بەشداری فەوجەكە لە پەلاماری ئەنفالەكانی یەك و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

سەبارەت بە بەشداری فەوجی محەمەد هاڕونی لە ئەنفالی سێدا؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5604)؛ (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156).

محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد هاڕونی، بەپێی فەرمانی كۆماری ژمارە (1024)ی سەرۆكایەتی كۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا.

سەرۆكجاش محەمەد سەعید ئەحمەد جاف هاڕونی، لە ڕێكەوتی (19.9.1988)دا مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریكردن لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).

محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد هارونی سەرۆکجاشی فەوج و عەلی ئەحمەد محەمەد هارونی جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (197)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و ژمارەی (423+356)یان لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

محەمەد سەعید دڕکە و عەلی دڕکەی برای، لەدوای ڕاپەڕین تا ڕوخانی ڕژێم لە بەغدا بووە، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن و یەکەمیان ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (198): جەلال محەمەد عەبدولڕەحمان گەڵاڵی (هیلالی).
یاریدەدەری سەرۆکجاشی فەوج، عەبدوڵڵا ئیسماعیل خدر.
قادر عەبدوڵڵا ساڵح، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
عەلی عەبدولڕەحمان حەسەن، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هەروەها سائر عەزیز و مەجید ئاوڕەحمان ئامر سریە.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج قادر عەبدوڵڵا ساڵح باسی بەشداری فەوجەکەیانی کردووە لە شەڕەکانی حاجی ئۆمەران، تەوێڵە، سەنگاو (کە دەکاتە ئەنفالی دوو)، لەگەڵ هەندێک لە ئەنفالەکاندا؛ سەرچاوە: (2–103، الثورة، ژمارە (6692)، ل؟).
کەواتە فەوجی سەد و نەوەد و هەشتی جەلال گەڵاڵی بەدڵنیاییی بەشداری هێرشی ئەنفالی دووی کردووە.
جەلال محەمەد عەبدولڕەحمان هیلالی، سەرۆکجاشی فەوجی (198)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (318)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (199): سەعید قادر محەمەدئەمین جاف و حلمی سەعید قادر محەمەدئەمین جاف.
فەوجی سەد و نەوەد و نۆ بەشداری لە ئەنفالەکانی (2+3)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل152+156).
سەعید قادر محەمەدئەمین جاف، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆمار مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشدارکردنیدا لە هێرشی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە.

سەرۆکجاش سەعید قادر محەمەدئەمین جاف، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفال دا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2–26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).

سەرۆکجاش سەعید قادر محەمەدئەمین جاف، لە ڕێکەوتی (8.4.1996)دا بە بڕیاری ژمارە (66)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق (سەدام حوسێن) کراوەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی شاری سلێمانی.

سەعید قادر محەمەدئەمین جاف و حیلمی سەعید قادر جاف، سەرۆکجاش و جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (199)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنیان دەرچووە و ژمارە (399+326)یان لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (200): شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی ناسراو بە (حەمەڕەشید باوەمردەیی).

فەوجی دوو سەدی شێخ حەمەڕەشید باوەمردەیی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (2+3)دا کردووە.

دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە هێرشی ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (1–19، ل152).

بەپێی نووسراوی بنکەی هەواڵگری خورماتوو ژمارە (1988/4/10/10340)ی بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی ڕۆژهەڵات، فەوجی دوو سەدی شێخ حەمەڕەشید تیلەکۆیی بەشداری ئەنفالکردنی هەر یەک لە خورماتوو، قادرکەرەم، نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک، ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشار و شێخ حەمید)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5619)، کە دەکاتە ئەنفالی سێ.

سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان و دوو جاشی تر بە ناوەکانی عەلی ڕەحیم حەمەخان و ڕەزا مەجید ڕەحمان، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)، لە پاداشتی کورد کوشتندا لە شاڵاوی ئەنفالی دووەمدا، مەدالیای ئازایەتیان وەرگرتووە.

سەرۆکجاش حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (395)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف، ئێستاکە سەر بە (ی. ن. ک ) و خانەنشینە بەپلەی ملازمی یەکەم.

سەرۆکجاشی فەوجی (201): عەلی شێخ ئەمین فەرەج بەرزنجی.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، عوسمان ئیبراهیم محەمەد.
هەر یەک لە مستەفا محێدین شەریف و فەخرەدین عەبدول فەرەج فەرماندەی سریە.
فەوجی دوو سەد و یەک بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
هەر دەربارەی بەشداری فەوجەکە لە هەردوو ئەنفالەکەدا، سەرۆکجاشی فەوج عەلی شێخ ئەمین فەرەج دەڵێت: (فەوجەکەمان لە نەبەردەکانی ئەم ناوچانەدا بەشدارییان کردووە ماوەت، دۆڵەڕووت، سەنگاو، بەرزنجە، گڵەزەرد و قەرەداغ). هەروەها لەکاری ئەنفالی یەکەمدا ڕۆڵێکی گرنگمان هەبووەو لە پاککردنەوەی ناوچەکانی گەبچینە، جاسەنە، قەمچوغە، سەرمۆرد، مەیدان، شێخ باخ، سەرگەڵوو بەرگەڵوو، وە لە ئەنفالی دووەمدا جەنگاوەرانی فەوجەکەمان وانەی ئازایەتیان لە ڕزگارکردنی ئەم ناوچانەدا تۆمارکرد (تیمار، دۆڵانی خواروو سەرو، جافەران)؛ سەرچاوە: (2-125، هاوکاری، ژمارە (980)، ل4).

سەرۆکجاشی فەوجی (202): حەمەخان حاجی دارا ڕەشید.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، ئەرسەلان حەمەخان حاجی دارا ڕەشید (پارتی دیموکراتی کوردستان).
حەمەخانی حاجی دارا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (36)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی بووەو لە ڕێکەوتی (30.4.1979)دا لە گوندی زێڕینجۆی شارەزوور لە بۆسەیەکدا دوو هاوولاتی کە یەکێکیان شۆفێری تراکتۆرەکە و ئەوی تریشیان دێهاتی بوو لەگەڵ شەش پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید کردن، کە ئەمانەن: (فەرماندەی ناسراو و شەهیدی سەرکردە فەیسەڵ ڕەشید حەمید عەزیز تاڵەبانی ناسراو بە سیروان تاڵەبانی، فەرماندەی هەرێمی (5)ی قەرەداغ، حەسەن حەمە ساڵح مەحمود (حەسەن خاوێیی) جێگری فەرماندەی هەرێمی (5)ی قەرەداغ، سدیق ئیبراهیم عەبدوڵڵا نانەوای ناسراو بە حاجی چاوشین،

فەرماندەی کەرت لە هەرێمی (5)ی قەرەداغ، عەلی ئەحمەد محەمەد عەباس ناسراو بە (عەلی چەلەبی/ 1947)، محەمەد کەریم حەمە بارام (شاخەوان) و نەجات ڕەحیم کەریم محەمەد).

حەمەخان حاجی داراو جاشەکانی، لە ڕۆژی (16.3.1981)دا لە گوندی مەلا ئۆمەر لە سنووری دەربەندیخان پێشمەرگەیەکی شیوعی بەناوی محەمەد حەمەلاو محەمەد کەریم (1962/ تیلەکۆ/ کەلار/ کەرکوک)، شەهید دەکەن. قرگە

سەعید عەبدول حەسەن تەرخانی، فەرماندەی سریە، کە پێشتر پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بوو، بەڵام لە ڕۆژی (21.6.1982)دا بە هاوکاری ئازادە ڕەش و تاهیر مۆریاسی، دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان بە ناوەکانی سەیفەدین عەلی کەرەم هاواری کادیری دەشتی شارەزوور و جەلیل محەمەد فەرەج محەمەد گەڵالی ناسراو بە سوارە لە گوندی قازاو-ی نزیک شارۆچکەی زەڕایەنی شارەزوور شەهید کردووە. تاهیر مۆریاسی، هەر هەمان ساڵ لە شەڕی پێشمەرگەدا لەلایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستان کوژرا و ئازادە ڕەش-یش لە ساڵی (1984)دا لە گوندی کانی پانکە لەلایەن یەکێتی کوژرا.

سەعید عەبدول حەسەن تەرخانی، لە ساڵی (1998)دا لە گوندی (مالوان)ی سەر بە شارەزوور سێ کەسی لە خێڵی تەرخانی کوشت. بۆ جاری دووەم لە هەمان گوند لە ڕێکەوتی (11.11.2008)دا هاووڵاتی (ئەحمەد محەمەد مەحمود)ی شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2-126، ماڵپەڕی چاک: لەسەر کێشەی زەوی و زار کۆنە جاشێک لە گوندی مالوان هاووڵاتییەکی کوشت).

جاشەکانی حەمەخانی حاجی دارا و حەمە مۆریاسی، لە ڕێکەوتی (20.7.1986)دا گوندی تەپی سەفایان تەخت و کاول کرد؛ سەرچاوە: (1-55، حەمەی حاجی مەحمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم، ل346).

لە هێرشێکی هاوبەشی تیپەکانی (23)ی سورداش و (37)ی شارباژێڕی سەر بە (ی. ن. ک) لە ئێوارەی جەژنی قوربان کە دەکاتە شەوی (3/4.8.1987) بۆ سەر مۆڵگای جاشەکانی حەمەخانی حاجی دارای زەڕایەن لە گوندی موغاغ و شووک، دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی کەمال بەکرەجۆیی پێشمەرگەی کەرتی تیپی (23)ی سورداش و کەمال عومەر مەولود حەمەقادر لە تیپی (37)ی شارباژێر شەهید بوون لەگەڵ بریندار بوونی چواردە پێشمەرگەی کەرتی چواری تیپی (23)ی سورداش

لەنێویاندا فەرماندەی کەرت کە سابیر ئەحمەد کۆکەیی بووە؛ سەرچاوە: (1-31، سابیر کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، ل243-249).
حەمەخانی حاجی دارا و جاشەکانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالی دوویان کردووە کە لەنێوان (22/3-2/4/1988)دا ناوچەی قەرەداغ و سنووری مەڵبەندی یەکی (ینک)ی گرتۆتەوە و دانیشتوانی بێتاوانی دێهاتەکانی ئەو سنوورەیان دەستگیر کردوە و دواتر ڕادەستی هێزەکانی سوپای ڕژێمی بەعسیان کردوون؛ سەرچاوە: (2-1، ب3، ل641).
سەرۆکجاش حەمەخانی حاجی دارا ڕەشید، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە.
حەمەخان حاجی دارا ڕەشید، سەرۆکجاشی فەوجی (202)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (394)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ.
حەمەخانی حاجی دارا لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر کرا بە فەرماندەی فەرماندەیی گەرمیانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان (پ. د. ک).
حەمەخانی حاجی دارا، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (27.3.2008)دا لە نزیک داقوق – کەرکوک کوژرا.
عیرفان حەمەخان حاجی دارا، ئێستاکە فەرماندەی فەوجی یەکی سەر بە لیوای (3)ی گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (203): شێخ تەیب شێخ محەمەد شێخ عوسمان بەرزنجی (کەلار – 1950).
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، ئەحمەد شێخ محەمەد شێخ عوسمان بەرزنجی.
فەوجی شێخ تەیب بەشداری لە هێرشی ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
شێخ تەیب بەرزنجی و جاشەکانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالی دووی قەرەداغیان کردووە کە لە نێوان (22/3-2/4/1988) تەواوی ناوچەی قەرەداغ و مەڵبەندی یەکی (ی. ن. ک)ی گرتەوە و دانیشتوانی بێتاوانی دێهاتەکانیان گرتووە و دواتر ڕادەستی هێزەکانی بەعسیان کردوون؛ سەرچاوە: (2-1، ب3، ل641).

شێخ تەیب و جاشەکانی، لە ساڵی (1988)دا ڕەحیم ئیبراهیم شەریف داودی (1964/ خورماتوو/ کەرکوک)، پێشمەرگەی کەرتی (5)ی تیپی (51)ی گەرمیانی سەر بە (ی. ن. ک)، لە گوندی جامڕێز لە سنووری سەنگاو شەهید دەکەن.
تەیب شێخ محەمەد شێخ عوسمانی (تەیبە کوێر)، ئەندامی حزبی بەعس بووە و مەدالیایەکی ئازایەتی لە قادسیەی سەدام وەرگرتووە و پارەو زێڕیشی بە جەنگی قادسیە بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری شاری سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان (لایەنگری ڕژێمی سەدام) خولی حەوتەم و بۆتە ئەندامی ئەو خولە؛ سەرچاوە: (2-231، العراق، ژمارە (4141)، ل8).
تەیب شێخ محەمەد عوسمان (شێخ تەیب)، سەرۆکجاشی فەوجی (203)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (313)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.
شێخ تەیب بەرزنجی، سەرەتا سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بەڵام ئێستاکە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشێروان مستەفایە.

سەرۆکجاشی فەوجی (204): محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی.
فەوجی دوو سەد و چواری محەمەد هەمزە ژاژڵەیی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (4+5+6+7)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162+167).
محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (204)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (382)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (205): عەبدولڕەحمان عەلی عەزیز دەلۆیی.
جێگری سەرۆکجاش عوسمان محەمەد سەعید.
ملازمی یەکەم حازم شبیب هەزاء فەرماندەی فەوج.
هەر یەک لە دێوانە عەلی محەمەد و عەبدوڵڵا محەمەد عەلی فەرماندەی سریەن.
فەوجی ناوبراو بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە.

عەبدولڕەحمان عەلی عەزیز دەلۆیی، بەگوێرەی نامەی ژمارە (501/3/ا)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ڕێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەی وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل139-140)، وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەی بەشداریکردنی سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.

سەرۆکجاشی فەوجی (206): عادل تۆفیق ڕەشید بەگ بەرواری.
ئەحمەد حەیدەر سلێمان جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
نەقیب عەبدولعەباس کازم فەرماندەی فەوج.
هەر یەک لە (دێوالی ڕەمەزان فەتاح قومری (ئێستاکە کارگێڕی یەکێتی-یە لە زاخۆ)، شەفیق حەسەن بریفکی (دوای ڕاپەڕین پارتی بوو، لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا لەدژی یەکێتی)، عەزیز تاهیر بریفکی (لە ڕاپەڕین شانبەشانی جەمار لەدژی بەعس دەجەنگا، بەڵام کوژرا)، فەیسەڵ عەبدوڵڵا عوسمان تروانشی (ئێستاکە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیت)، کامیران ڕەشید بەرواری، کە ئێستاکە بەڕێوەبەری ڕادیۆی پارتییە لە دهۆک) فەرماندەی سریە بووینە.
ئەو فەوجە لە مانگی پێنجی ساڵی (1987)دا دامەزراوە.
فەیسەڵ عەبدوڵڵا عوسمانی فەرماندەی سریە، لە کۆتایی ساڵی (1987)دا کە بەرپرسی ڕەبیەی (سەری حەمێ) بووە کە دەڕوانێتە سەر گوندەکانی بریفکا و هرۆر لە ناوچەی بەرواری باڵا، بە (بیکەیسی) تەقەی لە گوندی هرۆر کردووەو منداڵێکی تەمەن (3-4) ساڵانەی بەناوی مەردان ڕێڤنگ محەمەد هرۆری بریندارکرد، کە ئەوکات باوکی منداڵەکە کارگێڕی ناوچەی دهۆکی پارتی و ئێستا کارگێڕی لقی یەکی دهۆکە.
فەوجی عادل تۆفیق ڕەشید بەرواری، بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عادل تۆفیق ڕەشید بەرواری، وەکو نوێنەری (پ. د. ک) لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی ئێراق (2006-2010) و ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری (لجنة الأمن والدفاع) بووە. دواتر لە مانگی (نۆڤێمبەری

2010 – 16.4.2012)دا بۆتە ڕاوێژکاری نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان.
سەبارەت بە بەشداری کردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکاندا، سەرۆکجاشی فەوج عادل تۆفیق ڕەشید بەرواری، دەڵێ: (ئێمە بەشداری زۆرمان کردووە لە زۆر لە شەڕەکاندا لە دەڤەری شەرانش، باتوفە، چوارتا، کەرتی سلێمانی، دەڤەری کانیماسی، دەڤەری سەرسنگ و ناوچەی سیدەکان لە پارێزگای هەولێر؛ سەرچاوە: (2–117، هاوکاری، ژمارە (966)، ل؟).
عادل تۆفیق ڕەشید بەرواری، سەرۆکجاشی فەوجی (206)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (343)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (207): میرزا ئیسماعیل شەریف ڕەزا ناسراو بە (میرزا کۆیی).
میرزا کۆیی، لەساڵی (1982)دا ئەوکاتەی کە جاشی قاسم فارس ئاغا بووە، پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)ی بەناوی نەوزاد ڕەئوف پەڕەچی لە گەڕەکی جەمعیەی کۆیە نزیک کانی بن شاخان شەهید کرد.
فەوجی میرزا کۆیی بەشداری لە ئەنفالی (4)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل163).
میرزا ئیسماعیل شەریف ڕەزا، کە ناوەکەی بەگوێرەی ڕۆژنامەی (العراق)، پێنجشەممە، ڕێکەوتی (7.9.1989)دا لە لیستی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆم بەمشێوەیە نووسراوە (میرزا ئیسماعیل ئەحمەد شەریف)، وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام بۆ ڕۆژی (9.9.1989) هەڵبژاردووە، بەڵام دیارە نەکراوە بە ئەندام.
میرزا ئیسماعیل شەریف، ئێستا بەرپرسێکی باڵای سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
میرزا ئیسماعیل شەریف ڕەزا، سەرۆکجاشی فەوجی (207)، ژمارە (123)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ، بەڵام ئێستاکە ئەو بە پلەی عەمید

فەرماندەی لیوای (2)ی کۆیەی سەر بە فەرماندەی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (208): فازڵ مستەفا حوسێن بێدوهی بەرواری.
سەڵاحەدین مستەفا حوسێن بێدوهی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
هجر بێدوهی بامەڕنی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
محمەد عامر سادق بێدوهی بەرواری (مردووە)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
عزەت ئامێدی بەرپرسی ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست و خالید زڤنکێ ئامر سریە.
فەوجی دوو سەد و هەشتی فازڵ بەرواری، لە ساڵی (1987) دامەزراوەو دواتریش بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
فازڵ مستەفا حەسەن بەرواری، سەرۆکجاشی فەوجی (208)، ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە شاری دهۆک دەژیت، ژمارە (366)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.
لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)، جێگری سەرۆکجاشی فەوج هجر بێدوهی بامەڕنی و کوڕێکی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کوژران.

سەرۆکجاشی فەوجی (209): ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گولی.
سەبری عەرەب میرزا گولی، جێگری سەرۆکجاش، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات بووە، ئێستاش جێگری فەرماندەی سوپای (4)ی سەر بە فەرماندەیی دهۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
ئەحمەد محەمەد ئەمین دێمکی گولی، فەرماندەی سریە، دوای ڕاپەڕین بوو بە پارتی و لە شەڕی براکوژیدا کوژرا.
ئیبراهیم عەزیز یاسین ڕوسی گولی (باتوفا/ زاخۆ)، فەرماندەی سریە، دوای ڕاپەڕین بوو بە پارتی و لە شەڕی ناوخۆدا لەدژی یەکێتی کوژراوە. ئیبراهیم عەزیز یاسین ڕوسی گولی، دەستی هەبووە لە شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی پارتی بەناوی تاریق

بادی کادیری گومرگ، کە لەنێوان بێگوڤا و نەرمکێ سەر بە شارەدێی باتوفا شەهیدکرا.

تاریق حوسێن سلێمان قوتێ شێرخوازکی گولی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات و دواتریش فەرماندەی سریە، ئێستاش بە پلەی ڕائید لەسەر میلاکی سوپای (1)ی زێرەڤانی لەلایەن (پ. د. ک)ەوە خانەنشین کراوە.

قادر عومەر حەسەن دێمکی گولی، فەرماندەی سریە کە ئێستاش پلەی ڕائیدی هەیە لە سوپای (4)ی فەرماندەی دهۆک.

ئەنوەر میرزا ئیبراهیم، لە ڕۆژی (5.11.1984)دا چوار هاووڵاتی گوندی خیزاڤای دەستگیرکردو ڕادەستی ئەمنی شارەدێی باتوفەی کردن؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (126)، 5.12.1984، ص8).

لە ساڵی (1985)دا ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گولی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و هەر یەک لە سەبری عەرەب میرزا گولی، ئەحمەد محەمەد ئەمین دێمکی گولی، فەرماندەی سریە دوای بوو بە پارتی و لەشەری ناوخۆی کوژرا، تاریق حوسێن سلێمان قوتێ شیرخوازکی گولی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و دواتریش فەرماندەی سریە، سەباح ئیبراهیم سەرحان ڕوسی گولی کە ئێستا پلەی موقەدەمی هەیە لە سوپای (4)ی فەرماندەی دهۆک، سەباح کەشانی جاشی ئیستخبارات، عەبدولڕەزاق کەشانی جاشی سەر بە ئیستخبارات، قادر عومەر حەسەن دێمکی گولی، هاشم ئەحمەد گۆیی جاشی سەر بە ئیستخبارات و بەهاوکاری خۆفرۆش یاسین دێوالی قوتاس بلێجانی گولی، کە ئەوکاتە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دادەنیشت و لەژێرەوە پەیوەندی بە ئیستخباراتی ڕژێمی بەعس هەبووە، بەپێی پلانێکی ئیستخباراتی باتوفا، یاسین دێوالی میوانداری بەرپرسی ڕێکخراوێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی سەر بە ناوچەی زاخۆ محۆ گەودانی (محەمەد ئەبوزێد عیسا گەودا کۆچەری) دەکات. لەکاتی ڕۆیشتنی محۆ گەودانی و پێشمەرگەکانی دیکە کە لەگەڵیدا هاتبوون بۆ نانخواردن بۆ ماڵی یاسین دێوالی، جاشەکانی ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گولی و هاوکارەکانی دوو بۆسە لەسەر دوو ڕێگا بۆ میوانەکان دادەنێن. دوای ڕۆیشتنی محۆ گەودانی و پێشمەرگەکان، دەکەونە بۆسەی ئەنوەر میرزا ئیبراهیم و تەقە لەنێوانیان دەست پێدەکات و بۆسەکەی دیکەش بۆ یارمەتیدانیان دەگەنە جێ. لەو بۆسەیەدا پێشمەرگەیەک بەناوی خدر

شەهید بوو و (محۆ گەودانی)یش بەسەختی بریندار بوو، هەروەها لە جاشەکانیش هاشم ئەحمەد گۆیی جاشی سەر بە ئیستخبارات کوژرا.
محۆ گەودانی کۆچەری، لە بنەڕەتدا دانیشتووی باکووری کوردستان بوو بۆیە دوای ئەنفالەکان لە ڕێگای خزمەکانیەوە ناسنامەی ئەودیوی پەیدا کردوو گەڕایەوە، بەڵام لە ساڵی (1989)دا بەپێی پلانێکی هاوبەشی ژیتەمی تورکی و موخابەراتی ئێراقی، محۆ گەودانی لە بەرانبەر (100) هەزار دۆلار ڕادەستی ئێراق کرایەوەو بەشێوەیەکی نادیار شەهیدیان کردووە.
فەوجی ئەنوەر میرزا ئیبراهیم، لە ڕێکەوتی (7.6.1987)دا دامەزراوە و بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گولی، سەرۆکجاشی فەوجی (209)، ژمارە (304)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ، بەڵام ئەو مردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (210): خدر عەبدوڵڵا حوسێن مەحمود قامیشەیی.
فەوجی دوو سەد و دە، بەشداری لە ئەنفالەکانی (5+6+7)دا کردووە.
پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، بەپێی نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بۆ هۆبەی سێی هەواڵگری بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، کە تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، لاپەڕە 5144).
خدر عەبدوڵڵا حوسێن مەحمود، سەرۆکجاشی فەوجی (210)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (330)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (211): ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا).
فەوجی دوو سەد و یازدە، بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2+3+4)دا کردووە.

لەمەڕ بەشداری ئەو فەوجە لە پەلاماری ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، ل؟).

پەیوەست بە بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالی سێدا، بەگوێرەی نووسراوی هەواڵگری خورماتوو ژمارە (ش3/10334)ی ڕۆژی (10.4.1988)، کە بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی خۆرهەڵات نێردراوە، هەر یەک لە (تیپی پیادەی 21 + فەوجی 211 + 212 ی جاشە سووکەکان) لە ئەنفالکردنی گوندەکانی (خان ڕۆستەم، دوڕاجی، نەوجول، ئیبراهیمی گەورە، کۆشک، جەدل، شێخ حەمید و تازەشار)، کە دەکاتە ئەنفالی سێیەم بەشدارییان کردووە: سەرچاوە: (2–1، ب25، ل5613).

سەبارەت بە بەشداری فەوجی ڕەزا بەرزنجی لە هێرشی ئەنفالی چواردا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل163).

سەید ڕەزا تەها، بەشداری ئەنفالی ناوچەکانی سەقەڵا، کفری، شوان، قەرەهەنجیر، نەوجول و خورماتووی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالەکانی (3+4)؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).

ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (808)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی ئەنفالدا وەرگرتووە.

سەرۆکجاش ڕەزا تەها محێدین، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2–26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).

ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (211)، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (181+411)ی دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (212): عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ).

فەوجی ناوبراو بەشداری لە هێرشە دڕندەکانی ئەنفالەکانی (1+2+3+4+5+6+7)دا کردووە.

پەیوەست بە بەشداریکردنی فەوجەکە لە هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

عەدنان دیسکۆ، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، خورماتوو، کفری، کەرکوک و تیلەکۆی کردووە، واتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240).

دەربارەی بەشداری فەوجی عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف لە ئەنفالی سێدا، بەپێی نووسراوی فەرمی ژمارە (ش10334/3)ی هەواڵگری خورماتوو بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی ناوچەی شەرقیە لە ڕێکەوتی (10.4.1988)دا، هەر یەک لە (تیپی پیادەی 21 + فەوجی 211 + 212ی جاشە سووکەکان) لە شاڵاوی ئەنفالکردنی هەر یەک لە گوندەکانی (خان ڕۆستەم، دوڕاجی، نەوجول، ئیبراهیمی گەورە، کۆشک، جەدل، شێخ حەمید و تازەشار)، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی سێیەم بەشدارییان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، بەشی25، ل5613).

بەگوێرەی نووسراوی فەرمی بنکەی ئیستخباراتی سەربازی خورماتوو ژمارە (1988/4/10/10340)ی بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقیە، فەوجی دوو سەد و دوازدە بەشداری ئەنفالکردنی هەر یەک لە خورماتوو، قادرکەرەم، نەوجول و دێکانی (زندانەی بچووک، ساڵحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشار و شێخ حەمید)ی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5619).

لەمەڕ بەشداری لە ئەنفالەکانی چوار، پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل163، 167).

سەرۆکجاش عەدنان عەبدوڵڵا نەجم، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6689)، ل؟)، دوو مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا لە سەدام وەرگرتووە.

عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (212)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (206+271)ی دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (213): بایز عەزیز ڕەشید ئاغا جاف (باواجانی).

بایز عەزیز حاجی ڕەشید، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (35)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی بووە، پاشان فەوجی فەوجی دوو سەد و سیانزەی دامەزراند.

بەشداری شاڵاوی هەر یەک لە ئەنفالەكانی (1+2+3)دا كردووە.
لەمەڕ بەشداری فەوجی بایز عەزیز ڕەشید، لە ئەنفالەكانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
بایز عەزیز ڕەشید ئاغا، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی ناوچەكانی زەڕایەن، شارەزوور، سەنگاو و پێبازی كردووە، واتە ئەنفالەكانی (2+3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238).
بایز عەزیز ڕەشید، ئەندامی حزبی بەعس بووە و سێ مەدالیای لە قادسیەی سەدام دا وەرگرتووە، ئەندامی خولەكانی چوار و پێنجی ئەنجومەنی یاسادانان بووە و پارە و زێڕیشی بە جەنگی قادسیەی سەدام بەخشیووە؛ سەرچاوە: (پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام – خولی حەوتەم، سەرچاوە: (2-231، ڕۆژنامەی العراق، ژمارە (4141)، ل8-9)، هەروەها وەكو نوێنەری شاری سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام، كە لە ڕێكەوتی (9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە، بەڵام نەكراوە بە ئەندامی ئەو خولە.
بایز عەزیز ڕەشید باواجانی، سەرۆكجاشی فەوجی (213)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (307)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواكراوەكان دراوەتێ.

سەرۆكجاشی فەوجی (214): عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+5+6+7)دا كردووە.
لەمەڕ بەشداری ئەو فەوجە لە پەلاماری ئەنفالی یەک و دوودا، سەرۆكجاشی فەوج عومەر مەحمود مامۆیی باسی بەشداریكردنی فەوجەكەیان دەكات لە ئەنفالی دوودا؛ سەرچاوە: (2-12، الثورة، ژمارە (6523)، ل؟).
پەیوەست بە بەشداری فەوجەكە لە ئەنفالەكانی پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل166).
عومەر مەحمود محەمەد، بەپێی فەرمانی كۆماری ژمارە (809)ی سەرۆكایەتی كۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالدا وەرگرتووە.

عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (214)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (420)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (215): هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا دزەیی؛ سەرچاوە: (2-47، الثورة، ژمارە (6582)، ل8).
هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا، سەرۆکجاشی فەوجی (215)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (391)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (216): محەمەد محەمەدئەمین حوسێن زراری (محەمەد شازێ).
محەمەد محەمەدئەمین حوسێن (محەمەد شازێ)، بەهۆی بەشداری لە ئەنفالەکان فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (378)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
محەمەد شازێ، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.
محەمەد شازێ، ئێستاکە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە پلەی عەمید خانەنشینە.

سەرۆکجاشی فەوجی (217): ئەحمەد حەسەن ڕەسوڵ گەردی، سەرەتا فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (74) بووە و برای عومەر حەسەنە.
ئەحمەد حەسەن ڕەسوڵ، (ئەندامی ئەنجومەنی کارتۆنی بەناو یاسادانانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆم) بووە.
ئەحمەد حەسەن ڕەسوڵ، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (218): عارەب ساڵح عومەر قادر.

فەوجی دوو سەد و هەژدە، بەشداری لە پەلاماری دڕندانەی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عارەب ساڵح عومەر قادر، سەرۆکجاشی فەوجی (218)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (350)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (219): زەید عومەر خدر سوورچی (1956/ هەولێر/ کێلەکین).
فەرید عومەر خدر سوورچی ئەویش وەکو سەرۆکجاشی فەوج ناوی هاتووە.
فەوجی زەید عومەر سوورچی، بەشداری کاولکردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە.
پەیوەست بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە کاولکردنی گوندی بارزان، لە کاسێتێکی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج کە لەکاتی کاولکردنی گوندی بارزان و ناوچەکەدا تۆمارکراوە و باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپا و جاشە سووکەکان دەکرێت کە لە ڕۆژانی (10+11.8.1987)دا کراوەتە سەر ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەکەن. تەواوی زانیارییەکان سەبارەت بە کاولکردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری نووسراوە.
دەربارەی بەشداریکردنی فەوجی دوو سەد و نۆزدە لە هێرشی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
زەید عومەر خدر سوورچی، بەشداری قادسیەی سەدامی کردووە و دوو مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە، پارە و زێڕیشی بەخشیووە لەپێناو نۆژەن کردنەوەی شاری فاو، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام و بۆتە ئەندامی خولی حەوتەم.
زەید عومەر خدر سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (219)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (178)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (220): ئەکرەم کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ.
فەوجی دوو سەد و بیست بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
ئەکرەم کەریم مەجید کۆڕێ (1945/ پیرمام)، بەشداری قادسیەی سەدامی کردووە لە ڕێگەی فەوجی جاشایەتیەوە، پارە و زێڕیشی بە جەنگی قادسیە بەخشیووە، هەروەها ناوبراو وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەندامێتی خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان/ لایەنگری ڕژێمی سەدام.

سەرۆکجاشی فەوجی (221): مەحمود شێخ ئەحمەد محەمەدئەمین نەقشبەندی ناسراو بە مەحمود شێخ حەمەد.
محەمەد شێخ ئەحمەد محەمەدئەمین نەقشبەندی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد فەقۆ میرزا محەمەد برادۆستی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، لە ڕۆژی (17.1.1992)دا لەلایەن (ی. ن. ک) گوللە باران کراوە و بە شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستان و مانگانەکەی بە بڕی (1.050.000) دینارە، لەگەڵ مووچەی زیندانی سیاسیی (12.2.1984-1.1.1986) بە بڕی (550) هەزار دینار وەردەگرێ و سێ پارچە زەوی لە سێبەردان دراوە بە سێ میراتگرەکەی.
ئەم فەوجە بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (222): فەیسەڵ عەبدوڵڵا عەلی.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (223): خالید عەبدولڕەحمان جومعە ئۆمەری.
عوسمان عەبدولڕەحمان جومعە ئاغا ئۆمەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
وەلی عەبدولڕەحمان جومعە ئاغا ئۆمەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
شاکر ئیبراهیم جومعە ئاغا ئۆمەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

ملازمی یەکەم ساڵح عەلی فحەل فەرماندەی فەوج و ملازم ناسر حەمید ئەسوەد، جێگری فەرماندەی فەوج و خورشید ئەلیاس ڕازگری ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی لە فەوج.
فەوجی دوو سەد و بیست و سێی خالید عەبدولڕەحمان، لە ڕۆژی (19.9.1987)دا دامەزراوەو بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (224): عەلی سلێمان حوسێن حەسۆ کۆخی مزوری.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، موشیر محەمەد ساڵح سلێمان کۆخی مزوری.
فەوجی دوو سەد و بیست و چوار بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەلی سلێمان حوسێن حەسۆ مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (224)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (353)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.
عەلی سلێمان حوسێن مزوری، دوای ڕاپەڕین دەچێتە ڕێزەکانی (ی. ن. ک)، بەڵام لە ڕۆژی (7.12.1992)دا بەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکوژرێت، ئێستاکە شەهیدی (ی. ن. ک) و بە مانگانەی (550) هەزار دینار. لە هاوینی ساڵی (1993)دا سێ برایشی بەناوەکانی (حەربی، عابت و عەبدولڕەحمان) لەگەڵ برازایەک بەدەستی بەرپرسی ئەوکاتی ناوچەی دهۆکی پارتی تەمەر ڕەمەزان دەکوژرێن. پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تۆڵەی شەهید کردنی کادیری پێشکەتوو مەحمود ئێزیدی (هاشم ئەلیاس سلۆ) کە لە شەوی (18/19.8.1979) لە گوندی (ڕدێنیا)ی سەر بە بەرێ گارەی لەلایەن محەمەد ساڵح سلێمان حوسێن کوخی مزوری برای عەلی کوخی شەهید کرابوو، ئەوانەی کوشت. هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان، زووتر لە ڕێکەوتی (12.7.1980)دا لە تۆڵەی شەهید مەحمود ئێزیدی لە گۆڕەپانی (باب سنجار) لەناو شاری موسڵ تەقەی لە محەمەد ساڵح سلێمان کوخی کرد، کە خۆی بەرنەکەوت و برایەکی کوژرا، دواتریش لە ڕێکەوتی (5.9.1983) لەناو شاری موسڵ محەمەد ساڵح سلێمان لەلایەن (پ. د. ک) کوژرا؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (108)، 1.10.1983، ص5).

سەرۆكجاشی فەوجی (225): جاسم محەمەد فارس زێباری.
تەیار ئیسماعیل فارس زێباری، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
ملازم سەعدون مەهدی دلێمی، جێگری فەرماندەی فەوج و هەر یەک لە زرار سدیق زرار و ئیبراهیم میر حەسۆ فەرماندەی سریە بووینە.
فەوجی دوو سەد و بیست و پێنج، لە مانگی پێنجی ساڵی (1987)دا دامەزراوە و بەشداری كاولكردنی گوندی بارزان و شاڵاوی ئەنفالی (8)یان كردووە.
پەیوەست بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە كاولكردنی گوندی بارزان، لە كاسێتێكی ئەرشیفی فەیلەقی پێنج كە لەكاتی كاولكردنی بارزان و ناوچەكەدا تۆماركراوە و باسی ئەو هێرش و پەلامارە هاوبەشەی سوپا و جاشە سووكەكان دەكرێت كە لە ڕۆژانی (11.8.1987+10)دا كراوەتە سەر تەواوی ناوچەی بارزان، گوندی بارزان و دەوروبەری بە (TNT) و شۆفەڵ خاپوور دەكەن. تەواوی زانیارییەكان سەبارەت بە كاولكردنی گوندی بارزان لە فەوجی (1)ی لەتیف زێباری نووسراوە.
دەربارەی بەشداریكردنی فەوجی جاسم محەمەد فارس زێباری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
جاسم محەمەد فارس محەمەد، سەرۆكجاشی فەوجی (225)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (314+161)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكاندا دراوەتێ، واتە ناوەكەی دووبارەیە.

سەرۆكجاشی فەوجی (226): خالید شێخۆ موراد مچولی سندی.
محەمەد شێخۆ موراد مچولی سندی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
عەبدی عەلی محەمەد، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
عەدنان تاهیر دەرباس، بەرپرسی حزبی بەعسی عارەبی لە فەوج.
فەوجی دوو سەد و بیست و شەشی سندی، لە ڕێكەوتی (21.6.1987)دا دامەزراوە و دواتریش بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-127، هاوكاری، ژمارە (1014)، ل؟).
دەربارەی بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە هێرشەكانی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
خالید شێخۆ سندی، ئێستاكە لە ئەڵمانیا دەژیت.

خالید شێخۆ موراد سندی، سەرۆکجاشی فەوجی (226)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (329)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (227): ڕەشید ساڵح ڕەشید ئەتروشی.
حامید حەسەن ئەحمەد ئەتروشی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
سلێمان محەمەد سەلیم، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی ناوبراو لە ساڵی (1987) دامەزراوەو دواتریش بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
ڕەشید ساڵح ڕەشید ئەتروشی، سەرۆکجاشی فەوجی (227)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (334)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە، بەڵام ئەو سەر بە (پ. د. ک)ەو لە دهۆک ئەژیت.

سەرۆکجاشی فەوجی (228): ساڵح ئەحمەد محەمەد پشدەری.

سەرۆکجاشی فەوجی (229): مەحمود عوسمان عەبدوڵلا.
فەوجی ناوبراو بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە.
مەحمود عوسمان عەبدوڵلا، بەگوێرەی نامەی ژمارە (501/3/ا)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ڕێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەی وەکو خەڵاتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداری کردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ. وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بەڵگەی بەشداریکردنی سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی ناوبراودا.

سەرۆکجاشی فەوجی (230): ئەمین ئیسماعیل سێودین (سەیفەدین، لە بەڵگەکانی حکومەتدا وا نووسراوە، ئەگینا سێودین ڕاستییەکەیەتی).
جەمیل ئیسماعیل سێودین، فەرماندەی سریە لە فەوجی ناوبراودا.
ئەمین ئیسماعیل سێودین، خەڵکی گوندی دەربەندی سەر بە دیبەگەیە، بەڵام ڕژێمی بەعسی عەفلەقی ئەو گوندەی لە ساڵی (1976) خستیە سەر قەزای دوبزی سەر بە پارێزگای کەرکوک.

جاشەکانی ئەمین ئیسماعیل سێودین، لە ڕێکەوتی (29.5.1987)دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ی سەر بە تیپی (86)ی دەشتی هەولێری لە گەڕەکی ئازادی نزیک گۆڕەپانی یاری (ستادیۆم – گۆڕەپانی تۆپی پێ)ی هەولێر شەهید کرد بە ناوەکانی هیوا ڕەحمان حوسێن خەڵکی گوندی بزندز و یوسف تاهیر ئەحمەد داود بندیان ناسراو بە یوسف قوڕشاغلۆ، لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی سەمەد ساڵح خەڵکی گوندی قوڕشاغلۆی سەر بە قوشتەپە و سەباح نوری پورزای شەهید هیوا ڕەحمان، کە هەردوو بریندارەکە توانیان بە برینداری خۆیان لە دەست جاشەکان دەرباز بکەن.

فەوجی ئەمین ئیسماعیل سێودین، بە (145) جاش بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5221).

ئەمین ئیسماعیل سێودین، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (231): بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا قەرەداغی.

فەوجی دوو سەد و سی و یەک، بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا قەرەداغی، بۆ ڕۆژنامەی، باسی ئەوەی کردووە کە لە بارەگا داگیرکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چەندان ئامێری سەهیۆنی ئیسرائیلی دۆزراوەتەوە و بە کرێگرتە و ڕێگر ناوی پێشمەرگە دەبات؛ سەرچاوە: (2-128، الثورة، ژمارە (6529)، ل5).

سەرۆکجاشی فەوجی (232): جەلال مەحمود ساڵح برادۆستی (دیانا)، کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (110)ی سەر بە ئیستخباراتی دیانا بووە.

فەوجی دوو سەد و سی و دووی جاشەکانی برادۆستی بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

جەلال مەحمود ساڵح برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (232)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (319)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (233): ئەرشەد خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە (دۆڵەمەڕی – بارزانی).

سەرۆکجاشی فەوجی (234): ئەحمەد عوسمان ئەحمەد کۆیی.
فەوجی دوو سەد و سی و چوار بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (235): حوسێن ئیسماعیل شێخکی مزوری و عەبدولمەجید حوسێن ئیسماعیل شێخکی مزوری.
حەسەن محەمەد تاهیر، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
حوسێن ئیسماعیل مزوری، لە ساڵی (1987)دا بەدەستی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) کوژراو عەبدولمەجید حوسێن ئیسماعیل شێخکی مزوری کوڕی، لە جێگەی باوکی کرا بە سەرۆکجاشی ئەو فەوجە.
فەوجی دوو سەد و سی و پێنجی عەبدولمەجید مزوری، بەشداری لە هێرشەکانی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەبدولمەجید حوسێن شێخکی مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (235)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (205)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (236): دڵسۆز خدر مینە بڵباس.
دڵسۆز خدر مینە بڵباس، سەرۆکجاشی فەوجی (236)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (333)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (237): قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود جاف شینکی.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+4)دا کردووە.
دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
لەمەڕ بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل163).

قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود، سەرۆکجاشی فەوجی (237)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (370)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.
قاسم کەریم ئەحمەد جاف، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (238): بورهان تۆفیق بابەکر هەورامی.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا کردووە.
پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل166).
بورهان تۆفیق بابەکر هەورامی، سەرۆکجاشی فەوجی (238)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (309)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (239): سوارە فەتاح فەرەج جاف جاسەنەیی کە پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (94)ی ئیستخباراتی هەبووە.
عوسمان ڕەشید تۆفیق (عوسمان چاوشین)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو، کە ئێستاکە نیشتەجێی دهۆک و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
فەوجی سوارە فەتاح فەرەج جاف، لە ڕێکەوتی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە.
سوارە فەتاح و جاشەکانی لە ڕۆژی (16.9.1986)دا پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)یان بەناوی عومەر سەعید عەبدوڵڵا ڕەزا ناسراو بە عومەر سێ قەد (1941/ چوارتا)، لە گوندی گێچینە لە سنووری سورداش شەهید کرد.
سوارە فەتاح و جاشەکانی لە ڕۆژی (18.4.1988)دا پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)یان بەناوی عەلی محەمەد مەحمود محەمەد ناسراو بە عەلی تەلانی شەهید کرد.
فەوجی سوارە فەتاح بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (1+2+3)دا کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی فەوجی ناوبراو لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

سەرۆکجاشی فەوجی (239)، سوارە فەتاح فەرەج جاف بۆ یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری، بەمشێوەیە دەدوێت: (هەر لە ڕۆژی پێکهێنانی فەوجەکەشەوە چالاکیمان بەرەو پەرەسەندن و گەورەتر بوو، کارەکانی ئەنفالی یەکەم، دووەم و سێیەم دیارترین کاری گەورەی فەوجەکەمانە؛ سەرچاوە: (2-129، هاوکاری، ژمارە (994)، ل؟).

سەرۆکجاش سوارە فەتاح فەرەج جاسەنەیی، بەگوێرەی ڕۆژنامەی (الثورة)، مەدالیای ئازایەتی (کورد کوشتن و ناپاکی) لە پاداشتی بەشداریکردن لە شالاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).

سوارە فەتاح فەرەج جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (239)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (104)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سوارە فەتاح فەرەج جاف جاسەنەیی، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.

سوارە فەتاح جاسەنەیی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

سەرۆکجاشی فەوجی (240): شێخ ئەحمەد جەمیل ئەمین بەرزنجی.

جەمال شێخ محەمەد سۆڵەیی (جەماله سوور)، فەرماندەی کۆمەڵ یان سریە بووە.

عەزیز مەحمود، فەرماندەی سریە.

فەوجی دوو سەد و چل، بەشداری شالاوی ئەنفالی (3) و شەڕەکانی قەیوان ماوەتی کردووە. کوڕێکی ئەو سەرۆکجاشە سووکە بەناوی هیوا لەو شەڕەدا کوژراوە، هەروەها لە شەڕی سوسێ و قەرەچەتان کوڕێکی تری بەناوی ڕزگار کوژراوە.

فەوجی دوو سەد و چل، لەکاتی ئەنفالی سێیەمدا دانیشتوانی قادرکەرەم، گوندی ئیبراهیم غوڵام و قۆپی قەرەداغیان ئەنفال کردووە.

شێخ ئەحمەد بەرزنجی، میدالیایەکی ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالەکان لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە و خۆی باسی وەرگرتنی ئەو مەدالیایە دەکات؛ سەرچاوە: (2-99، هاوکاری، ژمارە (996)، ل4)؛ سەرچاوە: (2-103، الثورة، ژمارە (6692)، ل؟).

ئەحمەد جەمیل ئەمین بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (240)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (299)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (241): سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی.
فەوجی شێخ سەلاحەدین نەقشبەندی، بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (3+4+5+6+7).
پەیوەست بە بەشداری فەوجی ناوبراو، لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (3+4)دا، سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەحەسەن، لەیلان، کەرکوک، شوان، دەشتی کۆیە و ئاغجەلەری کردووە، واتە بەشداری شاڵاوی ئەنفالەکانی (3+4)ی کردووە؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).
دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە هێرشی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری شیمالی بۆ هۆبەی سێی هەواڵگری لە ڕێکەوتی (28.6.1988)، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەرکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5144).
هەر لەمەڕ بەشداری فەوجەکە لە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوتدا؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل166).
سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (241)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (342+182)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی داواکراوەکاندا.

سەرۆکجاشی فەوجی (242): محێدین شێخ عەزیز محەمەد بابا عەلی بەرزنجی.
فەوجی دوو سەد و چل و دوو، بەشداری کردووە لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2)دا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

محێدین عەزیز محەمەد بابا عەلی، سەرۆکجاشی فەوجی (242)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (385)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (243): یونس عەبدوڵلا ڕەمەزان غەوارە.
فەوجی دوو سەد و چل و سێ، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە.
سەرۆکجاش یونس عەبدوڵلا ڕەمەزان غەوارە و جاشێک بەناوی محەمەد عەلی سالّح، بەپێی نامەی ژمارە (ا/501/3)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، لە ڕێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەیان وەکو خەلاّتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداری کردنیاندا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل139-140). وەرگرتنی ئەو خەلاّتە بەڵگەی بەشداریکردنی سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.
یونس عەبدوڵلا ڕەمەزان، سەرۆکجاشی فەوجی (243)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (393)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (244): ڕەحیم کەریم قادر بارام.
سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراو، بەشدارییان لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە.
ڕەحیم کەریم قادر، بەگوێرەی نامەی ژمارە (ا/501/3)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ڕێکەوتی (13.2.1989)، بڕێک پارەی وەکو خەلاّتی تایبەتی لە پاداشتی بەشداریکردنیدا لە ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل139-140). وەرگرتنی ئەو خەلاّتە بەڵگەی بەشداریکردنی سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراوە لە ئەنفالی هەشتدا.
ڕەحیم کەریم قادر، سەرۆکجاشی فەوجی (244)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (332)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکاندا پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (245): سدیق عەلی محەمەد ئەمین هاڕونی.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە شالاّوە دڕندەکانی ئەنفالەکانی یەک و دوودا کردووە؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).

سدیق عەلی محەمەد ئەمین هارونی، سەرۆكجاشی فەوجی (245)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووە و ژمارە (341)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (246): عومەر محەمەد حەیدەر دەمركانی.
عومەر محەمەد حەیدەر ناسراو بە عومەر حاجی محەمەد دەمركانی، سەرۆكجاشی فەوجی (246)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (359)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ. مستەفا حەمە عەلی محەمەد دەمركانی، پێشمەرگەی حسك، دوای شەڕی یەكێتی و بەرەی جود لە ساڵی (1983) گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە فەرماندەی سریە لای عومەر حاجی دەمركانی، دوای ڕاپەڕین چووە ناو پارتی و بە لیوا خانەنشین كرا.

سەرۆكجاشی فەوجی (247): قادر محەمەد ئەمین ساڵح قەرەوەیسی.

سەرۆكجاشی فەوجی (248): سابیر ئەحمەد ئەمین.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە ئەنفالی (4)دا كردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل163).

سەرۆكجاشی فەوجی (249): عەلی زۆراب ڕەزا مەحمود عەزیزی.
فەوجی عەلی زۆراب، بەشداری لە ئەنفالەكانی (5+6+7)دا كردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل167).

سەرۆكجاشی فەوجی (250): كەریم سەلیم مستەفا بامەندی (دوبزی).
عەزیز حوسێن بامەندی، سەلاح زوال مستەفا بامەندی، كانەبی حەوێز بامەندی، موكەڕەم غەریب بامەندی و عەبدال عوبێد عەبدولڕەزاق بامەندی ئامر سریە بووینە.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا كردووە.
كەریم سەلیم مستەفا، بەگوێرەی نامەی ژمارە (ا/501/3)ی فەرماندەیی تیپی چلی پیادە، ڕێكەوتی (13.2.1989)، بڕێك پارەی وەكو خەلاتی تایبەتی لە پاداشتی

بەشداری کردنیدا لە شاڵاوی ئەنفالی هەشتدا دراوەتێ؛ سەرچاوە: (1–19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل139–140). وەرگرتنی ئەو خەڵاتە لەلایەن کەریم بامەندی، بەڵگەی بەشداریکردنی سەرۆکجاش و فەوجی ناوبراوە لە هێرشی ئەنفالی هەشتدا.
کەریم سەلیم مستەفا بامەندی ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (251): سەعید محەمەد غەریب جاف.
فەوجی دوو سەد و پەنجا و یەک، بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+3)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداری کردنی فەوجەکە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
سەعید محەمەد غەریب جاف، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سەرقەڵا، کفری، قەرەحەسەن، لەیلان، خورماتوو و تیلەکۆی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1–21، ل237).

سەرۆکجاشی فەوجی (252): قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە ئەنفالەکانی (1+2+3)دا کردووە.
سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک، دوو و سێدا؛ سەرچاوە: (1–27، لەتیف فاتیح فەرەج، جاش و ئەنفال بەڵگەنامە، ل39).
قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر، سەرۆکجاشی فەوجی (252)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (369)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (253): خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ شێتنە (دۆڵەمەڕی – بارزانی).
بەشار خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، کە دوای ڕاپەڕین لە ڕێکەوتی (8.4.1996)دا بە بڕیاری ژمارە (66)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق (سەدام حوسێن) کراوەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی شاری هەولێر.

جاشەکانی خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ شێتنە و محەمەدئەمین ڕەشاش، لە شەوی (3/4.2.1984) لە گوندی درووک لە دۆڵی ڕوستێ ژنێکی بێتاوانیان بەناوی زلێخا قادر شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار کوردستان، العدد (112)، أواخر شباط 1984، ص4).

خورشید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە، سەرۆکجاشی فەوجی (253)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (331)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

خورڕشید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە، بەگوێرەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)ی چوارشەممە، ڕێکەوتی (2.5.2007)دا، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە. خورشید شێتنە، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

سەرۆکجاشی فەوجی (254): محەمەد تاهیر ڕەشید حەمەئەمین.

فەوجی دوو سەد و پەنجا و چوار، بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب22، ل5220–5228).

محەمەد تاهیر ڕەشید حەمەئەمین، سەرۆکجاشی فەوجی (254)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (377)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (255): ساڵح ئەحمەد ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران.

سەعید تەیب محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فارس ئەحمەد ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فەرماندەی سریەکان بریتی بوون لە (ئەحمەد حاجی ئەحمەد، تاریق فارس ئەحمەد، ساڵح عومەر ساڵح، عەبدوڵڵا ساڵح محەمەد، عەلی محەمەد ڕەزا، فورات ساڵح ئەحمەد، کازم کامیل خدر، محەمەد عەبدولعەزیز هاشم، مەروان فەیسەڵ ئەحمەد و مەغدید مەجید حوسێن؛ سەرچاوە: 1–61، قەهرەمانێت بەهدینا، ل120).

فەوجی دوو سەد و پەنجا و پێنجی ساڵح ڕۆڤی، لە مانگی ئایاری ساڵی (1987) دامەزراوەو دواتریش بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

ساڵح ئەحمەد ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران، سەرۆكجاشی فەوجی (255)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (339)ی لە لیستی داواكراوەكان دراوەتێ.

سەرۆكجاشی فەوجی (256): سالم مستەفا ساڵح حەسەن سلێڤانەیی.
جێگری سەرۆكجاشی فەوج، عەبدولرەحمان سەعید حاجی.
فەوجی دوو سەد و پەنجا و شەشی سالم مستەفا سلێڤانەیی (بریفكانی)، لە ساڵی (1987) دامەزراوەو دواتر بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (257): شێخ محەمەد عەبدولكەریم عەبدولقادر بەرزنجی (حەمەی شێخ عەبدولكەریم).
جێگری سەرۆكجاش عەبدوڵڵا عەبدولكەریم شێخ قادر بەرزنجی؛ سەرچاوە: (2-8، الثورة، ژمارە (6541)، ل6).
هەر یەک لە عەلی غەفور مەنمی و مەحمود خاوی، فەرماندەی سریە.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە پەلاماری ئەنفالەكانی (3+4)دا كردووە.
محەمەد شێخ عەبدولكەریم عەبدولقادر بەرزنجی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی گوندو ناوچەكانی چەمچەماڵ و سەنگاوی كردووە، كە دەكاتە هێرشی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).
دەربارەی بەشداری فەوجەكە لە ئەنفالی چواردا؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق، ل163).
شێخ محەمەد عەبدولكەریم عەبدولقادر بەرزنجی، سەرۆكجاشی فەوجی (257)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (222)ی لە لیستی داواكراوەكاندا پێدراوە، بەڵام لە ڕۆژی شەممە، ڕێكەوتی (4.7.2020) لە ئەمریكا مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (258): ئەکرەم حەسەن قادر ڕۆغزایی.
عومەر عەلی محەمەدئەمین، فەرماندەی کۆمەڵ (آمر مجموعة).

سەرۆکجاشی فەوجی (259): سەباح شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی.
لە بەهاری ساڵی (1987)دا جاشەکانی سەباح شێخ کەریم لەناو هەڵەبجە هاووڵاتی نەریمان عەبدولمحەمەد مستەفا موئمن ناوکۆزی (لەدایکبووی گوندی پیر محەمەد)، شەهید دەکەن.
فەوجی سەباح عەبدولکەریم بەرزنجی، بەشداری لە ئەنفالەکانی (5+6+7)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل167).

سەرۆکجاشی فەوجی (260): حەسیب محەمەد نەجم ئینجە جەباری.
فەرەیدون محەمەد نەجم ئینجە جەباری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
حەسیب محەمەد نەجم جەباری، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی تیلەکۆ، کفری و شوانی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالەکانی سێ و چوار؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).
حەسیب محەمەد نەجم ئینجە جەباری و فەرەیدون محەمەد ئینجەی برای بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی تەکیە، سەنگاو، قادرکەرەم، کۆرمۆر، مەحمود پەریزاد و جەباری-یان کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی سێ؛ سەرچاوە: (2-1، ب9، ل2535-2537) + ب6، ل1265-1266 + ل1395-1397 + 1413-1416 + ب7، ل1650-1652 + ب9، ل2167-2169).
حەسیب محەمەد نەجم جەباری، سەرۆکجاشی فەوجی (260)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (170)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (261): (نەناسراوە).
فەوجی ناوبراو بەشداری هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)ی کردووە.
پەیوەست بە بەشداری ئەو فەوجە لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (5+6+7)دا، نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی ڕێکخراوی هەواڵگری مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی

بۆ هۆبەی (3)ی هەواڵگری لە ڕۆژی (28.6.1988)، ئاماژەی کردووە کە لە ڕۆژی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5144).
بەپێی ئەو نووسراوەی سەرەوە، فەوجی (261)ی جاشە سووکەکان لە گوندی سێگردکانی کۆیە ڕووبەڕووی شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆتەوە، واتە فەوجەکە ئەنفالی گوندی سێگردکانی کردووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (262): شێخ حوسێن شێخ سەعید شێخ حوسێن بەرزنجی (سەنگاوی).
فەوجی شێخ حوسێن بەرزنجی، لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە و بەشدار بووە لە شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی کەرکوک، نەوجول، خورماتوو و سەنگاو، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238).
شێخ حوسێن شێخ سەعید سەنگاوی، لە مانگی چواردا بەشداری شاڵاوی تەپەسپی، دووبرا، حەسەن کەنۆش، سەرقەڵا، سەنگاو، موورادلی، گوڵەباخ و هەرێنەی کردووە کە دەکاتە ئەنفالی سێ؛ سەرچاوە: (2-1، ب11، ل3082-3086).
شێخ حوسێن سەنگاوی، ژمارەیەکی زۆر مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی ئەنفالدا لە سەدام حوسێن وەرگرتووە.
شێخ حوسێن شێخ سەعید شێخ حوسێن، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕۆژی (9.4.2003)دا پێوەندی ژێربەژێری هەبووە.
شێخ حوسێن بەرزنجی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئێستا لە ژیاندا نەماوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (263): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (264): حەمە ڕەئوف فارس حەسەن بابان.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج محەمەد جەزا حەمە ڕەئوف فارس حەسەن بابان.

سەرۆکجاشی فەوجی (265): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (266): ئاوات ئەحمەد حەسەن ڕەش شیلانە.
ئاوات ئەحمەد شیلانە، لە مانگی تەموزی ساڵی (1984) هاووڵاتییەکی بەناوی محەمەد ئەحمەد ساڵح ناسراو بە بەهائەدین شەدەلار لەناو سەنگەسەر کوشت، چونکە نەیویست ببێت بە جاش؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (119)، أواسط آب 1984، ص6).
ئاوات ئەحمەد حەسەن ڕەش شیلانە، سەرۆکجاشی فەوجی (266)ی جاشە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (298)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ئاوات ئەحمەد حەسەن ڕەش، ئێستا بەناوی پەناهەندە لە ئەڵمانیا دەژیت.
ئاوات ئەحمەد حەسەن شیلانە، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕۆژی (9.4.2003)دا پێوەندی ژێربەژێری هەبووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (267): محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل بلّباس.

سەرۆکجاشی فەوجی (268): ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنە.
فەریق نامیق خانەقینی، فەرماندەی سریە.
فەوجی دوو سەد و شەست و هەشت بەشداری ئەنفالی (3)ی کردووە.

ئیسماعیل زەنگەنە، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ، کفری، سەنگاو و سەرقەڵای کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).
ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنەی سەرۆکجاشی فەوجی (268)، ژمارە (9)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.
ئیسماعیل زەنگەنە، ئێستاکە سەر بە حزبی گۆڕانی نەوشیروان مستەفا ئەمینە.

سەرۆکجاشی فەوجی (269): ئیسماعیل عەزیز خان دەلۆیی.
عەبدوڵڵا ئەحمەد عەبدولقادر دەلۆیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج و سەر بە (پ. د. ک)، کوڕێکی ناوبراو بەناوی شاخەوان ئەندامی پەرلەمانی ئێراقە لەسەر لیستی پارتی لە شاری کەرکوک.
سۆران ئیسماعیل عەزیز خان دەلۆیی و مەجید حەمید عەلی فەرماندەی سریە بووینە.

سەرۆکجاشی فەوجی (270): خالید قاسم محەمەد ئەمین ئاغا ڕۆژبەیانی.
وەلید قاسم محەمەد ئەمین ئاغا ڕۆژبەیانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
سدیق قاسم محەمەد ئەمین، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی دوو سەد و حەفتا، لە ساڵی (1987)دا دامەزراوە و بەشدارییان لە شالاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل69-71)؛ سەرچاوە: (2-130، هاوکاری، ژمارە (999)، ل؟)؛ (2-1، ب22، ل5220-5228).
بەگوێرەی سەرچاوەی (2-1، ب22، ل5220-5228)، هێزەکەی ئەو فەوجە (40) جاش بووینە و بە فەرماندەیی جێگری سەرۆکجاشی فەوج سدیق قاسم محەمەد و لەژێر فەرماندەیی تیپی (فرقة 38)دا بەشداری ئەنفالی هەشتیان کردووە.
خالید قاسم محەمەد ئەمین، سەرۆکجاشی فەوجی (270)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (328)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (271): خەلیل سلێمان حاجی بەدری سندی.

جێگری سەرۆکجاشی فەوج، سەگڤان سلێمان حاجی بەدری سندی.
فەرماندەی فەوج، ملازمی یەکەم عەبدولکەریم ڕەزا کازم.
فەوجی خەلیل سندی، لە ساڵی (1987) دامەزراوەو دواتریش بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (272): شوکر سەبری عەنتەر شێخکی مزوری.
شوکر مزوری، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی بووە.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
شوکر سەبری عەنتەر مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (272)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (337)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. شوکر مزوری، ئێستاکە لە موسڵ دەژی.

سەرۆکجاشی فەوجی (270): سەلیم شێخ عەبدولحەلیم شێخ حەسەن دەرگەڵی دۆسکی و عەبدوڵڵا حەسەن عەبدولحەلیم دەرگەڵی دۆسکی. جەمال شێخ سەلیم شێخ عەبدولحەلیم شێخ حەسەن دەرگەڵی دۆسکی، یاریدەدەری سەرۆکجاشی فەوج.
سەباح عەبدوڵڵا عەبدولحەلیم دەرگەڵی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
شێخ سەلام شێخ سدیق عەبدوڵڵا دەرگەڵی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بووە.
ئاڤدەل ساڵح عەبدۆ فەرماندەی سریە و حەمید ئیبراهیم یاسین ڕێکانی ڕازگری ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی لە فەوجی (273)دا.
شێخ سەلام شێخ سدیق عەبدوڵڵا دەرگەڵی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، کاتێک کە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بووە، لەگەڵ حەمیدی برای، حکمت نجمان شفیق زێوەیی دۆسکی و جاشەکانی تریان لە ساڵی (1977)دا پێشمەرگەیەکی پدک بەناوی دەهام عومەر حەسەن هرۆری لە نزیک گوندی برجینی ناحیەی مانگێش شەهید دەکەن.
ئەو فەوجە بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (سەرچاوەی ژمارە یەک، بەشی بیست و دوو، ل (5220-5228).

سەلیم شێخ عەبدولحەلیم دۆسکی، لە ژیاندا نەماوەو مردووە.
شێخ سەلام شێخ سدیق عەبدوڵڵا دۆسکی و حەمید شێخ سەلام سدیق عەبدوڵڵا دۆسکی، ئەفسەرن و سەر بە (پ. د. ک)ن.

سەرۆکجاشی فەوجی (274): محەمەد عەبدی حاجی ئاغا کۆچەر.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، مستەفا ڕەشید سلێمان.
یاریدەدەری سەرۆکجاشی فەوج، مەحمودساڵح.
فەوجی دوو سەد و حەفتا و چوار، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (275): ئیسماعیل دێوالی سەعید.
فەوجی دوو سەد و حەفتا و پێنجی ئیسماعیل دێوالی، بە (170) جاش بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (276): جەمال عوسمان قادر خۆشناو.
بەشداری لە هەر یەک لە ئەنفالەکانی (1+2+8)دا کردووە.
لەمەڕ بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-78، الثورة، ژمارە 6536، ل؟).
پەیوەست بە بەشداریکردنی فەوجی جەمال عوسمان خۆشناو لە هێرشەکانی ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (277): محەمەد جەلال ڕەسوڵ وسو کاوانی.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، بیلال جەلال ڕەسوڵ وسو کاوانی.
فەوجی محەمەد جەلال کاوانی، بەشداری ئەنفالەکانی (4+8)ی کردووە.
سەبارەت بە بەشداری ئەنفالی چوار، فەوجی (277) بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی شوان، قەرەهەنجیر، ئاغجەلەر و دەشتی کۆیەی کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).

دەربارەی بەشداری فەوجی (277)ی محەمەد جەلال کاوانی لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
محەمەد جەلال کاوانی (لە ساڵی 1997دا لەناو شاری سلێمانی کوژرا)، کەچی وەکو شەهیدی یەکێتی هەژمار کراوەو مووچەکەی (1.225.000) دینارە.
بیلال جەلال ڕەسوڵ کاوانی، دواتر کارگێڕی مەڵبەندی (6)ی سۆرانی یەکێتی و خانەنشین بە پلەی موقەدەم، تا لە ڕێکەوتی (16.8.2015)دا مرد.
محەمەد جەلال ڕەسوڵ وسو کاوانی، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (287)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (278): سادق محەمەد ساڵح مزوری.
عەبدولڕەزاق حەمۆ شەرەف، فەرماندەی سریە.

سەرۆکجاشی فەوجی (279): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (280): سەعید ئەسعەد موسا (عەولا).
فەوجی دوو سەد و هەشتای سەعید ئەسعەد، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (281): ئیسماعیل عومەر ئیسماعیل ئۆمەری و عەبدولکەریم ئیسماعیل عومەر ئۆمەری.
فەوجی ناوبراو، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
بەگوێرەی ڕۆژنامەی (العراق)، شێخ عەبدولکەریم ئیسماعیل ئۆمەری، سەرۆکجاشی فەوجی (281)ی جاشە سووکەکانە؛ سەرچاوە: (2-131، ل؟).

سەرۆکجاشی فەوجی (282): مامەند عەزیز عەبدولڕەحیم.
فەوجی دوو سەد و هەشتا و دووی مامەند عەزیز، بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (283): ئیبراهیم یوسف میرخان دۆسكی.
فەوجی ئیبراهیم یوسف میرخان، لە ڕۆژی (21.11.1988)دا دامەزراوە و بەشداری لە ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (284): (نەناسراوە).

سەرۆكجاشی فەوجی (285): عەبدولكەریم سەعدی سلێمان سەعدی كۆچەر.
فەرەج فارس حوسێن، فەرماندەی سریە.
فەوجی دوو سەد و هەشتا و پێنجی عەبولكەریم كۆچەر، بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەبدولكەریم سەعدی سلێمان سەعدی، سەرۆكجاشی فەوجی (285)ی جاشە سووكەكان، فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە و ژمارە (348)ی لە لیستی داواكراوەكاندا پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (286): هەمزە حاجی بەدری سندی.
فەوجی هەمزە سندی، بەشداری لە هێرشی ئەنفالەكانی (1+2+8)دا كردووە.
دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (287): فریاد یاسین حوسێن پاڵانی و زیاد یاسین حوسێن پاڵانی.
فەوجی دوو سەد و هەشتا و حەوتی فریاد یاسین و زیاد یاسین، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆكجاشی فەوجی (288): محەمەد مەحمود مستەفا خۆشناو.
فەوجی محەمەد خۆشناو، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا كردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (289): مەجید حەسەن ئەحمەد.
فەوجی مەجید حەسەن ئەحمەد، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (290): عەبدولعەزیز عومەر قادر.
فەوجی عەبدولعەزیز عومەر قادر، بەشداری لە پەلاماری دڕندانەی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (291): عەلی مەحمود عەلی (زێدبەگی – هەنارەیی).
فەوجی عەلی مەحمود عەلی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەلی مەحمود عەلی، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی یەکێتی، دواتر لە ڕێکەوتی (15.1.2005)دا لەلایەن تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە ڕێگای بەغدا کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (292): عەبدوڵڵا حوسێن عوسمان خۆشناو.
فەوجی عەبدوڵڵا حوسێن خۆشناو، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەبدوڵڵا حوسێن عوسمان خۆشناو، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لە ساڵی (1991)دا تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕۆژی (9.4.2003)دا، پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەبووە.

سەرۆکجاشی فەوجی (293): ئیبراهیم عەبدوڵڵا خدر کوێخا.
فەوجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا خدر، بەشداری لە هێرشی فراوانی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (294): تاهیر شێخ محەمەد حاجی ڕەسوڵ.

فەوجی دوو سەد و نەوەد و چواری تاهیر شێخ محەمەد، بەشداری ئەنفالی هەشتی بادینانی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (295): محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ (خدر).
فەوجی دوو سەد و نەوەد و پێنجی محەمەد ئەمین عوسمان، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ . سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (296): عیماد ساڵح (حەسەن).
فەوجی عیماد ساڵح، بەشداری لە هێرشی ئەنفالی هەشتەمی بادیناندا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (297): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (298): بایز عەبدولڕەحمان میران.
فەوجی دوو سەد و نەوەد و هەشتی بایز میران، بەشداری لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (299): شەفیع عەلی مەحمود.
فەوجی دوو سەد و نەوەد و نۆی شەفیع عەلی مەحمود، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (300): عەقید عەبدولحەمید عوسمان محەمەد شەریف.
محەمەد عوسمان خدر سوورچی، سەرۆکجاشی فەوج.
عەقید عەبدولحەمید، بەشداری لە پەلاماری ئەنفالەکانی (3+8)دا کردووە. بەشداری هێرشەکانی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەحەسەنی کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).
دەربارەی بەشداری ئەو فەوجە لە پەلاماری ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

عەقید عەبدولحەمید عوسمان محەمەد، سەرۆکجاشی فەوجی (300)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (284)ی لە لیستی داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (301): فائیق حاجی خەلیفە برادۆستی.
فائیق خەلیفە برادۆستی، پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (118)ی ئیستخباراتی دیانای هەبووە.
فەوجی فائیق خەلیفە برادۆستی، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (302): ئەسعەد سەلیم حاجی عەلی ئاغا خەیلانی.
فەوجی سێ سەد و دووی ئەسعەد خەیلانی، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
ئەسعەد سەلیم حاجی ئاغا، سەرۆکجاشی فەوجی (302)، فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە بۆ دەرچووە و ژمارە (302)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (303): مەغدید مەجید (موئەیەد) شەریف.
فەوجی مەغدید مەجید شەریف، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (304): ئیسماعیل حەمەدئەمین مستەفا.
فەوجی سێ سەد و چواری ئیسماعیل حەمەدئەمین مستەفا، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (305): جەعفەر ئەنوەر سلێمان مزوری.
فەوجی سێ سەد و پێنجی جەعفەر ئەنوەر سلێمان، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

جەعفەر ئەنوەر سلێمان، سەرۆکجاشی فەوجی (305)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (322)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (306): عەلاء محەمەد ئەمین عیسا هەرکی.
فەوجی سێ سەد و شەشی عەلاء محەمەد هەرکی، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
عەلاء محەمەد ئەمین عیسا هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (306)، فەرمانی دەستگیر کردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (351)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (307): حوسێن ڕەشید ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران.
کەمال عەزیز ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
نەزیر حوسێن ڕەشید ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی سێ سەد و حەوت، لە ڕێکەوتی (10.10.1987)دا دامەزراوە و بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (308): شەهاب محەمەد تاهیر.
فەوجی سێ سەد و هەشتی شەهاب محەمەد، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (309): عەبدولڕەحمان سەعید عەبدوڵڵا حوسێن.
فەوجی سێ سەد و نۆی عەبدولڕەحمان سەعید، بەشداری لە هێرشەکانی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (310): کەمال ئەحمەد عەلائەددین زراری.
فەوجی سێ سەد و دەی کەمال ئەحمەد زراری، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (311): جەلال کوێخا ڕەفیق قادر لەک بەردەسپی.
عەبدوڵلا ئەمین، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
جەلال کێخوا ڕەفیق قادر بەردەسپی، دوای شەهید کردنی دوو جووتیار لە گوندی بەردەسپی لە ڕۆژی (22.6.1977)دا، کە بریتین لە شەهیدان (ڕەسوڵ قادر عەباس و ڕەحمان قادر عەباس؛ سەرچاوە: (1-28، ڕێباز (ڕەفعەت عەبدوڵلا پیرداود)، قەندیل بەغدای هەژاند، بەشی سێیەم، ل16)، شەهید دەکات و دەچێتە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای یەک دوو مانگ دەگەڕێتەوە ناو ڕژێم و لەسەر زانیارییەکانی ئەو هێزێکی حکومەت لە ڕۆژی (19.10.1977)دا دێتە گوندی نازەنین و دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی ملازم جەمال ئەحمەد محەمەد مەحمود خۆشناو و یاسین قادر ئەحمەد قادر مورتکەیی شەهید دەکەن؛ سەرچاوە: (1-29، مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو، ل91+92).
فەوجی سێ سەد و یانزەی جەلال کوێخا ڕەفیق، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (312): فوئاد نوری عەلی میران خۆشناو.
فەوجی سێ سەد و دوانزەی فوئاد میران، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (313): غازی نورەدین خورشید خۆشناو.
فەوجی سێ سەد و سیانزەی عازی خۆشناو، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (314): یاسین عەلی ڕەمەزان شکاک (قۆڕیتان – قوشتەپە).
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، موسا عەلی ڕەمەزان شکاک.
فەوجی سێ سەد و چواردەی یاسین عەلی ڕەمەزان، بەشداری لە ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
هەرسێ برا یاسین عەلی ڕەمەزان، موسا عەلی ڕەمەزان و عیسا عەلی ڕەمەزان ناسراو بە عیسا دەمخوار لەگەڵ دوو کەسی تر بە ناوەکانی سەید یاسین و سەید

حوسێن، لە ڕۆژی (21.12.1978)دا، لە خەودا سێ پێشمەرگەی یەکێتی شەهید دەکەن، لەگەڵ بریندار کردنی پێشمەرگەیەک؛ سەرچاوە: (1-22، شەهید شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974-1980، ل215)، کە بریتی بوون لە: (حەسەن عومەر قادر کانی سلێمانەیی، فارس ئەحمەد عەباس ئیبراهیم و قادر عەبدوڵڵا قادر عەزیز قەشقەیی، لەگەڵ بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی تر بەناوی ڕەحمان ڕەشید بەردەسپی، کە وایان زانیبوو گیانی سپاردووە بۆیە جێیان هێشتبوو، هەروەها دەستگیرکردنی کادیرێکی دیکە بەناوی یاسین چەتۆ خورخوری لەپێناوی ڕادەستکردنەوەی بە ڕژێمی بەعس، بەڵام دوای قسەکردنی ناوبراو لەگەڵیاندا، ئەوان لەو بۆچوونەیان پەشیمان دەبنەوە و ڕادەستی ڕژێمی ناکەنەوە.

سەرۆکجاش یاسین عەلی ڕەمەزان شکاک، لە ڕێکەوتی (24.8.1995) لەناو شاری هەولێر کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (315): محەمەد حەسەن ڕەشید محەمەد عەبد.

فەوجی سێ سەد و پانزەی محەمەد حەسەن ڕەشید، بەشداری لە هێرشی ئەنفالی (8)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (316): حەمەد ئەمین ئاغای گۆمەزەرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (317): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (318): حەمەئەمین تەها ڕەسوڵ سوورچی.

فەوجی سێ سەد و هەژدەی حەمەدئەمین تەها سوورچی، بەشداری لە شالاوی ئەنفالەکانی (5+6+7+8)دا کردووە.

پەیوەست بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالی (8)دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

سەرۆکجاشی فەوجی (319): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (320): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (321): سەید عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەباری.
ئەحمەد حەمید شەریف هەرێنی، فەرماندەی سریە.
فەوجی سێ سەد و بیست و یەکی عەدنان جەباری، بەشداری هەر یەک لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (3+4)ی کردووە.
عەدنان جەباری، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی چەمچەماڵ، قەرەحەسەن، لەیلان، سەنگاو، دەشتی کۆیە، نەوجول، کەرکوک و تیلەکۆی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالەکانی (3+4)؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239).
عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەباری، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (179)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (322): عەبدولڕەحمان عاسی عزەدین تاڵەبانی.
سەرۆکجاش عەبدولڕەحمان عاسی عزەدین تاڵەبانی، سەرۆکجاشی فەوجی (322)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (344)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (323): شێخ کەریم شێخ شەهاب بەرزنجی.
شێخ کەریم شێخ شەهاب، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیمار، قەرەداغ، تیلەکۆ، کفری، نەوجول، خورماتوو و سەرقەڵای کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (2–1، ب6، ل1451، ل1558–1560، 1562–1566) + (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239).
شێخ کەریم شێخ شەهاب بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (323)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (193)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (324): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (325): سالَح ئەحمەد ئیسماعیل؛ سەرچاوە: (2-132، ل؟).

سەرۆکجاشی فەوجی (326): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (327): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (328): شێخ فازڵ مستەفا بەرواری. دووبارەیە لە فەوجی (208).

سەرۆکجاشی فەوجی (329): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (330): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (331): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (332): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (333): عەبدوڵڵا فەیسەڵ عەبدوڵڵا ماوانی.
عەبدوڵڵا فەیسەڵ عەبدوڵڵا ماوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (333)ی جاشی سووک، ژمارە (347)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (334): کازم عومەرخان تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی.
کازم عومەرخان تۆفیق ڕێکانی، دوای هەرەسی شۆڕشی کورد لە ساڵی (1975)دا فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخباراتی وەرگرت، کە دواتر مەفرەزەکەی بە فەوج بۆ گۆڕدرا.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج، حەجی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی.

جاشێکی کازم ڕێکانی بەناوی فازڵ ئیبراهیم شەهباز بیاری ڕێکانی لە ساڵی (1987)دا لە گوندی ئاشکێ دێرێ-ی نزیک کۆمەڵگای کوانێ-ی ڕۆژهەڵاتی ئامێدی دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی شەهید کرد بە ناوەکانی داود هاگۆپ خاجادۆریان ناسراو بە مامۆستا عەزیزی کادیر و پێشمەرگە خالید ئەحمەد ئیسماعیل.
لە داستانی دێرەلوک لە ڕێکەوتی (11.1.1988)دا پارتی دیموکراتی کوردستان توانی حوسێن عومەر خان ڕێکانی برای سەرۆکجاشی فەوجی (334) بکوژێ و فازڵ ئیبراهیم شەهباز بەدیل بگرێت، کە دواتر ئەویان ڕادەستی حزبی شیوعی کردو ئەوانیش لە تۆڵەی شەهید کردنی دوو شەهیدەکەی سەرەوە ناوبراویان گولله باران کرد.
سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو ئێستاکە خانەنشینی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە پلەی فەرماندەی لیوای (33).

سەرۆکجاشی فەوجی (335): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (336): عەلی عەبدولڕەحمان کۆکۆیی.
سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو، لە شەوی (14/15.3.1988) لە لایەن هێزەکانی سەر بە سوپای ئێرانەوە لە دیزلێ بەدیل گیراوە، دواتر لە شەوی (17/18.4.1988)دا توانیوێتی لە دەست هێزەکانی ئێراندا خۆی ڕزگار بکات و بگاتەوە ئێراق؛ سەرچاوە: (2-133، لاپەڕەی لێکۆڵینەوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (337): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (338): نەوزاد سابیر ئەحمەد جاف (1957/ کەرکوک)، لە ڕۆژی (16.7.2020)دا لە کەرکوک لە نەمامگەی چراخان کوژرا.

سەرۆکجاشی فەوجی (339): سالار مەحمود محەمەد ئەمین قەرەوەیسی (سالار قەرەوەیسی).
فەوجی سالار مەحمود قەرەوەیسی بەشداری ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە.

سالار مەحمود قەرەوەیسی سەرۆکجاشی فەوج، باسی بەشداریکردنی فەوجەکەیان دەکات لە شاڵاوە دڕندەکانی ئەنفالەکاندا؛ سەرچاوە: (2-134، هاوکاری، ژمارە (982)، ل؟).

سەرۆکجاشی فەوجی (340): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (341): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (342): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (343): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (344): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (345): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (346): عەبدولکەریم حوسێن خالید ئاغا.
عەبدولکەریم حوسێن خالید ئاغا، سەرۆکجاشی فەوجی (346)، فەرمانی دەستگیر کردنی دەرچووە و ژمارە (346)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

سەرۆکجاشی فەوجی (347): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (348): فارس عەلائەددین ئەحمەد زراری.
فارس عەلائەددین ئەحمەد زراری سەرۆکجاشی فەوج، بەخۆی و (180) کەس لە جاشەکانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220).

سەرۆکجاشی فەوجی (349): (نەناسراوە).

سەرۆكجاشی فەوجی (350): (نەناسراوە).

سەرۆكجاشی فەوجی (351): سەباح ئیسماعیل خدر ناسراو بە (سەباح مێمە) خەڵكی سێقوچانی پردێ،فەرمانی دەستگیركردنی دەرچووە و ژمارە (340)ی لە لیستی داواكراوەكاندا پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (352): سەلاح ئیسماعیل ڕەشید دەلۆیی.
حەمید محەمەد عەبدولڕەحمان دەلۆیی، جێگری سەرۆكجاش.
فەرماندەی سریەكان بریتی بوون لە (ئەنوەر عەبدولڕەحمان عەلی دەلویی، تەحسین حوسێن كەریم دەلۆیی، جاسم محەمەد عەزیز دەلۆیی، ڕەشید مەعروف محەمەد دەلۆیی، محەمەد عەبدولكەریم مەجید دەلۆیی، مستەفا ڕەشید مەجید دەلۆیی و مەجید محەمەد عەبدولڕەحمان دەلۆیی).
سەلاح ئیسماعیل ڕەشید دەلۆیی، تا ساڵی (2003) و ڕوخانی بەعس لە باوەشی ڕژێم بوو، ئێستاكە سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان و بە پلەی عەمید بەرپرسی ئاسایشی گەرمیانە.

سەرۆكجاشی فەوجی (353): قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر.
ئەو فەوجە لە ڕۆژی (27.3.1987)دا دامەزراوەو (700) جاشی هەبووە.
بەپێی قسەی سەرۆكجاشی ناوبراو، فەوجەكەیان بەشداری جەنگەكانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەكانی یەكەم، دووەم و سێیەمیان كردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوكاری، كە ژمارە و ڕۆژەكەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێكەوتنەم هەیە).

سەرۆكجاشی فەوجی (354): فاتیح تاهیر مستەفا عەبدولقادر بەرزنجی.
فاتیح شێخ تاهیر مستەفا عەبدولقادر بەرزنجی، سەرۆكجاشی فەوجی (354)ی جاشە سووكەكان، ژمارە (364)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان پێدراوە.

سەرۆكجاشی فەوجی (355): حوسێن تاهیر حوسێن عەبدولقادر كەسنەزانی.

ئەم فەوجە، لە ساڵی (1987)دا دامەزراوە و بەشداری پەلاماری ئەنفالەکانی (2+8)ی کردووە.
سەرۆکجاشی فەوج حوسێن تاهیر کەسنەزانی بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەبێژێ: (فەوجەکەمان لە ئەنفالی دووەم و ئەنفالی دوایی بەشداری کردووە؛ سەرچاوە: (2–135، هاوکاری، ژمارە (1115)، ل4).

سەرۆکجاشی فەوجی (356): ئەحمەد سۆفی ئیسماعیل ساڵح.
ئەحمەد سۆفی ئیسماعیل ساڵحی سەرۆکجاشی فەوجی (356)ی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بە ژمارە (300) لە لیستی داواکراوەکاندا هەیە.

سەرۆکجاشی فەوجی (357): جەمال نەسرەدین عەزیز بەرزنجی ناڵپارێزی.
جەمال نەسرەدین عەزیز، سەرۆکجاشی فەوجی (357)ی جاشە سووکەکان، ژمارە (320)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. جەمال نەسرەدین عەزیز، لەدوای ڕاپەڕین بووە ئەندامی یەکێتی، تا لە ڕۆژی (24.4.2021)دا مرد.

سەرۆکجاشی فەوجی (358): کەریم شێخ عەلی نەورۆڵی (شێخ کەریم شێخ عەلی نەورۆڵی).

سەرۆکجاشی فەوجی (359): مەحمود حوسێن مەحمود عەلی جاف.
سەرۆکجاشی فەوجی (359)ی جاشە سووکەکان مەحمود حوسێن مەحمود عەلی جاف، ژمارە (384)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (360): عومەر عەلی شەریف (1956/ مەیدان)، ئەندامی حزبی بەعس بووە، بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە بۆ نۆژەنکردنەوەی شارەکانی بەسرا و فاو، هەروەها ئەندامی خولەکانی چوارەم و پێنجەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بووە، بۆ خولی حەوتەم وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە، کە لە ڕێکەوتی

(9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی العراق، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (29.8.1989).

سەرۆکجاشی فەوجی (361): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (362): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (363): (نەناسراوە).

سەرۆکجاشی فەوجی (364): مەجید سلێمان ئەحمەد جاف (مەجید سلێمان وەزە، کە پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە 110ی هەبووە).
مستەفا سلێمان ئەحمەد جاف (مستەفا سلێمان وەزە)ی برای سەرۆکجاشی فەوج (مەجید سلێمان وەزە)، فەرماندەی سریە بووە.
فەوجی (364)ی مەجید سلێمان، بەشداری لە ئەنفالی (3)دا کردووە.
مەجید سلێمان ئەحمەد و مستەفا سلێمانی وەزە، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی سەنگاویان کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل241).
مەجید سلێمان ئەحمەد جافی سەرۆکجاشی فەوج و مستەفا سلێمان ئەحمەد جاف، فەرماندەی سریەی جاشە سووکەکان، فەرمانی دەستگیرکردنیان دەرچووە و ژمارە (372+277)یان لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (365): ئازاد ئەسعەد عەلی کاوانی زراری (هەولێر/ 1961)، ئەندامی حزبی بەعس بووە بە پلەی نەسیر، بەهۆی فەوجی جاشە سووکەکان بەشداری قادسیەی کردووە و پارە و زێڕیشی بەخشیووە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لایەنگری سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا؛ سەرچاوە: ڕۆژنامەی العراق، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (29.8.1989).

سەرۆكجاشی فەوجی (366): بورهان عومەر ئەلیاس (بورهان بلە).
بورهان عومەر ئەلیاس، خەڵكی گوندی بلەی خواررووە لە باڵەكایەتی، پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی كوردستان و فەرماندەی هەرێمی (17)ی كۆڕەك یان ڕواندز بوو، لە ئەنجامی كێشەكانی ناوخۆی حزبی ناوبراودا، لە ئابی ساڵی (1984)دا لەگەڵ مامە غەفە (غەفور دەروێش ئەحمەد مەحمود غەزاڵ)ی فەرماندەی هەرێمی (7)ی قەرەچوغ، عەلی مەولود قادر لەك ناسراو بە عەریف عەلی فەرماندەی هەرێمی (10)ی سەفین و پێشتریش عەبدوڵڵا موسڵح حەمەدئەمین تەها (عەولا بۆر)ی فەرماندەی هەرێمی (12)ی سۆران، هاتنەوە بۆ ناو ڕیزەكانی یەكێتی.
دوای ماوەیەك بورهان بلەیی ڕیزەكانی یەكێتی بەجێهێشت و گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە جاش و فەوجی ژمارە (366)ی وەرگرت.
دوای ڕاپەڕین چووە ڕیزەكانی پارتی و ماوەی چەند ساڵێك فەرماندەی سوپای پارتی بوو لە دەڤەری سۆران و ڕواندز.

بسم الله الرحمن الرحيم

004966

الجمهورية العراقية

مجلس قيادة الثورة

هيئة التصنيع العسكري

Dersim Peshewa

١. ان مجموعة الفرسان المعروفين بـ (الجاش) الموالين الى الحكومة العراقية يقدر عددهم بـ (عشرون الف) شخص بقيادة المدعو ملكو يتهيئون لشن هجوم واسع على مقرات أفراد البيشمركة في شمال العراق وخاصة مقر الفرع الأول.

Dersim Peshewa Dersim Peshewa

٢. ان الوحدات العسكرية العراقية ستهاجم خلال اليومين أو ثلاثة أيام القادمة مقر الفرع الأول بالأسلحة الكيمياوية.

٣. تحاول افراد البيشمركة الأقتراب بقدر الأمكان من الوحدات العسكرية العراقية في المنطقة لأجل حماية انفسهم من الهجمات الكيمياوية.

# فەوجی جاشە سووکە ژمارە نەناسراوەکان

(1). ئەبوبەکر فەقێ محەمەد ئەمین ساڵەیی (بەکر فەقێ)، سەرۆکجاشی فەوج – سەرچاوە: (هاوکاری، ژمارە (1004)، دووشەممە، ڕێکەوتی 5.9.1988).
بەکر فەقێ، بۆ ماوەیەک فەرماندەی سریە بووە لە فەوجی (92)ی بورهان محەمەد مستەفا شوانی.
ئەبوبەکر فەقێ ساڵحی (ساڵەیی)، ژمارە (306)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.
بەکر فەقێ محەمەد ئەمین، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی (2003) چووەتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.
ئەبوبەکر فەقێ ساڵەیی، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (3.8.2013)دا لە دوبز مرد.

(2). ئەحمەد جەبار جەباری، سەرۆکجاشی فەوج.
ئەحمەد جەباری، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی ناوچەکانی بازیان، شوان، قەرەحەسەن و قەرەهەنجیری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).
ئەحمەد جەبار جەباری، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (6)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(3). ئەحمەد کەریم سلێمان، سەرۆکجاشی فەوج.

(4). ئەحمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی ڕەزگەیی، سەرۆکجاشی فەوج و برای محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی سەرۆکجاشی فەوجی (7).
ئەحمەد کەڵحێ تاهیر ڕێکانی، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان مووچەی هەیە، زەوی پێدراوە، خانووی بۆ کڕدراوەو ئەندامی ئەو پارتەیە.

(5). ئەحمەد مستەفا بەرزنجی (شێخ ئەحمەد مستەفا بەرزنجی)، سەرۆکجاشی فەوج و فەرماندەی هێزی خۆبەخشەکان.

شێخ ئەحمەد مستەفا بەرزنجی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی بازیان، نەوجول و سەنگاوی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی سێیەم؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).
شێخ ئەحمەد مستەفا بەرزنجی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (187)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(6). ئیسماعیل خەلیفە محەمەدئەمین مستەفا هۆرمزیار (کەرکوک/ سەرگەڕان/ شەعەل)، سەرۆکجاشی فەوج. ناوبراو سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

(7). ئیسماعیل عەلی باخەوان ڕەباتی، سەرۆکجاشی فەوج.

(8). ئیسماعیل کوێخا عەبدوڵڵا بندیان، سەرۆکجاشی فەوج.

(9). ئیسماعیل حەمەدئەمین ڕەسوڵ جاف (کوێخا سمایلی تەلان)، سەرۆکجاشی فەوج.
کوێخا سمایلی تەلان، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە تەمەنی (104)ساڵیدا لە ڕۆژی (2.7.2014)دا مرد.

(10). بایز جاسم محەمەد حوسێن بەراشی بەرواری (بایز ئاغای بەراشی)، سەرۆکجاشی فەوج.
بایز ئاغار بەراشی، لە ڕێکەوتی (14.9.1987)دا لە داستانی کانیماسی لەلایەن (ی. ن. ک)ەوە دەستگیرکرا، بەڵام دواتر ئازادکرا.
بایز بەراشی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و دۆستی نزیکی پارێزگاری ئێستای دهۆک (تەمەر ڕەمەزان)ە.

(11). بایز ئەحمەد ئاغا سیناجیان، سەرۆکجاشی فەوج.

(12). بایز ئاوڕەحمان جلەمۆردی، سەرۆکجاشی فەوج.
بایز ئاوڕەحمان جلەمۆردی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی چواری کردووە، کە سکاڵاکاران سکاڵای زۆریان لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لەدژی ئەو تاوانبارە تۆمارکردووە.
ئەم سەرۆکجاشە لە ساڵی (2004)دا مردووە.

(13). بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا بارزانی، سەرۆکجاشی فەوج.
هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی بەشیر محەمەد بارزانی، دێدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دێدەوان جەلال پیرباڵ، فەرماندەی مەفرەزەی (186)ی سەر بە ئەمنی هەولێر، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی (قەراج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی هەولێر، عەلی محەمەد عومەر ناسراو بە عەلی ئاوماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی سەر بە ئەمنی هەولێر، عومەر محەمەدئەمین سۆفی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (186)ی سەر بە ئەمنی هەولێر و مامەند ساڵح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113)ی سەر بە ئەمنی هەولێر، لە بۆسەیەکی هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد حاجی شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەد شوانی (ئامۆزای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عوێنەیی بەناوی (خاسێ ساڵح ئەحمەد عەوێنەیی) و ئەوەی دیکەیان کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگە عەلی مەخموری) و بریندار‌بوونی هەر یەک لە سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود، خەدیجە سلێمان فەقێ محەمەد و کافیە حوسێن عەبدوڵڵا وەلی خوشکی شەهیدی فەرماندە فاقە مەخموری (28.3.1995) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری بوو.

(14). بەکر کەریم غەفور، سەرۆکجاشی فەوج.
بەکر کەریم غەفور، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی ماوەت و چوارتای کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی یەک؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243).
بەکر کەریم غەفور، ژمارە (158)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

(15). بەکر وسو، سەرۆکجاشی فەوج، بڕیاری دامەزراندنی فەوجەکەی لە ڕۆژی (9.2.1986)دا دەرچووە.

(16). بەهجەت فەرەج مارف شەرەفبەیانی، سەرۆکجاشی فەوج.

(17). بورهان شەریف عنایەت، سەرۆکجاشی فەوج.

(18). تاریق محەمەد نەزیف عەلی بازی بەرواری، سەرۆکجاشی فەوج.
باوکی تاریق بەرواری بە ناوی محمد نەزیف عەلی بازی بەرواری، فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزە تایبەتییەکان بووە، دواتر فەوجی جاشە سووکەکانی وەرگرت، بەڵام ئەو لە ڕۆژی (14.9.1987) لە داستانی کانیماسێ لەسەر ڕێگای کانیماسی – بێگۆڤا لە باشووری گوندی ئەلکوشکێ بە دەستی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژرا و تاریقی کوڕی هاتە شوێنەکەی ئەو.
عسمەت بازی بەرواری، ئەفسەری موخابەرات و فەرماندەی سریە لە فەوجەکەی محمد نەزیف بازی بەرواری و دواتریش لە فەوجی تاریق محەمەد نەزیف بەرواری، کە لەهەمان کاتدا برازا و زاوای محەمەد نەزیف بووە.
عسمەت بازی بەرواری، لە سەر داوای پارتی دیموکراتی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا بە دەستی سەرۆکجاش مەجید ئەرەدنی کوژرا بۆ ئەوەی پارتی لە تاوانەکانی ئەو خۆشبێت.
فەوجی تاریق محەمەد نەزیف بەرواری، بە (115) جاش بەشداری ئەنفالی هەشتی بادینانی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

تاریق محەمەد نەزیف عەلی بەرواری، پلەی موقەدەمی هەبووە لە موخابەراتی بەعس، لە ساڵی (1996)دا بە بڕیاری ژمارە (66)ی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق (سەدام حوسێن ) کراوەتە ئەندامی پەرلەمانی ئێراق لەسەر لیستی شاری دهۆک. موقەدەم تاریق نەزیف، دوای ڕوخانی ڕژێم لە بەغدا مایەوەو هەر لەوێ ئەژیت.

(19). تاهیر نامدار بارام ئایناخی، فەرماندەی هێزە خۆبەخشەکان.

(20). تەبارەک محەمەد وەلی ساڵەیی، سەرۆکجاشی فەوج.
تەبارەک محەمەد وەلی، بەشداری شالاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی دەڤەری شوان، قەرەحەسەن، قەرەهەنجیر و کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، ل239).
تەبارەک محەمەد وەلی، لە مانگی ئابی ساڵی (1988)دا کۆمەڵێک پێشمەرگە و ڕاکردووی خزمەتی سەربازی کە ژمارەیان نزیکەی (70) کەس دەبوو، بردبووە سێ ڕەبایە لای پردەکەی نزیک خورماتوو. دواتر هەر خۆیشی بە هێزێکی هاوبەشی جاش و سوپاس چووبووە سەریان و ئەوانیش شەڕیان کرد و دوای برینداربوونی چەند کەسێکیان و نەمانی تەقەمەنی هەموویان دەستگیر کران.
حکومەت بۆی دەرکەوت کە تەبارەک کلاوی لەسەر ناون و خۆی ئەوانەی هێناوەو هەر خۆیشی ئاگاداری ڕژێمی کردۆتەوە، بۆیە عەلی حەسەن مەجید بڕیاری کوشتنی دەدات و لە ڕۆژی (31.10.1988)دا لە گۆڕەپانی پیریادی لە کەرکوک گوللە باران دەکرێ.

(21). جەعفەر نوری مزوری، سەرۆکجاشی فەوج.

(22). جەمیل ئەحمەد خەلیل ترگژی سلێڤانەیی، سەرۆکجاشی فەوج.
ئیبراهیم خەلیل عەبدولکەریم جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
جەمیل ئەحمەد سلێڤانەیی، لە ساڵی (1987)دا لە ناوچەی (بێباد) لە ڕۆژئاوای ئامێدی بەدەستی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان کوژرا.

(23). حاجۆ عەبدولغەفور خالید دووبەردانی گۆران سەرۆکجاشی فەوج.
جێگری سەرۆکجاشی فەوج تەیمور عەبدولغەفور خالید گۆران دووبەردانی.
حاجۆ عەبدولغەفور خالید دووبەردانی، لە مانگی تەموزی ساڵی (1987)دا کە بارەگای فەوجەکەی لە گوندی سکرینی سەر بە شارەدێی سەرسەنگ بوو، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی سەلام ئەحمەد حوسێن چەمسەیدی و نوری محەمەد حوسێن چەمسەیدی خەڵکی گوندی چەمسەیدای سەر بە دەڤەری بەرواری، لەنێوان گوندەکانی بیباڤا و تاژیکای ڕۆژئاوای سەرسەنگ بەدیل گرت و ڕادەستی ئەمنی دهۆکی کردن، کە دواتر لە ڕێکەوتی (19.8.1987) لە سەربازگەی سەرسەنگ بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللە باران کراون.
حاجۆ عەبدولغەفور خالید دووبەردانی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

(24). حەمە کەریم حەمە فەرەج، سەرۆکجاشی فەوج.

(25). حوسێن شێخ محەمەد بەرزنجی (شێخ حوسێن شێخ محەمەد بەرزنجی)، سەرۆکجاشی فەوج و فەرماندەی هێزی حوسێن بەرزنجی.
فەوجی شێخ حوسێن بەرزنجی و هێزەکەیان، لە ڕێکەوتی (21.4.1988)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (989)ی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (7.7.1988).
هێزی شێخ حوسێن بەرزنجی، بەشداری ئەنفالی (1+2)ی کردووە، کە هاوکاری دەڵێت: (بەشداریمان لە کارەکانی سەنگاو و کارێزە کردووە؛ سەرچاوە: (2-136، هاوکاری، ژمارە (989)، ل؟)، کە کارێزە ئەنفالی یەکەم و سەنگاو ئەنفالی دووەمە.

(26). خالید فەزڵەدین نەقشبەندی بامەڕنی، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد عەبدوڵڵا عەبێ بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
شێخ خالید نەقشبەندی، لە ساڵی (1987)دا فەوجی بۆ دەرچوو، بەڵام بەر لە دامەزراندنی فەوجەکەی خۆی و جێگرەکەی لە بۆسەیەکدا کەوتنە دەست پارتی دیموکراتی کوردستان و گوللە باران کران.

(27). خدر مەحمود، سەرۆکجاشی فەوج.

(28). خەسرەو محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف (21.3.1945-؟؟؟؟)، سەرۆکجاشی فەوج.
خەسرەو جافی ئەندازیار، تەلارساز، هونەرمەند و سەرۆکجاش. دوای ڕاپەڕین ماوەیەک چووە بەغدا. دواتر چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەدوای ڕوخانی ڕژێم ماوەیەک وەکو نوێنەری پارتی ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی ئێراق – لیژنەی دارڕشتنی ڕەشنووسی دەستووری ئێراق بووە.

(29). دارا بەکر بەگ، سەرۆکجاشی فەوج.
دارای بەکر بەگ و جاشەکانی لە شەوی (17/18.3.1989) لە گوندی (مێوژێ)ی بناری چیای کۆسرەت کادیر و پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی ئێراق بەناوی عومەر شەریف ئەمین (چالاک) شەهید دەکەن و پێشمەرگەیەکی تریش بەناوی ئەنوەر مستەفا قادر (هەڵکەوت) بریندار دەکەن. ئەو دوو پێشمەرگەیە لە ئەنجامی هاوکاری دوو شوانی سەر بە ڕژێم بە ناوەکانی (جومعە حەوێز ئیبراهیم پێبازۆکی و سەردار مام عەباس تیمارۆکی) دەکەونە بۆسەی ئیستخبارات و جاشەکانی دارای بەکر بەگەوە. دوای ئاشکرابوونی تاوانی ئەو دوو شوانە، لەسەر پێشنیاری مام عەباسی باوکی سەردار و ڕەزامەندی تەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەیان هەر خۆیان سەردار دەکوژن؛ سەرچاوە: (2–238، گۆڤاری چیا، ژمارە (34)، حوزەیرانی (2010) + (2–237، گۆڤاری چیا، ژمارە (37)، ئەیلول و تشرینی یەکەم (2010).

(30). ڕەسوڵ مەمەند میراودەلی، سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی ڕەسوڵ مەمەند میراودەلی، بەشداری لە هێرشی ئەنفالەکانی (1+2)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟).
ڕەسوڵ مامەند میراودەلی، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (177)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

(31). ڕەشید حەمەئەمین عەزیز، سەرۆکجاشی فەوج.

(32). ڕەشید حەمەد مەحمود ئەكرەم، سەرۆكجاشی فەوج.

(33). ڕەفعەت عەلی عەزیز دێوانە (هەڵەبجە)، سەرۆكجاشە فەوج.

(34). ڕەفعەت مەحمود ئەفەندی هەمەوەندی، سەرۆكجاشی فەوج.
ڕەفعەت مەحمود هەمەوەندی، خەڵكی چەمچەماڵە و ئێستا لە شاری لەندەنە لە وڵاتی بەریتانیا.

(35). سادق عومەر ساڵح سەعدۆ دەركاری سندی (1953/ دەركار عەجەم/ زاخۆ/ دهۆك)، سەرۆكجاشی فەوج.
سادق سندی، لە ڕێكەوتی (14.9.1987)دا لە داستانی كانیماسی لەلایەن هێزەكانی یەكێتی دەستگیركرا، بەڵام دوای ماوەیەك ئازادكرا.
سادق عومەر ساڵح سەعدۆ سندی، دوای ڕاپەڕین و لە ڕێكەوتی (29.6.1992)دا لە گوندی دارهۆزانی سەر بە زاخۆ، بەهۆی دۆستایەتی و نزیكی لە پارتی كرێكارانی كوردستان لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە كوژرا.

(36). سالار نەسروڵڵا موشیر ئیسماعیل، سەرۆكجاشی فەوج.

(37). ساڵح محەمەدئەمین ئاغا، سەرۆكجاشی فەوج، كە لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی فەوجەكەی دەرچووە.

(38). سدیق قاسم ئاغا خاتیناڤای ڕۆژبەیانی، سەرۆكجاشی فەوج.
محەمەد یاسین محەمەد عەلی، جێگری سەرۆكجاشی فەوج.
فەوجی سووكی سدیق ڕۆژبەیانی، لە ساڵی (1987) دامەزراوە.

(39). سەباح عومەر سەعید بابانی، سەرۆكجاشی فەوج.

(40). سەربەست دێوالی سەعید ئاغا دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوج.
ئیحسان تاهیر سەعید دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
شوکری یاسین دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
سەربەست دێوالی دۆسکی، ئێستا لە دهۆک ئەژیت و سەر بە (پ. د. ک)ە.

(41). سەردار محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، سەرۆکجاشی فەوج.
جاشەکانی سەردار جاف، لە ساڵی (1980)دا مەحمود عەلی ڕەزا ئەرکەوازی (1962/ خانەقین/ بانمیل) لە داڵەهۆ شەهید دەکەن.
جاشەکانی سەردار محەمەد جاف، لە ڕۆژی (1.4.1982)دا لە شارۆچکەی سەیدسادق (ڕابیعە سەعید عەبدولکەریم)ی هاوسەری پێشمەرگەی شەهید عەریف مەحمود عەلی محەمەد-یان شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2-254، نشرة أخبار کوردستان، العدد (73)، 12.4.1982، ص2).

(42). سەعدی ئەیوب فەیزی، سەرۆکجاشی فەوج.

(43). سەعدی محەمەد ڕەشید زێنێ (زێنێیی)، سەرۆکجاشی فەوج.

(44). سەعید ئەحمەد شیشە، سەرۆکجاشی فەوج.

(45). سەعید عەدنان جەباری، سەرۆکجاشی فەوج.

(46). سەعید (حەمە سەعید) غێدان، سەرۆکجاشی فەوج.
مەجید غێدان جێگری سەرۆکجاشی فەوج (فەوجی سەعید غێدان).
هەردوو برا سەعید غێدان و مەجید غێدان سەرۆجاش و جێگری فەوجی جاشە سووکەکان، بەشداری شالاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ، خورماتوو، کفری و نەوجول-یان کردووە، واتە بەشداری شالاوی ئەنفالەکانی (3)یان کردووە؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل241).

سەعید غێدان (حەمە سەعید)ی سەرۆکجاشی فەوج، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (273)ی لە لیستەکەدا دراوەتێ.
مەجید غێدان، جێگری سەرۆکجاشی فەوج، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (274)ی دراوەتێ.

(47). سەعید مەحمود خەلیفە، سەرۆکجاشی فەوج.

(48). سەلیم دەروێش ئاغا مەڕۆیی (حاجی سەلیم دەروێش ئاغا مەڕۆیی).

(49). شاکر عەبدولسەمەد ئاسکی کەلەک، سەرۆکجاشی فەوج.
بەختیار بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی شاکر کەڵەکی، لە ڕێکەوتی (15.10.1987)دا دامەزراوە و بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228)؛ (2-137، هاوکاری، ژمارە (1013)، ل نەزانراوە)، کە جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو باسی بەشداریکردنی خۆیان دەکات لە ئەنفالی هەشتدا دەکات).

(50). شەوقی حەمەخان شۆڕاوی (کەرکوک)، سەرۆکجاشی فەوج.
حەبیب شەوقی حەمەخان جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
شەوقی حەمەجان لەکاتی کیمیا باران کردنی هەڵەبجەدا بریندار بوو، دوای ڕاپەڕین چووە ڕیزەکانی (ی. ن. ک) و کرا بە بەڕێوەبەری یەکێک لە گومرگەکان، بەڵام دواتر لە ڕۆژی (12.4.2004)دا مردووە.

(51). شوان تاهیر عوزێر کاکەیی، سەرۆکجاشی فەوج (دانیشتووی گوندی مێخاس).

(52). شێرزاد عەلی محەمەد داودی بەلەگە (قاردکەرەمی)، سەرۆکجاشی فەوج.
شێرزاد عەلی بەلەگەیی، پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (131)ی هەبووە و بەشداری ئەنفالی (3)ی کردووە.

شێرزاد عەلی بەلەگەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی سەرقەڵا، خورماتوو، کفری و نەوجولی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).

سەرۆکجاش شێرزاد عەلی محەمەد بەلەگەیی، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (194)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

(53). شوکر جوندی شێخکی مزوری، سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی جاشەکانی شوکر شێخکی، لە ڕێکەوتی (2.8.1986) دامەزراوە.

(54). عزەدین نەجمەدین، سەرۆکجاشی فەوج. بڕیاری دامەزراندنی ئەم فەوجە لە ڕۆژی (9.2.1986)دا دەرچووە.

(55). عەبدولئیلا فەزڵەدین نەقشبەندی بامەڕنی، سەرۆکجاشی فەوج.
لە شەوی (26/27.5.1987)دا بارەگای فەوجی جاشە سووکەکانی شێخ عەبدولئیلا فەزڵەدین نەقشبەندی، لە فڕۆکەخانەی بامەڕنی و تەواوی ڕەبیەکانی سەر بەو فەوجە، لەلایەن هێزێکی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی دەستیان بەسەردا گیرا.

(56). عەبدولوەهاب کەریم حوسێن، سەرۆکجاشی هێزی عەبدولوەهاب.

(57). عەدنان عەبدە جامعە، سەرۆکجاشی فەوجی جاشە سووکەکان.
عەدنان عەبدە، لە مانگی چواری ساڵی (1988)دا بەشداری ئەنفال کردنی گوندەکانی حەمک، زنانە، گوندەکانی سەر بە لەیلان و خورماتووی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب11، ل3101 + ل3154-3155).

(58). عەلی ئاوڕەحمان ئەسعەد، سەرۆکجاشی فەوج.

(59). عەلی ئەحمەد ڕەشید (عەلی ئەحەڕەش درۆزنەیی)، سەرۆکجاشی فەوج.

عەلی ئەحمەد ڕەشید، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی سێی کردووە لە ناوچە و گوندەکانی تەپەسپی، حەسەن کەنۆش، دوبرا، سەرقەڵا، سەنگاو، گوڵباخ، مورادلی و هەرێنەی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب11، ل3082-3086).
عەلی ئەحمەد ڕەشید، ئێستاکە فەرماندەی فەوجی فەرماندەیی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هەروەها ئاسۆ عەلی ئەحمەدی کوڕیشی هەر فەرماندەی فەوجە لە فەرماندەیی کەرکوکی پارتی.

(60). عوسمان شێخ سەعید حوسێن بەرزنجی سەنگاوی، سەرۆکجاشی فەوج.
شێخ عوسمان سەعید سەنگاوی، لە مانگی چواردا بەشداری شاڵاوی تەپەسپی، دووبرا، حەسەن کەنۆش، سەرقەڵا، سەنگاو، مورادلی، گوڵەباخ و هەرێنەی کردووە کە دەکاتە ئەنفالی سێ؛ سەرچاوە: (2-1، ب11، ل3082-3086).

(61). عوسمان مەحمود قادر جاف، سەرۆکجاشی فەوج و فەرماندەی هێزی خۆبەخشەکان.
عوسمان مەحمود قادر جاف، وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ خولی حەوتەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا، بەڵام دەرنەچووە.

(62). عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری، سەرۆکجاشی فەوجی سووک.
عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەوکات، تەحسین شاوەیسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، قالە فەرەجی فەرماندەی مەفرەزەی (49)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، محەمەد حەسەن ئەحمەد (حەمەی حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (55) لەگەڵ حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو و جاشەکانیان لە ڕێکەوتی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆراوە، پانزە پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-یان شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەدیلگیرا، کە دواتر ئەویش لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: (خالید محەمەد ئەمین

کەریم ئەمین ناسراو بە بێستون باڕۆیی، فەرماندەی کەرت. نوری محەمەد عەلی محەمەد ناسراو بە مەلا نوری، ڕابەر سیاسی کەرت. ئەرکان ئەمین قادر ناسراو بە ئەرکان چراغەڕووتەیی. جەبار فائیق مەجید کاکەوەیس ناسراو بە جەبار پونگەڵەیی. حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ناسراو بە حوسێن دلکەیی. ڕەمەزان مستەفا کەریم ناسراو بە ڕەمەزان مستەفا کانی مستەفایی. شەریف سابیر کەریم حوسێن ناسراو بە شەریف کونەکۆتری. عەدنان عەلی محەمەد سەلیم ناسراو بە عەدنان کەرکوکی. عەلائەدین عەبدولکەریم محەمەد محێدین ناسراو بە دکتۆر عەلائەدین. عومەر حەمەئەمین ڕەزا ناسراو بە عومەر باینجانی. فاتیح حەمەسەعید محەمەد. قادر حوسێن مستەفا ناسراو بە قادر شاحەسەنی. نەجمەدین عوسمان قادر ڕەزا ناسراو بە نەجمەدین کەرکوکی. نەوزاد محەمەد ئەمین حەسەن ناسراو بە نەوزاد تەکێیی. نورەدین ڕەشید ناسر قادر ساڵەیی ناسراو بە نوری مەلەک. جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی، ئەوەیان بەدیل گیرا و لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (9.5.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا؛ سەرچاوە: (بۆ ناوی شەهیدەکان سوودم وەرگرتووە لە لیستی شەهیدان و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4871)، ڕۆژی هەینی (15.5.2009)، ئازاد هەمەوەندی، داستانی شۆڕاوە چۆن تۆمارکرا).

جاشەکانی عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری و کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (79)، لە شەوی (11/12.1.1986) پەلاماری گوندی لازیانی بازیان-یان داو هاووڵاتی (عەدنان عەبدوڵڵا قادر لازیانی)یان شەهید و بوڕهانی برایان بریندار کرد.

عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری، ئێستاکە سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و لە تەکیە نیشتەجێیە.

(63). عومەر ئیبراهیم ساڵح، سەرۆکجاشی فەوج و فەرماندەی هێزی جاشە سووکە خۆبەخشەکان.

(64). غەفور کەریم عەباس دۆڵبێشکی، سەرۆکجاشی فەوج.

عەزیز کەریم عەباس، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
عەبدول حاجی سەعید، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی غەفور دۆڵبێشکی، بەشداری ئەنفالەکانیان کردووە، بەڵام دیار نییە بەشداری کام ئەنفالیان کردووە. سەبارەت بە بەشداریکردنی ئەو فەوجە، سەرۆکجاش غەفور کەریم عەباس دۆڵبێشکی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەڵێت: بەشداریمان لە ئەنفالەکاندا مایەی شانازیمانە؛ سەرچاوە: (2-91، ل؟).

(65). فارس خورشید ستوکورکی بەرواری، سەرۆکجاشی فەوج.
فارس خورشید بەرواری، سەر بە (پ. د. ک)ەو لە دهۆک دەژیت.

(66). فاروق سەعید عەلی بەگ (شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، سەرۆکجاشی هێزی (سریەکانی ئەبی فیراس ئەلحەمدانی/ سرايا أبي فراس الحمداني)، کە ئێستاکە جێگری ئەمیری کوردی ئێزیدیی لە جیهان (جێگری میر تەحسینی برایەتی) و لە ئەڵمانیا – هانۆڤەر دادەنیشێت و سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.
ئەو فەوجە تایبەت بوو بە کوردی ئێزیدیی و هەر یەک لەو ناوانەی خوارەوە یاریدەدەری شێخ فاروق سەعید بووینە بۆ بەڕێوەبردن و سەرپرشتی کردنی فەوجەکە:
ئیبراهیم قەیران حەمید بەدیع بەگ (کوڕی خوشکی شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، ئەندامی (پ. د. ک).
جەمال جەلال سەعید عەلی بەگ (برازای فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، ئەندامی (پ. د. ک).
حازم تەحسین سەعید عەلی بەگ (حازم کوڕی میر تەحسین)، ئەندامی (پ. د. ک) و ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (2009-2013).
حامۆ معاویە ئیسماعیل چۆلبەگ، ئەندامی بزووتنەوەی ئێزیدی لە پێناوی چاکسازی و پێشکەوتن (الحركة الأيزيدية من أجل الإصلاح والتقدم) و لە ئەڵمانیا دەژیت.
حەجی نەجم عەلی ئەلقائیدی، ئەندامی (پ. د. ک)، بەڵام مردووە.
حوسێن شێخ ڕەشۆ ناسراو بە حوسێن قوتێ، ئەندامی (پ. د. ک) و لە ئەڵمانیا دەژی.

حوسێن عەلی سادق، ئەندامی (پ. د. ک).
خودێدا عەلی باپۆر (بابیرا)یی، ئەندامی (پ. د. ک).
دەخیل سەیدۆ حەمۆ شرۆ پاشا شەنگالی، ئەندامی (پ. د. ک) و (کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە موسڵ بۆ پەرلەمانی ئێراق)، دواتر لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (13.1.2011)دا لە هانۆڤەری وڵاتی ئەڵمانیا مرد و تەرمەکەی گواسترایەوە بۆ باشووری کوردستان و لە گۆڕستانی شەنگال نێژرا.
دەروێش کالۆ شێخ ئەمیر شەنگالی، ئەندامی (پ. د. ک) بوو، بەڵام لە ژیاندا نەماوە و مردووە.
سلێمان دەروێش شێخ کالۆ شێخ ئەمیر شەنگالی، ئەندامی (پ. د. ک).
سەفەر ئیسماعیل کەچەل، ئەندامی (پ. د. ک).
شامۆ شێخۆ نەعمۆ هەوێری، فەرماندەی سریە لە (سرایا أبي فراس الحمداني) و ئێستا یەکێکە لە کەسە باڵا دەستەکانی ناو پارتی لە دهۆک و ئەندامی (پ. د. ک) و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالش و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (خولی چوارەم/ 2013-2016).
عزەت قاسم حەسون هەسکانی، ئەندامی (پ. د. ک).
عەلی بەرەکات شێخ خدر، ئەندامی (پ. د. ک).
عیسا داود داود شەنگالی، کە پێشتر فەرمانەدەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (106)ی سەر بە ئیستخباراتی شەنگال بووە، ئێستاکە ئەندامی (پ. د. ک)ە.
فەرعۆن معاویە ئیسماعیل چۆلبەگ (ئامۆزای فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، ئەندامی (پ. د. ک).
کامیران خەیری سەعید بەگ (برازای فاروق سەعید بەگ ئێزیدی/ 1955/ باعەدرێ)، ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی ئێراقی – عضو الجمعية الوطنية العراقية – لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوری ئێراق لە ساڵی (2005)، دواتر ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (15.6.2020)، لە شەنگال کۆچی دوایی کرد.
مەحمود سەیدۆ حوسێن (ئامۆزای فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، ئەندامی (پ. د. ک).
موراد حەسەن عاشور شەنگالی، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشتر مەفرەزە خاسەی ژمارە (103)ی ئیستخباراتی هەبووە.

فەوجی جاشی شێخ فاروق سەعید عەلی بەگ ئێزیدی، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (15.6.1986)دا دامەزراوە؛ سەرچاوە: (2–138، هاوکاری، ژمارە (997)، ل5).

بە پشت بەستن بە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، کە لە ڕۆژی (5.9.2008)دا ئەنجام دراوە، باسی ئەوەیکردووە کە ژمارەی جاشەکانی ئەو هێزە (12.544) جاش بووە؛ سەرچاوە: (1–30، دڵشاد نوعمان فەرحان، معاناة الكورد الإيزديين في ظل الحكومات العراقية 1921–2003، ل22).

ئەو فەرماندە سریانەی (سرايا أبي فراس الحمداني)، کە هەر یەکەیان نزیکەی بەقەد فەوجێکی ئاسایی جاشی سووک جاشیان هەبووە، هەروەها ئەگەر هەمووشیان نەبێت زۆربەیان لە ڕێگەی ڕەفیق لیوا ڕوکن عەبد سەلمان حمێدی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی عەموریەی سەربازی حزبی بەعس، سریەیان بۆ دەرچوو. عەموریە ناوی فەیلەقی (5) بوو کە بنکەکەی دەکەوتە ڕۆژئاوای شاری هەولێر.

(67). فەیسەڵ عەبدوڵڵا ئەحمەد باڵەکی، سەرۆکجاشی فەوج، بڕیاری دامەزراندنی فەوجەکەی لە ڕۆژی (9.2.1986)دا دەرچووە.

(68). قادر ساڵح میرزا جاف شوانکارەیی (قالە جاف گەرمیانی)، سەرۆکجاشی فەوج.

عەباس قادر ساڵح جاف، جێگری سەرۆکجاشی فەوج.

فەوجی قالە جاف، لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دراوە.

قالە جاف، بکوژی شەهید جەمال قەڵاسورەیی پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی (57)ی سەگرمە کە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لە گەڕەکی بەختیاری ناو شاری سلێمانی شەهیدی کرد.

سەرۆکجاش قالە جاف شوانکارەیی و جاشەکانی لە شەوی جەژنی ڕەمەزان–دا کە دەکاتە شەوی (6/7.6.1986)، پێشمەرگە و فەرماندە هەژار محەمەد عەلی فەتحوڵڵا (هەژار دەرەویانی) فەرماندەی کەرتی دووی شارەزووری تیپی (55)ی قەرەداخ لەگەڵ پێنج پێشمەرگەی تر بە ناوەکانی ئازاد ئەحمەد وەهاب حوسێن ناسراو بە ئازادە بچکۆڵ، جاسم میرزا محەمەد کەریم، جەمال محەمەد عەربەتی، حوسێن

کەریم محێدین قەرەداخی و موکەڕەم ئەحمەد ڕەشید قادر ناسراو بە ڕزگار دەلوجەیی، هەروەها ئەندامێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەناوی بەختیار کە سەر بە ڕێکخستنی نهێنی ناو شاری سلێمانی بووە و هاتبووە لای ئەو پێشمەرگانە، شەهید کردن. ئەوەی شایەنی باسە شەهید موکەڕەم دوو برای دیکەی بە ناوەکانی موشیر ئەحمەد ڕەشید و ئەرسەلان ئەحمەد ڕەشید لەگەڵ ئەحمەد ڕەشیدی باوکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستانن.

سەرۆکجاش قادر ساڵح میرزا (قالە جاف)، لەدوای ڕێکەوتی (31.8.1996)دا لە ئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەدەستی کۆنە جاشێکی خۆی (غەفور کانی گۆمەیی) کوژرا، دواتر بنەماڵەی قالە جاف لەناو نەخۆشخانەیەکی سلێمانی پەلاماری غەفور کانی گۆمەییان داو کوشتیان.

(69). قاسم کەریم ڕەشید دڕەیی، سەرۆکجاشی فەوج.

قاسم کەریم دڕەیی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی تیلەکۆ، چەمچەماڵ، سەرقەڵا، شوان و کفری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل237).

قاسم دڕەیی و چەند سەرۆکجاشێکی دیکە بە پشتیوانی هێزێکی ڕژێم، لە ڕێکەوتی (15.11.1988)دا لە گوندی کارێزەی خاڵخاڵان سێ پێشمەرگەی کەرتی (1)ی ساڵەیی تیپی (21)ی کەرکوک شەهید دەکەن بە ناوەکانی: (ئیبراهیم ئەحمەد خدر کاکەمەمەند ناسراو بە سەرکەوت، خەیروڵڵا سەعید محەمەد بایز هۆرمزیار ناسراو بە جوتیار و نیزام محەمەد ئیبراهیم عومەر).

قاسم دڕەیی، لە سەرەتای ساڵی (1994)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی ڕزگار عەبدول عەزیز حەسەن لەناو سلێمانی شەهید کرد.

سەرۆکجاش قاسم کەریم ڕەشید دڕەیی، ژمارە (216)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

قاسم کەریم ڕەشید دڕەیی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە. قاسم کەریم ڕەشید دڕەیی، لەوانەیە هەر قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی سەرۆکجاشی فەوجی (237) بێت.

(70). کەریم سەعدی، سەرۆکجاشی فەوج.

(71). کەمال محەمەد حەیدەر تاسلۆجەیی (کەمالی شەمسە)، سەرۆکجاشی فەوج.
کەمالی شەمسە، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی چەمچەماڵ، سەنگاو، قەرەداغ و کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).
کەمال محەمەد حەیدەر-ی سەرۆکجاشی فەوجی جاشە سووکەکان، ژمارە (220)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(72). کەمال محەمەد فەرەج، سەرۆکجاشی فەوج. کەمال محەمەد فەرەج، بەشداری کردووە لە شاڵاوی ئەنفالی سێ لە ناوچەی سەنگاو بەتایبەتی گوندی جنۆکەی قازی؛ سەرچاوە: (2-1، ب11، ل3199-3200).

(73). لەتیف فەتحوڵڵا گۆران، سەرۆکجاشی فەوج.

(74). محەمەدئەمین ڕەشاش، سەرۆکجاشی فەوج.
جاشەکانی محەمەدئەمین ڕەشاش و خورشید ئەسعەد ئاغای شێتنەی سەرۆکجاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان، لە ڕێکەوتی (3/4.2.1984) لە گوندی درووک لە دۆڵی ڕوستێ ژنێکی بێتاوانیان بەناوی زلێخا قادر شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (112)، أواخر شباط 1984، ص 4).

(75). محەمەد ئەمین قادر ڕەسوڵ ئاغا، سەرۆکجاشی فەوج.

(76). محەمەد حەسەن عەبدوڵڵا، سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی ناوبراو، لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی دەرچووە.

(77). محەمەد حاجی حوسێن شارباژێڕی ناسراو بە (حەمەی حاجی حوسێن)، سەرۆکجاشی فەوج.

محەمەد حاجی حوسێن، بەشداری هێرشی ئەنفالەكانی (1+2)ی كردووە.
حەمەی حاجی حوسێن، بەشداری ئەنفالكردنی ناوچەكانی ماوەت و چوارتای كردووە، كە دەكاتە شالاۆی ئەنفالی (1)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243).
پەیوەست بە بەشداریكردنی ئەو فەوجە لە ئەنفالەكانی یەك و دوودا، سەرۆكجاش محەمەد حاجی حوسێن، بۆ ڕۆژنامەی هاوكاری باسیكردووە كە فەوجەكەیان بەشداری شالاوە دڕندانەكانی ئەنفالی یەك و دوویان كردووە، هەروەها دەڵێت: (فەوجەكەمان لە یەكەمین ڕۆژی دروست بوونیەوە بەشدارییەكی تەواوی لە بەرپەرچ دانەوەی دوژمندا كردووە، دیارترینی ئەو بەشداریانەش لە كارەكانی ئەنفالدا بووە؛ سەرچاوە: (2-139، هاوكاری، ژمارە (986)، ل؟).
محەمەدی حاجی حوسێن، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و لە ڕێزبەندی لیستی ناوەكاندا ژمارە (173)ی دراوەتێ.
محەمەد حاجی حوسێن (حەمەی حاجی حوسێن)، ئێستاكە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە و لە بەلجیكا پەناهەندەیە.

(78). محەمەد حوسێن محەمەد سێوەكانی، فەرماندەی هێزی محەمەد.

(79). محەمەد ڕەسوڵ عەلی، سەرۆكجاشی فەوج، كە لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی فەوجەكەی دەرچووە.

(80). محەمەد ڕەشید مستەفا (شێخ محەمەد مام ڕەشید مستەفا)، سەرۆكجاشی فەوج.

(81). محەمەد سادق محەمەد شوانی، سەرۆكجاشی فەوجی سووك.
بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (ش3/ق3/11365)ی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بۆ هۆبەی سێی ئیستخباراتی سەربازی بە ڕێكەوتی (28.6.1988)، كە لە ڕێكەوتی (21.6.1988)دا، كە دەكاتە شالاۆی ئەنفالەكانی (5+6+7)، هێزێك بە فەرماندەیی هێزەكانی دوو كە پێكهاتبوو لە (سریەكی تانك، سریەكی زرێپۆش، سریەكی

کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/ 6، فەوجەکانی جاشە سووکەکانی 85، 90، 92، 93، 135، 138، 162، 210، 241، 261 + شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر دەشتی کۆیە و ناو شاری کۆیە، بەمەبەستی ئەنفالکردنی دانیشتوانی دەشتی کۆیە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5144).

سەرۆکجاش محەمەد سادق شوانی، بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (809)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە ئەنفالدا وەرگرتووە.

محەمەد سادق شوانی، ژمارە (419)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(82). محەمەد سادق محەمەد ڕەحیم (حەمە پۆخچی)، سەرۆکجاشی فەوج.

حەمە پۆخچی، سەرۆکجاشی فەوجی جاشە سووکەکان بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (3+4)ی کردووە.

محەمەد سادق محەمەد، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی قەرەحەسەن و لەیلانی کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (3)؛ (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).

حەمە پۆخچی، سکاڵای گوندنشینێکی لەسەرە، کە لە مانگی ئایاری ساڵی (1988)دا براکەی دەستگیرکردووە و ڕادەستی هێزەکانی بەعسی کردووە کە تاوەکو ئێستا چارەنووسی برای سکاڵاکارەکە بە نادیاری ماوەتەوە، کە ئەمەش دەکاتە ئەنفالی چوار؛ سەرچاوە: (2-1، ب6، ل1372).

حەمە پۆخچی (محەمەد سادق محەمەد ڕەحیم)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (288)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکان دراوەتێ.

حەمە پۆخچی، بەناوێکی خوازراوەوە لە دانمارک دەژی، بۆیە پۆلیسی دانمارک نەیتوانی بیدۆزێتەوە.

(83). محەمەد مەلا شەریف (حەمەی مەلا شەریف)، سەرۆکجاشی فەوج، کە لە ڕۆژی (9.2.1986)دا بڕیاری دامەزراندنی فەوجەکەی دەرچووە.

(84). محەمەد عەبدولقادر کاکەمەند، سەرۆکجاشی فەوج.

(85). محەمەد عەلی تاهیر یونس دێرکێ مزوری، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد عەلی مزوری، سەرەتا فەرماندەی مەفرەزە خاسە بووەو دواتریش فەوجی جاشانی وەرگرتووەو بە (95) جاش بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

(86). محەمەد عەلی سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ شێتنە دۆڵەمەڕی - بارزانی، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد عەلی سەعید شێتنە، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-232، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (324)، دوای ڕاپەڕین و لێبووردنی بەرەی کوردستان لەساڵی (1991)دا پێوەندی ژێربەژێری لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا هەر هەبووە، پێوەندییەکەشی تاوەکو ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا بەردەوام بووە.
محەمەد عەلی ئەسعەد شێتنە، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

(87). محێدین حەمە ڕەحیم، سەرۆکجاشی فەوج. محەمەد حەمە ڕەحیم، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ئاغجەلەر و پێبازی کردووە، کە دەکاتە هەردوو ئەنفالی (3+4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).
محێدین حەمە ڕەحیم، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (226)ی لە لیستی تۆمەتبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

(88). مستەفا زۆراب خانەقینی، سەرۆکجاشی فەوج.

(89). مستەفا سەعید ئەحمەد سوورچی، سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی مستەفا سەعید ئەحمەد سوورچی، بەشداری هێرشی ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).
مستەفا سەعید ئەحمەد سوورچی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجەکان، وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام حوسێن لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا، بەڵام نەبۆتە ئەندام.

(90). مەجید ئەرەدنی، سەرۆکجاشی فەوج. مەجید ئەرەدنی، تا ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە موسڵ بوو، دواتر گەڕایەوە دهۆک و ئێستاکە لەوێ دەژیت.

(91). مەجید حەسەن دزەیی، سەرۆکجاشی فەوج. گومانم هەیە لە مەجید حەسەن دزەیی و پێم وایە کە هەمان مەجید حەسەن ئەحمەدی سەرۆکجاشی فەوجی (289)یە.

(92). مەجید سلێمان گلەڕەشی، سەرۆکجاشی فەوج.

(93). مەحمود تەیب گوڵە، سەرۆکجاشی فەوج؛ سەرچاوە: (2–120، الثورة، ژمارە (6595)، ل؟).

(94). مەلکۆ بێناتی، سەرۆکجاشی فەوجی مەلکۆی تایبەتی جاش بە ئاشوورییە کریستانەکان.
دوای ئەوەی هێزێکی پێشمەرگەکانی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێکەوتی (21.10.1987)دا پەلاماری بارەگای فەوجی مەلکۆ بەیاتی داو توانی دەست بەسەر بارەگای فەوجەکەدا بگرێت، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد ئەسپینداری لە هێزی پشتیوانی میللی بەدەستی جاشەکانی مەلکۆ شەهید بوو؛ سەرچاوە: (2–255، أخبار کوردستان، العدد (164)، تشرین ألأول 1987، ص 1+7+8).
جاشەکانی مەلکۆ بێناتی، لە ڕۆژی (5.7.1987)دا توانیان حەبیب عەبدوڵڵا خالید حاجی (1952/ دهۆک/ سەرسەنگ/ ئەرەدنا)، پێشمەرگەی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدیل بگرن، دواتر لە ڕۆژی (28.11.1987)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.
مەلکۆ بێناتی، بارەگای فەوجەکەی لە هاوینەهەواری ئینشکێ لە سەرسەنگ بووەو لە مانگی (8)ی ساڵی (1988)دا لە ئەنیشکا و گوندەکانی سەر بە بامەڕنی بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)ی کردووە ؛ سەرچاوە: (2–1، ب14، ل4212–4215).

(95). موحسین محەمەد زۆراب نەورۆڵی، سەرۆکجاشی فەوج.

(96). میرزا حەسەن، سەرۆکجاشی فەوج.

(97). ناسیح محەمەد قادر هەورامی، سەرۆکجاشی فەوج.
فەوجی ناسیح محەمەد هەورامی، بەشداری شالآوی ئەنفالەکانی (1+2) و هەڵەبجەی کردووە و خۆی دەڵێت: (بەشداری هەڵەبجە و ئەنفالمان کردووە)؛ سەرچاوە: (1-20، مەحمود سەنگاوی، جاش و جینۆساید، ل46).
ناسیح محەمەد قادر هەورامی، بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری بەمشێوەیە دەدوێ و دەڵێ: (جەنگاوەرانی فەوجەکەمان دلێرانە لە بەرەکانی فەیلەقی دووەم و هەڵەبجە و کاری ئەنفالدا بەشدارییان کردووە و بوونەتە جێگەی ڕێزلێنانی لێپرسراوان)؛ سەرچاوە: (2-121، ل3).

(98). هیمەت کەریم فەتاح گۆران، سەرۆکجاشی فەوج.
هیمەت کەریم فەتاح (سلێمانی/ 1957)، ئەندامی حزبی بەعس، لە چوارچێوەی سوپای میللی و فەوجی جاش بەشداری جەنگی قادسیەی سەدامی کردووە و پارە و زێڕی بەو جەنگە بەخشیوە، هەروەها وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لایەنگری سەدام کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە، بەڵام وادیارە نەکراوە بە ئەندامی ئەو خولە.
هیمەت کەریم فەتاح، وێنەیەکی دیواری بە پارەی خۆی بۆ سەدام حوسێن دروست کردووە؛ سەرچاوە: (2-206، هاوکاری، ژمارە (1005)، پێنجشەممە، (8.9.1988)، ل؟).

کۆمەڵێک لە سەرۆکجاشی فەوجە سووکەکان، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکان و بەکرێگیراوانی ڕژێمی سەدام، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنیان لە شالآوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، کە

هەر یەکەو ژمارەکەی لە بەرانبەر ناوەکەیدا دەنووسین: (چیا سوورچی، ژمارە (167)ی دراوەتێ.
سەید مەجنون، ژمارە (182)ی دراوەتێ.
شێخ بورهان عەبدولقادر حەفید، بەڕێوەبەری ناحیەی زەڕەیەن کە ئێستاکە لە نەرویج دەژیت، ژمارە (188)ی دراوەتێ.
عەلی حەسەن عەزیز، ژمارە (208)ی دراوەتێ.
محەمەد جەوهەر گۆران، ژمارە (221)ی دراوەتێ.
عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم، ژمارە (260)ی دراوەتێ.
حەمەد ئەمین حەمە شاسوار، موختاری گوندی کانیمیل، ژمارە (171)ی دراوەتێ.
نامیق عەبدولکەریم، موختاری گوندی پێباز، ژمارە (259)ی دراوەتێ.
حەمە کەریم حەمە فەرەج، موختاری گوندی سیتلان، ژمارە (276)ی دراوەتێ.
مەلا حوسێن ڕۆغزایی، ئیستخبارات، ژمارە (228)ی دراوەتێ.
سەید قوردەت، ژمارە (286)ی دراوەتێ.
میرزا حەسەن، ژمارە (294)ی دراوەتێ).



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

سليمان محمد سليمان بالاني
مستشار فوج الدفاع الوطني ٣٣

نوروز العراق ـ ٩٠



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.

بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

فارس حمد قادر سورجي
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٨١



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

عوني حاجي قادر مصطفى
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٨٩



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

ازاد الزراري آمر مجموعة



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية.

خليل حاجي السليفاني
مستشار فوج الدفاع الوطني ٨٧

نوروز العراق - ١٦



الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

غازي نور الدين خورشيد خوشناو
مستشار فوج الدفاع الوطني ٣١٣



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسؤدد.

سيد عدنان عبدالله احمد الجباري
آمر قوة عدنان




بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.
بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

دلسوز مينه خدر بلباس

الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.



عبدالله فيصل آمر مجموعة



كل المجد لشعبنا العراقي العظيم وهو يحقق الانتصارات الرائعة ضد اعداءه الطامعين، ولمناسبة اعياد النصر والسلام نتقدم لرمز شموخنا وباني عراقنا الناهض الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله بأرق التهاني واطيب التمنيات، مجددين عهد الوفاء لسيادته بأننا الجنود الاوفياء لمبادئ ثورة ١٧ - ٣٠ تموز المجيدة، ادام الله علينا النصر بقيادته الحكيمة.

الشيخ خالد محمود احمد غواره
مستشار فوج الدفاع الوطني ٩٦

نوروز العراق - ١٩٠



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

ياسين علي رمضان
شكاك تۆریان

١
براى عيسى رموكى

نوروز العراق ٢٠٠٠



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية


شيخ مجيد شيخ بايز شيخ حسن
مستشار فوج الدفاع الوطنى ٦١



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل
صدام حسين حفظه الله.
بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

بابكر سليم بشده ري
مستشار فوج الدفاع الوطنى ١١٤

الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.



قادر سواره حمد بذباس
مستشار فوج الدفاع الوطني ٨٠



لمناسبة اعياد النصر والسلام نتقدم لرمز شموخنا واقتدارنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، اطال الله في عمره من اجل عز العراق والعراقيين.

طوبيا صليوه حنا
مطعم ومشرب ابو نذير
شارع الرشيد / سنك

ويظل النصر حليف العراق العظيم، ولمناسبة احتفالات شعبنا باعياد النصر والسلام نتقدم لرمز شموخنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، لشعبنا العراقي العظيم كل العز والاقتدار.

فرزنده جانكير حاجي الهركي
مستشار فوج الدفاع الوطني ٧٦

ازكى التهاني واجمل التبريكات نزفها لبطل انتصاراتنا وباني مجد عراقنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله لمناسبة احتفالات شعبنا باعياد النصر والسلام.

معمل خليل للمرمر
بغداد / طريق معسكر الرشيد
مقابل معمل مشن
هـ ٧١٩١٦١١

ويستمر النصر بقيادة فارس النصر والسلام بقيادة ابن العراق العظيم السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله وبهذه المناسبة الغالية نرفع لسيادته ازكى التهاني والتبريكات سائلين المولى القدير ان يمد في عمره وان ينصره دائما.

الشيخ حمه رشيد عبدالرحمن
مستشار فوج الدفاع الوطني

نوروز ـ العراق ـ ٢٧



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.
بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

كمال عزيز محمد خوشناو
آمر مفرزة ١١٤



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

ديده وان جلال حمد زراري
آمر مفرزة ١٨٦



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية .

ناظم رقيب السورجي
مستشار فوج الدفاع الوطني



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا لمقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.

بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

الشيخ علي امين البرزنجي
مستشار فوج الدفاع الوطني ٢٠١



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

محمد حسين محمد سيوه كاني
آمر قوة محمد

نوروز العراق - ٣٠



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية.

صديق عني محمد امين
مستشار فوج الدفاع الوطني ٢٤٥



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.
بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

سالم مصطفى صالح السليفاني
مستشار فوج الدفاع الوطنى ٢٥٦



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

رشيد حمد امين شيرواني
مستشار فوج الدفاع الوطني ٧٨



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

عمر محمود محمد ماموي
مستشار فوج الدفاع الوطني ٢١٤

نوروز العراق ـ ٣٩٠



الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

مصطفى سعيد سورجي
مستشار فوج الدفاع الوطني



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة. رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسؤدد.

حسين رشيد اسماعيل
مستشار فوج الدفاع الوطني



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الجازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

الشيخ فاتح الشيخ طاهر البرزنجي
آمر قوة فاتح

نوروز . العراق - ٤١



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

خالد عبدالغفور البردالي
مستشار فوج الدفاع الوطني ٦



الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

الشيخ علي سليمان كوخي المزوري
مستشار فوج ٢٢٤



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسؤدد.

السيد محمد مجيد السندي آمر مجموعة
فوج ٨



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.
بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

محمد محمد امين الزراري
مستشار فوج ٢١٦



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

الشيخ سليم الشيخ عبدالحليم حسن الدوسكي
مستشار فوج ٢٧٣

الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

شيخ محمد معروف اغا دزەبي
مستشار فوج ٣٩





ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسودد.

محمد عثمان خضر السورجي
مستشار فوج ٣٠٠



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.

بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

الشيخ سليم الشيخ عبدالحليم حسن الدوسكي
مستشار فوج ٢٧٣



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

الشيخ عصمت دينو بيري السندي
مستشار فوج ١٥٧

نوروز العراق - ٥٠



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية .

الشيخ حمه كريم عبدالله
مستشار فوج الدفاع الوطني ٦٢



وتستمر مآثر العراقيين في النصر والبطولة ولمناسبة احتفالات شعبنا العراقي العظيم بأعياد النصر والسلام نتقدم لرائد مسيرتنا وباني نهضتنا الرئيس القائد صدام حسين بأرق التهاني والتمنيات موكدين وقوفنا خلف قيادته الحكيمة.

سيد نور الدين حسين
آمر مفرزة خاصة



ولنستمر اعياد النصر والسلام بقيادة ابن العراق البار السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله.
وبهذه المناسبة العزيزة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته، موكدين وقوفنا خلف قيادته التاريخية الحكيمة.

عمر صوفي
آمر مفرزة خاصة ٤٧



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس
القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني
واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته
الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار،
وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته
من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة
عالية.

محمد محمود مصطفى خوشناو
مستشار فوج ٢٨٨

نوروز العراق- ٥٥



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

الشيخ سالار محمد حمد امين مرەويس
قوة لاسار

نوروز العراق-٥٨

الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.



احمد عثمان كوي
..تشار فوج الدفاع الوطني ٢٣٤

ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسؤدد.



محمد عبد الرحمن عثمان
آمر مفرزة ٤٢




بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل

صدام حسين حفظه الله.

بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

احمد جميل امين البرزنجي
مستشار فوج الدفاع الوطنى ٢٤٠



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

الحاج محمود سيبراني
مستشار فوج الدفاع الوطني



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل

صدام حسين حفظه الله.

بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

نجم الدين معروف حسن
آمر مفرزة ٥٠٤



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

مشير هادي احمد سيداوه
مستشار فوج الدفاع الوطني ٤٨

نوروز العراق - ٦١

الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.



فاروق رشيد علي نوري
مستشار فوج الدفاع الوطني ٩٦



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسودد.

محمود حمه امين حمه صالح «محمود بككوي»
مستشار فوج الدفاع الوطنى ٦٩



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية.

جلال كوخة رفيق قادر لك
مستشار فوج الدفاع الوطني ٣١١



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

انور ميرزا ابراهيم
مستشار فوج الدفاع الوطنى ٢٠٩

نوروز العراق- ٦٥

الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

نايف محمود كريم بلباس
مفرزة ٨٠



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسؤدد.

حيدر رشيد اغا الشيرواني
مستشار فوج الدفاع الوطني ٧٨





الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

نايف محمود كريم بلباس
مفرزة ٨٠



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسودد.

حيدر رشيد اغا الشيرواني
مستشار فوج الدفاع الوطني ٧٨

نوروز العراق-٦٨



الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

ئاكو عباس مامند اغائاكو
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٣٠



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسؤدد.

سواره عباس مامند اغائاكو
مستشار فوج الدفاع الوطني ٨٢



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

شريف محمد شريف الجاف
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٣٦

نوروز العراق - ٧٦



لباني مجد عراقنا ، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار ، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية

سليم مامند رسول اغا بشدري
مستشار فوج الدفاع الوطني ٩٨

نوروز العراق - ٧٧



الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.

كمال محمد مام رشيد جوار تاي
مستشار فوج الدفاع الوطني ٩٤



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة

حسن محمود امين هورماني
مستشار فوج الدفاع الوطني ١١٥



بالحب، بالوفاء، بالاخلاص نتقدم لقائدنا المقدام السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله.

بازكى التهاني واطيب التمنيات لمناسبة اعياد النصر والسلام، داعين المولى العزيز ان يمد في عمره، وان يديم انتصاراتنا بقيادته التاريخية الحكيمة.

عمر بشار صالح السندي
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٥٢



الى بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ورعاه اتقدم بازكى التهاني واطيب الامنيات، داعين المولى العلي القدير ان يحفظ عراقنا من كل سوء، وان يمد في عمر رئيسنا لقيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والامان.

سعيد محي الدين برده رهش
مستشار فوج الدفاع الوطني ٣٠



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

ظاهر توفيق طاهر غفوري
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٥٠

نوروز العراق ـ ٨٦



لباني مجد عراقنا، بطل النصر والسلام السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله ، نرفع ازكى التهاني واطيب الامنيات مجددين العهد في السير خلف قيادته الحكيمة التي صنعت للعراق كل العز والاقتدار، وبهذه المناسبة العزيزة نرفع ايدينا بالدعاء لسيادته من اجل ان يبقى العراق عزيزاً وان ترتفع رايته شامخة عالية.

الشيخ غالب شيخ جلال الصالحي
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٣٥

نوروز العراق - ٨٧



الى رمز انتصاراتنا، وباني مجد عراقنا الغالي السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله نتقدم بالتهنئة الخالصة لمناسبة اعياد النصر والسلام التي تحققت بقيادته الحكيمة، وبهذه المناسبة نجدد عهد المحبة والوفاء لسيادته كي يبقى العراق شامخا منتصرا.


زياد ياسين حسين بالاني
مستشار فوج الدفاع الوطني ٢٨٧



ويبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء في ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة والسؤدد.

شيخ عمر حمه علي جديكة
مستشار فوج الدفاع الوطني ١٠٤

نوروز العراق - ٩٠



كل المجد لشعبنا العراقي العظيم وهو يحقق الانتصارات الرائعة ضد اعداءه الطامعين، ولمناسبة اعياد النصر والسلام نتقدم لرمز شموخنا وباني عراقنا الناهض الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله بأرق التهاني واطيب التمنيات، مجددين عهد الوفاء لسيادته بأننا الجنود الاوفياء لمبادىء ثورة ١٧ ـ ٣٠ تموز المجيدة، ادام الله علينا النصر بقيادته الحكيمة.

بايز عزيز رشيد الجاف
مستشار فوج الدفاع الوطني ٢١٣



وسط اعراس النصر واعياد السلام نتقدم لباني عراقنا ورائد نهضتنا السيد الرئيس المناضل صدام حسين حفظه الله بازكى التهاني والتبريكات، مجددين العهد بالوقوف الحازم خلف قيادته الحكيمة، داعين المولى القدير ان يمد في عمره من اجل قيادة شعبنا نحو سبل الخير والمحبة والكرامة.

رشيد محمد مولود
كه ردي آمر سرية
فوج الدفاع الوطني ٥١

## مەفرەزە تایبەتییەکان (المفارز الخاصة)

مەفرەزە تایبەتییەکان، بریتی بوون لە جاشی کرێگرتەی هەرە دڵسۆز بە حکومەتی داگیرکەری ئێراق و سەدامی دیکتاتۆر. ئەوانەی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بوون، چەندان پێشمەرگە و هاووڵاتییان شەهید کردبوو، یان بەشداری دەیان شەڕی دژ بە کورد و پێشمەرگەیان کردبوو، بۆیە مەفرەزەی تایبەتی سەر بە یەکێک لە دەزگاکانی ئەمن، ئیستخباراتی سەربازی یان موخابەراتیان پێدرابوو.
ناوی فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکان لە کوردستان، بەگوێرەی ڕیزبەندی پیتەکان کە بۆم ناسرابن ئەمانەی خوارەوەن:

(1). ئازاد هەمزە مەجید گەردی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (195).

(2). ئاوڕەحمان مەجید دەلۆ (کوڵەجۆیی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
ئاوڕەحمان دەلۆ، تا ڕوخانی ڕژێمی سەدام لەناو بەعس بوو، دواتر بۆ ماوەیەک کرا بە بەرپرسی کۆمیتەی سەعدیەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.

(3). ئەبوبەکر عەبدوڵڵا سەعید، ناسراو بە (بەکری فاتە/ بەکری عەبدوڵڵا حەماڵ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (عومەر عەبدوڵڵا)، کە بەناوی برا جاشە کوژراوەکەی ناوی ناوە.
بەکری فاتە، لە ساڵی (1985)، لە دێی قلیاسان-ی سەر بە بەکرەجۆ، هاووڵاتیەکی سورداشی بەناوی حوسێن مەحمود مەردار ڕۆستەم شەهید کرد.
ڕەحیم عارف حەسەن (1968/ سلێمانی). ئەندامی یەکێتی، لە ناوەڕاستی ساڵی (1985) لەلایەن ئەمنی سلێمانی و بەکری فاتە-وە گیراوە، دواتر لە (15.12.1985) لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.
جەمیل عەبدوڵڵا محەمەد مارف (1.7.1968/ سلێمانی/ چوارتا/ موبرە). ئەندامی ینک، لە ڕۆژی (31.8.1985)دا بەهۆی بەکری فاتە گیرا، دواتر لە ڕێکەوتی (19.12.1985) لە زیندانی ئەبوغرێب بێ سەروشوێن کراوە.

بەکری فاتە لەگەڵ ئەمنی تەواری لە ڕۆژی (29.9.1985)دا ئەم ئەندامانەی یەکێتی گرت: (ئەحمەد حوسێن محەمەدئەمین (1961/ سلێمانی)، ئیبراهیم ساڵح عەبدولعەزیز، بەرزان محەمەدئەمین قادر ناسراو بە کامەران (1962/ سلێمانی)، سامان عەزیز ئەمین کاکی، عیرفان کەریم مینە حەمەسەعید، محەمەد یاسین محەمەدئەمین مستەفا ناسراو بە هەڵۆ (1.11.1965/ سلێمانی/ سەرچنار)، مەحمود حوسێن محەمەدئەمین (1963/ سلێمانی/ سەرچنار)، نزار نوری ئەحمەد مەحمود ئیسماعیل عوزێری (1964/ سلێمانی/ سەرچنار) و یاسین ئیبراهیم حوسێن ئەحمەد (1966/ سلێمانی)، کە دواتر لە ڕۆژی (29.12.1987)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دران.

(4). ئەحمەد بیجۆ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
ئەحمەد بیجۆ، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، خورماتوو و کفری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل241).
ئەحمەد بیجۆ (کەرکوک/ کفری)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووەو ژمارە (5)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە، بەڵام ناوبراو مردووە.

(5). ئەحمەد خەیلانی (سەید ئەحمەد – سەیدۆ خەیلانی)، خەڵکی گوندی (بابەگیسک/ هەریر)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
سەیدۆ خەیلانی و جاشەکانی، لە هاوینی ساڵی (1982) لە گوندی نێرەگین لە سنووری سێگرتکان پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بە ناوی ڕەفیق فەتاح ئەحمەد حەمەد گەردی ناسراو بە وەیسی (1954/ گوێڕ/ کوشاف) شەهید دەکەن.
سەیدۆ خەیلانی و جاشەکانی، لە ڕۆژی (14.2.1984)دا لە گوندی لاجان لە سنووری شەمامک کادیر و پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان چەتۆ ئیسماعیل عەبدولکەریم ناسراو بە کاروان (1954/ هەولێر/ قوشتەپە/ دوگرتکان) بەدیل دەگرێ و ڕادەستی ئەمنی هەولێری دەکات، دواتر لە ڕۆژی (19.5.1985)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

سەیدۆ خەیلانی، دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) چۆتە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ک) و فەرماندەی لیوایە.
سەیدۆ خەیلانی، لە ساڵی (2017)دا مرد.

(6). ئەحمەد جاسم قاسم (شەنگال)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (107)ی جاش.

(7). ئەحمەد ڕەشید یەزدین (ئاکرێ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (134)ی جاش.

(8). ئەحمەد سەعید باتاسی کە ناسراوە بە (ئەحمەدی سەعیدە کۆری)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (90)ی جاش.
ئەحمەد سەعید باتاسی، لەگەڵ فەرماندەی مەفرەزە خاسە حەسەن ساڵح ئاغای ماوەرانی، لە ڕێکەوتی (10.11.1985)دا دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراقیان بە ناوەکانی تۆفیق حوسێن حەمەد (تۆفیق هەریری) کادیری ڕێکخستن و خوارزایەکی شەهیدی ناوبراو بەناوی حوسێن عومەر حوسێن مەعروف خەیلانی (1954/ بەردەگەورە/ هەریر)، لە دێی ڕەزگەی خۆشناوان لە شارەدێی هەریر، شەهید کرد.
ئێستاکە ئەحمەد سەعید باتاسی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە بە پلەی سەربازی عەقید ڕوکن.

(9). ئەحمەد لاوکۆ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.

(10). ئەسوەد ئەسعەد ئەحمەد هەمزە شەوگێڕی ناسراو بە (ئەسوەد تەقتەقی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
ئەسوەد ئەسعەد، لە ڕێکەوتی (15.8.1985)دا لە گوندی ئالانەی دۆڵی بالیسان دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ی شەهید کرد بە ناوەکانی (حەسەن عەبدوڵڵا مەلا عەلی

عەبدوڵڵا بتوێنی، فەرماندەی تیپی (83)ی هەورێ و ئاراس عەبدولسەمەد محێدین محەمەد کۆیی ناسراو بە پێشڕەو، ڕابەری سیاسی تیپی ناوبراو).

ئەسوەد شەوگێڕی، دوای شەهید کردنی ئەو دوو کادیر و فەرماندەیە خۆی ڕادەستی ڕژێم کردەوە و مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخباراتی وەرگرت.

ئەسوەد تەقتەقی، لە ڕۆژی (20.7.1986)دا کادیر و پێشمەرگەی حزبی شیوعی حەسەن کاکە ئیسماعیل عەبدوڵڵا ناسراو بە حەسەن کاکە (1935/ کۆیە)، دەستگیر دەکات و ڕادەستی ئیستخباراتی دەکات، کە ساڵی دواتر بە زیندانی کردنی هەتا هەتایە سزا درا. حەسەن کاکە، لە زینداندا مایەوە تاوەکو ڕێکەوتی (14.9.1988).

ئەسوەد تەقتەقی، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (20.8.1986) پێشمەرگەیەکی کەرتی دووی تیپی (99)ی بتوێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بەناوی خەسرەو ئەحمەد ڕەسوڵ سەلیم پشدەری ناسراو بە (ئاوات) دەستگیرکرد. ئەسوەد، دوای ئەوەی کە بۆسەیەکی لەناو دەریاچەی دوکان لە نزیک چوارقوڕنە دانابوو، لە بەلەمێکی دا، کە چەند پێشمەرگە و شەش حەوت جاشی دیلی تیابوو، خەسرەو پشدەری دەستگیر دەکات. کاتێک کە ئەسوەد ئەو پێشمەرگەیە دەستگیر دەکات، داوا لە شۆفێری جیپێک دەکات کە لەو نزیکە لەسەر شیناییەک دەبێ بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە کۆیە، چونکە خۆی ئۆتۆمۆبیلی پێ نابێت. کاتێ شۆفێرەکە دەگاتە لایان و دەزانێت ئەوە پێشمەرگەیە و گیراوە، بە ئەسوەدی دەڵێت: (چەندت پارە دەوێ دەتدەمێ بەس ئەو پێشمەرگەیە ڕادەستی حکومەت مەکە و ئازادی بکە). ئەسوەد، بە تووڕەییەوە سەیرێکی شۆفێرەکە دەکات و بەس ئەوەندە بە شوفێرەکە دەڵێت: (زووکە لێخوڕە). کاکی شوفێر، هەر یەک لە ئەسوەد، جاشەکانی و دیلەکە دەگەیەنێتە ماڵی ئەسوەد لە چوارقوڕنە بۆ خۆگۆڕین و نان خواردنی بەیانی. بەپێی قسەکانی خەسرەو، کە دایکی ئەسوەد لەو ماڵە دەبێت، بۆیە ئەو پێی وایە ماڵی ئەسوەد بووە. کاتێک دایکی ئەسوەد دەزانێت ئەوە پێشمەرگەیەکی دیلە و کوڕەکەی ئەو گرتوویەتی و نیازی وایە ڕادەستی ڕژێمی بکات. ئەو دایکە ویژدانی دەبزوێ و زۆر داوا لە کوڕەکەی دەکات و لێی دەپاڕێتەوە کە ڕادەستی بەعسی نەکات، بەڵام ئەسوەد بەوە وەڵامی دایکی دەداتەوە: (باشە ئەگەر بەم شەوە تەرمی کوڕەکەت بهاتایەوە و ئەو کوڕەکەتی بکوشتایە). دایکی پێی دەڵێت: (دە باشە کوڕم خێری ئەوەی کە تەرمی تۆم بۆ نەهاتەوە و کەس نەکوژرا ئەو پێشمەرگە بە تەمەن مێردمنداڵ و قۆزەیە

ئازاد بکە). ئەسوەد، بەقسەی دایکیشی ناکات و دوای نزیکەی یەک کاتژمێر خەسرەو ڕادەستی ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی کۆیە دەکات. پاش تێپەڕبوونی (2) مانگی ڕێک خەسرەو ئەحمەد پشدەری لە ڕێکەوتی (20.10.1986)دا بڕیاری لە سێدارە دانی لەلایەن عەواد بەندەری سەرۆکی دادگای شۆڕش بۆ دەردەچێت و ڕەوانەی ژووری سێدارەی ئەبوغرێب دەکرێت. دوای نزیکەی سێ مانگ ژیانی ژوورە پڕ لە ترس و بۆن خوێنەکانی سێدارەی بەغدا، لە ڕێکەوتی (21.1.1987)دا خەسرەو پشدەری بە فەرمانێکی تایبەتی سەدام حوسێن سزاکەی بۆ دەکرێتە زیندانیکردنی هەتایە.

لە شەوی (29.5.1987)دا و لەکاتی هێرش و پەلاماری هێزێکی گەورەی هاوبەشی مەڵبەندەکانی (2+3)ی (ی. ن. ک) کە پێکهاتبوو لە زۆربەی پێشمەرگە و تیپەکانی دوو مەڵبەندەکە لەپێناوی ئازادکردنی شارۆچکەی تەقتەق و گرتنی سەربازگەی قەڵاتەی تەقتەق کە بارەگای فەوجێکی سوپای میللی (الجیش الشعبي) تێدابوو، چەند سەرۆکجاشێک لە نێویاندا ئەسوەد تەقتەقی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات و جاشەکانی مەفرەزەکەی، پەنایان بردبووە بەر ڕەبیەی سەر پردەکە و مونەزەمەی بەعس کە تەنیا ئەو دوو شوێنە لەو شەوەدا نەگیران. لە ئەنجامی بەرەنگاری سەختی جاشەکانی ئەسود و پیاوانی ڕژێم لەم دوو شوێنەدا یازدە پێشمەرگە شەهید بوون، کە بەشێکیان ئەمانەن: (عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا عەبدولڕەحیم سەنگەسەری، ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی دوو، ئازاد سابیر تەها قادر داربەسەری، فەرماندەی کەرتی چوار لە تیپی (86)ی دەشتی هەولێر، ئیسماعیل محەمەدئەمین یونس پیرداود ناسراو بە ئیسماعیل بچکۆڵ پێشمەرگەی کەرتی (2)ی تیپی (85)ی بەڕانەتی، تاریق ناسراو بە باپیر قەسرۆکی پێشمەرگەی کەرتی یەکی ساڵەیی لە تیپی (21)ی کەرکوک، عەبدولسەلام محەمەد ڕەمەزان گۆران ناسراو بە سەلام گۆران پێشمەرگەی تیپی (85)ی بەڕانەتی، کاوە کۆیی پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی سێ، لوقمان عەبدولڕەحمان کاوێس ئیسماعیل قۆڕیتانی پێشمەرگەی تیپی (93)ی کۆیە، موحسین حەمشین فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی پێنجی گۆڕقەرەجی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و یاسین پیرداود حەمەد پیرداود ڕۆژبەیانی (شێخ بزێنی) پێشمەرگەی کەرتی یەکی ساڵەیی لە تیپی (21)ی کەرکوک؛ سەرچاوە: 2-239، کەرکوکی نوێ، ژمارە (51)،

ل7 + 2-240، کەرکوکی نوێ، ژمارە (52)، ل7، کە بۆ وەرگرتنی هەندێک لە ناوەکان سوودم لێوەرگرتووە).
ئەسوەد ئەسعەد ئەحمەد تەقتەقی، دوای ڕاپەڕین یەکێک بوو لە پێشمەرگە هەرە نزیکەکانی ڕەسوڵ مەمەندی سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان و دواتریش هەردووکیان پێکەوە هاتنەوە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ک).
ئەسوەد ئەسعەد ئەحمەد، لەدوای ڕاپەڕین لەناو شارۆچکەی چوارقوڕنە (فەقێ ئەحمەد ئەمین ڕەسوڵ لاجانی)، کە کۆنە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان (کە بە ئەنجومەنی کارتۆنی یاسادانانی سەدام ناسرابوو) وە فەرماندەی سریەی جاشان بوو لە فەوجی (22)ی جاشە سووکەکانی سەرۆکجاش هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغای پشکۆ دەکوژێت، کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. کوڕێکی فەقێ لاجانی، لاجان مستەفا عەلی و شێرە خەپە (شێروان عەبدولڕەحمان کەریم مستەفا/ 1963) لە تۆڵەی فەقێ لاجانیدا، هەڵسان لە ڕۆژی (5.3.1994)دا ئەسوەدیان کوشتەوە.
هێزێکی یەکێتی، لە ڕێکەوتی (21.5.1994)دا لە شاری کۆیە شێرە خەپەی کەریم چاوسۆری کوشت.

(11). ئەنوەر حەسەن ئەحمەد (ئەنوەری حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
ئەنوەری حەسۆل، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243).
فەرماندەی مەفرەزە ئەنوەری حەسۆل، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (285)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.
ئەنوەری حەسۆل، لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(12). ئیسماعیل عەزیز بایز ئاکرەیی، فەرمانەدەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (132)ی سەر بە ئیستخباراتی ئاکرێ.

(13). ئیسماعیل هەمزە ئیسماعیل، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (14)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی.

(14). بابەکر هۆمەر ئەحمەد (قەلادزەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (10).

(15). بایەزید حاج بایەزید عەبدوڵلا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

(16). بەکر عەلی حاجی موشیر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
بەکر عەلی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی سەنگاو، قەرەحەسەن و لەیلانی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).
بەکر عەلی حاجی موشیر، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (157)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(17). بەهمەن قادر خدر قادر کەرەمی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (144)ی سەر بە ئیستخباراتی قادرکەرەم.

(18). تاریق عەزیز ڕەزا ئاغا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
تاریق ئاغا، بەشداری لە ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، خورماتوو، سەرقەلا و کفری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).
تاریق عەزیز ڕەزا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (196)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

(19). تاهیر نەبی کانیکی دۆسکی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

تاهیر نەبی دۆسکی، لە ساڵی (1987)دا ناو ڕژێمی جێهێشت و پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد. ناوبراو ئێستاکە لە گوندی بەربانگ-ی سەر بە سەرسنگ نیشتەجێیە.

(21). تۆفیق جەبار قارەمان چەمچەماڵی. فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (145).

تۆفیق جەبار قارەمان، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی شارۆچکە و گوندەکانی چەمچەماڵ، سەنگاو، قەرەحەسەن، قەرەتامور و قەیتولی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (2-1، ب5، ل113-1133، ل1159-1160، ل1243-1244) + (2-1، ب9، ل2250-2253، ل2262-2263) + (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238).

تۆفیق جەبار قارەمان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (159)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە. بەڵام تۆفیق جەبار قارەمان چەمچەماڵی، لە ساڵی (1998)دا لە شارۆچکەی پردێ – کەرکوک کوژرا.

(21). تۆفیق ڕەحیم عەبدوڵلا نەورۆڵی (تۆفیقی ڕەعنا - هەڵەبجە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

تۆفیق ڕەحیم، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی ساڵی (1976)ی (ی. ن. ک) بوو، وەلێ لە ساڵی (1977)دا گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە فەرماندەی مەفرەزە خاسە و یەکەم خزمەتی ئەو بۆ ڕژێم بە هاوکاری ئیبراهیم حەسەن محەمەد مەحمود ناسراو بە ئیبراهیم حەسەن جێگری بەرپرسی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان کە دەستگیر کرابوو دەڕوخێ دەبنە هۆکاری ئاشکراکردنی ئەندازیار ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد ئەمین قەرەداغی (هیوا)، بەرپرسی کۆمیتەی شنرۆی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لە هەڵەبجە، کە لە شەوی (23/24.5.1977)دا لەلایەن ئەمنی هەڵەبجە دەستگیر کرا و لە ڕێکەوتی (25.7.1977)دا لە هەیئە خاسەی شاری کەرکوک سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و دواتر لە شەوی (13.11.1977)دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێت.

تۆفیق ڕەحیم عەبدوڵڵا نەورۆڵی، لە ڕێکەوتی (9.1.1979)دا فەرماندەی کەرتی هەرێمی یەکی هەورامان (فەرەج محەمەد کەریم ڕۆستەم تریفەیی/ 1947/ هەڵەبجە) ناسراو بە فەرەج تریفەیی، پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ی لە گوندی (پریس)ی ناوچەی نەورۆڵی کە دەکەوێتە سنووری شارۆچکەی هەڵەبجە، شەهید کرد.
تۆفیق ڕەحیم عەبدوڵڵا نەورۆڵی، لە ڕۆژی ڕاپەڕینی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ڕۆژی (13.5.1987)دا لەدژی ڕژێمە ڕەگەزپەرست و فاشییەکەی سەدام و حکومەتی بەعس، هەڵوێستی وەرگرت و چووە پاڵ خەڵکە ڕاپەڕیوەکە، بەڵام دوای شکستی ڕاپەڕین، بەرەو وڵاتی ئێران ڕۆیشت و لەوێشەوە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ەوە کرد، کە تاکو ئێستاکە پێشمەرگەی حزبی ناوبراوە و لە شاری هەولێر دەژیت؛ سەرچاوە: (پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم 1978-1983 و بەرگی دووەم 1983-1989، ل179-180، ناوی چاپخانە، شوێن وساڵی چاپکردنی لەسەر نییە).

(22). تۆفیق کەریم مەحمود عەبدوڵڵا خۆشناو ناسراو بە تۆفیق بیرێژی (1952/ بیرێژی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. ناوبراو، دوای ڕاپەڕین چووە ڕیزەکانی پدک و لە شەڕی ناوەخۆ لە شەوی (16/17.10.1997)دا لە گوندی سوسێ کوژراو ئێستاکە شەهیدی (پارتی)یە بە پلەی فەرماندەی بەتالیۆن و مانگانە (2.400.000) دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار دەدرێ بە کەسوکارەکەی.

(23). تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات.
محۆ شەباب، جێگری فەرماندەی مەفرەزە (جێگری تێلی تۆفیق ڕێکانی).
جاشەکانی تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی، جاشەکانی عەلی ئەحمەد شەعبان ئامێدی فەرماندەی مەفرەزە خاسە و دواتریش سەرۆکجاشی فەوجی (93)، جاشەکانی جەعفەر مستەفا دۆسکی فەرماندەی مەفرەزە خاسە و پاشان سەرۆکجاشی فەوجی (24)، جاشەکانی حجی حەسەن بەرۆشکی فەرماندەی مەفرەزە خاسە و دواتریش فەرماندەی سریە لە فەوجی (58)ی چیا دێوالی سەعید دۆسکی، لە ڕێکەوتی (14.1.1981)دا پەلاماری گوندی (هەسەن پیرکا)یان دا لە شارۆچکەی ئامێدی، کە بووە هۆی شەهید کردنی ئەحمەد ڕەمەزان پێشمەرگە لە لیژنەی ناوخۆی ئامێدی

پارتی دیموکراتی کوردستان؛ سەرچاوە: (2–253، أخبار کوردستان، العدد (9)، تشرین الثاني/ کانون ألأول 1980، ص9–10).
جاشەکانی تێلی تۆفیق ڕێکانی و محۆ شەباب، لە مانگی یازدەی ساڵی (1986)دا دوو برایان لە گوندی سواری بە ناوەکانی عەبدولڕەحمان مەجید و محەمەدئەمین مەجید شەهید کرد؛ سەرچاوە (2–255، أخبار کوردستان، العدد (150)، تشرین الثاني 1986، ص2).
هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی تێلی تۆفیق ڕێکانی و محۆ شەباب، لە شەوی (11.3.1987)دا لەنێوان گوندەکانی بادێ و سندۆر لە ناوچەی مشارا سەریی، ڤیان لەزگین عەبدولڕەحمان سندۆری خوشکی سەربەست لەزگین سندۆری بەرپرسی لقی (8)ی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید کردو موخڵس لەزگین عەبدولڕەحمان سندۆری (12) ساڵ بریندار بوو، هەروەها کوڕێکی گەنجی (18) ساڵی و خوشکە (10) ساڵەکەی بریندار بوون؛ سەرچاوە: (2–255، أخبار کوردستان، العدد (154)، آذار 1987، ص3).
تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی، ئێستا لە دهۆک دەژیت و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە کەسە نزیکەکانی (تەمەر ڕەمەزان کۆچەر)ی پارێزگاری دهۆکە.

(24). جەبار ئیبراهیم حەمە گەردی (سەید جەبار ئیبراهیم حەمە گەردی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (203).

(25). جەبار جەمیل جەرجیس ڕواندزی ناسراو بە جەبار جەمیل، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
جەبار جەمیل، پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (ی. ن. ک) بوو، بەڵام دوای شەڕی هەکاری هاتەوە ناو ڕژێم و بوو بە جاشی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات.
جەبار جەمیل، بکوژی هاووڵاتی (حاجی شێخەی بنزێری)یە؛ سەرچاوە: (شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ 1974–1980، ل188).
جەبار جەمیل لە یەک کاتدا لە کۆتایی ساڵی (1978)دا شێخە عەبدوڵڵا سلێمان شێخە ناسراو بە حاجی شێخە (1.7.1915) و کوڕێکی گەنجی ناوبراوی بەناوی ئیبراهیم شێخە عەبدوڵڵا سلێمان بەیەکەوە شەهید کردن. حاجی شێخەی بنزێری،

پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلول و لە ڕۆژی (27.5.1976)دا یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی نوێی لە باڵەک و قەندیل بۆ (ی. ن. ک) دروستکرد، فەرماندەی مەفرەزەی دەستەی پاراستنی مام جەلال بوو، لە کۆتایی ساڵی (1978)دا لە ئەنجامی ڕەفتاری نابەرپرسانەی سکترێری گشتیی (ی. ن. ک) جەلال تاڵەبانی و لە داخی ئەو خۆی ڕادەستی ڕژێمی بەعس کردەوە و لە ماڵی خۆی لێی دانیشت، وەلێ ڕژێم جەبار جەمیلی تازە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەمنی ڕاسپارد بۆ کوشتنی و ئەویش لە سەرەتای ساڵی (1979)دا خۆیی و ئیبراهیمی کوڕی کوشتن.

جەبار جەمیل جەرجیس و فارس کەریم عەبدوڵڵا فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (86) و جاشەکانیان، لە شەوی (4.9.1985)دا لەنێوان هەردوو گوندی باغەمرە و دارەتوو دوو پێشمەرگەی (ئاڵای شۆڕش)یان بە ناوەکانی ئەسعەد ڕەسوڵ ئیبراهیم باوەکر ناسراو بە بڕوا (1967/ قوشتەپە/ باغەمرە) و عەبدولوەهاب سابیر سمایل ئەحمەد ناسراو بە ئارام (1965/ قوشتەپە/ باغەمرە) شەهیدکرد.

جەبار جەمیل جەرجیس ڕواندزی، لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) چووە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ک)، بەڵام دوای ڕاپەڕین بە ماوەیەکی کەم مرد.

(26). جەبار عەباس محێدین (جەبارە درێژ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

جەبارە درێژ، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ و نەوجولی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).

جەبار عەباس محێدین، بەگوێرەی ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6689)، دووشەممە، ڕێکەوتی (19.9.1988) مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا لە سەدام وەرگرتووە.

جەبار عەباس محێدین (جەبارە درێژ)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (279)ی لە لیستی ناوی تۆمەتبارە داواکراوەکان پێدراوە.

(27). جەبار شێخ هادی شێخ نوری شێخ حوسێن بەرزنجی (سۆڵەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.

جەبار هادی سۆڵەیی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی پێباز، کەلار و سەنگاوی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239).
جەبار شێخ هادی سۆڵەیی، لە ڕێکەوتی (8.3.1991)دا واتە دووەم ڕۆژی ڕاپەڕینی دانیشتوانی سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێک پیاوی دیکەی ڕژێم لەناو ئەمنە سوورەکە سوتان.
جەبار شێخ هادی شێخ نوری بەرزنجی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و لە ڕێزبەندی ناوەکاندا ژمارە (162)ی دراوەتێ.

(28). جەمال حوسێن دوزی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
جەمال دوزی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243).
جەمال حوسێن دوزی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (165)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(29). جەمال شێخ محەمەد شێخ غەریب سۆڵەیی (جەماله سوور)، فەرماندەی مەفرەزەی تەواری و فەرماندەی سریە لە فەوجی سەید ئەحمەد بەرزنجی.

(30). جیهاد موسا قەرەهەنجیری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
جیهاد موسا قەرەهەنجیری، بەشداری هێرشی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی شوان، قەرەهەنجیر و چەمچەماڵی کردووە، کە دەکاتە بەشداری ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).
جیهاد موسا قەرەهەنجیری، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (163)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

(31). چەتۆ کەریم سەعید کۆیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (72).
چەتۆ کەریم سەعید، لە فەوجی (85)ی جاشە سووکەکانی قاسم تاهیر ئاغای کۆیەش، فەرماندەی سریە بووە.

(32). حاجی ئاغا سەرسیان (قەڵادزەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (70).

(33). حەسەن باپیر (هەولێر)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش.

(34). حەسەن ساڵح عەزیز محەمەد ئاغای ماوەران، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.
حەمید مستەفا قادر مستەفا سوورچی، فەرماندەی کۆمەڵ لای حەسەن ئاغا.
حەسەن ساڵح ئاغای ماوەرانی بە هاوبەشی لەگەڵ جاشەکانی مەفرەزە خاسەی ئەحمەد سەعید باتاسی (ئەحمەدی سەعیدە کۆری)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (90)، لە یەکێک لە گوندەکانی دەشتی هەریر لە ڕێکەوتی (10.11.1985)دا دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی ئێراقیان بە ناوەکانی تۆفیق حوسێن حەمەد (تۆفیق هەریری) کادیری ڕێکخستن و خوارزایەکی شەهید تۆفیق هەریری بەناوی حوسێن عومەر حوسێن مەعروف خەیلانی (1954/ بەردەگەورە/ هەریر) لە دێی ڕەزگەی خۆشناوان لە شارەدێی هەریر، شەهید کرد.
حەسەن ساڵح عەزیز محەمەد ئاغای ماوەرانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەم ئەندام مەڵبەندی (6)ی سۆران و هەم بە پلەی سەربازی نەقیب خانەنشینە.
حەمید مستەفا قادر مستەفا سوورچی، فەرماندەی کۆمەڵ، ئەندامی مەڵبەندی (6)ی سۆران و خانەنشین بە پلەی نەقیب.

(35). حەسیب شێخ سەدرەدین شێخ محەمەد ساڵەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (13).
حەسیب سەدرە، لە ڕۆژی (6.6.2016) لە شارۆچکەی دوبز-ی سەر بە کەرکوک مرد.

(36). حەمەخان ساڵح نادر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (22)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.

(37). حەمەڕەشید عەبدولقادر عەلی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (42)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.

(38). حەمە کەریم حاجی محەمەد ساڵح زەڕایەنی (سلێمانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (37).

(39). حەویز شێخان خدر ئاکرەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (133)ی سەر بە ئیستخباراتی ئاکری.

(40). حەیدەر شەریف، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
مەفرەزەی جاشەکانی حەیدەر شەریف، بەشداری پەلاماری ئەنفالی (1)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-110، العراق، ژمارە (3709)، ل نەزانراوە).

(41). حەیدەر یونس سلێمان مەحمود خۆشناو ناسراو بە حەیدەر لاوکۆ (1952/ زڕگوز/ پیرمام/ هەولێر)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات.
لە ڕۆژی (3.6.1992) کوژرا و دواتر بە پلەی فەرماندەی بەتالیۆن بە شەهیدی سەنگەر لای (پدک) تۆمار کراوەو مانگانە (750) هەزار دینار دەدرێتە خانم جوبرائیل قاسم-ی هاوسەری و پارچە زەوییەکیشی بە ژمارە (580/248) دراوەتێ.

(42). حوسێن ڕەشید حوسێن قادرکەرەمی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (143).

(43). حوسێن حاجی ئاغای سەرسیان، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

حوسێن حاجی ئاغا بەشداری ئەنفالی یەکی کردووە، کە ڕۆژی (5.3.1988) چەندان کەس لە دانیشتوانی گوندەکانی دۆڵەبی، سێدەر، شارستێن، قۆمەرغان، قەڵانگۆیَ و گۆمەزەڵ لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق سکاڵایان لەدژی تۆمار کردووە بەوەی کە خۆیان و خزموکەسیانی دەستگیرکردووە و ڕادەستی هێزەکانی حکومەتی کردوون؛ سەرچاوە (2-1، ب2، ل221-223+250).
حوسێن حاجی ئاغای سەرسیان، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

(44). خالید حاجی تاهیر هەمزانی دۆسکی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
خالید حاجی تاهیر دۆسکی، لە ساڵی (1985)دا لە ڕێگای پێشمەرگەیەکی پارتی بەناوی سەید حەکیم مستەفا بانکی توانی شەعبان کۆچەر کادیری ناوچەی شێخانی پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید بکات و لە هەمان کاتدا هەوڵی کوشتنی هەر یەک لە ئەکرەم ئەحمەد نەجیب مایی بەرواری کادیری ناوچەی ئامێدی پارتی، ڕزگار تەها عوسمان کێستەیی کادیری ناوچەی ئامێدی پارتی و ناسح یوسف ئەبوزێد کێستەیی ئەندامی ناوچەی ئامێدی پارتی دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە سەید حەکیم مستەفا بانکی گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە جاشی مەفرەزە خاسەی خالید حاجی تاهیر دۆسکی، تا لە ساڵی (1987)دا بەپێی نەخشەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەید حەکیم دەڕفێنن و دەیگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکان و دان بە تاوانەکانیدا دەنێت و پارتی لە تۆڵەی شەهید شەعبان کۆچەر گوللە بارانی دەکات.
خالید حاجی تاهیر هەمزانی دۆسکی، لەدوای ناوەڕاستی ساڵی (1980)کان دەبێتە جێگری ئامۆزاکەی بەناوی لەزگین فریق تاهر هەمزانی دۆسکی سەرۆکجاشی فەوجی (27).
لە ڕۆژی (1.6.1993)دا بە هاوکاری وەحید مەجید کوڤلی و لە ناو شاری دهۆک فرەنسیس یوسف شابۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بۆ ڕژێمی بەعس دەکوژن و بەرەو موسڵ ڕادەکەن و دەچنە ناو ڕژێم. دواتر خالید هەمزانی خۆی گەیاندە وڵاتی سوید، بەڵام لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی (2003)دا بە ماوەک و لە ئەنجامی هەوڵی کوردانی ئەم وڵاتە و لە ترسی دادگایی کردن ڕایکرد و گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە شاری موسڵ دەژی.

لیوا وەحید مەجید کوڤلی (1970)، فەرماندەی فەرماندەیی هێزی دژەتیرۆری هێزەکانی پارتی لە پارێزگای دهۆک، لە ڕۆژی (3.2.2017)دا هەر لە شاری دهۆک بە هۆی مەیینی خوێنی مێشک (وەستانی مێشک) مرد.

(45). خالید عەبدوڵڵا سەعید ناسراو بە (خالیدی فاتە یان خالیدی عەبدوڵڵا حەماڵ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
خالیدی فاتە، دوای ڕاپەڕین لەناو سلێمانی کوژرا.

(46). خەیروڵڵا کەریم مەولود (خەیروڵڵا دوزی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات.
خەیروڵڵا کەریم مەولود، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).
خەیروڵڵا کەریم مەولود، بەگوێرەی ڕۆژنامەی (الثورة)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).
خەیروڵڵا کەریم مەولود ناسراو بە (خەیروڵڵا دوزی)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (176)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(47). دێدەوان جەلال حەمەد زراری (دێدەوان جەلال پیرباڵ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (186)ی سەر بە ئەمنی هەولێر.
دێدەوان، دوای کوژرانی باوکی بەدەستی مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی کەرتی سێی تیپی (86)ی دەشتی هەولێری سەر بە مەڵبەندی سێی (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (13.4.1986)دا، لە شوێنی باوکی بوو بە فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ئەمن.
جەلال پیرباڵ، یەکێک بوو لە جاشە هەرە دڵسۆزەکانی بەعس و هەرە دڕندە لەدژی نەتەوەکەی خۆی.
جەلال حەمەد پیرباڵ و مەلا عوزێر شێخانی فەرماندەی مەفرەزە خاسە، لە ڕۆژی (21.4.1981) پێشمەرگەیەکیان بەناوی ئیبراهیم ئەبوبەکر سۆفی محەمەد (ئیبراهیم

پۆلیس)، خەڵکی گوندی کەنداڵ لە نزیک قوشتەپە شەهید کرد، کە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لای شەهیدی سەرکردە ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (شەهید ڕێباز).

جەلال پیرباڵ، لە ناوەڕاستی ساڵی (1982)دا بە فڕتوفێڵی یارمەتیدان و هاوکاری کردنی شۆڕش، سێ پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەناو قوشتەپەدا دەستگیرکرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کردن، کە دواتر لە ڕۆژی (15.1.1983)دا لە مەحکەمەی سەورە سزای سێدارەیان بۆ دەرچوو، تا لە ڕۆژی (31.12.1983)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دران، کە ئەمانە بوون: (ئەسکەندەر عەلی ڕەزا عومەر سوورچی، ئیسماعیل عەبدوڵڵا حەمەد ئیسماعیل گەردی و فەرهاد عەلی ڕەزا عومەر سوورچی).

دیدەوان و دوو لە مامەکانی بەناوی ئیبراهیم و عەبدوڵڵا لە ڕۆژی (13.4.1986)دا واتە ڕۆژی کوژرانی جەلال پیربالی باوکی، پەلاماری بنەماڵەی سلێمان عومەر مەولود باپیر ناسراو بە (سولە قۆڕیتانی)یان دا کە پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بوو و پێنج کەسیان لێ شەهید کردن بە ناوەکانی: (هەمزە عومەر مەولود باپیر، پشتیوان عومەر مەولود باپیر، گوڵناز عومەر مەولود باپیر، لەگەڵ دوو پورزای سولە قۆڕیتانی بە ناوەکانی سدیق سەمەد ساڵح و خەیلان سەمەد ساڵح) لەگەڵ بریندار کردنی ئامۆزایەکیان بەناوی پەروین سابیر مەولود و سافیە داپیرەی پەروین لە دایکییەوە.

هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی (85)ی بەڕانەتی، (86)ی دەشتی هەولێر و (87)ی قەرەچوغ لە شەوی (9.5.1986) و لە تۆڵەی خوێنی ئەو پۆلە شەهیدەدا، هەڵمەتیان بردە سەر مۆڵگەی جاشەکانی دیدەوان جەلال پیرباڵ لە گوندی قۆڕیتان نۆ جاشیان لێ کوشتن کە ئەوانە ناسراون: (ئیبراهیم پیرباڵ، عەبدوڵڵا پیرباڵ، کامەران عەبدوڵڵا پیرباڵ، ئەحمەد سابیر خەلیل، سەعیدە ڕەش و مامەر موسا)، بەڵام نامیق عومەر حەسەن محەمەد (دڵشاد) پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر شەهید بوو.

هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی دیدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دیدەوان جەلال پیرباڵ، فەرماندەی مەفرەزەی (186)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا بارزانی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجی جاشە سووکەکان، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی (قەراج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی

ئەمنی هەولێر، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)، عەلی محەمەد عومەر ئاومالّی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، عومەر حەمەدئەمین سۆفی شێخانی ناسراو بە (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (47)ی سەر بە ئەمنی هەولێر و مامەند سالّح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113)ی سەر بە بەڕێوەبەریتی ئەمنی هەولێر، لە بۆسەیەکی هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد شێروانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، سالّح عومەر محەمەد شوانی (ئامۆزای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عوێنەیی بەناوی (خاسێ سالّح ئەحمەد عەوێنەیی) ئەوی دیکەیان کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگە عەلی مەخموری) و بریندار بوونی هەر یەک لە سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود، خەدیجە سلێمان فەقێ محەمەد و کافیە حوسێن عەبدوڵڵا وەلی کە خوشکی شەهیدی فەرماندە فاقە مەخموری (28.3.1995) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری بوو.

دیدەوان جەلال پیربالّ، لەدوای ڕاپەڕینی سالّی (1991)دا لەگەڵ هەر یەک لە عەبدولخالق سەلیم پونگینەیی و عەبدوڵڵا سەلیم پونگینەیی دکتۆر محەمەد باجەلان-یان کوشت، بۆیە هەرسێکیان پێکەوە لەسەر ئەو تاوانە لە ڕۆژی (17.1.1992)دا لەلایەن (ی. ن. ک)ەوە گوللە باران کران.

(48). ڕەئوف ڕەشید ئیسماعیل (ڕەئوف زڕگوێزی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (26)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی.

ڕەئوف زڕگوێزی، لە ڕۆژی (25.9.1984)دا لە گوندی کانیسپیکەی بەرخ سنووری سەیدسادق پێشمەرگەیەکی تیپی (55)ی قەرەداغ بەناوی محەمەد قادر سەعدون شەهید دەکات.

ڕەئوف ڕەشید، لە ساڵی (1985)، لە گوندی زڕگوێزی گەورە پێشمەرگەیەکی تیپی (57)ی سەگرمەی بەناوی بارام عەزیز ساڵح ناسراو بە هاوار (موبڕە/ زەڵان/ شاربازێڕ) شەهید و خالید مەلا عەلی (خالید عەلی ئەمین مارف)، ڕابەری سیاسیی تیپی (57)ی سەگرمەی بە بریندراری بەدیل گرت و ڕادەستی ئیستخباراتی کرد، سەرەتا سزای لەسێدارەدانی لە دادگای شۆڕش بۆ دەرچوو، دواتر بە لێبووردنێکی تایبەت ئازاد کرا، بەڵام بەداخەوە، لە ڕاپەڕینی دووەمی سلێمانی لە ڕۆژی (18.7.1991)دا شەهید بوو.

ڕەئوف ڕەشید زڕگوێزی، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).

ڕەئوف ڕەشید ئیسماعیل زڕگوێزی، لە کۆتایی نەوەدەکان مردووە.

(49). ڕەجەب کەریم ئاغا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (13).

(50). ڕەحمان مستەفا ئەحمەد ناسرا بە ڕەحمان بێشەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (38)، مردووەو بە شەهیدی (ینک) ناونووس کراوە.

ڕەحمان بێشە و جاشەکانی، لە ڕۆژی (24.12.1982)دا سێ پێشمەرگەی یەکێتی (جاسم عوسمان ئەحمەد ئەبوبەکر ناسراو بە جاسم گڕاوی (1.1.1965)، فوئاد سابیر نادر حەسەن عوبێد ناسراو بە فوئاد قەشقە و کەمال کەریم عەبدولڕەحیم ئیسماعیل ناسراو بە کەمال گڕاوی)، لە دۆنگزاوە لە نزیک بەستۆرە شەهید دەکەن و ئەکرەم عەزیز حوسێن عومەر ناسراو بە حاجی ئەکرەم و ئەحمەد ئیسماعیل عەبدوڵڵا ناسراو بە ئەحمەد هەنارەیی بریندار دەکەن، کە دواتر حاجی ئەکرەم لە ڕۆژی (18.12.1983) لە قۆڕەبەرازە شەهید کراو ئەحمەد هەنارەیی-ش لە ساڵی (1993) بە دەستی بزووتنەوەی ئیسلامی لە باغەمرە شەهید کرا.

(51). ڕەزا کەریم (داڵاواکوردان/ ئاغجەلەر/ کەرکوک)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (13).

هەر یەک لە کوڕانی ڕەزا کەریم (جەمال ڕەزا کەریم و عەلی ڕەزا کەریم)، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-26، ڕۆژنامەی الثورة، ژمارە (6689)، ل؟)، مەدالیای

ئازایەتیان لە سەدام حوسێن لە پاداشتی بەشداریکردنیان لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە. ڕەزا کەریم و کوڕەکانی سەر بە پارتی و لە هەولێرن.

(52). ڕەشید ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (58).
ڕەشید ئەنوەر ڕەشید خۆشناو (ڕەشید ئەنوەر بەگی بێتواتە)، وەکو نوێنەری پارێزگای سلێمانی خۆی هەڵبژاردووە بۆ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەر بە سەدام، کە لە ڕێکەوتی (9.9.1989)دا دەنگی بۆ دراوە و بۆتە ئەندامی خولی حەوتەمی ئەنجومەنەکە.

(53). ڕەفعەت عەلی حاجی موشیر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

(54). سابیر محەمەد عیسا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
سابیر محەمەد عیسا، کۆنە پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بوو، دوای هاتنەوەی بۆ ناو ڕژێم بوو بە خاوەنی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات.
سابیر محەمەد عیسا، تۆمەتبارە بە سەربڕینی شێتێک لە دەوروبەری شارۆچکەی پێباز بەناوی فەتاح محەمەد ڕەسوڵ و ڕادەستکردنی سەری قوربانی ناوبراو بە مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقی لە کەرکوک لە مانگی حەوتی ساڵی (1988)دا لەکاتی هێرشی ئەنفالەکاندا؛ سەرچاوە: (دانیشتنی ژمارە (32)ی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی شاڵاوەکانی ئەنفال، چوارشەممە، ڕێکەوتی (20.12.2006)، تەلەفزیۆنی کوردسات).
پاش ڕاپەڕینی (1991)، سابیر محەمەد عیسا، گەڕایەوە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ک)، بەڵام دوای ئاشکرابوونی تاوانەکەی لە سەرەتای ساڵی (2007)دا لەناو ئەو حزبە دەرکرا.

(55). سالار ئەحمەد ئاڵلایی ناسراو بە (سالار بازیانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت؛ سەرچاوە: (نووسراوی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی بە ژمارە (22)ی ڕێکەوتی (11.1.1987).

(56). ساڵح ئەحمەد شەریف (ساله موزەلی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
ساله موزەلی، لە ساڵی (1985)دا مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی سلێمانی وەرگرت.
دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)، چووە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ک) و لەدوای (31ی ئابی 1996)دا بوو بە پارتی، بەڵام دوای ڕاونانی پارتی لە سلێمانی دووبارە بووەوە بە یەکێتی.
ساله موزەلی، لە ساڵی (1998)دا لە شاری سلێمانی کچێکی بەناوی (مەهاباد عەبدوڵڵا حوسێن) کوشت و بۆ ماوەیەکی کەم دەستگیرکرا، بەڵام هەر زوو بە پشتیوانی بەرپرسانی (ی. ن. ک) ئازادکرا، سەرەڕای ئەوەی لەبەردەم دادگای سلێمانی تەقە لە دایکی مەهاباد کراو بریندارکرا.
ساڵح موزەلی، تۆمەتبار بوو بە کوشتنی ژنێک بەناوی عەزیمە عومەر ئەحمەد، کەچی لە ڕێکەوتی (13.10.2001)دا دوو خوشکی دیکەی مەهابادی بە ناوەکانی (جوان عەبدوڵڵا حوسێن و ناسک عەبدوڵڵا حوسێن) ڕفاند و بۆ شەو ناسک بە نیوە مردوویی فڕێدرایە سەر ڕێگایەک و دوای چوار ڕۆژ لە ڕێکەوتی (17.10.2001)دا تەرمی جوان لە دەشتێکی نزیک سەرچنار دۆزرایەوە، کە ئەو جارەیان دادگا سزای لە سێدارە دانی بۆ ناوبراو دەرکرد، وەلێ دوای ماوەیەک بە هەوڵی بەرپرسان سزاکەی بۆ کرا بە زیندانی هەتا هەتایە. بەڵام دوای نزیکەی نۆ ساڵ و نیو، تۆمەتبار ساله موزەلی بە لێبووردنێکی تایبەتی سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی)، لە ڕۆژی (15.11.2010)دا لە زیندان ئازادکرا.

(57). ساڵح سەعید تەکیەیی (ساله کونجە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.
ساڵح سەعید، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی چواری کردووە و لە ڕۆژی (4.5.1988)دا لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی تەکیە خەڵکی گرتووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب13، ل3805-3807).

(58). ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد خانەقینی (ساڵەی خەیات)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.
حەمەکەریم عەبدوڵڵا محەمەد خانەقینی (برای ساڵە خەیات)، جێگری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

ساڵە خەیات، حەمەکەریم و کەسێکی تر بەناوی مەحمود حەسەن عۆل سەلمان، لە ڕۆژی (6.10.1978)دا پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)یان بەناوی ئەشرەف کەریم ڕەسوڵ ناسراو بە ئەشرەف یەک باڵ لە گوندی چەمرگەی قەرەداغ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە شەهید کرد.

ساڵح عەبدوڵڵا خەیات و جاشەکانی، لە شەوی (25/26.11.1979)دا لە دەرەوەی هەڵەبجە لە بۆسەیەکدا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بە ناوەکانی حوسێن مەجید مەلا حامید کۆکۆیی فەرماندەی کەرت لە هەرێمی یەک و عەلی محەمەدئەمین ئەحمەد نەوڕۆڵی ناسراو بە (عەلی دەلێنی)، یەکەمیانی شەهید کرد و دوەمیشیانی بە بریندارى بەدیلگرت و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و هەیئە کرد. عەلی دەلێنی، چەند مانگێک لە هەیئەی خاسەی کەرکوک مایەوە و ئازار و ئەشکەنجەی زۆر درا، دواتریش فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، ئەوەبوو لە شەوی (21.5.1981) لە زیندانی شاری موسڵ لە سێدارە درا.

ساڵح خەیات و جاشەکانی، لە ڕۆژی (17.9.1981)دا، دوو پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ناوەکانی (عەبدولڕەحمان حەسەن سەعید ناسراو بە دکتۆر چیا/ 1956) و (بەهجەت حەمەفەرەج محەمەد ناسراو بە هەردی)، لە زەڕایەن شەهید دەکەن.

ساڵح عەبدوڵڵای ناسراو بە ساڵە خەیات و حەمەکەریم عەبدوڵڵای برای، گوایە دەیانەوێت بەهاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان دەستێک لە بەعس و ڕژێمەکەی سەدام بوەشێنن و خۆشیان بچنە ڕیزی پێشمەرگەوە، بەو مەبەستە و بە فێڵ سێ بەرپرسی پارتییان هێنایە ناو شاری سلێمانی لە پێناوی گفتوگۆکردن و نەخشەدانان بۆ چۆنێتی ڕادەستکردنی دەربەندیخان، کەچی ساڵە خەیات و براکانی لە ڕۆژی (22.9.1987)دا لە پلانێکی داڕێژراوی دەزگای ئیستخباراتی ڕژێم، سێ پێشمەرگەی (پدک)یان بە ناوەکانی عەبدوڵڵا محەمەدئەمین محەمەد ڕەشید ئیسماعیل (عەبدوڵڵا ئاغا سیوەیلی/ 1946)، بەرپرسی سەربازی لقی چواری پارتی، عەبدولقادر غەفور سلێمان ئەحمەد (1952/ زەڕایەن) و نەوزاد محەمەد نەجیب ساڵح (1963/ سلێمانی)، شەهید کرد.

ساڵە خەیات و جاشەکانی بەشداری شاڵاوی ئەنفالی دووی قەرەداغیان کردووە و دانیشتوانی بێتاوانی دێهاتەکانیان گرتووە و ڕادەستی هێزەکانی حکومەتی بەعسیان کردوون؛ سەرچاوە: (2-1، ب3، ل641).
دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)، پارتی دیموکراتی کوردستان لە تۆڵەی ئەو سێ شەهیدەی خۆیدا کە بەدەستی ساڵە خەیات و پیاوەکانی لە ڕێکەوتی (22.9.1987)دا شەهید کرابوون، هەر یەک لە ساڵە خەیات، حەمەکەریم و براکانی و لەگەڵ ئەوانەی دەستیان هەبوو لەو پلانەدا، کوشتن.

(59). ساڵح مستەفا ساڵح بێسفکی دۆسکی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی 12.
ساڵح مستەفا دۆسکی، دوای کوژرانی جەعفەر دۆسکی برای لەلایەن ڕژێم بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی بەعس ڕەوانەی ناو ڕیزەکانی (پ. د. ک) دەکرێت، بەڵام دوای ئاشکرابوونی پلانەکەی لە ساڵی (1987)دا لەلایەن پارتی دەگیرێت و گوللە باران دەکرێت.

(60). سەباح ئیسماعیل خدر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
فەوجی سەباح ئیسماعیل، بەشداری هێرشی ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

(61). سەباح عەلی فەقێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
مەفرەزەی سەباح عەلی فەقێ، بەشداری هێرشی دڕندانەی ئەنفالەکانی (1+2)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).
سەباح عەلی فەقێ فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).

(62). سەعید عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (89)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.

(63). سەڵاح شینە عەبدولڕەحمان خدر بندیان (سەڵاح شینە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

سەڵاح شینە، سەرەتا پێشمەرگەی یەکێتی بووە، پلە یەک لەدوا یەکەکانی سەربازی وەکو فەرماندەی مەفرەزە، جێگری فەرماندەی کەرت، فەرماندەی کەرت، جێگری سەرتیپی (86)ی دەشتی هەولێر و ساڵی دواتر سەرتیپی (12)ی سۆرانی بڕیوە.

سەڵاح شینە، لەلایەک لەکاتی ئەنفالەکاندا ورەی ڕووخا و توانای پێشمەرگایەتی نەما، لە لایەکی تریشەوە کێشەی هەبوو لەگەڵ چەند بەرپرسێکی دیکە بەتایبەت دوای لابردنی لە سەرتیپی (12)ی سۆران، بۆیە لەژێرەوە پێوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە کردبوو. ڕژێمیش داوای لێکردبوو کە چەند فەرماندەیەکی پێشمەرگە بکوژێت یان بەزیندوویی ڕادەستی ئەوانیان بکات، ئینجا لە ڕابردووی ئەو خۆشدەبن.

سەڵاح شینە، بەو مەرجەی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم قایل بوو، بەڵام لە دەرفەتێک دەگەڕا کە ئەوانەی لەناو یەکێتی ڕقی لێیان بوو لەگەڵ چەندان کادیر و پێشمەرگەی حزبی شیوعی پێکەوە شەهیدیان بکات، یان بیانگرێت و وەکو نێچیری چەور لەسەر مێزی دۆستایەتی نوێی خۆی و بەعسییەکان شانازی بە شەهید کردن و ڕادەست کردنەوەیان بکات. ئەو دەرفەتەی کە سەڵاح شینە بەدوایدا دەگەڕا بۆی ڕێک نەکەوت، بۆیە بەناچاری لە شەوی (9/10.6.1988)دا لە گوندی (پڵینگە)ی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە گورزێکی کوشندەی جەرگبڕی ئاراستەی حزبی شیوعی کوردستان کرد و عەبدولڕەحمان عەزیز حەمەد ئەحمەد (دکتۆر عادل) و دوو پێشمەرگەی دیکەی بە ناوەکانی عەلی حاجی ئیسماعیل مستەفا پاڵانی ناسراو بە کەمال (1966/ دوگرتکان) و یوسف حوسێن کەریم شێخ بزێنی ناسراو بە ڕزگار گردعازەبانی شەهید کرد، لەگەڵ بریندارکردنی پێشمەرگەیەکی دیکە بەناوی سەعدی دارەخورمایی ناسراو بە هندرێن.

شەهید دکتۆر عادل، هەم کادیرو ڕابەری سیاسی لقی قەرەچوغی هێزی پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو، هەم فەرماندەیەکی سەربازی شارەزا. ئەو شەهیدانەی سەرەوە و حزبی شیوعی و لایەنەکانی تریش بێ ئاگا بوون لەوەی کە بەر لە نزیکەی هەفتەیەک شەوێک سەڵاح شینە و تاقمەکەی کە پێکهاتبوون لە (نوری قادر مەجید دۆرەبەکرەیی ناسراو بە نوری قادر باریکە، کە ئێستاکە پلەکەی عەمیدە لە هێزی

پاسەوانی سنووری هەولێرە و سەر بە (ی. ن. ک)ە، سمکۆ قادر نەبی بڵباس (عەمید سمکۆ بڵباس)، کە ئێستاکە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی (ی. ن. ک)ە، لەگەڵ محەمەد حوسێن کە دوای ڕاپەڕین کوژرا)، لە نزیک گوندی گەڕەبەشەی سەر بە قوشتەپە تووشی دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی دەشتی هەولێر دەبن، کە کانەبی عوسمان کانەبی خدر بڵباس گەڕەشێخانی (کانەبی گچکە – کادیر و ڕابەری سیاسی لقی دەشتی هەولێر) و ئازاد مەلا ڕەحمان قەتەوی ناسراو بە (مەلا ئاشتی) دەبن. سەلاح شینە و تاقمەکەی، زۆر بەئاسانی و لەناکاو ئەو دوو پێشمەرگە بەفێڵ دەگرن و بەدەست بەستراوی ڕادەستی ئەمنی هەولێر-یان دەکەن، ئەوانیش دواتر هەردووکیان شەهید کردن.

سەلاح شینە و تاقمەکەی، هەر هەمان ئەو شەوەی کە شەهید دکتۆر عادل و هاوڕێکانی شەهید کردن، لە شەوی (9/10.6.1988)، پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)ی بەناوی سەدرەدین فەتاح عەبدوڵڵا دووشیوانی (دیبەگە) ناسراو بە (حاجی) کە خزمی ڕائید جەلال (جەلال عەبدولقادر عەزیز شەریف هەولێر/ دیبەگە/ دووشیوان/ 1945-31.7.2020)، بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی سێی یەکێتی بوو، شەهید کرد. سەلاح شینە بندیان، داوای لە شەهید حاجی کردبوو لەو دوانە یان گەڕانەوە بۆ ناو ڕژێم و بوون بە جاش یان کوشتن یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڵام شەهید حاجی مردنی هەڵبژارد نەک گەڕانەوە بۆناو ڕژێم و بوون بە نۆکەرو جاشی ڕژێمێکی داگیرکەری ڕەگەزپەرست و فاشی، بۆیە سەلاح شینە و جاشەکانی حاجی-یان شەهید کرد.

سەلاح شینە و پیاوەکانی، شەوی دواتر لە گۆڕستانی قوڵتەپە، واتە لە ڕۆژی (10.6.1988)دا، دەستڕێژیان لە سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی کرد کە دوانیان بریندار بوون بە ناوەکانی تاریق عەبدوڵڵا ئیبراهیم عیسا پاڵانی ناسراو بە (کرمانج) خەڵکی دووگرتکانی قوشتەپە و موخلیس عەبدوڵڵا ناسراو بە سالار، کە توانیان بە برینداری خۆیان دەربازکەن، وەلێ بەداخەوە ڕۆژی دواتر هاوڕێ کرمانج لەبەر سەختی برینەکەی شەهید بوو، بەڵام خۆشبەختانە هاوڕێی سێیەم بەناوی (هێرش) بێ زیان لە بۆسەکەدا دەرچووو.

سەلاح شینە، بە شەهید کردنی ئەو پۆلە قارەمانەی شیوعی و یەکێتی کە لە سەرەوە ناوم بردن دڵی ئاوی نەخواردەوە، بۆیە ناوچەکەی بەجێنەهێشت و نەگەڕایەوە ناو ڕژێم، بەڵکو بە بەردەوامی شەو و ڕۆژی دەنایە سەر یەک لەپێناوی ڕاوکردنی

پێشمەرگە و بەرپرسەکاندا. سەلاّح شینەی کۆنە پێشمەرگە و فەرماندەی نوێی مەفرەزەی تایبەتی جاشان، لە بۆسەیەکی دیکەدا لە نزیک گوندی بیرەجنەی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، دوو پێشمەرگەی دیکەی حزبی شیوعی شەهید کرد بە ناوەکانی ئیبراهیم باداوەیی و هەژار منارەیی، ئەوەی شایەنی باسە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (1991)دا، سێ برای دیکەی ئیبراهیم باداوەیی شەهید بوون.

شەهید کردنی یاسین کەریم عەلی مام زێندین، پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێری (ی. ن. ک) لەنێوان گوندەکانی کەردز و میرکان لە ڕۆژی (28.6.1988)دا لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگەی دیکەدا بە ناوەکانی فەتاح ڕەحمان ڕێبەری سیاسی تیپی (86)ی دەشتی هەولێر و پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی ڕەسوڵ جەلال خەڵکی دێی (سۆفی برایم/ قوشتەپە).

سەلاّح شینەو جاشەکانی لە ڕۆژی (7.7.1988)دا دەچنە سەر سێ پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە گوندی میرەکان و دوو پێشمەرگە شەهید دەکەن بەناوی محەمەد قادر حەمەد مەنتک (وەستا محەمەد) و زرار یابە قادر حوسێن.

سەلاّح شینە و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (11.7.1988)دا ڕۆستەم عەلی عەبدوڵلا مەحمود پیرداود قۆڕیتانی ناسراو بە ڕۆستەمی عەلی سوور (1968/ قۆڕیتان/ شەمامک/ هەولێر)، پێشمەرگەی تیپی (86)ی دەشتی هەولێری سەر بە (ی. ن. ک) لە گوندی کانی بزرە بە زامداری بەدیلی دەگرن و لەناو گونیەیک ڕادەستی دائیرەی ئەمنی هەولێری دەکەن، ئەوانیش دوای ماوەیەک گوللە بارانی دەکەن.

شەهید ڕۆستەم، پێنجەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە کە پێشتر باوکی و سێ برای شەهید بووینە. باوکی لە ڕۆژی (26.6.1982)دا لە گوندی میرکە شەهید بووە، سەعید عەلی سوور (1957)، فەرماندەی کەرتی حسک، لە ڕۆژی (16.6.1982)دا لە گوندی سماقوڵی گرتک بەدەستی محەمەدی برای شەهید کراوە، کە دواتر محەمەد لە ڕۆژی (2.11.1984)دا لە گۆڕەپانی کۆتری سەلام لە شاری هەولێر لەلایەن حسک کوژرایەوە. عەباس عەلی سوور، فەرماندەی کەرت (1963/ هەولێر – یەکێتی)، لە ڕۆژی (15.10.1983)دا لە شەڕێکدا لە گەڕەکی ئیسکانی هەولێر بە برینداری بەدیل گیراو لە ڕۆژی (22.7.1984)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە، عوسمان عەلی سوور (1969)، پێشمەرگەی یەکێتی و فەرماندەی کەرت، لە ڕۆژی (12.12.1989)دا لە دێی سیاوی شەمامک لە شەڕێکدا شەهید بوو.

دەستگیرکردنی کەسێک بەناوی ئەسعەدە کەڕە، دانیشتووی گوندی ئۆمەرەسوور کە لە خوار گوندی بێستانەی گەورە لەلایەن سەڵاح شینەو جاشەکانی و دواتر کوشتنی. شەهید کردنی چەند پێشمەرگەیەکی تر بەجیا و لە شوێنی جیاجیادا بە ناوەکانی: (ئازاد عومەر ئەحمەد گەردی ناسراو بە ئازادی مەلا ئۆمەر (1962/ دووکەڵە/ قوشتەپە)، پێشمەرگەی حزبی شیوعی کە لە کێڵگەی پەلەوەری دووسەرە شەهید کرا و برای شەهید وەیسی بوو. محەمەد مام قادر ڕەسوڵ بسکۆڵ بە بریندارى لەدەست سەڵاح شینە و پیاوەکانی دەربازبوو، کەچی بەداخەوە دواتر لەناو ئەشکەوتێک شەهید بوو. شەهید کردنی حوسێن ئۆمەرەسوور).
دوای ئەوەی سەڵاح شینە و ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا گەڕانەوە ناو ڕژێم و بوون بە مەفرەزەی تایبەتی (مەفرەزە خاسە)ی ئەمن، شەوانە دەچوونە ئەو ڕێگایانەی کە پێشمەرگە هاتووچۆیان پێدا دەکرد و بۆسەیان بۆ دەنانەوە بەتایبەتی لە بەستی شەرغە، یان دەچوونە سەر خێزان و بنەماڵەی پێشمەرگە لەپێناوی دەستگیرکردنی کوڕ و براو باوکە پێشمەرگەکانیان ئەگەر بۆ سەردانی خزم و کەسیان بێنەوە یان هاتبنەوە ماڵەوە. ئەگەر هەرنا لەهەر شوێنێک گومانی هەبوونی ڕاکردوو لە خزمەتی سەربازیان هەبوایە، بەرەو شوێنەکە یان دێیەکە دەڕۆیشتن بە مەبەستی دەستگیر کردنیان و ڕادەستکردنەوەیان بە دامودەزگا سەرکوتکەرەکەی ئەمن، کە ئەوانیش گوللە بارانیان دەکردن.
بۆ نموونە سەڵاح شینە و جاشەکانی، دوو کوڕی عەزیز قەمبەری کە ڕاکردووی ڕاژەی سەربازی و ڕێکخستنی یەکێتی بوون بەناوەکانی حەمەدئەمین عەزیز حەمەد حەبیب (1967) و خالید عەزیز حەمەد حەبیب (1962/ سێگردکان/ قەمبەر) دەستگیرکرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری کردن، کە دواتر لە ڕۆژی (6.8.1988)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر گوللە باران کراون.
سەڵاح شینە دۆرەبەکرەیی، ئەسکەندەر عەبدوڵڵا، وەلی عومەر ڕەسوڵ، سەباح، سمکۆ قادر نەبی بڵباس، نوری قادر مەجید باریکە و (100) جاشی دیکەی هەمان مەفرەزە لە شەوی (18/19.7.1988)دا لە بەستی شەرغە و گوندی میرکە، سەرەتا بارەگای بنکەی حزبی شیوعیان داگیرکردووە. پاشان شەش پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان بە ناوەکانی (ئەحمەد حەمید عومەر قادر دەربەندی (سێگردکان)، دڵشاد حەمید عومەر قادر دەربەندی (سێگردکان)، حەمەدئەمین ئەحمەد حەمەدئەمین

سێگردکانی، محەمەد حەمەساڵح قادر سێگردکانی، محەمەد مەولود عومەر قادر شێخ بزێنی – سێگردکانی و یونس عەبدوڵڵا ئۆمەر قادر سێگردکانی)، گوایە لە شەڕێکدا دەستگیرکردووە و ڕادەستی ئەمنی هەولێریان کردوون. بەڕێوەبەرێتی ئەمنی هەولێر بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (11217)ی ڕێکەوتی (20.7.1988)، داوای گولله بارانکردنی ئەم شەش پێشمەرگەیەی لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان کردووە، ئەوانیش بەگوێرەی نووسراوی خۆیان بە ژمارە (ق10279/2)ی ڕۆژی (2.8.1988)، ئەمنی هەولێر ئاگادار دەکەنەوە کە ڕەزامەندی فەرماندەیی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکووری حزبی بەعس-یان وەرگرتووە بۆ جێبەجێکردنی سزای گەل (گولله باران کردن)ی ئەم شەش پێشمەرگەیە. دیارە ئەمنی هەولێر دوای پێنج ڕۆژ بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (11985)ی ڕێکەوتی (7.8.1988)ی خۆی، کە بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان-یان ناردووە، ڕۆژی پێشتر واتە لە ڕێکەوتی (6.8.1988)دا ئەو شەش پێشمەرگە قارەمانەیان لە سێدارە داوە؛ سەرچاوە: (2-140، میدیا، ژمارە (320)، ل8).

سەلاح شینە و جاشەکانی، لە ڕێکەوتی (24.7.1988)دا، لە نزیک دێی (کانی بزرە)دا چوار پێشمەرگەی دیکەی یەکێتی کە خەڵکی کەرکوک و کۆیە-ن دەستگیرکردووە، بەپێی نووسراوی ژمارە (2014)ی ڕێکەوتی (25.8.1988)ی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی هەولێر لەگەڵ نۆ کەسی تری دانیشتووی ڕواندز، کە لە ڕەشبگیریەکەی ڕێکەوتی (15.6.1988)دا دەستگیرکرابوون، گولله باران کراون. شاڵاوی ئەو ڕەشبگیریە بە سەرکردایەتی عەمید ڕوکن عامر ئەلزوبێدی، فەرماندەی تیپی (45)ی سەر بە فەیلەقی پێنج و بەشداری ڕەفیقەکانی مونەزەمەی حزبی بەعس لە ڕواندز، ئەمنی ڕواندز، ئیستخباراتی سەربازی و کۆمەڵە جاش و مەفرەزە خاسەیەک ئەنجام درا، کە زۆرتر خەڵکی لێقەوماوانی هەندێک لە گوندەکانی دەوروبەری گرتەوە کە پەنایان هێنابوو بۆ شارۆچکەی ڕواندز، لەگەڵ دەستگیر کردنی ژمارەیەکی زۆر کەسی کوردپەروەر و بەهەڵوێستی ئەو شارۆچکەیە، کە هەموویان ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (120) هاووڵاتی و دواتر (13) کەسیان گولله باران کران. بەگوێرەی بەڵگەنامەی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا، لە ژمارە (1-4) بریتیین لەو پێشمەرگانەی کە سەلاح شینە و جاشەکانی گرتوویانن و ڕادەستی ئەمنی هەولێریان کردوون، لە ژمارە (5-13) خەڵکی ڕواندزن. سێزدە شەهیدەکە، کە چواری یەکەمیان

پێشمەرگەی یەکێتی-ن و خەڵکی کەرکوک و کۆیە-ن، نۆ کەسەکەی تریش هاووڵاتی ڕەواندز-ین کە بریتیین لە: (ئیبراهیم خورشید محەمەد جەوەیی، حەسەن عومەر ساڵح هیدایەت قولی بەگی، ئەسعەد ئەحمەد محەمەد عەلی پەڵکانەیی، سەروەر هیدایەت سوارە محەمەد (1.7.1966/ هەولێر/ کۆیە/ پێبازۆک)، ئەمین ناوخۆش عەبدولڕەحمان، ڕێبوار حەسەن یوسف، شێرزاد جەبار مام شێخ، عیسا محەمەد عەلی عودیش، عەبدولڕەزاق خدر مام شێخ، وریا سەعید عەبدولڕەزاق، سەلیم ئەسعەد عەبدوڵڵا مەلا، سەردار تەها بەکر تەها ناسراو بە هیوا و فازڵ شافی میرزا). سەڵاح شینە و جاشەکانی، لە ڕۆژی (26.7.1988)دا هەینی محەمەد عوسمان مەولود دووگردکانی ناسراو بە هەینی جیهاز، پێشمەرگەی یەکێتی لە تیپی (87)ی قەرەچوغ بەدیل دەگرن و ڕادەستی ئەمنی هەولێری دەکەن، کە دواتر لە ڕێکەوتی (27.8.1988)دا گوللە باران کراوە.

بەگوێرەی سکاڵای کەسێکی ڕاگوێزراو بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی کەوروگۆسکی سەر بە پارێزگای هەولێر، کە گوندەکەیان لە ڕێکەوتی (28.6.1988)دا گواستراوەتەوە، بەڵام کوڕەکەی لەبەرئەوەی سەربازی ڕاکردوو بووە نەیتوانیوە لە ڕێگای گشتییەوە هەمان ڕۆژ لەگەڵیان بچێت، بۆیە بە ناچاری لە ڕێکەوتی (8.7.1988)دا لەگەڵ (5) گەنجی دیکەی هاوڕێی کە ئەوانیش سەربازی ڕاکردوو بووینە و بە پێیان ڕێگای ئۆردوگای کەوروگۆسک دەگرنە بەر، بەڵام بەر لە گەیشتنیان لەلایەن سەڵاح شینە و جاشەکانی دەستگیر دەکرێن و ڕادەستی ئەمنی هەولێر دەکرێن، کە لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستاکە چارەنووسیان نادیارە؛ سەرچاوە: (2-1، ب16، ل4230-4231).

سەڵاح عەبدولڕەحمان شینە و جاشەکانی دوای کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بوونی دوو پێشمەرگە لە ماڵێک لەناو شارۆچکەی قوشتەپەدا، لە مانگی نۆی ساڵی (1988)دا بە هێزێک دەچنە سەر ماڵەکە کە دوو برای پێشمەرگەی حزبی شیوعی کوردستان لەو ماڵەدا خۆیان شادربووە، سەڵاح و جاشەکانی هەردوو پێشمەرگەکە بە ناوەکانی ئازاد محەمەد ئەمین گۆگجەیی ناسراو بە نەوزاد و سەباح محەمەد ئەمین گۆگجەیی دەستگیر دەکەن و ڕادەستی دائیرەی ئەمنی هەولێریان دەکەن، کە تاوەکو ئێستاش چارەنووسیان ناردیارە.

سەلاح عەبدولڕەحمان شینە، دواتر لە ڕێکەوتی (5.3.1989)دا بەدەستی چەکدارێکی ئەکرەمی جەمیل کەریم مەجید عەبدوڵڵا ئاغای کۆڕێ، سەرۆکجاشی فەوجی سووکی (220)، کوژرا.
سەلاح شینە، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (293)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە.

(64). سەلاح میکائیل، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
سەلاح میکائیل و جاشی مەفرەزەکەی، بەشداری هێرشی ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

(65). شامیل ڕەحیم دەروێش، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.
مەفرەزەی شامیل ڕەحیم دەروێش بەشداری ئەنفالی ناوچەکانی کەرکوک، ساڵەیی، سەقەڵا، نەوجول، خورماتوو و کفری کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: سکاڵای دەستگیرکراوەکانی ئەنفال (2-1، ب11، ل3002 + 3154-3155) + (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل273).
شامیل ڕەحیم دەروێش، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (183)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

(66). شەفیق تۆفیق تاهیر کۆیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (142)ی سەر بە ئیستخباراتی کۆیە.

(67). شەمۆ ئێزیدی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
شەمۆ ئێزیدی، لە ساڵی (1988) لە شەڕێکدا لە نزیک گوندی (ئێتووت)ی ڕۆژهەڵاتی دهۆک بەدەستی پێشمەرگەکانی ناوچەی شێخانی پارتی دیموکراتی کوردستان کوژرا.

(68). شەهاب حاجی ئەحمەد وایەرمەن (کفری)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

شەهاب وایەرمەن، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی تیلەکۆ، نەوجول و خورماتووی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل239).

فەرماندەی مەفرەزە خاسە شەهاب ئەحمەد وایەرمەن، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (186)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە. شەهاب وایەرمەن، سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشیروان مستەفایە.

(69). شوکر حەسەن فەتاح، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.

شوکر حەسەن، بەشداری ئەنفالی ساڵەیی و نەوجولی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: سکاڵای دەستگیرکراوەکانی ئەنفال (2-1، ب11، ل3002).

(70). شێرزاد ساڵح مەحمود کەرکوکی (شێرەی ساله خوله)، فەرمانده‌ی مەفرەزەی تایبەتی جاش.

شێرەی ساله خوله، لە مانگی چواری ساڵی (1988)دا بەشداری ئەنفالی ئالیاوە، قادرکەرەم و گوندەکانی دەوروبەری قادرکەرەمی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی سێ؛ سەرچاوە: (2-1، ب9، ل2410-2411).

شێرزاد ساڵح مەحمود، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) چووە پاڵ ڕژێم و چەندان تەقینەوە و کاری تیرۆرستی لە شاری هەولێر و کوردستان ئەنجام دا، بۆیە لەدوای ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی (2003)دا دەستگیر کراو لە دادگای هەولێر سزای لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو، بەڵام بە دوو بڕیاری لێبوردنی تایبەتی یەک لەدوای یەکی مەسعود بارزانی جاری یەکەم سزاکەی بۆ سووککرا و دووەم بڕیاریش لە ساڵی (2008)دا ئازاد کرا.

(71). عادل هادی حوسێن پونگینەیی ناسراو بە عادل ئەبو شوارب یان مفەوەز عادل، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.

مفەوەز عادل ئەبو شوارب، لە ڕێکەوتی (18.9.1979)دا لە گەڕەکی سەیداوەی هەولێر خالید ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم گەردی ناسراو بە خالید دەروێش پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان شەهید دەکات.

عادل هادی حوسێن، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)، چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

(72). عارف ئیسماعیل مستەفا گرژەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
عارف ئیسماعیل مستەفا گرژەیی، لە شەوێکی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1987)دا خانووەکیان لە گوندی گرژە بۆ مەفرەزەیەکی تیپی (23)ی سورداش بە (تی ئێن تی) چاندبوو، دوای تەقاندنەوەی تی ئێن تییەکە پێشمەرگەیەک بەناوی شەریف کڵاشکەرانی شەهید دەبێت و تەواوی پێشمەرگەکانی تری ئەو مەفرەزەیە بریندار دەبن. دوای ئەو تاوانە عارف ئیسماعیل مستەفا ڕایکرد بۆ ناو ڕژێم و مەفرەزەی تایبەتی وەرگرت؛ سەرچاوە: (1-31، سابیر کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، ل249-256).
عارف ئیسماعیل مستەفا گرژەیی، دوای ڕاپەڕین پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و ئێستاکە لە شاری هەولێرە.

(73). عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی ئەوکات، قادر فەرەج عەبدوڵڵا فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (49)، محەمەد شێخ حەسەن محەمەد بەفراو (حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو) فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (66)ی ئەوکات کە دواتر لە ڕێکەوتی (10.6.1982)دا لە داستانی هەیدەربەگ کوژرا، یوسف فەتحوڵڵا ئەحمەد شوانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77)ی سەر بە ئیستخبارات و کەسێکی دیکە بەناوی شێخ عوسمان عەودالانی، کە هەموویان پێشمەرگەی سەر بە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادة المؤقتة) بوون، لە ڕۆژی (23.7.1977)دا کادیری وشیار و فەرماندە محەمەد غەفور ئەحمەد محەمەد ناسراو بە حەمە غەفور ئاغجەلەری (1.7.1939-23.7.1977)، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک لەگەڵ هەر یەک لە (ئەحمەد محەمەد عەلی بەیانی، ئەنوەر کەریم عەلی بەیانی، حامید مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی، ڕەزا عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، ڕەمەزان سەعید چەمچەماڵی، سەعید عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی،

عەبدوڵڵا تۆفیق چیاسەوزی و کەریم مەلا ئەحمەد گۆپتەپەیی)یان لە گوندی کانیبی دەشتی کۆیە لە شیرین خەودا شەهید کرد و کۆپتەری سوپای بەعس هات و شەش تاوانبارەکەی دەربازکرد و تەرمی هەر نۆ شەهیدەکەشی برد.

هەر یەک لە عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، قادر فەرەج عەبدوڵڵا فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (49) و تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی فەرماندەی ئەوکاتی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (50) توانیان لە ڕێکەوتی (31.1.1978)دا لە گوندی (تەنگی سەر)ی ناوچەی قەرەداغ، شاسوار جەلال شێخ سەعید ناسراو بە (هاوڕێ ئارام)، دووەم سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (15.9.1975–31.1.1978) شەهید بکەن.

عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیقی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو کە دواتر لە ڕێکەوتی (10.6.1982)دا لە داستانی هەیدەربەگ بەدەستی هەڵۆ چەمچەماڵی فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (23)ی سورداش کوژرا، قادر فەرەج عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (49)، محەمەد حەسەن ئەحمەد ناسراو بە حەمەی حەسۆل فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (55) لەگەڵ عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەوکات و جاشەکانیان لە ڕێکەوتی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆراوە، پانزە پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی (ی. ن. ک)یان شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەدیلگیرا، کە ئەویش لە موسڵ لە سێدارە درا. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: (خالید محەمەد ئەمین کەریم ئەمین ناسراو بە بێستون باڕۆیی، فەرماندەی کەرت. نوری محەمەد عەلی محەمەد ناسراو بە مەلا نوری، ڕابەر سیاسی کەرت. ئەرکان ئەمین قادر ناسراو بە ئەرکان چراغەڕووتەیی. جەبار فائیق مەجید کاکەوەیس ناسراو بە جەبار پونگەڵەیی. حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ناسراو بە حوسێن دلکەیی. ڕەمەزان مستەفا کەریم ناسراو بە ڕەمەزان مستەفا کانی مستەفایی. شەریف سابیر کەریم حوسێن ناسراو بە شەریف کونەکۆتری. عەدنان عەلی محەمەد سەلیم ناسراو بە عەدنان کەرکوکی. عەلائەدین عەبدولکەریم محەمەد محێدین ناسراو بە دکتۆر عەلائەدین. عومەر حەمەئەمین ڕەزا ناسراو بە عومەر باینجانی. فاتیح حەمەسەعید محەمەد. قادر حوسێن مستەفا ناسراو بە قادر

شاحەسەنی. نەجمەدین عوسمان قادر ڕەزا ناسراو بە نەجمەدین کەرکوکی. نەوزاد محەمەد ئەمین حەسەن ناسراو بە نەوزاد تەکێیی. نورەدین ڕەشید ناسر قادر ساڵەیی ناسراو بە نوری مەلەک. جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی، ئەوەیان بەدیل گیرا و لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (10.5.1981)دا لە بەندیخانەی موسڵ لە سێدارە درا؛ سەرچاوە: (بۆ ناوی شەهیدەکان سوودم وەرگرتووە لە لیستی شەهیدانی یەکێتیی و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4871)، ڕۆژی هەینی (15.5.2009)، ئازاد هەمەوەندی، داستانی شۆڕاوە چۆن تۆمارکرا).

هێزێکی گەورەی هاوبەشی سوپا و جاشەکانی قادر فەرەج عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)، تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50) و عاسی حەمە ڕەئوفی فەرماندەی مەفرەزە خاسە، بە پشتیوانی چەندین کۆپتەری سەمتی و شەڕکەر لە ڕۆژی (17.5.1982)دا هێرشیان کردە سەر کەرتی (4)ی جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) لە گوندی حەمک و چوار پێشمەرگەیان بە ناوەکانی: (عەلی کەریم ئەمین محەمەد تەپەکوڕەیی ناسراو بە عەلەڕەش، ستار محەمەد مستەفا ڕەشید باوەفەتی، ئەحمەد عەبدولڕەحمان عومەر عەبدوڵڵا ناسراو بە هاوار کەرکوکی و وەهاب ئەحمەد محەمەد مستەفا ناسراو بە فەتاح) شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەناوی خاڵە بازیان چاوێکی کوێر بوو. ئەو شەڕە کە دواتر بە داستانی حەمک ناسرا، بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرت مامە ڕیشە (نەجمەدین شوکر ڕەئوف) بوو، کە (62) سەرباز و جاش کوژران لە نێویاندا عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیقی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات؛ سەرچاوە: (1–25، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆڵایینەکە، ل50–52).

ئەوەی شایەنی باسە باوکی عاسی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس واتە (ڕەئوف تۆفیق) لە ساڵی (1978)دا لەسەر کاری سیخوڕی کردن بۆ بەعس و ڕژێمی سەدام لەلایەن پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک)دا کوژرا.

(74). عاسی محەمەد شەریف (عاسی حەمە دێزە)، مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات.

عاسی حەمە دێزە، لە ڕێکەوتی (4.4.1988)دا بەشداری ئەنفالکردنی گوندەکانی توز و نەوجول و گوندی قولیجانی کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (3).
عاسی حەمە دێزە، یەکێک بووە لەو کەسانەی کە دەستی هەبووە لە ڕادەستکردنی ئەو (17) کچ و ژنە گەرمیانەی کە خانەوادەکانیان خەڵکی خورماتوون و بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری کەرکوک بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی هەواڵگری سەربازی، ژمارە (1601)ی ڕۆژی (10.12.1989)دا ڕەوانەی یانەکانی شەوانەی وڵاتی میسر کراون؛ سەرچاوە: (2-1، ب11، ل3175-3177) + (1-31، سابیر ئەحمەد کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، بەشی یەکەم، ل242).
عاسی حەمە دێزە، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (199)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. لە مانگی ئایاری ساڵی (2014)دا دەستگیرکرا، بەڵام بەهۆی نەخۆشی نەتوانرا دادگایی بکرێت و هەر لە زیندان مایەوە، تا لە ڕۆژی (26.11.2018)دا لە نەخۆشخانەی بوژانەوەی دڵ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

(75). عەبدولخالق سەلیم گەلاڵی (قەراج/ پونگینە) و عەبدوڵڵا سەلیم پونگینەیی برای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بوون لە شاری هەولێر.
هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی هەولێر، بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا بارزانی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجی جاشە سووکەکان، دێدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دێدەوان جەلال پیرباڵ، فەرماندەی مەفرەزەی (186)ی سەر بە ئەمنی هەولێر، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)، عەلی محەمەد عومەر ئاوماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر، عومەر حەمەدئەمین سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (186)ی سەر بە ئەمنی هەولێر و مامەند ساڵح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، لە بۆسەیەکی هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەد شوانی

(ئامۆزای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عوێنەیی بەناوی (خاسێ ساڵح ئەحمەد عەوێنەیی) ئەوی دیکەیان کافیە عەبدوڵلا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگە عەلی مەخموری) و برینداربوونی هەر یەک لە سەعد حەسەن عەبدوڵلا پیرداود، خەدیجە سلێمان فەقێ محەمەد و کافیە حوسێن عەبدوڵلا وەلی کە خوشکی شەهیدی فەرماندە فاقە مەخموری (28.3.1995) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری بوو.
عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی، بە هاوکاری ئەمنی هەولێر لە ڕۆژی (23.7.1988)دا لە کورانی عەنکاوە ئیبراهیم غەفور ڕەحیم پیرۆت ناسراو بە کارزان (1955/ هەولێر/ گوێڕ/ سەید ئەمین – ی. ن. ک)، دەستگیر دەکەن، کە دواتر لە ڕۆژی (5.9.1988)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر گوللە باران کراوە.
عەبدولخالق سەلیم، لە ڕێکەوتی (15.10.1988)دا لە گوندی دارەتووی نزیک هەولێر پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک) بەناوی تاریق ئەحمەد سلێمان عەبدوڵلا مەموندی (خەڵکی زمارە) بە برینداری دەگرێ و ڕادەستی ئەمنی هەولێری دەکات، کە تاوەکو ئێستاکە چارەنووسی نادیارە.
عەبدولخالق سەلیم پونگینەیی و عەبدوڵلا سەلیم پونگینەیی و هەر یەک لە ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، عومەر محەمەدئەمین سۆفی شێخانی و قاسم ڕەشید خدر لەگەڵ ئەو هێزەی ئەمنی هەولێر بوون، کە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر (ع. ڕ تەحسین موسلاوی) لە ڕۆژی (19.9.1990)دا پێشمەرگە، کادیر و فەرماندەی تیپی (87)ی قەرەچوغ و لێپرسراوی پاتیزانەکانی هەولێری (ی. ن. ک) هاشم محەمەدئەمین جەمیل سادق (هاشم شەمامکی)یان لە دەلوگوڵ لە پشتی گوندی (عارەب کەند) لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم ئیسماعیل مورتکەیی شەهید کرد و پێشمەرگەیەکی تریش بە برینداری بەناوی (کاوە ناسیح مشاری/ ئاقوبانی) توانی خۆی دەرباز بکات و ئێستاکە موقەدەمی پۆلیسە لە هەولێر، ئەو سێ پێشمەرگەیە چوار جاشیان کوشت؛ سەرچاوە: (ئەو زانیارییەم لە ڕێکەوتی (9.5.2010)دا لە دکتۆر مەجید محەمەدئەمین جەمیل سادقی برای شەهید هاشم شەمامکی وەرگرتووە)!

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا هەر یەک لە عەبدولخالق سەلیم گەلاڵی و عەبدوڵڵا سەلیم گەلاڵی پونگینەیی، لە ڕۆژی (17.1.1992)دا لەلایەن (ی. ن. ک)ەوە گوللە باران کران.

(76). عەبدولڕەحمان مەحمود محەمەد، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (98)ی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی.

(77). عەبدولقەهار فارس ئاکرەیی، سەرەتای هەشتاکان فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113) بوو.

(78). عەبدولکەریم خالید کنش، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
مەفرەزەی عەبدولکەریم خالید، بەشداری ئەنفالی (8)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

(79). عەبدوڵڵا ڕەشید قادر، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (127)ی سەر بە ئیستخباراتی قادرکەرەم.

(80). عەبدوڵڵا عارەب ئۆمەر، فەرماندەی مەفرەزە خاسە.

(81). عەبدوڵڵا کاکە ئەمین ساڵح ناسراو بە (عەبە کەرکوکی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
ڕەزا لەتیف شێخ ڕەزا بەرزنجی، جێگری فەرماندەی مەفرەزە، کە ئێستا بە پلەی ئەندام کۆمیتە و نائب زابت خانەنشینی (ی. ن. ک) و هەمان کات لە (ضباط الأحرار) پلەی عەقیدی هەیە، هەروەها نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی زەوی هەیە لە کەرکوک و زەوی کوردەکان بە عەرەب دەفرۆشی.
عەبدوڵڵا کەرکوکی، لە ساڵی (1986)دا پێشمەرگەیەکی ئاڵای شۆڕش (ی. ن. ک) بە ناوی لەتیف حەسەن عەزیز ئیسماعیل لە سلێمانی شەهید دەکات.

عەبدوڵڵا كەركوكی و جاشەكانی، لە ڕۆژی (14.7.1987)دا سیروان مستەفا تۆفیق ئەبابەكر (1.5.1966/ سلێمانی/ شارباژێر/ كونجرینی - ئەندامی ڕێكخستنی پ. د. ك)یان لە ماڵەكەی خۆیدا دەستگیركرد، كە دواتر لە ڕۆژی (14.7.1988)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە درا.

مەفرەزەی عەبدوڵڵا كاكە ئەمین كەركوكی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالەكانی (1+2+3+4)یان كردووە.

دەربارەی بەشداری مەفرەزەی عەبە كەركوكی، لە هەردوو شاڵاوی ئەنفالی یەک و دوودا؛ سەرچاوە: (2-79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل 6).

عەبە كەركوكی، بەشداری ئەنفالكردنی دانیشتوانی بازیان، شوان، قەرەهەنجیر، سەنتەری كەركوک، قەرەحەسەن، لەیلان، دەشتی كۆیە و ئاغجەلەری كردووە، كە دەكاتە ئەنفالەكانی (3+4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل238).

لەكاتی ئەنفالی (4)دا سەربەست خالید محەمەدئەمین ناسراو بە سەربەستە سوور (1964/ حەیدەر بەگ/ ئاغجەلەر/ كەركوک)، فەرماندەی كەرتی (1)ی قەڵاسێوكەی تیپی (25)ی خاڵخاڵان، لەگەڵ سەردار خالید (1963)ی برای لە گۆپتەپە بە سەختی بریندار بوون و خۆیان رادەستی عەبە كەركوكی كردەوە، ئەویش رادەستی بنكەی ئیستخباراتی شەرقی كەركوكی كردن و ئەنفال كران.

عەبدوڵڵا كاكە ئەمین ساڵح، بەگوێرەی ڕۆژنامەی (الثورة)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریكردن لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).

عەبدوڵڵا كاكە ئەمین ساڵح (عەبە كەركوكی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (202)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان پێدراوە.

عەبە كەركوكی، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا، لەناو كەركوک كوژرا.

(82). عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح سەراوی، فەرمانەدەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (94)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی.

(83). عەزیز حەسەن فەتاح، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.
مەفرەزەی عەزیز حەسەن فەتاح، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی ساڵەیی نەوجول و کەرکوکی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242) + سکاڵای دەستگیرکراوەکانی ئەنفال (2-1، ب11، ل3002).
عەزیز حەسەن فەتاح، بڕیاری دەستگیر کردنی دەرچووەو ژمارە (07)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

(84). عەزیز عەبدی کوریمەیی (عەزۆ کوریمەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی سەر بە بەڕێوەبەریتی ئەمنی دهۆک.
عەزۆ کوریمەیی، لە ساڵی (1980)دا پێشمەرگەیەکی (پ.د. ک)ی بەناوی ڕەجەب کۆڤلی بە بریندارى لە گوندی کوریمێ بەدیل گرت و ڕادەستی ئەمنی دهۆکی کرد. دواتر سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، لە تەموزی ساڵی (1982)دا بەر لێبووردنی گشتیی کەوت و لە زیندان ئازادکرا، بەڵام کەمئەندام بوو و ئێستاکە لە ئەڵمانیا دەژیت.
عەزیز عەبدی کوریمەیی، لە ڕۆژی (16.7.1982)دا لە بۆسەیەکدا بۆ مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (نهالامیمێ) لەنێوان مانگێش و گوندی (مەجلمەختێ)، پێشمەرگەیەک بەناوی ساڵح ئیبراهیم عەلی دێرگژنیکی شەهید کراو یەکی دیکەش بەناوی محەمەد سەلیم فەقێ بێسفکی (کیڤی دۆسکی) بریندار کرا، کە ئێستاکە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی. هەر لەو شەڕەدا جاشێکی عەزۆ کوریمەیی بەناوی محەمەد تاهیر تەیب کوریمەیی کوژرا، کە دڵسۆزی حزبی بەعس و سەدام بوو.
عەزیز کوریمەیی، لە بۆسەیەکدا لە نزیک گوندی (دووکەر)ی نێوان باتوفا و بامەڕنی لە ڕۆژی (2.10.1985)دا، هاووڵاتی نەوزاد ساڵح تەها باتوفی شەهید کرد و دوو پێشمەرگەشی بریندار کرد بە ناوەکانی حەسەن عەلی عیسا باتوفی و تەمەر سەلیم عەبدولقادر باتوفی.
عەزیز عەبدی کوریمەیی، ئێستاکە لە موسڵ دەژی.

(85). عەلی ئەحمەد عەزیز ناسراو بە (عەلی نەجاڕ)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی سەر بە ئیستخبارات.
عەلی نەجاڕ، سەرەتا سەر بە هێزەکانی (ی. ن. ک) بوو، کەچی دوای دامەزراندنی حزبی گۆڕان بووە ئەندامی ئەوان.

(86). عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی)، لە سەرەتای هەشتاکاندا مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (85)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی هەبووە.
تاوانێکی گەورەی عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی) ئەوەبوو کە لە ڕێگای ژنێکەوە بەناوی (نەرمین حەوێز)، کە ژنی کادیری دێرینی کۆمەڵە و پێشمەرگەی (ی. ن. ک) جەبار عەلی عەوێز بوو، توانی لە ڕۆژی (24.11.1987)دا کۆمەڵێک بەرپرسی (ی. ن. ک)، سەرکردەی کورد، پێشمەرگە و ئەندامانی چەندان خێزانی پێشمەرگە لە گوندی (سێروان)ی نزیک شارەدێی مەرگە ژەهر خوارد بکات بە ژەهری سالیۆم. قوربانییەکانی ژەهر دەرخوارد کردنەی عەلە لوت ماسی و نەرمین حەوێزی سیخوری ناوبراو بریتین لە: (دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان عومەر ناسراو بە دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوسای حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی ئێستای پەرلەمانی ئێراق – لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەدنان ڕەشاد محەمەد عوسمان موفتی ناسراو بە عەدنان موفتی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ک)، دکتۆر شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان، مستەفا قادر مەحمود ناسراو بە مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ک)، سامی فەتاح لەتیف عەبدولوەهاب ناسراو بە سامی شۆڕش، ئەندامی ئەوسای (ی. ن. ک) و ئەندامی پەرلەمانی ئێراق – لەسەر لیستی (پ. د. ک)، کە لە ڕێکەوتی (11.11.2010)دا مرد، تریفە محەمەد سەعید، عومەر عەلی ساڵح، وە هەر یەک لە پێشمەرگەی دێرین و کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بێستون عومەر عەبدوڵڵا ناسراو بە بێستون مەلا عومەر، خەدیجە حوسێنی دایکی مستەفا چاوڕەش و سەریعە مەلا موحەڕەم حەمەد مەرگەیی لە هەمان ڕۆژدا واتە لە ڕێکەوتی (24.11.1987)دا هەر سێکیان گیانیان لە دەستدا).

عەلە لوت ماسی هەر لە ڕێگای نەرمین حەوێز، پێشتر لە ڕۆژی (10.11.1987) کۆمەڵێک پێشمەرگەی تری بە سالیۆم ژەهر خوارد کردبوو، بەڵام پێدەچوو بڕی ژەهرەکە کەم بووبێت بۆیە کاریگەری زۆری نەکردۆتە سەر تەندروستی و ژیانی تەواوی ژەهر خواردووەکان کە بریتی بوون لە هەر یەک لە: (مستەفا قادر مەحمود ناسراو بە مستەفا چاوڕەش، هاوار مەحمود، جەلال ئەمین بەگ (عەمید جەلال مینە بەگ) لێپرسراوی هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی، خالید حوسێن، ڕێزان مەحمود قادر (خوشکی مستەفا چاوڕەش)، مەحمود ڕەشید ئەحمەد (خاڵە نەبەز)، عوسمانی قادر منەوەر بەرپرسی سەربازی حزبی سۆسیالیست (دواتر بەرپرسی سەربازی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ڕۆژی 9.6.1994 لە پێنجوێن بەدەستی پێشمەرگەکانی ی. ن. ک. کوژرا)، عومەر جەیران و عومەر بۆتانی، پێشمەرگە و ئەندامی ئەوسای سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (1992)دا، کە دوای پشکنینی پزیشکی دەرکەوت کەمێک مادەی سالیۆم لە گیانیدا هەیە).

جەبار عەلی عەوێزی هاوسەری نەرمین حەوێز، کادیر و پێشمەرگەی (ی. ن. ک) لە کۆتایی گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێمی بەعسدا لە ساڵی (1984)دا لە لایەن ڕژێمەوە گیرا. نەرمینی هاوسەری ناوبراو، بەبێ ئاگاداری جەباری مێردی لەگەڵ مەنزومەی ئیستخبارات و عەلی تۆفیق محەمەد پێکدێ لەبری ئازادکردنی مێردەکەی کار بۆ ڕژێم بکات، ئەوەبوو ڕژێم پاش نزیکەی دوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر گیرانی جەبار، ناوبراوی بە گۆڕینەوە ئازادکرد.

جەبار عەلی عەوێز، دوای ئازادکردنی دیسان بووەوە بە پێشمەرگە، نەرمین حەوێزی ژنی ناوبراو بەگوێرەی پلانی داڕێژراوی دەزگاکانی سەر بە ڕژێم خۆی گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان، بەڵام نزیکەی دوو هەفتەیەک بەر لەو تاوان و کارەساتە گەورەیە جەباری عەلی عەوێز خۆی گواستبووەوە بۆ مەڵبەندی یەکی قەرەداغ و نەرمینی ژنی ڕەوانەی سلێمانی کردبووەوە، کەچی دوای نزیکەی هەفتەیەک نەرمین بەبێ ئاگاداری جەباری مێردی دێتەوە گوندی سێروان و دەچێتە ماڵی مستەفا چاوڕەش. نەرمین لەپێناوی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی ئیستخبارات لە ماڵی مستەفا چاوڕەش بە پاساوی هاوکاری کردنی ژنانی ئەو ماڵە خواردنی ئامادە دەکرد، چونکە ئەوکات ژنەکەی مستەفا چاوڕەش لەلایەن بەعسەوە گیرابوو

و دایکیشی بەهۆی تەمەنییەوە خواردنی میوانی پێ ئامادە نەدەکرا. پاش ماوەیەک نەرمین لە دەرفەتێکدا کە کۆمەڵێک سەرکردە و پێشمەرگە میوانی ماڵی مستەفا چاوڕەش دەبن، ژەهری سالیۆمی کردبووە ناو ماستاو و دوای ئەنجامدانی پلانەکەی دوژمنان و ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە دەستبەجێ بەرەو سلێمانی ڕایکردبوو. دوای ئەو تاوانەی نەرمین حەوێز، (ی. ن. ک) بە بروسکەیەک داوای لە جەبار عەلی عەوێزی پێشمەرگە و کادیر کرد کە بگاتە سەرکردایەتی، کاتێک دوای چەند ڕۆژێک جەبار گەیشتە بارەگای سەرکردایەتی یەکسەر گیرا و ڕەوانەی زیندانی بەرگەڵوو کرا. پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر زیندانیکردنی جەباردا، لە ڕێکەوتی (13.2.1988)دا لە نزیک زیندانەکەی بەرگەڵوو بە چەند فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی پێشمەرگەی ناوبراو هات.

لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی (25) ساڵ بەسەر شەهید کردنی جەبار عەلی عەوێز، مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ک) لە ڕۆژی (28.3.2012)دا لەکاتی پێشوازی کردنی دایکی شەهید و گیڤارای کوڕی شەهید جەباری عەلی عەوێزدا ڕایگەیاند کە مەکتەبی سیاسی (ینک) بڕیاری داوە، شەهید جەباری عەلی عەوێز شەهیدی سەنگەر و شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە.

عەلی تۆفیق محەمەد، فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (85)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی، بەشداری ئەنفالی شاڵاوی ئەنفالی ماوەت و چوارتای کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی یەکەم؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243).

نەرمین حەوێزی تاوانبار هەر لەدوای ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شاری هەڵمەت و قوربانی شاری سلێمانی شەهیدان، لە ڕۆژی (7.3.1991)دا لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی دڵسۆز و تێکۆشەری ئەو شارەیە ناسرایەوە و دەستبەجێ کوژرا.

عەلی تۆفیق محەمەد، دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) باشووری کوردستانی جێهێشت و ڕوویکردە بەغدا و دوای ڕوخانی ڕژێمیش هەر لە بەغدا مابوو. بەڵام لە ساڵی (2008)دا گەڕایەوە شاری سلێمانی و دوای سکاڵای بنەماڵەی هەندێک لە شەهیدان و بەتایبەت سکاڵای مستەفا چاوڕەش، ئاسایشی گشتیی کوردستان لە سلێمانی گرتی و نزیکەی مانگێک لە زیندان مایەوە، کەچی لەپڕ بەهۆی هەوڵ و داکۆکیکردنی بەردەوامی حەسەن حەمید ڕەحیم حەمەد ناسراو بە مام ڕۆستەم کەرکوکی، سەرکردەی سەربازی دیاری ئەوسای ناو (ی. ن. ک) و هەڵسوڕای

ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان لەو تۆمەتبارە و بەهۆی دەستەبەری کردن (کەفالەت) لەلایەن کەسێک بەناوی زیاد ڕەسوڵ سەعدی کە بۆتە دەستەبەری عەلی لوت ماسی، ئەوەبوو ناوبراو لە مانگی تەموزدا ئازاد کرا.
عەلی لوت ماسی، دوای ئازادکردنی بە چەند ڕۆژێک بەرەو سوریا ڕایکرد. ئاسایشی گشتی کوردستان لە سلێمانی لە ڕۆژی (23.7.2008)دا دەستەبەرەکەی عەلە لوت ماسی دەستگیرکرد، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئەویش لە ڕێگای هەوڵی بێوچانی چەند بەرپرسێکی گەورەی (ی. ن. ک) ئازادکرا.
عەلی تۆفیق محەمەد ناسراو بە عەلە لوت ماسی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (209)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(87). عەلی فەقێ محەمەد نەبیاوە (حاجی عەلی نەبیاوە/ پردێ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (71).

(88). عەلی محەمەد عومەر (1963/ ئاوماڵ/ سێگردکان/ کۆیە) ناسراو بە عەلی ئاوماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات.
عەلی ئاوماڵی، پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، بەڵام لە مانگی (6)ی ساڵی (1983)دا لەکاتی شەڕی براکوژیدا لەگەڵ (ی. ن. ک)دا نزیکەی (6) کەسی نزیکی خۆی بەدەستی هێزێکی ناوبراو کوژرا و تەنیا خۆی دەرباز بوو، خۆیشی گەڕایەوە ناو حکومەت و کرا بە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەمن.
هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی عەلی ئاوماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر، بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا بارزانی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجی جاشە سووکەکان، دێدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دێدەوان جەلال پیرباڵ، فەرماندەی مەفرەزەی (186)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی (قەراج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی دائیرەی ئەمنی هەولێر، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)، عومەر حەمەدئەمین سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (47)ی سەر بە ئەمنی هەولێر و مامەند ساڵح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113)ی سەر بە ئەمنی هەولێر، لە

بۆسەیەکی هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەد شوانی (ئامۆزای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عوێنەیی بەناوی (خاسێ ساڵح ئەحمەد عەوێنەیی) ئەویتریان کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگە عەلی مەخموری) و بریندار بوونی (سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود، خەدیجە سلێمان فەقێ محەمەد و کافیە حوسێن عەبدوڵڵا وەلی)، کە خوشکی شەهیدی فەرماندە فاقە مەخموری (28.3.1995) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری بوو.
عەلی ئاومالی، ئێستا لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دایە و ئەندامی ئەو حزبەیە.

(89). عەلی محەمەد مەحمود، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (130)ی سەر بە ئیستخباراتی قادرکەرەم.

(90). عەلی نەبی عەلی (سەید عەلی نەبی عەلی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (198).
عەلی نەبی (حاجی عەلی نەبیاوە)، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەشتی کۆیەی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).
حاجی عەلی نەبیاوە، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (283)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ.

(91). عەلی وەهاب عەبۆ زاخۆیی (عەلۆ وەهابا)، فەرمانەدەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (30).

(92). عەمی کەمۆ سەلیم شەنگالی، فەرمانەدەی مەفرەزەی تایبەتی (105).

(93). عوسمان بانی شاری، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (137)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.
عوسمان بانی شاری و جاشەکانی شێخ جەلال، لە ڕێکەوتی (2.5.1983) پێشمەرگەیەکی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەناوی مستەفا قادر حەمە عەلی مەنمی (1960/ سلێمانی/ تانجەڕۆ/ یەخیماڵی)، لە ئەحمەدئاوای سەر بە شارەدێی تانجەڕۆ شەهید دەکەن و پێشمەرگەیەکی دیکەشیان بەدیل گرت بەناوی ئەحمەد سۆفی عەلی و ڕادەستی ڕژێمیان کرد؛ سەرچاوە: (2.254، أخبار کوردستان، العدد (103)، 14.5.1983، ص7).

(94). عوسمان حاجی شەریف پێنجوێنی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
عوسمان پێنجوێنی، لە ڕێکەوتی (15.3 یان 16.3.1988)دا لە هەڵەبجە کوژرا.

(95). عوسمان حوسێن فەتاح، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (126)ی سەر بە ئیستخباراتی قادرکەرەم.

(96). عوسمان سێوێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.
عوسمان سێوێ، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی یەکی کردووە؛ سەرچاوە (2-1، ب2، ل468-472+ل559-560).

(97). عوسمان عەلی چەتون (هەڵەبجە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (73)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.
عوسمان عەلی چەتوون و جاشی هەرکی و سوورچی، لە ڕۆژی (25.9.1983)دا هێرشیان کردە سەر پۆلێک پێشمەرگەی حزبی سوسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی ئێراق. دوای شەڕێکی سەخت، پێشمەرگەیەکی سۆسیالیست بەناوی جەلال ڕەزا کەریم حەسەن ناسراو بە شێخ جەلال بەرزنجی و دوو پێشمەرگەی شیوعی

(حەمە ساڵح حاجی قادر و جەلال حاجی شەریف) شەهید بوون و سێ هاوڕێی دیکەیان بەدیل گیران بەناوی ئاراس ئەکرەم، محەمەد عەلی فەرەج و یوسف عارەب؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (109)، أواخر تشرين الثاني 1983، ص3). هەر لەو شەڕەدا عوسمان عەلی چەتوون بەدەستی پێشمەرگە کوژرا.

(98). عوسمان مەحمود حەمەخان تەپەڕەشی ناسراو بە عوسەی خولەی خانە، یان عوسەی ئۆکل (تەپەڕەش/ قەرەداغ)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (15)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی.

عوسەی ئۆکل، خەڵکی گوندی تەپەڕەش-ی سەر بە سەرچنار بوو، لە شەوێکی ساڵی (1978)دا بەهەڵە پێشمەرگەیەکی شەهید کرد، هەر ئەو شەوە لەلایەن پێشمەرگە گیراو بە مەبەستی دادگاییکردن ویستیان بیبەن بۆ سەرکردایەتی، بەڵام ئەو لە ڕێگادا لە دۆڵی جافەتی دەرفەتی بۆ ڕێکەوت و ڕایکرد و دواتر بوو بە جاش و فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

کۆمەڵێک لە جاشەکانی عوسەی ئۆکل، جاشەکانی محەمەد حەسەن ئەحمەد قەرەوەیسی ناسراو بە حەمەی حەسۆل (فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە 55) و مەفرەزەیەکی ئیستخباراتی سەربازی سلێمانی لە (16.12.1980)دا لە شەڕێکدا لە نێوان گوندەکانی جێشانە و دارۆغان لە چەمی ئاڵیشەی نزیک سەرچنار عومەر میرزا شاموراد ناسراو بە نەبەز (1939/ سلێمانی)، پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی یەکێتی، بە بریندارى بەدیل دەگرن و بۆ هەیئە خاسەی شاری کەرکوک دەینێرن، لە ڕۆژی (17.3.1981)دا لە هەیئە خاسە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە، پاشان لە ڕۆژی (27.5.1981)دا لەو زیندانە لە سێدارە درا.

کۆمەڵە جاشێکی عوسەی ئۆکل، تەحسین شاوەیس و یەحیا جێشانەیی لە شەوی (16/17.1.1983) دەچنە سەر سێ پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی (ی. ن. ک) لە گوندی عەزیزاوەی شارەدێی بەکرەجۆ بە مەبەستی دەستگیرکردنیان، بەڵام ئەوان خۆ نادەنە دەست و شەڕ دادەمەزرێ. دوای شەڕێکی سەختی چەند کاتژمێری، هەر سێ پێشمەرگەکە بە ناوەکانی جەمال ساڵح میرزا عەبدوڵڵا ناسراو بە چالاک (سلێمانی/ 1957)، فەتحوڵڵا محەمەد ئەسعەد ناسراو بە ڕێبوار

(کەرکوک/ 1957) و کەمال عەلی حەمەخان ڕۆستەم ناسراو بە کەمالی قەمەرناس (سلێمانی/ 1958) شەهید دەکرێن؛ سەرچاوە: (2-251، بێریڤان جەمال حەمە سەعید، ئەو شەوەی گوندێکی لە مێژوو شاردەوە).
عوسەی ئۆکل و جاشەکانی، لە نیوەشەوی (29.6.1983)دا (17) پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ی سەر بە تیپی (33)ی سلێمانی-یان لە گوندی قرگەی نزیک سلێمانی لەناو تراکتۆردا شەهید کرد، کە ئەمانەن: (ئاراس محەمەد عەزیز هەمزە ناسراو بە ئاراسی محەمەد سوڵتان، ئازاد ڕەشید عارف عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازادەڕەش، کە پێشتر لە سەرەتای ساڵی (1979)دا دەستگیر دەکرێت و دوای ئەوەی لە دادگای هەیئە خاسەی سەر بە ئیستخباراتی کەرکوک فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەردەچێت، وەلێ خۆشبەختانە لە ڕۆژی (16.8.1979)دا بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و سێ ڕۆژ دواتر ئازاد دەکرێت، ئاگری نوری ڕەزا بابا شێخ، ئامانج عەبدوڵڵا ئەحمەد ناسراو بە ئایار، بەکر ڕەحمان حوسێن محەمەد، تەها عەبدوڵڵا محەمەد سەعید ناسراو بە مام تەها، دڵشاد نەوزاد مستەفا، ڕەحیم عوسمان کەریم ئەحمەد، سالار فەتحوڵڵا محەمەد عەلی، شێخ محەمەد شێخ ئیبراهیم ئەمین، عومەر شەریف مستەفا عەبدولڕەحمان، عیسا غەفور محەمەدئەمین حوسێن ناسراو بە شێخ عیسا، غەفور عەبدولکەریم ئەمین، کاروان غەریب شا محەمەد ناسراو بە خەبات، محەمەد کەریم ساڵح محەمەد، محەمەد عەبدولڕەحمان ئەحمەد قادر و نەوزاد محەمەد تاهیر ئەحمەد)، لەگەڵ زامدارکردنی پێنج پێشمەرگەی دیکەدا.
عوسەی ئۆکل، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی (2013)دا لە هەولێر مرد.

(99). عومەر حەمە مستەفا حەمە ناسراو بە (عومەر چاوشین)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. عومەر چاوشین، لە ساڵی (1993)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی ئازاد حەسەن قادر عوسامەدین ناسراو بە ئازادی شێخ حەسەن لە سلێمانی کوشت.

(100). عومەر حاجی بادینان فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

عومەر حاجی بادینان، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی کفری و نەوجول-ی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل241).
عومەر حاجی بادینان، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (210)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(101). عومەر حەسەن عارەب ناسراو بە (عومەر عارەب)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
عومەر حەسەن عارەب، یەکێک بوو لە پێشمەرگە و فەرماندەی کەرتی پێشمەرگەی (ی. ن. ک). عومەر حەسەن عارەب، لە ساڵی دوای تێکچوونی گفتوگۆی ساڵانی (1983-1985)ی یەکێتی و بەعس، لەناو شاری سلێمانی دکتۆرێکی ڕفاندبوو بەناوی (دکتۆر محەمەد باقر) کە برادەری مام جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بووە. عومەر عارەب، ئەوکاتە فەرماندەی کەرتی سێی تیپی (47)ی پیرەمەگروون بوو، داوای پارەی زۆری لە بنەماڵەی دکتۆرەکە کردبوو، ئەوانیش ئەمنی سلێمانی-یان ئاگادارکردبووەوە و هەوڵەکەی عومەر عارەب و هاوڕێکانی شکستی هێنا. دواتر بە بڕیاری مام جەلال و نەوشیروان مستەفا، لەسەر ئەو کارە و دوای ئەوەی تاوانی بێڕەوشتیشیان بۆ هۆنییەوە دەستگیرکرا و خرایە زیندان.
عومەر عارەب، بەقسەی خۆی گوایە (ی. ن. ک) نیازی کوشتنی ئەوی هەبووە، بەڵام چاوەڕێی هاتنەوەی یەکێک لە مام جەلال یان نەوشیروان مستەفا دەکەن کە لە دەرەوەی کوردستان بووینە، هەرکاتێ یەکێکیان هاتەوە ئەوکاتە ئەو گوللە باران دەکەن. بۆیە لە شەوێکی مانگی نۆی ساڵی (1987)دا پێکەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە دکتۆرەکەیان ڕفاندبوو، زیندان دەشکێنن و دەگەڕێنەوە سلێمانی و دەبن بە مەفرەزە خاسەی جاش، ناوبراو بوو بە یەکێک لە فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییە هەرە دڕەکانی ڕژێم.
دوای ماوەیەک عومەر عارەب، غەریب کونجرینی و جاشەکانیان دێن بۆ سەر پێشمەرگە و لە ڕۆژی (9.10.1987) لە دێی قەرەئەنگوێ ئازاد محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە ئازادی حەمەی گەمحان سەرتیپی (99)ی بتوێن و دوو پێشمەرگەی دیکە

بە ناوەکانی دڵزار قادر ئەحمەد بابەکر (1961/ کۆیە) و ڕزگار عەلی ئەحمەد بابەکر ناسراو بە جوجە (1964/ کۆیە) شەهید دەکەن.
عومەر عارەب، لەکاتی ئەنفالەکاندا دوو پێشمەرگەی تیپی (23)ی سورداشی سەر بە (ی. ن. ک)ی بە ناوەکانی (سەربەست سەعید ئەمین ناسراو بە سەربەست بچکۆڵ، جێگری فەرماندەی کەرتی یەک و حەمە شکور سەعید ئەمین برای سەربەست کە پەنا دەبەنە بەر ناوبراو، لەبری ئەوەی کە هاوڕێیانی ڕۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتی ڕزگار بکات، هەردووکیانی ڕادەستی ئەمنی سلێمانی کردن و ئەوانیش لە بەرزییەوە لە کۆپتەر فڕێیان دانە خوارەوە و ئەنفال کران؛ سەرچاوە: (1-31، سابیر ئەحمەد کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، ل180).
عومەر عارەب، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی مەڵبەندی سلێمانی و ناوچەی سورداشی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی دوو؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).
عومەر عارەب، دوای ڕاپەڕین گەڕایەوە ناو یەکێتی و ڕۆژێک لە ساڵی (1993)دا لەناو شاری سلێمانی تەقەی لە نووسەر (جەمال میرزا عەزیز) کرد و بریندار کرد. لە ئەنجامدا پاسەوانێکی جەمال میرزا، عومەر عارەبی کوشت.
عومەر حەسەن عارەب، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (291)ی لە لیستی داواکراوەکان پێدراوە.

(102). عومەر محەمەدئەمین ئەحمەد تەها سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (47)ی ئەمن.
هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی عومەر حەمەدئەمین سۆفی، دێدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دێدەوان جەلال پیربال، فەرماندەی مەفرەزەی (186)ی ئەمنی هەولێر، بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا بارزانی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجی جاشە سووکەکان، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی هەولێر، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی ناسراو بە (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)، عەلی محەمەد عومەر ئاوماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر و مامەند ساڵح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113)ی ئەمنی شاری هەولێر، لە بۆسەیەکی

هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەد شوانی (ئامۆزای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عوێنەیی بەناوی (خاسێ ساڵح ئەحمەد عەوێنەیی) ئەوی دیکەشیان کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگە عەلی مەخموری) و برینداربوونی هەر یەک لە سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود، خەدیجە سلێمان فەقێ محەمەد و کافیە حوسێن عەبدوڵڵا وەلی کە خوشکی شەهیدی فەرماندە فاقە مەخموری (28.3.1995) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری بوو.

عومەر سۆفی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (47) و جاشەکانی بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+4)یان کردووە.

دەربارەی بەشداریکردنی مەفرەزەی عومەر سۆفی، لە هەردوو ئەنفالی یەک و دوودا، هەروەها وەرگرتنی مەدالیای ئەنفالکردن و کوشتنی کورد؛ سەرچاوە: (2-84، الجمهورية، ژمارە (6784)، ل؟).

عومەر سۆفی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەشتی کۆیەی کردووە، کە دەکاتە هێرشی ئەنفالی (4)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).

عومەر محەمەدئەمین سۆفی، لە پاداشتی ئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی لە سەدام وەرگرتووە.

عومەر محەمەدئەمین ئەحمەد تەها سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (290)ی لە لیستی تاوانبارە داواکراوەکاندا پێدراوە.

هەر یەک لە عومەر سۆفی، ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، عەبدولخالق سەلیم، عەبدوڵڵا سەلیم و قاسم ڕەشید خدر لەگەڵ ئەو هێزەی دائیرەی ئەمنی هەولێر بوون، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر (عەقید تەحسین

موسڵاوی) لە ڕێکەوتی (19.9.1990)دا پێشمەرگە، کادیر و فەرماندەی تیپی (87)ی قەرەچوغ و لێپرسراوی پاتیزانەکانی هەولێری (ی. ن. ک) هاشم محەمەدئەمین جەمیل سادق (هاشم شەمامکی)یان لە دەلوگوڵ لە پشتی (عارەب کەند) لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم ئیسماعیل مورتکەیی شەهید کرد و پێشمەرگەیەکی تریش بە برینداری بەناوی (کاوە ناسیح مشاری/ ئاقوبانی) توانی خۆی دەرباز بکات و ئێستاکە موقەدەمی پۆلیسە لە هەولێر، ئەو سێ پێشمەرگەیە چوار جاشیان کوشت؛ سەرچاوە: (ئەو زانیارییەم لە ڕۆژی (9.5.2010)دا لە دکتۆر مەجید محەمەدئەمین جەمیل سادقی برای شەهید هاشم شەمامکی وەرگرتووە)!

عەمەر سۆفی، لەدوای ڕاپەڕین لە ڕۆژی (15.6.1991)دا لەگەڵ حاجی محەمەدی برای و مەجید جەمیل داودی خوشکەزای لەناو شاری هەولێر لەلایەن جادر فەتاح کوژران. بەگوێرەی نووسراوێک کە ژیاننامەی عومەر سۆفی نووسراوەو لە خوارەوەی ژیاننامەکەدا نووسراوە (وەڵامی مەکتەبی سیاسیە)، لە فایلی عومەر سۆفی دا دانراوە، ناوبراو لە ساڵی (1965)دا جاشێکی کوشتووە بەناوی فەتاح، پێشتر پێشمەرگەی پارتی بووەو لەو ساڵەدا گەڕاوەتەوە ناو ڕژێم و بۆتە جاش، لە تۆڵەی کوژرانی ئەو جاشەدا لە مێژووی نووسراو لە سەرەوەدا بەدەستی جادر فەتاح کوژراوە.

عومەر سۆفی، بە شەهیدی دروست (سەنگەر)ی پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمارکراوەو تا ساڵی (2003) و ڕوخانی ڕژێمی سەدام، سێ مووچەی شەهیدانە بەناوی ئەو فەرماندەی مەفرەزە خاسەیەی ئەمنی هەولێر وەرگیراوە بە بڕی (500) دیناری چاپی سویسری بۆ هەر یەکێکیان کە تێکڕا دەکاتە (1500) دینار، دواتریش دوو مووچەی بە ناوەکانی زەکیە قادر ئەحمەد و سەبریە محەمەد عوسمان بە بڕی (600) هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان. زەکیە قادر پارچە زەوی (76/3/3732) و سەبریە محەمەد زەوی (76/3/3731) وەرگرتووە. لە هەمووی سەیرتر، لە خانەی ئیشوکار لە بەرانبەر ناوەکەی عومەر سۆفی نووسراوە: (موستەشار بووە/ واتە سەرۆکجاش)، کەچی ئەو جاشە بە شەهیدی دروست واتە سەنگەر دانراوە!

محەمەد حەمەدئەمین ئەحمەد تەها (1932/ هەولێر/ گوێڕ - نۆغەران)، کە برای عومەر سۆفییەو بەیەک ڕۆژ کوژران، بە شەهیدی هاووڵاتی لای پارتی دیموکراتی

کوردستان تۆمارکراوە و مانگانە مووچەی شەهیدانەکەی (130) هەزار دینارە و خانووی ژمارە (70/1/832) دراوە بە کەسوکارەکەی.

(103). عومەر عەبدوڵڵا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

(104). فائیق شێخ ڕەشید شێخ غەریب سۆڵەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.
فایەق سۆڵەیی، بە پلەی فەرماندەی فەوج خانەنشینی (ی. ن. ک)ە.

(105). فاتیح خەلیل سدیق کەرکوکی، فەرمانەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (146)ی سەر بە ئیستخباراتی قادرکەرەم.

(106). فارس خورشید تاهیر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
مەفرەزەی فارس خورشید بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

(107). فارس کەریم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ (1948-1997/ چەغەمیرە/ دیبەگە)، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (86).
هێزێکی گەورەی ڕژێمی بەعس کە پێهاتبوو لە دەیان مەفرەزە خاسەی جاش و یەکەی سەربازی لە ڕێکەوتی (27.1.1982)دا هێرشیان کردە سەر هێزێکی حزبی شیوعی ئێراق لە گوندی سێکانیانی ڕۆژئاوای کۆیە. مەفرەزەی جاشەکان زۆر بوون، بەڵام ئەوانەی ناسراوبن، مەفرەزە خاسەی ژمارە (86)ی فارس کەریم عەبدوڵڵا، مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)ی قالە فەرەج و مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی تەحسین شاوەیس سەعید بوون. لەدوای شەڕێکی سەختی چەند کاتژمێری، یازدە پێشمەرگە شەهید بوون کە ئەمانەن: (جەمال سەلهو موسەنا عەدای ئەلساعدی ناسراو بە ئەبو زیاد (1956/ بەغدا)، ئەحمەد یەحیا بربن ئەلشەمەری ناسراو بە ئەبو سەلما (1949/ بەغدا)، کە هەردووکیان لەلایەن مەفرەزەی ژمارە (86)ی فارس کەریم بەدیل گیران و دواتر لە ڕۆژی یەکشەممە (27.1.1985)دا لە بەغدا لە

سێدارە دران، مامۆستا حەیدەر کەریم ئیسماعیل میکائیل ئۆمەربل ناسراو بە بێجان (1951/ باغەمنارە)، سەمەد محەمەد ئیبراهیم ئەحمەد شێخ مەموندی ناسراو بە سالم (1950/ قۆڕیتان)، شێرزاد حوسێن ئیسماعیل قادر هۆرمزیار گردەڕەشەیی ناسراو بە قاسم (1955/ گردەڕەشە)، شەمعون پۆڵس تۆما ناسراو بە ڕێبوار (1954/ شەقڵاوە)، عەبدولڕەحمان تەها قادر ئەحمەد شێخانی ناسراو بە ئاسۆ (1956/ ئیلنجاغ)، عەبدوڵڵا یونس عەباس عەلی ئۆرمزیار (1954/ گردەڕەشە)، کەریم عەلی تاهیر مستەفا (1961/ گەڕەشێخان)، فرسەت نەجمەدین مامۆ حەمەد هەریری ناسراو بە جەمیل (1956) فەرماندەی مەفرەزە و حوسێن فازڵ عەباس ناسراو بە سەلام (1949/ بەغدا) لە ئاوی بەستی شەرغە لە نزیک گوندی نێرەگین خنکا). هەروەها لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی ناسیح حەمەدئەمین قادر (کۆچەر) ڕابەری سیاسی هەرێم (قاطع)ی پێنجی هەولێر بەسەختی بریندار بوو، کە دواتر لە شەوی (17/18.5.1985)دا لەناو شاری هەولێر لەلایەن هێزێکی هاوبەشی ئەمن، جاشی کورد و مەفرەزە خاسە شەهید بوو. هەر لە شەڕی سێکانیان پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک) بەناوی عەبدولڕەحمان محەمەد سەعید محەمەد شەهید بوو، کە پێشمەرگەی کەرتی دووی هەرێمی هەشتی دەشتی هەولێر بوو، هەروەها دوو پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان شەهید بوون، کە یەکێکیان شەهید مەحمود سەلیم بوو، هەروەها ئەوەی تریان عومەر سەلیم سەعید محەمەد سیان (1960/ قوشتەپە/ ئۆمەراوە) بوو، کە بەدیل گیراو دواتر لە ڕۆژی (19.6.1982) لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

فارس کەریم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، لە ڕێکەوتی (28.8.1982)دا لە بۆسەیەکدا دوو پێشمەرگەی تیپی (83)ی هەورێی (ی. ن. ک) لە دێی (حەسەن بڵباس)ی بناری چیای قەرەچوغ بە ناوەکانی سەیفەدین عەزیز حاجی داود دێمەکاری و عەباس عوسمان حوسێن حەمەد دارەتوویی شەهید کرد. فارس کەریم، تەرمی شەهیدەکانی بە بەرچاوی تەواوی دانیشتوانی ناوچەکە لە گوندەکەوە تا ناو گوندی چەغەمیرە بەدوای ئۆتۆمۆبێلدا ڕاکێشان.

فارس کەریم عەبدوڵڵا و جەبار جەمیل جەرجیس ڕواندزی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی سەر بە ئیستخباراتی سەربازی شیمالی لە شەوی (4.9.1985)دا لەنێوان هەردوو گوندی باغەمرە و دارەتوو دوو پێشمەرگەی (ئاڵای شۆڕش)یان بە

ناوەکانی ئەسعەد ڕەسوڵ ئیبراهیم باوەکر ناسراو بە بڕوا (1967/ قوشتەپە/ باغەمرە) و عەبدولوەهاب سابیر سمایل ئەحمەد ناسراو بە ئارام (1965/ شەقڵاوە/ خۆشناو) شەهیدکرد.
مەفرەزەیەکی حکومەتی بەعس لەگەڵ فارس کەریم و چەند جاشێک لە ڕێکەوتی (17.11.1985)دا موحسین ئەحمەد عەزیز ئەحمەد مامەسێنی (موحسین عەتۆل)ی دەستگیرکرد، کە سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ک) بوو، دواتر لە ڕێکەوتی (10.9.1986)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لەگەڵ کامەران عەولا ئەحمەد عەبدوڵڵا (کامەران پۆلیس) بەیەکەوە لە سێدارە دران، کامەران پۆلیس لە دیانا لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسە سامی کورەچی، لە ڕۆژی (28.1.1986)دا دەستگیر کرابوو و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی کرابووەوە.
لە ڕۆژی (28.8.1987)دا و لە گەڕەکی سەدام (حي صدام) لەناو شاری هەولێر سێ پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە ناوەکانی ڕەمەزان عومەر کەریم عومەر ناسراو بە کاکەڕەش و زرار مستەفا عەبدوڵڵا (1964/ هەولێر/ سێگردکان) و نەجات ئەحمەد حوسێن قادر سیان ناسراو بە شوانە سوور (1962/ هەولێر/ قەراج/ دووسەرە)، لەلایەن فەرماندەی مەفرەزە خاسە فارس کەریم عەبدوڵڵا و جاشەکانی بەدیل گیران و ڕادەستی ئەمنی پارێزگای هەولێر کران، دواتر لە ڕۆژی (26.9.1987)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر گوللە باران کران.
فارس کەریم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام بەگوێرەی نووسراوی لقی دووی هەولێری پارتی بە ژمارە (400)ی ڕۆژی (5.6.1992) بۆ بەشی تایبەتی مەکتەبی سیاسی نێردراوە و تیایدا هاتووە: (فارس کەریم/ لەکاتی ڕژێم فەرماندەی سریە/ سەرۆکجاش بووە وە ئێستا لە هێزی تارین خزمەت دەکات و سەر بە پارتیمانە، هەموو کات دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕوپاگەندە دەکات لەناو خەڵک بۆ ئاگاداری؛ سەرچاوە: 2-230، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لانەی جاسوسی زنجیرە (1)، ل52).
فارس کەریم عەبدوڵڵا، لە ڕێکەوتی (12.12.1993)دا لەگەڵ هێزێکی گەورەی پارتی هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی لق و ناوچەی هەولێری حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و هەردوو بارەگاکەیان سووتاندن. حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ڕۆژی (16.8.1993)دا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکیان

گرتبوو، وەلێ حەمەی حاجی مەحمود دوای چەند مانگێک لەم یەکگرتنە پەشیمان بووەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە پارتی و پاراستن هێزێک بە سەرکردایەتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و فارس کەریم بۆ لێدانیان بنێرێت.
فارس کەریم، دوای مردنی بە نەخۆشی شێرپەنجە لە ساڵی (1997)دا بە فەرماندەی بەتالیۆن کراوە بە شەهیدی ئەو حزبە و دوو مووچەی شەهیدانەی هەیە بە بڕی (1.000.000) ملیۆن دینار کە ناجیە عەلی ڕەسوڵ بە فۆرمی شەهید (111)ی سوپای دوو و سافیە حەمید بە فۆرمی (111س2) هەر یەکە (500.000) دینار وەردەگرن. ژنەکانی فارس کەریم عەبدوڵڵا دوو پارچە زەویشیان بەم ژمارانەوە وەرگرتووە (1264/284) و (1265/284).
بنەماڵەی فارس کەریمی کۆنە مەفرەزە خاسە، لە پەنای پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجامی شەڕ و کۆنەقین لە ڕێکەوتی (18.6.2006)دا لە گوندی چەغەمیرە هاووڵاتی محەمەد کەریم نوری شەهید و زیاد کەریم نوری بریندار دەکەن. پارتی تاوانبارەکانی دەستگیر نەکرد، وەلێ فشاری دەخستە سەر بنەماڵەی قوربانییەکە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ بنەماڵەی تاوانبارەکە.

(108). فازڵ فەرەج سەعید بەرزنجی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
فازڵ شێخ فەرەج شێخ سەعید، ماوەیەک جێگری ڕوناک ئیبراهیم مەدحەت داودی (شێخ ڕوناک)ی سەرۆکجاشی فەوجی (138) بووە، وەلێ دواتر مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی وەرگرتووە.

(109). فەتاح حەسەن چیاسەوزی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
فەتاح حەسەن چیاسەوزی، لەکاتێکدا کە سوپا و میلیشیاکانی حزبی بەعس خەریکی گواستنەوەی دانیشتوانی ئەو گوندانە بوون کە لە شاڵاوی ئەنفالی (3)دا گیرابوون، لە ڕێکەوتی (12.4.1988)دا لەکاتی تێپەڕبوونی کاروانی ئۆتۆمۆبێلی خەڵکە دەست بەسەرەکەدا بەناو شارۆچکەی چەمچەماڵ، دوای ئەوەی خوێندکاران و جەماوەری شار پەلاماری کاروانەکەیان دا لەپێناوی ڕزگارکردنیاندا، ئەویش هەڵوێستی نواند و بەرەنگاری هێزەکانی حکومەت بووەوە. لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا سەرەتا فەتاح چیاسەوزی بریندار بوو، کە دواتر بووە هۆی مردنی و گیانی بە کورد بەخشی.

هەروەها کچێکی تەمەن چواردەساڵیشی بەناوی (فەیمە فەتاح حەسەن چیاسەوزی) لە هەمان ڕۆژدا واتە (12.4.1988)دا بە گوللەی هێزەکانی بەعس و سەدام شەهید بوو؛ سەرچاوە: (2-1، ب9، ل2364).

(110). فەتاح قادر سەعید کتکەیی (فەتاح کتکەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش.

فەتاح کتکەیی، لە سەرەتای مانگی دووی ساڵی (1986)دا لەلایەن حزبی شیوعی ئێراقی بە تاوانی پێوەندی کردن بە ئەمن و سیخوڕی کردن بۆ ڕژێمی سەدام دەستگیرکرا. عەدنان شێخ عەلی شێخ تاهیر شێخ سەعید قەرەدەرەیی (مامۆستا عەدنان دوبزی)، کۆنە پێشمەرگەی یەکێتی کە ژن برای ئەو تۆمەتبارە بوو، هەوڵی بۆ داو ویستی ببێ بە دەستەبەر (کەفیل)ی ناوبراو بۆ ئەوەی گوللە بارانی نەکەن و ئازادی بکەن، بەڵام حزبی شیوعی ڕەتی کردەوە. فەتاح کتکەیی، دەستبەسەر کرا، کەچی دوای ئەوەی لە ڕۆژی (16.4.1986)دا لە دەرفەتێکدا، پێنج پێشمەرگەی شیوعی لە گەلی بێخمە - خەلیفان لە خەودا بەم ناوانە شەهید کرد (زافر عەبدولسادە عەبد ناسراو بە ئەحمەد عارەب (ناسریە/ 1961)، بەشدار حەمەدئەمین عەبدوڵڵا حەلاق (1971)، عەبدوڵڵا نەجم یاسە ئیبراهیم ناسراو بە سەفین خۆرانی (1965)، شێروان عوسمان سۆفی ئیبراهیم شەقلاوەیی ناسراو بە شەیدا (1961) و مەجید حوسێن شێخۆ باپیر ڕواندزی ناسراو بە بروسک (1957). دوای ئەو تاوانە، فەتاح قادر کتکەیی خۆی ڕادەستی ڕژێم کردەوە و بوو بە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی سەر بە ڕژێم. حزبی شیوعی، لە تۆڵەی ئەو تاوانەی فەتاح قادر کتکەیی، هەڵسان بە دەستگیرکردنی مامۆستا عەدنان هەرچەندە (حشع) ئەویان وەکو دەستەبەر ڕەت کردبووەوە. مامۆستا عەدنان چەند مانگێک بوو وازی لە یەکێتی هێنابوو و چەکی فڕێدابوو، چونکە دڵی لە یەکێتی ڕەنجابوو. شیوعییەکان لە تۆڵەی ئەو تاوانەی فەتاح کتکەیی، لە ڕێکەوتی (25.5.1986)دا (عەدنان شێخ عەلی)یان بێتاوان شەهید کرد، تەنیا لەبەرئەوەی ئامادەیی خۆی نیشان دابوو بۆ ئەوەی ببێ بە دەستەبەری فەتاح کتکەیی. بەمەش مامۆستا عەدنانی کوردپەروەر و دڵسۆزی کورد و کوردستان، بوو بە قوربانی کوردکوژ و خۆفرۆشێکی وەکو فەتاح قادر کتکەیی.

فەتاح قادر كتكەیی، بەشداری هێرشی ئەنفالەكانی (1+2+4)ی كردووە. دەربارەی بەشداریكردنی كتكەیی لە ئەنفالەكانی یەک و دوودا، سەرچاوە: (2-79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل 6). لەمەڕ بەشداری ئەو تاوانبارە لە ئەنفالی چواردا، سكاڵایەكی زۆری لەسەرە لە لایەن دانیشتوانی (تەكیە، تەقتەق، چەمچەماڵ، كۆیە، ئاغجەلەر، دارەقوتە، گۆپتەپە و عەسكەر)، كە لە (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە سكاڵایان لەدژی تۆمەتباری ناوبراو تۆمار كردووە.
فەتاح قادر سەعید كتكەیی، بەگوێرەی ڕۆژنامەی (الثورة)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریكردن لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟).
فەتاح قادر سەعید كتكەیی، لە ڕێكەوتی (5.3.2010)دا لە گوندی كتكەدا مرد.

(111). قادر عەزیز (قالەی عەزە ناڵبەند)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
قالەی عەزە ناڵبەند، بەشداری پەلاماری ئەنفالكردنی دانیشتوانی هەر یەک لە سەنگاو و چەمچەماڵی كردووە، كە دەكاتە شاڵاوی ئەنفالی (3)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).
قادر عەزیز (قالەی عەزە ناڵبەند)، فەرمانی دەستگیركردنی بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا بۆ دەرچووە و ژمارە (292)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان پێدراوە.

(112). قادر فەرەج عەبدوڵڵا ئیسماعیل دەلۆ (قالە فەرەج)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)ی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی.
سەلاح مستەفا فەرەج عەبدوڵڵا ئیسماعیل دەلۆ، جێگر و برازای قالە فەرەج، لە ڕاپەڕینی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە ڕۆژی (18.3.1991)دا لە شارۆچكەی قەرەهەنجیر بە گوللەی حكومەتی بەعس كوژرا.
قادر فەرەج عەبدوڵڵا، تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی ئەوكات، محەمەد شێخ حەسەن محەمەد بەفراو (حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو)، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (66) كە دواتر لە ڕێكەوتی (10.6.1982)دا لە داستانی هەیدەربەگ كوژرا، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، یوسف فەتحوڵڵا ئەحمەد شوانی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77)ی سەر بە

ئیستخبارات و كەسێكی دیكە بەناوی شێخ عوسمان عەودالانی، كە هەموویان پێشمەرگەی سەر بە سەركردایەتی كاتی پارتی دیموكراتی كوردستان (قیادة المؤقتة) بوون، لە ڕۆژی (23.7.1977) كادیری و فەرماندە محەمەد غەفور ئەحمەد محەمەد ناسراو بە حەمە غەفور ئاغجەلەری (23.7.1977-1.7.1939)، ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی و فەرماندەی هەرێمی دووی كەركوك لەگەڵ هەر یەك لە (ئەحمەد محەمەد عەلی بەیانی، ئەنوەر كەریم عودیل عەزیز عەلی بەیانی، حامید عەزیز حەمە سور ئاغجەلەری، ڕەزا عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، ڕەمەزان عەزیز شەریف قادر چەمچەماڵی، سەعید عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، عەبدوڵڵا تۆفیق ئەحمەد چیاسەوزی و كەریم مەلا ئەحمەد گۆپتەپەیی)یان لە گوندی كانیبی دەشتی كۆیە لە خەودا شەهید كرد، هەلیكۆپتەری سوپای بەعس هات و شەش تاوانبارەكەی دەربازكرد و تەرمی هەر نۆ شەهیدەكەشی برد.

جاشەكانی تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج، لە ڕێكەوتی (3.9.1977)دا لە گوندی قازانقایەی سەر بە قەرەداغ، حەوت پێشمەرگەی (ی. ن. ك)یان شەهید كرد بە ناوەكانی: (ئازاد محەمەد ئەمین جەلال (هەڵۆ)، ئەحمەد محەمەدئەمین حوسێن مەسۆیی (مەلا ئەحمەد گەرمیانی) كادیری یەكێتی، سمكۆ عەلی مستەفا، شوان عەلی سەعید محێدین ناسراو بە شامیل، كادیری پێشكەوتووی كۆمەڵە، عەبدوڵڵا وایەرمەن، عەلی محەمەد سلێمان و غەریب عەلی عەزیز خەسرۆ ناسراو بە بەهمەن شارەزوری؛ سەرچاوە: 1-56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی كوردستانی عیراق، ل59).

لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەك بەناوی عەزیز عەبدوڵڵا زۆراب خەسرەو سەرشەقامی ناسراو بە (شەوكەت) لەلایەن جاشەكانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس سەعید بەدیل گیرا و ڕادەستی ئیستخباراتی كەركوك كرا، دواتر لە ڕۆژی (28.1.1978)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا.

قالە فەرەج فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات، لە ڕۆژی (29.10.1977)دا لە گوندی شیوەجانی سەر بە تەقتەق دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ك)ی بە ناوەكانی ئەحمەد محەمەد و نەسرەدین محەمەد ئەمین شەهید كرد كە هەردووكیان خەڵكی گوندی عەلی بەیانی سەر بە ناحیەی شوان بوون؛ سەرچاوە: (1-56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی كوردستانی عیراق، ل62). بەگوێرەی بەرنامەی (بۆ مێژوو)ی

کەناڵی کوردسات، ئامادەکردنی سۆران عوسمان، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (31.10.2012)، ڕۆژی شەڕەکە ڕۆژی (30.10.1977) بووەو هەر لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی ئەحمەد عەبدولڕەحمان جەلەمۆردی بریندار بووە.
قالە فەرج و جاشەکانی، لە ڕۆژی (23.12.1977)دا لە دێی شەوگێڕی دەشتی کۆیە پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)یان بەناوی تۆفیق عەلی بایز شەهید کرد؛ سەرچاوە: (1-56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل63).
قالە فەرەج، لە ساڵی (1978)دا پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)ی لە گوندی دەرماناوی سەر بە کەرکوک بەناوی حەکیم ئیبراهیم تاهیر (1952) شەهید کرد.
قادر فەرەج و جاشەکانی، لە ڕۆژی (20.1.1978) لە گوندی سوورقاوشان لە سورداش پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک)یان بەناوی ڕەسوڵ ساڵح سەعید کەرکوکی شەهید کرد؛ سەرچاوە: (1-56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل65).
قادر فەرەج، تەحسین شاوەیس و عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزە تایبەتییەکانی ئیستخباراتی شیمالی، توانیان لە ڕۆژی (31.1.1978)دا لە گوندی (تەنگی سەر)ی شارۆچکەی قەرەداغ، شاسوار جەلال شێخ سەعید ناسراو بە (هاوڕێ ئارام)، دووەم سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ک) لەنێوان (15.9.1975-31.1.1978) شەهید بکەن.
قادر فەرەج عەبدوڵلا و جاشەکانی لە مانگی ئاداری ساڵی (1978)دا پێشمەرگەیەکی (ی. ن. ک) بەناوی مەحمود حەمەدئەمین ئیسماعیل (1957/ یاخسەمەر) بەدیل دەگرن، دواتر لە شەوی (18.6.1978)دا لە بەشی سێدارەی زیندانی موسڵ لە سێدارە دراوە.
لە گوندی یاخسەمەر هێزێکی جاشەکانی قالە فەرەج، ئەحەی عەزیز کاکی و حەمەی حەسول، لە ڕێکەوتی (25.8.1978)دا سێ پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان لە گوندی مالومە شەهید کرد کە ئەمانە بوون: عەلائەدین کانیساردی، عوسمان ئەحمەد عەزیز ئەحمەد گاپیلۆنی و فەرماندەی مەفرەزە محەمەد دەروێش عەبدوڵلا پێنجوێنی؛ سەرچاوە: (1-56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل114).
هێزێکی زۆری سەربازی ڕژێم، جاشەکانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس، لە ڕۆژی (3.2.1979)دا لە گوندی جوبلاغی سەر بە شارۆچکەی دوکان چوونە سەر

مەفرەزەیەکی هەرێمی (4)ی هێزی پێشمەرگەکانی یەکێتی و چوار پێشمەرگەیان شەهید کرد بە ناوەکانی: (ڕەسوڵ عەلی ئیسماعیل عەلی جوبلاغی، سەلام حەمە عەبدوڵڵا دوکانی ناسراو بە سەلامی حەمە شوان (سێکانی)، عەزیز حەمەفەرەج حەمکۆل فەتاح ناسراو بە عەزۆ (1957/ گێڵدەرە/ سرۆچک) و مستەفا یەعقوب دوکانی. لەو شەڕەدا قالە فەرەج زامدار بوو؛ بۆ ناوی شەهیدەکان سوودم وەرگرتووە لە سەرچاوە: 1–56، نەوزاد عەلی ئەحمەد، هەواڵنامەی کوردستانی عیراق، ل130).

قالە فەرەج و جاشەکانی، لە ڕۆژی (24.3.1980)دا لە گوندی قزلەری دۆڵی شەدەڵە، پێنج پێشمەرگەی حزبی شیوعیان شەهیدکرد، کە گومان لە عەدنان محەمەد جاسم تاڵقانی ڕابەری سیاسی بەتالیۆنی حەوتەم دەکرێت، پاشان دەرکەوت لە ساڵی (1985)دا دەیان کەسی ناردۆتە بەردەم پەتی سێدارە و لە ساڵی (1987)دا گەڕایەوە ناو ڕژێم. دوای ڕاپەڕین خۆی کردووە بە سکرتێری حزبی شیوعی ئێراقی – کۆمیتەی سەرکردایەتی، شەهیدەکان ئەمانە بوون: (حەسەن ڕەشید مەعروف، شەفیق کەریم مستەفا، عومەر حەمە بچکۆڵ قادر، کەمال هەمزە کەریم و موعتەسەم عەبدولکەریم مستەفا)، دوای کاتژمێرێک شەڕ هێزێکی (ی. ن. ک) بە فەرماندەیی شەهید ئیسماعیل ڕەسوڵ ساڵح محەمەد ناسراو بە ئیسماعیل گەورەدێیی بەهانای هێزەکەی حشع گەیشت و جاشەکان پاشەکشەیان کرد.

قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس، بە هێزێکی گەورەی جاش و پشتیوانی زۆری هێزی سەربازی لە بەیانی (10.6.1980) دەچنە سەر کەرتی (3)ی هەرێمی دووی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) لە گوندی (مام ڕەش)دا دوای شەڕێکی سەخت پێنج پێشمەرگە شەهید دەکەن بە ناوەکانی (حەمید کەریم محەمەدئەمین کەرکوکی ناسراو بە پشتیوان، فەرماندەی کەرتی سێی چەمچەماڵ. ئەحمەد عەوداڵ حامید ناسراو بە مەلا ئەحمەد مام ڕەشی. بیلال جەلال حەمە ڕەشید چالاوی ناسراو بە دلێر کە قالە فەرەج بەدەستی خۆی شەهیدی کرد. تاهیر دەروێش یابە ناسراو بە تاهیر قەمەری. مەناف تالیب ئەحمەد غەفور چالاوی ناسراو بە شاخەوان کە دوای بەدیلگرتنی بەشێوەیەکی دڕندانە لەناو بازاڕی چەمچەمال بەدەستی تەحسین شاوەیس سەعید و قالە فەرەج شەهیدکرا)، لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگە بە ناوەکانی سەلام محەمەد ناسراو بە فەرهادە سور چالاوی و مەلا وەیس عەوداڵ

حامید مام ڕەشی برای شەهید ئەحمەد عەوداڵ مام ڕەشی؛ سەرچاوە: (2-234، هیوا شوانی، لە ساڵیادی شەهید بوونی پۆلێک نەمرانی گەلەکەم).
قادر فەرەج، تەحسین شاوەیسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، عاسی حەمە ڕەئوفی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو کە دواتر لە ڕۆژی (10.6.1982)دا لە داستانی هەیدەربەگ بەدەستی هەڵۆ چەمچەماڵی فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (23)ی سورداش کوژرا، محەمەد حەسەن ئەحمەد (حەمەی حەسۆل) فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (55) لەگەڵ عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و جاشەکانیان لە ڕۆژی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆڕاوە، پانزە پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی سەر بە (ی. ن. ک)یان شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەدیلگیرا، دواتر ئەویش لە موسڵ لە سێدارە درا. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: (خالید محەمەد ئەمین کەریم ناسراو بە بێستون باڕۆیی، فەرماندەی کەرت. نوری محەمەد عەلی محەمەد ناسراو بە مەلا نوری، ڕابەر سیاسی کەرتی قەرەداغ. ئەرکان ئەمین قادر ناسراو بە ئەرکان چراغەڕووتەیی. جەبار فائیق مەجید کاکەوەیس ناسراو بە جەبار پونگەڵەیی. حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ناسراو بە حوسێن دلکەیی. ڕەمەزان مستەفا کەریم ناسراو بە ڕەمەزان مستەفا کانی مستەفایی. شەریف سابیر کەریم حوسێن ناسراو بە شەریف کونەکۆتری. عەدنان عەلی محەمەد سەلیم (عەدنان کەرکوکی). عەلائەدین عەبدولکەریم محەمەد محێدین ناسراو بە دکتۆر عەلائەدین. عومەر حەمەئەمین ڕەزا ناسراو بە عومەر باینجانی. فاتیح حەمەسەعید محەمەد. قادر حوسێن مستەفا ناسراو بە قادر شاحەسەنی. نەجمەدین عوسمان قادر ڕەزا ناسراو بە نەجمەدین کەرکوکی. نەوزاد محەمەد ئەمین حەسەن ناسراو بە نەوزاد تەکیێی. نورەدین ڕەشید ناسر قادر ساڵەیی ناسراو بە نوری مەلەک. جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی، ئەوەیان بەدیل گیرا و لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕۆژی (10.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا؛ سەرچاوە: (بۆ نووسینی ناوی شەهیدەکان، سوودم لە لیستی شەهیدان و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4871)، ڕۆژی هەینی (15.5.2009)، ئازاد هەمەوەندی، "داستانی شۆڕاوە چۆن تۆمارکرا"، وەرگرتووە).

قاله فەرەج و تەحسین شاوەیس، لە ڕۆژی (11.3.1981)دا لە گوندی مەلا ئۆمەری گەرمیاندا چوار دەوری پۆلێک پێشمەرگەی لقی چواری گەرمیانی حزبی شیوعییان گرت، لە بەیانی ئەو ڕۆژەدا شەڕێکی سەخت دەستپێکرد، پێشمەرگەکان تا کاتژمێری (6)ی ئێوارە بەرگرییان کرد، بەڵام بەداخەوە لە کۆتایی شەڕەکەدا (23) پێشمەرگەی حزبی شیوعی شەهید کران، کە ئەمانەی خوارەوە بوون: (عەبدولعەزیز محەمەد ساڵح وەهاب ناسراو بە هێمن، ئەندامی فەرماندەیی سەربازی و سیاسی لقی چواری گەرمیان. حەسیب حوسێن حەسەن محەمەد ناسراو بە عەریف حەسیب، ئەندامی فەرماندەیی لقی چواری گەرمیان. سەلام فارس عەبدولڕەحمان ناسراو بە سەلامی مام فارس، سەرپەل لە لقی چواری گەرمیان. محەمەد حەمەلاو محەمەد کەریم ناسراو بە خاڵۆ توکنی. عەبدولمەجید محەمەد ساڵح وەهاب. حوسێن محەمەد ئەمین ناسراو بە مام گۆران، کادیری ناوچەی جەباری. جیهان ڕەشید محەمەد ناسراو بە جیهان سپی سەری. ساڵح غەفور ئەمین. سەلام عەلی محەمەد ناسراو بە حەمەجان. مەحمود عەلی ناسراو بە ئەبو غەسان، خەڵکی شارەدێی بەهرۆزی بەعقوبە کە هەم دکتۆر و هەم لێپرسراوی سیاسی پەل بووە. نوری عارەب خەڵکی شاری ناسریە و لێپرسراوی پەل. محەمەد لەتیف جەلەولایی ناسراو بە مام عەزیز فەرماندەی مەفرەزە. عەزیز ئەحمەد محەمەد عەبدوڵڵا. فوئاد حوسێن ئەحمەد ناسراو بە مام فوئاد گەرمکی. سالار حەمید عەبدوڵڵا زۆراب. عەباس عەزیز کەریم ئیسماعیل ناسراو بە فەرەیدون. نەسرەدین نەجم زەینەل ناسراو بە ئەبو شەهاب، ڕابەر سیاسی لە لقی چواری گەرمیان. قادر ئەحمەد سەید موورادی. حامد مەلا فەتاح داود ناسراو بە نەریمان. عەبدولکەریم محەمەد حوسێن عومەر ناسراو بە هیوا. مەنسور عەلی محەمەد ناسراو بە بەختیار. حوسێن حەسەن عەلی ناسراو بە حوسێن نەورۆزی و وەحید حەسەن عەبد ئەلشەتری، هەروەها بەدیلگرتنی نورەدین نەسرەدین محەمەد ساڵح بە برینداری و دواتر لە قەسابخانەی موسڵ لە سێدارەدرا؛ سەرچاوە: (2–123، نووسەر تەها سلێمان ئەو وتارەی بۆ ناردم، هەروەها سوودم لە لیستی شەهیدان وەرگرتووە).

جاشەکانی قاله فەرەج، پێشمەرگەی تیپی (21)ی کەرکوک، تاهیر نەجم زۆراب بەکر (کەرکوک/ ئاغجەلەر/ تلیان)، لە ڕۆژی (28.11.1981) لەنێوان گوندی ماملێسی و گەڵناغاج لە سنووری شارەدێی ئاغجەلەر شەهید دەکەن.

هێزێکی جاشەکانی قالە فەرەج، کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (79)، حەمەی حەسۆل فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (55)، سەید تاهیر سەید حوسێن محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە) کە دواتر بووە سەرۆکجاشی فەوجی (42)ی جاشە سووکەکان بە هاوکاری و پشتیوانی میلیشیا و هەلیکۆپتەری جەنگی، لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی نزیک تاسڵوجە و بەرانبەر بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان ئەنوەر حەسەن خدر مەحمود ئاری کوتکی کەرکوکی)، فەرماندەی هەرێمی دووی پارێزگای کەرکوک و یازدە پێشمەرگەی تر شەهید بکەن بە ناوەکانی: (محەمەد شوکر بلوکێنی، ڕزگار جەلال خدر محەمەد ناسراو بە هێمن، جومعە حەسەن کەریم سلێمان ناسراو بە سیروان، محەمەد شێخ سدیق ناسراو بە سوارە، عەبدولخالیق ساڵح ئەحمەد قادر سۆنەگۆلی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ، عەبدوڵڵا ساڵح ڕەسوڵ ناسراو بە مامۆستا چیا، کامەران مام عومەر نەجاڕ، کەمال قادر فەتاح ئەبوبەکر چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران، نوعمان عەبدوڵڵا عوبێد مەعروف کلاوقوتی ناسراو بە هاوڕێ و نەجمەدین فاتیح شوکر ئیسماعیل کەرکوکی ناسراو بە شێروان)، مۆفەق عەبدولڕەحمان مەحمود عەزیز تەقی بە برینداری کەوتە بەردەستی جاشەکان و دوای ماوەیەک سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە، بەڵام لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا، کە دوای ئازادبوونی گەڕایەوە ناو شۆڕش و دووبارە بووەوە بە پێشمەرگە، کەچی دواتر لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک لە ڕێکەوتی (19.3.1991)دا شەهید بوو).

جاشەکانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس، لە ڕۆژی (21.3.1982)دا لە گوندی مۆردخواردەی سەروو سەر بە شارەدێی ئاغجەلەر حەوت پێشمەرگەی یەکێتی شەهید دەکەن کە ئەمانە بوون: (ئەحمەد ڕەفیق تۆفیق حەمەسوور (1950/ کۆیە/ قەسرۆک) فەرماندەی مەفرەزە، ئیسماعیل (شاخەوان) فەرماندەی مەفرەزە، چیا کەرکوکی، مامۆستا خالید ڕەشید ڕەحیماوەیی (پێشڕەو)، شەریف خدر عەبدوڵڵا مەحمود (مەلا ئازاد)، عەلی ساڵح قادر ئەحمەد سێگرتکانی فەرماندەی کەرتی یەکی ساڵەیی و جێگری فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک و عوسمان گۆگجەیی)، سێ پێشمەرگەش بریندار بوون بە ناوەکانی ئەحمەد گۆگجەیی، کاوە عەلی ساڵح قادر کە دواتر لە ڕێکەوتی (6.10.1986) بەدیل گیراو دواتر لە ڕێکەوتی (4.1.1988)دا لە

ئەبوغرێب لە سێدارە درا، لەگەڵ مەجید محەمەد عەلی ناسراو بە نەقیب سیروان، کە ئەویش دواتر لە ڕێکەوتی (6.3.1988) لە دۆڵی جافایەتی شەهید بوو، هەروەها دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی تەها محەمەد سەعید (زانا) و کاکەمەند محەمەد ساڵح (خاڵە بەخە/ کەرکوک/ مەرزیخە/ 1961) بە بریندار بەدیل گیران و دواتر لە هەیئە خاسەی کەرکوک بڕیاری لە سێدارە دانیان دەرچوو، وەلێ بەخت یاوەریان بوو و دوای نزیکەی (4) مانگ هەردووکیان بەر لێبووردنی گشتی (17.7.1982) کەوتن و ئازاد کران، بەڵام خاڵە بەخە لە ڕێکەوتی (31.8.1996)دا لە هەولێر بەدەستی پارتی شەهیدکرا.

هێزێکی گەورەی هاوبەشی سوپا و جاشەکانی قادر فەرەج، تەحسین شاوەیس فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50) و عاسی حەمە ڕەئوفی فەرماندەی مەفرەزە خاسە، بە پشتیوانی چەندین کۆپتەری سەمتی و شەڕکەر لە ڕێکەوتی (17.5.1982)دا هێرشیان کردە سەر کەرتی (4)ی جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە گوندی حەمک و چوار پێشمەرگەیان بە ناوەکانی: (عەلی کەریم ئەمین محەمەد تەپەکوڕەیی ناسراو بە عەلەڕەش، ستار محەمەد مستەفا ڕەشید باوەفەتی، ئەحمەد عەبدولڕەحمان عومەر عەبدوڵڵا ناسراو بە هاوار کەرکوکی و وەهاب ئەحمەد محەمەد مستەفا ناسراو بە فەتاح) شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەناوی خاڵە بازیان چاوێکی کوێر بوو. ئەو شەڕە کە دواتر بە داستانی حەمک ناسرا، بە فەرماندەیی فەرماندەی کەرت مامە ڕیشە (نەجمەدین شوکر ڕەئوف تاڵەبانی) بوو، کە (62) سەرباز و جاش کوژران لە نێویاندا سەرۆکجاش عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیقی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات؛ سەرچاوە: (1-25، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، پێشمەرگە پۆڵایینەکە، ل50-52).

جاشەکانی یوسف فەتحوڵڵا شوانی (خەڵکی گوندی گۆران)، فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (77)ی سەر بە ئیستخباراتی شەرقییە، بە پاڵپشتی هێزێکی زۆری دوژمن لە لیواکەی چەمچەماڵ، ئەمن، ئیستخبارات، جەیشی شەعبی، مونەزەمەی بەعس و پۆلیس، لە ڕێکەوتی (8.1.1983)دا لەناو شارۆچکەی چەمچەماڵ دەچنە سەر ماڵێک کە سێ پێشمەرگەی کەرتی سێی هەمەوەندی تیپی (57)ی سەگرمەی تیا دەبێت. لە کاتژمێری (9)ی بەیانییەوە شەڕ لەنێوان ئەو سێ پێشمەرگەیە و هێزە زۆرەکەی دوژمن دەست پێدەکات. شەڕەکە سات لەدوای سات سەخت تر دەبێت و هێزی تر

بە بەردەوامی بەهانای هێزەکانی دوژمنەوە دێن. چەندان کۆپتەری شەڕکەر، فڕۆکەی جۆری هەنتەر و پیلاتۆز و تۆپی (106) و جاشەکانی تەحسین شاوەیس، کوێخا ڕەئوف گەڕاوی و قالە فەرەج دەگەنە شوێنی شەڕەکە و بەشداری تێدا دەکەن. لە ئەنجامی ئەم شەڕەو بۆردومانی فڕۆکەکاندا (18) خانووی هاووڵاتیان سووتا، سێ پێشمەرگە شەهید کران کە ئەمانە بوون: (بەکر تۆفیق محەمەد مەعروف ناسراو بە بەکر باڕۆیی، محەمەد نادر قادر ناسراو بە حەمە چەمچەماڵی، فەرماندەی مەفرەزە، مەجید قادر فەتاح ئەبوبەکر چەمچەماڵی ناسراو بە سۆرانی گوڵەسوتاو، جێگری فەرماندەی مەفرەزە، کە پێشتر برایەکی بەناوی کەمال قادر فەتاح ناسراو بە گۆران لە ڕۆژی (5.3.1982)دا لە داستانی قازان شەهید ببوو). حوسێن کەریم کوردەی سەر بە ئیستخباراتی چەمچەماڵ هۆکاری ئاگادارکردنەوە و هێرشی دوژمن بوو بۆ سەر ئەم سێ پێشمەرگەیە و شەهید بوونیان. لەم هێرشەی جاشەکانی یوسف فەتحوڵڵا، تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج و مەفرەزەی کوێخا ڕەئوف گەڕاوی، کۆمەڵێک سەرباز، جەیشی شەعبی و جاش کوژران، لەنێویاندا کوژرانی کوێخا ڕەئوفی فەرماندەی مەفرەزە و جاشێکی دیکە بەناوی ڕۆکان قادر جەبار.

حوسێن کەریم کوردە، دوای ڕوخانی سەدام لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا پەنای بۆ حەویجە بردووە.

جاشی قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس و یوسف گۆران، لە ڕۆژی (30.8.1985)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بە ناوی نامیق ئیسماعیل محەمەد عەزیز ناسراو بە شاهۆ (1957/ کەرکوک)، فەرماندەی کەرتی (3)ی چەمچەماڵی تیپی (21)ی کەرکوک شەهید دەکەن.

جاشەکانی قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس و یوسف گۆران لە ڕۆژی (1.9.1985)دا پێشمەرگەی یەکێتی فەیزوڵڵا حەمەشەریف خەسرەو ناسراو بە دلاوەری کوێخا شەریف (1961/ کەرکوک)، جێگری فەرماندەی کەرتی (3)ی چەمچەماڵی تیپی (21)ی کەرکوک، لە گوندی سەیدان–ی قەرەهەنجیر شەهید دەکەن.

قادر فەرەج عەبدوڵڵای فەرماندەی مەفرەزە خاسەی (49)ی ئیستخباراتی شیمالی، لە کاتژمێری (4)ی بەیانی ڕێکەوتی (28.10.1985)دا بەدەستی پێشمەرگەیەکی تیپی (21)ی کەرکوکی یەکێتی بەناوی حەسەن عەبدولکەریم ڕەشید (حەسەن

گۆگجەیی) لە گوندی حەساری سەر بە شوان کوژرا. بەڵام بەداخەوە حەسەن عەبدولکەریم لەلایەن ئامۆزایەکی خۆیەوە بەناوی نوری حەمەکەریم لەپێناوی پارەدا شەهید کرا کە دەستبەجێ گەڕایەوە باوەشی ڕژێم.

دوای کوژرانی قالە فەرەج، سەلاح مستەفا فەرەج کرا بە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49)، هەر لە ڕۆژی کوشتنی قالە فەرەجی مامی لە (28.10.1985)، لە تۆڵەی مامی، دوو جاشی مامی بە ناوەکانی جەوهەر مەجید ساڵح ناسراو بە شەماڵ و عیماد عەبدوڵڵا حەمەدئەمین فافۆن ناسراو بە خەباتە ڕەش، کە پێشتر لە حوزەیرانی ساڵی (1985)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی حوسێن ئەحمەد عەلی فەقێ ناسراو بە حوسێن دەرماناوی لە نزیک گەلۆزی شەهید دەکەن، دەیانگرێت و ڕۆژی دواتر واتە (29.10.1985) دەیانکوژێت. سەلاح مستەفا فەرەج، لە ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) کوژرا. وەلێ بەگوێرەی فۆرمی شەهید (3152 هاء)ی لقی سێی پارتی، قالە فەرەج کراوە بە شەهید و مانگانە (200.000) دوو سەد هەزار دینار دەدرێت بە سەبریە عەبدوڵڵا عومەر.

سەلاح مستەفا فەرەج عەبدوڵڵا دەلۆ، جێگر و برازای قالە فەرەج، ئێستاکە وەکو شەهیدی سەنگەری پارتی دیموکراتی کوردستان و مانگانە (334.000) دینار دەدرێت بە شیڤانی کوڕی و (66.000) هەزاریش بە مەنیجە ئەحمەد محەمەدی دایکی.

(113). قاسم ڕەشید خدر سەیداوەیی، فەرمانەدەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (21).

ئەحمەد حەمەدئەمین سەلیم مورتکەیی ناسراو بە (ئەمیتا)، جێگری قاسم ڕەشید و ڕەگەزنامەی سویدی هەیە و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە بە پلەی نەقیب لە بەرەی گوێرە لە شەڕی دژە داعش.

قاسم ڕەشید، مامەند قەشقە و ڕائید عەبدولسەلام ئەڵعەناس موسڵاوی یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر، لە مانگی دووی ساڵی (1988)دا ڕەحمان قەشقە (ڕەحمان حەمەد تەها)یان لەسەر قسەی مامەند قەشقە فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی (113)ی ئەمنی هەولێر دەستگیرکرد، لە ئەمن لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە لەگەڵ ڕەحمان قەشقە کرابوو کە گوایە سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی و جوامێری برایشی

پێشمەرگەیە. مام ڕەحمان قەشقە، تاوەکو ڕێکەوتی (14.9.1988) لە زیندانی ئەمنی هەولێر گیرابوو، کە لەو ڕۆژەدا بەپێی لێبووردنە گشتییەکەی (6.9.1988) ئازادکرا.
قاسم ڕەشید خدر لەگەڵ مەفرەزەیەکی ئەمنی هەولێر، لە ڕۆژی (12.12.1989)دا ئیسماعیل عەلی حەویز شەریف (جەرگۆ) کە سەر بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوو، دەستگیر دەکەن، کە دواتر لە ڕۆژی (24.10.1990)دا لە دادگای سەورەی بەغدا بڕیاری لە سێدارەدانی دراو لە ڕۆژی (21.11.1990)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.
قاسم ڕەشید خدر سەیداوەیی و جاشەکانی سەر بە مەفرەزەکەی لە ئێوارەی ڕۆژی (17.11.1989)دا لەنێوان گوندەکانی قەرەنی ئاغا و گرجان لە سنووری چوارقوڕنە سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی بە ناوەکانی (لوقمان محەمەدئەمین گۆپتەپەیی ناسراو بە قارەمان، حەمەدئەمین ناسراو بە جوتیار کانەبی و فازڵ ڕەشید ئەحمەد ساڵح جاف ناسراو بە ڕەوەند بۆگردی) شەهید دەکەن؛ سەرچاوە: (2-237، گۆڤاری چیا، ژمارە (37)، ئەیلول و تشرینی یەکەم (2010).
قاسم ڕەشید خدر، ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، عومەر محەمەدئەمین سۆفی شێخانی، عەبدولخالق سەلیم و عەبدوڵڵا سەلیم لەگەڵ ئەو هێزەی ئەمنی هەولێر بوون، کە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر (عەقید ڕوکن تەحسین موسڵاوی)، لە ڕۆژی (19.9.1990)دا کادیر و فەرماندەی تیپی (87)ی قەرەچوغ و لێپرسراوی پاتیزانەکانی هەولێری (ینک) هاشم محەمەدئەمین جەمیل سادق ناسراو بە (هاشم شەمامکی)یان لە دەلوگوڵ لە پشتی (عارەب کەند)، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی ئیسماعیل خورشید ئیبراهیم ئیسماعیل مورتکەیی شەهید کرد و پێشمەرگەیەکی تریش بە برینداری بەناوی (کاوە ناسیح مشاری/ ئاقوبانی) توانی خۆی دەرباز بکات و ئێستاکە موقەدەمی پۆلیسە لە هەولێر، ئەو سێ پێشمەرگەیە چوار جاشیان کوشت؛ سەرچاوە: (ئەو زانیارییەم لە ڕێکەوتی (9.5.2010)دا لە دکتۆر مەجید محەمەدئەمین جەمیل سادقی برای شەهید هاشم شەمامکی وەرگرتووە)!
قاسم ڕەشید خدر، لە ساڵی (2000)دا لە سلێمانی گەڕەکی ڕاپەڕین خانوویەکی لەو (400) خانووە پێدرا کە بۆ ئاوارەکانی مەخمور لەلایەن (ی. ن. ک) دروست کرابوو. لە لیستی ناوەکاندا کە دەبوایە خانوو وەرگرن، ناوی ژمارە (3) کە ناوی دایکی

شەهیدێک بووە ناوەکەیان سڕییەوەو ناوی قاسم ڕەشید خرایە شوێنی ناوی دایکە شەهیدەکە.

قاسم ڕەشید خدر، لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (8.6.2013)دا لە سلێمانی مرد.

(114). قەیسەر ئەحمەد ڕۆستەم (هێمنە ڕەش)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

قەیسەر (هێمنە ڕەش)، پێشتر فەرماندەی تیپی (59)ی حەمرینی سەر بە (ی. ن. ک) بوو، کەچی لەپڕ لە ڕێکەوتی (18.7.1988)دا لەگەڵ هەر یەک لە مەعروف عەلی مەجید فەتاح ناسراو بە سیروان دێڕەشەیی جێگری فەرماندەی تیپ، شوانەی کادیر بەرپرسی ڕێکخستنی کۆمەڵە، ڕەفعەت محەمەد ساڵح کەریم فەرماندەی کەرت، حاجی حەبیب حەمە تۆپچی بەرپرسی هێزی بەرگری و چەند کەسێکی دیکە سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعییان بە ناوەکانی ئەحمەد سەعید ئەحمەد کەریم (سەلام)، سەعد فازڵ فەیلی ناسراو بە دڵشاد فەیلی (باوکی عیناد) و حەکیم کەریم سەرحەد عارف ژاڵەیی (چیا) لە نزیک گوندی کانی تورکە لە بناری سێ تەپان شەهید کرد، هەروەها کادیر و پێشمەرگەیەکی عارەبی خەڵکی بەسرا-یان بەناوی هاشم خەڵەف (1957/ بەسرا)، کە بە ملازم سەعد و ئەبو یەسار ناسرابوو، بە دەست بەستراوی ڕادەستی ئیستخباراتی سەربازی کردەوە کە دواتر لە سێدارە دراوە، خۆشیان بوون بە جاشی مەفرەزە خاسە. دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە گەورەیە، هێمنە ڕەش بوو بە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و ئەوانەی تریش جاشی ئەو تۆمەتبارە. ئێستاکە هێمنە ڕەش، بە پلەی لیوا مووچەی خانەنشینی لە (ی. ن. ک) وەردەگرێت و لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێیە.

سیروان دێڕەشەیی، دوای ڕاپەڕین لە ڕیزەکانی (ی. ن. ک) بەردەوام بوو، بە پلەی ڕائید فەرماندەی فەرماندەیی بووە، تا لە ڕۆژی (29.4.2003) لە شاری کەرکوک کوژرا.

(115). کامەران ئەحمەد جەمال ناسراو بە (کامەرانە سوور)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

کامەرانە سوور، بەشداری پەلاماری ئەنفالکردنی دانیشتوانی مەڵبەندی سلێمانی و ناوچەی قەرەداغی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (2)؛ سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل244).

کامەران ئەحمەد جەمال ناسراو بە (کامەرانە سوور)، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (217)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

کامەران ئەحمەد جەمال، ڕایکردووە بۆ ئێران و لە شارۆچکەی خانە (پیرانشار) نیشتەجێ بووە.

(116). کاکەخان حاجی دارا ڕەشید، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

(117). کاوە ئەحمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی (کاوە بازیانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (79)ی سەر بە مەنزومەی شیمالی.

کاوە بازیانی، لە ئەنجامی هەبوونی کێشە لەگەڵ هەر یەک لە غەریب سەعید هەڵەدنی و عەلی محەمەد قادر (عەلی بچکۆڵ) وەکو باس دەکرێت کە بە بەردەوامی گومانیان لە دڵسۆزی ئەو هەبووە و پێیان وابووە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبووە، دوای شەهید کردنی پێشمەرگەیەکی هەرێمی (2)ی کەرکوک لە گوندی ئەڵڵاقولی بە ناوی خەلیل ئیبراهیم ئیسماعیل ئەحمەد ناسراو بە خەلیل قشلاخی (2.2.1961)، کە لای عەلی بچکۆڵ پێشمەرگە بووە، کاوە بازیانی لە ڕۆژی (14.1.1981)دا لەگەڵ هەر یەک لە ئەنوەر عەبدوڵڵا، جەلال بێکەس، خالید حاجی ساڵح، خالید مەجیدە شەل سەرچاوەیی و لەتیف حاجی ڕەشید گەڕایەوە ناو ڕژێمی بەعس و کرا فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش.

کاوە ئەحمەد بازیانی، لە ڕێکەوتی (4.9.1981)دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ی بە ناوەکانی کاوە حاجی عەبدوڵڵا حەمەدئەمین سەرچاوەیی ناسراو بە کاوەی مامە عەبە و عزەدین شێخ محەمەد شێخ عەبدوڵڵا لە گوندی کوپەلەی بازیان شەهید کردن.

کاوە ئەحمەد بازیانی، لە ڕێکەوتی (1.2.1982)دا لە ماڵێکدا لە گوندی باوەفەتی نزیک ناحیەی تەکیەی کاکەمەندی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، دوو ژنبرای خۆی کە پێشمەرگەی (ی. ن. ک) بوون بەناوەکانی شەهابەدین ئەحمەد ڕەحیم قادر کەرکوکی

فەرماندەی کەرت لە تیپی (21)ی کەرکوک و وەهاب ئەحمەد ڕەحیم قادر کەرکوکی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بەناوی جەستور سدیق محەمەد عەلی شەهید کرد، هەروەها ژنی خاوەن ماڵەکەش (فاتیمە ڕەشید)، کە دایکی شەهیدان شەهابەدین و وەهاب بوو بریندار‌بوو، کە دوای هەفتەیەک گیانی سپارد.

هێزێکی جاش کە پێکهاتبوو لە کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، قادر فەرەج عەبدوڵڵا دەلۆ ناسراو بە (قالە فەرەج)ی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49)، سەید تاهیر سەید حوسێن محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە) کە دواتر بووە سەرۆکجاشی فەوجی (42)ی جاشە سووکەکان بە پشتیوانی میلیشیا و هەلیکۆپتەری جەنگی، لە ڕۆژی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی نزیک بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان ئەنوەر حەسەن (ئەنوەر حەسەن خدر مەحمود ئاری کوتکی کەرکوکی)، فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک لەگەڵ یازدە پێشمەرگەی دیکە شەهید بکەن بە ناوەکانی: (محەمەد شوکر بلوکێنی، ڕزگار جەلال خدر محەمەد ناسراو بە هێمن، جومعە حەسەن کەریم سلێمان ناسراو بە سیروان، محەمەد شێخ سدیق ناسراو بە سوارە، عەبدولخالیق ساڵح ئەحمەد قادر سۆنەگۆلی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ، عەبدوڵڵا ساڵح ڕەسوڵ ناسراو بە مامۆستا چیا، کامەران مام عومەر نەجاڕ، کەمال قادر فەتاح ئەبوبەکر چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران، نوعمان عەبدوڵڵا عوبێد مەعروف کڵاوقوتی ناسراو بە هاوڕێ و نەجمەدین فاتیح شوکر ئیسماعیل کەرکوکی ناسراو بە شێروان)، مۆفەق عەبدولڕەحمان مەحمود عەزیز تەقی بە برینداری کەوتە بەردەستی جاشەکان و دوای ماوەیەک سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە، بەڵام لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا، کە دوای ئازادبوونی گەڕایەوە ناو شۆڕش و دووبارە بووەوە بە پێشمەرگە، کەچی دواتر لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک لە ڕێکەوتی (19.3.1991)دا شەهید بوو).

کاوە ئەحمەد بازیانی و جاشەکانی لە ڕۆژی (4.3.1985)دا کێخوا سادق حوسێن خدر یوسف (1939/ کەرکوک/ چیمەن)، لە گوندی چیمەنی سەرجادە شەهید دەکەن چونکە پێشمەرگەکانی کەرتی (5)ی شەهیدانی تیپی (57)ی سەگرمە و پشتیوانی فەرماندەی کەرت لە ساڵی (1984)دا ئاراسی برای کاوە بازیانیان کوشتبوو.

کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی و ژمارەیەک جاش لە ئێوارەی ڕۆژی (18.6.1985)دا کە بۆ بەیانیەکەی جەژنی ڕەمەزان بوو، ئیبراهیم حەبیب قاسم محەمەد کافرۆشی جێگری فەرماندەی کەرت لە کەرتی (2)ی تیپی (23)ی سورداش و پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان لە گوندی سەرچاوەی بازیان شەهید کرد و پێشمەرگەیەکی دیکەش بە ناوی عەبدولکەریم (کاروان کەرکوکی) توانی بە برینداری خۆی دەرباز بکات، کە ئێستاکە لە وڵاتی نەرویج دەژیت. دوای شەهید کردنی ئیبراهیم حەبیب قاسم، هەر یەک لە (تۆفیق ئەحمەد تۆفیق ئەسمەر کافرۆشی، ڕائید و فەرماندەی سریە لە فەوجی (3)ی یەکێک لە لیواکانی تایبەت بە دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، حەمەڕەشید ئەحمەد وەلید کافرۆشی ناسراو بە ڕەشەی دەروێش ئەحمەد، خانەنشینی (ی. ن. ک)، عومەر عەلی ڕەزا کڵاشکەرانی، محەمەد ساڵح ناسراو بە حەمەی شەمە کە بەر لە چەند ساڵێک کوژراوە، فائیق حەمەڕەشید عەزیز کڵاشکەرانی خانەنشین بە پلەی نەقیب و ئێساکە لە ڕیزەکانی گۆڕانە، هەروەها ئەحمەد کاکی، لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و حزبی بەعسەوە خەڵات کران بە کلاشینکۆفێکی موزەلی و کاتژمێرێک کە وێنەی سەدام حوسێنی تیابوو.

مەفرەزەیەکی هاوبەشی جاشەکانی کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی و سەرۆکجاش عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری، لە شەوی (11/12.1.1986)دا پەلاماری گوندی لازیانی بازیانیان داو (عەدنان عەبدوڵڵا قادر لازیان)یان شەهید و بورهانی برایان بریندار کرد.

کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی، لە ساڵی (1986)دا برایەکی قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی سەرۆکجاشی فەوجی (63)ی جاشە سووکەکانی بە ناوی (حەمەساڵح شەفیق نوعمان کافرۆشی) کوشت، کە دوکانداریکی بێتاوان بوو.

مەفرەزەیەک لە جاشەکانی کاوە ئەحمەد بازیانی بە فەرماندەی شەماڵ حەمید کە خزمێکی نزیک و جاشی کاوە بازیانی بوو، لە ساڵی (1986)دا لەناو شارۆچکەی چەمچەماڵ تووشی پشتیوان حەسەن فەقییانە (ئیسماعیل ئەحمەد حەسەن فەقییانە)ی کۆنە فەرماندەی کەرتی (4)ی جەباری تیپی (57)ی سەگرمە و تازە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی جاش دەبێت و تەقە لە پشتیوان حەسەن و جاشەکانی دەکەن کە دوو جاشی پشتیوان بە ناوەکانی شەماڵ و سەباح کەیفەدین کەرکوکی (چیا) کە پورزای پشتیوان بوو دەکوژن و پشتیوان-یش بە برینداری دەبەن بۆ

ئیستخبارات و دواتر بۆ نەخۆشخانەی سەربازی و لەوێ بە دەرزی دەیکوژن. شەماڵ حەمیدی خزمی کاوە بازیانیش هەر لەوێ دەکوژرێت. کوژرانی پشتیوان حەسەن فەقێ، لەلایەن جاشەکانی کاوە ئەحمەد بازیانی لەسەر داوای کاوە بووە لەپێناوی تۆڵەسەندنەوەی ئاراسی برای کە لە ڕۆژی (14.9.1984)دا لە گوندی چیمەن لەگەڵ مەحمود کوپەلی بەدەستی پشتیوان و کەرتەکەی کوژران و جاشێکیش بریندار بوو بەناوی خوارەحمە کۆڵ.

کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی، تۆفیق ئەحمەد تۆفیق محەمەد بازیانی و حەمەڕەشید ئەحمەد وەلید کافرۆشی لەگەڵ ژمارەیەک لە جاشەکانیان لە ڕۆژی (9.11.1986)دا خۆشناو ئەسعەد حوسێن مەولود (1968/ شوان/ کەرکوک) پێشمەرگەی کەرتی (4)ی تیپی (23)ی سورداش لە نێوان گوندەکانی کانیبی و گەورەدێ-ی سەر بە ئاغجەلەر کە بەبێ چەک دەبێ بەدیل دەگرن. کاوە ئەحمەد بازیانی و تۆفیق ئەحمەد بازیانی، لە سەرەتادا خۆشناو ئەسعەد حوسێن دەبەن بۆ ماوەی (5) شەو لە ماڵەکەی کاوەدا دەستبەسەری دەکەن و داوای دە هەزار دیناری لێ دەکەن لە بەرانبەر ئازاد کردنیدا. خۆشناو ناونیشانی ماڵی باوکی لە کەرکوک دەدات بە کاوە و تۆفیق، بەڵام ئەوان پەیوەندی بە ماڵی باوکی ناوبراوەوە ناکەن و سەرەتا دەیبەن بۆ ئەمنی تەواوی سلێمانی (ئەمنی حەسیب سالح) و لەوێ پێیان دەڵێن بیبەن بۆ ئەمنی عامە و ئەوانیش دەیبەن بۆ ئەمنی عامەی بەغدا و لە ڕێگەی بەغدا تۆفیق بازیانی بە خۆشناو دەڵێ: (دە هەزار دینار نادەی، ئێستاکە لە بەغدا ڕادەستی ئەمنی عامەت دەکەین و بەلای کەمەوە بەرازیلییەکی سوورت بە نێوچەوانەوەیە). کە دەگەنە بەغدا، تۆفیق بازیانی لەوێ خۆشناو ئەسعەد لەگەڵ دەمانچەیەکی شڕی مەکاریۆف ڕادەستی ئەمنی عامە دەکەن، کە گوایە پێشمەرگەیە و بە دەمانچەیەکەوە گرتوویانە. دوای چەندان جار ئازار و ئەشکەنجەی ئەمنی عامە، خۆشناو بە بەردەوامی نکۆڵی لەوە دەکات کە پێشمەرگە بوو بێت یان دەمانچەکە هی ئەو بێت، هەروەها لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکدا باسی ئەوە دەکات کە کاوە بازیانی و تۆفیقی برای لە ڕاستیدا لەپێناوی پارە ئەویان گرتووە، وەلێ ئەوان بەهیچ جۆرێ گوێی لێ ناگرن و فڕێی دەدەنەوە زیندان و هیچ لێی ناپێچنەوە. تا لە کۆتایی مانگی مایسی ساڵی (1988) ئەفسەری لێکۆڵینەوەی دەگۆڕێت و ئەفسەری نوێ بانگی دەکات بۆ لێکۆڵینەوە کە ناوی ملازمی یەکەمی ئەمن ملازم شوکر بووە. لە یەکەم لێکۆڵینەوەی

ملازم شوكردا، خۆشناو باسی ئەوە دەكات كە ئەوان لەپێناوی پارەدا گرتویانە و سەرەتا داوای دە هەزار دیناریان لێ كردووە لە بەرانبەر ئازادكردنیدا، بەڵام دوای ئەوەی كە زانیویانە ماڵی باوكی ئەو دەوڵەمەندە نین كە بتوانن ئەو برە پارەیان پێ بدرێت، بۆیە ڕادەستی ئەمنی دەكەن، هەروەها خۆشناو ئەسعەد بە ملازم شوكر دەڵێت: (ماوەی پێنج شەو لە ماڵەكەی كاوە بازیانی لە گۆپاڵە لە ژوورێكدا دەست بەسەر بوویمە، داوای دە هەزار دیناریان لێكردووم، دوای ئەوەی كە زانیان ئەو برە پارەیەم بۆ پەیدا ناكرێت، ئینجا منیان ڕادەستی ئێوە كرد. بۆ سەلماندنی قسەكانیشم وێنەیەكی سەدام حوسێن بە جلوبەرگی سەربازییەوە لەو ژوورەدا هەڵواسراوە، كە تیایدا دەستبەسەر كرابووم. وێنەكەم هێناوەتە خوارەوە و لە پشتی وێنەكەدا بە سووتووی جگەرە ئەمەم نووسیومە: خۆشناو ئەسعەد حوسێن، بەرواری 9.11.1986). ملازمی یەكەمی ئەمن ملازم شوكر، دوو سێ ڕۆژ دوای قسەكانی خۆشناو ئەسعەد حوسێن، لە دەوروبەری ڕۆژانی (28 و 29.5.1988)دا بە یاوەری دوو ئۆتۆمۆبێلی پڕ لە ئەمن خۆشناو لەگەڵ خۆی دەهێنێ و بەرەو گۆپاڵە دێن و دەچنە ماڵەكەی كاوە بازیانی و دەرگای ئەو ژوورەیان پێ دەكاتەوە كە خۆشناوی تێدا دەستبەسەر كراوە. ملازم شوكر، لەبەردەم خۆشناو ئەسعەد، كاوە ئەحمەد بازیانی، تۆفیق ئەحمەد بازیانی و جاشەكانیان وێنەكەی سەدام دادەگرێ و سەیری پشتی وێنەكە دەكات، دەبینی نووسراوە: (خۆشناو ئەسعەد حوسێن، بەرواری 9.11.1986)، بۆیە ڕوودەكاتە تۆفیق و بە عەرەبی پێی دەڵێت: (نغل/ زۆڵ). هەر هەمان ڕۆژ ملازم شوكر گفتی ئازادكردنی خۆشناو ئەسعەد دەدات و دەگەڕێتەوە بەغدا و ئەمنی عامە، بە یەكجاری دەست لە ئەشكەنجەدانی خۆشناو ئەسعەد هەڵدەگرن، دواتر لە ڕۆژی (5.9.1988)دا ڕەوانەی كەركوكی دەكەن كە ماڵیان لە گەڕەكی ئیمام قاسم بووە بۆ ئەوەی لەوێ ئازادی بكەن. ڕۆژی دواتر لێبووردنی گشتیی بە سەردا دێت و لە ڕێكەوتی (11.9.1988)دا ئازاد دەكرێت. كاتێ كە خۆشناو دەگەڕێتەوە ماڵ هەموویان سەریان سووردەمێنێ و باوەڕ ناكەن كە ئەوە خۆشناوی كوڕ و برایانە، چونكە كاوە ئەحمەد بازیانی و تۆفیق ئەحمەد بازیانی تەرمی پێشمەرگەیەكی شەهید كە چەند ڕۆژێك دوای دەستگیركردنی خۆشناو شەهیدیان كردبوو، بە شێواوی دەدەنەوە ماڵی باوكی خۆشناو و پێیان ڕادەگەیەنن كە ئەوە تەرمی خۆشناو ئەسعەد حوسێنی كوڕیانە، ئەوانیش پرسە بۆ خۆشناو

دادەنێن و دواتریش مردننامەی بۆ دەردێنن، دوای ئازادکردن و گەڕانەوەی خۆشناو، ماڵی باوکی خۆشناو دووبارە هەوڵ دەدەن خۆشناو زیندوو بکەنەوە و دوای ماندووبوونێکی زۆر مردننامەکە پوچەڵ ئەکەنەوە و سەرلەنوێ بڕوانامەی باری شارستانی بۆ دەردەهێنن.

کاوە ئەحمەد تۆفیق محەمەد بازیانی، لە ساڵی (1987)دا بە تۆمەتی کوشتنی (حەمەساڵح شەفیق نوعمان کافرۆشی) برای قادر شەفیق دەستگیر دەکرێت، وەلێ دوای چەند مانگێک بەبێ دادگاییکردن ئازادکرا.

کاوە ئەحمەد بازیانی، لە ڕێکەوتی (21.10.1993) لە پەنای (ی. ن. ک)دا کەسێکی بەناوی جەمیل سەیفوڵلا ماوەتی کە سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو کوشت.

کاوە ئەحمەد تۆفیق (کاوە بازیانی) بکوژی شەهید ئیبراهیم حەبیب و بەشدار لە شەهید کردنی شەهیدی قارەمان ئەنوەر حەسەن کەرکوکی و یازدە شەهیدەکەی دیکە، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ک) و بە پلەی ڕائید خانەنشینە و دواتریش چۆتە ناو ڕیزەکانی حزبی گۆڕان.

(118). کەریم حەمەڕەئوف فارس حەسەن کانیساردی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت (1950-21.10.1996).

کەریم کانیساردی، بەناو پێشمەرگەو بەرپرسێکی پارتی بووە لە لقی دووی سلێمانی لە گوندی عازەبان، لە ڕۆژی (2.4.1983)دا دەستی هەبووە لە شەهیدکردنی (10) پێشمەرگەی یەکێتی لە گوندی گۆڕەدێم و دوای چەند ڕۆژێک گەڕایەوە ناو ڕژێم و کرا بە فەرماندەی مەفرەزە خاسە.

بەگوێرەی نەخشە و پلانی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی و هاوکاری سەرۆکجاش شێخ محەمەد عومەر ئەمین باساکی و جێبەجێکەری نەخشەکە لەلایەن فەرماندەی مەفرەزەی خاسە کەریم حەمەڕەئوف فارس کانیساردی لە ئێوارەی (6.7.1984)دا کادیر، پێشمەرگە و پاڵەوانی زیندانەکانی بەعس مامۆستا ئاراس عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ئەحمەد ناسراو بە مامۆستا پێشڕەو (1.5.1957/ سلێمانی - ی. ن. ک)، لە گەڕەکی ئازادی شاری سلێمانی شەهیدکرا. ڕۆژێک پێشتر دوو ژن کە یەکێکیان کەسێکی نزیکی شێخ نوری دەبێت، سەردانی مامۆستا پێشڕەو دەکەن لە ماڵەکەی خۆیدا و ئاگاداری دەکەنەوە کە شێخ نوری شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی کۆمەڵێک

چەکی حکومەتی لایە و دەیەوێت لە ڕێگای ئەوەوە بیگەیەنێتە (ی. ن. ک). ئێوارەی ڕۆژی دواتر مامۆستا پێشڕەو دەچێت بۆ ماڵی شێخ نوری، بەڵام کەریم حەمەڕەئوف فارس کانیساردی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئەوکات، لەپشتەوە مامۆستا پێشڕەو شەهید دەکات و دواتریش شێخ نوری دەکوژێت.

لە پاداشتی ئەم چالاکییەدا، حکومەت فەوجی جاشانی بۆ شێخ محەمەد باساکی و لەبری کوژرانی براکەیان فەوجی (174)ی بۆ شێخ نەجمەدین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی کردەوە، هەروەها شێخ عەتای غاز-ی برای شێخ نوری کرد بە جێگری شێخ نەجمەدین لە فەوجەکەدا.

کەریم ڕەئوف کانیساردی و جاشەکانی، لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەهاری ساڵی (1985)دا پەلاماری گوندی (سیرە مێرگ)ی سەر بە قەڵاچوالانی داو هاوولاتی ڕزگار حاجی عەبدوڵلا عەلی سیرەمێرگی و (4) پێشمەرگەی کەرتی (4)ی تیپی (47)ی پیرەمەگروونی (ی. ن. ک)یان شەهیدکرد، لە نێویاندا (ئامانج، بەکر شێخ عەلی)، لەگەڵ بریندارکردنی دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی (بەهائەدینی کۆمەڵایەتی و بەهائەدین محەمەدئەمین سەلیم ناسراو بە بەهائەدینە کوێر).

کەریم کانیساردی، لە ڕۆژی (28.11.1985)دا عەلی تۆفیق ڕەحیم ئەمین ناسراو بە ڕەزان (1967/ سلێمانی/ خەلەکان/ کۆڕەداوێ)، ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی دەستگیرکردو ڕادەستی ئەمنی سلێمانی کرد، کە دواتر لە دادگای شۆڕش سزای هەتاهەتایەی زیندانی کردنی درا. عەلی تۆفیق ڕەحیم، دواتر لە ڕۆژی (3.6.1988)دا لە زیندانی ئەبوغرێب بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی دوانزەگرێ کۆچی دوایی کرد.

دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)، کەریم حەمەڕەئوف کانیساردی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ڕژێمی سەدام، چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

کەریم حەمەڕەئوف فارس کانیساردی و بێستون کەریم حەمەڕەئوفی کوڕی بەیەک ڕۆژ لەگەڵ تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، سەرۆکجاشی فەوجی (172)ی جاشە سووکەکان و فەرماندەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شەڕی ناوخۆی ساڵانی (1994-1998)ی نێوان (ی. ن. ک) و (پ. د. ک)دا لە ڕێکەوتی (21.10.1996)دا لە نزیک دوکان بەدەستی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) بە گوللەی هاوەن کوژران.

کەریم حەمەڕەئوف فارس حەسەن و بێستونی کوڕی هەردووکیان شەهیدی سەنگەری پارتی دیموکراتی کوردستانن.
کەریم حەمەڕەئوف کانیساردی، بە پلەی سەرلقی سوپای ڕزگاری بە فۆرمی (109س. ڕ.) مووچەی شەهیدانەی (800.000) هەزار دیناری مانگانەی هەیە کە پەریخان محەمەد فارس وەریدەگرێت و خانوویەکیشی لە هەولێر دراوەتێ.
بێستون کەریم حەمەڕەئوف فارس حەسەن (1971-21.10.1996)، بە پلەی فەرماندەی بەتالیۆن لە سوپای ڕزگاری بە فۆرمی (110س. ڕ) بڕی (1.200.000) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار شەهیدانە دەچێتە قاسرین (بانکی سەفین) بۆ ڕێکانی کوڕی.

(119). کەمال ئیسماعیل (سلێمانی)، فەرماندەی مەفرەزە خاسە.

(120). کەمال عەزیز محەمەد خۆشناو، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (114).
کەمال عەزیز خۆشناو، بەشداری پەلاماری ئەنفالی (4)ی کردووە؛ سەرچاوە: (شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل163).

(121). کوێستان سەعید مستەفا ڕۆستی ناسراو بە (کوێستانە سۆت)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت ئیستخبارات.
کوێستانە سۆتی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی و مستەفا حەمەد ڕەسوڵ (مستەفا گۆج)ی فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (48)ی سەر بە ئیستخبارات، لە مانگی یانزەی ساڵی (1987)دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان لە دۆڵی خانەقا شەهید کرد بە ناوەکانی: (محێدین حەسەن عەبدولکەریم ناسراو بە شێخ محێدین (خەڵکی گوندی خۆشکان)ی چۆمان، جێگری فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (78)ی کارۆخ و حوسێن مستەفا حەمەد عەزیز وەردی (وەردێ/ چومان)، فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی یەکی تیپی (78)ی کارۆخ.

(122). مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم داڵداغانی، ناسراو بە (مەمۆی شیوعی یان مەمۆی سمایل کسێری)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
مەمۆ، یەکێک بوو لە کادیرە کۆنە شیوعییە ناسراوەکانی شاری هەولێر، کە کاروباری ڕێکخستنەکانی سنووری شارۆچکەی کۆیەی بەڕێوەدەبرد، بەڵام دوای سالانی (1977) ناپاکی لە حزبی شیوعی کرد و خۆی بە حزبی بەعس و سەدام فرۆشت.
مەمۆی شیوعی، لە ساڵی (1980)دا بە پلانی دائیرەی ئەمنی عامەی بەغدا خۆی دەگەیەنێتە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان و دەیەوێت پێوەندی بکات بە حزبی شیوعی، بەڵام ئەوان بەگومانی سیخوڕی و خۆ دۆڕاندنی ناوبراو بە ڕژێمی بەعس وەریناگرن و تەنانەت نزیکترین خزم و هاوڕێ کۆنەکانی خۆی لە حزب، نایانەوێ دەستەبەری (کەفالەت)ی مەمۆ بکەن، بۆیە ئەو بەناچاری ماوەیەک ڕوودەکاتە ئێران و دواتر دەگەڕێتەوە. بە تاکتیک و لەپێناوی فشار خستنەسەر هاوڕێیانی حزبی شیوعی ئێراقی دەچێتە ناو حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، بۆ ماوەیەکی باش لای ئەوان دەمێنێتەوە. مەمۆ سەرەڕای ئەوەی لەناو حسیک بوو، کەچی بۆ ئەوەی پلانەکانی لەدژی حزبی شیوعیدا ئەنجام بدات لە هەوڵی بێوچان نەدەکەوت بۆ وەرگرتنەوەی لەناو حزبی شیوعی ئێراقیدا. هەوڵەکانی سەری گرت و لە کۆتایی ساڵی (1983) و بەر لە بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حزبی شیوعی ئێراق (کۆنگرەی چوارەم لە ڕێکەوتی 10.11.1985دا لە گوندی مەرگەوەڕی خواروو بەسترا) کەسانێک وەریانگرتەوە، سەرەڕای ناقایلبوونی زۆرینە لەناو حزبدا.
مەمۆی کادیر، گفتی بە حزبی شیوعی ئێراقی دا کە لە تۆڵەی ئەو سنگ فراوانی و لێبووردەییەی حزب بەرانبەر بەو ناپاکییانەی ئەو لە کۆتایی سالانی حەفتاکاندا لە حزبی کردووە، تەواوی ژیانی خۆی بکاتە قوربانی ئەو حزبە و هەوڵبدات قەرەبووی ئەو ناپاکییانە بە دڵسۆزی خۆی بداتەوە. بەڵام مەمۆ دیارە ئەو بەڵێن و گفتانەی زۆرتر لەبەر ئەوە بووە تاوەکو دووبارە حزبی شیوعی باوەڕ و متمانەی پێ بکاتەوە. کەچی مەمۆی شیوعی، دوای ئەوەی جێ پێی خۆی تا ڕادەیەک لەناو حزبی شیوعیدا قایم کرد و توانی متمانەی برادەرانی بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، زۆر لێزانانە و بە ڕێنمایی بەردەوامی دەزگاکانی ئەمنی عامەی بەغدا بە سەرپەرشتی ئەفسەرێکی ئەمن بەناوی (ڕائید شاکر)ی بەرپرسی دۆسیەی حزبی شیوعی و هاوکاری دەزگای

ئەمنی هەولێر بە یارمەتی ئەفسەرێکی ئەمن بەناوی (نەقیب عەبدوڵلا)ی خەڵکی ڕومادی، کە بەرپرسی دۆسیەی حزبی شیوعی ئێراقی بوو، هەڵسا بە جێبەجێکردنی یەک لەدوا یەکی نەخشە و پلانەکانی دوژمن لە دژی پێشمەرگەکانی شیوعی، کە بەشێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

مەمۆی شیوعی، لە ڕێکەوتی (7.11.1984)دا بە هاوکاری لەگەڵ مەفرەزەیەکی ئەمنی هەولێر، کادیر و پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بەناوی تاریق محەمەد ئەحمەد قادر گەردی دیبەگەیی (ملازم ئارام)، کە لە محەتەی هەولێر شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەناوی ئەدهەم عوسمان محەمەد ئەحمەد کەڵهوڕ گردەڕەشەیی ناسراو بە داود توانی خۆی دەرباز کات، وەلێ دواتر لە تاوانی ڕادەستکردنەوەی نۆزدە پێشمەرگەکە بە ئەمنی هەولێر کەوتە داوی مەمۆ و شەهید بوو.

مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم، بە سێ جار لە شەوی (9/10.11.1984) و شەوی (10/11.11.1984) و دوا بەشیشیان لە مانگی دیسێمبەری هەمان ساڵ، هەڵسا بە گرتنی (19) پێشمەرگە و هاوڕێی ڕێکخستنە نهێنییەکانی حزبی شیوعی کە بریتی بوون لە سێ مەفرەزە: (مەفرەزەی لقی هەولێر بە فەرماندەیی عەباس محەمەد عومەر ڕەحیم چۆمەزەردە، مەفرەزەی بەڕانەتی بە فەرماندەیی کەمال شێخ محەمەد قادر مەولود سەیدانی ناسراو بە دڵشاد و مەفرەزەی قەرەچوغ بە فەرماندەیی ئەدهەم عوسمان محەمەد ئەحمەد کەڵهوڕ گردەڕەشەیی ناسراو بە داود)، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی سەر بە ڕێکخستنەکان، کە لە گەڕەکی کوران بوون لەناو شاری هەولێر و لە پلانێکدا ڕادەستی ئەمنی هەولێری کردن و لە پاداشتدا خۆی کرا بە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمن و چەک، خانوو، ئۆتۆمۆبێل و پارەی وەرگرت.

مەمۆ، گوایە هاوکار و یاریدەدەری ئەو پێشمەرگانەیە و بە بیانوی ئەوەی کە شوێنەکەیان باش نییە و دەیەوێت لە گەڕەکی کوران بیانگوازێتەوە بۆ گەڕەکی عەدالە لە سەر ڕێگای هەولێر کەرکوک.

مەمۆ ئیسماعیل، لەکاتی گواستنەوەی پێشمەرگەکاندا بە پلانی دەزگای ئەمن بە ئۆتۆمۆبێلێکی سوپەری تاکسی مۆدیل (1981)ی ژمارە (3337 هەولێر)، کە شوفێرەکەی (نەقیبب عەبدوڵلا ڕومادی) بوو، دوو دوو یا سێ سێ دەیبردن و لە ماڵەکەی گەڕەکی عەدالە، کە ماڵی حوسێن مەحمود کەریم بڵباسی ناسراو بە

(حوسێن زیل) برای نایف مەحمود کەریم بلْباسی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (80)ی سەر بە ئەمنی هەولێر بوو دایدەنان.

حوسێن مەحمود کەریم، بکوژی دوو پێشمەرگەی ناسراوی (ی. ن. ک) بووە بە ناوەکانی جەعفەر مەحمود محەمەد مستەفا ناسراو بە (محەمەد عەجەم) و خالید سابیر عوسمان محەمەد (نەبەز) کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە لە ئێوارەی (9.4.1978)دا لە گۆڕستانی سەید مەعروف لە باداوە بە هاوکاری ئەمنی هەولێر شەهیدی کردن، کە دواتر حوسێن زیل خۆیشی لە جاشایەتی و وەکو فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش لەناو شاری هەولێر لە ڕۆژی (9.1.1986)دا لە گەڕەکی کوران نزیک جادەی شەستی لە شەقامی ئەلبان، لە لایەن چەند کەسێکی تێکۆشەر و کوردپەروەرەوە کوژرا.

ئەو پێشمەرگانەی کە لە گەڕەکی کوران بەهۆی مەمۆی شیوعی دەگواسترانەوە بۆ ماڵی حوسێن زیل، لەوێ بیبسی بێهۆشییان دەدانێ و دواتر بۆ ئەمنی هەولێر دەگوازرانەوە.

کاتێک کە شەهیدان عەباس محەمەد عومەر چۆمەزەردەرەیی، تاڵیب یابە محەمەد داود یەدی قزلەری ناسراو بە عادل، عەبدولقادر عەزیز قادر ئۆرمزیار (1966/ ئۆمەراوە) و فازڵ سەعدی بەهائەدین مەرزانی (قۆڕیتانی) ناسراو بە سەرباز و پێشمەرگەیەکی عارەب بەناوی موسا یونس گزار ناسراو بە فکرەت، خەڵکی گەڕەکی سەورەی شاری بەغدا بوو دەگوازنەوە و دوای ئەوەی بیبسی دەخۆنەوە، فکرەت هەست بە تامی بیبسییەکە دەکات و هاوار دەکات: (هاوڕێیان ئەوە بێهۆشکەرە – رفاق هذا مخدر)، گوایە دەستبەجێ سەرباز، عەباس، عەبدولقادر و عادل دەست بۆ چەکەکانیان دەبەن و تەقە دەکەن، دوو ئەمن دەکوژرێت و یەکێکیش بریندار دەبێت. سەرباز، عەباس محەمەد عومەر چۆمەزەردەرە، عەبدولقادر و عادل بەدەستی ئەمنەکان شەهید دەبن. کەچی فکرەت یەکسەر بەسەر دیواردا ئاودیو دەبێت و دەتوانێ خۆی لەدەست ئەمنەکان ڕزگار بکات، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ناشارەزایی لە هەولێر دەچێتە ماڵێک و لەوێ دەکەوێت و بێهۆش دەبێت. ئەندامانی ئەو خێزانە بێئاگا لە دۆخی فکرەت بە پەلە ناوبراو دەگەیەننە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەڵام لە نەخۆشخانە دوای پشکنین بۆیان دەردەکەوێت کە مادەی بێهۆشی دراوەتێ، بۆیە نەخۆشخانە بەبێ ئەوەی هیچ لەو کێشەیە بزانن پێوەندی بە پۆلیسەوە دەکەن.

ئەمنی هەولێریش پێشتر ئاگاداری سەرجەم بنکەکانی پۆلیسی کردبوو، کە کەسێکی وا ڕایکردووە، بۆیە پۆلیس هەواڵەکە دەدات بە ئەمن و چەند پۆلیسێک دەکەنە پاسەوان بەسەر سەری فکرەت. دوای ئەوەی فکرەت ئاسایی دەبێتەوە، دەبینێ لە نەخۆشخانەیە و پۆلیس بەسەر سەریەوەن، ئەوەندەی پێناچێت مەمۆی شیوعی و مەفرەزەیەکی ئەمن دەگەنە نەخۆشخانە و فکرەت دەبەن.

لەو (19) پێشمەرگە و ڕێکخستنەی حزبی شیوعی، چوار پێشمەرگەیان لە گەڕەکی عەداله شەهید بوون، ئەمانەی خوارەوە، لە دوای تێپەڕبوونی تەنیا (48) کاتژمێر بەسەر دەستگیر کردنیاندا، دەیانبەن بۆ بەغدا. پاشان لە ڕۆژی (2.4.1985)دا لە دادگای شۆڕش (محكمة الثورة)ی شاری بەغدا لەلایەن عەواد حەمەد ئەلبەندەردا سزای لە سێدارە دانیان دەدرێ: (ئەدهەم عوسمان محەمەد ئەحمەد ناسراو بە داود، جەعفەر عەلی خدر سێودین تۆپزاوەیی ناسراو بە ڕێبوار و ئامۆزای عەباس عەبدوڵڵا خدر، زوهێر بەهنان ئۆرسا یەڵدا ناسراو بە نەبەز مەسیحی، سەلاح ئەحمەد عەلی ئەحمەد گەردی سەیدانی/ بەڕانەتی، عەباس عەبدوڵڵا خدر سێودین تۆپزاوەیی ناسراو بە سەرباز، عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەبدوڵڵا عەلی کەڵهوڕ قوڵتەپەیی ئامۆزای بڕیار، عەلائەدین حوسێن عەلی خەڵکی ناسریە، فەهد ئەلیاس هورمز ئەلیاس عەجمایا ناسراو بە فەرهاد مەسیحی، کاکل محەمەد ڕەسوڵ عەلی کەڵهوڕ قوڵتەپەیی ناسراو بە بڕیار، کەمال محەمەد قادر مەولود گەردی و موسا یونس گزار ناسراو بە فکرەت خەڵکی گەڕەکی سەورەی بەغدا بووە).

لە هەمان ڕۆژدا، واتە لە (2.4.1985)دا چوار کەس بە سزای هەتا هەتایە زیندانی کران و دواتر بە لێبووردنی گشتی لە ساڵی (1986)دا ئازاد کران، کە ئەمانە بوون: (شێرزاد مەجید ئیسماعیل عەبدوڵڵا قەلاتەسۆرانی، عەلی عوسمان محەمەد مستەفا ساتوریی (سەید عەلی)، عەبدولحەمید عەبدولقادر ئەمین (یاریدەدەری پزیشک) و یەحیا عوسمان محەمەد ئەحمەد کەڵهوڕ گردەڕەشەیی). دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو یازدە پێشمەرگەیەی شیوعی، ئەوەبوو لە ڕۆژی (5.6.1985) لە سێدارە دران، کە تەرمەکانیان دوای هەژدە ساڵێک لە ڕۆژی (11.6.2003)دا لە گۆڕستانی ئەبوغرێب لە بەغدا دۆزرایەوە و هێنرانەوە بۆ هەولێر.

مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم (مەمۆ)، دوو پێشمەرگەی شیوعی بە ناوەکانی قادر عوسمان ڕەزا محەمەد شوانی ناسراو بە هەڵۆ، پێشمەرگەی لقی خۆشناوەتی لە ڕۆژی (12.12.1984) و خالید مەجید یاسین ئەحمەد گردعازەبانی ناسراو بە خالید نانەوا لە ڕۆژی (15.12.1984)دا بەگرتدا، کە سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بوون. دواتر هەڵۆ و خالید نانەوا لە ڕۆژی (2.4.1985)دا لەگەڵ پازدە هاوڕێکەی سەرەوە، کە یازدەیان بە مەرگ و چواریان بە زیندانی هەتا هەتایە سزا دران، لە دادگای شۆڕش بڕیاری خنکاندنیان لەلایەن عەواد بەندەر-ەوە بۆ دەرچوو، کە دواتر لەگەڵ یازدە پێشمەرگەکەی پێشوو بە یەکەوە لە ڕێکەوتی (5.6.1985)دا لە بەغدا لە سێدارە دران. دوای نزیکەی هەفتەیەک بەسەر تێپەڕبوونی لە سێدارە دانیان، ڕژێم تەنیا تەرمی هەڵۆ و خالیدی نانەوایان لە ڕۆژی (11.6.1985)دا دایەوە کەسوکاریان.

مەمۆ شیوعی، لە سەرەتای ساڵی (1985)دا، لە بازگەی کانی قرژاڵەی نێوان هەولێر – موسڵ، ساڵح محەمەد عەبدوڵڵا عیسا سوێری (گوێڕی)، ناسراو بە سەباح، پێشمەرگەی سریەی خۆشناوەتی، کە بەدوای سۆراغی هاوڕێیانی مەفرەزەی لقەکانی هەولێر، قەرەچوغ و بەڕانەتی داهاتبوو، دەستگیرکرد. دیارە مەمۆ پێشتر زانیاری هەبووە کە پێشمەرگەی ناوبراو بەوێدا دێت، بۆیە کاتێک ساڵح محەمەد سوێری دەگاتە بازگەکە، مەمۆ شیوعی پێی دەڵێت: (ساڵح سوێری وەرە خواریّ، تۆ پێشمەرگەی شیوعی). کۆمەڵێک ئەمن بە چەکەوە پەلاماری ساڵح محەمەد سوێری دەدەن، قۆڵبەستی دەکەن و دەیبەن، کە تاکو ئێستاش بێسەرو شوێنە.

مەمۆی شیوعی، لە ڕێکەوتی (15.6.1985)دا، هێزێکی گەورەی ئەمن و تەواری هەولێری بردە سەر ماڵی یەکێک لە ئەندامی ڕێکخستنی حزبی شیوعی بەناوی عوسمان حەمەدئەمین یەدی قزلەری ناسراو بە عوسمانە سوور لە گەڕەکی کوران، کە کادر و پێشمەرگە یوسف شێخ محەمەد قادر مەولود گەردی (1956/ بەڕانەتی/ سەیدان) ناسراو بە پێشڕەو لەو ماڵە بوو، دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری و گوایە بەسزاگەیاندنی دوو ئەمنی سەر بە ڕژێم، پێشڕەوی برای شەهید کەمال شێخ محەمەد قادر مەولود ناسراو بە دڵشاد، فەرماندەی مەفرەزەی لقی بەڕانەتی حزب کە پێشتر کەوتبووە داوی مەمۆ، شەهید دەبێت. بەڵام خۆشبەختانە عوسمانە سوور توانی خۆی ڕزگار بکات و لە مردن دەرباز بوو.

لەساڵی (1986)دا مەمۆ، هاوڕێیەکی کچی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە هەولێر بۆ دائیرەی ئەمن دەستنیشان دەکات بەناوی ئەدیبە نەجمەدین مامۆ حەمەد هەریری. دوای ئەوەی هێزێکی دائیرەی ئەمن دەچن لە گەڕەکی ئازادی هەولێر بۆ گرتنی بنەماڵەی پشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بەناوی تەها نەبی خدر شەقڵاوەیی ناسراو بە مام خاڵۆ شەقڵاوەیی، بە ڕێکەوت ئەدیبە نەجمەدین مامۆ لەو ماڵە دەبێت. ئەمنەکان ئەدیبە نەجمەدین مامۆش لەگەڵ خۆیان دەبەن، ناوبراو بۆ ئەوەی نەگیرێت ناوی خۆی دەگۆڕێت و دەیکات بە جەمیلە، بەڵام بۆ دڵنیابوون ئەمنی هەولێر پەنا دەبەنە بەر مەمۆی شیوعی، ئەویش بە ئەمنەکان دەڵێت: (ئەوە ئەدیبە نەجمەدین مامۆ حەمەد هەریرییە، باوکی ئەدیبە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی ئێراقە و خۆیشی لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کاردەکات). بەڵام ئەدیبە سەرەرای ئەشکەنجە و ئازاردانی زۆر لە لایەن جەلادەکانی بەعسەوە نکۆڵی لە هەموو شتێک دەکات و هیچ نهێنییەک نادرکێنێ، کەچی لەسەر قسەکانی مەمۆ، بۆ ماوەی دوو ساڵ سزای زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە و ڕەوانەی بەندیخانەی شاری موسڵ دەکرێت، کە دواتر لە لێبووردنە گشتییەکەی سەدام لە ڕێکەوتی (6.9.1988)دا ئازاد دەکرێت.

ئەوەی شایەنی باسە و پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە سەرەڕای خۆفرۆشتنی مەمۆ بە دوژمن و ناپاکی کردنی لە هاوڕێ و لە بنەماڵەی دۆستەکانی خۆی کە لە یەک ناوچە لە دایک بووینە و بە یەکەوە گەورە بووینە، مەمۆ بە بەردەوامی لە ماڵی ئەوان و ئەوان لە ماڵی مەمۆ بووینە، کەچی بۆ ماوەی چەند مانگ بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی وا تێگەیاندبوو کە کوڕەکانیان بەکاری حزبی لە شوێنێکی ئارام خۆیان شاردۆتەوە، بەڕێوەبەریتی ئەمنی عامەی بەغدا نامەیەکیان بەزۆر بە شەهید جەعفەر عەلی خدر (ڕێبوار) نووسیبوو، لە نامەکەدا هاتبوو کە گوایە ئەوان تەندروستیان زۆر باشە و لە شوێنێکی ئارام لەناو شاردان لەپێناوی ڕاپەڕاندنی کارەکانی حزبدا، کە لە ڕێگەی پیاوانی کوردی سەر بە ئەمنی عام، نامەکە گەیاندرابووە خانەوادەی شەهید جەعفەر عەلی خدر.

مەمۆ شیوعی، دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) کوردستانی جێهێشت و پەنای بۆ بەغدا برد و دواتر گەڕایەوە شاری موسڵ، ئەو لەوێش هەر لە خزمەت ڕژێمی دکتاتۆردا بوو.

دوای ڕاپەڕینی خەڵكی كوردپەروەر و كوردانی دڵسۆزی هەولێر لە ڕۆژی (11.3.1991)دا، هەندێك لە ئەندامان و پێشمەرگەكانی حزبی شیوعی پەلاماری ماڵی مەمۆیان دا، بەڵام ئەو تۆمەتبارە هەولێر و كوردستانی جێهێشتبوو، كەچی لە ماڵەكەیدا نامەیەك دۆزرایەوە كە ناوبراو بۆ سەدامی حوسێنی نووسیبوو. لە نامەكەدا مەمۆی شیوعی باسی ئەوەی كردبوو كە لە ساڵی (1982)ەوە پێوەندی بە ئەمنی هەولێرەوە كردووە، لە نامەكەدا سكاڵای لە فرۆكەوانێكی هەلیكۆپتەر كردبوو كە لە ساڵی (1982)دا لەجیاتی ئەوەی بارەگای حزبی سۆسیالیستی یەكگرتووی كوردستان لە گوندی (میركە) بۆردومان بكات كە بنكەی هێزەكەی (دەهام حەمەد باوە حەمەد)ی لێبووە، ڕانە مەڕێكی بۆردوومان كردووە، دەهامی حەمەد باوە فەرماندەی كەرتی (ی. ن. ك) دواتر لە ڕۆژی (12.7.1988)دا لە شەڕێكدا شەهید بوو.

حزبی شیوعی، بنەماڵەی شەهیدەكان و هاوڕێ دڵسۆزەكانیان دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی (1991)دا لە تۆڵەی ئەو پۆلە شەهیدەی حزبی شیوعی، چەند كەسێكیان لەو بنەماڵەیە بەسزای ناپاكی كردنی خۆیان گەیاند كە گرنگترینیان برایەكی مەمۆ بوو بەناوی خورشید ئیسماعیل ئیبراهیم و ئامۆزایەكی بەناوی (حوسێن سكە)، بەڵام مەمۆ و برایەكی مەمۆ بەناوی ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم داڵداغانی دەربازبوون، ئەو برایەی هاوكاری مەمۆ بووە و لە ساڵی (1984)دا دەچێتە دێی (سەیدان)ی بەڕانەتی كە سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی لەو گوندە دەبن، ڕەشید ئیسماعیل بەناوی ڕەشۆ خۆی بەو سێ پێشمەرگەیە دەناسێنی كە بریتی بوون لە (فەهد ئەلیاس ناسراو بە (فەرهاد مەسیحی)، زوهێر بەهنام ئۆسا ناسراو بە (نەبەز مەسیحی) و فیكرەت خەڵكی سەورەی بەغدا)، داوایان لێدەكات كە بیانگوازێتەوە بۆ ناو شار بە بیانوی ئەوەی كە جێگەكەیان باش نییە، پێشمەرگەكان لەگەڵ ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم (ڕەشۆ) دەڕۆن و ئەو دەیانباتە كوران لای پێشمەرگەكانی تری شیوعی و دایان دەنێت، تاوەكو نەخشە و پلانی براكەی سەركەوتوو تر بێت و دەستگیركردنی ئەوانیش ئاسانتر بێت.

مەمۆی شیوعی و ڕەشیدی برای، لە بەغدا و موسڵ مانەوە تا دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، بەڵام دوای ماوەیەك مەمۆ ئەوێشی بەجێهێشت، سەرەتا ڕایكرد بۆ سوریا و لە كۆتایی ساڵی (2012)دا هاتۆتەوە كوردستان و لەلایەن پارتی دیموكراتی

کوردستان داڵدە دراوە و شوێنی نیشتەجێی (پیرمام) و (بەغدا)یە. کەچی تۆمەتبار ڕەشید ئیسماعیل ئیبراهیم برای مەمۆ، کە لە دادگای شاری هەولێر لە لایەن بنەماڵەی شەهیدانی حزبی شیوعی سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و دادگای هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردووە، ئێستاکە لە دەوروبەری شاری دیالەیە و جار جار بەدزی دێتەوە هەولێر.
مەمۆ، لە ساڵی (2015) یان (2016)دا هاتۆتە ئەڵمانیا و وەکو پەنابەرێکی کورد لەم وڵاتەدا دەژی.

(123). مامەند ساڵح مەولود لەک قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (113)ی سەر بە ئەمنی هەولێر.
حاجی شەوکەت لەتیف خدر قەشقەیی، جێگری مامەند قەشقە.
مامەند قەشقە، سەیدۆ خەیلانی، فارس کەریم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (86) و قاسم ڕەشید خدر فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (21)ی سەر بە ئەمنی هەولێر لە ڕۆژی (23.4.1983)دا لە گوندی نێرەگین-ی سێگرتکان فەرماندەی مەفرەزە و پێشمەرگەی لقی هەولێری حزبی شیوعی ڕەفیق عومەر ئەحمەد حەمەد ناسراو بە وەیسی (1954/ قوشتەپە/ دوکەڵە) شەهید و تاهیر غەریب (شاخەوان) بریندار دەکەن.
مامەند مەولود قەشقە و بورهان سابیر شێمحەمەد قۆڕیتانی جاشی مەفرەزە خاسەی سەر بە ئەمنی هەولێر لەگەڵ هێزێکی زۆری ئەمنی هەولێر، لە ڕۆژی (12.11.1986)دا لە گوندی قۆڕیتانی سەر بە شارەدێی شەمامک چوونە سەر پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی ڕۆستەم عومەر مەولود باپیر (1966-25.6.1988)، خەڵکی قۆڕیتان کە پێشمەرگە بوو لای خدر سوارە خدر عوسمان بندیان بە برینداری دەستگیریان کرد. خدر سوارە، فەرماندەی لەشکری یەکی ڕۆژئاوای هەولێر و لە ڕێکەوتی 24.12.1994 لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو. ڕۆستەم عومەر، برای پێشمەرگەی ناسراو سلێمان عومەر قۆڕیتانی ناسراو بە (سولە قۆڕیتانی) فەرماندەی کەرت لە تیپی (87)ی قەرەچوغ بوو، کە دواتر لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک شاری موسڵ لەناو ئۆتۆمۆبێلێکی مین ڕێژکراودا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بەناوی جەودەت حەسەن یابە حوسێن ساڵەیی بەهۆی

تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلەكە شەهید بوون. ڕۆستەم عومەر مەولود، لە ئەمنە نوێكەی هەولێر (ئەمنی بەرانبەر چایخانەی بایز)، لە ژوورێكی بەرانبەر بە ئێمەدا بوو. ڕۆستەم عومەر مەولود قۆڕیتانی، ڕۆژی (31.12.1987)دا بڕیاری لە سێدارە دانی لە دادگای شۆڕش لە بەغدا بۆ دەرچووە، لە ڕێكەوتی (26.3.1988)دا بەگوێرەی فەرمانی كۆماری ژمارە (281)ی سەرۆكایەتی كۆمار بڕیاری جێبەجێ كردنی لە سێدارە دانەكەی دراوە، پاشان لە ڕێكەوتی (25.6.1988)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

مامەند قەشقە، دوو جار ڕەحمان قەشقە (ڕەحمان حەمەد تەها)ی لە ئەمنی هەولێر بەگرتداوە، جاری یەكەم لە مانگی تەموزی ساڵی (1986)دا كە دوای نزیكەی پێنج مانگ لێكۆڵینەوە و ئەشكەنجەدان لە مانگی یانزەی هەمان ساڵدا ئازادكرا، جاری دووەمیش لە مانگی دووی ساڵی (1988) مامەند قەشقە لەگەڵ قاسم ڕەشید خدر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (21) و ڕائید عەبدولسەلام ئەڵعەناس موسڵاوی یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر ناوبراویان دەستگیركرد، كە تاوەكو (14.9.1988) لە زیندانی ئەمنی هەولێر مایەوە. لە هەر دوو جارەكەدا ئەمنی هەولێر لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ ڕەحمان قەشقە لەسەر ئەوە كردبوو كە گوایە خۆی سەر بە ڕێكخستنەكانی (ی. ن. ك) و برایەكیشی بەناوی جوامێر پێشمەرگەی (ی. ن. ك)ە.

مامەند قەشقە، لە مانگی ئابی ساڵی (1986)دا هەر یەك لە دایك و باوك و برایەكی شەهید بەهرۆز حەمەد ساڵح نادر كارگێڕی ڕێكخراوی دووی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان لە مەڵبەندی سێی ئەوكاتی یەكێتی بە ناوەكانی كافیە جوكل عەلی و حەمەد ساڵح نادر و جهانگیر حەمەد ساڵح دەستگیركرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری كردن، كە دواتر هەرسێكیان لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1988)دا بەر لێبووردنی گشتیی ژمارە (736-737)ی ڕۆژی (6.9.1988) كەوتن و لە كۆتایی هەمان مانگدا ئازادكران. شەهید شوان قەشقە، دواتر لە هێرشی تیرۆرستانی ئیسلامی لە ڕێكەوتی (1.2.2004)دا بۆ سەر مەڵبەندی سێی هەولێری (ی. ن. ك) شەهید بوو.

مامەند قەشقە، لە ساڵی (1986)دا ئەنوەر سادق نادر قەشقە (حاجی ئەنوەری كێخوا سادق) و بێری حەسەن عەبدوڵڵا (عەبیل) كە باوك و دایكی كامەران قەشقەن دەستگیركرد و ڕادەستی ئەمنی هەولێری كردن، لەبەرئەوەی كامەران قەشقەیی

کوڕیان فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوو لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە. باوکی کامەران بۆ ماوەی نۆ مانگ و دایکیشی بۆ ماوەی شەش مانگ لە ئەمنی هەولێر دەست بەسەر بوون.

مامەند قەشقە و نایف مەحمود کەریم بڵباس فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (80) و جاشەکانیان لە ڕێکەوتی (22.8.1988) نزیکەی (40) کەسیان لە بنەماڵەی پێشمەرگەی دێرینی (ی. ن. ک) ئەیوب یوسف سەعید جوامێر دەلۆ دەستگیرکرد لەنێویاندا هاوسەر و سێ کچی شەهید جوامێر (یاسین سەعید جوامێر دەلۆ)، فەرماندەی تیپی (91)ی سەفین کە لە ڕێکەوتی (26.6.1987)دا لە گوندی نازەنینی دۆڵی خۆشناوەتی لەگەڵ شەش پێشمەرگەی دیکە بە بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس شەهید ببوو، هەر جاشەکانی ئەو دوو مەفرەزەیە، مەفرەزەکانی مامەند مەولود ساڵح (مامەند قەشقە) و نایف مەحمود کەریم بڵباس هەرچی زێر، پارە و شتی بەنرخ هەبووە لە ماڵی باوکی ئەیوب یوسف، شەهید جوامێری مامی و بنەماڵەی ئەیوب یوسف هەیە بردبوویان و تۆپ و کلیلیان خستبووە سەر دەرگای ماڵەکانیان؛ سەرچاوە: (گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین ئەیوب یوسف سەعید، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (28.1.2012)، کاتژمێری (11:19:56-11:27:03). تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوب یوسف، لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1988)دا بەگوێرەی بڕیاری لێبوردنی گشتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، ژمارە (736)ی ڕێکەوتی (6.9.1988) ئازادکران. پێشمەرگەی دێرین ئەیوب یوسف سەعید، ئامادەیی خۆی و بنەماڵەکەی نیشاندا بۆ شایەتیدان لە هەر دادگایەک لەدژی مامەند قەشقە.

هێزێکی هاوبەشی جاشەکانی مامەند ساڵح مەولود قەشقەیی ناسراو بە (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر، بەشیر محەمەد عەبدوڵڵا بارزانی سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجە سووکەکان، دێدەوان جەلال حەمەد زراری ناسراو بە دێدەوان جەلال پیرباڵ، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (186)ی سەر بە ئەمنی هەولێر، عەزیز حەمەد مەولود شێخانی ناسراو بە (مەلا عوزێر) سەرۆکجاشی فەوجی (130)، عەبدولخالیق سەلیم پونگینەیی (قەراج) فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئەمنی هەولێر، عەلی محەمەد عومەر ئاوماڵی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئەمنی هەولێر و عومەر محەمەدئەمین سۆفی

شێخانی ناسراو بە (عومەر سۆفی) فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (47)ی سەر بە دائیرەی ئەمنی هەولێر، لە بۆسەیەکی هاوبەشیاندا لە ڕێکەوتی (28.2.1988)دا لە نزیک گوندی کەردزی سەر بە شارۆچکەی قوشتەپە، توانیان ئەکرەم ئیسماعیل محەمەد شوانی خەڵکی گوندی حاجی شێخانی دیبەگە ناسراو بە (عەریف ئەکرەم)، فەرماندەی کەرتی چواری کەندێناوەی تیپی (87)ی قەرەچوغی (ی. ن. ک)، ساڵح عومەر محەمەد شوانی (ئامۆزای شەهید عەریف ئەکرەم)، پێشمەرگەی کەرتی چواری هەمان تیپ، حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عەوێنەیی (ئومێد)، لەگەڵ شەهید بوونی دوو ژن کە کەسوکاری پێشمەرگە بوون، یەکێکیان دایکی شەهید حاتەم سەعید عەلی ئەحمەد عوێنەیی بەناوی (خاسێ ساڵح ئەحمەد عەوێنەیی)، ئەویتریان کافیە عەبدوڵڵا مەنیج مەخموری (پوری پێشمەرگە عەلی مەخموری) و بریندار‌بوونی هەر یەک لە سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود، خەدیجە سلێمان فەقێ محەمەد و کافیە حوسێن عەبدوڵڵا وەلیی خوشکی شەهید فاقە مەخموری (28.3.1995) و هاوسەری شەهید لاوە مەخموری کە ئەو دوو ژنەش کەسوکاری پێشمەرگەن.

مامەند ساڵح مەولود (مامەند قەشقە)، بەشداری ئەنفالی (4)ی کردووە.

مامەند ساڵح مەولود قەشقە، بەشداری ئەنفالکردنی دەشتی هەولێری کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (4)، سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242).

مامەند مەولود قەشقە، لەکاتی ئەنفالکردنی دانیشتوانی دەشتەکانی هەولێر و کۆیە بەتایبەت گوندەکانی شارۆچکەی تەقتەق (32) کەس کە خەڵکی گوندەکانی بەردەسپی، سێکانی، کانی سلێمان و نێرەگین بوون لەپێناوی خۆشاردنەوەیان پەنایان بردبوو بۆ شارۆچکەی قوشتەپە، کەچی هەموویان بەدەستی جاشی ناوبراو گیران و ڕادەستی ئەمنی هەولێر کران. ئەنفال کردنی دانیشتوانی گوندەکانی بەردەسپی، کانی سلێمان، سێکانی و نێرەگین دەکاتە ئەنفالی چوار. مامەند قەشقە، لەو (32) کەسەدا یانزە کەسی هەر یەکە لە بەرانبەر (500) دیناری ئەوکاتە ئازادکرد لەبەرئەوەی بەهۆی ژن و ژنخوازی تێکەڵ بە خەڵکی گوندەکەی خۆی (قەشقە) ببوون، ناوەکانیش ئەمانەن: (گوڵێ فەقێ حەسەن عەبدوڵڵا قەشقە، جومعە محەمەد نوری عەبدولڕەحمان بەردەسپی (کوڕی گوڵێ)، خوناو محەمەد نوری عەبدولڕەحمان بەردەسپی (کچی گوڵێ)، بەفراو محەمەد نوری عەبدولڕەحمان

بەردەسپی (کچی گولّیّ)، هەژار محەمەد نوری بەردەسپی (کوڕی گولّیّ)، نوری عەبدولڕەحمان محیّدین بەردەسپی (خەزووری گولّیّ)، میم سەوزە بەردەسپی (خەسووی گولّیّ) لەگەڵ سیّ منداڵیان بە ناوەکانی پشتیوان نوری عەبدولڕەحمان محیّدین بەردەسپی، وریا نوری عەبدولڕەحمان محیّدین بەردەسپی، دیمەن نوری عەبدولڕەحمان محیّدین بەردەسپی).

مامەند مەولود قەشقە و جاشەکانی مەفرەزەکەی، لە شەوی (11/12.6.1988) لە فلکەی گەڕەکی زراعەی هەولیّر، کەسیّکیان کوشت بەناوی عەزیز حەسەن محەمەد دزەیی، بەڕیّوەبەری بانکی ڕافیدەینی هەولیّر. عەزیز ئاغا عەویّنەیی، برای عوسمان حەسەن محەمەدی ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان - لیستی (ی. ن. ک) بوو، ئەویش لە ڕوداویّکی نادیاردا لە ڕۆژی (17.7.2000)دا لەسەر ڕیّگای هەولیّر - مەخمور شەهید کرا.

مامەند قەشقە، لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)ی کوردستان، چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کرایە بەرپرسیّکی سەربازی پارتی.

مامەند قەشقە و چەکدارەکانی لە کاتژمیّری (3)ی ڕیّکەوتی (11.5.1994)دا لەکاتی شەڕی ناوخۆی نیّوان (پدک) و (ی. ن. ک) چوونە سەر کۆمیتەی ڕۆژهەلاّتی (ی. ن. ک) و بەرپرسی کۆمیتەکە عەبدوڵلا قادر شەریف حەمەد ئۆمەراوەیی (عەبدوڵلای مەلا قادر)یان بریندارکرد، کە ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی (12.5.1994) لە کاتژمیّری (5)ی بەرەبەیاندا شەهید بوو.

مامەند قەشقە و هیّزیّکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی (25.5.1994)دا لە گەڕەکی (92)ی هەولیّر پەلاماری کۆمیتەی ڕۆژئاوای (ی. ن. ک)یان داو لە ئەنجامدا دوو پیّشمەرگەی (ی. ن. ک) شەهید بوون کە هەریەک لە چیا جەواد حەسەن یابە سالّەیی و سەباح محەمەد حەمدۆک ئەحمەد بوون، هەروەها لەو شەڕەدا بە گوللەی ویّڵ خویّنکاریّکی زانکۆ بەناوی پەروین کاکەڕەش کەریم خەڵکی کەرکوک شەهید بوو.

مامەند مەولود قەشقە و چەکدارەکانی، لە ڕیّکەوتی (23.7.1994)دا لە گەڕەکی باداوەی هەولیّر شەش هاوولاّتی شەهید و (11)ش بریندار دەکەن، کە (4) کەسیان ناسراوە (ئەبوبەکر ئیسماعیل سابیر یاسین، جەلال عەبدولڕەحمان عەولا حەمەساڵح، سەردار حامید مستەفا گورزەیی (کۆیە) و قەهار سابیر یاسین کە ئەو دووەی

كۆتایی تەنیا لەبەرئەوەی جلوبەرگی ڕەنگ سەوزیان لەبەربووە و دوای ئازارو ئەشكەنجەیەكی زۆر لە نزیك مزگەوتی مفتی گوللە بارانی كردوون و تەرمەكانیان فڕێ دەدەنە ناو گۆڕستانی پشت باداوە).
مامەند قەشقەی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس، لەسەر نووسینی ئەم پەرتووكە و ناوهێنانی ئەو وەكو فەرماندەی مەفرەزە خاسەیەك و جاشێك كە بەشداری شاڵاوی ئەنفالی كردووە، لە ڕێكەوتی (19.1.2012)دا لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر سكاڵای لە دژم تۆمار كردووە و (سامی لەتیف برا)ی وەكو پارێزەری خۆی دەست نیشان كردووە، كە هەرگیز لەم باوەڕەدا نەبووم ڕۆژێك لە ڕۆژان پارێزەرێكی كورد داكۆكیكی لە سەرۆك جاشێك بكات و ببێتە پارێزەری كەسێكی وا كە بەشداری لە ئەنفال كردنی كوردی كردبێت.
مامەند ساڵح مەولود قەشقە، فەرمانی دەستگیركردنی لە دادگادا بۆ دەرچووە و ژمارە (281)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ.
مامەند ساڵح مەولود قەشقە و حاجی شەوكەت لەتیف خدر قەشقەیی، ئێستاكە هەر دووكیان ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستان و بەرپرسێتیان هەیە لە پارتیدا.

(124). محەمەد ئەحمەد فەرەج ناسراو بە (حەمەی ئەحە فەرەج، یان حەمەی ئەحە فەڕاش)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. جاشەكانی حەمەی ئەحە فەڕاش، لە شەوی (28.12.1985)دا لە گوندی ژاڵەی سەفەر فەرماندەیەكی یەكێتی بەناوی مەحمود محەمەدئەمین مەحمود نەژوێنی ناسراو بە مەحمود گەرمیانی (1947/ پیریاوڵە/ باوەنور/ كەركوك)، جێگری فەرماندەی تیپی (53)ی شێروانە شەهید دەكەن.
حەمەی ئەحە فەرەج، خەزووری عەلای عارەب (ئەمنی بەدناوی) ناو شاری سلێمانی بوو.

(125). محەمەد ئەمین ڕەشید ئاغجەلەری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (51).

(126). محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (68)ی سەر بە بنكەی ئیستخباراتی دیانا.

محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ، بەشداری ئەنفالی یەکی کردووە؛ سەرچاوە: (2–110، العراق، ژمارە (3709)، ل؟).

(127). محەمەد تاهیر شکاک مێرگەسوری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
جەلال محەمەد تاهیر شکاک مێرگەسوری، جێگری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
محەمەد تاهیر مێرگەسۆری و مستەفا حەمەد ڕەسوڵی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (48)ی ئیستخباراتی شیمالی، لە ڕێکەوتی (9.6.1983)دا پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی ئەبابەکر حەسەن شەهید دەکەن؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار کوردستان، العدد (104)، 15.6.1984، ص8).
محەمەد تاهیر مێرگەسوری، لە سەرەتای ساڵی (1986)دا شاهێن عەزیز بارزانی و ئەسکەندەر بارزانی دەستگیرکرد و ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی کردبوون. کاتێ کە خۆم لە ڕۆژی (2.3.1986)دا گیرام شاهێن بارزانی و ئەسکەندەر بارزانی لە ژووری ژمارە (5) بوون، دواتر لە کۆتایی هەمان ساڵ هەر دووکیان لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دران.

(128). محەمەد حەسەن ئەحمەد قەرەوەیسی (حەمەی حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (55)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی.
حەمەی حەسۆل و چەند جاشێکی خۆفرۆش لە ڕێکەوتی (25.8.1978)دا بە پلانی دەزگاکانی ئەمن و قالە فەرەج دەچنە گوندی مالومەی دۆڵی جافایەتی بۆ ئەوەی دەستێک لە هێزی پێشمەرگە بوەشێنن، بەڵام دوای ئاشکرا بوونی نیازەکەیان هەر لەم گوندەدا لەگەڵ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی (ی. ن. ک) دەبێتە شەڕیان و تەنیا حەمەی حەسۆل دەرباز دەبێت و (4) لە جاشەکانی دەکوژرێن و یەکێکیش بەدیل دەگیرێ، هەروەها دوو پێشمەرگەش شەهید دەبن بەناوی محەمەد دەروێش عەبدوڵڵا پێنجوێنی فەرماندەی مەفرەزە و عەلائەدین کانیساردی. هەر ئەو جاشانە پێشمەرگە (عوسمان ئەحمەد عەزیز ئەحمەد گاپیلۆنی) شەهید دەکەن کە بە مۆڵەت لە گوندەکەی خۆیان بووە؛ سەرچاوە: (1–63، فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم، ل264).

محەمەد حەسەن ئەحمەد قەرەوەیسی، لە ساڵی (1979)دا عەلی باپیر باوکی شەهید جەمال (1945–23.8.1981)، فەرماندەی هەرێمی (4)ی یەکێتی، دەستگیر دەکەن و لەژێر ئەشکەنجەدا دەیکوژن و تەرمەکەی دەشارنەوەو نایدەنەوە کەسوکارەکەی.
جاشەکانی حەمەی حەسۆل، عوسمان قەرەوەیسی ناسراو بە عوسەی ئۆکل و مەفرەزەیەکی تایبەتی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی لە ڕۆژی (16.12.1979) لە شەڕێکدا لە نێوان گوندەکانی جێشانە و دارۆغان لە چەمی ئاڵیشەی نزیک سەرچنار عومەر میرزا شاموراد ناسراو بە نەبەز (1939/ سلێمانی)، پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی (ی. ن. ک)، بە بریندار بەدیل دەگرن و بۆ هەیئە خاسەی کەرکوک دەینێرن، لە ڕۆژی (17.3.1981)دا لە هەیئە خاسە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و بۆ ژووری سێدارەی زیندانی موسڵ گواستراوەتەوە، پاشان لە ڕۆژی (27.5.1981)دا لە سێدارە درا.
حەمەی حەسۆل، تەحسین شاوەیس فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، قالە فەرەج فەرماندەی مەفرەزەی (49)ی سەر بە ئیستخبارات، عاسی حەمە ڕەئوف فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت (کە دواتر لە ڕۆژی 17.5.1982دا بەدەستی مامە ڕیشە و پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری لە داستانی حەمک کوژرا)، حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو کە دواتر لە ڕێکەوتی (10.6.1982)دا لە داستانی هەیدەربەگ بەدەستی هەڵۆ چەمچەماڵی فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (23)ی سورداش کوژرا، لەگەڵ عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی و جاشەکانیان، لە ڕۆژی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆڕاوە، پانزە پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی سەر بە (ی. ن. ک) یان شەهید کرد و یەکێکیش بەدیلگیرا، کە دواتر لە موسڵ لە سێدارە درا. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: (خالید محەمەد ئەمین کەریم ئەمین ناسراو بە بێستون باڕۆیی، فەرماندەی کەرت. نوری محەمەد عەلی محەمەد ناسراو بە مەلا نوری، ڕابەر سیاسی کەرت. ئەرکان ئەمین قادر ناسراو بە ئەرکان چراغەڕووتەیی. جەبار فائیق مەجید کاکەوەیس ناسراو بە جەبار پونگەڵەیی. حوسێن عەبدوڵلا محەمەد ساڵح ناسراو بە حوسێن دلکەیی. ڕەمەزان مستەفا کەریم ناسراو بە ڕەمەزان مستەفا کانی مستەفایی. شەریف سابیر کەریم حوسێن ناسراو بە شەریف کونەکۆتری. عەدنان عەلی محەمەد سەلیم ناسراو بە عەدنان کەرکوکی. عەلائەدین عەبدولکەریم محەمەد محێدین ناسراو بە دکتۆر

عەلائەدین. عومەر حەمەئەمین ڕەزا ناسراو بە عومەر باینجانی. فاتیح حەمەسەعید محەمەد. قادر حوسێن مستەفا ناسراو بە قادر شاحەسەنی. نەجمەدین عوسمان قادر ڕەزا ناسراو بە نەجمەدین کەرکوکی. نەوزاد محەمەد ئەمین حەسەن ناسراو بە نەوزاد تەکێیی. نورەدین ڕەشید ناسر قادر ساڵەیی ناسراو بە نوری مەلەک. جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی، ئەوەیان بەدیل گیرا و لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (10.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا؛ سەرچاوە: بۆ ناوی شەهیدەکان سوودم وەرگرتووە لە لیستی شەهیدانی یەکێتیی و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4871)، ڕۆژی هەینی (15.5.2009)، ئازاد هەمەوەندی، داستانی شۆڕاوە چۆن تۆمارکرا).

هێزێکی جاش کە پێکهاتبوو لە هەر یەک لە کاوە ئەحمەد تۆفیق بازیانی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (79)، قادر فەرەج عەبدوڵلای فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (49)ی سەر بە مەنزومەی ئیستخبارات، حەمەی حەسۆل فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، سەید تاهیر سەید حوسێن محەمەد جەباری کە دواتر بووە سەرۆکجاشی فەوجی (42)ی جاشە سووکەکان بە هاوکاری و پشتیوانی میلیشیا و هەلیکۆپتەری جەنگی، لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی بەرانبەر بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان پێشمەرگە و فەرماندە ئەنوەر حەسەن لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە گوندی قازانی بەرانبەر بە ئۆردوگای پیرەمەگرون توانیان پێشمەرگە و فەرماندە ئەنوەر حەسەن (ئەنوەر حەسەن خدر مەحمود کەرکوکی)، فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک و یازدە پێشمەرگەی تر شەهید بکەن بە ناوەکانی: (محەمەد شوکر بلوکێنی، ڕزگار جەلال خدر محەمەد ناسراو بە هێمن، جومعە حەسەن کەریم سلێمان ناسراو بە سیروان، محەمەد شێخ سدیق ناسراو بە سوارە، عەبدولخالیق ساڵح ئەحمەد قادر سۆنەگۆلی ناسراو بە مامۆستا ئاسۆ، عەبدوڵلا ساڵح ڕەسوڵ ناسراو بە مامۆستا چیا، کامەران مام عومەر نەجاڕ، کەمال قادر فەتاح ئەبوبەکر چەمچەماڵی ناسراو بە گۆران، نوعمان عەبدوڵلا عوبێد مەعروف کڵاوقوتی ناسراو بە هاوڕێ و نەجمەدین فاتیح شوکر ئیسماعیل کەرکوکی ناسراو بە شێروان)، مۆفەق عەبدولڕەحمان مەحمود عەزیز تەقی بە برینداری کەوتە بەردەستی جاشەکان و دوای ماوەیەک سزای زیندانی هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە،

بەڵام لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازادکرا، کە دوای ئازادبوونی گەڕایەوە ناو شۆڕش و دووبارە بووەوە بە پێشمەرگە، کەچی دواتر لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کەرکوک لە ڕێکەوتی (19.3.1991)دا شەهید بوو).

حەمەی حەسۆل، لە ڕێکەوتی (5.3.1983)دا لە گوندی باخ فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (57)ی سەگرمە (ڕزگار نوری) بەدیل دەگرێ و هەر لە گوندەکە گوللە بارانی کرد.

لە کاتی گفتوگۆی نێوان یەکێتی و بەعس، جاشەکانی حەمەی حەسۆل لە ڕۆژی (31.3.1984)دا لە تاسلۆجە تۆفیق محەمەد فەرەج (تۆفیق حاجی) پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان شەهید کرد.

حەمەی حەسۆل و هەندێک لە جاشەکانی کاوە ئەحمەد تۆفیقی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (79)ی ئیستخبارات، کە ڕۆژی (14.9.1984) ئاراسی برای کاوە لەلایەن کەرتی (5)ی شەهیدانی چیمەنی تیپی (57)ی سەگرمە کوژرابوو، توانیان لە بۆسەیەکدا لە ڕێکەوتی (15.9.1984)دا ملازم سەید کەریم ڕواندزی (سەید کەریم سەید کەریم سەید ڕەسوڵ 1949–15.9.1984)، ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەری (ی. ن. ک) و بەرپرسی سەربازی مەڵبەندی چواری (ی. ن. ک)، لە تاسلۆجەی نزیک شاری سلێمانی لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دیکەدا بە ناوەکانی نەهرۆ عەبدوڵڵا سەلیم خورشید و سەباح مەجید یوسف محەمەد خۆشناو شەهید بکەن، بەڵام لەو بۆسەیەدا کاوە ئەحمەد تۆفیق خۆی لەگەڵ نەبووە.

تاوانبار حەمەی حەسۆل، لە ڕۆژی (29.7.1985)دا دوو پێشمەرگەی تیپی (23)ی سورداشی (ی. ن. ک)ی لە بۆسەیەکدا لە دۆڵی شێرکوژ شەهید کرد کە یەکێکیان ناوی سەلاح ڕەشید عەبدولڕەحمان (سەلاحی ڕەحمە) بووە.

برایەکی حەمەی حەسۆل بەناوی عەبدولڕەحمان لە ساڵی (1987)دا برایەک و دوو پورزای شەهید جەمال عەلی باپیری لەناو سلێمانی شەهید کرد، کە کۆنە پێشمەرگەی یەکێتیی بوون، عەبدولڕەحمانی حەسۆل لە شەڕی ناوخۆ لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کوژرا. بەگوێرەی لاپەڕە (296)ی سەرچاوە؛ (1–31، سابیر کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو).

حەمەی حەسۆل، لە ساڵی (1987)دا لە گوندی کەندەکەوە لە نزیک شارەدێی تاسڵوجە بەدەستی کاروانی فەوجێکی جاشی هەرکی کوژرا.
جاشەکانی حەمەی حەسۆل بەشداری ئەنفالی چواریان کردووە.

(129). محەمەد حەسەن محەمەد بەفراو ناسراو بە حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو (چەمچەماڵ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (66).
محەمەد شێخ حەسەن محەمەد بەفراو، یوسف فەتحوڵڵا ئەحمەد شوانی، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (77)، کە دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) لە قەرەهەنجیر کوژرا، تەحسین شاوەیس، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (50)ی ئەوکات، قادر فەرەج عەبدوڵڵا، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)ی ئیستخبارات، کە دواتر بەدەستی یەکێتی لە ڕۆژی (28.10.1985)دا کوژرا، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، لە ڕێکەوتی (17.5.1982)دا لە داستانی حەمک بەدەستی هێزێکی کەرتی چواری جەباری (ی. ن. ک) کوژرا و کەسێکی دیکە بەناوی شێخ عوسمان عەودالانی، کە هەموویان پێشمەرگەی سەر بە سەرکردایەتی کاتی ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستان ناسراو بە (قیادة المؤقتة) بوون، بەگوێرەی پلانێکی ئیستخباراتی ڕژێمی بەعس لە ڕێکەوتی (23.7.1977)دا پێشمەرگە و کادیر محەمەد غەفور ئەحمەد محەمەد ناسراو بە حەمە غەفور ئاغجەلەری (1.7.1939-23.7.1977)، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و فەرماندەی هەرێمی دووی کەرکوک لەگەڵ هەر یەک لە (ئەحمەد محەمەد عەلی بەیانی، ئەنوەر کەریم عەلی بەیانی، حامید مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی، ڕەزا عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، ڕەمەزان سەعید چەمچەماڵی، سەعید عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، عەبدوڵڵا تۆفیق چیاسەوزی و کەریم مەلا ئەحمەد گۆپتەپەیی)یان لە گوندی کانیبی دەشتی کۆیە لە شیرین خەودا شەهید کرد و کۆپتەری سوپای ڕژێمی بەعس هات و شەش تاوانبارەکەی دەربازکرد و تەرمی شەهیدەکانیشی برد.
محەمەد حەسەن ئەحمەد ناسراو بە حەمەی حەسۆل فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (55)، تەحسین شاوەیس سەعیدی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (50)ی ئەوکات، قالە فەرەجی فەرماندەی مەفرەزەی (49)ی سەر بە ئیستخبارات، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیقی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو و

عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی و جاشەکانیان لە ڕۆژی (17.11.1980)دا لە شاخی شۆڕاوە، پانزە پێشمەرگەی کەرتی چواری جەباری هەرێمی (5)ی قەرەداغی سەر بە (ی. ن. ک) یان شەهید کرد و پێشمەرگەیەکیش بەدیلگیرا، کە دواتر لە موسڵ لە سێدارە درا. پێشمەرگە شەهیدەکان ئەمانەن: (خالید محەمەد ئەمین کەریم ئەمین ناسراو بە بێستون باڕۆیی، فەرماندەی کەرت. نوری محەمەد عەلی محەمەد ناسراو بە مەلا نوری، ڕابەر سیاسی کەرت. ئەرکان ئەمین قادر ناسراو بە ئەرکان چراغەڕووتەیی. جەبار فائیق مەجید کاکەوەیس ناسراو بە جەبار پونگەڵەیی. حوسێن عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح ناسراو بە حوسێن دلکەیی. ڕەمەزان مستەفا کەریم ناسراو بە ڕەمەزان مستەفا کانی مستەفایی. شەریف سابیر کەریم حوسێن ناسراو بە شەریف کونەکۆتری. عەدنان عەلی محەمەد سەلیم ناسراو بە عەدنان کەرکوکی. عەلائەدین عەبدولکەریم محەمەد محێدین ناسراو بە دکتۆر عەلائەدین. عومەر حەمەئەمین ڕەزا ناسراو بە عومەر باینجانی. فاتیح حەمەسەعید محەمەد. قادر حوسێن مستەفا ناسراو بە قادر شاحەسەنی. نەجمەدین عوسمان قادر ڕەزا ناسراو بە نەجمەدین کەرکوکی. نەوزاد محەمەد ئەمین حەسەن ناسراو بە نەوزاد تەکێیی. نورەدین ڕەشید ناسر قادر ساڵەیی ناسراو بە نوری مەلەک. جەوهەر حوسێن ئەحمەد قادر ناسراو بە جەوهەر هەشەزینی، ئەوەیان بەدیل گیرا و لە هەیئە خاسەی کەرکوک فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دواتر لە ڕێکەوتی (9.5.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە درا؛ سەرچاوە: (بۆ ناوی شەهیدەکان سوودم وەرگرتووە لە لیستی شەهیدان و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (4871)، ڕۆژی هەینی (15.5.2009)، ئازاد هەمەوەندی، داستانی شۆڕاوە چۆن تۆمارکرا).

حەمەی شێخ حەسەن، لە ڕۆژی (5.7.1981)دا دوو پێشمەرگەی تیپی (21)ی کەرکوکی یەکێتی بە ناوەکانی زرار محەمەد ساڵح محەمەدئەمین ناسراو بە چالاک (1961/ کەرکوک/ عەسکەر) و ستار محەمەد ساڵح محەمەدئەمین ناسراو بە فەرەیدون (12.4.1960/ کەرکوک/ عەسکەر) بەدیل گرت، کە دواتر پێکەوە لە ڕێکەوتی (12.12.1981)دا لە زیندانی موسڵ لە سێدارە دراون.

حەمەی شێخ حەسەن شێخ محەمەدی بەفراو لە ڕێکەوتی (10.6.1982)دا لەگەڵ کوڕێکی، خدرە کوێری مەحمەخان، ئەسعەد کوێخا عارف شێخ پاڵەوانی، قادر

کەمجە و کوڕێکی حەمە سەعیدی لێف دروو، کە هەموویان جاشی حەمە بوون لە گوندی هەیدەربەگ و لە داستانی هەیدەربەگ بەدەستی هەڵۆ چەمچەماڵی (حەسەن حەیدەر محەمەد حەسەن) فەرماندەی کەرتی شەشی تیپی (21)ی کەرکوک کوژران، بەڵام بەداخەوە ژن و پیاوێکی بێتاوانی گوندەکە بە ناوەکانی حاجی سەبریە و حاجی عومەر شەهید بوون.

(130). محەمەد حوسێن نوری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
محەمەد حوسێن نوری، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەشتی کۆیەی کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (4)، سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل245).
محەمەد حوسێن نوری فەرماندەی مەفرەزە خاسە، ژمارە (295)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە.

(131). محەمەد ڕەشید حەمەئەمین سورکانی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (32)ی سەر بە ئیستخباراتی دیانا.

(132). محەمەد ڕەشید مستەفا (شێخ محەمەد مام ڕەشید مستەفا). شێخ محەمەد مام ڕەشید مستەفا.

(133). محەمەد سابیر محەمەدئەمین، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (132)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.

(134). محەمەد ساڵح عەبدوڵڵا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (52)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.

(135). محەمەد ساڵح مەحمود پشدەری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (87)ی سەر بە ئیستخباراتی قەڵادزێ.

(136). محەمەد شێخ سەعید شێخ حوسێن بەرزنجی سەنگاوی (حەمەی شێخ سەعید)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
حەمەی شێخ سەعید، لە ساڵی (1988)دا لە بۆسەیەکدا لە گوندی سەرقەڵای نزیک سەنگاو بورهان عەلی عەبدوڵلا حەسەن (بورهان سەنگاوی)، فەرماندەی کەرت لە تیپی (51)ی گەرمیانی شەهید کرد.
حەمەی شێخ سەعید شێخ حوسێن، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان–ە.

(137). محەمەد عەبدولڕەحمان عوسمان زاخۆیی (محەمەد خەزوا/ محۆ خەزوا)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (42).
محەمەد خەزوا و جاشەکانی، لە بۆسەیەکدا لە ڕێکەوتی (22.8.1984)دا لە نزیک گوندی بێیێ توانیان عەلی مستەفا حەسەن پێشمەرگەی پارتی شەهید بکەن؛ سەرچاوە: (2–254، أخبار کوردستان، العدد (123)، أواخر أیلول 1984، ص2).

(138). محەمەد عەبدوڵلا محەمەد، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

(139). محەمەد عەزیز تورک، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (114).

(140). محەمەد عەلی ڕەسوڵ ناسراو بە حاجی عەلی سستە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
حاجی عەلی سستە، کۆمەڵێک خەڵکی دانیشتوانی دێهاتەکان لە کاتی ئەنفالدا بەناچاری لە گوندی سونێی سەر سنووری ئێران خۆیان ڕادەستی ناوبراو کردووە، ئەویش هەموویانی ڕادەستی هێزەکانی حکومەت کردووە؛ سەرچاوە: (2–1، ب2، ل332–333+ل337–340+ل395–398).
حاجی عەلی سستە، بە پلەی عەقید فەرماندەی فەوجێکی هێزی پێشمەرگەی (ی. ن. ک)ە– و خالیدی کوڕی جێگرێتی.

(141). محەمەد مام سۆفی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

محەمەد مام سۆفی، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)ی بادینانی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

(142). مستەفا حەمەد ڕەسوڵ چۆمانی (مستەفا گۆج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (48).

مستەفا حەمەد ڕەسوڵ، لە ڕێکەوتی (24.4.1978)دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی محەمەد ئەحمەد مستەفا عومەر قەسرەیی ناسراو بە محەمەد سۆفی (1956/ قەسرێ/ چۆمان)، لەسەر پردی گوندی ناوپردان شەهید کرد، ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە بوو لە کەرتی دووی هەرێمی (7)ی باڵەکایەتی.

مستەفا حەمەد چۆمانی و محەمەد تاهیر مێرگەسۆری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، لە ڕێکەوتی (9.6.1983)دا پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی ئەبابەکر حەسەن شەهید دەکەن؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (104)، 15.6.1984، ص8).

مستەفا حەمەد ڕەسوڵ، لە ڕێکەوتی (12.10.1983)، لە بن چیای هەڵگورد دوو برا کە پێشمەرگەی لیژنەی ناوخۆی باڵەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بوون، دەکەونە بۆسەیەکی مەفرەزە خاسەکانی ئەو جاشە و برا بچووکەکە بەناوی بەکر ئیبراهیم ئەبابەکر کەریم باڵەک ڕۆستی (1964-1983) دەستبەجێ شەهید دەبێت و حەسەن ئیبراهیم ئەبابەکر کەریم باڵەک (1950-1985)بە زامداری بەدیل دەگیرێت. مستەفا گۆجی مەفرەزە خاسە، بۆ بەیانی حەسەن ئیبراهیم ئەبابەکر ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی دەکات، کە پاشان لە ڕۆژی (12.10.1985)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.

پێشتر دوو برای شەهید بەکر ئیبراهیم و شەهید حەسەن ئیبراهیم، کە پێشمەرگەی پارتی بووینە یەکەمیان بە ناوی حوسێن ئیبراهیم ئەبابەکر کەریم باڵەک (1944-1968) لە چیای زۆزگ شەهید دەکرێت و دووەمیشیان بە ناوی کەریم ئیبراهیم ئەبابەکر کەریم باڵەک (1945-1974) لەلایەن فڕۆکەی ڕژێمی بەعس لە گوندی ڕۆستێ شەهید دەکرێ.

مستەفا حەمەد ڕەسوڵ، لە ساڵی (1986)دا لە خەلیفان پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی کوشت بەناوی سەلیم شێخۆ ئیبراهیم قادر (1950/ باشیال/ برادۆست/ هەولێر).

مستەفا حەمەد ڕەسوڵ، هاووڵاتی جەلال ئەحمەد مستەفا ناسراو بە جەلال مێرگەیی (1954/ هەولێر/ چۆمان) بەگرت و شەهید کردن داوە. جەلال مێرگەیی، پێشتر پێشمەرگە بووە لەلای شەهیدی سەرکردە حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا گەڵاڵەیی ناسراو بە حەسەن کوێستانی (1950–17.5.1994) و پێشمەرگەی تیپی (78)ی کارۆخی یەکێتی، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ شارو لە ڕێکەوتی (13.6.1986)دا لە ڕێگای چوونی لە دیانا بۆ بەغدا لەگەڵ مستەفا حەمەد ڕەسوڵ، بە پلانی ناوبراو لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی هەولێر گیراوەو دواتر شوێن بزر کراوە، کە تاوەکو ئێستاکە چارەنووسی نادیارە.

مستەفا گۆج و کوێستانە سۆتی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات، لە ڕێکەوتی (28.11.1987)دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ک)یان لە دۆڵی خانەقا شەهید کرد بە ناوەکانی: (محێدین حەسەن مستەفا عەبدولکەریم ناسراو بە شێخ محێدین (خۆشکان/ چۆمان)، جێگری فەرماندەی کەرتی یەکی تیپی (78)ی کارۆخ و حوسێن مستەفا حەمەد عەزیز ناسراو بە حوسێن وەردەیی (وەردێ/ چۆمان)، فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی یەکی تیپی (78)ی کارۆخ.

مستەفا حەمەد ڕەسوڵ چۆمانی ناسراو بە (مستەفا گۆج)، لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)ەوە لەناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی کوردستان دایە، بەڵام لە ترسی ئێران چۆتە دەرەوەی وڵات.

(143). مسری محەمەد عەبدوڵڵا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (147)ی سەر بە ئیستخباراتی قادرکەرەم.

(144). مەحمود حاجی ئاغا قەڵادزەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (129)ی سەر بە ئیستخباراتی قەڵادزێ.

(145). مەحمود محەمەد شەریف، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (108)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی.

(146). مەنسور سوارە فەتاح فەرەج، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (194) بوو، کە لە ڕۆژی (12.4.1988)دا لە گوندی شێخ تەوێل کوژرا.

(147). موحسین عەبدوڵڵا ڕەسوڵ (موحسین عەولا نەفتە)، ناسراو بە مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
ناوبراو خەڵکی گوندی گردەچاری قەراج بوو، پێشتر سەر بە ڕێکخستنەکانی هێلی گشتیی بوو، کە باڵێک لە باڵەکانی ناو یەکێتی بوو.
بۆ یەکەم جار مامۆستا موحسین عەبدوڵڵا-م لە بەهاری ساڵی (1981)دا ناسی، کاتێ کە هاتە سەردانی شەهید جەمیل ئەحمەد مەحمودی ئامۆزازام و شەهید تەحسینی برام لە ژووری سێدارەی موسڵ و گوایە دەیەوێت بەرلەوەی بڕوات و بچێتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خواحافیزی لە هەردووکیان بکات.
مامۆستا موحسین، لەگەڵ دەستگیرکردنی برام، ئامۆزازام، دکتۆر سەلیم ڕەشیدساڵح ئەحمەد و کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان فەرمانی گرتنی بۆ دەرچوو بوو، کەچی هەر لە یەکەم ڕۆژی یەکتر ناسینماندا، دوای ئەوەی گوێم لێبوو قسەی بۆ شەهید جەمیل دەکرد، کە گوایە سەرەتا خۆی شاردۆتەوە، بەڵام دواتر بە نێوانیکردن (واستەیەک)ی زۆر گەورە خۆی ڕادەستی ئەمنی بەلدەی هەولێر کردۆتەوە و ئەوانیش لێی خۆشبووینە، یەکسەر گومانێکی زۆر گەورە کەوتە ناو دڵم و دەستبەجێ بە شەهیدان (جەمیل و تەحسین)م گوت: (مامۆستا موحسین جێگای گومانە و باوەڕی پێنەکەن، هاتووە تاوەکو زانیاریتان لێ وەرگرێت و دواتر بیگەیەنێتە ئەمنی هەولێر)، کەچی ئەوان ئەو قسانەی منیان پێناخۆش بوو، بەتایبەت شەهید جەمیل کە لێشم توڕەبوو لەسەر ئەوەی چۆن دەکرێت هاوڕێیەکی یەکێتی تۆمەتبار بکەم بەوەی کە پیاوی ڕژێمە.
دوای ئەو سەردانەی مامۆستا موحسین بۆ لای زیندانییانی ژووری سێدارەی موسڵ بە چەند ڕۆژێک، شاری بەجێهێشت و خۆی گەیاندە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

دوای یەکگرتنەوەی هێڵی گشتیی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، موحسین عەبدوڵڵا کرا بە بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستان و لەناو شۆڕش و پێشمەرگە بە مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان ناسرا.

لە نێوان ساڵانی (1982–1985)دا بە دەیان جار لەگەڵ مامۆستا موحسین لە دۆڵی بالیسان و مورتکە بە ڕێکەوت تووشی یەکتر بووین، بەڵام هەردەم جێگای گومان بوو و متمانەم پێی نەدەکرد و خۆم لێی لادەدا یان ڕووم نەدەدایێ و ماوەی ئەوەم نەدەدا باسی سیاسەتم لەگەڵ بکات. ناوبراو، لە ڕۆژی (11.12.1985)دا گەڕایەوە نێو ڕژێم و کرایە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی.

وەلێ کاتی گیرانم لە ڕێکەوتی (2.3.1986)دا لە مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی، موحسین قسەی زۆری لەسەر کردم لای موقەدەم فازڵ عەلی سلێمان دلێمی جێگری بەڕێوەبەری مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی و ئەفسەری بەرپرس لە لێکۆڵینەوەم.

مامۆستا موحسین بەو قسانەی کە بۆ موقەدەم فازڵی دەکرد، دەیویست ئەو تاوانەی کە شەهیدان تەحسین و جەمیل پێشتر لەسەری لە سێدارە درابوون بیخاتە ئەستۆی منیش و بەرەو پەتی سێدارەم ببات، وەلێ سەرکەوتوو نەبوو.

بەڵام من بەقسەی ئەو نەگیرابووم بەڵکو کەسێکی دیکە کە خەڵکی دیبەگەیە منی بەگرت دابوو، کە تا ئێستاکە لە ژیاندا ماوە و لە هەولێر دەژیت و لە مەڵبەندی سێی (ی. ن. ک) کاردەکات.

پێم وایە موحسین عەبدوڵڵا، لە ساڵی (1981)دا تەنیا بەناو بووە پێشمەرگە و لە ڕاستیدا سەر بە بەعس بووە، دواتریش کاتێ کە لە ناوەڕاستی ساڵی (1985)دا هاتەوە پاڵ بەعس و ڕژێم، بوو بە یەکێک لە فەرماندەکانی مەفرەزە تایبەتی جاشی سەر بە مەنزومەی ئیستخباراتی سەربازی شیمالی.

موحسین عەبدوڵڵا، لە ڕێکەوتی (20.1.1986)دا ئیسماعیل جەرجیس عەلی جدیدە لەک ناسراو بە (ئیسماعیل سەرتاش)ی لەلایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بەگرتدا. ئیسماعیل جەرجیس، ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، دوای نزیکەی شەش مانگی پڕ لە ئەشکەنجە و ئازار، کە قارەمانێتییەکی بێوێنەی نواند و نەیانتوانی هیچ نهێنییەکی لێ وەرگرن و لەلاکەی تریشەوە توانی ژیانی تەواوی

هاوڕێیانی ڕێکخستنی پاراست، بۆیە لە ڕێکەوتی (17.7.1986)دا لەلایەن مەنزومەی شیمالی بەناچاری ئازادکرا و سەربەرزانە گەڕایەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی.
مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، لە ساڵی (1986)دا ڕزگار عەزیز بالیسانی (کوڕی مامۆستا عەزیز بالیسانی) لە مەنزومەی شیمالی بەگرتدا، بەڵام ڕزگار زۆر نەمایەوە و زوو ئازادکرا.
مامۆستا موحسین، لە ڕێکەوتی (29.3.1986) و ڕێکەوتی (1.4.1986)دا پۆلێک لە هەڤاڵانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی بەگرتندا کە ئەمانە بوون: (میقداد بیلال حوسێن کاکەخان دزەیی ناسراو بە حاکم ڕزگار (لە ڕۆژی 29.3.1986دا گیرا)، کە خۆشبەختانە لە شەوی (7/8.4.1986)دا توانی پەنجەرەی مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی لە هەولێر بشکێنێت و ڕابکات، بەڵام بەداخەوە لەکاتی ئەنفالەکاندا لە ڕێکەوتی (22.3.1988)دا لە نزیک گوندی هەنارەی سەر بە مەسیف لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بەناوی لوقمان ئەسعەد ئیسماعیل (کارزان کەرکوکی) دەکەونە بۆسەی جاشە خۆفرۆشەکان و شەهید دەکرێن، هەروەها ئەو سێ هەڤاڵەی تر کە چوار ڕۆژ دوای میقداد بیلال دزەیی لە ڕێکەوتی (1.4.1986)دا دەستگیرکران بە ناوەکانی دیار محەمەد عەلی محەمەد نانەکەلی (حاکم دیار)، جیهاد نوری تاهیر کەریم شێروانی و موزەفەر کەمال عەزیز حەمەد خۆشناو بالیسانی)، کە هەرسێکیان لە کۆتایی مانگی چوار یان سەرەتای مانگی پێنجی ساڵی (1986)دا وەکو ئێمە گواسترانەوە بۆ ئەمنی هەولێر و هاتنە لامان لە تاکژوورەکان (إنفرادي) و بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک لەو ئەمنە بە یەکەوە بووین. دواتر ئەوان (دیار، موزەفەر و جیهاد)، لە ڕێکەوتی (13.5.1987)دا ڕەوانەی دادگای شۆڕش (دادگای بەعس) کران، کە موزەفەر خۆشناو سزای دە ساڵ زیندانی و هەر یەک لە حاکم دیار محەمەد نانەکەلی و جیهاد نوری تاهیر شێروانی سزای هەتا هەتایەیان بۆ بڕدرایەوە، دواتر دووبارە لە ئەبوغرێب یەکمان گرتەوە، تا پێکەوە لە ڕێکەوتی (14.9.1988)دا ئازاد کراین. بەڵام بەداخەوە موزەفەر کەمال، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (2009)دا کۆچی دواییکرد بەبێ ئەوەی (ی. ن. ک) ئاوڕێک لەو قارەمانەی زیندانەکانی بەعس و سەری ڕەش و ئاکرێ بداتەوە.
موحسین عەبدوڵڵا، لە ڕۆژی (20.4.1986)دا کرێکارێکی ڕەنجدەری بەناوی سلێمان کەریم قادر خاڵند خەڵکی گوندی کورتاندڕووی بناری چیای قەرەچوغ

(سلێمان كەبابچی) بەگرتدا، كە سەر بە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستان بوو. لەگەڵ سلێمان كەریم كەبابچی، لە زیندانی ئەمنی هەولێر ماوەیەک بەیەكەوە بووین، كە خزمەتێكی یەكجار زۆر و گەورەی تەواوی زیندانییەكانی دەكرد بەبێ جیاوازی. سلێمان كەریم قادر كەبابچی، دواتر ڕۆژی (21.7.1987)دا سزای زیندانیكردنی هەتا هەتایەی لەلایەن عەواد حەمەد بەندەر بۆ دەرچوو و تاكو ڕۆژی ئازادبوون لە ڕێكەوتی (14.9.1988)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە شاری بەغدا پێكەوە بووین.

موحسین عەبدوڵڵا، لە ڕۆژی (24.9.1986) لە شاری هەولێر كۆمەڵێک هەڤاڵی ڕێكخستنەكانی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی كوردستانی لە لایەن مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی بەگرتدا، كە ئەمانە بوون: (سیاد ئیبراهیم حەمەد عەلی ناسراو بە سوارە، خەڵكی گوندی سفەییەی كاكەییەكان، سدیق سەعید گەزۆ جوبرائیل كەڵەكی، عەبدولڕەحمان پیرداود مەولود كەڵەكی، كەمال بایز ئیسماعیل محەمەد سادق دزەیی كاریتانی، موحسین سۆفی خانە حوسێن، حوسین بایز حوسێن ساڵح خەڵكی گوندی سفەیە، مەلا عەبدوڵڵا حەمەدئەمین خەڵكی گوندی گرتک و عەبدولڕەحمان عەلی سلێمان كە نكوڵی لە هەموو تۆمەتەكان كرد و ئیستخبارات نەیتوانی هیچ نهێنییەكی پێ ئاشكرا بكات بۆیە بەهۆی جەبار جەمیل ڕواندزی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات بە پارە ئازادكرا). ئەو هەڤاڵانە، لە ڕۆژی (2.2.1987)دا لە (دادگای شۆڕش)دا فەرمانی لە سێدارە دان بۆ شەشی یەكەمیان دەرچوو، مەلا عەبدوڵڵا حەمەدئەمین گرتكی سزای (15) ساڵ زیندانی بۆ بڕدرایەوە و ڕەوانەی ئەبوغرێب كرا. دواتر شەش هەڤاڵەكە لە ڕۆژی (18.11.1987)دا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دران، مەلا عەبدوڵڵا گرتكیش تاوەكو ڕێكەوتی (14.9.1988) لە زیندانی ئەبوغرێب مایەوە.

موحسین عەولا نەفتە، لە ڕۆژی (23.11.1986) و ڕۆژانی دواتر كۆمەڵێكی دیكەی لە هەڤاڵانی یەكێتیی شۆڕشگێڕانی لەلایەن ئیستخباراتی كۆیەوە بەگرتدا كە دواتر بە هەلیكۆپتەر بۆ مەنزومەی ئیستخباراتی شیمالی هەولێر گواسترانەوە كە بریتی بوون لە: (ئاراس ئیسماعیل محەمەد، ئاكۆ كەمال حەمەد ساڵح، ئەردەڵان ئەنوەر عومەر ئەمین، جەوهەر محەمەد ئەحمەد، دڵدار نادر كەریم بەرگیس، دیار خدر سابیر بەكر (دیاری خدر سەنیە/ 1963)، سەباح حەنا كەریم ئیسحاق هەرمۆتەیی، سەلیم حەنا

كەریم ئیسحاق هەرمۆتەیی ناسراو بە هەلۆ، شێروان حەسەن ڕەسوڵ، عەبدولباقی عەبدولڕەحمان (باوكی شەهید هەلۆ بوو كە كوڕەكەی لە شەوی (27.11.1986)دا لەژێر ئەشكەنجەدا شەهید بوو، ئەو لەسەر كوڕەكەی گیرابوو دوای شەهید بوونی كوڕەكەی بە ماوەیەک ئازاد كرا)، عیماد كەریم مەجید سلێمان غەفوری (ڕۆژی 24.11.1986 دەستگیر كرابوو)، قادر سەمەد ساڵح حەمەد (ڕۆژی 26.11.1986 گیرابوو)، كوردەوان مەحمود فەقێ خەسرەوی، محەمەد تۆفیق فەتحوڵلا ئاغا كە دواتر بەر لە دادگاییكردن ئازادكرا، لەگەڵ هەلۆ عەبدولباقی عەبدولڕەحمان كە لەژێر ئازار و ئەشكەنجەی هۆڤییانەی جەللادەكانی بەعس گیانی پاكی بەخشی). ئەو هەڤاڵانەی كە لە سەرەوەدا ناوم بردوون و لە زیندان مانەوە، دواتر لە ڕێكەوتی (9.2.1987)دا ڕەوانەی دادگای شۆڕش كران و لەلایەن عەواد بەندەر-ەوە هەر یەک لە (دیاری خدر سەنیە، مامۆستا سەلیم حەنا كەریم ئیسحاق هەرمۆتەیی و مامۆستا قادر سەمەد ساڵح حەمەد) سزای لە سێدارەدانیان بۆ بڕدرایەوە و ئەوانەی تریش هەر هەموویان بە سزای هەتا هەتایە زیندانی كران، كە هەموویان لە زیندانی ئەبوغرێب لەگەڵ ئێمەدا بوون و تا لە ڕۆژی (14.9.1988)دا بە لێبووردنی گشتیی ئازادكران، جگە لە سەباح حەنا كەریم ئیسحاق هەرمۆتەیی كە بۆ ماوەی (8) ساڵ لە زیندانی فاشییەكاندا مایەوە و لە كۆتایی ساڵی (1994)دا ئازادكرا، چونكە هەر لێبووردنێک بۆ كورد بهاتبایە ئەوی نەدەگرتەوە، سەرەڕای ئەوەی كە خۆی و شەهید سەلیم حەنا كەریم ئیسحاق هەرمۆتەیی برای هەردووكیان سەر بە ڕێكخستنەكانی (ی. ن. ک) بووینە.

ئەوانەی كە سزای لە سێدارەدانیان بۆ بڕدرایەوە، سەلیم حەنا كەریم ئیسحاق هەرمۆتەیی و قادر سەمەد ساڵح حەمەد لە ڕۆژی (30.12.1987)دا لە بەغدا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارەدران. پاشان لە ڕێكەوتی (15.1.1988)دا دائیرەی ئەمنی كۆیە لە ڕێگای موختارەوە بنەماڵەی شەهید مامۆستا قادر سەمەدی ئاگادار كردۆتەوە كە كوڕەكەیان لە سێدارە دراوە، ئەوانیش دوای چەند ڕۆژێک تەرمی شەهیدی ناوبراو دێننەوە كۆیە. بنەماڵەی شەهید (سەلیم حەنا كەریم)یش دوای مانگ و نیوێک لە ڕێكەوتی (14.2.1988)دا تەرمی شەهید سەلیم حەنا كەریم ئیسحاق هەرمۆتەیی وەردەگرنەوە و دەیهێننەوە بۆ كوردستان. بەڵام دیاری خدر سەنیە، لە ڕۆژی (11.2.1988)دا لە سێدارە ئازادكرا و گەڕایەوە كوردستان.

موحسین عەبدوڵڵا، لە ڕێکەوتی (16.5.1989)دا نەسروڵڵا نەجمەدین سەیفەدین سوورچی بە تۆمەتی ئەندامی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی سەر بە قادر عەزیز و ئەلقەی پێوەندی نێوان فرۆکەوان لیوا موحسین هەمزە حەسەن دزەیی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری موسڵ بەگرتدا، کە یەکسەر بردیان بۆ ئیستخباراتی گشتیی بەغدا و دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ڕێکەوتی (12.3.1990)دا لەگەڵ لیوای فرۆکەوان موحسین هەمزە حەسەن دزەیی خەڵکی گوندی سۆربەش، کە هەر مامۆستا موحسین لە ڕێکەوتی (11.4.1989)دا بەگرتی دابوو، لە دادگای شۆڕشی عەواد حەمەد بەندەردا سزای لە سێدارەدانیان بۆ بڕدرایەوە. بەڵام خۆشبەختانە بەخت یاوەریان بوو و دوای (42) شەو و ڕۆژی پڕ لە ژیانی بۆنی خوێن و مەرگی ژووری سێدارە، لە ڕێکەوتی (22.4.1990)دا سزای مەرگیان بۆ گۆڕدرا بە زیندانی هەتا هەتایە و بۆ زیندانی بەشی سزا تایبەتییەکان (قسم الأحكام الخاصة)ی ئەبوغرێب گواسترانەوە. پاشان نەسروڵڵا و لیوا موحسین لە ڕێکەوتی (22.12.1991)دا پێکەوە ئازاد کران و گەڕانەوە کوردستان. ئەوەی شایەنی باسە و پێویستە بگوترێت ئەوەیە هەر یەک لە مامۆستا موحسین، حەسەن ڕواندزی خاوەنی چێشتخانەی زانکۆ لە هەولێر و کەسێکی دیکە بەناوی دڵشاد محەمەد کە دوای ڕاپەڕین سەرەتا ڕوویکردە شاری موسڵ و دواتریش بەغدا و لە دوای ڕوخانی سەدامیش هەر لە بەغدا بوو، شایەد بووینە بەسەر نەسروڵڵا نەجمەدین سەیفەدین و لیوای فرۆکەوان موحسین هەمزە دزەیی. نەسروڵڵا نەجمەدین سەیفەدین، ئەندامی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشان و دواتریش کە لە ساڵی (2012)دا ناوی حزبەکەیان بە ناچاری بۆ حزبی ئاییندەی کوردستان گۆڕی، کرایە ئەندامی (م. س)، پاشان لە یەکگرتنیان لەگەڵ (ی. ن. ک)دا لە ڕێکەوتی (10.8.2016)، بوو بە ئەندامی سەرکردایەتی.

موحسین عەبدوڵڵا، دوای ڕاپەڕین سەرەتا چووە ناو ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کەچی دوای کۆچڕەوی (31.3.1991)ی شاری هەولێر و گەڕانەوەی خەڵک، پەنای بردە بەر ڕژێمی بەعس لە شاری موسڵ و لەوێ مایەوە، تا لە ڕۆژی (23.6.1993)دا لەلایەن یەکێتی کوژرا.

براکانی موحسین عەولا نەفتە و منداڵەکانیان لە ڕیزەکانی (ی. ن. ک)ن و هاوکاری برای بەرپرسی دژەتیرۆری یەکێتی یە لە بادینان (موسڵ و دهۆک).

(148). ناسر تۆفیق ڕەشید بەگ بەرواری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (102).
ناسر بەرواری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراقی (لایەنگری سەدام).
ناسر تۆفیق ڕەشید، لە ڕۆژی (3.1.1982)دا ئەندامێکی حزبی شیوعی ئێراقی بەناوی سەعید محەمەد خالید مستەفا (1934/ دهۆک) بەگرتدا، دواتر لە ڕۆژی (4.6.1982) بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی دهۆک ئاگاداری پەروەردەی دهۆکی کردۆتەوە کە چیتر پرسیاری چارەنووسی ناوبراو نەکەن، دوای ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی (2003)دا هیچ بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە سەبارەت بە چارەنووسی سەعید محەمەد.
ناسر تۆفیق ڕەشید، لە ڕێکەوتی (9.10.1983) لەگەڵ (300) جاش کە (100)یان چەکدار و (200)یش بێ چەک بوون، ڕیزی حکومەتیان جێهێشت و پەیوەندیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد؛ سەرچاوە: (2-254، أخبار کوردستان، العدد (109)، أواخر تشرین الثاني 1983، ص4).
ناسر بەگ بەرواری، دوای ماوەیەک ڕیزەکانی پارتی جێهێشت و بەرەو ئێران ڕۆیشت. لە دوای ڕاپەڕین و چەندان جار ئەوبەر و ئەوبەری ناو پارتی و یەکێتی، ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی و بێلایەنە.

(149). نایف مەحمود کەریم بلْباس، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (80).
نایف مەحمود، لە ڕۆژی (18.9.1985)دا حەیدەر جوکل ئیبراهیم فەندی گەردی دیبەگەیی ناسراو بە بڕوا (1953/ هەولێر/ دیبەگە)، بەرپرسی ڕێکخراوی هەولێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەگرتن دا، پاشان لە ڕێکەوتی (18.6.1986)دا لە شاری بەغدا لە ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە. خۆیشم دوای ڕاپەڕین فایلی شەهید حەیدەر جوکلم بینی کە ناوی ناوبراو و زاهیر محەمەد یونس ڕۆژبەیانی وەکو دوو سەرچاوەی بەگرتدانی لەسەر فایلەکەی نووسرابوو.
نایف مەحمود کەریم و مامەند ساڵح قەشقەی فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (113) و جاشەکانیان لە ڕێکەوتی (22.8.1988) نزیکەی (40) کەسیان لە بنەماڵەی پێشمەرگەی دێرینی (ی. ن. ک) ئەیوب یوسف سەعید دەستگیرکرد لەنێویاندا سێ کچ و نەسرین فەتاح مستەفای هاوسەری شەهید جوامێر (یاسین سەعید جوامێر)،

فەرماندەی تیپی (91)ی سەفین کە لە ڕۆژی (26.6.1987)دا لە گوندی نازەنینی دۆڵی خۆشناوەتی لەگەڵ شەش پێشمەرگەی دیکە بە بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس شەهید ببوو. هەر جاشەکانی مامەند قەشقە و نایف مەحمود کەریم هەرچی زێڕ، پارە و شتی بەنرخ لە ماڵی باوکی ئەیوب، شەهید جوامێری مامی و بنەماڵەی ئەیوب یوسف هەبووە بردبوویان و دەرگای ماڵەکانیان بە تۆپ و کلیل داخستبوون؛ سەرچاوە: (گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەیوب یوسف، کاتژمێری (11:19:56-11:27:03)، ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی 28.1.2012). تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی ئەیوب یوسف، لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1988)دا بەپێی بڕیاری لێبوردنی گشتیی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حزبی بەعس، ژمارە (736)ی ڕێکەوتی (6.9.1988) ئازاد کران.

جاشەکانی نایف مەحمود کەریم و لەسەر ڕاپۆرتی زاهیر محەمەد یونس ڕۆژبەیانی بۆ ئەمنی بەلدەی هەولێر، قاسم عەزیز ڕەسوڵ سوورچی لە ڕۆژی (10.4.1988)دا دەگرن و ڕادەستی ئەمنی بەلدەی دەکەن. قاسم عەزیز بە تۆمەتی هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی گیرا، کە پێشمەرگە لە ڕۆژی (5.4.1988)دا لەناو هەولێر پەلاماری جاشەکانی نایفی داو چەند جاشێک کوژران. دوای ئەشکەنجە و ئازاری سەخت نەیانتوانی ئەو تۆمەتە لەسەر قاسم عەزیز ساغ بکەنەوە، بۆیە بەناچاری لە ڕێکەوتی (25.8.1988)دا ئازاد کرا. قاسم عەزیز، بەهۆی ئەندامێتی و بەرپرسیارێتی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هەولێر دوو جاری دیکە لەلایەن ئەمنی هەولێر دەستگیر کرابوو و ڕەوانەی هەیئەی کەرکوک و ئەمنی عامەی بەغدا کرابوو بەبێ ئەوەی لە هیچ کامێک لەو دەزگا هۆڤی و دڕندانە بتوانن هیچی پێ بدرکێنن، جاری یەکەم لە (20.1.1976)دا گیراو لە ڕۆژی (26.2.1976)دا ئازاد کرا، دووەم جار لە ڕۆژی (11.5.1977) و گیراو لە ڕۆژی (22.11.1977)دا ئازاد کرا.

ئیسماعیل عەلی حەوێز شەریف بڵباس ناسراو بە جەرگۆ (1969/ هەولێر/ ڕەشکین). ئەندامی یەکێتی، لە ڕۆژی (12.12.1989)دا لەلایەن ئەمنی هەولێر و قاسم ڕەشید خدری فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (21)ی سەر بە ئەمنی هەولێر گیرا، نایف مەحمود کەریم بووە هۆکاری ئەوەی لە ڕۆژی (24.10.1990)دا

لە دادگای سەورە بڕیاری سێدارەی بدرێت و دواتریش لە ڕۆژی (21.11.1990)دا لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دراوە.
نایف مەحمود کەریم، لە دوای ڕاپەڕینی (11.3.1991)دا پەنای بردە بەر ڕژێمی سەدام لە موسڵ و تا ڕۆژی ڕوخانی ڕژێم لە (4.9.2003)دا هەر لەوێ مایەوە و سەرەتا پۆستی بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر و دواتریش بەڕێوەبەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی هەبوو.
دواتر گەڕایەوە هەولێر و چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و وەکو ئەندامی بەشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە لقی دووی پدک دەست بەکار بوو، تا لە ڕۆژی (5.10.2017)دا لە هەولێر مرد.

(150). نەجات سەمین باخەوان (کنگربان)ی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش. دوای ڕاپەڕین ماوەیەک لەناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو.

(151). نەجمەدین (نەجۆی سەرکارێز)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
نەجۆ سەرکارێزی، سەرەتا پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، دواتر هاتۆتەوە ناو ڕژێم و بووە بە فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی بەعس.
نەجۆی سەرکارێز، دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا کوژراو دەنگۆ بڵاوبووەوە کە گوایە حزبی سۆسیالیست کوشتوویانە لە تۆڵەی ئەوەی کە دوای هاتنەوەی بۆ ناو ڕژێم، کاری ناپاکی بەرانبەر بە حزبی ناوبراو ئەنجام داوە.

(152). نەجم گڕو، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی و لێپرسراوی مەفرەزەی تایبەت لە خەلیفان.

(153). نەجمەدین مەعروف حەسەن، فەرمادەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (504).

(154). نورەدین حوسێن (سەید نورەدین)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

(155). نوری عەبدولڕەحمان سواری بەرواری (دهۆک – چەمانکێ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (136).
نوری سواری و جاشەکانی، لە ساڵی (1983)دا پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعیان بەناوی جاسم ئەحمەد ساڵح سواری لە بۆسەیەکدا شەهید کرد.

(156). نوری محەمەد حوسێن بێدوهی (نورۆیێ مر موختارێ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
نوری محەمەد حوسێن، لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەرپرسی ڕێکخراوی شەهید سادقی سەر بە ناوچەی ئامێدی (پ. د. ک) بووە، بەڵام لە ساڵی (1983)دا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک گەڕایەوە ناو ڕژێم و بوو بە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخباراتی سەربازی.
نوری محەمەد حوسێن بێدوهی، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی نووسینگەی شەهیدانە لە لقی (18)ی ئامێدی.

(157). هەیەر لوتفوڵڵا ڕەزا ناسراو بە مام هەیەری هەیاسی، (چۆلمەت - بازیان)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
مام هەیەری هەیاسی، لەدوای ڕاپەڕین چۆتە ناو ڕیزەکانی (ی. ن. ک) و ئێستاکە ئەندامی ناوەندی لیژنەی کۆمەڵایەتی بازیانی (ی. ن. ک)ە.

(158). هۆمەر پیرۆت جوامێر قەڵادزەیی، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتی ژمارە (96).

(159). هیمداد ئەنوەر ڕەشید بێتواتە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (101).

(160). وەهاب حەسەن محەمەد، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (66).

(161). یاسین حەمە ڕەشید قەڵادزەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (99).

(162). یاسین دێوالی قوتاس بلێجانی گولی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

لە ساڵی (1985)دا یاسین دێوالی قوتاس، کە ئەوکاتە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دادەنیشت و لەژێرەوە پەیوەندی بە ئیستخباراتی ڕژێم هەبووە، بەپێی پلانێکی ئیستخباراتی باتوفا و ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گولی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت و هەر یەک لە سەبری عەرەب میرزا گولی، ئەحمەد محەمەد ئەمین دێمکی گولی، تاریق حوسێن سلێمان قوتێ شیرخوازکی گولی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، سەباح ئیبراهیم سەرحان ڕوسی گولی، سەباح کەشانی جاشی سەر بە دەزگای ئیستخبارات، عەبدولڕەزاق کەشانی جاشی سەر بە ئیستخبارات، قادر عومەر حەسەن دێمکی گولی، هاشم ئەحمەد گۆیی جاشی سەر بە ئیستخبارات، ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی یاسین دێوالی میوانداری بەرپرسی ڕێکخراوێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی سەر بە ناوچەی زاخۆ محۆ گەودا (محەمەد ئەبوزێد عیسا گەودا کۆچەری) بکات و لەکاتی ڕۆیشتنی ناوبراو و پێشمەرگەکانی دیکە کە لەگەڵیدا بوون، جاشەکانی ئەنوەر میرزا ئیبراهیم گولی و هاوکارەکانی دوو بۆسە لەسەر دوو ڕێگا بۆ میوانەکان دابنێن. دوای ڕۆیشتنی محۆ گەودا و پێشمەرگەکان، ئەوان دەکەونە بۆسەی ئەنوەر میرزا ئیبراهیم و تەقە لەنێوانیاندا دەست پێدەکات و بۆسەی دووەمیش بۆ هاوکاری بۆسەی یەکەم دێنە شوێنی بۆسەکە. لە ئەنجامی ئەو بۆسەیەدا پێشمەرگەیەک بەناوی خدر شەهید بوو و (محۆ گەودا)یش بەخەستی بریندار بوو، هەروەها لە جاشەکانیش هاشم ئەحمەد گۆیی جاشی سەر بە ئیستخبارات کوژرا.

نادر ئاڤدەل دێمکی گولی، کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (1986)دا کە تازە لە خولی کادیران گەڕابووەوە بەدەستی یاسین دێوالی گولی و تۆفیق دێمکی گولی شەهید کرا.

محەمەد شەهیر یوسف سەعدی دێمکی گولی، کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی ئابی ساڵی (1986)دا بەدەستی فەرماندەی مەفرەزە خاسە یاسین دێوالی گولی و سێ جاشی دیکە بە ناوەکانی تۆفیق دێمکی گولی، سەباح کەشانی گولی و عەبدولڕەزاق کەشانی گولی شەهید کرا.

لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا هەر یەک لە یاسین دێوالی قوتاس بلێجانی گولی و تۆفیق دێمکی گولی لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدەی سەرەوەدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان کوژران.

(163). یاسین ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (78).
یاسین ڕەئوف تۆفیق، بەگوێرەی سەرچاوە: (2-26، الثورة، ژمارە (6689)، ل؟)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا لە سەدام وەرگرتووە.

(164). یەحیا جێشانەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
کۆمەڵێک جاش فەرماندەیی (یەحیا جێشانەیی، تەحسین شاوەیس و عوسەی ئۆکل) لە شەوی (16/17.1.1983) دەچنە سەر سێ پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی قەرەداغی یەکێتی لە گوندی عەزیزاوەی بەکرەجۆ بە مەبەستی دەستگیر کردنیان یان شەهید کردنیان، بەڵام ئەوان خۆ نادەنە دەست و دوای شەڕێکی سەخت، هەر سێکیان: جەمال ساڵح میرزا عەبدوڵڵا ناسراو بە چالاک (سلێمانی/ 1957)، فەتحوڵڵا محەمەد ئەسعەد ناسراو بە ڕێبوار (کەرکوک/ 1957) و کەمال عەلی حەمەخان ڕۆستەم ناسراو بە کەمالی قەمەرناس (سلێمانی/ 1958) شەهید دەکرێن؛ سەرچاوە: (2-251، بێریڤان جەمال حەمە سەعید، ئەو شەوەی گوندێکی لە مێژوو شاردەوە).


(165). یوسف فەتحوڵڵا ئەحمەد شوانی خەڵکی گوندی (گۆران - قەرەهەنجیر)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77).
یوسف فەتحوڵڵا، تەحسین شاوەیس، قادر فەرەج عەبدوڵڵا، محەمەد شێخ حەسەن محەمەد بەفراو، عاسی حەمە ڕەئوف تۆفیق، لەگەڵ کەسێکی دیکە بەناوی شێخ عوسمان عەودالانی، کە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادة المؤقتة)ی ئەوکات بوون، لە ڕۆژی (23.7.1977)دا محەمەد غەفور ئەحمەد محەمەد ناسراو بە حەمە غەفور ئاغجەلەری (1.7.1939-23.7.1977)، فەرماندەی هەرێمی (2)ی کەرکوک و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لەگەڵ هەر یەک لە (ئەحمەد محەمەد عەلی بەیانی، ئەنوەر کەریم عەلی بەیانی، حامید مەلا ئەحمەد چەمچەماڵی، ڕەزا عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، ڕەمەزان سەعید چەمچەماڵی، سەعید عومەر ساڵح قادر گۆپتەپەیی، عەبدوڵڵا تۆفیق چیاسەوزی و کەریم مەلا ئەحمەد گۆپتەپەیی)یان لە گوندی کانیبی دەشتی کۆیە لە شیرین خەودا شەهید کرد و کۆپتەری سوپای بەعس

هات و شەش تاوانبارەکەی دەربازکرد و تەرمی هەر نۆ شەهیدەکەشی برد. یوسف فەتحوڵڵا شوانی و جاشەکانی، بە پاڵپشتی هێزێکی زۆری دوژمن لە لیواکەی چەمچەمال، ئەمن، ئیستخبارات، جەیشی شەعبی، مونەزەمەی بەعس و پۆلیس لە ڕۆژی (8.1.1983)دا لەناو چەمچەماڵ دەچنە سەر ماڵێک کە سێ پێشمەرگەی کەرتی سێی هەمەوەندی تیپی (57)ی سەگرمەی تیا دەبێت، لە کاتژمێری (9)ی بەیانییەوە شەڕ لەنێوان سێ پێشمەرگەکە و هێزە زۆرەکەی دوژمن دەست پێدەکات. شەڕەکە سات لەدوای سات سەخت تر دەبێت و هێزی تر بە بەردەوامی بەهانای هێزەکانی دوژمنەوە دێن. چەندان کۆپتەری شەڕکەر، فڕۆکەی هەنتەر و پیلاتۆز و تۆپی (106) و جاشەکانی کوێخا ڕەئوف گەڕاوی، تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج دەگەنە شوێنی شەڕەکە و بەشداری تێدا دەکەن. لە ئەنجامی شەڕو بۆردومانی فڕۆکەکاندا کە تاوەکو کاتژمێری (3.30)ی دوای نیوەڕۆ درێژەی دەبێت (18) خانووی هاووڵاتیان سووتا، سێ پێشمەرگە شەهید کران کە ئەمانە بوون: (بەکر تۆفیق محەمەد مەعروف ناسراو بە بەکر بارۆیی، محەمەد نادر قادر ناسراو بە حەمە چەمچەماڵی، فەرماندەی مەفرەزە، مەجید قادر فەتاح چەمچەماڵی ناسراو بە سۆرانی پورە گوڵە، جێگری فەرماندەی مەفرەزە، کە بەدەستی خۆی بەدوا فیشەک خۆی شەهید کرد، شەهیدی ناوبراو پێشتر برایەکی بەناوی کەمال قادر فەتاح ناسراو بە گۆران لە ڕێکەوتی (5.3.1982)دا لە داستانی قازان لەگەڵ شەهید ئەنوەر حەسەن و دە پێشمەرگەی دیکە شەهید بووە). حوسێن کەریم کوردەی سەر بە ئیستخباراتی چەمچەماڵ هۆکاری ئاگادارکردنەوە و هێرشی دوژمن بوو بۆ سەر ئەم سێ پێشمەرگەیە و شەهید بوونیان. لەم هێرشەی جاشەکانی یوسف فەتحوڵڵا، تەحسین شاوەیس، قالە فەرەج و مەفرەزەی کوێخا ڕەئوف گەڕاوی، کۆمەڵێک سەرباز، جەیشی شەعبی و جاش کوژران، لەنێویاندا کوژرانی کوێخا ڕەئوفی فەرماندەی مەفرەزە و جاشێکی دیکە بەناوی ڕۆکان قادر جەبار.

یوسف فەتحوڵڵا شوانی، لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا کوژرا.

حوسێن کەریم کوردە، دوای ڕوخانی سەدام لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا پەنای بۆ حەویجە بردووە.

(166). یوسف نەزیر سندی زاخۆیی ناسراو بە یوسف نەزیرا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) پەنای بۆ ڕژێم برد و لە موسڵ مایەوە تا ڕوخانی ڕژێم. یوسف نەزیر، سەر بە یەکێتی و لە سلێمانی دادەنیشێت.



إلى كافة المعاونيات

م/ تعليمات

مديرية امن البلدية ٧
العدد/ ١٤٦٨٧
التاريخ/ ١/١١/١٩٨٧

الحاقاً بموجب تعليمات الرفيق المناضل علي حسن المجيد عضو القيادة القطرية
لحزب البعث العربي الاشتراكي أمين سر مكتب تنظيم الشمال المحترم
على أحد رسائل مديرية امن الحكم الذاتي المرقمة لسيادته حول
قيام مديرية امن محافظة السليمانية بتصفية المجرم آزاد حمه كريمان
آمر شعبة ٩٩ مخربي زمرة عملاء ايران مع ثلاثة مخربين كانوا معه
للتفضل بالاطلاع لطفاً.

مدير امن البلدية

-١٨٠-

٢٨٦٦

٩٢٢٦

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن محافظة بغداد

العدد /٣١
التاريخ / ٢ / ١٩٨٥

سري

الى / مديرية الامن العامـه - م٦٤

م/ معلـــومات

علمنا من أحـد مصادرنا مايلـي :-

١• يقوم المدعو محمد حسو - آمر مفرزه في أحدى تشكيلات الفرسان في محافظـة السليمانيه منطقة طاسلوجه بتهريب قطع من الاسلحه بين فتره وأخرى الـى جماعة مسعود البارزاني حيث شوهد المذكور عدة مرات في منطقة مريـوان وأن مصدر هذه المعلومات المدعو محمد عبد الله من أهالي محافظة السليمانيـه منطقة مركزي يتعاطى بيع وشراء السلاح •

٢• قام المدعو (تحسين شاهين) آمر أحدى مفارز الفرسان في منطقة كركوك بقتـل المدعو نجم الدين الطيب (مام ريشه) وهو أحد المنشقين من قيادة جلال الطالباني وتم ذلك بعد أجتماعهم سوية معا" في المنطقـه الشماليه كما قتل في الحـادث أثنان من جماعة مام ريشه وحل محل المذكور شقيقه فخر الدين •

راجين التفضـل بالاطـلاع ... مع التقديـر •

مقدم أمن
مدير أمن محافظة بغـداد

نسخه منه الى /

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

(سجل الشهداء أكرم منا جميعا)

سري للغاية وشخصي

وزارة الدفاع
رئاسة أركان الجيش
(مكتب رئيس أركان الجيش)
العدد/ رابع/ ٤٠/ ١١٨٢
التاريخ ٢٨/ آب/ ١٩٨٨

١٦١٥
٨٨/٨/٢٨
١٢/٤

الى/ قيادة الفيلق الأول
قيادة الفيلق الخامس

الموضوع/ توجيهات

نسب السيد نائب القائد العام للقوات المسلحة وزير الدفاع خلال إيجازه بخطط عمليات الانفال التي يجري تنفيذها في قواطعكم ما يلي :

١. إزالة كافة القرى وإزالة كافة الدور ضمن القرية الواحدة حيث لوحظ بترك دار أو أكثر في القرى المزالة سابقا ويكلف طيران الجيش بمراقبة ذلك .

٢. على قادة الايعاز الى قيادة فرقة مش ٤١ بإناطة واجبات الفوج ٤٧ المستقل ضمن خطة العمل في قاطع القيادة .

٣. تحديد الارزاق المتجهة الى أفواج الدفاع الوطني وملاحظة عدم إعطائهم الارزاق نقداً والاستعاضة عنه بالبدل .

٤. إخضاع عجلات أفواج الدفاع الوطني الى التفتيش من قبل السيطرات .

نرجو اتخاذ ما يلزم

الفريق الركن
نزار عبد الكريم فيصل
معاون رئيس أركان الجيش ٢٨

السيد ا.ح.ع العام
يرجى التفضل بالاطلاع
وتبليغ غاية الشكر

السيد أمين السر الأقدم
يرجى التفضل بالاطلاع
وتبليغ ... السيد
الرئيس القائد حفظه الله ... مع التقدير .

نسخة الى/
أمانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة
ديوان وزارة الدفاع
دائرة العمليات . نسب السيد نائب القائد العام للقوات المسلحة وزير الدفاع تحديث الخرائط وبكافة المقاييس بأحدث المعلومات الطوبوغرافية
مديرية طيران الجيش . لاتخاذ ما يلزم بصدد المادة (١) أعلاه
حقيبة الامن الداخلي (١ – ١)

بسم الله الرحمن الرحيم
سري للغاية وشخصي

رئاسة اركان الجيش
العدد ر١/٩ / ٢٤٩
التاريخ ٢٧/٤/٩٨٨

٤/١٢/١ ٤/٢٨

الى/ قائد الفيلق الاول (ل.ر سلطان هاشم)
قائد الفيلق الخامس (ل.ر اياد خليل)

الموضوع/ توجيهات

المؤتمر المنعقد في كركوك يوم ٢٧ نيسان ٨٨

١. اتجاهات العمل المعادية
من خلال استعراض نوايا العدو في مناطق فيلقيكما واتجاهات عمله ومسعيه لاحتلال اهداف ذات برتقية اعلامية (مدينة او مجموعة قطعات) لتعويض فيه عن عملية تحرير الفاو نجد انه قد تكون اتجاهات عمله المقبلة ما يلي :-

آ. احتلال دربندخان : رغم الظروف الصعبة المحيطة بها ودفاعاتنا القوية وقد يهاجم بصورة مباشرة او غير مباشرة (من قاطع فل٢) وقد يصل الى مرتكزات (عوارض) مهمة توصله الى الهدف الرئيسي

ب. احتلال سيد صادق : وهو الهدف الثاني بالاهمية في قاطع فل١ كما يبقى التحسب اتجاه بايي بنوك

ج. احتلال دوكان : رغم صعوبة ذلك لعدم مسك زلوان و شيخ محمد وطاي نور والتي تشكل خطاً دفاعياً امامياً والتي (هذه العوارض) قد تشكل اهدافاً يستهدفها العدو في المرحلة المقبلة

د. احتلال قلعة دزة : وهو الاتجاه الاكثر احتمالاً وقد يصبه الخليط في حالة احتلال حلبجة من الاجنحة وصولاً الى مضيق سنكسر.

هـ. احتلال عوارض مهمة في قاطع فق ٢٢ (سروكه وكشوان ومجموعة اروانه عزيج)

٢. نهج العمل المقبل
بعد اخذ ما تم ذكره اعلاه فان نهج العمل المطلوب كما يلي :-

(١ - ٢)

سري للغاية وشخصي

سري للغاية وشخصي

توصيات

آ. خلال الفترة من شهر تموز علينا ان ندفع بشكل رصين في المنطقة الشمالية مع استمرار العمل بالهجمات المحدودة (هجمات الوقف) باتجاه اهداف ذات قيمة تعبوية وبالمتيسر من القطعات

ب. التهيؤ بشكل جدي للدفاع عن قلعة دزة مع وضع اطار عمل العدو المحتمل أماماً وعلى فل٥ الاهتمام في الدفاع عن معسكر وجبهة سلطان ومن الوجهة (نوراوين - بشتاشان وقنديل) ومن اتجاه جم ريزان وباليسان

ج. على الفيلق الخامس ان يعمل باتجاه المخربين في قاطع قلعة دزة وتدمير هويته وانواع الدفاع الوطني وابعادهم عن الاهداف المهمة وتهيئة القطعات وان يكون هناك مقر قاطع في جبهة سلطان وخوخ نظرتي على الأقل

د. اعادة النظر بالقطعات المتوفرة واعادة تنظيم وسد نواقص وتدريب بشكل جيد.

هـ. تنفيذ عملية الانفال الرابعة في حوض سوان - جم ريزان وفق الخطة المقترحة والتي نوقشت في مديرية التخطيط مع التعديلات التي اجريت عليها من قبل فل١ مع ضرورة اخراج مقرات من قبل فل٥ وبالتنسيق مع فل١ وبعدها يباشر بعمليات الانفال في قاطع فل٥ وفق الاسبقيات المقررة وصولاً الى القضاء على كافة مقرات المخربين في المنطقة الشمالية

و. استخدام العتاد الخاص على تحشدات العدو كلما كان ذلك ممكناً سواءاً بالقوة الجوية أو المدفعية / الاسنوية / الحسنيات قبل ان تشرع بعملياتها ضد قطعاتنا (ضربات إجهاضية) ويمكن كذلك توجيه ضربات العتاد الخاص ضد مقرات المخربين

نرجو اتخاذ ما يلزم

مطالعه
٢٨/٤

نسخة الى

أمانة السر للقيادة العامة للقوات المسلحة
ديوان وزارة الدفاع
دائرة العمليات
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

السيد أمين السر الأقدم الفريق الركن نزار عبد الكريم فيصل
مرجحاً للتفضل بالاطلاع
وتشخيص ارائكم مطالعه
للاتفاق السيد الفريق النائب رئيس اركان الجيش
سرية للغاية وشخصي
نسبتم ذلك ... مستعجل ...

المجد للعراق العظيم

الله اكبر

/ سري /

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية امن محافظة اربيل
العدد / ق ش م /
التاريخ / ٨ / ١٩٨٨

الى / مستشفى اربيل الجمهوري
م / جثث مخربين

---

نرسل اليكم جثث المخربين المدرجة اسمائهم ادناه . راجين تزويدنا بشهادات الوفاة لهم واعلامنا لطفاً .


مدير امن محافظة اربيل

| الاسم | التولد |
|---|---|
| ١ . ابراهيم خورشيد حمد | ١٩٥٥ |
| ٢ . حسن عمر صالح | ١٩٥٦ |
| ٣ . اسعد احمد حمد | ١٩٥٤ |
| ٤ . سرور هدايت سوزه محمد | ١٩٦٦ |
| ٥ . امين ناوخوش عبد الرحمن | ١٩٥٧ |
| ٦ . ريبوار حسن يوسف | ١٩٦٤ |
| ٧ . شهرزاد جبار مام شيخ | ١٩٦٦ |
| ٨ . عيسى محمد علي درويش | ١٩٦٤ |
| ٩ . عبد الرزاق خضر مام شيخ | ١٩٦٤ |
| ١٠ . وريا سعيد عبد الرزاق | ١٩٥٤ |
| ١١ . سليم اسعد عبد الله | ١٩٦٤ |
| ١٢ . سردار طه بكر | ١٩٦٢ |
| ١٣ . فاضل شافي ميرزا | ١٩٥٧ |

## مستشارو أفواج الدفاع الوطني :


# قرار العفو العام عن الاكراد المغرر بهم مكرمة المكارم

**في لقاءات اجرتها موسوعة نوروز العراق مع عدد من مستشاري افواج الدفاع الوطني في منطقة كردستان للحكم الذاتي تحدثوا عن المكرمة التأريخية للقيادة السياسية بقرارها القاضي بالعفو العام عن المغرر بهم من ابناء شعبنا الكردي، فقد اجمع هولاء بأن القرار كان مكسباً كبيراً للعوائل التي وقعت تحت طائل الاغراء، وكان عطفاً ابوياً وانسانياً من الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله لابناء شعبه من الاكراد.**


محمد محمدامين الزراري مستشار فوج ٢١٦

فقد تحدث المقاتل سعيد قادر الجاف مستشار فوج الدفاع الوطني ١٩٩ بأن القرار كان مكسباً جديداً مضافاً الى المكاسب العديدة التي منحتها الثورة لابناء منطقة الحكم الذاتي، يشاركه الرأي جميع المستشارين الذي اثنوا على حكمة القيادة وحنكتها في صنع القرارات الانسانية ومن المقاتلين الذين تحدثوا لنوروز العراق رشيد محمد مولود كه ردي آمر سرية ومحمد محمد أمين الزراري مستشار فوج ٢١٦ وعمر صوفي آمر مفرزة خاصة ٤٧ وسيد نور الدين حسين آمر مفرزة خاصة وجلال كوخه رفيق قادرلك مستشار فوج ٣١١ وياسين علي رمضان شكاك، ونايف محمود كريم بلباس وحيدر رشيد اغا الشيرواني مستشار فوج ٧٨ وكمال عزيز محمد خوشناو آمر مفرزة ١١٤ وديده وان جلال حمد الزراري آمر مفرزة ١٨٦، وناظم رقيب السورجي مستشار فوج ٢، وفرزنده جانكير الهركي مستشار فوج ٧٦ والشيخ حمه رشيد عبدالرحمن مستشار فوج، والشيخ صديق علي محمد امين الجاف مستشار فوج ٢٤٥، وبايز عزيز رشيد الجاف مستشار فوج ٢١٣ ومحمد حسين محمد سيوكاني آمر قوة محمد، والشيخ علي الشيخ امين فرج البرزنجي مستشار


سعيد قادر الجاف مستشار فوج الدفاع الوطني ١٩٩


عمر صوفي آمر مفرزة خاصة ٤٧


ياسين علي رمضان شكاك


رشيد محمد مولود كه ردي آمر سرية


سيد نور الدين حسين آمر مفرزة خاصة


زياد ياسين حسين بالاني
مستشار فوج ٢٨٧


جلال كوخه رفيق قادرلك
مستشار فوج ٣١١


حيدر رشيد اغا الشيرواني مستشار فوج ٧٨



عمر حسن رسول
مستشار فوج ٢٨



كريم عبدالله محمد
مستشار فوج ٦٢



بهجه وان جلال حمد الزراري
امر مفرزة ١٨٦




ناظم رقيب السورجي مستشار فوج ٢



فرزنده جانكير الهركي
فوج ٢٠١



خالد محمود احمد غواره مستشار فوج
٩٦،




الشيخ فاتح الشيخ طاهر البرزنجي
امر قوة فاتح،



والشيخ سليم الشيخ عبدالحليم
الدوسكي مستشار فوج ٢٧٣



السيد محمد مجيد السندي امر مجموعة
فوج ٨،



الشيخ حمه كريم عبدالله
مستشار فوج ٦٢



خالد عبدالغفور البرداني مستشار
فوج ٦



سليمان محمد بالاني مستشار فوج ٣٣

فوج ٢٠١ وخالد محمود احمد غواره مستشار فوج ٩٦، والشيخ فاتح الشيخ طاهر البرزنجي امر قوة فاتح، والشيخ عصمت بينو السندي مستشار فوج ١٥٧ والشيخ سليم الشيخ عبدالحليم الدوسكي مستشار فوج ٢٧٣ والسيد محمد مجيد السندي آمر مجموعة فوج ٨، والشيخ علي سليمان كوخي المزوري مستشار فوج ٢٢٤، والشيخ حمه كريم عبدالله مستشار فوج ٦٢ وخالد




كمال عزيز محمد خوشناو آمر مفرزة ١١٤



خليل حاجي السليفاني مستشار
فوج ٨٧.



شريف محمد شريف الجاف مستشار
فوج ١٣٦



الشيخ عصمت بينو السندي مستشار فوج ١٥٧



الشيخ علي سليمان كوخي المزوري مستشار فوج ٢٢٤،



سعيد يوسف اسعد الزراري



شيخ مجيد شيخ بايزمستشار فوج ٦١



طاهر توفيق مستشار فوج ١٥٠



رشيد حمد محمود اكرم

عبدالغفور البرداني مستشار فوج ٦ وسليمان محمد بالاني مستشار فوج ٣٣، وخليل حاجي السليفاني مستشار فوج ٨٧.

كما تحدث المقاتلون شريف محمد شريف الجاف مستشار فوج ١٣٦ وسليم مامند رسول اغا بشدري مستشار فوج ٩٨ وشيخ مجيد شيخ بايز مستشار فوج ٦١

والتقى مندوبو الموسوعة بالمقاتلين الذين اكدوا ان القرار انما هو مكسب جديد من مكاسب ثورة ١٧ـ٣٠ تموز المجيدة، وهم ظاهر توفيق مستشار فوج ١٥٠ والشيخ غالب شيخ جلال الصالحي مستشار فوج ١٣٥ وعمر محمود ماموي مستشار فوج ٢١٤، وانور ميرزا ابراهيم مستشار فوج ٢٠٩، فيما اضاف المقاتلون فاروق رشيد علي نوري مستشار فوج ١٩٦ ومحمود حمه امين مستشار فوج ٦٩ ومحمد حسين سيوه كاني امر قوة محمد، والشيخ سالار محمد قرەويس، قوة سالار، وشيخ عمر حمه علي جرمكة مستشار فوج ١٠٤ وزياد ياسين بالاني مستشار فوج ٢٨٧، بأن القيادة التاريخية وعلى رأسها السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله قد عودتنا على العطاءات الدائمة والمكاسب العظيمة، وما قرار العفو الا واحد من هذه المكاسب العظيمة الرائعة.

هذا ما يقوله ايضاً المقاتلون سعيد محي الدين بردەرەش مستشار فوج ٣٠ وعمر بشار السندي مستشار فوج ١٥٢ والحاج محمود سيبراني مستشار فوج وكمال محمد جوار تاي مستشار فوج ٩٤ وحمد جميل البرزنجي مستشار فوج ٢٤٠ وحسن محمود امين هورماني مستشار فوج ١١٥ وقادر سواره حمد بلباس مستشار




الشيخ محسن محمد
مستشار فوج ١٥٥



شيخ عمر حمه علي جرمكة
مستشار فوج ١٠٤



محمد طاهر رشيد



شيخ انور ميرزا
مستشار فوج ٢٠٩



الشيخ غالب شيخ جلال الصالحي
مستشار فوج ١٣٥




عمر محمود ماموي مستشار فوج
٢١٤




احمد محمد



خضر محمود



انور ميرزا ابراهيم مستشار فوج ٢٠٩



الشيخ سالار محمد قرەويس، قوة سالار


دلسوز مەدینة خدر


كمال محمد جوار تاي مستشار فوج ٩٤


سواره عباس مامند مستشار فوج ٨٢


حمد جميل البرزنجي مستشار فوج ٢٤٠

## ثورة ١٧ - ٣٠ تموز المجيدة عودتنا على العطاءات الكثيرة المتلاحقة

## قرار العفو العام عن الاكراد المغرر بهم ترجمة عظيمة لانسانية الثورة



سعيد محي الدين بردەرش مستشار فوج ٣٠


بابكر سليم بشده ري مستشار فوج ١١٤



ئاكو عباس مامند اغا مستشار فوج ١٣٠

فوج ٨٠ وسواره عباس مامند مستشار فوج ٨٢، وبابكر سليم بشده ري مستشار فوج ١١٤، وئاكو عباس مامند اغا مستشار فوج ١٣٠ وسيد عدنان الجباري آمر قوة عدنان، وعوني حاجي قادر مستشار فوج ١٨٩، وفارس حمد سورجي مستشار فوج ١٨١ وغازي نور الدين خورشيد مستشار فوج ٣١٣ ومشير هادي احمد سيداوه مستشار فوج ٤٨ واحمد عثمان كوي مستشار فوج ٢٣٤.

كما تحدث عدد من المستشارين عن القرار كونه منح الاكراد مسيرة جديدة بعد


عمر بشار السندي مستشار فوج ١٥٢


شيخ حسيب الحياري


عوني حاجي قادر مستشار فوج ١٨٩


حسن محمود امين هورمالي مستشار فوج ١١٥


المقاتل فارس كريم



فارس حمد سورجي مستشار فوج ١٨١


غازي نور الدين خورشيد مستشار فوج ٣١٣

ان ضل البعض الطريق، قال ذلك محمد عبدالرحمن عثمان آمر مفرزة ٤٢ ونجم الدين معروف حسن آمر مفرزة ٥٠٤ ومصطفى سعيد سورجي مستشار فوج وسالم مصطفى السليفاني مستشار فوج ٢٥٦ وحسين رشيد اسماعيل مستشار فوج ورشيد حمد امين شيرواني مستشار فوج ٧٨.. حيث اشاد الجميع بأهمية القرار في الوقت الحاضر كونه يمثل مكرمة رائعة رسمت طريقاً صحيحاً ومساراً جيداً لحياة هانئة في احضان العراق العظيم.

ومن المقاتلين الذين تحدثوا ختاماً لنوروز العراق رفعت عبدالله شيرواني مستشار فوج ٥٦، وعبدالله فيصل آمر مجموعة وازاد الززاري آمر مجموعة وشيخ محمد معروف اغا دزيي مستشار فوج ٣٩ ومحمد عثمان خضر السورجي مستشار الفوج ٣٠٠ واكد الجميع ان القرار ياتي قمة المكارم التي اولتها الثورة لمنطقة كردستان للحكم الذاتي.


الشيخ محمد عرامين
مستشار فوج ٨١


الشيخ محمد محمود مصطفى خوشناو


## كل المجد لثورة ١٧-٣٠ تموز
## صانعة القرارات الانسانية


محمد امين سيخو
امر السرية ١٣٠





الشيخ حمه رشيد عبدالرحمن
مستشار فوج


محمد معروف اغا دزيي مستشار


منير هادي اغا
مستشار فوج ٤٨٦



قاسم رشيد
امر مفرزة ٢١



فاروق نوري
مستشار فوج ١٩٦


احمد عثمان حمد


رفعت عبدالله شيرواني مستشار فوج ٦



الشيخ عصمت دينو


بايز عزيز رشيد الجاف مستشار
فوج ٢١٣


حسين محمد سيوكاني آمر قوة
محمد


الشيخ علي الشيخ امين فرج البرزنجي مستشار
فوج ٢٠١


عبدالله فيصل آمر مجموعة



الشيخ اسماعيل محمد امين مصـ
مستشار فوج ٣٠٤

مستشار فوج ٧٦ و




ویبقى النصر عنوان العراق العظيم بقيادة فارس النصر وباني مجدنا السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله، وبهذه المناسبة الخالدة نبعث لسيادته بارق التهاني واطيب التبريكات مقرونة بالاخلاص والولاء والمحبة، رافعين ايدينا بالدعاء فى ان يمد الله بعمره وان يمتعه بالصحة

سالار نصر الله قادر
مستشار فوج ١٦٦



مصطفى سعيد سورجي مستشار فوج



حسين رشيد اسماعيل مستشار فوج



ورشيد حمد امين شيرواني
مستشار فوج ٧٨




سالم مصطفى السليفاني مستشار
فوج ٢٥٦



الشيخ علي شيخ امين البرزنج
مستشار فوج ٢٠١



فارس محمد نادراغا سورجي



صابر توفيق طاهر
معاون مستشار فوج ١٥٠





فاروق نوري
مستشار فوج ٩٦مع مقاتلي الفوج


علي نكري الملقب
آمر سرية


المقاتل علي
عبد الله غفور
آمر سرية


حمه رشيد
مشير احمد
آمر سرية


المقاتل محمد زاهد
محمد علي
شرف بياني
آمر سرية


المقاتل محسن الحاج
قادر صالح
آمر سرية


المقاتل سالار وادي
عزيز الجاف


المقاتل صالح غفور
صالح باشكي
آمر سرية


المقاتل سردار حمه
امين مجيد الجاف
آمر سرية


المقاتل طاهر عثمان
روغزاي

طبق الأصل

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraq high tribunal
Baghdad –Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
قضاة التحقيق
العراق- بغداد

المحكمة الجنائية العراقية العليا قلم التحقيق Iraqi High Tribunal

مذكرة قبض

الى كافة اعضاء الضبط القضائي وافراد الشرطة وكل من تقع هذه المذكرة بين يديه انكم مأذونون ومكلفون بالقبض على المتهم :

١. الاسم الثلاثي واللقب : [illegible]
٢. محل أقامته : [illegible]
٣. مهنته : [illegible]
٤. نوع الجريمة ومادة القانون : [illegible]
٥. اوصافه: [illegible]

احضاره امامي في الحال لكونه متهماً في الشكوى المقامه ضده امام هذه المحكمة .

ختم المحكمة

القاضي

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان / عێراق<br>ئەنجومەنی دادوەری<br>سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر<br>دادگای / [illegible] | Judicial council | إقليم كوردستان / العراق<br>مجلس القضاء<br>رئاسة محكمة استئناف منطقة اربيل<br>محكمة / |

ژمارە / ٧٢/ب/[illegible]/٢٠١٣ — العدد /
ڕێکەوت / / ٢٧١ — التاريخ: ٢٠١٣/١/١٩

**( پێڕاگەیاندن )**

داواکار: [illegible] — ناونیشان:

داوالێکراو: [illegible] پیشە: [illegible] — ناونیشان:

کاتژمێر ( ٩ )ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠١٣/١/٢٠ دیارکراوە بۆ بینینی داوای ژمارە ( ٧٢/ب/[illegible]/٢٠١٣ )

کە لەلایەن/ [illegible] لەسەرتان تۆمار کراوە، تکایە خۆتان یا بریکارتان لە کاتی

دیارکراودا لە دادگا ئامادە بن، ئەگەرنا ،دادبینیەکە پاشملە و بە پێی یاسا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت.

هاوپێچ:
١. [illegible]
٢.

دادوەر/ [illegible]

ڕێکەوت: / / ٢٠١

## بەڕێز دادوەری دادگای بەرای هەولێر

**داواکـــار / مامند صالح مولود – هەولێر گەرەکی ژیان**

**داوالیکراوان/ دەرسیم رحمان فه رهان. هەولێر گەرەکی خانەقا. نزیك هوتیل دم دم**

**رووی داوا**

---

داوالیکراو نوسەری بەرتوکی( ئینسکلوبیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردوسایدکردنی گەلی باشوری کوردستان )ە کە لە بەریوەبەرایەتی گشتی بەرتوکخانەکان ژمارە ( ٨٢٠ )ی سالی ٢٠١٠ی پی دراوە کە لە چاپخانەی هەولێر سالی ٢٠١١ بەچاپی گەیاندوە بەلام داوالیکراو هەلساوە بە تاوزراندنی بریکاردارم کەوا بەژداری شالاوی ئەنفالی کردوە بەبی بونی هیچ بەلگەیەکی یاسایی جا ئەمەش بوتە زیان گەیاندنی مەعنەوی بە بریکاردارم بویە داوا لە دادگای بەریز دەکەم دوای دانانی روزی دادبینی و بیراگەیاندنی داوالیکراو داوای قەرەبوکردنەوەی بریکاردارم دەکەم بەهوی ئەو زیانە مەعنەویەی بە بریکاردارم کەوتووە وە بری زیانەکە دەخەملینم بە( ٢٠٠٠٠٠٠٠ )سێ سەد ملیون دیناری عراقی ودبو دانی رەسمی داوا داوای بری ( ١٦٥٠٠٠ )هەزاردینار دەکەم لەگەل پاراستنی مافی بریکاردارم بە داوایەکی سەربەخو یان خستنە پال ئەم داوایە بەو زیادەیەی کە لیژان دیاری دەکات لەگەل خستنە ئەستوی خەرجیو ماندوبونی پاریزەری.

لەگەل ریزمدا.........

بەلگەی سەلماندن

---

هەموو بەلگەیەکە یاسای

داواکـــار

---

مامەند صالح مولود



# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەرێز عبدالله حمزە ئاغا

## راوێژکاری فەوجی ١٢١ی بەرگری نیشتمانی

٨ی ئاب رۆژی سەرکەوتن شوێنێکی تایبەتی هەیە لە دڵ هەمووان، عیراقیەکان تێکرا لەسەرووتاوەکو خواروو دڵخۆش و شادی خۆیان بەم بۆنە پیرۆزەوە دەربڕی. خۆشەویستی خۆیان بەرانبەر بە سەرکردەی سەرکەوتن و ئاشتی سەرۆك صدام حسین - خوابیپارێزێ - دووبات کردەوە. بە بۆنەی ئاهەنگەکانی ئەمڕۆژ رۆژی سەرکەوتن و ئاشتیدا چاومان بە یەکێ لە فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی کەوت و ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ شێخ عبدالله حمزە ئاغا سازکرد و وتی:

- لە ١٩٨٦/٣/٢٥ فەوجەکەمان دەمەزرا.

- ژمارەی جەنگاوەرەکانمان ١٥٠٠ کەسە

- دوو ساڵ لە ناوچەی چوارتە بووین هەروەها لە جەنگی ... بەشداریمان کرد

فەوجەکەمان لە جەنگەکانی هەموو ئەنفالەکان بەشداری کردووە لە ... و ... هەروەها لە قەرەداغ و لە ناوچەی سنگاو و قادر کەرەم .. وە لەکۆتایی ئەنفال لە ناوچەی بالیسان.

وزەی دوژمن زۆر لاواز بوو و لە ماوەی ٥ سەعات ناوچەکەمان پاکسازی کرد

- پارەمان بۆ بنیات کردنی قەڵاو بیناکردنی قوتابخانە پێشکەش کردووە ئامادەین بۆ بەشداری کردن لە بیناکردنی شاری قەڵای خۆشەویستدا

- فەوجەکەمان نیشانەی ئازایەتی وەرگرتووە هەروەها چەن جارێ ... رێزو سوپاسمان وەرگرتووە.

بە بۆنەی رۆژی سەرکەوتن ... ئاشتیەوە بە ناوی خۆم و هەموو جەنگاوەرانی فەوجی ١٢١ بەرگری نیشتمانی جوانترین ... پیرۆزبایی لە سەرکردەی ئاشتی ... سەرکەوتن سەرۆك صدام حسین خوابیپارێزێ - دەکەمو داوا ... خوای میهرەبان دەکەین کە تەمەنی ... درێژبێ.

سروە قەرەنی

عربية جديدة
الخميس ٧ صفر / ١٤١٠ هـ الموافق ٧ / ايلول / ١٩٨٩م

# اسماء المرشحين لانتخابات المجلس التشريعي

اعلنت الهيئة العليا المشرفة على انتخابات المجلس التشريعي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي امس اسماء المرشحين لانتخابات المجلس في دورته الانتخابية السادسة التي تجرى السبت المقبل التاسع من ايلول الحالي
وفي ما يلي اسماء المرشحين

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الاولى في محافظة اربيل

١ - ابراهيم صالح ابراهيم خوشناو
٢ - ابراهيم محمد حمد الخيلاني
٣ - حسام داود خضر السيزنجي
٤ - شيرزاد يحيى عزيز خوشناو
٥ - صباح نجم عبدالله
٦ - صلاح الدين احمد توفيق خفاف
٧ - طلعت محمد صالح توفيق الخفاف
٨ - عبدالخالق صالح علي شوان
٩ - عبدالرزاق شهاب الدين عبدالقادر الدباغ
١٠ - عثمان محمد امين محمد
١١ - علي خضر شيخه خوشناو
١٢ - فارس عبدالله علي الحيدري
١٣ - فاروق احمد محمود
١٤ - كاكل حمد مولود
١٥ - محمد محيي الدين محمد
١٦ - ناظم يونس سعيد
١٧ - هاشم عبدالله معروف الجبلري
١٨ - هوشيار اسماعيل عزالدين القصاب
١٩ - يحيى اسماعيل قادر خوشناو
٢٠ - يونس عبدالله فتح الله حداد

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الثانية محافظة اربيل

١ - ابراهيم حمد امين احمد
٢ - ابو بكر ياسين مولود سارمه مي
٣ - جبار صابر طه
٤ - جلال حمزه كاكه شين
٥ - جوهر ياسين خورشيد
٦ - حسن حسين الله داد الدلوي
٧ - خسرو رحمن حسين سيلن
٨ - رشيد مصطفى كاكه عبدالكريم
٩ - سردار علي محمود كاكه خان دزهئي
١٠ - سباح عبدالله قاسم
١١ - صباح نوري عبدالكريم الموندي
١٢ - طلعت هادي احمد
١٣ - عارب حسين عمر بنك
١٤ - عبدالرحمن عزيز شريف
١٥ - عبدالرزاق صديق احمد عطراوي
١٦ - غازي عبدالله رجب
١٧ - غريب عثمان عولا البرزنجي
١٨ - فارس سلطان حويزدزهئي
١٩ - كاكه خان هادي حسن دزهئي
٢٠ - نادر صالح احمد
٢١ - نزار رمزي محمد
٢٢ - يونس ابراهيم احمد
٢٣ - يونس صالح مولود لك

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الثالثة محافظة اربيل

١ - اجياد عطه محمد اللهيبي
٢ - احمد سيد طه سيد حسين النعيمي
٣ - اسماعيل صابر سعيد
٤ - اشرف محمد فتاح كاكائي
٥ - بهاء الدين جهانگير رشيد
٦ - تمر اغا بيرداود زرجبي
٧ - حسين عمر صالح
٨ - خالد سوار محمد امين الشيراوني
٩ - رستم صادق ابو بكر كاكه شين سيلن
١٠ - رمزه اوس حلو محو الهركي
١١ - سعود محمد حسن الطائي
١٢ - سعيد جابر محمد امين الشيرواني
١٣ - عادل فتو خلف الطائي
١٤ - عبدالرزاق مرعي حسن اللهيبي
١٥ - عبدالستار خضر علي البرزنجي
١٦ - محمود حمد امين كريم
١٧ - مشير كريم عبدالله بك
١٨ - معروف شيخ عبدالكريم مصطفى البرزنجي
١٩ - وعد جميل حميد النعيمي

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الرابعة محافظة اربيل

١ - بازاد اسعد علي كلواني
٢ - اكرم كريم مجيد كوزي
٣ - بويا توما عوديش كوردا
٤ - جميل ميرزا ميرزا اغا المزوري
٥ - خسرو علاء الدين احمد الزراري
٦ - دولار قادر حمزه
٧ - رمزي فاتح عبدالله
٨ - شريف رشيد حمد امين شيرواني
٩ - شيركو ابراهيم جلال الحويزي
١٠ - طاهر غازي فتاح الهركي
١١ - قاسم فارس طاهر
١٢ - قرداغ اوراها حنا الجباري
١٣ - مصطفى نوري احمد الجبار
١٤ - ميرزا اسماعيل احمد شريف
١٥ - وريا بايز جميل قهردي

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الخامسة محافظة اربيل

١ - جلال حاج خورشيد عثمان
٢ - خسرو عثمان بايز ميران
٣ - زيد عمر خضر السورجي
٤ - صلاح الدين صديق ميران قادر
٥ - فارس محمد قادر السورجي
٦ - مصطفى سعيد احمد السورجي

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الاولى محافظة السليمانية

١ - اسماعيل خضر امين البرزنجي
٢ - اكرم قادر محمد موريلي
٣ - جعفر عبدالكريم حسين البرزنجي
٤ - جلال اسعد رضا حرمكا
٥ - صالح زوراب باشا
٦ - غفور قادر عبدالله عبدالرحمن
٧ - فائق طاهر رشيد
٨ - مصطفى محمد خضر بابكر اغا البشدري

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الثانية محافظة السليمانية

١ - احمد محمد عبدالله
٢ - بارام احمد بارام كوكوي
٣ - بهاءالدين احمد فرج
٤ - حسن محمد عمر القرداغي
٥ - صبيحة صالح كريم
٦ - عزالدين مجيد علي الجاف
٧ - علي حمه رضا شريف
٨ - كمال محمد مام رشيد جوارتائي
٩ - لطيف محمد امين قادر
١٠ - محمد عبدالقادر عزيز
١١ - همت كريم فتاح

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الثالثة في محافظة السليمانية

١ - ابراهيم شيخ نصرالدين عزيز البرزنجي
٢ - انور احمد فقي علي الجاف
٣ - بايز عزيز رشيد الجاف
٤ - بهاء الدين محمد احمد الجاف
٥ - جمال محمود محمد الشميراني
٦ - سالار نصرالله قادر
٧ - شيرين عارف سعيد
٨ - صباح رؤوف عبدالقادر البرزنجي
٩ - علي حمه امين حمه صالح الشميراني
١٠ - عمر محمد امين روستم الجاف
١١ - كريم عبدالله محمد عمر
١٢ - مجيد احمد نصرالله
١٣ - محمد احمد عمر نور ولي
١٤ - محمد حمه كريم محمد
١٥ - محيي الدين كوخه محمد حسن
١٦ - هادي حمه صالح رحمن
١٧ - هدايت دارا رشيد الجاف
١٨ - هوشمن مصطفى فتاح

## اسماء المرشحين على المنطقة الانتخابية الرابعة في محافظة السليمانية

١ - ابراهيم سليمان عبدالرحمن
٢ - احمد رحيم امين
٣ - جبار سعيد شريف
٤ - حكيم انور مولود
٥ - حميد توفيق صالح زنكنه
٦ - شفيق رحيم حمه الزنكنه
٧ - طيب شيخ محمد عثمان البرزنجي
٨ - عبدالباسط شيخ عمر مصطفى البرزنجي
٩ - عبدالقادر شريف صالح
١٠ - عثمان محمد صالح احمد
١١ - عمر علي شريف
١٢ - فاطمة احمد قادر
١٣ - فؤاد كريم محمد الهلوندي
١٤ - لطيف كاكه برا حمدرش
١٥ - مصطفى صبري مصطفى (…)
١٦ - وهاب برهان مصطفى

## اسماء المرشحين على (…) الانتخابية الخامسة في (…) السليمانية

١ - رسول اسماعيل امين
٢ - رشيد انور رشيد خوشناو
٣ - عبدالله حمزه بايز اغا البشـ(…)
٤ - عثمان صالح احمد
٥ - عثمان محمود قادر الجاف
٦ - فقي احمد امين لاجاني
٧ - محمد عبدالله فقي قادر
٨ - حمزة عباس حامد اكو

## اسماء المرشحين على (…) الانتخابية الاولى في (…) دهوك

١ - ابراهيم علي بكر
٢ - احمد رشيد كتاني
٣ - بهزاد محمد حسن عبدالحـ(…)
٤ - جعفر محمد علي محمد صالح
٥ - حكمت حاجي سليم الاتروشـ(…)
٦ - سعيد فوزي ايوب المزوري
٧ - سعيد يوسف محمد صالح (…)
٨ - سكفان حسين احمد الدامرـ(…)
٩ - شيركو علي محمد امين الريـ(…)
١٠ - فارس طاهر رشيد الريكاني
١١ - فاضل عبيد زبير الريكاني
١٢ - فخر الدين اونيكتي طيار (…)
١٣ - كمال الحاج خالد محمد
١٤ - محسن محمد ياسين البوتـ(…)
١٥ - محفوظ امين عطاالله البريـ(…)
١٦ - مشير حسين احمد الدوسكـ(…)
١٧ - هشيار عبدالله محمد المزو(…)

## اسماء المرشحين على (…) الانتخابية الثانية في (…) دهوك

١ - احمد جاسم سالم الزبيدي
٢ - بدرية عبدالقادر سليم
٣ - جلال امين عبدالرحمن
٤ - حامد قادر حامد الهاجاني
٥ - حكمت رشيد صالح
٦ - خليل حاجي عبدي السليفاني
٧ - خليل محمد حاجي السندي
٨ - خورشيد يوسف خورشيد الـ(…)
٩ - شفيق سليمان يونس الفي
١٠ - عمر بشار صالح السندي
١١ - نافع مجيل فرو القائدي
١٢ - هشام تعبير يوسف الشعبة

# بەشی سێیەم

# کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجـــــە

پێوانەی تەواوی قەزای هەڵەبجە (شارۆچکەی هەڵەبجە، پێنجوێن، شارەزوور، خورماڵ، دەربەندیخان، سیروان و بیارە) نزیکەی (796)کم دووجایە و ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە لە ساڵی (1988)دا واتە لەکاتی هێرشە دڕندانە کیمیایییەکەی (سەدامی بەعس)دا نزیکەی (70) هەزار کەسێک دەبوو. بەڵام پێوانەی هەڵەبجە بە تەنیا (25) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بە دووری هەشتا و دوو کیلۆمەترە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە. شاخەکانی بالامبۆ، شنرۆی و هەورامان دەکەونە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەکەوە.

ئەو گازە ژەهراوییانەی کە لە کیمیایی باران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە و شارەکانی دیکەی کوردستاندا لەکاتی ئەنفالەکاندا لە ساڵانی (1987–1988)دا بەکارهاتوون بەگوێرەی زۆربەی هەرە زۆری بەڵگەنامەکان، ڕاپۆرتەکان، گەواهیدانی پسپۆران و پزیشکەکان کە لە سەرچاوەکانی بەشی دوو (1+2) ئاماژەیان پێکراوە، بریتیین لە: (Sarin, Tabun, Mustardgas, CX, VX, Kemikbinder, Zyanid – سارین، تابون، سیانید، گازی مۆستەرد (خەردەل)، سی ئێکس، ڤی ئێکس و کیمیایی ئاوێتە).

فەرماندەی هێزەکانی تیپی (43)ی ناسراو بە هێزەکانی موغیر بن شوعەیب (قیادة قوات مغير بن شعيب)ی سەر بە فەیلەقی یەک. عەمیدی ڕوکن عەلی حوسێن عوەید ئەلعەلکاوی لە نێوان ساڵانی (1987–1988)دا، فەرماندەی تیپی (43) بووە. تیپی ناوبراو لە هەڵەبجە بووە، بەڵام فەرماندەی ئەو تیپە لەگەڵ هەندێک لە ئەفسەر و سەربازەکانی لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (15.3.1988)دا لە ناو شارۆچکەی هەڵەبجە خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئێرانی کرد، بەڵام دەستبەجێ فەرماندەیەکی نوێ بۆ ئەو تیپە دیاریکرا. لەو ڕۆژەدا هێزەکانی ئێران بە هاوکاری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان) هاتنە ناو شارۆچکەی هەڵەبجە.

بۆ هێرشکردن و گرتنەوەی هەڵەبجە لە لایەن سوپای سەدام و میلیشیای حزبی بەعسەوە (جەیش شەعبی و حزبییەکان)، بەگوێرەی (نووسراوی ژمارە (153)ی ڕێکەوتی (16.3.1988)ی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق (کە ئەوکاتە فەریق

ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە) بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەک، ئەو هێزانە بەشداری پەلاماردانی هەڵەبجەیان کردووە، هاتووە: (هێزە بەشدارەکانی شەڕی هەڵەبجە بریتیین لە فەرماندەیی هێزەکانی تیپی (43)، لیوای کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی چوار، فەوجی پارێزگاری نیشتمانیی (8)ی جاشە سووکەکان (کە سەرۆکجاشی فەوجەکە جەوهەر محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی و حەسەن محێدین جهانگیر حاجی ئاغا هەرکی، هەروەها جێگری سەرۆکجاشی فەوج عەلی سەلیم خواجە هەرکی بووە – دەرسیم)، تیپی (28)ی پیادەی (سەر بە فەیلەقی یەک کە فەرماندەکەی لیوا ڕوکن ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی بووە و ڕائیدی پیادە عەبدولسەتار حوسێن عەبد ئەلحەمیری، جێگری فەرماندەی تیپ و فەرماندەی فەوجی یەکەمی لیوای (705)ی سەر بەو تیپە بووە – دەرسیم)؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228).

نووسراوی بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات بە واژۆی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە عەقید ڕوکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەلەف جبوری، بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی ژمارە (س1/ق1/3405)ی لە ڕێکەوتی (22.3.1988)دا، دەڵێت: (زیانی دوژمن لە ئەنجامی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە لە لایەن فڕۆکەکانی خۆمان و تۆپە دوورهاوێژەکانمان گەیشتە نزیکەی سێ هەزار کوژرا و لە پاسەوان و پەسیج، کوژرانی هەشتا پێشمەرگە هەروەها ژمارەی کوژراوی سیڤیل گەیشتە چوار هەزار کەس کە هەموویان دانیشتوانی شاری هەڵەبجەن؛ سەرچاوە: (2-2، ب8، ل2499-2501). عەقید فەرحان، سەرەتا خۆی بێئاگا نیشان دەدا لەوەی کە فڕۆکەکانی ئێراقی بۆردومانی هەڵەبجەیان کردبێ، کەچی دواتر ئەم بەڵگانە لە دادگا خرانەڕوو!

نووسراوێکی تری بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات بە واژۆی هەمان بەڕێوەبەر، بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی – هۆبەی سێ، ژمارە (510)ی ڕێکەوتی (2.4.1988)، لە خاڵی حەوتەمدا هاتووە: (دووەم ڕۆژی دوای لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لە لایەن هێزەکانی خۆمانەوە (میر حوسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی ئێرانی) بە هاوڕێیەتی مەلا عەلی بەرپرسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و چەند ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی، فەرەنسی و ئیتاڵی گەیشتنە هەڵەبجە؛ سەرچاوە: (2-2، ب8، ل2510-2511).

نووسراوی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی - موعاونیەی دووەم بۆ بەڕێوەبەری هۆبە، کە بە مێژووی (11.12.1989)دا بە واژۆی ملازمی یەکەم ئەحمەد مەهدی حەسون (ش16 – ق ع) نێردراوە، تیایدا هاتووە: (نووسراوی نهێنی موعاونیەی یەکەمی سەر بە بەڕێوەبەرێتییەکەمان بە ژمارە (235350)ی ڕێکەوتی (6.12.1989) کە سێ وتاری وەرگێڕدراوی گۆڤاری شتێرنی ئەڵمانی لە لایەن قوتابخانەی هەواڵگری سەربازی ئەفسەران هاوپێچ کردووە، کە تیایاندا هاتووە: (ئەمریکا زۆر دڵنیایە لە بەڵگەی بۆردوومانی فڕۆکەکانی ئێراقی بۆ سەر شاری هەڵەبجە بەهۆی وەرگرتن و تۆمارکردنی پێوەندی بێتەلی فڕۆکەوانە ئێراقییەکان؛ سەرچاوە: (2-2، ب8، ل2534-2536).

نووسراوی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی بە ژمارە (م/س2. ق947/2) بە مێژووی (7.4.2002)، کە تیایدا هاتووە: (لە ڕێکەوتی (9.2.2000)دا کەناڵی کۆمەڵەی ڕێنیشاندەری ناپاکی (کە مەبەستیان پارتی دیموکراتی کوردستانە) دیمانەیەکی تەلەفزیۆنییان لەگەڵ بەکرێگیراو جەودەت مستەفا نەقیب سازدا، کە باسی ژیانی خۆی، ئەو شوێنانەی کرد کە کاری تیادا کردووە لەگەڵ بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی؛ سەرچاوە: (2-2، ب8، ل2537).

دادوەری لێکۆڵەرەوە پشکۆ عەبدولقادر تاهیر لە ڕێکەوتی (3.4.2005)دا هەڵساوە بە سەیرکردن و بەتاڵکردنەوەی سی دییەک (بەتاڵکردنەوەی سی دی واتە نووسینەوە و خستنە سەر کاغەزی تەواوی گفتوگۆکانی سەر سی دی-یەکە)، کە لە گەواهیدەرێکی کەیسی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە بەناوی (دڵشاد مستەفا ڕەحیم) وەریگرتووە و بریتییە لە دیمانەیەکی ڤیدیۆیی لەگەڵ فڕۆکەوانێکی ئێراقی کە بەشداری بۆردومانی شاری هەڵەبجەی کردووە. لەو دیمانەیەدا فڕۆکەوانەکە دان بەوەدا دەنێت کە (36) فڕۆکەی ئێراقی لەسەر شێوەی سێ پێکهاتە کە ژمارەی هەر یەکێکیان دوازدە فڕۆکە بووە. هەر فڕۆکەیەک دوو بۆمبی (500) کیلۆگرامی پڕ لە گازی خەردەلی هەڵگرتبوو بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید کە فڕۆکەوانەکە خۆی یەکێک بووە لەوان، شاری هەڵەبجەیان بۆردومان کردووە؛ سەرچاوە: (2-2، ب8، ل2709-2712).

فڕۆکەکانی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراق، لە کاتژمێری (11.45) خولەکی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (16.3.1988)دا بە (50) فڕۆکەی جەنگی ئەو شارەیان کیمیابارانکرد و (5000) هاووڵاتی کوردی شارەکەیان کوشت و نزیکەی (15) پازدە هەزاری دیکەشیان بریندارکرد. کیمیاباران کردنی هەڵەبجە گەورەترین و زیندووترین تاوانی سەدام و حکومەتی ئێراقە. یەکێک لە کاریگەرترین دیمەنی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە کە بەهۆی وێنەی کامێراوە توانرا بپارێزرێت، دیمەنی باوەش پیاگرتنەکەی عومەری خاوەر (عومەری حەمە ساڵح حەسەن)ە بە یەکێک لە کوڕەکانی، کە لەدوای شەش کچ ئەو دوو کوڕەیان بەیەکەوە بووە. ئەو دیمەنە بە کامێرای دوو وێنەگر گیراوە، یەکەمیان (ڕەمەزان ئۆز تورک)ی بەڕەگەز کوردی لەدایکبووی باکووری کوردستان و نیشتەجێی وڵاتی سوید. دووەمیان وێنەگر (ساسانی موئەیەدی) کە وێنەگرێکی ئێرانییە، بەڵام ئەوەی ڕەمەزان ئۆز تورک کاریگەرتر و ناسراوترە، کە بۆ هەتا هەتایە کاریگەری خۆی بەسەر تەواوی مرۆڤایەتی و جیهاندا دەهێڵێتەوە. هەندێک لە وێنەگرەکانی تر کە وێنەی هەڵەبجەی شەهیدیان گرتووە لەکاتی کیمیابارانەکەدا، بریتین لە (ئەحمەدی ناتیقی، کاوە گوڵستانی، سەعید جان بزرگ، کە بریندار دەبێت و دوای چەند ساڵێک دەمرێت)، سەعیدی سادقی، عەلی فەرەیدونی و لەگەڵ وێنەگری تەلەفزیۆنی ڕەزای کوهستانی).

جگە لە عومەر حەمە ساڵح ئەحمەد ناسراو بە (عومەری خاوەر) کە لەدایکبووی ساڵی (1933) بوو، هاوسەرەکەی (سامیە محەمەد ئەحمەد) لەدایکبووی (1950) و منداڵەکانیان بە ناوەکانی (گەرمیان 1966، کوێستان 1967، ژیان 1968، بەیان 1972، جوان 1974، تارا 1976، شیلان 1987، بەهار 1981، محەمەد 1987 و ئەحمەد 1987)، کە دەکاتە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەیان (دایک، باوک، هەشت کچ و دوو کوڕ) لە پەلامارە کیمیاییە دڕندانەکەی فڕۆکەکانی بەعس لە چوارشەممە، ڕێکەوتی (16.3.1988)دا لەناوچوون.

بەڵگەنامەکان و ئەو ئاماژانەی کە دەکرێت وەکو بەڵگەیەک بۆ کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی سەدام و ئێراقەوە بەکار بهێنرێن ئەمانەی خوارەوەن:

لە نووسراوێکی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا – نووسینگەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی دەرچووە و واژۆی ئەوی لەسەرە. نووسراوەکە بە ژمارەی (153)ی ڕۆژی (16.3.1988)دا بۆ فەیلەقی یەک نێردراوە، ڕێنمایی و نەخشەی پەلاماری بۆ سەر شارۆچکەی هەڵەبجە تێدایە. لە ڕێکەوتی (16.3.1988)دا لیوا ڕوکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی فەرماندەی فەیلەقی یەک و لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی فەرماندەی جێگرەوە (قائد ردیف)ی فەیلەقی یەک بووە. فەرماندەی جێگرەوە (قائد ردیف) پلەیەکی سەربازییە و لەکاتی شەڕی ئێراندا دەرکەوت لەسەر ئاستی تیپ و فەیلەق، کە مانای بوون یان ئامادەبوونی فەرماندەی جێگرەوە لە ئاستی فەرماندەیی کە بەشداری فەرماندەی ڕاستەقینە (القائد الأصلي) دەکات لە هەموو ئۆپراسیۆن و کارەکاندا، هەروەها بارەگای جیای هەیە. فەرماندەی جێگرەوە هەردەم ئامادەیە بۆ وەرگرتنی فەرمادەیی لە فەرماندەی ڕاستەقینە لەکاتی کوژرانیدا، ونبوونیدا یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر بێت؛ سەرچاوە: (1–10، العمید الرکن نجیب مصطفی الصالحي، الزلزال ماذا حدث في العراق بعد الانسحاب من الکویت؟ خفایا الأیام الدامیة!! ل101).

سەردێری ڕۆژنامەی ئێراق کە نووسیویێتی: (الرئیس القائد یزور محافظة السلیمانیة وعددا من العوائل الفلاحیة ومدرسة إبتدائیة في ناحیة العلم – سەرۆکی فەرماندە سەردانی پارێزگای سلێمانی و چەند خێزانێکی جووتیار و قووتابخانەیەکی سەرەتایی دەکات لە شارەدێی عەلەم؛ سەرچاوە: (2–142، العراق، ژمارە (3695)، ل1)، هەروەها لە لاپەڕە (2)دا چەندان وێنەی سەدام حوسێنی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناوی (زیارة الرئیس القائد صدام حسین لقاطع عملیات الفیلق الأول ومحافظة السلیمانیة وناحیة العلم – سەردانی سەرۆکی فەرماندە سەدام حوسێن بۆ کەرتی ئۆپراسیۆنەکانی فەیلەقی یەک، پارێزگای سلێمانی و شارەدێی عەلەم). سەردانی سەدام حوسێن فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بۆ شاری سلێمانی لە ڕێکەوتی (13.3.1988)دا دەریدەخات کە حکومەتی بەعس و ڕژێمی سەدام پلانێکی پێش وەختیان هەبووە بۆ کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە. لەو سەردانەی سەدام حوسێن بۆ شاری سلێمانی لە ڕێکەوتی (13.3.1988)دا، سەدام لە شارۆچکەی عەربەت چاوی کەوتبوو بە فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق؛ سەرچاوە: (دانیشتنی ژمارە (20)ی دادگاییکردنی

تۆمەتبارانی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (17.6.2009).

سەردێری ڕۆژنامەی جمهوریە کە نووسیویێتی: (نائب القائد العام وزیر الدفاع یطمئن على دفاعاتنا في الفیلق الاول – جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان وەزیری بەرگری دڵنیا دەبێتەوە لەسەر هێڵی بەرگری کردنەکانمان لە فەیلەقی یەک)؛ سەرچاوە: (2–143، جریدة الجمهوریة، ژمارە (6758)، ل1+11). سەردانی جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و وەزیری بەرگری بۆ سلێمانی لە ڕێکەوتی (16.3.1988)دا دەریدەخات کە حکومەتی بەعس و ڕژێمی سەدام حوسێن پلانێکی پێشوەختیان هەبووە بۆ کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە.

بەپێی نامیلکەی (1–63، اللواء الطیار الرکن علوان حسون العبوسی، دور القوة الجویة والدفاع الجوي العراقي في الحرب العراقیة الإیرانیة)، فڕۆکەوان عەلوان عەبوسی کە ئەوکاتە فەرماندەی بنکەی ئاسمانی حەبانیە بووە نووسیویێتی: (فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە (13.3.1988)دا بە هاوکاری فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی فەیلەقی یەک لە کەرکوک کە فەریق یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵڵا وەزیری بەرگری و فەریق یەکەمی ڕوکن نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و لیوا ڕوکن کامل ساجت فەرماندەی فەیلەقی یەک لەوێ بوون، پلانێکی هاوکاری خێرایان دانا بۆ وەستاندنی هێزەکانی ئێران لە پێشڕەوی کردنیان بەرەو باکوور و ناوەڕاستی ئێراق کە هەڵەبجە بە تەواوی لە ڕۆژی 15.3.1988 گیرابوو).

بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی وتەبێژی فەرمی سەربازی (تصریحات الناطق الرسمي) و بەیانی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان (القیادة العامة للقوات المسلحة)، کە لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (16.3.1988)دا دەرچووە، دواتر لە لاپەڕە (11)ی ڕۆژنامەی (الثورة)، ژمارە (6505)، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (17.3.1988)دا بڵاوکراوەتەوە، یەکەم بەهیچ شێوەیەک باسی ئەوەیان نەکردووە کە شاری هەڵەبجە لەلایەن هێزی ئاسمانی ئێرانەوە بۆردومان کراوە، دووەم: تەنانەت بەهیچ شێوەیەک ئاماژەشیان بەوە نەکردووە کە فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئێران سنووری ئێراقیان بەزاندبێ و گوندێک، ناوچەیەک یان شارێکیان بۆردومان کردبێت، بەڵکو تەنیا یەک فڕۆکەیان لە کەرتی فەیلەقی چوار هەوڵیداوە بێتە ناو خاکی ئێراق، بەڵام بەرلەوەی بگاتە ناو خاکی ئێراق هێزی بەرگری ئاسمانی ئێراق لە فڕۆکەکەیان داوەو لەناو

خاکی ئێران کەوتۆتە خوارەوە. هەر بەگوێرەی ئەو ڕاگەیاندنانە، هێزەکانی ئاسمانی ئێراق و بنکەکانی موشەکی دوورهاوێژ شارەکانی (تەهران، تەورێز، داران، دیزەفول، ڕشت، سلاحی، شادیکان، شاپور، ورمێ و پردی قەتورکە کە ئێران بە جیهانی دەرەوە دەبەستێتەوە) بۆمب باران و موشەک باران کردووە.

لە شەوی (15.9.1988)دا کۆبوونەوەی نوێنەرانی چەند وڵاتێکی عارەبی و ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (خافیر پیرێز دیکویلار)دا بەسترا و نوێنەرانی وڵاتە عارەبییەکان لە نێویاندا ئەحمەد حەمروشی میسری بەشدار بووە؛ سەرچاوە: (2-39، العراق، ژمارە (3854)، ل1+10)، هەروەها ڕۆژنامەی (الثورة)، ئاماژە بە کۆبوونەوەی ڕۆژی (15.9.1988) دەدات و نووسیویێتی: (المجموعة العربیة تبلغ دی کویلار بالقلق ازاء الأدعاءات الأمریکیة الصهیونیة – کۆمکاری عارەبی نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بانگێشەکانی ئەمریکای سەهیۆنی بە خافیر پیریز دیکویلار ڕادەگەیەنێت؛ سەرچاوە: (2-145، الثورة، ژمارە (6687)، ل1). شاندی عارەبەکان، سەرەتا تەنیا نیگەرانی وڵاتانی عارەبییان بە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان گەیاندبوو لەمەڕ بڕیاری کۆنگرێسی ئەمریکی دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی بەعسی ئێراقی لەدژی کوردەکان، دواتر بەگوێرەی ڕۆژنامەی میدیا دەقی ڕێکەوتننامەی جنێڤی ساڵی (1925)یان سەبارەت بە قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کێشە نێودەوڵەتییەکان خستبووەڕوو، لە هەمان کاتدا بە خافیر پیرێز دیکویلاریان گوتبوو: (کە حکومەتی ئێراق ئەو چەکەی لە کێشەیەکی نێودەوڵەتیدا بەکار نەهێناوە؛ سەرچاوە: (2-146، میدیا، ژمارە (118)، ل12). ئەمەش دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆی نوێنەری وڵاتە عارەبییەکانە بەوەی کە سەدام حوسێن و حکومەتی بەعسی ئێراق ئەو چەکەیان لە کێشەیەکی ناوخۆ واتە لە شەڕی دژی کورد بەکارهێناوە.

باڵوێزی ئەوکاتی وڵاتی کوێت لە ساڵی (1988) کە بەرپرسی باڵوێزانی عارەب بوو، سەبارەت بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئێراق، گوتی: (ڕژێمی سەدام هەڵنەستاوە بە لێدانی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی – نظام صدام لم یقم بضرب مدینة حلبجة بألسلاح الکیمیاوي؛ دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ، پاڵتاک، ژووری ئێرە دەنگی کوردستانە، ڕۆژی 11.5.2002).

سەدام حوسێن مەجید تكریتی، سەرۆك كۆماری ئێراق، لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێكەوتی (2.4.1990)دا لە هەموو كەناڵە ناوخۆكانی تەلەفزیۆنی ئێراقیدا بە كوردی و عارەبییەوە ئاشكرایكرد كە خاوەنی چەكی (كیمیایی مزدەوەج)ن، دەتوانێت نیوەی ئیسرائیلی پێ بسوتێنێت! خۆشبەختانە لە ڕۆژی (10.5.2012)دا لە لاپەڕە (13)ی نامیلكەی (صدام حسين صانع الإقتدار دفاعا عن ألامة – أحاديث الكاملة للسيد الرئيس صدام حسين خلال شهر نيسان 1990، مديرية التوجيه السياسي، مطبعة التوجيه المعنوي)دا ئەو وتەیەی سەدام-م دۆزییەوە، كە نامیلكەكە شەش وتاری سەدام لەخۆ دەگرێت و لە وتاری یەكەمدا لەژێر ناوی (حديث السيد الرئيس القائد خلال تقليده القيادة العامة للقوات المسلحة من الضباط سيف القادسية وأنواط الشجاعة بتأريخ 1.4.1990)دا دەڵێت: (پێنج شەش ساڵێكە ئەندامانی هەواڵگری ئیسرائیلی، ئەمریكی و ئینگلیزی كە هەڵگری جانتای (یۆرانیۆمی پیتێنراو)ن، هەر ڕۆژەی یەكێكیان دێتە لامان و ئەوەمان پێشنیار دەكا .. ئایا یۆرانیۆمی پیتێنراوتان ناوێت بۆ دروست كردنی بۆمبی ئەتۆمی .. پێی دەڵێین .. وازمان لێ بێنە و لە شەڕی خۆت دوورمان خەوە .. جانتاكەت ببە و بڕۆ .. ئێمە پێویستیمان بە بۆمبی ئەتۆمی نییە .. چەكی كیمیایی ئاوێتە (كيمياوي المزدوج)مان هەیە ... با ئەو ڕاگەیاندنە تۆمار بكەن لای خۆیان .. كیمیایی ئاوێتەكراومان هەیە، كە بەگوێرەی زانیارییەكانمان تەنیا ئەمریكا و یەكێتی سۆڤیەت هەیانە .. جا نازانم ئەگەر زانیارییەكانی حوسێن (عەقید حوسێن كامل) ئاماژە بدات بە بوونی ئەو چەكە لە وڵاتانی دیكە جگە لەوان ،، ئەو كیمیایی ئاوێتەیە لە ئێراق هەیە .. بۆ بۆمبی ئەتۆمی .. ئەوەی بە بۆمبی ئەتۆمی هەڕەشەمان لێدەكات .. پێی دەڵێین بە موزدەوەج لەناوت دەبەین).

بەگوێرەی قسەكانی وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕایی كە لە پەرتووكەكەیدا – حطام البوابة الشرقية – دا لاپەڕە (104)دا دەڵێت: (ڕۆژی 16.3.1988، پەنجا فڕۆكەی ئێراقی هەریەكەو چوار بۆمبی كیمیایی 500 كیلۆگرامی فڕێدایە سەر شاری هەڵەبجە).

سەرۆك ئەركانی سوپای ئێراق لە سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەكان (فەریق ڕوكن نزار عەبدولكەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی)، لە دیمانەیەكی كەناڵی (ئێم. بی. سی)، بەرنامەی گفتوگۆی هەفتە (حوارالاسبوع )، كە لە ڕۆژی (10.11.2001)دا لەگەڵیدا ئەنجام دراوە، بەكورتی دەربارەی كیمیاباران كردنەكەی شاری هەڵەبجە گوتی: (لە

بەرەبەیانی ڕۆژی (16.3.1988)دا ئەو ڕۆژەی لە هەڵەبجە درا، فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات لیوا ڕوکن کامیل ساجت (کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی) بە تەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم کە شەوی ڕابردوو و بەیانی ئەمڕۆ ئێرانیەکان هێرشیان هێنابوو بۆ سەر ئەو بەرزاییانەی دەکەونە ڕۆژهەڵات و باکووری هەڵەبجە. هەروەها گوتی بارەگای هێزی بەرپرس بۆ پارێزگاری ناوچەکە کە بارەگاکەی لە هەڵەبجەیە بە ئەرکی خۆی هەڵسا و زاڵن بەسەر ڕەوشەکەدا. دەوروبەری کاتژمێر چواری هەمان ڕۆژ دووبارە لیوا ڕوکن کامیل ساجیت تەلەفۆنی بۆ کردمەوە و پێی ڕاگەیاندم (کۆمەڵێک فڕۆکە هاتوو شاری هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد). لێم پرسی: فڕۆکەکان ئێراقی بوون؟ گوتی: (بەڵێ فڕۆکەکانی خۆمان بوون و پێوەندیش بە فەرماندەی هێزی هەڵەبجە پچڕاوە). لە ڕاستیدا سەرم سوڕما و دەستبەجێ پێوەندیم کرد بە وەزیری بەرگری فەریق عەدنان خەیروڵلا وە لە ڕەوشەکە ئاگادارم کردەوە. ئەو پیاوەش گوتی: (هیچ زانیاریەکم لەسەر ئەو بابەتە نیە، کاتژمێرێک یان تۆزێک زۆرتر ماوەم بدە پێوەندیت پێوە دەکەمەوە). ڕێک دوای کەمتر لە دوو کاتژمێر، نزیک بە کاتژمێر و نیوێک پێوەندی پێوە کردمەوە و گوتی: (بەڵێ فڕۆکەکانی خۆمان بوون بە فەرمانی فەرماندەی گشتی سەدام حوسێن لە ئەنجامی پێدانی زانیاری نادروست لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە، هەڵەبجەیان بۆمباران کردووە). کاتێ کە مەجید بەرپرسی بیرۆی ڕێکخستنەکانی باکووری حیزب و بارەگاکەی لە کەرکوک بوو. پێدەچێت عەلی حەسەن مەجید لە ڕێگای کەسانی سەر بە دەزگای حیزبیەوە زانیاری وای پێگەیشتبێت هەڵەبجە کەوتبێتە دەست ئێرانیەکان. دەستبەجێ پێوەندی بە سەدام حوسێن-ەوە کردوە و بڕیاری ئەوەیان داوە بۆمبارانی هەڵەبجە بکەن. دواتریش دەرکەوت ئەو لێدانە لێدانی کیمیایی بوو).

حامد یوسف حەمادی، باسی ئەوە دەکات کە کاتێک سکرتێری سەرۆک کۆماری ئێراق بووە، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان سەدام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید لە بارەگای دەزگای هەواڵگری گشتیی (مقر جهاز المخابرات العامة)دا، گوێبیستی ئەوە بووە کە سەدام حوسێن فەرمانی بە عەلی حەسەن داوە بە کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە؛ سەرچاوە: (2-1، ب17، ل4418-4423). دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لە ڕۆژەکانی (18.11.2004) و (11.12.2004)دا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ (حامد یوسف)دا کردووە، ئەو باسی ناوەڕۆکی نووسراوی (7/ج2/877/ک)ی

ڕۆژی (19.3.1987) دەکات سەبارەت بە وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر هەر دوو پێشنیارەکەی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی لەلایەن سەدام حوسێن، کە پێشنیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان کردووە لەدژی کورد، نووسراوی سکرتێری سەرۆک کۆمار (965/953/ک)، لە ڕێکەوتی (29.3.1987)، نووسراوی هەواڵگری سەربازی (7371)، لە ڕۆژی (31.3.1987) بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و نووسراوی سەرۆکایەتی کۆمار بە ژمارە (1016/953/ک) لە ڕۆژی (2.4.1987) بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا؛ سەرچاوە: (2-1، ب18، ل4555). حامد یوسف حەمادی، هەر لەو لێکۆڵینەوانەدا دەڵێ: (دێتەوە یادم کە دوای ئەو ماوەیەش چەکی کیمیایی بەکارهێنراوە لەلایەن سوپای ئێراقەوە، بۆ نموونە پەلاماری کیمیایی بۆسەر هەڵەبجە لە ساڵی 1988دا).

نەقیبی دەزگای هەواڵگری (الجهاز المخابرات)، خالید ساجت عەزیز ئەلجەنابی، برای لیوا ڕوکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی، فەرماندەی فەیلەقی یەک لەنێوان ئەیلولی (1987-1.4.1988)دا، سەبارەت بە کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (16.3.1988)دا دەڵێ: (لە مانگی ئازاری ساڵی (1988)دا، گوێم لە گفتوگۆیەک بوو لە بارەگای دەزگای هەواڵگری، کە سەدام حوسێن فەرمانیدا بە پێکهێنانی تیمێکی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی پەلاماری کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجە؛ سەرچاوە: (2-1، ب17، ل4059).

(دێڤید نیوتن)، باڵوێزی ئەمریکی لە ئێراق لە ساڵانی (1984-1988)دا، لەکاتی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە قاهیرە لە ڕۆژی (17.2.1998)، لەکاتی گەشتێکی خۆیدا وەکو نوێنەری ئەمریکی بۆ ناوچەکە ئەو پرسیارەی لێکراوە: کە ئایا ئەمەریکا ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە بەرانبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن حکومەتی ئێراقیدا لەدژی کوردەکان لە هەڵەبجەدا؟ دێڤید نیوتن لە وەڵامدا دەڵێت: (ئێمە کاتی خۆی هەڵساین بە دەرکردنی چەندان بەیاننامە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوکاتە گرنگی بە دەمارگیریێتی ئێران و مەترسی توندڕەوی شیعە دەدرا و هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو کارە نەبووە جێگای سەرنجی ڕۆژنامەگەری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەو باسەمان لەگەڵ بەرپرسانی ئێراقیدا خستەڕوو. لە یادمە جارێک لەکاتی سەردانی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ ئێراق، ئەو باسەیان لەگەڵ تاریق عەزیزدا خستەڕوو، تاریق عەزیز کە بەزۆری ئارام و لەسەرخۆیە و دەیتوانی

خۆی دوورخاتەوە لەو جۆرە وەڵامانە، بەڵام ئەوجارە جۆرێک لە گرژی نیشاندا و ئاوا وەڵامیدانەوە: بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئێمە چەکی کیمیاییمان لەدژی ئەو خەڵکە دواکەوتووانە بەکارهێناوە. لەبەرچی؟ ئەگەر چەکی ئەتۆمیشمان هەبوایە هەر لەدژی کوردەکان بەکارمان دەهێنا). دیڤید نیوتن دەڵێت: تەواوی ئەوانەی لە ژوورەکەدا دانیشتبوون سەریان سوورِما لەو وەڵامەی ئەو بەرپرسە ئێراقیە؛ سەرچاوە: (2-147، المنار الكوردي، ژمارە (53)، ل؟). ئەو بەرپرسەی کە ئەو پرسیارەی لە تاریق عەزیز کردبوو، لێسلی ئەسپین (21.7.1938-21.5.1995)ی ئەندام پەرلەمان بووە، کە دواتر لە سەردەمی بیل کلینتۆن وەزیری بەرگری بوو.

دکتۆر بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراقە، لە سەردانێکیدا بۆ ئەو زیندانەی کە سەدام، عەلی کیمیایی و پیاوەکانی سەدام-ی تیادا زیندانی کراوە. دوای ئەوەی دکتۆر بەرهەم وەکو جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراق و کوردێکی شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کراوی دەستی ئەو خۆی بە عەلی حەسەن مەجید دەناسێنێ، ناوبراو دەمی تێکدەئاڵێ و بە پەشۆکاوییەکی زۆرەوە گوتویەتی: (نزار خەزرەجی بەرپرسی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەیە نەک من؛ سەرچاوە: (2-148، ئاسۆ، ژمارە (25)، ل1).

ئەو دان پیانانەی عەلی کیمیایی لای دکتۆر بەرهەم زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، گرنگ ئەوە نییە کێ بەرپرسە یاخود کێ تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی ئەنجام داوە، گرنگ ئەوەیە تاوانەکە لەسەر ڕژێمی ئێراق و بەعس ساغ بێتەوە، ئەگینا بۆ ئێمە چ سەدام، عەلی حەسەن مەجید، نزار خەزرەجی، سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری، سابر عەزیز حوسێن ئەلدوری، فەرحان موتڵەگ ساڵح ئەلجبوری، ئەیاد خەلیل زەکی، سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری، یونس محەمەد عەلی ئەلزەرب، بارەق عەبدوڵڵا، ئەیاد فتەیح ئەلڕاوی، هوشام سەباح ئەلفەخری، تاڵع خەلیل ئەلدوری، غازی عجیل یاوەر، ئەیاد عەلاوی، سیستانی، ئیبراهیم جەعفەری، ساڵح موتڵەگ، حارس زاری، عەدنان دلێمی یان نوری مالکی بێت هەموویان هەر یەکن و لە ڕووی ئایدۆلۆجی و بیروبۆچوون و هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە پرسی کورد و کوردستان بەموو لێک جیا نین و گشتیان کۆپی یەکترن. ئەوە نییە دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئێراق، کە زۆرجار بەئاشکرا کاتی خۆی گوتویەتی:

(سەدام حوسێن، مافی خۆیەتی ئاوا لە کوردەکان دەکات و بەمشێوەیە لەناویان دەبات).

هەروەها لە یەکێ لە کاسێتە تۆمارکراوەکان بە دەنگی عەلی حەسەن مەجید (کۆپی کاسێتەکەم لایە)، باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی گەلەکەمان دەکات و دەڵێت: (جەلال تاڵەبانی داوای لە من کرد کە کەناڵێکی پێوەندی تایبەتی لەگەڵدا بکەمەوە. ئەو شەوەی من چوم بۆ سلێمانی و بە تەقەمەنی تایبەت لێم دان. بە سەرۆکجاشەکانم ڕاگەیاند کە لەوانەیە بڵێن گوندەکانیان خۆشدەوێت و جێیان ناهێڵن. گوتم، من ناتوانم گوندەکانتان وەک خۆی بهێلمەوە، چونکە بە چەکی کیمیایی پەلاماریان ئەدەم. ئەوسا، خۆتان و خێزانەکانتان دەمرن. دەبێ هەر ئێستاوە جێیبهێڵن، چونکە من ناتوانم لە هەمان ڕۆژدا پێتان بڵێم ئەمەوێت بە چەکی کیمیایی هێرش بکەم. هەموویان بە چەکی کیمیایی دەکوژم! کێ هەیە شتێ بڵێ؟ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی؟ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئەوانەیش گوێیان لێدەگرن، دەگێم!؛ سەرچاوە: (1–18، ڕێکخراوی مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و تاوانی جینۆساید شاڵاوی ئەنفال دژی کورد، ل259). ئەو کاسێتەش کە بە دەنگی تاوانبار عەلی کیمیایی خۆیەتی زۆر گرنگە، کە تیایدا باسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکات لەدژی هاووڵاتییە گوندنشینەکانی کوردستان و دەبێتە بەڵگەیەکی زیندوو لەدژی خۆیی و ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەیدا.

عەلی حەسەن مەجید، لە زینداندا لای عەلی باپیری بەرپرسی کۆمەڵی ئیسلامی گوتویەتی: (من بەهیچ شێوەیەک دەستم لە کیمیابارانەدا نەبووە، من بەرپرسی حزبی بووم، ئەوەی کە دەستی تێدا هەبووە و بەرپرسی ڕاستەوخۆ بووە، نزار خەزرەجی بوو، کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق بووە، ئەو سوپایە هەمووی لەژێر فەرماندەی ئەو بووە، هەر ئەویش فەرمانی داوە؛ سەرچاوە: (1–32، هاوژین عومەر، ئەشکەنجە و زیندان، ل235+238). عەلی باپیر لەکاتی گفتوگۆکردنیدا لەسەر شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و کوردستاندا نووسیویێتی: (بەعسییەکان زۆرجار دەیانگوت موبالەغەیە و پێنج هەزار کەس لە شاری هەڵەبجە بە کیمیایی نەکوژراوە، ئەنفال (182) هەزار کەس نەبووە).

قسەکانی عەلی حەسەن مەجید لای عەلی باپیر، دانپێدانانێکی تری بەعسییەکانە بەڕاستی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی کوردستان، چونکە

ئەوان نەیان گوتووە کە خۆیان ئەو تاوانانەیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو تەنیا گلەییان لە زۆری ژمارەی قوربانییەکاندا هەبووە. جگە لەم بەڵگانەی سەرەوە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.1.2010)دا، گەورەترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەنجامدانی ئەو تاوانە مەزنەی حکومەتی سەدام و حزبی بەعسی عارەبی ئێراقی و دادگاش بەپشتبەستن بە سەدان و هەزاران بەڵگەنامە، تاوانی کیمیابارانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجەی بەسەر دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئێراقی ساغکردەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو بەڵگە و ئاماژانەی سەرەوە و چەندان بەڵگەی تری بۆردوومان کردنی شاری هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی سەدام و عروبەی ئێراقەوە، عسمەت تەها عەبدولعەزیز عەبدوللەتیف کەتانی (کە کوردێکی ئامێدییە و لە ماوەی نێوان 5.4.1929-23.10.2001دا ژیاوە)، سەرەڕای بەعسی نەبوونی لە ساڵانی (1981-1989)دا بەتایبەت لەکاتی شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالەکاندا، نوێنەری هەمیشەیی حکومەتی ئێراق و سەدام بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بەردەوامی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای سەدام و حکومەتی ئێراق بەرپەرچ دەدایەوە و ئێرانی پێ تۆمەتبار دەکرد، تەنانەت لە ساڵی (2000)دا بەر لە مردنی بە نزیکەی ساڵێک دەڵێت: (لەڕاستیدا من نازانم ئاخۆ ئێران چەکی کیمیایی بەکارهێناوە یان نا. تەنیا شت کە من لەگەڵیدا ڕۆیشتووم، هەڵسەنگاندنی ئەمەریکا بوو. باڵیۆز نیوتن لە باس و خواسی هەڵەبجەدا دەیوت هەردوولا چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە و من خۆم هیچ بەڵگەیەکم لانیە و هەمیشە دەگەڕامەوە بۆ ئەمەریکیەکان؛ سەرچاوە: 1-59، یوست هیڵتەرمان، کارێکی ژەهراوی ئەمەریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، ل210-211). هەروەها محەمەد سەعید سەحافی وەزیری ڕاگەیاندنی بەعس کە بە پیاوە درۆزنەکە یان بە (علوج) بەناوبانگە، ئەوکات باڵوێزی سەدام بووە لە ڕۆما، سەبارەت بە تاوانی ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجە گوتبووی: (دەوڵەتی ئێراق شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیایی تۆپ باران نەکردووە، ئەمە تەنیا درۆیەکی ئەمریکییەکانە). پێم وایە ئێستاشی لەگەڵدا بێت عارەبێکی زۆر هەن، هەمان بۆچوونی (علوج)یان سەبارەت بە کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە هەیە، یاخود کورد بە کرێگرتەی ئەمریکا دەزانن و ڕەوایەتی دەدەن بە لەناوبردنی نەتەوەی کوردمان. بۆ ڕاستی بۆچوونەکەم، پشت دەبەستم بە سەرچاوەی (2-

188، العراق، ژمارە (3698)، ل3)، کە ئاماژەی بەوە داوە ڕۆژی دواتر واتە (22.3.1988) کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی لە عەمانی پایتەختی وڵاتی ئوردەن دەبەستریێت بۆ باسکردن لە کێشەکانی وڵاتانی ئیسلامی. کۆنگرە بەستراو بە تاکە وشەیەکیش باسی تاوانی هەڵەبجە، ئەنفال یان پرسی کوردی نەکرد، ئەوکاتە لەنێو کوردا بێزاری و پرۆتێستێکی زۆر لەدژی کۆنگرەی ناوبراو بەرزبووەوە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە تورک و دەوڵەتی تورکی بەقەد دەوڵەتی ئێراق بەپەرۆش بووینە بۆ ئەوەی بۆردوومانی هەڵەبجە و شارەکانی تری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی فاشی ئێراق بە ناڕاست نیشان بدەن. بۆ ئەو مەبەستە، تورکیا سەدان گەواهی بێویژدانانەی بۆ ڕژێمی سەدام و بەعس دا، زۆربەی ڕۆژەکانی مانگەکانی (8، 9، 10)ی ساڵی (1988)، ڕۆژنامەکانی حزبی بەعس ئاماژەیان بە گەواهیدانی درۆیینەی تورک و دەوڵەتی تورک داوە، بۆ نموونە: (المصادر الطبية التركية تواصل تأكيداتها بعدم إستخدام العراق للأسلحة الكيميايية – سەرچاوەکانی پزیشکی تورکی بەردەوامە لە جەختکردنەوەکانی لە بەکارنەهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە؛ سەرچاوە: (2-150، الثورة، ژمارە (6688)، ل1)، (الخارجية التركية تنتقد بشدة الإتهامات الأوروپية - شهادات تؤكد عدم إستخدام العراق للأسلحة الكيميايية – وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بەتوندی ڕەخنە لە تۆمەتەکانی ئەوروپا دەگرێت – گەواهیدانەکان جەخت دەکەنەوە لەوەی کە حکومەتی ئێراق چەکی کیمیایی بەکار نەهێناوە؛ سەرچاوە: (2-151، الثورة، ژمارە (6694)، ل1). ئەوەی جێگەی داخە زانکۆیەکی تورکەکان بەناوی (حاجەت تەپە)، کە زانکۆ هەردەم وەکو بنکەیەکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ناسراوە، کەچی ئەوان زۆر بێشەرمانە و دوور لە زانست و دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی لە مانگی ئایاری ساڵی (2010)دا، کیمیاباران کردنی شاری (هەڵەبجە)یان بە ئەفسانە و دروستکراو ناوبرد. هەڵوێستی تورکەکان سەبارەت بە پرسی کورد هەروا بووە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بۆ نموونە ئەوان تەنانەت پێشوازیکردنی مام جەلال تاڵەبانی لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی ناشادیان دەکات، بەگوێرەی ڕۆژنامەی (الثورة)، کە نووسیویێتی: (عدم إرتياح تركي لأستقبال مسؤولين أميركيين للعميل الطالباني – ناشادی (بێزار)ی تورکی لە بەرانبەر پێشوازیکردنی بەرپرسانی ئەمریکی لە تاڵەبانی بەکرێگیراو؛ سەرچاوە: (2-152، الثورة، ژمارە

(6593)، ل11). هەر بەگوێرەی ڕۆژنامەکە قسەکەرێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکی ڕاگەیاندووە کە ئەوان بانگهێشتی باڵوێزی ئەمریکی لە تورکیایان کردووە و، پێیان ڕاگەیاندووە کە حکومەتی تورکی لەو مامەڵەیەی ئەمریکی بێزارە.

سەبارەت بە هەڵوێستی نێگەتیڤانەی یەکێتی سۆڤیەت، ڕێبوار ڕەشید، لە لاپەڕە (4)ی نامیلکەی (هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور)، نووسیویێتی: (یەکێتی سۆڤیەت، بەردەوام پشتی ئێراقی گرتووە و بەهیچ جۆرێک باسی ئەو هەموو پەناهەندە و کاولکاری و بەکارهێنانی گازی کیمیاییان نەکرد، بەوەشەوە نەوەستان، ڕۆژی 11.9.1988، ڕۆژنامەی پراڤدا کەوتە بەرگری کردن لە ئێراق و نووسی: ئەو دەنگوباسەی گوایە ئێراق چەکی کیمیایی نەکارهێناوە دژی کوردەکان، بەتەنها لە دەمی چەند کوردێکی هەڵاتووەوە بیستراوە و بناخەیەکی بەهێزی نییە).

کوردستانی نوێ، ناوی (10) فڕۆکەوان لە ئەنجامدەرانی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەم شێوەیە ئاشکرا دەکات؛ سەرچاوە: (2–153، کوردستانی نوێ، ژمارە (3320)، ل 8+9+11)، کە ئەوانیش بریتیین لە دە ناوی یەکەم:

1. عەقیدی فڕۆکەوان کەمال نوری فەتاح، دانیشتووی شاری بەغدا، لە ڕێکەوتی (22.6.2001)دا لە بەڕێوەبەریتی هەواڵگری سەربازی کازمیە لەسەر دەستی سەدام لە سێدارە درا.
2. عەقیدی فڕۆکەوان ناسر عۆدە ئەلوادی، دانیشتووی شاری بەغدا، لە ڕێکەوتی (22.6.2001)دا لە بەڕێوەبەریتی هەواڵگری سەربازی کازمیە لەسەر دەستی سەدام لە سێدارە درا.
3. عەقیدی فڕۆکەوان ئەیاد عەبدولجەبار ئەلهاشمی، دانیشتووی کوت، لە ڕێکەوتی (22.6.2001)دا لە بەڕێوەبەریتی هەواڵگری سەربازی کازمیە لەسەر دەستی سەدام لە سێدارە درا.
4. عەمیدی فڕۆکەوان سەلاحەدین زێدان ئەلعانی، دانیشتووی ڕومادی.
5. عەمیدی فڕۆکەوان حەسەن عەبدولمەجید ئەلتکریتی، دانیشتووی تکریت.
6. عەقیدی فڕۆکەوان سامر عەبدوڵلا نەسری، دانیشتووی بەغدا.
7. عەقیدی فڕۆکەوان نافیع عومران ئەلتکریتی، دانیشتووی تکریت.
8. عەقیدی فڕۆکەوان عەممار عەبدولخالق محەمەد ئەلدبونی، دانیشتووی موسڵ.

9. عەقیدی فڕۆکەوان عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق ئەلحەدیسی، دانیشتووی دیالە.
10. موقەدەمی فڕۆکەوان موحەمەد عەلی ئەلدوری، دانیشتووی سامەڕا.
11. لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان کەمال عەبدولستار عەبدولفەتاح بەرزنجی، فەرماندەی بنکە ئاسمانییەکانی باشوور.
12. عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان فەهد عەبدولباقی محەمەد.
13. عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان محەمەد ئەحمەد مەتلوب ئەلجحەیشی، خەڵکی موسڵ. (بەگوێرەی قسەی شایەتێکی نهێنی کە فڕۆکەوانە، ناوبراو بەدڵنیایی بەشداری کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەی کردووە).
14. موقەدەمی فڕۆکەوان هەیسەم خەتاب عومەر (پاڵەوانی قادسیە).
15. موقەدەمی فڕۆکەوان کەمال مستەفا خزر.
16. ڕائیدی فڕۆکەوان نەبیل نەدیم سدیق.
17. ڕائیدی فڕۆکەوان عەبد حوسێن عەلی.
18. ڕائیدی فڕۆکەوان موئەیەد سەبری جومعە.
19. ڕائیدی فڕۆکەوان سەعدون تەڵەب عەلی.
20. ڕائیدی فڕۆکەوان محەمەد عەلی غازی.
21. ڕائیدی فڕۆکەوان سەعدون فەوزی عاکف.
22. ڕائیدی فڕۆکەوان مازن ئەحمەد محەمەد. (بەگوێرەی قسەی شایەتێکی نهێنی کە فڕۆکەوانە، ناوبراو بەدڵنیایی بەشداری کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەی کردووە).
23. نەقیبی فڕۆکەوان سامر یەحیا حەمید.
24. نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد زێدان حوسێن. (بەگوێرەی قسەی شایەتێکی نهێنی کە فڕۆکەوانە، ناوبراو بەدڵنیایی بەشداری کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەی کردووە).
25. نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد مەنسور عەبدوڵڵا.
26. نەقیبی فڕۆکەوان حەسەن محەمەد فەتحی. (بەگوێرەی قسەی شایەتێکی نهێنی کە فڕۆکەوانە، ناوبراو بەدڵنیایی بەشداری کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجەی کردووە).
27. نەقیبی فڕۆکەوان لەتیف عەلی حەمود.

28. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان بەهیج ڕیاز بەهیج (ئەوەیان وەکو شایەتێک لە ڕێکەوتی (27.4.2009)دا هاتە دادگای باڵای تاوانەکان و لەلایەک بێتاوانی خۆی سەلماند لەو تۆمەتە، لەلاکەی تریشەوە بۆ دادگای سەلماند کە هێزی ئاسمانی ئێراق و فڕۆکەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن بوون شارۆچکەی هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد. بەڕاستی بە ویژدانێکی پڕ لە مرۆڤایەتییەوە شایەتی داو دادگاییکردنەکەی بەرەو پێشەوە و بۆ قۆناغێکی تر لە بەرژەوەندی هەڵەبجە و کورد گواستەوە).

29. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان کەریم سالح سەهو.

30. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان ڕەعد درێیعی محەمەد.

31. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان مەلاح نیهاد عەبدولکەریم جاسم.

32. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان خەمیس حەمادی عەبدوڵڵا.

33. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان عەبدولکەریم ئیسماعیل محەمەد.

34. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان محەمەد فەرحان ذیاب.

35. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان نەبیل حازم حەواس.

36. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان محەمەد نزار حەسیب.

37. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان عەبدولکەریم فەتحی عەبدوڵڵا.

38. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان عەبدولکەریم عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان.

39. ملازمی یەکەمی فڕۆکەوان جاسم محەمەد ئەحمەد.

40. ملازمی فڕۆکەوان ڕەمزی ئیبراهیم ڕەمزی.

ئەو (29) فڕۆکەوانەی دوایی، واتە لە ژمارە (11-40)دا، جگە لە ژمارە (28)، لەلایەن دەستەی پارێزەرانی داواکاری مافی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە سەرۆکایەتی پارێزەر گۆران ئەدهەم ڕەحیم کاکەیی، لە ڕێکەوتی (2.2.2009)دا لە داواکارییەکدا کە پێشکەش بە سەرۆک و ئەندامانی دادگای تاوانکاری دووەم-یان کردووە، داوایانکردووە کە ئەو (28) فڕۆکەوانەش فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچێ و بدرێنە دادگا، بەهۆی گومانی بەشداریکردنیان لە تاوانی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە لە (16.3.1988)دا.

هەفتەنامەی (ئەلموئتەمەر)ی ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی ئێراق بە سەرکردایەتی دکتۆر ئەحمەد جەلەبی، لە ژمارە (270)ی مانگی (12.2001)دا ناوی چوار لە

ئەنجامدەرانی ئەو كیمیابارانەی ئاشكرا كردووە كە لە لیستی سەرەوەدا ژمارەكانیان (4، 7، 8، 9)ن.

بەگوێرەی سەرچاوەی (1-63، اللواء الطيار الركن علوان حسون العبوسي، دور القوة الجوية والدفاع الجوي العراقي في الحرب العراقية الإيرانية)، فڕۆكەوان عەلوان عەبوسی كە ئەوكاتە فەرماندەی بنكەی ئاسمانی حەبانیە بووە، نووسیوێتی: (لە پەلاماری بۆردومانی هەڵەبجە ئەو بنكە و دەستانە بەشدار بووینە: بنكەی تەموزی ئاسمانی لە حەبانیە: سربەكانی قاسفاتی 10، 36، هەروەها سربی 96 مێك 25. بنكەی حورپەی ئاسمانی لە كەركوك: سربەكانی هێرشی زەمینی یەكەم و 19، 115. بنكەی بەكری ئاسمانی لە بەلەد: سربەكانی هێرشی زەمینی 49، 69. بنكەی ئیمام عەلی ئاسمانی لە ناسریە: سربەكانی هێرشی زەمینی پێنجەم و 29. بنكەی ئەبی عوبێدەی ئاسمانی لە كوت: سربەكانی میراجی جۆرەها ئەركی 79، 81، 91. لەگەڵ چەندان فڕۆكەی جەنگی ئەلكترۆنی).

یەكێك لەو فڕۆكەوانانەی كە بۆردومانی هەڵەبجەی كردووە، بەگوێرەی ماڵپەری ئەلكترۆنی (www.medlem.spray.se/barzanali/)، عەقیدی فڕۆكەوان عەبدوڵڵا جاسم محەمەد، ئێستاكە بەڕێوەبەری كاروباری وەزارەتی ناوخۆیە لە سەڵاحەدین، كە ئەندامی پارتی دەستووری ئێراقی (الحزب الدستوري العراقي) سەر بە وەزیری ناوخۆی ئێراق (جەواد كازم عیدان پۆلانی)یە.

سەرۆكجاشی فەوجی (79)ی جاشە سووكەكان جەلال ئەسعەد ڕەزا كافرۆشی (جەلال چەرمەگا)، بۆ ڕۆژنامەی هاوكاری بەمشێوەیە دەدوێت: (لە زۆربەی نەبەردییەكانی ناوچەكەماندا بەشداریمان كردووە و جەنگاوەرانمان نموونەی ئازایەتی و گیان لەسەر دەست بوون بۆ پارێزگاری كردن لە وڵاتی شیرینمان ناوچەی هەڵەبجە، زێوێ، كاری ئەنفال و چەمی ڕێزان، دیارترین نموونەی پاڵەوانیەتی فەوجەكەمانە و لەلایەن سەركردایەتییەوە دەستی ڕێزیان لێنراوە؛ سەرچاوە: (2-125، هاوكاری، ژمارە (980)، ل نەزانراوە). جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا، لە ڕاپۆرتێكی دیكەی ژمارەیەكی تری هاوكاریدا، دەڵێت: (لە بارەی ئەو جەنگانەی كە بەشداریمان كردووە لە كەرتی ماوەت بووە لە ساڵی (1986)دا) – هەرواش لە جەنگەكانی هەڵەبجە ساڵی (1988) و كارەكانی ئەنفالی چوارەم).

ناسیح محەمەد قادر هەورامی، سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجی جاشە سووکەکان دەڵێت: (جەنگاوەرانی فەوجەکەمان دلێرانە لە بەرەکانی فەیلەقی دووەم و هەڵەبجە و کاری ئەنفالدا بەشدارییان کردووە و بوونەتە جێگەی ڕێزلێنانی لێپرسراوان؛ سەرچاوە: (2-121، هاوکاری، ژمارە (974)، ل3).

یەکێک لە فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکانی سەر بە ڕژێم بەناوی عوسمان حاجی شەریف پێنجوێنی، لە شەری هەڵەبجەدا لە ڕێکەوتی (14.3.1988)دا کوژراوە.

سەرۆکجاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر، بەگوێرەی لێدوانی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری جەنگەکانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمیان کردووە، سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، کە ژمارە و ڕۆژەکەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێکەوتن و قسەکانی ناوبراوم لایە کە بۆ هاوکاری لێدوانی داوە).

هەیەک لە سابیر دوری، سوڵتان هاشم، فەرحان جبوری، تارق ئیبراهیم ڕەمەزان عەزاوی، فەریق نزار خەزرەجی، حەمید شەعبان، جەعفەر عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، ڕائیدی فڕۆکەوان عەبدولکەریم عەلاوی عەلی ناسراو بە (باوکی نادیا یان نەدوری) و ڕائیدی فڕۆکەوان ئەحمەد شاکر وەکو تۆمەتبارانی کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە، ناویان هاتووە؛ سەرچاوە: (2-2، ب11، ل2747). ڕائیدی پۆلیس وسام عەلی کازم، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە بووە لە کاتی بۆردومانی هەڵەبجە و شاڵاوی ئەنفالەکاندا.

دوای ئەوەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کیمیاباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (21.12.2008)دا دەستپێکرد، دادوەر محەمەد عرێبی مەجید ئەلخەلیفە ئەوەی ئاشکراکرد کە (موقەدەمی فڕۆکەوان تاریق ئیبراهیم ڕەمەزان بەکر ئەلعەزاوی/ 1958)، کە لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (3.1.2005)ەوە لەلایەن ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان – سلێمانی دەستگیرکرابوو، لە نامەیەکی ئاسایشی گشتیی کوردستان بۆ دادگای ناوبراودا ڕاپانگەیاندووە کە فڕۆکەوان تاریق ئیبراهیم لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (25.10.2008)دا لە ڕێگای بردنی بۆ نەخۆشخانەدا لەدەست هێزەکانی ئاسایشی کوردستان ڕایکردووە. لە ڕاستیدا تاریق ڕەمەزان

لەسەر قسەی سكرتێری (ی. ن. ک) ئازاد كرابوو، نەک ناوبراو ڕایكردبێ كە ڕاكردنەكە سیناریۆیەكی ئاسایشی گشتیی سلێمانی بوو.

بەگوێرەی قسەكانی فڕۆكەوان تاریق ڕەمەزان و ئەو بەڵگەنامانەی كە وەرگرتنی وتەی تاوانباری ناوبراو لە دە لاپەڕە پێكدێت، وتەكانی لە ڕێكەوتی (11.9.2005)دا لەلایەن هەر یەک لە دادوەران كامیل عەبدولكەریم ڕەحیم و هەوار حەمەخورشید شەریف وەرگیراوە، ناوبراو لە ڕێكەوتی (6.1.1981)دا كۆلیژی ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی تەواوكردووە، دواتر بە پلەی ملازم دامەزراوە. بەگوێرەی قسەكانی موقەدەمی فڕۆكەوان تاریق ئیبراهیم ڕەمەزان، بنكەی ئاسمانی كەركوک یان (كەرتی پارێزگاری ئاسمانی چوارەم) لەم كەرتانە پێكدەهات:

موسڵ: سربی مێكی (21)ی بۆ ئەركی ڕووبەڕووبوونەوە (إعتراضیة).

گەیارە: هەردوو سربی (79+89)، میراج بۆ ئەركی دۆخزانی/ سوسەیی (إستطلاعي).

كەركوک: هەردوو سربی (19+109)، بۆ ئەركی هێرشبردنی زەمینی و بۆردومان كردن (هجوم أرضي – قصف)، كە فەرماندەی ئەو دوو پۆلە (سرب)ە هەر یەک لە ڕائیدی فڕۆكەوان محەمەد مەزڵوم ئەلدلێمی (ئەنبار) و ڕائیدی فڕۆكەوان عەبدولكەریم عەلاوی عەلی بووینە، كە لە ڕێكەوتی (16.3.1988)دا بەشداری و سەركردایەتی هەردوو پۆلی (سرب)ی ناوبراوی فڕۆكەیان كردووە و شارۆچكەی هەڵەبجەیان كیمیاباران كردووە. عەمید ڕوكنی فڕۆكەوان محەمەد مەزڵوم ئەلدلێمی لە ساڵی (1994)دا كە پلەكەی لیوا ڕوكن بوو، بە تۆمەتی بەشداریكردن لە كۆدەتایەک لەدژی ڕژێمی سەدام دەستگیركرا، دواتر لە ڕێكەوتی (24.3.1995)دا گوللە باران كرا. ڕائیدی فڕۆكەوان عەبدولكەریم عەلاوی عەلی، ئەویش دواتر لەسەر دەستی ڕژێمی سەدام حوسێن گوللە باران كراوە. تاریق ڕەمەزان باسی ئەوەی كردووە كە لە ڕێكەوتی (16.3.1988)دا، چوار فڕۆكەی ئێراقی لە جۆری سیخۆی (20 یان 22) بوون شارۆچكەی هەڵەبجەیان بە چەكی كیمیایی و شانزە بۆمبی كێشی (500) كیلۆگرامی كیمیایی بۆردوومان كرد. هەروەها بە قسەی ناوبراو پۆلێک فڕۆكەی تریش بە سەركردایەتی فڕۆكەوانێک بەناوی نەقیبی فڕۆكەوان وەلید خالید كە فەرماندەی پێكهاتە (قائد تشكیل)ی پۆلی فڕۆكەكان بووە، بە بەشداری خۆیشی (تاریق ئیبراهیم ڕەمەزان بەكر ئەلعەزاوی) پاسەوانی ئەو چوار فڕۆكە

سیخۆیەیان کردووە، کە شارەکەیان کاولکردووە. تاریق ئیبراهیم ڕەمەزان، لە ڕۆژی (13.6.2018)دا لە تورکیا مرد.

عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان (جەودەت مستەفا محەمەد ئەلنەقیب ؟؟19-10.5.2007)، بەڕێوەبەری ساغلەمی ئاسمانی (مدير السلامة الجوية)ی سەر بە هێزی ئاسمانی و یەکێک لە ئەفسەرانی ژووری ئۆپراسیۆن بووە، لە دیمانەیەکدا کە لە ڕێکەوتی (9.12.2000)دا لەگەڵ ڕادیۆی (دەنگی ئێراقی ئازاد – صوت العراق الحر)دا ئەنجامی داوە، لە باسی لێدانی شارۆچکەی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی و ڕۆڵی ئەو لە شەڕی هەڵەبجە و بۆردومانکردنی ئەو شارۆچکەیەدا، دەڵێت: (من ئەوکاتە لە ژووری ئۆپراسیۆنەکان بووم، فەیلەقی گەڕۆک زانیاری پێداین کە هەڵەبجە لەلایەن کوردەکان و سوپای ئێرانی داگیرکرا. هەروەها لە سەرۆکایەتی (سەرۆکایەتی کۆمارەوە) فەرمانمان بۆهات کە بە چەکی کیمیایی لەو ناوچەیە بدەین. فڕۆکەیەکی دۆخزانیمان بۆ هەڵەبجە ناردو بۆمان دەرکەوت کە ناوچەکە لەلایەن سوپای ئێران و کوردەکانەوە داگیرکراوە. ئەوەبوو فەرمانی بۆردومانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە بەهۆی فڕۆکەی یوشن و بە کیمیایی دەرچوو. بنکەی کەرکوک (بنکەی ئاسمانی کەرکوک)مان ئاگادارکردەوە بە ناردنی سێ فڕۆکە و بۆردومانیان کرد. دواتریش فڕۆکەیەکی تری دۆخزانیمان نارد بە مەبەستی وێنەگرتن).

هەروەکو دەزانین یەکەمین دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ژەهرباران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە، لە ڕێکەوتی (21.12.2008)دا دەستیپێکرد، بە دادگاییکردنی هەر یەک لەو تاوانبارانە: (عەلی حەسەن ئەلمەجید، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆشیالیستی و ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری حزبی بەعسی عارەبی. لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد ئەلجبوری، فەرماندەی فەیلەقی یەک. لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی و ئەندامی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان، عەمید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (مدير منظومة إستخبارات المنطقة الشرقية) و موقەدەمی فڕۆکەوان تاریق ئیبراهیم ڕەمەزان بەکر ئەلعەزاوی).

پرۆسەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی پەلاماری کیمیایی هەڵەبجە (29) دانیشتنی گرتە خۆی، کە دوا دانیشتنی لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (14.9.2009)دا بەڕێوەچوو. گرنگترین دانیشتنی ئەو دادگاییکردنە، دانیشتنەکانی ژمارە (12+13)ی ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە، ڕۆژانی (27–2009.4.28) بوون، کە هەر یەک لە عەمیدی فڕۆکەوان بەهیج ڕیاز بەهیج، شێروان حەسەن ڕەشید و ئومێد تۆفیق عەزیز بە شایەدی دان و ڕوونکردنەوە بە سوودەکانیان پرسی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجەیان بەرەو پێشەوە برد. بەتایبەت شایەتیدانی عەمیدی فڕۆکەوان بەهیج ڕیاز بەهیج کە سەر بە نەتەوەی عارەب بوو. دووەکەی تر یەکێکیان لە بنکەی حوڕیەی کەرکوکی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراقی لەسەر ڕادار بووە و ئەوەی تریشیان کارمەندی فەرمانگەی تەلەگرافی هەڵەبجەی شەهید بووە، کە کاتی خۆی گوێی لە قسەکانی سەدام حوسێن و فەرماندە سەربازییەکانی دەوروبەری هەڵەبجە گرتبوو، کە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر فەرمانی ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجەی پێدابوون.

بەگوێرەی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (17.1.2010)دا، سزادانی تاوانبارەکان بەمشێوەیەی خوارەوە دەرچوو: (عەلی حەسەن ئەلمەجید، سزایەکی لە سێدارە دان، سزایەکی پازدە ساڵی و یەکی حەوت ساڵ زیندانی. سوڵتان هاشم ئەحمەد جبوری، دوو سزا یەکێکیان پازدە ساڵی و ئەوەی تریان حەوت ساڵ زیندانی. لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز دوری، سزایەکی پازدە ساڵ و یەکی تری حەوت ساڵی بۆ بڕایەوە. فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری، سزایەکی دە ساڵ و یەکێکی حەوت ساڵ زیندانی کردن). بەڵام ئەوەی جێگەی داخە دادگای ناوبراو بەگوێرەی مادەی (12)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بڕیاریدا کە ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجە وەکو تاوانێکی کوشتنی بە ئەنقەست (تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی) و تاوانی جەنگ بناسێنێ، نەک وەکو تاوانێکی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) لە دژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان! کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە بەشێکە لە شاڵاوەکانی ئەنفال و دەکەوێتە نێو ئەو ماوەیەی کە ئەنفالی یەکەمی تێدا ئەنجام دراوە. ئەنفال وەکو تاوانێکی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)ی گەلی باشووری کوردستان، لە ڕێکەوتی (24.6.2006)دا لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە ناسێنراو بڕیاری لەسەر درا، کەچی بیری

شۆڤینی دادوەرە عارەبەکان ئەو جارە وایکرد تاوانی هەڵەبجە مافی تەواوی خۆی نەدرێتێ! لەوەش زیاتر یەکێک لە دادوەرە عارەبەکان بەناوی (مونقز تەکلیف ئال فیرعەون)، کە کورد بە دۆستێکی نزیکی خۆی دەزانێ، کەچی ئەو دادوەرە عارەبە شیعەیە دژی بڕیاری دادگا بووە لەوەی کە تاوانەکە کوشتنی بە ئەنقەست بووە کە دەکەوێتە خانەی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی؛ سەرچاوە: (لائحة محاميي الدفاع، ل40)! هەر لە لاپەڕە (41)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، دادوەر مونقز تەکلیف ئال فیرعەون لە یاداشتێکی ناڕەزاییدا کە بۆ (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)دا نووسیویێتی، دەڵێت: (بۆ دادگا ڕوون بووەوە کە شاری هەڵەبجە تەنیا بەهۆی هێزی ئاسمانی بۆردومان کراوە، هێزەکانی پیادە بەشداری بۆردومان کردن و هێرش کردنە سەر ئەو شارە نەکەوتوون. ئەو بنکە ئاسمانییانەی کە بەشداری بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە بووینە، بنکەکانی کەرکوک، بەلەد و سامەڕا بووینە. بنکەکانی بەلەد و سامەڕا دەکەونە دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید. بەشداری کردنی بنکەکانی ئاسمانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا بە بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە لە یەک مێژوو و یەک کاتدا، ئاماژەیە بەوەی کە فەرمانی بۆردومان کردنەکە، لە لایەنێکی سەرووتر کە سەرۆک کۆماری پێشوو (تاوانبار سەدام حوسێن)ە دەرچووە. لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، دەبینم کە ئەمە بەرپرسیارێتی تۆمەتبار (عەلی حەسەن مەجید) نییە لە تاوانی کوشتنی خەڵک لە پرسی هەڵەبجەدا). هەر بە گوێرەی لاپەڕەکانی (74-75)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، هەر یەک لە دادوەر عەبدولحوسێن حەتاب ئەلمحەمەداوی و مونقز تەکلیف ئال فیرعەون، قایل نین بەو سزایانەی کە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق سەبارەت بە تاوانبار لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز دوری دەریکردووە، بە تایبەت مونقز فیرعەون کە پێی وایە سابیر دوری ئۆباڵی هیچ تاوانێکی ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجەی ناکەوێتە ئەستۆ، نە لە بۆردومان کردنی هەڵەبجە، نە لە تاوانی بەزۆر ڕاگواستنەوەی دانیشتوان و دواتر دیارنەمانیان. بۆ وەڵام دانەوەی مونقز ئالفرعەون ئاماژە دەدەم بە نووسراوی بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات، بە واژۆی بەڕێوەبەر عەمید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری، بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی ژمارە (س1/ق3405/1)ی لە ڕۆژی (22.3.1988)دا، دەڵێت: (زیانی دوژمن لە ئەنجامی بۆردومان کردنی شاری

هەڵەبجە لەلایەن فڕۆکەکانی خۆمان و تۆپە دوورهاوێژەکانمان گەیشتە نزیکەی سێ هەزار کوژرا و لە پاسەوان و پەسیچ، کوژرانی هەشتا پێشمەرگە هەروەها ژمارەی کوژراوی سیڤیل گەیشتە چوار هەزار کەس کە هەموویان دانیشتوانی شاری هەڵەبجەن؛ سەرچاوە: (سی دی هەڵەبجە، ب8، ل2499-2501). بەگوێرەی ئەم نووسراوەی هەواڵگری سەربازی خۆرهەڵات، بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵەبجە بە فڕۆکە و بە تۆپی دوورهاوێژ کیمیا باران کراوە. بەهەمان شێوە هەردوو دادوەر عەبدولحوسێن حەتاب ئەلمحەمەداوی و مونقز تەکلیف ئال فیرعەون لە لاپەڕەکانی (91-93) و (90+94)دا، جارێکی تریش ناقایلبوونی خۆیان لەسەر بڕیاری دادگا سەبارەت بە سزاکانی دژ بە تاوانبار عەقیدی ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح جبوری (بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات) دەربڕیووە، لە هەمان کاتدا داوای ئازادکردنی دەکەن. بەڵام لە کۆی پێنج دادوەر، سێ دادوەر کە هەرسێکیان عارەبن (سەرۆکی دادگا دادوەر عەبود مستەفا ئەلحەمامی، دادوەر عەبدولحوسێن حەتاب ئەلمحەمەداوی و دادوەر مونقز تەکلیف ئال فیرعەون) ژەهرباران کردنی شاری (هەڵەبجە)یان وەکو تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ ناسی، کەچی دوو دادوەر بە ناوەکانی دادوەر ئاسۆ محەمەد سۆفی و دادوەر حەسەن ڕەمەزان حەسەن لە لاپەڕەکانی (42-44)دا سەرچاوەی پێشوودا، یاداشتنامەیەکی حەوت خاڵیان داوەتە دادگای باڵای تاوانەکان و داوایان کردووە، کە تاوانەکە بکرێت بە تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید). بڕیاری دادگای ناوبراو بەمشێوەیە پلانێکی داڕێژراوی پێشینە بوو لەدژی کورد و کوردستان، کە لە سەرەتاوە بە لادانی دادوەر محەمەد عرێبی مەجید ئەلخەلیفەی سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە دەستپێکرد، دوای تۆمەتبارکردنی دادوەری ناوبراو بە پێوەندی هەبوونی کۆنیەوە بە حزبی بەعس، دواتریش دانانی کەسێکی تر بەناوی عەبود مستەفا ئەلحەمامی بە سەرۆکی دادگای دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە لە شوێنی ئەودا.

وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە حکومەتی باشووری کوردستان دکتۆر مەجید محەمەدئەمین جەمیل سادق، هەمان ڕۆژ بەناوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، نیگەرانی کوردی دەربڕی و ڕایگەیاند کە بەزووترین کات داوای تێهەڵچوونەوە دەکەن بۆ بڕیاری دادگا بە گۆڕینی لە تاوانی دژ بە

مرۆڤایەتییەوە بۆ تاوانی کۆمەڵکوژی واتە بە تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە هەڵەبجە. هەروەها هەردوو پارێزەری دەستەی داکۆکیکار لە مافی قوربانیانی ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجە (گۆران ئەدهەم ڕەحیم کاکەیی و بەکر حەمە سدیق عارف)، لە ڕێکەوتی (27.1.2010)دا داواکارییەکی پێداچوونەوەیان لە حەوت لاپەڕەدا بۆ (سەرۆک و ئەندامانی دەستەی پێداچوونەوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق) بەرز کردۆتەوە. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ دەدەم لە داواکاری (لائحة التميزية في قضية الجنائية المرقمة 2/ج الثانية/2008 في 17.1.2010)ی ئەو دوو پارێزەرە کوردە، کە یەکەمیان چاو خشاندنەوەیە بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقە کە لە ڕێکەوتی (17.1.2010)دا، بەوەی کە بڕیار بدرێت تاوانی ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجە بکرێت بە تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)، دووەمیان سزای تاوانبارەکان وەکو پێویست نییە و داوا دەکەن سزاکانیان بۆ زیاد بکرێت. وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکانی کوردستان لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (9.2.2010)دا یاداشتێکی پرۆتێست کردنی کۆمەڵانی خەڵکی هەڵەبجە و کوردستانی گەیاندە دادگای تێهەڵچوونەوە، دەستەی پێداچوونەوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.2.2010)دا، بڕیاریدا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەگوێرەی مادە (11)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) بناسێنێ. بەڵام ئەو دادگایە سزای تاوانبارەکانی هەروەکو خۆی هێشتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهێنا، کە پێم وایە ئەوان پێشتر بڕیاری خۆیان داوە بەوەی کە سزاکانی لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی و عەمید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات نەگاتە لە سێدارەدان.

بڕیارێکی تری گرنگ سەبارەت بە ناساندنی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بە تاوانی کۆمەڵکوژی، بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق (مجلس النواب العراقي) بوو، کە لە دانیشتنی ژمارە (44)ی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (17.3.2011)دا، بەمشێوەیە ڕاگەیەندرا: (ئەوەی لە (16.3.1988)دا ڕووبەڕووی دانیشتوانی هەڵەبجە بووەوە، بەپشتبەستن بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە مێژووی (28.2.2010)دا دەرچوو، بە تاوانی کۆمەڵکوژی دادەنرێت بە هەموو ئەو مانایانەی

کە وشەکە دەیگرێتەوە). دەکرێت کورد و کوردستانییان کار لەسەر هەردوو بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق بکەن، سەبارەت بە ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال، ژەهربارانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی بارزانی و کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکانی وەکو تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) لەدژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان (کوردستانی ئێراق)، کە لە هەردوو دەسەڵاتی ناوبراو لە سەرەوەدا بڕیاری لەسەر دراوە، لەپێناوی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بۆ ئەوەی جارێکی تر کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەی تاوانی کۆمەڵکوژی نەبێتەوە، چونکە بە مانەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقدا هەردەم ئەو هەڕەشەیەی لەسەر دەمێنێ.

پەرلەمانی کەنەدا لە ئۆتاوای پایتەخت، لە دانیشتنی ڕۆژی (16.3.2010)دا تاوانی کیمیا باران کردنی هەڵەبجەی وەکو تاوانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی ناسی، نەک تاوانی کۆمەڵکوژی کە ئەوەی دواییان گرنگتر بوو بۆ کورد و کوردستان. پێموایە ئەگەر پەرلەمانی کەنەدا دوای بڕیاردانی پەرلەمانی ئێراق بڕیاری بدابایە، ئەوکاتە بڕیارەکەی زۆرتر لە بەرژەوەندی کورد دەبوو، خۆ ئەگەر ئێستاکەش پرسی شاڵاوی ئەنفال ببرێتە نێو ئەو پەرلەمانە بەدڵنیایی وەکو تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) دەیناسێنێ.

کۆفی ئەنانی سکرتێری گشتیی ئەوکاتی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕۆژی (23.9.2003)دا، لە وتارێکدا لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنەکەدا، تاوانی کیمیابارانی شارۆچکەی هەڵەبجەی بە جینۆسایدێکی گەورە ناوبرد؛ سەرچاوە: (2-235، کوردستانی نوێ، ژمارە (5588)، ل19).

عەمید ڕوکن مەحمود فەرەج بیلال ئەلسامەڕائی، بەرپرسی بەرهەمهێنان و تاقیگەی چەکی کیمیایی کە ماوەیەکی زۆرە لە زیندانە و پارێزەرانی دەستەی داکۆکیکار لە مافی قوربانیانی کیمیا باران کردنی هەڵەبجە داوا دەکەن بە تاوانی بەشداری لە کیمیا باران کردنی هەڵەبجە دادگایی بکرێت، وەلێ مەحمود فەرەج سامەڕائی بە بڕیارێکی وەزارەتی دادی ئێراقی لە ڕێکەوتی (16.4.2012)دا ئازاد کرا. ئەو بڕیارەی وەزارەتی دادی ئێراقی بڕیارێکی سیاسییە نەک یاسایی بۆیە بەگوێرەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، کورد بۆی هەیە لە دادگای فیدڕاڵی سکاڵا لەدژی وەزیری داد، وەزارەتی داد و حکومەتی ئێراقی تۆمار بکات.

الثورة

١١ ١٩٨٨/٣/١٧

# تصريحات الناطق العسكري

## غارات جوية مدمرة

صرح ناطق عسكري امس بما يلي:

بسم الله الرحمن الرحيم

[illegible]

في ١٦ / اذار / ١٩٨٨

## ضربات صاروخية مرة واحدة

كما صرح ناطق عسكري امس بما يلي:

بسم الله الرحمن الرحيم

[illegible]

## المجرمون يضربون عاصمتنا الخالدة

وصرح ناطق عسكري بما يلي:

بسم الله الرحمن الرحيم

[illegible]

في ١٦ / اذار / ١٩٨٨

## ضربتان صاروخيتان ضد عاصمة الدجل

كما صرح ناطق عسكري بما يلي:

بسم الله الرحمن الرحيم

[illegible]

في ١٦ اذار ١٩٨٨

## ● اسقاط طائرة معادية

بسم الله الرحمن الرحيم

[illegible]

في ١٦ / اذار / ١٩٨٨

وصرح ناطق عسكري امس بما يلي:

بسم الله الرحمن الرحيم

[illegible]

في ١٦ اذار ١٩٨٨

## غارات مدمرة جديدة

وصرح ناطق عسكري امس بما يلي:

بسم الله الرحمن الرحيم

[illegible]

١٦ اذار ١٩٨٨

2485

IST.A1933.002.006

رئاسة أركان الجيش

مكتب رئيس أركان الجيش

سري للغاية وشخصي

٢٩٥
١٨/٣/٨٨

العدد/ ١٥٧

التاريخ/ ١٦ آذار ١٩٨٨

الى/ قيادة الفيلق الاول

الموضوع/ توجيهات

لتعزيز الموقف الحالي في قاطع حلبجة - خورمال ولتجنب احتمالات عزل القطعات ننسب ما يلي:

١. تنسحب قطعات ومقر ل٤٣ المتواجدة في منطقة [illegible] و [illegible] من اماكنها الحالية باتجاه [illegible] في منطقة [illegible]

٢. تشرع الفرقة بالتقدم فوراً وتنظم بشكل [illegible] و [illegible] (مشاة ودروع ومدفعية والقسم الاكبر)

٣. تنقل قوة [illegible] (المغاوير زائد [illegible] ودروع/٨) في [illegible] مع الدبابات

٤. تندفع الفرقة للدفاع الى جميع الجهات حال وصولها الموضع الجديد

٥. يتم قصف ساحات تهيئة حلبجة ومنطقة كاني [illegible] ووادي [illegible] وخورمال خلال عملية التقدم للفرقة

٦. تؤمن الاعتدة والارزاق بما يكفي القطعات في منطقة [illegible]

٧. تفتح مقر للسيطرة [illegible] وعملية العبور ويباشر عمله فوراً

٨. تتم عملية العبور الى الضفة [illegible] ([illegible]) [illegible] قطعات [illegible] حسب توجيهاتنا السابقة الى قائد الفيلق بالاتصال مع الفرقة [illegible] (١) [illegible]

نرجو اتخاذ ما يلزم

الفريق الركن
نزار عبد الكريم فيصل
رئيس اركان الجيش

نسخة الى/
السيد [illegible] / [illegible] للعلم مع التقدير

سري للغاية وشخصي

# 2498

111111111112

— ٢٧٢٧ —

السيد/ المعـــ

الموضوع/ الضربات الجوية ليوم ٢٣ آذار ٨٨

١. مايلي الضربات الجوية المقترح تنفيذها بالعتاد التقليدي ليوم ٢٣ آذار ٨٨

أ. قاطع فيلق ٣٤/٣٦ أسبقية أولى.

وادي ظلم (٩٦٠٩)(٩٧٠٩) ، ديزلي (٠٣١٤) ، بلاخورد (٠٠١٢)

دره مر (٠٠٠٦) ، من بياره - طويله (٠١٩٨) ، دروره (٨٨٧٩) .

ب. قاطع فيلق ٢٧ أسبقية ثانية

سناو (٩٨٢٣) ، اسكول (٩٦٢٥) ، كاني كبود (٩٤٢٧) ،

سردوشت (٩٧٣٠) ، درة تفي (٩٩٢٢) .

ج. قاطع فيلق ٤٤ أسبقية ثانية

(٣٦٧٣) ، (٣٧٧٢) منطقة ماوت .

٢. هناك ضربات جوية أخرى في منطقة حلبچة ستنفذ بطيارات سورية .

يرجى التفضل بالاطلاع

عقيد
غازي احمد طلال
٢٢ آذار ٨٨

اطلعت
٢٢/٣

IST.A4088.002.008

2499

١٤٧/١م ٢٣٦ / ٢/٢٢

١١٧٦ / ٢/٢٢ و/ ١

سري للغاية

٤٠٩٠ / ٢/٢٢ س ١٣

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية
العدد / ش١ / ق١ / ٢٤٠٥
التاريخ / ٢٢ آذار ١٩٨٨

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (ش٥)

الموضوع / معلومات

الخرائط : ميشان ١ / ١٠٠٠٠٠

علمنا من احد مصادر المتعاون (عثمان عبد الله) درجة الثقة به جيدة ما يلي:

١. يقوم النظام الفارسي حالياً بأخلاء مدينة حلبجة من المواطنين كما قام بنقل جميع المواد من اثاث وآليات الى داخل ايران واتجه قسم من اهالي المدينة الى القرى المجاورة لمدينة حلبجة كما قام العدو بنفي مجموعة من اهالي مدينة حلبجة داخل ايران .

٢. يقوم العدو الفارسي حالياً بحفر مواضع امام مدينة حلبجة وحفر خنادق ووضع اسلاك شائكة حول المواضع والخنادق كما قام بحفر عدة مواضع على الطرق الرئيسية بأتجاه حلبجة وخورمال وبيارة وطويلة كما قام بجلب قوات كبيرة من الحرس والبسيج من المناطق المذكورة وقد قام بنصب عدد كبير من اسلحة مقاومة الطائرات على اطراف مدينة حلبجة وفي منطقة بيارة وطويلة .

٣. جميع تعزيزات العدو التي تصل الى المنطقة تصل ليلاً وان تعزيزات العدو تسلك الطرق التالية :

أ. طريق احمد آوة بأتجاه خورمال .

ب. طريق دزلي نوسود .

(٢)

سري للغاية



IST.A4088.002.018

**2500**

سري للغاية

ج. طريق طويلة .

د. طريق سازان وجبارة بعد ان قام العدو بنصب اربعة جسور حديدية على نهر سيروان .

٤. قام العدو بجلب اغلب قواته بواسطة الطائرات الهليكوبتر .

٥. كانت خسائر العدو نتيجة قيام طائراتنا بقصف مدينة حلبجة وكذلك قصف مدفعيتنا كبيرة جداً حيث بلغت بحدود (٣٠٠٠) قتيل من الحرس والبسيج وقد تم نقل جثثهم الى مدينة باوة بالاضافة الى اعداد كبيرة من الجرحى وبلغ عدد القتلى من المدنيين بحدود (٤٠٠) شخص جميعهم من اهالي مدينة حلبجة والمجمعات السكنية والقرى القريبة منها واغلب الخسائر كانت نتيجة الضربة الكيماوية .

٦. القوات التي اشتركت بالهجوم على مدينة حلبجة هي :

آ. قوات من الحرس والبسيج .

ب. قوة كبيرة من زمرة البارزاني .

ج. قوة كبيرة من مخربي الحركة الاسلامية .

د. قوة من عملاء ايران .

هـ. قوة من مخربي الحزب الاشتراكي الكردستاني .

٧. سيقوم العدو بالهجوم على منطقة شميران والاندفاع باتجاه سد دربندخان وتدميره وقد تم تبليغ الحرس والمخربين المتواجدين في قره داغ للتهيوء والاندفاع باتجاه دربندخان عند بدأ الهجوم وسيكون واجبهم هو قطع طريق (دربندخان - عربت) وقطع طريق (دربندخان - كلار) كما قام العدو بتهيئة وجلب قوات كبيرة من الحرس والبسيج والمخربين الى منطقة بنجوين وسيقوم العدو بالهجوم على منطقة قاية وحديد والاندفاع باتجاه سيد صادق وشانه دري كما توجد قوة كبيرة للعدو في منطقة شيخ المارين وان

(٢ - ٣)

سري للغاية

**2501**

سري للغاية

جميع قوات الـ ـهيئة حالياً وهي تنتظر صدور الأمر اليها كما قام العدو بتوزيع عدد من المخربين على افواج الحرس المتواجدة في المنطقة للأستفادة منهم بواجب الدلالة .

٨ . قام العدو بفتح مقر رئيسي للحرس في منطقة احمد آوه وقد زاره المجرم محسن رضائي ويتواجد في منطقة احمد آوه قوة كبيرة من الحرس تقدر بحدود (٧٠٠) شخص وهم متهيئين للقيام بالهجوم .

٩ . يوجد فوج مدفعية في منطقة احمد آوه كما يوجد فوج مدفعية آخر خلف مدينة حلبجة باتجاه هاوار كما توجد عدد من الدبابات وناقلات الأشخاص المدرعة في منطقة احمد آوة وخورمال .

١٠ . كانت خسائر المخربين بحدود (٨٠) قتيل نتيجة قصف طائراتنا على مدينة حلبجة ومن ضمن القتلى (١١) عنصر بارز من المخربين وجرحى اعداد اخرى من بينهم المخرب شوكت حاج مشير من زمرة عملاء ايران .

١١ . تتواجد قوة للعدو حالياً قرب قرية دره توفي (٩٩٢٣) وتقدر بحدود (١٥٠٠) مسلح جميعهم من الحرس .

١٢ . ما زال هناك عدد من العسكريين لم يتم اسرهم من قبل العدو الفارسي ويتواجدون مع اهالي قرى حلبجة مرتدين الزي الكردي .

يرجى التفضل بالأطلاع .

العقيد الركن
مدير منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

نسخة الى /
مديرية الأستخبارات العسكرية العامة (ش٣) / يرجى التفضل بالأطلاع .

(٣ - ٣)
سري للغاية

IST.A4088.002.016

2510

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

يرجى الإشارة الى الرقم كاملاً

( سيظل الشهداء اكرم منا جميعاً )

١٩٨٨/٤/٣

سري وشخصـــي الرقم /ش٣ / ق ١/ / قادسية صدام / ـــــ

التاريخ / ٢ /نيسان/ ١٩٨٨ ـــــــــ ٥١٠

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة ( ش٣ )

الموضوع / التقرير الشهري عن المخربين الاكراد

طيا " التقرير الشهري عن المخربين الاكراد في المنطقة الشمالية لشهر آذار ١٩٨٨ ضمن قاطع منظومتنا .

يرجى التفضل بالاطلاع .

المرفقات /

( ١ ) تقرير

العقيد الركن

مدير منظومة أستخبارات المنطقة الشرقية

( ١ ـ ١ )

سري وشخصي

2511

سري وشخصي

(١) التعرض على قاطع بنجوين بدفع قوه باتجاه تونتمان ( ٨٩٣٢ ) ودفع قوه من الحرس والمخربين من جاره صوص وجومرسي ( ٨٩٢٢ ) باتجاه كولسوص ( ٧٧٢٥ ) لقطع الطريق وعزل قطعاتنا في تونتمان وكذلك دفع قوه مسبع المخربين باتجاه عارضة حاجي مامند ( ٦٦٣١ ) للسيطره عليها وتقوم قسوه من المخربين معهم عناصر من حرس خميني بالتوجه الى قوله ( ٧١٢٤ ) في محاوله للتأثير على الطريق العام من منطقة كاني بناو ( ٦٤١٥ ) .

(١) قيام قوة حرس خميني والمخربين الذين يتواجدون في قاطع قره داغ بالسيطره على عارضة كولان ( ٥٨٨٣ ) وقطع الطريق من حدوده معمل باني خيلان للمياه المعدنيه وبنفس الوقت تقوم قطعات من العدو والفارسي بالتعرض على قطعاتنا ( شميران – ٥٨٥٠ – برده دكن – ٧٢٨١ – تحة زنتاكسو – ٦٨٧٨ – ) بهدف السيطره على دربندخان .

سادساً . انشأت زمرة الحركه الاسلاميه في كردستان مقر خلفي لها في منطقة الشهيدستان ( ٦٨٧٠ ) ويتواجد فيه ( ٢٠٠ ) مخرب منهم بأمرة المجرم ملا عبد الرحمن سبه علماً "ان المجرم ملا ابراهيم احد مسؤولي الحركه يتواجد حالياً "في قره داغ .

سابعاً . في اليوم التالي لقيام قطعاتنا بضرب حلبجه بالعتاد الخاص وصل اليها المدعو مير حسين موسوي ( رئيس وزراء النظام الفارسي ) وبصحبته المجرم ملا علي المسؤول العسكري للحركه الاسلاميه في كردستان ومعه صحفيين ايرانيين وكذلك صحفيين من فرنسا وايطاليا وعاد الجميع بعد زيارة المنطقه الى باوه الايرانيه ( ٢٤٧٩ ) .

ثامناً . اشتركت الحركه الاسلاميه في كردستان بالتعرض على قاطع حلبجه باشراف المجرمين ملا عثمان وملا علي واضافة الى قيام مخربين من الحركه المذكوره بواجب الاسناد لوحدات العدو وقد شارك ( ٢٠٠ ) مخرب منهم فعلياً "في التعرض على حلبجه بأمرة المجرمين ملا محمد وملا عبد الرحمن .

( ١٢ – ٢٣ )

سري وشخصي

IST.A0929.076.004

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية
الشعبة الثالثة / ق ١
العدد / ٧ مايس ١٩٨٨

2514

2107 - 2
-A 2 pages

الى / السيد مدير الشعبة الثالثة

الموضوع / مطالعة

١. وردتنا معلومات من مركز السليمانية بموجب برقيتهم السرية والفورية ٣٠١١ في ١١/٤/١٩٨٨ قصاصة رقم (١) تضمنت ما يلي:

أ. وصلت مجموعة تتكون من (٣٠) مخرب من ادلاء الجيب العميل مسعود البرزاني وهم عائدين الى الفرع الخامس للزمرة العميلة وقد تم تزويدهم بـ(...) ثلاثة اشرطة فيديو تحتوي صور عن ساحة (كيمياوي) لاستخدامها ضد المخربين على قاطع قره داغ.

ب. [redacted]

ج. طلبنا بموجب برقيتنا السرية والفورية ٧٩٧٦ في ١٢/٤/١٩٨٨ من مركز اعلاه محاولة الحصول على الاشرطة المشار اليها بالمادة (ب) اعلاه قصاصة رقم (٢)

٣. تم اجابتنا من قبل المركز بموجب برقيتهم السرية والفورية ١٩٩٢ في ٢٦/٤/١٩٨٨ بأنهم لم يتمكنوا من الحصول على الشريط قصاصة رقم (٣)

٤. أقترح
الكتابة الى مركز استخبارات السليمانية كان المفروض بكم تدقيق المعلومات والتأكد منها قبل رفعها الينا وخصوصاً تلك المعلومات المذكورة في برقيتكم اعلاه حول وجود شريط الفيديو في داخل محافظة السليمانية محاولات تسجيل الفيديو وان محافظة السليمانية قاطع عمل مركزكم.

يرجى التفضل بالاطلاع.

النقيب
عبد الكريم حسن طاهر
ضابط قراءة ش ٣
٧ مايس ١٩٨٨

١. اطلع السيد المدير ...
٢. ... المديرية
نفذ استخبارات السليمانية ...

2534

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
المعاونية الثانية

السيد / مدير الشعبة
الموضوع / مقالات

كتابكم م/١ سيتينا سري ١٥٣٥٣ في ٦/٦/١٩٩٨ ومرفقه (٣) مقالات مترجمة من قبل مدرسة الاستخبارات العسكرية للضباط عن مجلة دير شبيغل الالمانية والمتضمنة الاتي :

أ. المقال الاول يحمل عنوان (السلاح النووي للرجل الفقير) ويتضمن الفقرات التالية :

اولاً. قصف الطائرات العراقية لمدينة حلبجة بالغازات السامة.

ثانياً. أيقنت المخابرات الامريكية دليل قصف الطائرات العراقية لمدينة حلبجة من خلال التقاطها الاتصالات اللاسلكية للطيارين العراقيين.

ثالثاً. ادعاء الحكومة التركية بان الاكراد الهاربين الى جانبهم لم يصيبوا بأي أذى من الضربة الكيمياوية.

رابعاً. عرض عن الشركات الغربية التي ساعدت العراق في انتاج الغازات السامة.

خامساً. استعراض تاريخي عن استخدام الاسلحة الكيمياوية في بلدان العالم.

ب. المقال الثاني يحمل عنوان (أنا رجل اعمال وليس جندي).

اولاً. عرض عن تاجر الاسلحة العالمي رقم (١) السوري منذر الكسار وصلات العمليات الارهابية (اكيلي لاورو)

ثانياً. المذكور اعلاه يجمع ما بين تجارة الاسلحة الغير مشروعة وتجارة المخدرات ونشاطاته الارهابية.

ثالثاً. قضية تهريب اسلحة امريكية الى ايران.

رابعاً. علاقة (ابو العباس) رئيس الجناح العسكري لمنظمة التحرير الفلسطينية مع المذكور اعلاه.

خامساً. علاقة منذر الكسار مع رئيس المخابرات السورية.

سادساً. علاقة المذكور اعلاه مع فرنسا وايران خلال شهر ت٢ عام ١٩٨٦ بوساطة لاطلاق الرهائن الفرنسيين في بيروت.

(١ - ٣)

IST.A4122.006.004

2535

بسم الله الرحمن الرحيم

هـ. المقال الثالث يحمل عنوان (ساعدت شركات المانيه الغربيه في بناء منشآت كيماويه).

اولاً. تحقيقات المعهد الجنائي للكمارك التابع لمدينة كولون الالمانيه حول تمادي الشركات الالمانيه الغربيه في انتاج الغازات السامه وتجهيزها الى العراق.

ثانياً. ملاحقة عشرة شركات المانيه غربيه بعد ثبوت الدلائل عليها حول تجهيزها للعراق بمواد خام لانتاج الغاز السام.

ثالثاً. معلومات المخابرات الامريكيه عن وجود ابنية ذات خطط انتاجيه في معمل سامراء الذي يقع في شمال بغداد.

رابعاً. عرضنا عن اسماء الشركات الالمانيه الغربيه التي جهزت العراق بمواد كيماويه.

و. الراي والمقترح:

1. احالة نص من المقال الوارد في الفقرة (ب) من المادة (1) اعلاه الى جهاز المخابرات لتأشير المعلومات لديهم عن اسم ويه (عنصر الكـ...).

2. احالة نص من المقال الوارد في الفقرة (ج) من المادة (1) اعلاه الى منظومة امن رعاية عن ... التصنيع العسكري لغرض تأشيرها لديهم.

تحرك الى ... / تحرك الى المنظومة ... ١٦

( ٢ - ٣ )

IST.A4122.006.005

**2536**

بسم الله الرحمن الرحيم

يرجى التفضل بالاطلاع ... وتنسيبكم

331

اللواء ١/٢٢ [illegible]

[illegible]

ش ١٦٦ ق ٢

١١/١/٩٨٨

السيد المعاون

يرجى التفضل بالاطلاع واوامر

مقترحي [illegible] تنسيبكم

مع التقدير

[illegible]

م/ [illegible] ١٩٦٨

٤/١/٩٨٨

[illegible]

١/١٥ ٩٨٨

(٢ ٣)

IST.A4122.006.006

# 2502

زرەو بارزانی

١٩٢
ت / ١
٣ / ٩

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية
العدد / ش٣ / ق١ / [illegible]
التاريخ ٢٧ / آذار / ١٩٨٨

- ٢١٩ -

2099
#1
P (3 pages)

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة ( ش٣ )

الموضوع / معلومـــــــات

الخرائط . حلبجة . خورمال . بنجوين . سيهاف ١ / ١٠٠٠٠٠

بتاريخ ٢٤ آذار ٨٨ تم اللقاء بمصدرنا ( كاوه ) ضمنا يلي المعلومات التـــي استخلصناها منه خلال اللقاء به :-

١ . المصدر المذكور كان يتواجد في حلبجـــــــة .

٢ . نتيجة الضربة الكيمياوية على حلبجة واطرافها فقد قتل واصيب حوالي ( ١٢٠٠ ) مسلح من الحرس والبسيج وكذلك قتل واصيب ما يقارب من ( ٢٥٠٠ ) مـــن اهالي منطقة حلبجة .

٣ . تتواجد قوة كبيرة من العدو الفارسي في دزلي الايرانية ( ٠٤١٤ ) ويتـــم ارسال عناصر من تلك القوات وادخالهم الى الاراضي العراقية عن طريـــق ملا خورد ( ١٢ - - ) ومنها الى اكناو ( ٩٨ ١٠ ) واحمد آوه ( ٩٦ ٠٦ ) .

٤ . ادناه اعداد عناصر العدو والتي تتواجد حاليا في المناطق الموضحة ازاءها :-

آ . ( ٢٥٠٠ _ ٣٠٠٠ ) مسلح من الحرس والبسيج في منطقة احمـــد آوه وينتشر بعضهم في غابات احمد آوه .

ب . ( ٥٠ ) دبابة في منطقة احمد آوه .

ج . ( ٥٠٠ ) مسلح من حرس خميني في خورمال ( ٩٥ ٠٦ ) .

د . ( ١٥٠٠ _ ٢٠٠٠ ) مسلح في حلبجـــة .

هـ . ( ١٥٠٠ ) مسلح في سيروان ( ٨٦ ٠١ ) .

و . ( ٢٠٠ _ ٢٥٠ ) مسلح في بالمبـــو ( ٩٢ ٨٦ ) .

ز . ( ١٣٠ _ ١٠٠ ) في بلبري موري ( ٨٨ ٠١ ) .

( ١ - ٥ )

سري للغاية

IST.A0929.061.043

# نصوص المراسيم الجمهورية بمنح الاوسمة والانواط لصقور الجو المكرمين

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري

تقديرا للموقف البطولي والشجاعة الفائقة التي ابداها المقدم الطيار بطل القادسية هيثم خطاب عمر في الذود عن شرف الامة وكرامتها وعزتها ضد العدو الايراني العنصري واستنادا الى احكام المادة السادسة والعشرين من قانون الاوسمة والانواط رقم ( ٩٥ ) لسنة ١٩٨٢ .

رسمنا بما هو آت

منح المقدم الطيار بطل القادسية هيثم خطاب عمر نوطي شجاعة.

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم .

صدام حسين
رئيس الجمهورية

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري

تقديرا للشجاعة المتميزة التي ابداها الضباط الطيارون المدرجة اسماؤهم ادناه وللخدمة الجليلة التي قدموها للعراق العظيم ولتشكيلات القوات المسلحة التي تقوم باعمال بطولية مشرفة ضد العدو الايراني العنصري واستنادا الى احكام الفقرة ( اولا ) من المادة الخامسة من قانون الاوسمة والانواط رقم ( ٩٥ ) لسنة ١٩٨٢ .

رسمنا بما هو آت

منح كل من الضباط الطيارين المدرجة اسماؤهم ادناه وسام الرافدين من الدرجة الثالثة ومن النوع العسكري .

اللواء الطيار الركن كمال عبدالستار عبدالفتاح .
العميد الطيار الركن مزاحم صعب حسن .
العميد الطيار الركن فهد عبدالباقي محمد .
العميد الطيار الركن محمد احمد مطلوب .

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا المرسوم .

صدام حسين
رئيس الجمهورية

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري

تقديرا للشجاعة المتميزة التي ابداها الضباط الطيارون المدرجة اسماؤهم ادناه وللخدمة الجليلة التي قدموها للعراق العظيم ولتشكيلات القوات المسلحة التي تقوم باعمال بطولية مشرفة ضد العدو الايراني العنصري .. واستنادا الى احكام الفقرة ( اولا ) من المادة الخامسة والمادة السادسة والعشرين من قانون الاوسمة والانواط رقم ( ٩٥ ) لسنة ١٩٨٢ .

رسمنا بما هو آت

اولا . منح الرائد الطيار نبيل نديم صديق وسام الرافدين من الدرجة الثالثة ومن النوع العسكري وثلاثة انواط شجاعة .

ثانيا . منح الرائد الطيار عبد حسين علي وسام الرافدين من الدرجة الثالثة ومن النوع العسكري ونوطي شجاعة .

ثالثا . منح النقيب الطيار ثامر يحيى حميد وسام الرافدين من الدرجة الثالثة ومن النوع العسكري ونوط الشجاعة .

رابعا . منح الملازم اول الطيار بهيج رياض بهيج وسام الرافدين من الدرجة الثالثة ومن النوع العسكري وسبعة انواط شجاعة .

خامسا . منح الملازم الطيار رمزي ابراهيم رمزي وسام الرافدين من الدرجة الثالثة ومن النوع العسكري ونوطي شجاعة .

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا المرسوم .

صدام حسين
رئيس الجمهورية

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري

تقديرا للموقف البطولي والشجاعة الفائقة التي ابداها الضباط الطيارون المدرجة اسماؤهم ادناه في الذود عن شرف الامة وكرامتها وعزتها ضد العدو الايراني العنصري واستنادا الى احكام المادة السادسة والعشرين من قانون الاوسمة والانواط رقم ( ٩٥ ) لسنة ١٩٨٢ .

رسمنا بما هو آت

اولا . منح كل من الضباط الطيارين المدرجة اسماؤهم ادناه نوطي شجاعة .

المقدم الطيار كمال مصطفى خضر .
الرائد الطيار مازن احمد محمد .
الرائد الطيار مؤيد صبري جمعة .
الرائد الطيار سعدون طلب علي .
الرائد الطيار محمد علي غازي .
النقيب الطيار محمد زيدان حسين .
م . اول طيار كريم صالح سهو .
م . اول طيار رعد دريعي محمد .
م . اول ملاح نهاد عبدالكريم جاسم .
م . اول طيار خميس حمادي عبدالله .
م . اول طيار عبدالكريم اسماعيل محمد .

ثانيا . منح كل من الضباط الطيارين المدرجة اسماؤهم ادناه ثلاثة انواط شجاعة ..

الرائد الطيار سعدون فوزي عاكف .
النقيب الطيار محمد منصور عبدالله .
النقيب الطيار حسن محمد فتحي .
النقيب الطيار لطيف علي حمود .
م . اول طيار محمد فرحان ذياب .
م . اول طيار نبيل حازم حواس .

ثالثا . منح كل من الملازم اول الطيار محمد نزار حسيب والملازم اول الطيار عبدالكريم فتحي عبدالله اربعة انواط شجاعة .

رابعة منح كل من الملازم اول الطيار عبدالكريم عبدالرزاق عبدالرحمن والملازم اول الطيار جاسم محمد احمد ستة انواط شجاعة .

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم .

صدام حسين
رئيس الجمهورية

حزب البعث العربي الاشتراكي
قيادة فرع السليمانية
قيادة شعبة دربندخان
قيادة فرقة حلبجة

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة
العدد/ ٣٢ / ٦٠٢
التاريخ ٨ / ٩ / ١٩٨٧

الى/ قيادة شعبة دربندخان

م/ اسماء القرى

تحية نضالية :-

تدون ادناه اسماء القرى المحذورة امنيا ضمن قاطع عمل الفرقة
براجين التفضل بالاطلاع .... مع التقدير

ودمتم للنضال

الرفيق
نيسان سرحان هلال
امين سر قيادة فرقة حلبجة

اسماء القرى التابعة لناحية سيروان

١- قرية دوانزه امام السفلى ٢- قرية دوانزه امام العليا
٣- = رنكال ٤- = كاني شيخ
٥- = كوركه جيها ٦- = بنارة السفلى
٧- = خاكوخول ٨- = تپه تولكه
٩- = كولكني احمد فقي كرم ١٠- = كولكني محمد رستم
١١- = اسماعيل خسرو

القرى التابعة لناحية خورمال

١- قرية بنارة العليا ٢- تازه دي ٣- قاجر
٤- = كندري ٥- قرية خيلي حمه ٦- قرية تپه كوره
٧- = كومه لار ٨- = تپه سرقوله ٨- = شنك العليا
٩- = شنك السفلى ١٠- = ديكون ١١- = تپي صفا العليا
١٢- = تپي صفا السفلى

القرى التابعة لناحية شهرزور

١- قرية تاليجو العليا ٢- قرية طاسلوجه ٣- قرية كيله كوه
٤- = موان حسن ٥- = كردي شريف ٦- = كاميزرتپه
٧- = تاليجو السفلى ٨- = كه وجك تاش ٩- = موان ميزه
١٠- = سواري ١١- = جواله ١٢- = موان قديم
١٣- = كلوران ١٤- = بي ره شكه ١٥- = تپي كرم
١٦- = علي اوا ١٧- = جهار شاه ١٧- سوليه ميش

نسخة منه الى/ اللجنة الامنية لقيادة الفرقة/ للتفضل بالاطلاع ... مع التقدير

سري / القيادة / شرطة حلبجة / ق . ل

الى / مديرية شرطة السليمانية / ق س / قائمقامية حلبجة / أمن حلبجة
آمرية قوات جحفل الخامس الدفاع الوطني / قيادة فرقة حلبجة
مركز شرطة شهرزور

رقم المنشئ "٦٤٢" ٢/٦/١٩٨٧

٥) ان موقفنا ليوم ١ و ٢/٦/١٩٨٧ ~~[illegible]~~ ما يلي
١) بتاريخ ١/٦/١٩٨٧ تم ازالة قريتي زووو.لي و چواله مارف التابعة لناحية شهرزور .
٢) تم هدم قرية / كولوس و دوله چوت و مايندول من قبل قيادة قوات فرقة/٢٧ ~~[illegible]~~ تابعة لناحية شهرزور .
٣) التحق الى جانب عملاء الايران الاسماء المدرجة أدناه مع عوائلهم وهم من أهالي قرية تپه رهش . للتفضل بالمعلومات وسنوافيكم بكل ما يستجد لدينا . مع التقدير

حفظ
٢/٦

رائد الشرطة
وسام علي كاظم
مدير شرطة حلبجة

الاسماء :

- كمال عزيز محمد
- جمال عزيز محمد
- عبدالله احمد مغفور صالح
- عمر احمد مغفور صالح
- عبدالله محمد
- عبدالقادر عبدالله
- رشيد عزيز حسن
- احمد محمد محمد
- حسن عبدالرحمن علي
- رشيد عبدالله
- علي محمد عزيز
- قادر عبدالله

١٣- عبدالله قادر
١٤- قادر خليفة
١٥- جلال خليفة
١٦- أمين صالح
١٧- نوزاد ابراهيم
١٨- فتاح حسن قادر
١٩- جلال عبدالله
٢٠- محمد محمود قادر
٢١- علي احمد رستم

بسم الله الرحمن الرحيم

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

Iraqi High Tribunal
Second Criminal Court
Baghdad – Iraq

# مذكرة قبض

الى كافة اعضاء الضبط القضائي وافراد الشرطة وكل من تقع هذه المذكرة بين يديه انكم مأذونون ومكلفون بالقبض على المتهم:

١. الاسم الثلاثي واللقب: طارق ابراهيم رمضان
٢. محل اقامته: كركوك – طريق بغداد
٣. مهنته: مقدم طيار متقاعد
٤. نوع الجريمة ومادة القانون: المادة (١٣) (اولاً/أ) و(ثانيا/أ- ب- د- هـ- و)، والمادة (١١)(اولاً/أ-ب-ج)، والمادة (١٢)(اولاً/أ-د-ح-ظ) وبدلالة المادة (١٥) (اولاً، وثانيا/ب) من قانون المحكمة رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٥.
٥. اوصافه: ..........................................................................

احضاره امامي في الحال لكونه متهماً في الشكوى المقامة ضده امام هذه المحكمة.

ختم المحكمة

المحكمة الجنائية العراقية العليا
رئاسة محكمة الجنايات الثانية
Iraqi High Tribunal

القاضي
محمد عريبي مجيد الخليفة
رئيس محكمة الجنايات الثانية

دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار

«دۆسیەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە»

بەڕێز / کاك درسیم دیبه که یی

سوپاسی هاوکاری بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەو ئاسانکارییانەی کە ئەنجامتاندا لەدۆسیەی «کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا» وە ئەم هاوکارییەتان بەرزدەنرخێنین، هیوادارین نموونەتان زۆربێت، لەگەڵ ڕێزدا .

ئەندامی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/ ابراهیم مصطفی رضا

ئەندامی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/بکر حمه صدیق عارف

ئەندامی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/زەیتون فرج عبدالله

سەرۆکی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/گۆران ادهم رحیم

# تاوانەکانی سوپا و حکومەتی ئێراق لەدژی کورد لە باشووری کوردستان

تاوانەکانی حکومەت و ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی عارەبی ئێراقی بابەتێکی چاپی دووەمی پەرتووکی (مێژووی کوردستانێتیی شاری موسڵ)ە، کە ئێستاکە لەژێر چاپدایە، بەڵام لەبەر گرنگی و پێوەندی هەبوونی بە هەوڵی لەناوبردنی ڕەگەزی (جینۆسایدکردنی) گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، بە پێویستم زانی دووبارە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان)دا ئەو بابەتە دابنێمەوە، کە ئەمەی خوارەوەیە:

1. لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ڕێکەوتی چوار و پێنجی مانگی یەنیوەری ساڵی (1909)دا، بە بەرنامە و نەخشەی (عەلی سەعید بەگ)ی سەرۆک ئەرکانی سوپای ویلایەتی موسڵ و بەرپرسی ئیتحاد و تەرەقی لەو ویلایەتەدا، بەدەستی عارەبەکانی ناو شاری موسڵ (شێخ سەعید کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ سەعید)ی باوکی شێخ مەحمود و زۆرتر لە حەفتا کوردی دیکە لەناو شاری موسڵ-دا شەهیدکران و نزیکەی سەد کەسیش بریندار کران؛ سەرچاوە: (1-33، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، ل163)؛ (1-34، دکتۆر عوسمان عەلی، الكورد في الوثائق البريطانية، ل93-101).
2. دوو دەستە (سرية)ی هێزەکانی لیڤی ئاشووری کە سەر بە سوپای ئێراق بوون لە ڕۆژی (24.5.1924) تەقەیان لە دانیشتوانی بێتاوانی کورد و تورکمانی کەرکوک کرد و (56) کەسیان شەهید و (44) کەسیان بریندار کردن؛ سەرچاوە: (1-62، الدكتور عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، شباط 2010، ص155).
3. لە ڕێکەوتی (5.8.1933)دا میلیشیای بەناو سوپای ئێراقی عروبەی ئیسلام، پەلاماری ئاشوورییەکانی بادینان و موسڵی دا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دانیشتوانی سیڤیلیان لە ناوچەکەدا کوشت و بریندارکرد؛ سەرچاوە: (1-35، دکتۆر جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل110). لەو هێرش و پەلامارەدا بۆ سەر ئاشوورییەکان، (130) کوژراو و (80) برینداری لێکەوتەوە، ئەوە جگە لە بە کۆمەڵکوشتنی نزیکەی (500) ئاشووری سیڤیل

لەناو شارۆچکەی سمێل و دەوروبەریدا، لە ئەنجامی شاڵاوێکی دڕندانە و هۆڤییانەی تۆڵەسەندنەوەدا کە بە بێ هیچ هۆکارێک، لە ناکاودا کرایە سەریان؛ سەرچاوە: (1-7، محمود الدرة، القضیة الکوردیة، ل179). کەچی ئاشووریەکان ژمارەی قوربانییەکانی خۆیان بە (600) کەس دادەنێن، کە زۆربەی هەرە زۆرییان ژن، منداڵ و پەککەوتە بووینە. لەکاتی ئەو کۆمەڵکوژییەدا، حکمەت سلێمان وەزیری ناوخۆ، بەکر سدقی عەسکەری فەرماندەی هێزە سەربازییەکان، تەها هاشمی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و عەبدوڵڵەتیف نوری وەزیری بەرگری بووینە.

4. لە ماوەی نێوان (1.10.1935-17.10.1935)دا، میلیشیای ئێراقی بە فەرماندەی لیوا ڕوکن حوسێن فەوزی، بە بیانوی بەزۆر گرتنی سەرباز لەناو ئێزیدییەکاندا، کەوتە پەلاماردانیان لە شەنگال و دەوروبەری موسڵ-دا، لە ئەنجامدا بە گوێرەی بەیانێکی فەرمی حکومەتی ئێراقی کە لە ڕێکەوتی (17.10.1935)دا دەرچووە (203) کوردی ئێزیدی شەهیدکران، (102) بریندار و (395) کەسیان خۆیان بەدەستەوەدا یان بەدیلگیران، نۆ کەس لەوانەدا کە سەرکردەی کوردی ئێزیدی بوون هەر لەوێدا لە سێدارە دران؛ سەرچاوە: (1-36، ئەحمەد خواجە، چیم دی کورد چی دی؟ بەرگی سێیەم، ل35-37)؛ (1-7، محمود الدرة، القضیة الکوردیة، ل189). لەکاتی ئەو هێرش و پەلامارە دڕندانەیەدا یاسین هاشمی سەرۆک وەزیران، فەریق ڕوکن محەمەد ئەمین ئەلعومەری سەرۆک ئەرکانی سوپا، جەعفەر عسکەری وەزیری بەرگری و ڕەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوەخۆ بووینە. ئەوەی شایەنی گوتنە لیوا ڕوکن حوسێن فەوزی، کە بە نەژاد کوردی هەمەوەندی بووە و پاشان لە ساڵی (1941)دا لەکاتی کۆدەتای ڕەشید عالی گەیلانی و ڕاکردنی شێخ مەحمودی نەمردا لە ڕێکەوتی (20.5.1941)دا لە بەغدا و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، ئەو حوسێن فەوزی-یە پارێزگاری سلێمانی بووە؛ سەرچاوە: (1-38، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، ل797-798).

5. لە کۆمەڵکوژییەکی دیکەدا کە هەر عارەب و سوپاکەی عارەبی ئێراق لە ڕێکەوتی (25.10.1941)دا لە دژی ئێزیدییەکاندا ئەنجامدرا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوان کوژران. ئەو شاڵاوە دڕندانەیە بە فەرمانی وەزیری بەرگری ئەوکاتی ئێراق جەمیل مەدفەعی (جەمیل محەمەد عەباس مەدفەعی 1890-26.10.1956) و سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق (فەریق ڕوکن محەمەدئەمین ئەلعومەری) و سەرپەرشتی و فەرماندەیی ڕاستەوخۆی لیوا ڕوکن مەحمود ئەلدوڕە، کە سەرۆکی ئەرکانی ئەو هێزە بوو کە نێردرابوو بۆ شەنگال و لە دوو فەوجی پیادە و بەتارییەکی تۆپ هاوێژی پێکدەهات؛ سەرچاوە: (1-7، محمود الدرة، القضیة الکوردیة، ل190-191).
6. کۆمەڵکوژییەکەی شەشی ئەیلولی ڕەشی سلێمانی لە ساڵی (1930)دا، کە لە ئەنجامی دوو هۆکار بوو یەکەمیان مۆرکردنی پەیمانی ساڵی (1930)ی نێوان ئینگلیز و ئێراق، کە بە هیچ شێوەیەک باسی کوردی تیادا نەکرابوو، هۆکاری دووەمیشیان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی ئێراق بوو لە ئایندەیەکی نزیکدا، کە لەو ڕۆژەدا خەریکی پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی سەرپەرشتیکار بوون بۆ هەڵبژاردنەکە (کە دواتر هەڵبژاردنەکە لە ڕێکەوتی (1.11.1930)دا ئەنجام درا)، ئەمەش وایکرد دانیشتوانی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) بەگشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی ڕاپەڕن لە دژی ئەم پەیمانەدا. دانیشتوان خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە ڕێکەوتی (6.9.1930)دا لە بەردەم سەرای سلێمانی سازدا، لە ئەنجامدا سەرباز و پۆلیس تەقەیان لە خۆنیشاندەران کرد و نزیکەی (45) کەس شەهید و (200) کەسیش برینداربوون، هەروەها نزیکەی (100) کەسیش گیران؛ سەرچاوە: (1-39، شۆڕش حەسەن عومەر، حقوق الشعب الکوردي في الدساتیر العراقیة دراسة تحلیلیة مقارنة، ل71)، کە لە ڕۆژنامەی (التأخي)، ژمارە (828)ی ڕۆژی (6.9.1970)دا وەریگرتووە؛ (1-40، عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، تأریخ الوزارات العراقیة، الجزء الثالث، ل70).
7. لە ڕێکەوتی (5.2.1963)دا، هێزێکی سوپای عروبەی ئێراق، بە فەرماندەیی زەعیم سدیق مستەفای خوێنڕێژ، فەرماندەی لیوای (20)ی سوپای ئێراق، لە ئەنجامی شکستێکی خۆیاندا لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا،

پەلاماری گوندی (سێدارە)ی نزیک شارۆچکەی (دەربەندیخان)یان داو هەژدە هاووڵاتی بێتاوانیان گوللە بارانکرد.

8. لە ڕێکەوتی (25.5.1963)دا پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومي) سەر بە بەعس، بە سەرۆکایەتی زەعیم سدیق مستەفای فەرماندەی لیوای (20)ی بەناو سوپای ئێراق، لە هەموو ڕاستێکدا هێرشیان کردە سەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان و لە بتوێن (73) کەسیان گرت و بە بێ دادگاییکردن، هەموویان گوللە باران کردن.
9. لە ڕێکەوتی (9.6.1963)دا پاسەوانی نەتەوەیی (الحرس القومي) سەر بە بەعس، لە هەموو ڕاستێکدا هێرشیان کردە سەر خەڵکی سیڤیلی کوردستان و لە سلێمانی (83) کەسیان لەپشت سەربازگەی سلێمانی گوللە باران کرد و دواتریش (276) کەسیان هەر لەو شارەدا کوشت و بە بلدۆزەر تەرمەکانیان کردنە ژێر زەوی. هەر لەو ڕۆژەدا هێزەکانی تاوانبار عەمید تەها شەکرچی لە کۆیە (25) کەسیان گرت و بە بێ دادگاییکردن، تێکڕایان گوللە باران کردن. زەعیم سدیق مستەفا لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا لە پارێزگای سلێمانی زۆرتر لە (500) هاووڵاتی سیڤیل و بێتاوانی گوللە باران کرد، تەنیا لە شەوی (9.6.1963)دا هەشتاو دوو کەسی لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا گوللە باران کرد؛ سەرچاوە: (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (9.6.2009). ئەو تاوانانەی کە هەر یەک لە زەعیم سدیق مستەفای فەرماندەی لیوای (20)، عەمید تەها شەکرچی و عەقید غانم مسباح ئەلئەمینی فەرماندەی لیوای (20) لەدوای زەعیم سدیق لەدژی کورد ئەنجام دراون، هەمووی بە بڕیاری فەرماندەی فەیلەقی دووی ئەوکاتی کەرکوک (عەمید ڕوکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی 1916–3.12.2010) بووە، کە مامی فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی گەورە تۆمەتباری ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەیە.
10. ڕژێمی ئێراق لە ڕۆژی (23.6.1963)دا (29) هاووڵاتی بێتاوانی کوردی شاری کەرکوکی بە تاوانی کوشتنی تورکمان لە سێدارە دا، یەکێکیان شێخ مارف شێخ عەبدولکەریم شێخ حوسێن بەرزنجی سەرۆکی شارەوانی

کەرکوک و هەڵبەستوان و چیرۆکنووس بوو. کوشتنی تورکمانەکان لە ڕۆژانی (14-15)ی تەموزی ساڵی (1959) لەسەر دەستی حکومەتی قاسم و کۆمۆنیستەکان ئەنجام درا، نەک کورد.

11. زەعیم سدیق مستەفا، لە ڕێکەوتی (18.11.1963)دا پەلاماری گوندی (سەیار)ی نزیک دەربەندیخان-دا، لە ئەنجامدا (33) هاووڵاتی سیڤیلی بێتاوانی دانیشتووی گوندی ناوبراوی دەستگیرکرد و هەر لەوێ هەموویانی گوللە بارانکرد؛ سەرچاوە: (1-41، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی دووەم، ل10).

12. عومەر هەمزە ساڵح پشدەری، نووسیویێتی: (لە ڕێکەوتی (25.5.1966)دا ئەفسەرێکی میلیشیای ئێراقی بەناوی غانم ئەلمسباح فەرماندەی لیوای (21)، دوای شکستێکی گەورەی هێزەکەی لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کوژرانی (110) چەکداری هێزەکەی، بەردەبێتە گیانی دانیشتوانی بێتاوانی گوندەکانی (کفرە دۆڵ، چۆلیاوا، سەروچاوە و ترشاوە) و لە ئەنجامدا سی و سێ هاووڵاتی دەکوژن؛ سەرچاوە: (1-42، عومەر هەمزە ساڵح، ڕاگواستن لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیی و مێژوویی ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستانە، پشدەر وەک نموونە، چاپی یەکەم، ل70). بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە من پێیگەیشتووم ئەو فەرماندەیە ناوی تەواوی (عەقید غانم مسباح ئەلئەمین) بووە و فەرماندەی لیوای (20) بووە نەک لیوای (21)، کە دوای لادانی زەعیم سدیق ئەو بۆتە فەرماندەی لیوای ناوبراو.

13. لە ڕێکەوتی (18.8.1969)دا بەناو سوپا دڕندەکەی حزبی بەعسی عارەبی، لە دەڤەری شەمکانی سەر بە قەزای شێخان بە سەرکردایەتی فەرماندەی تیپی چوار لە موسڵ (عەمید ڕوکن عەبدولجەبار عەبدولڕەحیم ئەلئەسەدی)، کە دواتر لە ساڵانی (1981-1982)دا بە پلەی فەریق ڕوکن گەیشتە پۆستی سوپا سالاری ئێراق، تەواوی ئەو ژن، منداڵ و پیرە پیاوانەی کە ژمارەیان حەفتاو چوار کەس بوو، پێکهاتبوون لە کورد و ئاشووری و پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتێک لە نزیک گوندی (دەکان)ی شێخان، ئاگری بەردایە ئەشکەوتەکە و هەموویانی سوتاندن. فەریق ڕوکن عەبدولجەبار

ئەسەدی، دوای ڕوخانی ڕژێم، وەکو ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عارەبی سۆسیالیست – باڵی عزەت ئیبراهیم کار دەکات و لە وڵاتی سوریا دەژیت. سەبارەت بە ژمارە و ناوی شەهیدەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە، نووسەر وەسفی حەسەن، لە سەرچاوەی (2–154، گۆڤاری دهۆک، ژمارە (21)، ل3–22)دا ناوی هەر حەفتاو چوار شەهیدی نووسیوە. بەڵام نووسەری ناوبراو باسی ئەوەی نەکردووە، کە شەش ژن لە سووتاوەکان دوو گیان بووینە، بەمەش ژمارەی تێکڕای قوربانییەکان دەبێتە هەشتا کەس.

14. هێزێکی میلیشیای بەعسی عروبە، کە بریتی بوو لە فەوجی چواری سەر بە لیوای (23)، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (16.9.1969)دا لەسەر بڕیاری فەرماندەی لیوا عەقید ڕوکن ڕازی لەفتە و بە فەرماندەیی (ملازم عەبدولکەریم خەلیل ئەلجحەیشی)، پەلاماری گوندی (سۆریا)ی سەر بە شارۆچکەی سمێل کە دەکەوێتە باشووری شاری زاخۆ؛ سەرچاوە: (ئەفسەری خانەنشین داود برنۆ، بعض الحقائق عن مذبحة قرية صوريا، موقع نينوى لتجمع أشور الوطني، 15.9.2009)، لە ئەنجامدا حەفتا کەسی سیڤیلیان کوشت و پەنجا و پێنج کەسیش بریندار بوون کە دواتر پازدەیان مردن. ملازم عەبدولکەریم خەلیل ئەلجحێشی خەڵکی گوندێکی سەر بە تەلەعفەر بوو بەناوی (ئەلبوغە)، لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە شاری موسڵ–دا دەژیا و تاوەکو نووسینی وتارەکەی داود برنۆش هەر لە ژیاندا مابوو. دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێسکوپروسکی (39) کەسی لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزییەوە، کە بیست و پێنجیان کریستان و چواردەشیان کورد بوون، لە ڕێکەوتی (16.9.2011)دا بە سەرپەرشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستان گواسترانەوە و دووبارە لە گۆڕستانی گوندی سۆریا نێژرانەوە.

15. بەعسییەکان لە مانگی سپتێمبەری ساڵی (1971)دا چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیان نزیک بە سەد و هەشتا هەزار کەس دەبوو لە ئێراقدا، بە بیانووی ئەوەی ئەمانە شیعەن و بەڕەچەڵەک ئێرانین دەرکرد؛ سەرچاوە: (1–43، ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی

ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن 1961–1975، ل320). دەرکردنی ئەو خێزانە کوردانە، لە کاردانەوەی شۆڤینیانەی حکومەتی بەعس بوو، لە ئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی ئێران بۆ هەر سێ دوورگەکانی تونبول کوبرا، تونبول سوغرا و ئەبو موسا لە ڕێکەوتی (30.11.1970)دا.

16. بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ لە ڕێکەوتی (24.4.1974)دا لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێراق، کە بووە هۆی شەهید کردنی نزیکەی (163) کەس و بریندارکردنی نزیکەی (350) کەس لە ژن و منداڵی بێتاوان. دوو لە فڕۆکەوانە ناسراوەکان کە شاری قەڵادزێ-یان بۆردومان کرد (ڕائیدی فڕۆکەوان سالم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ موسڵاوی و نەقیب محەمەد نەبیل ئەحمەد موسڵاوی) بوون. ڕائید سالم سوڵتان بەسۆ کە برای (غانم سوڵتان بەسۆ)ی پارێزگاری موسڵ و ڕەگەزپەرست و دژ بە کورد بوو. ڕائید سالم سوڵتان عەبدوڵڵا بەسۆ، سەرکردایەتی ئەو پۆلە فڕۆکەیەی کردووە کە شاری قەڵادزێ-یان ناپاڵم و فسفۆر باران کرد، لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی (1988)دا بە پلەی لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان پۆستی بەڕێوەبەری هەواڵگری ئاسمانی (مدير الاستخبارات الجوية)ی هەبووە، بەڵام سەدام لە ڕێکەوتی (13.11.1993)دا بەتۆمەتی کۆدەتا گولله بارانی کرد. هەروەها نەقیبی فڕۆکەوان محەمەد نەبیل ئەحمەد موسڵاوی (أبو صدام) دوای ڕوخانی ڕژێم (أبو حسام)، بە پلەی لیوا ڕوکن لەلایەن نوری کامل مالیکی سەرۆک وەزیران کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی لە دەزگای هەواڵگری نیشتمانیی (2007–26.1.2010)، سەرەڕای ئەو تاوانەی کە لە ساڵی (1974) لەدژی دانیشتوانی قەڵادزە ئەنجامی دابوو هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە بەر لە ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە حزبی بەعس پلەی (عضو فرقة)ی هەبووە لە وەزیریەی بەغدا.

17. بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (27.4.1974)دا، بەهۆی چەکی ئاسمانی و شەهید کردنی (43) کەس و بریندارکردنی زۆرتر لە (50) کەسی تر.

18. بۆردومانکردنی ئاسمانی شاری گەڵالە لە ڕێکەوتی (29.4.1974)داو شەهید کردنی بیست و نۆ کەس لەسەر پردەکەی گەڵاڵەدا، کە یەکێکیان ئامۆزازایەکی خۆم بوو بەناوی (شەهید مەجید ئەحمەد مەحمود دیبەگەیی).
19. کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان لە ڕێکەوتی (4.4.1980)دا جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە، کە نزیکەی سی هەزاری لێکوشتن و زۆرتر لە (120) هەزاری لێ دەرکردن بۆ ئێران. ئەوە جگە لەوەی کە لە ماوەی ساڵانی نێوان (1968–1971)، نزیکەی دوو سەد هەزار کوردی فەیلی دەرکرد بۆ ئێران. بە هەمووی لە نێوان ساڵانی (1968–1982)دا زۆرتر لە سێ سەد هەزار کەسیان دوورخستەوە بۆ ئێران؛ سەرچاوە: (1–44، ئەمین قادر مینە (چیا)، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل یەعریب تەبعیس، ل124). عەقید نەسروڵلا ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی کیفاح، کە سەرکردایەتی شاڵاوەکانی گرتن و لەناوبردنی کوردی فەیلی کردووە، دواتریش بووە بە بەڕێوەبەری ئەمنی بەغدا.
20. پۆلێک فڕۆکەی حکومەتی سەدام و حزبی بەعسی عارەبی ئێراقی، کە پێکهاتبوون لە چوار فڕۆکەی جەنگی و شەش هەلیکۆپتەری جەنگی لە ڕێکەوتی (7.5.1981)دا، بەنیازی بۆردومانکردنی شوێنی کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆردومانی دۆڵەتووی کرد، بەندیخانەیەکی حزبی دیموکراتی کوردستان بەرکەوت کە بەشوێنی کۆنگرەی تێکەیشتبوون، لە ئەنجامی ئەو بۆردومانەدا زۆرتر لە (150) کەس دەکوژرێن و بریندار دەبن؛ سەرچاوە: (1–45، شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، ل197).
21. کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی قوشتەپە، بەحرکە، حەریر، باتاس و دیانا لە ڕێکەوتی (31.7.1983–3.8.1983)، کە حکومەتی بەعس و سەدام زۆرتر لە هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی بێتاوانیان لەناوبرد.
22. شەهید کردنی (15) هاووڵاتی و بریندارکردنی (11) کەسی دیکەی بێتاوانی گوندی (چیمەنی گەورە)ی سەر بە پارێزگای کەرکوک؛ سەرچاوە: (1–57، نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئاڵا بڵاوکراوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەمەریکای باکوور 1979–1983، ل218).

23. شەهید کردنی (22) هاووڵاتی و بریندارکردنی ژمارەیەکی لەوە زۆرتر لە دانیشتوانی گوندەکانی بەردەقەل، بەردەکەپران و کۆنەلاجان لە ڕێکەوتی (13.9.1983)دا، لە ئەنجامی هێرشی چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی سەدام حوسێن و حزبی بەعس؛ سەرچاوە: (2–233، کوردستانی نوێ، ژمارە (5579)، ل19). گوندەکانی بەردەقەل، بەردەکەپران و کۆنەلاجان دەکەونە نێوان هەردوو شارۆچکەی خانە و نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
24. لە ڕۆژی (8.3.1985)دا میلیشیا دڕندە و شۆڤینیستەکەی حکومەتی سەدام و حزبی بەعسی عارەبی، لە پەلامارێکی نامرۆڤانەیاندا بۆ سەر گوندەکانی (ئازیانە، قەشقە و جلبەسەر)دا، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەر سێ گوندی ناوبراویان لەگەڵ خاک تەختکرد و (43) هاووڵاتی بێتاوانی ئەو سێ گوندەشیان شەهید کرد.
25. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (9.6.1985)دا، هێزێکی ئاسمانی ئێراقی کە لە هەشت فڕۆکە پێکهاتبوو، لە کاتژمێری (9:15)ی بەیانی ئۆردوگای (زێوە)ی پەنابەرانی کوردی باشووری کوردستانی لەناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)دا بە چەکی فسفۆر و ناپاڵم بۆردومانکرد، لە ئەنجامدا (313) هاووڵاتی بێتاوانی شەهید و (373)ی دیکەشی بریندارکرد، کە زۆربەیان قاچ یان دەستیان بڕاوەتەوە یان دەموچاو و جەستەیان سووتاوە، سەرچاوە: (بەیاننامەی سەنتەری ئەنفال بەبۆنەی بۆردومانکردنی ئۆردوگای زێوە؛ (2–155، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (3195)، ل1+7).
26. لە ماوەی نێوان دوو مانگی سپتێمبەر و ئۆکتۆبەری ساڵی (1985)دا، میلیشیا دڕندەکەی ئێراق، سێ سەد منداڵی کوردی ژێر تەمەنی هەژدە ساڵی دانیشتووی سلێمانی گوللەبانکرد، کە دواتر هەڵبەستوان شێرکۆ بێکەس هۆنراوەیەکی بۆ داناون.
27. شەهید کردنی (21) هاووڵاتی بێتاوانی گوندەکانی دەشتی کۆیە لە ڕێکەوتی (28.11.1985) بەدەستی هێزەکانی حکومەتی بەعسی ئێراقی.
28. حکومەتی بەعسی ڕەگەزپەرستی ئێراقی، لە ڕێکەوتی (14.1.1986)دا هەژدە هاووڵاتی کوردی لەناو شاری کەرکوک بە ئاشکرا و بەرچاوی خەڵک، گوللە بارانکرد، کە پێشتر هەموویان لە ڕێکەوتی (15.11.1985)دا

لە ڕۆژی قەدەغەکردنی هاتوچۆ (منع التجوال)ەکەدا بێتاوان دەستگیر کرابوون؛ سەرچاوە: (2-156، کوردستانی نوێ، ژمارە (5378)، ل19).

29. چەند فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی ڕژێمی بەعس، لە پەلامارێکدا لە ڕێکەوتی (1.6.1986)دا بۆ سەر گوندی تلیان لە ناحیەی شوان، هەژدە هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەیان شەهید کرد؛ سەرچاوە: (2-255، أخبار کوردستان، العدد (158)، حزیران 1987، ص3+8).
30. لە ڕێکەوتی (15.4.1987)دا، هێزی ئاسمانی سوپای ئێراق گوندەکانی سەرگەڵو و بەرگەڵو-یان کیمیاباران کردو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەر دوو گوندی ناوبراویان شەهید کرد.
31. لە ئەنجامی هێرش و پەلاماری دڕندانەی حزبی بەعس بۆ سەر گوندەکانی (بالیسان و شێخ وەسانان)ی دۆڵی بالیسان لە ڕێکەوتی (16.4.1987)دا، نزیکەی (315) هاووڵاتی شەهیکران و نزیکەی (500) کەسیش بریندار بوون. شەهیدەکان (شێخ وەسانان 183، بالیسان 45 و ئەوانەی تریش هی گوندەکانی بەلاروکاوە (بالوکاوە)، بێراوە، توتمە (توتمێ)، خەتێ، دەراش، وەرێ و چەند گوندێکی کە)، بریندارەکانیش لە نەخۆشخانەکاندا بە سەرپەرشتی نەقیب حەسەن ئەلدوری، نەقیبی ئەمن و ئەندامی فەرماندەیی هۆبە (عضو قیادة شعبة)ی هەولێری حزبی بەعس کۆکرانەوە و گوللە باران کران.
32. لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (13.5.1987)دا، لە ڕاپەڕینێکی فراوانی کۆمەڵانی خەڵکی شاری هەڵەبجەدا لە دژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی عارەبی سەدام-دا، هێزەکانی سوپا، ئەمن و ئیستخبارات، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی شارەکەیان دەستگیرکرد، دواتر هەشتاو پێنج کەسیان بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید و فەریق نزار خەزرەجی، فەرماندەی ئەوکاتی فەیلەقی یەکی زیندەبەچاڵ کرد. دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)، تەرمی ئەو شەهیدانە لە چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵدا لە (بامۆکی) لای هەڵەبجە و سەید سادق و شانەدەری دۆزرانەوە؛ سەرچاوە: (1-13، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ل228). دوای تێپەڕبوونی بیست و دوو ساڵ

بەسەر ئەو تاوانە، یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (4.11.2009)دا دەستپێکرد و ئەمانەی خوارەوە وەکو تۆمەتبارانی سەرەکی ناویان هاتووە: (عەلی حەسەن مەجید، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی، فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات، لیوا ڕوکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری بەڕێوەبەری ئیستخباراتی کەرتی خۆرهەڵات (لە مانگی ئازاری ساڵی 2008دا لە زیندانی ئەمریکییەکان مرد)، مونزر عەزیز بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سلێمانی، عەمید ڕوکن غانم ساڵح حەسەن فەرماندەی جەحفەلی سووکی بەگری نیشتمانیی پێنج و عەلی حەسەن عوەید ئەلعەلکاوی فەرماندەی فرقەی (43)ی سوپای ئێراق).

33. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (7.6.1987)دا، چەند فڕۆکەیەکی جەنگی حکومەتی سەدام و ئێراق، بە چەکی کیمیایی پەلاماری شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان-یان داو نزیکەی (530) هاووڵاتی بێتاوانی ئەم شارە لە منداڵ، ژن و پیر شەهید بوون؛ سەرچاوە: (2-157، کوردستانی نوێ، ژمارە (5499)، ل23).

34. لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.6.1987)دا، چوار فڕۆکەی جەنگی ئێراقی، لە کاتژمێری (16:30)ی دوای نیوەڕۆدا شاری (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژەهر باران کرد و نزیکەی هەشت هەزار هاووڵاتی بێتاوانی کورد لەم شارەدا شەهید و برینداركران.

35. لە ڕێکەوتی (11.11.1987)دا هێزەکانی میلیشیای حکومەتی بەعس و سەدام، نزیکەی (150) هاووڵاتییان لە گوندی (چیمەن)ی سەر بە پارێزگای کەرکوک بە چەکی کیمیایی شەهید کرد و تەواوی گوندەکەیان کاولکرد.

36. حکومەتی بەعس لە ڕێکەوتی (16.10.1987)دا نزیکەی (300) هاووڵاتی بێتاوانی لە شارۆچکەی شەقڵاوە گرت و گواسترانەوە بۆ ئەمنی هەولێر. لە ئەمنی هەولێر سێ کەسیان بەرگەی ئەشکەنجەی دڕندانەی بەعسییەکان ناگرن و دەمردن، بەگوێرەی نووسراوی (18.11.1987)ی بەڕێوەبەرێتی ئەمنی پارێزگای هەولێر بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەمنی شەقڵاوە دەردەکەوێت کە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی هەولێر لە ڕێکەوتی (15.11.1987)دا (22) هاووڵاتی

بێتاوانی شاری شەقڵاوەی گوللە باران کردووە. بەپێی نووسراوێکی تری بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی هەولێر لە ڕێکەوتی (15.11.1987)دا بۆ ئەمنی شەقڵاوە، بیست و دوو بەڵگەنامەی مردنی ناردووە بۆئەوەی بدرێتە کەسوکاری کوژراوەکان، کە ناوی ئەو سێ کەسەشی تیایە کە لە ئەمنی هەولێر لەژێر ئەشکەنجەدا مردوون؛ سەرچاوە: (2-1، ب20، ل4845). دوای ڕاپەڕین لە ڕێکەوتی (15.9.1991)دا تەرمی ئەو (22) شەهیدەیان لە گۆڕستانی کارگەی قیری شاری هەولێر دۆزیەوە و ڕۆژی دواتر ڕێکەوتی (16.9.1991)دا تەرمەکانیان لە ڕێپێوانێکی فراوانی ئاپۆڕەی جەماوەریدا لە هەولێرەوە گواسترایەوە بۆ گۆڕستانی زەیتون لە شارۆچکەی شەقڵاوە.

37. چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی بەعس و سەدام لە ڕێکەوتی (16.11.1987)دا، هەڵسان بە بۆردومان کردنی گوندی فریز-ی سەر بە شارەدێی هیران لە پارێزگای هەولێر کە (12) هاووڵاتی شەهید و (13)ی دیکەش بریندار بوون.

38. تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە مانگی ئازاری ساڵی (1988)دا لە ناوچەی قەرەداغ، لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێراق و تۆپ هاوێژی سوپا، نزیکەی چوار سەد کەس شەهید بوون. لەنێویاندا هێزەکانی میلیشیای سەدام و بەعس بە فڕۆکە لە ڕێکەوتی (22.3.1988)دا گوندی سێوسێنان-ی بۆردوومان کرد، کە (78) شەهید و نزیکەی دوو سەد برینداری لێ کەوتەوە.

39. ژمارەیەک برینداری چەکی کیمیایی لە پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان چوار سەد کەس دەبوو لە لایەن دەزگاکانی ڕژێم لە نەخۆشخانەکان دەرهێنران، لە ڕێکەوتی (2.4.1988)دا لە سەربازگەی تانجەڕۆ هەموویان گوللە باران کران؛ سەرچاوە: (1-1، دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل243).

40. هێزی ئاسمانی ئێراق، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (3.5.1988)دا، بە چەکی کیمیایی پەلاماری گوندەکانی گۆپتەپە و عەسکەر-یان دا. دوو سەد هاووڵاتی شەهید و (305)ی تریش برینداربوون. دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم ئەو بریندارانەش کە گەیەنرابوونە نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی شار

و شارۆچکەکانی کوردستان، کۆکردەوە و هەموویان گوللە باران کردن یان لەناویان بردن.

41. هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی قۆناغی ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوتدا، هێزە دڕندەکەی ئاسمانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (15.5.1988)دا بە چەکی کیمیایی پەلاماری گوندی (وەرێ)ی دۆڵی بالیسان-یان دا، بیست و دوو کەسی بێتاوانی ئەو گوندە شەهید بوون.

42. لە بەرەبەیانی ڕۆژی (10.7.1988)دا چەند فڕۆکەیەکی جەنگی حکومەتی بەعسی ئێراق بە چەکی کیمیایی پەلاماری ئۆردوگای (هەوارەخۆڵ)ی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دا، کە بەهۆیەوە (20) هاووڵاتی شەهید و زۆرتر لە (150) بریندار لێکەوتەوە. ئۆردوگای هەوارەخۆڵ نزیکەی (513) خێزانی ئاوارەی (40) گوندی ناوچەی دۆڵی جافایەتی لەخۆگرتبوو کە لە ترسی ستەمی ڕژێمی سەدام و حکومەتی بەعسی ئێراق لەکاتی ئەنفالی یەکەم لە ساڵی (1988)دا پەنایان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردبوو؛ سەرچاوە: (2-256، کوردستانی نوێ (6126)، ڕێکەوتی (10.7.2013)، ل14).

43. چەند فڕۆکەیەکی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراقی لە بەرەبەیانی ڕۆژی (22.7.1988)دا، بەرانبەر بە (31)ی پوشپەڕی ساڵی (1367)ی هەتاوی کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، کیمیا بارانی گوندی (زەردە)ی بناری داڵاهۆی سەر بە شارستانی کرندی ڕۆژئاوا لە پارێزگای کرماشان-یان کرد، کە بووە هۆی شەهید کردنی (275) کەس و بریندارکردنی (1146) کەسی دیکە؛ سەرچاوە: (2-250، ئیقبال سەفەری، لە یادی 19 ساڵەی بۆردومانی شیمیایی گوندی زەردە لە ناوچەی داڵەهۆ).

44. لەکاتی ئەنفالەکانی ساڵی (1988)دا، زۆرتر لە سێ هەزار منداڵ لە تۆپزاوە لەبەر نەخۆشی و لە برسان مردن.

45. ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان لە نێوان (23.2.1988-6.9.1988)دا، کە ژمارەی قوربانییەکان بە گوێرەی قسەی سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئەوکاتی ئێراق (فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی، کە خۆی نەخشەی بۆ داڕشتووە و سەرپەرشتی شاڵاوی

ئەنفالەکانی کردووە و بۆ دەسەڵاتدارانی دانمارکی باسیکردووە) زۆرتر لە (250) هەزار مرۆڤی کورد دەبوو نەک (182) هەزار، کە زۆربەی هەرە زۆرییان منداڵ، ژن و پیر و پەککەوتە بوون.

46. لە بەرەبەیانی ڕۆژی (29.8.1988)دا دوازدە فڕۆکەی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێراق، کەوتنە بۆردومانکردنی گەلی بازێ و (2980) هاوولاتی بێتاوانی ئەو دەڤەرەیان بە چەکی کیمیایی شەهید کرد؛ سەرچاوە: (1-46، دکتۆر مارف عومەر گوڵ، ژینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ل45).

47. چوار فڕۆکەی حکومەتی بەعسی ئێراق، لە ڕێکەوتی (14.10.1988)دا گوندەکانی (چەمی ڕێزان)یان کیمیا باران کرد و لە ئەنجامدا (47) هاوولاتی بێتاوانی کوردیان شەهید کرد کە زۆربەیان منداڵ و ژن بوون؛ سەرچاوە: (2-252، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (5904)، ل23، گۆشەی بۆ مێژوو).

48. لە ڕێکەوتی (21.12.1988)دا حکومەتی بەعسی ئێراق (1800) کەسی لەو کوردانەی کە سودیان لە لێبووردنەکەی ڕۆژی (30.11.1988)ی دوا بەدوای لێبووردنەکانی ژمارە (736-737)ی ڕێکەوتی (6.9.1988)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس وەرگرتبوو، گوللە باران کرد؛ سەرچاوە: (1-47، طالب الصحفي، الأستقرار المفقود في عهد صدام، ل 23).

49. دەستگیرکردنی (33) گەنجی کوردی گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک لە بەرەبەیانی ڕۆژی (11.3.1991)دا بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام. دوای ئازار و ئەشکەنجەی زۆری ئەو (33) لاوەی کە نووسەری بابەتەکە ناوەکانیانی نووسیوە، لەسەر بڕیاری عەلی حەسەن لە گەڕەکی شۆڕیجە و لە بەردەم (عیادەی دکتۆر سەعدی)، بەدەستی کەلەپچەکراو و چاوی بەستراوەوە گوللە بارانیان دەکەن؛ سەرچاوە: (2-241، کەرکوکی نوێ، ژمارە (84)، هەینی، ڕێکەوتی (1.4.2011)، ل5).

50. هێزەکانی سوپاو میلیشیای حزبی بەعسی عارەبی، لە ڕۆژی (28.3.1991) لەناو شارەدێی پردێ (75) هاوولاتی بێتاوانی تورکمان و کوردی ئەم

شارۆچکەیان گوللە باران کرد، کە ناوی هەموویانم لە ڕێگای ڕابەر ڕەشید بۆ هات.

51. لەم ڕۆژانەدا (کۆتایی مانگی دووی ساڵی 2010) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەکو هەڵمەتی هەڵبژاردن وتارێکی کۆنی مام جەلال سکرتێری گشتی (ی. ن. ک) کە ساڵی (1992)ی لەسەر نووسراوە، بەسەدان جار لە هەر دوو کەناڵی ئاسمانی کوردسات و گەلی کوردستان دووبارە کردەوە، مام جەلال باسی ئەوە دەکات کە ڕژێمی بەعس (288) کوردی ئەو شارەی بە یەکجار لە سێدارە داوە.

52. بەگوێرەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (411)ی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (13.6.1993)، حکومەتی سەدام و بەعس تەرمی (20) هاوولاتی بێتاوانی کوردی شاری کەرکوک-یان دایتەوە دەست کەسوکاریان.

53. دەستپێکردنی شاڵاو و پەلاماری دڕندانەی شۆڤینیستانی عارەب هەر لە سەرەتای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری (سەدام)ەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵ دابێ لە دژی تەواوی کورد، کوردی ئێزیدی، کوردی شەبەک، کوردی کاکەیی، کلدوئاشووری (کریستانەکان)ی پارێزگای موسڵ و سابیئییەکان بەردەوامە. هێرش و پەلاماری عارەبی شۆڤینیست بۆ سەر کریستانەکانی پارێزگای موسڵ و هانا هێنانیان بۆ شارەکانی تری کوردستان پاراستنیان لە مەترسی ڕەگەزپەرستە عارەبە ئیسلامی و بەعسییەکان، دیسان دەیسەلمێنی کە ڕەفتاری کوردەکان لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە لە کوردستاندا دەژین، زۆر باشترە و هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ ڕەفتاری عارەبەکان لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی ئێراقدا لەگەڵ ئەواندا دەژین. ئەوانە لە هەر شوێنێک بۆیان گونجابێت بە بیانۆی نابەجێ و ناڕەوا بەتایبەت لە پارێزگاکانی (موسڵ، کەرکوک و دیالا)ی باشووری کوردستان، کە دەمێکە لە لایەن ڕەگەزپەرستانی عارەبەوە هەوڵی گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی ڕاستەقینەی خۆیان کە سیمای کوردایەتییە دراوە، هەروەها لەسەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک – بەغدا و لەو دیوی کێوەسوور (چیای حەمرین)ەوە کوردیان کوشتووە. توندوتیژی، دڕندەیی، کاری نامرۆڤانە و ئەو هەموو کوشتار و هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد و

خاكی كوردستان لە لایەن ڕەگەزپەرستانی عارەب لە ئێراقدا، شیمانەی بەیەكەوە ژیانی كورد و عارەبی لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا نەهێشتۆتەوە. بۆیە لە پێناوی نەهشتنی ئەو مەترسیانە لەسەر كورد و كوردستان و مسۆگەركردنی ژیانێكی بێ كێشەو پڕ لە ئاسوودەیی بۆ نەتەوەی كورد، لەسەر ڕۆشنایی دەستووری ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كە سەبارەت بە مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەست و هەڕەشە لە سەرەكان دەڵێت: (ئەگەر دەوڵەت هەر گەلێك بخاتە دۆخێكی واوە كە بوونی بكەوێتە مەترسییەوە. وەكو ئەنجامدانی جینۆساید یا ئەپارتید، یا هەلومەرجێكی وا خراپ پەیدا بێت هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بكات، ئەوكاتە كۆمەڵگەی جیهانی بە گوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆی هەیە پشتگیری ئەو گەلە بكات بۆ دیاریكردنی چارەنووسی؛ سەرچاوە: (1-46، دكتۆر مارف عومەر گوڵ، ژینۆسایدی گەلی كورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ل31)، هەروەها لەسەر ڕۆشنایی ئەو بەیانە ئێراقییەی كە لە ڕۆژی (30.3.1932)دا دەرچووە كە دەڵێت: (یەكێتی خاكی ئێراق پابەندە بە جێبەجێكردنی مەرجەكان و ڕەچاوكردنە تایبەتییەكان سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ. سەروەری ئەو وڵاتە (ئێراق) بەندە بە پاراستنی كەمە نەتەوەكان؛ سەرچاوە: (1-48، المحامي الشيخ سالار الحفيد، جنوب كوردستان في موازين السياسة الدولية، ل35-36). پێویستە لەسەر تەواوی كورد و سەركردایەتی كوردستان، داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری كۆمەڵەی نەتەوەكان، بڕیاری ڕێكەوتی (16.12.1925)ی پەیوەست بە لكاندنی زۆرەملێیانەی باشووری كوردستان (ویلایەتی موسڵ) بە ئێراقەوە و داوای جیابونەوەی باشووری كوردستان لە ئێراق بكەن لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ لە كوردستاندا، چونكە حكومەتەكانی عارەبی ئێراق نەك تەنیا مەرجەكان و ڕەچاوكردنە تایبەتییەكانیان سەبارەت بە باشووری كوردستان (ویلایەتی موسڵ) جێبەجێ نەكردووە و مافی كەمە نەتەوەكانیان لە چوارچێوەی ئێراقدا نەپاراستووە، بەڵكو بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی ئێراق لە ڕێكەوتی

(25.10.1920)دا تاوەکو ڕوخانی ڕژێم لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا، بە بەردەوامی هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی تریان داوە. هەروەها بە گوێرەی بڕیاری دادگای تاوانەکانی باڵای ئێراق، کە لە ڕێکەوتی (24.6.2007)دا تاوانی ئەنفال و لە ڕێکەوتی (28.2.2010)دا تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، تاوانی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان لە ڕۆژی (29.11.2010)دا و تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی لە ڕێکەوتی (3.5.2011)دا بە جینۆساید ناسی، کورد بۆی هەیە داوای پاڕاستنی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆی بکات. لە دوای ڕوخانی ڕژێمیش تاوەکو ئێستاش هەندێک لە سیاسەتی شۆڤینیستانەی عارەبی لە دژی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوەکانی تردا جێبەجێ دەکرێت بۆ نموونە کارە تیرۆریستییەکەی مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لقی دووی (پ. د. ک) لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (1.2.2004)دا لە هەولێر، کە بووە هۆی شەهید بوونی (161) کەس و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆرتر. تیرۆریستە ئیسلامییەکان، لە ڕێکەوتی (22.4.2007)دا، بیست و چوار کرێکاری کوردی ئێزیدییان لە ڕێگای نێوان موسڵ – بەعشیقە کوشت، کە گوایە لە تۆڵەی (دوعا ئەسوەد خەلیل)ی کچە ئێزیدی، کە لە ڕێکەوتی (15.2.2007)دا کوژرابوو، ئەوانەیان کوشتووە. کارە خۆکوژیەکەی (14.8.2007)ی دەڤەری ئێزیدییەکان کە لە ڕێگای چوار کامیۆنەوە لە گرد عوزێر و سیپا شێخ خدری سەر بە قەزای شەنگال ئەنجامدران، کە بووە هۆی شەهید بوونی (344) هاووڵاتی کورد و بێسەر و شوێنبوونی (77) هاووڵاتی و برینداربوونی (396)ی دیکە.

# بەشی چوارەم

## هەشت قۆناغی شاڵاوەکانی ئەنفالەکان (6.9.1988-9.2.1988):

### شاڵاوی ئەنفالی یەکەم و هێزە بەشداربووەکان:

شاڵاوی ئەنفال هەشت قۆناغە و لە ماوەی (6.9.1988–9.2.1988)دا درێژەی کێشا. کەواتە ئەنفال لە ماوەی (212) ڕۆژدا ئەنجام دراوە، کە ماوەی (199) ڕۆژ تەرخان کراوە بۆ حەوت قۆناغی ئەنفال لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (13) ڕۆژ تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی ئەنفالی هەشتەم (کۆتایی ئەنفالەکان) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

بڕیاری جێبەجێکردنی قۆناغەکانی ئەنفال بە فەرمانی سەدام حوسێن مەجید تکریتی سەرۆک کۆمار و بڕیاری هەر یەک لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێراق بووە، کە سەدام حوسێن خۆی هەم سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێراق بووە.

جیاوازی لە جێبەجێکردنی نێوان حەوت ئەنفالی یەکەم و ئەنفالی هەشت زۆرن، بەڵام گرنگترینیان ئەوەیە کە هێزێکی یەکجار گەورە و پڕ چەکی ڕژێم کە زۆرتر لە (250) هەزار سەرباز دەبوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری فەوجی جاشەکان کە ژمارەیان (182) فەوج بووە، لەگەڵ زۆرتر لە (100) یەکەی سەربازی، کەتیبەی تانک، کەتیبەی تۆپهاوێژی، یەکەی کۆماندۆ و هێزی تایبەت بەشداری ئەنفالی هەشتیان کردووە بۆ سەر ناوچەکانی ژێردەستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

یەکەم هێرشی ئەنفال بە شاڵاوی ئەنفالی یەکەم ناسرا، کە لە نیوەشەوی ڕێکەوتی (9.2.1988)دا دەستیپێکرد و لە ڕۆژی (19.3.1988)دا بە دەرکردنی بەیانی ژمارە (3087)ی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان کۆتایی پێهات. شاڵاوی ئەنفالی یەکەم بۆ سەر دۆڵی جافایەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە گوندەکانی سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، لە چوارتا تا ماوەت و لەوێشەوە بۆ سلێمانی و ئینجا بەرەو سورداش، دوکان و بنگرد (کە هەمووی نزیکەی 150 گوندی) دەگرتەوە و دانیشتوانەکانی ئەنفالکران. بەشێک لە گوندەکان

کە ئەمانەی خوارەوە بوون و لەسەر نەخشە سڕانەوە: (ئاوەژێ، باڵخ، بەرگەڵوو، بێقۆچ، تەلان، تۆپزاوە، جاسەنە، جۆبڵاخ، خەمزە، خوڕخوڕە، چاڵاوا، چنارنە، چۆخماخ، پیرکە، پیسکەندی، دۆڵمازەڵە، دۆڵەبی، ڕکاوا، زەرزی، زەرون، زێوێ، سابوراوە، سەرگەڵوو، سەرمۆرد، سەفرە، سوسێ، سوڕقاوشان، سینگر، سێدەر، سێکانیان، شارستێن، شاناخسێ، شاقوڵی، شەدەڵە، فەیاڵ، قامیش، قزلەر، قەرەچەتان، قەرەسرد، قەڵەم پاشا، قەرە هەنگوێ (قەرەنگوێ)، قەمچوغە، قولەجاخ، قومەرغان، قەیوان، کانی توو، کوێرەکانی، کۆڵەرد، گاپیلۆن، گەپە، گەڕەدێ، گەورەدێ، گەلاڵە، گوێزیلە، گۆمەزەڵ، مێرگەپان، مالومە، مێولاکە، هەڵەدن، هەنارانی خواروو، هەنارانی سەروو، هەنجیرە، هەوارەبەرزە، ولاغلوو، یاخسەمەر و یاخیان).

ئەنفالی یەکەم بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد محەمەد ئەلتائی فەرماندەی جێگرەوە (قائد ردیف)ی فەیلەقی یەک، کە لە دانیشتنی ژمارە (33)ی دادگاییکردنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفالەکان لە ڕێکەوتی (21.12.2006)دا گوتی: (فەرمانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان پێنەدام لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، خۆ ئەگەر ئەو فەرمانەیان پێبدابام ئەوکاتە بەدڵنیایی چەکی کیمیاییم بەکاردەهێنا)، لیوا ڕوکن نوعمە فارس حوسێن محیاوی فەرماندەی فەیلەقی پێنجی ئەوکات و بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵلا تولڵفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، کە لە دانیشتنی ژمارە (37)ی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (24.1.2007)دا گوتی: (پەشیمان نیم لەو کارانەی کە لەکاتی شاڵاوی ئەنفالەکاندا ئەنجامم داون، ئێستاش هەمان بارودۆخ دووبارە ببنەوە، هەمان ئەو کارانەی لە ئەنفالەکاندا کردوومە دیسان ئەنجامیان دەدەمەوە)، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی یاریدەدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی دوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەلات و بە بەشداری (25) تیپی سەربازی و هێزەکانی گاردی کۆماری بوو.

ئەو هێزانەی کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە و بۆ ئێمە ناسراون بریتین لە:

هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا، بە فەرماندەیی عەمید عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی و ڕەفیق عەقید ناسر فاخر عەلوان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی هۆبەی بەدر ئەلکوبرای سەربازی). عەمید عەلی حوسێن مزعەل ئەلمحەمەداوی، فەرماندەی هێزەکانی بەدر ئەلکوبرا کە فەرمانی دەستگیرکردنی لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بۆ دەرچووە و ژمارە (60)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ، تەنیا لە ئەنفالی یەکدا (6) مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە و بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەی سورداش و هەر یەک لە گوندەکانی: (سەرگەڵوو، بەرگەڵوو، شەدەڵە، هەڵەدن)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2–74، هاوکاری، ژمارە (960)، ل6-7). عەمید عەلی حسێن مزعەل لە درێژەی قسەکانیدا بۆ هاوکاری دەڵێت: (هاریکاری کردن لەنێوان ئێمە و لەنێوان فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی زۆر دیارو ڕێک و پێک بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانییەکی مەزنیان بەخشی و ئەو فەوجانەی لەم جەنگەدا بەشدارییان کرد ئەمانە بوون: فەوجی (2، 5، 20، 23، 36، 37، 51، 81، 96، 109) کە دە فەوج بوون). سەرۆکجاشی فەوجەکانی ئاماژە پێکرا و لە سەرەوەدا کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە، بریتین لە: (سەرۆکجاشی فەوجی (2)ی جاشە سووکەکان، سابیر ئەحمەد ڕەقیب محەمەد سوورچی. سەرۆکجاشی فەوجی (5)ی جاشە سووکەکان، ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی. سەرۆکجاشی فەوجی (20)ی جاشە سووکەکان، ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری. سەرۆکجاشی فەوجی (23)ی جاشە سووکەکان، عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری. سەرۆکجاشی فەوجی (36)ی جاشە سووکەکان، سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی. سەرۆکجاشی فەوجی (37)ی جاشە سووکەکان، تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی. سەرۆکجاشی فەوجی (51)ی جاشە سووکەکان، ئیبراهیم مەولود گەردی و مامەند حەمەد مەولود گەردی. سەرۆکجاشی فەوجی (81)ی جاشە سووکەکان، محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی. سەرۆکجاشی فەوجی (96)ی جاشە سووکەکان، خالید مەحمود ئەحمەد شەیف غەوارە (خالیدی خولە سوور). سەرۆکجاشی فەوجی (109)ی جاشە سووکەکان، شێخ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەڤانی).

هێزەکانی خالید بن وەلید (تیپی 2)ی پیادەی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن عەبدولمەجید عەباس وەهیب بووە.

هێزەکانی قەعقاع ناسراو بە (تیپی چوار)ی ناسراو بە (هێزەکانی قەعقاع)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا بەیاتی بووە.

تیپی (8)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی موسەنا)ی سەر بە فەیلەقی (1)، فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن ناتق شاکر مەحمود ڕامز بووە.

تیپی (24)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی موعتەسەم)ی سەر بە فەیلەقی (5)، کە فەرماندەکەی لیوا ڕوکن عەبد عۆن نوعمە نسور بووە.

لیوای کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی (1)، بە فەرماندەیی عەمید عەلی و فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای کۆماندۆی یەک، بە فەرماندەیی ڕائید شەهید عەلی. لیوای کۆماندۆی دوو سەر بە فەیلەقی چوار. لیوای کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی شەش.

تیپی (33)ی پیادەی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن ڕەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بووە، هەروەها ڕائید محەمەد ڕەشید سوڵتان، فەرماندەی یەکەیەکی سەر بەو تیپە بوو بەشداری ئەو ئەنفالە و ئەنفالەکانی تری کردووە لەگەڵ تیپەکەیاندا. عەمید ڕوکن ڕەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بەهۆی بەشداری کارای لە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالی یەکەم و سێیەمدا، دوو مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-65، العراق، ژمارە (3905)، ل3).

تیپی (38)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپیەکە عەمید ڕوکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بووە.

بیست لیوای (مدفعیة المیدان) کە ژمارەیان بیست هەزار سەربازی پڕ چەک دەبوو، خۆیان و (720) تۆپی دوورهاوێژ، سەر بە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوون و بەشداری هەموو ئەنفالەکانیان کرد.

بیست لیوای کۆماندۆی فەیلەقەکانی (2، 3، 4، 5، 6، 7).

هەر سێ فەوجەکانی کۆماندۆی سەر بە لیوای کۆماندۆی (72).

لیواکانی کۆماندۆی هەر یەک لە فەیلەقەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6).

لیواکانی پیادەی (19، 26، 31، 32، 36، 72، 75، 116، 438، 445، 448)، عەقید فەوزی جەواد هادی بەرزنجی فەرماندەی لیوای پیادەی (19) بووە و لەلایەن

(دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (42)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان پێدراوە. موقەدەم ڕوكن حوسێن عەلی حەمید فەرماندەی لیوای (36) بووە و لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (137)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان دراوەتێ. عەمیدی هێزەكانی تایبەت (ق.خ.). عەقیدی پیادە محەمەد یەعقوب یوسف فەرماندەی لیوای (438) بووە و لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (44)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان پێدراوە. عەقیدی پیادە قەیس ئیبراهیم مەدحەت، فەرماندەی لیوای (445) بووە و لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (43)ی لە لیستی ناوی داواكراوەكان دراوەتێ.

هێزی تایبەتی لیواكانی (65+66) كە هێزێكی تایبەتی سەر بە سەركردایەتی گشتیی هێزە چەكدارەكان بوون و ژمارەیان نزیكەی (5) هەزار سەرباز دەبوو، لە ساڵی (1990)دا عەمید ڕوكنی هێزی تایبەت عەبدولموحسن سلێمان كازم فەرماندەی لیوای (65) بووە، بەڵام ئەوەم بۆ ڕوون نەبۆتەوە كە ئایا لەكاتی ئەنفالەكانیشدا هەر ئەو بووە یان ئەفسەرێكی تر! عەمید ڕوكن جەعفەر سادق، فەرماندەی لیوای (66)ی هێزی تایبەت و ڕائید عەبدوڵڵەتیف مەجید كەرخی، فەرماندەی كەتیبەی (46)ی تانكەكانی (أبو هيثم)ی سەر بە لیوای ناوبراو بووینە.

هەروەها (30) فەوجی لە دایكبووانی ساڵی (1945). سێ لیوای پاسەوانی كۆماری (الحرس الجمهوري) بەتەواوی چەك و تفاقی پێشكەوتووی شەڕیانەوە بەشداری ئەو قۆناغەی ئەنفالیان كردووە.

ڕۆژنامەی هاوكاری؛ سەرچاوە: (2–158، هاوكاری، ژمارە (962)، ل4)، باسی بەشداریكردنی هەر یەك لە (عەمید ڕوكن بەشیر عەلی محەمەد، فەرماندەی پێكهاتەیەكی سوپا بەناوی (قوات الربيع – هێزەكانی ئەلڕەبیع)، ڕائید عەبدولجەلیل قاسم محەمەد، ئەفسەری ئاراستەی ڕامیاری (ضابط التوجيه السياسي) و فەرماندەی ڕەتڵی یەكەمی (هێزەكانی ئەلڕەبیع) و ڕائید عەبدولئیلا عەبدولڕەزاق محەمەد ئەلجومەیلی)ی كردووە لە ئەنفالی یەك، كە ئەنفالی دانیشتوانی گوندەكانی

سەرگەڵوو و بەرگەڵوویان کردووە. شانبەشانی (هێزەکانی ئەلڕەبیع) هەر یەک لە فەوجی (72)ی فوئاد کەریم کابایز هەمەوەندی، فەوجی (78)ی ڕەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی و فەوجی (101)ی سەرۆکجاش ڕەفیق سەید وەلەد ئاغا کاکەیی، بەشداری ئەنفالی یەکیان کردووە لە دۆڵی جافایەتی. کەرتەکانی سەربازی (ئەزمر، سوسێ، دوکان، بنگرد) و تەواوی کەرتەکانی سەربازی سەر بە هەردوو فەیلەقی (یەک و پێنج). فەرماندەی کەرتی سوسێ عەمید خالید و فەرماندەی کەرتی سەربازی دوکان عەمید تەڵعەت سلێمان وەلی بووە، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (65)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان پێدراوە. ڕێکخستنەکانی حزبی بەعسی عارەبی سەر بە لقی ڕەشیدی سەربازی. هەروەها دەستەی کیمیایی (لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆپی قورسی (130) ملم، (154) ملم، کاتیۆشای (132) ملم، هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی پیلاتۆز)، فڕۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، یەکەکانی کوشتار (وحدات قتالية)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، تواناکانی ئەندازیاری بۆ کاولکردنی گوندەکان، کردنەوەی ڕێگا و ڕێچکەی چیایی، یەکەکانی ئیستخبارات و تەواوی یەکەکانی تانک، زرێپۆش، کاتیوشا و تۆپخانەی سەر بەو فەوج، لیوا، فرقە و فەیلەقانەی کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە، ڕۆڵی سەرەکییان بینیووە لە کیمیاباران کردنی دێهات و ناوچەکانی ئەنفالی یەکەم.

شانبەشانی ئەو هێزە سەربازییانەی سەرەوە، جاشی کوردیش بە مەفرەزە تایبەتییەکانی (29 + 68 (فەرماندەی مەفرەزەی ناوبراو محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ بووە) + 87 + 119)ی سەر بە ئیستخبارات و مەفرەزەی تایبەتی (حەیدەر شەریف)ی فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزەی تایبەتییەکان بەشداری ئەنفالی یەکیان کردووە، سەرچاوە: (2–110، العراق، ژمارە (3709)، ل؟). سەباح عەلی فەقێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، بەشداری ئەنفالی دووی کردووە، سەرچاوە: (2–79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6). عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی) فەرماندەی مەفرەزەی ژمارە (85)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی، بەشداری ئەنفالی شاڵاوی ئەنفالی ماوەت و چوارتای کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی یەکەم؛ سەرچاوە: (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243). حوسێن حاجی ئاغا، فەرماندەی

مەفرەزەی تایبەت، بەشداری ئەنفالی یەكی كردووە. عوسمان سێوێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی یەكی كردووە.
بەگوێرەی قسەكانی لیوا ڕوكن سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی فەیلەقی یەك، كە خۆی سەرپەرشتی شاڵاوی ئەنفالی یەكەمی كردووە، نزیكەی (70) فەوجی جاشە سووكەكان بەشداری ئەو ئەنفالەیان كردووە، بەڵام شۆڕش حاجی لە پەرتووكی (ئەنفال كورد و دەوڵەتی ئێراق)دا تەنیا ئاماژەی بەناوی (47) سەرۆكجاش و فەوجی جاشان كردووە. بەڵام بەگوێرەی (2-78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ (2-159، ئەلجمهوریە، ژمارە (6789)، ل؟)، هەر یەك لەم فەوجانەی خوارەوە كە ژمارەیان (77) فەوجە بەشداری ئەنفالەكانی یەك و دوویان كردووە: (لەتیف ئەحمەد محەمەد زێباری، سەرۆكجاشی فەوجی (1). سابیر ئەحمەد ڕەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی)، سەرۆكجاشی فەوجی (2). نەوزاد ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، سەرۆكجاشی فەوجی (4). ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەركی، سەرۆكجاشی فەوجی (5). حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆكجاشی فەوجی (6). محەمەد ڕەشید مەحمود جاف، سەرۆكجاشی فەوجی (13). ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، سەرۆكجاشی فەوجی (20). ئیسماعیل مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆكجاشی فەوجی (21). هەمزە عەباس مامەند ئاكۆ ئاغای پشكۆ، سەرۆكجاشی فەوجی (22). عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، سەرۆكجاشی فەوجی (23). سەعید یوسف (یونس) ئەسعەد زراری، سەرۆكجاشی فەوجی (25). نەقیب مەحمود حەمە ڕەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆكجاشی فەوجی (26). سەعید ئەسعەد ئاغای شێتنە، سەرۆكجاشی فەوجی (34). عەمید فەتاح كەریم فەتاح جاف، سەرۆكجاشی فەوجی (35). سادق زێڕۆ ئەمین هەركی، سەرۆكجاشی فەوجی (36). تاریق فایەق وەلەد كاكەیی زەنقڕی، سەرۆكجاشی فەوجی (37). مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، سەرۆكجاشی فەوجی (47). مامەند محەمەد مەولود گەردی، سەرۆكجاشی فەوجی (51). چیاد دێوالی دۆسكی، سەرۆكجاشی فەوجی (58). سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی، سەرۆكجاشی فەوجی (60). شێخ مەجید شێخ بایز حەسەن محەمەد بەرزنجی قەڵاسێوكەیی، سەرۆكجاشی فەوجی (61). كەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور)، سەرۆكجاشی فەوجی (62). (تاریق) قادر شەفیق نوعمان كافرۆشی، سەرۆكجاشی فەوجی (63). موعتەسەم عەبدولكەریم حوسێن بەرزنجی،

سەرۆکجاشی فەوجی (64). عەباس حاجی ئاغا ڕەسوڵ ترکەڕەشی، سەرۆکجاشی فەوجی (66). مەحمود حەمەئەمین حەمە سالح (سالح حەمە) گوڵێ، سەرۆکجاشی فەوجی (69). فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (72). محەمەد حەسەن عەلی (عەلی حەسەن) میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (74). کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (75). ڕەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆکجاشی فەوجی (78). قادر سوارە حەمە بڵباس، سەرۆکجاشی فەوجی (80). محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆکجاشی فەوجی (81). هەڵگورد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، سەرۆکجاشی فەوجی (83). فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (85). عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (86). عەباس بایز باڵو ئاغا، سەرۆکجاشی فەوجی (91). کەمال محەمەد مام ڕەشید چوارتایی، سەرۆکجاشی فەوجی (94). خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، سەرۆکجاشی فەوجی (96). جەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕی، سەرۆکجاشی فەوجی (97). سەلیم مەمەند ڕەسوڵ ئاغای میراودەلی (ڕەسوڵ مەمەند میراودەلی)، سەرۆکجاشی فەوجی (98). تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، سەرۆکجاشی فەوجی (99). شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (102). عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، سەرۆکجاشی فەوجی (104). سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی تۆپزاوەیی (سەباح سەعید کەریم هەواری)، سەرۆکجاشی فەوجی (106). محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، سەرۆکجاشی فەوجی (107). شێخ خەلیل عەبدوڵڵا ئیبراهیم شەرەڤانی، سەرۆکجاشی فەوجی (109). تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری شکێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (113). عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (114). حەسەن مەحمود محەمەد ئەمین بەگ هەورامی، سەرۆکجاشی فەوجی (115). مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە، سەرۆکجاشی فەوجی (122). شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداوێ، سەرۆکجاشی فەوجی (126). شێخ ئەنوەر محەمەد ڕەزا جاف (لەک). سەرۆکجاشی فەوجی (131). فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا ڕەژیگەری، سەرۆکجاشی فەوجی (133). ئیبراهیم کانەبی باڵو ئاغای پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (147). محەمەد عەلی ڕەسوڵ (محەمەد

بچکۆل)، سەرۆکجاشی فەوجی (148). نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان ڕەنگینەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (151). عەلی عەبدولڕەحمان (ئەورڕەحمان) حەسەن گڕگاشەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (168). خدر فەتاح حوسێن قامیشەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (170). عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل)، سەرۆکجاشی فەوجی (171). تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، سەرۆکجاشی فەوجی (172). خدر ڕەشید بەحری پێنجوینی، سەرۆکجاشی فەوجی (173). شێخ نەجمەدین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (174). محەمەد عیسا جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (176). محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی، سەرۆکجاشی فەوجی (197). عەلی شێخ ئەمین فەرەج بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (201). شێخ تەیب شێخ محەمەد شێخ عوسمان بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (203). ڕەزا تەها محیّدین بەرزنجی (سەید مانگا)، سەرۆکجاشی فەوجی (211). عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، سەرۆکجاشی فەوجی (212). بایز عەزیز ڕەشید ئاغا باواجانی، سەرۆکجاشی فەوجی (213). قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی، سەرۆکجاشی فەوجی (237). سوارە فەتاح فەرەج جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (239). محیّدین شێخ عەزیز محەمەد بابا عەلی بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (242). سدیق عەلی محەمەد ئەمین هاڕونی، سەرۆکجاشی فەوجی (245). سەعید محەمەد غەریب جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (251). حەمید نوری خورشید هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟). ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟). محەمەد کەریم زێباری، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟).

محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، سەرۆکجاشی فەوجی (107)ی جاشە سووکەکان، بەشداری هێرشی ئەنفالی کردووە و سەبارەت بە ئەنفالی یەک بەمشێوەیە دێتە گوتن: (شەرەفێکی مەزنە بۆ ئێمە کە بەشداری ئەو داستانە قارەمانێتیە دەگمەنەمان کردووە؛ سەرچاوە: (2–110، العراق، ژمارە (3709)، الثورة، ژمارە (6515)، ل؟). تاڵیب ئیبراهیم بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟)، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی یەکی کردووە؛ سەرچاوە: (2–35، الثورة، ژمارە (6515)، ل؟). بەپێی سەرچاوەی (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل243+245)، دوو سەرۆکجاش بە ناوەکانی حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری (حوسێن

حەمەسور ئاغا)، سەرۆکجاشی فەوجی (175) و بەکر کەریم غەفوری)، بەشداری ئەنفالی یەکیان کردووە. عزەدین محەمەد ئەمین یاسین عچاچ ڕەژیگەری، سەرۆکجاشی فەوجی (16)، بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (1)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-80، هاوکاری، ژمارە (967)، ل4). بەگوێرەی (2-89، العراق، ژمارە (3795)، ل؟)، فەوجی (56)ی سەر بە ڕەفعەت کێخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا بەشدار بووە، کە جێگری سەرۆکجاشی فەوج مەدحەت کێخوا عەبدوڵڵا شێروانی برای ڕەفعەت شێروانی بۆ ڕۆژنامەی ناوبراو دەڵێت: (بەشداریمان لە هەردوو ئەنفالی یەک و دوودا کردووە و لەو داستانی پاڵەوانێتیەدا ئەوپەڕی ئازایەتیمان نواندووە). تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە سەرۆکجاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی یەکی کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە). سەرۆکجاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر، بەگوێرەی لێدوانی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری جەنگەکانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمیان کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، کە ژمارەو ڕۆژەکەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێکەوتنەکەی ناوبراوم لایە کە بۆ هاوکاری لێدوانی داوە.

هێرش و پەلامارە دڕندەکانی میلیشیای بەعس لە ئەنفالی یەکدا بۆ دۆڵی جافەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەمشێوەیە ئەنجام دراون:

قۆڵی یەکەم: هێزێک لە گاپیلۆن بۆ سەر زنجیرە شاخەکانی هێلانە بەراز و شاخەسوور، دواتریش بەرەو گوندەکانی گەڕەدێ و گەورەدێ. هێزی دووەم لە گاپیلۆن بەرەو گوندەکانی: باڵخ، وڵاغلوو و شاخی گۆجاڕ؛ هێزی سێیەمیش لە گاپیلۆنەوە بەرەو شاخی خەجەلەرزۆک.

قۆڵی دووەم: لە دۆڵە ڕووتەوە بەرەو قزلەر، کە لێرەدا هێزەکە بۆتە دوو بەش بەشی یەکەمیان بەرەو شاخی یاخیان و لوتکەی چایەر بەرانبەر بە گوندی زێوێ و بەشی دووەمیان بەرەو کەڵکی قزلەر.


لەو ئەنفالەدا موقەدەم عارف حوسێن محەمەد، سەرپەرشتی قۆڵی یەکەم و دووەمی (لە ئەزمڕ و کارێزەوە بەرەو گاپیلۆن، گەڕەدێ، گەورەدێ و لە گاپیلۆنەوە

بەرەو گوند و بەرزاییەکانی دووبرا، قزلەر، کەڵکی قزلەر، زێوێ، خەجەلەرزۆک، گۆجاڕ، شاخەسوور و قەیوانی کردووە).
قۆڵی سێیەم: لەسەر ڕێگای سورداشەوە بەرەو زێوێ.
قۆڵی چوارەم: لەسەر ڕێگای سورداشەوە بەرەو قوڵەپووشێن، قوڵە سەوزە، کلکەی سپیلک و لەوێشەوە بەرەو گوندی شەدەڵە.
قۆڵی پێنجەم: لەسەر ڕێگای دوکان ڕووە و سورداشی کۆن، هۆمەر قەوم، شەدەڵە و شاخی دابان.
قۆڵی شەشەم: لەسەر ڕێگای دوکان ڕووە و گوندەکانی قەمچوغە و سەرمۆرد.
قۆڵی حەوتەم: لە قەرەسرتەوە بەرەو قەڵەمپاشا و کلاوسپی.
قۆڵی هەشتەم: لەسەر ڕێگای بنگرد ڕووە و هەنجیرە، شارستێن، سێدەر، دۆڵەبی و هەوارەبەرزە.
قۆڵی نۆیەم: لەسەر ڕێگای بنگرد ڕووە و ئاوەژێ، چنارنە و سیروان.
عەمید ڕوکن سوبحی فازڵ حەمید جێگری فەرماندەی فەیلەقی پێنج، سەرپەرشتی قۆڵی هەشتەم و نۆیەمی کردووە. هەروەها عەمید ڕوکن سەعد شەمسەدین خاڵس، سەرپەرشتی فەرمادەی جەحافیلی سووکی یەکی کردووە.
بەگوێرەی قسەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین، زیانی پێشمەرگەی لە ئەنفالی یەکەمدا بە زۆرتر لە شەش سەد شەهید و بریندار داناوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە؛ سەرچاوە: (1–49، نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، ل150). بەڵام لە بەیاننامەیەکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ڕێکەوتی (19.3.1988)دا دەرچووە، زیانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی بە (60) شەست پێشمەرگە و زیانی دوژمنی لە ڕیزەکانی میلیشیا چەکدارەکانی بەعس و سوپا بە زۆرتر لە (8.000) هەزار چەکدار داناوە کە چوار سەد کەسیان ئەفسەری پلە بەرزن (سەیری بەڵگەنامەکە بکە لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا).
ئەوەی شایەنی باسە فەرماندەی ئەنفالی یەکەم لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی فەیلەقی یەک، لەکاتی وتە وەرگرتنیدا کە لە ڕێکەوتی (23.6.2005)دا وتەی وەرگیراوە و باسی ئەوەی کردووە کە ئەو خەڵکەی دانیشتوانی دێهاتەکان بوون و دەگیران، سەرەتا هێزەکانی سوپا دەیدانە ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی

خۆرهەلات (منظومة الأستخبارات المنطقة الشرقية)، کە عەقید ڕوکن فەحان موتلەگ سالح جبوری بەڕێوەبەری بووە و دواتر ئەوانیش دەیانگواستنەوە بۆ نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور (مکتب تنظیم الشمال)ی حزبی بەعس کە عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی ئەو نووسینگەیە بوو، بەلام دواتر (نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور) داوایکرد تەنیا خەلکی سیڤیل ڕادەستی (ڕێکخراوی هەوالگری ناوچەی خۆرهەلات)، بکەن؛ سەرچاوە: (2-1، ب27، ل8177-8178).

فەرماندەی جێگرەوە (قائد رەدیف)ی فەیلەقی یەک لیوا ڕوکن سولتان هاشم ئەحمەد کە سەرکردایەتی ئەنفالی یەکەمی کردووە، چوار مەدالیای ئازایەتی، وەکو خەلات لە پاداشتی سەرکردایەتی کردن و سەرکەوتنی لە ئەنفالی یەکدا لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە(لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا سەیری بەلگەنامەکە بکە؛ سەرچاوە: (2-71، الجمهورية، ژمارە (6881)، ل1)؛ (2-64، العراق، ژمارە (3803)، ل14). هەروەها لیوا ڕوکن سولتان هاشم بەهۆی بەشداری کارای لە شالاوە بەدناوەکانی ئەنفالی یەکەم، یەک (وسام الرافدینی) پلە دووی جۆری سەربازی و مەدالیایەکی ئازایەتی وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-65، العراق، ژمارە (3905)، ل3).

First Anfal: 23 February - 19 March 1988



راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .

لەروژی ( ٢٠٦ /٣ /١٩٨٨ ) وە تا روژی ١٨/ ٣ / ٩٨٨ هەموو تواناکانی فەیلەقی یەك وفەیلەقی پێنجی جەیشی احتلالی بەعسی بەپشتیوانی زیاتر لە (٢٠) لیوا کەلەفەیلەقەکانی (٢و٣و٤ و٦و٧ ) وەرگیرا بوون بە پاڵپشتی سەدان تانك و مدرعەو ناقیلەو سەدان توپی قورسی (١٣٠) ملم و (١٥٢) ملم وەدەیان کاتیوشای (١٢٠) ملم بەپاڵپشتی تەیەرانی جەیشی هێزی ئاسمانی عێراق هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ناوچەکانی دولی جافەتی کەبەشێك لەبنکەکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لی بوو . لەمەعرکی جەبهەیی قورس دا کەزیاتر لە ( ٢٥ ) روژی خایاند بەدرێژایی بەرەیەکی جەبهەیی کە ( ٧٠ ) کم زیاتر بوو ، دوژمن هەموو جورە چەکێکی تیا بەکار هێنا و سەدان تەن گازی ژەهراوی خەردەلی بەسەر جەبهەکەو ناوچەکەدا رشت ملەم شەرە کەم وێنەیەدا ی.ن.ك داستانێکی کەم وێنەی بر تەجروبەیان تومار کردو لەسەر هەر بەردو لوتکەیەکی نیشتمانەکەیان بەرەبەری ئازایەتیەوە بەرامبەر جەیشی احتلالی بەعس جەنگان و بەسەدان کەلاکیان لی خستن .. ئەم شەرەلەلایەن خودی جەلادی عیراق ( صدام حسین ) ەوە ئیدارە ئەکرا ، وەزیری دیفاع عدنان خیر الله و ئامۆزا خوێن رێژەکەی صدام عەریف ( علی حسن المجید ) سەرپەرشتی ئەکرا . جەیشی احتلالی بەعس لەم هێرشەدا جگە لەداگیر کردنی ئەو ناوچانە ئەیویست زەمانەو زەمینی شەرێکی نابەرامبەر لەژمارەو جوری چەکدا بەسەر هێزەکانی ئیمەدا بسەپێنی بوئەوەی لەپاڵاکیان بخات ، بویە سەرکردایەتی ( ی.ن.ك ) بەچاکی زانی کەخەلکی ناوچەکە ، بوئەوەی توشی زەرەری زورتر نەبن ، بگوێزنەوە بو دەرەوەی دائیرەی جەبهەکە .. لەشەوی ٢٧/٢٨ / ٣ دا هێزی پێشمەرگە لەهەندی شوێنی ناوچەکەبەرێك و پێکی و بەسەلامەتی کشایەوەو نەیهێشت لەمەی هیچ پێشمەرگەیەکی شەهید یا تەنیا یەك بریندار دەست دوژمن بکەوی یا هیچ

کەرەسەیەکی بەکەلك تەنانەت هیچ خاترو کولەتێکی کەدوژمن سوودی لی وەربگری بەجێنی بو دوژمن بەجێ بهێلی . لەم شەرە کەم وێنەیەدا هێزی پێشمەرگەی نازەمان تەنها ( ٦٠ ) دەست شەهیدی داو لەناو ئەوانەدا تەنها یەکێکیان فەرماندەی تیپ بوو کەکاك محمد رازانی فەرماندەی تیپی ( ٦٣ جوتیاران ) بوو کەلە هێرشی شەوی ( ١ / ٣ ) دا بوسەر مەدەلە شەهیدبوو .. لەبەرامبەر ئەمەدا دوژمن زیاتر لە هەشت هەزار کەس لەهێزە چەکدارەکانی کوژراو و بریندارە کەزیاتر لە ( ٤٠٠ ) کەسیان ئەفسەرن لەوانە قائدی ( فرقەی ٢٤ ) واتە قواتی (معتصم ) وەئامر متقدمەی (فرقەی ٢٤ ) بەناوی محسن هەمەیان امر لیواو ئامر فەوج و ئامر سریە ، هەروەها دەیان دەبابە و ناقیلەو مدرعە و سەیارەو توپخانە تێکشکێنراو چەندین کویتەرێکرا وە کەیەکێکیان لەسلیمانی و یەکێکی تر لەروژی ٣/٧ دا لەچوار قورنە بەبەرچاوی خەلکەوە کەوتە خوارەوە و سەدان سەربازو ئەفسەر لەم ( لیوا ) یانە بەئەسیر گیرت ( لیوای قواتی خاصەی ٦٥ و٦٦ هەردوکیان سەر بە قیادەی عامەی قواتی مسلحەن لیوای مشاویری فەیلەقی ( ٢و٤و٥ و٦ ) ـ لیوای ١٩ لیوای ٣٦ ـ لیوای ٣٢ ـ لیوای ٢٧ ـ لیوای ٧٥ ـ لیوای ١١٦ ـ لیوای ٤٣٨ ـ لیوای ٤٤٨ ـ لیوای ٤٤٥ ـ لەوێی مشاویری فرقەی ١٠و٤ ، ( ٣٠ ) فەوجی مستەقیل لەموالیدەکانی (١٩٤٥) سەرەرای هەندێ باشی خونرومی ) هەروەها سەدان پارچە چەکی جورا وجور دەزگای بێتەل و قەمبەو مستەبسەکانی جیاجیا دەسکەوت بو بەم بونەیەوە ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان ئەکەین ئەگەر چی دوژمن بەقیمەتێکی گران سەرکەوتنێکی بچوکی لەگرتنی ناوچەیەکی جوگرافی تەسك بەدەست هێنا ، بەلام دلنیایان ئەکەین کەئەم شەرە نقطەی وەرچەرخانێك ئەبی لەجەنگی ( ٢٧ ) سالەی گەلی کوردو جەیشی عیراقی دا بەتایبەتی کەلەکەمان و سەرەتای پاك کردنەوەی یەکجاری خاکی خاکی کوردستان ئەبی لەهێزی جەپەلی داگیرکەری بەعسی کەروژی لەگوڕنانی نزیك بوتەوە ...

بویمەوە بویەرە پیدانی خەبات لەپیناوی روخاندنی رژیمی بەعس و بەدەست هێنانی مافی ئازادی ئازەنووس بوگەلی کورد ..

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٩/ ی مارتی ١٩٨٨

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري
رقم (٧٧٢/آ)

تقديرا "للموقف القيادي المسؤول والشجاعة المتميزة التي ابداها اللواء الركن سلطان هاشم أحمد في الذود عن شرف الامة وكرامتها وعزتها ضد العدو الايراني العنصري في عملية الانفال الاولى وتحرير أراضينا الوطنية في عمليات (محمد رسول الله) ، واستنادا" الى أحكام المادة (٢٦) من قانون الاوسمة والانواط رقم ٩٥ لسنة ١٩٨٢.

رسمنا بما هو آت :-

منح اللواء الركن سلطان هاشم أحمد ، قائد الفيلق الاول أربعة أنواط شجاعة.

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم

كتب ببغداد في اليوم الرابع من شهر ذي الحجة لسنة ١٤٠٨ هجرية
المصادف لليوم الثامن عشر من شهر تموز لسنة ١٩٨٨ ميلادية

(توقيع)

صدام حسين
رئيس الجمهورية

## شاڵاوی ئەنفالی دووەم و هێزە بەشداربووەکان:

ئەنفالی دووەم بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم (امر امرية جحفل الدفاع الوطني الاول) و دواتر فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم و بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵڵا تولفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی یاریدەدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی دوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات و بەشداری (27) تیپی سەربازی و هێزەکانی گاردی کۆماری ئەنجام دراوە.

شاڵاوی ئەنفالی دووەم بۆ سەر ناوچەکانی (قەرەداخ، سەنگاو، بازیان، دەربەندیخان، زەڕایەن، نەسر و عەربەت) بوو، کە لە ڕێکەوتی (22.3.1988)دا دەستیپێکرد و بە داگیرکردن و کاولکردنی گوندەکانی (ئاجاغ، ئاجداغ، ئاڵیبزاو، ئاوەکەڵە، ئەستێلی سەروو، ئۆمەر قەڵا، باخچە، باڕۆیی، باسەرە، باڵانجۆ، بانی مۆرد، بانی میران، باوەخۆشێن، بەرانان، بەرزەبان، برایماوە، بەلەکجار، بەکر بایەف، بەڵخە، بلیکان، بیردای، بیرکێ، بێستانە، پۆخشین، تەپەکرۆز، تەکیە، تەنگیسەر، تیمار، جافەران، جنۆکە، چاڵگە، چرچەقەڵا، چەمی سمۆر، چۆلان، خاوێ، خێوەتە، دارەڕەش، درۆزنە، دسکەرە، دەربەند سووتاو، دەربەند فەقیرە، دەرووانی سەروو، دوکان، دۆڵانی خواروو، دێلێژە، دیوانە، ڕەبات، زڕگوێز، زەردە، زەنان، ژاڵە، سێوسێنان، سەرکۆ، سەگرمە، سەروچاوە، سەنگاو، سۆفی حەسەن، شەمە، شۆراو، شێخ تەوێل، عەلیاوە، قارەمان، قەرەداغ، قەرەتامور، قازانقایە، قۆپی قەرەداغ، قوشقایە، کانی ڕۆشنا، کانیسارد، کانیشایەن، کانی هەنجیرە، مەلا حەسەن، میران، کچان، کەڵۆش، کلاو جومعە، کونە کۆتر، کۆشکی سەروو، گاوانی، گەڕەزیل، گولان، گوڵەجۆ، گۆمەزەرد، مچەکوێر، مەسۆیی، مێولی، ناوتاق، وێڵەکە، هاڵەی سەروچاوە، هەنجیرە، هەزارکانی،

ورمزیار) و بە دەرکردنی بەیانی ژمارە (3109)ی سەرکردایەتی گشتی هێزەکانی چەکدار لە (2.4.1988)دا کۆتایی پێهات.

هێرشەکانی ئەنفالی دووەم بەمشێوەیە ئەنجام دراون:

قۆڵی یەکەم: لە شارۆچکەی دەربەندیخان-ەوە بەرەو چرچەقەڵا و شاخی زەردە.

قۆڵی دووەم: هێزێکی تری بەعسی دوژمن لە شارۆچکەی دەربەندیخان-ەوە بەرەو گوندەکانی باوەخۆشێن، سێوسێنان و کانیسارد.

قۆڵی سێیەم: لە ئۆردوگای زەڕایەن-ەوە بەرەو گوندەکانی: دسکەرە، کانی هەنجیر و شاخی سۆڵە.

قۆڵی چوارەم: لە سلێمانییەوە بەرەو گوندەکانی: دارەڕەش، زڕگوێز و شارۆچکەی قەرەداغ.

قۆڵی پێنجەم: هێزێک لە ئۆردوگای ئەڵڵاییەوە بەرەو گوندەکانی: ئاڵیبزاو، باڵاجۆ، دەربەند سووتاو، شێخمەند و هەنجیرە. هێزێکی تر هەر لە ئەڵڵاییەوە بەرەو گوندەکانی: خێوەتە، دێلێژە و هاڵەی سەروچاوە. هێزی سێیەمیش هەر لە ئەڵڵاییەوە بەرەو گوندەکانی: باڕۆیی، قوشقایە، کانیشایەن، گاوانی و ورمزیار.

قۆڵی شەشەم: لە دەربەندی بازیان-ەوە بەرەو بەرزاییەکانی دەربەندی باسەڕە.

قۆڵی حەوتەم: لە چەمچەماڵ-ەوە بەرەو گوندەکانی ژاڵە، مەلا حوسێن و بەرزاییەکانی دەربەندی باسەڕە.

پێویستە باسی ئەوە بکرێت کە عەمید ڕوکنی فڕۆکەوان غازی ئەحمەد خەلیل لە ڕۆژی (22.3.1988)دا بەگوێرەی نووسراوی (بێ ژمارە)، کە لەژێر ناوی (لێدانە ئاسمانییەکانی ڕۆژی 23.3.88دا بۆ بەرپرسانی ناردووە، داوایکردووە کە بۆ بەیانی ڕێکەوتی (23.3.1988)، بە فڕۆکە ئەو شوێنانە بۆردوومان بکرێن: (دۆڵی زەڵم، دێزڵێ، مەلاگرد، دڕەبی، لە بیارە تا تەوێڵە، درودە، سناو، ئەسکۆل، کانیکوردە، سردوش، ماوەت و هەڵەبجە. لەگەڵ کەرتی تیپەکانی بیست و حەوت، سی و چوار، سی و شەش و چل و چوار. هەروەها ئاگاداری کردۆتەوە کە بۆدرومانی ئاسمانی ناوچەی هەڵەبجە، بەگوێرەی داواکاری بەپەلە جێبەجێ دەکرێت؛ سەرچاوە: (بەشی دووەمی سەرچاوەکان، ژمارە (2)، سی دی هەڵەبجە، بەشی هەشتەم، ل2498)، بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو داواکارییەی فڕۆکەوانی ناوبراو لە سەرەوەدا هێزەکانی سوپای سەدام و میلیشیای بەعس بە فڕۆکە لە ڕێکەوتی (23.3.1988)دا ناوچەکە

و گوندی سێوسێنان-یان بۆردوومان کرد، کە بۆردوومانە (78) شەهید و نزیکەی دوو سەد برینداری لێ کەوتەوە.
هەندێک لە هێزە بەشداربووەکانی ئەو قۆناغەی ئەنفال کە بەگوێرەی بەڵگەنامەکان بۆمان ئاشکرا بووینە ئەمانەن:
فەرماندەی هێزەکانی (42)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمیدی ڕوکن ئەیاد شەعبان ڕەمزی بووە.
فەرماندەی هێزەکانی تیپی (43)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە عەمیدی ڕوکن عەلی حوسێن عوەید ئەلعەلکاوی فەرماندەی تیپی ناوبراو بووە.
هێزەکانی ئوسامە بن زەید واتە (تیپی 50)ی پیادەی سەر بە فەیلەقی یەک، فەرماندەی ئەو تیپە عەمیدی ڕوکن زوهەیر یونس عەلی بووە.
فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقی یەک، فەرماندەکەی (لیوا ڕوکن مونزر ئیبراهیم) و (عەمید ڕوکن عەلاء محەمەد تەها) بوون.
فەرماندەیی هێزەکانی یەکەم کە تیپی پیادەی ئالی (1)ی ناسراو بە (هێزەکانی ئەبوعوبەیدە)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپەکە (عەمید ڕافع حەمدون زەنون) بووە.
تیپی (2)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو ئەوکاتە عەمید ڕوکن عەدنان ناجی حەبیب بووە.
تیپی پیادەی ئالی (5)ی ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن موحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع بووە، کە بەو هێزانە بەشداری کردووە: (لیوای پیادەی ئالی (15)، کەتیبەی تانکەکانی 5)، لیوای پیادەی ئالی (20)، کەتیبەی تانکەکانی (10)، هەروەها (کەتیبەی تانکەکانی حەسەن، حوسێن، عەلی و پۆلی پیادەی ئالی 7)ی سەر بە لیوای زرێپۆشی (26).
فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکی سەر بە فەیلەقی یەک، بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن سەعد شەمسەدین خاڵس، فەرماندەیی جەحافیلی (3).
فەرماندەیی کەرتی سەربازی قەرەداغ، بە سەرکردایەتی عەقید فەهمی سەید عادل سەید ڕەشید، فەرماندەی کەرتی سەربازی قەرەداغ و ملازم عەبدولحەمید مەحمود حەمادی، جێگری فەرماندەی کەرتی قەرەداغ.

تیپی زرێپۆشی (3)ی ناسراو بە (هێزەکانی سەلاحەدین)ی سەر بە فەیلەقی دوو کە بریتی بوون لە: (کەتیبەی تانکەکانی خالید، کەتیبەی تانکەکانی مقداد، کەتیبەی تانکەکانی یەرموک و فەوجی پیادەی ئالی شەشی سەر بە لیوای زرێپۆشی (6)، هەرسێ فەوج و کەتیبەی تانکەکانی (3)ی سەر بە لیوای پیادەی ئالی (8)، هەروەها (کەتیبەی تانکەکانی قادسیە، کەتیبەی تانکەکانی قوتەیبە، کەتیبەی تانکەکانی موعتەسەم و فەوجی پیادەی (12)ی سەر بە لیوای زرێپۆشی (12).

تیپی پیادەی (15)ی ناسراو بە (هێزەکانی فاروق)ی سەر بە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەکەی ماوەیەک لیوا ڕوکن داود سەلمان ئەلجبوری و ماوەیەکیش عەمید ڕوکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی (ئەبو محب) بووە، ئەو تیپە بەو هێزانە بەشداریکردووە: (لیوای پیادەی (76) و لیوای پیادەی (104)، هەروەها لیوای پیادەی (432) بە هەر سێ فەوجەکەی و کەتیبەی تانکەکانی نەهاوەند و فەوجی کۆماندۆی تیپەکە.

تیپی پیادەی (34)ی ناسراو بە (هێزەکانی حارس)ی سەر بە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەکەی لیوا ڕوکن شاکر شالی بووە، بە لیواکانی (90، 502، 504) و کەتیبەی تانکەکانی حارس و فەوجێکی کۆماندۆ بەشداری کردووە.

لیواکانی (1، 20، 22)ی فەیلەقی یەک.

لیواکانی (65، 66، 68)ی سەر بە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. عەمید ڕوکن جەعفەر سادق، فەرماندەی لیوای (66)ی هێزی تایبەت و ڕائید عەبدوڵڵەتیف مەجید کەرخی، فەرماندەی کەتیبەی (46)ی تانکەکانی (أبو هیثم)ی سەر بە لیوای ناوبراو بووینە.

لیواکانی (417، 444)، دوو کەتیبەی تۆپی (135، 175) و هێزی ئاسمانی، بە پاڵپشتی کۆپتەری جەنگی و تۆپی دوورهاوێژ کە بە چەکی کیمیایی تەواوی ناوچەکەیان کیمیاباران کرد.

هێزی تەواری سلێمانی کە تەواوی (مەفرەزە تایبەتییەکانی سەر بە ئەمنی سلێمانی دەگرێتەوە)، ئەو مەفرەزە تەوارییانەی کە بەشدارییان کردووە و بەگوێرەی بەڵگەنامەکان ناسراون بریتین لە مەفرەزە تایبەتییەکانی ژمارە (29 + 68 (کە فەرماندەکەی محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ بووە) + 87 + 119)، لەگەڵ دەستەی کیمیایی، فرۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، تواناکانی ئەندازیاری ڕاسپێردراو بە

کاولکردنی گوندەکان، تواناکانی جەنگ بۆ کردنەوەی ڕێگا و ڕێچکەی چیایی، یەکەکانی هەوالّگری سەربازی. جاشەکانی سەباح عەلی فەقێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، بەشداری ئەنفالی دوویان کردووە؛ سەرچاوە: (2–79، الجمهورية، ژمارە (6777)، ل6).

دەربارەی بەشداریکردنی جاشەکان، بەگوێرەی قسەی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەدی فەرماندەی جێگرەوەی (قائد رديف)ی فەیلەقی یەک، نزیکەی (70) فەوج بەشداری کردووە و هەر هەمان ئەو فەوجانە بووینە کە بەشداری ئەنفالی یەکەمیان کردووە، بەڵام هەندێک لەو فەوجانەی کە بەشداری ئەنفالی یەکیان کردبوو، لە ناوچەکانی ئەنفالی یەکدا جێگیرکران نەوەک پێشمەرگە بگەڕێنەوە، بۆیە چەندان فەوجی تریان هێنا لەبری ئەوانە. بەڵام شۆڕش حاجی نووسەری پەرتووکی (ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق) تەنیا ناوی (23) سەرۆکجاش و فەوجی نووسیوە کە بریتیین لە هەر یەک لە فەوجەکانی (3، 6، 9، 19، 31، 33، 34، 40، 41، 52، 62، 74، 75، 77، 78، 81، 88، 97، 98، 162، 168، 199، 200). هەروەها سەرۆکجاشی فەوجەکانی (62، 81، 97، 98، 162، 168، 200) بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)دا، لە پاداشتی بەشداریکردنیان لە ئەنفالی دوودا مەدالیای ئازایەتیان لە سەدام حوسێن وەرگرتووە. سەرۆکجاشی فەوجەکانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا کە بەشداری ئەنفالی دووەمیان کردووە، بریتین لە: (عوسمان میران قادر خۆشناو، سەرۆکجاشی فەوجی (3)ی جاشە سووکەکان. حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (6)ی جاشە سووکەکان. حەسەن جهانگیر جادر مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (9)ی جاشە سووکەکان. محەمەد قادر ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (19)ی جاشە سووکەکان. قادر بەگ مەحمود خان خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (31)ی جاشە سووکەکان. محەمەد سلێمان محەمەد (سلێمان) باڵەکی، سەرۆکجاشی فەوجی (33)ی جاشە سووکەکان. سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە (بارزانی)، سەرۆکجاشی فەوجی (34)ی جاشە سووکەکان. کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (40)ی جاشە سووکەکان. سدیق عەلی باویل ئاغا، سەرۆکجاشی فەوجی (41)ی جاشە سووکەکان. ئەنوەر ڕەشید مەعروف میران، سەرۆکجاشی فەوجی (52)ی جاشە سووکەکان. کەریم عەبدوڵڵا

محەمەد (جمور)، سەرۆکجاشی فەوجی (62)ی جاشە سووکەکان. محەمەد حەسەن عەلی (عەلی حەسەن) میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (74)ی جاشە سووکەکان. کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (75)ی جاشە سووکەکان. عومەر خدر ئاغا سوورچی و نەجم عومەر خدر ئاغای سوورچی (سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان)، سەرۆکجاشی فەوجی (77)ی جاشە سووکەکان. ڕەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆکجاشی فەوجی (78)ی جاشە سووکەکان. محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆکجاشی فەوجی (81)ی جاشە سووکەکان. یوسف ڕەمەزان باڵەکی، سەرۆکجاشی فەوجی (88)ی جاشە سووکەکان. جەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕی، سەرۆکجاشی فەوجی (97)ی جاشە سووکەکان. سەلیم مەمەند ڕەسوڵ ئاغای میراودەلی، سەرۆکجاشی فەوجی (98)ی جاشە سووکەکان. ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی، سەرۆکجاشی فەوجی (162)ی جاشە سووکەکان. عەلی عەبدولڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گڕگاشەیی، ناسراو بە (عەلی چوارتایی)، سەرۆکجاشی فەوجی (168)ی جاشە سووکەکان. سەعید قادر محەمەد جاف و حلمی سەعید قادر محەمەد جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (199)ی جاشە سووکەکان. شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان. هەروەها ئەو سەرۆجاشانەی کە بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (807)ی ڕۆژی (9.8.1988)دا، لە پاداشتی ناپاکی کردن و خۆفرۆشیاندا لە ئەنفالی دوودا مەدالیای ئازایەتیان لە سەدامی دکتاتۆر وەرگرتووە بریتین لە: (کەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور)، سەرۆکجاشی فەوجی (62)ی جاشە سووکەکان. محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆکجاشی فەوجی (81)ی جاشە سووکەکان. جەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕی، سەرۆکجاشی فەوجی (97)ی جاشە سووکەکان. سەلیم مەمەند ڕەسوڵ ئاغای میراودەلی، سەرۆکجاشی فەوجی (98)ی جاشە سووکەکان. ساڵح ئەحمەد حوسێن گەلاڵی، سەرۆکجاشی فەوجی (162)ی جاشە سووکەکان. عەلی عەبدولڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گڕگاشەیی ناسراو بە (عەلی چوارتایی)، سەرۆکجاشی فەوجی (168)ی جاشە سووکەکان. شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان). بەگوێرەی سەرچاوەی (1–21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240–245)،

ئەو سەرۆکجاش و مەفرەزە تایبەتییانە بەشداری ئەنفالی دووەمیان کردووە: (شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (137)ی جاشە سووکەکان. عەلی سەلما چوارتایی فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (بەڵام ناوبراو فەوجی ژمارە 168ی هەبووە – دەرسیم). عومەر حەسەن (عومەر عارەب)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. کامەران ئەحمەد جەمال (کامەرانە سوور)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی).

بەڵام بەگوێرەی (2–78، الثورة، ژمارە (6536)، ل؟)؛ (2–159، ئەلجمهوریە، ژمارە (6789)، ل؟)، هەر یەک لەم فەوجانەی خوارەوە کە ژمارەیان (77) فەوجە بەشداری ئەنفالەکانی یەک و دوویان کردووە: (لەتیف ئەحمەد محەمەد زێباری، سەرۆکجاشی فەوجی (1). سابیر ئەحمەد ڕەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی)، سەرۆکجاشی فەوجی (2). نەوزاد ئەنوەر ڕەشید بەگی بێتواتە، سەرۆکجاشی فەوجی (4). ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (5). حوسێن خدر حەمەد سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (6). محەمەد ڕەشید مەحمود جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (13). ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (20). ئیسماعیل مەحمود ڕەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (21). هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ ئاغای پشکۆ، سەرۆکجاشی فەوجی (22). عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری، سەرۆکجاشی فەوجی (23). سەعید یوسف (یونس) ئەسعەد زراری، سەرۆکجاشی فەوجی (25). نەقیب مەحمود حەمە ڕەسوڵ ئاغا پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (26). سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە، سەرۆکجاشی فەوجی (34). عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (35). سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (36). تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی، سەرۆکجاشی فەوجی (37). مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، سەرۆکجاشی فەوجی (47). مامەند محەمەد مەولود گەردی، سەرۆکجاشی فەوجی (51). چیاد دێوالی دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوجی (58). سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی، سەرۆکجاشی فەوجی (60). شێخ مەجید شێخ بایز حەسەن محەمەد بەرزنجی قەڵاسێوکەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (61). کەریم عەبدوڵڵا محەمەد (جمور)، سەرۆکجاشی فەوجی (62). (تاریق) قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی، سەرۆکجاشی فەوجی (63). شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (64). عەباس حاجی ئاغا ڕەسوڵ ترکەڕەشی، سەرۆکجاشی

فەوجی (66). مەحمود حەمەئەمین حەمە سالّح (سالّح حەمە) گولّیَ، سەرۆکجاشی فەوجی (69). فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (72). محەمەد حەسەن عەلی میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (74). کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (75). ڕەشید حەمەدئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆکجاشی فەوجی (78). قادر سوارە حەمە بلّباس، سەرۆکجاشی فەوجی (80). محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆکجاشی فەوجی (81). هەلّگورد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، سەرۆکجاشی فەوجی (83). فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (85). عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (86). عەباس بایز بالّو ئاغا، سەرۆکجاشی فەوجی (91). کەمال محەمەد مام ڕەشید چوارتایی، سەرۆکجاشی فەوجی (94). خالید مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە (خالیدی خولە سوور)، سەرۆکجاشی فەوجی (96). جەمال فەقێ حوسێن کەلّهوڕی، سەرۆکجاشی فەوجی (97). سەلیم مەمەند ڕەسولّ ئاغای میراودەلی (ڕەسولّ مەمەند میراودەلی)، سەرۆکجاشی فەوجی (98). تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری، سەرۆکجاشی فەوجی (99). شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (102). عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، سەرۆکجاشی فەوجی (104). سەباح سەعید کەریم فەتاح کاکەیی تۆپزاوەیی ناسراو بە سەباح سەعید کەریم هەواری، سەرۆکجاشی فەوجی (106). محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک، سەرۆکجاشی فەوجی (107). خەلیل عەبدوللّا ئیبراهیم شەرەڤانی، سەرۆکجاشی فەوجی (109). تۆفیق سلێمان یاسین بەرواری شکێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (113). عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (114). حەسەن مەحمود محەمەد ئەمین بەگ هەورامی، سەرۆکجاشی فەوجی (115). مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە، سەرۆکجاشی فەوجی (122). شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداویَ، سەرۆکجاشی فەوجی (126). شێخ ئەنوەر محەمەد ڕەزا جاف (لەک). سەرۆکجاشی فەوجی (131). فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ئاغا ڕەژیگەری، سەرۆکجاشی فەوجی (133). ئیبراهیم کانەبی بالّو ئاغای پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (147). محەمەد عەلی ڕەسولّ (محەمەد بچکۆلّ)، سەرۆکجاشی فەوجی (148). نەقیب عەبدوللّا حەسەن سالّح بابان ڕەنگینەیی، سەرۆکجاشی فەوجی

(151). عەلی عەبدولڕەحمان (ئەوڕەحمان) حەسەن گرگاشەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (168). خدر فەتاح حوسێن قامیشەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (170). عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل)، سەرۆکجاشی فەوجی (171). تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، سەرۆکجاشی فەوجی (172). خدر ڕەشید بەحری پێنجوینی، سەرۆکجاشی فەوجی (173). شێخ نەجمەدین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (174). محەمەد عیسا جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (176). محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی، سەرۆکجاشی فەوجی (197). عەلی شێخ ئەمین فەرەج بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (201). شێخ تەیب شێخ محەمەد شێخ عوسمان بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (203). ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا)، سەرۆکجاشی فەوجی (211). عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، سەرۆکجاشی فەوجی (212). بایز عەزیز ڕەشید ئاغا باواجانی، سەرۆکجاشی فەوجی (213). قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی، سەرۆکجاشی فەوجی (237). سوارە فەتاح فەرەج جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (239). محێدین شێخ عەزیز محەمەد بابا عەلی بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (242). سدیق عەلی محەمەد ئەمین هاڕونی، سەرۆکجاشی فەوجی (245). سەعید محەمەد غەریب جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (251). حەمید نوری خورشید هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟). ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟). محەمەد کەریم زێباری، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟).

عزەدین محەمەد ئەمین یاسین عچاچ ڕەژێگەری، سەرۆکجاشی فەوجی (16) بەشداری لە شاڵاوی ئەنفالی (2)دا کردووە؛ سەرچاوە: (2-80، هاوکاری، ژمارە (967)، ل4). هەروەها بەپێی سەرچاوەی (2-89، العراق، ژمارە (3795)، ل؟)، فەوجی (56)ی سەر بە ڕەفعەت کێخوا عەبدوڵڵا عومەر شێروانی لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوودا بەشدار بووە، کە جێگری سەرۆکجاشی فەوج مەدحەت عەبدوڵڵا شێروانی برای ڕەفعەت شێروانی بۆ ڕۆژنامەی ناوبراو دەڵێت: (بەشداریمان لە هەردوو ئەنفالی یەک و دوودا کردووە و لەو داستانی پاڵەوانێتیەدا ئەوپەڕی ئازایەتیمان نواندووە). تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە سەرۆکجاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی دووی کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری کە کۆپی دیمانەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار

نییە). سەرۆکجاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر، بەگوێرەی لێدوانی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری جەنگەکانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمیان کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، کە ژمارەو ڕۆژەکەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێکەوتنەکەی ناوبراوم لایە کە بۆ هاوکاری لێدوانی داوە. حوسێن تاهیر حەسەن کەسنەزانی، سەرۆکجاشی فەوجی (355)ی جاشە سووکەکان بەشداری ئەنفالی (2)ی کردووە کە سەرۆکجاش خۆی بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری دەدوێت: (فەوجەکەمان لە ئەنفالی دووەم و ئەنفالی دوایی بەشداری کردووە؛ سەرچاوە: (2-135، هاوکاری، ژمارە (1115)، ل4).

ئەم ئەنفالە فراوانترین ناوچەی گرتەوە کە نزیکەی (1200) گوندی دەگرتەخۆی و لەنێویاندا بنکەی (4) شارەدێ، لەم ئەنفالەدا لە حەوت قۆڵەوە هێرش کرایە سەر ناوچەکە و زیانێکی گەورەی بە کورد گەیاند کە (21.911) هاووڵاتی کورد لە ژن، منداڵ و پیاو لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێراقەوە دەستگیرکران و بە فەرمانی سەدام حوسێن، عەلی حەسەن مەجید و سەرکردەکانی دیکەی ئێراقی بە کۆمەڵ کوژران یان زیندەبەچاڵ کران. تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن هێزی ئاسمانی ئێراق و تۆپهاوێژی سوپای سەدام نزیکەی چوار سەد کەس شەهید بوون.

فەرماندەی ئەنفالی دووەم لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی فەرماندەی فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم و دواتریش فەرماندەی فەیلەقی پێنج، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی ئەو قۆناغی ئەنفالەی خرابووە ئەستۆ، بەگوێرەی سەرچاوەکانی: (2-71، الجمهورية، ژمارە (6881)، ل1)؛ (2-64، العراق، ژمارە (3803)، ل14)؛ (2-72، الثورة، ژمارە (6628)، ل15)؛ دوو مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی جێبەجێکردنی ئەو ئەنفالە بە سەرکەوتوویی وەکو خەڵات لە سەدامی دیکتاتۆر وەرگرتووە. لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی بەگوێرەی ئەو سێ ڕۆژنامەیەی سەرەوە لەکاتی وەرگرتنی مەدالیەکاندا وەکو فەرماندەی فەیلەقی چوار ناوی هاتووە.

لەکاتی ئەنفالی دوودا هێزێکی فەیلەقی پێنج و تیپی پیادەی (23)ی سەر بە هەمان فەیلەق، لە ڕۆژانی (23-26.3.1988) بە مەبەستی لەناوبردنی هێزی پێشمەرگەی لە

دۆڵی ئاڵانە و ئەنفالکردنی خەڵکی دەڤەرەکە، هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر دوڵی ئاڵانەی سەر بە مەڵبەندی سێی یەکێتی و شەڕێکی گەورە لەنێوانیان دروست بوو، کە لەو شەڕەدا محەمەد حەسەن شینە، فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی (3) و عومەر ڕەسوڵ قادر حوسێن سارمەمی ڕابەری سیاسی تیپی (83)ی هەورێ شەهید بوون. بەڵام لەو هێرشەی ئەنفالچیەکاندا هێزەکەی بەعس شکا و ئەو ئەفسەرانە کوژران (عەمید ڕوکن حەسەن عەلی ساڵح فەرماندەی تیپی پیادەی (23)، عەقید تاریق خەلیل ئەفسەری ڕوکنی حەرەکات، موقەدەم عەبدولهادی ئەفسەری هەواڵگری تیپی (23)، ڕائید سەعدوڵڵا ئەحمەد ساڵح ئەفسەری موخابەرە، فەرماندەی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی پێنجەم و ملازم عەدنان فەرماندەی پاسەوانانی فەرماندەی تیپەکە؛ سەرچاوە: (1-13، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، ل594).

Second Anfal: 22 March - 1 April 1988



**2487**

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
مكتب امانة السر للقيادة العامة للقوات المسلحة

سري للغاية وشخصي

الرقم / أ / ١٣ / ١٧٧

التاريخ ٢٠ آذار ١٩٨٨

الى / السيد نائب القائد العام للقوات المسلحة وزير الدفاع المحترم
السيد رئيس اركان الجيش المحترم

الموضوع / توجيهات

امر السيد الرئيس القائد العام للقوات المسلحة حفظه الله باجتماع القيادة العامة للقوات المسلحة يوم السبت ١٩ آذار ١٩٨٨ بما يلي :

١. يجب التفكير منذ الان بالترتيبات المطلوبة في قاطع (عملية الانفال) عند حلول الصيف ، لكي لا يتكرر تواجد المخربين فيها ، وقد نحتاج الى قطعات اضافية او بديله .

٢. في قاطع شرقي دربندخان ، وفي قاطع عملية الانفال .. يجب الاستمرار بضرب العدو والمخربين بالنار ، مدفعية وقوة جوية ، وعدم اعطاءهم فرصة للاستقرار أو التقاط الانفاس . ~~يفضل ضرب العتاد الخاص بالمدفعية [illegible] ،~~ او تطعيم ضربات المدفعية الاعتيادية بضربات عتاد خاص .

٣. اعتباراً من يوم غد يقر كل شيء بعد أن يذهب اعضاء القيادة العامة الى قيادة الفيلق الاول وبعد تدقيق الخطط المطلوبة .

٤. المهم استخلاص العبر والدروس من هذه المعركة .. لكي نمنع وقوع الاخطاء مره اخرى .

(١ - ٢)

سري للغاية وشخصي

IST.A5045.007.003

**2488**

سري للغاية وشخصي

٥. المطلوب الآن -- قادة بمعنى الكلمة، وليس ناس طيبين فحسب.
هذا يصدق في الجيش، وفي الحزب، وفي النقابة، وفي الإدارة الحكومية. أن دور القائد هو في تبصير المهزوزين (بالإرشاد والردع) وإعادتهم إلى رشدهم، وفي تشجيع الشجعان عندما يعبرون تصرفاً عن القيم بصورة صحيحة، وفي الإطار الذي يجب أن يمارسه الجميع.

٦. [redacted]

رجاء التفضل بما يقتضي وإعادتها إلينا بعد الفراغ منها --- مع التقدير

الفريق الركن
علاء الدين كاظم حماد
أمين السر العام للقيادة العامة للقوات المسلحة
/ ٢١

نسخة إلى/

رئاسة الجمهورية (السكرتير) / يرجى التفضل بالاطلاع --- مع التقدير

- ٢ -

سري للغاية وشخصي

IST.A5045.007.004

بسم الله الرحمن الرحيم

مرسوم جمهوري

رقم ( ٢٦٧ )

تقديراً للموقف القيادي الممتاز والشجاعة المتميزة التي ابداها اللواء الركن (دروع) أياد خليل زكي في الذود عن شرف الأمة وكرامتها وعزتها ضد العدو الإيراني العنصري، واستناداً الى أحكام المادة (٢٦) من قانون الأوسمة والانواط رقم ٩٥ لسنة ١٩٨٢.

رسمنا بما هو آت:-

منح اللواء الركن (دروع) أياد خليل زكي، قائد عمليات الأنفال الثانية، نوط الشجاعة.

على وزير الدفاع تنفيذ هذا المرسوم.

كتب ببغداد في اليوم الرابع والعشرين من شهر شعبان لسنة ١٤٠٨ هجرية
المصادف لليوم الحادي عشر من شهر نيسان لسنة ١٩٨٨ ميلادية

صدام حسين
رئيس الجمهورية

IST.A8337.001.002

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
سكرتارية القيادة العامة للقوات المسلحة

سري للغاية

الرقم أ / ١٢ / ٢٠٥٧

التاريخ ٥ نيسان ١٩٨٨

ديوان الرئاسة

الى / ديوان الرئاسة

الموضوع / نوط

أمر السيد الرئيس القائد العام للقوات المسلحة حفظه الله

بمنح الضابطين المدرج اسميهما ادناه نوط شجاعة لكل منهما لدورهما المتميز في قيادة عمليتي الانفال الاولى والثانية في قاطع عمليات الفيلق الاول .

١- اللواء الركن ( مشاة ) سلطان هاشم احمد — قائد عملية الانفال الاولى

٢- اللواء الركن ( درع ) اياد خليل زكي — قائد عملية الانفال الثانية

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

الفريق الركن
علاء الدين كاظم حماد
أمين السر العام للقيادة العامة للقوات المسلحة

نسخة الى /

رئاسة الجمهورية ( السكرتير ) / يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

( ١ــ١ )
سري للغاية

## شاڵاوی ئەنفالی سێیەم و هێزە بەشداربووەکان:

شاڵاوی ئەنفالی سێیەم لە نێوان (20.4.1988-7.4.1988)دا درێژەی کێشا و بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەماندەی فەیلەقی یەک و لیوا ڕوکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی فەرماندەی فەیلەقی دوو، هەروەها بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵڵا توڵفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب تکریتی یاریدەدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ سالح خەڵەف جبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات بووە.
هێرشەکانی ئەنفالی سێیەم بە بەشداری ئەو هێزانە بەڕێوەچووە:
تیپی زرێپۆشی (3)ی ناسراو بە (هێزەکانی سەلاحەدین)ی سەر بە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن تاهیر عەبدولڕەشید بووە.
تیپی (4)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی قەعقاع)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی بووە.
فەوجی کۆماندۆی یەکی سەر بە تیپی پیادەی (7)ی ناسراو بە (هێزەکانی مەنسور)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن ئەمیر جاسم حەمۆ بووە.
تیپی زرێپۆشی (10)ی ناسراو بە (هێزەکانی نەسر)ی سەر بە فەیلەقی چوار، کە فەرماندەی ئەو تیپە زرێپۆشە عەمید ڕوکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم ئەلدلێمی بوو.
بەگوێرەی نووسراوی بنکەی هەواڵگری خورماتوو ژمارە (1988/4/10/10340)ی بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری خۆرهەڵات، تیپی (11)ی ناسراو بە (هێزەکانی مقداد)ی سەر بە فەیلەقی سێ، بە سەرپەرشتی فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن سامی عەباس مجوەل و بە هاریکاری و پشتیوانی فەوجی جاشەکانی ژمارە (25، 78، 200، 212) بەشداری ئەنفالکردنی هەر یەک لە ناوچەکانی خورماتوو، قادرکەرەم،

نەوجول و گوندەکانی (زندانەی بچووک، سالْحی، دوڕاجی، زیندانەی گەورە، باشتەپە، ئیبراهیمی بچووک، ئیبراهیمی گەورە، حەیدەرە سوور، عومەر سۆفی، شێخ جەلال، تازەشار و شێخ حەمید)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5619). ناوی سەرۆکجاشی ئەو چوار فەوجەی سەرەوە بریتین لە: (سەعید یوسف ئەسعەد زراری، سەرۆکجاشی فەوجی (25) بووە و پەلاماری گوندی عەلی وەسمانی داوە. ڕەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی، سەرۆکجاشی فەوجی (78). حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (200). عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، سەرۆکجاشی فەوجی (212)ی جاشە سووکەکان).

تیپی پیادەی (15) ناسراو بە (هێزەکانی فاروق)ی سەر بە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی تیپ لیوا ڕوکن داود سەلمان ئەلجبوری بووە.

فەوجی کۆماندۆی یەکی سەر بە تیپی (17)، کە فەرماندەی ئەو فەوجە موقەدەم سەلمان عەبدولحەسەن بووە (لە ڕێکەوتی 9.4.1988دا لە گوندی شێخ تەوێل بریندار بوو)، دواتر ڕائید سالم شوێنی ئەوی گرتۆتەوە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5608). بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بەتاوانی سابیر محەمەد عیسا (سابیر بچکۆڵ)ی پیاوی ئیستخبارات بدەم کە شێتێکی گوندی شێخ تەوێلی بەناوی (فەتاح محەمەد ڕەسوڵ) سەربڕی بوو، دواتر سەرەکەی بەناوی پێشمەرگە ڕادەستی مەنزومەی ئیستخباراتی شەرقیە کردبۆوە لەپێناوی پارەدا. دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق ئەو کارە قێزەوونەی سابیر بچکۆڵی لە یەکێ لە دانیشتنەکاندا ئاشکرا کرد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تاوانباری ناوبراوی لە ڕیزەکانی خۆیدا دەرکرد و خانەنشینەکەی بڕی، بێئەوەی بدرێتە دادگا لەپێناوی دادگاییکردن و سزادانی بە تۆمەتی کوشتنی ئەو مرۆڤە شێتە.

بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (ش10334/3)ی هەواڵگری خورماتوو بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری خۆرهەڵات لە ڕێکەوتی (10.4.1988)، سەبارەت بە بەشداریکردنی هەر یەک لە (تیپی پیادەی 21 + فەوجی 211 + 212 ی جاشی سووک) لە ئەنفالکردنی گوندەکانی (خان ڕۆستەم، دوڕاجی، نەوجول، ئیبراهیمی گەورە، کۆشک، جەدل، شێخ حەمید و تازەشار)، کە دەکاتە ئەنفالی سێیەم بەشدارییان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5613). تیپی پیادەی (21) سەر بە فەیلەقی دوو بووە، فەرماندەکانی (عەقید

ڕوکن غالب حامد سلێمان و دواتریش عەقید عەبدولئیلا حامد ئەلعەناز موسلاوی) بووینە. سەرۆکجاشی فەوجی (211)ی جاشە سووکەکان ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی و سەرۆکجاشی فەوجی (212)ی جاشە سووکەکان عەدنان عەبدوڵلا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ) بووینە.

تیپی پیادەی (27)ی ناسراو بە هێزەکانی سدیق (قوات صدیق)ی سەر بە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەکەی (عەقید ڕوکن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی) بووە.

فەوجەکانی (211، 212، 213)ی سەر بە تیپی (32)ی سەر بە فەیلەقی سێ کە بە (فەرماندەیی هێزەکانی حەسەن) ناسرابوو.

تیپی پیادەی (33)ی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی بەدر)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپەکە لیوا ڕوکن ڕەمزی مەحمود عەبدوڵلا فەتحی ئەلقەیسی بوو، هەروەها ڕائید محەمەد ڕەشید سوڵتان فەرماندەی یەکەیەکی سەر بەو تیپە بووە.

تیپی پیادەی (34)ی ناسراو بە (هێزەکانی حارس)ی سەر بە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی ئەو تیپە عەمید ڕوکن شاکر شالی بووە.

تیپی پیادەی (46)، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن عەلی ئەحمەد محەمەد ساڵح بووە.

تیپی (50)ی ناسراو بە (هێزەکانی ئوسامە بن زەید)ی سەر بە فەیلەقی یەک بوو، کە فەرماندەی تیپەکەی عەمید ڕوکن زوهێر یونس عەلی و دواتریش ناسر سەعید تۆفیق بووینە.

فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی (لیوا ڕوکن مونزر ئیبراهیم) و (عەمید ڕوکن عەلاء محەمەد تەها) بوون.

فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵلا حاج ئەلحنتە و جێگرەکانی (موقەدەم هاشم کامل مەحمود) و (عەقید ڕوکن فوئاد حوسێن عەلی) و عەمید خزەیر عەتیە زەهبان، ئەفسەری هەواڵگری هێزەکانی پارێزگاری نەوت کە بەشداری ئەو قۆناغەی ئەنفالیان کردووە. عەمید ڕوکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵلا، بەهۆی بەشداری لە شالاوەکانی ئەنفالی سێیەم و چوارەم، دوو مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە؛ سەرچاوە: (2-65، العراق، ژمارە (3905)، ل3).

فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم – امریة جحفل الدفاع الوطني الاول- کە فەرماندەکەی سەرەتا لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی و دواتریش عەمید ڕوکن سەعد شەمسەدین خاڵس بووە.
لیواکانی هێزەکانی کۆماندۆی (65+66+68)ی سەر بە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لە ساڵی (1990)دا عەمید ڕوکنی هێزی تایبەت عەبدولموحسن سلێمان کازم فەرماندەی لیوای (65)بووە، بەڵام ئەوە نازانم ئایا لەکاتی شالاوی ئەنفالەکاندا هەر ناوبراو بووە یان نا! عەمید ڕوکن جەعفەر سادق، فەرماندەی لیوای (66)ی هێزی تایبەت و ڕائید عەبدوڵڵەتیف مەجید کەرخی، فەرماندەی کەتیبەی (46)ی تانکەکانی (أبو هیثم)ی سەر بە لیوای ناوبراو بووینە. بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (1988/4/21/11925)ی بنکەی هەواڵگری کەلار بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات، لیواکانی (65+68) بەشداری شالاوی ئەنفالکردنی گوندەکانی (بەلەکجار، کێلەبەرزە و قەرەداغ)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5665).
لیوای کۆماندۆی (10)ی سەر بە فەیلەقی یەک، تەواوی فەوجەکانی سەر بە لیواکانی پیادەی (417+418) بە هاوکاری فەوجی جاشە سووکەکان (فەوجی (100)ی محەمەد عیسا جاف، فەوجی (131)ی ئەنوەر محەمەد ڕەزا لەک، کە لە ڕێکەوتی (10.4.1988)دا لە گوندی شێخ تەوێڵ بریندار بوو)، هەروەها فەوجی (197)ی محەمەد سەعید ئەحمەد جاف هاڕۆنی) لە ڕۆژی (10.4.1988)دا بەشداری ئەنفالی هەر یەک لە گوندەکانی (چوارشاخ، عەلیانی تازە، توکن و ئۆمەربل) یان کرد؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5604). لیوای پیادەی (417)، کە نەقیب عەبد عەواد فەرماندەی لیواکە بووە، لە ڕۆژی (11.4)دا هێرشیان کردۆتە سەر گوندی دوڕاجی.
لیوای (443) بە سەرکردایەتی فەرماندەی لیوا عەقید فالح خرێبت ئەلفالح، بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (1988/4/21/11925)ی بنکەی هەواڵگری کەلار بۆ ڕێکخراوی هەواڵگری خۆرهەڵات، بەشداری ئەنفالکردنی هەر یەک لە گوندەکانی (بەلەکجار، کێلەبەرزە و قەرەداغ)ی کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5665).
ئەو ئەفسەرانەی خوارەوەش، وەکو بەشداریکەری ئەو قۆناغەی ئەنفال ناویان هاتووە و مەدالیای کورد کوشتنیان لە پاداشتی بەشداری کردنیان لەو ئەنفالەدا وەرگرتووە: (فەوجەکانی (1، 2، 3)ی لیوای پیادەی (444)ی سەر بە فەیلەقی یەک، بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن سامی محەمەد عیسا لە قۆڵی کفری بەرەو هۆمەربل.

ڕائیدی پیادە باسل تورکی عەبدوڵلا (فەرماندەی فەوجی یەک)ی لیوای (444). موقەدەمی فڕۆکەوان خەمیس حەسەن جاسم (فەرماندەی فەوجی دوو)ی لیوای (444) بووە. عەمید محەمەد نازم حەسەن، فەرماندەی قۆڵی پێباز و پونگەڵە. عەقیدی فڕۆکەوان حەمید گاتع ئەلسەعد، ڕاوێژکاری فڕۆکەوانی سوپا لە فەیلەقی دوو. عەقید نیعمەت عەبدوڵلا، فەرماندەی هێزەکانی دووەم و ڕەتڵی دەیەمین لە هێزە تایبەتییەکان. موقەدەمی فڕۆکەوان حامد عەتیە خوین ئەلمالکی لە سربی (55). ڕائید مونزر ئیبراهیم یاسین، فەرماندەی فەوجی کۆماندۆی یەکی سەر بە تیپی (یەکی تایبەت)، کە سەرپەرشتی قۆڵی کەلار – تیلەکۆی کردووە. فەوجی کۆماندۆی یەکی سەر بە تیپی (دووی تایبەت). فەوجی (18)ی ئالی سەر بە (لیوای کۆماندۆی 70)، بە فەرماندەیی عەقید ڕوکن فوئاد ئیبراهیم محەمەد. موقەدەم ئیسماعیل محەمەد یاسین، لێپرسراوی بنکەی هەواڵگری سلێمانی. موقەدەم خالید یاسین عوبێد، لێپرسراوی هەواڵگری چەمچەماڵ. موقەدەم سەباح یونس سەعید، جێگری فەرماندەی کەرتی سەنگاو. موقەدەمی پیادە محەمەد نازم حەسەن دوڕاجی، فەرماندەی فەوجی کۆماندۆی تیپی یەکی تایبەت لە قۆڵی پێباز – سۆفی ڕەحیم – عەلی وەسمان. ڕائید قاسم هاشم یاسین، بەرپرسی هەواڵگری خورماتوو. نەقیب کیفاح عەلی حەسەن، بەرپرسی هەواڵگری کەلار. نەقیب جاسم محەمەد ڕەبیع، بەرپرسی هەواڵگری دەربەندیخان. ملازمی یەکەمی پیادە عەدنان سلێمان موسڵح، پۆلی (1)ی کۆماندۆی تیپی (1)ی تایبەت. ملازمی یەکەمی پیادە سەعید حەمید خزەیر، لە فەوجی (18)ی ئالی لیوای زرێپۆشی (70). ملازمی یەکەمی پیادە محەمەد عەبدولزەهرە عەلی لە فەوجی یەکی لیوای (444). ملازمی یەکەمی پیادە عەدنان سەلمان موسلیح لە فەوجی یەکی کۆماندۆی تیپی یەکی تایبەت. ملازمی پیادە کەریم جاسم شەریف، لە فەوجی کۆماندۆی یەکی تیپی دووی تایبەت. ملازمی پیادە شەهاب عەزیز حەمزە، لە فەوجی کۆماندۆی یەکی تیپی دووی تایبەت. ملازمی یەکەمی زرێپۆش ئەحمەد مستەفا شەریف، کەتیبەی تانکەکانی کەرامە. کەتیبەی زرێپۆشی (ئەلعەباس)، کەتیبەی تانکەکانی (ئەلکەرامە)، (12) دەستەی فڕۆکەی سەر بە یەکەی (55)، لەگەڵ تواناکانی ئەندازیاری ڕاسپێردراو بە کاولکردنی گوندەکان، دەستەی ئەرکانی سوپای سەر بە هەواڵگری تیپ و فەیلەقەکان، دەستەی کیمیایی،

فرۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، یەکەکانی ئەمنی سەر بە پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە.
ملازمی یەکەمی ئەمن ئەحمەد عەبدوڵڵا ناسر، لە بەڕیوەبەرێتی ئەمنی سلێمانی سەرپەرشتی (300) جاشی سووکی کردووە لە قۆڵی پێباز؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5733).
ملازمی ئەمن فەلاح تاهیر فەیاز، بەرپرسی جاشەکان بۆ سەر گوندەکانی شێخ تەوێڵ، ئیمام محەمەد و چەمی شور.
هەر یەک لە فەوجی جاشە سووکەکانی (25، 58، 75، 200) بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە، کە بریتین لە: (سەعید یوسف ئەسعەد زراری، سەرۆکجاشی فەوجی (25)ی جاشە سووکەکان. چیاد دێوالی دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوجی (58)ی جاشە سووکەکان. کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگی جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (75)ی جاشە سووکەکان. شێخ حەمەڕەشید عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم جاف تیلەکۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (200)ی جاشە سووکەکان؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5617-5619).
هەر یەک لە فەوجەکانی: (فەوجی (15)ی سەرۆکجاش شێخ حاجی عەبدولغەفور خالید دووبەردانی، فەوجی (121)ی سەرۆکجاش هەمزە باپیر بابەکر ئاغا پشدەری، فەوجی (131)ی جاشە سووکەکانی ئەنوەر محەمەد ڕەزا لەک و فەوجی (161) کە سەرۆکجاشەکەی دیار نییە، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی گوندی (سۆفی ڕەحیم، ئەمەربل و چوارشاخ)یان کردووە لە ئەنفالی سێیەم؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5606+5608+5612). فەوجی (15)ی عەبدولغەفور خالید دووبەردانی لە کاتی شەڕەکەدا هەڵاتوون، فەوجی (121)ی جاشە سووکەکان شوێنی شەڕەکەیان بەجێهێشتووە و کشاونەتەوە، کەچی ئەنوەر محەمەد ڕەزا لەکی سەرۆکجاشی فەوجی (131) بە سووکی بریندار بووە لە شەڕەکاندا. هەروەها فەوجی (36)ی جاشە سووکەکانی سەر بە سادق زێڕۆ ئەمین هەرکی، بەگوێرەی قسەکانی خۆی بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری، بەشداری ئەنفالی سێیەمی کردووە؛ سەرچاوە: (2-86، هاوکاری، ژمارە (998)، ل؟)؛ (2-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل240)، سەرۆکجاشی فەوجی (37)ی جاشە سووکەکان، تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی، بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی نەوجول، خورماتوو، کفری،

کەرکوک و سەرقەڵای کردووە، کە دەکاتە ئەنفالی (3). شۆڕش حاجی ڕەسوڵ لە سەرچاوەی (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل156)دا، ئاماژەی بە بەشداری چواردە فەوجی جاشە سووکەکان کردووە، کە جگە لە فەوجەکانی (25، 75، 100، 131، 179)، کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکردوون، نۆیەکەی تر بریتین لە ( فەوجی (2)ی سابیر ئەحمەد ڕەقیب محەمەد سوورچی (سابیر سوورچی)، فەوجی (5)ی ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەرکی، فەوجی (18)ی ساڵح محەمەد جەمیل ئاغا خۆشناو، فەوجی (35)ی عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف، فەوجی (46)ی موشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای سەرگەڕان، فەوجی (101)ی جەلال ئاغا ڕەفیق سەید وەلەد ئاغای کاکەیی (عەلی سەرایی)، فەوجی (139)ی محەمەد عەلی ئاغا حەسەن زەنگەنە، فەوجی (151)ی نەقیب عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان و فەوجی (199)ی سەعید قادر محەمەد جاف).

بەگوێرەی زیاد عەبدولڕەحمان (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل236-245)، ئەو سەرۆکجاش و مەفرەزە تایبەتییانە بەشداری ئەنفالی سێیەمیان کردووە: (فەوجی (35)ی سەر بە سەرۆکجاش عەمید فەتاح کەریم فەتاح جاف و لە نێویاندا تاهیر عوسمان ڕۆستەم ڕۆغزایی، فەرماندەی سریە لە فەوجی ناوبراو. فەتاح بەگی جاف، بەگوێرەی فەرمانی کۆماری ژمارە (1014)ی ڕێکەوتی (3.10.1988)، مەدالیای ئازایەتی لە پاداشتی بەشداری ئەنفالی سێیەم وەرگرتووە. کامیل شێخ هادی شێخ نوری سۆڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (55)ی جاشە سووکەکان. سوعاد فەیزوڵڵا محەمەد تاڵەبانی، سەرۆکجاشی فەوجی (60)ی جاشە سووکەکان. قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی، سەرۆکجاشی فەوجی (63)ی جاشە سووکەکان. شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی 64؛ (2-91، هاوکاری، ژمارە (995)، ل؟). سەعید مەحمود باریکە، سەرۆکجاشی فەوجی (73). عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، سەرۆکجاشی فەوجی (104)ی جاشە سووکەکان. زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (150)ی جاشە سووکەکان. ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی (سەید مانگا)، سەرۆکجاشی فەوجی (211)ی جاشەکان. بایز عەزیز ڕەشید ئاغا باواجانی، سەرۆکجاشی فەوجی (213). شێخ ئەحمەد جەمیل ئەمین بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (240)ی جاشە سووکەکان؛ سەرچاوە: (2-99، هاوکاری، ژمارە (996)،

ل4)؛ (2-103، الثورة، ژمارە (6692)، ل؟). سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (241)ی جاشە سووکەکان. محەمەد شێخ عەبدولکەریم قادر بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (257). شێخ حوسێن شێخ سەعید بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (262)ی جاشە سووکەکان. ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنە، سەرۆکجاشی فەوجی (268)ی جاشە سووکەکان. عەقید عەبدولحەمید عوسمانی سەرۆکجاشی فەوجی (300)ی جاشە سووکەکان. عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەباری (سەید عەدنان جەباری)، سەرۆکجاشی فەوجی (321)ی جاشە سووکەکان. شێخ کەریم شێخ شەهاب، سەرۆکجاشی فەوجی (323)ی جاشە سووکەکان. مەجید سلێمان ئەحمەد جاف (مەجید سلێمان وەزە)، سەرۆکجاشی فەوجی (354). ئەحمەد بیجۆ فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. ئەنوەری حەسۆ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. بەکر عەلی حاجی موشیر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. تاریق شەفیع کافرۆشی، سەرۆکجاشی فەوج. تاریق عەزیز ڕەزا ئاغا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. تۆفیق جەبار قارەمان چەمچەماڵی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت (145). جەبارە درێژ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. جەمال حوسێن دوزی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. حەسیب محەمەد نەجم ئینجە جەباری، سەرۆکجاشی فەوج. سەعید محەمەد غەریب جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (251). محەمەد ڕەحیم محەمەد سدیق (حەمە پۆخچی)، سەرۆکجاشی فەوجی (نەناسراو)ی جاشە سووکەکان. ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی، سەرۆکجاشی فەوجی (نەناسراو). سەعید (حەمە سەعید) غێدان و مەجید غێدانی، سەرۆکجاش و جێگری فەوجی (نەناسراو)ی جاشە سووکەکان. شامل دەروێش، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. شەماڵ ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی کە جێگری سەرۆکجاشی فەوج (جێگری ڕەفعەت محەمەد عەلی گلی) باوکی بووە. شەهاب ئەحمەد وایەرمەن، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. عاسی حەمە دێزە، مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات. عەبدوڵڵا کاکە ئەمینساڵح (عەبە کەرکوکی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. عومەر حاجی بادینان، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. عەزیز حەسەن فەتاح، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. محێدین حەمە ڕەحیم، سەرۆکجاشی فەوج. قادر عەزیز (قالەی عەزە ناڵبەند)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. قاسم ڕەشید درەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (؟؟). کەمال محەمەد حەیدەر تاسڵوجەیی (کەمالی شەمسە)، سەرۆکجاشی فەوجی جاشە سووکەکان).

هەروەها مەفرەزەی جاشە تایبەتییەکانی ژمارە (49، 50، 66، 77، 78) لە ڕێکەوتی (12.3.1988)دا بەشداری ئەنفالکردنی دانیشتوانی دێهاتەکانی (شێخ جیری، چیمەن، قەرەوەیس، زەنگەنە و چەندان گوندی سەر بە قادرکەرەم و پردێ)یان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب25، ل5834). مەفرەزە تایبەتییەکانی سەر بە تەواری سلێمانی (3، 55، 119، 194) بە سەرپەرشتی ملازمی ئەمن عەلی مەحمود عەلی. هەروەها تەواوی ئەو فەوجە جاشانەی کە لە ئەنفالی دوودا بەشداربوون لەگەڵ (13) فەوجی تردا بەشداری ئەنفالی سێیان کردووە. فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (194) مەنسوور سوارە فەتاح فەرەج بووە، کە لە ڕێکەوتی (12.4.1988)دا لە گوندی (شێخ تەوێل)دا کوژرا؛ سەرچاوە: (نووسراوی ئەمنی سلێمانی بۆ ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان و ئەمنی ناوەخۆی فەیلەقی یەک، کە لە ڕێکەوتی (16.4.1988)دا نێردراوە). تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە، سەرۆکجاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی سێی کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە). قادر محەمەد ڕەشید عەبدولقادر، سەرۆکجاشی فەوجی (353)ی جاشە سووکەکان، بەگوێرەی لێدوانی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە فەوجەکەیان بەشداری جەنگەکانی هەڵەبجە، قەرەداغ، ئەنفالەکانی یەکەم، دووەم و سێیەمیان کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، کە ژمارەو ڕۆژەکەی لەسەر نییە، بەڵام دەقی چاوپێکەوتنەکەی ناوبراوم لایە کە بۆ هاوکاری لێدوانی داوە).

ئامانجی شاڵاوی ئەنفالی سێیەم، گوندەکانی ناوچەی گەرمیان و سنووری بەڕێوەبەرێتی پارێزگای کەرکوک (کەرکوک، لەیلان، قادر کەرەم، دەربەندیخان، قەرە حەسەن، کفری، کەلار، سەنگاو، خورماتوو، جەبارە، چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر) بوو، کە نزیکەی زۆرتر لە (1000) دێهاتی گرتەوە لەگەڵ چوار مەڵبەندی ناحیەکانی (سەنگاو، قادرکەرەم، قەرەداغ و لەیلان)، کە هەموویان خاپورکران. هەندێک لەو ناوچە، بەرزایی و دێهاتانەی کە بەر شاڵاوی ئەنفالی سێیەم کەوتن ئەمانە بوون: (ئاوباریک، ئاوەسپی، ئەستێڵ، ئۆمەربل، ئۆمەڕقەڵا، ئیبراهیم غوڵام، باجگە، باشتەپە، باداوە (باراوە)، بەرکەل، بەلەکجار، بەلەکەی سەروو، بەڵخەی بچووک، بەڵخەی گەورە، باوەخۆشێن، بانەمۆرت، باوەنوور، بەکر بایەف، بەکرە شەل، بەنگۆل، بنەکە، بۆیسانە، پەڵکانە، پونگەڵە، پونگەڵەی حاجی مەحمود، پیباز، پێنج ئەنگوشتی حاجی

محەمەد ئاغا، پێنج ئەنگوشتی شێخ محەمەد، پێنج ئەنگوشتی شێخ مستەفا، تازەشار، تاڵەبان، تاڵاو، تاوسانە، تایەبەرز، تەپە سپی، تەپە سەوز، تەپە عارەب، تەپەكرۆز، تەپە مارف، تەپە نەریمان، تەكیە، تورگە، توكن، تۆپخانە، تیلەكۆ، تیمار، جنۆكە، حەسەن كەنۆشی خواروو، حەسەن كەنۆشی سەروو، حەمك، حەمە سلێمان، حەمە قادر، خدر رێحان، چەرمك، چەولك، چوار شاخی خواروو، چوار شاخی سەروو، چوارملان، چیمەن، داربەڕوو، دارەزی، درۆزنە، دەرزیلە، دەڕەوار، دوڕاجی، دوبرا، ڕەبات، ڕۆستەم ئاغا، زستانە، زەردە لیكاو، زەڕین، زەنگەنە، زینانە، سپی جەژنی، سەرقەڵا، سەرەڕەش، سەروچاوە، سماق، سەید خەلیل، سەید شێخان، سۆفی ڕەحیم، سۆفی ڕەزا، سێ خران، سێگۆمەتان، شاتری، شۆراو، شانەزەرد، شێخ حەمید، شێخ تەویل، عەزیز بەگ، عەزیز قادر، عەلیانی تازە، عەلیانی گەورە، عەلی وەسمان، فەتاح ئۆمەر، فەقێ مستەفا، قازانقایە، قایش پاشا، قەڵاگا، قەرەتامور، قەرەوەیس، قولیجان، قەیتاوان، قەیتول، قیرچە، كارێزە، كانی عوبێد، كانی قادری خواروو، كانی قادری ژوورو، كانی قادری قەڵا، كچان، كڵاوگە، كەرەبچنە، كەریم بەسام، كوڵەجۆ، كونەكۆتر، كۆشك، كۆشكی خواروو، كۆشكی سەروو، كۆكس، كێلەبەرزە، گەڕاوی، گەلیاوە، گوڵباخی خواروو، گوڵباخی سەروو، گۆمەزەرد، لەیلان، مریەم بەگ، ملەسوورە، مەحمود پەریزاد، مەسۆی حەمە فەرەج، مەسۆیەكان، مەلا ئۆمەر، میلقاسم، نەوجول، هەرێنە، هەزاركانی، هەنارە، هەوارە بەرزە، هەیەرە سوور، هۆمەر ئامان، هێڵانە قەل، وارانی خواروو و وارانی ژوورو).

پەلامارەكانی ئەم قۆناغەی ئەنفال بەمشێوەیە بووە:

قۆڵی یەكەم: لە كەلار-ەوە بەرەو ناوچەی شاتری.

قۆڵی دووەم: لە باوەنوور-ەوە هێزێك بەرەو بەرزاییەكانی چوارملان و شێخ تەویل و هێزێكی تریش بەرەو گوندەكانی سۆفی ڕەحیم و زەنگەنە.

قۆڵی سێیەم: لە دەربەندیخان دوو هێز دەرچوون، یەكێكیان بەرەو شاخەكانی زەردە و گوڵان، هێزەكەی تریش بەرەو گوندی بەركەل و شاخی زەردە.

قۆڵی چوارەم: لە تیلەكۆ-وە هێزێك بەرەو ناوچەی ڕۆغزایی و هێزێكی تریش بەرەو گوندی زەڕین.

قۆڵی پێنجەم: لە سەرقەڵا-وە بەرەو گوندی هۆمەربل.


قۆڵی شەشەم: لە شارۆچكەی سەنگاو-ەوە بەرەو گوندی قەیتوول.


قۆڵی حەوتەم: لە شارۆچکەی قادرکەرەم-ەوە بەرەو گوندەکانی: برایم غوڵام و بناری گل.
قۆڵی هەشتەم: لە شارۆچکەی خورماتوو-ەوە بەرەو هەر یەک لە شارۆچکەی نەوجول و گوندەکانی سەر بە داودە.
قۆڵی نۆیەم: لە شارۆچکەی سەنگاو-ەوە بەرەو گوندەکانی: کچان، هەزارکانی و هەنارە.

گوندەکانی فەقێ عوسمان، قەڵخانلو، ملەسوورە و مەیدان شوێنی کۆکردنەوەی دانیشتوانە دەستگیرکراوەکەی ناوچەکە بوون، بەتایبەت ڕۆژی (14.4.1988) کە خەڵکێکی زۆر لە ملەسوورەوە بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان بردران. هەوارە بەرزە شوێنی لەدایکبوونی (تەیمور ئەحمەد عەبدوڵڵا)یە کە سێ ساڵ تیایدا ژیاوە و دواتر چووینە بۆ گوندی کوڵەجۆ، لەکاتێکدا کە تەمەنی (12) ساڵان بووە لەگەڵ دایک، باوک، برا و خوشکەکانی لە لایەن سوپای سەدام و بەعسەوە گیراون و پاشان تەنیا خۆی لە گوللە باران کردنەکەدا ڕزگاری بووە.
لەم قۆناغەی ئەنفالدا لە (10) قۆڵەوە هێرش کرایە سەر ناوچەکە و ئەم ئەنفالە بە گەورەترین و دڕندانەترین ئەنفال دادەنرێت و گەورەترین زیانی بە کورد گەیاند. هەروەکو لە سەرەوەدا ئاماژەی پێدراوە، شاڵاوی دڕندانەی ئەم ئەنفالە لە ماوەی (7.4.1988-20.4.1988)دا درێژەی کێشا. ڕۆژی (14.4.1988) بە دڕندەترین و بەرفراوانترین ڕۆژی ئەنفال دادەنرێت، هەر بۆیەشە لە ساڵی (1995)وە لەلایەن (ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکانی کوردستان) کرا بە ڕۆژی ئەنفال و دواتریش لە لایەن حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان بە بڕیارێک لە ڕۆژی (4.4.2007)دا، ڕۆژی (14.4) وەکو ڕۆژی ئەنفال دیاریکرا. لەو ئەنفالەدا نزیکەی (50) پەنجا هەزار هاووڵاتی کورد شوێن بزرکران.
پاش ئەنجامدان و کۆتایی هاتنی ئەنفالی سێیەم، تەواوی خەڵکە دەستگیر کراوەکانی سنووری ئەو ئەنفالەیان لە سەربازگەیەکی کەرکوک کۆکردەوە و تاوانباران عەلی حەسەن مەجید، ڕازگری نووسینگەی باکووری پارتی بەعس، لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد، فەرماندەی فەیلەوی یەک، بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحەنتە و چەند ئەفسەرێکی دیکەی پایەبەرز چوونە ناو ئەو دەستبەسەرانە و بە ڤیدیۆ وێنەیان گیرا و بە دەیان جار لە تەلەفزیۆنەکانی ئێراقی پەخش کرا. ئەوکاتە من لە زیندانی

ئەبوغرێب بووم، بەزۆر لەکاتی دەنگوباسەکاندا لە کاتژمێری هەشتی هەموو ئێوارەیەک دەبوایە لە بەردەم تەلەفزیۆن دانیشین و گوێبگرین لە دەنگوباسەکان (کە ئێمە لەنێو خۆماندا ناومان نابوو سەدام باس)، بۆیە بە دەیان جار ئەو دیمەنە دڵتەزێنانەمان بینیووە.

Third Anfal (North): 7 April - 20 April 1988






ANATOMY OF A CAMPAIGN Third Anfal (South): 7 April - 20 April 1988

## شاڵاوی ئەنفالی چوارەم و هێزە بەشداربووەکان:

ئەنفالی چوارەم، بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەک و بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵڵا تولفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا (نزار خەزرەجی لە نزیکەوە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی چواری کردووە و لە دێی عەسکەر لە ڕێکەوتی (3.5.1988)دا لەسەر بانیماڵێکدا وێنەیەکی گرتووە، ماڵەکە ماڵی پێشمەرگەی دێرینی (ی. ن. ک) قارەمان مەحمودە)، فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی یاریدەدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات بووە.

پەلامارەکانی ئەنفالی چوارەم، بە بەشداری ئەو هێزانەی خوارەوە ئەنجام دراوە:

تیپی پیادەی (2) ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە عەمید ڕوکن عەبدولمەجید عەباس وەهەیب فەرماندەی تیپەکە بووە.

تیپی پیادەی ئالی (5) ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم) کە سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع بووە.

تیپی (8)ی پیادەی ناسراو بە (هێزەکانی موسەنا)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن ناتق شاکر مەحمود ڕامز بووە.

تیپی زرێپۆشی (10)ی ناسراو بە (هێزەکانی نەسر)ی سەر بە فەیلەقی چوار و فەوجەکانی کۆماندۆی سەر بەو تیپە، کە فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم ئەلدلێمی بووە.

فەوجی کۆماندۆی تیپی (28)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکەی لیوا ڕوکن ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی بووە.

تیپی پیادەی (38)ی ناسراو بە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بووە.
لیوای (448)ی سەر بە تیپی (38)ی هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز.
فەرماندەیی تیپی (46)، بە فەرماندەی عەمید ڕوکن عەلی ئەحمەد محەمەد ساڵح.
لیواکانی (65، 66، 68)ی هێزی تایبەت، کە سەر بە سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو، لە ساڵی (1990)دا عەمید ڕوکنی هێزی تایبەت عەبدولموحسن سلێمان کازم فەرماندەی لیوای (65)ی هێزی تایبەت بووە، بەڵام ئەوە نازانم ئایا لەکاتی ئەنفالەکانیشدا هەر ئەو بووە یان ئەفسەرێکی تر! عەمید ڕوکن جەعفەر سادق، فەرماندەی لیوای (66)ی هێزی تایبەت و ڕائید عەبدوڵڵەتیف مەجید کەرخی، فەرماندەی کەتیبەی (46)ی تانکەکانی (أبو هیثم)ی سەر بە لیوای ناوبراو بووینە.
هەر یەک لە لیوای ئالی و لیوای زرێپۆشی (46).
فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانی یەکەم (امرية جحفل الدفاع الوطني الاول)، لەژێر فەرماندەیی عەمید ڕوکن سەعد شەمسەدین خاڵس. فەرماندەیی هێزی تایبەتی پارێزگاری بارەگاکانی فەیلەقی یەک، بە سەرکردایەتی عەمید ڕوکن عەلاء محەمەد تەها.
فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوت، بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن بارەق عەبدوڵڵا حاج ئەلحنتە و بەشداری هەر یەک لە عەقید ڕوکن فوئاد حوسێن عەلی و موقەدەم هاشم کامل مەحمود کە هەردووکیان جێگری ناوبراو بوون، هەروەها عەمید خزەیر عەتیە زەهبان، ئەفسەری هەواڵگری هێزەکانی پارێزگاری نەوت.
لیوای پیادەی (110).
لیوای کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی یەک.
هێزە تایبەتییەکانی لیوای (77).
هێزەکانی گەڕۆکی سێیەم. کەرتی سەربازی سوسێ، بە فەرماندەیی عەمید خالید.
کەرتی سەربازی کۆیە، بە سەرکردایەتی عەقید محەمەد یاسین ئەلجبوری.
مەفرەزەکانی تەواری سەر بە ئەمنی کەرکوک و سلێمانی، دەستەی ئەرکانی سوپای سەر بە هەواڵگری تیپ و فەیلەقەکان، دەستەی کیمیایی، فڕۆکەوانی سوپا، هێزی ئاسمانی، تواناکانی ئەندازیاری ڕاسپێردراو بە کاولکردنی گوندەکان و یەکەکانی هەواڵگری سەربازی.

سەبارەت بە بەشداری جاشە کوردەکان لەو ئەنفالەدا، مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77)، کە فەرماندەکەی یوسف فەتحوڵڵا گۆرانی (قەرەهەنجیر)ی بووە. مامەند ساڵح مەولود (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (113)، بەشداری ئەنفالکردنی دەشتی هەولێری کردووە، کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی (4)، سەرچاوە: (1-21، زیاد عەبدولڕەحمان، تونی مەرگ، ل242). مامەند قەشقە، بەشداری دەستگیرکردنی دانیشتوانی گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی (تەقتەق)ی لە پارێزگای هەولێر کردووە بەتایبەت گوندەکانی بەردەسپی، کانی سلێمان، سێکانی و نێرەگین کە دەکاتە شاڵاوی ئەنفالی چوار.

فەوجەکانی سەر بە فەرماندەیی جەحافیلی یەکی جاشە سووکەکان بەشدارییان لەو ئەنفالە کردوە، کە لەنێویاندا ناوی (28) فەوج هاتووە و بریتین لە: (فەوجی (1)ی قەدری ئەحمەد محەمەد زێباری. فەوجی (20)ی ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری. فەوجی (23)ی عاسیف ئەحمەد ئاغای زێباری. فەوجی (37)ی تاریق فایەق وەلەد کاکەیی زەنقڕی. فەوجی (51)ی مامەند حەمەد مەولود گەردی. فەوجی (55)ی کامیل هادی شێخ نوری بەرزنجی (سۆڵەیی). فەوجی (72)ی فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی. فەوجی (78)ی ڕەشید ئەحمەد ئەمین عەزیز شێروانی. فەوجی (79)ی جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا. فەوجی (81)ی محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی. فەوجی (85)ی فارس تاهیر مستەفا ئاغای کۆیی. فەوجی (86)ی عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی. فەوجی (98)ی سەلیم مەمەند ڕەسوڵ ئاغای میراودەلی. فەوجی (99)ی تاهیر عەلی عەبدولڕەحمان جەباری. فەوجی (107)ی محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناوە شکاک. فەوجی (132)ی ئاکۆ عەباس بایز مامەند ئاغای سەرکەپکان. فەوجی (171)ی عومەر ئەحمەد عەلی جاف (عومەرە بچکۆل). فەوجی (172)ی تەحسین شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی. (175)ی حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری. فەوجی (195)ی لەتیف محەمەد ئەمین قادر جاف زرگوێزی. فەوجی (204)ی محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی. فەوجی (207)ی میرزا ئیسماعیل شەریف ڕەزا (میرزا کۆیی). فەوجی (211)ی ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی. فەوجی (212)ی عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ). فەوجی (237)ی قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی. فەوجی (248)ی سابیر ئەحمەد ئەمین. فەوجی (257)ی محەمەد عەبدولکەریم قادر بەرزنجی و فەوجی (356)ی ئەحمەد سۆفی

ئیسماعیل ساڵح؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل162-163).

بەگوێرەی تونی مەرگی زیاد عەبدولڕەحمان و سەرچاوەی (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل237-245)، ئەو سەرۆکجاش و مەفرەزە تایبەتییانە بەشداری شاڵاوی ئەنفالی چواریان کردووە بریتین لە: (سابیر ڕەقیب سوورچی سەرۆکجاشی، فەوجی (2). محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (19). شێخ موعتەسەم عەبدولکەریم حوسێن بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی 64؛ (2-91، هاوکاری، ژمارە (995)، ل نەزانراوە). سەعید مەحمود باریکە، سەرۆکجاشی فەوجی (73). بورهان محەمەد مستەفا شوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (92)ی جاشە سووکەکان. عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، سەرۆکجاشی فەوجی (104)ی جاشە سووکەکان. عەزیز حەمەد مەولود (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130)ی جاشە سووکەکان. شێخ جەلال شێخ نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (135)ی جاشە سووکەکان. شێخ مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (137)ی جاشە سووکەکان. هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (140)ی جاشەکان. زاهیر تاهیر تۆفیق کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (150)ی جاشە سووکەکان. ڕەزا تەها محێدین بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (211)ی جاشەکان. سەڵاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (241)ی جاشە سووکەکان. عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەباری (سەید عەدنان جەباری)، سەرۆکجاشی فەوجی (321)ی جاشە سووکەکان. جیهاد موسا قەرەهەنجیری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. حەسیب محەمەد نەجم ئینجە جەباری، سەرۆکجاشی فەوج. خەیروڵڵا کەریم مەولود (خەیروڵڵا دوزی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات. عەبدوڵڵا کاکە ئەمین ساڵح (عەبە کەرکوکی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. عەلی نەبیاوە (حاجی عەلی نەبیاوە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. محەمەد حوسێن نوری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. محەمەد جەلال ڕەسوڵ وسو کاوانی ناسراو بە محەمەد کاوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (277) و محێدین حەمە ڕەحیم، سەرۆکجاشی فەوج). هەروەها بەگوێرەی سەرچاوە: (2-119، هاوکاری، ژمارە (975)، ل؟)، هەر یەک لە فەوجی (47)ی سەر بە سەرۆکجاش مەدحەت تۆفیق

مەنسور داودی و فەوجی (138)ی سەر بە سەرۆکجاش ڕوناک ئیبراهیم مەدحەت داودی (شێخ ڕوناک)، بەشدارییان لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا کردووە. تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە سەرۆکجاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی چواری کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە).

جاشەکانی حەمەی حەسۆل بەشداری ئەنفالی چواریان کردووە؛ سەرچاوە: (1-31، سابیر کۆکەیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، ل296).

شاڵاوی ئەنفالی چوار گوندەکانی سەر بە (کەرکوک، ئاغجەلەر، پردێ، تەقتەق، تەکیە، خەلەکان، چەمچەماڵ، دوکان، دێگەڵە، ڕێدار، سورداش، شوان و کۆیە)ی گرتەوە، کە تەواوی گوندەکانی سەر بەو ناوچانە خاپوورکران کە بەشێکیان بریتی بوون لە: (ئاوماڵ، ئەسکەندەر بەگ، ئەلیاسەسوور، ئۆمەر گومەت، ئۆمەر مەندان، ئێلینجاغ، باخەوان، باغەچنێر، بانەگوڵان، بۆلقامیش، بۆگد، بێدەر، پاپیلان، پەڵکانە، پەلکەڕەش، پیران، پیبازۆک، تاڵەبان، تەپەکوڕە، تەڕەمار، تەکەڵتوو، تەقتەق، تەوەکەڵ، تورکمان باخ، تولکی، تەگباسان، تیژە، تلیان، تیمارۆک، حاجی قەڵا، حەسار، حەسەن قەپاغ، خدر شیرین، خەرابە، خورخوڕ، جگیلە، جۆکان، جەلەمۆرد، چەمی ڕێزان، دارئەختیار، داربەسەر، داربەڕوو، داڵاوە، داوداوە، دەرماناو، دەلۆ، دۆندار، ساتوقەڵا، سارتک، سەربیر، سەرچنار، سووڕقاوش، سماقە، سمایل بەگ، سێکانی، سێگردکان، شاخە پیسکە، شوان، شەوگێڕ، شیلەخان، شیواشۆک، شێخ ئەلوەن، شێخ بزێنی خواروو، شێخ بزێنی سەروو، شێخان، شێخ پاڵەوان، شێوەجانی، شێخ شیوەسوور، زەینەل، عەسکەر، عەمدون، عەوداڵان، عەمدۆک، قازان، قازبەگیان، قامیشە، قزڵوو، قەتار، ، قەرەسالم، قەرەناو، قەسر، قەسرۆک، قەڵاچۆغە، قەڵاسێوکە، قەشقە، قەمبەر، قەیسەری، قول قولە، قوڕەبەرازە، کارێزە، کڵێسە، کانیبی، کانی ڕەش، کانی سوور، کانی عازەبان، کانی کوردە، کانی گەرمک، کانی لەلە، کانی هەنجیرە، کاولان، کاولەسوار، کڵاوقوت، کەلەشێرە، کەپەنک، کەلکەسماق، کونەگورگ، کێلە زیندان، گورگان، گوڵم کەوە، گەورەدێ، گردخەبەر، گەرمک، گەڵناغاج، گۆپتەپە، گۆزەبۆرە، گۆمەشین، ماسقەلان، مام ڕەش، مامەلێسی، مایلە، مەشخەڵان، موخەڕەس، مەحمەخان، مەرزیخە، مەلا زیاد، مۆرخواردە، ناسر ئاغا، نێرەگین، هەیدەر بەگ و یارمجە).

شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالی چوارەم بە کیمیاباران کردنی گوندەکانی (گۆپتەپە و عەسکەر) لە ئێوارەی (3.5.1988)دا دەستی پێکرد و نزیکەی (450) هاووڵاتی شەهید بوون، دواتریش لە (20) قۆڵەوە هێرشی سوپا دەستیپێکرد بۆ سەر ناوچەکە و دوای شەش ڕۆژ و لە ڕۆژی (8.5.1988)دا ئەم ئەنفالە کۆتایی پێهات.

هێرشەکانی قۆناغی چوارەمی ئەنفال بەمشێوەیە بوو:

قۆڵی یەکەم: لە سلێمانی-یەوە بەرەو گوندەکانی: خەرابە، چەمی ڕێزان، کەلەشێرە، عەسکەر، گۆپتەپە، گەورەدێ، کەڵکەسماق و کلێسە.

قۆڵی دووەم: لە شارۆچکەی تەقتەق و سەربازگەی قەڵاتەوە هێزەکانی بەعس بەمشێوەیە هێرشیان کرد:

یەک: لە تەقتەق-ەوە بەرەو گوندەکانی: ئەسکەندەر بەگی، جەلەمۆرد، دارئەختیار، شێخان، گردخەبەر، گەڵناغاج، قەرەناو، قەسرۆک و مامەلێسی.

دوو: لە چەمی حەیدەر-ەوە بەرەو گوندەکانی: خەرابە، کانیڕەش، گۆمەشین، قزڵوو، موخەڕەس و مەلازیاد.

سێ: لە گەرمک-ەوە بەرەو گوندەکانی ئۆمەر گومبەت، سێگردکان، ئاوماڵ، سارتکە و قەمبەر.

چوار: لە کانیڕەش-ەوە بەرەو گوندەکانی: دەرماناو، عەمدۆک و مەرزیخە.

قۆڵی سێیەم: لە سمایل بەگ-ی سەر بە شارۆچکەی شوانەوە بەرەو گوندەکانی: تەپەکوڕە، تەوەکەڵ، پەڵکانە، حەسەن قەپاخ، خدرشیرین، شەوگێڕ، کارێزە، کاولەسوار، مامەڕەش، مۆرخوارد و قەرەسالم.

قۆڵی چوارەم: پەلاماری ئەم قۆڵە بەمشێوەیە بوو:

یەک: لە گوڵمکەوە-ی ئاغجەلەر هەروەها لە چەمچەماڵەوە بەرەو گوندەکانی تلیان، تیژە، دەلۆ، کڵاوقوت، مامەڕەش و مەشخەڵان.

دوو: لە تەکیە-وە بەرەو گوندەکانی: دالاوا، شێخ پاڵەوان، عەسکەر، گۆپتەپە و هەیەربەگ.

قۆڵی پێنجەم: پەلاماری ئەم قۆڵە لە دوو لاوە بوو بەمشێوەیە:

یەک: لە سەربازگەی تۆپزاوە-ی سەر بە شاری کۆیەوە بەرەو گوندەکانی: پێبازۆک، حاجیقەڵا، کانیکوردە، قەسرۆک و قوڕەبەرازە.

دوو: لە بانی تاڵەبانییەوە بەرەو گوندەکانی: باغەچنێر، تەکەڵتوو، پەڵکانە، شێوەجانی و کونەگورگ.

لەو ئەنفالەدا زۆرتر لە (28.550) هاووڵاتی کورد لە ژن، منداڵ و پیاو لەلایەن هێزەکانی سوپا، میلیشیای بەعس، ئەمن، ئیستخبارات، مەفرەزە تایبەتییەکان و جاشی کوردەوە دەستگیرکران، کە دواتر بە فەرمانی سەدام حوسێن، عەلی حەسەن مەجید و سەرکردەکانی دیکەی هێزەکانی بەشدار لە ئەنفالەکاندا لەلایەن تیمەکانی مەرگەوە بە کۆمەڵ کوژران و زیندەبەچاڵ کران یاخود ڕەوانەی یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ (وحدة المجازر البشرية) کران، لەوێش چەکی نوێی بایەلۆجی و کیمیایی وەزارەتەکەی (حوسێن کامل حەسەن مەجید ئەلتکریتی)، وەزیری پیشەسازی سەربازی-یان لەسەر تاقیکردنەوە و لەنێوبردران.

Fourth Anfal: 3 - 8 May 1988



## شاڵاوی ئەنفالەكانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هێزە بەشداربووەكان:

جێبەجێكردنی ئەو سێ شاڵاوی ئەنفالە ماوەی زۆرتر لە سێ مانگی خایاند و لەنێوان (15.5.1988–26.8.1988)دا بەردەوام بوو، بەڵام باشبوو تاڕادەیەكی زۆر دوژمن شكستی هێنا. ئەو قۆناغەی ئەنفال بە سەركردایەتی لیوا ڕوكن یونس محەمەد سلێمان ئالزەڕب فەرماندەی فەیلەقی پێنج، هەردوو جێگرانی فەرماندەی فەیلەقی پێنج (عەمید ڕوكن یونس محەمەد حەماد و عەمید محەمەد مستەفا ئیسماعیل)، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق یەكەمی ڕوكن عەدنان خەیروڵڵا توڵفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تكریتی بەرپرسی بیرۆی باكووری حیزبی بەعس، فەریق ڕوكن نزار عەبدولكەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆك ئەركانی سوپا، فەریق حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتكریتی یاریدەدەری سەرۆكی سوپا بۆ كاروباری ئۆپراسیۆنەكان، لیوا ڕوكن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید ڕوكن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری بەڕێوەبەری ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات و هەر یەك لە عەمید ڕوكن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری و عەقید ڕوكن وەلید نایف شبیب، كە لە ساڵی (1988)دا هەر یەكەیان بۆ ماوەیەك بەڕێوەبەری ڕێكخراوی هەواڵگری ناوچەی باكوور لە هەولێر.

ئەنفالەكانی پێنج، شەش و حەوت ناوچەیەكی فراوانی گرتەخۆی كە بریتی بوون لە (بەشێكی هەولێر، مەسیف، شەقڵاوە، هیران، دۆڵی نازەنین، حەریر، خەلیفان، دۆڵی خۆشناوەتی، ڕواندز، دۆڵی مەلەكان، سۆران، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی خانەقا، خەتێ، چۆمان، دێگەڵە، دۆڵی سماقوڵی، كۆیە، دەشتی كۆیە، هیزۆپ، چوارقوڕنە، ڕانیە، قەڵادزێ و چیای قەندیل)، كە بە زۆری ئەو گوندانەی گرتەوە: (ئاشگە، ئاكۆیان، ئاڵانە، ئاقوبان، ئەسپیندارە، ئەشكەفتە، بالوكاوە (بەلاروكاوە)، بالیسان، بلەی خواروو، بلەی سەروو، بناوێ، بۆتێ، بەرگرتك، بیرێژی، بێراوە، بێرۆ (بێروێ)، پشت ئاشان، تاراوە، توتمە، حاجی ئەحمەد، جاوەڵ، جۆلەمێرگی خواروو، جۆلەمێرگی سەروو، چیوەی خواروو، چیوەی سەروو، چۆلیاوە، خەزنە، خەلەكان، خۆران، دڕەبی، دەراش، دەربەندی گۆمەسپان، دەرگەڵە، ڕماوێژ، زورگان، زیارەت، زیخان، زینی گەلی، زێبارۆك، زێوە، سارتكە، ساوسێوكە، سەران، سەركانی، سەرنووس،

سكتان، سماقوڵی سەروچاوە، سماقوڵی گرتک، سولاوک، سیساوە، شەرکان، شیرێ، شێخ مەمودیان، شێخان، شێخ وەسانان، عەلیاوە، کانی بەرد، کاموسەک، کلێتە، کۆمتان، کێشکە، کێلکێل، گڕاو، گەڕەوانی خواروو، گەڕەوانی سەروو، گەلیاوە، گولان، گۆچاڵ، گۆڕەشێری خواروو، گۆڕەشێری سەروو، گۆمەسپان، قەلات، قەلاسنجی بچووک، قەلاسنجی گەورە، قڕناقە، قیرێژە، فەقێیان، مەلەکان، مێرگەسەر، نازەنین، هەرتەل، هەرووتە کۆن، هەنارە، هیران، وەرتێ، وەرێ، ونکە).

هەندێک لە هێزەکانی سوپا و میلیشیا دڕندەکانی سەدام بەمشێوەیە هێرشیان کرد:

قۆڵی یەکەم: بەرەو گوندی گەڕەوان و بە هیوای کۆنترۆڵکردنی کێلکێل، گەڕەوانی خواروو، گەڕەوانی سەروو، بەرزاییەکانی کارۆخ و هندرێن.

قۆڵی دووەم: لە هەڵەمووند-ەوە بەرەو گوندەکانی: جاوەڵ، دڕەبی، دەرگەڵە، سەری ئەحمەدە، زینی گەلی، گەرۆتە و وەرتێ.

قۆڵی سێیەم: لە سەروچاوە، بەنی هەریر و خەلیفان-ەوە ڕووە و دۆڵی بالیسان و ئالانە.

شەڕی خواکورک کە لە ڕێکەوتی (19.7.1988)دا بۆ سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکرد و نزیکەی ماوەی مانگ و نیوێکی پێچوو، بەشێک بوو لە هێرشەکانی ئەنفالەکانی پێنج، شەش و حەوت. ڕۆژێک بەر لە دەستپێکردنی ئەو قۆناغەی ئەنفال واتە ڕۆژی (14.5.1988)، سەربازەکانی فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاری نەوتی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی عابدی گاردی کۆماری)، کە فەرماندەکەی (عەمید ڕوکنی هێزەکانی تایبەت بارەق عەبدوڵلا حاج ئەلحنتە و جێگرەکانی بریتی بوون لە (عەقید ڕوکن فوئاد حوسێن عەلی) و (موقەدەم هاشم کامل مەحمود و ئەفسەری هەواڵگری هێزەکانی پارێزگاری نەوت عەمید خزەیر عەتیە زەهبان، کە ڕۆڵێکی یەجگار دڕندانە، شۆڤینیانە و نامرۆڤانەیان بینی لە ڕەشبگیرییەکەی شاری کۆیە)؛ سەرچاوە: (1-19، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق، ل108).

ئەم قۆناغەی ئەنفال، بە بەشداری ئەو هێزانەی خوارەوە بوو:

تیپی پیادەی ئالی (1)ی ناسراو بە (هێزەکانی ئەبوعوبەیدە)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن ڕافع حەمدون زەنون و عەمید ڕوکن سامر سوڵتان ئەحمەد بووینە.

فەوجەكانی كۆماندۆی (1+2)ی سەر بە تیپی (2)ی هێزەكانی خالید بن وەلیدی فەیلەقی یەك. كەتیبەی تانكەكانی (7)ی نیسان، كە سەر بە لیوای (4)ی تیپی (2)ی (هێزەكانی خالید بن وەلید)ی سەر بە فەیلەقی یەك بوو.
تیپی پیادەی (4) ناسراو بە (هێزەكانی قەعقاع)ی فەیلەقی (5)، بە سەرپەرشتی فەرماندەی هێز عەمید ڕوكن عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵلا بەیاتی.
فەرماندەیی تیپی پیادەی ئالی (5) ناسراو بە (هێزەكانی محەمەد قاسم)ی سەر بە فەیلەقی یەك.
تیپی پیادەی (7) ناسراو بە (هێزەكانی مەنسور)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، بە سەرپەرشتی عەمید ڕوكن ئەمیر جاسم حەمۆ. لیوای (116)ی سەر بە تیپی (7)ی هێزەكانی مەنسوری فەیلەقی پێنج.
تیپی پیادەی (16)ی ناسراو بە (هێزەكانی زولفەقار)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، كە فەرماندەكانی تیپی ناوبراو عەمید ڕوكن شامل مەحمود محەمەد و عەمیدی ڕوكن عەبد موتلەق حەمود ئەلجبوری بووینە.
تیپی پیادەی (23)ی ناسراو بە هێزەكانی عەباس (فەرماندەیی هێزەكانی عەباس)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، كە جێگری فەرماندەی ئەو تیپە عەمید ڕوكن شامل مەحمود محەمەد بووە.
تیپی پیادەی (24)ی ناسراو بە (هێزەكانی موعتەسەم)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، كە فەرماندەكەی لیوا ڕوكن عەبد عۆن نوعمە نسور بووە، كە پەلاماری گوندەكانی باكووری قەلاَدزێ و گوندەكانی حەوزی زێی بچووكیاندا. شانبەشانی تیپی (24)ی هێزەكانی موعتەسەم، فەوجی (5)ی جاشە سووكەكان بە فەرمانده‌یی سەرۆكجاش (ئەسعەد جهانگیر ئاغای هەركی) بەرەو دۆڵی وەرتێ، دوڵی مەلەكان و دوڵی بالیسان هێرشیان كرد.
لیوای (119)ی سەر بە تیپی (27)ی ناسراو بە (هێزەكانی سدیق)ی سەر بە فەیلەقی یەك، كە فەرماندەی تیپەكە عەمید ڕوكن سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی بووە.
تیپی پیادەی (36)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، كە فەرماندەكەی لیوا ڕوكن عوسام مەحمود و جێگرەكەی عەمید ڕوكن محەمەد مستەفا بووە.
هەر یەك لە لیواكانی (19، 91، 452)ی سەر بە فەرماندەیی تیپی (37)ی ناسراو بە (هێزەكانی ئەجنادین)ی سەر بە فەیلەقی یەك، كە فەرماندەی تیپەكەی عەمید ڕوكن

ئیبراهیم خەلیل ئیبراهیم و فەرماندەی لیوای (19)ی سەر بەو تیپە عەقیدی پیادە فەوزی جەواد هادی بووە.
تیپی پیادەی (40)، بە سەرکردایەتی عەمید ڕوکنی هێزی تایبەت دورەید مستەفا شاکر و جێگرەکەی موقەدەم عەلی موتلەق موسا، هەروەها هەرسێ لیوای ئەو تیپە لە ئەنفالی پێنجەمدا بەشدارییان کردووە کە بریتی بوون لەو لیوایانە: (لیوای (76)، بە سەرکردایەتی عەقید عەلی شاکر ڕەزا، لیوای (82)، بە سەرکردایەتی عەقید ئەفریم خدر داود و لیوای (98)، بە سەرپەرشتی نەقیب محەمەد ڕەزا جەواد.
فەرماندەیی هێزەکانی (45)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی ئەو تیپە عەمید ڕوکن سەباح ئیسماعیل فەرحان تکریتی و عەمید ڕوکن عامر ئەلزوبێدی بووینە، کە لە ڕواندزەوە بەرەو گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان، فەقێیان و سەران هێرشیان کردووە. ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە عەمید ڕوکن عامر ئەلزوبێدی، بەتایبەتی لەکاتی ڕەشبگیریەکەی ڕواندز لە ڕێکەوتی (15.6.1988)دا، دەستکرا بە دەستگیرکردنی تەواوی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر کە پەنایان هێنابوو بۆ شارۆچکەی ڕواندز، ڕۆلێکی یەجگار خراپی گێڕا.
فەرماندەی هێزەکانی (46)، بە سەرپەرشتی عەمید ڕوکن عەلی ئەحمەد محەمەد سالح.
هێزی گەڕۆکی سەر بە تیپی (2)ی ناسراو بە (هێزەکانی خالید بن وەلید)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن عەبدولمەجید عەباس وهەیب بووە.
لیوای (66)ی هێزی تایبەتی سەر بە سەرکردایەتی گشتیی هێزی چەکدار، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن جەعفەر سادق و ڕائید عەبدوڵڵەتیف مەجید کەرخی، فەرماندەی کەتیبەی (46)ی تانکەکانی (أبو هیثم)ی سەر بە لیوای ناوبراو بووینە.
لیوای کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی پێنج.
لیواکانی (420، 434، 702). فەوجی کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی یەک.
فەوجی پیادەی (26).
لیوای زرێپۆشی (80).
فەرماندەی کەرتی سەربازی شەقڵاوە – سەلاحەدین، بە سەرپەرشتی فەرماندەی کەرتەکە عەقید ئوسامە ئیسماعیل عەبدوڵڵا.
هەروەها کەتیبەی تانکەکانی ئەحفادی کەڕاڕ.

تواناکانی ئەندازیاری ڕاسپێردراو بە کاولکردنی گوندەکان.

هێزی ئاسمانی. دەستەی کیمیایی. دەستەی چەکی تایبەت (العتاد الخاص) و یەکەکانی هەواڵگری سەربازی. لەگەڵ فەوجەکانی سەر بە فەرماندەیی جەحافیلی پێنجی جاشە سووکەکان بە (22) فەوج بە سەرپەرشتی جێگری فەرماندەی جەحفەل عەقید کەریم مەحمود خەڵەف، بەشدارییان کردووە و نەقیب عەلی حەمادی حەماد، بەرپرسی هەواڵگری شەقڵاوە سەرپەرشتی هەندێک مەفرەزەی تایبەتی کردووە.

بەگوێرەی نووسراوی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالی پێنج بە ژمارە (م5/ش3/ق11325/2)ی ڕێکەوتی (10.6.1988)دا، کە هەر یەک لە تیپەکانی (23، 24، فەرماندەیی هێزەکانی چل و پێنج، فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانیی پێنج) بەشدار بووینە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5136). عەمید ڕوکن غانم سالّح حەسەن ڕەبیع ئەلغەراوی، فەرماندەی جەحفەلی پێنجی سووکی بەناو پارێزگاری نیشتمانی (جاشە سووکەکان) بووە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی جاشە سووکە کوردەکان لەو ئەنفالەدا ، نووسراوی ژمارە (ش3/ق11365/3)ی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بۆ هۆبەی سێی هەواڵگری سەربازی گشتیی بە ڕێکەوتی (28.6.1988)، کە دەکاتە ئەنفالی پێنج، شەش و حەوت، ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕێکەوتی (21.6.1988)دا هێزێک بە فەرماندەیی هێزەکانی دوو کە پێکهاتبوو لە (سریەکی تانک، سریەکی زرێپۆش، سریەکی کۆماندۆی سەر بە بارەگای فەیلەقی یەک، سریەی مورەتەبی/6، جاشە سووکەکانی (85)ی قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغای کۆیە، فەوجی (90)ی ئەحمەد کوێخا ڕەجەب شوانی، فەوجی (92)ی بورهان محەمەد مستەفا شوانی، فەوجی (93)ی عەلی ئەحمەد شەعبان، فەوجی (135)ی شێخ جەلال شێخ نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی، فەوجی (138)ی شێخ ڕوناک ئیبراهیم مەدحەت داودی، فەوجی (162)ی سالّح ئەحمەد حوسێن گەڵاڵی، فەوجی (210)ی خدر عەبدوڵڵا حوسێن، فەوجی (241)ی سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی، فەوجی (261)ی نەناسراو و شەڕکەرەکانی محەمەد سادق شوانی)، هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی (ئاوماڵ، ئۆمەر مەندان، بەردەسپی، بەرەکە، پڵینگە، سێکانی، سێگردکان، شەیتان ڕەحمان، کانی لەلە، قەمبەر) و هەموویان ڕماندن، هەروەها پەلاماری ناو شاری کۆیەشیان


داوە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5144). بەگوێرەی نووسراوی (ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور) بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی، ژمارە (ش3/ق2/1041)، ڕێکەوتی (2.6.1988)دا فەوجی (20)ی سەر بە سەرۆکجاش ئیبراهیم عەلی حاجی مەلۆ مزوری، فەوجی (34)ی سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە و فەوجی (40)ی کەریم خان مەحمود خەلیفە برادۆستی، بەشداری ئەنفالی پێنجیان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب21، ل5014).

هەر پەیوەست بە بەشداری فەوجی جاشەکان، شۆڕش حاجی ڕەسوڵ، لە لاپەڕەکانی (166-167)ی پەرتووکی (ئەنفال کورد و دەوڵەتی ئێراق)دا ناوی (22) فەوجی بردووە، کە بریتین لە: (فەوجی (42)ی تاهیر حوسێن سەید محەمەد جەباری (سەید تاهیری گەورە)، فەوجی (46)ی موشیر ئیبراهیم ئەحمەد ئاغای سەرگەڕان، فەوجی (69)ی مەحمود حەمەئەمین حەمە سالح (ساڵح حەمە) گوڵێ، فەوجی (79)ی جەلال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا، فەوجی (83)ی هەڵگورد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی، فەوجی (91)ی عەباس بایز باڵو ئاغا، فەوجی (102)ی ئیبراهیم نەسرەدین شێخ عەزیز بەرزنجی، فەوجی (104)ی عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگا، فەوجی (124)ی عەبدولڕەحیم محەمەد ڕەمەزان ئیمامی، فەوجی (126)ی شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداوێ، فەوجی (137)ی مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، فەوجی (140)ی هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، فەوجی (175)ی حوسێن محەمەد عوسمان پشدەری، فەوجی (181)ی فارس محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، فەوجی (204)ی محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی ، فەوجی (212)ی عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، فەوجی (214)ی عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی، فەوجی (238)ی بورهان تۆفیق بابەکر هەورامی، (241)ی سەلاحەدین خدر ڕەسوڵ نەقشبەندی، فەوجی (249)ی عەلی زۆراب ڕەزا مەحمود عەزیزی، فەوجی (259)ی سەباح شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی، فەوجی (318)ی حەمەئەمین تەها ڕەسوڵ سوورچی). تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە سەرۆکجاشی فەوجی (179)ی جاشە سووکەکان، بەشداری ئەنفالی پێنج و شەشی کردووە؛ سەرچاوە: (ڕۆژنامەی هاوکاری کە کۆپییەکەی لامە، بەڵام بەداخەوە ژمارەکەی دیار نییە).

عەقید خالید عەبدولڕەحمان بەکوع، فەرماندەی کەرتی سدیقی سەربازی، کە سەرپەرشتی ڕەتڵی یەکەمی قۆڵی هەرموش چیای کۆرەکی کردووە.
بەڕێوەبەری ئەمنی شەقڵاوە، عەقید تەحسین خەلیل نەقشبەندی، سەرپەرشتی ڕەتڵی سێی قۆڵی کاولۆکان و زنجیرە چیای هندرێنی کردووە. نووسراوی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئێراق، ژمارە (م5/ش3/ق11325/2)ی ڕێکەوتی (10.6.1988)، سەبارەت بە ئەنفالی پێنج، بەشداریکردنی هەر یەک لە تیپەکانی (23، 24، فەرماندەیی هێزەکانی چل و پێنج و فەرماندەیی هێزەکانی جەحفەلی پارێزگاری نیشتمانیی پێنج)ی پشتڕاست کردۆتەوە؛ سەرچاوە: (2-1، ب21، ل5136).

هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ئەم قۆناغەی ئەنفالدا، هێزە دڕندەکەی ئاسمانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (15.5.1988)دا بە چەکی کیمیایی پەلاماری گوندی (وەرێ)ی دۆڵی بالیسان-یان داو بیست و دوو کەس لەو پەلامارەدا شەهید بوون. بەگوێرەی نووسراوی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵاتی بنکە لە کەرکوک، ژمارە (ش3/ق14127/3)ی ڕێکەوتی (17.8.1988)دا بۆ هەواڵگری گشتیی (ش3)، کە تیایدا هاتووە: لە ڕێکەوتی (31.7.1988)دا هێزەکانمان بە تەقەمەنی تایبەتی لە ناوچەی بالیسان-یان دا؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5173-5174).

Fifth, Sixth, and Seventh Anfals: 15 May - 26 August 1988



004997 [redacted]
IST.A8072.015.007

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

سري وشخصي وعلى الفور

(سفر الشهداء اكرم منا جميعًا)

وزارة الدفاع
رئاسة اركان الجيش
(مكتب رئيس اركان الجيش)
العدد / راج / ٣٠ / ٤٦٦٩
التاريخ ٢٨ / ايار / ١٩٨٨

الى :ـ ديوان وزارة الدفاع

الموضوع :ـ نتائج عمليات الانفال

كتابكم سري وشخصي ١٠٢٣٤ في ٢٢ آيار ١٩٨٨

بتاريخ ٢٤ آيار ١٩٨٨ بدأت عمليات الانفال الخامسة .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

الفريق الركن
نزار عبد الكريم فيصل
رئيس اركان الجيش

نسخه الى :ـ

مكتب أمانة السر (ق.ع ق م) / طيا صورة كتاب رئاسة الجمهوريه/السكرتير سري للغايه وشخصي ١٨٦٨/ك في ١٥ آيار ٨٨ وكتاب الديوان اعلاه
يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

المرفقات
٢. صورة كتاب

دائرة العمليات / الحاقا باعلامنا ١٨٠٨١ في ٨ آيار ٨٨ طيا صورة كتاب الديوان اعلاه . نرجو اتخاذ مايلزم .

المرفقات
صورة كتاب

EXHIBIT 32

مديرية الاستخبارات العسكريه العامه / كتاب الديوان اعلاه . نرجو اتخاذ مايقتضي بصدد المادة (٢) منه بالتنسيق مع دائرة العمليات .

FOR OFFICIAL USE ONLY

(١ـ١)
سري وشخصي وعلى الفور

## شاڵاوی ئەنفالی هەشتەم و هێزە بەشداربووەکان:

شاڵاوی ئەنفالی هەشت یا دوا قۆناغی شاڵاوی ئەنفال لە ڕۆژی (25.8.1988)دا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان (ناوچەی بادینان) دەستی پێکرد و لە ڕۆژی (6.9.1988)دا کۆتایی هات.
ئەنفالی هەشتەم یان کۆتایی ئەنفالەکان بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن یونس محەمەد ئالزەڕب فەرماندەی فەیلەقی پێنج، لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد فەرماندەی فەیلەقی یەک، لیوا ڕوکن کامل ساجت عەزیز ئەلجەنابی فەرماندەی فەیلەقی دوو، هەروەها بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی فەریق یەکەمی ڕوکن عەدنان خەیروڵلا توڵفاح وەزیری بەرگری، عەلی حەسەن مەجید تکریتی، بەرپرسی بیرۆی باکووری حیزبی بەعس، فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلخەزرەجی سەرۆک ئەرکانی سوپا، فەریق حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی یاریدەدەری سەرۆکی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی، عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری گشتیی سەربازی ڕۆژهەڵات و هەر یەک لە عەمید ڕوکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری و عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب، کە لە ساڵی (1988)دا یەک لەدوای یەک بۆ ماوەیەک بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور (مدیر منظومة إستخبارات المنطقة الشمالیة) بووینە، جێبەجێکرا.
ئەو ئەنفالە تایبەت بوو بە سنووری بادینان و لە هەردوو پارێزگای دهۆک و موسڵ ئەنجام درا و تێکڕا (448) گوندی کوردستان خاپورکران و (13.361) هاووڵاتی کورد لەو شاڵاوەی ئەنفالدا دەستگیرکراون؛ سەرچاوە: (2-1، ب23، ل5366)، گیراوەکان ڕەوانەی قەڵای (نزارکێ)ی خۆرهەڵاتی شاری دهۆک کران، کە دواتر هەموویان لەنێو بردران، کە تێکەڵ بووینە لە (737+803) پێشمەرگەی گیراو و ئەوانەی خۆیان ڕادەستی دوژمن کردۆتەوە، (1489) هاووڵاتی پیاو ، (3368) ژن و (6964) منداڵ.

سنووری ئەنفالی هەشت دهۆک، موسڵ، ئامێدی، ئەتروش، ئیمینکێ، باتوفە، زاخۆ، زاوێتە، زێوە، دێرەلوک و کانی ماسی گرتەوە، ئەو گوند و ناوچانەی لەو ئەنفالەدا

كاول كران بریتی بوون لە: (ئاتوش، ئارتیش، ئاسیها، ئاشاوا، ئاڤۆكی، ئاكوڤێ، ئەزدورە، ئوزمانا، ئێكماڵە خاپور، ئەسپیندار، بابیرێ، باتوڤە، باتیڤا، بادڕەش، بازێ، بارزان، باشێ، باگولاتكێ، باگێرا، بانكا، بانی، باوان، بلمباسێ، بلیجانكێ، باڤا، بالوكا، باوەركا كەڤرێ، باوەركا ژووری، بەربانگ، بەرچی، بەرزیرك، بەروشكا، بەرواری باڵا، بەری بەهار، بەلیتێ، بەندا، بوتیا، بیبوو، برجینی، بی بادی، بیباڤا، بیرەبارێ، بیلیجانە، بێرسڤێ، بێسفكێ، بێسرێ، بێگوڤە، پرێسە، پیروزانا، تاژیكا، تاڵاوە، توشك، تویشەمبیكێ، تویكا، تۆتازە، تێلاكرۆ، جەزگیرا، چەقەلا، چەمانكێ، چەم چالێ، چەم ڕەبەتكێ، چەم شرتێ، چیا ڕەشك، خانكێ، خەرابیا، داكان، درگنی، دەركار عەجەم، دەرگەلا شێخا، دوغات، دینارتە، دێركە، دێرەلوك، ڕاسلەینێ، ڕدێنیا، ڕەزیكێ، ڕەشاوا، ڕویسێ، ڕۆدینا، ڕۆز، زاوێتە، زیناڤا، زێوكا، زێوە، زێوەشكان، ساركێ، سپێدە، سپنداری، سپیندارۆك، سپێیر، سگێرێ، سەرداڤ، سەرسنگ، سەرقەڵا، سەركول، سەرگە، سەرنی، سەیدان، سوارێ، سوراڤا، سیتە، سیریێ، سێدەرە، شاوریك، شكاڤ، شەمدینان، شیڤیێ، شێرانە، ڤەجنقین، كاروكی، كانی باسكا، كانی بەلاڤ، كانی سارد، كانی سپی، كانیامالا، كانی مازە، كانێ، كەرو، كەڤنە مژی، كوانێ، كورێمێ (لەو گوندەدا هێزەكانی بەعسی سەدامی لە ڕێكەوتی (28.8.1988)دا (33) هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەیان گرت و گوللە بارانیان كردن، كە (27)یان گیانیان لە دەستدا و (6)یشیان بە برینداری ڕزگاریان ببوو، دوای ئەوەی چەكدارەكانی بەعس وایان زانیبوو هەموویان مردوون و جێیان هێشتبوون، بەڵام یەك لە ڕزگاربووەكان دواتر دیار نەما پێدەچێت هێزەكانی بەعس دووبارە گرتبێتیان و كوشتبێتیان. ئەو هێزەی كە ئەو كوشتارەی گوندی كورێمێی ئەنجامداوە، لیوای (435)ی پیادەی ژێر سەرپەرشتی تیپی (29)ی سەر بە فەیلەقی سێ بووە، كە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمیدی ڕوكن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری بووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب23، ل5336)، دوو ئەفسەر لەو ئەفسەرانەی سوپای ئێراقی كە بەشداری گوللە باران كردنی (33) كەسەكەی گوندی (كورێمێ)یان كردووە ملازم عەباس و ملازم محەمەد بووینە؛ سەرچاوە: (2-246، ئەنفالستان، ژمارە (8)، ل25). كوفك، كوڤلینكێ، گاڤاركە، گركا، گەڕناسكێ (گلناسكێ)، گەرگاش، گەرەگو، گەڤرێ، گولێ، گویزێ، گوندك، گوند كوسە، گیزێ، قەدش، لۆمانا، مانگێش، مژێ، میرگەتوی،

مەرگەشیش، میسکا، مێرستەکا، مێرگێتی، مێروکێ، نێروە، هەمزیکی، هۆمەر ئاغا، هیزاوە، هێتوت، هێسێ، وەرمێلێ، وەرخەل، وەرگەتوو).

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان هێزەکانی سەر بە فەیلەقەکانی (1+2+3+4+5+6+7) بەشداری ئەنفالی هەشتەمیان کردووە، کە تێکڕای ژمارەی تیپە بەشدار بووەکان (20) تیپ دەبوون، بەڵام نزیکەی نیوەیان ڕۆڵی سەرەکی جەنگ و هێرش بردنیان بینیوە، لەگەڵ بەشداری (30) کەتیبەی تۆپهاوێژی؛ سەرچاوە: (2-1، ب23، ل5314)، کە سوپای ئێراق ئەوکاتە نزیکەی (60) کەتیبەی تۆپهاوێژی هەبووەو هەر کەتیبەیەک بریتی بووە لە (18) تۆپ، کەواتە (520) تۆپی بۆ ئەو ئەنفالە تەرخان کردووە لەگەڵ نزیکەی (250) هەزار سەرباز.

سەبارەت بە بەشداریکردنی جاشی کورد، سەد و شەست و سێ فەوجی جاشە سووکەکان؛ بەشداری ئەنفالی هەشتیان کردووە؛ سەرچاوە: (2-1، ب22، ل5220-5228)، کە ناوی هەر هەموویان لەو نۆ لاپەڕەیەدا نووسراوە).

ئەو هێز و تیپانەی سوپا کە بەشداری ئەو ئەنفالەیان کردووە و بۆ ئێمە ناسراون، بریتیین لە:

تیپی پیادەی ئالی (1)ی ناسراو بە (هێزەکانی ئەبوعوبەیدە)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، کە فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن ڕافع حەمدون زەنون و عەمید ڕوکن سامر سوڵتان ئەحمەد بووینە.

تیپی پیادەی (2)، کە دەکاتە (هێزەکانی خالید بن وەلیدی سەر بە فەیلەقی یەک، فەرماندەی ئەو تیپە عەمید ڕوکن عەبدولمەجید عەباس وهەیب بووە).

هێزەکانی تیپی پیادەی (4)، کە دەکاتە (هێزەکانی قەعقاعی سەر بە فەیلەقی پێنج، فەرماندەی تیپی چوار عەمید ڕوکن عسمەت سابیر عومەر فەتحوڵڵا ئەلبەیاتی بووە)، تیپی ناوبراو سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (29، 93، 120، 418، 436، 605)، کەتیبەی تانکەکانی (42)ی سەر بە لیوای زرێپۆشی (80)، سریەی پیادەی ئالی سەر بە لیوای زرێپۆشی (80)، بیست و یەک فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (82، 662)، کەتیبەکانی م. مت - تۆپهاوێژی نێوەنجی - (249، 669)، بەتەریەی سووکەکانی (8، 181، 665)، بەتەریەی هەواڵگری (2)، بارەگای کەتیبەی هەواڵگری (974) لەگەڵ بەتەریەی یەک، دوو فەوجی زرێپۆشی سەر بە کەتیبەی تانکەکانی وەلید، بارەگای کەتیبەی ئەندازیاری

گۆڕەپانی (8) لەگەڵ سریەکی تر، سریەی یەکی کەتیبەی ئەندازیاری سەر بە فەیلەقی دوو، ڕەعیلێکی ڕادار و دە بەلەم).
تیپی پیادەی (7)ی ناسراو بە (هێزەکانی مەنسور)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، فەرماندەکەی عەمید ڕوکن ئەمیر جاسم حەمۆ بووە و سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (2، 72، 509، 606)، لیوای کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی یەکی تایبەت عەقید ڕوکن خالید بەهلول ئەللوعەیبی، سریەی پیادەی ئالی سەر بە لیوای زرێپۆشی (80). بیست و شەش فەوجی جاشە سووکەکان. کەتیبەی تۆپهاوێژی ژمارە (47). کەتیبەکانی تۆپهاوێژی نێوەنجی (216، 661). بەتەریە سووکەکانی (22، 603، 663). بەتەریەی هەواڵگری (9). بەتەریەی دووی کەتیبەی هەواڵگری (974). بارەگای کەتیبەی زرێپۆشی وەلید لەگەڵ سریەیەک. سریەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (2)ی سەر بە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (18). سریەی سێی سەر بە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (20) و ڕەعیلێکی ڕاداری سەر بە فەیلەقی یەکی تایبەت).
فەرماندەی لیوای (435) موقەدەم ڕوکن ڕەشید سنجار ئەزلام عۆدە ئەلجبوری بووە، کە ئەو لیوایە سەر بە تیپی پیادەی (20)ی سەر بە فەیلەقی چوار بووە.
تیپی (21)ی پیادەی سەر بە فەیلەقی دوو، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەقید عەبدولئیلا حامد ئەلعەناز موسڵاوی بووە.
تیپی (23)ی ناسراو بە (هێزەکانی عەباس)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، جێگری فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن شامل مەحمود محەمەد بووە.
تیپی (24)ی ناسراو بە (هێزەکانی موعتەسەم)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، فەرماندەی تیپەکە لیوا ڕوکن عەبد عۆن نوعمە نسور بووە.
تیپی (26)ی پیادە، ناسراو بە هێزەکانی یاسر بن عەمار (قیادة قوات یاسر بن عمار)ی سەر بە فەیلەقی حەوت، کە فەرماندەکەی عەمید ڕوکن ئەمجەد ڕەشاد چیاد بووە، سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (84، 238، 435)، کەتیبەیەکی تانکی سەر بە لیوای زرێپۆشی (80)، بارەگا لەگەڵ سریەکی سەر بە کەتیبەی زرێپۆشی قودس (کە سەر بە هێزی تایبەتی بارەگاکانی فەیلەقی چوار بووە)، یازدە فەوجی جاشە سووکەکان و کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (1+61)ی مەیدان).

تیپی (28)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو لیوا ڕوکن ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی بووە.

هێزەکانی سەر بە تیپی (29)ی پیادەی سەر بە فەیلەقی سێ، کە فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری، کە بریتی بوون: (لە لیواکانی پیادەی (84، 238، 435)، کەتیبەی تانکەکانی لیوای زرێپۆشی (80)، کەتیبەی پیادەی ئالی سەر بە لیوای کۆماندۆی (80)، سریەکی کەتیبەی زرێپۆشی قودس (کە سەر بە هێزی تایبەتی بارەگاکانی فەیلەقی چوار بووە)، شازدە فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (1+64)، کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی (736)، بەتەریە سووکەکانی (5+15)، بەتەریەی هەواڵگری (787)، بەتەریەی دووی کەتیبەی هەواڵگری (1380)، سریەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (3)، کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (18)، سریەکی ئەندازیاری گۆڕەپانی (3)، کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپان (8) و (20) بەلەم)، هەروەکو باسکرا ئەو هێزانە بە سەرپەرشتی فەرمانەدەی تیپی (29) عەمید ڕوکن عەبدولجەلیل عەبدولحەمید موحسین ئەلحەیدەری بووە.

تیپی پیادەی (30)، بە فەرماندەیی عەمید ڕوکن نەبیل ڕەحمان ئەحمەد هاشم بووە، کە بەخۆیی و شەش لیوا بەشدار بووینە.

تیپی (33)ی ناسراو بە (فەرماندەیی هێزەکانی بەدر)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن ڕەمزی مەحمود عەبدوڵڵا فەتحی ئەلقەیسی بووە.

تیپی (35) و هێزەکانی سەر بە تیپی پیادەی (35)، فەرماندەی تیپی ناوبراو لیوا ڕوکن محەمەد تاهیر تۆفیق، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی دەکرد: (لیواکانی پیادەی (79، 102، 118، 502، 846)، بیست و شەش فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی نێوەنجی (120+243)، کەتیبەی تۆپهاوێژی سەدام، بەتەریە سووکەکانی (4+6+657+688)، بەتەریەی سێی کەتیبەی هەواڵگری ژمارە (628)، سریەکی پیادەی ئالی سەر بە لیوای زرێپۆشی (51)، ڕەعیلێکی پرد دروستکردن، ڕەعیلێکی ڕادار و دە بەلەم).

هێزەکانی (38)ی ناسراو بە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)ی سەر بە فەیلەقی یەک، فەرماندەی تیپەکە عەمید ڕوکن عەبدولئەمیر عەلوان حوسێن بووە، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (77، 417، 506) لەگەڵ لیوای

کۆماندۆی دووی سەر بە فەیلەقی (5)، کەتیبەی تانکەکانی (46)، کەتیبەی زرێپۆشی حەتین، بیست فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەکانی تۆپهاوێژی (18+38)، بارەگای کەتیبەی هەواڵگری ژمارە (928) لەگەڵ بەتەریەی یەک، بەتەریە سووکەکانی (495+658+646)، بەتەریەی هەواڵگری یەک و سریەکانی یەک و دووی سەر بە کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی فەیلەقی پێنج). ڕائید ئەحمەد حەسەن مستەفا، ئەفسەری هەواڵگری سەرکردایەتی تیپی پیادەی (38) کە دەکاتە (هێزەکانی عومەر بن عەبدولعەزیز)، لە گوندی (دەرجەلال)ی سەر بە زاخۆدا نۆزدە هاووڵاتی بێتاوانی ئەو گوندەی گوللە باران کردووە؛ سەرچاوە: (2-67).

تیپی (39)ی ناسراو بە (هێزەکانی شەرحەبیل بن حەسنا)ی سەر بە فەیلەقی یەک، کە فەرماندەی تیپەکە لیوا ڕوکن عەلی محەمەد شەلال بووە.

تیپی (40) بە فەرماندەیی عەمید ڕوکنی هێزی تایبەت دورەید مستەفا شاکر و جێگرەکەی موقەدەم عەلی موتلەق موسا بووە.

تیپی (41)ی ناسراو بە (هێزەکانی عەتەبە بن غەزوان)ی سەر بە فەیلەقی سێ، فەرماندەی تیپی ناوبراو لیوا ڕوکن حەمید شاکر مەحمود بووە، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی (103، 114، 706) لەگەڵ لیوایەکی کۆماندۆی یەکی سەر بە فەیلەقی (6)، لەگەڵ پازدە فەوجی جاشی سووک، کەتیبەی تۆپهاوێژی (241)، کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی ژمارە (783)، بەتەریە سووکەکانی ژمارە (14+19+499+789)، بارەگای کەتیبەی هەواڵگری (140) لەگەڵ دوو بەتەریە، سریەکی تانکەکانی سەر بە کەتیبەی تانکەکانی ئەحفاد کەڕاڕ، سریەکی زرێپۆشی سەر بە کەتیبەی زرێپۆشی نوعمان، سریەی ئەندازیاری گۆڕەپانی یەک، کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپان (م ع/2) و ڕەعیلێکی ڕادار).

تیپی پیادەی (42)ی سەر بە فەیلەقی یەک، فەرماندەی تیپی ناوبراو عەمید ڕوکن ئەیاد شەعبان ڕەمزی بووە، کە سەرپەرشتی ئەو هێزانەی کردووە: (لیواکانی پیادەی ژمارە (14، 42، 501، 503، 805)، کەتیبەیەکی تانکەکانی سەر بە لیوای زرێپۆشی (51)، سریەکی پیادەی ئالی سەر بە لیوای زرێپۆشی (51)، بیست و یەک فەوجی جاشە سووکەکان، کەتیبەی تۆپهاوێژی (83)، کەتیبەی تۆپهاوێژی نێوەنجی (762)، بەتەریە سووکەکانی (18+34)، بەتەریەی هەواڵگری (6+788)، بەتەریەی

سێی سەر بە کەتیبەی هەواڵگری (140)، سریەکی زرێپۆشی سەر بە کەتیبەی زرێپۆشی نوعمان و کەتیبەی ئەندازیاری گۆڕەپانی (8) جگە لە سریەکی).
تیپی (44)ی سەر بە فەیلەقی یەک، فەرماندەی تیپەکە لیوا ڕوکن غانم سوڵتان عەبدوڵلا بووە.
عەبدوڵڵا بەرع ئەلجەنابی، بەڕێوەبەری ئەمنی بەغدا. عەقید ئیبراهیم عەلاوی، لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی و بەرپرسی لە شەهید کردنی سەدان و هەزاران تێکۆشەری کوردستانی، لەنێویاندا شەهیدان شیهاب شێخ نوری شێخ ساڵح، جەعفەر عەبدولواحێد ئەحمەد و ئەنوەر زۆراب ئەحمەد کە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوون. عەقیدی مافناس داود سەلمان شەهاب ئەندامی دەستەی دادگای شۆڕش، موقەدەمی مافناس تاریق هادی شاکر ئەندامی دەستەی دادگای شۆڕش، موقەدەمی ئەمن حەقی ئیسماعیل عەلی حەمادی ئەلدلێمی، ئەفسەر لە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی بەغدا، دوای ئازادی ئێراق و ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ڕۆژی (11.3.2010) بۆ ماوەیەک بە فەرماندەی پاسەوانی ناوچەی دووی سنوور (قائد حرس حدود المنطقة الثانية) لە ڕومادی دامەزراوە و وەکو زیندانییەکی سیاسی دژ بە ڕژێمی سەدام مووچە و مافەکانی دیکەی زیندانی سیاسی وەردەگرێت، لەبەرئەوەی کاتێ بەرپرسێکی باڵای ئەمنی گشتیی بووە دەرکەوتووە چاوی لە هەڵەی چەند ئەفسەرێکی دیکەی ئەمنی گشتیی پۆشیوە بەهۆی برادەرایەتی، ئەوەش وای لە سەدام کردووە بۆ ماوەی چەند ساڵێک بیخاتە زیندانەوە. ڕائیدی ئەمن یاسین ئەسعەد ئەلعجیلی، بەڕێوەبەری هۆبەی سێی ئەمنی گشتی، کە بەشدارە لە کۆمەڵکوژی دەیان هەزار کورد. ڕائیدی ئەمن عاسی ئیبراهیم عاسی ئەلدوری لە ئەمنی عامە. ڕەفیق کازم نوعمە سەلمان، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی باکووری سەربازی. وەلید خەلیل عایش ڕازگری نهێنی لقی هەولێری پارتی بەعسی عارەبی سۆسیالیست لە ساڵی (1983). سالم مشعان ئەلکریشی، بەڕێوەبەری ئەمنی بوسەیە لە پارێزگای موسەنا).

ئەوەی شایەنی باسە حکومەتی ڕەگەزپەرست و ڕەفتار فاشی سەدامی عروبە و بەعس، شاڵاوی دڕندانەی دەستگیرکردن و بەکۆمەڵ کوشتنی بارزانییەکانی لە ماوەی یازدە ڕۆژدا لەنێوان (31.7.1983–10.8.1983)دا ئەنجامدا، کە هەر یەک لەو شارۆچکە و دێهاتانەی گرتەوە (قوشتەپە، بەحرکە، حەریر، باتاس و دیانا)، کە بووە هۆی بزرکردن و دواتر لەناوبردنی هەشت هەزار مرۆڤی سیڤیل و بێتاوانی بارزانی، جگە لەوەی چەند کەسێکیان سەر بە ڕژێم بوون وەکو: (شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد محەمەد عەبدولسەلام بارزانی، ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، کە پەرلەمانە کارتۆنییەکەی سەر بە سەدام بوو. عیماد شێخ

عوسمان شێخ ئەحمەد محەمەد عەبدولسەلام بارزانی، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراق، كە پەرلەمانە كارتۆنییەكەی سەر بە سەدام بوو. سابیر مەلا مستەفا محەمەد عەبدولسەلام بارزانی، كە كوڕی مەلا مستەفای بارزانی بوو). ئەو بارزانیانەی كە سەر بە ڕژێم بوون ژمارەیان (23) كەس بوو، هەموویان لە ڕۆژی (26.7.1983)دا دەستگیركران. دوای ئەوانیش لە نێوان ڕۆژی (31.7.1983) و ڕێكەوتی (10.8.1983)دا هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی بە تۆمەتی هاوكاریكردنی پارتی دیموكراتی كوردستان و یارمەتیدانی سوپای ئێران و چەك هەڵگرتن لەدژی سوپای ئێراق دەستگیركران. ئەو تۆمەتە هیچ بنچینەیەكی ڕاستی نەبوو، بەڵكو ئەو كەسانە تەنیا لەبەر ئەوە لەنێوبردران كە كورد و سەر بە خێڵی بارزانی بوون، لە ڕاستیدا ئەو كارەی بەعس تۆڵەسەندنەوە بوو لە كاری هاوبەشی سەرانی (پدك) و كوڕانی بارزانی (ئیدریس و مەسعود) لە ڕۆژی (23.7.1983)، كە لە دژی سوپای ئێراق بۆ پەلاماردان و داگیركردنی حاجی ئۆمەران، چۆمان و گردەمەند بەڕێوەچوو.

بارزانییەكان بەتایبەت ئەوانەی بەغدا كە دابوویانە پاڵ ڕژێمی سەدام، دەبوایە هەر زوو هەست بە مەترسی گیران و لەناوبردنی خۆیان بكەن، چونكە ڕژێم هەر دوای هەفتەیەك تێپەڕبوون بەسەر دەستپێكردنی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق – ئێران (22.9.1980–8.8.1988)، عوبەیدوڵڵا مستەفا بارزانی، وەزیری دەوڵەت و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراق كە پەرلەمانە كارتۆنییەكەی سەر بە سەدام بوو لە بەغدا دەستگیركرد و شوێن بزربكرد. نزیكەی دوو هەفتەیەك دواتر واتە سەرەتای مانگی ئۆكتۆبەری ساڵی (1980)، ڕژێم ئەو جارەیان لوقمان مستەفا بارزانی لە (ساحة التحریر)ی بەغدا دەستگیركرد و تاوەكو ئێستاكەش بێسەر و شوێنە، لە ساڵی (1983)شدا ڕژێمی بەعس لەگەڵ دەستگیركردنی هەشت هەزار بارزانییەكە چوار كوڕی لوقمانی مەلا مستەفای بارزانی دەستگیركردن و لەناوی بردن. لە هەمووی بێویژدان تر و قەرەقوشیانەتر ئەوەیە بەگوێرەی بەڵگەنامەكانی ڕژێمی بەعس و سەدام، ئازادی كوڕی لوقمان بارزانی خوێندكاری كۆلێژی ئاداب بووە لە بەغدا لەكاتی دەستگیركردنیدا، كەچی بە تۆمەتی چەك هەڵگرتن لەدژی هێزە چەكدارەكانی ئێراق و یارمەتیدانی سوپای فارس لە ناوچەی حاجی ئۆمەران سزای لە سێدارە دانی لە ڕێكەوتی (30.8.1983)دا لەلایەن عەواد حەمەد بەندەر بۆ

دەرچووە، دواتر لەگەڵ سێ برای دیکەی بە ناوەکانی (بیداد، نەوزاد و سەلاح)، لە سێدارە دراون (بەڵگەنامەی لە سێدارەدانی ئازاد لە خوارەوەی ئەو بابەتە دانراوە).
دەستگیرکردنی هەردوو کوڕی مەلا مستەفای بارزانی بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان لەدژی ڕژێم ئەنجام دابێت، ئاماژەیەکی زەق بوو بۆ گرتن و لەناوبردنی تەواوی بارزانییەکانی تری باشووری کوردستان، هەروەها سەرەتای هۆنینەوەی پلانێکی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سەدامی عروبە بووە لەدژی کۆمەڵێک مرۆڤی بێتاوان و سیڤیلی بارزانی، کە هەرچی سەر بە ڕەگەزی نێر و تەمەنی سەرووی پازدەساڵی بوو گرتەوە.

لە دانیشتنی کۆتایی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (3.5.2011)، سەبارەت بە دۆسیەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، دادگای باڵای تاوانەکان سەرەڕای بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکە، سزای بەسەر تاوانبارە دەستگیرکراوەکان بەمشێوەیەی خوارەوە سەپاند: (سەعدون شاکر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی چوار سزای بۆ دەرچوو، یەکەم: بەگوێرەی مادەی (11) بە تاوانی جینۆساید سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، دووەم: بەگوێرەی مادەی (12)ی تاوانی دژە مرۆڤایەتی (15) ساڵ زیندانیکردن، سێیەم: بەگوێرەی مادەی (12)ی تاوانی ئەشکەنجەدانی بارزانییەکان (7) ساڵ زیندانیکردن، چوارەم: بە تاوانی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی و ئەو کردەوە نامرۆڤانەی لەدژی بارزانییەکان ئەنجامی داوە سزای (10) ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەرچوو. تاریق عەزیز بەگوێرەی مادەی (11) بە تاوانی جینۆساید سزای هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، هەروەها بەگوێرەی مادەی (12) سزای (15) ساڵ زیندانی بە تاوانی بەزۆر گواستنەوەی بارزانییەکان، سزای (7) ساڵ زیندانی و بە تاوانی ئەشکەنجەدانی بارزانییەکان و سزای (10) ساڵ زیندانی بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی لەدژی بارزانییەکان بۆ دەرچوو. حکمەت ئیبراهیم مزبان ئەلعەزاوی بەگوێرەی مادەی (12)ی دژە مرۆڤایەتی دوو سزای زیندانی هەتا هەتایەو سزای زیندانیکردنی بە (15) ساڵ بۆ دەرچوو، هەروەها سزای (7) ساڵ زیندانیکردنی بە تاوانی ئەشکەنجەدانی بارزانییەکان بۆ دەرچوو. حامد یوسف حەمادی بەگوێرەی مادەی (12)ی تاوانی دژە مرۆڤایەتی سزای (10) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو. سوفیان ماهر حەسەن حوسێن ئەلغدێری ئەلتکریتی بەگوێرەی مادەی (11)ی تاوانی جینۆساید سزای هەتا هەتایەی بۆ دەرچوو، هەروەها بەگوێرەی

مادەی (12)ی دژە مرۆڤایەتی بەشی (و) كە ئەشكەنجەدانە سزای (7)ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو، وەلێ وەتبان ئیبراهیم حەسەنی زڕبرای سەدام بێتاوان دەرچوو).
ئەوەی مایەی نیگەرانی هەموو لایەكمانە وەكو كورد ئەوەیە كە لە ڕێكەوتی (3.4.2012)دا بەپێی بڕیارێكی وەزارەتی دادی ئێراقی حامد یوسف حەمادی سكرتێری سەرۆك كۆمار (سەدام) و وەزیری ڕۆشنبیری ئازاد كرا. ئاخر بەگوێرەی مادەی (27)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق كە (كۆپیەكم لایە)، یاساكە بە بڕیاری ژمارە (10)ی سەرۆكایەتی كۆمار لە (9.10.2005)دا بە واژۆی مام جەلال، عادل عەبدولمەهدی و غازی یاوەر پەسەندكراوە و بڕیاری كاركردن بەو یاسایە دەرچووە، هیچ دەسەڵاتێك یان كەسێك لە هەر پلە و پۆستێكدا بێت بۆی نییە سزای تاوانبارانی سزادراو لەلایەن دادگای ناوبراودا سووك بكات یان ئازادیان بكات. یاساكە بریتییە لە (40) مادە و لە خاڵی دووەمی مادەی (27)دا هاتووە: (بۆ هیچ لایەنێك نییە بە سەرۆك كۆماریشەوە ئەو سزایانەی كە لەو دادگایەدا دەردەچێت سزاكان سووك بكات یان سزادرا و ببەخشێت. دوای ئەوەی كە سزاكە یان بڕیارەكە پلەی یەكلاكەرەوەی وەرگرت، دەبێت لە ماوەی (30) ڕۆژدا سزاكە جێبەجێ بكرێت). كەواتە ئازادكردنی حامد یوسف حەمادی كارێكی نایاسایی و دژ بە یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراقە، ئەوەی وەزارەتی دادی ئێراقی سەبارەت بە ئازادكردنی حامد یوسف حەمادی ئەنجامی داوە بڕیارێكی سیاسییە نەك یاسایی، بۆیە كورد بۆی هەیە لە دادگای فیدڕاڵی سكاڵا لەدژی وەزیری داد، وەزارەتی داد و حكومەتی ئێراقی تۆمار بكات.

استمارة الهوية
ت ١٠٠

| رقم التدقيق | رقم القيد | الحي | نوع العملية | [illegible] | [illegible] | الجهة المصدرة | تاريخ العملية يوم شهر سنة |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ٥٩ ٥١٩٤٧٣٣ | ١ | [redacted] | ١ | ٧٠٩ | ٢ [redacted] | ٢٠١٠١٨٥ |

| | الاسم الثلاثي (ع٣٥) | | اللقب (ع١٥) | الجنس |
|---|---|---|---|---|
| 2 | ازاد ه لقمان ه مصطفى | ١ | البارزاني | [redacted] ١ |

| | تاريخ الولادة يوم شهر سنة | محل الولادة او (سبب ترقين القيد) (ع٢٠) | الحالة الزوجية |
|---|---|---|---|
| 3 | ٥٩ | اربيل | [redacted] |

| | النشاط | السنة | الشعبة | وصف ومكان المهنة (ع٣٠) | قطاع المهنة | السنة | القضية | الدرجة |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | جاسوس ٢٠٤٤٠ | ٨٢ | ١٣٢ ١٠٢٠١ | طالب بجامعة بغداد | ٨١١٤ | ٨٢ | ١٠٤ [redacted] | [redacted] |

| | العنوان | المحافظة والقضاء | الرمز | تفاصيل العنوان (ع٤٠) | السنة |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | العنوان | بغداد الرصافة | ٤٢٠١ | شارع فلسطين حي المستنصرية | ٨٢ |

| [illegible] | المدقق | الادخالات CAP. | التدقيق VER. | السيطرة النوعية | تسلسل الاستمارة |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

استمارة الخلاصات
ت ١٢٠

| | رقم التدقيق / رقم القيد | السجل | عدد العبارات | نوع العملية | | تاريخ العملية يوم شهر سنة | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 1<br>٥٩ ٥١٩١٧٢٣ | 2<br>١ | 3<br>٢ | ٩ فتح<br>٣ الغاء | 4<br>١ | 5<br>٢٠ / ١٠ / ٨٥ | |

| | الفقرة | تاريخ العبارة يوم شهر سنة | رمز العبارة | العبارة المرمزة ⇦ |
|---|---|---|---|---|
| 2 3 | | | | حكم عليه |
| | 1<br>١٢ | 2<br>٧٠ / ٨٠ / ٨٢ | 3<br>٥٥٢ | التفاصيل — 4<br>بالاعدام شنقاً حتى الموت مع ايوائه لحمله السلاح ضد القوات المسلحة الوطنية ومساعدة الجيش الفارسي لاحتلال منطقة حاج عمران وتزويده بالمعلومات عن [illegible] وضع العراق / كتاب محكمة الثورة ١٤٤٦/١٩٨٢. |
| 2 3 | | | | تمت مصادرة اموال المنقولة وغير المنقولة |
| | 1<br>١٢ | 2<br>٧٠ / ٨٠ / ٨٢ | 3<br>٥٢٤ | التفاصيل — 4<br>كتاب رئاسة محكمة الثورة / ١٤٤٦ / ١٩٨٢ |
| 2 3 | | | | |
| | 1 | 2 | 3 | التفاصيل — 4 |

| تسلسل الاستمارة | السيطرة النوعية | VER. التدقيق | CAP. الادخال | التدقيق | التلخيص |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | م. فؤاد |

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
السكرتير

بسم الله الرحمن الرحيم

سري للغاية وشخصي

العدد: ٢٦٥١/ك
التاريخ: ١٩٨٧/٨/٢٤

٥٧٨٢
١٩٨٧/٨/٢٤

١٠١٢٥
٩/١٣

الرفيق علي حسن المجيد المحترم

م/العوائل البارزانية

نظراً لاستمرار تأكيد المجرم مسعود البارزاني على موضوع العوائل البارزانية التي كانت تسكن محافظة اربيل - مجمع قوشتبة وذلك من خلال الاتصالات غير المباشرة التي تحققت مع زمرته منذ عام ١٩٨٢ وحتى الآن، حيث انه يعتبر ذلك كشرط أو مقترح رئيسي للبدء بحوار جدي مع قيادة الحزب والثورة..

أمر السيد الرئيس القائد بتوجيه المسؤولين والاجهزة الامنية المعنية بالقضية الكردية - الذين من المحتمل الاتصال بهم من خلال طرف ثالث - بان يكون الرد محدد وموحد بأن (لا أحد يعرف عنهم شيئ سوى قيادة الدولة وأن لمسألة الاساسية أكبر من قضية هذه العوائل) وأن يعتمد هذا الجواب في الرد على أي استفسار منهم قد يحصل عن مصير هذه العوائل.

نرجو اتخاذ ما يقتضي.. مع التقدير

سكرتير رئيس الجمهورية

يتبع/-

مدير م / أ
نبلغ م ٦٤ والمعنيين فانا اكو اداري (١-٢)
بالامر وللتنفيذ
٨/٢٤

وێنەی ژمارە (1)



وێنەی ژمارە (2)





وێنەی ژمارە (3)



وێنەی ژمارە (4)

## وێنەکانی سەرەوە:

1. عەواد حەمەد بەندەر.
2. لیوا ڕوکن سوفیان ماهر حەسەن تکریتی.
3. حکمەت ئیبراهیم مزبان ئەلعەزاوی.
4. بەرزان ئیبراهیم حەسەن تکریتی.

## کۆمەڵکوژی دانیشتوانی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە:

لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (13.5.1987)دا، لە ڕاپەڕینێکی فراوانی کۆمەڵانی خەڵکی شاری هەڵەبجەدا لە دژی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی فاشی و ڕەگەزپەرستی عارەبی سەدام-دا، هێزەکانی سوپا، مونەزەمەی بەعس، ئەمن و هەواڵگری ئێراقی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی شارەکە دەستگیرکرد، کە دواتر هەشتاو پێنج کەسیان بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید و فەریق نزار خەزرەجی، فەرماندەی ئەوکاتی فەیلەقی یەکی سوپای ئێراق زیندەبەچاڵکرد.
دوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)ی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەی باشووری کوردستان، تەرمی ئەو شەهیدانە لە چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵدا لە (بامۆکی) لای هەر یەک لە شارۆچکەی هەڵەبجە، سەید سادق و شانەدەری دۆزرانەوە؛ سەرچاوە: (1-13، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، ل228).

دوای تێپەڕبوونی (22) ساڵ بەسەر ئەو تاوانە، یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە، لە ڕێکەوتی (4.11.2009)دا لە بەغدا لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق دەستپێکرد و ئەمانەی خوارەوە وەکو تۆمەتبارانی سەرەکی شەهید کردنی (85) هاووڵاتی دانیشتووی هەڵەبجە و کاولکردنی گەرەکی کانی ئاشقان ناویان هاتووە: (عەلی حەسەن مەجید ڕازگری نهێنی بیرۆی باکووری حزبی بەعس. فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات. لیوا ڕوکن خالید محەمەد عەباس عەلی ئەلجبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری سەربازی ناوچەی خۆرهەڵات. مونزر عەزیز خدر ئەلسەفار، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی سلێمانی. عەمید ڕوکن غانم ساڵح حەسەن ڕەبیع ئەلغەراوی، فەرماندەی جەحفەلی پێنجی سووکی بەگری نیشتمانیی. عەلی حەسەن عوەید ئەلعەلکاوی، فەرماندەی تیپی (43)ی).
لەکاتی ئەنجامدانی ئەو تاوانە نامرۆڤانەی بەعسی و سەدامییەکان لە ڕێکەوتی (13.5.1987)دا، ڕەفیق نیسان سەرحان هیلال، ڕازگری نهێنی فرقەی حزبی بەعس و ڕائید وسام عەلی کازم، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە بووینە، بەڵام ناویان لە لیستی داواکراوەکان و تاوانبارەکاندا نییە.

ئەوەی جێگەی داخە بۆ کەسوکاری قوربانییەکان و تەواوی کورد، دوای لە سێدارە دانی عەلی حەسەن مەجید تکریتی ناسراو بە (عەلی کیمیایی) لە ڕێکەوتی (25.1.2010)دا بە دوو ڕۆژ، واتە لە ڕۆژی (27.1.2010)دا، دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بڕیاریدا بە ڕاگرتن و داخرانی دۆسیەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانی زیندەبەچاڵکردنی (85) هاووڵاتی بێتاوانی شاری هەڵەبجە و ڕوخاندنی گەڕەکی کانی ئاشقان، کە گەڕەکێکی گەورە و گرنگ بوو لەناو شارۆچکەی هەڵەبجە.

## دادگاییکردنی دۆسێی عارەبێنراوی کەرکوک و باشووری کوردستان:

بەدرێژایی ماوەی نزیکەی (35) ساڵی حکومەتی بەعس و ڕژێمی سەدام لەنێوان (17.7.1968-9.4.2003)دا، شارەکانی موسڵ، کەرکوک، دیالە، تکریت و بەشێکی هەولێر عارەبێنران. هەروەها لەسەر دەستی بەعس و دامودەزگا ڕەگەزپەرست و دژ بە کوردەکانی، زۆرتر لە (4500) گوند و زۆرتر لە (30) شارەدێ و (5) ناوەندی قەزای باشووری کوردستان کاول و تەخت کرد یان دانیشتوانە کوردەکانیان ڕاگواستن و عارەبنشینیان کردن.

حکومەتی سەدام حوسێن، بەگوێرەی مەرسومە کۆمارییەکانی ژمارە (321)ی مانگی شەشی ساڵی (1987)، مەرسومی ژمارە (911)ی ڕێکەوتی (16.11.1987) و مەرسومی ژمارە (961)ی ڕێکەوتی (26.11.1987)، ئەو شارەدێ و قەزایانەی هەڵوەشاندۆتەوە و تەختی کردوون:

(ئاغجەلەر، بنگرد (مەرگە)، بەرزنجە (شارباژێڕ)، پێباز (باوەنور - کەلار)، پێنجوێن، تەقتەق، تیلەکۆ (ناڵپارێز)، جەباری، چناران، چوارتا (شارباژێڕ / قەزا)، چۆمان (قەزا)، حاجی ئۆمەران، خەلەکان، خورماڵ، دوکان، دیبەگە، دێگەڵە، ڕێدار (شوان)، سەرقەڵا، سەنگاو، سەنگەسەر، سەید سادق، سورداش، سیدەکان، سیروان (هەڵەبجە)، شێروان مەزن، قادرکەرەم، قەرەداغ، قەڵادزە (قەزا)، قۆرەتوو، کارێزە (شارباژێڕ)، کانی ماسی، کنارۆ (ڕانیە)، لەیلان (قەرە حەسەن)، گەرمک، گەڵاڵە، ماوەت، مەیدان، مونزریە، مێرگەسوور (زێبار / قەزا)، نەوجول، (هەڵەبجە / قەزا)، هیران).

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (4.11.2008)دا دۆسێی عارەبێنرانی کەرکوک و کوردستانی نارد بۆ دادگا. یەکەم دانیشتنی دادگا بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارەکان لە ڕێکەوتی (24.12.2008)دا دەستی پێکرد، پاشان لە دوا دانیشتنی دادگادا لە ڕۆژی (2.8.2009)دا سزای تۆمەتبارەکان بەمشێوەیەی خوارەبوو کە ئەمانەن:

(عەلی حەسەن مەجیدی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەرپرسی بیرۆی باکووری حزبی بەعس، سزای حەوت ساڵ زیندانی. تاریق عەزیز عیسای جێگری سەرۆک وەزیران، سزای حەوت ساڵ زیندانی. سەعدون شاکر مەحمودی وەزیری ناوخۆ، سزای حەوت ساڵ زیندانی. مزبان خزر هادی مەندەلاوی ئەندامی

سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی عارەبی، سزای حەوت ساڵ زیندانی. محەمەد زمام عەبدولڕەزاق ئەلسەعدونی بەرپرسی حزبی بەعس لە کەرکوک، سزای شەش ساڵ زیندانی. فەریق ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد هەزاع پارێزگاری کەرکوک (10.8.1995–14.1.1996)، سزای شەش ساڵ زیندانی. فەریق ڕوکن ئەیاد فتەیح خەلیفە حەبیب ئەلڕاوی، لەکاتی ئەنفالەکاندا فەرماندەی گاردی کۆماری بووە و پاشان پارێزگاری کەرکوک (14.1.1996–11.8.1998)، سزای شەش ساڵ زیندانی. فەریق ڕوکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی، پارێزگاری کەرکوک (30.1.2001–11.9.2002)، سزای شەش ساڵ زیندانی. ئەو چوار تۆمەتبارەش ئەحمەد حوسێن خزەیر ئەلسامەڕائی، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، عەقید ڕوکن فەرحان موتلەگ ساڵح خەلەف جبوری بەڕێوەبەری مەنزومەی شەرقی، لەتیف نسیف جاسم دلێمی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس و وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هاشم حەسەن مەجید پارێزگاری پێشووی کەرکوک (1.4.1991–19.10.1991)، بڕیاری بێتاوان بوونیان دەرچوو.

بەڵام دەستەی پارێزەرانی بەرگری لە مافی قوربانییەکانی دۆسێی عارەبێنراوی پارێزگاری کەرکوک و باشووری کوردستان، دەستبەجێ تانەی لە بڕیاری دادگا داو داوای پێداچوونەوەی کرد سەبارەت بە فەرحان موتلەگ ساڵح، لەتیف نسەیف جاسم و هاشم حەسەن مەجید، کەچی ئەو داوایە هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان ئەمانەی خوارەوە دەستیان هەبووە لە عارەباندنی شار و پارێزگای کەرکوک، کەچی دەستگیر نەکراون: (مونزر نسەیف جاسم ئەلدلێمی (4.6.1985–22.10.1989)، لە سەردەمی شاڵاوی ئەنفالەکاندا پارێزگاری کەرکوک بووەو لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. سەعدی ڕەشید ساڵح، جێگری پارێزگاری کەرکوک بووە لە سەردەمی مونزر نسیف. عەدنان غێدان محەمەد، پارێزگاری کەرکوک (22.10.1989–20.3.1991). یاسر حەسەن سوڵتان ئەلزرکانی (واست/ کوت)، پارێزگاری کەرکوک (19.10.1991–24.1.1993). فەریقی یەکەمی ڕوکن هشام سەباح ئەلفەخری موسڵاوی، پارێزگاری کەرکوک (25.1.1993–10.8.1995). فەوزی عەلی فەیاز، جێگری پارێزگاری کەرکوک. لیوا ڕوکن نۆفل ئیسماعیل خزەیر، پارێزگاری کەرکوک (11.8.1998–30.4.2000). فەریق سەباح نوری عەلوان ئەلعجیلی، پارێزگاری

کەرکوک (30.1.2001-30.4.2000)، کە پێشتر فەرماندەی تیپی پیادەی (27)ی سەر بە فەیلەقی یەک بووە. مومتاز هاشم جاسم، جێگری پارێزگاری کەرکوک. فەریق ڕوکن مانع عەبدولڕەشید محەمەد ڕەشید ئەلناسری ئەلتکریتی، پارێزگاری کەرکوک (10.4.2003-12.11.2002)، کە پێشتر لە ساڵانی (1994-1998)دا بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی بووە. ڕەفیق خزر عەبدولعەزیز ئەلدوری، بەرپرسی حزبی بەعس لە کەرکوک و هەولێر لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991). عەتیە شەنداخ عیسا، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی کەرکوک لە کوتایی نەوەدەکان. ڕەفیق ئەحمەد حەسەن ئەلعوبەیدی، ڕازگری نهێنی فەرماندەیی لقی کەرکوک لەدوای عەتیە شەنداخ.

تێبینی: بۆ ناوی پارێزگارەکانی شاری کەرکوک و مێژووی پۆستەکانیان سوودی زۆرم لە سەرچاوەی: (1-60، عارف قوربانی، کێ کەرکوکی داگیر کردووە؟، ل45) وەرگرتووە.

## کەمتەرخەمی و خەمساردی سەرکردایەتی کورد و کورد لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال و ئازادکردنیان:

بەشێوەیەکی گشتی کورد و سەرکردایەتی کورد بەپلەی یەکەم و تا ڕادەیەکی زۆر تێکڕا کەمتەرخەم و خەمسارد بووینە لە پرسی بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی فەیلییەکان و کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، هەروەها دواتریش ئازادکردنی ژمارەیەک لە تۆمەتبارەکان لەلایەن وەزارەتی داد و حکومەتی ئێراقی بە سەرۆکایەکی نوری کامیل مالیکی.
پێم وایە کورد و سەرانی کورد ئەگەر پێشتر بیریشیان لە دادگاییکردنی سەرانی بەعس، حکومەتی ئێراق و سوپا دڕندەکەی سەدام کردبێتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک خۆیان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان و تاوانەکانی دیکەی ڕژێم ئامادە نەکردبوو، جگە لە چەند کەسێکی دیاری ناو حکومەتی سەدام و سەرانی بەعس!! ئەگینا ئەنجامی ڕەوتی دادگاییکردنەکە بەشێوەیەکی دیکە دەبوو، کە زۆر لەوەی ئێستاکە باشتر خزمەتی بە پرسی کورد، قوربانیان و زیان پێکەوتوان دەکرد.
جگە لە سەرکردایەتی کوردستانی کە هەم کەمتەرخەم و هەم خەمسارد بووینە، هەر یەک لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان، وەزارەتی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی ئەنفال، ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، مەکتەبەکانی مافی مرۆڤ و چالاکوانەکانی بواری ئەنفال و کیمیا باران بە کەمتەرخەم دەزانم. لەوانەیە ئەوانەی لەسەرەوەدا ناوم بردن هەر یەکە بەگوێرەی تواناکانی خۆیان سەدان و بگرە هەزاران بەڵگەنامەیان گەیاندبێتە دەستەی پارێزەرانی بەرگری لە مافی قوربانییەکان، بەڵام کامیان، هەر لەدوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ڕێکەوتی (9.4.2003)دا، کاریان کردووە لە سەر کۆکردنەوەی ناوی تۆمەتبارەکان، شوێنیان، پلەکانیان، پۆستەکانیان و ڕۆڵیان لە پیادەکردنی شاڵاوی بەدناوی ئەنفالەکان بەتایبەت و تەواوی تاوانەکانی حکومەتی بەعس و سەدام لەدژی کورد بەشێوەیەکی گشتی؟؟ کامیان یەکە یەکە ناوی تۆمەتبارەکان و دۆسێی تاوانەکانی حکومەتی بەعس و ڕژێمی سەدام-یان بەدرێژایی (35) ساڵەی دەسەڵاتی سەدام و بەعس، تۆمار و ئامادە کردووە؟؟؟

ئاخر هەر یەک لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان، وەزارەتەکانی مافی مرۆڤی سەر بە حکومەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبەکانی مافی مرۆڤی هەردوو پارت، دەیان و بگرە سەدان ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتیی و بەڕێوەبەری بەشە جیا جیاکانیان دامەزراندووە، باشە ئەوانە بۆ دۆسێی تایبەتیان بە دادگاییکردنی تەواوی تۆمەتبارانی ئەنفال، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە، کیمیا باران کردنی ناوچە جیا جیاکانی کوردستان، بۆردومانی قەڵادزێ، بۆردومانی هەڵەبجە، بۆردومانی گەڵاڵە، کۆمەڵکوژی فەیلییەکان، کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، کۆمەڵکوژی گەڕەکی کانیئاشقانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی ڕواندز، بەعارەبکردنی (موسڵ، کەرکوک، بەعقوبە، خانەقین، مەخمور و بەدرە)، بەعارەبکردنی ئێزیدی و کاکەییەکان، وێران کردنی نزیکەی (چوار هەزار و پێنج سەد دێهات و چوار قەزاو سی شارۆچکەی باشووری کوردستان)، سەرکوتکردنی ڕاپەڕین و کۆچڕەوی دوو ملیۆنی، ئامادە نەدەکرد؟

هۆکاری شکستی کورد لە دادگایی نەکردنی تەواوی تۆمەتبارانی تاوانەکانی حکومەتی ئێراقی و ڕژێمی بەعسی سەدامی لەدژی کورد و بەتایبەتی تاوانبارانی ئەنفال، کیمیا بارانی هەڵەبجە، بەعارەبکردن و کاولکردنی باشووری کوردستان، دواتریش ئازادکردنی هەندێک لە تۆمەتبار و تاوانبارە سزادراوەکان، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەبینم:

1. خۆئامادە نەکردنی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی) بۆ دادگاییکردنی تەواوی تۆمەتبارەکانی تاوانەکانی حکومەتی ئێراق و بەعس لەدژی کورد، بەدرێژایی (35) ساڵەی حوکم بەعس.
2. نەبوونی شارەزایی تەواو لەلایەن دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار لە مافی قوربانیانی کورد لەسەر تەواوی تۆمەتبارەکان، چونکە پارێزەرەکان دوای دامەزراندنی (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق) خۆبەخشانە دیاری کران و زانیاری تەواویان نەبوو لەسەر تۆمەتبارەکان، کە دەبوایە هەر لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا حکومەتی هەرێم چەندان دەستەی پارێزەری بۆ دۆسێیە جیاجیاکان دەستنیشان بکردایە و تەواوی بەڵگەنامەکانی بخستایە بەردەستیان.

3. باڵادەستی شیعە لەناو دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق و ڕێگە نەگرتنی کورد و لەدژ نەوەستانەوەی سەرانی کورد لە باڵادەستی و دەست تێکەڵاوکردنی شیعەکان لە کاروباری دادگاکاندا، هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ دەستگیرنەکردن یاخود ئازادکردنی هەندێک لە تاوانبارەکان و ناڕەوایی لە سزادانی تاوانبارەکان. سەرانی کورد دەبوایە هەرگیز بەوە قایل نەبێت کە دۆسێی کۆمەڵکوژی شیعەکانی دوجەیل (8.7.1982) کە (148) عارەبی شیعە تێیدا لە سێدارە دران، بکرێتە یەکەم دۆسێی دادگاییکردنی سەرانی حکومەتی بەعس کە دۆسێی شاڵاوەکانی ئەنفال (182.000) کورد بوونە قوربانی و ژمارەی قوربانییەکان نزیکەی (1230) جار لە ژمارەی قوربانییانی شیعە گەورەترە، هەروەها دۆسێی کیمیا باران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە (5.000) قوربانی ئەوە جگە لە بریندارەکان کە ژمارەی قوربانییەکان نزیکەی (33) جار لە قوربانییانی دوجەیل گەورەترە!! لەسەر ئاستی جیهانیش شاڵاوی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە ناسرابوون، بەڵام تەنانەت لە ئێراقیش خەڵکێکی زۆر هەبوون کۆمەڵکوژی شیعەکانی شارۆچکەی دەجەیل-ی نەبیستبوو. هێنانەوەی ئەو نموونەیەشم هەرگیز مانای کەمکردنەوە نییە لە گەورەیی تاوانی کۆمەڵکوژی شیعەکانی دوجەیل، بەڵام جیاوازییەکی گەورەش هەیە لەنێوان (148) قوربانی و (5.000) یان (182.000) قوربانیدا!!
4. ڕادەست نەکردنەوەی سەرۆکجاش، مەفرەزە خاسەکان و تۆمەتبارانی کورد، وای لە شیعەکان کرد ئەوانیش چاوپۆشی لە هەندێک لە تۆمەتبارە شیعەکان بکەن، هەروەها لەکاتی نەرمی نواندنی سوننەکان لەبەرانبەر شیعەکاندا، چاوپۆشی لە هەندێک لە تۆمەتبارە سونەکانیش بکەن.
5. سکاڵا نەکردنی کورد لە حکومەتی سەدام، حزبی بەعس و سوپای ئێراق بە تەواوی دامودەزگا هاوبەشەکانی حکومەت، حزب و سوپا لە شاڵاوی ئەنفال و تاوانەکانی دیکەدا، وایکرد کە تاوانەکان بچووک بکرێنەوە.
6. نەبوونی هەماهەنگی ڕێک لەنێوان دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق و لقەکانی ئەو دادگایە و دادگاکانی کوردستان، کە (د. ب. ت. ئ) زۆرجار دوو جار و

سێ جار داوای ناردنی زانیاری، سکاڵای شکاتکاران و وتەی شایەدەکانی کردووە، کەچی ئەو دادگایانە لەکاتی خۆیدا بە دەنگیانەوە نەچووینە.

کورد دەبوایە سکاڵای لەدژی حزبی بەعس، حکومەتی ئێراق، سوپای ئێراق، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، وەزارەتی بەرگری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، بیرۆی باکووری حزبی بەعس، لیژنەی کاروباری باکوور، هێزی ئاسمانی، بەڕێوەبەریتیی هەواڵگری سەربازی گشتیی، بەڕێوەبەریتیی ئەمنی گشتیی، دەزگای ئەمنی تایبەت، دەزگای پیشەسازی سەربازی، وەزارەتی پیشەسازی سەربازی، کوشتارگەی مرۆڤ، فەرماندەکانی سەربازگەی تۆپزاوە، فەرماندەی فەیلەقەکان، تیپەکان، لیواکان و یەکەکانی سوپا و جێگرەکانیان (بەتایبەت فەیلەقەکانی یەک، دوو و پێنج)، فەیلەقی یەکی خاس، گاردی کۆماری و سوپای میللی تۆمار بکردایە، تاوەکو یەکە یەکەی ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس، ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان، فەرماندەی فەیلەقەکان، فەرماندەی هێزی ئاسمانی و فڕۆکەوانی سوپا و جولانەوە ئاسمانییەکان دادگایی بکرانایە بەهۆی بڕیاری پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن (ئە. س. ش) و دواتریش پلاندانان و جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەلایەن (ف. گ. ە. چ) و وەزارەتی بەرگری و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاوە.

کەمتەرخەمییەکان لە دەستگیر نەکردن، دادگایی نەکردنی بەشێک لە تۆمەتباران بە تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە، ڕازیبونی کورد بە دووبارە دامەزراندنەوەی بەشێک لە تاوانبارەکانی ئەنفال لە سوپا و دەزگاکانی حکومەتی نوێ، ئازادکردنی بەشێک لە تاوانبارە سزادراوەکان، نەگەڕان بەدوای هەندێک لە تۆمەتبارەکانی فەرمانی گرتنیان هەیە و چاوپۆشی کردن لە بەشێک لە تۆمەتبارە شیعەکان، دەبینم:

فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەل ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی، سەرۆکی ئەرکانی سوپا (14.7.1987–19.9.1990) و ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. لەدوای عەلی حەسەن مەجید، ناوبراو وەکو تاوانباری هەردوو تاوانی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە دێت، چونکە بەگوێرەی بەڵگەنامەکان ئەو نەخشە دانەری هێرشەکانی ئەنفال و بۆردومان کردنی هەڵەبجە بووە بە چەکی کیمیایی.

لیوا ڕوکن عەلی محەمەد ئەلشەلال – شیعە، فەرماندەی تیپی پیادەی (39)ی ناسراو بە (هێزەکانی شەرحەبیل بن حەسنا)ی سەر بە فەیلەقی یەک، بەهۆی بەشداریکردنی کارای لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا بەتایبەت ئەنفالی (8)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (95)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. کەچی دەسەڵاتی کوردی لەبری ئەوەی تۆمەتبار لیوا ڕوکن عەلی ئەلشەلال دەستگیر بکات و ڕادەستی دادگای بکات، خانووەکیان لە هەولێر بەدیاری داوەتێ.
لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی محەمەد ئەلبەیاتی (لە مانگی نیسان تاوەکو 27.6.1988) فەرماندەی فەیلەقی (5) و فەرماندەی شاڵاوی ئەنفالی دووەم بووە، فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە هەبوو بە ژمارە (89). لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی (شیعە)، لەدوای ڕوخانی سەدام بە ماوەیەکی کەم لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەسگیرکرا، وەلێ شیعەکان بەبێ گوێدانە فەرمانی دەستگیرکردن ئازادیان کرد و ئەویش دەستبەجێ خۆی شاردەوە؛ سەرچاوە: (فەریق ڕوکن حوسێن ڕەشید محەمەد عەرەب تکریتی، یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ کاروباری ئۆپراسیۆنەکان، دانیشتنی ژمارە (33)ی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (21.12.2006).
لیوا ڕوکن نوعمە فارس حوسێن ئەلمحیاوی (شیعە)، فەرماندەی فەیلەقی (5)ی ناسراو بە هێزەکانی عەمورییە لەنێوان (april1988–1986.6.28) و دواتر وەکو یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا – مەشقکردن و ئەندام سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. نوعمە فارس حوسێن محیاوی، لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (86)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دوارەتێ. نوعمە فارس حوسێن، ئێستاکە لە نەمسادا دەژیت و لە ئێراقیش بە پلەی فەریق ڕوکن مووچەی خانەنشینی هەیە، لە ناوەڕاستی ساڵی (2007)دا لەلایەن چەند کوردێک و ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە کەچی حکومەتی ئێراق بەهیچ شێوەیەک هاوکاری کوردۆساید ناکات لەپێناو گۆڕینی فەرمانی دەستگیرکردنەکە لە فەرمانێکی ئێراقییەوە بۆ ئینتەرپۆل کە لەو ساڵەوە ئەو ڕێکخراوە لەو هەوڵەدایە.

فەریقی ڕوكن سەعدی توعمە عەباس ئەلجبوری (شیعە)، ئەندامی سەركردایەتی گشتیی هێزە چەكدارەكان، فەرماندەی فەیلەقی یەكی تایبەت و پشكێنەری گشتی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەكدارەكان. فەریق ڕوكن سەعدی توعمە جبوری، دەبوایە وەكو ئەندامی سەركردایەتی گشتیی هێزە چەكدارەكان، فەرماندەی فەیلەقی یەكی تایبەت و پشكێنەری گشتی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەكدارەكان، لەسەر دۆسیێی شاڵاوەكانی ئەنفال دادگایی بكرایە، بەڵام لەسەر دۆسیێی ڕوداوەكانی ساڵی (1991)ی هەردوو پارێزگای بەسرە و میسان لە ڕێكەوتی (21.8.2007)دا درایە دادگا، دواتریش لە ڕێكەوتی (2.12.2008)دا بە (15) ساڵ زیندانی سزادرا.

فەریق ڕوكنی فڕۆكەوان حامد عەتیە خیون ئەلمالكی (شیعە)، كە پێش ڕوخانی ڕژێم جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی بووە، بە بڕیارێكی نوری مالیكی وەكو یەكەم بەڕێوەبەری فڕۆكەوانی سوپا دامەزرا. فڕۆكەوان حامد عەتیە خوین، لە سەردەمی ئەنفالەكاندا بە پلەی موقەدەم فەرماندەی سربی (55)ی هێزی ئاسمانی ڕژێمی سەدام بووەو بەشداری ئەنفالی سێی كردووە لە كەرتی فەیلەقی دوو. فەریق ڕوكنی فڕۆكەوان حامد عەتیە، لەلایەن سەدام-ەوە مەدالیایەكی ئازایەتی (نوط الشجاعة)ی وەكو پاداشت لە بەشداری كردنی ئەو شاڵاوەی ئەنفالی كورد وەرگرتووە. دوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێكەوتی (8.11.2010)دا بەڕێوەبەرێتیی ئەندازیاری فڕۆكەوانی سوپا كە سەر بە فەرماندەیی فڕۆكەوانی سوپایە دامەزرا. فەرماندەیی فڕۆكەوانی سوپا كە فڕۆكەی سمتی و هەلیكۆپتەری جەنگی دەگرێتەوە، بۆ جاری یەكەم لە ڕۆژی (27.10.1980) لەلایەن ڕژێمی سەدام لەكاتی جەنگی ئێراق – ئێران دامەزرا. فەرماندەیی فڕۆكەوانی سوپا، بۆ جاری دووەم لە سەردەمی دەسەڵاتی حكومەتی نوری كامل مالیكی لە ڕێكەوتی (6.5.2010)دا سەر لەنوێ دامەزرایەوە بەناوی بەڕێوەبەرێتیی فڕۆكەوانی سوپا و لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی جیاكرایەوە. هەر لە ڕۆژی (6.5.2010)شدا بەشی ئەندازیاری ئاسمانی كرایەوە.

عەمید ڕوكن عامر ئەحمەد حەسون ئەلعەزاوی، بۆ ماوەیەك لە ساڵی (1988)دا بەرپرسی یەكێك لە بەشەكانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی واتە بەرپرسی بەشێك لە یەكێك لە معاونیەكان بووە، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام بەپلەی فەریق ڕوكن ماوەیەك كرا بە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی هەواڵگری سەربازی و دواتریش بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیری بەرگری.

عەمیدی ڕوکن عەبد موتڵەق حەمود ئەلجبوری، فەرماندەی تیپی پیادەی (16) ناسراو بە فەرماندەی هێزەکانی زولفەقار (قیادة قوات ذوالفقار)ی سەر بە فەیلەقی پێنج، بەشداری ئەنفالەکانی (5+6+7)ی کردووە. دواتر لە ڕێکەوتی (13.8.1992)دا لەلایەن ڕژێمی سەدام بە تۆمەتی پلاندانان بۆ هەوڵی کۆدەتا و پەیوەندی کردن بە بێگانەوە سزای (5) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو، پاشان لە ساڵی (1995)دا ئازادکرا، دوای ڕوخانی ڕژێم لە نێوان (3.5.2005–20.5.2006)دا کرا بە جێگری سەرۆک وەزیرانی ئێراق (دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری).
ڕائیدی ڕوکن سادق سەوبەللا محەمەد عوبێدات، لە لیوای دووی کۆماندۆی سەر بە فەیلەقی (4)، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (19)ی لە لیستی ناوی داواکراوەکان دراوەتێ. بەڵام دوای ڕوخانی سەدام بە پلەی لیوا ڕوکن لە وەزارەتی بەرگری لە بەغدا کاری دەکرد و لە کۆتایی مانگی سێی ساڵی (2011)دا لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیراندا، دەستگیرکرا و ڕادەستی دادگا کرا، وەلێ لە دووەم دانیشتنی دادگادا لە ڕێکەوتی (2.6.2011)دا بە بیانوی نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست ئازادکرا، کە دوای ئازادبوونی خۆی شاردۆتەوە.
عەمیدی ڕوکن ئەحمەد هاشم عۆدە سوڵتان ئەلعگێلی (شیعە)، فەرماندەی تیپی (22) گاردی کۆماری. ئەو تیپە لە دوای کۆچڕەوەکەی ساڵی (1991) لەسەر دیواری شارۆچکەی ڕزگاری لە سلێمانی نووسیبوویان: (فرقة (22) حرس الجمهوري الموت للأكراد)، واتە تیپی (22)ی پاسەوانی کۆماری – مردن بۆ کوردەکان) . عەمید ڕوکن ئەحمەد هاشم، دوای ڕوخانی ڕژێم بەپلەی فەریق ڕوکن بە یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ ئۆپراسیۆنەکان دامەزرا.
شیعەکان لەبەرئەوەی نەیان دەویست لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن ئەلدوری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی (8.4.1986–6.4.1991) و عەقید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح جبوری، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات (2.11.1987–کۆتایی ساڵی 1992)، لە سێدارە بدرێن، سەرەڕای هەبوونی چەندان بەڵگەنامە بە واژۆی هەر یەک لە سابیر دوری و فەرحان موتڵەگ کە پێشنیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکەن و بە دەیان گوند بەهۆی پێشنیارەکانی ئەوانەوە کیمیا باران کراون و بە بڕیاری ئەوان دەیان کورد

گولله باران کراون! دڵنیام ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەی کە بە واژۆی سابیر دوری و فەرحان موتڵەگ کە لەدژی کورد هەن، لەدژی شیعەکان هەبوایە، هەردووکیان لە سێدارە درابوون. بۆ نموونە: بەگوێرەی نووسراوی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی و بە واژۆی لیوا ڕوکن سابیر ئەلدوری کە بە ژمارە (7371)ی ڕۆژی (31.3.1987) بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا نێردراوە و پێشنیار دەکات کە بارەگاکانی (ی. ن. ک) لە دۆڵی بالیسان لە گوندەکانی (بالیسان، توتمە، خەتێ و شێخ وەسانان) بە چەکی کیمیایی (تەقەمەنی تایبەت) بۆردومان بکەن. هەر لە ئەنجامی ئەو پێشنیارەی ئەودا، لە ڕێکەوتی (16.4.1987)دا دۆڵی بالیسان کیمیا باران کراو نزیکەی (315) شەهید و (500) بریندار لێکەوتەوە.

پشتیوانی کردنی سابیر دوری لەلایەن شیعەکانەوە، لەبەر ئەوەیە کە ناوبراو کاتێک لە ساڵانی (1995–1998)دا پارێزگاری کەربەلا بووە گوایە زۆر خزمەتی مەزارەرەکانی ئەو شارەی کردووەو لەگەڵ دانیشتوانیش باش بووە، هەروەها فەرحان موتڵەگ ساڵح سەر بە هۆزی جبورییە کە هۆزی ناوبراو هەم سونە و هەم شیعەی هەیە، شیعە جبورەکانی باشووری ئێراق بەتایبەت نەجەف و کەربەلا داکۆکی لە فەرحان موتڵەگی جبوری سوننە دەکەن و کوشتنی کورد لەلایەن ئەو دوو تاوانبارەوە بەلایانەوە گرنگ نییە، ئەگینا چەندان بەڵگەنامە بە واژۆی هەر یەک لە سابیر دوری و فەرحان موتڵەگ هەیە کە پێشنیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکەن و بە سەدان گوند بەهۆی پێشنیارەکانی ئەوانەوە کیمیا باران کراون و سەدان کورد بە بڕیاری ئەوان گولله باران کراون!

بەگوێرەی (لائحة محامیي الدفاع)ی دۆسیێی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کیمیا باران کردنی هەڵەبجە، یەکێک لە دادوەرەکان بەناوی (مونقز تەکلیف ئال فیرعەون – شیعە)، کە کورد بە دۆستێکی نزیکی خۆی دەزانێ، دژی بڕیاری دادگا بووە لەوەی کە تاوانەکە کوشتنی بە ئەنقەست بووە کە دەکەوێتە خانەی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، خۆ هەر واز لە بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکە بێنە!! هەر بەپێی لاپەڕە (41)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، مونقز تەکلیف ئال فیرعەون، لە یاداشتێکی ناڕەزاییدا کە بۆ (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ی نووسیووە، دەڵێت: (بۆ دادگا ڕوون بووەوە کە شاری هەڵەبجە تەنیا بەهۆی هێزی ئاسمانی بۆردومان کراوە، هێزەکانی پیادە بەشداری بۆردومان کردن و هێرش کردنە سەر ئەو شارە

نەکەوتوون. ئەو بنکە ئاسمانییانەی کە بەشداری بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە بووینە، بنکەکانی کەرکوک، بەلەد و سامەڕا بووینە. بنکەکانی بەلەد و سامەڕا دەکەونە دەرەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید. بەشداری کردنی بنکەکانی ئاسمانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوەدا بە بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە لە یەک مێژوو و یەک کاتدا، ئاماژەیە بەوەی کە فەرمانی بۆردومان کردنەکە، لە لایەنێکی سەرووتر کە سەرۆک کۆماری پێشوو (تاوانبار سەدام حوسێن)ە دەرچووە. لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، دەبینم کە ئەمە بەرپرسیارێتی تۆمەتبار (عەلی حەسەن مەجید) نییە لە تاوانی کوشتنی خەڵک لە پرسی هەڵەبجەدا). هەر بە گوێرەی لاپەڕەکانی (74–75)ی سەرچاوەی ناوبراو لە سەرەوەدا، هەر یەک لە دادوەر عەبدولحوسێن حەتاب ئەلمحەمەداوی و مونقز تەکلیف ئال فیرعەون، قایل نین بەو سزایانەی کە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق سەبارەت بە تاوانبار لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز دوری دەریکردووە، بە تایبەت مونقز فیرعەون کە پێی وایە سابیر دوری ئۆباڵی هیچ تاوانێکی ژەهرباران کردنی شاری هەڵەبجەی ناکەوێتە ئەستۆ، لە بۆردومانەکە، لە تاوانی بەزۆر گواستنەوەی دانیشتوان و دیارنەمانی دانیشتوانی شارەکە. بەهەمان شێوە هەردوو دادوەر عەبدولحوسێن حەتاب ئەلمحەمەداوی و مونقز تەکلیف ئال فیرعەون لە لاپەڕەکانی (90–94)دا، جارێکی تریش نا قایلبوونی خۆیان لەسەر بڕیاری دادگا سەبارەت بە سزاکانی دژ بە تاوانبار عەقیدی ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح جبوری (بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات) دەربڕیووە، لە هەمان کاتدا داوای ئازادکردنی دەکەن.

بۆ وەڵامی ئەو بەرگرییە ناڕەوایەی مونقز ئالفرعەون، ئاماژە دەدەم بە نووسراوی بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی خۆرهەڵات، بە واژۆی عەمید ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف جبوری، کە بۆ بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی گشتیی بە ژمارە (س1/ق/3405/1)، لە ڕۆژی (22.3.1988)دا ناردوێتیی و تیایدا هاتووە: (زیانی دوژمن لە ئەنجامی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە لە لایەن فڕۆکەکانی خۆمان و تۆپە دوورهاوێژەکانمان گەیشتە نزیکەی سێ هەزار کوژرا و لە پاسەوان و پەسیچ، کوژرانی هەشتا پێشمەرگە هەروەها ژمارەی کوژراوی سیڤیل

گەیشتە چوار هەزار کەس کە هەموویان دانیشتوانی شاری هەڵەبجەن؛ سەرچاوە: (سی دی هەڵەبجە، ب8، ل2499–2501).

عەقیدی ڕوکن فەرحان موتڵەگ ساڵح خەڵەف ئەلجبوری (شەرگات/ موسڵ)، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور لەنێوان (1985–1.11.1987) و دواتر لە (2.11.1987-کۆتایی ساڵی 1992)دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی ڕۆژهەڵات بووە، کە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، لە ڕێکەوتی (10.6.2003)دا بەتاوانی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و کوردستان دەستگیرکرا. بە تاوانی بەشداری شاڵاوی ئەنفال لە ڕێکەوتی (24.6.2007)دا، دوو سزای هەتا هەتایە و سزایەکی (10) ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە، هەروەها بە تۆمەتی بەشداری لە کیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە دوو سزای (10+7) ساڵی بۆ دەرچوو.

لیوا ڕوکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتیی سەربازی و ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. سابیر دوری، بە تۆمەتی بەشداری لە شاڵاوەکانی ئەنفال لە ڕێکەوتی (24.6.2007)دا سێ سزای هەتاهەتایە و سزایەکی (10) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو، هەروەها بە تۆمەتی کیمیا بارانی هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (21.12.2008)دا دوو سزای (15+10) ساڵی بۆ دەرچوو، سەرەڕای هەبوونی دەیان بەڵگەنامە بە واژۆی ناوبراو کە داوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەکات لەدژی گوندنشینەکانی باشووری کوردستان، کەچی تەها یاسین ڕەمەزان تەنیا لەسەر بڕینەوەی دارستانی شیعەکانی دوجەیل لە سێدارە درا. دڵنیام ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەی سابیر دوری لەدژی کورد ئەگەر لەدژی شیعەکان بوایە، ئەوە بەدڵنیاییەوە لە سێدارە دەدرا. لە هەمووی سەیرتر دادوەر مونقیز تەکلیف ئالفیرعەونی شیعە بە سزای سابیر دوری و فەرحان موتڵەگ قایل نییە و داوای ئازاد کردنیان دەکات.

تاهیر تۆفیق ئەلحاج یوسف ئەلعانی، پارێزگاری پارێزگای نەینەوا (موسڵ) لەنێوان (17.11.1987–26.10.1991). تاهیر تۆفیق ئەلعانی، لە ڕێکەوتی (24.6.2007)دا بە بڕیاری دادگا لەسەر دۆسیێی ئەنفال بێتاوان دەرچوو، سەرەڕای هەبوونی دوو بەڵگەنامە لەکاتی کارکردنی وەکو سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور بە واژۆی ئەو، کە یەکەمیان بە ژمارە (5083)، لە ڕێکەوتی (22.7.1987)دا بەناوی

(لەناوبردنی تاوانباران – إعدام المجرمين)دا بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەک نێردراوە و لە زمانی عەلی حەسەن مەجید–ەوە دەڵێ: (لاریمان نییە لە سەر پەڕاندنی ناپاکان، بەڵام باشتر وابوو سەرەتا بۆ ئەمن–تان بناردنایە هەر لەپێناوی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، کە لەوانەبوو شتێکی بەسوودیان لێ وەرگرن بەر لە سێدارە دانیان). بەڵگەی دووەم بریتیبوو لە بڕیارێکی عەلی حەسەن مەجید کە لەلایەن نووسینگەی سکرتاریەتی لیژنەی کاروباری باکوور (تاهیر تۆفیق ئەلعانی) بۆ ئەمنی سلێمانی نێردرابوو، داوای گوللە باران کردنی (10) کەس لە دەستگیرکراوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات لەبری کوژرانی یەک ڕەفیق حزبی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی (ی. ن. ک).

عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب، بەرپرسی هۆبەی کوردەکان بووە کە بە هۆبەی (3) ناسرابوو، دواتریش لە کۆتایی ساڵی (1988–1989)دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بووە، لە ڕێکەوتی (13.3.1988)دا کە بەڕێوەبەری هۆبەی سێی کوردەکان بووە، ڕێنوێنی ئەوەی داوە کە لە ڕێگای هێزی ئاسمانییەوە بە چەکی تایبەتی (چەکی کیمیایی) لە گوندەکانی کوردستان بدرێت. عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب، ماوەیەک بەرپرسی هۆبەی کوردەکان بووە، دواتریش لە کۆتایی 1988 و سەرەتای ساڵی 1989دا بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور بووە، کە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (2)ی لە لیستی داواکراوەکاندا دراوەتێ، کەچی سەرەڕای فەرمانی دەستگیرکردنی وەکو شایەدێک بانگی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق کراوە نەک وەکو تاوانبارێک. وەلید نایف شبیب، لە ساڵی (2007)دا سەردانی هەولێر و کوردستانی کردووە و لەسەر ئاستی باڵادا پێشوازی لێکراوە.

عەقید ڕوکن وەلید نایف شبیب، بەگوێرەی نووسراوی ڕێکخراوی هەواڵگری ناوچەی باکوور ژمارە (ش3/ق3/324)، کە لە ڕێکەوتی (23.2.1989)دا بۆ نووسینگەی سکرتاریەتی فەرماندەیی ڕێکخستنەکانی باکوور نێردراوە، دەردەکەوێت کە بە واژۆی ئەو شەش کوردە لە سێدارە دراون بە ناوەکانی (قادر خدر حەمەد، شێخ مەعروف شێخ ئیسماعیل، حاجی ئاغا بایز باڵو، محەمەد عەبدوڵڵا عەلی، خالید

ئەحمەد عەبدوڵڵا و عەبدوڵڵا ئاغا عەبدوڵڵا – دەقی بەڵگەنامەکە لە خوارەوە دانراوە).

وەتبان ئیبراهیم حەسەن وەزیری ناوخۆ، سەبعاوی ئیبراهیم حەسەنی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتیی (1991–1995) و چەند بەرپرسێکی دیکەی بەعس لە ڕێکەوتی (25.7.1992)دا (42) بازرگانیان لە بەغدا دەستگیر کردو لە ماوەی دوو تا سێ کاتژمێر لەلایەن دادوەر محێی جابر عەزاب (شیعە) دادگایی کران و فەرمانی لە سێدارەدان بۆ گشتیان دەرچوو، ڕۆژی دواتر تێکڕایان لەناو شاری بەغدا لە سێدارە دران. دوای ڕوخانی سەدام شیعە باڵادەستەکانی ناو حکومەتی ئێراق و دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق قایل نەبوون بە دەستگیرکردن و دادگاییکردنی محێی جابر عەزاب بە بیانوی ئەوەی گوایە ئەو ناچارکراوە و لەترسان بڕیاری لە سێدارەدانی بازرگانەکانی داوە.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان مەزاحم سەعب ئەلحەسەن ئەلتکریتی، جێگری بەڕێوەبەری پیشەسازی سەربازی و لەکاتی ڕوخانی ڕژێمدا فەرماندەی چەکی ئاسمانی (قائد السلاح الجوي) بووە، لە لایەن هێزەکانی ئەمریکییەوە لە ڕێکەوتی (23.4.2003)دا دەستگیرکرا، وەلێ بەداخەوە فەرمانی ئازادکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لە ڕێکەوتی (25.10.2011)دا دەرچووە، دواتریش بە بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای قەزایی (دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسد) فەرمانی ئازادکردنی دەرچووەو لە ڕێکەوتی (16.4.2012)دا ئازاد کراوە. دادوەر موحسین ڕێسان، بە بڕیارێکی نایاسایی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی دامەزراوە، چونکە بەگوێرەی یاسا دامەزراندنی دادوەرەکان و پۆست پێدانیان دەبێت بەپێی فەرمانی کۆماری سەرۆکایەتی کۆمار بوایە نەک بڕیاری سەرۆک وەزیران.

عەبدولتەواب مەلا حوەیش تکریتی، وەزیری پیشەسازییە قورسەکان کە پێوەندییەکی توندو تۆڵی هەبووە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی سەربازی و هاوکارو یاریدەدەریان بووە، لە ڕێکەوتی (2.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە دەستگیرکرا، دەبوایە وەکو وەزیری پیشەسازییە قورسەکان کە چەکی کۆکوژی بەرهەم دەهێنا بدرابایە دادگا، بەڵام بێ ئەوەی دادگایی بکرێت ئازادیان کرد.

لیوا ئەنوەر حەمەدئەمین ئەحمەد مامەسێنی، لە سربی (4) بووە و لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکاندا، فەرمانی

دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (21)ی لە لیستی ناوی تاوانبارە داواکراوەکان دراوەتێ. ناوبراو کوردە و خەڵکی شارۆچکەی سەرگەڕانە و ئێستا لە بەغدایە، لە مانگی شوباتی ساڵی (2009)ەوە بە پاڵپشتی جەلال تاڵەبانی و (ی. ن. ک) کرا بە فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی ئێراق و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود ئەلئەحمەد ئەلسامەڕائی، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداری کردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (1)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لەلایەن مام جەلالی سکرتێری گشتیی (ی. ن. ک) و سەرۆک کۆماری ئێراق بە ڕاوێژکاری سەربازی دامەزرا، وەلێ دوای ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڕێکرا بۆ بەریتانیاو ئێستاکە لە لەندەن دەژی. عەمید ڕوکن وەفیق عجیل حەمود ئەلئەحمەد ئەلسامەڕائی، لە مانگی نیسانی ساڵی (1991)دا کرا بە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی (مدیر الاستخبارات العسكرية العامة) و لەو پۆستەیدا مایەوە تاوەکو لە ڕێکەوتی (23.11.1994)دا بەغدای جێهێشت و خۆی گەیاندە سلێمانی و وەکو ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی سەدام خۆی ناساند. وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (1)ی لە لیستی داواکراوەکاندا پێدراوە، بەڵام دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لەلایەن مام جەلالی سکرتێری گشتیی (ی. ن. ک) و سەرۆک کۆمار بە ڕاوێژکاری سەربازی سەرۆک کۆمار دامەزرێنرا، وەلێ دوای ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڕێکرا بۆ بەریتانیاو ئێستاکە لە لەندەن دەژی.

عەمید ڕوکن قەیس عەبدولڕەزاق محەمەد جەواد ئەلئەعزەمی (ئەبو ئەلمحب)، فەرماندەی تیپی پیادەی (15)ی ناسراو بە هێزەکانی فاروق (قوات فاروق)ی سەر بە فەیلەقی (2)، دواتریش فەرماندەی تیپی زرێپۆشی (7)ی سەر بە هێزەکانی گاردی کۆماری (الحرس الجمهوري)، کە وەکو فەرماندەی تیپی (15) بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (2+3)ی کردووە و دەبوایە بەهۆی ئەو تاوانەوە دادگایی بکرایە، وەلێ بەداخەوە لەسەر دۆسیێ ڕوداوەکانی ساڵی (1991)ی هەردوو پارێزگای بەسرە و میسان لە ڕێکەوتی (21.8.2007)دا درایە دادگا و لە ڕێکەوتی (2.12.2008)دا بە

(15) ساڵ زیندانی سزادرا، هەروەها وەکو پارێزگاری کەرکوک لە نێوان (11.9.2002-30.1.2001)دا لەسەر دۆسێی بەعارەبکردنی ئەو شارە دادگایی کراو لە ڕێکەوتی (2.8.2009)دا سزای (6) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو، کەچی دۆسێی ئەنفال لەبیر بردرایەوە.

عەمید ڕوکن عومران، فەرماندەی کەتیبەی تانکەکانی نەهاوەندی سەر بە لیوای پیادەی (432)ی تیپی (15)ی سەر بە فەیلەقی (2)، بەشداری شاڵاوی ئەنفالی (8)ی کردووە.

عەمید ڕوکن مەحمود فەیزی محەمەد ئەلهەزاع، فەرماندەی تیپی پیادەی ئالی (5)ی ناسراو بە (هێزەکانی محەمەد قاسم)ی سەر بە فەیلەقی (1)، دواتر گواستراوەتەوە و کراوە بە فەرماندەی تیپی زرێپۆشی (10)ی سەر بە فەیلەقی (4). عەمید مەحمود فەیزی ئەلهەزاع، دەبوایە وەکو فەرماندەی تیپی ئالی (5)ی سەر بە فەیلەقی یەک و تیپی زرێپۆشی (10)ی سەر بە هێزەکانی فەیلەقی چوار، بەتاوانی بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالەکانی (2+4+5+6+7)دا دادگایی بکرایە، وەلێ بەداخەوە تەنیا وەکو پارێزگاری کەرکوک لە نێوان (14.1.1996-10.8.1995)دا لەسەر دۆسێی بەعارەبکردنی ئەو شارە دادگایی کراو لە ڕێکەوتی (2.8.2009)دا سزای (6) ساڵ زیندانی بۆ دەرچوو.

عەمید ڕوکن سامر سوڵتان ئەحمەد تکریتی، فەرماندەی تیپی ئالی (1)ی سەر بە فەیلەقی (5)، بەشداری لە هێرشی ئەنفالەکانی (2+5+6+7+8)دا کردووە، دەبوایە وەکو بەشدار بووی شاڵاوەکانی ئەنفال دادگایی بکرایە، کەچی لە ساڵی (2007)ەوە بە پلەی فەریق ڕوکن وەکو ڕاوێژکار لە وەزارەتی بەرگری دامەزراوە.

موقەدەمی ئەمن حەقی ئیسماعیل عەلی حەمادی ئەلدلێمی (ئەنبار - ڕومادی)، ئەفسەر لە بەڕێوەبەریتی ئەمنی بەغدا، کە بەشدارە لە دەستگیرکردن و کۆمەڵکوژی بارزانییەن لە ساڵی (1983)دا، دوای ئازادی ئێراق و ڕوخانی رژێمی سەدام لە ڕێکەوتی (11.3.2010)دا بە فەرماندەی پاسەوانی ناوچەی دووی سنوور (قائد حرس حدود المنطقة الثانية) لە ڕومادی دامەزراوە و بۆ ماوەیەک ئەو پۆستەی هەبووە، موقەدەم حەقی ئیسماعیل، وەکو زیندانییەکی سیاسی دژ بە ڕژێمی سەدام مووچە و مافەکانی دیکەی زیندانی سیاسی وەردەگرێت، لەبەرئەوەی کاتێ بەرپرسێکی باڵای ئەمنی گشتیی بووە دەرکەوتووە چاوی لە هەڵەی چەند

ئەفسەرێکی دیکەی ئەمنی گشتیی پۆشیوە بەهۆی برادەرایەتی، ئەوەش وای لە سەدام کردووە بۆ ماوەی چەند ساڵێک بیخاتە زیندانەوە.
شیعەکان چونکە مەبەستیان بوو تەها یاسین ڕەمەزان (1938-20.3.2007) لە سێدارە بدەن، لە سێدارەیان دا، سەرەڕای ئەوەی کە دادگا تەنیا توانی ئەو تۆمەتە بەسەر تەها یاسین بسەلمێنێ، کە پێشنیارکردنی بڕینەوەی دارو لەناوبردنی دارستانەکان بوو بە درێژایی یەک تا سێ کیلۆمەتر بە هەر چوار دەوری شارۆچکەی دوجەیل و تێکدانی خانووی هەندێک لە دەستگیرکراوەکان، هەروەها بەشداریکردنی سوپای میللی (الجیش الشعبي) بووە لە دەسگیرکردنی شیعەکانی دوجەیل، کە تەها یاسین رەمەزان فەرماندەی گشتی ئەو سوپایە بووە. تەها یاسین ڕەمەزان ئەلجەزراوی (بە ڕەچەڵەک کورد)، جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتیی سوپای میللی، کە لە ڕێکەوتی (18.8.2003)دا لەناو شاری موسڵ لەلایەن هێزێکی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستگیرکرا، دواتر لە ڕێکەوتی (20.3.2007)دا لەسەر دۆسیەی دوجەیل بە تۆمەتی کوشتنی (148) کەس لە شیعەکانی دوجەیل کە بە تاوانی هەوڵی کوشتنی سەدام حوسێن تکریتی لە ڕێکەوتی (8.7.1982)دا تۆمەتبار کران، لە سێدارە درا. دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، یەکەم دانیشتنی دۆسێی کوشتاری دوجەیل-ی لە ڕێکەوتی (19.10.2005)دا دەستپێکرد و لە ڕۆژی (5.11.2006)دا بڕیاری کۆتایی خۆیدا. سەبارەت بە تەها یاسین ڕەمەزان، دادگای باڵا سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایەی بۆ بڕیەوە، بەڵام دادگای پێداچوونەوە لەژێر کاریگەری شیعەکان لە ڕێکەوتی (26.12.2006)دا بڕیارەکەی گۆڕی بۆ لە سێدارە دان و لە (20.3.2007)دا لە سێدارەیان دا. دادگای ناوبراو ئەوەی کە تاڕادەیەک توانی بەسەر تەها جەزراوی ساغی بکاتەوە پێشنیارکردنی بڕینەوەی دارو لەناوبردنی دارستانەکان بوو لەلایەن تاوانباری ناوبراوەوە بە درێژایی یەک تا سێ کیلۆمەتر بە هەر چوار دەوری شارۆچکەی دوجەیل، هەروەها بەشداریکردنی سوپای میللی (الجیش الشعبي) بووە لە دەسگیرکردنی شیعەکانی دوجەیل و تێکدانی خانووی هەندێک لە گیراوەکان، کە تەها یاسین رەمەزان فەرماندەی گشتی ئەو سوپایە بووە. تەها یاسین ڕەمەزان، دەبوایە وەکو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بە تۆمەتی هەموو تاوانەکانی بەعس لەدژی کورد دادگایی بکرایە، بەتایبەت تاوانی شاڵاوی ئەنفالەکان

و کاولکردنی زۆرتر لە چوار هەزار و پێنج سەد گوندی کوردستان، کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەنجام دراون.

تاریق عەزیز عیسا حەنا، لە ڕێکەوتی (24.4.2003)دا دەستگیرکرا. تاریق عەزیز، کە دەبوایە وەکو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە تۆمەتی شالآوی ئەنفال، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و کیمیا باران کردنی ناوچەکانی کوردستان و کاولکردنی زۆرتر لە چوار هەزار گوند، چوار قەزا و (30) ناحیەی باشووری کوردستان دادگایی بکرابایە، وەلێ تەنیا بە تۆمەتی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە ڕێکەوتی (3.5.2011)دا چوار سزای بەمشێوەیە بۆ دەرچووە: (هەتا هەتایە + 15 ساڵ + 10 ساڵ + 7 ساڵ).

تەها محێدین مەعروف (کورد)، جێگری سەرۆک کۆمار، کە لە ڕۆژی (2.5.2003)دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کراو دواتر ئازادکرا، پاشان لە ڕێکەوتی (7.8.2009)دا لە عەمانی پایتەختی ئوردەن مرد. تەها محێدین بە حوکمی ئەوەی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس بووە، دەبوایە وەکو تۆمەتبارێکی ئەنفال و کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و کوردستان، هەروەها تەواوی ئەو تاوانانەی بەدرێژایی بوونی ئەو لەو ئەنجومەنەدا لەدژی کورد، دادگایی بکرایە و سزای وەرگرتایە. ئەگەرنا دەبوایە تەها محێدین مەعروف، بەهۆی لە سێدارەدانی ئەو پێنج کەسە: (لەیلا قاسم حەسەن عەلی ئەرکەوازی، جەواد موراد محەمەد عەلی هەمەوەندی (دەزگیرانی لەیلا قاسم)، ئازاد سلێمان بایز مستەفا میران، حەسەن حەمەڕەشید فەتاح عەلی و نەریمان فوئاد ماروف مەستی)، کە بەپێی (هەندێک لە دیکۆمێنتەکانی ئالآی شۆڕش، عادل ڕەفیق، ل 75–76)، هەر یەک لە مونزر نەقشبەندی ئەندامی لقی (5)ی پارتی لە بەغدا، حەیدەر عەبد عەلی ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقینی پارتی و خالید حەسەن تەها خۆشناو نووسەری هەڵبەستی (زێرە سەرۆکمان زێڕە)، بەهۆی هۆنینەوەی تۆمەتی هەوڵی کوشتنی تەها محێدین مەعروف لە ڕۆژی (24.4.1974)دا بوونەتە هۆکاری دەستگیرکردنیان، کە لە ڕۆژی (30.4.1974)دا لەدوای دادگایی کردنێکی ناڕەوایانە سزای لە سێدارە دانیان بۆ دەرچوو، پاشان لە ڕێکەوتی (13.5.1974)دا لە بەغدا لە سێدارە دران، دادگایی بکرابایە.

دكتۆر سەعدون حەمادی عەبدولزەهرە (شیعە)، سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئێراقی، سەعدون حەمادی، دوای شەڕی كەنداو بوو بە سەرۆك وەزیران و لە ساڵی (1996)ەوە تاكو ڕوخانی ڕژێم سەرۆكی پەرلەمان بوو، لە مانگی پێنجی ساڵی (2003)دا دەستگیركرا، دواتر لە مانگی دووی ساڵی (2004) ئازادكرا و لە ڕێكەوتی (14.3.2007)دا لە ئەڵمانیا مرد. دكتۆر سەعدون حەمادی دەبوایە وەكو ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش، كە بڕیاری شاڵاوەكانی ئەنفال، كیمیا بارانی هەڵەبجە و كوردستان و كاولكردنی زۆرتر لە (4000) هەزار دێهات و چوار قەزا و (30) ناحیەی باشووری كوردستان، هەروەها و بەدرێژایی ئەندامێتی خۆی لەو ئەنجومەنەدا هەرچی تاوانێك بەرانبەر بە كورد كرابێت، وەكو تۆمەتبارێكی ئەو تاوانە مامەڵەی لەگەڵدا بكرابایە و بەشێك لە سزای تاوانەكانی وەكو ئەندامێكی ئەنجومەنەكە بەركەوتایە.

سەعدون شاكر مەحمود ئەحمەد ئەلعوبەیدی (شیعە). سەعدون شاكر، وەكو ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی بەعس، دەبوایە لە بەرانبەر هەموو تاوانێكی حكومەتی ئێراق و ڕژێمی سەدام لەدژی گەلی باشووری كوردستان، بدرابایە دادگا و سزا بدرابایە، وەلێ ئەو دوو سزای لە سێدارە دانی بە تۆمەتی كۆمەڵكوژی كوردە فەیلییەكان لە ڕۆژی (29.11.2010)دا و بە تۆمەتی كۆمەڵكوژی بارزانییەكان لە ڕێكەوتی (3.5.2011)دا بۆ دەرچووە، كەچی تاوەكو ئێستاكە هیچ یەكێك لەو سزایانەی بەسەردا جێبەجێ نەكراوە.

حەسەن عەلی نەسار ئەلعامری (شیعە)، وەكو ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی بەعس، دەبوایە لە بەرانبەر هەموو تاوانێكی حكومەتی ئێراق و ڕژێمی سەدام لەدژی گەلی باشووری كوردستان، بەتایبەت لەسەر تاوانی شاڵاوی ئەنفال و كاولكردنی چوار هەزار دێهاتی كوردستان دادگایی بكرایە.

حامد یوسف حەمادی، كە لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریكردنی لە شاڵاوی ئەنفالەكاندا، فەرمانی دەستگیركردنی بۆ دەرچووە و ژمارە (3)ی لە لیستی داواكراوەكاندا دراوەتێ، لە دوای ڕوخانی ڕژێم لە ڕێكەوتی (24.1.2006)دا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكاوە دەستگیركراوە، وەلێ بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی كە لە ڕێكەوتی (3.5.2011)دا بە تۆمەتی بەشداری كردنی لە تاوانی كۆمەڵكوژی بارزانییەكان، كە بەگوێرەی مادەی (12)ی دادگای باڵای

تاوانەکانی ئێراق بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی سزای (10) ساڵ زیندانی کردنی بۆ دەرچوو بوو، لە ڕێکەوتی (25.10.2011)دا فەرمانی ئازادکردنی لەلایەن دادگای ناوبراو دەرچووە، دواتریش بە بڕیارێکی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای قەزایی دادوەر موحسین ڕێسان ئەلگاسد لە ڕێکەوتی (16.4.2012)دا ئازاد کراوە. ئازادکردنی تاوانبار حامد یوسف حەمادی کارێکی نایاسایی و نادادپەروەرانەی ئەنجومەنی باڵای قەزایی و حکومەتی ئێراقە بە سەرۆکایەتی دکتۆر نوری کامیل مالیکی لەدژی کورد.

فەریقی یەکەمی ڕوکن عەبدولجەبار خەلیل ئەحمەد شەنشەل، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەربازی و ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. شەنشەل، ئێستا لە وڵاتی ئوردەنە.

فەریق ڕوکنی فڕۆکەوان حەمید شەعبان خزەیر ئەلناسری، فەرماندەی هێزی ئاسمانی و ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. پێویستە وەکو فەرماندەی هێزی ئاسمانی و ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان، لەسەر تاوانی کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و تەواوی دێهاتەکانی کوردستان و شاڵاوی ئەنفال دادگایی بکرێت.

لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان ئەلحەکەم حەسەن عەلی ئەلتکریتی، بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی سوپا (مدیر طیران الجیش - السمتیات) لە نێوان (29.9.1984-29.9.1988) و ئەندامی سەرکردایەتی گشتیی هێزە چەکدارەکان. لیوا ڕوکنی فڕۆکەوان ئەلحەکەم حەسەن عەلی ئەلتکریتی، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیا باران کردنی هەڵەبجە، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووە و ژمارە (85)ی لە لیستی داواکراوەکان دراوەتێ.

وجدد العهد للسيد الرئيس القائد صدام حسين على ان تبقى منطقة كردستان للحكم الذاتي وجماهيرها سدا وطنيا منيعا بوجه المعتدين والعملاء المأجورين .
وقال السيد محمد امين محمد احمد الامين العام لادارة الثقافة والشباب للمنطقة ان ابناء شعبنا الكردي استقبلوا بقلوب عامرة بالحب والفخر والبشر والزهو [illegible] قواتنا المسلحة والافواج [illegible] الوطني على اوكار الشر والخيانة .
واضاف ان هذا الانتصار العظيم اكد من جديد التلاحم المصيري بين ابناء الشعب العراقي العظيم بعربه وكرده واصراره على مواجهة العدوان الايراني الغادر وسحق العملاء ادلاء الخيانة .
واشار الى ان مظاهر البهجة والفرح التي استقبلت بها جماهير كردستان بيان القيادة العامة للقوات المسلحة الذي زفت به الى الشعب بشرى سحق زمر الخيانة تؤكد سخط شعبنا على هذه الزمرة العميلة وصدق انتمائه الوطني والتفافه حول قائد مسيرته المظفر السيد الرئيس المناضل صدام حسين .
وقال اننا ونحن نحتفل [illegible] ونوروز نجدد عهد الحب والوفاء للسيد الرئيس القائد على البقاء جنودا امناء على الدفاع عن تراب الوطن من دنس الاعداء الطامعين .

● وصف السيد جعفر عبدالكريم [illegible] السيطرة على اوكار الخونة عملاء [illegible] بانها عملية بطولية فذة قبرت الاحلام المريضة وكسرت مخالب الشر والعدوان ..
وجدد المحافظ عهد الحب والوفاء للسيد الرئيس القائد وقال ونحن نحتفل بهذه المناسبة التي جاءت لتعانق افراح شعبنا عيد نوروز المجيد نجدد العزم باصرار باسم ابناء محافظة السليمانية على مواصلة النضال ضد الطامعين والخونة والمرتزقين والالتفاف حول قيادتنا الفذة وان نبقى الجنود الامناء الاوفياء المدافعين عن كل صخرة وجبل وعن كل ذرة رمل عراقية طاهرة وان نجعل من حدودنا [illegible] يدا واحدة في البناء والقتال ..
● وحيا الرفيق [illegible] امين سر قيادة فرع السليمانية لحزب البعث العربي الاشتراكي الانتصار الرائع الذي حققه جند العراق الميامين والافواج الدفاع وسحقهم للزمرة المجرمة العميلة وتطهير الارض الطاهرة من دنسهم .
واضاف ان خونة العرب والاكراد توهموا بانهم تحصنوا في منطقة جبلية وعرة وان يد العراق الضاربة ليس بمقدورها ان تنالهم لكن حنكة قيادتنا وبسالة جيشنا والافواج الدفاع الوطني استطاعت سحقهم وانزال العقاب بهم جزاء لخيانتهم وجرائمهم ..

● واكد الرفيق عزيز خوشناو عضو اللجنة المركزية للحزب الديمقراطي الكردستاني مسؤول مكتب تنظيم منطقة الحكم الذاتي ان [illegible] وسحق الخونة العملاء فيها انجاز عظيم وانتصار اخر يضاف الى سلسلة انتصارات شعب العراق ..

● وقال الرفيق سعيد كمال رشيد عضو اللجنة المركزية للحزب [illegible] الكردستاني مسؤول الحزب في محافظة السليمانية ان [illegible] عيد مضاف ادخل البهجة والفرح الى نفوس العراقيين عربا واكرادا ..
وعاهد السيد الرئيس القائد صدام حسين على ان تظل جماهير الحزب في السليمانية وفية مخلصة للمبادىء تقدم للوطن الغالي التضحيات وتساهم في الدفاع عنه حتى الشهادة ..

● وحيا الشيخ محمد القرداغي امام وخطيب جامع كاكه احمد الشيخ بالسليمانية النصر الحاسم الذي تحقق على ايدي قوات بدر والقطعات المتحفلة معها والافواج الدفاع الوطني وسحق خونة الوطن عملاء الدجال خميني ..

● واكد الرفيق محمد طاهر مسيحة مسؤول الفرع الرابع للحزب الثوري الكردستاني في محافظة دهوك ان ابطال العراق من عرب واكراد ضربوا في دكهم لاوكار الزمرة الخائنة والسيطرة عليها اروع الامثلة في التلاحم المصيري بين ابناء الشعب الواحد السائر بايمان خلف القائد الرمز السيد الرئيس المناضل صدام حسين

● وبارك السيد سيروان عبد الله الجاف رئيس المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي الانتصارات التي حققتها قواتنا المسلحة الباسلة بقيادة السيد الرئيس القائد صدام حسين في عملية الانفال والتي نفذها مقاتلو جيشنا الباسل والافواج الدفاع الوطني من [illegible] الكردي .

● وجدد رئيس المجلس التنفيذي [illegible] منطقة كردستان للحكم الذاتي العهد للسيد الرئيس القائد صدام حسين على البقاء جنودا اوفياء خلف رايته الخفاقة حتى تحقيق النصر النهائي على العدو الايراني الصهيوني المجرم .

● وقال الشيخ ابراهيم الحاج علي المزوري مستشار الفوج (٢٠) ان السيطرة على مقرات سليلي الخيانة [illegible] العدو الايراني المجرم وعملائه الذين خانوا ارض الوطن الغالية وارتضوا العيش على فتات الاعداء الطامعين
وجدد باسم مقاتلي الفوج [illegible] للسيد الرئيس القائد صدام حسين على البقاء رهن الاشارة جنودا امناء لتنفيذ كل المهام التي توكل اليهم دفاعا عن عزة وكرامة العراق الابي .

● وعبر الشيخ صابر رقيب السورجي مستشار الفوج الثاني عن غبطته بالنصر الكبير الذي سجله جيش العراق الباسل ومقاتلو افواج الدفاع الوطني في دك اوكار العملاء والخونة الذين باعوا انفسهم للاجنبي .
وحيا مستشارو افواج الدفاع الوطني في محافظة السليمانية القيادة الحكيمة للسيد الرئيس القائد صدام حسين التي صنعت هذا الانتصار الكبير الذي حققه جيش العراق الباسل والافواج الدفاع الوطني بفرض السيطرة على مقرات الخيانة والعمالة في منطقة سركلو وبركلو وزيود

● وعاهد المقاتل صباح ناظم السورجي امر الفوج الثاني قائد

# كلمة السيد بشير عبد الرحمن الاتروشي
# الامين العام لادارة شؤون الاوقاف



في بداية كل عام تطل على الشعب العراقي ذكرى عزيزة غالية وهي ذكرى تأسيس الجيش الباسل في السادس من كانون الثاني وقد اثبت هذا الجيش انه من الشعب واليه يحميه والحارس الامين لتربة الوطن الغالي حيث خاض النظال المرير جنباً الى جنب مع افراد الشعب عبر تأريخ نضاله الطويل ضد

المستعمر والنظم الفاسدة حتى انهى بانتصار الشعب بثورته في السابع عشر ـ الثلاثين من تموز ١٩٦٨ التي اولت الجيش ما يستحقه من اهتمام فمدته بعناصر القوه من التسليح الجيد والتدريب والانضباط مما جعلته في مصاف الجيوش المتقدمة، واهلته ليكون درعاً حصيناً للوطن الغالي وهو يخوض غمار حرب

مفروضه من عدد يفوقه عدداً ولكنه يلقنه في ميادين الحرب دروساً في فن المعارك ولاقى العدو منه مر الهزيمة في سوح القتال ومعارك شرق البصره والاهوار في ميسان والجبهة الشماليه خير شواهد. جيش تقوده قياده مخلصه وبقيادة قائد محنك كالقائد صدام حسين سيهزم اي عدو طامع يحاول النيل من هذا الشعب وتدنيس تربته ومقدساته فالى القائد وجيشه تحية اكبار والى ارواح الشهداء الرحمه.

ژمارە - ١١٥١ ١٩٩٠/٢/٨

# شۆڕشی ٨ ی شوبات

برهان هەژار

ئەمڕۆ یادو بیرەوەری شۆڕشێکی مەزن و فیداکاری گەلی عێراقە .. بەر لە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن پارتی سەرکردەو پێشڕەوەوە ، بڵێسەو چەخماخەی گڕی شۆڕشی ئازادیو سەربەستی داگیرسا .. شۆڕشی ٨ ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دوا هەناسەو هەرەسی بە ڕژێمە دیکتاتۆرو زۆردارو خوێنڕێژەکەی ( قاسم ) هێنا .. ئەوەبوو ڕۆڵە نەبەردو دڵسۆزەکانی ئەم نیشتمانە سەرفرازە دووچاری ئازارو ئەشکەنجەو ڕاوڕاوێن بوو بوو لەژێر ناڵەو زەبرو زەنگی تۆقان و کوژانەوەی هیواو تروسکەی ئازادیو سەربەستی بەهاو ماف ژیانی گەل ..

بێگومان وریایی و تێکۆشانی ڕاستەقینەی خەباتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەوەدابوو هەر لەگەڵ لادانی حوکمی ( قاسم ) لەپەیڕەوی پەرەسەندن و بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی عێراق دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشان دژی ئەو ڕژێمە چەپەڵەی کە بوو بووە بەڵاو نەهامەتی لەبەردەم هیواو ئاواتەکانی گەلدا .. ئەوەبوو لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن پیاوە ئازاو بەجەرگەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە کۆتایی بە ڕژێمە زۆردارەکەی ( قاسم ) هێنراو ڕووی گەشی خەباتی ڕاستەقینە بۆ گەل و نیشتمان گەڕایەوە .. ئەگەرچی تەمەنی ئەم شۆڕشە مەزنە هێندەی نەخایاندو لەلایەن خائنانەوە خەنجەری نامەردانەی ئ ژوەشێنراو گلۆلەی بەرەو لێژی چوو .. هەتا بەتەواوەتی لەبەرەبەیانی ١٧ تەمووزی ١٩٦٨ لەلایەن سەرکردەو پاڵەوانی ئازاو دلێر ( صدام حسین )ەوە شۆڕشی ئازادیو سەربەستی بۆ عێراقی مەزن هەڵگیرساو پارتی سەرکردەمان پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست چالاکانەو بەجەرگانە کەوتە بیناو گۆڕان و پەرەسەندنی عێراقی ئازیزمان .. لەبیرەوەری ٢٧ ساڵەی شۆڕشی مەردانەی ٨ ی شوبات هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەو شۆڕشە و گەلی عێراق ..

هاوکاری ژمارە ٧٧٩
لاپەرە ٦
٧ - ٣ - ١٩٨٥



**نووسەر فیصل نورالدین دباغ ئەڵێت :**

سەردانی سەرۆکی فەرماندە بۆ دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و بەشداربوون لە کارنامەی دەزگاکە . نیشانەی بایەخی فراوانی بەرەپێدانی ئاستی رۆشنبیری دەگەیەنێت کە زۆر کێشە لەو کۆبوونەوەیەدا باس کرا .. لە وانەش سەرۆکی فەرماندە باسی کوردایەتی کرد لە چوارچێوەی خیوەتی بەرزی رەنگینی عیراق و داوای کرد کە بەو گیانە پاکەوە بنووسن و قەڵەم لە خزمەتی ووشەی کوردی بخەنە کار بۆ خزمەتی عیراقی مەزن کە لە سایەی دەسکەوتە مەزنەکاندا دەگەشێتەوە .. رۆژی تایبەتیش بە رۆشنبیری کوردی دووساتی ئەو بایەخدانەیە و مەودایەکی ترە کە نووسەرانی کورد دووتی دڵسۆزی خۆیانی تێدا بکەنەوە .

# تێکۆشەر صدام حسین ڕێز لە هونەرمەندو ئەدیبێکی لاو دەنێ

**لەم ڕۆژانەدا بەڕێز جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تێکۆشەر (صدام حسین) خەلاتی ڕێز نانی بە هونەرمەندو ئەدیبی لاو ـ شێرزاد عبد الرحمن ـ بەخشی کە بریتی بو لە خانوبەرەو (٥٠٠) پێنج سەد دینار لە پاداشتی ئەو هەوڵو کۆششەی کە هونەرمەندی لاو بەم تەمەنە بچوکە نوا ندویەتی (١٠) دە کتێبی ئەدەبی چاپ بکات وەجێگری بەڕێز، ڕێزی لەم تەقەلایەدا ...**

لە دوای بەخشینی ئەم خەلاتە پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە هونەرمەندی ناو براو کرد ئێمەش لە گەلیا ئەم چاو پێکەوتنەمان سازکرد ، ڕتی :

دور نیە کە مرۆڤێکی وا دڵ گەورە خەلاتی کوردێك بکا ،چونکە چاوی لە هەمو بەهرەیەکەو هەمیشە هاندەری هەمو پێ نووس و خاوەن توانا یەکەو کاری ئەم خەلاتە بەلای منەوە هەنگاوێکی گەورەیە لە پەروەردەدا دەکاتەوە بۆ لە دایك بونەوەیەکی نوێ و تەقەلای زیاتر بۆ خواستی باشە ڕوژ ...


**● لە کاتی بەخشینی خەلاتەکە هەستت بە چی کرد ...؟**

کە لە بارەگای ئەنجومەنی نیشتمانیدا چاوم بە تێکۆشەر ( صدام حسین ) کەوت ویەی مرۆڤی ڕاستەقینەم هاتە بەرچاو کە چۆن بە درێژایی ژیان لە پێناو ئەم گەلەدا ئاوەقە دەربڕیوەو هەمو میرای ئەوەبە زەردەخەنە لە سەر لێوی مرۆڤ دروست بکاو گۆی لە هەناسەر خۆزگەی هەمو کوڕیەکی ئەم نیشتمانە شل کردوەو شەونخونی دەکا بۆ هێنانەدی خەونی مرۆڤ ...

**● باسی کورتەیەك ژیانی خۆتمان بۆ بکە ـ**

لە ١٤ـی تەموزی ١٩٥٨ لە دایك بوم و تا ئێستا ( ٢٢ ) گۆرانیم لە ئێستگەو تەلەفزیۆنا تۆمار کردوە.. کە دوا بەرهەمیان گۆرانی ( پەیمان ) بو لە ئامادەکردنی ڕزگار حسن و لە تەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ تۆمار کرا ، و لە ڕووی ئەدەبیەوە تا ئێستا (١٠) دە کتێبی ئەدەبیم بلاو کردوتەوەو ئێستاش بەرهەمێکی نۆیم لە ژێر چاپ دایە .

خۆزگەم ئەمەیە ژیان ماوەم پیا بکەم بە هەمو خەونە سەوزەکانم ...



**ئامادەکردنی طە صالح**

هاوکاری ٥ لیکۆ

# ئەنفال

## دووای سەردانەکەی سەرۆکی تێکۆشەر

● شێرزاد عبدالرحمن ● — پ. هاوکاری لە هەولێر

**لە چوارچێوەی بایەخدان بە کاروباری هاوولاتیان و زامن کردنی پێویستی و هێنانەدی خواستەکانی جەماوەر ، وەبۆ بەخشتنی ڕەوەرەوەی گوڕانی بەردەوام لە هەموو گوندو شارێك ، لە کێلگەو لە کارگە ، سەرۆکی فەرماندە ئامادەیەو لە نزیکەوە گوێ لە خواستی جەماوەر دەگرێ و جەماوەریش بەوپەڕی خۆشەویستی لە هەرکوێیەك بێ لە باوەشی دەگرێ .**

ئەمجارە . فرۆکەی سەرۆکی فەرماندە لە هەوارێکی جوان و دلگیری کوردستان نیشتەوە کە ناوچە شیرینەکەی خەلیفانە . لە دروی ئایاردا ئەو هەموو خەلکە بەبیرو منال و جوتیارو کاسبکارییەوە لە پێشوازی سەرۆکی فەرماندە بو . دوای گەڕانەوەی زۆر شت گۆڕا . خەلیفانی ئەمرۆ گەلێ گەورەدو دلگیرترە لە دوێنێ . لە هەرلایێ سەیر دەکەی کار بەردەوامە بۆ گەشەی بوونەوەی ڕووی شارستانی ناوچەکە .

**● ئێمە بەو بۆنەوە قسەمان لە گەڵ بەرێز بەرێوەبەری ناحیەکە مامۆستا – جمیل هەمزە – کردو لە وەلامی پرسیارەکانی (( هاوکاری )) ووتی :**

سەردانی سەرۆکی تێکۆشەر صدام حسین بۆ خەلیفان یەکەم جار نەبو جارێکی تر لە مانگی ئابی ڕابردوودا هاتە ئەم ناوچەیەو زیانی هاوولاتیانی بەسەر کردەوە . سەردانی ئەم دووایییە بوە مایەی خۆشگوزەرانیەکی گەورەی جەماوەران و گەلێ دەسکەوتی نوێی هێنایە دی کە توانی چارەسەری بنەڕەتی زۆربەی گیروگرفتەکان بکات و ئەو پلانەش کە بۆ پاشەڕۆژی خەلیفان دانراوە هەنگاوێکی گەورەیەو چاوە ڕوانی ئەرمیدێکی گەورەی بێ ... ئ ... ری .





**● تکایە دیارترین ئەو دەسکەوتانە چین کە ئێستا کاری تێدا بەردەوامە ؟**

× کە سەرۆکی فەرماندە لە نزیکەوە گوێی لە گیروگرفتی هاووڵاتیان گرت بڕیاریدا چوار هەزار دینار بدرێ بە هەر هاووڵاتیەك بۆ خانوو کردن . وەوەزارەتی خانەسازیش نەخشەی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دەکێشێ لە سەر ڕێو شوێنی نوێو شارستانی . وە ٦٠٠ تەلەفزیۆن وەکو دیاری لەلایەن سەرۆکی فەرماندەوە پێش کەش بە هاووڵاتیان کراوە .

**● ئەی سەبارەت بە قیرتاو کردنی شەقامەکان تا ئێستا هیچ تەقەللایەك هەیە بۆ ئەم مەبەستە ؟ .**

× یەکێ لەو گیروگرفتانەی کە خرایە بەردەم سەرۆك مەسەلەی ناڕێکیو سەختیی شەقامەکان بو لە خەلیفان . وەفەرمانی داوە کە نیو ملیۆن دینار بۆ ئەم لایەنە تەرخان بکرێ . لە گەڵ پرۆژەیەکی گەورەی ئاو بۆ گوندی « سرێشە » .

**هەروەها بەڕێز بەڕیوەبەری ناحیە دەڵێ .**

منالانی کورد لە خەلیفان بێبەش نەبون لە دەسکەوتی شۆڕشو سەرۆکی فەرماندە چەندەها دیاریی پیرۆزی پێش کەش کردون وەکو نیشانەیەکی گەورە لە بایەخدانی بەردەوامی شۆرش بۆ منالی کورد کە چاوەڕوانی داهاتوویەکی... بانەیە ڕۆژێکی ڕووناکترە .

ئەنجا دەڵێ : دەسکەوتی شۆرش لەم ناوچەیەو لە هەمو سوچێکی ئەم وڵاتە بەردەوامە لە پێناو بنیادنانی وڵاتێکی پێشکەوتووو بە ئومێدی دوا ڕۆژی ڕووناك .

٨ هاوكاری
لێك

# گەلی كورد لە بیری سەرەك فەرماندەی بەڕێز «خوابیپارێزێ»

بەشی یەكەم

شفیق محمود جاف

**شمشێر و خەنجەر گولی دەستمانە**

**گوڵ و ڕەیحانە جا بۆ چیمانە**

**شەرابمان خوێنی دوژمنانمانە**

**جامی نووشینمان كەللەی سەریانە**

**١ بەڕێز سەرەكی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان.**
**بەڕێز سەرەكی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان**
**بەڕێز ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان بەڕێزان .. برایان ئەدیبان و نووسەرانی كورد**
**بەڕێزان ئامادە بووان ..**

خۆم بە بەختیار دەبینم كە یەكێكم لە هاوبەشانی ئەم كۆڕە كە لە لایەن ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستانەوە دەگێڕدرێ لە نێو ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان بە ڕێكخستن لە گەل یەكێتی ئەدیبان و نووسەرانی كورد دەربارەی گەلی كورد لە بیری سەرەك فەرماندەی بەڕێز صدام حسین (خوابیپارێزێ) هەرواش ئەوپەڕی شانازی بەوەی دەكەم كە لە ناو ئەم كۆمەڵە ڕۆشنبیرە هەڵبژاردەیە خۆم دەبینم كە خاوەنی خامە جوانەكانی كوردستانیمانن لە كوردستانماندا .

كاتێ دەڵێم كوردستانماندا وەنەبێ گێرەیەك بخاتە یان بداتە عیراقیەتیمان ، یان دەرچوون و دوور گرتن لە خێوەتی عیراقیەتیمان ، بەڵكو لە ووتەكەی سەرەك فەرماندەی بەڕێزەوە ئەوەی دەڵێم كە بەڕێزی بەشداری لایەك لە وتوێژی بەڵگەی كاری دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی ، كردوە ـ لە ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٩ كە فەرموویێتی (ئێمە لە عیراقدا كاتێ باس لە كوردایەتیمان دەكەین ، وەنەبێ عەیبێ یان گێرەیەك لە نیشتمانیپەروەری عیراقیەتیمان بدات .. بەڵكو ئەوەی گێرەی لێدەدات ئەوەیە كە لە كاتی باسكردن لە كوردایەتیمان دەرچوون دوورەپەرێزی گرتنە لە خێوەتی عیراقیەتیمان لە ئەركی پێسپێراومان بەرامبەر بە عیراقی مەزنمان ، چ لە چوارچێوەی بەرپرسیاری بیرییەوە ، چ لە چوارچێوەی كاری ڕۆژانەماندا ) .

بەڕێزان ..

ئێمە لە نێو ئەم كۆڕەدا كە باس لە گەلی كوردمان دەكەین لە بیری سەرەك فەرماندەی بەڕێز (خوابیپارێزێ) لەو بیرە فراوان و جوان و ڕوانگە بیگەردەی بەڕێزیەوە دیێنە باس كردنەكەمان سەبارەت بەم گەلە كە لە دێر زەمانەوە برایێتی چەسپاندوە لەگەل گەلی عەرەبیدا و بەستنی پەیوەندایێتی دڵسۆزی و یەك چارە نووسی پاشەڕۆژی لە ریشەوە كە بوونە هۆی ئەو ڕووداوانە لە ژیانی كۆمەڵگاكەماندا و ڕوونان بەرەو بنیادنانی عیراقێكی نوێ و پەرەسەندو بە شێوەیێكی ئاڵوەبوویی لەگەڵ جۆرەكانی بیرو چۆنیەتی شۆڕش بیر و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایێتی و زانست و زانیاریدا و بە پڕ چەك كردنی گەلی عیراق بە عەرەب و كوردو ـ بە چەكی بڕوا و بیرو باوەڕێ كە لە كانگە و قوڵایی خاكی پیرۆزی عیراقمانەوە هاتبێ و بەرزكردنەوەی شێوە و جۆریەتیكانی ژیانی نوێ و لە بەكارهێنانی وزەو تواناكانی لە پێناوی ئەم وولاتەدا

لە بۆ ئەوەی كە گەلی كوردمان لە كوردستانی عیراقدا زۆرتر لە برا عەرەبەكەی ژیانی نالەباری و ناڵۆزی چێژتووە كەوابوو لێرەدا دەبێ باس لەو بایەخدانە گرنگانە بكەین كە سەرەكی فەرماندەی بەڕێز داویەتی بە گەلی كوردمان و گواستنەوی لەو حاڵاتانەی بۆ مەیانە فراوانەكانی جۆریەتی و چۆنیەتی ژیان كە شیاوی مرۆڤی كورد بێت و هەڵسانی بە چالاكی نواندن لە ڕووی مافرەواكانی .. بیروباوەری ، لەچوارچێوەی یەكێتی نیشتمانیدا ، ئەوەش لەم دیار داوە بەرزەدا دیاری داوە كە تیایدا دەژین و لاپەڕە زێڕین و پرشنگدارە لە مێژووی نوێی ژیانماندا كە بەدەستی تاقە ئەندازیاری عیراقەوە نەخشەی بۆ دانراوە ، ئەوەش كە ئۆتۆنۆمییە بۆ ناوچەی كوردستانی عیراق كە بەدەنگەوە هاتنێكی دڵسۆزانە دەنوێنێ لە گەیشتنی گەلی كوردمان بە مافڕەواكانی لەژێر سێبەری ڕێبازی نوێی عیراقی سەركەوتوومان‌دا و دامەزراندنی دامەزراوەكانی لە ساڵی ١٩٧٤ ـ دا كە بەڕاستی چارەسەركردنێكی واقعی و مرۆڤایێتی بووە و گواستراوەییكیشارستانیەتی بووە لە مێژووی عیراقی هاوچەرخدا و دوپاتێكە كە توانای سەركردایێتی نیشتمانی عیراقی دوپات دەكاتەوە لە چۆنیەتی جوڵانەوە لەگەل سوسیەتەكانی نەتەوەییدا و ئامادە كردنی هەل بۆ جەماوەرانی و گرتنی ڕێگای بەختەوەری و هەموو كوردێك بۆی هەبێت بە دەوری هەڵسێت لە ڕێبازی سەركەوتوماندا لە پێناوی بتەو كردنی بنیادنانی كۆمەڵایێتیو بیری و قووڵ كردنی كاری دیموكراتی لە ژێر سیبەری یەكێتی نیشتمانیدا .

بێگومان .. بیری سەرەك فەرماندەی بەڕێز صدام حسین (خوابیپارێزێ) سەبارەت بە هەموو بارەكانی نیشتمان ، لە ئایدەلۆژیەتی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەبیەوە هەڵقوڵاوە ، هەروا بیری بەڕێزی سەبارەت بە باری كورد لە سێ بنەڕەتی گرنگەوە هاتووە .. وەك لە ڕاپۆرتی هەشتەمین كۆنگرەی هەرێمی ی پارتەوە هاتووە .

یەكەم ...

سەرەڕای دیاردانی هەندێ نارێكی مێژویی كە تووشی بزوتنەوەی نەتەوەیی كورد بووە لە نێو ڕووەكانی دوورە پەرێزی و گومان لێكراوەكان كە پەیوەندیەتیان هەبوو لەگەل بێگانەكاندا و سەرەڕای ئەوە هەموو هێشتا بزوتنەوەی نەتەوەیی كوردی لە عیراقدا ، لەناوەڕۆك و جەوهەریدا كە داوا كردنی مافڕەوایی گەلی كوردە ـ لەسەرویدا ئۆتۆنۆمی یە ، بزوتنەوەیێكی نەتەوەییە

عیراقدا - عیراقی پیرۆزمان - نیشتمانی برایەتی و خۆشەویستی و ئاسایشی .. هەروا پەیوەندایەتی مرۆڤایەتی و خەبات و تێکۆشان و ئاینی و کۆمەلایەتی کە رەگ و ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ قوولاییەکانی پتر لە هەزار لەمەو پێش کە ئەم دوو گەلەی بەیەکەوە چەسپاندوە لەژێر سێبەری ئالای پەیغامی موحەمەدیدا - لەسەرەتای گەیشتنی ئیسلام بە ناوچەی کوردستان کە گەلی بەو پەری ریز و دلخۆشێیکی فراوانەوە پێشوازییان لێکردوە ، ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە ئەو پیروباوەرەی کە لە ئاینی ئیسلامیدا هاتووە لە رەوت و رەوشتانەی گەلی کوردوە زۆر نێزیك بوو کە بووە هۆی چەسپاندنی پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو گەلەدا کورد و عەرەب - پەیوەندی بەرگری هاوبەشی لە خاك و ئاین و بیرو باوەر و تێکەلاو بوونی خوێنی رۆلە و نەوەکانیان لە سەر گۆرەپانەکانی خۆبەختکردن و شەرفمەندی لە پێناوی بەرگری کردن لە سنور و خاکە پیرۆزەکەمان و کەرامەتماندا ..هەروەها ئەو پەیوەندایەتیە لە رەوشت بەرزی و دلسۆزی و وەفاداری بێگەردی و دلێری و چاونەترساوی و شەونخونی کردنیان دژی زولم و زۆری بەرامبەر بە دوژمنان ، ئەوەش کە لە ووتە بەنرخەکەی سەرەك فەرماندەی بەرێزەوە هاتووە کە دوپاتی ئەو چەشنە رەوشت بەرزیە دەکات سەربارەت بە مرۆڤی کوردی ، ئەو دوپاتەش لە بەشدار بوونی بەرێزیەوە هاتووە لە وتوێژ کردنی بەلگەی کاری دەزگای روشنبیری و بلاو کردنەوەی کوردی لە بەرواری ۱۹۸۳/۳/۹ - دا کە فەرموویەتی (گەلی کوردمان جەنگاوەرێکی ئەمینە .. دلسۆزی کورد لە کاتێ دلسۆزی دەنوێنێ ، دلسۆزیەکەی شێوەیەکی بێهاوتاییە بە جۆرێك هیچ کەسێکی تری تیادا نابینێ جگە لەوەی دلسۆزی بۆی دەنوێنێ) ، هەروەها فەرمووێتی (کاتێ دلسۆزی دەنوێنێ بۆکەسێ ، یان بۆ سەرکردایەتی ، یان بۆ نیشتمان ، یان بۆ کاربەدەستان ، دلسۆزیەکەی بە شێوەیەکی دیارداوە و بێوێنەیی دەینوێنێ) .

بەرێزان ..

وەك دیارە لای هەمووتان و لای هەموو لێکۆلەران و شیکارە مێژوویەکان ، گەلی عیراق سلبیاتێکی گران و قورسی پاشکەوتوویی بۆجێماوتەوە لە رووی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری یەوە لە نێو ئەو دام و دەزگا بەرێوەبەرە چەپەل و ترسناکە کە بووە هۆی دوور خستنەوەی راستەقینەکانی ئەو پەیوەندیانە بروایانە کە ئەم دووگەلەی لەگەل یەکدا چەسپاندبوو بە روحی برایەتی و یەك چارەنووسیدا ، بەلام پاش سەرکەوتنی شۆرشی ۱۷ -۳۰ - ی گەلاوێژی نەمر سالی ۱۹٦۸ - بەسەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەبی لە سەرویدا سەروکی فەرماندە هەڤال تێکۆشەر صدام حسین (خوابیپارێزی) بە تێکۆشانێکی بەرز هەلسا بۆ دۆزینەوەو دانانی رێرەوێکی شیاوو سەرکەوتوانە لەبۆ رزگار کردنی گەلی عیراقیمان لەو جۆرە پاشکەوتانە ودامەزراندنی دەزکای نوێ رۆشنبیری و کۆمەلایەتی لەسەر بنەرەتێکی توند و قایمدا کە بروای بەرژەوەندیەکانی گەل هەبێت ، لە کانگە و قولاییەکانی بیرو باوەری پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەبی هەلقولابێ و دەستگرتنی کۆمەل و گواستنەوەی لە حالەتەکانی بێ توانایی و پاشکەوتن و ناتەبایی بەرەو حالەتەکانی پر هێزی و توانا داری و بەیەکگرتن و پێشکەوتن و هەلکێشانی هەموو سلبیاتانە لە رەگ و

لەرووی مەبدء واقیعەوە ، لەم سنورەدا و بەشێکی بنەرەتی و بناغەییە لە بزوتنەوەی نیشتمانی عیراقی دەژمێردرێ .

دووهەم

پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەبی ، پارتێکی نەتەوەیی و مرۆڤایێتی یە ، خاووەنی بیروباوەرێکی دیموکراتیە بۆیە شتێکی ئاساییە کە ناوەرۆك و جەوهەری مافرەوایی گەلی کورد بگات و تێکۆشێ لە پێناوی بەجێ کردنیدا ، بۆیە کە شۆرشی - ۱۷ - ۳۰ - ی گەلاوێژنەمر لە سالی ۱۹٦۸ - وە - پاش سەرکەوتنی ، باری چارەسەرکردنی هەموو گیرو گرفتەکانی نیشتمان بەپێش چاوی خۆی خست ، لەوەش چارەسەرکردنی و بەجێ هینانی مافەرەواکانی گەلی کوردمان کەوتە ئەستۆی بەپێی رێرەوێکی یاسانە و جێبەجێ کردنی ..

سێهەم .

ئەو پرۆگرامە بنەرەتی یە و چەسپاوە و سەرەکیەی پارتی بەعسی سوشیالستی عەرەبی رەچاوی دەکات - لەبۆ بەجێ کردنی مافرەواکانی گەلی کورد کە بەرنامەیێکی دیموکراتی و ئاشتیخوازو دلسۆزانەیە بە هاری کاری لەگەل هێزە خیرخوازە نیشتمانیەکاندا لە نێو جەماوەرانی گەلی کوردماندا لە چوارچێوەی کاری نیشتمان هاوبەشیدا ، ئەوەش کە بەرەی نیشتمان و پێشکەوتنخوازە .. ئەم سێ بنەرەتیانە کە ئایدەلۆژەیەتی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەبی بناغەی نەخشەی چارەسەرکردنی باری گەلی کوردی لەبەر روناکیدا داناوە دەبینێن سەرەکی فەرماندەی بەرێز دەورێکی بەرزو بالای هەبووە لەبۆ گواستنەوەی بۆ زەمینەیێکی راستەقینەیی و چەسپاندن و جوولانەوە بە شێوەیەك ئەم ماف رەایە تووشی هچ گیروگرفتێك ، یان گێچەلێك نەبێت لە پاشە رۆژدا و رێگە نەدان بە دوژمنانی نیشتمان ئەم بارە بکەنە داردەستی خۆیان بۆلێدانی عیراقی سەرکەوتوومان ..

ئەم باسەمان لەبنەرەتدا .. بەلکو بنەرەتی ئەمباسەمان پەیوەندێکی هەرەقوول و تیژی هەبە کە قوناغێکی گرنگەوە لە مێژووی گەلی عیراقدا بەشێوەیێکی گشتی و بەتایبەتی لەگەل گەلی کوردماندا ، هەروەها دەستینشانی شتی زۆر دەکات کە ئەنجامەکانی کاری کردۆتە سەر رووداوەکانی ناوچەکە لەو رووەوە ..

وەك ئاشکراو دیارە .. لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆرشی - سالی ۱۹٦۸ - وە هەتاکو ئێستا خۆیەتی سەرەكفەرماندەی بەرێز ئەستێرەیێکی درەوشاوەیە لە ئاسمانی باری کوردا .. چونکەبەرێزی ئەندازیاری نەخشەی دانانی بەیاننامەی (۱۱) ئاداربووە سالی (۱۹۷۰) و خاوەنی ئەو چارەسەرکردنە بەرزە بووە ، خاوەن بروا و جاونەترساو بووە لەرووی بەجێهینانی مافە رەواکانی گەلی کورد - ئۆتۆنۆمی - لەچوارچێوەی یەکێتی نیشتمانیدا ، کە بەرێزی بەخۆی جەوهەری بنەرەتی ئەو چارەسەرکردنەی گەیاندە بزوتنەوەی چەکداری کوردی (لەوکاتەدا) وکۆبوونەوەی لە گەلیاندا و دانانی ئەو چارەکردنە لەبەردەمیاندا .. هەروەها لە بەغداد بەنوێنەرانی ئەو بزوتنەوەیە راگەیاندوە فەرمویەتی (ئەم بارە ئەنها ئەوە ناگرێتەوە بە بەرەلا کردنی چەند کەسانێکی دەست ماویەتی

لێکۆڵینەوە
ژمارە (٩٦١)
١٩٨٨/٣/٢٨

# گەلی کورد لە بیری سەرەك فەرماندەی بەڕێز «خوابیپارێزێ»

بەشی دووەم

شفيق محمود جاف

شۆڕشەوە .. هەروەها دەستنیشانکردنێکی تر وەك کە بەڕێزی بۆی چووە ئەو ڕوانگە مەزنە تێگڕای گەلی عیراق پاش ڕێکخستنی پەیوەندایتی لە ناو کۆمەڵگەی عیراقدا و دانانی بەردی بناغەی بەرنامەی ئەو ڕاستەقینانە کە تایبەتی بە گەلی کوردی عیراقی .

لێرەداپرسیارێك سەرهەڵدێنێ .. ئایا ئەم شێوەیە لە بیری پێشکەوتنخوازی سەرەکی بەڕێز کە لە ئایدەلۆژیەتی پارتەوە هەڵقوڵاوە باشترین بنکەو بناغەدانانێکی بتەوە کە پاشەڕۆژی عیراقی لە سەریدا بنیاددەنرێ .. ؟ !

ئەڵێین .. بەڵێ ..

ئایا .. بۆ .. ! ؟

پرسیارەکە وەڵامی خۆی دەداتەوە ..

ئایا چ هێزێکی سیاسی لە عیراقدا - لەڕووی دەسەڵاتداری حکومییەوە توانی لە نێو ڕەوشتی دەسەڵاتییەوە پێشی شۆڕشی (١٧ - ٣٠) گەلاوێژی ئەمر هەڵمێ بە ئامادە کردنی بەرنامەی چارەسەرکردنی باری کوردی بەشێوەیێکی ڕاست و ڕاستەقینەیی وەك بەعسی پێی هەڵساوە ؟ !!

ڕۆژنامە نووسی ناسراو فؤاد مطر - لە چاوپێکەوتنی بە سەرەك فەرماندەی بەڕێز چەند پرسیارێکی ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی کردەکە وەڵامەکانی سەرۆك فەرماندەی بەڕێز لە ئاسمانی ڕۆژنامەگەریدا دەنگ دەداتەوە .. هەروەها لە گوێی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەردا دەزرنگێتەوە .

ڕۆژنامە نووس ..

هەروا بەڕێزی فەرمووی .. بڕیاردانی ئۆتۆنۆمی بۆگەلی کورد لەکاتی خۆیدا بارێکی پێویست بووە کە عیراق داوای تۆمارکردنی کردوە لە یاسا و دەستوری یەکگرتوی نێوان عیراق و سوریادا نەك تەنها لە دەستوری عیراقدا .. لەم ڕوانگەفراوانەی گشتی بیری سەرەکی بەڕێز و بیروباوەری پارت شۆڕشەوە و چەسپاندنی باری کورد - بەردێکی تیژی هاویشە ئەو وەڕینانە کە لە دەرەوەی سنورەوە دەنگی دەدایەوەو هەروەها ئەوەی بەڕێزی فەرمووی ..

کوردەکان ئۆتۆنۆمی - یان - خواستەوە .. ئەوەش مافێکی ڕەوای خۆیانە لەو ڕوانگە بەرزەی سەرۆکیەوە هاتووە لە ڕێزگرتنی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردی عیراقی لە پێناوی گەیشتنی بە ماف ڕەواکانی ..

هەروەها دیسان لە هەڵوێستێکی تردا بەدەنگێکی بەرز و دڵنیایەوە فەرموویەتی بەبێ ئەوەی ترسی لە ستراتیجیەتی چەند دەوڵەتێك ببێت یان لە دەوڵەتە گەورەکان .. پڕبە دەم وتی .. کورد داوای ئۆتۆنۆمی کردوە ئێمەش وای دەبینین کە مافێکی ڕەوای خۆیانە ..

لە هەڵوێستێکی تری بەجەرگی بیری بەڕێزیەوە - پاش مۆر کردنی ڕێککەوتنەکەی جەزایر - ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا .. شای گوڕبەگۆڕ ، داوای لە بەڕێزی کردبوو بۆ هەڵوەشاندنی داویەتی ، کە فەرموێەتی بڕیارمدا فێری زمانی کوردی ببم .. یان بەڕێزی فەرموێتی پاش تەواو بوونی جەنگ - شاری هەولێر دەکەینە پاتەختی هاوینەی عیراق ..

لە هەمان ئەو بایەخدانە گرنگانە کە بەڕێزی داویەتی و هەمیشە بەردەوام لەو بایەخدانەی بەمگەلە .. کە لە ئۆتۆنۆمی کەمترنیە

ئەوەش پێکهێنان و دامەزراندنی دەزگایەکی نوێ و ڕۆشنبیری بە ناوی - دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی - کەبەڕێزی بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆیی بە خۆیی بایەخی دەداتێ وەك دامەزراوەیێکی ڕوشنبیری و ڕاگەیاندنو بیرو باوەری و فکریە .

کە لەیەکەمینی ڕۆژی سەرەتای کردنەوەیدا دەرگاکانی لە بەردەمی ئەدیبان و نووسەران شاعیر و هوشمەندان کردوە وبڵاو کردنەوەی بەرهەمە جوانەکانیان لە سەر لاپەرەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ و بەیان و ڕەنگین کە بەڕاستی دامەزراوەیێکی بێوینەیە ، دیارداوەیە لە نێو ئەو چالاکیانە کە پێ هەڵدەستێ لە گشت مەیانەکانی چالاکی نواندا کە بە شێوەیەك توانا و وزەی خۆی بەرزکردۆتەوە و هەنگاوی فراوان نان و پڕ بەرهەمی جوان و بڵاو کردنەوەی سەدەها هەزار لە نامیلکە و کتێبی جۆراو جۆری زانستی و زانیاری ، چیرۆك و شانۆگەری و شیعر و پەخشان گۆڕینەوەی و تار و وتەکانی سەرەك فەرماندەی بەڕێز بۆ سەر زمانی کوردی ، ئەوە بوو لە نێو ئەم بڵاوکراوانەدا گۆرەپان ومەیانەکانی ڕۆشنبیری کوردی بەرێگای ئەم دەزگایەوە بەشێوەیێکی جوان ڕازایەوە ، هەروەها گۆڕینی چیرۆك و شانۆ ژیانی زانیارە دیارداوەکانی جیهانی بۆ سەرزمانی کوردی کە ئەوەش ئەوپەڕی چالاکی ئەم دەزگایە دەنوێنی لەو چەشنە بڵاو کردنەوەدا کە یارمەتی ئەو ڕوشنبیرانەی گەلی کوردمان دەکات کە هەمیشە پەیوەندی نەپچڕێنی لە گەڵ زانست و زانیارانی جیهاندا بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانیان - یان لە ڕووی چۆنیەتی ژیانیانەوە بەڕێزان .

هیوای سەرەکیتان یەکێتی عەرەبە .. ئایالەبەر چی ئۆتۆنۆمیتان چەسپاند بۆ کورد ؟ ! ئایا باری کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا تەواو بوو .. ؟ ! ئایاچی لەنێوان کردداروودەدات گەر هات و رۆژێك لە رۆژان یەکێتی لەنێوان عیراق و سوریادا بەسترا .. ؟ ! بەرێزی لەوەلامەکەیدا فەرمووی ..

لە بڕیاردانی ئۆتۆنۆمیدا دوو مەسەلە هەیە .

مەسەلەی مەبدەئی زیند و ژیاو .. ئەم مەسەلە ژیاوە بەرەو پێش هەنگاو دەنێ .. ئەوەی دیارە لە مەبدەئی ژیاوی مەبدەئی حزبماندا بایەخدانە و گوێراگرتنە لە خواست و قسەی گەل و رێزگرتنی لە واقعیکی ژیاو و زیندودا .. گەلی کوردمان بە خۆی داواکاری ئۆتۆنۆمی بووە لە هەمان کاتیشدا چەند روویەکی گومان لێکراو کە ئیمانیان بەو رێبازە نەبووە ویستیان لەژێرەوە گەلی کورد بکەن بە دوژمنی شۆڕش ، گەر بهاتبایە گەلی کورد داخوا ز نەبوایە ئێمەش پێی هەڵنەدەستاین .. ئەگەریش پێی هەڵنەستاینایا و بڕیاری ئۆتۆنومیمان نەدایە ئەوا دوو خوێن رشتن دەستی پێدەکرد و دەرگای جودایی و ناتەباییمان دەکردەوە لە نێوان گەلدا . . مادام ئۆتۆنۆنی پەیوەندایتی یەکێتی کورد و عەرەب دەچەسپێنێ ، کەوا بوو ئایا بۆ دوورگرتن و تێنەگەیشتن لەم راستەقینەیە .. ؟ !

بایەخنەدان بەم شێوە راستەقینانە ، یان بایەخنەدان بە راستەقینە وا لە مرۆڤ دەکات دورەپەرێزبێ لە بیرو باوەڕەکانی و خزمەتگوزاری راستەقینەی هەڵوێستەکانی شۆڕش ناکات ، پاراستنی ئۆتۆنۆمی مەرجێکی سەرەکییە لە گیردانی یەکێتی لە نێوان عیراق و هەر هەرێمێکی تری عەرەبیدا .. دەڵێین پاراستنی ئۆتۆنۆمی مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەو یەکێتییە ، چونکە خاوەنی ئەو خسوسیەتە گەلی کوردە ئەگەر هات ئەو خوسیەتە . کە

ئۆتۆنۆمییە - بینی کە لە چوار چێوەی عومومیەتدا . (کە یەکێتی عەرەبیە لەنێوان عیراق و هەرێمێکی تری عەرەبیدا) دەمرێ - ئەوکاتە دژی دەوەستێ ، هەرچەند ئەو عومومیەتە چەند بەرژەوەندیێکی بووەدی بێنێ .. لەم روانگەیەوە دەڵێین .. خسوسیەتی - ئۆتۆنۆمی حاڵەتێکی دژ نیە بەرامبەر بە یەکێتی عەرەبی ..

ئۆتۆنۆمی لەعیراقدا - چونکە مەترسیەکە بەگوێرەی ئێران و زیان دەگەیەنێتە بەرژەوەندی ئێران .. بەرێزی بەتوندیەوە وەلامی دایەوە و فەرمووی (گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا بەشێکە لەگەلی عیراق و ئێوە هیچ عیلاقەتان بەوەوە نیە .. چونکە ئەو بڕیارە کە دەیدەین لێی پاشگەز نابینەوە هەروەها ئێمە بەخۆمان دەزانین چی باشە و چی خراپە .. چی سوود بەخشە چی زیان دەری گەلەکەمانە .

لە ساڵی ١٩٧٨ دا - لەبەردەمی سەدوپەنجا رۆژنامەنووسدا بەرێزی فەرمووی (ئۆتۆنۆمی بۆگەلی کورد بڕیارێکی مەبدەئی کۆتاییە .. ئەم بڕیارەش راستە و ئێستاش ئێمە لەسەریدا دەڕۆین بەشێوەیکی راست) .

سەروکی فەرماندەی بەرێزلەزۆر هەڵوێستدا خۆشەویستی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە گەلی کورد کە ئەم گەلەش هەستی بەوە کردوە .. بەرێزی ئەفەرموێ (ئێمەکاتێ شاخەکانمان خۆش دەوێ نەکوا چونکە یەشێکە لە عیراق .. بەڵکو بۆئەوەی بەشێك لەگەلەکەمان لەو چیانەدا دەژین ،، ئەوانەی بەرگری لە چیاکان دەکەن و دانشتوانی دەکوژن ئەوە بەسەرکەوتوو دانانرێن .. بەلام ئێمە کاتێ بەرگری دەکەین وچیاکان دەپارێزین ئەوە ئەنوێنێ کە لە بنەرەتدا بەرگری لەگەلەکەمان دەکەین) .

هەروەها لەکاتی بەخشین نیشانی (مەدالیای) ئازایەتی بە ژمارەیەك لە جەنگاوەرە دلێرەکانی گەلی کوردمان کە بڕیاری نەقلیان [illegible] یەکەم قبول نەکردوە و داوای مانەوەی خۆیان کردوە لە جێگاکانی خۆیاندا و کە مابوونەوە بەرێزی فەرمووی .. (گەلی کوردمان جەنگاوەرێکی ئەمینە .. دڵسۆزی کورد شتێکی بێ وێنەیە.. لە کاتێکیشدا دەیەوێ دەورێکی بەرز بداتە جەنگاوەری کورد بۆ بەرەنگار بوونی هێرشەکانی رژێمی بێمێشکی و پووچەڵی خومێنی بەکرێگیراو .. بەرێزی دەفەرموێ - (سەلاوم بگەیننە هەموو کوردێك کە دەیبینن لە هەر کوێدا بێت .. پێی بڵێن ، نابێ و ناشێ هیچ کوردێك کەلێنێکی مێژوویی لەسەر خۆی تۆمار بکات بۆ ئەوەی دراوسێکانی نەڵێن عیراق ترسناکی گەمارۆی دا و تۆ لەپێناوی بەر گریدا نەجەنگای .. هیوادارم ئەوان لە پێشەوەی ئەوانە بن کە بەرگری لە عیراق دەکەن ..

هەروا فەرموودەکەی بەرێزی دوپاتی بوونی خسوسیەتی نەتەوەی گەلی کورد دەکات کە لە سەردانەکەی بە ناوچەی خلیفان

ئێمە لەم کۆڕەدا کە باسی گەلی کورد دەکەین لە بیری سەرەك فەرماندەی بەرێز هەر چەند لەم باسەدا بەردەوام بین بێگومان پێویستیمان بە چەندەها رۆژ هەیە هەرواش بەچەندها پڕەوە کردنەوەی لاپەرە هەتا دەگەینە ئەو دەربڕینی ئەوەی کە بیری بەرێزیادا هەیە بەرامبەر بە گەلی کورد لە رووی رێز و خۆشەویستی بەرێزی کە ئەوەش بە شێوەیکی روون تر دەردەکەوێ لە نێو سەردانەکانیدا بە ناوچەی کوردستان کە ئەم گەلەمان پێشوازی بەرێزی دەکات و سەردانی بەرێزی بە خێزانە کوردەکان لە ماڵ و پرسینی باری گوزەرانی ئەو خێزانانە و بەسنگەوە گرتنی مندالەکانیان و ماچ کردنیان کە ئەوەش وێنەیکی باوکی و خۆشەویستی بەرێزی ئەنوێنێ و پڕ بڕوایی بەرێزی بە گەلی کورد و بڕوای گەلی کورد بە سەرۆکە سەرکەوتووەکەی ..هەروەها ئەو پێشوازیە کە لە لایەن کچان و خوشکانی گەلی کوردمانەوە کە بە هەزارەها لە سەر شەقام و دوو ریانەکانی ناوشار و دەرەوە رادەوەستن بە چەپڵە و سروود و هەڵهەلە و بانگەوازی تەمەن درێژی بۆ سەرکردە دلێر و نەبەزەکەی سەرەك فەرماندە صدام حسین (خوابیپارێزی) شان بە شانی ئەوەش گلێر بوونەوەی گەلی کوردمان لە ژێر ئالای یەکێتی نیشتمانیمان و نوێ کردنەوەی دەنگی دەنگ دان بۆ سەرکردەی بەرێز و خۆشەویستمان کە ئەو پەڕی دڵسۆزی روون دەکاتەوە لە رەسەنی ئەم گەلەمان لە وەفاداری و دڵسۆزیدا بەرامبەر ئەو بەجێ هێنراو و دەستکەوتانەمان لە ژێر سایەی سەرکردەی مێژوییمان کە بەرهەمی ئەو درەختەیە بەرێزی چاندویەتی و بە کانیئاوی بیرە رۆشنەکەیەوە ئاوی داوە کە ئاوێنەیەکە ئەو دەستکەوتانەمان بۆ بەدیاردەخات .

لە کۆتاییدا لە یەزدانی گەورە دەپاڕێمەوە کە ئەم سەرکردایەنەمان بۆ بپارێزی و گەیشتنمان بەو پەڕی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانمادا لە رژێمی بۆگەنی و بەکرێگیراوی خومێنی و دام و دەزگا چەپەڵەکەی .. ئومێدەوارم کە بەخششەکانی شۆڕش فراوانترین دەرگای بەخششەکانی بکاتەوە بۆ گەلی کوردمان و فراوانترین مەیانەکانی کوردستانی ئازێزمان بگرێتەوە لە پێناوی ئەوەی گەلەکەمان لە ژیانی بەختەوەری و کامەرانیدا بژین و بەرز بوونەی ئالای برایەتی و یەکێتی نیشتمانیمان لە ئاسمانی عیراقی خۆشەویستمان .

# کاره پاڵەوانیەتەکەی (أنفال) پشتی خۆفرۆشانی شکاند !!

ئەوەی ڕۆژی شەمەبە ، نۆزدەی ئازاری ئەم ساڵ ساڵی ۱۹۸۸ . لە کاتژمێری یەکی پاش نیوەڕۆدا ڕووی دا ، ئەوەی چەسپاند کە هێشتاکە ڕۆڵە شکۆمەندەکانی ئەم گەلە قارەمانە بە سوپای پاڵەوان و جەنگاوەرانی فەوجەکانی بەرگری ی نیشتمانییەوە لە رادەی لێپرسراوی و بەڵێن و وەفاداری و ئەمەکی دڵسۆزانەی خۆیاندان و هێشتاکە ئەو ڕۆڵە پشت ئەستوورە ئەبەزەن . بە بازووی یەکیەتی ی پتەوی نیشتمانی و بە وورەی نەبەردی دلێرانە دژ بە هەموو ئەو پیلان و نەخشانە رادەوەستن کە دوژمنان ر خۆفرۆشانی خاک و نیشتمان خەون بەوەوە دەبینن کە چاوچنۆکییان بۆ بێتە دی ، بەڵام ئەو دوژمنانە خەیاڵیان خاوەو بیریان تەسکەو ڕووانینیان تا بەرپێیان بڕ ناکات ، چونکە ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بە کوردو عەرەبەوە لە زۆر زۆر کۆنەوە پشتی یەکتریان گرتووەو هەردەم لە خۆشی و تاڵی و تەنگانەدا پشتی یەکترییان بەرنەداوەو فریای یەکتری کەوتوون و لە پێناوی نیشتماندا خوێنی خۆیان تێکەڵ کردووەو خەباتی خۆیانیان کردووەتە نیشانەو دیاری بۆ خاک و بۆ سەربەرزی و شکۆمەندی ی خاک و پاراستنی لە داگیرکاران و لە خۆفرۆشان .

بەڵێ ڕۆژی شەممەی ۱۹ ی ئازاری ساڵی ۱۹۸۸ دوا بنکەی خۆفرۆشەکان لە ناوچەی سەرگەلوو و بەرگەلوو و زێوەدا لە خۆفرۆشان پاک کرایەوەو ئەو بێ و دەستە چەپەڵانەیان لەو ناوچە ئازیزەدا قرتێنراو هەواڵەی دۆزەخی گڕی رقی پیرۆز کرا کە ئەو خاکە پاکە هەرگیزاو هەرگیز خۆفرۆشان بە خۆیەوە ناگرێت و جێ ی پێ ی چەپڵەکانی تێدا نابێتەوە .

ئەوانەی کە خۆیان و چارەنووسی خۆیان بە بێگانە فرۆشت و لە پێناوی گیرفان و گوزەرانی باڵادا خۆیان هاویشتە باوەشی بێگانەوە ، کە خۆی لە ڕژێمی ناخوندە نەزانەکانی قوم و تاراندا دەبینێت ، ئەو ڕژێمە بۆگەنەی کە بە رەچەڵەک دەچێتەوە سەر ئەو ڕژێمە کۆنەپەرست و رەگەزپەرستانەی فارسەکان ، کە هەردەم دوژمنی گەلی کوردمان و دژ بە گەلی عەرەب بوون و ، بە درێژایی مێژووی ئەم ناوچەیە ئەو کینەو رقەیان بە چەندان شێوەی جۆر بە جۆر نواندووە !

ئەو خۆفرۆشانەیش کە خۆیان هاویشتبووە باوەشی ئەو ڕژێمەوەو خۆیان کردبووە ڕێپیشاندەری ئەو ڕژێمەو رێیان بۆ پێشان دابوون پێ ی ئەگریسیان بهاوێژنە نێو خاکی پیرۆزی نیشتمانەوە ، دوا بنکەیان لەناو خاکی کوردستاندا لەلایەن ڕۆڵە شکۆمەندەکانی سەرەکی فەرماندە (صدام حسین) ەوە پاک کرایەوەو تا هەتایە ئەو ناوچە ئازیزەی خاکەکەمان بە سنگی پان و بەرین و بە بازووی بەهێزی ڕۆڵە پاڵەوانەکانی عیراق بە کوردو عەرەبەوە دەپارێزرێت و ئاڵای شکۆمەندی و سەرفرازی ی بەسەردا هەڵکراوەو هەردەم بە شەکاوەیی دەمێنێتەوە .

خۆفرۆشە بێشەرم و بێ ئابڕووەکانیش کە بەوە قایل بوون خۆیان ڕیسوا بکەن و ئابڕووی خۆیان بە دوژمنی خوێنەخۆرەی گەلی کوردو نیشتمانی کوردو عەرەب بفرۆشن جگە لە ڕیسوایی و ڕووڕەش بوون و نەفرەت لێکردن بەو لاوە هیچ شتێکی تریان بۆ نەماوەتەوە .. هەر کەسێکیش خۆی بە دوژمن بفرۆشێت و دژ بە چارەنووسی گەل و خاکی پیرۆزی خۆی رابووەستێت هەر بەو جۆرەی لێ دێت !!

سلام محمود علي

نیو دەولەتی
ژمارە (٩٦٢) ١٩٨٨/٣/٣١

# بەموشەکەکانی ( حسین )وەڵامی هەموو دەستدرێژی یەکانی زایۆنیزمو خومەینی یەکان دەدەینەوە

نسرین مصطفی

سەربازەکانی زایونیزم . لەکاتیکدا کە سەدەها لە رولەکانی گەلی فەلەستینی شەهید کرابوون لەسەر دەستی داگیرکەری زایونی داو جورەها شیوەی گرتنو کوشتنو نازاردان .

راپەڕینی گەلی فەلەستین بود هوی تندانی ریزەکانی زایونی لەناوخویاندا . هەندیکیان تیا دەرکەوت داوای ئاشتی دەکرد لەگەل دانئان بەریکخراوی رزگاری خوازی فەلەستینیو مافی خویان بدرینی لە دیاری کردنی چارەنوسیان

راپەرینی گەلی فەلەستینی رقو کینەی زایونیزمی ئاشکراکرد دژی نەتەوەی عەرەب . فلیمە وینەگیراوەکان بری ئەم رقوکینەیەی دەرخستو . کەم توانایی و بیدەسەلاتی سەربازەکانی زایونیزم لە بەرەنگاری کردنی فەلەستینییە بیچەکەکانو . بەرد بووە هویەکی ترسینەر بو هەموو هیزەکانی زایونیزمو دەنگی راپەرین بود ترسیک لەدەروونی سەربازەکانی زایونی داو . راکردنیان لە بەردەم بەردهاویژەکانی رولە فەلەستینی یەکان .

دەربارەی دەرەوە

راپەرینی گەلی فەلەستینی درۆو پروپاگەندەکانی زایونیزمی ئاشکراکرد لە جیهاندا ، دەربارەی گریی ئەو تاوانانەی روژئاوا کردیان دەربارەی جوولەکە . بەم شیوەیە ئەم راپەرینە روژئاوای

رزگارکرد لەژیردەستی زایونیزم ـ هەروەک چون سەروکی فەرماندە صدام حسین لە دوانیکدا رووونیکردەوە بو ابراهیم نافع سەرنووسەری روژنامەی الاهرام راپەرین ناکوکی خستە نیوان جوولەکانی جیهانەوە ئەوانەی ئەو کارە درندانانەیان ئاشکرا دەکرد کە سەربازەکانی زایونی

کردویانە دژی فەلەستینی بەبیچەکەکان دیسان ئەم راپەرینە کاری کردە سەر هەموو ناوەندەکانی روژئاوا بو هەولدان بو دوزینەوەی چارەسەریک

لە عیراقیشدا دەسەلاتی راستیو خیرو دروستکردنو ئاشتی سەرکەوت بەسەر هیزی شەرخوازی خومەینی یەکاندا خومەینی یەکان وا بیریان دەکردەوە کە دەتوانن هەموو رولەکانی گەلی عیراق لەناوبەرن .

بەلام عیراق بەدریژایی هەموو سالەکانی جەنگ سەرکەوتنی خوی سەلماند لە هەموو لایەنیکەوە . خومەینی یەکان بیریان دەکردەوە لە تیکدانی ئابووری عیراق بەلام دەسەلاتی عیراق ئەو بیوەندەی شکاندو کەوانەکەی هەلگەرانەوەو باری ئابووری ئیران رووی کردە ناهەمواری .

خومەینی یەکان دیسان کردویان دەکرد لەسەر دریژخایەنی جەنگو توانای عیراقیەکان . بەلام رولەکانی عیراق سەلماندیان کە بەتواناترنو خوراگرن لەبەردەم هەموو دەستدریژی یەکدا . خومەینی یەکان بیریان دەکردەوە کە بەهەلگیرسانی جەنگی شارەکان خەلکی دووردەخەنەوە لە رابەرینی گەلی فەلەستینی لەخاکی داگیرکراودا . بەلام عیراقیەکان

سەلماندیان کە هەر ئەوان بەتواناترن لە کورانکاریو پیشکەوتنی زانستیو وەرگرتنی هەموو هوبەکی پیشکەوتن . دوا بەرهەمیشیان دروستکردنی موشەکەکانی ( حسین )بە مەودای ٦٥٠ کم . بەلام پیاوەکانی دروستکردنی سەربازی توانیان مەودای ئەم موشەکانە بکەیەننە ٨٥٠ کم بەکویرەی بیردوزە زانستی یەکانیان . هەروەک سەروکی فەرماندەش دووپاتی کردەوە

بەم شیوەیە چاوو بەسەر چاوکەرەکاندا هەلگەرایەوەو خومەینی یەکان کاتیک ژمارەیەک لە موشەکەکانی زەوی بەزەویان دەستکەوت . وا هەستیان کرد کە بەلیدانی شاری بەغدا کاریگەرانە سەرباری ئابووریو سەربازی عیراق . نەیاندەزانی کە عیراق بەپیشەوا میژووییەکەیەوە هەمیشە هەول دەدات بو پیشکەوتنو پیشبرکی

بۆ کپروکرنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەمان کاتدا هێزی دەوڵەتە بەردنگارەکان دەردەکەوی بۆ پارێزکاری کردنی گەلی فەلەستینی و ئاکە نوێنەری ڕەوای ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی گەلی فەلەستین

هەرچەندە ژێردەستەیی گەلی فەلەستینی درێژەی خایاند بەلام دەسەلاتی ئەم گەلە تێکۆشەرە سەرکەوت لە بەرەنگاری کردنی داگیرکەری زایۆنیدا و . ئەم ڕاپەڕینە سەلماندی کە گەلی فەلەستینی سوورە لەسەر سەندنەوەی خاکی و هەموو ڕۆڵەکانی بەندە بە خاک و وڵاتیانەوە تەنانەت ئەو ئەوانەش کەلەکاتی داگیرکردندا لەدایکبوون

ڕۆڵەکانی گەلی فەلەستینی سەرکەوتن لە وەرگرتنی مافی مێژوویی خاکەکەیان دیاریکردنی چارەنوسیان بەدەستی خۆیان و دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی ڕزگار کراویاندا

لەگەڵ هەموو هەوڵدانێکی زایۆنیدا بۆ کوشتن و بڕین و گرتن و ئازاردانی ڕۆڵەکانی گەلی فەلەستین و ئابلوقەدانی شار و لادێ و هەوارەکانی فەلەستینییەکان و . بڕینی ئاو و کارەباو هەموو هۆیەکی پەیوەندی کەوتن لە نێوان شار و لادێ و کەرتەکاندا . بەلام هەر دەسەلاتی [illegible] لە شۆڕشگێرە سەرکەوتنی بەدیهێنا

لە [illegible] کوشتن و بڕینی کاربەدەستە سەرکەوتوو بردنی ڕاپەڕینی گەلی فەلەستینی . ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بوون بە هێزێکی ترسێنەر بۆ ئاسایشی زایۆنیزم و ئابووریی و . کاری کردە سەر وازهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسەکانی عەرەب لەکار و . ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان بۆ کارکردن لە کارگەکانی زایۆنیدا .

دەخاتە ناو ڕیزەکانی پاڵەوانانی دروستکردنی سەربازییەوە بۆ دروستکردنی هەموو داهێنانێکی نوێ و سەرسوڕهێنەر . بۆیە هەر لە ماوەی نێوان دوو جەژنی لەدایکبوونی سەرۆکی فەرماندەدا پاڵەوانانی دروستکردنی سەربازی چاوی ڕۆڵەکانی عیراق و نەتەوەی عەرەبیان بەگوڵ ڕەش کردو . سەریان بەرزکردنەوەدو . جێگە نوستنی دوژمنە ڕەگەزپەرستەکانیان لەناو برد لە ئاراز و تل ئبیب .

زایۆنیزمە خوێنمژەکان و خومەینییەکان هەوڵیاندا بۆ دەستبەسەراگرتنی خاک و سەربەخۆیی عیراق و فەلەستین . ویستیان درەختەکانی خورما و زەیتون لە ڕیشە هەلکێشن . بەلام سەرنەکەوتن ئەمڕۆش موشەکەکانی ( حسین ) خومەینییەکان ڕاتەچڵەکێنی و مەترسی

دەخاتە دلی زایۆنیزمەکانەوە کە وا هەستیان دەکرد هەر ئەوان سەرکەوتوون بەسەر عیراق و نەتەوەی عەرەبدا لەلایەنی سەربازییەوە . لە هەمان کاتدا بەرەنگانی دەستی ڕۆڵەتێکۆشەرەکانی گەلی فەلەستین هەمان کاری قومبەلەی کردوتە سەر زایۆنیزم . مەترسی خستوتە دلو دەروونیانەوە

یەکەم سەرکەوتن هاتە دی . تا ئەندامەکانی دەکەینەوە پێویستە هەلوێستی نەتەوەی عەرەب لەگەڵ دەسەلاتی سەرکەوتن و ڕزگارکردنی عیراق و فەلەستیندا یەک بگری . پێویستە هەموو عەرەب پشتگیری گەلی فەلەستینی بکەن بۆ بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەکەیان تا دەبێتە شۆڕشێکی گڕگرتوو لە داگیرکەر و ژێردەستەیی ڕزگاریان دەبێت و سەربەخۆیی بۆ گەلی فەلەستین دێتە دی . ڕۆژی سەرکەوتنیش نزیک بوتەوە

# ڕاپۆرتی سلێمانی

## «میهرەجانێکی شیعریی فراوان»

باوکی شنە
ئامادەی کردووە

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣ ـ ٥ ـ ١٩٨٦ لەهۆڵی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر ، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی لە سلێمانی کۆڕێکی شیعری فراوانی سازکرد. . لەم کۆڕەش کە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دەزگای ناوبراودا بوو بەبۆنەی یادی لەدایك بوونی سەرۆکی قەرمانبەوە سازکرا . . لەم کۆڕەدا کە جەماوەرێکی زۆر ئامادەی بوون جگە لەبەڕێز مامۆستا ـ جەعفەرعبدالکریم



بەرزنجی ـ پارێزگاری سلێمانی و مامۆستا ـ مصلح جلالی ـ بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو ـ کردنەوەی

کوردی ئامادەی کۆڕەکە بوون.

سەرەتا کاك ـ ئازاد ـ مەحمود مستەفا ـ کە سەرپەرشتی کۆڕەکەی دەکرد بەناوی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی ئامادەبووانی کرد. . پاش ئەوە داوای لەمیوانەکان کرد کە پێش کۆڕەکە دەقیقەیەك بوەستن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدام. . دوای ئەوە ووتی : میهرەجانی شیعری ئەمجارەمان بە بۆنەی یادی



لەدایك بوونی سەرۆکی قەرمانبەه ـ صدام حسین ـ ەوەیە چونکە ئەم ڕۆژە بادە پیرۆزە بیرەوەرییەکی مەزنە لەدڵی هەموو عێراقییەکاندا. . ئینجا نۆرەهاتە سەر بەشداربووان و شیعرەکانیان سە رەتا مامۆستا ـ مەحمد سوران ـ بەناونیشانی دیاریی عەشقی گوڵان و تیشکی ڕۆژێکی بێ پایان ەوە وتی :

تاڵگەی گوڵڵەی سوور لە ئاسۆ
لەگەڵ شیعری بەسۆزوسۆ
پێکەوە بەرەو سەرکەوتن
بەرەولوتکە ئامە بردن
بەگۆرانی هیواو بەڵێن
بەخوارەندی شیعر بڵێن
زۆر دەمێکەی لێوی هەنار
خاڵی جوانی گوڵای کەندار

کاتێ کوڕی کە بۆ بەسرا

پێکا بەملوانکەی بەسرا

هەروەهـا لە بەشی دووەمی شیعـرەکـەیـدا کە «ئیشکی ڕۆژێکی بێ‌بابانە» بوو وتی:

ئەو ڕۆژەوە فرمێسکی چاو

ژانی سەر بازێکی بێ‌ناو

لەپێناوی ئیشکی هەتاو

لە - وێل ستریت - مەزات دەکرا

ئەو ڕۆژەوە..

مەلوێکەی منداڵانی ساوا

بۆ گۆشەی شاری ڕۆژئاوا

بەدیل دەبرا..

پاشان کاک - مەغدید - بەم کۆپلەیە کۆتایی بە شیعرەکەی هێنا:

ئەو ڕۆژەوە..

هەزار تفەنگی بەرزی چیا

دو ئەوەندەی لاوی دەریا

زیاتر لە فرمێسکی باران

خۆشمان دەوێی ئەی صدام گیان

ئینجا نۆرە هاتە سەر کاک «محەمەد سعید سەلیم جاف» کە بە پارچە شیعرێک بەشداری کرد:

ئینجا لەشکرمان لای ژووروی ولات

تا نزیک شاری شارباژێرمان هات

کە هەواڵ گەیشت لە شکری عێراق

لەگەڵ کوردەکان هەر بە ئیتفاق

ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە بۆ جەنگە

گشت شەڕکەر وێنەی گورگ و پڵەنگە

دوای ئەو کاک «جەمال خۆشناو» شیعری «ئەم خاکەی» پێشکەش کرد:

کوردستانە شیرینەکەم

شاخ و کێوو دۆڵ و دەشت

وەك خۆی ماوە

نەگۆڕاوە

ڕۆڵەکانت شوورەو پۆلان

لەمەیدانی سەربەرزیدا

وەکو پڵنگە

لەبەرەی جەنگە

دەست بە تفەنگە

لە پێناوی ئەم وڵاتە

گیان و ماڵیان لا خەڵاتە

دوای شاعیری لاوی دهۆکی «کامەران بەرواری» پارچە شیعرێکی خوێندەوە بەناونیشانی «هەر دوژمنێ توچەتێتن یوکی دچیت» بەداخـەوە دەقـە شیعـرییـەکـەیمان دەستنەکـەوت و نەشمان ویست تەنیا پشت بە کاسێتە



تۆمارکراوەکە ببەستین بۆ ئەوەی لەرووی ڕێنووسەوە تووشی هەڵە نەبین ئینجا نۆرە هاتە سەر برایەکی تر لە سلێمانی ئەویش پارچە شیعرێکی پێشکەشی کرد بەناونیشانی «بەهاری سەرکەوتن» وا لە خوارەوە دوو کۆپلە دەنووسینەوە:

# پەڕەی مێژوو هەڵدەنەوە

معقل ابوبكر هەڵەبجەیی

ئەی ئەوانەی شەوتابەیان
لە شەقامە پاخی پەکانی ئەمریکادا
لە دووی ناپاکی ئەگەڕێن
وەکو گەلای وشکی خەزان
بێ کەلك ئەبن و ئەوەرێن
یا لە بارو مەیخانەکان ...
یا لە نێو قەسابخانەکان
مەی نۆش ئەکەن
خوێن بەش ئەکەن
ئاجامی مەی بەتاڵ ئەکەن
چەندان پیلان بۆگەلانی
بێ خەم نووستوو
بەرپا ئەکەن
دێن و دەچن ..
بەهەزاران تەنەکەنم
ئەرێژنە دەریاکانەوە
ئاترخی پارەو دۆلارتان
وەکو خۆتان
زیاتر نەیەتە خوارەوە
بیر لە مێژوو ناکەنەوە
ئەوەی دوێنێ نووسیوتانە
ئەمڕۆ هەمووی ئەسڕنەوە
دارەکانتان بێ ڕەگ و بۆن
کەس نازانێ خەڵق و تۆویان
لەکام جێگاوە هاتووە
لاتان وایە ئەم جیهانەش
هەر وەك ئێوە دروست بووە
دەگوێ شل کەن .. ئەمریکی یەکان
پەڕەی مێژووی ئەم وڵاتە هەڵدەنەوە
ناگەنەسەدەی نۆزدەهەم
لوولەی تفەنگی شێخ محمود
خێرا دێت بەدەمتانەوە
نەك هەر دەربەندی بازیان
هەموو سوچێکی ئەم خاکە
ئەبێتە بەردە قارەمان
گەر هەڵاتن و بەرەو لای ڕاست
پەڕەیەکتان هەڵدایەوە
شێری خێرا ئەنەڕێنێ
ڕۆحی مردووی نەك هەر ئێوە
مێ ( ئەدمۆنز )یش ئەتارێنێ
گەر بۆلای چەپیش چوونەوە
پێش ئەوەی کە سەڵاحە...

سمکۆڵی ئەسپەکانی ئەو
زەمینتان بۆ ئەلەرزێنێ
گەر زیاتریش چوون بەو لاوە
پەڕەی یەکەم مێژووی مرۆڤتان ،
هەڵداوە
( نیاندەرتاڵ ) لە هەزارمێرد
ستوورمان ئەکەنە نێزەو
پم ئەگرن بە دەستیانەوە
بەرانان ئەکەنە قەڵغان
گۆڕستانی بێ کفن و کێل
ئامێزتان بۆ ئەگرنەوە
ئینجا وەرنەوە سەردوێنێ
بزانن لاپەڕەی مێژوو
ئالێرەدا بەکام شێوە
خۆی ئەنوێنێ
بزانن ئەو بایەی کەدێ
لە سێدارەی ناپاکی یەوە
هەر بۆنی ( بازۆفت )ی لێ دێ
ئینجا بۆ چەندان جاری تر
بەرێگەتانا بچنەوە
چاك بزانن لەم وڵاتا
جێگای خۆتان ناکەنەوە
کاتێ ( سایکس بیکۆ ) ئەما
گشت سامانی وڵاتەکەم
بەدیاری بۆ پاشایبا
پەچە بەسەر خۆدا مەدەن
بەڵێنێ ( بەلفۆر ) وون مەکەن
لەسەر بژیوی فەلەستین
لانە بۆ زایۆنی مەکەن
ئێوەن شەڕخوازو ناپاکان
ئێوەن ئاگر ئەخەنەوە
لە هەموو شوێنکی جیهان

• • •

ئەی ئەمریکا ..
وا هەست ئەکەی

ئالاکەت هێندە بەرز نی یە
وەك هەندێ ناویان لێناوە
ماف مرۆڤ لە پاسانا
وەك دارێکی بێ بەر وایە
تەنها بۆ جوانی دانراوە
خۆگەر هەر بەرزیش ئەفرێت و
بەچەکی ئەتۆم و لێزەر
دەرگای ژیان ئەکەیتەوە
وا ئەزانیت بە گەمارۆ ..
دەرمان بڕین ..
فرۆشراویت .. ئەکڕیتەوە ،
باش بزانە ...
منداڵانی ئەم وڵاتە
سێ لە چاوی سوورت ناکەن
لێوی ئاڵ و پاراویان
بە خۆراکی تۆ ڕەش ناکەن
زامدارانی وڵاتەکەم
ئێشیان بەتیماری ئێوە
سارێژ ناکەن ..
هاوڵاتیانی وڵاتەکەم
بۆ ووتە نارێکەکانتان
گوێ شل ناکەن
گەر بەمانەش قایل نابیت
هەر حەز لەخوێن ڕژان ئەکەیت
وەرە مەیدان ..
چا بزانە زەوی و ئاسمان
دەریاو زەریا
لێت ناگرێتەوە .. ئاگرباران
چا بەدەستی حەتیا[illegible] وڵاتەکەم ..
داس لە سەرو ملت ناترێ .. ؟ !
چا بزانە بەدەستی کرێکارانی وڵاتەکەم ..
پاچ لە ناخی ژینت نادرێ .. ؟ !
جابزانە بەدەستی خوێندکارانی وڵاتەکەم ..
نووکی پێنوس لە نێو دڵت ناچەقێنێ .. ؟ !
چا بزانە بەدەستی منداڵانی وڵاتەکەم ..
بێشکەی ژینت ناشکێنێ .. ؟ !
جابزانە بەدەستی گشت دایکانی وڵاتەکەم
بەرگی سپیت ...
لە ڕەشاوی خوما نامرێ .. ؟ !
جابزانە ...
ئەم وڵاتە کوانووی گڕە
مرۆڤەکانی ژیلەمۆ...

# قەسابخانەکەی قودس ..!؟! و پەیامێک ..

، هەڤاڵ ابوبکر هەڵەبجەیی ،

ئەی فەلەستین ..،
هەر ئەو ساتەی تەشەنەر برا لە
سنوورت
هەر ئەو ساتەی ئاوی گەرم
کرایە بن هێواکانتو
ئەشکی چاوانیان ڕژانیت
ویستیان ڕۆژێکیش دابێنن
مزگەوتو پەرستگاکانت ،..
بکەنە قەسابخانەی مرۆڤو ،
لاشەی ئەوەکانی خەڵکت
بکرێنە بەرگی سێدارەو ،
ببنە نیشانەی وێرانیت ..

• • •

خوێن ئەبارێو
قەسابخانە زیاتر بووە لەژمارەی
مرۆڤەکان
ئەندامانی
نەتەوەیەکگرتووەکان ،..
بەدانیشتگای ماڵ ئینسان
هەموو کەڕن ..
هەموو لاڵن ..
هەموو کوێرن ..
شار بۆتە لانەی گورگو سەگ
کەڵبەیان ئاوەتە جەستەی ..،
پیرو ژنو منداڵانی
شاری کوڵو ئەوینو هەنگ ..

• • •

وا ئەمڕۆکە ..
ئەشتەرێکی ئاوانکاری
لە لاشەی ئەم سەرزەمینە درایەوە
ڕەنجی پەنجا ساڵەی گەلێک ،
کرایە پووش ..
کرایە خۆڵ ..
بۆ دەم ڕەشەبای ئاهاکی برایەوە ..
وا ئەمڕۆکە ..
دەریای مردوو ..
ئەرمی لاوانی ووڵاتێک
لە ئامێزی خۆی ئەگرێتو ،
فریشتەکان
پەپوولەکان
ئاشتی خوازو ،
هوزارەکان ..
ئەرمی کۆتربەری ئەکەن
بەرەو گۆڕی شەهیدانی
فەلەستینی ،
ئەیان بەنو
لانەی ئەمرییان بۆ ئەکەن

• • •

وا ئەمڕۆکە ..
لەشاری قودس
مرۆڤ کرایە مەلێکی بەبێ توانو

سوورەو .. سوورە !!

• • •

وا ئەمڕۆکە .. ڕاپەڕینێزم
دەستی ئەمریکای گرتووەو ،
زەملومندە
لایان وایە ، دەستی گەلانی
چەوساوە
بێتوانایەو ،..
بەبێزەندە !
ئەی ئازادن ..
کڵاوی دێراوی ئازادی
ڕەوکەی خوێناوی ئەگرێ
دێتە کایە کوڵێکی کەش .. ؟؟
هەرچەند هاوڵاتی ووڵاتیش
گشت ئەپۆشن ..،
خەمو ئازارو بەرگی ڕەش .. ؟؟

• • •

وا ئێرەوە ..
لەم ووڵاتە ئاشتیخوازە
بەهێزەوە
ئەمەم دەنێرمە ئاسمانو ،
بەشەماڵ لوتکەی چیاو
عزمیای شەپۆلەکانی
کەنار دەریا
پەیامێکی پڕ لە سۆزم
ئاراستەی گشت جیهان ئەکەم
ئیتر داوای ماڵ ئینسان ،
بێ ماڵ بوون ..
بێ ماڵ ژیانیان ئەکەم
بۆ سەکەمەکی ئەمریکی
داوای ماڵ مرۆڤ ئەکەو ...؟ ..
کەڵەی ئازارو ئەتێشە
لەلاشەی گشت جیهان ئەدا ...؟
زەردەخەنەو پێکەنینیش
بۆ داگیرکەری سەهیونی
بەڕێ دەکا ..؟ ..


دە سەعاتی مرۆڤانی جیهان

پەردەلادان لەسەر رووی رەشی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی

# لە کۆڕێکی شیعری دا لە سلیمانی







گەورەترین پیلانو نەخشەیان بەرامبەر ئەم وڵاتە خۆڕاگرە سازکردووەو دەیانەوێت ئامەردانە لەهەر دەرفەتێکا بێت زیانی گەورەی خۆیان لە وڵاتو گەلو سەروەتو سامانی نەتەوەکەمان بدەن .. بەڵام ئەوەی چاکە کە هێشتا ئەوان خەریکی مقۆمقۆی خۆیان بوون توانرا نیازو مەرامی پیسو بۆگەنیان دەست نیشان بکرێ . بێگومان ئەمەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەی ئازای لێ هاتوومان هەڤاڵ صدام حسین ( خوا بیپارێزێ ) لەم بارودۆخەدا وەک ئەرکێکی نیشتمانی پێویستە لەسەرمان هەریەکەمان لە شوێنو ڕێگای خۆیەوە هەڵوێستی خۆی بسەلمێنێو لە بوارەی کاری تیا دەکات .

لەدوای ئەوە شاعیران : هەڤاڵ ابوبکر هەڵەبجەیی و یوسف محمدو محمد بەشێوو عبدالله صالح شارباژێری و سعید مجیدو حمه امین شێخ یحیی نورەبانی و رمضان ابراهیم شیعرەکانیان خوێندەوەو کۆڕەکە نزیکەی سەعاتێکی خایاند .

هـ/ لقی سلێمانی

**ئەنفالکردنی زمانی کوردی:**

ئەو کەسانەی کە لە خوارەوەدا بەگوێرەی نووسراوی فەرماندەیی نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور (قیادة مکتب تنظیم الشمال)ی حزبی بەعسی عارەبی ناویان هاتووە، بریتیین لە کۆمەڵە سیخوڕ و بەکرێگیراوێکی ڕژێمی عروبەی بەعس و سەدام لە باشووری کوردستان، کە دژ بە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دەوەستانەوە لەپێناو چەند دینارێک یان دەستکەوتێکی تاکە کەسی بۆ خۆیان.
ئەوانەی ناویان لە خوارەوەدا هاتووە، هەر لەکاتی هەشت شاڵاوەکەی ئەنفال بۆ سەر نەتەوە و نیشتمان لەساڵی (1988)دا، هەڵساون بە بەعارەبکردنی پرۆگرامی خوێندنی کوردی و هەوڵی ئەنفالکردنی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان. ئەوانە کۆمەڵە ناپاک و مەقاشێکی دەستی ڕژێم و دوژمنانی کورد بووینە، بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بەعس و بێبەشکردنی منداڵانی کورد لە خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی. ئەمەی خوارەوە بەڵگەیەکە بۆ ناپاکی کردنی ئەوان لە کورد و کوردستان.

أمة عربية واحدة ذات رسالة خاليدة
حزب البعث العربي الأشتراكي
القطر العراقي
قيادة مكتب تنظيم الشمال
سري للغاية ومستعجل جدا وتفتح من قبل الرفيق أمين سر قيادة الفرع
العدد: 71
التأريخ: 11/شعبان/1409هجري المصادف: 18.3.1989
الى / قيادة فرع أربيل الحزب البعث العربي الإشتراكي
م/ الدراسة الكوردية
تحية رفاقية
إشارة إلى توجيهات والأوامر المبلغة الينا وأوامر الرفيق أمين سر قيادة القطرية صدام حسين حفظة الله أثناء إجتماعات القيادة القطرية تقرر مايلى:

1. قيام المدرجة أسمائهم أدناه بإعادة النظر في مشروع الدراسة التي أعدت وطبقت في محافظة دهۆك في السبعينات لتغير الدراسة إلى الدراسة العربية وعلى أن تعقد الاجتماعات في مكتبنا وبرئاسة الرفيق أمين سر قيادة مكتب تنظيم الشمال بحيث تتلائم الدراسة مع الوضع النفسي للسكان في محافظتي أربيل والسليمانية على أن تطبق بنسبة 70% للسنة الدراسية (1989-1990) وبنسبة (100%) للسنة الدراسية (1990-1991) لغرض القضاء على التيار العنصري الشوڤيني في المنطقة الكوردية وعدم ظهورها مستقبلا، حيث أنهى عمليات الأنفال والحركات الإنفصالية الرجعية و أبعدوا إلى خارج حدود القطر. من تبليغ المشاركين في الدراسة بالكتمان الشديد حول الموضوع وعلى أن تنجز الدراسة خلال شهر واحد.
1. يحيى محمد رشيد الجاف 2. كاكل حمد 3. نامق رقيب السورچي 4. محمد پيروز رستم 5. محمد سعيد عبدالرحمن 6. عبدالرزاق مرعي حسن 7. حسام داود خضر 8. برهان أحمد وحيد 9. حسام الدين صادق 10. حسن حسين الله داد 11. خضر شوكت محمد 12. حسين محمد قدري عبدالقادر 13. غازي محمد إسماعيل 14. غازي حميد يونس 15. حازم عزيز عبدالله 16. أنور حمد باول 17. حكيم أنور مولود 18. عادل مصطفى إسماعيل 19. خالص جواد معروف 20. حسام شاكر 21. إبراهيم محمدأمين 22. أحمد عبدالرحمن عقراوي 23. خسرو عثمان 24. عبدالرحمن ياسين صالح 25. عبداللطيف جلال 26. إسماعيل حمەسور 27. غني رشيد قوجة 28. أحمد عمر شيرواني 29. ماجد حيدر.
2. تقرر منح المشاركين في (1) أعلاه و (3) أدناه مكافاة جيدة.
3. يشارك المدرجة أسماؤهم أدناه أثناء تطبيق الدراسة في محافظتين مع من ترشحهم قيادة فرع السليمانية.

عطا محمد رشيد 2. سلطان عبدالله 3. مجيد نورالدين يونس 4. محي الدين نافذ جلال 5. گلاويژ صادق 6. عبدالمنعم عزيز علي 7. عمر طاهر معروف 8. بكر سعدي أسعد 9. صلاح رشيد 10. حيدر أيوب 11. نوزاد جمال 12. محمد عولا أومر 13. قادر شريف قادر 14. عبدالله مختار.

ذات رسالة ادارية

حزب البعث العربي الاشتراكي
مكتب تنظيم الشمال
القطر العراقي

العدد/ ١/٧٣
التاريخ/ ١١ شعبان ١٤٠٩هـ
١٩٨٩/٣/١٨

سري للغاية و مستعجل جدا
و تفتح من قبل امين سر الفرع

الى/ قيادة فرع اربيل لحزب البعث العربي الاشتراكي
م/ تكريم الرفاق المشاركين في عمليات الانفال

بناءً على توجيهات الرفيق امين سر القطر و بعد ان انهي عمليات الانفال و اعاد الشرعية خارج حدود القطر نرجو تبليغ الرفاق المشاركين في عمليات المذكورة بحضور المكتب و حملها على الكتمان الشديد، حول امر خروج المذكور اعلاه و منحهم مكافأة جهاد الشمال و مشاركتهم هذه المهمة التاريخية، و يكن لا تظهر الحركات الانفصالية الرجعية مستقبلاً في الشمال، بوركتم و دمتم للنضال


الاسماء:

١. امير محمد رشيد اجاتة
٢. ابن رقيب السورجي
٣. حسام داود
٤. حسين شوكت
٥. عباس جواد معروف
٦. ازري محمد اسماعيل
٧. ابراهيم محمد امين
٨. خسرو عثمان
٩. عبدالطارق جلال
١٠. يحيى رشيد قوجة
١١. مارف سوار
١٢. عادل محمد
١٣. محمد بيوز رستم
١٤. حسين محمد البدري
١٥. غازي جواد دوس
١٦. عادل عبدالحي اسماعيل
١٧. حسام شاكر
١٨. احمد عبدالرحمن عثمان
١٩. عبدالرحمن امين صالح
٢٠. اسماعيل محمود
٢١. احمد عمر شيرواني
٢٢. سوار
٢٣. محي الدين ...
٢٤. عبدالمنعم عزيز علي
٢٥. بكر سعدي اسعد
٢٦. عبدالله عثمان
٢٧. سلطان عبدالله
٢٨. عمر طاهر
٢٩. صلاح رشيد
٣٠. عطا محمد رشيد
٣١. انور محمد جلال
٣٢. برهان احمد وحيد
٣٣. عبدالله مرعي
٣٤. محمد عمر
٣٥. ياسين مصطفى

ع/ امين سر مكتب تنظيم الشمال

ملاحظة: لعدم وضوح الاسماء المذكورة اعلاه
المجموع: ٤٣ فرداً

صورة طبق الاصل



... لكي لاتظهر الحركات الانفصالية الرجعية مستقبلا في الشمال، ...

الأسماء:

١. [illegible] محمد رشيد [illegible]
٢. [illegible] رقيب السورجي
٣. حسام داود
٤. [illegible]
٥. شائض جواد معروف
٦. عزيز محمد أسماعيل
٧. ابراهيم محمد أمين
٨. خسرو عثمان
٩. عبداللطيف جلال
١٠. فخري رشيد قوجة
١١. ماجد حيدر
١٢. [illegible]
١٣. محمد [illegible]
١٤. حسين محمد [illegible]
١٥. غازي حمد [illegible]
١٦. عادل مصطفى أسماعيل
١٧. حسام شاكر
١٨. أحمد عبدالرحمن عفرازي
١٩. عبدالرحمن أمين صالح
٢٠. أسماعيل حمه سور
٢١. أحمد عمر شيرواني
٢٢. جوهر غريب
٢٣. محي الدين [illegible] أسماعيل
٢٤. عبدالمنعم عزيز علي
٢٥. بكر سعدي أسعد
عەبدوڵڵا حەسەن ساڵح بابان (نەقیب)، سەرۆکجاشی فەوجی (151).
عەبدوڵڵا حەسەن عەبدولحەلیم دەرگەڵی دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوجی (273).
عەبدوڵڵا حوسێن عوسمان خۆشناو، سەرۆکجاشی فەوجی (292).
عەبدوڵڵا ڕەشید قادر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (127).
عەبدوڵڵا سەلیم گەلاڵی پونگینەیی (قەراج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، لە ڕۆژی (17.1.1992)دا لەلایەن یەکێتی گولله باران کرا.
عەبدوڵڵا سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (113).
عەبدوڵڵا عارەب ئۆمەر، فەرماندەی مەفرەزە خاسە.
عەبدوڵڵا عەبدولکەریم قادر بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (257).
عەبدوڵڵا عەزیز یوسف، سەرۆکجاشی فەوجی (141).
عەبدوڵڵا فەیسەڵ عەبدوڵڵا ماوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (333).
عەبدوڵڵا کاکە ئەمین ساڵح (عەبە کەرکوکی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. عەبە کەرکوکی، لە ساڵی (1991)دا لەدوای ڕاپەڕین لەناو کەرکوک کوژرا.
عەبدوڵڵا محەمەد ئەحمەد چۆمانی، سەرۆکجاشی فەوجی (129).
عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح سەراوی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (94).
عەبدوڵڵا هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (121). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەرپرسی ناوچەی پارتی بووە لە دانمارک.
عەبدولمەجید حوسێن ئیسماعیل شێخکی مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (235)، کە دوای کوژرانی باوکی لە ساڵی (1987)دا شوێنەکەی ئەوی گرتەوە.

عەبدولموحسن سەید محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (145).
عەبدولواحێد موسا شەهید ئاڤایی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (24).
عەبدولوەهاب کەریم حوسێن، سەرۆکجاشی هێزی عەبدولوەهاب.
عەبدی عەلی عەبوش غەزالە سلێڤانەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (59).
عەبدی عەلی محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (226).
عەتا شێخ سالح محەمەد بەرزنجی (شێخ عەتا بەرزنجی)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (174).
عەدنان تاهیر دەرباس (ڕەفیق حزبی)، بەرپرسی حزبی بەعسی عارەبی لە فەوجی (226).
عەدنان تەحسین، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (130).
عەدنان تەحسین ڕەژیگەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (133).
عەدنان عەبدوڵڵا ئەحمەد جەباری (سەید عەدنان جەباری)، سەرۆکجاشی فەوجی (321).
عەدنان عەبدە جامعە، سەرۆکجاشی فەوجی جاشە سووکەکان.
عەدنان عەبدوڵڵا نەجم جاف (عەدنان دیسکۆ)، سەرۆکجاشی فەوجی (212).
عەزیز حەسەن فەتاح، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
عەزیز حەمەد مەولود شێخانی ناسراو بە (مەلا عوزێر)، سەرۆکجاشی فەوجی (130). ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خانەنشینی ئەوان بوو، دواتر لە ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی (5.2.2021)دا لە هۆڵەندا مرد.
عەزیز حاجی ڕەشید کۆڤلی دۆسکی (مانگێش)، ئەندامی ڕێکخراوی حزبی بەعس لە مانگێش و فەرماندەی سریە لە فەوجی (27)ی لەزگین فەریق تاهیر ئاغا هەمزانی دۆسکی، کە لەسەر کارێکی بێڕەوشتی لەلایەن کەسێکی کریستانی بەناوی عۆدیشۆ مانگێشی لە ساڵی (1988)دا کوژرا.
عەزیز شەریف عەزیز شینکی، سەرۆکجاشی فەوجی (163).
عەزیز عەبدی کورێمەیی (عەزۆ کورێمەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی سەر بە بەڕێوەبەرێتی ئەمنی دهۆک. عەزیز عەبدی کورێمەیی، ئێستاکە لە موسڵ دەژی.
عەزیز کەریم عەباس دۆڵبێشکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوج لای غەفور کەریم دۆڵبێشکی.

عەلاء محەمەد ئەمین عیسا هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (306).
عەلی ئاورەحمان ئەسعەد، سەرۆکجاشی فەوج.
عەلی ئەحمەد ڕەشید (عەلی ئەحەڕەش درۆزنەیی)، سەرۆکجاشی فەوج. عەلی ئەحەڕەش درۆزنەیی، فەرماندەی فەوجە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان.
عەلی ئەحمەد حاجی شەعبان محەمەد ئاغا ئامێدی (عەلی شەعبان)، سەرۆکجاشی فەوجی (93)، کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بووە. عەلی شەعبان، لە ژیاندا نەماوە و لە شەوی (11/12.2.1992)دا لە ئامێدی بەدەستی (پدک) کوژرا.
عەلی ئەحمەد عەزیز (عەلی نەجاڕ)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ئیستخبارات. عەلی نەجاڕ، سەرەتا سەر بە هێزەکانی (ی. ن. ک) بوو، کەچی دوای دامەزراندنی حزبی گۆڕان بووە لایەنگر و ئەندامی ئەوان.
عەلی ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی (حاجی عەلی دڕکە)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (197)، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.
عەلی ئەوڕەحمان حەسەن گرگاشەیی (عەلی سەلما چوارتایی / عەلی چوارتایی)، سەرۆکجاشی فەوجی (168). لەناو خەڵک وا بڵاوە کە لە ساڵی (1991)دا یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە قەڵاچوالان کوشتی.
عەلی بەرەکات شێخ خدر، فەرماندەی سریە لە (سرايا أبي فراس الحمداني) و ئەندامی (پ. د. ک).
عەلی تۆفیق محەمەد (عەلە لوت ماسی)، لە سەرەتای هەشتاکاندا مەفرەزەی تایبەتی (85)ی هەبووە. عەلە لوت ماسی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام بە سێ چوار ساڵ هاتەوە کوردستان و ئاسایشی گشتیی کوردستان لە سلێمانی گرتیان، دوای نزیکەی ساڵێک بە دەستەبری (کەفالەت) ئازادیان کرد و یەکسەر بەرەو سوریا هەڵات.
عەلی دەروێش قامیشەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (170).
عەلی زۆراب ڕەزا مەحمود عەزیزی، سەرۆکجاشی فەوجی (249).
عەلی سلێمان حوسێن حەسۆ کۆخی مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (224)، دوای ڕاپەڕین دەچێتە ڕیزەکانی یەکێتی، بەڵام لە ڕۆژی (7.12.1992) بەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکوژرێت.
عەلی سەلیم خواجە هەرکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (8).
عەلی شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، فەرماندەی سریە لە فەوجی (172).

عەلی شێخ ئەمین بەرزنجی، سەرۆكجاشی فەوجی (201).
عەلی عەبدولڕەحمان حەسەن، جێگری سەرۆكجاشی فەوجی (198).
عەلی عەبدولڕەحمان كۆكۆیی، سەرۆكجاشی فەوجی (336).
عەلی عەبدوڵڵا عەلی، سەرۆكجاشی فەوجی (158).
عەلی عەبدوڵڵا عەلی كۆچەر (عەلی عەبۆ)، خەڵكی گوندی (سەرتەنگ/ سیمێل)، سەرۆكجاشی فەوجی (128).
عەلی عەبوش عەبدی یوسف غەزالە سلێڤانەیی (زاخۆیی)، سەرۆكجاشی فەوجی (59). پێشتر عەلی عەبوش عەبدی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (135) بووە. عەلی عەبوش سلێڤانەیی، لە ساڵی (1999)دا لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستان لەناو شاری موسڵ كوژرا.
عەلی فەقێ محەمەد نەبیاوە (حاجی عەلی نەبیاوە/ پردێ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (71).
عەلی محەمەد عومەر (عەلی ئاوماڵی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. عەلی ئاوماڵی، ئێستا لەناو ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان دایە و ئەندامی ئەو حزبەیە.
عەلی محەمەد مەحمود قادركەرەمی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (130).
عەلی مەحمود عەلی، سەرۆكجاشی فەوجی (291). سەرۆكجاش عەلی مەحمود عەلی، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، دواتر لە ڕێكەوتی (15.1.2005)دا تیرۆریستە ئیسلامییەكان لە ڕێگای بەغدا كوشتیان.
عەلی نەبی عەلی (سەید عەلی نەبی عەلی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (198).
عەلی وەهاب عەبۆ زاخۆیی ناسراو بە عەلو وەهابا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (30).
عەمی كەمۆ سەلیم شەنگالی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (105).
عەنتەر تەحسین، جێگری سەرۆكجاشی فەوجی (16)، لە مانگی ئۆكتۆبەری ساڵی (1986)دا لەگەڵ عاسم ئەمین ئەحمەد گۆرانی سەرۆكجاش و هەندێك جاش كە ژمارەیان (39) چەكدار، سەرەتا چوونە ناو ڕیزەكانی (پ. د. ك) و دواتریش بەرەو ئێران ڕۆیشتن.
عەونی حاجی قادر مستەفا (عەونی حاجی قەدۆ)، سەرۆكجاشی فەوجی (189).

عەونی حاجی مستەفا جوبرائیل ئاکرەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (103).
عوبێد سەعید ئیبراهیم شێخکی مزوری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (190).
عوزێر ئیسماعیل عەلی مامەسێنی (عوزێر سەرگەڕانی)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (13) کە بە ماوەیەکی کەم دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) لە هەولێر کوژراوە.
عوسمان ئیبراهیم محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (201).
عوسمان بانی شاری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (137)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە. عوسمانی بانی شاری، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
عوسمان حاجی شەریف پێنجوێنی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت لە شەڕی هەڵەبجەدا لە ڕێکەوتی (14.3.1988)دا کوژراوە.
عوسمان حوسێن فەتاح، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (126).
عوسمان ڕەشید تۆفیق (عوسمان چاوشین)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (239)، کە ئێستاکە نیشتەجێی دهۆک و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.
شێخ عوسمان شێخ سەعید شێخ حوسێن سەنگاوی، سەرۆکجاشی فەوج. شێخ عوسمان شێخ سەعید (خەڵکی گوندی هەنجیرەی سەنگاو)، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ەوە چووە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەو لە ژیاندا نەماوە و مردووە.
عوسمان سێوێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
عوسمان عەبدولڕەحمان جومعە ئاغا ئۆمەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (223).
عوسمان عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا شوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (165). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
عوسمان عەلی چەتون، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (73)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە. عوسمان عەلی چەتوون، لە ڕێکەوتی (25.9.1983)دا لە شەڕی پێشمەرگەدا کوژراوە.
عوسمان عومەر مام یەحیا کۆیی (پشکۆی هۆزانڤان)، سەرۆکجاشی فەوجی (86)، سەر بە (پدک) بوو، بەڵام لە ساڵی (2000)دا مردووە و شەهیدی ئەو حزبەیە، مووچەکەی (700) حەوت سەد هەزار دینارە و لە گەڕەکی حەسارۆکانی هەولێر پارچە زەوییەک بە ژنەکەی دراوە.

عوسمان محەمەد سەعید، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (205).
عوسمان مەحمود حەمەخان تەپەڕەشی ناسراو بە عوسەی خولەی خانە، یان عوسەی ئۆکل (تەپەڕەش/ قەرەداغ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (15). لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی (2013)دا لە هەولێر مرد.
عوسمان مەحمود قادر جاف، سەرۆکجاشی فەوج و فەرماندەی هێزە خۆبەخشەکان.
عوسمان میران قادر خۆشناو، فەوجی (3).
عومەر ئەحمەد عەلی ئیسماعیل گۆران (عومەرە بچکۆل)، سەرۆکجاشی فەوجی (171). عومەر ئەحمەد گۆران، دوای ڕاپەڕین چۆتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا لە ساڵی (1998) لە شەڕی دژ بە (پ. ک. ک) لە سیدەکان کوژراوە و مووچەی شەهیدانەی (2.740.000) دینارە.
عومەر ئەسعەد ئاغجەلەری، سەرۆکجاشی فەوج. سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
عومەر ئیبراهیم ساڵح، سەرۆکجاشی فەوج، فەرماندەی هێزی خۆبەخشەکان.
عومەر بابەکر سەلیم ئاغا پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (114).
عومەر بەشار ساڵح ئاغا سندی، سەرۆکجاشی فەوجی (152)، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
عومەر حاجی بادینانی، سەرۆکجاشی فەوج.
عومەر حەسەن ڕەسوڵ گەردی، سەرۆکجاشی فەوجی (28). عومەر حەسەن، دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژی (21.9.1992)دا لەلایەن (ی. ن. ک) لە شاری کەرکوک کوژرا و تەرمەکەی لە موسڵ نێژراوە.
عومەر حەمە عەلی ڕۆستەم چەرمەگایی، سەرۆکجاشی فەوجی (104). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
عومەر حەمە مستەفا حەمە (عومەر چاوشین)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.
عومەر حەسەن عارەب (عومەر عارەب)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لە ساڵی (1993)دا لەناو سلێمانی (ی. ن. ک) کوشتی.

عومەر خدر حەمەد ئاغا سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (77) و سەرۆکی پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستانی لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان. عومەر سوورچی، لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (6.5.2017) مرد.

عومەر سالّح (عومەر حاجی سالّح دەروێش ڕۆغزایی)، فەرماندەی سریە لە فەوجی (138). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

عومەر عەبدوڵڵا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

عومەر عەلی شەریف (مەیدان)ی، سەرۆکجاشی فەوجی (360).

عومەر عەلی محەمەدئەمین، فەرماندەی کۆمەڵ (آمر مجموعة) لە فەوجی (258).

عومەر محەمەدئەمین ئەحمەد تەها سۆفی شێخانی (عومەر سۆفی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (47). عومەر محەمەدئەمین ئەحمەد سۆفی، لەدوای ڕاپەڕین لە ڕۆژی (15.6.1991)دا لە هەولێر کوژرا، بەڵام بە شەهیدی (پ. د. ک) ناوی تۆمارکراوەو (1.200.000) دینار وەردەگرن. دوو پارچە زەویش بە ناوی ئەوەوە وەرگیراوە.

عومەر محەمەد حەیدەر دەمرکانی، سەرۆکجاشی فەوجی (246).

عومەر مەحمود محەمەد مامۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (214).

عومەر موڕادخان جەلیلە، سەرۆکجاشی فەوجی (116).

عیسا داود داود شەنگالی، فەرماندەی سریە لە (سرایا أبي فراس الحمداني) و ئەندامی (پ. د. ک).

عیسا عەلی زێوەیی دۆسکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (24). عیسا عەلی دۆسکی، پێش ئەوەی ببێتە جاش کارگێڕی ناوچەی دهۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ساڵانی (1980)کاندا، بەڵام دواتر گەڕایەوە دهۆک و بوو بە جێگری سەرۆکجاش و ئێستاکە کادیری لەشکری پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە دهۆک ئەژیت.

عیسا هادی داود شەنگالی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (106).

عیماد سالّح (حەسەن)، سەرۆکجاشی فەوجی (296).

غازی نورەدین خورشید خۆشناو، سەرۆکجاشی فەوجی (313).

غالب ئیبراهیم بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی یەکێک لە فەوجە سووکەکان.

غالب شێخ جەلال نەجمەدین شێخ کەریم ساڵەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (135). سەر بە پارتی پارێزگارانی کوردستان.

غانم ئیبراهیم بەردەڕەشی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (30).

غەفور کەریم عەباس دۆڵبێشکی، سەرۆکجاشی فەوج.

غیاس توفیق سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (113)، کە دوای کوژرانی تۆفیق سلێمان یاسین شکێرانی بەرواری باوکی لەکاتی ئەنفالی یەکەم یان دووەم لە ساڵی (1988)دا لە ناوچەی سلێمانی، ئەو لە شوێنی باوکی کرا بە سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو. غیاس تۆفیق سلێمان بەرواری، لە دهۆک ئەژی و سەر بە (پ. د. ک)ە.

فائیق شێخ ڕەشید شێخ غەریب سۆڵەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش. فایەق سۆڵەیی، بە پلەی فەرماندەی فەوج خانەنشینی (ی. ن. ک)ە.

فائیق حاجی خەلیفە برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (301). فایەق حاجی خەلیفە، پێشتر مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (118)ی هەبووە.

فاتیح شێخ تاهیر مستەفا عەبدولقادر بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (354).

فاتیح خەلیل سدیق کەرکوکی، فەرمانەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (146).

فارس ئەحمەد ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (255).

فارس تاهیر ڕەشید ڕێکانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (7)، کە ئێستاکە لە دهۆک ئەژی و سەر بە (پ. د. ک)ە.

فارس تاهیر مستەفا ئاغای کۆیی (باوکی قاسم ئاغا)، سەرۆکجاشی فەوجی (85). مردووە.

فارس خورشید تاهیر، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

فارس خورشید ستوکورکی بەرواری، سەرۆکجاشی فەوج، سەر بە (پ. د. ک) و لە دهۆک ئەژیت.

فارس عەلائەددین ئەحمەد زراری، سەرۆکجاشی فەوجی (348).

فارس کەریم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ چەغەمیرەیی (خەڵکی ناوچەی دیبەگە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (86). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، مردووە و بە شەهیدی پارتی هەژمار کراوە.

فارس محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (181). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

فارس مستەفا حەسەن سلێڤانەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (38).

فاروق ڕەشید عەلی محەمەد نەوڕۆڵی، سەرۆکجاشی فەوجی (196).

فاروق سەعید عەلی بەگ (شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، سەرۆکجاشی هێزی (سریەکانی ئەبی فیراس ئەلحەمدانی/ سرایا أبي فراس الحمداني)، کە ئێستاکە جێگری ئەمیری ئێزیدییەکانە لە جیهان (جێگری میر تەحسینی برایەتی) و لە ئەڵمانیا – هانۆڤەر دادەنیشێت و سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

فازڵ سەید سابیر، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (99).

فازڵ محەمەد عەبدوڵڵا عومەر شێروانی. جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (56).

فازڵ مستەفا حوسێن بێدوهی بەرواری، سەرۆکجاشی فەوجی (208). فازڵ بەرواری، سەر بە (پ. د. ک)ەو لە دهۆک ئەژیت.

فریاد یاسین حوسێن پالانی، سەرۆکجاشی فەوجی (287).

فەتاح حەسەن چیاسەوزی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

فەتاح قادر سەعید کتکەیی (فەتاح کتکەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لە ڕێکەوتی (5.3.2010)دا مردووە.

فەتاح کەریم فەتاح جاف (عەمید)، سەرۆکجاشی فەوجی (35). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

فەخری ئیسماعیل عەبدولقادر ڕەژیگەری، سەرۆکجاشی فەوجی (133).

فەخری تۆفیق ڕێکانی، جێگری سەرۆکاجاشی فەوجی (193).

فەرحان ئەحمەد خدر خۆشناو، سەرۆکجاشی فەوجی (160).

فەرزەندە جهانگیر حاجی هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (76).

فەرعۆن معاویە ئیسماعیل چۆلبەگ (ئامۆزای شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، فەرماندەی سریە لە (سرایا أبي فراس الحمداني) و ئەندامی (پ. د. ک).

فەرهاد مامەند حەمەد مەولود (پەلکەڕەشی)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (51). سەر بە پارتی پارێزگارانی کوردستان بووە، بەڵام مردووە.

فەرەیدون محەمەد نەجم ئینجە جەباری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (260)، دوای ڕاپەڕین لە ساڵی (1991)دا لەناو چەمچەماڵ کوژرا.

فەرید عومەر خدر ئاغا سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (219). سەر بە پارتی پارێزگارانی کوردستان.

فەریق قاسم محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (49).

فەقێ ئەحمەد ئەمین ڕەسوڵ بڵباس لاجانی، فەرماندەی سریە لە فەوجی (22)ی هەمزە عەباس مامەند ئاکۆ، لەدوای ڕاپەڕین سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە ساڵی (1993)دا لەناو شارۆچکەی چوارقوڕنە بەدەستی ئەسوەد ئەسعەد ئەحمەد، کۆنە فەرماندەی مەفرەزە خاسەی بەعس و پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژرا. فەقێ لاجانی، شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستانە و مانگانە (1.400.000) دینار دەدرێتە کەسوکارەکەی.

فەقێ محەمەد ئەمین ساڵەیی، سەرۆکجاشی فەوج.

فەهد بێچان حەسەن کاکەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (184).

فەیسەڵ عەبدوڵڵا ئەحمەد باڵەک، سەرۆکجاشی فەوج.

فەیسەڵ عەبدوڵڵا عەلی، سەرۆکجاشی فەوجی (222).

فەیسەڵ محەمەد عەبدولعەزیز زاویتەیی مزوری، سەرۆکجاشی فەوجی (145)، کە لە ساڵی (1987)دا لە شەڕێکدا لە دێرەلوک بە دەستی پێشمەرگەی پارتی کوژرا، دواتر دژواری کوڕی لە شوێنی ئەو کرا بە سەرۆکجاشی فەوجی ناوبراو.

فوئاد حوسێن کوێخا ڕەجەب، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (90)، دوو خولە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و لە لیژنەی نەوت و پیشەسازی و کانزاکانە لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

فوئاد کەریم محەمەد کابایز هەمەوەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (72). دوای ڕاپەڕین لە کوردستان دەرچوو بۆ هەندەران.

فوئاد نوری عەلی میران خۆشناو، سەرۆکجاشی فەوجی (312).

قادر بەگ مەحمود خان خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (31)، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێکەوتی (18.8.1996) لە شەڕی براکوژیدا کوژرا و مووچەکەی (610.000) دینارە.

قادر حامد ئیبراهیم هاجانی (سێمێل)، سەرۆکجاشی فەوجی (117). قادر هاجانی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991) پەیوەندی کردووە بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

قادرساڵح میرزا جاف شوانکارەیی، سەرۆک جاشی فەوج. قادر جاف، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لەدوای (31.8.1996)دا لەلایەن خزمێکی خۆی بەناوی غەفور کانی گۆمەیی کوژرا.
قادر سوارە حەمەد بلْباس (قەرەنی ئاغا/ چوارقوڕنە)، سەرۆکجاشی فەوجی (80)، لە ژیاندا نەماوە و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.
قادر شەفیق نوعمان کافرۆشی، سەرۆکجاشی فەوجی (63). سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشیروان مستەفایە، بەر لە ڕاپەڕین بەپلەی موقەدەم وەرگێڕی دائیرەی ئەمنی کەرکوک بووە بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانی کورد.
قادر عەبدوڵڵا ساڵح، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (198).
قادر عەزیز (قالەی عەزە ناڵبەند)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
قادر عومەر حەسەن دێمکی گولی، فەرماندەی سریە لە فەوجی (209)، کە ئێستاش پلەی ڕائیدی هەیە لە سوپای (4)ی فەرماندەی دهۆک.
قادر فەرەج عەبدوڵڵا ئیسماعیل (قالە فەرەج)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (49)ی سەر بە ئیستخباراتی شیمالی. قادر فەرەج، لە ڕێکەوتی (28.10.1985)دا بەدەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژرا، وەلێ ئێستاکە شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستان–ەو مووچەی شەهیدانەی حزبی ناوبراوی هەیە.
قادر محەمەد ئەمین ساڵح قەرەوەیسی، سەرۆکجاشی فەوجی (247).
قادر مەحمود خان خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (31)، سەر بە یەکێتی، لە ڕۆژی (22.8.1996) لە شەڕی براکوژیدا کوژرا.
قاسم ڕەشید خدر (هەولێر/ سەیداوە)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (21)، سەر بە یەکێتی و لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (8.6.2013)دا لە سلێمانی مرد.
قاسم سەمیر شەمۆ شەنگالی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (109).
قاسم فارس تاهیر مستەفا ئاغا غەفوری کۆیی، سەرۆکجاشی فەوجی (85). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
قاسم کەریم ئەحمەد مەحمود شینکی، سەرۆکجاشی فەوجی (237).
قاسم کەریم ڕەشید دڕەیی، سەرۆکجاشی فەوج، ئێستا سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

قەدری ئەحمەد محەمەد مستەفا زێباری، سەرۆکجاشی فەوجی (1). قەدری زێباری، لە موسڵ بە دەستی پارتی کوژراوە.
قەهار سەید حوسێن سەید شەریف خورمەڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (10)، لە ڕۆژی (26.4.1984)دا لە شەڕێکدا لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەکاتی گفتوگۆی ڕژێم و (ی. ن. ک) لە گوندی گردەڕەشە–ی نێوان هەولێر – قوشتەپە کوژرا.
قەیسەر ئەحمەد ڕۆستەم (هێمنە ڕەش)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێستا دانیشتووی وڵاتی هۆڵەندەیە.
کازم عومەرخان تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی، سەرۆکجاشی فەوجی 334، پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت بووە. کازم ڕێکانی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەپلەی فەرماندەی لیوای (33) خانەنشین کراوە.
عەقید کاکل حەمەد مەولود گەردی (پەلکەڕەشی)، فەرماندەی فەوجی (51). لە ڕاپەڕینی سلێمانی لە ڕۆژی (8.3.1991)دا لە ئەمنە سوورەکە کوژرا.
کاکەخان حاجی دارا ڕەشید، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. کاکەخان، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
کامەران ئەحمەد جەمال (کامەرانە سوور)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
کامیران خەیری سەعید بەگ (برازای شێخ فاروق سەعید بەگ ئێزیدی)، فەرماندەی سریە لە (سرایا أبي فراس الحمداني) و ئەندامی (پ. د. ک) و (ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی ئێراقی – عضو الجمعية الوطنية العراقية – لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوری ئێراق)، دواتر لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (15.6.2020)دا لە شەنگال کۆچی دوایی کرد.
کامیران ڕەشید بەرواری، فەرماندەی سریە لە فەوجی (206)ی عادل تۆفیق ڕەشید بەرواری، لەدوای ڕاپەڕین دەچێتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەکرێ بە بەرپرسی ڕادیۆی دهۆک.
کامیل هادی شێخ نوری شێخ حوسێن بەرزنجی (سۆڵەیی)، سەرۆکجاشی فەوجی (55).

کاوە ئەحمەد تۆفیق محەمەد کافرۆشی (کاوە بازیانی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (79)، دوای ڕاپەڕین چووە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە پلەی ڕائید خانەنشینە و دواتریش چۆتە ناو ڕیزەکانی حزبی گۆڕان.
کەریم خان مەحمود خەلیفە عەبدولسەمەد برادۆستی، سەرۆکجاشی فەوجی (40). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەلاَم لە ڕێکەوتی (16.7.2012) مرد.
کەریم حەمەڕەئوف فارس حەسەن کانیساردی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان. کەریم حەمەڕەئوف کانیساردی و بێستونی کوڕی و تەحسین شاوەیس سەعید، لە ڕۆژی (21.10.1996)دا لە نزیک شارۆچکەی دوکان بەدەستی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گوللەی هاوەن کوژران.
کەریم سەلیم مستەفا بامەندی دوبزی، سەرۆکجاشی فەوجی (250). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
کەریم شێخ شەهاب بەرزنجی (شێخ کەریم شەهاب بەرزنجی)، سەرۆکجاشی فەوجی (323).
کەریم شێخ عەلی نەورۆڵی (شێخ کەریم شێخ عەلی نەورۆڵی)، سەرۆکجاشی فەوجی (358).
کەریم عەبدوڵلا محەمەد عومەر (جمور)، سەرۆکجاشی فەوجی (62).
کەمال ئەحمەد عەلائەددین زراری، سەرۆکجاشی فەوجی (310).
کەمال ئەسعەد ڕەزا چەرمەگا کافرۆشی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (79). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
کەمال ئیسماعیل (سلێمانی)، فەرماندەی مەفرەزە خاسە.
کەمال عەزیز ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (307).
کەمال محەمەد حەیدەر تاسڵوجەیی (کەمالی شەمسە)، سەرۆکجاشی فەوج. سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بەلاَم کوژراوە.
کەمال محەمەد فەرەج، سەرۆکجاشی فەوج.
کەمال عەزیز محەمەد خۆشناو، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (114).
کەمال فەقێ حوسێن کەڵهوڕی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (97).

کەمال محەمەد مام ڕەشید چوارتایی، سەرۆکجاشی فەوجی (94)، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هۆڵەندە دەژیت.
کوێستان سەعید مستەفا (کوێستانە سۆت)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. کوێستانە سۆت، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و لە مەسیف دادەنیشێت.
کیسرا محەمەد سەعید محەمەد فەتاح بەگ جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (75). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
لەتیف ئەحمەد محەمەد مستەفا زێباری، سەرۆکجاشی فەوجی (1).
لەتیف حەسەن موراد بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (111).
لەتیف محەمەد ئەمین قادر جاف زڕگوێزی، سەرۆکجاشی فەوجی (195).
لەتیف فەتحوڵڵا گۆران، سەرۆکجاشی فەوج.
لەزگین فەریق تاهیر هەمزانی دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوجی (27). لەزگین دۆسکی، ئێستاکە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و ڕاوێژکاری مەسعود بارزانییە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی.
لوقمان سمکۆ عەبدی حەسەن زێدکی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (54).
مام یەحیا عوسمان عومەر مام یەحیا (مامەی مام یەحیا)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (86). مامەی مام یەحیا (مام یەحیا کۆیی)، لە ڕێکەوتی (21.5.1994)دا لەلایەن (ی. ن. ک) کوژراو ئەو ئێستاکە شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
مامەند ئیسماعیل ئیبراهیم داڵداغانی (مەمۆی شیوعی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. دوای ڕوخانی سەدام پەنای بردە بەر وڵاتی سوریا، دواتر لە کۆتایی ساڵی (2012)دا گەڕایەوە کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان داڵدەی داوە و ئێستا نیشتەجێی پیرمام و بەغدایە.
مامەند پیرۆت مامەند، فەرماندەی فەوجی (175).
مامەند حەمەد مەولود گەردی (پەلکەڕەشی)، سەرۆکجاشی فەوجی (51). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
مامەند ساڵح مەولود لەک (مامەند قەشقە)، فەرماندەی مەفرەزە خاسەی ژمارە (113). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
مامەند عەزیز عەبدولڕەحیم، سەرۆکجاشی فەوجی (282).
ماهر عەبدولڕەحمان (ملازم)، فەرماندەی فەوجی (138).

محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل بڵباس، سەرۆکجاشی فەوجی (267).

محەمەد ئەحمەد محەمەدئەمین نەقشبەندی ناسراو بە محەمەد شێخ حەمەد، سەرۆکجاشی فەوجی (221).

محەمەد ئەحمەد ڕەشید حەمەد سلێڤانەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (143).

محەمەد ئەحمەد سابیر محەمەد شوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (125).

محەمەد ئەحمەد ساڵح، فەرماندەی سریە لە فەوجی (97).

محەمەد ئەحمەد فەرەج (حەمەی ئەحە فەڕاش)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

محەمەد ئەڵماس هەیاس کاکەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (106).

محەمەد ئەمین برادۆستی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (31).

محەمەد ئەمین ڕەشاش، سەرۆکجاشی فەوج.

محەمەد ئەمین ڕەشید بلۆکینی (ئاغجەلەری)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (51).

محەمەد ئەمین عوسمان خدر، سەرۆکجاشی فەوجی (295).

محەمەد ئەمین عوسمان فەقێ، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (68).

محەمەد ئەمین قادر ڕەسوڵ ئاغا، سەرۆکجاشی فەوج.

محەمەد بابەکر (بەکر) وسو محەمەد نورەدینی پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (112).

محەمەد تاهیر ڕەشید حەمەئەمین، سەرۆکجاشی فەوجی (254).

محەمەد تاهیر شکاک مێرگەسووری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

محەمەد تاهیر یونس محەمەد زیناڤایی، سەرۆکجاشی فەوجی (107). محەمەد تاهیر یونس، لە ژیاندا نەماوەو مردووە.

محەمەد جەزا حەمە ڕەئوف فارس حەسەن بابان، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (264).

محەمەد جەلال ڕەسوڵ وسو کاوانی، سەرۆکجاشی فەوجی (277). محەمەد جەلال کاوانی، لە ساڵی (1997)دا لە سلێمانی کوژرا، کەچی هەر دوو ژنەکەی شەهیدانە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەردەگرن.

محەمەد جەوهەر ئیسماعیل ساڵح ڕۆڤی گۆران، سەرۆکجاشی فەوجی (108).

محەمەد حاجی حوسێن شارباژێڕی (حەمەی حاجی حوسێن)، سەرۆکجاشی فەوج. سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە و لە بەلجیکا پەناهەندەیە.
محەمەد حەسەن ئەحمەد قەرەوەیسی (حەمەی حەسۆل)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (55)ی سەر بە ئیستخباراتی سلێمانی. حەمەی حەسۆل، لە ساڵی (1987)دا لە گوندی کەندەکەوە لە نزیک شارەدێی تاسلۆجە بەدەستی کاروانێک لە جاشی هەرکی کوژرا.
محەمەد حەسەن عارەب خۆشناو، سەرۆکجاشی فەوجی (164).
محەمەد حەسەن عەلی میرزا جاف شەمێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (74). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
محەمەد حەسەن عەبدوڵڵا، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد حەسەن محەمەد بەفراو چەمچەماڵی. (حەمەی شێخ حەسەنی بەفراو)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (66). محەمەد شێخ حەسەن محەمەد بەفراو، دواتر لە ساڵی (1983)دا لە داستانی هەیدەربەگ بەدەستی هەڵۆ چەمچەماڵی فەرماندەی کەرتی یەکی ئەوکاتی تیپی (23)ی سورداش کوژرا.
محەمەد حەمە ڕەحیم، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد حەمە کەریم محەمەد، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (173).
محەمەد حوسێن محەمەد سێوەکانی، فەرماندەی هێزی محەمەد.
محەمەد حوسێن نوری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
محەمەد دەروێش، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (45).
محەمەد ڕەزا جاسم محەمەد (نەقیب)، فەرماندەی فەوجی (16).
محەمەد ڕەزا هەمەوەندی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی ژمارە (72)، کە لە شەوی (21/22.11.1987) لە هێرشێکی هێزەکانی مەڵبەندی (2)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ سەر بارەگای فەوجەکەیان لە گوندی تەوەکەڵ کوژرا.
محەمەد ڕەسوڵ عەلی، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد ڕەشید حەمەئەمین سورکانی (دیانا)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (32).
محەمەد ڕەشید عەبدوڵڵا میرخان باڕەمینکی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (142).
محەمەد ڕەشید محەمەد عەبد، سەرۆکجاشی فەوجی (315).

محەمەد ڕەشید مەحمود جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (13).
محەمەد ڕەشید مستەفا (شێخ محەمەد مام ڕەشید مستەفا)، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد سابیر محەمەد ئەمین، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (88)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.
محەمەد سادق محەمەد شوانی، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد سادق محەمەد ڕەحیم (حەمە پۆخچی)، سەرۆکجاشی فەوج. حەمە پۆخچی بەناوێکی ترەوە لە دانمارک دەژیت.
محەمەد ساڵح ئیبراهیم (ملازمی یەکەم)، فەرماندەی فەوجی ژمارە (190)ی جاشە سووکەکان.
محەمەد ساڵح ئیسماعیل، فەرماندەی کۆمەڵ لە فەوجی (117).
محەمەد ساڵح عەبدوڵلا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (52)ی سەر بە ئیستخباراتی هەڵەبجە.
محەمەد ساڵح مەحمود پشدەری (قەڵادزەیی)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (87).
محەمەد ساڵح میرخان باڕەمینکی بەرواری، سەرۆکجاشی فەوجی (142).
محەمەد سەعید ئەحمەد محەمەد جاف هاڕونی (سەعە دڕکە)، سەرۆکجاشی فەوجی (197)، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندام مەکتەبی بەشی کۆمەڵایەتییە.
محەمەد سەعید شێخ مەحمود شەمێرانی، سەرۆکجاشی فەوجی (118).
محەمەد سەعید عەلی خورشید، سەرۆکجاشی فەوجی (159).
محەمەد سەعید هەمەوەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (161).
محەمەد سەلیم قادر عوسمان شوشی زێباری ، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (17).
محەمەد سلێمان محەمەد سلێمان باڵەک (خەڵکی گوندی وەلاش)، سەرۆکجاشی فەوجی (33).
محەمەد شێخ سەعید شێخ حوسێن بەرزنجی سەنگاوی (حەمەی شێخ سەعید)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. محەمەد شێخ سەعید (خەڵکی گوندی هەنجیرەی سەنگاو)، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ەوە چۆتە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێستاکە لە هەولێر دەژیت.
محەمەد مەلا شەریف، سەرۆکجاشی فەوج.

محەمەد شێخۆ موراد مچولی سندی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (226).
محەمەد عامر سادق بێدوهی بەرواری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (208). محەمەد عامر سادق، لە ژیاندا نەماوەو مردووە.
محەمەد عەبدولڕەحمان عوسمان زاخۆیی ناسراو بە محۆ خەزوا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (42).
محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد ناسراو بە شێمەی هاڕونی، سەرۆکجاشی فەوجی (11)، کە لە ڕێکەوتی (1.3.1986)دا لە نزیک چوارتا لە شەڕی ئێراق – ئێران واتە قادسیەی سەدام کوژرا.
محەمەد عەبدولقادر کاکەمەند، سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد عەبدولکەریم عەبدولقادر بەرزنجی ناسراو بە (حەمەی شێخ عەبدولکەریم)، سەرۆکجاشی فەوجی (257)، کە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (4.7.2020) لە ئەمریکا مرد.
محەمەد عەبدوڵڵا عەبێ بامەڕنی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی شێخ خالید فەزڵەدین نەقشبەندی بامەڕنی، کە لە ساڵی (1987)دا هەردووکیان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان گولله باران کران.
محەمەد عەبدوڵڵا محەمەد، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.
محەمەد عەبدی حاجی ئاغا کۆچەر، سەرۆکجاشی فەوجی (274).
محەمەد عەزیز تورک، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (114).
محەمەد عەلی ئاغا حەسەن زەنگەنە، سەرۆکجاشی فەوجی (139).
محەمەد عەلی تاهیر یونس دێرکێ مزوری، سەرۆکجاشی فەوج و پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات بووە.
محەمەد عەلی ڕەسوڵ ناسراو بە حاجی عەلی سستە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. حاجی عەلی سستە، بە پلەی عەقید فەرماندەی فەوجێکی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.
محەمەد عەلی ڕەسوڵ بێکلۆیی (محەمەد بچکۆڵ)، سەرۆکجاشی فەوجی (148).
محەمەد عەلی سەعید ئەسعەد ڕەسوڵ ئاغای شێتنە (دۆڵەمەڕی – بارزانی)، سەرۆکجاشی فەوج، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

محەمەد عەلی سمایل (محەمەد عەلی چوکلات)، فەرماندەی سریە لە فەوجی (85)ی سەرۆکجاشی سووک قاسم ئاغای کۆیە، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

محەمەد عەونی حاجی مستەفا جوبرائیل ئاکرەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (103).

محەمەد عوسمان خدر سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (300).

محەمەد عومەر ئەمین جەمیل باساکی، سەرۆکجاشی فەوجی (81). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (100)، لەدوای ساڵی (2003)دا لە بەغدا کوژراوە.

محەمەد عیسا جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (176). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

محەمەد فەقۆ میرزا محەمەد برادۆستی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (221)، لە ڕۆژی (17.1.1992) لەلایەن یەکێتی کوژراوەو کراوە بە شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستان و مووچەکەی (1.050.000) دینارە و سێ پارچە زەوی لە سێبەردان دراوە بە سێ میراتگرەکەی.

محەمەد قادر عەزیز ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (19). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

محەمەد قادر محەمەد فەرماندەی سریە لە فەوجی (97).

محەمەد کانەبی باڵو ئاغا، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (147). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

محەمەد کەڵحێ تاهیر ڕەزگەیی ڕێکانی، سەرۆکجاشی فەوجی (7)، کە ئێستاکە لە دهۆک ئەژیت و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

محەمەد مام سۆفی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی.

محەمەد محەمەدئەمین حوسێن زراری، ناسراو بە (محەمەد شازێ)، سەرۆکجاشی فەوجی (216). محەمەد زراری، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان.

محەمەد مەحمود مستەفا خۆشناو، سەرۆکجاشی فەوجی (288).

محەمەد مەعروف پیرداود ئاغا دزەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (49).

محەمەد نەجیب سادق شێخ بەهائەدین نەقشبەندی، سەرۆکجاشی فەوجی (119).
محەمەد نەزیف عەلی بازی بەرواری، سەرۆکجاشی فەوج، کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی سەر بە ئیستخبارات بووە. محەمەد نەزیف عەلی، لە ڕێکەوتی (14.9.1987)دا لە داستانی کانیماسێ بە دەستی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژرا و ملازم تاریقی کوڕی لە شوێنی ئەو کرا بە سەرۆکجاشی فەوج.
محەمەد هەمزە محەمەد ژاژڵەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (204).
محەمەد هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، یاریدەدەری سەرۆکجاشی فەوجی (140).
محەمەد یاسین محەمەد عەلی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی سدیق قاسم ئاغا خاتیناڤای ڕۆژبەیانی.
محەمەد یوسف (ڕەفیق حزبی)، ڕازگری ڕێکخراوی پارتی بەعسی عارەبی لە فەوجی (142).
محۆ شەباب، جێگری فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ئیستخبارات (جێگری تێلی تۆفیق ڕەسوڵ ڕێکانی). محۆ شەباب، لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا لە تۆڵەی شەهید کردنی ڤیان لەزگینی خوشکی سەربەست لەزگین عەبدولڕەحمان سندۆری بەرپرسی لقی (8)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بریندارکردنی (5) ژن و منداڵی دیکە، لەلایەن پارتی کوژرا.
محیّدین شێخ عەزیز محەمەد بابا عەلی بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (242).
محیّدین شێخ مەعروف مزوری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (20)، لە هۆلەندا و لە کوردستان دەژی و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە.
مستەفا ئەحمەد محەمەدئەمین حوسێن چۆمانی (مستەفا ناوپردانی)، لە ساڵانی (1983-1987) فەوجی ژمارە (33)ی هەبووە، بەڵام بەهۆی یارمەتیدانی بەردەوامی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی (1987)دا فەوجەکەی لێدەسێننەوە و دەستگیر دەکرێت و سزای هەتا هەتایە زیندانی کردنی دەدرێت. دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، مستەفا ناوپردانی لە ڕۆژی (11.3.1991)دا لەدوای ڕزگارکردنی شاوەیس و دواتر هەڵمەت بردن بەرەو شاری هەولێر، لە دەروازەی ئەو شارەدا بە گوللەی بەعسییە فاشییەکان گیانی لە لێدان کەوت و شەهید بوو.
مستەفا ئیبراهیم زەنگەنە، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (163).

مستەفا تاهیر عەلی زێدکی (شێخ حاجی مستەفا تاهیر عەلی زێدکی)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی 146. سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

مستەفا حەمەد ڕەسوڵ چۆمانی (مستەفا گۆج)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (48). مستەفا چۆمانی لەناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی کوردستان دایە، بەڵام لەبەر ئەوەی پاسداری زۆری بۆ حکومەتی بەعس بە سەربڕاوی هێناوە، حزبی شیوعی کوردستان لە ترسی ئێران ڕەوانەی دەرەوەی کوردستانی کردووە.

مستەفا حەمە عەلی محەمەد دەمرکانی، فەرماندەی سریە لە فەوجی (246)ی عومەر دەمرکانی، دوای ڕاپەڕین چووە ناو پارتی و بە لیوا خانەنشین کراوە.

مستەفا ڕەشید سلێمان، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (274).

مستەفا زۆراب خانەقینی، سەرۆکجاشی فەوج.

مستەفا سەعید ئەحمەد سوورچی، سەرۆکجاشی فەوج.

مستەفا سلێمان ئەحمەد جاف (مستەفا سلێمان وەزە)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (364).

مستەفا عەبدوڵڵا، تاکو سەرەتایساڵی (1987) سەرۆکجاشی فەوجی (88) بووە، بەڵام دواتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە.

مستەفا محەمەد خدر بابەکر ئاغا پشدەری. سەرۆکجاشی فەوجی (136). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

مسری محەمەد عەبدوڵڵا قادرکەرەمی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (147).

مەجید ئەرەدنی، سەرۆکجاشی فەوج. مەجید ئەرەدنی، لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991) و لەسەر داوای پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵسا بە کوشتنی عسمەت بازی بەرواری، ئەفسەری موخابەرات و فەرماندەی سریە لە فەوجەکەی محمد نەزیف بازی بەرواری و دواتریش فەوجی تاریق محەمەد نەزیف بەرواری، لە بەرانبەر ئەو کارەدا (پ. د. ک) چاوی لە تاوانەکانی ئەرەدنی پۆشی و ئەویش هاتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.

مەجید حەسەن ئەحمەد، سەرۆکجاشی فەوجی (289).

مەجید حەسەن دزەیی، سەرۆکجاشی فەوج.

مەجید سلێمان ئەحمەد جاف (مەجید سلێمان وەزە)، سەرۆکجاشی فەوجی (364).

مەجید سلێمان گلەڕەشی، سەرۆکجاشی فەوج.

مەجید شێخ بایز حەسەن محەمەد بەرزنجی قەڵاسیۆکەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (61). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندەی فەوجی فەرماندەیی کەرکوک.
مەجید غێدان، جێگری سەرۆکجاشی فەوج (فەوجی سەعید غێدان).
مەجید مەلا فەتاح، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (85). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە هۆڵەندە دەژیت.
مەجید نوری خورشید هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (180).
مەدحەت تۆفیق مەنسور داودی، سەرۆکجاشی فەوجی (47)، دوای ڕاپەڕین چۆتە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەپلەی لیوا لە هێزی پاراستنی سنوور لە هەولێر دامەزراوە.
مەدحەت عەبدوڵلا عومەر شێروانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (56).
مەحمود ئەحمەد شەریف غەوارە، سەرۆکجاشی فەوجی (122)، بەڵام لە ڕۆژی (11.4.1988)دا لە گوندی شێخ تەویل لە شەڕی دژ بە یەکێتی کوژراوە.
مەحمود ئەحمەد محەمەدئەمین نەقشبەندی ناسراو بە مەحمود شێخ حەمەد، سەرۆکجاشی فەوجی (221).
مەحمود ئەسعەد فەتاح ئاغای هەرکی، سەرۆکجاشی فەوجی (45). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
مەحمود تەیب گوڵە، سەرۆکجاشی فەوج.
مەحمود حاجی ئاغا قەڵادزەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (129).
مەحمود حەمەئەمین حەمە ساڵح (مەحمود بەگی گوڵێ)، سەرۆکجاشی فەوجی (69). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
مەحمود حەمەدئەمین کەریم ئەمین کەریم شێخانی (حاجی مەحمود سێبیرانی)، سەرۆکجاشی فەوجی (134).
مەحمود حەمە ڕەسوڵ ئاغا پشدەری (نەقیب)، سەرۆکجاشی فەوجی (26). سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
مەحمود حوسێن مەحمود عەلی جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (359).
مەحمود سەید گوڵ کارێزەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (137). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بەڵام مردووە.

مەحمود ساڵح، یاریدەدەری سەرۆکجاشی فەوجی (274).
مەحمود ساڵح بابەکر، سەرۆکجاشی فەوجی (187).
مەحمود سەیدۆ حوسێن (ئامۆزای میر تەحسین بەگ)، فەرماندەی سریە لە (سرایا أبي فراس الحمداني) و ئەندامی (پ. د. ک).
مەحمود عوسمان عەبدوڵڵا، سەرۆکجاشی فەوجی (229).
مەحمود عومەر بابەکر سەلیم ئاغای پشدەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (114).
مەحمود محەمەدئەمین محەمەد جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (70).
مەحمود محەمەد شەریف، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (108).
مەریوان سەید تاهیر محەمەد جەباری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (42).
مەسعود کەبیر قەیوم سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (14).
مەعروف ئیبراهیم ئەحمەد مامەسێنی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (46).
مەعروف زەنگەنە. جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (28).
مەغدید حەمەد حەسەن، سەرۆکجاشی فەوجی (192).
مەغدید مەجید (موئەیەد) شەریف، سەرۆکجاشی فەوجی (303).
مەلکۆ بێناتی، سەرۆکجاشی هێزی مەلکۆی تایبەت بە ئاشوورییە کریستانەکان.
مەنسور سوارە فەتاح فەرەج بوو، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (194). مەنسور سوارە، لە ڕۆژی (12.4.1988)دا لە گوندی شێخ تەوێل بەدەستی پێشمەرگەکانی یەکێتی کوژرا.
موحسین عەبدوڵڵا ڕەسوڵ (موحسین عەولا نەفتە) ناسراو بە مامۆستا موحسینی شۆڕشگێڕان، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. موحسین عەبدوڵڵا، سەرەتای ڕاپەڕین چووە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، دوای کۆچڕەوەکە بۆ موسڵ ڕایکد، تا لە ڕۆژی (23.6.1993)دا لەناو شاری موسڵ، لەلایەن (ی. ن. ک) کوژرا.
موحسین محەمەد زۆراب نەورۆڵی، سەرۆکجاشی فەوج.
موحسین محەمەد یاسین زێوکی دۆسکی، سەرۆکجاشی فەوجی (155). موحسین دۆسکی، دوای ڕاپەڕین بەدەستی پارتی لە تۆڵەی چەند شەهیدێکدا کوژراوە.
موحسین مەحمود، فەرماندەی کۆمەڵی فەوجی (117).

موراد حەسەن عاشور، فەرماندەی سریە لە (سرايا أبي فراس الحمداني) و ئەندامی (پ. د. ک)، کە پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (103) بووە.
موراد حەسەن موراد بەرزنجی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (111).
موسا عەلی ڕەمەزان شکاک، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (314).
موشیر ئیبراهیم ئەحمەد مامەسێنی ئاغای سەرگەڕان، سەرۆکجاشی فەوجی (46).
موشیر ئیسماعیل گۆران (بەرزنجی)، سەرۆکجاشی فەوجی (12). موشیر ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی (ڕۆڤیا – بەردەڕەش)، لە ژیاندا نەماوە و مردووە.
موشیر محەمەد سالَح سلێمان کۆخی مزوری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (224).
موشیر هادی ئەحمەد ئاغای سەربەشاخ، سەرۆکجاشی فەوجی (48).
موعتەسەم شێخ عەبدولکەریم شێخ حوسێن بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (64). لە ساڵی (1994)دا سەدام کوشتی لە بەغدا.
میرزا ئیسماعیل شەریف ڕەزا (میرزا کۆیی)، سەرۆکجاشی فەوجی (207). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.
میرزا حەسەن، سەرۆکجاشی فەوج.
نادر مستەفا سالَح هەروتی (نادر لەقلەق)، فەرماندەی سریە لە فەوجی (51)ی مامەند حەمەد مەولود گەردی. نادر لەقلەق، بە پلەی ملازم خانەنشینی پارتی دیموکراتی کوردستانە.
ناسر تۆفیق ڕەشید بەگ بەرواری، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (102). ناسر بەرواری، لە ئەڵمانیا دەژی و بێلایەنە.
ناسیح محەمەد قادر هەورامی، سەرۆکجاشی فەوج.
نازم شێخ ڕەقیب محەمەد سوورچی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (2).
نایف مەحمود کەریم بلْباس، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (80). ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە دواتر لە ڕۆژی (5.10.2017)دا مرد.
نەجات سەمین باخەوان (کنگربان)ی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. دوای ڕاپەڕین ماوەیەک لەناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو.
نەجم عومەر خدر ئاغای سوورچی، سەرۆکجاشی فەوجی (77).
نەجم گرِو، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت لە خەلیفان.

نەجمەدین شێخ ساڵح محەمەد بەرزنجی، سەرۆکجاشی فەوجی (174). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

نەجمەدین (نەجۆی سەرکارێز)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. نەجۆی سەرکارێز، دوای ڕاپەڕین کوژرا.

نەجمەدین مەعروف حەسەن، فەرمادەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (504).

نەزیر حوسێن ڕەشید ئیسماعیل ئاغا ڕۆڤی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (307).

نەوزاد ئەنوەر ڕەشید ئەحمەد بێتواتە (نەوزادی ئەنوەر بەگی بێتواتە)، فەوجی (4). پێشتر فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (8) بووە، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هۆڵەندە دەژیت.

نەوزاد سابیر ئەحمەد جاف، سەرۆکجاشی فەوجی (338).

نورەدین حوسێن (سەید نورەدین)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

نوری شێخ حەسەن موراد بەرزنجی، سەرۆک جاشی فەوجی (111)، دوای مردنی لە ساڵی (1987)دا بەدیعی برای شوێنەکەی گرتەوە.

نوری عەبدولڕەحمان سواری بەرواری (دهۆک)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (136).

نوری محەمەد حوسێن بێدوهی (نورۆیێ مر موختارێ)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. نوری محەمەد حوسێن، ئێستاکە ئەندامی نووسینگەی شەهیدانە لە لقی (18)ی ئامێدی پارتی دیموکراتی کوردستان.

نوعمە غادی (ملازمی یەکەم)، فەرماندەی فەوجی (168).

نیعمەت جەمال خدر خالید دووبەردانی گۆران، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (110).

هادی شێخ نوری بەرزنجی (شێخ هادی سۆڵەیی)، سەرۆکجاشی فەوجی (55).

هادی شاوەیس سەعید ڕۆژبەیانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (172). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

هجر بێدوهی بامەڕنی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (208). هجر بێدوهی بامەڕنی و کوڕێکی لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کوژران.

هەڵگورد شێخ عەبدولکەریم شێخ عەبدولقادر کەسنەزانی، سەرۆکجاشی فەوجی (83).

هەمزە باپیر بابەکر ئاغا میراودەلی پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (121). ناوبراو مردووە.

هەمزە حاجی بەدری سندی، سەرۆکجاشی فەوجی (286).

هەمزە حوسێن عەلی حەمەد زراری ناسراو بە هەمزە سێوی (1927/ خاروان/ دارەشەکران/ هەولێر)، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (25)، لە ڕۆژی (31.3.1995) لە گوندی کەلکان-ی نزیک بەحرکە بەدەستی یەکێتی کوژرا و شەهیدانەکەی (3.400.000) دینارە، بەڵام کوڕو نەوەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن.

هەمزە عەباس مامەند حەمەد ئاکۆ ئاغای پشکۆ، سەرۆکجاشی فەوجی (22)، سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەیەر لوتفوڵڵا ڕەزا ناسراو بە مام هەیەری هەیاسی، (چۆلمەت - بازیان)، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی. لەدوای ڕاپەڕین چۆتە ناو ڕیزەکانی یەکێتی و ئێستاکە ئەندامی ناوەندی لیژنەی کۆمەڵایەتی بازیانی (ی. ن. ک)ە.

هۆشیار سەلیم ئەحمەد پاشا دزەیی، سەرۆکجاشی فەوجی (215).

هۆشیار عەبدولوەهاب محەمەد مزوری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (182).

هۆمەر ئەحمەد ئاغای پشدەری، سەرۆکجاشی فەوجی (140).

هۆمەر پیرۆت جوامێر قەڵادزەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (96).

هیمداد ئەنوەر ڕەشید بێتواتە، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (101). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

هیمەت کەریم فەتاح گۆران، سەرۆکجاشی فەوج.

هیوا عەلی کەریم جاف، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (35).

وریا بایز جەمیل کاکل گەردی، سەرۆکجاشی فەوجی (39). وریا گەردی، سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-ە.

وشیار محەمەد ڕەشید عەبدولقادر لۆلانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (154)، سەر بە (پ. د. ک)ە.

وەلی عەبدولڕەحمان جومعە ئاغا ئۆمەری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (223).

وەلید قاسم محەمەد ئەمین ئاغا ڕۆژبەیانی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (270).

وەهاب حەسەن محەمەد، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (66).

وەهاب ڕەحمان محەمەد ئەمین زەنگەنە (وەهاب عەیشێ)، سەرۆکجاشی فەوجی (153). سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕۆژی (13.10.2005)دا مرد.

یاسین حەمە ڕەشید قەڵادزەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (99).

یاسین دێوالی قوتاس بلێجانی گولی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت. لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)دا لە تۆڵەی دوو کادیری شەهید، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان کوژرا.

یاسین ڕەئوف تۆفیق، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی (78).

یاسین عەلی ڕەمەزان شکاک، سەرۆکجاشی فەوجی (314). سەرۆکجاش یاسین عەلی ڕەمەزان شکاک، لە ڕێکەوتی (24.8.1995) لەناو شاری هەولێر کوژرا.

یەحیا جێشانەیی، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەت.

یوسف ڕەمەزان باڵەکی، سەرۆکجاشی فەوجی (88).

یوسف عزەت محەمەد سەلیم شوشی زێباری، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (17).

یوسف فەتحوڵڵا ئەحمەد گۆران، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی ژمارە (77). لەدوای ڕاپەڕینی زستانی ساڵی (1991)دا کوژرا.

یوسف نەزیر سندی زاخۆیی ناسراو بە یوسف نەزیرا، فەرماندەی مەفرەزەی تایبەتی جاش. سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و لە سلێمانی دادەنیشێت.

یونس ڕەشید عەبدی غەزالە سلێڤانەیی، جێگری سەرۆکجاشی فەوجی (59).

یونس عەبدوڵڵا ڕەمەزان غەوارە، سەرۆکجاشی فەوجی (243).

## هۆکارەکانی پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە باشووری کوردستان:

سەرەتا هەندێک ڕاستی هەن کە پێویستە بەر لەوەی هۆکارەکانی پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال بخەینەڕوو، ئاماژە بەو ڕاستییانە بکەین کە بە بۆچوونی من زۆر پێویستە هەموو تاکێکی کورد بیزانێ کە ئەمانەن:

یەکەم: تاوانی ئەنفال لەدژی کورد، تاوانێکی تاکە کەسی سەدام حوسێن یان ڕژێمەکەی ئێراق نییە بەتەنیا، بەڵکو ئەنفال تاوانێکە لەناو منداڵدانی هزری شۆڤینی و ڕەگەزپەرستی حکومەت و حزبی بەعسی عارەبی لەدایک بووە. لەکاتێکدا تاوەکو ئێستاکەش کە زۆربەی هەرە زۆری شۆڤینییەتی عارەبی ئێراق، وڵاتانی عارەبی و نەتەوەکانی موسڵمان یان نکۆڵی لە پیادەکردنی هێرشەکانی ئەنفال دەکەن لەلایەن حکومەتی بەعسی ئێراقی بۆ سەر کورد، یان پاساو بۆ هێرشەکان دەهێننەوە و جۆرێک لە ڕەوایەتی بەم تاوانە دڕندانەیەی بە حکومەتی ئێراق دەدەن، ئەویش بە پاساوی ئەوەی کە گوایە کورد هاوکاری ئێرانی کردووە لەدژی ئێراق لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، یان گوایە کوردەکان مەترسی و هەڕەشە بووینە بۆ سەر سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئێراق. ئەو عارەبانەی وا بیردەکەنەوە پشتیوانی و هاوکاری تەواوی بەعس بووینە لەپێناوی ئەنفال کردنی کورددا، هەروەها هاووڵاتی و وڵاتی عارەبی وا هەبووە یارمەتی دارایی ڕژێمی سەدام و حکومەتی ئێراقیشی کردووە بۆ پیادەکردنی ئەو شاڵاوە نەگریسانە.

دووەم: ئەنفال بەرهەم یان دەرئەنجامی شەڕی ئێراق – ئێران نییە! کەسانێکی زۆر پێیان وایە بە تەنیا پشتیوانی پارتە کوردستانییەکان لە ئێران لەدژی ئێراق لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوانیاندا، وای لە حکومەتی بەعسی ئێراق کرد شاڵاوەکانی ئەنفال لەدژی کورد پیادە بکات، کە ئەو بۆچوونە بە بۆچوونێکی ناڕاست و نازانستی دەزانم. ئێستاشی لەگەڵدابێ ژمارەیەکی زۆری عارەبی شۆڤینی بۆیان بگونجێ هەمان سیاسەتی بەعس لە بەعارەبکردنی مرۆڤی کورد و شارە کوردییەکان، ئەنفال، کیمیا باران و هەوڵی قڕکردنی کورد، لەدژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان پیادە دەکەن. ئەگەر چاوێک بە تەواوی دەستوورەکانی ئێراق-دا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت کە لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و لکاندنی بەزۆری باشووری کوردستان بەو وڵاتە، تەواوی دەستورەکان بە گیانێکی پڕ لە شۆڤینی و نکۆڵیکردن

لە مافە ڕەواکانی گەلی باشووری کوردستان نووسراونەتەوە. بۆ نموونە دەستوری ڕژێمی سەردەمی پاشایەتی بەهیچ شێوەیەک باسی کورد و مافە نەتەوەییەکانی کوردی نەکردوە، دەستوری کاتی ساڵی (1958)ی سەردەمی کۆماری کە یەکەم دەستورە باسی کورد دەکات لە مادەی (2)دا هاتووە: (ئێراق بەشێکە لە نەتەوەی عارەب) و لە مادەی (3)دا هاتووە: (عارەب و کورد لەم وڵاتەدا هاوبەشن، ئەم دەستورە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی ئێراق دیاری دەکات). مادەی دووەم نەک تەنیا مادەی سێیەم ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو تەواوی کورد بە عارەب هەژمار دەکات! لە مادەی (1) و مادەی (2)ی دەستوری کاتی ساڵی (1963) و ساڵی (1968)دا هاتووە: (مادەی یەک: گەلی ئێراق بەشێکە لە نەتەوەی عارەب کە ئامانجی یەکگرتنەوەی گشتیی عارەبە. حکومەت وابەستەیە بە دەست بەکاربوون لە نزیکترین کاتدا لە پێناوی کۆششکردن بۆ ئەم ئامانجە کە بە یەکگرتن لەگەڵ کۆماری عارەبی یەکگرتوو دەست پێ دەکات. مادەی دوو: کۆماری ئێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەری تەواوە و نابێت دەستبەرداری هیچ بەشێک لە خاکەکەی بێت). بەپێی ئەم دوو مادەیە، مادەی یەک کورد بە عارەب دادەنێت، مادەی دووش کە ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت (کۆماری ئێراق وڵاتێکی خاوەن سەروەری تەواوە و نابێت دەستبەرداری باشووری کوردستان بێت). لە مادەی (3)ی دەستوری کاتی کۆماری ئێراق کە لە ڕێکەوتی (16.7.1970)دا نووسراوە، هاتووە: (أ: سەروەری یەکێتی ئێراق دابەش ناکرێت. ب: خاکی ئێراق یەکە و نە دابەش دەکرێت نە سازش لەسەر هیچ بەشێکی دەکرێت). کەچی لە مادەی (5)دا هاتووە: (أ: ئێراق بەشێکە لە نەتەوەی عارەب. ب: گەلی ئێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، کە نەتەوەی عارەب و نەتەوەی کوردە، کە ئەم دەستورە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە ڕەواکانی کەمەنەتەوەکانی دیکە لە چوارچێوەی یەکێتی ئێراق دیاری دەکات). ئەم دەستورەش سەبارەت بە مافی کورد لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ دەستورەکانی پێشوودا. هەروەها پرۆژەی دەستوری ساڵی (1991)، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ دەستورەکانی پێش خۆیدا، تاکە جیاوازی ئەوەیە کە لە مادەی (2)ی ئەم دەستورەدا هاتووە: (ئێراق بەشێکە لە نیشتمانی عارەبی)، کە پێشتر هاتبوو (ئێراق بەشێکە لە نەتەوەی عارەب).

کاتی خۆی و دوای ئەنفالەکان، بە دەیان جار دکتۆر ئیبراهیم عەبدولکەریم حەمزە جەعفەری، ئەندامی سەرکردایەتی (حزب الدعوة) و سەرۆک وەزیرانی ئێراق لە ماوەی (7.4.2005-20.5.2006)دا گوتوویەتی: (سەدام حوسێن مافی خۆیەتی ئاوا لە کوردەکان دەکات و بەمشێوەیە لەناویان دەبات؛ سەرچاوە: فازڵ ئەحمەد کەریم (مامۆستا جەعفەر)، بەرپرسی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، بەرنامەی دیدار، کەناڵی ئاسمانی کوردستات، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی 27.4.2006). عارەبە شۆڤینییەکانی دوای سەدام هەر لە دکتۆر ئەیاد هاشم عەلاوی سەرۆک وەزیران (28.6.2004-6.4.2005)، دکتۆر ئیبراهیم کەریم جەعفەری و دکتۆر نوری کامل محەمەد مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستا (20.5.2006-؟؟؟؟؟؟؟؟)، کە بەعسیانە و ڕەگەزپەرستانە بەردەوام بووینە لەسەر سیاسەتی شۆڤینیانەی خۆیان لەدژی کورد و کۆسپ دروست کردن لە ڕێگەی بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی کورد. دەرکردنی کوردەکانی موسڵ، جەلەولا، سەعدیە، مەندەلی و بەعقوبە لەسەر خاکی خۆیان و پێدانی ئەو خانوانەی کە لەسەر دەستی ڕژێمی سەدام لە کوردەکان داگیر کراوە لەلایەن دادگاکانی ئەو شارانە بە عارەبی هاوردە، بەردەوام بوونی عارەبی دوای سەدامە لەسەر سیاسەتی شۆڤییانە و سەدامییانە لەدژی کورد. هەڕەشەکەی ڕۆژی (4.4.2012)ی عەباس محەمەداوی بەرپرسی هاوپەیمانی ڕۆڵە بەئەمەکەکانی ئێراق (إئتلاف أبناء العراق الغیاری)ی فەوجی (9)ی بەدری شیعە کە بۆنی ئەنفال و ترسی جینۆساید کردنێکی دیکەی کوردانی هەڵگرتووە، بەوەی کە کوردەکانی بەغدا و ناوچە عارەبییەکان لەناودەبەن ئەگەر لەماوەی یەک هەفتەدا ئێراق جێنەهێڵن و ڕووەو کوردستان کۆچ نەکەن. سەردانی بەرنامە بۆ داڕێژراوی جێگری سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعە (دکتۆر عەلی ئەلخەتیب) لەگەڵ هێزێکی گەورەی چەکداری سەر بە میلیشیای حزبەکەی نوری کامیل مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستای ئێراق، لە ڕێکەوتی (23.4.2012)دا بۆ فەرمانگەی تۆماری خانووبەرەی شاری کەرکوک و ناچارکردنی کارمەندانی فەرمانگەکە لەژێر هەڕەشەی چەک و گواستنەوەی زۆرتر لە پێنج هەزار دۆنم زەوی کورد بۆ سەر ناوی دیوانی وەقفی شیعی کە بریتیین لە (مەزارگەکانی ئیمام قاسم، ئیمام زەینولعابدین، لەگەڵ دە مزگەوت و مەزارگەی دیکە)، کە ئەمەش درێژە دانە بە سیاسەتی شۆڤینیانە و بەعسیانەی بەعارەبکردنی

خاکی کورد لەناو شاری کەرکوک لەلایەن نوری مالکی و حکومەتەکەی و حزبەکەی.

سێیەم: ئەنفال تەنیا تۆڵە سەندنەوە نەبووە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی کوردی، بەڵکو شاڵاوەکانی ئەنفال بەشێوەیەکی بەرفراوان لەدژی کەسانی سیڤیل پیادە کراوەو زۆرتر لە (95%)ی قوربانییەکان دانیشتوانی بێ چەک بووینە کە زۆربەیان منداڵ، ژن و پیرەمێرد بووینە. بە بەراورد لەنێوان پێشمەرگە و کەسانی سیڤیل، ژمارەی قوربانی پێشمەرگە هەر یەکجار کەم بووە لەچاو قوربانی کەسانی گوندنشین، کەواتە ئەنفال ئەوەندەی تۆڵەسەندنەوە یان ڕق دەربڕین بووە لەدژی دانیشتوانی سیڤیل ئەوەندە تۆڵەسەندنەوە نەبووە لە پێشمەرگە و پارتە کوردستانییەکان، کە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بیری سادییەت و شۆڤینییەتی عارەبی دەسەڵاتداری ئێراقی لەدژی تەواوی کورد کە بەرەنگاری سیاسەتی ئەوان دەبنەوە لە بەعارەبکردنی خاکی باشووری کوردستان و تواندنەوەی کورد لەناو بۆتەقەی عارەبدا.

چوارەم: ئەنفال تەنیا تێکدان و خاپوورکردنی دێهاتە دوورە دەستەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نییە. خۆ ژمارەی گوندە دوورە دەستەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نەدەگەیشتە (4000) گوند و چەندان شارۆچکە کە لەلایەن حکومەتی ڕەگەزپەرستی بەعس و سەدام کاول کران! خۆ شارۆچکەی دیبەگە تەنیا و تەنیا (40) کیلۆمەترێک لە هەولێری پایتەختی هاوینەی ئەوکاتی سەدام دووربوو، کەچی بەر شاڵاوی ئەنفالی هەشت کەوتوو تەواوی دانیشتووەکەی لە دوو ڕۆژانی (21-1988/8/22)دا ناچارکران شارۆچکەکە جێبهێڵن. باشە خۆ نزیکەی نۆ مانگ دوای کۆتایی پێهێنانی شاڵاوەکانی ئەنفال، حکومەتی بەعسی ئێراقی شارەدێی سەنگەسەری لە ڕێکەوتی (9.6.1989)دا خاپور کرد و پاشان قەڵادزێی هەڵوەشاندەوە و لە ڕۆژانی (25-1989/6/26)دا دانیشتوانەکەی ڕاگوێزران، ڕۆژی (25.6.1989) بۆ کۆمەڵگای بازیان، باینجان، پیرەمەگروون و حاجیاوا، هەروەها لە ڕۆژی (26.6.1989) بۆ کۆمەڵگای تۆپزاوە، خەبات، دارەتوو و کەورگۆسک. هەر ئەو ڕۆژەش شارۆچکەی قەڵادزێ بە (تی. ئێن. تی) و بلدۆزەر خاپوور و تەخت کرا، ئەوە لە کاتێکدا نە ئەنفال مابوو نە پێشمەرگە و نە شەڕی ئێراق - ئێرانیش!

کۆمەڵێک هۆکار وایان کرد کە حکومەتی بەعسی ئێراق و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سەدام، شاڵاوی دڕندانەی ئەنفالە بەدناوەکان لەدژی گەلی بەشمەینەتی کورد لە باشووری کوردستان پیادە بکەن، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1. هەر لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق لە ڕێکەوتی (25.10.1920) و دواتریش لکاندنی زۆرەملێیانەی باشووری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) لە ڕێکەوتی (16.12.1925)دا بە ئێراقی دەستکردی بەریتانیا، حکومەتە یەک لەدوا یەکەکان و عارەبە شۆڤینییەکانی ئێراق پرسی کورد و باشووری کوردستان کە پرسی داگیرکردنی خاکی کوردستان و نکۆڵی کردنە لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، بە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەی دەزانن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی عارەب و ئێراق، هەروەها مەترسی بەسەر سەروەری و یەکێتی خاکی ئێراق و یەکگرتنەوەی عارەب هەروەکو وتەیەکی ناسراوی میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری بەعس هەیە کە دەڵێت: (کوردەکانی ئێراق و سوریا، بەربەرەکانی نیشتمانی عارەبی کۆسپێکی گەورەن لەبەردەم یەکێتی و یەکگرتنەوەی ئایندەی نیشتمانیی عارەبی، بۆیە پێویستە کورد و بەربەر لەناو ببرێن)، بۆیە لەپێناوی نەهێشتنی ئەو مەترسی و هەڕەشانە، لەپێناوی نەهێشتنی مۆتەکەی جیابوونەوەی کورد و باشووری کوردستان لە ئێراق و نەهێشتنی کۆسپی بەردەم یەکێتیی نیشتمانیی عارەبی، ڕژێمی سەدام و حکومەتی بەعسی ئێراق شاڵاوە هۆڤییەکانی ئەنفالی لەدژی گەلی باشووری کوردستان پیادەکرد.
2. ئەنفال بەرهەمی پەروەردەی سیاسی و ڕۆشنبیری حزبی بەعس، حکومەتی ئێراق و دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرستی ئێراق بووە. ئەنفال لە تێڕوانینی حزبی بەعس و سیستەمی حکومەتی ئێراق سەرچاوەی گرتووە. عارەبی دەسەڵاتداری ئێراق بەدرێژایی تەمەنی هەموو حکومەتەکان و حزبی بەعس بەتایبەت لە سەردەمی سەدام–دا کۆمەڵگایەکی گوێڕایەڵ و ملکەچیان دەویست، گەلی کورد لە باشووری کوردستان بەبێ دابینکردنی مافە ڕەواکانی خۆی ئامادە نەبووە گوێڕایەڵ و نە ملکەچی بۆ حزبی بەعس پەسەند بکات، بۆیە گەلی کورد گەورەترین کۆسپی بەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بەعس و عارەبی ڕەگەزپەرست بووە.

3. لەخۆبایی بوونی حکومەتی ئێراق و حزبی بەعسی سەدامی لەکاتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق – ئێران، لە ئەنجامی ئەو هەموو پشتیوانییە سیاسی، دیپلۆماسی، سەربازی، ئابووری و فەرهەنگییەی کە وڵاتانی عارەبی، ئیسلامی، جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەدژی ئێران لە ئێراقیان دەکرد، وای لە سەدام و دەوڵەتی ئێراق کرد گوێ نەداتە هیچ یاسا، ڕێسا، بڕیارێک و ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە بەکارنەهێنانی چەکی کۆکوژی و کیمیایی، ئەوەبوو هەم چەکی کۆکوژی و کیمیایی بەکارهێنا لەدژی کورد، هەم لە ڕێگای شاڵاوی ئەنفالەکاندا هەوڵی جینۆسایدکردنی بەشێکی زۆری گەلی باشووری کوردستانی دا. حکومەتی ئێراق، نەک تەنیا پشتیوانی و هاوکاری دەکرا، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک پاساویان بۆ سیاسەتە چەوتەکانی دەهێنایەوە و زۆر بێشەرمانە داکۆکیان لە تاوانەکانی دەکرد.
4. سایکۆلۆژییەت و ڕەفتاری سادیەت (چێژ وەرگرتن لە کوشتن و ئازاردانی کەسانی دیکە) و توندوتیژی عارەبی دەسەڵاتداری ئێراق. ئەوەی پەرتووکی (مێژووی خوێناوی عێراق) لە نووسینی باقر یاسین و (مێژووی خوێناوی عەرەب)ی لە نووسینی زەردەشت خوێندبێتەوە کە باسی مێژووی پێنج هەزار ساڵەی توندوتیژی خوێناوی لە عێراق دەکەن، هەروەها هەردوو پەرتووکی (کۆماری ترس) و (دڵڕەقی و بێدەنگی) لە نووسینی کەنعان مەکییەی خوێندبێتەوە، کە باسی دڵڕەقی و مێژووی خوێناوی دەوڵەتی ئێراق بەتایبەتی سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس و ڕژێمی سەدام دەکات، ئەوکاتە سایکۆلۆژییەت و ڕەفتاوی سادییانەی دەسەڵاتداری عارەبی ئێراقی بۆ دەردەکەوێت. پێم وایە نەک بەتەنیا عارەب، بەڵکو تەواوی حکومەت و گەلانی موسڵمان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بیری سادییەت، کوشتن و تۆڵەسەندنەوە لە مێشک و دڵیاندا هەیە بەتایبەتیش حکومەتی ئێراق کە دەتوانم بڵێم بە درێژایی مێژوو ئێراق وڵاتێک بووە کە ڕاستەوخۆ لەسەر سزای جەستەیی (سزای کوشتن و ئەشکەنجەدان) کاری کردووە. خۆ هەر کاتێک حکومەت و نەتەوە باڵادەستەکانی موسڵمان بە کوردیشەوە لە خۆرهەڵات دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتبێ، بیری سادییەت و پێکهاتەی

سایکۆلۆژی دڵڕەقی خۆیان لە بەرانبەر نەتەوە بچووک و لاوازەکان زۆر دڵڕەقانە دەرخستووە. بۆیە دەتوانم بڵێم دڵڕەقی و سادییەت بۆتە بەشێک لە کلتووری گەلانی موسڵمان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

5. بێدەنگی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتە زلهێزەکانی جیهان، وڵاتانی ئەورووپی و وڵاتە موسڵمانەکان لە ئاست تاوانەکانی ڕابردووی حکومەتی ئێراق لەدژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە هۆکارێک دەزانم بۆ پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن حکومەتی بەعس و سەدام لەدژی کورددا. بێدەنگی و چاوپۆشی نەتەوە یەکرتووەکان و ئەو لایەن و وڵاتانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەم پێکردون، هاندەرێک بووە بۆ حکومەتی ئێراقی کە زۆر ئازادانە شاڵاوی ئەنفال لەدژی کورد پیادە بکات، بەوەی کە ترسی هیچ لێپرسینەوە و سزایەکی دواڕۆژی نەبێت، چونکە پێشتر لەلایەن حکومەتی بەعسی ئێراق یەکەم ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی کوردی فەیلی لە مانگی نۆی ساڵی (1971)دا، بۆردومانی شاری قەڵادزێ (24.4.1974)، بۆردومانی شارۆچکەی هەڵەبجە (27.4.1974)، بۆردومانی شارۆچکەی گەڵاڵە (29.4.1974)، کۆمەڵکوژی هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی (31.7-3.8.1983)، کۆمەڵکوژی دووەمی فەیلییەکان (4.4.1980)، کیمیا باران کردنی گوند و ناوچە جیا جیاکانی کوردستان بە درێژایی ساڵی (1987)، ئەنفالی یەکەم لە نێوان (23.2-19.3.1988)دا و کیمیا باران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە لە ڕێکەوتی (16.3.1988)دا، پیادە کردبوو! هەر لەدوای شاڵاوی ئەنفالی یەکەم و کیمیا باران کردنی شارۆچکەی هەڵەبجە، با هەر وازبێنین لە وڵاتانی عارەبی و ئیسلامی، خۆ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتە دەسەڵاتدارەکان و وڵاتانی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپی دەیانتوانی فشارێکی زۆر بخەنە سەر دەوڵەتی ئێراق و ڕژێمی بەعس کە ئەنفالەکانی دیکە پیادە نەکرێن. بەڵام ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، پەرلەمانی ئەورووپی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان تەنیا باسی شاڵاوەکانی ئەنفالیان لەلایەن حکومەتی ئێراق وەکو تاوانێک و

هەوڵی جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێک وەرگرن یان سزای ئەو تاوانەی ئێراق بدەن، بۆیە ڕژێمی ئێراق بە درێژایی شەش مانگ و حەوت ڕۆژ بەردەوام بوو لە ئەنفال کردنی کورد و قۆناغی هەشتەمی ئەنفال لە ڕێکەوتی (6.9.1988)دا بە فەرمی کۆتایی هات. وەلێ دوای ئەو مێژووەش کوشتنی بە کۆمەڵی کورد و تاقیکردنەوەی چەکە کۆکوژەکان لەسەر دیلەکانی ئەنفال لە سەربازگەی سوێرەو یەکەی کوشتارگەی مرۆڤ (وحدة المجازر البشرية)دا هەر بەردەوام بووە.

6. تۆڵە سەندنەوە و هەوڵی لەناوبردنی بزووتنەوە و شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کورد و کوردستان، لە ڕێگای سەرکوتکردن و نەهێشتنی یەکجارەکی شۆڕشەکە و کۆنترۆڵکردنی تەواوی کورد، بەتایبەت چونکە تەواوی هێزەکانی باشووری کوردستان پشتیوانی ئێرانیان دەکردو کاری هاوبەشیان لەدژی سوپای ئێراق پێکەوە دەکردو حەزیان دەکرد حکومەتی شۆڤینی و شەڕخوازی سەدام ژێرکەوێ، کە ئەمەش بووە هۆکاری پەلەکردنی حکومەت لە ئەنفال کردنی کورد و پیادەکردنی شاڵاوەکان بە ڕقێکی ئەستوورەوە. بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی بەعس هەوڵی لەناوبردنی سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە و بەردەوامی شۆڕشی باشووری کوردستانی دا، سەرەتا لە ڕێگای لەناوبردنی گوندەکان و دانیشتوانەکانیان کە گوندەکان بنکە و لانکەی شۆڕش و خەڵکەکەش هەم سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە و هەم لەکاتی شەڕدا لەدژی حکومەت هێزی پشتیوانی پێشمەرگە و شۆڕش بوون. هەوڵی لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد و کوردستان هەم هۆکارێک و هەم ئامانجیش بووە بۆ پیادەکردنی شاڵاوی ئەنفال لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە.

7. پێشکەوتنی بەرچاوی حکومەتی ئێراق و حزبی بەعس لە ڕێگای وەزارەتی پیشەسازی سەربازی و پیشەسازییە قورسەکان لە ڕووی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیایی و چەکە کۆکوژەکان، وای لە ڕژێمی سەدام کرد هەوڵی تاقیکردنەوەی چەکەکان بدات لەسەر کورد.

8. هەڵەی بەردەوامی سەرکردایەتی کورد و پارتە کوردستانییەکان. پێموایە ئاستی هۆشیاری و شیکاری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە ئاست پرسەکە نەبووینە و هەڵەی بەردەوامی ئەوان وای لە دوژمن کردووە کە ئەوەندەی دیکە بە ڕقەوە وەڵامی شۆڕشی کوردستان و هاووڵاتی بێلایەنی کوردیش بداتەوە، کە هەردەم لە پەرچەکرداردا وشک و تەڕی پێکەوە سووتاندووە. یەکێک لە هەڵە هەرە کوشندەکانی سەرکردایەتی کورد، دەست تێکەڵ کردن بوو لەگەڵ ئێران. سەبارەت بە پەیوەندی (ی. ن. ک) و ئێران، ئاماژە بە قسەیەکی فەرەیدون عەبدولقادر فەرەج، ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەدەم کە سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی خۆیان و ئێران دەڵێ: (لێرە بەدواوە پەیوەندیمان زۆر کۆک بوو، بەڵام کاتێ گەڕاینەوە بۆ بنکەکانمان لە دۆڵی جافەتی، بە یەکترمان دەوت: بەڕاستی کورد بەدبەختە. هەموو جیهان پشتی ئێراق دەگرێت لەدژی ئێران، کەچی ئێستا ئێمە بڕیارمانداوە پشتی ئێران بگرین لەدژی ئێراق؛ سەرچاوە: 1-59، یوست هیلتەرمان، کارێکی ژەهراوی، ل123-124). فەرەیدون دەبوایە بڵێت: (بەڕاستی ئێمەی سەرکردایەتی کورد کورتبینین و لەئاست پرسی کورددا نین و بە نەزانی خۆمان کورد بەرەو هەڵدێر دەبەین).

9. دەوڵەمەندی باشووری کوردستان بە نەوت و کانزای دیکەی بەنرخ وای لە حکومەتی ئێراق و بەعسی سەدامی کرد، شاڵاوەکانی ئەنفال بەتایبەت لە پارێزگای کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت و پێکهاتەکانی دیکەی نەوت پیادە بکات. شاڵاوی ئەنفال زیانێکی زۆری بە دانیشتوانی پارێزگاکە گەیاند، ئەمەش لەپێناوی کۆنتڕۆڵکردنی تەواوی ناوچەکە و کەمکردنەوەی ژمارەی کورد بوو لە پارێزگای کەرکوک، هەروەکو وەفیق عجیل سامەڕائی، جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گشتیی لە کاتی ئەنفالەکاندا (1988)، دەڵێت: (تۆ دەتوانی نیو ملیۆن کورد لە هەولێر بکوژیت، بەڵام ئەوە هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت، چونکە هەولێر بە کوردی دەمێنێتەوە، بەڵام کوشتنی پەنجا هەزار کورد لە کەرکوکدا، بۆ هەتا هەتایە کۆتایی بە کێشەی کورد دێنێت؛ سەرچاوە: 1-59، یوست هیڵتەرمان، کارێکی ژەهراوی ئەمەریکا و عێراق گازبارانی هەڵەبجە، ل179).

10. گرنگی شوێنی هەڵکەوتی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی کوردستان. باشووری کوردستان ڕێگای بەیەک گەیاندنی وڵاتی ئێراق، سوریا، تورکیا، ئێران و ڕوسیایە، لەڕووی جیۆپۆلەتیکی سەربازیشەوە تەنیا باشووری کوردستان وەکو بەشێکی ئێراق بەربەستی سروشتی (چیا، گرد و تەپۆلکە)ی تێدایە، کە لەکاتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێراق – ئێران و بەردەوامی شۆڕشی کورد، حکومەتی ئێراق جگە لە شارە گەورەکان تا ڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی باشووری کوردستانی بە نزیکەی تەواوی چیا، گرد و تەپۆلکەکان لەدەست دابوو. هەوڵی دەست بەسەرداگرتنەوەی شوێنە ستراتیژی و پڕ بایەخە جیۆپۆلیتیکەکانی باشووری کوردستان، هانی حکومەتی ئێراقی دا شالآوی ئەنفال لەدژی کورد پیادە بکات.

11. لە ڕێگای پیادەکردنی کوشتنی بەکۆمەڵی کوردەکان بەتایبەت لە ناوچە دەوڵەمەند بە نەوت و کانزاکان کە دەکەونە سەر سنووری عارەب، ئاسان کاری دەکرێت بۆ پەلەکردن لە سیاسەتی حکومەتی ڕەگەزپەرستی ئێراقی بەعس و ڕژێمی سەدام لە بەعارەبکردنی ئەم ناوچانە. بەعارەبکردنی ناوچە کوردییە سنورییەکانیش مانای کۆنترۆڵکردنی ناوچە دەوڵەمەند بە نەوت و کانزاکانی دیکەیە کە سەرچاوەی سەرەکی بوژاندنەوە و پێشکەوتنی ئابووری بۆ حکومەتی ئێراق دەگەیەنێت، لە هەمان کاتیش مانای هەوڵی بێهێزکردنی ئابووری کوردستان دەگەیەنێت.

12. لە ڕێگای پیادەکردنی شالآوی ئەنفال، هەوڵی هەڵتەکاندن و لەناوبردنی بەشێکی زۆر لە ئابووری کوردستان و برسی کردنی گەلی کوردی دا. ئەمەش لە ڕێگای قەدەغەکردنی ژیان لە دێهاتەکان، قەدەغەکردنی کشتوکاڵ، قەدەغەکردنی ئاژەڵداری و تالآنکردنی بەرهەم و سامانی دانیشتوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان لە زێڕ، خشڵ، پارە، سامان، ئاژەڵ، مەڕ، مالآت، دانەوێڵە و ئۆتۆمۆبێل کە بەشێکیش بەر جاش و خۆفرۆشانی کورد کەوتن.

13. لە ڕێگای پیادەکردنی ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد، حکومەتی ئێراق و ڕژێمی بەعس دەیویست تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکات، بۆئەوەی بنکە و سەربازگەی بەهێزی سوپای لێ دامەزرێنێت بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی

کورد لە داهاتوودا، هەروەها لە پێناوی ئەگەری هەر هێرشێکی ئایندەی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران. جگە لەوەی کە ئەم ناوچە شاخاوییانەی کوردستان سەرچاوەی ئاو، کانیاو و جۆگەی زۆرە، هەروەها دەتوانرێت بەنداوی ئاو و وێستگەی کارەبای لێ بەرهەم بهێنرێت و بەهۆی دیمەنە دڵڕفێنەکانیەوە بکرێت بە شوێنی گەشتیاری و سوودی ئابووری زۆری لێ وەربگیرێت.

14. لە ڕێگای پیادەکردنی شاڵاوی ئەنفال، حکومەتی ئێراق هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی چەند ناوچەیەکی فراوانی کشتوکاڵی دا لە دەشتەکانی (هەولێر، شەمامک، قوشتەپە، تەقتەق، کۆیە، دیبەگە، گوێڕ، مەخمور، قەراج، باقرتە)، کە کوردی لێ ڕاگواستنەوە و عارەبی لە هەندێک ناوچەی مەخمور، قەراج، باقرتە، دیبەگە، گوێڕ و سەرگەڕان نیشتەجێ کرد. کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچە فراوانە لەلایەن حکومەتەوە کە دەتوانرێ خۆراکی دانەوێڵە و سەوزەی هەموو کوردستان دابین بکات، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ حکومەتی ئێراق کە لەلایەک خۆراکەکە دەگوازێتەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری ئێراق، لە لایەکی تریشەوە کوردی لێ بێبەش دەکات. زەوی ناوچەکانی مەخمور، قەراج، باقرتە، سەرگەڕان، دیبەگە و گوێڕ تاوەکو ڕوخانی ڕژێم هەر بەدەست عارەبی لایەنگرانی سەدامەوە بوو. هەروەها بە مەبەستی برسیکردنی کورد دەشتەکانی قەڵادزێ و سەنگەسەری لە کورد قەدەغەکرد.

## ئامانجەکانی حکومەتی بەعس و سەدام لە شالاوەکانی ئەنفال:

1. مەبەستی سەرەکی و یەکەمی حکومەتی بەعسی ئێراق لەناوبردن و قڕکردنی کورد بووە لە باشووری کوردستان، کە ئەم سیاسەتەشی یەکەم لە ڕێگای کۆمەڵکوژی کورد پیادەکرد، دووەم لە ڕێگای بەعارەبکردنی چەندان هۆز و تیرەی کوردی وەکو ئێزیدی، شەبەک، کاکەیی، گەڕگەڕی، پالانی، سالەیی و هتد ....، سێیەم لە ڕێگای ڕاگواستنی زۆرەملێیانە و بەعارەبکردنی شارە بە نەوت دەوڵەمەندەکان و ناوچە ستراتیژییەکان کە بە زەقی هەستیان پێدەکرێت. پیادەکردنی هەردوو سیاسەتی بەعارەبکردنی ناوچە و شارەکانی کوردستان و سیاسەتی بەعارەبکردنی مرۆڤی کورد لە ڕێگای بەزۆر گۆڕینی باری نەتەوەییان لە کوردەوە بۆ عارەب تاوانی جینۆسایدن.
2. هەوڵدان بۆ بەکۆمەڵ کوشتنی بەشێک یان تەواوی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارە و ڕێژەی کورد لە ئێراق لە لایەک و بەرزبوونەوەی ژمارە و ڕێژەی عارەب لە لاکەی ترەوە، کە ئەمەش هەڕەشە و مەترسی جیابوونەوەی باشووری کوردستان لە لایەن کوردەوە لە ئایندەدا لەسەر دەوڵەتی ئێراق ناهێڵێ یان لاواز دەکات، کە یەکێکە لە ئاواتە هەرە بەرزەکانی شۆڤینی عارەب و حزبی بەعسی سەدامی لە ئێراق. کەواتە یەکێک لە ئامانجەکانی کۆمەڵکوژی کورد لەلایەن ڕژێمی ئێراق، نەهێشتنی مەترسی جیابوونەوەی باشووری کوردستان بووە لە وڵاتی ئێراق کە هەر لە (16.12.1925)دا بە زۆرەملێ و بێ خواستی کورد بە ئێراقەوە لکێنراوە.
3. لە ڕێگای پیادەکردنی کوشتنی بەکۆمەڵی کوردەکان بەشێوەیەکی گشتی لە باشووری کوردستان و بەتایبەت لە ناوچە دەوڵەمەند بە نەوت و کانزاکانی ژێرزەوی کە بەزۆری دەکەونە سەر سنووری ناوچەکانی عارەب، ئاسان کاری دەکرێت بۆ پەلەکردن لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی بەعسی ئێراقی و ڕژێمی سەدام لە بەعارەبکردنی ئەم ناوچە کوردییانە. ئاشکراشە بەعارەبکردنی ناوچەکانی کوردنشین مانای کۆنترۆڵکردنی چەند

ناوچەیەکی دەوڵەمەندە کە لەلایەک دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بوژاندنەوە و پێشکەوتنی ئابووری حکومەتی ئێراق، لەلاکەی دیکەوە مانای هەڵتەکاندنی ئابووری کوردستان دەگەیەنێت.

4. تۆڵە سەندنەوە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کورد و کوردستان و هەوڵی سەرکوتکردنی یەکجارەکی شۆڕشەکە و کۆنترۆڵکردنی تەواوی کورد. بۆ ئەم مەبەستە حکومەت هەوڵی لەناوبردنی سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە و بەردەوامی شۆڕشی دا لە ڕێگای لەناوبردنی گوندەکان و دانیشتوانەکانیان کە گوندەکان بنکە و لانکەی شۆڕش و دانیشتوانەکانیش هەم سەرچاوەی ژیانی پێشمەرگە و هەم لەکاتی شەڕێشدا هێزی پشتیوانی پێشمەرگە و شۆڕش بوون.
5. تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی تەواوی چەکە کۆکوژەکان لەسەر گەلی کورد بەتایبەت چەکی کیمیایی بۆ زانین و وەرگرتنی ئەنجام و ڕادەی کاریگەری ئەم چەکە ژەهراوییانە بەسەر مرۆڤ و سروشتەوە، کە ئەمەیان هەم هۆکارێکیش بووە بۆ پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال لەدژی کورد.
6. لە ڕێگای پیادەکردنی شاڵاوی ئەنفال، دەستی گرت بەسەر بەشێکی زۆر لە ئابووری کوردستان کە لەلایەک بۆ بەرژەوەندی حزب، سوپا و ڕژێمەکەی خۆی و لەلاکەی ترەوە بۆ لەناوبردنی کورد بەکاری دەهێنا.
7. حکومەتی بەعس و سەدام لە ئێراق لە ڕێگای پیادەکردنی شاڵاوی ئەنفال، توانی دەست بگرێت بەسەر چەندان ناوچەی کشتوکاڵی لە دەشتەکانی (هەولێر، شەمامک، قوشتەپە، تەقتەق، کۆیە، دیبەگە، گوێڕ، مەخمور، قەراج، باقرتە)، کە دانیشتوانەکانی هەمووی کورد بوون و ڕایگواستنەوە و عارەبی لە هەندێک ناوچەی مەخمور، قەراج، باقرتە، دیبەگە، گوێڕ و سەرگەڕان نیشتەجێ کرد. کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچانە هەم بە مەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعارەبکردنی کوردستان و هەم لەپێناوی بردنی دانەوێڵە و سەوزەی کوردستان بوو بۆ ناوەڕاست و باشووری ئێراق، هەروەها بە مەبەستی دابینکردنی خۆراک بوو بۆ سوپای بەعسی ئێراق.

## پێشنیارەکان:

1. هەوڵدان بۆ بەجیهانی ناساندنی تاوانەکانی شاڵاوی ئەنفال، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بە مەبەستی پەیداکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی لەپێناوی کارکردن لەسەر بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکان، بەتایبەت لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەرلەمانی ئەوروپی و وڵاتە بڕیار بەدەستەکان. وەکو کوردانی دانمارک، لە کۆتایی مانگی سپتێمبەری ساڵی (2001)دا سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق فەریق یەکەمی ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلخەزرەجی-مان لەم وڵاتەدا دۆزییەوە و سکاڵامان لەدژی تۆمارکرد، بەنیازی ئەوەی وەکو تۆمەتبارێکی ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان دادگایی بکرێت، بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەی تاوانی جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن حکومەتی ئێراق لەسەر حکومەتی بەعس و سەدام ساغ بێتەوە، هەروەها بەپلەی دووەم لەپێناوی ئەوەی نزار خەزرەجی سزای تاوانەکانی خۆی وەرگرێت، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر سەرکردایەتی سیاسی کورد و بەتایبەت سێ لایەنی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان) شکستیان بە هەوڵەکانی ئێمە هێنا، سەرەڕای هاوکاری و پشتیوانی کردنمان لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە پارتی کوردستانی، ڕێکخراو، کۆمەڵەی کولتوری کوردی، نووسەر و ڕۆشنبیران لە سەرانسەری جیهان و کوردستان. فەریق یەکەمی ڕوکن نزار خەزرەجی، لە ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (14.3.1996)دا بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو شاری موسڵ گواسترایەوە بۆ (ئاکرێ) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی باشووری کوردستان و ڕۆژی (16.3.1996) بەرەو زاخۆ دەڕوات و ڕۆژی دواتر (17.3.1996) دەگاتە وڵاتی تورکیا بەبێ ئەوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان داوای هیچ زانیارییەک لە گەورەترین بەرپرسی سوپای سەدام (فەریق نزار خەزرەجی) بکەن یان لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵدا بکەن سەبارەت بە شاڵاوەکانی ئەنفال، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و هەوڵی جینۆساید کردنی کورد لە ساڵی (1988)دا

بەدەستی حکومەتی حزبی بەعس و ڕژێمی سەدام. حکومەتی ئیسرائیل و ئیسرائیلییەکان، لە سەرەتای ساڵی (1960)دا یەکێک لە سەرکردە نازییەکانی ئەڵمانیا (کارل ئەدۆلف ئێیخمان 1906.19.3-1962.1.6)، کە تۆمەتبار بوو بە بەشداریکردن لە تاوانی بەکۆمەڵکوشتنی جوولەکەکان (هۆلۆکۆست) لەنێوان ساڵانی (1933-1945)دا کە تێکڕا نزیکەی شەش ملیۆن جوولەکە بوونە قوربانی، لە وڵاتی ئەرجەنتین دەستگیریان کرد و هێنایانەوە بۆ ئیسرائیل. حکومەتی ئیسرائیل نزیکەی دوو ساڵ خەریکی دادگاییکردنی ئەدۆلف ئێخمانی نازی بوو، تا لە ڕۆژی (15.12.1961)دا فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەرکرد و دواتر لە تەمەنی (83) ساڵیدا لە ڕێکەوتی (1.6.1962)دا لە سێدارەی دا، کەچی سەرکردایەتی کورد نەک هەوڵی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی نزار خەزرەجی نەدا، بەڵکو کاتێک کە کۆمیتەی خستنەگڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی ویستیان خەزرەجی بدەنە دادگا، سەرکردەکانی ئێمە نامەی پشتیوانی کردنیان لەم تۆمەتبارە بۆ وەزیری دادی دانمارکی نارد. نزار خەزرەجی، لە ڕێکەوتی (3.7.1999)دا دەگاتە دانمارک و داوای مافی پەناهەندەیی دەکات، وەلێ دوای ئاشکرابوونی لە دانمارک لە کۆتایی مانگی سپتێمبەری ساڵی (2001)دا، لە ڕێکەوتی (4.10.2001)دا لە دادگای باڵای دانمارکی بە تۆمەتی نەخشەدانان، سەرکردایەتی کردن و بەشداری کردن لە شاڵاوی ئەنفالەکان و کیمیا باران کردنی هەڵەبجە سکاڵای لەسەر تۆمارکرا.

2. ئاوەدانکردنەوەی تەواوی ئەو گوند و شارۆچکانەی کە بەر شاڵاوی ئەنفال و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی کاولکردن و ڕاگواستنی حکومەتەکانی ئێراقی و بەعسی کەوتوون، بە شێوازێکی سەردەمیانەی نوێ.
3. هەوڵدان بۆ دادگاییکردنی تەواوی سەرانی حکومەتی ئێراقی و حزبی بەعس کە بەرنامە ڕێژیان بۆ پیادەکردنی شاڵاوی ئەنفال و کیمیا باران کردنی شار و گوندەکانی باشووری کوردستان داڕشتووە، بەتایبەت دادگاییکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەندامانی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ئەندامانی فەرماندەیی هەرێمایەتی و نەتەوەیی (القیادة القطریة و القومیة) حزبی بەعس، وەزیری بەرگری، ئەندامانی سەرۆکایەتی

ئەرکانی سوپا، ئەندامانی فەرمادەی هێزی ئاسمانی، فەرماندەی فەیلەقەکان، فەرماندەی فرقەکان، سەرۆکجاشە کوردەکان و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکانی کورد. هەروەها پێویستە حکومەتی ئێراق ناچار بکرێت داوای لێبووردن لە گەلی باشووری کوردستان بکات، کە دیارە نایەوێت ئەو کارە بەشێوەیەکی خۆویستانە بکات.

4. قەرەبووکردنەوەی تەواوی زیان پێکەوتووانی شاڵاوەکانی ئەنفال، کیمیا باران، کاولکردن و ڕاگواستنەوەی گوند و شارۆچکەکان لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە. ژیانێکی باشیان بۆ دابین بکرێت و خوێندن بۆ ئەوان بەخۆڕایی و تەمەن ڕێگر نەبێت لەبەردەمیان، لەگەڵ کردنەوەی چەندان بنکەی چارەسەری کێشە و گرفتە دەروونییەکان کە لە ئەنجامی لەدەستدانی خۆشەویستترین ئەندامانی خێزانەکانیان و کەڵەکە کردنی چەند ساڵەی گرفتەکان تووشی بارێکی دەروونی سەخت بووینە.

5. دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی زانستی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و کیمیا باران کردنی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان، لەپێناوی نووسینی چەندان توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی سەبارەت بە تاوانەکانی ئەنفال و کیمیا باران کردن. هەروەها کۆکردنەوەی تەواوی بەڵگەنامەکان لە نامەی فەرمی دەزگاکانی حکومەی، ڕۆژنامەکانی سەردەمی ئەنفال، گۆڤارەکان، کاسێتە ڤیدیۆییەکان، شایەتی دانی پیاوانی ڕژێم کە خۆیان لە تاوانەکان بەشدار بووینە یان ئاگادار بووینە، تۆمارکردنی چیرۆکی ئەو چەند کەسەی کە لەکاتی گوللە باران کردندا ڕایان کردووە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تا ئێستاکە لە ژیاندا ماون و لە گرتووخانەکانی نوگرە سەلمان، سەربازگەی تۆپزاوە و قەڵای نزارکێ گەڕاونەتەوە.

6. قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان لەلایەن حکومەتی ئێراق و بەعس، بخرێنە ناو پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن و وەکو بەشێک لە مێژووی کورد و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و فاشییانەی حکومەتی ئێراق، لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی ئامادەیی، پەیمانگا و کۆلێژەکان بخوێندرێن.

7. دروستکردنی دوو مۆنۆمێنتی کانزایی بۆ ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە وەکو سیمبولێک بۆ گیانی قوربانیانی ئەو دوو کۆمەڵکوژییە.

## دەرئەنجام:

بەگوێرەی تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادة الثورة) کە گەورەترین دەسەڵاتی حکومی و حزبی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو، نەخشە و پلانی هێرشەکانی ئەنفال، کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و کاولکردنی گوندەکانی کوردستان، سەرەتا لە ئەنجومەنی ناوبراو بڕیاریان بۆ دەرچووە و دواتر لە فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان (القیادة العامة للقوات المسلحة) بەهاوکاری وەزارەتی بەرگری (وزارة الدفاع) و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، نەخشە و پلانی تۆکمەیان بۆ داڕشتووە، ئینجا دواتر لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی سەرۆکایەتی کۆمار، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، وەزارەتی بەرگری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی جێبەجێکردنی پلانەکانی شاڵاوی ئەنفال کردنی (182.000) مرۆڤی کورد، کیمیاباران کردنی کوردستان بە هەڵەبجەوە هەروەها خاپورکردنی نزیکەی (4.000) هەزار دێهاتی کوردستانی لەگەڵ زۆرتر لە (30) شارەدێ و (5) قەزا لە ڕێگەی سوپا بەتایبەت فەیلەقەکانی (یەک، دوو و پێنج) و چەندان فرقە و لیوای فەیلەقەکانی دیکە، گاردی کۆماری، فەیلەقی یەکی خاس، ڕێکخستنەکانی بیرۆی باکووری حزبی بەعس، لیژنەی کاروباری باکوور، وەزارەتی پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی، بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازی (مەنزومەی شەرقی و شیمالی)، بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری، دەزگای ئەمنی خاس، بەڕێوەبەرێتی ئەمنی گشتیی، کەرتەکانی جەیشی شەعبی، سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسە کوردەکانی سەر بە ئەمن، ئیستخبارات و موخابەرات ئەنجام دا. بۆیە زۆر گرنگ بوو دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، ناوی (دەوڵەتی ئێراق، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، حکومەت، وەزارەتی بەرگری، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، بیرۆی باکووری ڕێکخستنەکانی حزبی بەعس و تەواوی ئەو دامودەزگا و لایەنانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە) وەکو نەخشەدانەر و جێبەجێکاری شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان ناوی بردبان، بەڵام بەداخەوە کە پێم وایە دادگای باڵای تاوانەکان بەئەنقەست ئەو کارەی پشتگوێ خستووە.

هەم بڕیارەکان، هەم سەرپەرشتی کردنەکە و هەم چەکە کۆکوژ و قورسەکانی وەکو: (چەکی کیمیایی، فڕۆکەی جەنگی، پیلاتۆز، هەلیکۆپتەر، تانک، زرێپۆش، ڕاجیمە، کاتیوشا، تۆپە قورس و دوورهاوێژەکان) بەدەست هێزە سەربازی، حکومی و حزبیەکانی دەوڵەتی ئێراق و ڕژێمی سەدام و بەعسەوە بوون. تەنانەت چەکی قورس و ناوەندیش بەدەست هێزی جاشەکانەوە نەبوو، بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (4008/28)ی ڕێکەوتی (20.6.1987)ی فەرماندەیی بیرۆی ڕێکخستنەکانی باکوور بە واژۆی بەرپرسی بیرۆ (عەلی حەسەن مەجید) کە ئاراستەی فەیلەقەکانی یەک، دوو و پێنجی سوپای ڕژێم کراوە، لە بڕگەی حەوتەمدا هاتووە: (سەرۆکجاش و چەکدارەکانیان دەست بەسەر هەرچیەکدا بگرن بەخۆڕایی دەدرێتە خۆیان، جگە لە چەکی قورس، چەکە پشتیوانییەکان و چەکە نێوەنجییەکان). کەواتە بەپێی بڕیاری ژمارە (4008/28)ی بیرۆی حزبی بەعس، سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان ڕێگەی تالانکردنی سامان وماڵی دانیشتوانی ناوچە قەدەغەکراوەکانیان پێدراوە، کە بەشێک لەوان بەهیچ شێوەیەک درێخیان نەکرد لە تالانکردنی سامان و مەڕ و مالاتی هاووڵاتیان. هەروەها حکومەتی بەعس پێشتریش ڕێگەی دابوو بە سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (1203)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس لە ڕێکەوتی (5.11.1983)دا بە کوشتنی هاووڵاتیان بەناوی کوشتنی ئەوانەی سەربازی ڕاکردوون. ئەم بڕیارە هەمووارکردنی بڕیاری ژمارە (986)ی هەمان ئەنجومەن بوو کە لە ڕێکەوتی (21.7.1981) دەرچوو بوو. بەگوێرەی بڕیارە نوێکە هیچ سکالایەک لە پۆلیس و دادگاکان لەدژی سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان وەرنەدەگیرا، ئەگەر هەر کەسێکیان بەناوی ڕاکردووی ڕاژەی سەربازی بکوشتایە، لەگەڵ داخستنی سکالا کۆنەکانیش. ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە کە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرمانەکانی کۆماری سەرۆک کۆمار بڕی یاسان هەبوو و وەکو یاسا جێبەجێ دەکران.

هەروەها بەگوێرەی ژمارەیەک لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعس و سوپای ئێراق، سەرۆکجاشەکان و جاشە کوردەکان جێگای متمانەی سەرکردەکانی سوپا، حکومەت و حزبی بەعس نەبووینە، بۆ نموونە بەگوێرەی نووسراوی ژمارە (1182)ی نووسینگەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا لە ڕێکەوتی (28.8.1988)دا کە بە واژۆی نزار

خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بەناوی (ڕێنماییەکان)دا بۆ سەرکردایەتی هەردوو فەیلەقی یەک و پێنج نێردراوە، لە خاڵەکانی سێ و چواردا دەڵێت: (ئەو ئازوقەیەی دەدرێت بە فەوجی جاشەکان سنووورداری بکەن و ئۆتۆمبێلەکانیان بپشکنن لە هەموو خاڵەکانی پشکنیندا). هەر بەپێی نووسراوێکی دیکەی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا و بە واژۆی نزار خەزرەجی، کە بە ژمارە (رأج/ 349) لە ڕێکەوتی (27.4.1988)دا دیسان بەناوی (ڕێنماییەکان) کە بۆ فەرماندەی فەیلەقی یەک (لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم) و فەرماندەی فەیلەقی پێنج (لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی) نێردراوە، لە خاڵی (جیم)ی بەشی دووەمدا نووسیویێتی: (پێویستە لەسەر فەیلەقی پێنجەم بە ئاراستەی تێکدەران (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) لە کەرتی قەڵادزێ کاربکەن و پێناسەی جاشەکان بپشکنن و بە جوانی سەروبنی کەن، هەروەها جاشەکان لە ئامانجە گرنگەکان دوورخەنەوە). ئەوەی لەم بەڵگانەدا بۆمان دەردەکەوێت نامتمانەیی و بێباوەڕی سوپا و حکومەتە بە جاشە کوردەکان.

کەواتە ئەوەی بڕیاری ئەنفال، کیمیا باران و کاولکردنی دێهاتەکانی دابێ و ئەوەی نەخشە و پلانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی داڕشتبێ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و وەزارەتی بەرگری-ن بە پلەی یەکەم دێن، سوپا، گاردی کۆماری، فەیلەقی یەکی تایبەت و تەواوی دەزگا حزبی، حکومی، سەربازی و بەشێک لە سەرۆک جاش و فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکان بە پلەی دووەم تاوانەکانیان وەکو لایەنی جێبەجێ کاری بڕیار، نەخشە و پلانەکانی گەورەترین دەسەڵاتەکانی حزب، حکومەت و سوپا دەکەوێتە ئەستۆ. بەشێوەیەکی گشتیی، بەشێک لە سەرۆکجاش و فەرماندەی مەفرەزە خاسەکان ڕۆڵی چاوساغییان بینیوە لەم تاوانەدا و وەکو مەقاشی دەستی دوژمنان ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتی کوردیان بە فڕتوفێڵ گرتووە و ڕادەستی ڕژێمیان کردوون.

بەگوێرەی هەموو پێوەرەکان، بەڵگەنامەکان، سیاسەتی حکومەت و حزبی بەعس، هەروەها بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، بڕیاری پەرلەمانی ئێراق، ئەو سیاسەتەی کە دەوڵەت و حکومەتی ئێراق و حزبی بەعس بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن لەکاتی پەلامارەکانی ئەنفال، کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، کیمیاباران کردنی چەندان دەڤەری جیا جیای کوردستان، کاولکردنی نزیکەی چوار هەزار شارۆچکە و

گوندی کوردستان، کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان و کۆمەڵکوژی بارزانییەکان پیادەی کردووە، تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کوردە لە باشووری کوردستان.
ئەوەی حکومەتی ئێراق لەدژی کورد پیادەی کردووە لەژێر ناوی ئەنفال، بەتەنیا یەک تاوان نییە بەڵکو کۆمەڵێک تاوانن، بۆیە بەدڵنیاییەکی زۆرەوە دەتوانین بڵێین تاوانەکانی ئەنفال بریتین لە: (تاوانی جینۆساید کردن (مادەی 11ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)، تاوان لەدژی مرۆڤایەتی (مادەی 12)، تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و چەکە کۆکوژە قەدەغەکراوەکان، تاوانی جەنگ (مادەی 13)، تاوانی دژی ئاشتی و تاوانی کاولکردنی باشووری کوردستان).
حکومەتی ئێراق و ڕژێمی سەدام و بەعس تەواوی جۆرەکانی جینۆساید کردنیان لە دژی گەلی باشووری کوردستان پیادە کردووە کە بریتین لە جینۆسایدی (جەستەیی، بایۆلۆژی، کەلتوری، ئابووری، سروشتی و خاک). حکومەتی ئێراق و سەدام ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی کوردیان بە کۆمەڵ کوشتووە کە دەکاتە جینۆسایدی جەستەیی، ڕێگەیان لە پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی گرتووە بەهۆی کوشتنی پیاوەکان و مانەوەی ژنەکان بەتەنیا کە ناتوانن نەوە بنێنەوە یاخود کاریگەری چەکی کیمیایی لەسەر مرۆڤەکان و تووشبوونیان بە نەزۆکی ئەمەش دەکەوێتە خانەی جینۆسایدی بایۆلۆژی، خوێندنی زمانی کوردی قەدەغە کردووە، ژمارەیەکی زۆر پەرتووکی دەستنووسی سووتاندووە، هەوڵی شێواندنی مێژووەکەی داوە و شوێنەواری کۆنی گوندەکان و ناوچە سنوورییەکانی ڕوخاندووە لەکاتی سڕینەوەی نزیکەی پێنج هەزار گوند و شارۆچکەی کوردستان لەسەر نەخشە کە دەکاتە جینۆسایدی کەلتوری، سامان و ماڵی دانیشتوانی ناوچە قەدەغە کراوەکان و ئەنفال کراوەکانی بردووە، هەروەها کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و کارکردنی لەو ناوچانە قەدەغە کردووە کە زیانێکی زۆری بە ئابووری کوردستان گەیاندووە کە ئەمەش دەکاتە جینوسایدی ئابووری، بە سەدان هەزار دار و درەختی بە کیمیایی وشک کرد و سەدان و هەزاران سەرچاوەی ئاو، کارێز و کانیاوی تەقاندەوە یان چیمەنتۆڕێژی کردن لەگەڵ زیان گەیاندن بە سروشت، گژوگیا، باڵندە و ئاژەڵی کێوی و ئاووهەوای ژەهراوی کردووە کە ئەمەش دەکاتە جینۆسایدی سروشت و ژینگەی کوردستان، وە لە ڕێگای دەرکردن و ڕاگوێزانی زۆرەملێیانەی کورد لەسەر خاکی خۆیان لە شارە کوردییەکانی موسڵ، کەرکوک، دیالە و بەشێکی

گرنگی پارێزگای هەولێر (دیبەگە، گوێڕ، مەخمور، قەراج، باقرتە) و هێنانی عارەب و نیشتەجێ کردنیان لەسەر خاک وماڵی کورد و گۆڕینی ناوی شار و شارۆچکە کوردییەکان بۆ ناوی نامۆی عارەبی، بەشێکی گرنگی خاکی باشووری کوردستان ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی لەناوچوونی خاک کردووە، کە ئەمەش بێگومان دەچێتە خانەی جینۆسایدی خاکەوە.

سەرەڕای ئەمانەش کۆنگریسی ئەمەریکی لە مانگی ئەیلولی ساڵی (1988)دا گوتی: (ڕەفتاری دەوڵەتی ئێراق دژی کورد خۆی لە قڕان (جینۆساید) دەنوێنێ). ئەوەی کۆنگریسی ئەمریکی باسی دەکات، دانپێدانانە بەوەی کە دەوڵەتی ئێراق و حکومەتی بەعسی سەدام سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کوردیان لە باشووری کوردستانی ژێردەستی دەوڵەتی ئێراق-دا پیادە کردووە.

پەرلەمانی ئەوروپا سەبارەت بە شاڵاوەکانی ئەنفال و بۆردومان کردنی هەڵبجە و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بە چەکی ژەهراوی و کۆکوژی لە لایەن حکومەتی ئێراق و سەدام، لە ڕێکەوتی (17.11.1988)دا بڕیارێکی دەرکرد کە تیایدا هاتووە: (مەترسی قڕکردنی کوردەکانی ئێراق مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی ئەرکێکی ڕەوشتی دەکاتەوە کە ناتوانێ خۆی لێ بکێشێتەوە؛ سەرچاوە: (1-1، دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، ل208). بەکارهێنانی وشەی قڕکردن لەلایەن پەرلەمانی ئەوروپا، هەمان مانای جینۆساید دەگەیەنێت، کە پەرلەمانەکە بە هەڕەشەیەکی گەورەی جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستانی دادەنێت لەلایەن دەوڵەتی ئێراق و حکومەتی سەدام-ەوە.

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، لە ڕاپۆرتێکدا لە ساڵی (1993)دا بڵاوکراوەتەوە، هێرشەکانی ئەنفالی وەکو تاوانی جینۆساید باسکردووە، نووسیویێتی: (ئەنفال هێرشێکی سەربازی بە ئەنقەست بوو کە بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا و تیایدا بەلایەنی کەمەوە پەنجا هەزار هەتا سەد هەزار هاووڵاتی کورد کوژراوە. سەربازانی ئێراقی لە هێرشی ئەنفالدا چەندان جار چەکی کیمیاییان بەکارهێناوە لەم شاڵاوەیەدا مناڵ، پیر و گەنجی کورد بوونە قوربانی. دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ئەنفالی خستە ڕیزبەندی جینۆساید و تاوانی کۆمەڵکوژی کە لە بەرانبەر کوردەکان ئەنجام دراوە). ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ، کە ڕێکخراوێکی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگتووەکان-ە، هەر لە ساڵی

(1993)ەوە هێرشی ئەنفالی لەلایەن دەوڵەتی ئێراق بۆ سەر باشووری کوردستانی داگیرکراو لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە، بە تاوانی جینۆساید ناساندووە.

کۆفی ئەتا ئەنان (8.4.1938- تا ئێستا لە ژیاندا ماوە)، حەوتەم سکرتێری گشتیی ئەوکاتی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان (1.1.1997-31.12.2006)، لە ڕێکەوتی (23.9.2003)دا، لە وتارێکدا لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، تاوانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەی بە جینۆسایدێکی گەورە ناوبرد. ناوبردنی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن کۆفی ئەنان-ەوە، گرنگییەکی گەورە و تایبەتی خۆی هەیە بۆ گەلی باشووری کوردستان.

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لە دوا دانیشتنیدا سەبارەت بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال لە ڕێکەوتی (24.6.2007)دا، هێرشە سەربازییەکانی ئەنفالی لەلایەن دەوڵەتی ئێراق و حکومەتی سەدام وەکو تاوانێکی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) دژ بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان-دا ناساند و بڕیاری لەسەردا.

بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لە ڕێکەوتی (28.2.2010)دا، بەوەی کە بەگوێرەی مادە (11)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید)ە. دواتریش ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق (مجلس النواب العراقي)، لە دانیشتنی ژمارە (44)یدا لە ڕێکەوتی (17.3.2011)، ڕاگەیەندرا: (ئەوەی لە (16.3.1988)دا ڕووبەڕووی دانیشتوانی هەڵەبجە بووەوە، بەپشتبەستن بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە مێژووی (28.2.2010)دا دەرچوو، بە تاوانی کۆمەڵکوژی دادەنرێت بە هەموو ئەو مانایانەی کە وشەکە دەیگرێتەوە). هەم دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق و هەم ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق کە دوو دامەزراوی ئێراقی گرنگن، تاوانی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە بە جینۆساید دەناسێنن.

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (29.11.2010)دا سەبارەت بە تاوانی ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان، بڕیاریدا ئەو تاوانە بەگوێرەی مادە (11)ی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بە تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) بناسێنێ. ئەوەبوو دواتریش ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق، لە ڕێکەوتی (1.8.2011)دا کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکانی بەکۆی دەنگ وەکو تاوانی جینۆساید ناساند.

دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق، لە ڕێكەوتی (3.5.2011)، سەبارەت بە تاوانی بێسەروشوێن كردن و كوشتنی بارزانییەكان لە ساڵی (1983)دا، بڕیاریدا تاوانەكە بە جینۆساید بناسێنێ.

دوای ناساندنی هەموو ئەو تاوانانەی سەرەوە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانی ئێراق، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق، پەرلەمانی ئەمەریكا، ڕێكخراوی چاودێری مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆفی ئەنان-ەوە، كە حكومەتی ئێراق لەدژی نەتەوەكەمان لە باشووری كوردستان ئەنجامی داوە، پێویستە لەسەر سەركردایەتی باشووری كوردستان، هەرچی زووە بە پشت بەستن بەو بڕیارانە كە مەترسی و هەڕەشەی لەناوبردن و جینۆسایدكردنی نەتەوەی كورد لەلایەن نەتەوەی عارەبی ئێراق دەسەلمێنن، كار لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی بكات و واز لە فیدراڵی و پێكەوە ژیانی برایانە لەگەڵ نەتەوەی عارەب لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراق-دا بهێنێت، كە تەنیا كورد باوەڕی پێیەتی.

# بەشی شەشەم

## بەڵگەنامەکان و سەرچاوەکان

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

((قائمة بأسماء الأشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| ت | أسم الشخص المطلوب | الملاحظات |
|---|---|---|
| ١ | وفيق عجيل السامرائي | معاون مدير الاستخبارات العامة |
| ٢ | وليد نايف شبيب | مدير شعبة الشمال |
| ٣ | حامد يوسف حمادي | سكرتير رئيس جمهورية النظام السابق |
| ٤ | ابراهيم نصر الله | |
| ٥ | احمد بيجو | |
| ٦ | احمد جبار جباري | |
| ٧ | ارشد احمد زيباري | |
| ٨ | اسعد جانكير هركى | |
| ٩ | اسماعيل عزيز ئاغا زنكه نه | |
| ١٠ | اسماعيل محمود رسول ئاغا بشدرى | |
| ١١ | الرائد (درع) (محسن كرجي رجي) | ك د ب/٥١ |
| ١٢ | الرائد (صباح ناظم رقيب السورجي) | آمر ف ٢ دفاع وطني |
| ١٣ | الرائد (عبد الستار عطا الكبيسي) | امين سر قيادة شعبة أربيل العسكرية |
| ١٤ | الرائد (ق خ) (عبد الحمزة إسماعيل حمزة) | آمر بطخ/٦٤لغ ٢قل ٦ |
| ١٥ | الرائد (محمد سالم حسين) | امين سر قيادة شعبة التأميم العسكرية |
| ١٦ | الرائد (مدم) (زيدان خليفة لفتة) | آمر ك مدم /٩٥٧ |
| ١٧ | الرائد (مدم) (علي كرمش حسن) | آمر ك م/٧٩ |
| ١٨ | الرائد (مدم) (نوري حامد احمد) | آمر ك م/٩٥٦ |
| ١٩ | الرائد الركن (صادق صوب الله محمد ) | لغ ٢ قل /٤ |
| ٢٠ | الرائد الطيار (ادريس إبراهيم محمد) | - |
| ٢١ | الرائد الطيار (أنور حمد أمين) | السرب/٤ |
| ٢٢ | الرائد الطيار (عبد الحميد فرحان عبد الحميد) | - |
| ٢٣ | الرائد الطيار (عمران كاظم هندي) | السرب/٢ |
| ٢٤ | الرائد الطيار (فريق محمد علوان) | - |
| ٢٥ | الرائد الطيار (مهدي علي حسن) | - |
| ٢٦ | الرائد الطيار (يونس صالح سلمان) | السرب/٣٠ |
| ٢٧ | الرائد(ت ن) (غازي مجبل خلف ) | ت ن فل /١ |
| ٢٨ | الرفيق الرائد (أنور رحيم طه) | امين سر قيادة الحارث العسكرية |

رئاسة محكمة الجنايات الثانية
Iraqi High Tribunal

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

((قائمة بأسماء الأشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩ | العقيد (أحمد سالم جاسم السامرائي) | أمين سر قيادة شعبة قوات نصر العسكرية |
| ٣٠ | العقيد (بديوي حسن صالح) | أمين سر قيادة فرع الرشيد العسكري |
| ٣١ | العقيد (حاتم عبد الكريم خماس) | مدير امن السليمانية |
| ٣٢ | العقيد (خلف عبد الله عميرة) | أمين سر قيادة شعبة الفارس العسكرية |
| ٣٣ | العقيد (درع) (فاروق محمد حسن) | لمغ/٢/فل ٤ |
| ٣٤ | العقيد (رشيد أحمد سدخان) | أمين سر قيادة شعبة المعتصم |
| ٣٥ | العقيد (عبد الحكيم توفيق حسون) | أمين سر قيادة شعبة الشيباني العسكرية |
| ٣٦ | العقيد (عبد الرزاق حميد محمد) | م ا م ق ق جح د و/١ |
| ٣٧ | العقيد (عبد القادر عبد الرحمن قدو) | امر كتيبة مدفعية ميدان/٧٨ |
| ٣٨ | العقيد (علي عبد غزال) | امر مدفعية ميدان/فق ٢٣ |
| ٣٩ | العقيد (مدم) (حسين محمد حسن) | مقر مدم ق ق جح د و/١ |
| ٤٠ | العقيد (مدم) (فخري احمد محمد علي) | مقدم لواء مدم فق/٤ |
| ٤١ | العقيد (مش) (شهاب أحمد علي) | امر لمغ/٢/فل ٤ |
| ٤٢ | العقيد (مش) (فوزي جواد هادي) | امر ل/١٩ |
| ٤٣ | العقيد (مش) (قيس إبراهيم مدحت) | امر ل/٤٤٥ |
| ٤٤ | العقيد (مشاة) (محمد يعقوب يوسف) | امر ل/٤٢٨ |
| ٤٥ | العقيد (مشاة) (نزار أحمد شهاب) | امر ل/٣٩ |
| ٤٦ | العقيد الركن (ق خ) (خالد بهلول العيبي) | امر لمغ ١فل ١خ |
| ٤٧ | العقيد الركن (مش) (علي حسين علي) | رئيس أركان فق/٤ |
| ٤٨ | العقيد الطيار (رياض محمد عبد السعدي) | - |
| ٤٩ | العقيد الطيار (نجم عبد الرضا عبد الواحد) | - |
| ٥٠ | العقيد الطيار الركن (إسماعيل سعيد فارس) | امر ج ط ج ١/ |
| ٥١ | العقيد مشاة (صلاح داود عبد الله ) | |
| ٥٢ | العميد الركن (علي حسين الصفار) | ر ا ق جح د و/١ |
| ٥٣ | العميد (أ س) محمد مصطفى إسماعيل | شعبة الأمن الداخلي فل /٥ |
| ٥٤ | العميد (خلف نجم جاسم) | أمين سر قيادة شعبة ابي ذر الغفاري العسكرية |
| ٥٥ | العميد (درع) (كامل زيدان خلف) | م ا م فق/٢٣ |
| ٥٦ | العميد (رافع حمدون ذنون) | أمر القوات الأولى |

المحكمة الجنائية العراقية العليا رئاسة محكمة الجنايات الثانية Iraqi High Tribunal

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

| Iraqi High Tribunal<br>Second criminal court<br>Baghdad - Iraq | | المحكمة الجنائية العراقية العليا<br>محكمة الجنايات الثانية<br>بغداد - العراق |
|---|---|---|

((قائمة بأسماء الأشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ٥٧ | العميد (سمير توفيق فتحي) | امر ت ن ق ق جح د و/١ |
| ٥٨ | العميد (علي لفته حسين لمقابي) | امين سر شعبة خالد العسكرية |
| ٥٩ | العميد (غانم خالد سليمان الجماس) | امين سر قيادة شعبة القعقاع العسكرية |
| ٦٠ | العميد (ق خ) (علي حسين مزعل) | امر لمش/٧٢ |
| ٦١ | العميد (ق خ) (نصيف جاسم حمادي) | امرلغ ٢ فل/٦ |
| ٦٢ | العميد (محمد خيري محمد سعيد) | امين سر قيادة شعبة شرحبيل العسكرية |
| ٦٣ | العميد (مدم) (حبيب خضر إبراهيم) | امر مد م فق /٤ |
| ٦٤ | العميد (مدم) (مطر محمد صالح) | امر مدم فق/٣٣ |
| ٦٥ | العميد (مش) (طلعت سليمان ولي) | امر قاطع دوكان |
| ٦٦ | العميد (مش) (عارف حميد حاتم) | امر جح د و/٤ |
| ٦٧ | العميد الركن (إبراهيم خليل إبراهيم) | قائد فق/٣٧ |
| ٦٨ | العميد الركن (أمير جاسم حمو) | قائد فق/٧ |
| ٦٩ | العميد الركن (زهير يونس علي) | قائد قوات/٥٠ |
| ٧٠ | العميد الركن (صباح إسماعيل) | قائد قوات/٤٥ |
| ٧١ | العميد الركن (صباح نوري علوان) | قائد فق/٢٧ |
| ٧٢ | العميد الركن (عبد الإله حامد العناز) | قائد فق/٢١ |
| ٧٣ | العميد الركن (عبد الأمير علوان حسين) | قائد قوات/٣٨ |
| ٧٤ | العميد الركن (عبد الجليل عبد الحميد محسن) | قائد فق/٢٩ |
| ٧٥ | العميد الركن (عبد المجيد عباس وهيب) | قائد فق/٢ |
| ٧٦ | العميد الركن (علي احمد محمد صالح) | قائد فق/٤٦ |
| ٧٧ | العميد الركن (علي عزيز القدعم) | شعبة الأمن الداخلي فل /١ |
| ٧٨ | العميد الركن (غانم صالح حسن) | قائد قوات جحفل الدفاع الوطني/٥ |
| ٧٩ | العميد الركن (مدم) (عطا الله أيوب خلف) | رئيس أركان فق/٣٣ |
| ٨٠ | العميد الركن (مزهر عبد مهدي) | ر ا ق جح د و/١ |
| ٨١ | العميد الركن (ناصر سعيد توفيق) | قائد قوات/٥٠ |
| ٨٢ | العميد الركن ق خ (دريد مصطفى شاكر) | قائد فق/٤٠ |
| ٨٣ | العميد الركن مشاة (عبد عون نعمة نصور) | قائد فق /٢٤ |
| ٨٤ | العميد الركن( علي صالح حمودي الدوري) | امين سر قيادة شعبة موسى بن نصير العسكرية |
| ٨٥ | الفريق (الحكم حسن علي) | مدير طيران الجيش(عضو القيادة العامة |

(١٥-٣)

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

((قائمة بأسماء الأشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| | | للقوات المسلحة) |
| ٨٦ | الفريق الركن (نعمه فارس حسين) | معاون رئيس أركان الجيش للتدريب |
| ٨٧ | اللواء (حسن حسين) | مدير منظومة استخبارات المنطقة الشمالية |
| ٨٨ | اللواء (عبد سلمان حمندي) | امين سر فرع عمورية العسكرية |
| ٨٩ | اللواء الركن (أياد خليل زكي) | قائد ق ق جح/د و/١ |
| ٩٠ | اللواء الركن (حميد شاكر محمود) | قائد فق/٤١ |
| ٩١ | اللواء الركن (خالد محمد عباس الجبوري) | مدير منظومة استخبارات المنطقة الشرقية |
| ٩٢ | اللواء الركن (رمزي محمود عبد الله) | قائد فق مش/٣٣ |
| ٩٣ | اللواء الركن (سعد شمس الدين خالص) | قائد ق جح د و/١ |
| ٩٤ | اللواء الركن (عصمت صابر عمر) | قائد فق/٤ |
| ٩٥ | اللواء الركن (علي محمد شلال) | قائد فق/٣٩ |
| ٩٦ | اللواء الركن (غائب حسون غائب) | قائدالقوةالبحرية(عضو القيادة العامة للقوات المسلحة) |
| ٩٧ | اللواء الركن (محمد طاهر توفيق) | قائد فق/٣٥ |
| ٩٨ | اللواء ق خ (أياد شعبان رمزي) | قائد قوات/٤٢ |
| ٩٩ | المستشار (بابكر وسو محمد) | فوج الدفاع الوطني/١١٢ |
| ١٠٠ | المستشار (جمال خضر خالد الدوبرداني) | فوج الدفاع الوطني/١١٠ |
| ١٠١ | المستشار (جمال فقي حسين) | ف د و/٩٧ |
| ١٠٢ | المستشار (خليل عبدا لله إبراهيم الشر فاني) | ف د و/١٠٩ |
| ١٠٣ | المستشار (سليم مهند رسول اغا) | فوج الدفاع الوطني/٩٨ |
| ١٠٤ | المستشار (سواره فتاح مزح الجاف) | ف د و/٢٣٩ |
| ١٠٥ | المستشار (شريف محمود معروف) | ف د و/١٣٦ |
| ١٠٦ | المستشار (شيخ مجيد بايز حسن) | كف د و/٦١ |
| ١٠٧ | المستشار (صابر احمد رقيب محمد السورجي) | ف د و/٢ |
| ١٠٨ | المستشار (عباس بايز بالو اغا) | فوج الدفاع الوطني/٩١ |
| ١٠٩ | المستشار (عباس حاجي اغاسرسيان) | فوج الدفاع الوطني/٦٦ |
| ١١٠ | المستشار (عثمان عبد الرحمن فتح الله) | ف د و/١٦٥ |
| ١١١ | المستشار (عمر أحمد علي) | ف د و/١٧١ |
| ١١٢ | المستشار (عمر بابكر سليم) | فوج الدفاع الوطني/١١٤ |

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

((قائمة بأسماء الاشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ١١٣ | المستشار (فخري إسماعيل عبد القادر) | ف د و/١٣٢ |
| ١١٤ | المستشار (قادر شفيق نعمان) | ف د و/٦٣ |
| ١١٥ | المستشار (قاسم فارس طاهر مصطفى اغا) | ف د و /٨٥ |
| ١١٦ | المستشار (لطيف احمد محمد الزيباري) | فوج الدفاع الوطني/١ |
| ١١٧ | المستشار (مامند حمد مولود) | ف د و/٥١ |
| ١١٨ | المستشار (محمد طاهر يونس محمد (رينكاوي) | ف د و/١٠٧ |
| ١١٩ | المستشار (محمد علي رسول) | فوج الدفاع الوطني/١٤٨ |
| ١٢٠ | المستشار (محمود حمه رسول آغا) | فوج الدفاع الوطني/٢٦ |
| ١٢١ | المستشار (نوزاد أنور بتواته) | فوج الدفاع الوطني/٤ |
| ١٢٢ | المستشار مام يحيى (كويه) | فوج ٨٦ دفاع وطني |
| ١٢٣ | المستشار ميرزا اسماعيل شرف رضا | مستشار فوج ٢٠٧ دفاع وطني |
| ١٢٤ | المستشار(حسين محمد عثمان) | فوج الدفاع الوطني/١٧٥ |
| ١٢٥ | المقاتل (محمد كامبني بانو أغا) | معاون مستشار ف و/١٤٧ |
| ١٢٦ | المقدم (ادريس سعيد محمد) | امين سر قيادة شعبة زاخوش العسكرية |
| ١٢٧ | المقدم (إسماعيل محمود عبد خلف) | امين سر قيادة شعبة المنصور العسكرية |
| ١٢٨ | المقدم (حاتم مطني العواد) | امين سر قيادة شعبة السليمانية العسكرية الأولى |
| ١٢٩ | المقدم (حسن احمد عبدا لله) | امر د ج ق ق حج د و/١ |
| ١٣٠ | المقدم (درع) (عبد الكريم عبد الهادي سالم) | أمر ك د ب/٤١ |
| ١٣١ | المقدم (صلاح صبري محمود) | امين سر قيادة شعبة السليمانية العسكرية الثانية |
| ١٣٢ | المقدم (ضاري عبد الكريم هادي) | ض امن ق ق حج د و/١ |
| ١٣٣ | المقدم (عبد الستار جواد حمزة الحديثي) | مدير إدارة فرع عمورية العسكري |
| ١٣٤ | المقدم (مدم) (حسين فضل الدين عبد القادر) | امر ك م م/٢٢ |
| ١٣٥ | المقدم (مدم) (صحاب جدوع ذياب) | أمر ك م م/١٠ |
| ١٣٦ | المقدم (مدم) (صلاح الدين محمد عبد الكريم) | أمر ك مد م/٦٦٢ |
| ١٣٧ | المقدم الركن (حسين علي حميد) | أمر ل/٣٦ |
| ١٣٨ | المقدم الطيار (محمد فوزي حسن محمود) | - |
| ١٣٩ | المقدم الطيار(احمد رشيد فتنة المعاضيدي) | - |
| ١٤٠ | المقدم الطيار(خضير عيسى جواد) | - |

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

((قائمة بأسماء الأشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ١٤١ | المقدم الطيار (عبد الرزاق إبراهيم عبد الرزاق) | ج ط ج/١ |
| ١٤٢ | الملازم (فرهاد مامند حمد) | ف د و/٥١ |
| ١٤٣ | الملازم الطيار (حسام إبراهيم عبود) | السرب/١٠٧ |
| ١٤٤ | الملازم الطيار (خالد مال الله مردان) | السرب/٢ |
| ١٤٥ | الملازم الطيار (رضوان غازي احمد ) | السرب/٤ |
| ١٤٦ | الملازم الطيار (عماد شلبي محمد ) | السرب/٢ |
| ١٤٧ | الملازم الطيار (عماد عباس محسن ) | السرب/٢ |
| ١٤٨ | الملازم الطيار (فاضل عباس محسن) | السرب/٢ |
| ١٤٩ | النقيب (أسلحة) (وعد محمد علي ) | السرب/٢ |
| ١٥٠ | النقيب (عبد الكريم صالح جواد) | ممثل من منظومة الاستخبارات العسكرية |
| ١٥١ | النقيب (ق خ) (حمزة خضر حمزة) | أمر بطـ خ/١٧ |
| ١٥٢ | النقيب (ق ف) (عبد الله حسن صالح) | مستشار ف د و/١٥١ |
| ١٥٣ | النقيب الطيار (صباح علي حسن) | السرب/٢ |
| ١٥٤ | النقيب الطيار (غالب شايع زيارة) | السرب/٢ |
| ١٥٥ | انور محمد رضا محمود الجاف | |
| ١٥٦ | برهان شواني | |
| ١٥٧ | بكر علي حاج مشير | |
| ١٥٨ | بكر كريم غفور | |
| ١٥٩ | توفيق جبار قارمان | |
| ١٦٠ | ثامر نصيف جاسم | محافظ كركوك |
| ١٦١ | جاسم محمد زيباري | |
| ١٦٢ | جبار شيخ هادي | |
| ١٦٣ | جبار موسى هه ر هنجيري (جيهاد) | |
| ١٦٤ | جعفر عبد الكريم البر زنجي | محافظ السليمانية |
| ١٦٥ | جمال حسين دووزى | |
| ١٦٦ | جوهر محي جانگيرهەركى | |
| ١٦٧ | جيا سورجى | |
| ١٦٨ | حجاج عبدالغفور خالد دوبه ردانى | |
| ١٦٩ | حسن محمود بك أمين هواري | |

المحكمة الجنائية العراقية العليا رئاسة محكمة الجنايات الثانية Iraqi High Tribunal

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

((قائمة بأسماء الأشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ١٧٠ | حسيب محمد نجم جباری | |
| ١٧١ | حمد أمين حمه شاسوار | مختار قرية (كاني ميل) |
| ١٧٢ | حمزه عباس مامند ئاكو | |
| ١٧٣ | حمه ى حاجي حسين | |
| ١٧٤ | خالد محمود احمد علي غواره | |
| ١٧٥ | خضير فتاح حسين كاميش | |
| ١٧٦ | خير الله دوزى | استخبارات |
| ١٧٧ | رسول مامند قيردولى | |
| ١٧٨ | زيد سورجى | |
| ١٧٩ | سعيد عدنان جبارى | |
| ١٨٠ | سعيد محي الدين أحمد زنكنه | |
| ١٨١ | مستشار سيد رضا سيد طه (سيد مانكا) | |
| ١٨٢ | سيد مجنون | |
| ١٨٣ | شامل درويش | |
| ١٨٤ | شريف حمه شريف (شه فه ى خاتون) | |
| ١٨٥ | شريف محمد كرداوى | |
| ١٨٦ | شهاب أحمد وايرمن | |
| ١٨٧ | شيخ احمد برزنجي | |
| ١٨٨ | شيخ برهان | مدير ناحية (زراين) |
| ١٨٩ | شيخ جلال صاليي | |
| ١٩٠ | شيخ روناك | |
| ١٩١ | شيخ سعاد طالبني | |
| ١٩٢ | شيخ صلاح نقشبندى | |
| ١٩٣ | شيخ كريم شيخ شهاب | |
| ١٩٤ | شيرزاد علي به له كه | |
| ١٩٥ | طارق شفيع كافروش | |
| ١٩٦ | طارق عزيز رضا ئاغا | |
| ١٩٧ | طاهر عثمان روستم | آمر سرية – فوج/٥٣ |
| ١٩٨ | عاصف احمد زيباري | |

(١٥-٧)

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

((قائمة بأسماء الاشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٩ | عاصي حمه ديزه | استخبارات |
| ٢٠٠ | عبد الجبار محسن | مدير التوجيه السياسي يحضر اجتماعات القيادة العامة للقوات المسلحة |
| ٢٠١ | عبد الكريم محمد سليم شوشى زيباري | |
| ٢٠٢ | عبد الله كاك أمير (عه به كه ر كوكي) | |
| ٢٠٣ | عبد محمد عبد الله | مدير امن شقلاوة |
| ٢٠٤ | عبدالله حسن صالح بابان | |
| ٢٠٥ | عبدالمجيد حسين اسماعيل شيخكى | |
| ٢٠٦ | عدنان عبدالله نجم الجاف | |
| ٢٠٧ | عزيز حسن فتاح | |
| ٢٠٨ | علي حسين عزيز | قائمقام جمجمال وعضو فرع |
| ٢٠٩ | علي لوت ماسي | |
| ٢١٠ | عمر حاجي بادينان | |
| ٢١١ | عمر حاجي صالح | |
| ٢١٢ | عمر حمه رستم | |
| ٢١٣ | عمر خضر حمد سورجي | |
| ٢١٤ | فؤاد كريم بايز هموند | |
| ٢١٥ | فارس محمد قادر عزيز سورجي | |
| ٢١٦ | قاسم رشيد دره يي | |
| ٢١٧ | كامران أحمد (كامران سور) | خارج القطر في إيران – بير انشار |
| ٢١٨ | كامل شيخ هادي | |
| ٢١٩ | كمال حمه مام سوراني | |
| ٢٢٠ | كمال محمد حيدر (كمال شصه) | |
| ٢٢١ | محمد جوهر كوران | |
| ٢٢٢ | محمد شيخ عبد الكريم برزنجي | |
| ٢٢٣ | محمد قادر ئاغا سورجي | |
| ٢٢٤ | محمد كريم شوشى زيباري | |
| ٢٢٥ | محمد كلحى ريكانى | |
| ٢٢٦ | محي الدين حمه رحيم | |
| ٢٢٧ | مدحت توفيق داودى | |

(١٥٠٨)

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

((قائمة بأسماء الاشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢٨ | ملا حسن روغزايي | استخبارات |
| ٢٢٩ | ملا عوزير | |
| ٢٣٠ | ملازم أول طيار (احمد إبراهيم احمد) | ج ط ج/١ |
| ٢٣١ | ملازم أول طيار (أحمد سلمان زناد) | السرب/٢ |
| ٢٣٢ | ملازم أول طيار (احمد عابد داود) | - |
| ٢٣٣ | ملازم أول طيار (اسكندر إبراهيم جمعة) | - |
| ٢٣٤ | ملازم أول طيار (الهام عون الرفيق يونس) | ج ط ج/١ |
| ٢٣٥ | ملازم أول طيار (امانج مناضل خضر) | السرب/٢١ |
| ٢٣٦ | ملازم أول طيار (أنمار محمد أحمد) | ج ط ج /١ |
| ٢٣٧ | ملازم أول طيار (حسين علي عبدا لله) | السرب/١٠٦ |
| ٢٣٨ | ملازم أول طيار (حميد منصور خليل) | السرب/٤ |
| ٢٣٩ | ملازم أول طيار (خالد عبد العزيز عبد الله) | ج ط ج/١ |
| ٢٤٠ | ملازم أول طيار (خلف حسين علاوي) | ج ط ج/١ |
| ٢٤١ | ملازم أول طيار (رمضان مطلك احمد) | - |
| ٢٤٢ | ملازم أول طيار (سالم فتحي حسن) | ج ط ج/١ |
| ٢٤٣ | ملازم أول طيار (سعد أحمد قاسم) | السرب/٣٠ |
| ٢٤٤ | ملازم أول طيار (سعد عبد الرحمن سعيد ) | السرب/٤ |
| ٢٤٥ | ملازم أول طيار (شجاع ياس روحي) | ج ط ج/١ |
| ٢٤٦ | ملازم أول طيار (شلال رشيد عطية) | - |
| ٢٤٧ | ملازم أول طيار (ضياء جعفر راضي) | السرب/٤ |
| ٢٤٨ | ملازم أول طيار (طه فتحي صالح) | السرب/٢ |
| ٢٤٩ | ملازم أول طيار (طه محمد احمد) | السرب/٢ |
| ٢٥٠ | ملازم أول طيار (عبد الكريم جدعان علي) | - |
| ٢٥١ | ملازم أول طيار (عدي حاتم لفتة) | السرب/٢ |
| ٢٥٢ | ملازم أول طيار (علي حسين سلمان) | السرب/٤١ |
| ٢٥٣ | ملازم أول طيار (فارس إبراهيم رشيد) | السرب/٤١ |
| ٢٥٤ | ملازم أول طيار (قيس حبيب مصطفى) | - |
| ٢٥٥ | ملازم أول طيار (كريم ياسين زيدان) | السرب/٤١ |
| ٢٥٦ | ملازم أول طيار (ليث عبد العزيز عبد الله) | السرب/١٠٦ |

(١٥-٩)

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

| المحكمة الجنائية العراقية العليا<br>محكمة الجنايات الثانية<br>بغداد – العراق | Iraqi High Tribunal<br>Second criminal court<br>Baghdad - Iraq |
|---|---|

((قائمة بأسماء الأشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥٧ | ملازم أول طيار (محمد خزعل فيصل) | - |
| ٢٥٨ | نامق رقيب السورجي | |
| ٢٥٩ | نامق عبد الكريم | مختار قرية (بي باز) |
| ٢٦٠ | عبد الرحمن عبد الكريم | |
| ٢٦١ | يحيى الجاف | محافظ اربيل |
| ٢٦٢ | يعرب الربيعي | مدير أمن الموصل |
| ٢٦٣ | أســود النعيمي | أمين سر فرع السليمانية |
| ٢٦٤ | طارق كافي | أمين سر فرع دهوك |
| ٢٦٥ | صايل العبدلي | أمين سر فرع الموصل |
| ٢٦٦ | نزار يونس | أمين سر فرع نينوى |
| ٢٦٧ | خضر الدوري | أمين سر فرع كركوك |
| ٢٦٨ | طاهر جليل الحبوش | |
| ٢٦٩ | عميد فتاح بك جاف | مستشار فوج (٣٥) |
| ٢٧٠ | ظاهر أغا كويه | مستشار |
| ٢٧١ | عدنان ديسكو | مستشار |
| ٢٧٢ | طارق كاكة يي | مستشار |
| ٢٧٣ | سعيد غيدان (حمه سعيد) | مستشار |
| ٢٧٤ | مجيد غيدان | معاون مستشار |
| ٢٧٥ | شمال رفعت كلي | آمر ســـرية |
| ٢٧٦ | حمه كريم حمه فرج | مختار قرية سيتلان |
| ٢٧٧ | مصطفى سليمان وزة | آمر سرية |
| ٢٧٨ | عمر حمه علي جرمكا | مستشار |
| ٢٧٩ | جبار دريز | مفرزة خاصة |
| ٢٨٠ | صابر سورجي | مستشار |
| ٢٨١ | مامند قشقه | مستشار |
| ٢٨٢ | علي سلمة جوارتايي | مفرزة خاصة |
| ٢٨٣ | حاج علي نبياوا | مفرزة خاصة |
| ٢٨٤ | عقيد حميد عثمان | مستشار فوج ٣٠٠ |
| ٢٨٥ | أنور حسو | مفرزة خاصة |

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

Iraqi High Tribunal
Second criminal court
Baghdad - Iraq

المحكمة الجنائية العراقية العليا
محكمة الجنايات الثانية
بغداد – العراق

((قائمة بأسماء الاشخاص المطلوب اتخاذ الإجراءات القانونية بحقهم))

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨٦ | سيد قدرت | مقاتل |
| ٢٨٧ | محمد كاواني | مفرزة خاصة |
| ٢٨٨ | حمه بوخجي | مستشار |
| ٢٨٩ | ابراهيم بالول آغا | مستشار |
| ٢٩٠ | عمر صوفي | مفرزة خاصة |
